# تیرۆریسم وەك بیناكردنی كۆمەڵایەتی

ناوی كتێب: تێرۆریسم وەك بیناكردنی كۆمەڵایەتی

نووسینی: عادل باخەوان

بابەت: توێژینەوە

مۆنتاژی كۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

نرخ: ٨٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٥٥٩ی ٢٠٠٧

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەكەم ساڵی ٢٠٠٧

كوردستان -سلێمانی

www.sardam.info

عادل باخەوان

# تیرۆریسم
# وەك بیناکردنی کۆمەڵایەتی

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٠٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

## پێشکەشە بەو نەوەیەی کە هەوڵدەدات
## لەڕێگای زانستەوە کۆمەڵگە بخوێنێتەوە

پێنج هەزارو حەوت سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر، سۆمەریەکان کە لە عێراقی ئێستا و میزۆپۆتامیای ئەوکاتەدا جێگیربووبوون، ئەم پارچە شیعرەیان لەسەر تاشەبەردێک بۆ بەجێهێشتین :

**خوای من، ڕۆژ بەسەر زەویدا شەوقدەداتەوە،**

**بەڵام بۆ من، ڕۆژ هەر ڕەشە،**

**فرمێسکەکان، خەمگینیەکان، ترسەکان، بێئومێدیەکان**
**لەقوڵاییەکانی مندا هەواریان هەڵداوە،**

**ئازار قوتمدەدات،**

**وەک ئەوەی من تەنها بۆ فرمێسک ڕشتن هەڵبژێرابم**

# تابلۆی بابەتەکان


**دەرگایەک بۆ چوونەژوورەوە ........ ١٧**

**بەرگی یەکەم ........ ١٩**

بەشی یەکەم سەرەتایەک بۆ تێگەشتن لە تیرۆریسم ........ ٢١

بەشی دووەم سنورەکانی نێوان موقاوەمە و تیرۆریسم گەڕان بەدوای جیاوازیەکاندا ........ ٣٠

بەشی سێیەم پرسیاری ئەخلاق لە تاقیکردنەوەی تیرۆریسمدا ........ ٣٦

بەشی چوارەم تیرۆریسم و مێکانیسمەکانی ........ ٤٢

بەشی پێنجەم ناوچە عاتیفیەکانی تیرۆریسم ........ ٥٧

بەشی شەشەم تیرۆریسم و گروەوەکانی سەرکەوتن ........ ٦٨

**بەرگی دووەم ........ ٧٣**

بەشی یەکەم زێلۆتیەکان دوو هەزار چل ساڵی مێژووی تیرۆریسم ........ ٧٥

بەشی دووەم لە حەسەنی سەباحەوە تا ئوسامە بن لادن ٥٩١ ساڵ لە تیرۆریسمی ئیسلامی ........ ٨٥

بەشی سێیەم کەتیبە سوورەکانی ئیتالیا: لە دەرکەوتنەوە تا ئاوابوون ........ ١٠٥

**بەرگی سێیەم ........ ١١٧**

بەشی یەکەم تیرۆریسم لە سەرەوە بۆ خوارەوە ........ ١١٩

بەشی دووەم تیرۆریسمی سوور : لینین-ستالین ........ ١٢٧

بەشی سێیەم بەعس: لە تیرۆرسمی حیزبەو بۆ تیرۆریسمی دەوڵەت ........ ١٣٩

**بەرگی چوارەم ........ ١٥١**

بەشی یەکەم بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی/دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی/تیرۆریسم ........ ١٥٣

بەشی دووەم گەڕان بەدوای زۆنەکانی تیرۆریسمدا ........ ١٦٧

بەشی سێیەم تیرۆریسم و میدیا ، مۆدێلەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا ........ ٢١١

**بەرگی پێنجەم ........ ٢٢١**

بەشی یەکەم گرفتە مێتۆدۆلۆژیەکانی توێژینەوە لەسەر ئەنساری ئیسلام ........ ٢٢٣

بەشی دووەم گەردوونی پێش بیناکردنی ئەنساری ئیسلام ........ ٢٢٧

بەشی سێیەم بیناکردنی ئەنساری ئیسلام ........ ٢٤٩

بەشی چوارەم پێنج چرکەی گرنگ لە تیرۆریسمی ئەنساری ئیسلام........ ٢٥٧

بەشی پێنجەم تیرۆریسمی ئیسلامی لە کوردوستان تێگەشتن و ڕاڤەکردن........ ٣٥١

**ئەنێکس........ ٣٨٧**

دیالۆگ لەگەڵ بەرهەمهێنەرەکانی فیکری فەرەنسیدا لەسەر زەبروزەنگ و تیرۆریسم و ئیسلام و ڕۆژئاوا........ ٣٨٩

*دیالۆگ* لەگەڵ ئالان تورێن دا........ ٣٩٠

دیالۆگ لەگەڵ پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا........ ٤٠٣

*دیالۆگ لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕوا*........ ٤٢٠

دیالۆگ لەگەڵ پیەر ژان لویزار دا........ ٤٣١

دیالۆگ لەگەڵ چەند ئێکس ئەکتەرێکی ئەنساری ئیسلام دا ئەو کامیکازانەی دەکرا ڕۆژێک خۆیان بتەقێننەوە........ ٤٤٣

چاوپێکەوتن لەگەڵ" مووسا"دا ........ ٤٤٤

چاو پێکەوتن لەگەڵ "هەرێم" دا ........ ٤٥١

*چاوپێکەوتن لەگەڵ "ئاری" دا ........ ٤٥٦*

چاوپێکەوتن لەگەڵ "کامەران" دا ........ ٤٦٣

چەند د بابەتێکی تایبەت بە زەبروزەنگ و تیرۆریسم و ئیسلامی سیاسی و عێراق یەکێتی خاکی عێراق لەیادەوەری کۆلێکتیڤی کورددیا...... ٥٠٩

یەکێتی خاکی عێراق لەیادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا........ ٥١١

وەک خوا بەتەنها........ ٥١٧

ڕەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان_ عیراق ........ ٥٢٥

**سەرچاوەکان........ ٥٣١**

### سوپاس بۆ :

ناکرێت ئەم کتێبە بڵاوبکەمەوە بەبێ سووپاسکردنی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشدارن لە بەرهەمهێنانیدا. سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا شێرکۆ بێکەس و مامۆستا ئازاد بەرزنجی کە مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵ ئەم تووێژینەوەیەدا کرد. سوپاس بۆ میشێل ڤیڤیۆرکا، پرۆفێسۆر لە قووتابخانەی تووێژینەوەی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان و سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی سۆسیۆلۆژیا، کە لە قوڵکردنەوەی کۆنسێپتەکانمدا بەشدارە. سووپاس بۆ پرۆفێسۆر ئۆلیڤەر ڕوا، سەرپەرشتیاری تێزت دوکتۆراکەم، کە لەڕێگای گوفتوگۆ بەردەوامەکانەوە کارایی دانەوە لەسەر کردەی ڕاڤەکردنم. سووپاس بۆ پارێزەر ئیبراهیمی مەلازادە کە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە بە گوفتوگۆو ڕاڤەکردن لەگەڵ ئەم تووێژینەوەدا بووە. سووپاس بۆ خوشکی ئەزیزم دڵنیا کە بەشێک لە چاوپێکەوتنەکانی بۆ نووسیمەوە. سووپاس بۆ ئەو تووێژەرە بەڕێزانەی کوردوستان کە بەشێک لە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ ئەندامانی ئەنساری ئیسلامداو لەنێو زیندانەکانی کوردوستاندا ئەنجامداو بۆ پارێزگاریکردن لە ژیانیان ناویان نابەم. سووپاس بۆ بەڕێووبەرایەتی ئاسایش کە کاتێک لەڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندیم پێوەکردن و پرۆژەکەم بۆ باسکردن بەسنگی فراوانەوە دەرگای زیندانیان کردەوەو هاوکاریانکردین. سووپاس بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی بۆ ئەو ئەرشیفە گەورەیەی کە خستوویانەتە سەر ئەنتەرنێت و لەم تووێژینەوەیەدا کەڵکی باشی لێوەرگیراوە. سووپاس بۆ نووسەرو ڕووناکبیر کاک ئومێد قەرەداخی کە هەر چرکەیەک پێویستیم بە زانیاریەک بووبێت هاوکاری کردووم. سووپاس بۆ نووسەرو ڕووناکبیر کاک سەردار کە بەشێک لە ئەرشیفە گرنگەکەی خۆی خستە بەردەستم.

**پێش خوێندنەوە :**

ئەم کتێبە لە پێنج بەرگی سەرەکی پێک هاتووەو هەر بەرگێک دەکرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بخوێنرێتەوە. وتاە خوێنەر دەتوانێت لە بەرگی پێنجەمەوە دەستپێبکات و بە بەرگی یەکەم کۆتایی پێبێنێت، هەروەک دەتوانێت لەبەرگی یەکەمەوە دەستپێبکات و بە بەرگی پێنجەم کۆتایی پێبێنێت.

**بەرگی یەکەم:**

لەبەرگی یەکەمدا هەوڵمداوە تێوربەکی گشتی لەسەر تێرۆریسم بخەمە بەردەست خوێنەر. لەم بەرگەدا زیاتر کارکراوە لەسەر پێشکالیەتی: تێرۆریسم چیە ؟ ئێمە بۆ تێگەشتنێکی بابەتیانە لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی / سیاسی / ئابوری/ ئاینی و هتد پێویستمان بە چوارچێوە "کۆنسێپتیولەکان" هەیە. ئەو چوارچێوانەش لەڕێگای تووێژینەوەوە دروستدەکرێن و لە ئاسمانەوە ناکەونە خوارەوە. بەکورتی دەتوانم بڵێم بەرگی یەکەم بە هەر شەش بەشەکەیەوە هەوڵدانێکە بۆ دیاریکردنی سنورەکانی چوارچێوەیەکی کۆنسێپتویل بۆ تێگەشتن لە دیاردەی تێرۆریسم لەسەر ئاستی مێژوو/جیهان/عێراق/کوردوستان.

**بەرگی دووەم :**

بەرگی دووەم کارکردنێکی وردە لەسەر چۆنیەتی بیناکردنی تێرۆریسم لە نێوو مێژوودا. بۆ تێگەشتن لەڕەگوریشەکانی تێرۆریسم، لەم بەرگەدا، ئێمە گەڕاوینەتەوە سەر دوو هەزار ساڵ لەمەوبەرو لەڕێگای تووێژینەوە لەسەر گرووپی "زێلۆتیەکان" و داگیرکردنی فەلەستین لەلایەن "ڕۆم"ەوە گلۆپمان داگیرساندووە لەسەر درووستبوونی یەکەم گرووپی تێرۆریست لە مێژوودا. پاشان گەڕاوینەتەوە سەر گرووپی "بکووژەکان" کە دەکرێت وەک یەکەم گرووپی تێرۆریست لە مێژووی ئیسلامیدا باسبکرێن. تێگەشتن لە گرووپی "بکووژەکان" و سەرکردەکەی "حەسەنی سەباح" کارێکی تەواو گرنگە بۆ بەراوردکردن و تێگەشتن لە گرووپی ئەلقاعیدەو سەرکردەکەی ئوسامە بن لادن. هەروەها لەم بەرگەدا کار لەسەر ئەزموونی تێرۆریسمی چەپی ئیتالی و کەتیبە سوورەکان کراوە.

**بەرگی سێیەم :**

بەپێچەوانەی بەرگی دووەمەوە، لەمبەرگی سێیەمدا کارکراوە لەسەر تێرۆریسم لەسەرەوە بۆ خوارەوە، تێرۆریسمی دەوڵەت دژ بە گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگە. لێرەدا بە درێژی لەسەر دوو ئەزموون ڕاوەستاوین : ئەزموونی لینین/ستالین و ئەزموونی سەدام حوسەین. ئەزموونی یەکێتی سۆڤێت و ئەزموونی ئێراقی بەعس.

**بەرگی چوارەم :**

بەرگی چوارەم تەرخانکراوە بۆ دەستنیشانکردنی چەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی گووزەرکردنی بۆ پانتاییەکانی تێرۆریسم. ئێمە پێمانوایە کۆمەڵگەی کوردی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە تێگەشتن لە ئیشکالیەتی زبووتنەوەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە تێرۆریسمەوە هەیە. ڕاستە لە

ئێستا و ئێرەدا کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەد لە سەد نیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم کۆمەڵگەیە بە چەندین گۆڕانکاری گەورەدا تێدەپەڕێت و ئەگەری لەدایکبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە ئێستا و ئێرەدا چاوەڕوانکراوە. لەهەمانکاتدا ئێمە لە کوردوستاندا خاکێکی بە پیتمان هەیە بۆ دروستکردنی تیرۆریسم. چۆن دەکرێت بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی داهاتووی کۆمەڵگەکەمان بپارێزرێن لە گەلان بەرەو تیرۆریسم ؟ ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە لەم بەرگەدا بە درێژی کاری لەسەر کراوە.

**بەرگی پێنجەم:**

کە نزیکەی سێ سەد لاپەڕەی ئەم کتێبە داگیردەکات، لەسەر ئەزموونی تیرۆریسمە لە کوردوستان دا. بێگوومان مێووژی ئەم تیرۆریسمە لەگەڵ ئەزموونی ئەنساری ئیسلامدا دەگاتە لووتکە. بۆ بەرهەمهێنانی زانستێکی بابەتیانەی بێلایەن و ئایدۆلۆژیا و دوور لە حوکمە ئەخلاقی و ئاینی و حیزبیەکان لەسەر شەش کردەی گرنگی مێژووی ئەم تیرۆریسمە ڕاوەستاوین و تەواوی توانا سۆسیۆلۆژیەکانی خۆمان مۆبیلیزە کردووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو ڕەهەندە ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەربازی و ئەخلاقیانە بپشکنین کە بەشداری زیندویان کردوە لە بیناکردنی تیرۆریسم لە کوردوستان دا. ئەو شەش کردەیەش بەم شێوەیەن :

کردەی یەکەم: ٢٣ سێپتەمبەر ٢٠٠١ قەسابخانەکەی خێڵی حەمە و کوشتنی دیل.

کردەی دووەم : ٢ ئەڤریلی ٢٠٠٢ هەوڵدان بۆ تیرۆکردنی دوکتۆر بەرهەم ساڵح.

کردەی سێیەم : ٢٠ ژولای ٢٠٠٢ هەڵدانەوەی گۆڕی شێخەکانی بیارە.

کردەی چوارەم : ٨ی فێڤریوەری ٢٠٠٣ تیرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر لە گەرمەی دانوستاندا.

کردەی پێنجەم : ١ ی فێڤریوەری ٢٠٠٤ تەقاندنەوەی هەردوو بارەگای پارتی و یەکێتی.

کردەی شەش: ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی مەلا بەختیار.

لە کۆتایی ئەم بەرگەدا گەڕاوینەتەوە سەر سەرچاوەکانی تیرۆریسمی ئیسلام لە کوردوستانداو لێرەوە مێژووە کۆمەڵایەتیە/سیاسیەکەی کۆمەڵگەی کوردی لە ١٩٩١ وە تا ٢٠٠٧ خراوەتە بەر کردەی ڕاڤەکردنەوە.

## ئەنێکس :

زۆرجار خوێنەران پێیانوایە ئەو شتانەی کە دەخرێتە ئەنێکس و پاشکۆوە زۆر گرنگ نین و بە پلەی دووەم دێن. ڕەنگە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وابێت. بەڵام من خوێنەر وریادەکەمەوە کە لەم توێژینەوەیەدا هاوکێشەکە لنگاوقوچبووەتەوەو ئەو بابەتانەی کە خراونەتە ئەنکێسەوە ئەگەر نرخ و بەهای زانستیان لەو پێنج بەرگەی پێشوو کە باسمانکردن زیاتر نەبێت ئەوا بە حەتمی کەمترنیە. بۆنموونە ئەو دیالۆگانەی کە لەگەڵ ئالان تورێن و میشێل ڤیڤیۆرکا و ئۆلیڤەر ڕوا و پیەر ژان لویزار دا کردوومە لەسەر دیاردەی زەبروزەنگ لە جیهان و عێراق دا، بەشداریەکی زیندوو دەکەن لە بەرهەمهێنانی تێگەشتنێکی زانستیانە لەسەر ئەوەی لە ئێستا و ئێرەدا ڕوودەدەن.

پیەر بۆردیۆ و ئالان تورێن و میشێل ڤیڤیۆرکا و فەرهاد کوسرەوکەڤارو کلۆد دیوبار، گەورە سۆسیۆلۆگەکانی فەرەنسا، بۆ ئەوەی خوێنەر ڕاستەوخۆ پەیوەند بکەنەوە بە بابەتی "توێژینەوەلەسەرکراو" چاوپێکەوتنەکان وەک خۆیان لەسەرەتا یان کۆتایی کتێبەکانیاندا بڵاودەکەنەوە. منیش لەسەر هەمان مێتۆد، بەشێک لەو چاوپێکەوتنانەی کەلەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەنساری ئیسلام دا ئەنجمان داوە، لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاوکردوەتەوە. بێگوومان ئامادە نەبوونی فیزیکی خۆم لە کوردوستان کارایی دانەوە بەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکانەوە. باشتروابوو کە خۆم ئەنجامم بدانایە. بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تیکنیکی، من چوارچێوەیەکی گشتیم ئامادەکردو چەند تووێژەرێکی کوردوستان، لەو چوارچێوەیەدا، چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجامداو زۆر سووپاسیان دەکەم. هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بەراوردی ئەزموونی جیهادیستێکی کوردی بکات لەگەڵ ئەزموونێکی دیکەدا، دەقی چاوپێەکوتنێکی بەڕێز فەرهاد کوسرەو کەڤارم لەگەڵ جیهادیستێکی فەرەنسی/جەزائیریدام بڵاو کردوەتەوە. ئە چاوپێکەوتنە لە یەکێک لە زیندانەکانی فەرەنسادا ئەنجامدراوەو ئامۆژگاری خوێنەر دەکەم بیخوێنێتەوەو بەراوردی بکات بە ئەزموونە کوردیەکی تێرۆریسم.

## دیسان پێش خوێندنەوە :

ناونیشانی ئەم کتێبە، **تیرۆریسم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی**، ڕەنگە چەند پرسیارێک لای خوێنەری کورد دروستبکات. چەند پرسیارێک کە ڕووبەڕووی خوێنەرێکی فەرەنسی یان ئەمەریکی نابێتەوە.

بێگومان ئەم جیاوازیە پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە ئامادەبوون و تواناو ڕۆڵ و شەرعیەتی کولتوری زانستیە لەهەریەکێک لەم وڵاتانەدا. کولتوری زانست لە کوردوستان دا تا ئێستاش کولتورێکی سەرەتای و لاوازو پەراوێزەو تائێستاش لە ئەلف و بای پرسیارە گەورەکاندایە.

" سەرەتاییوونی " ئەم کوولتوورە تووێژەری زانستیی جیهانی کورد زۆر ماندوو دەکات. دەبێت پێش ئەوەی قسەبکات ئەو سیستەمە کۆنسێپتیولە هەرە "سادانە"ش "سادەبکاتەوە" کە لە کوولتوورێکی فەرەنسی یان ئەمەریکی دا تەواو "سادەن". واتە سادەکردنەوەی سادە، لێکدانەوەی لێکدراو، باسکردنەوەی باسکراو، ئاسانکردنی ئاسانکراو دەبێتە کارێکی بەردەوامی تووێژەری گەردوونی کوردی.

ئێمە گوومانمان هەیە لەوەی کە کولتوری زانستی کوردی بتوانێت هەرسی کۆنسێپتی " **فاکتی کۆمەڵایەتی**" و "**بیناگەرایی**" وەک لە ناونیشانی کتێبەکەدا هاتوون بکات. گومانمان هەیە لەوەی کە لنگاوقوچیان نەکاتەوەو بە پێچەوانەوە لێیان تێنەگات. نا، پێمانوایە گەر وانەکات،لە و سیستەمە ئاساییە دەڕواتە دەرەوە کە کولتوری زانستی سەرەتایی کوردی بەڕێوە دەبات. واتە بەتاڵکردنەوەی کۆنسێپتەکان لە سیستەمێکی ئاوادا شتێکی تەواو ئاساییەو نەکردنی دەبێتە شتێکی نائاسایی.

لەم تێگەشتنەمانەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی، ڕێگا لە لێکدانەوە هەڵەکان بگرین، بڕیارماندا هەردوو کۆنسێپتەکە تا سەر ئێسقان سادە بکەینەوەو لێرەدا، پێش خوێندنەوەی ئەم کتێبە تۆماری بکەین، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت چی دەخوێنێتەوەو بۆ ئەو ناونیشانەمان هەڵبژاردووە.

## فاکتی کۆمەڵایەتی :

| بە فەرەنسی: | بە ئینگلیزی: | بە ئەڵمانی: | بە ئیسپانی: | بە ئیتالی : |
|---|---|---|---|---|
| ***Fait social*** | ***Social fact*** | ***Tatsache,*** | ***Facto*** | ***Fatto*** |

ڕەگوریشەی ئەم کۆنسێپتە دەگەڕێتەوە سەر زمانی لاتینی کۆن، (١١٦٠)ساڵ لەمەوە بەر بەشەی (factum)فاکتیوم دەستی پێکردەوە بەمانای (action humaine) و (action remarquable)هاتووە.

(تێبینی: بۆ بەکوردیکردنی وشەی "فاکت" لەگەڵ چەند هاورێیەکی تایبەتم کە لە بواری سۆسیۆلۆژیادا دەخوێنن، لێرە لە فەرەنسا و ئەڵمانیاو بەریتانیادا قسەمکردوەو کاتێکی زۆرمان بە پشکنینی هەموو ئەو وشە کوردیانەدا بەسەر بردووە کە دەکرێت لە بری فاکت بەکاری بێنین. بەڵام هیچ یەکێک لەو وشانە توانای گەیاندنی ماناکانی فاکتیان نیە و تەنانەت زۆربەی زمانە ئەوروپیەکانیش ئەسڵە لاتینیەکەیان وەرگرتوەو بە

گۆڕانی بچووکەوە دایاڕشتوەتەوە. وەک لەسەرەوە دەبینین. دەوترێت لە کوردوستاندا بە حەقیقەتی کۆمەڵایەتی تەرجەمەکراوە، ئەمە هەڵەیەکەی گەورەیەو بەهیچ شێوەیەک ئەو مانایە نادات بەدەستەوە. بۆیە ئێمە پێمان باشتربوو وشە ئینگلیزیەکە وەک خۆی بنوسینەوەو لەڕێگای ئەم ڕونکردنەوەیەی خوارەوە خوێنەری کورد تێبگەیەنین لە ماناکانی فاکت کۆمەڵایەتی کە لکاوە بە مێژووی سۆسیۆلۆژیاوە.)

فاکتی کۆمەڵایەتی لەسەرەتاوە وەک شتێکی **"بابەتی"** خراوەتە نێو گەردوونی سۆسیۆلۆژیاوەو وەک بەرهەمی دامەزراندنی پەیوەندی نێوان دوو تاک یان چەند تاکێک یاخود چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتی خراوەتە سەر شانۆ. واتە لە ڕەهەندە سایکۆلۆژی و بیۆلۆژیەکان دورخراوەتەوە.

لێرەوە فاکتی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ دەلکێت بە جیهانی "بابەتیبوون"ەوە. ئێمە کاتێک بە شتێک دەڵێین "کردەی کۆمەڵایەتی" کە بوویێت بە واقیعێکی بەرجەستەکراو نەک خەیاڵکراو یان وەهمی. بۆنموونە ناتوانین بڵێین: کوردوستان دابەشنەکراوە بەسەر ئێران و عێراق و سوریا و تورکیادا، ئەمە واقیعە نەک وەهم.

لە زانستە فیزیکیەکاندا، وشەی "فاکت" مانایەکی وردی هەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چالاکی ئەزموونگەرابیەوە هەیە کە لەسەر بابەتگەرایی خۆی بینادەکات. لەم جیهانەدا "فاکت" تێبینی دەکرێت و پاشان دەبێت بە دەرهاویشە "داتا".

کۆنسێپتی "فاکتی کۆمەڵایەتی" ڕاستەوخۆ لکاوە بە **ئیمیل دورکایم** ەوە. بەپێی ئەو فاکتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە بابەتی سەنترالی سۆسیۆلۆژیا. لە کتێبی « Règlees de la méthode sociologique » دا بەشێکی گرنگی تایبەتکردوە بە دیاریکردنە چوارچێوە کۆنسێپتویلەکانی فاکتی کۆمەڵایەتی، ئەو بەم شێوەیە پێناسەی دەکات :

> **" فاکتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە هەموو ئەو شتە کۆمەڵایەتیە** *دەرەکیانەی* **کە کارایی دادەنێن بەسەر تاکەوەو ئاڕاستەکانی ڕەفتارو گووتاری بۆ دیاری دەکەن و لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا وەک** *گشتێک* **خۆیان دەسەپێنن بەسەر تاکەکانداو لە هەمانکاتدا** *سەربەخۆیی* **خۆیان دەپارێزن. سەربەخۆ لە هەموو دەرکەوتنە تاکیەکان."**

لەم چوارچێوە فیکریەدا، بۆنموونە پارتی دیمۆکراتی کوردوستان، تیرۆریسم، خودکوژی، حکومەتی هەرێم، پەیوەندی نێو دەوڵەتی، دەزگاکان فاکتی کۆمەڵایەتین.

ڕاستە دورکایم وەک سەرچاوەی دامەزرێنەری ئەم کۆنسێپتە دادەنرێت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەر لە مارسێل موسەوە تا دەگاتە لوک بۆلتانسکی و ئالان تورێن و بێرگەر و لوکمان و گارفینکێل و گۆفمان و ئەنسالم شتراوس تێگەشتنەکانی دورکایمیان خستوەتە ژێر پرسیارەوە :

ئایا فاکتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە دیاردە کۆلێکتیڤەکان یان کۆی کردەکانی تاکێکە؟

ئایا دەکرێت لە گەردوونی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا باس لە بابەتیبوون بکەین ؟ ئایا بابەتیبوون تایبەتنیە بە گەردوونی زانستە فیزیکیەکانەوە ؟

ئایا وەک چۆن فۆرمە بابەتیەکان، چوارچێوەکانی ڕەفتارو گووتاری تاک دیاری دەکەن، ئاواش تاکەکان چوارچێوەی فۆرمە بابەتیەکان دیاری ناکەن ؟

تا چ سنورێک دەتوانین باس لە دێتێرمینیسم بکەین ؟ تا کوێ کردەی کۆمەڵایەتی خاوەنی" دێتێرمینسم"ە لەبەرامەبەر تاکەکاندا ؟

دورکایم لەو کتێبە بەناوبانگەیدا دەڵێت : "دەبێت سۆسیۆلۆگ فاکتی کۆمەڵایەتی وەک شت تەماشابکات و کاری لەسەر بکات". واتە وەک چۆن کۆمەڵێک یاسا تەلەفزیۆنێک، ڕادیۆیەک، پەرداخێک، مێزێک بەڕێوە دەبەن، ئاواش کۆمەڵێک یاسا کردەیەکی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبات. پەنجا ساڵ دواتر سووپایەک سۆسیۆلۆگ لە دورکایم ڕاستدەبنەوەو پێدەڵێن : فاکتە کۆمەڵایەتیەکان شتن نین، بەڵکو بیناکردنێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامن.

## بیناگەرایی :

بیناگەرایی کە دبێت لەگەڵ بونیەویەت (ستراکتۆریالیسم) دا تێکەڵنەکرێت، بریتیە لە تیۆرێکی سۆسیۆلۆژی کە واقیعی کۆمەڵایەتی وەک پرۆسەیەک لە چرکەی بیناکردنێکی بەرداوامدا دەبینێت. لێرەوە مۆدێلی ڕاڤەکردنی تایبەت بەم "موقارەبەیە" پێشنیار دەکات.

بیناگەرایی (کۆنستربوکتیڤیسم) لەدەرەوەی دابەشکردنی جیهانی کۆمەڵایەتی بەسەر ئانفرا-ستراکتۆر و سوپەر-ستراکتۆردا کاردەکات. لە سۆسیۆلۆژیای مارکسیستدا ڕەهەندی ئابووری وەک ئانفرا-ستراکتۆر تەماشادەکرێت و وەک ماشینی بەرهەمهێنەری هەموو سووپەر-ستراکتۆرەکانی دیکە (ئاین، ئایدۆلۆژیا، ڕۆشنبیری، خێزان، هتد) دەخرێتە سەر شانۆ.

هەروەها لەدەرەوەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوان تاک و کۆمەڵدا کاردەکات و بازدەدات بەسەر چەمکەکانی دۆرکایمدا کە پێی وابوو، بەتەنها "کۆ" بابەتی سۆسیۆلۆژیایە و تاک لە نێو "**دێتێرمینیسم**"ی ڕەهای کۆمەڵگەدا چوارچێوەکانی بوونی دیاری دەکرێت.

نۆربێر ئێلیاس یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم قووتابخانەیەو لەبری کلیک کردن لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی نێوان " دووانە " دژە بەیەکەکان، هەوڵدەدات کار لە سەر

| بە فەرەنسی: | بە ئینگلیزی: | بە ئەڵمانی: | بە ئیسپانی: | بەئیتالی : |
|---|---|---|---|---|
| ***constructivisme*** | ***constructionism*** | ***konstruktivismus*** | ***constructivismo*** | ***construttivismo*** |

پێکاهاتە کۆمەڵایەتی و بیناکردنەوەیان بکات. ئێلیاس گرنگی دەدات بەو هەلومەرجانەی وا لە تاکێک دەکەن کە "ئیلتیزم"ی خۆی ڕاگەیەنێت و دەبن بە چوارچێوەی ڕەفتارو گووتارەکانی. واتە ئەوەی جێگای باسە لای ئێلیاس ستراکتۆرەکان نین، بەڵکو ئەو شتەیە کە لە زمانی فەرەنسیدا بە "پرۆسێسیوس" ناو

دەبرێت و بریتیە لە کۆی ئەو جوڵانەوەو بیرکردنەوەو کردەو کارکردن و ڕەوتەی کە "ئەکشن"ێکی تیادا دروستدەبێت.

بێرگەر و لویکمان لە تێکستە بەناوبانگەکەیاندا "بیناکردنی کۆمەڵایەتی واقیع" بنەما گشتیەکانی بیناگەریان داڕشت و ڕوناکیان خستە سەر "**کۆمەڵایەتی**" وەک "**بیناکردنێکی**" بەردەوام. ئەوان بەدرێژی لەسەر ڕۆڵی وشیاری لە بیناکردنی کۆمەڵایەتیدا وەستان. بێرەگەر ساڵی ١٩٦٧ و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا " **ئاین لە نێو وشیاری مۆدێرن دا"** ئەم چوارچێوە کۆنسێپتیولەیەی بۆخستینە سەر شانۆ. لەم کتێبەدا ئەو بەوردی باس لە ڕۆڵی ئیماندارەکان دەکات لە دەستنیشانکردنی چوارچێوەکانی واقیعدا. لەم "موقارەبەیەدا" سەرلەنوێ فینۆمینۆلۆژیای هیوسێرل خراوەتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوەو شتێکی دیکەی لێدروستکراوە بەناوی فێنۆمێنۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

هەروەها کارەکانی پیەر بۆردیۆش، بەتایبەتی چەمکی "هابیتیوس" هەوڵدانێکە بۆ دەرچوون لە تەڵەزگەی دیوالیسم. لە سیستەمی ئامادەباشیدا، واتە "هابیتیوس"، پراکتیکەکان نە سەد لە سەد ملکەچی ستراکتۆرەکان، نە سەد لە سەدیش سەربەخۆن لە ستراکتۆرەکان. هەرچەند ئێمە پێمانوایە سۆسیۆلۆژای پیەر بۆردیۆ زیاتر لە دێتێرمینیسمەوە نزیکترە تا بیناگەری.

فەردانیەتی مێتۆدۆلۆژی کە قووتابخانەیەکی بەناوبانگی سۆسیۆلۆژیایە، وەک کاردانەوەیک لەبەرامبەر هۆلیسم و دێتێرمینیسم دا، کلیکدەکات لەسەر بیناکردنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگای ڕەفتار و گووتاری تاکەکانەوە. واتە لەم قووتابخانەیەدا ئەوەی ڕەفتارو گووتاری تاکەکان بینادەکات ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکان نین، بەڵکو پێچەوانەکەیەتی.

لەکاتێکدا سۆسیۆلۆژیای ستراکتۆرالیست و دێتێرمینیست و هۆلیست دەیەوێت چوارچێوەی کۆمەڵایەتی وەک دەرهاویشتەو وەک مۆدێلی چەندایەتی بناسێنێت، سۆسیۆلۆژیای بیناگەری بەپێچەوانەوە دێت و هەوڵدەدات کلیک بکات لەسەر مەلەفی ئەو پرۆسانەی کە لەڕێگایانەوە دیاردە کۆمەڵایەتی و کاتیگۆریە کۆمەڵایەتیەکان بینادەکرێن. باشترین نموونەش تووێژینەوەکانی پرۆفێسۆر لوک بۆلتانسکیە کە ئێستا یەکێکە لە "مەرجەعەکانی" فیکری فەرەنسی. بەتایبەتی کتێبی "چوارچێوەکان" کە ساڵی ١٩٨٢ بڵابووەتەوە. بۆلتانسکی ئێستا پرۆفێسۆرە لە "قووتابخانەی باڵا" و هەموو ڕۆژێکی هەینی سیمینارێک دەبات بەڕێوە.

# دەرگایەک بۆ چوونە ژورەوە

تێرۆریسم ڕەنگەپێشەمووشتێک گوزارشتبێت لەیەکێک لەنەخۆشیە هەرەکوشندەکانی کۆمۆنیکاسیۆنی نێوان ئەوانەی کەپەنای بۆ دەبن و ئەوانەش کەدەبن بەقوربانیی. بۆ ئەوەی کۆمۆنیکاسیۆن لەم نەخۆشیە کوشندەیە ڕزگاری ببێت و بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی تەندروست بینابکرێت، بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی زانستیانە لەسەر ئەو ئەکتەرانەی کەمومارەسەی تێرۆریسم دەکەن دەبێت بەفەریزەیەکی زانستی. ئەم مەعریفە زانستیە گەرەنتیە بۆ ئەوەی کە تێرۆریسم وەک فێنۆمێنێک هەموو کاراکتەرە سیحراوی و تەماویەکانی لەدەستبدات و ڕۆحە نەبینراوەکەی بە ڕوتوقوتی بخرێتەسەر شانۆو کۆدە موعجیزاویەکانی یەک یەک بکرێنەوەو ئەفسانەکانی بخرێنەوە نێو چوارچێوە واقیعیەکانەوە.

لەهەر بوارێکی ژیاندا گەورەترین هەڵە ئەوەیە کەمامەڵە لەگەڵ شتێکدا بکەیت و لەهەمانکاتدا تەواو جاهیلبیت بەرامبەر ئەو شتە. خۆ ئەگەر ئەو شتە فێنۆمێنێکی تەواو ترسناک و مەترسیداری وەک تێرۆریسمبێت ئەوە هەڵەکە چەند جار گەورەتر دەبێت.

هێزە تێرۆریستیەکان تا ئەوکاتەی لەتارمایی دەچن و تا ئەوکاتەی لەژێر زەویدان زیاتر وەک چەند کائینێکی ئەفسوناوی جێگای خۆیان لەنێو خەیاڵدانە کۆلێکتیڤەکاندا دروستدەکەن. بەڵام ئەو ساتەی کەدەکەونە بەر خۆر، ئیتر بەهەر ڕێگایەک بێت، گرتن، کوشتن، زیندانیکردن، یان بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی بابەتیانە لە سەریان، ئیتر هەموو ئەو سیحرو ئەفسونانەیان لێدەکەوێتە خوارەوەو وەک ئەوەی هەن لەبەرامبەری خەیاڵدانی کۆلێکتیڤدا ڕوتدەبنەوە. هێزە تێرۆریستەکان هەموو تواناکانیان مۆبیلیزەدەکەن بۆ ئەوەی ئەم بوونە ئەفسوناویەیان بپارێزن. ئەوان لەم پێناوەدا بەردەوام سووتەمەنی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیدادەکەن و گورز دەوەشێنن دەدەن لەدەسەڵاتی سیاسی تا ئاستی لاوازکردنی و کون دەکەنە ڕیزەکانی پۆلیسەوەو دادوەرەکان دەخەنەژێر هەڕەشەو مەترسیەوە. ئەوان بەزۆربوونی ژمارەی قوربانیەکان شاگەشکە دەکەن و بەئاستی بەرزی چۆنیەتی ئۆپێراسیۆنەکانیان دەکەونە سەما.

توێژینەوەلەسەر تێرۆریسم مەیدانێکە تەواو ئاڵۆزو پڕ لەگرفت. ڕاستە تێرۆریسم کۆمایەکە لە پراکتیکی سنورداری دیاریکراو، بەڵام ئەوەش ڕاستەکە ئەو کەسەی کار لەسەر دروستکردنی شووناسی ئەم کۆمایە دەکات کائینێکی خاوەن بەرژەوەندی و عاتیفەیەو زۆر بەئاسانی لەژێر ڕەهەندە زاتیەکەی (سیوبژێکتیڤ) نایەتە دەرەوە. ئێمە بە درێژایی توێژینەوەمان لەسەر ئەم فێنۆمێنە زۆرجار ڕوبەڕوی دەستنیشانکردنی شووناس و شووناسی دژ بووینەتەوە. واتە ئەوەی لای هەندێک وەک تێرۆریسم پێناسەدەکرێت لای هەندێکی دی وەک بەرگری-ڕێزیستانس

دەخرێتەڕوو، هەروەها ئەوەی بەبەرگری لای هەندێ پێناسەدەکرێت، لای هەندێکی دیکە وەک تێرۆریسم دەخرێتەڕوو.

تێرۆریسم لەهەندێک هەلومەرجدا خۆی وەک هەڕەشەیەکی ناعەقڵانی و نالێبوردە مانیفێست دەکات. لێرەوە تێرۆریسم دەبێت بەسەرچاوەی هەموو ئەو شتانەی کەهەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکەن : بەهای بێنرخکراو، دەزگای هەڕەشەلێکراو، پەیوەندی کۆمەڵایەتی داڕزاو، هتد. ڕامان و قوڵبوونەوە لەم فێنۆمێنە، بەدڵنیایەوە وامان لێدەکات کەتەنها بەناساندنی وەک کردەیەکی ناعەقڵانی نەوەستین، بەڵکو پرسیار لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەش بکەین کەوەک ماشین تێرۆریسم بەرهەمدەهێنێت[1].

بەڵام ئەمە تاقانە دەرکەوتنی تێرۆریسم نیە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر توێژەر بۆ تێگەشتن لەو گەردونەی کە تێرۆریستەکان بۆ خۆیان دروستکردوە بێت و گوێ لە ئەکتەرە کاراکانیان بگرێت و گوتارەکانیان بپشکنێت و لە نزیکەوە بیانهێنێتە گوفتوگۆ، بێگومان ڕژێمێکی دیکە لە ئەرگیومێنت و لەتەبری-جوستیفیکاسیۆنی وەک دەرهاویشتە دێتە بەردەست.

ئێمە هەڵەیەکی زانستیانە دەکەین گەر پێمانوابێت هەیمەنەکردنی تێرۆریسم لەنێو کۆمەڵگەیەکدا دەکرێت بێ ڕەگوریشەبێت و لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەو لەبۆشاییدا دروستبوبێت، وەک ئەو تێزە شێواوانەی کەدەیانەوێت قەناعەتمان پێبکەن کەتا ڕوخانی سەدام حوسەین تێرۆریسم لەعێراقدا نەبووەو لەگەڵ هاتنی ئەمەریکادا بۆ عێراق تێرۆریسمیش بەفرۆکەیەکی گەورە سەفەری کردوەو لەفڕۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتی دابەزیوە. ئەمە ئەو کوفرە زانستیەیە کە ئەوەی ڕێز لەزانست بگرێت هەرگیز نایکات. بەپێچەوانەوە، ئەم هەیمەنە کردنە بەبێ ڕەگوریشەیەکی مێژووی دروستبوونی زەحمەتەو بگرە موستەحیلیشە.

# بەرگی یەکەم

بەشی یەکەم: سەرەتایەک بۆ تێگەشتن لە تێرۆریسم ٢١

بەشی دووەم: سنورەکانی نێوان موقاوەمە و تێرۆریسم گەڕان بەدوای جیاوازیەکاندا ٣٠

بەشی سێیەم: پرسیاری ئەخلاق لە تاقیکردنەوەی تێرۆریسمدا ٣٦

بەشی چوارەم: تێرۆریسم و مێکانیسمەکانی ٤٢

بەشی پێنجەم: ناوچە عاتیفیەکانی تێرۆریسم ٥٧

بەشی شەشەم: تێرۆریسم و گروەوەکانی سەرکەوتن ٦٨

# بەشی یەکەم
# سەرەتایەک بۆ تێگەشتن لە تێرۆریسم

پێش هەموو شتێک دەبێت ، لە کتێبێکی ئاوا تایبەتدا، ئەو مانایانە ئاشکرابکەین کە ئێمە بە تێرۆریسمی دەبەخشین. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەی ئێمە لەسەر ئەم تێرمە ڕوبەڕوی گرفتێکی هەمیشەیی بووینەتەوە. گرفتی بەکارهێنانی تێرمی تێرۆریسم لەلایەن هەموو لایەک و هەموو کەسێکەوە، مامۆستایانی زانکۆ، پیاوانی سیاسەت، مەلاکان، شۆرشگێرەکان، حکومەتەکان...، بەمەبەستی دەستنیشانکردن و چوارچێوەدروستکردن بۆ کەسێک، گروپێک یان روداوێکی تایبەتی جێگایەکی تایبەت. کە سۆسیۆلۆگێک توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر جۆری مامەڵەکردنی ئەم هەموو ئەکتەرانە لەگەڵ ئەم تێرمەدا دەکات، راستەوخۆ دەکەوێت بەسەر دەیان پێناسەو چوارچێوەی یەکترپرو لەیەکترجوداو پێکەوە نەگونجاودا، تا ئەو ئاستەی کە ئیتر ئەستەمبێت بڵێت: تێرۆریسم بریتیە لە...!

لە ٣ی فێڤریوەری ٢٠٠٧ و چاودێری ئەو ئەو دێبایەم (موناقەشە) دەکرد کە لە نێوان دەزگای ئاسایشی سلێمانی و چەند ئیسلامیستێکی کوردیدا بەڕێوە دەچوو لەسەر دۆسیەی بەڕێز مەلا کرێکار. لایەنی یەکەم لە ڕێگای چەند بەڵگەیەکەوە دەیوسیت بیسەلمێنێت کە کرێکار تێرۆریستە و لایەنی دووەمیش بەردەوام داوای پێناسەیەکی تێرۆریسمی لە لایەنی یەکەم دەکرد. گرنگی ئەم دێبایە لە قووڵایی ئەو گووتارەدا نیە کە هەریەکێک لەم دوو ئەکتەرە بەرهەمی دەهێنن، بەڵکو لە پەشێوی و تەنگەژەوەو قەیرانەکانی ئەم دووانەدایە لەبەرامبەر پرسیاری: تێرۆریسم چیە ؟

یەکەم شتێک کە سۆسیۆلۆگ دەکرێت تێبینی بکات ، بوونی تێرۆریسمە لە سەر ئاستی پلوریال ( Pluriel). لە کاتێدا لایەنێک تێرۆریسم بە زبروزنگی گروپ دژ بە دەوڵەت پێناسەدەکات، لایەنێکی دیکە بە پێچەوانە هەمان تێرۆریسم بە زەبروزنگی دەوڵەت دژ بە گروپەکانی پێناسەدەکات. بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت کە بەشێکی ترهەن و تێرۆریسم وەک زەبروزەنگی دەوڵەتێک دژ بە دەوڵەتێکی تر پێناسەدەکەن، هتد[ii].

تێرۆریسم وەک مەیدانی گەڕان بە دوای مانایەکی هاوبەشدا، زیاتر لە هەرێمەکانی موستەحیلەوە نزیکترە تا دەربەندەکانی مومکین. هۆکاری سەرەکی ئەم نزیکبوونەوەیە لە موستەحیل و دورکەوتنەوەیە لە مومکین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەنگدانەوە عاتیفیە نێگەتیفەیە کە لە خودی وشەی تێرۆریسمەوە دێتە دەرەوە[iii]. واتە کە ئێمە گوێمان لەوشەی تێرۆریسم دەبێت، راستەوخۆ شتێک لە ئێمەدا دەنگدەداتەوە، ئەو دەنگدانەوەیش راستەوخۆ ناوچەکانی عەتیفەمان دەپێکێت، ئەم پێکانەش هەمیشە بە ئاراستەیەکی نێگەتیڤدا راماندەکێشێت. لە ئەمڕۆدا تێرۆریسم وەک مانا راستەوخۆ هەستی ناشیرینی و خوێن و قەسابخانە

دروستدەکات تا هەر شتێکی تر. بۆنموونە ئەمڕۆ لە کوردوستاندا، جەماوەر، خەڵکی ئاسایی، هاوڵاتی کورد سیفەتی تێرۆریست بە هەموو ئەو کەس و رووداوو شتانە دەدەن کە دڵیان نایگرێت و بەلایانەوە ناشیرینە.

ئایا تێرۆریسم میتۆدێکی نوێی ململانێیە یان ئینحرافێکی کۆمەڵایەتی ؟ ئێمە لەکوێدا بۆ تێرۆریسم بگەڕێین ؟ لە ئاسمانی ئەخلاقدا یان لەسەر زەمینی تیکنیکی رۆژانەی ئەکتەرەکاندا ؟ باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە تەنها رامان وقووڵبوونەو لێکدانی دەرهاویشتەکان و تەحلیلی بەردەوامە و کاری ئێمەش لەم چوارچێوەیە دەرناچێت.

تێرۆریسم « terrorisme » لە زمانی فەرەنسیدا ناوی نێرینەیە و ڕەگوریشەکانی دەگەڕێتەوە سەر وشەی تێرۆری زمانی لاتینی کە بەم شێوەیە دەنووسرێت : « terror ». قاموسی لۆ پوتی رۆبێری فەرەنسی بەم جۆرە وشەی تێرۆر شیدەکاتەوە:

١. ترسێکی بێسنور کە توانای ئەوەی هەبێت کارەساتی لێبکەوێتەوەو جوڵە ئیفلیجبکات.

٢. لەرزین، دڵەڕاوکە، هەژان، هەرانانەوە. ژیان لە نێو تێرۆردا. هەواڵێک کە بۆنی تێرۆری لێدێت.

٣. بڵاوکردنەوەی ترسی کۆلێکتیڤ لە نێو جەماوەردا بۆ ئەوەی جۆرێک لە حکومەتداری قبوڵبکات و واز لە بەرگریکردن بێنێت. رژێمێکی سیاسی کە لەسەر ئەم ترسە کۆگیرە (کۆلێکتیڤە) دروستبوویێت دەکرێت وەک رژێمێکی تێرۆریست ناوزەدەبکرێت. رژێمی یاسا تایبەتەکان (ئەو یاسایانەی کە لەکاتی نائاساییدا دەردەچن). حکومەتکردن بە تێرۆر.

٤. تاک یان گروپێک کە بە تێرۆر سنورێک بە دەوری خۆیدا دەکێشێت و بۆنی ترسی لێدێت.

٥. بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی.

٦. تیرۆریست بەکەسێک دەوترا کە لەکاتی شۆرشی فەرەنسیدا پەنای بۆ ترساندنی ئەوانیدیکە دەبرد[iv].

بەڵام ئێمە گەر لە نێو لاپەرەکانی (لو پوتی ڕۆبێر) بێینە دەرەوە، تێبینی ئەوەدەکەین کە پێناسەکردنی ئەم دەستەواژەیە ئاسان نیە، چوونکە تاکەکانی هەر ناوەندێکی کۆمەڵایەتی بەپێی بەرژەوەندیەکانیان و لە نێو هەر **<u>دۆخێکی</u>** تایبەتدا پێناسەیەکی **<u>تاقانەی</u>** پێدەبەخشن.[1]

---

[1]تێبینی: وشەی <u>تاقانە</u> لەبەرامبەر سانگیولیە singulier دا بەکاردەهێنم. هەروەها وشەی <u>دۆخ</u> لەبری سیتیواسیۆن situation. بێگومان هەریەک لەم دوو چەمکە پێناسەی تایبەتی خۆیان هەیەو خوێنەر، بۆ بەدەستهێنانی مانای زیاتر، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ قاموسە سۆسیۆلۆژیەکان،

بەڵام لەگەڵ تێگەشتنمان لە تاقانەیی پێناسە فەردیەکان، دەزانین کە، لەسەر ئاستی تێرمینۆلۆژی، تاکە ئۆتۆنۆمەکانی کۆمەڵگەیەک ناتوانن پێکەوە بژین گەریێت و لەسەر مانا بەخشین بە شتەکان ڕێکنەکەون. بۆ نموونە: کاتێک تاکێکی کوردی داوا لە تاکێکی دیکەی کوردی دەکات نانێکی بداتێ، ئەو ناچێت پەرداخێک ئاوی بداتێ، بەڵکو نانێکی دەداتێ. کەئەم تاکە ئۆتۆنۆمە لەبری نانێک پەرداخێک ئاوی ناداتێ، لەبەر ئەوەیە کە تاکەکانی **کۆمەڵگەی** کوردی ڕێکەووتوون لەسەر ئەوەی کە بەو شتە بڵێن (نان). واتە ئەو شتە لە خودی خۆیدا نان نیە، بەڵام تاکەکان ڕێکەووتوون لەسەر ئەوەی کە ناوی بنێن نان. ئایا تاکەکانی هەمان کۆمەڵگەی کوردی یان فەرەنسی دەتوانن ڕێکەون لەسەر مانای تێرۆریسم و بڵێن تێرۆریسم بریتیە لە...؟

من پێموایە ئەستمە بە ئیجابی وەڵام بدەینەوە، چونکە تێرۆریسم بەتەنها تیکنیکی ڕۆژانەی هاوڵاتیان نیە بۆ لەیەکتر تێگەشتن، بەڵکو یەکێکە لە مەیدانە هەرەگرنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و سۆسیۆلۆژیای زەبروزەنگ بەتایبەتی. بێگومان هەمووومان دەزانین هەرتێرمێک لە چرکەی وەرگێرانیدا بۆ مەیدانی توێژینەوەی زانستی، ئیتر سیفەتی یەک ڕەهەندی و یەک مانای و یەک ئاراستەیی وندەکات. بەتایبەتیش تێرمێکی وەک تێرۆریسم کە بارگاویە بە دەنگدانەوەیەکی عاتیفی نێگەتیف[٧].

حکومەتی تورکیا بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت PKK قەناعەتپێبکات کە چەکهەڵگرتن دژ بە دەوڵەت و پەلاماردانی سوپاو بازگەکان و سەرچاوەکانی ئابوری و خۆسوتاندنی ئەندامانی ئەو حیزبە کوردیە کردەی تێرۆریستین. بەهەمان شێوە PKKش ناتوانێت تورکەکان قەناعەتپێبکات کە سوتاندنی گوندو کوشتنی گەریلاکان و فڕاندنی ئاپۆو زیندانیکردنی ئەندامانی و تۆپبارانکردنی بارەگاکانی و هتد، کردەی تێرۆریستین. ئەم دوو لایەنە، بە دوو جۆری جیاواز و لەسەر دوو ئاستی جیاواز پێناسەی تێرۆریسم دەکەن. ئەوەی تورکەکان دەیکەن بەرامبەر بە PKK، بۆ ئەوان جێبەجێکردنی ئەرکی نیشتمانیەو خزمەتکردنە بە ئاڵاو خاک و پارێزگاریکردنە لە یەکێتی گەلی تورک و شەرەفێکی گەورەی بەشداریکردنە لە جەنگی تێرۆریستاندا. ئەوەی PKKش دەیکات بەرامبەر بە تورکیا، بۆ هەرئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە، گەورەترین شەرەفی شۆڕشگێرانەیە و بەرگریکردنە لە بوونی نەتەوەو نیشتمانێک و ڕاپەرینە دژ بە داگیرکەرێک کە هەموو تواناکانی بەکاردەهێنێت بۆ تێرۆرکردنی نەتەوەی کورد. چۆن ئەم دوو لایەنە دەتوانن لەسەر پێناسەکردنی تێرۆریسم ڕێکبکەون ؟

لە ئەمڕۆی عێراقی پۆست سەدام حوسەیندا، ئایا هەردوو کۆمینۆتێی شیعە و سوونە دەتوانن لەسەر پێناسە کردنی تێرۆریسم ڕێکبکەون ؟ ئەوەی شیعەکان ناوی دەنێن تێرۆریسم بۆ سوونەکان هیچ نیە جگە لە ڕاپەرین و بەرنگاریەکی شەرعیانە بۆ پارێزگاریکردن لە نیشتمان. هەروەها بەپچەوانەوە، کردەکانی

---

بەتایبەتی گەڕانەوە بۆ قوتابخانەی ئەنتەراکسیۆنیسم و بەتایبەتیتریش بۆ تێگەشتنی گۆفمان و بولتانسکی و گارفینکێل.

ڕێکخراوی بەدرو سوپای مەهدی و دەیان ڕێکخراوی دیکەی ژێرزەمینی شیعەکان، بۆ هەر سوونیەک چڵەپۆپەی تیرۆریسمە. بەشێک لە سوونیەکان کوشتنی کرێکارە بێ نان و بێ نەواکانی شاری سەدر بە چڵەپۆپەی جیهاد و بەرگریکردن لە نیشتمان دەزانن. بەشێکی دیکەی شیعەکانیش، گەر نەڵێین هەموویان، کوشتنی بەکۆمەڵی مەدەنیە سوونیەکانی بەغداد بە پاککردنەوەی نیشتمان لە ناحەزەکانی لە قەڵەم دەدەن.*[٢]

لەنێو ئەم هەموو پێناسەو دژە پێناسەیەدا، یەکەم کاری هەر سۆسیۆلۆگێک کە دەیەوێت لە مەیدانی تیرۆریسم و زەبروزەنگدا کاربکات، دەبێت بە تەرتیبکردنەوەی مەلەفەکانی هەموو ئەو کردانەی دەڕۆنە نێو چوارچێوەی تیرۆریسمەوە. واتە ئەوەی بۆ سۆیۆلۆگێک گرنگە دۆزینەوەی مانایەکی هاوبەش و پێناسەیەکی هاوبەش نیە بۆ تیرۆریسم. بەڵکو ئاسانکردن و چوارچێوە دروستکردنە بۆ تێگەشتن لێی.

بەڵام چۆن دەتوانین ئەم کارە بکەین ؟ ئێمە پێمانوایە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە تەنها لەڕێگای جیاکردنەوەو دەستنیشانکردنی ئەو هەلومەرجە سۆسیۆپۆلیتیکانەوەیە کە مۆدێلە جیاوازەکانی ململانێ و زەبروزەنگ بەرهەمدەهێنن. واتە دروستکردنی تێگەشتنێکی زانستیانەی دروست لە زەبروزەنگ، بەبێ توێژینەوە لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکەی، کە بوونیەیەکی بیناکارە، کارێکی ئەستەمە[vi]. ئەوەی لێرەدا بۆ من گرنگە ناولێنان نیە، بەڵکو دۆزینەوەی مێتۆدۆلۆژیا و مێکانیسمەکانی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگە. ئێمە دەزانین کە هەلومەرج و ئامانج و مێتۆدۆلۆژیای بەکارهێنراو بۆ بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ لە لایەن دەوڵەتێکی وەک عێراقی سەدام حوسەین یان تورکیای ئەتاتورکەوە، دژ بە گروپە راپەڕیوەکانی ئەو وڵاتانە، هەمان ئەو هەلومەرج و ئامانج و مێتۆدۆلۆژیایە نیە کە ئەو گروپانە بەکاریدەهێنن دژ بەو وڵاتانە. زەبروزەنگی ژەنەراڵ بارزانی و عەلی کیمیاوی یەک سروشتیان نیە. ئێمە لەسەر ئاستی زانستی هەڵەیەکی زەق دەکەین گەربێت و هەموو زەبروزەنگێک فرێبدەینە چوارچێوەی تیرۆریسمەوە، چونکە دواتر بارودۆخێکی وا دروستدەکەین کە نەتوانین لێی دەربازبیین. گەر هەموو زەبرزەنگێک فرێبدەینە ئەو چوارچێوەیەوە، ئیتر بەدەستی خۆمان هەموو شەهیدانی کوردوستان، وەک جەللادەکانیان، دەکەین بە تیرۆریست، هەموو شۆرشگێرەکانمان، هەر لە شێخ مەحمودەوە تا قاسملو، دەکەین بە تیرۆریست. فردریک ئێنگلس دەڵێت:

**"مارکس باوەڕی وابوو کە زەبروزەنگ مناڵدانی کۆمەڵگە نوێیەکانە. زەبروزەنگ چەکی دەستی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە**

---

*ئەمڕۆ ٢٠٠٦/٠٧/٢٢ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا هەواڵێکی بڵاوکردەوەو دەڵێت حەوت کرێکاری بە مەزهەب شیعە کە لە بینایەکدا کاریان دەکرد، لە گەڕەکی کەڕادەی سوونییەکان کە دەکەوێتە رۆژئاوای بەغداوە ، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە وەک مەڕ سەربڕاون. لەهەمان کاتدا چەند چەکدارێکی ڕەشپۆش هێرشیانکردوەتە سەر یەکێک لە مزگەوتە سوونییەکانی پایتەخت و نوێژکەرەکانیان گولە باران کردوە.

**بەرەو سەرکەوتن و بەرەو لەناوبردنی فۆرمە چەسپاوە مردوەکانی سیاسەت"[vii].**

لێرەدا زەبروزەنگ نەک هەر ناکرێت سیفەتی تێرۆریستی بخرێتە پاڵ، بەڵکو شەرعیەتیشی پێدەبەخشرێت، تەواو بەپێچەوانەی نۆربێرت ئێلیاسەوە کە پێی وایە لەگەڵ رێنێساندا ئەوروپیەکان فێری کۆنترۆڵکردن و و ڕێگالێگرتن و بچووککردنەوەی زەبرزەنگ بوون و هەموو تواناکانیان مۆبیلیزەکرد بۆ ئەوەی شەرعیەتی لێبسەننەوە[viii]. پێناسەو دژە پێناسە!

دواتر لکاندنی سیفەتی تێرۆریست بە هەر کردەو کەسێکەوە کە بەدڵمان نەبوو، زیاتر بە دیعایەی ئیدیۆلۆژی و سیاسی دەچێت تا کارێکی ئەکادیمی. بێگوومان هەرگیز جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی وعێراقیش بەتایبەتیتر وەک ئێستا ئامادە نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی دیعایەو تاوانبارکردن و بەکارهێنانی وشەی تێرۆریسم و سیفەتی تێرۆریست. ئەمەش تەواو کاری هەر سۆسیۆلۆگێک ئاڵۆز دەکات و دەیان گرفتی بۆ دروستدەکات.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە توێژینەوەی دوو توێژەری هۆڵەندی، زانکۆی Leyde بدەین کە لەسەر پێناسەی تێرۆریسم ئەنجامیان داوە. ئەو دوو توێژەرە Alex Schmid, و Albert Jongman، پاش چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ و فەرمانبەرەکاندا، ١٠٩ پێناسەی تیرۆریسمیان کۆکردوەتەوەو پاشان لە موختەبەرەکەیاندا تەحلیلیانکردوون بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەو رەگەزە گشتیانە بکەن کە پێناسەکانیان لێدروستبووە. دەرەنجام بەم شێوەیەیە:

٪٨٥،٥ وشەی زەبروزەنگ لەوەڵامەکانیاندا دەردەکەوێت.

٪٦٥ ئامانجی سیاسی.

٪٥١ ترساندن و تێرۆر.

٪٢١ عەفەویەت و رێکەوت.

٪١٧،٥ بەقوربانیکردنی مەدەنی. (ئاریال میراری، ٥.س.پ).

جێگری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا (١٩٨٦) بەم شێوەیە پێناسەی تێرۆریسمی کردوە:

> **"تێرۆریسم بریتیەلە لە بەکارهێنانی ناشەرعیانە یان هەڕەشەی زەبروزەنگاوی لە مرۆڤ و شتەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئامانجی تێرۆریستەکان بریتیەلە ترساندن و ناچارکردنی حکومەت، تاک یان گروپەکان بۆ ئەوەی رەفتارەکانیان بگۆڕن بەو شێوەیەی کە ئەوان دەیانەوێت."**

هەروەها پێناسەی مەکتەبی پاراستنی دەستوری جمهوریەتی فیدراڵی ئەڵمانی بەمشێوەیە پێناسەی تێرۆریسم دەکات:

**"تیرۆریسم بریتیەلە ململانێیەکی درێژ لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسیدا. تیرۆریستەکان چەند وەسیلەیەکی وەک تەقینەوە دژ بە ژیانی هاوڵاتیان و سەروەتو سامانیان بەکاردەهێنن. ئەو وەسیلانە هەندێک جار دەگەنە ئاستی تاوانی گەورە..."**

بەریتانیەکان لەسەر ئاستی رەسمی بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆریسم دەکەن:

**"تیرۆریسم بریتیە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی. هەر بەکارهێنانێکی زەبروزەنگ کە ترس لە نێو جەماوەردا دروستبکات دەڕواتە خانەی تیرۆریسمەوە." (ە.س.پ)**

ئێمە ئێستا لەبەردەم سێ پێناسەی سێ دەوڵەتی سەربەخۆداین و لەنێو ئەم سێ پێناسەیەدا دەکرێت سێ رەگەزی پێکهێنەر بدۆزینەوە. سێ رەگەز کە کۆی ستراکتۆری پێناسەی تیرۆریسم لای هەریەکێک لەو دەوڵەتانە بینادەکات.

- بەکارهێنانی زەبروزەنگ.
- ئامادەیی ئامانجی سیاسی.
- چاندنی ترس لە نێو جەماوەردا.

پێش ئەوەی هەریەکێک لەم سێ رەگەزە بیناکارە بخەمە ژێر فەحسکردنێکی سۆسیۆلۆژیەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە هەریەکێک لەم پێناسانە، تەنانەت لێکۆڵینەوەکەی ئەو دوو پرۆفێسۆرە هۆڵەندیەش، لەو پانتاییەدا بەرهەمهاتوون کە ناوومان ناوە ڕۆژئاوا. بێگوومان رۆژئاوا، وەک پانتاییەکی سۆسیۆپۆلیتیک، گرەوو ستراتیژیەت و بەهاو بەرژەوەندی تایبەت بەخۆی هەیە. راستە رۆژئاوا هەوڵدەدات پانتاییە سۆسیۆپۆلیتیکەکەی بە جیهانی بکات و هەموو گەردوون بەچاوەکانی ئەو ناوەندەوە ببینێت، بەڵام لەراستیدا ئەمە تائێستاش خەونێکەو لەسەر مەیدانی واقیع هیچ میسداقیەتێکی نیە. ئێمە ئەگەر توێژینەوەیەک لەسەر کۆمەڵگەکانی دیکەی جیهانی دەرەوەی رۆژئاوا، کوردوستان، ئێران، وڵاتانی ئەفریقا، وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، وڵاتانی عەرەبی، ...، پێموانیە بگەینە هەمان دەرەنجام و هەمان رەگەزی پێکهێنەر لە پێناسەی تیرۆریسمدا بدۆزینەوە. پێموانیە خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی تاران و زانکۆی بەغداد هەمان پێناسەی خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆی Leyde هۆڵەندی بدەن بەدەستەوە. راستە ئێستا لە رۆژئاوادا، لەگەڵ جیاوازی پێناسەکاندا، وردە وردە هاودەنگیەک لەسەر دیاریکردنی شووناسی تیرۆریسم لە دروستبووندایە، بەڵام ئایا ئامادەباشیەکی کۆمەڵایەتی لە ئارادیە بۆ ئەوەی ئەم هاودەنگیەی کە لە دروستبووندایە لەلایەن ئەوانیدیکەوە (رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقا) قبوڵبکرێت ؟ بێگوومان نەخێر.

دەگەڕێمەوە سەر سێ ڕەگەزە بوونیادنەرەکەی تیرۆریسم. سەرەتا هەریەکێک لەم سیانە لە چەند قەیرانێکی زانستیدا دەژی. رەنگە ئەم سێ رەگەزە، بۆ

پیاوێکی سیاسی یان کادیرێکی ئایدۆلۆژی، ببن بە ماکینەی بەرهەمهێنانی پێناسەکانی جەنگ و ململانێ و زۆرانگرتن، بەڵام بۆ کەسێک کە لەبواری زانستدا کاربکات و بە پێوەرە مێتۆدۆلۆژیەکان بجوڵێتەوە هەر لەسەرەتای ڕێگاوە هەست بەوەدەکات کە ئەم پێناسانە ئیفلیجن و ناتوانن ببن بە کەرەسەی کارکردنی زانستی، چوونکە کێشیاندێت و دەستەوسانن لەبەرامبەر وەڵامدانەوەی پرسیارە وردەکاندا. پێناسەی زانستی ئەو چوارچێوەیەیە کە کێشی نایەت و سنورەکانی دیارەو وەڵامی پرسیارەکانی مەیدانەکەی خۆی دەداتەوە. یەکێک لە قەیرانەکانی ئەم سێ ڕەگەزە بوونیادنەرە بریتیە لەوەی کە جیاوازی ناخاتە نێوان تێرۆریسم و فۆرمەکانی دیکەی زەبروزەنگەوەو گەر بە چاوەکانی ئەو سێ رەگەزەوە تەماشای شۆڕشی کورد و جەنگی ئازادی عێراق بکەین، دەبێت هەردوو کردەکە بخەینە نێو چوارچێوەی تێرۆریسمەوە. کاتێک هاوپەیمانەکان عێراقی سەدام حوسینیان بۆمباراندەکرد و لە ئاسمان و دەریا و وشکاییەوە پەلاماری عێرقیاندا، هەر سێ رەگەزەکە ئامادەبوون. هەمووومان دەزانین ئەو جەنگە جەنگی بەکارهێنای زەبروزەنگ بوو. هەروەها ئامانجێکی سیاسیشی لە پشتەوەبوو، چاندنی ترس و لەرز لە نێو جەماوەردا پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە نیە. ئەگەر بەپێی پێناسەکەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بێت ئەم جەنگە دەبێت بە کردەیەکی تێرۆریستی ناوبەرین. بەڵام ئایا لە راستیدا وایە ؟ ئایا ئەمەریکی و تەنانەت زۆربەی عێراقیەکانیش ئەو جەنگە بەکردەی ئازادی عێراق و لەناوبردنی دیکتاتۆر لەقەڵەم نادەن ؟ کێ دەتوانێت بە نێگەتیڤ وەڵام بداتەوە. ئایا خودی سەرۆکی ئەمەریکا، جۆرج بۆش، سەرکردەکانی شۆڕشی کورد، بارزانی و تاڵەبانی، وەک پیاوانی ئازادیخوازو دیمۆکراتخواز وەسفناکات ؟ لەکاتێکدا گەر ئێمە کار بە پێناسەکانی ئەو سێ وڵاتەی سەرەوە بکەین، ئەوە هەریەکێک لەم زاتە شۆڕشگێرانە وەک بن لادنیان لێدەیێت و دەبن بە تێرۆریست، چوونکە هەریەکێک لەو دوانە، بە درێژایی شۆڕشی کوردی، لەپێناوی ئامانجی سیاسیدا زەبروزەنگیان بەکارهێناوە. لێرەوە ڕونتر قەیرانەکانی ئەو پێناسانە دەبینین.

نموونەیەکی دیکە دەخەمە بەردەست خوێنەران. لە فەرهەنگی سیاسیە کوردەکان و جیهان و تەنانەت لای پیاوانی زانکۆش، رژێمی بەعس لە عێراقدا هەمیشە ئەم کاراکتەرانەی دراوتە پاڵ: تۆتالیتاریست، دیکاتۆر، ئۆتۆریتێر، تاغوت، زاڵم. بەڵام لەنێو ئەو فەرهەنگەدا ئێمە کارەکتەری تێرۆریست نادۆزینەوە. لەخراپترین حاڵەتدا دەڵێین یارمەتی تێرۆریستەکانی داوە. لەکاتێکدا گەریێت و ئێمە پێناسەکانی سەرەوەو رەگەزە پێکهێنەرەکانی مۆپیلیزە بکەین راستەوخۆ دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، لە ١٦مارسی ١٩٨٨دا، لوتکەی تێرۆریسمە. بەڵام نە ئەوکاتەو نە ئێستاش ئەو کارەکتەرە ناخرێتە پاڵ رژێمی بەعس. بە سەدام حوسەین ناگوترێت تێرۆریست، بەڵکو دیکتاتۆر. ئەمە یەکێکە لە کۆنترادیسێۆنەکانی ئەو پێناسانە. ئێمە لەبەرگی چوارەمی ئەم کتێبەدا بە درێژی دەگەڕێینەوە سەر ئەم ئیشکالیەتەو باس لە تێرۆریسم لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەکەین و ئەزموونی بەعس وەک حیزب و وەک دەوڵەت دەپشکنین و ڕاڤەدەکەین.

کۆنتڕۆڵکردنی جەماوەر یەکێکە لە رەگەزە هەرە سەرەکیەکانی پێناسەکانی سەرەوەی تێرۆریسم. تێرۆریستەکان تواناکانیان بەگردەخەن بۆ حەشرکردنی جەماوەر لەنێو سنورە نارەسمیەکانیاندا. بێگوومان ئێمە کاتێک مێژووی گەریلاو

شۆڕشەکانیان دەخەینە ژێر فەحسکردنەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو گەریلاو شۆڕشگێرانە هەمان ستراتیژیەتیان بەکارهێناوە بۆ گەشتن بە ئامانجەکانیان. لە ١٩٧٦ وە تا ١٩٩١، حیزبە کوردیەکانی کوردوستانی عێراق، ئێران، تورکیا، لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی جەماوەردا بەسەدان هاوڵاتی کوردیان کوشتووەو بەهەزارانیان زیندان و ئاوارەکردوە. بەداخەوە لە ئێستادا من ئاماری ئەو قوربانیانەم لەبەردەستدانیە تا بیانخەمە روو. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ یەکێک لەو حیزبانە وەک تێرۆریست وەسفنەکراون، بێگوومان بێجگە لە پارتی کرێکارانی کوردوستان/تورکیا. واتە ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ژێرگوومانەوە ئیفلیجی ئەو پێناسانەی سەرەوەیە کە ناتوانێت جیاوازی بخاتە نێوان زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسمەوە. بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیر، لە پرۆسەی ڕزگارکردنی جەزائیردا، تەنها لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی جەماورەدا ١٦٠٠٠ مرۆڤی جەزائیرای کوشت، ٥٠٠٠٠ جەزائیری بێسەروشوێنکرد، ، لەکاتێکدا ئەم بەرەیە وەک نوێنەرایەتی شۆڕش و ئومێدی ڕزگاری وەسفکراوە.

لەساتی ڕوبەڕوکردنەوەی ئەم پێناسانە لەگەڵ مەیدانەکانی توێژینەوەدا (شۆڕشی کورد، شۆڕشی جەزائیر، جەنگی رزگاری عێراق، هتد.) ئێمە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەوەی ئەم پێناسانە ناوی دەنێن تێرۆریسم هیچ نیە جگە لە زەبروزەنگی سیاسی لە نێو کۆنتێکستە تایبەتە سۆسیۆپۆلیتیکەکاندا. هەروەها ئەم کۆنسێپتە (کۆنسێپتی زەبروزەنگی سیاسی) لەدایکبووی ئەمرۆ نیە و لەگەڵ بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و زەرقاویدا لەدایک نەبووە، بەڵکو بەدرێژایی مێژووی بەشەریەت ئامادەیی هەبووەو لەنێو دۆخە تایبەتەکاندا خۆی مانیفێستکردوە.

ئەگەر سیاسی و رۆژنامەنووس و پیاوەکانی ئایدۆلۆژیا ناوی تێرۆریسم بخەنە سەر هەموو زەبروزەنگێکی سیاسی، بێگوومان زانایان و بەتایبەتیش سۆسیۆلۆگەکان دەبێت خۆیان ئامادەکەن بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی قەیرانێکی مێتۆدۆلۆژی تەمەندرێژ. سۆسیۆلۆگ ئەو کەسەیە کە کۆنسێپتی عەمەلی دەوێت و واقیع وەک ئەوەی هەیە دیراسە دەکات نەک وەک ئەوەی دەیەوێت ببێت. لێرەوەو لەهەموو کەس زیاتر، سۆسیۆلۆگ پێویستی بە دەرچوون هەیە لەم گشتاندنانە و دەبێت چوارچێوە بۆ شتە کۆمەڵایەتیەکان دروستبکات، گەرنا تێگەشتن لێیان موستەحیلە.

لەم سەرشارەوە، تێرۆریسم بۆ سۆسیۆلۆگ دەکرێت وەک ئۆلیڤەر روا دەڵێت: جۆرێکی تایبەت بێت لە کردەی زەبروزەنگ نەک هەموو زەبروزەنگێک و لە ئەمڕۆشدا سیفەتی تێرۆریست تەنها بەو کەس و گروپانە دەبەخشرێت کە لەکاتی ئاشتیدا (ناجەنگدا) پەلاماری دەوڵەت و دەزگاکان و جەماوەر دەدەن.[ix] (بۆ تێگەشتنی زیاتر لە بۆچوونەکانی ئۆلیڤەر ڕوا خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ئەو گووفتوگۆیەی کە لەگەڵ ئەودا ئەنجامم داوەو لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە). واتە، ئەوەی تێبینی دەکەین، ئەمڕۆ ئیسرائیل، تورکیا، عێراق، هەرچەند وەک دەرپا زەبروزەنگ بەرهەمدەهێنن، بەڵام وەک تێرۆریست وەسف ناکرێن، چوونکە دەوڵەتن. بەڵام حەماس و پەکەکە و گرووپە عێراقیە چەکدارەکان وەک تێرۆریست پێناسە دەکرێن، چوونکە ئەو زەبروزەنگەی بەرهەمی دەهێنن زەبروزەبگی گروپە نەک دەوڵەت. موشەکەکانی حیزب اللە‌ی لوبنانی کە لەم چرکەیەدا وەک باران بەسەر ئیسرائیلدا دەکەون تیرۆربستن، بەڵام موشەکەکانی ئیسرائیل کە لوبنانیان

کردوە بە وێرانە و دۆزەخی هاوڵاتیان، موشەکی ئاشتیخوازو بەرگری لەخۆکردنن. واتە لە ئەمڕۆدا تێرۆریسم جۆرێکی تایبەتە لە زەبروزەنگی کەس و گروپەکان لەبەرامبەر دەوڵەت و دەزگا و جەماوەردا، نەک بەپێچەوانەوە. ♣[٣]، بەڵام ئایا دەستنیشانکردنی کاتیگۆریەکی تایبەتی زەبروزەنگ وەک تێرۆریسم مانای ئەوەیە کە بازبدرێتە بەسەر تێرۆریسمی دەوڵەت دا ؟ لەبەرگی چوارەمدا وەڵامی ئەم پرسیارە بە وردی فەحسکراوە.

ئەو پێناسەیەی کە زیاتر لەو بۆچوونەی سەرەوە نزیکە، دوا ناساندنی کۆنسێپتی تێرۆریسمە لەلایەن وەزارەتی دەرەوی ئەمەریکاوە، کە دەکرێت وەک کەرەسەیەکی عەمەلی لەقەڵەمبدرێت بۆ جیاکردنەوەو دیاریکردنی شووناسی کردەی تێرۆریستی. بە پێی ئەم پێناسەیە تێرۆریسم بریتیە لە:

> **"زەبروزەنگێکی پراکتیکی لە سیاسەت بارکراو لەلایەن گرووپە نەتەوەی و پەراوێزکراوەکانەوە دژ بە نیشانە سیڤیلەکان و ئەوان بەم کارە هەڵدەستن بۆ ئەوەی کارایی دابنێن بەسەر جەماوەری دەوڵەتێکی تایبەتەوە."**[x]

---

♣ ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو ڕوداوانە دەدەین کە لە دەرەنجامی فڕاندنی دوو سەربازی ئیسرائیلیەوە لەیان حیزب اللهی لوبنانیەوە دروستبوون. بێگوومان ئێمە وەک توێژەر سەرگەرمی تێگەشتن و تەحلیلکردنین نەک دیاریکردنی تاوانبارو بێ تاوان. کاری ئێمە بەرهەمهێنانی زانستە لەسەر ئەوەی روودەدات، نەک حکومدان بە چاک و خراپە.

# بەشی دووەم
# سنورەکانی نێوان موقاوەمە و تێرۆریسم
# گەڕان بەدوای جیاوازیەکاندا

لە عێراقی پۆست سەدام حوسەینداو بەتایبەتی لەنێو هەردوو کۆمینۆتێی شیعی و سووننیدا تێکەڵکردنێکی تێبینیکراو لە نێوان سنورەکانی تێرۆریسم و موقاوەمەدا هەیە، بەڕادەیەک کە مرۆڤی عێراقی، لە ئێستا و ئێرەدا، تواناى ئەوەی نەبێت جیاوازی بخاتە نێوان ئەکتەرێکی تێرۆریست و پارتیزانێکی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەوە. ئەم دوو کۆنسێپتە بە شێوەیەک تێکەڵبەیەکتربیوون کە ئیتر ئاسان نەبێت بۆ دایکێکی کوڕ کوژراو بزانێت منداڵەکەی قوربانیی کردەیەکی تێرۆریستی بووە یان لە هەڵمەتێکی ئازادیخوازەکاندا کوژراوە. ئەم عێراقەی پاش دیکتاتۆر، بۆنی سەری پڕاوو کەلاکی سوتێنراوو تەرمی نەشۆردراوی لێدێت. ڕوباری خوێن بە شارەکانیدا جۆگەلەیان بەستووە. کام بەیانی کە لە خەو هەڵناسم، ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی هەواڵی دەیان ئافرەت و منداڵ و پیرەمێردی لەتوپەتکراوی ناو بازاڕەکانی ئەم وڵاتە خەمگینەم پێناڵێت ؟ ئەمە لەڕاستیدا زمانی عاتیفە و شیعر نیە، بەڵکو ئەو واقیعەیە کە ڕۆژانە عێراقیەکان تیایدا دەژین. لێرەدا ئیشکالیەتێک خۆی فەرزدەکات:

ئەوی لە عێراقی ئەمڕۆدا ڕوودەدات تێرۆریسمە یان موقاوەمە ؟ ئەو سنورانە کامانەن کە هەرێمەکانی ئەم دوو کۆنسێپتە لە یەکتری جوداەکەنەوە ؟ ئایا تێرۆریسم و موقاوەمە، لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیک، دوو فۆرمی زەبروزەنگی پێکەوە گرێدروان یان هەریەکەیان خاوەنی سروشتی تایبەتی خۆیەتی ؟ ئایا بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکانش ناچار نەبوون لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانەکەیاندا کاری تێرۆریستی ئەنجامبدەن ؟

بێگوومان ئەم پرسیارانە لەسەر هەموو ئاستەکان ئاڵۆزن. ئاڵۆزن وەک کۆنتێکست، وەک سروشتی ئامادەبوونیان، وەک مێژوە سۆسیۆپۆلیتیکەکانیان. ئەو سۆسیۆلۆگەی کە لەسەر ئەم جۆرە مەیدان کاردەکات، بێگوومان ڕووبەڕوی گرفتی مێتۆدۆلۆژی و جیاکردنەوەو تیپاندنی تەواو ئاڵۆز دەبێتەوە. ♣ لەگەڵ هەموو ئەو ریسکانەدا، ئێمە هەوڵدەدەین سنورەکانی نێوان ئەو دوو پانتاییە دیاربیکەین بە مەبەستی تێگەشتن لێیان و پاشان بەرهەمهێنانی زانست لەسەر شووناسی هەریەکەیان.

دیسانەوە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم کارەی ئێمە نە دوا بڕیاری کۆتاییە لەسەر ئەو دوو گەردوونە، نە پێشمانوایە ئەوەی کە دەینوسین لەم بەشەدا توانای ئەوەی هەبێت هەموو سنورەکان لەیەک جودابکاتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو سنورانە هێندە

تێکەڵن تا ئەو ڕادەیەی لەهەندێک حاڵەتدا کە دوو کردەی پارتیزان و تێرۆریست دەخەمە ژێر فەحسەوە، بەخۆم دەڵێم: ئەستمە لەیەکتر جوداکردنەوەیان. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەو دوو گەردوونە لەیەک جودا نین. ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە بەم شێوەییە جیاکاریەکان دەستنیشاندەکەین.

## ١. پارتیزانی سەرزەوی، تێرۆریستی ژێرزەوی

پارتیزانەکان ئەو کەسانەن کە لە نێو رێکخستنێکدا رێبەرایەتی دەکرێن و ملکەچی ڕژێمێک لە بنەماو رێسای ناوەکین. ئەم گرووپانە هەندێک جار لە سەر ئاستی حکومەتەکان ئیعترافیانپێدەکرێت و وەک ئەکتەرێکی شەرعی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. دەتوانین وەک نموونە گرووپە عێراقی و کوردەکانی پێش هەرەسی سەدام حوسەین بە نموونە بێنینەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیای گەورە ئەم گرووپانەیان وەک نوێنەری شەرعی گەلانی عێراق وەسفدەکرد. ئەم گرووپانە لە رێگای جێبەجێکردنی دوو مەرجەوە جێگای خۆیان دەکەنەوە لەنێو چوارچێوە یاسای و شەرعیەکانی رێکەوتننامەی جنێڤەدا.

مەرجی یەکەم: بە ئاشکرا چەک هەڵگرتن لەکاتی جەنگدا.

مەرجی دووەم: خۆ جیاکردنەوە لە جەماوەری سیڤیل-مەدەنی لە رێگای لە بەرکردنی پۆشاکێکی تایبەتی یان نیشانەیەکەوە.

پێشمەرگە ئەو پارتیزانەیە کە بە ئاشکرا چەکی هەڵدەگرت و لە ڕێگای جلوبەرگیەوە لە جەماوەری مەدەنی جیادەکرایەوە. تەواو بە پێچەوانەی تێرۆریستەکانەوە، کە هەموو توانای خۆیان مۆبیلیزە دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی زەبروزەنگێکی رێکخراو لە نێو ژێرزەمینە تاریکەکاندا، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زۆرترین تێرۆر بە کەمترین کەرەسە. تێرۆریستەکان زیرەکترین کەسن لە بواری ماتماتیکدا. ئەوان دەبێت هەنگاوەکانیشیان بژمێرن. تەواو وشیارن بەوەی کە زەبروزەنگە تیرۆریستیەکەیان سنوردارەو رێگاپان پێنادات لە تاریکاییەکاندا بێنە دەرەوەو بە ئاشکرا وەک پارتیزانەکان چەک هەڵبگرن. راستە زەرقاوی و گروپەکەی هەندێک جار لە کاسێتەکاندا دەردەکەون و بە جلی رەشەوە خۆیان لەوانیدیکە جودادەکەنەوە. بەڵام ئەم دەرکەوتنە هیچنیە جگە لە دیعایەیەکی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان نەبێت و دورە لە سروشتی رۆژانەیانەوە. ئەو جلە رەشانەش تەنها جلی تەلەفزیۆنەکانن. گەرنا، تێرۆریستێک کە خۆی دەتەقێنێتەوە لە مێترۆکانی پاریس یان لەندەندا، هەموو تواناکانی دەخاتەکار بۆئەوەی بە هیچشێوەیەک لە هاوڵاتیە مەدەنیەکان جیانەکرێتەوە.

## ٢. جەنگی رووبەڕوو

بێگوومان جەنگی نێوان پارتیزان و ڕزگاریخوازان و ئەوەی پێی دەگوترێت (موقاوەمە) لە پێناوی ئازادیدا لەگەڵ دەوڵەتێکدا، جەنگی ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گرووپانەیە لەگەڵ سوپای رێکخراوی ئەو دەوڵەتەدا. راستە ئەم جەنگە لەسەر بنەماکانی رێکەوتن لە نێوان هەردوو لادا ئەنجام نادرێت. بەڵام چەند نۆرمێکی

ەنوسراو دەبیەن بەڕێوە. ئەو گروپە پارتیزانانە وشیارن بەوەی کە ڕووبەڕووبوونەوەی عەفەوی راستەوخۆ لە بەرژەوەندیان نیە، بۆیە هەوڵدەدەن خۆیان مەکان و زەمانی جەنگەکان هەڵبژێرن. ئەوان دەیانەوێت تا بۆیاندەکرێت دەوڵەت ماندووبکەن و پرزەی لێببڕن بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسی دەسکەوتەکانیان مسۆگەربکەن. پارتیزانەکان، هەرلەسەرەتای شۆڕش و جەنگەوە، ئامانجەکانی خۆیان راگەیاندوەو بەرنامەی خۆیان بۆ بەرامبەرەکەیان ئاشکراکردوە. بەرەی ڕزگاری جەزائیر هەرلەسەرەتای موقاوەمەوە بەرنامەی خۆی بە فەرەنسیەکان راگەیاندبوو. هەروەها ژەنەراڵ بەرزانی بە دروشمی دیمۆکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردوستان و پاشان تاڵەبانی بە مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد، بەرنامەی خۆیان پێشکەش بە بەرامبەرەکانیان کردبوو. تەواو بەپێچەوانەی تێرۆریستەکانەوە کە هەڵگری بەرنامەیەکی ڕوونین و زۆربەی ئەو کاتانەش کە دێنە گۆ کار لەکار ترازاوەو لەگەرمەی چالاکیەکانیاندان. بەدیوێکیتردا، ئامانجە سیاسیەکانی شۆڕشگێرو پارتیزان زیاتر لەلاین جەماوەری مەدەنیەوە پێشوازی لێدەکرێت، چوونکە جەماوەر ئەو ئامانجانە وەک بەرنامیەکی نزیک لەواقیعەوە تەماشا دەکات.

کاتێک جەماوەر بەراوردی داواکانی گرووپە کوردیەکان و بن لادن دەکات، تێدەگات لەوەی داواکردنی فیدێرالیسم لە لایەن گرووپە کوردیەکانەوە تەواو لە واقیعەوە نزیکەو و بانگەوازی کوشتنی هەموو رۆژئاوا لەلایەن بن لادنەوە تەواو لە واقیعەوە دوورە.

## ٣. ڕەهەندی جەماوەر لە هەردوو ئاستەکەدا

پارتیزان و ئازادیخوازو (موقاوەمە) لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتماندا ماشینێکە هەرگیز لەدەرەوەی جەماوەردا کارناکات. ئەم ستراتیژیەتە هەرلە بناغەوە خۆی لەسەر چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان دادەمەزرێنێت و لەنێو خانەکانی ئەوانەوە دێتە دەرەوەو لەپێناوی ئەواندا درێژە بەبوونی خۆی دەدات. (Mao) پێیوایە جەماوەر بۆ شۆڕشگێڕ وەک ئاو وایە بۆ ماسی. هەرکاتێک ئاو نەما ماسیش نامێنێت. ئازادیخوازان، پێش هەموو کەس پشت بە جەماوەرەکەیان دەبەستن و بەناوی ئەوەوە شۆڕشدەکەن. ئەو بۆیان دەبێت بە سەرچاوەی هێزی ئابوری و کولتوری و سیاسی و سەربازی. راستە لە شۆڕشی ئەیلولدا، ئەمەریکا و ئیسرائیل و یەکێتی سۆڤێت تا ١٩٧٢ یارمەتی ژەنەراڵ بارزانیان داوە، بەڵام ئەوەی ئەم هێزانەی ناچارکردوە تا ئەو یارمەتیە پێشکەشبکەن ئەو جەماوەرەیە کە لە پشت ژەنەراڵەوە وەک سەرچاوەی هەموو هێزەکان وەستابوو.

تەواو بەپێچەوانەوە، تێرۆریستەکان ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێت جەماوەرە. ئەوان کە لە ژێر زەمین و نێو ئەشکەوتەکاندا ژیانبەسەربەرن، ئیتر بۆ ستراتیژیەتەکانیان لەسەر بناغەی بەرژەوەندیەکانی جەماوەر داڕێژن. نە بۆ چالاکیەکانیان، نە بۆ رێکخستنەکانیان پێویستیان بە جەماوەر نیە. بەپێچەوانەوە، جەماوەر خۆی یەکێکە لە قوربانیەکانی ئەوان. دەتوانین نموونە بە ئەنسار لە کوردوستان و قاعیدە لە ئەفغانستان و کۆمەڵەی ئیسلامی چەکداری جەزائیری و دەیان رێکخراوی دیکە بێنینەوە. لەبەرگی سێیەمدا کە تەرخانکراوە بۆ پشکنینی

تیرۆریسمی گرووپەکان بەدرێژی لەسەر ئەم مەسەلەیە وەستاوین و ئەزموونی زیلۆتیەکان و بکوژەکان و کەتیبە سوورەکانمان خستوەتە سەر شانۆ. هەروەها کۆی بەرگی پێنجەم تەرخانکراوە بۆ پشکینی تیرۆریسمی ئەنساری ئیسلام لە کوردوستان.

## ٤. جەنگی حکومەتە نادیمۆکراتەکان

لەپاش کۆتایی هاتن بە جەنگی دووەمی جیهانیەوەو تا ئێستا، زۆربەی زۆری ئەو شۆڕشگێرو پارتیزانانەی کە پەلاماری چەکیانداوە، لەبەرئەوەبووە کە بەرامبەرەکەیان رژێمێکی نادیمۆکراتبووەو مافەکانی مرۆڤی پێشێلکردوە. پەلامارادانی چەک لە لایەن ئەم گرووپانەوە تەنها ڕێگایەکبووە بۆ دەرکەوتن وەک پارتێک کە خاوەنی پرۆگرامێکی دیاریکراوی سیاسیە و بێجگە لەم کەرەسەیە ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیان لەبەردەستدا نەبووە. ئەو رژێمە نادیمۆکراتانە هەموو دەرگاکان لەسەر پلۆرالیسمی سیاسی دادەخەن و هاوڵاتیەکانیان بەدەستی خۆیان ناچاردەکەن ڕێگای زەبروزەنگ بگرنە بەر بۆ دەرکەوتن لە پانتاییە گشتیەکاندا.

ئێمە دەتوانین دەستنیشانی دوو تیپ لەدەسەڵاتی نادیمۆکرات بکەین کە ئەم گرووپانەیان ناچار بە خەباتی چەکداری کردووە :

- یەکەمیان داگیرکەرە جیهانیەکانی وەک فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران.
- دووەمیان دیکتاتۆرە لۆکالیەکان، باشترین نموونە سەدام حوسەین.

زۆر بەدەگمەن رژێمێکی دیمۆکرات دەبینین کە گرووپە شۆڕشگێرەکان ڕووبەڕووی وەستابنەوەو لەدژی ئەو پەلاماری چەکیاندابێت. تیرۆریستەکان تەواو بەپێچەوانەوە، لە وڵاتە دیمۆکراتەکاندا باشتر گەشەدەکەن و بەهێزتر گورزی خۆیان دەوەشێنن و تیرۆر بڵاودەکەنەوە. تەقینەوەکانی بەریتانیاو ئیسپانیا و ئەمەریکا و کوردوستان و عێراق باشترین نموونەن بۆ سەلماندنی ئەم تێزە. بێگوومان ئەمە مانای ئەوەنیە کە تیرۆریستەکان گورز لەوڵاتە نادیمۆکراتەکان ناوەشێنن. بەپێچەوانەوە، سعودیە و میسرو ئوردونیش کە دیمۆکراتنین پارێزراو نەبوون لە هێرشی تیرۆریستەکان. بەڵام من پێموایە شانسی گورز وەشاندنی تیرۆریستەکان لە وڵاتێکی دیمۆکراتدا زۆرترە تا وڵاتێکی نادیمۆکرات.

## ٥. کۆنترۆڵکردنی جوگرافیا وەک ستراتیژیەت

سەرەتای هەموو شۆڕشگێرەکان لە جووگرافیایەکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات. ئەشکەوتێک، غاباتێک، شاخێک، گوندێک. شوێنێک کەتیایدا بە شێوەیەکی دروست لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیان لێدەکرێت و باوەشیان بۆ دەکرێتەوە. بەڵام ئەمە سەرەتا و دوا جێگەی ئەوان نیە، بەڵکو تەنها خاڵی دەرچوونیانە بەرەو جوگرافیایەکی فراوانتر تا ساتی کۆنترۆڵکردنی هەموو وڵات. ئەم شۆڕشگێرانە لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا هەوڵدەدەن زۆرترین جەماوەر بە لای

خۆیاندا رابکێشن. واتە فیشەکی شۆڕشگێرو دەنگی جەماوەر وەک یەک گرنگن بۆ ئەوان، چوونکە هەر ناوچەیەک کە ئازاد دەکرێت، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری جەماوەرە، ئیدارەیەکی رەسمی تیادا دروستدەکرێ. تێرۆریستەکان بەپێچەوانەوە، کۆنترۆڵکردنی جوگرافیاین بەلاوە گرنگنیە و هەرگیز نایانەوێت خۆیان لە نێو ئیدارەیەکی رەسمی ناوچەیەکدا دەربخەن. لە زۆر بەی حاڵەتەکانیشدا، گەر بیانەوێت حوکمی ناوچەیەکی بەر تەسک بکەن، هەموو توانایان دەخەنەکار بۆ ئەوەی ماسکەکانیان بپارێزن و لە تاریکاییەکاندا بمێننەوە. بێگوومان هەموو گرووپە تێرۆریستەکان ناخرێنە ئەم چوارچێوەیەوە. یاخود چەند دین گرووپ هەن کە لەڕێگای پراکتیکەوە ئەم چوارچێوەیەی بەجێدەهێڵن، وەک لە ئەزموونی ئەنساری ئیسلامداو لە بەرگی پێنجەمدا تێبینی دەکەین.

### ٦. زەبروزەنگی تێرۆریستەکان و زەبروزەنگی شۆڕشگێرەکان

یەکێکی دی لە جیاوازیەکانی نێوان تێرۆریست و شۆڕشگێرو پارتیزان و جەنگاوەرە نیشتمانپەروەرەکان بریتیە لەوەی کە زەبروزەنگی تێرۆریستەکان هیچ هێڵێکی سورو هیچ سنوورێکی نیە. بەڵام زەبروزەنگی گرووپی دووەم دونیایەک هێڵی سوری هەیە و سنوورەکانی دیارەو نایان بەزێنێت. تێرۆریستەکان هەموو یاسا و نۆرم و ترادیسیۆنە جیهانیەکانی جەنگ وەک لاپەرەیەکی پیس دەدڕێنن و خۆیان نابەسنەوە بە هیچ جۆرە شەرعیەتێکی نێودەوڵەتیەوە، تەواو بەپێچەوانەی شۆڕشگێرەکان کە دەیانەوێت لە چوارچێوە نێودەوڵەتیەکانی جەنگدا بمێننەوەو هەموو تواناکانیان دەخەنەکار بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی لۆکال، ریژیۆنال، ئەنتەرناسیۆنال. زبروزەنگی تێرۆریستەکان لەسەر ستراتیژیەتی (هەموو شتێک یان هیچ، ئێمە یان ئەوان) کاردەکات و باوەڕی بە مێژی دانوستان نیە و زەبروزەنگ تا ئەوپەڕی پریمیتیڤ پاڵپێوەدەنێت. سەربرینی رۆژئاواییەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەڵگەیە لەسەر بێسنوریی زەبروزەنگی تێرۆریستەکان. تێرۆریستەکان ئەو کەسانەن کەکار لەسەر قەناعەت پێکردنی ئەوانیدیکە ناکەن و هەموو ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی لە دەرەوەی بازنەی ئەواندان دوژمنن و دەبێت لەناوببرێن.

بێگوومان سەرلەنوێ دەبێت ئەوە دووبارەبکەینەوە کە ئەم جیاکاریانە نابێت بەشێوەیەکی رەها وەربگیرێن و وەک شتێکی کۆنکرێتی هەتاهەتایی یەک جەوهەر کاری لەگەڵدا بکەین. چوونکە لە چرکەی توێژینەوەمان لەسەر گروپە پارتیزانەکان، تێبینی ئەوەدەکەین کە زۆرجار ئەوانیش پەنا بۆ بەکارهێنانی هەمان مێتۆدۆلۆژیای تێرۆریستەکان دەبەن و میکانیسمەکانی ئەوان دەخەنە نێو پرۆگرامەکانیانەوە. هەروەها بە پێچەوانەوە، زۆرجار تێرۆریستەکان پرۆژەو کەرەسەو مێتۆدۆلۆژیای گروپە ئازادیخوازەکان بەکاردەهێنن. کەمنین ئەو گرووپە تێرۆریستانەی کە خۆیان وەک سەربازانی رێگای ئازادی و ڕزگاری نیشتمان پێشنپاردەکەن. تەنانەت لەهەندێک حاڵەتیشدا خۆیان وەک نوێنەری نارەزایی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی دەخەنەنە سەر شانۆ. لە پانتاییەکی ئاوادا، زۆر زەحمەتە بۆ توێژەرێکی دونیای زانست شۆڕشگێرەکانی رێگای ڕزگاری نیشتمان و تێرۆرستەکان لەیەکتری جودابکاتەوە. تەواو بە پێچەوانەی

سیاسیەکانەوە کە بە رستەیەک هەموو هێڵەکان لەیەکتری جودادەکەنەوە. بۆنموونە سەرۆک بۆش دەڵێت:

> **" هەندێکجار جیاوازی لەنێوان تێرۆریستەکان و جەنگاوەرەکانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمان بە ئەنقەست وندەکرێت. هەندێک کەس دەڵێن ئەوەی بۆ کەسانێک تێرۆریستە بۆ کەسانێکی دی جەنگاوەری ڕێگای ڕزگاری نیشتمانە. من بە توندی ئەم بۆچوونە رەتدەکەمەوە، چوونکە جیاوازیە فەلسەفیەکان زۆر رەها و ڕوون و بناغەیین.[xi]"**

تەواو دور لە جەنگی سیاسیەکان کە لەبەرژەوەندی کاری ئەکادیمیدا نیە و تەواو نزیک لە دونیای بێلایەنی زانستەوە کە تەنها خەمی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە لەسەر شتەکان[xii]، ئێمە دەڵێین تێرۆریسم و جەنگاوەرانی ڕێگای ڕزگاری دوو چەمکن بۆ دیاریکردنی دوو تیپی جیاواز لە رەفتاری مرۆڤەکان. تیپی یەکەمیان بریتیە لە مۆدێکی تایبەت لە ململانێ و تیپی دووەمیش کار لەسەر خستنە سەرشانۆی قەزیەیەک (Cause)دەکات، بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت کە زۆرجار هەڵگرانی قەزییەکی شرعیش پەنا بۆ تێرۆریسم وەک مۆدێک لە ململانێ دەبەن. بەکورتی شتەکان لەم دوو پانتاییەدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە هەندێک کەس دەیانەوێت قەناعەتمان پێبکەن. لێرەدا دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵ لەگەڵ وشەی ململانێ دا بکەین. چوونکە مێژووی چەمکی ململانێ زیاتر بە پەیوەندی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە لکاوە تا تێرۆریستەکان.(بەرگی چوارەم، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تێرۆریسم).

# بەشی سێیەم
# پرسیاری ئەخلاق لە تاقیکردنەوەی تێرۆریسمدا

پەیوەندی نێوان ئەخلاق و تێرۆریسم یەکێکە لەو مەیدانە هەرە ئاڵۆزانەی کە تووێژەر تووشی گرفتی گەورەو قەیرانی قووڵ دەکات. بێگوومان ئەم بابەتە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەچرکەی بڵاوبوونەوەی هەردوو کتێبە بەناوبانگەکەی میکایل والزەرەوە تا ئێستا، تووێژەرانی مەیدانی تێرۆریسم دیالۆگێکی بەربڵاویان لەسەر ئەم بابەتە دەستپێکردووە.

کتێبی یەکەم: جەنگ و تێرۆریسم[xiii].

کتێبی دووەمیش: جەنگی دروست و جەنگی نادروست[xiv].

ئومێددەکەم دەزگایەکی شەرعی چاپەمەنی کوردی ئەرکی وەرگێڕانیان بگرێتە ئەستۆی خۆی، چوونکە راستەوخۆ پەیوەندیان بە دونیای ئێمەوە هەیە.

میکایل والزەر، لە درێژەی راڤەکردنەکانیدا، سێ چوارچێوە بۆ تاقیکردنەوەی پرسیاری ئەخلاق لای تێرۆریستەکان دروستدەکات. ئێمە هەریەکێک لەو سێ چوارچێوەیە دەخەینە بەردەست و پاشان هەوڵدەدەین بیانپشکنین و دیالۆگێکی کراوەیان لەگەڵ دابمەزرێنین.

چوارچێوەی یەکەم : هەموو ئەو فەرمانبەر و کاربەدەست و کەسانە دەگرێتەخۆ کە بە جۆرێک لەجۆرەکان کار بۆ دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەوڵەت دەکەن. بەپێی میکایل والزەر دانیشتوانی نێو ئەم چوارچێوەیە دەکرێت تێرۆربکرێن. واتە قابیلی تیرۆرکردنن.

چوارچێوەی دووەم : هەموو ئەو فەرمانبەر و کاربەدەست و کەسانەن کە کار بۆ دەزگاکانی دەوڵەت دەکەن، بەبێ ئەوەی بەشداربن لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو دەوڵەتەدا، وەک مامۆستایان و پزیشکەکان و خوێندکاران و ئەندازیاران و هتد. تێرۆرکردنی دانیشتوانی ئەم چوارچێوەیە بەپێی میکایل والزەر قابیلی گوفتووگۆیە.

چوارچێوەی سێیەم: هەموو ئەو کەسانەن کە بەهیچ جۆرێک پەیوەندیان بە دەزگاکانی دەوڵەتەوە نیە و تەواو سەربەخۆن و لە نێو جیهانە تایبەتەکانی خۆیاندا دەسوڕێنەوە. بەپێی والزەر ئەم کەسانە بەهیچ شێوەیەک نابێت تێرۆر بکرێن و نزیکبوونەوە لێیان تاوانە و کارێکی بێ ئەخلاقانەیە.

گرنگی تێزەکانی میکایل والزەر لەوەدایە کە ئێمە دەزانین ئەو دەیەوێت چیمان پێبڵێت و ئەو تێوریەی کە کاری لەسەر دەکات تەواو رونە و دەتوانین گووفتووگۆی لەگەڵدا بکەین. ئەم خاڵە بۆ من گرنگە. چوونکە کەم نین ئەو نووسەرو

تایبەتمەندانەی کە لەسەر بابەتێک دەنووسن و چەمک بەرهەمدەهێنن، خۆیان تەماوی دەکەن هێندە کە ئەستەمبێت ببینرێن. بەداخەوە بەشێک لەم کەسانە ئەوەندەی کار لەسەر خۆشاردنەوەو ماندوکردنی خوێنەر دەکەن، نیو ئەوەندە کار لەسەر دروستکردنی زانست ناکەن. ئەم دیاردەیە هەر لە سلێمانیەوە تا پاریس تێبینی دەکرێت و تایبەت نیە بە کولتورو نەتەوەو کۆمەڵگایەکی سنوردارەوە. بەهەرحاڵ ئەمە بابەتێکی ترەو دەکرێت لە جێگای دیکەدا قسەی لێبکەین.

دەگەرێینەوە سەر والزەر. ئێمە بۆ پشکنین و دیالۆگ لەگەڵ ئەو دا، پێمان باشە لە پرسیارێکی بناغەییەوە دەستپێبکەین. پرسیاری چیەتی حوکمی ئەخلاق، چوونکە بنەمای تێوریەکەی ئەو لەسەر ئامادەی و نائامادەیی ئەخلاقە لە مەیدانی زەبروزەنگدا:

مرۆڤەکان بەپێی چ ڕژێمێک ئەخلاق بەرهەم دەهێنن ؟ حوکمەکانی ئەخلاق لەسەر چ ئاستێک ئامادەن ؟ رێژەیین یان رەها ؟ کۆمەڵگەکان چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا مامەڵە دەکەن ؟ ئایا ئەو ڕژێمەی حوکمە ئەخلاقیەکان دروست دەکات هەڵگری سروشتێکی نەگۆڕو هەمیشەییە و لە نێو هەموو زەمان و مەکانەکاندا پارێزگاری لە شووناسی کۆنکرێتی خۆی دەکات، یان بەپێی جیاوازی ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان و پانتاییە ئابوری و سیاسیەکان و قۆناغە مێژووییەکان دەگۆڕێت و سیفەتی تەوحید لە دەست دەدات و پێدەنێتە نێو هەرێمی پلورالیسمەوە ؟

هەموو ئەوانەی کە ڕەهەندی جیهانگیری و رەهای و هەمیشەیی دەبەخشن بە ئەخلاق و حوکمەکانی و بەو رژێمەی کە بەرهەمیان دەهێنێت، راستەوخۆ ڕاماندەکێشن بەرەو جیهانی غەیبانی ئاینەکان. لەم جیهانەدا بەهاکان داخراون و کۆتاییان پێهاتووەو بەهیچ شێوەیەک جێگای گوفتوگۆو دانوستان و ڕێکەوتن نین. لەو جیهانەدا تەنها شتێک مومکینبێت ئیمان هێنانە. مرۆڤ دەبێت ئیمان بە بەهاکان و حوکمەکانیان بێنێت، بەبێ ئەوەی چرکەیەک لە چرکەکان دەرفەتێکی هەبێت بۆ رەخنەگرتن و رەتکردنەوەیان. واتە پانتایی ئاینەکان، پانتایی ئیمانە نەک ڕەخنەو رەتکردنەوە. ئیماندار ئەوکەسەیە کە ئیمان بە ئەزەلیەت و نازەمانی و نامەکانی بەهاو ئەخلاق و حوکمەکانی دەهێنێت و پێی وایە کە ئەو بەهاو حوکمانە دەتوانن ژیانی رۆژانەی بۆ رێکبخەن. گرفتی تێوریەکەی میکایل والزەر لێرەوە دەستپێدەکات. ئەو سروشتەی والزەر بە ئەخلاق و حوکمەکانی دەبەخشێت هەڵگری سیفەتێکی جیهانی و گشتگیرن و زیاتر لە رەهاو شتە کۆنکرێتی و ئەزەلیەکانەوە نزیکترن تا هەرشتێکی دیکە. والزەر وەک هەر توێژەرێکی دیکە، مافی خۆیەتی چۆن بیردەکاتەوەو چ تێزێک پێشنیار دەکات. ئەمە گرنگە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگترە، چۆنیەتی سەلماندن و دۆزینەوەی ئەرگیومۆنتە بۆ ئەو تێزانە. چۆن والزەر دەتوانێت، لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، ئەرگیومۆنت بدۆزێتەوە بۆ تێزی ئەخلاق و بەهای جیهانی و گشتگیر ؟ چۆن دەتوانێت لەنێو هەموو کولتورە جیاوازەکاندا سەرچاوەی هاوبەش بۆ بەهاو ئەخلاقە جیهانیەکان بدۆزێتەوە ؟

سەلماندنی ڕەهەندی جیهانی کۆدە ئەخلاقیەکانی زەبروزەنگ و جەنگ کارێکیە نزیک لە موستەحیل. ئەو یەکترپرین و جیاوازی و لەیەک نەچوونانەی کە ئێمە لەو مەیدانەدا تێبینی دەکەین زۆر لەوە گەورەترو بەهێزترو فراوانترن کە والزەر بتوانێت

قەناعەتمان پێبکات بە پێچەوانەکەی. ئێمە ناتوانین جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی دونیای مۆدێرن تەنها بە شێتێتی سەرکردەیەک و بێئەخلاقی گرووپێک راڤەبکەین. چەند هەڵەیەکی گەورەیە گەر پێمانوابێت یەکەم و دووەم و سێیەم جەنگی کەنداو بەرهەمی پیاوێکی شێتی وەک سەدام حوسەینە کە دژ بە ئیرادەی گەلانی عێراق و مێژووی عێراق هەنگاو دەنێت و دەجوڵێتەوە، وەک ئەوەی سەدام حوسەین بەرهەمێکی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی و مێژووی سیاسی ئەو وڵاتە نەبووبێت. پیەر ژان لیوزار لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا لەسەر عێراق دەنووسێت:

> **" راستە سەدام حوسەین درێژبووەتەوە بەسەر مێژووی نزیکی عێراقدا، راستە ئەم پیاوە وەک رەمزێکی شەیتانی لەلایەن میدیای جیهانیەوەو جەماوەرێکی زۆرەوە ناسراوە. بەڵام لە راستیدا، پێش گەشتنی ئەم پیاوە، ئێمە چی لەم وڵاتەدا نابینین. ئەو هەموو کۆدێتا یەک لە دوای یەکانە. ئەو هەموو پیلان لەیەکتر گێرانە. ئەو هەموو خوێنی یەکتر ڕشتنانە. بەبێ قسەکردن لەسەر شیعە، سوونە، کورد و ئەوانیتر. رەنگە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا بڵێت بەراستی زۆر ئەستەمە تێگەشتن لەهەموو ئەم شتانە....کێشەی عێراق، بەشێوەیەکی بەردەوام یادگاریەکان لای ئێمە دەوروژێنێت. بەتایبەتی ئەمڕۆ، ئەم وڵاتە دەکەوێتە سەر لاپەڕەی یەکەمی جیهان. بەڵام نابێت لەبیرمانبچێت کە سەدام حوسەین نە شەیتانە نەفریشتە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵگە و مێژوویەکە."**[xv]

کاتێک ئەم پیاوە کوێت داگیردەکات و هەموو یاسا نێو دەوڵەتیەکان دەخاتە ژێر پێیەوەو یاری بە سەرجەم شەرعیەتی نێودەوڵەتی دەکات و ئەو وڵاتە سەربەخۆیە دەکات بە گۆمی خوێن، نەک تەنها لە عێراقدا، بەڵکو لەلایەن زۆربەی دانیشتوانی وڵاتە عەرەبیەکانەوە پشتگیری لێدەکرا. لەوەش زیاتر، سەدام حوسەین لەرێگای ئەو کردەیەوە، بوو بە سامبۆلی شانازی و پیاوەتی و مەردایەتی و نیشتمانپەروەری لە دونیای عەرەبیدا. هەروەها کاتێک ئەمەریکا بۆمبە ئەتۆمیەکانی وەک ئاگر دەبارن بەسەر هێرۆشیماو ناکازاکیدا، زۆرینەی ڕەهای ئەمەریکیەکان دەستخۆشی و پیرۆزبایی ئەو کارە پیرۆزەیان لە سەرکردەکانیان دەکردو بەهەموو شێوەیەک پشتیوانیان لەسوپاکەیان دەکرد[xvi].

ئێمە کە لەم رووداوانە ورددەبینەوە، تێدەگەین لەوەی کە کۆدە ئەخلاقیەکانی جەنگ و زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم، لەنێو قوڵایی ناوەندە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە دێنە دەرەوەو دروستدەبن و، بەپێی کۆنتێکست و دۆخ و بەرژەوەندی و پێداویستیە بەشەریەکان دەگۆڕێن و لەنێو کولتورە فرەییەکاندا بەبەردەوامی خۆیان بینادەکەنەوە. ئەو جەنگەی ئێستا لە نێوان ئیسرائیل و حیزب اللّٰەدا بەردەوامە نموونەیەکی زیندووی ئەم تێزەن. تا ئەمڕۆ، ٢٠٠٦/٠٧/٢٩، نزیکەی ٦٠٠ لوبنانی مەدەنی کوژراون و هەزاران هەزاری دیکە ئاوارەبوون. بێگوومان ژمارەی ئەو کوژراوانە تەنها مەدەنیەکانن نەک جەنگاوەرەکانی ئەو حیزبە. تا ئەم چرکەیە

سەدان بینای گەورەو دەزگای دەوڵەت و قوتابخانەو دەزگای خزمەتگوزاری تێکەڵ بە خاک بوون. فڕۆکەکانی ئیسرائیل ژیانیان لەو وڵاتەدا تەواو ئیفلیجکردووە.

ئیسرائیلی و عەرەبەکان چۆن لەگەڵ ئەم جەنگەدا مامەڵەدەکەن ؟

بێگوومان بێجگە لە چەند دەنگێکی نارەزایی لەسەر ئاستی دەوڵەتە عەرەبیەکان، ئەویش تەنها لەسەرەتاوە، گەرنا زۆربەی ڕەهای گەلی عەرەبی پێی وایە کە حیزب اللە سامبۆلی پاڵەوانێتی عەرەبی و قەڵای قایمی نیشتمان و شەرەفی نەتکاوی نەتەوەی عەرەبیە و ئەو جەنگەش کە ئێستا ئیسرائیل بە لوبنانی دەفرۆشێت لەپێناوی ئەو دوو سەربازە دیلەدا نیەو ئامانجی دیکەی لەپشتەوەیە[xvii]. هەروەها زۆربەی ڕەهای گەلی عەرەبی ڕەفتاری ئیسرائیل بە نائەخلاقی و ناشارستانی دەزانێت و پێیوایە کوشتنی منداڵان و ئافرەتان ومەدەنیە لوبنانیەکان پارێزگاری نەکردنە لە کۆدە ئەخلاقیەکانی جەنگ. بەدیوەکەی دیکەشداو بەپێ ڕاپرسیەکانی ئەمڕۆ، ٢٠٠٦/٠٧/٢٩، کە لە ئیسرائیلەوە بڵاو دەکرێنەوە، ٪٧٢ ئیسرائیلەیەکان پێیانوایە هێرشەکانی ئیسرئیل بۆ سەر لوبنان کارێکی تەواو شەرعیەو سوپای ئیسرائیلی دەبێت هەموو تواناکانی بخاتەکار بۆ لەناوبردنی ئەو گرووپە تێرۆریستەی کە دوو سەربازە ئیسرائیلیەکەیان دیلکردووە. ئیسرائیلیەکان کوشتنی منداڵان و ژنان و پیرو پەککەوتوە لوبنانیەکان بە کارێکی ئەخلاقی دەزانن چوونکە ئەوان پێیاوانوایە ئەوە باجی پاککردنەوەی لوبنانە لە حیزب اللە. موشەکەکانی حیزب اللە بۆسەر شارەکانی ئیسرائیل و کوشتنی مەدەنیەکان لای زۆربەی زۆری ڕۆژئاوایی و ئیسرائیلەیەکان پێشێلکردنی کۆدە ئەخلاقیەکانی جەنگە، بەڵام هەمان ئەو کردەیە لای عەرەبەکان وەک مافێکی شەرعی و زیاتریش وەک شەرەفی بەرگریکردن لە نیشتمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لێرەدا ئێمە نەک هەر تێبینی جیاوازی مەرجەعیەتە کولتوریەکان دەکەین لە دیاریکردنی ئاستی مانای شتەکان و کۆدەکانی ئەخلاقدا، بەڵکو تێبینی ئەوەشدەکەین ئەو مانا و کۆدانە، بەپێی داواکاریەکانی دۆخ-سیتیواسیۆن هەڵدەوەشێنرێنەوەو سەرلەنوێ دروستدەکرێنەوەو بەدەرەوە دەبەخشرێنەوە. واتە سنورەکانی مانا و کۆدەکان کە دواتر رەفتاری جەنگاوەرەکان و ئاڕاستەی جەنگەکان دیاری دەکەن، لەنێو پراگماتیسمی دۆخەکاندا دێنە دەرەوەو بە سنوری جیاوازی و تەحەولات و بەرزونزمکردن و گۆڕانی دۆخەکان، ئەوانیش دەگۆڕێن و بەشێوەی جیاواو بەڕەنگی دیکەوە دێنەوە سەر شانۆ.

ئێمە ئەگەر بڵێین لە چرکەی جەنگی سەدام حوسەین لەگەڵ گەلی کورددا، ئەنفال بۆیە رودەدات، هەڵەبجە بۆیە بۆمب باراندەکرێت، چوار هەزارو شەسەد لادێ بۆیە دەسوتێنرێت، چوونکە دیکتاتۆرێک لە بەغداد حوکمدەکات کە پابەند نیە بە هیچ یەکێک لە کۆدە ئەخلاقیەکانی جەنگەوە. ناتەندروستی ئەم تێزە لەوەدایە کە ئێستا لە ئیسرائیلدا دێمۆکراسی تەواو بەرقەراوەو ئەو حکومەتەی کە ئێستا لوبنانی کردوە بە مەیدانی تاقیکردنەوەی هەموو چەکە شەرعی و ناشەرعیەکانی و داروبەرد بەیەکەوە دەسوتێنێت و تەنانەت چاودێرەکانی un یش دەکوژێت نە حکومەتێکی تۆتالیتێرە نە دیکتاتۆر، بەڵکو لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە گەشتووەتە حوکم. من دەمەوێت بڵێم ئەو مانایانەی کە بە ئەخلاق دەبەخشرێن، هەر لە سەدام حوسەینی دیکاتۆرەوە تا یەهود ئۆلمەری دیمۆکراتخواز، تا حەسەن

نەسورڵای ئیسلامیست دەگۆڕێن و هەریەکەیان بەپێی ئەوی دیکەیان هەموو سنورەکانی ئەخلاقی پێشێلکردووە. وەک چۆن حزب الله مەدەنیە ئیسرائیلەیەکان دەکوژێت، ئیسرائیلیش چەند بەرامبەر مەدەنیە لوبنانیەکان دەکوژێت. ئەم دووانە کامیان بێ ئەخلاقن ؟ هەر یەکەیان بەپێی ئەوی دیکەیان، واتە هەردووکیان و هیچ کامیشیان.

دەکرێت لەهەمان گۆشەنیگاوە لە جەنگی تێرۆریسم و تێرۆریستەکانش ڕابمێنین، چوونکە ئەوانیش وەک هەموو جەنگەکانی دیکە، دەستی خۆیان ناپارێزن لە ناجەنگاوەرەو مەدەنیەکان و وەک کورد دەڵێت تەڕو وشک پێکەوە دەسوتێنن. تێرۆریستەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیک یاسا و نۆرم و ترادیسیۆنەکانی جەنگ هەتک دەکەن و هەموو ئەو چوارچێوانەی کە جەنگ گەمارۆدەدەن دەبەزێنن و هیچ شتێک ناچاری وەستانیان ناکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین جیاوازیەکی سەرەکی لە نێوان ئیسرائیل و گروپێکی تێرۆریستی وەک ئەلقاعیدەدا بخەینە ڕوو. ئیسرائیل، ئەمەریکا، عێراقی سەدام حوسەین، ئێرانی ئیمام خومەینی، ئەگەر لەسەر ئاستی تێوریشبووە دان بە بوونی ئەو یاسایانەدا دەنێین و هەوڵدەدەن لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا ڕامیانبهێنن و بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی خۆیان مۆبیلیزەیان بکەن. بەڵام گرووپە تێرۆریستەکانی وەک ئەلقاعیدە، تەکفیرو هیجرەی میسر، کۆمەڵەی ئیسلامی جەزائیر، ئەنساری کوردی هتد. نە لەسەر ئاستی تێوری و نە لەسەر ئاستی پراکتیک دان بە بوونی ئەویاسایانەدا نانێن و بە هیچ شێوەیەک وەک سەرچاوەی شەرعیەتدان مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن. تێرۆریستەکان ئەو کەسانەن کە ناوچەی یاساغیان نیەو لەهەر چرکەیەکدا بۆیان هەڵکەوت دەستدەوەشێنن.

لەنێو پانتایی یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا، هەمیشە ڕووبەرێک تەرخانکراوە بۆ خەباتی ئەو گەل و نەتەوانەی کە لە پێناوی ئازادی خۆیاندا تێدەکۆشن و خەبات دەکەن. لێرەوە هەموو  گرووپ و حیزبانەی بۆ ڕزگاری تێدەکۆشن، هەوڵدەدەن لە نێو ئەو ڕووبەرە جیهانیەدا جێگایەک بۆ خۆیان و خەباتی نەتەوەو گەلەکانیان بدۆزنەوە. بەڵام لە نێو پانتایی هەمان ئەو یاسا جیهانیانەدا، بەهیچ جۆرێک کورسیەک، جێ پێیەک، یان ئەگەری دان نان بە تێرۆریستاندا نیە، بۆیە ئەوان تەواو بێ ئومێدن لەوەی کە رۆژێک لە ڕۆژان ئاسایی ببنەوەو وەک ئەوانی دی ببنەوە بە بەشەر.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا تێرۆریسم دەبێت بە فۆڕمێکی ناشەرعی لە جەنگ و لە نێو هیچ یاسایەکی نێو دەوڵەتیدا جێگای نابێتەوەو دانوستانی لەگەڵدا ناکرێت و کردە تێرۆریستیەکان بەهیچ شێوەیەک پاساویان بۆ ناهێنرێتەوەو پینە ناکرێن.

بەڵام ئایا تێرۆریسم بێ ئەخلاقە و کردە تێرۆریستەکان کردەی بێئەخلاقەکانن ؟

بێگوومان ئێمە لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر. چوونکە ئەخلاق شتێکی ڕێژەییە و هەر یەکەو بەپێی کولتورە ئەخلاقیەکەی خۆی دەجوڵێتەوەو کاردەکات و ئاشتی و جەنگ دەکات. لەبەرئەوەی  ئێمە پێمانوایە ئەخلاق ڕەهەندێکی نازەمانی و نامەکانی نیە و لەسەر ئاستی جیهان بوونی نیە، ئیتر تاوانبارکردنی تێرۆریستەکان

بە بێ ئەخلاقی زیاتر دەبێت بە پڕوپاگەندەی سیاسی تا کارێکی ئەکادیمی و زانستی.

بێگوومان کاتێک تێرۆریستەکان لە گەرمەی جەژندا، لەشاری هەولێر، خۆیان دەکەن بە بارەگایەکی حیزبیدا و چەندین کەسی مەدەنی شەهید دەکەن، زۆربەی زۆری گەلی کورد ئیدانەیان دەکات و ئەو چالاکیە وەک کردەیەکی بێ ئەخلاقی تەماشادەکات. ئەمە راستە و واقیعە. (لە بەرگی پێنجەمدا، نزیکەی ٤٠ لاپەڕە لە باس و ڕاڤەکردن بۆ پەلامارەکانی ١ فێبریوەری ٢٠٠٤ تەرخانکراوە). بەڵام ئەو حوکمە ئەخلاقیە، لەبیرمان نەچێت لە کولتورێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگە بە هیچشێوەیەک کولتوری تێرۆریستەکە یان گەلێکی دیکەی ناوچەکە یان جیهان نەبێت. حوکمە ئەخلاقیەکان، لە ئەزەلەوەو وەک باو باران و هەورو بەفرو دەریاو شاخ دروست نەبوون و شتی سروشتی نین، بەڵکو بەرهەمی کۆنتێکستە سۆسیۆپۆلیتیکەکان و لەنێو بازنەکانی پراگماتیسمدا کاردەکەن. بۆیە لەسەر ئاستی زانست، وەسفکردنی تێرۆرسیم بە بێ ئەخلاقی کارێکی بێهودەیە.

فرانس ئویێرت دەڵێت: ئەخلاق بە شێوەیەکی گشتی لە سۆسیۆلۆژیادا بریتیە لە پرسیارکردن لەو پرانسیپانەی کە نۆرم و ڕەفتارەکانیان لەسەر دادەمەزرێت، واتە پرسیاکردن لەو پرانسیپانەی کە لەنێو چوارچێوەیەکی یاسایدا چەقیان نەبەستووە. بەزمانێکی دی، ئەخلاق هیچ نیە بێجگە لە کۆدەکانی ڕەفتاری تاک و گروپ و کۆمەڵگەکان، لە نێو کۆنتێکستێکی تایبەتدا. جیاوازی نێوان یاساو ئەخلاق لەوەدایە کە یاساکان نوسراوەنەتەوەو دەبینرێن و بەرجەستەن و کۆنکرێتین، بەڵام کۆدەکانی ئەخلاق لە ڕێگای ژیانی ڕۆژانەوەو لەنێو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی تایبەتداماڵی و دەستەمۆدەکرێن.

# بەشی چوارەم
# تێرۆریسم و مێکانیسمەکانی

راستە تێرۆریستەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا ئەگەری ئەوە هەیە دەست بووەشێنن و پەلاماربدەن و چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن. بەڵام ئەوەش راستە کە ئەو ئۆپێراسیۆنانەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن تەواو سنووردارەو دەزانین چۆن کاردەکەن.

**دانانی بارێک تی ئین تی یان چەند بۆمبێک لە نێو پانتاییەکی جەماوەریدا بەمەبەستی تەقینەوەو کوشتنی زۆرترین کەس:**

بۆنموونە تەقینەوەکەی بالی، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا تێرۆریستەکان چەند جانتایەک تی ئین تی دەبەنە نێو دیسکۆیەکەوەو لەگەرمەی سەماو گۆرانی و ئاهەنگی هاوڵاتیە مەدەنیەکاندا تەقینەوەکەیان ئەنجامدەدەن. دەرەنجام دوو سەدو دوو کەس دەکوژرێن و لەنێویاندا تەرمی هەشتاو هەشت گەشتیاری ئوسترالی دەدۆزرێتەوە.

**تێرۆرکردنی نەیارە سیاسیەکان:**

دەتوانین دەیان نموونە بدەین بەدەستەوە، بەڵام بۆ بردنەوەی کات تەنها ئاماژە بۆ تێرۆرکردنی موحەمەد باقر ئەلحەکیم دەکەین کە لە پاش نوێژی هەینی لە نەجەف تێرۆریستەکان کوشتیان. ئەم ئایەتوڵا سیاسیە لە ٢٩ ئابی ٢٠٠٣ نوێژی هەینی تەواو دەکات و لە سەحنی حەیدەری لە نەجەف دێتەدەرەوەو ڕێگایماڵەوە دەگرێتەبەر. بەڵام ئەوە کۆتاجاربوو کە لەو سەحنە بێتە دەرەوەو ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر، چوونکە لە ئۆپۆراسیۆنێکی تێرۆریستیدا کوژراو ڕەوانەی دونیای بێدەنگی کرا.

**فڕاندنی فڕۆکە و دەستبەسەراگرتنی سەرنشینەکانی وەک بارمتە و رەهینە:**

لە ٢٧ دێسەمبەری ١٩٩٤ رۆژنامەی هیومانیتێ ئەم هەواڵە بڵاودەکاتەوە، بێگوومان ئەو رۆژە ئەمە یەکەم هەواڵی هەموو ڕۆژنامەکانی فەرەنسا بوو: کۆمەڵەی ئیسلامی چەکداری جەزائیری (GIA) یەکێک لە فڕۆکەکانی ئێر فرانسیان بەسەرنشینەکانیەوە فڕاندوەو دەڵێن گەرێێت و حکومەتی فەرەنسی لە هاوکاریکردنی ڕژێمی جەزائیری نەوەستێت یەک لەدوای یەک سەرنشینەکان دەکوژین. ئەوان دەڵێن ئەم چالاکیەی ئێمە وەڵامە بەو مامەڵە خراپەی کە ئێستا فەرەنسا لەگەڵ جەزائیردا دەیکات. هەروەها داوادەکەن کە هەموو ئەو رێکەوتنە ئابوری و سەربازیانەی کە لەگەڵ جەزائیردا ئیمزایانکردوە هەڵبووەشێنرێتەوە. لەوەش زیاتر داوا لەفەرەنسا دەکەن کە دوژمانیەتی ئیسلام و موسوڵمانە فەرەنسیەکان نەکات !

لە راستیدا تیکنیکی کارکردنی تێرۆریستەکان زۆر ئاڵۆزنین و دەتوانین لێیان تێبگەین. لەگەڵ ئەو نموونانەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین چەند کەرەسەیەکی دیکە بەکاردەهێنن کە تەواو سنوردارن. وەک کردەی خۆکوژی و ئۆتۆمۆبێلی تی ئین تی ڕێژکراو، هتد. تەنانەت لەسەر ئاستی ژمارەش سنوردارن و چەندایەتیەکی زۆر پێکناهێنن. هەموو ئەنساری ئیسلام لە چەند سەد کەسێک تێنەدەپەڕین، لەکاتێکدا کوردەکانی عێراق زیاتر لە شەش ملیۆن کەسن. هەموو ئەندامانی گرووپەکەی زەرقاوی لە عێراقدا، بەپێی ئەو توێژینەوە زانستیانەی لەسەریانکراوە، لە پێنج سەد کەس تێناپەڕن، لەکاتێکدا دانیشتوانی عێراق لە ٢٦ ملیۆن کەس کەمتر نیە. لە هەمانکاتدا، ئەم ژمارە کەمە، چ لە کوردوستان و چ لە عێراقدا توانیویانە زیانی گەورە ببەخشن. ئەنسار پێش ڕزگارکردنی عێراق یەکێکبوو لە گرفتە هەرە زیندووەکانی کوردوستان. گرووپەکەی زەرقاویش لە پاش ڕزگارکردنی عێراقەوە یەکێکن لە گرفتە هەرەزیندوەکانی ئەو وڵاتە. ئەم گرووپە چەند بچووکە، ئەوەندەش دەستی دەگات بە زۆر شوێن و دەیان کاری تێرۆریستی ئەنجام دەدات. بێگوومان ئەم گرووپە هەرگیز توانای ئەوەی نیە حکومەتی عێراقی لەناوببات و دەزگاکانی هەڵبوشێنێتەوەو لە جێگایاندا حکومەتێکی دیکە دروستبکات و سەرلەنوێ دەزگاکانی دروستبکاتەوە. ئەنساری ئیسلام نەیدەتوانی حوکمی بیارە بکات، ئیتر چۆندەتوانێت کوردوستان بەڕێوە بەرێت. رەنگە خەونی ئیمارەتی عێراق بەتەنها لای ئەیمەن زەواهیریەک بوونی هەبێت کە نایەوێت واقیع وەک ئەوەی هەیە ببینێت. پرسیارەکە لێرەدا ئەوە نیە ئەم گرووپانە دەتوانن ئەم ئیمارەتە دروستبکەن یان نا، بەڵکو بریتیە لە چۆنیەتی مۆبیلیزەکردنی مێکانیسم و ستراتیژیەتەکانی تێرۆر لای تێرۆریستەکان. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە کلیک کردنە لەسەر ئەو مەلەفانەی ئەو مێکانیسم و ستراتیژیەتانەیان لەخۆ گرتووە.

ئێمە لەم بەشەدا کاردەکەین لەسەر ئەو مێکانیسمانە و هەوڵدەدەین چۆنیەتی مۆبیلیزەکردنیان لەلایەن تێرۆریستەکانەوە بخەینە ڕوو. هەروەها هەوڵدەدەین یەک بەیەک ئەو ڕەگەزانە فەحسبکەین کە دواتر ڕێگای ڕاڤەکردنی کۆی پرسیاری "تێرۆریسم"مان بۆ ئاسان دەکەن.

## ١. تێرۆریسم وەک ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی

بێگوومان بێهودەنیە کە ئێمە سایکۆلۆژیا وەک بوونیەیەکی بیناکار لە کۆنتێکستی جەنگی تێرۆریستەکاندا دەخەینە ڕوو. ئەم ئیختیارە دەرەنجامی ڕامان و وردبوونەوەو وردکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو ڕووداوانەیە کە لە پاش ٢٩ ئەڤریلی ٢٠٠٣ وە، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و عێراقیان بەتایبەتی وەک فەرش لول کردووە. ئێمە لە ساتەکانی پشکنینی ئەو ڕووداوانەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە تێرۆریسم لە عێراقی تالەبانیدا ستراتیژیەتێکی بەپلە یەک دامەزراوە لەسەر گرەوەکانی سایکۆلۆژیا. ئەم ڕەهەندەی کە من ناوی دەنێم بوونیەی بیناکار لە زۆربەی پێناسەکانی تێرۆریسمدا ئامادەیەو وەک دەسەڵات توانای دیاریکردنی سنوورەکانی تێرۆریسمی هەیە. لەیاسای قەڵاچۆکردنی تێررۆریسمدا، عێراقی پۆست سەدام بەم شێوەیە پێناسەی تێرۆریسم دەکات:

**"هەموو کردەیەکی تاوانکاری، تاکێک یان گرووپێکی ڕێکخراو ئەنجامی بدات، بە مەبەستی پێکانی تاکێک یان چەند تاکێک، چەند گرووپێک یان دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمیەکان، بۆ ئەوەی زیان بە موڵکە گشتی و تایبەتەکان بگەیەنێت و ئاسایشی گشتی تێکبدات و یەکێتی نیشتمانی لەتبکات و ترس بخاتە نێو خەڵکەوەو فەوزا لە نێو جەماوەردا بنێتەوە بۆ گەشتن بە ئامانجە تێرۆریستیەکانی."**[xviii]

ئەو دێڕەی کە خەتی بەژێردا هێنراوە، دان نانی ڕاستەوخۆیە بە کارایی گرەوەکانی سایکۆلۆژیا لە گەرمەی جەنگی تێرۆریستەکاندا. (کارایی دانان لە سەر جەماوەر) وەرگێرانی حەرفی ئەم دێرە فەرەنسیەیە کە لەهەموو پێناسەکانی تێرۆریسمدا دووبارە دەبنەوە: « Influencer un public ». کەدەڵێم هەموو، تەنها مەبەستم پێناسە فەرەنسیەکان نیە، بەڵکو لای ئەمەریکی و ئیسپانی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیتالیەکانیش. کارایی دانان لەسەر جەماوەر بێگوومان کارێکی شەرعیە، بەڵام ئەوەی دەیکات بە ناشەرعی کەرەسە تێرۆریستیەکەیە کە بریتیە لە ترساندن بۆ ناچارکردن.

بێگوومان هەموو جەنگە گەورەکانی مێژوو، جەنگی دوڵەتێک لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکەدا (ئەڵمانیا و فەرەنسا) و جەنگی پارتیزانەکان لەگەڵ دەوڵەتێکدا ( شۆرشی کورد و دەوڵەتی عێراق)، کاریان لەسەر بەکارهێنانی ئەم گرەوە کردووەو زۆر جار تێکەڵ بە هەرێمەکانی تێرۆریسم بوون. تا ئەو کاتەی بڵاوکردنەوەی ترس لە سنووری جەنگاوەرەکاندا دەمێنێتەوە ئێمە دورین لە تێرۆریسم، بەڵام ئەو چرکەیەی کە دەوڵەت یان پێشمەرگە ترس لە نێو جەماوەردا بڵاودەکاتەوە بۆ بەدەستهێنای ئامانجی سیاسی ئیتر پێدەنێتە نێو هەرێمی تێرۆریسمەوە. ڕەنگە ئێمە نەتوانین لەسەر ئاستی زانست دەوڵەتی عێراق یان شۆرشێکی کوردی وەک تێرۆریست پێناسە بکەین، بەڵام دەتوانین کلیک لەسەر شووناسی کردە تێرۆریستەکانی هەرلایەک بکەین.

کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە لە نیوەی شەودا دەڕۆنە سەر بەعسیەک و دەیکووژن، لە سلێمانی یان هەولێر، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێک بە هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەگەڵ دوژمندا هاوکاربکەن کە هەمان چارەنووس چاوەرێیان دەکات، ئایا دەتوانین ئەم کردەیە بخەینە نێو چوارچێوەی تێرۆریسمەوە ؟ یان کاتێک دەوڵەت پێشمەرگەیەک دەگرێت و لە سێدارەی دەدات ، دەکرێت لە سەر ئاستی زانستی ئەو کردەوەیە بخەینە نێو سنورەکانی تێرۆریسمەوە ؟

ئێمە باسی ئەوە ناکەین ئەمە تاوانە یان نا، بەڵکو باسی تێرۆریسم و تێرۆریستەکان دەکەین و لێرەدا پێوەر تەنها ئەو چەمکەیە نەک چمکەکانی ناپاکی و تاوان و ڕاست و ناراست. کوشتنی ئەو دووکەسە، بۆ بڵاوکردنەوەی ترس نیە لە نێو جەماورێکی مەدەنی بێلایەندا، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی ترسە لە نێو جەنگاوەرەکانی هەردوو لادا، بۆیە ناتوانین ڕایان بکێشینە نێو تێرۆریسمەوە. بەڵام کاتێک دەوڵەت، لە یەکێک لەبازاڕەکانی شارداو بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس لە نێو خەڵکی مەدەنی کوردوستاندا تەقەدەکات و چەند کەسێک دەکوژێت، یان کاتێک هێزی پێشمەرگە چەند عەرەبێکی مەدەنی بەمەبەستی نائارامکردنی

جەماوەری عێراقی عەرەبیەوە دەکوژێت، دەکرێت سیفەتی تێرۆریست بخرێتە سەر هەردوو کردەکە.

لای تێرۆریستەکان ئەم ڕەهەندە تەواو بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەڕوات و هەڵگری سروشتێکی جیاوازە. لەجەنگە شەرعیەکاندا، جەنگی دەوڵەتێک دژ بە دەوڵەتێکی دیکە، یان جەنگی شۆڕشەکانی ڕزگاری دژ بە دەوڵەتێک، ئەو ستراتیژیەتە گرنگەی کاری لەسەر دەکرێت ڕووبەڕووبوونەوە فیزیکیەکانە. بۆنموونە، جەنگی عێراق-ئەمەریکا، یان جەنگی نێوان پێشمەرگەو دەوڵەت. واتە ئەوەی دواتر لەم جەنگانەدا بڕیاری بردنەوەو دۆراندنی بەدەستە : ڕووبەڕووبوونەوە فیزیکیەکانە و ڕەهەندی سایکۆلۆژیا بە پلەی دوو دێت. ڕاستە لە چرکەی ڕاپەڕیندا هێزی پێشمەرگە کار لەسەر وروژاندنی ڕەهەندە سایکۆلۆژیەکان دەکات، بەڵام ئەو ڕەهەندە خزمەتکارێکی ئامادەییە فیزیکیەکەی ئەو هێزەیە لە ڕانیە، لە سلێمانی، لە هەولێر، لە دهۆک یان لە کەرکووک.

تێرۆریسم تەواو بەپێچەوانەوە، ئامادەییە فیزیکیەکەی لە خزمەتی جەنگە سایکۆلۆژیەکەیدایە. هەوڵدانی تێرۆرکردنی مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان (لەبەرگی پێنجەمدا بیست و حەوت لاپەڕە تەرخانکراوە بۆ باسکردن و ڕاڤەکردنی ڕوداوەکەی ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ و پەلاماردانی مەلا بەختیار) یان تێرۆرکردنی فرانسوا حەریری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆکراتی کوردوستان، جوانترین نموونەی سەلماندنی ئەم تیوریەن. لەڕێگای ئەو دوو کردەیەوە، تێرۆریستەکان دەیانەوێت تارماییەکانیان لە هەموو جێگایەک بەجێ بێڵن و قەناعەت بە هەموو خەڵکی کوردوستان بکەن کە ئەوان دەستیان دەگات بە هەموو جێگایەک و ئەو شوێنانەش کە کەس دەستی نایانگاتێ ئەوان تیایاندا بە ئارامی پیاسەدەکەن.

دەستپێکردنی شۆڕشی کورد لە لادێکانەوە، لە جیهانی سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا، مانای تایبەتی خۆی هەیە. یەکێک لەو مانایانەی کە دواتر گلۆپێکی ترمان لەسەر تێرۆریسم بۆ دادەگیرسێنێت، ئەوەیە کە ئەم شۆڕشە چەکداریەی دوور لە جەماوەری شارەکان، دوور لە چاوی کامێراکان، زیاتر لە گرەوە سایکۆلۆژیەکان، گرەوی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە فیزیکیەکان کردووە. بەڵام تەقاندنەوەی بارەگاکانی یەکێتی و پارتی لە هەولێر و سەرپڕینی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژئاوایەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و کوشتنی کرێکارەکانی بەغداد بە ئۆتۆمۆبیلی تی ئێن تی ڕێژکراو، بەپلەی یەکەم گرەون لەسەر کاراییە سایکۆلۆژیەکانی ئەو چالاکیانە نەک هەر شتێکی تر.

ئەمڕۆ لە پاریس چواردە هێڵی میترۆ کاردەکات و ڕۆژانە هەزاران هەزار کەس دەگوێزنەوە. هەموو دوو دەقەیەک، بڵندگۆکەی ناو میترۆ ئەم رستەیە دووبارە دەکاتەوە:

> **"بەڕێزان، بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایش و لە خۆتان، داواتان لێدەکەین هەر جەنتایەکی بەجێهێڵراوتان لە هەر جێگایەک بینی، یا خود گوومانتان لە هەر جانتایەک کرد، پۆلیسەکان ئاگادار بکەنەوە."**

نە جارێک و نە دوان و نە دە. نە ڕۆژێک و نە دوان و نە دە. هەر چرکەیەک کە سواری میترۆ دەبم، دەڵێم ئەمڕۆ ژیان کۆتایی پێدێت. ئەمە بەتەنها هەستی کەسێک نیە، بەڵکو هەستی هەزاران کەسە کە سواری میترۆ دەبن و دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. تارمایی بن لادن لە هەموو جێگایەکدایە، تەنانەت لە نێو پێڵاو جانتاو لەنێو باخەڵەکانیشدایە[xix]. ئەمە ئەو گرەوەیە کە تێرۆریستەکان لەسەر ڕەهەندە سایکۆلۆژیەکەی جەنگ دەیکەن. من پێموایە جەنگی تێرۆریستەکان پێشەهەموو شتێک جەنگێکی سۆسیۆ-سایکۆلۆژیەو، بۆ پارێزگاریکردن لە چوارچێوە مەدەنیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە لە زەبروزەنگ بوونەتەوە، دەبێت دەیان موختەبەری سۆسیۆلۆژی لە لایەن دەوڵەتەوە دابمەزرێنرێت تاوەکو سۆسیۆلۆگەکان چۆنیەتی مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵ ئەو جەنگەدا وەک کەرەسە بخەنە بەردەست کۆمەڵگەی مەدەنی. بێگوومان ئەم موختەبەرانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک فەرەنسادا هەن و دەرەنجامی باشیشیان داوە بەدەستەوە. بەڵام ئایا دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەوەندە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە هاوڵاتیەکانی تا بیر لە دامەزراندنی ئەم جۆرە لە موختەبەر بکاتەوە ؟ من تا ئێستاش گوومانم لە وەڵامێکی پۆزێتیف هەیە و ئومێد دەکەم بەهەڵەدا چووبم.

## ٢. تێرۆریسم وەک چاوی کامێرا

لە چاپە مۆدێرنەکەی تێرۆریسمدا، کۆنسێپتێک بەردەوام دووبارە دەبێتەوە: شۆکی بێسنوور ، بەفەرەنسی دەبێت بە (شۆک ماکسیمال)، کە گەرەنتی ئامادەیی بەرفراوانترین و زۆرترین چاووی کامێرا دەداتە دەست تێرۆریستەکان. ئەوەی گرنگە لەم هاوکێشە نوێیەدا، کوشتن و تەفروتوناکردن و سوتاندنی زۆرترین کەس و شتە لەسەر ئاستی ژمارە، کە دواتر زۆرترین شۆک دروستدەکات. ئەگەر چاپە کۆنەکەی تێرۆریسم بریتیبووبێت لە دەستبەسەرکردنی وەزیرێک یان دەسەڵاتدارێک بۆ ریالیزەکردنی ئامانجەکان، ئەوا چاپە نوێکەی تێرۆریسم بازدەدات بەسەر ئەو تیکنیکەداو هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ زەمەنی شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا بگوونجێنێت، ئەوەش بە کوشتنی زۆرترین بە کەمترین. زەمەنی شاشەی تەلەفزیۆنەکان زێڕینترین سەردەمی تێرۆریستەکانە بۆ گەیاندنی مەسیجەکانیان.

هابرماس، گەورە سۆسیۆلۆگ و فەیلەسوفی ئەڵمانی، پێی وایە ئەوەی کە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ کرد بە یەکەم ڕوداوی مێژووی جیهانیی چاوی کامێراکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکان بوون. تا ئەو بەرواره، هەرگیز هیچ ڕوداوێکی واقیعی وەک ئەو ڕوداوە ڕاستەوخۆ نەخرابووە سەر شاشەی تەلەفزیۆنە جیهانیەکان. ئەو دەڵێت:

> **" ئێمە دەتوانین ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ وەک یەکەم ڕوداوی مێژوویی وجیهانیی تەماشا بکەین. داڕمانی لەسەرخۆی بورجەکان، تەقینەوە گەورەکان، مردنە خێراو لەسەرخۆکان، هەموو ئەو شتانە زیاتر لە ناواقیعەوە نزیکتربوون تا واقیع. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەمانزانی ئەو**

**ڕوداوە لە لایەن هۆلیۆدەوە دەرنەهێنراوە، بەڵکو ڕوداوێکی واقیعیە. هەموو ئەمانە بە بەرچاوی هەموو خەڵکی دونیاوە ڕویاندا. هاورێ و هاوکارەکانم کە لە نزیک مەنەتان دەژین، بەچاوی خۆیان فڕۆکەی دووەمیان بینی چۆن خۆیکرد بە بورجەکەدا. ئەو هاوڕێیانە، ئەو ڕۆژە شتێکی جودا ژیان.[xx]"**

پێموایە لێرەدا گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ کتێبی (ئیسلام و ڕۆژئاوا، عادل باخەوان، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦) هەندێک کارمان بۆ تێگەشتن لەم مەیدانە کراوەیە ئاسان دەکات. لێرەدا چەند پەراگرافێکی ئەو کتێبە دووبارەدەکەمەوە♣[٤]:

**"راستە ئەم روداوە(١١سێپتەمبەر٢٠٠١) لە روی مرۆییەوە تراژیدیایەکی گەورەیە. تراژیدیایەک لەبیرناچێتەوە. بەڵام ئەوەش راستە کە ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ تەنها روداوێکی تراژیدی نیە، بەڵکو ئێستا کۆدێکە بۆ کردنەوەی هەزاران مەلەف. سامبۆلێکە بۆ ناسینەوەی هەزاران کردەو رەفتارو بیرکردنەوەو جوڵان. ١١سێپتەمبەر واقیعێک دەخاتە بەردەستمان، واقیعی جەنگێک کە ئیتر کارناکات لەسەر داگیرکردنی جوگرافیایەکی گەورە، بەڵکو گرەو لەسەر کاردانەوەو دەنگدانەوەی هێرشەکانی لەدونیادا، دەکات. بۆنموونە:**

**لە ١١مارسی ٢٠٠٤ ئەلقاعیدە تێرۆریستانە هێرش دەکاتە سەر شەمەنەفەرەکانی مەدرید. گرنگی ئەم روداوە تەنها لەوەدا نیە کە چەند کەسیان کوشت، بەڵکو لەوەشدایە کە حوکومەتێک لادەبات و حکومەتێکی دیکە لە شوێنەکەیدا دادەنێت. راسترەوەکان لادەبات و سۆسیالیستەکان دێنێتە سەر حوکوم. لە ١٥ ئەڤریلی ٢٠٠٤ ئوسامە بن لادن هودنەیەک دەخاتە بەردەستی وڵاتانی ئەوروپا. ئەو بەم کارەی هەموو رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان دەهێنێتە قسە. لەوەش زیاتر حکومەتەکان ناچاردەکات هەڵوێستی خۆیان رونبکەنەوە. مەترسی ئەم جەنگە لێرەدایە. ئەم جەنگە، لە رێگای سامبۆلەکانەوە، لە رێگای کۆدەکانەوە، لە رێگای تۆرەکانی کۆمۆنیکاسیۆنەوە، لە رێگای تەکنەلۆژیای نوێوە، بەرهەمدێت.**

**راستە هەر لە کۆنەوە سامبۆل و واقیع لەیەکتر ئاڵاون، هەموو واقیعێکیش لە رێگای سامبۆلێکەوە گوزارشتی لەخۆی کردووە. بەڵام ئەمرۆ وەک مانوێل کاستێلس دەڵێت: " خودی واقیع خۆیشی لە نێو وێنەیەکدا تواوەتەوە". دیارە تەلەفزیۆنیش رۆڵێکی سەرەکی لەم گەردوونە نوێیەدا هەیە. گەردونی بە**

---

♣ پێویستە ئاماژە بەوەبدەم کە بەردەوامیەک لە نێوان ئەو کۆنسێپتانەدا هەیە کە لە کتێب و تێکستەکانی دیکەمدا بڵاوبوونەتەوە. بۆ تێگەشتن لەو کارگە تێوریەی کە من کاری لەسەردەکەم، خوێنەر کارێکی باشدەکات گەر ئاگاداری کۆی ئەو تێکستانە بێت.

سامبۆلکردنی دونیا. لە کاتی هێرشەکانی بن لادن بۆ سەر بورجەکان، سێ لەسەر چواری ئەمەریکیەکان، راستەوخۆو لە رێگای شاشەکانەوە دارمانی بوورجەکانیان بە چاوی خۆیان دەبینی.

" بینینی دارمانی بورجەکان، راستەو خۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، تێکەڵاوبوونێکی ئاشکرای چرکەکان بوو. لەو ساتەدا، ئیتر زەمەن و مەسافە وەک دوو شت نەبوون. ئیتر ئێمە، هەموو تەماشاکارانی دونیا، لە رێگای شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، لەوێ بووین. کەس نەمابوو لەوێ نەبێت. شاشەکان، راستەوخۆ سوتانی ئەو بەری ئۆقیانسویان پێنیشاندەداین، ئەو بەرێک، کە لە تراژیدیادا نوقوم بووبوو...ئەو وێنانە هەرچەند هەندێ جار فریودەرن، بەڵام کاراییان باڵاتر و زیاترە لە کارایی خودی روداوەکە. "

لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە ئەمەریکا جەنگی رزگارکردنی کوێت دەکات و پەلاماری عێراقی سەددام حوسەین دەدات، ئێمە تەنها ئەو وێنانەمان دەبینی کە ئەو بەدونیای دەبەخشی. چونکە ئەو سەردەمە، ئەوان کۆنترۆڵی وێنەیان لەدەستدابوو. گەلانی ئەوروپا و ئەمەریکا تەنها ئەو موشەکانەیان دەبینی کە بەتەکنەلۆژیای نوێ رێنمونی دەکران، بەڵام قوربانیەکانی ئەو موشەکانە دیار نەبوون. لە ١٩٩١ تا ٢٠٠١ دونیا بەتەواوی دەگۆرێت. ئیتر ئەمەریکا بەتەنها کۆنترۆڵی وێنە ناکات. ٢٠٠١ ئەوەی وێنە بەکاردێنێت تا ئاستی کۆنترۆڵکردن، ئەمەریکای سەرۆک بۆش نیە، بەڵکو بن لادنە. پیرە فەیلەسوفی فەرەنسی، جاک دێریدا، پێش مردنی بە جوانترین شێوە گوزارشتی لەم بارودۆخە نوێیەکرد. ئەو لە کتێبە نایابەکەی لەسەر ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ لەگەڵ هابرماسدا دەنووسێت:

" هەموو ئەو لایەنانەی کە تێهەڵچوون لە جەنگی دژ بە تێرۆریسمدا، ناتوانن رۆژانە باس لە تێرۆریسم نەکەن. گرفتەکە لێرەدایە، چونکە هەر قسەکردنێک لەسەر تێرۆریسم بازووی تێرۆریسم بەهێزتر دەکات، هەر قسەکردنێک لەسەر تێرۆریسم واتە بەخشینی مەکانەتێک بە تێرۆریسم، واتە خستنە سەرشانۆی، واتە بەئامانجکردنی. وە لێرەوە سیستێمی سیاسی و زانیاری، کە ئەرکی پاراستنی هاوڵاتیانیان لە مەترسی تێرۆریسمی جیهانی پێسپێردراوە، وردە وردە لاواز دەبێت."

بوون و نەبوونی ئوسامە بن لادن گرنگە، بەڵام ئەوەی زیاتر گرنگە تێرۆریسمە کە لە هەموو جێگایەکی ئەم دونیایەدایە و لە رێگای وێنەکانەوە خۆی دەگەیەنێتە هەموو ماڵێکی دونیا.

**لەهەمان کاتدا دەبێت ئاماژە بەوەشبدەین کە شۆکی وێنەکان، زیانێکی زۆریان بە ئیسلامسیتەکان و ئیسلامی سیاسی و تەنانەت موسوڵمانانیش گەیاند. غەرقبوونی سەدان هاوڵاتی لە تەپوتۆزداو خۆفرێدانە خوارەوە لە بورجەکان و ئەو مەسیجانەی کە لەسەر تەلەفۆنەکان بەجێهێڵرابوون و وردوخاشبوونی بورجەکان بەسەریەکتریدا، دونیایان دژ بە ئیسلامیسم و پرۆژە تێرۆریستیەکەی وروژاند، تا ئەو رادەیەی کە سەرۆکی فرەنسا دەڵێت: ئەمرۆ ئێمە هەمووومان ئەمەریکین، وە تەنانەت رۆژنامەی لۆمۆندیش لەسەر لاپەرەی یەکەمی بە گەورەیی دەنووسێت: ئێمە هەموو مان ئەمەریکین.**

**ئیتر لەو رۆژە بەدواوە، ئیسلامسیتەکان، جێگای ژاپۆنیەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و کۆمۆنیستەکانی جەنگی ساردیان گرتەوە. لەو رۆژە بەدواوە، سەرۆک بۆش جلی سەربازی لەبەر دەکات و لە یەکێ لە بنکە سەربازیەکاندا جەنگی " ئازادی بێسنوور" رادەگەیەنێت. موحەمەد ئارکۆن لە کتێبی " لە مەنەتانەوە بۆ بەغداد" دا، ئەو وتارەی سەرۆک بۆش نقڵدەکات کە لەبەردەم کۆنگرێسدا پێشکەشی کرد، پێم وایە لێرەدا گرنگە ئاماژە بدەین بە پەرەگرافێکی ئەو وتارە:**

**" باشە ئەو هێرشانە چۆن و بۆ روویاندا ؟ ئەو تێرۆریستانە حیقدیان بەرمبەر ئێمە هەیە. ئەوان رقیان لەو ئازادیەیە کە هەمانە، رقیان لەو ئازادی ئاینەیە کە هەمانە، رقیانە لە ئازادی رادربرینە کە هەمانە. رقیانە لە مافی دەنگدانمان... ئەو تێرۆریستانە دەیانەوێت شێوەی ژیانمان بگۆرن."**

**لە راستیدا نیۆیۆرک، بەتەنها شارێک نیە، بەڵکو مەڵبەندی هەموو رەگەزو رەنگ و زمان و دەنگەکانە. لە نیۆیۆرکدا ئەوانە هەموو بەیەکدەگەن و لە گەڵ یەکتردا تەفاعولدەکەن. نیۆیۆرک شاری هەموو ئاینەکانە. سەنتەری بازرگانی، لەراستیدا سامبۆلی قودرەتی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەبوو. هێمای شارستانیەت نوێ بوو. لێرەوەیە کە کۆلین پاول دەڵێت: ئەو هێرشانە بە تەنها دژی ئەمەریکا نەبوون، بەڵکو دژی دونیای شارستانیەت بوون.[xxi]"**

رەنگە کۆلین پاول راستبکات و ئەو هێرشانە دژی دونیای شارستانیەت بووبن. بەڵام ئەم دیمەنەی شانۆگەریەکە بۆ تێرۆریستەکان (لەو ئێستا و ئێرەیەدا) گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە بۆ ئەوان چاوی کامێراکانی دونیایە کە لەو شارەداو بیست و چوار سەعات لەسەر یەک کاردەکەن و هەرگیز ناکوژێنەوەو هەمیشە لەسەر پێن بۆ ئەوەی جیهان بەیەکەوە ببەستنەوە. جیل کاپێل، توێژەری بەناوبانگی فەرەنسی، تایبەت لە ئیسلامی سیاسیدا، لە دواکتێبیدا لەسەر بن لادن، دەپرسێت: ئەگەر چاوی کامێراکان بەگشتی و چاوی کامێراکانی ئەلجەزیرە بەتایبەتی نەبوونایە،

دەمانتوانی باس لە بن لادن بکەین وەک ئەوەی ئێستا هەیە ؟ ئایا ئێمە تا چەند دەتوانین لەم پیاوە بگەین بەبێ تێگەشتن لە تۆڕەکانی پەیوەندی بەگشتی و شاشە ئاویەکەی ئەلجەزیرە بەتایبەتی [xxii]؟

## ٣. تێرۆریسم وەک ستراتیژیەتی ترس

یەکێکی دیکە لە ستراتیژیەتەکانی تێرۆریسم چاندنی ترسە لە نێو پانتاییە جەماوەریەکاندا. ترس لە سەر هەموو ئاستەکان، بەشێوەیەک کە هەر هاوڵاتیەک هەست بەوە بکات بۆ هەرکوێیەک بڕوات تارمایی تیرۆریستێک بەدوایەوەیەتی، هەر هاوڵاتیەک هەست بەوە بکات تێرۆریستێک لە گیانیدا دەژی. ڕەنگە لە ئێستای عێراقدا باشتر لە هەموو سەردەم و شوێنێکی دیکەی جیهان، تیرۆریستەکان توانیبێتیان لە ریالیزەکردنی ئەم ستراتیژیەتەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

لە عێراقی پاش سەدام حوسەیندا هەر مامۆستایەک پێی وایە لەسەر ڕێگای زانکۆکەی و لە هەر ئان و ساتێکدا تێرۆریستێک باڵی دەگرێت و فڕێی دەداتە نێو سەیارەیەکی ڕەشەوەو پاشان لە کەنارێکدا بە بێدەنگی دەیکوژێت. هەر دایکێک کە منالەکەی دەنێرێت بۆ قووتابخانە ئێوارە چاوەڕێی هاتنەوەی ناکات. هەر ژنێک کە مێردەکەی دەچێت بۆ کرێکاری لە خەیاڵی ئەوەدا دەژی کە هەواڵی کوژرانی بە ئۆتۆمۆبیلێکی مینرێژکراو لەبەرزوترین کاتدا پێبگەیەنن، هتد. ئەمە دروست ئەو بارودۆخەیە کە تێرۆریستەکان دەیانەوێت دروستی بکەن. هەڵەیەکی زانستی دەکەین گەر بڵێین تا ئەم چرکەیە تێرۆریستەکان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. سەرکەوتن لای ئەوان ئەوە نیە کە دەستبگرن بەسەر کۆشکی کۆماریداو ڕادیۆو تەلەفزیۆن کۆنترۆڵبکەن و بەیانی یەکەم کۆدێتا بخوێننەوە. نا. ئەوان پێوەری دیکەیان بۆ سەرکەوتن هەیەو لەسەر چەند فۆرمێکی دیکەی سەرکەوتن کار دەکەن.

بەڵام ئایا جەعفەری پێشوو، هەروەها مالیکی ئێستا و سەرۆک وەزیرەکانی داهاتووش، ئایا تالەبانی ئێستا و سەرۆک کۆمارەکانی داهاتووش، ئایا دەزگاکانی دەوڵەت و پیاوانی عێراقی دوای پۆست سەدام حوسەین، ئامادەن رۆژێک لە ڕۆژەکانی ئەم جەنگە ئاڵای سپی هەڵبکەن و خۆیان بدەن بەدەستەوە ؟ بێگوومان نەخێر. چوونکە بۆ هەریەکێک لەوان، ئەمە جەنگی ژیان و مردنەو هەموو ڕێگاکان دەگرنەبەر بۆ وەشاندنی گورزە پۆڵاینەکانیان. بۆ نموونە، کاتێک کە تێرۆریستەکان براکەی تاریق هاشمی، سەرۆکی ئێستای حیزبی ئیسلامی عێراقی وجێگری سەرۆک جمهوریەتی عێراق، تێرۆردەکەن، ئایا تاریق واز لە پۆستەکەی دێنێت و ڕێگای هەندەران دەگرێتەو واز لە سیاسەت دێنێت؟

بێگوومان نەخێر. بەپێچەوانەوە، ئەو دێت و بەشێوەیەکی ڕەسمی بڕیاری دروستکردنی میلیشیایەک دەدات بەناوی میلیشیای هاشمیەوە، بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی و بنەماڵەکەی و مووچەی هەر ئەندامێکی ئەو میلیشیایەش کە وەزارەتی بەرگری عێراقی دەبێت بیدات ٧٠٠ دۆلاری ئەمەریکی.کاتێک تێرۆریستەکان ئەندامێکی ئەنجوومەنی حوکم لە عێراق تێرۆر دەکەن، بۆ سبەینێ ئەندامانی ئەنجوومەن وڵات بەجێ ناهێڵن و ماڵئاوایی لە پۆستەکانیان ناکەن. تەنانەت

تێرۆریستەکانیش چاوەڕوانی هەڵوێستێکی ئاواناکەن. ئەوەی ئەوان دەیانەوێت چاندنی ترسە لە ڕۆحی زۆرترین کەسدا.

لەو چرکەیەوە کە تێرۆریستەکان، لەنێو دڵی سلێمانیدا، کە ڕەنگە بە هێمنترین شاری عێراق لەقەڵەم بدرێت، هەوڵی تێرۆرکردنی مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دەدەن، ئیتر ئێمە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین ڕزگاربوونی مەلا بەختیار لەو هەوڵە تێرۆریستیە مانای شکستی تیرۆریستەکانە. تەواو بەپێچەوانەوە، راستە کوشتنی مەلا بەختیار بۆ ئەوان گرنگە، بەڵام ئەوەی لەو کوشتنە بۆ ئەوان گرنگترە چاندنی ترسە لە ڕۆحی خەڵکی سلێمانی بەگشتی و ئەندامانی یەکێتی بەتایبەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەتایبەتیتر.

بێگوومان ترس بۆ خۆپاراستن لە هەپرون بەهەپرونبوون و سوتان و برژاندن لە نێو سەیارە مینڕێژکراوەکاندا شتێکی سروشتیە لای هەموو مرۆڤێک و ئەوە دواتر خودی کۆمەڵگە بەشەریەکان خۆیانن کە دێن و ئەم ترسە سروشتیە بار دەکەن لە مانا و مەدلولی جیاواز.

ئایا تێرۆریستەکان توانیان، لە هەوڵی تێرۆرکردنی مەلا بەختیاردا ئەم ستراتیژیەتە ئەنجام بدەن ؟ بێگوومان وەڵامی من پۆزەتیڤە. چوونکە لەدوای ئەو هەوڵەوە تارمایی تێرۆریستەکان لەسەر هەر سێ ئاستەکە، جەماوەر، یەکێتی، مەکتەب سیاسی، ڕێگایەک بۆ چوونە نێو ڕۆحەکان دەدۆزێتەوەو پێمان دەڵێت ئەو هەمیشە لێرەیەو لە هەر چرکەیەکدا بیەوێت دەستی خۆی دەوەشێنێت.

## ٤. تێرۆریسم وەک ستراتیژیەتی وروژاندن

ستراتیژیەتی وروژاندن یەکێکە لەو ڕێگا هەرە گرنگانەی کە تێرۆریستەکان، هەر لە ئەمەریکای لاتینەوە تا دەگاتە هەولێر، دەیگرنەبەرو بەکاری دەهێنن. ئەم ستراتیژەیەتە لەسەر پرانسیپی (کردەو پەرچەکردار) کاردەکات و ئامانجی سەرەکی تێرۆریستەکان لێرەدا بریتیە لە وروژاندنی حکومەت بۆ بەرهەمهێنانی چەن تیپێک لە پەرچەکردار کە دواتر لای جەماوەر بێ شەرعیەت و بێ میسداقیەتی دەکات.

تەقینەوەو کارە تێرۆریستیەکان لەهەر کوێیەک بن ڕژێمە جۆراورۆرەکان ناچاردەکەن کە وەڵامی توند و داپڵۆسێنەر بدەنەوە. ئەو وڵامانە راستەوخۆ کارایی خۆیان دادەنێن بەسەر جەماوەرەوە. کاتێک لە هەولێر دوو تەقینەوەی گەورە، هەردوو بارەگای یەکێتی و پارتی دەهەژێنێت و سەدان قوربانی لێدەکەوێتەوە، ئیتر دەسەڵاتی کوردی ناچارە بەوەی کە دەیان ڕێگای جۆراو جۆر بۆ وەڵامدانەوە بگرێتە بەر. ئەم وەڵامانە هەندێک جار عەشوائی و داپڵۆسێنەر دەبن و ڕەنگە دەیان بێتاوان ببن بە قووربانی. کەسو کاری ئەم قورابانیانە بێگوومان بێدەنگ نابن و دێنە قسە. گەر ئەم تەقینەوانە یەکجار بێت و ببڕێتەوە، کاردانەوەکانیش یەکجار دەبن و دەبرێنەوە، بەڵام گەر هەردوولا بەردەوامبن، دەرەنجامی وەڵامە داپڵۆسێنەرەکانی دەسەڵات دەکاتە دروستبوونی بێ میسداقیەتێک لە نێوان ئەو جەماوەردا. بەلای

کەمەوە ئیتر وردە وردە ئەو دەسەڵاتە ڕەهەندە جەماوەریەکەی لەدەست دەدات و ئیتر وەکو پێویست لە لایەین جەماوەرەوە پشتیوانی لێناکرێت.

کاتێک لە فەرەنسادا، بۆ دۆزینەوەی تێرۆریستێک، زیاتر لە حەوت سەد موحەمەد و عومەر ناو دەگیرێت و بۆ دۆزینەوەی ماڵی تێرۆریستێک زیاتر لە هەزار ماڵ دەکەوێتە بەر هەڵمەتی پشکنینی سەخت و هەندێکجار ئیهانەی تووندنی پۆلیسەوە، راستەوخۆ ئەم کردەیە هەستی دژایەتی لای کۆمینۆتێی موسوڵمانی فەرەنسی، کە زیاتر لە حەوت ملیۆنە، بەهێزدەکات و وێنەی وەزیری ناوخۆ لای ئەم کۆمینۆتێیە دەبێت بە وێنەی جەلادێک. بەڵام ئایا وەزیری ناوخۆ ڕێگاییەکی دیکەی لەبەردەستدایە ؟ ئایا ئیختیارێکی دیکەی هەیە ؟ کارلۆس ماریگێلا دەڵێت:

> **"حکوومەت هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەردەستدا نیە بێجگە لە چڕکردنەوەی داپلۆساندن. تۆرەکانی پۆلیس، پشکنینی ماڵەکان، گرتنی بێگووناهەکان، قەپاتکردنی خیابانەکان ژیان لە شارەکاندا دەکات بە دۆزەخ. ئیتر دیکتاتۆری سەربازی دەستدەکات بە لەناوبردنی جەستە سیاسیەکان و ئیغتیالە سیاسی و پۆلیسیەکان دەبن بە ڕۆتین...لە بارودۆخێکی ئاوادا جەماوەر ڕەفزی ئەوەدەکات هاوکاری دەسەڵات بکات وهەستی گشتی جەماوەر دەبێت بە وێناکردنی حکومەت وەک هێزێکی نادادپەروەر کە توانای ئەوەی نیە گرفتەکان چارەسەربکات بۆ یە بەناچاری پەنا بۆ لەناوبردنی نەیارە سیاسیەکانی دەبات.**[xxiii]"

ئەمە ئەو عەقڵەیە کە تێرۆریستەکان بیری پێدەکەنەوە. بۆیە بۆ ڕژێمێکی دێموکرات وەڵامدانەوەی کردە تێرۆریستیەکان دەبێت بە پرسیارێکی گەورەو سەرجەم گروپ و چینە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دێنێتە قسە:

چۆن دەوڵەت دەتوانێت وەڵامی کارای تێرۆریستەکان بداتەوە ، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ئەو داوەی کە ئەوان بۆیان ناوەتەوە ؟ چۆن دەسەڵات دەتوانێت بابەتیبوونی سروشتی کردەکانی بپارێزێت و نەڕواتە نێو هاوکێشەی کردەو پەرچەکرداری تێرۆریستەکانەوە ؟ بۆ ڕژێمە دێمۆکراتەکان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە هەموو شت گرنگترە. چۆن دەسەڵات وابکات کە وەڵامە پراکتیکیەکانی نەبن بە هۆکاری ڕەنجاندنی جەماوەر لەخۆی و دروسنەبوونی هەستی هەواداری لەگەڵ تێرۆریستەکاندا ؟ کاتێک تێرۆریستێکی ئەلقاعیدە، لە یەکێک لە گەڕەکە شیعیەکانی بەغدادا تەقینەوەک ئەنجامدەدات، چۆن حکومەت دەتوانێت وەڵامێکی بابەتیانە بداتەوە بەبێ ئەوەی دەیان و سەدان سوونی بێگووناه ڕاپێچی ژوورەکانی ئازاردن بکات ؟

من پێموایە، لەبەر نەبوونی ڕەهەندی زانستی لە وەڵامی کردە تێرۆریستیەکاندا، هەردوو حکومەتەکی بەغداو هەولێر، تووشی هەڵەی گەورەبوون و زۆر بە ئاسانی کەوتوونەتە نێو ئەو داوانەوە کە تێرۆریستەکان بۆیان داناوون. کاتێک ئەندامی گرووپێکی تێرۆریستی وەک ئەنسار، کردەیەکی تێرۆریستی ئەنجامدەدات و حکومەتی هەرێم هەڵدەستێت بە ڕاپێچکردنی سەدان ئەندامی

کۆمەڵ و یەکگرتوو بەرەو زیندانەکان،گرووپی ئەنسار دەتوانێت شانازی بەوەوە بکات کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. چوونکە وەڵامی نابابەتیانەی حکومەت بەقەدەر ئەوەندەی لە خزمەتی ئەواندایە لە زەرەری ئەواندا نیە. گرتنی ئەندامانی کۆمەڵ و یەکگرتوو، واتە دوور کەوتنەوەی هەنگاوێک زیاتر لە تێرۆریستەکان، واتە نزیکبوونەوەی هەنگاوێکی زیاتر لە هەستکردن بە ناعەدالەدتی حکومەت لای کۆمەڵ و یەکگرتوو، واتە دروستکردنی هەستی بێ ئومێدی لە هاووپەیمانیکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا، واتە پاڵنان بەو دوو گرووپەوە بۆ نزیکبوونەوە لە ئەنسار، هتد.

لێرەوە، من پێموایە پرسیارەی هەرە سەرکی بۆ حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداد دەبێت بریتیبێت لەوەی :

چۆن وەڵام بە کردە تیرۆریستیەکان نەبنە هۆکاری بەهێزکردنی بازووی تێرۆریستەکان ؟

بێگوومان حکومەتەکان هەڵەیەکی زەق دەکەن گەرپێیانوابێت بەتەنها ئەوان دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە. چوونکە دیاریکردنی چوارچێوەکانی ئەو وەڵامە پێشـهەموو کەسێک کاری سۆسیۆلۆگ و پۆلیتۆلۆگەکانە تا هەرکەسێکی تر.

## ٥. تێرۆریسم وەک ستراتیژیەتی فەوزا

لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتەدا ئامانجی سەرەکی تێرۆریستەکان بریتی دەبێت لە دروستکردنی هەلومەرجێک کە تیایدا حکومەت نەتوانێت یاسا بەرقەراربکات و ئاسایش بۆ هاوڵاتیان دابینبکات. ئەو تێرۆریستانەی کە کار لەسەر ستراتیژیەتی فەوزا دەکەن دەکرێت ئەو تیپەبن کە بە ئومێدی گۆرینی حکومەتێک بە حکومەتێکی دیکە لە تیپە جۆراوجۆرەکانی دیکەی تێرۆریسم جیادەبنەوەو تاقانەیی خۆیان وەک کۆتەرە دەخەنە سەر ئاو. لێرەدا جێگای خۆیەتی کە دیسانەوە ئەو تێزەمان دووبارە بکەینەوەو بڵێین ئێمە لەسەر ئاستی جیهان تیرۆریسم بەسیغەی جەمع دەبینین نەک بەسیغەی موفرەد، ئێمە یەک فۆرمی تێرۆریسم مان نیە بڵکو چەندین.

بۆ بیناکردنی پانتاییەکی سۆسیۆ-پۆلیتیکی فەوزەوی، تێرۆریستەکان چەند ڕێگایەک دەگرنە بەر، بەڵام لەهەموویان گرنگترو بەرچاوترینیان بریتیە لە تەقینەوەی کوێرانە لە شوێنە گشتیەکاندا. تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیل و پاس و شەمەنەفەرو میترۆو فڕۆکە ئەو تیکنیکانەن کە ستراتیژیەتی فەوزایان پێ ئەنجام دەدرێت. بەشێک لە تیرۆریستە کانی ئێستای عێراق، میسر، سعودیە، جەزائیر، تونس، ئسپانیا، فەرەنسا...، زیاتر لەسەر ئەم ستراتیژیەتە کاردەکەن و ئامانجیان دروستکردنی هەلومەرجێکی فەوزەوی وایە کە تیایدا حکومەتەکان جڵەوی کاروبارو جێبەجێکردنی یاسا لەدەستبدەن و جەماوەر هەست بەوە بکات کە ئیتر هیچ هێزێک نیە بیپارێزێت و ئاسایشی بۆدابین بکات و ئیتر حکومەت لەوە لاوازترە کە بیر لەوان بکاتەوە.

چەند رۆژێک پاش ئەوەی کە سەرۆک وەزیرانی عێراق (نەخشەی نوێی دابینکردنی ئاسایش بۆ شاری بەغداد) ڕاگەیاند و پاش ئەوەی کە هێزێکی زۆری

ئەمەریکی و عێراقی هێنایە نێو پایتەختەوە، ئیتر هەموو لایەک دڵیان بەوە خۆشبوو کە لە سێبەری ئەم نەخشە نوێیەدا شاری بەغداد کەمێک ئارام دەبێتەوەو لە زەبروزەنگی تێرۆریستەکان ڕزگاری دەبێت. بەڵام ئەم خەونە تەنها چەند رۆژێکی کەمی بەسەردا چوو. لە ٢٣ تەمووزی ٢٠٠٦ دا، کە لە خەو هەستام و لاپەڕەکانی رۆژنامەی "لۆمۆند"ی فەرەنسیم هەڵدایەوە ئەم هەواڵە نوسرابوو:

**" تەقینەوەکان لە بەغدادەوە تا کەرکووک: ئەمڕۆ چەند تەقینەوەیەک بە ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراو ٦٢ دوو کەسیان لە بەغدادو کەرکووک کووشت. ئەم تەقینەوانە لە رۆژی دووەمی ئەو کۆبوونەوەیەدا دێت کە لە نێوان هەموو لایەنە سیاسیەکاندا ئەنجامدرا بە مەبەستی ئارامکردنەوەی وڵات. دوو تەقینەوەی یەک لەدوای یەک سەدر سیتی هەژاندو ٤٨ کەس بوون بە قووربانیی. هەندێک لە شاهیدەکان دەڵێن کامیکازێک شاحینەیەکی بچووکی لێخوڕیوەو خۆیکردوە بە نێو خەڵکەکەداو خۆی و شاحینەکەی پێکەوە تەقاندووەتەوە. لەشاری کەرکووک و دیسان بە ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراو لە چرکەی تەقینەوەدا چەند قوربانیەک گیانیان لە دەستدا..."**

دوو تەقینەوە لە بەغداد، تەقینەوەیەک لە کەرکووک، دووانیدیکە لە مووسڵ، دانەیەکی دی لە نەجەف، بەسرا، سەماوە، سامەڕا...، ئەوەی بۆ تیرۆریستەکان گرنگە دروستکردنی عێراقە وەک پانتاییەکی سۆسیۆ-پۆلیتیکی فەوزەوی. پانتاییەک کە ئیتر هەمووان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە تیایدا نە یاسا و نەحکوومەت و نە ئاسایش دەتوانێت بوونی هەبێت و نە ئەوانیش دەتوانن تیایدا خەون بە ئارامیەوە ببینن. ئەوەتا تەنانەت لەو ساتەشدا کە سەرۆک بۆش و سەرۆک وەزیرانی عێراق باس لە بەهێزترین نەخشەی پاراستنی پایتەختەتی عێراق دەکەن، ئەوان دەتوانن درێژە بە چالاکیەکانیان بدەن و ستراتیژیەتەکانیان پیادە بکەن.

ئێمە نابێت پێمانوابێت ئەو تیکنیکانەی کە تێرۆریسمی بەشێک لە نێۆ-فۆندامۆنتالیسمی ئیسلامیی ئەمڕۆ بەکاریان دەهێنن تایبەتن بەوانەوەو ئەوان دروستکارو بەرهەمهێنەری و داهێنەریانبن. بەپێچەوانەوە،تیرۆریستەکان لەهەموو جیهاندا، لەپێناوی بەدیهێنانی ستراتیژیەتی فەوزادا، ئەو جۆرە تیکنیکانە بەکاردەهێنن. بۆنموونە، لە ١٥ ئوتی ١٩٧٤ دا، گرووپی نێۆ-فاشیستی ئیتالی بۆمبێک لە نێو شەمەنەفەرێکدا دەتەقێنێتەوەو دەرەنجام ١٢ کوژراوو ٤٨ برینداری لێدەکەوێتەوە.هەروەها گرووپێکی دیکەی راستڕەوی ئیتالی، لە ساڵی ١٩٨٠ دا بۆمبێکی دی لە شەمەنەفەرێکدا دەتەقێنەوەو دەرەنجام ٨٤ کەس دەکوژن و ٢٠٠ کەس بریندار دەکەن، چەپی ئیتالیش لە ١٩٧٠ تا ١٩٨٥ دەیان ئۆپێراسیۆنی لەم چەشنەی ئەنجامداوە. هەروەها لە ئەڵمانیاو لە شاری میونخ، گرووپێکی تووندڕەوی راستڕەوەکان، لە ١٢ سێپتەمبەری ١٩٨٠داو لەگەرمی جەژنی بیرەدا، بۆمبێک لە ناوەراستی جەماوەردا دەتەقێننەوەو ١٣ کەس دەکوژن و ٢١٥ کەسیش بریندار دەکەن. لە بەلجیکاش گرووپێکی تونڕەوی بەرەی ڕاستڕەوی بەلجیکی، لەنێوان

ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٨٥ بە شێوەیەکی کوێرانە تەقە لە جەماوەر دەکات و چەندین کەسی دەکوژێت وبریندار دەکات.

ئامانجی سەرەکی ئەم هەموو ئەم تێرۆریستانە لە کۆی ئەم چالاکیانە بریتیە لە بیناکردنی فەوزا لەژیانی هەموو ڕۆژێکی هاوڵاتیاندا. بەڵام ئەوەی ئیتالیا و ئەڵمانیا و بەلجیکا لە عێراق جیادەکاتەوە وەڵامی بابەتیانەی ئەم وڵاتانەیە بە تیرۆریسم. لەکاتێکدا هەریەکێک لەم وڵاتانە وەڵامەکانی لەسەر بنەما زانستیەکان بە تێرۆریسم دادەڕێژێت، عێراقی پۆست سەدام حوسەین تەواو لەهەموو مێتۆدە زانستیەکان و تەواو نزیک لە عەقڵیەتی ترادیسیۆنێل و خێڵ و سروشت وەڵامەکانی بە تێرۆریسم دەداتەوە. بۆیە تائێستا بەقەدەر سەرکەوتنی هەریەکێک لەم وڵاتانە لە بەرامبەر تێرۆریسمدا، عێراق شکست دەهێنێت و ئامادەشنیە دان بەو شکستانەدا بنێت.

## ٦. تێرۆریسم وەک ستراتیژیەتی ماندووکردن

لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی، ئێمە تێبینی جۆرێکی دیکە لە کارکردنی تێرۆریستەکان دەکەین کە دەکرێت ناوی بنێین **ستراتیژیەتی ماندووکردن**. ئەو گرووپانە جەستەی خۆیان بە نێو داهاتوودا درێژدەکەنەوەو بە درێژایی دەرکەوتن وخۆشاردنەوەکانیان و لە ڕێگای چالاکیە یەک لە دوایەکەکانیانەوە، دەیانەوێت پرزە لە حکومەت بېرن و شەکەت و ماندووی بکەن.

تەواو بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژنامەنووس و سیاسیانەی پێیانوایە تێرۆریستەکان کۆمەڵێک کەسی ناهۆشیارو تێنەگەشتوون و نازانن یاریەکە بەرێوە بەرن، ئێمە پێمان وایە ئەوان (تێرۆریستەکان) تەواو وشیارن بە مەوقیعەکانی خۆیان و ئەوانیدیکەش لە نێو یاریەکەداو لەو وشیاریەوە چالاکیەکانیان ڕێکدەخەن و بەرهەمیان دەهێنن. باشترین نموونە کارکردنیانە لەسەر ئەم ستراتیژیەتە. ئەوان وشیارن بە دوو شت:

یەکەم؛ بەوەی کە خۆیان بەراورد بکەن بە سوپاکانی دەوڵەت. وشیارن بەوەی کە ئەوان گرووپی بچووکن و نە لەسەر ئاستی چەندایەتی و نەلەسەر ئاستی چۆنایەتی بەراورد ناکرێن بە سوپای دەوڵەت کە زیاتر هێزێکی سەربازی ڕێکخراوی پڕ چەککراوی ئامادەباشە و هەموو چرکەیەک لەسەر پێیە بۆ قەڵاچۆکردنی فیزیکی ئەو گرووپانە. بۆ نموونە، گەر سبەینێ، ئەنساری ئیسلام، یان سوپای موحەمەد، یان سووپای ئیسلامی بڕیاری ئەوەبدات کە بەرەیەک دژی دەوڵەت بکاتەوەو جەنگی ڕووبەڕوو ڕابگەیەنێت، لە سبەینێیەکی نزیکدا بە مووشەکەکانی تۆماهۆک کۆتایان پێدێت و وەک بەفر هەرەس دێنن. بەڵام ئایا هیچ یەکێک لەو گرووپانە هێندە ناوشیارە بۆ ئەوەی بڕیارێکی ناعەقڵانی لەو شێوەیە بدات ؟ ئەنساری ئیسلام، تا ئەو کاتەوی کە سوپایەکی ڕێکخراوی دەوڵەتی لە عێراقی کوردەکاندا نەبوو، تا ئەوکاتەی تەنهاو تەنها خۆی لەبەرامبەر هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستاندا دەبینیەوە، بەرەیەکی جەنگی هەبوو. ئەو دەیزانی ئەمە جەنگی گرووپێکە لەگەڵ گرووپێکی دیکەدا. ئەو تەواو وشیاربوو بەوەی کە پارتی و یەکێتی نەک هەر نەیانتوانیوە سوپایەکی یەکگرتووی ناسیۆنالی کوردی دروستبکەن، بەڵکو شارو

شارۆچکەو گووندەکانیشیان دابەشکردووەو هەریەکەیان خەون بە شکستی ئەویتریانەوە دەبینێت. ئەنساری ئیسلام ئەو کەسانەبوون کە تەواو وشیاربوون بەوەی لە دەرورویەریان دەگوزەرێت، بۆیە پڕیاری کردنەوەی بەرەیاندا، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە تەنها بۆنی ئەوەدەکەن بارودۆخەکە بەرەو گۆڕان دەڕوات و هاوکێشەکان لنگاوقوچ دەبنەوە، بەخێراییەکی وشیارانە بەرەکانیان داخست و خۆیان لەژێر زەویدا ونکردو بوون بەو تارماییانەی کە لە هیچ شوێنێک نین و لەهەموو شوێنێکیشن.

دووەم؛ لێرەوە، ئەنسار، وەک گرووپە تێرۆریستەکانی دیکە، ڕێگایەکی دیکە دەگرنە بەر، ڕێگای چالاکیکردن بە مەبەستی ماندووکردن و پرزە لێران و کورتکردنەوەی هەناسەی دەوڵەت و حکومەت و دەزگاکانی. تێرۆریستەکان، هەر لە بەسرەوە تا سلێمانی، دەزانن حکومەت هەرچی بکات ناتوانێت وەک ئەوان توندوتیژو دڵڕەق زەبروزەنگاوی بێت. بۆنموونە حکومەت ناتوانێت لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان تیرۆریستێک بە چەقۆیەکی کول سەربڕێت. لەم سەرشارەوە، ئومێدی ئەوەدەکەن کە ڕۆژێک حکومەت ئەوەندە ماندووبکەن تا چۆک دابدات و ئاشبەتاڵی لێبکات وئاڵای سپی هەڵبکات.

بەڵام لێرەدا تێبینیەکی گرنگ هەیە کە ڕەنگە عێراقی دوای سەدام حوسەین جیابکاتەوە لە نموونەکانی دیکەی جیهان. ئەو چینە سیاسیەی کە لە پاش ۲۰۰۳ وە حوکمی عێراق دەکات، ململانێ و جەنگ دژی تێرۆریسم وەک جەنگی سەروماڵ و ژیان و مردن تەماشادەکات و ئامادەیە هەموو شتە بەنرخەکانی خۆی لە پێناوی سەرکەوتندا ببەخشێت. ئەم چینە سیاسیە، دوای دەیان ساڵ لە دەربەدەری و غوربەت و مەنفا و ئیهانەپێکردن ئامادەنیە جارێکیتر ڕێگای هەندەران بگرێتەوەبەر و مەیدانەکە چۆڵبکات. کاتێک تیرۆریستان ئایەتوڵا موحەمەد باقر حەکیم تێرۆردەکەن، عەزیمەتی عەبدولعەزیز حەکیم و ئەنجومەنی باڵا بەهێزتردەبێت بۆ تێهەڵچوون لە جەنگی تێرۆریستان. ئەم هاوکێشەیە بۆ هەموو حاڵەتەکانی دیکەش دروستەو هەروایە.  گەر گرووپە تێرۆریستیەکان، لەهەر کوێیەکی دونیادا ئومێدی ئەوەبکەن کە لە ڕێگای جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی ماندوکردنەوە حکومەتێک بخەنە سەر ئەژنوو، دەبێت لەعێراقدا ئەو ئومێدەیان کەمتربێت. گەر لەهەرجێگایەکی دونیادا شانسی ئەوەیان هەبێت لەو ڕێگایەوە یاریەکە ببەنەوە، ئەوا لە عێراقی پۆست سەدام حوسەیندا شانسیان لە پلەیەکی زۆر نزمدایە.

گەر تێرۆریستەکانی ئەمڕۆی عێراق، لە ڕێگای چالاکیەکانیانەوە، تەنها ئامانجیان ئەوەبوایە کە زیانبگەیەنن بە ستراکتۆرە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازیەکان، بەبێ ئەوەی ئامانجیان دەستکاری کردنی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی و ڕژێمی سیاسی و چینە دەسەڵاتدارەکە بێت، لە حاڵەتێکی ئاوادا دەکرا بیر لەوەبکەینەوە کە حکومەتەکی عەلاوی، جەعفەری، مالیکی و ئەوانەی داهاتووش، ئامادەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو زیانانە بەراوردبکات بە وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤی داواکاری تێرۆریستەکان. واتە لە هەلومەرجێکی ئاوادا، رەنگە حکومەت بتوانێت ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان دەرببڕێت، بەڵام ئەوەی لە ئێستای عێراقدا ڕوودەدات شتێکی دیکەیە، ئەوەی تێرۆریستەکان دەیانەوێت سەری پڕاوی تاڵەبانی ومالیکی وحەکیم وعەلاوی و بارزانی و سەرەکانی دیکەیە. بۆیە شانسی کۆبوونەوەش لەدەوری مێزی دانووستان لە ئێستادا زیاتر لە سفرەوە نزیکە، بەتاییەتی لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە سەرەتای سەرکەوتن لەو سەرە پراوانەدا دەبیننەوە.

# بەشی پێنجەم
# ناوچە عاتیفیەکانی تێرۆریسم

لە چرکەی کارکردن لە سەر جەستەی تێرۆریسم لە نێو موختەبەرە سۆسیۆلۆژیەکاندا، ئێمە ڕێمان دەکەوێت لە ڕەهەندێک کە زۆر گرنگەو ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بەرهەم هێنانی تێرۆریسم و چالاکیە کانیدا. ئەو ڕەهەندەش ئێمە سیفەتی عاتیفی دەخەینە پاڵ.

ڕاستە تێرۆریسم لەسەر سیستمێکی تایبەت لە ڕاسیۆنالیتێ وعەقڵانیەت کاردەکات و ستراتیژیەتەکانی لەسەر ئەو سیستەمە دادەمەزرێت، بەڵام ئێمە لە چرکەی توێژینەوەو فەحسکردنی چەندین حاڵەتدا ڕێماندەکەوێتە چەند ناوچەیەکی ناعەقڵانی و عاتیفی لە ڕۆحی تێرۆریستەکاندا. ئێمە وەک توێژەر، بۆ فەحسکردنی ئەو ناوچە ناعەقڵانی و عاتیفیانە دوو ئیشکالیەت « problématiques » لەیەکتری جیادەکەینەوە.:

**یەکەم: تێرۆریسم وەک شەریکەیەکی ڕاسیۆنێل-عەقڵانی.**

**دووەم: کردە خۆکوژیەکان.**

زۆرن ئەو تووێژەرانەی کە پێیانوایە ڕەهەندی عاتیفی و ناعەقڵانی زیاتر لە ئیشکالیەتی دووەمدا دەدۆزینەوەو ئیشکالیەتی یەکەم زیاتر لەسەر ڕاسیۆنالیەت و سیستمێکی دامەزراو لەسەر پێوەرەکانی ماتماتیک خۆی بینادەکات. بەڵام ئێمە بەپچەوانەی ئەو نووسەرو توێژەرە فەرەنسیانەوە* پێمانوایە لە نێو هەردوو ئیشکالیەتەکەدا ئەو ناوچانە دەدۆزینەوە. بێگوومان بەسنوورو جوگرافیای جیاوە. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەوەندەی بۆمان بکرێت کلیک لەسەر ئەو ناوچانە لای هەردوو ئیشکالیەتەکە بکەین.

سەرەتا باپرسین ئەو ناوچە عاتیفیە چۆن لە ڕۆحی تێرۆریستێکدا بینادەکرێت ؟

ئێمە لە زانکۆی سۆربۆن بە گشتی و لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە پاریس بەتایبەتی*، خاوەنی موختەبەرێکی سوسیۆلۆژین بەناوی « La sociologie d'intervention » کە لەلایەن ئالان تورێنەوە دامەزراوەو ئێستاش میشێل ڤیڤیۆرکا دەیبات بەڕێوە. پرۆفێسۆر فەرهاد کۆسرەوکەڤار، کە ئەندامی ئەم موختەبەرەیە، لەم چەند ساڵانەی ڕابوردودا، لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٦، سەدان چاوپێکەوتنی سۆسیۆلۆژیانەی لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا،

---

*ئەگەر بە ڕێکەوت خوێنەر زمانی فەرەنسی زانی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسەرانە لە کتێبی « Le terrorisme » دا بەشداریانکردووەو ئەفکارەکانیان لەوێدا بە چەند مەقالەیەک نووسیوە. ناوی ئەو کتێبە و سەرپەرشتیارەکەی لە کۆتایی ئەم کتێبەوە نووسراوەو دۆزینەوەی ئاسانە.

لە نێو زیندانەکان و لە دەرەوەی زیندانەکاندا، ئەنجامداوەو پاشان بەپێی مێتۆدە سۆسیۆلۆژیەکانی ئەو موختەبەرە تەحلیلیکردوون و لە دوو کتێبی نایابدا چۆنیەتی کارکردن وتەحلیل و دەرەنجامەکانی بڵاو کردوەتەوە. کتێبەکانیش بەم ناونیشانانەن: ئیسلام لە زیندانەکاندا[xxiv]. کاتێک ئەلقاعیدە قسەدەکات[xxv].

پرۆفێسۆر فەرهاد کۆسرەوکەڤار،لەو دووکتێبەدا دەیەوێت کلیک لەسەر ڕەگەزێک بکات کە لە ژیانی هەر تێرۆریستێکی ئیسلامی سیاسیدا دەسەلاتی بیناکردنی ئەو شتەی هەیە کە من ناوی لێدەنێم ناوچە عاتیفی لە ڕۆحی تێرۆریستدا. ئەو رەگەزەش بریتیە لە (Humiliation -زەلیلی). ئەو پێوایە زەلیلی/زەلیلکردن/زەلیلاندن/زەلیلبوون ئەو دەرگا گەورەیەیە کە هەمیشە لەسەر پشتە بۆ ئەوەی لێیەوە هەڵگرانی شووناکی ئیسلامی سیاسی پڕۆنە نێو شەریکە جۆراوجۆرەکانی تێرۆریسمەوە. ئەم ڕەگەزە ئەو پردەیە کە ئەندامێکی ئیسلامی سیاسی تەنانەت موسوڵمانێکی سادەش بەسەریدا دەڕوات تا دەگاتە ئەوبەر، ئەوبەرێک کە جگە لە تێرۆریستەکان کەسی دیکە چاوەڕێی ناکات. من پێموایە، وەک لەکاتی سیمینارەکانی پرۆفێسۆر کوسرەوکەڤاردا عەرزمکرد، زەلیلکردن تەنها هۆکارێک نیە لە هۆکارەکانی دیکە، بەڵکو هۆکارێکی بیناکاری ناوچە عاتیفیەکەی ڕۆحی تێرۆریستەکانە. کاتێک ئێمە تەحلیلی گووتارەکانی عەبدوڵا عەزام و بن لادن وسەید قوتب و هتد دەکەین زۆر بەڕوونی تێبینی ئەو دەسەڵاتی بیناکردنە دەکەین.

ئێمە پێمانوایە سەرەتای ئەو بیناکردنەش لەو چرکانەوە دەستپێدەکات کە (تاکی پێشنیارکراو) لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی زەلیلکردنەوە هەستبەوەدەکات کە ئیتر ئەو (خاوەن)ی (خۆی) نیە و ئەو (سنوور)رانەی کە دەبێت (سەروەری) ئەوەی تیادا پارێزراوبێت لە هەموو ئان وساتێکدا پێشێل و هەتک دەکرێن. کۆمەڵگەی عێراقی، ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێت بە ماکینەی بەرهەمهێنانی تێرۆریست، چوونکە لەهەموو کاتێک زیاترو لەهەموو شوێنێک باشتر فیعلی (زەلیلی) تیادا ئیعراب دەکرێت. لەسەر بنەمای تیپۆلۆژی دەکرێت ئێمە لێرەدا قسە لە تیپێکی تایبەت لە زەلیلکردن بکەین کە جگە لە ڕەهەندە جیهانیەکەی دوو ڕەهەندی دیکەشی تێکەڵبووە. ڕەهەندی ئیسلامی و لە نێو ئیسلامیەکەشدا ڕەهەندی سوونی. واتە هەر بەشەرێک لە هەرجێگایەکی جیهاندا گەر ڕووبەڕووی ئەو جۆرە لە زەلیلبوون ببێتەوە، ئیتربەجۆرێک لە جۆرەکان ناوچەیەکی عاتیفی لە ڕۆحیدا دروستدەبێت، خۆ ئەگەر ئەو دوو ڕەهەندەشی بچێتە سەر، ئیتر ئەو ناوچەیە هەموو شانسێکی خۆفراوانکردنی لەبەردەمدا دەکرێتەوە. با ئێستا پێکەوە ڕوداوێک لەو سەدان هەواڵانەی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی عێراقی پۆست سەدام حوسەین وەربگرین وبەوردی لێی ڕابمێنین تا تێبگەین لەوەی تا چ ئاستێک واقیعی ئێستای ئەم وڵاتە کار لەسەر بیناکردنی ناوچەی عاتیفی لە ڕۆحی ئەو عێراقیانەدا دەکات کە لەسەر ڕێگای تێرۆریسم کۆڵە پشتەکانیان پێچاوەتەوە. دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم هەواڵە لە سایتی ڕەسمی (حیزبی ئیسلامی عێراقی)ەوە وەردەگرم[xxvi] وبەبێ دەستکاریکردن تۆماریدەکەم و پاشان بەهەناسەیەکی سۆسیۆلۆژیای تەحلیلیەوە دەگەڕێمەوە سەری:

## عبير شرف العراق المغتَصب

عندما اقتحمت قوات من الحرس الوطني المنزل المحترق لـ ( قاسم حمزة رشيد الجنابي) وعثروا على أربعة جثث تعود لأصحاب البيت اخبروا الناس المتجمعين في المنطقة أن مسلحين إرهابيين هاجموا المنزل وقتلوا أصحابة في محاولة لإضاعة اثار الجريمة التي حاول المحتل ومعه قوات الحرس المتجمعة في المنطقة إضاعة آثارها وهو الأمر الذي يأبى الله ألا أن يكشفه ، وكانت القصة كالتالي:

تتكون عائلة قاسم حمزة الجنابي من الأب الذي يعمل حارساً في مخزن البطاطا الحكومية وزوجته فخرية طه وأبنائه الأربعة (عبير ١٦ عاما ، هديل ٧ أعوام ، واحمد ١٠ أعوام ، ومحمد ٨ أعوام ) في دار صغيرة في قرية ريفية يربون فيها مجموعة من الأبقار التي يعتاشون منها في مدينة المحمودية جنوب بغداد.

وفي احد الأيام اشتكت الشهيدة الطاهرة عبير قاسم لوالدتها من مضايقات خنازير الاحتلال في النقطة الواقعة بالقرب من دارهم فما كان من ألام إلا أن تخبر زوجها الذي رأى ان تبيت عبير عند جيرانهم كإجراء احترازي وهو ما تم بالفعل حيث يقول جارهم: 'أنا شخصيًا لم أندهش أن أم عبير جاءتني في يوم ٩/٣/٢٠٠٦ وطلبت مني أن تبيت عبير مع بناتي لأنها تخشى من نظرات جنود الاحتلال لها عندما تخرج على الأبقار لإطعامها فوافقت على ذلك حيث كانت توجد نقطة سيطرة للاحتلال تبعد مسافة ١٥ مترًا عن منزل قاسم رحمه الله تعالى، إلا أنني و بصراحة استبعدت الأمر لأن عبير عمرها بالكاد يبلغ ستة عشر عامًا وهي صغيرة جدًا فوافقت على طلبها وباتت عندي ليلة واحدة وفي الصباح رجعت إلى منزلها. وفي ذلك اليوم كان الخنازير قد اعدوا عدتهم ولم يبق إلا التنفيذ وهو ما شرعوا فيه منتصف النهار حين كان الأولاد في المدرسة فقيدوا إلام والأب والبنت الصغرى وأعدموهم على الفور واقتادوا الشهيدة الطاهرة إلى غرفة مجاورة ومارسوا فعلتهم الدنيئة ومن ثم ضربوها بآلة حادة وقتلوها وأشعلوا النار في البيت وخرجوا، وعندما حاول اهالى المنطقة استطلاع الأمر اخبرهم (بحسب الواشنطن بوست) الحرس الوطني ان الإرهابيين قتلوا عائلة شيعية واحرقوا الدار عليهم ولكن السكان اعرف بعائلة قاسم حمزة الجنابي الذي يعيش وعشيرته السنية في هذه المنطقة منذ زمن بعيد.

يقول خال الشهيدة الطاهرة عبير : إن جنودا عراقيين حاولوا إقناعه لحظة وصوله إلى منزل العائلة بأن الجريمة ارتكبت من قبل جماعات مسلحة" إرهابية". و أضاف أنه أدرك لحظة

مشاهدته للضحية أنها قد اغتصبت بعد قتلها بعدها قام خنازير الاحتلال بنقل الجثث الأربع إلى القاعدة الأمريكية، ثم قاموا بتسليمها في اليوم التالي إلى مستشفى المحمودية الحكومي وأخبروا إدارة المستشفى أن إرهابيين قتلوا العائلة، واستلم الأقارب جثامين الشهداء الأربعة وتم دفنهم رحمهم الله جميعا .

وحاول اهالي المنطقة إيصال خبر الجريمة إلى وسائل الإعلام التي رفضت نشرها وتحججت بأعذار كاذبة . يقول احد جيران الشهيدة الطاهرة : قررنا الذهاب إلى قناة العربية لاطلاعها على الخبر كونها قناة متنفذة في العراق، فلم تعيرنا قناة العربية اهتمامًا وكذبتنا، وقالت: إن سياستها تعتمد على البيانات الرسمية الصادرة من الجيش الأمريكي ولا يمكنها أن تخوض في قصة لا طاقة لها بها، وهذا قيل لنا على لسان مراسل العربية 'أحمد الصالح'، فتوجهنا إلى صحف محلية فأقفلوا الأبواب في وجوهنا لأننا سنة والضحية المغتصبة سنية لم تكشف وسائل الإعلام العراقية والعربية عن أبعاد الجريمة وقام بالدور الإعلام الأجنبي.

تقول (الاسوشيتيد برس) ان الجنود بعد تنفيذ العملية أتلفوا كل دليل بإحراق المنزل والتخلص من أداة الجريمة وإتلاف الملابس الملطخة بالدماء وعادوا إلى قاعدتهم

ومرت ثلاثة أشهر على الحادث الذي لم يقنع احد من المنطقة بالرواية الصادرة من المحتل ، وتبلورت قناعة جازمة بأن عبير قد اغتصبت ولكن وسائل الإعلام ( العراقية بالأساس) ترفض الرواية وتلقي المسؤولية على عاتق الإرهاب !!

ومرت الايام و نسي الخبر وكأنه حادث اعتيادي أو أنه وقع في دولة أجنبية ! ولم يهتم احدا من المسؤولين لهذه الفاجعة . لكن شاء الله ان يفضح فاعليها ففي قاعدتهم الامريكية تشاجر افراد هذه القوة وبدأ كل جندي منهم يعير صاحبه بأفعاله البشعة- و التي كانوا بالأمس يعتبرونها مجدا للكابوي الامريكي يسردون ادق تفاصيلها بكافة ظروفه الزمانية والمكانية- ففضح احد الجنود هذا المسخ وانتشر الخبر في القاعد

و لو انتهى الخبر للميجور او الكابتن فلن يعاقبوا ولكن الخبر تسرب إلى صحيفة الواشنطن بوست فتظاهروا باهتمامهم بالأمر وبدأت التحقيقات ، فالفضيحة عندما تعم تهدد بدك كراسي ومناصب ، لذا و من اجل الحفاظ على سمعة امريكا البشعة جرى التحقيق ولا شي سوى التحقيق و كالعادة تظاهروا بأن الأمر يلقى استهجان جميع المسؤولين وتناسوا ان

**هذه هي التربية التي يتلقونها في خدمتهم العسكرية وهؤلاء الخنازير هم الذين سيحملون الحرية والديموقراطية للعالم.**

بێگوومان ئەو زمانەی ئەم هەواڵەی پێداڕێژراوە زمانی گرووپێکی تێرۆریستی عێراقی نیە کە بڕیاری جەنگی سەروماڵی لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکادا دابێت، بەڵکو زمانی حیزبی ئیسلامیە کە سەرۆکەکەی جێگری سەرۆکی جمهوریەتی عێراقە و لە حکومەتەکەی مالیکیشدا وەزیرو جێگری وەزیرو سەفیرو بەڕێوبەری گشتی هەیە. بەکورتی ئەمە زمانی بەشێکە لە خودی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە حوکمی عێراق دەکات. واتە ئێمە نەهاتووین ئەو دیمەنانە بخەینە سەر شانۆ کە لە لایەن گرووپە تێرۆریستەکانەوە نووسراون، بەڵکو ئەمانە ئەو دیمەنانەن کە بەشێک لە دەسەڵات دەیخاتە بەردەست عێراقیەکان و جیهان.

مرۆڤی عێراقی لەکاتێکدا ئەم هەواڵە دەخوێنێتەوە یەکەم شت بەرهەستی دەکەوێت شەپۆلێکی توندی زەلیلبونێکی هێندە قوڵە تا ڕادەی بیرکردنەوە لەوەی کە ئەو خاوەنی خۆی نیە وئەویترێک (ئەمەریکی-حیزبی ئیسلامی ناوی دەنێت بەراز) هەر چرکەیەک ویستی وەک (شتێک لە شتەکان) دەستکاری دەکات و بەکاری دەهێنێت و پاشان فڕێی دەدات. ئەم زەلیلکردن وزەلیلبوونە راستەوخۆ ڕۆحی مرۆڤی عێراقی دەخاتە نێو پەیوەندیەکانی هەیمەنەوە « Domination ». لە نێو ئەم پەیوەندیەدا ئیتر عێراقی هەستبەوە دەکات کە ئەو کائینێکی حەڵاڵە بۆ ئەویترێک کە تەنانەت بەشێک لە دەسەڵات بە بەراز ناوی دەبات. لێرەوە، ئەم تیپە لە وێنەو هەواڵ و ڕوداو، زنجیرەیەک لە کۆنسێپتی زۆر گرنگی کۆمەڵگەی عێراقی وەک هەڕەشەلێکراوێک دەخەنە بەردەست عێراقیەکان وەک تاک و وەک گرووپ. بۆنموونە کۆنسێپتی شەرەف و ڕێز و بێگانە و هتد.

هەروەها لەنێو ئەم دیمەنەدا مرۆڤی عێراقی تێبینی زەلیلبوون لەسەر ئاستی فیزیکیش دەکات. ئەمەریکیەکان (بەرازەکانی حیزبی ئیسلامی)، دوای ئەوەی کچە شانزە ساڵەکە هەتکدەکەن، دێن ولاشەکەشی دەسوتێنن. (بێگوومان ئێمە نازانین ئەم هەواڵە تا چەند ڕاستە یان هەڵە، ئەوە کاری ئێمەش نیە بەدوای راست وهەڵەی ئەم هەواڵەدا بگەڕێین. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، دۆزینەوەی قودرەتی بیناکردنی ئەم وێنانەیە، جائیتر راستبن یان درۆ). لەو ساتەدا ئیتر عێراقی، بەتایبەتی عێراقی سووننی، لەسەر ئاستی عاتیفی، هەستکردنی بە زەلیلبوون دەگاتە لوتکە. بێگوومان ئەگەر هەموو ئەندامانی عەشیرەتەکەی ئەم بنەماڵەیە ببن بە تێرۆریست، ئێمە وەک توێژەرێکی سۆسیۆلۆژی لێیان تێدەگەین ودەتوانین برینە خوێناویەکانیان ببینین. واتە ئەم کردەیە ئەو زۆن وناوچانە لە ڕۆحی عەشرەتێکدا بریندارەدەکات کە چارەسەرکردنی لە نێو کۆمەڵگەیەکی ترادیسیۆنێلی عێراقیدا وەک موستەحیل وابێت.

گرنگیەکی دیکەی ئەم تیپە لە ڕوداوو هەواڵ بریتیە لەوەی کە زۆر بەتواناوە لە سنورەکانی تاک وخێزان و عەشرەتێک دەردەچێت و لەسەر ئاستی عێراق و تەنانەت جیهانیش وەک بوونیەیەکی بیناکار بوونیە عاتیفیەکان لای موسوڵمانەکان بنیادەکات و جۆرێک لە ئامادەباشی ڕۆحیان بۆ نزیکبوونەوە لە گرووپە تێرۆریستەکان بۆ دروستدەکات. لێرەدا هەستکردن بە ئیهانە و زەلیلبوون لە زەلیلکراوەکان قەرزدەکرێت بۆ ئەوەی وێنەی خودێکی دیکەی زەلیلکراوی لێدروستبکرێت.

فەرەنسیەکی بە ڕەچەڵەک عەرەب یان بەریتانیەکی بە ڕەچەڵەک پاکستانی دەکرێت زەلیلکردنی ئەم خانەوادە عێراقیە قەرزبکات بۆ ئەوەی زۆنە عاتیفیەکەی نێو ڕۆحی خۆی پێدروستبکات و تا سەر ئێسقان هەستکردن بە ئیهانە وریسواکردن دایبگرێت بەڕادەیەک کە ئامادەبێت لە کردەیەکی تێرۆریستیدا خۆی بکات بە قوربانیی. لەم حاڵەتەدا تێرۆریسم دەکرێت وەک بیناکردنێکی عاتیفی تەماشابکرێت، بیناکردنێک کە ژیانی ئەویترێک (خێزانە عێراقیەکە) قەرزدەکات و خودێکی دیکەی (فەرەنسیەکی عەرەب، ئینگلیزێکی پاکستانی، عێراقیەکی کورد) لێدروستدەکات، خودێک کە خۆی فڕێدەداتە نێو هەموو مەدلولەکانی ئەوەوەو تەواو دەبێت بە (ئەوی) قوربانیی. لێرەدا، ئەم کەسە دێت و وێنەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە و کۆنتێکستێکی دیکە و حاڵەتێکی دیکە دێنێت و ئیسقاتی دەکات بەسەر کۆمەڵگەو کۆنتێکست و حاڵەتێکی تەواو جیاوازی دیکەدا. هەرچەندە ئەم کردەی خۆبیناکردن بە قەرزە بە نێو ئاڵۆزیەکی چڕدا تێدەپەڕێت، بەڵام لە چاخی گلۆبالیزاسیۆن و شۆڕشی میدیاو سەردەمی کەناڵە ئاسمانیەکان و تۆڕەکانی ئەنتەرنێتدا شانسی زیاترو زۆرتری بردنەوەی گروەکانی دەخاتە بەردەست. بەشێکی زۆری ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە کە لەلایەن پرۆفیسۆر کوسرەوکەڤارەوە گوفتوگۆیان *لەگەڵدا کراوە، بەشێوەیەکی بەرچاو کلیک لەسەر ئەم ناوچە عاتیفیانە دەکەن و ئەندازەیەکی بەرچاوی پاساوەکانیان « Justification » لەو ناوچانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

تەنانەت بەشێکی گرنگی وتارەکانی ئوسامە بن لادنیش لەم چوارچێوەیە دەرناچن، باپێکەوە بگەڕێینەوە بۆ کتێبی (ئیسلام وخۆرئاوا: بەریەککەوتن، تێکەڵبوون، یەکتربیناکردن. عادل باخەوان، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦) بۆ وەرگرتنی بەشێک لە وتارێکی بن لادن:

> **"زیاتر لە حەوت ساڵە ئەمەریکیەکان، نیوە دورگەی عەرەبیان، کە پیرۆزترین خاکی ئیسلامە داگیرکردوە. ئەمەریکیەکان سامانمان دەدزن و خواستی خۆیان فەرزدەکەن بەسەر دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەدا و موسوڵمانان بێ حورمەتدەکەن و هەرەشە لە وڵاتانی دراوسێ دەکەن و بنکەکانیان لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا، بۆلێدانی موسوڵمانان بەکاردەهێنن... ئێمە دەزانین کە لە پشت ئەو جەنگەوە، ئەمەریکا ئامانجی ئاینی و ئابوری هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی جولەکەشە"**

ڕاستە چەند بوونیەیەک « La structure » لە پیشت ئەم گووتارەوە کاردەکەن، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەوەیان کە زیاتر بەر هەستدەکەوێت بوونیە عاتیفیەکەیە کە لەسەر بنەمای زەلیلکردن و هەیمەنە وریسواکردن بیناکراوە. هەروەها ڕۆڵی بیناکردنی ناوچە عاتیفیەکان لە ڕۆحی تێرۆریستەکاندا لەلایەن ئەم گوتارەوە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت. بن لادن، لەڕێگای گێرانەوەو دروستکردنەوەی واقیعەوە (داگیرکردنی نیوە دورگەی عەرەبی، دزینی سامان، بێحورمەتکردن، هتد) دەیەوێت ئەو ڕوبەرە عاتیفیە لە ڕۆحی کاندیداکانیدا دروستبکات بۆ ئەوەی هەمیشە لەسەرپێبن بۆ مردن.

بێگوومان ئەم کردەی بیناکردنە تایبەتمەندیەتێکی تێرۆریسمی ئیسلامی نیە و بەتەنها لە گەردوونەکانی ئەواندا نادۆزرێنەوە. بەپێچەوانەوە، لای بەشێکی زۆری ڕێکخراوو گرووپ و حیزبە نادینیەکانی دونیاشدا هەمان کردە خۆی مانیفێست دەکات و بەر هەستی توێژەران دەکەوێت. نزیکترین نموونە لە ئێمەوە خۆسووتاندنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردوستانی تورکیایە. ئەو ئەندامەی کە ئامادەیە ئاگر لەخۆی بەربدات وخۆی بسوتێنێت و بەدەستی خۆی ژیانی خۆی ببەخشێت بەویترێک، حەتمەن بەم کردەی بیناکردنەدا تێپەڕیوە، مەبەستمان بیناکردنی ناوچەی عاتیفیە لە ڕۆحی ئەو ئەندامەدا.

پێش بڕیاری خۆسوتان و خۆبەخشین بە سەرۆک، لە نێو ڕۆحی ئەو ئەندامەی P.K.K دا مێژووی نەتەوەی کورد وەک گەورەترین قوربانیی سەرزەوی و مێژووی تورکیا وەک وەحشیترین ئاژەڵی نێو غاباتەکان و وێنەی سەرۆکیش وەک قارەمانترین ئازادیخوازی هەموو زەمان و مەکانێک زۆنێکی گڕگرتوو پێکدەهێنن. زۆنێک کە تیایدا مردنی خاوەنەکەی دەبێت بە جوانترین بەها. بەهایەک کە لە ساتی فڕاندنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردوستاندا هەتککرا، لەو مردنەدا بینادەکرێتەوە. لێرەوە مێژوو بۆ ئەندامانی ئەو پارتە دەبێتە نیشتمانی ئەو یادەوەریانەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام دێن و ئێستا و ئێرەکانیان، کە لە بازنەکانی زەلیلبوونێکی فراواندا ڕێگایان لێ ونبووە، لەسەر بنەمایەکی عاتیفی بۆ بینادەکەنەوە.

ئێمە پێمانوایە لەهەردوو دۆخەکەدا، ئەندامانی ئەلقاعیدە و ئەندامانی PKK، بە فەزڵی ئەم ناوچە عاتیفیەوە دەتوانن بازبدەن بەسەر ئەو فێنۆمێنەی کە پێیدەگوترێت ترس لە مردن. لە ساتی فەحسکردنە سۆسیۆلۆژیەکانی ئەو کامیکازانەدا ئێمە هەستبەوەدەکەین کە ئەوان بە لەزەتەوە بەرەو پیری مەرگ دەڕۆن، بێگوومان هۆکاری دیکەش دەستی هەیە لە دروستکردنی ئەم لەزەتەدا، بەڵام لەهەموویان گرنگتر ئامادەکردنی ئەو ناوچە عاتیفیەیە لەو جۆرە ڕۆحانەدا.

لێرەوە دەکرێت ئەو تێبینیەش تۆماربکەین کە زۆرجار دەوڵەت وحکومەت و دەزگاکانی بەدەستی خۆیان و لە ڕێگای پراکتیکە نا زانستی و ناعەقڵانیەکانیانەوە تێرۆریستەکانی خۆیان دروستدەکەن و ناچاریاندەکەن بە خۆکوشتن و خەڵک کووشتنیش. دەوڵەتێک کە زانست و ڕاسیۆنالیتیێ-عەقڵانیەت بیبات بەڕێوە هەموو هەنگاوەکانی کۆنترۆڵدەکات و بە مەتر چالاکیەکانی دەپێوێت و پێشئەوەی وەڵامێک بداتەوە هەموو دەرەنجام وئەگەرەکان شیدەکاتەوەو پاشان پێدەنێتە نێو گەردونەکانی کردە-Action وە. بەپێچەوانەوە دەوڵەتە نازانستی و ناعەقڵانیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەی حسابی بۆ نەکەن ئەم پێوەرانەیەو دەرەنجامیش ژیانی ڕۆژانەیان هیچ نیە جگە لە زنجیرەیەک لە ڕوداوی چاوەڕواننەکراو. تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک جمهوریەتی عێراق، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی(الخلیج الاماراتیة،٢٠٠٦/٠٦/٢٨)دا دەڵێت:

> **" بەخوا من لێتان ناشارمەوە، من لە هەموو کەسێک زیاتر تەنگەتاوم، من مژدەم دەدا بە کەسوکارەکەم و ئەوانەش کە بەرەی تەوافوقی عێراقیان هەڵبژارد کە سبەینێ لەمڕۆ باشتر دەبێت. ئێمە باسی بارودۆخی ئاسایشمان دەکرد و**

**دەمانویست ئاسایش وجێگیری بۆ عێراقیەکان بگێڕینەوە. ئەمە ڕوی نەدا. ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدا لە دەرەوەی چاوەڕوانی هەموو ئەو چینە سیاسیەیە کە ئێستا لەدەسەلاتدابن، هەموومان سەرسامبووین و سەرمانسورماوە لە خراپبوونی دۆخی ئاسایشدا وگەشتنی بەم پلە ترسناکە. لەکاتێکدا ئێمە پێمان وابوو کە ڕاگەیاندنی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەبێتە ناردنی نامەی مژدەدەرو نامەی خەیرو دڵنیای بۆ گەلی عێراقی. ئێستا دەڵێم ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات لەدەرەوەی توانای ئێمە دایەو تەنها بە ئێمە چارەسەر ناکرێت و ئێمە پێویستمان بە هەڵوێستێکی نێو دەوڵەتی هەیە..."**

ڕامانێکی خێراو سەرپێی لەم وەڵامەی جێگری سەرۆک تێماندەگەیەنێت لەوەی کە تا چ ئاستێک لەم وڵاتەدا زانست وڕاسیۆنالیتیێ پەراوێزکراون و تا چ ئاستێک زانایان وتوێژینەوەکانیان دورخراونەتەوە لە تێگەشتن ودیاریکردنی چوارچێوەکانی پێکەوە ژیان و بەڕێوەبردن وڕێکخستنەکانی. بێگوومان ئەمە بەتەنها وێنەی عێراق نیە، بەڵکو وێنەی ڕۆژهەڵاتێکی مێژووییە کە تا ئێستاش پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات بۆ ئەوەی شتەکانی بۆ تەفسیربکات بێجگە لە زانست و عەقڵ.

ئێمە لەم بەشەدا و تا ئێستا کارمان لەسەر مانیفێستاسیۆنی ناوچە عاتیفیەکانی نێو ڕۆحی تێرۆریستان کرد . لە ئێستاوە دەگەڕێنەوە سەر تێبینەیەکەی سەرەتامان. واتە ئامادەیی ئەو ڕەگەزە لای ڕێکخراوە تێرۆریستەکان وەک ئەوەی لای ئەنداممان هەستمان پێکرد.

ئەو گرووپانەی کە ئێمە پێمانوایە تا ئاستێکی بەرزو بەرچاو ناوچە عاتیفیەکان ڕوویەرێکی فراوانی وجودیان پێکدەهێنن، ئەمانەی خوارەوەن.بێگوومان ئەو ئەو گرووپانە بەپێی تیپۆلۆژی ئێمە چەند بازنەیکی ئیدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەیەکتر جیان :

١. رێکخراوی ئەلقاعیدە. ئەم گرووپە لە پێش هەرەسی سەدام حوسەین هاتبووە عێراقی کوردەکان و لە پاش ٩ ئەڤریلی ٢٠٠٣ وە چالاکیەکانی خۆی گواستەوە بۆ عێراقی سوونەکان. ئەم گرووپە دەکرێت وەک نێو-فۆندامۆنتالیسمی بێسنوور دەستنیشانبکرێت. مناڵانی ئەم گرووپە، هەموو ئەو ئەکتەرە بێئومێدانەن کە لە پاش شکستی پرۆژە سیاسیەکەی ئیسلامیسمەوە تووشی ئیغتیراب بوون و دواتر بن لادن باوەشی بۆکردنەوە تا سەرلە نوێ رێکیانبخاتەوەو بیناکات بە تارماییەکانی مردن لە جیهاندا.

٢. سوپای ئیسلامی لە عێراق. من ئەم رێکخراوە دەخەمە نێو چوارچێوەی ئیسلامۆناسیۆنالیسم. مناڵانی ئەم گرووپە بەشێک لەو سەربازو ژەنەراڵ و بەعسی و ئەمن و ئیستیخباراتانەی سەردەمی رژێمی دیکتاتۆرن و لەپاش هەرەس سەرلەنوێ بەیعەتیاندا بە کۆمەڵێک ئیسلامیست کە باوەریان بە سنورەکانی عێراق هەیەو پێیان وایە کێڵگەی کارکردنیان عێراقە نەک جیهان.

٣. سوپای تائیفەی مەنسورە. ئەم گروپە لەسەر ئاستی ئیدیۆلۆژی دەڕواتە نێو چوارچێوەیەی نێۆ-فۆندامۆنتالێسم، بەڵام لەسەر ئاستی تەنزیم سەربەخۆیەو پەیوەندی بە ئەلقاعیدەوە نیە.

٤. سوپای موجاهیدین. ئەم گروپە تێکەڵەیەکە لە هاوپەیمانەتی نێوان ئەو عەشایەرانەی کە باوەریان بە موقاوەمە هەیە لەلایەک و ئەو مەلا سوونیانەی کە لەسەر ئاستی ئیدیۆلۆژی سەربە ئیسلامی سیاسی نین و تەنها نەزعەی جیهادکردن دژ بە (ئەمەریکای دوژمن بە ئیسلام) یان هەیە.

٥. سوپای موحەمەد. سەدام حوسەین پاش هەرەس لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەفسەرە دڵسۆزەکانیدا دروستی کرد. ئەم گروپە دەکرێت بە ئیسلامی سەدام حوسەین ناوزەدەبکرێت. بێگومان ئیسلامی سەدام حوسەین تایبەتمەندیەت و مەشخەڵی خۆی هەیە و دەکرێت لەجێگای دیکەدا باسی لێبکەین.

٦. بەرەی ئیسلامی. ئەم گروپە پێکهاووە لە کۆمەڵێک ئەفسەری دینداری سوپای پێشوی عێراق و کۆمەڵێک زانای ئیسلامی توندڕەو. دەکرێت بیخینە نێو چوارچێوەی ئیسلامۆناسیۆنالیسم.

٧. کتائب ثورة العشرین. ئەم گروپە وەک پیاوەکانی حارس زاری پێناسە دەکرێن. لە راستیدا حارس کارایی لەسەر هەموو ئەو گروپانە هەیە کە هەڵگری شووناسی ئیسلامۆناسیۆنالیسمن.

٨. ئەساری سوونە. ئیسلامی بێسنوور. نێۆ-فۆندامۆنتالیسم.

٩. ئەنساری ئیسلام. هەمان شووناسی ئەنساری سوونە. بێگومان لەنێو ئەم دوو گرووپەی دوایدا کوردو عەرەب و ناسیۆنالتێکانی دیکە تێکەڵن. ئەم دوو گرووپە لەسەر ئاستی ئیدۆلۆژی هەڵگری فیکری بن لادنن و سەر بەو ئیسلامەن کە کار لەسەر جیهاد وەک ستراتیژیەتی ئەنتەرناسیۆنال دەکات*.

بەشێکی بەرفراوانی کارە تێرۆریستەکانی ئەم گرووپانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە تێرۆریسمی عاتیفیەوە سەرچاوەدەگرێت و نزیکە و ئەو نیشانانەی کە هەڵی دەبژێرن بۆ پێکان و تێرۆرکردنیان زیاتر لە ژێر کارایی ئەو زۆنە عاتیفیانەدایە کە ستراکتۆرە ڕێکخراوەییەکانیانی لێدروستبووە. بێگوومان ئەو ڕێکخراوانە، بەلای کەمەوە بەشێکیان، خاوەنی ستراتیژیەت و میتۆدۆلۆژیای کارکردنن، بەڵام ئەمە هەمووو بەشەکانی کتێبەکانیان نیە، بەڵکو چەند بەشێکی دیکەش هەن ودەبێت بخوێنرێنەوە، یەکێک لەو بەشانە تایبەتە بە ڕەگەزە عاتیفیەکەیان کە هەندێک جار هەیمەنە دەکات بەسەر بەشەکانی دیکەی کتێبەکانیاندا.

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکێک لە کردە تێرێرۆریستیەکانی گرووپی سوپای ئەنساری سوونە/ئەنساری ئیسلام لە پایتەختی هەرێمی کوردوستانی عێراق. ئێمە کاتێک بەیانەکەی ئەو گرووپە لەسەر تەقینەوەکە دەخوێنینەوە ڕاستەوخۆ ئەو کۆنسێپتەی سەرەوەمان بەر هەست دەکەوێت. با دەقی بەیانەکە بخوێنینەوە[xxvii]:

## غەزای دووەمی هەولێر

سوپاس بۆ خوای گەورە، سەرخەری باوەڕداران و سەر شۆرکەری کافران. سڵاوی خوا لەسەر پێغەمبەرە شمشێر بەدەستەکەی تاڕۆژی قیامەت کە ڕەحمەتە بۆ هەمووان، هەروەها سڵاو لەگیانی پاکی خانەوادەو یارو یاوەرانی.

خوای گەورە دەفەرموێت: "گەرپشتیانتێکردن بیناگرن ولەهەرکوێیەک دەستان لێیانگیربوو بیناکوژن و ئەوانە نەکەن بە دۆست وپشتیوانی خۆتان" سورەتی ژنان، ئایەتی ٨٩.

هەرچەندە ستەمی تاغوتەکان زۆر بێت و هەرچەند یاخیبن وقەڵاکانیان سەخت بێت هەر دەبێت شێرەکانی ڕەحمان بیاندورێتەوە، ئەمە ئەو پەیمانەیە کە خواو پێغەمبەرەکەی پێیانداوین وئەوانیش ڕاستگۆن. ئێمە ئەمڕۆ مژدەیەکتان دەدەینێ کە باوەڕداران پێی دڵخۆش دەبن و مورەتەدو مونافیقەکانیشی پێدڵتەنگ دەبێت. یەکێک لە موجاهیدە ئیستیشهادیەکان لە پێناوی خوادا بە خۆی و ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە پەلاماری بنکەیەکی دامەزراندنی پۆلیسی لە هەولێر لە نزیک ئوتێل شیراتۆن دا. لە جێگایەدا زیاتر لە سەد کەس پاسەوانیاندەکرد و ئەم پڵنگە هەموو بازگەکانی بڕی و لە ناوەڕاستی مورتەدەکاندا خۆی و ئۆتۆمۆبیلەکەی تەقاندەوە. سوپاس بۆخوا دەرەنجامی تەقینەوەکە هەشتا لە مورتەدەکان کوژران ودەیانی دیکەش بریندارن و برینەکانیان سەختە.

<u>ئێمە لە کاتێکدا کە مژدەی بەهەشت بە برا شەهیدەکەمان دەدەین، بە توێش دەڵێین مەسعود ئەی بەهودی بە وبراسەت(مەبەست لێرەدا بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردوستان کاک مەسعود بەرزانیە) ئەم چالاکیەی کە عەرشەکەتی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین هەژاند، وەڵامێکە بۆ هەموو ئەو برایانەمان کە لە زیندانەکانتاندا بە شەو و ڕۆژ ئازار دەدرێن، هەروەها وەڵامە بۆ ئەو پێشمەرگە مورتەدانەی کە ملی خۆیان بۆ سەلیبەکان کەچکردو زاڵیانکردن بەسەر باوەڕداراندا کاتێک کە دەستیان خستە ناودەستیانەوە بۆ لێدانی کەسوکارمان لە فەللوجە و موسڵ وبەغدادو شوێنەکانی دیکە. ئەی مورتەدی بزانە ئەمە سەرەتایە و زۆرمان پێیە بۆت ولە کاتێکی نزیکدا چاوەڕێمانبە.</u>

ئێمە خوا سەرپەرشتیارمان و ئێوە سەرپەرشتیارتان نیە..کوژراوەکانی ئێمە لە بەهەشتدایە وکوژراوەکانی ئێوە لە جەهەنمدایە

گەورەیی بۆ خوا.. سەرکەوتنیش بۆ خواو پێغەبەرو ئیماندارن

**خوا سلاو بنێرێت بۆ سەر پێغەمبەرمان موحەمەد و خانەوادەو یارو یاوەرانی**

**دەستەی سەربازی سوپای ئەنساری سوننە**

**٢٥ ڕەبیعی یەکەمی ١٤٢٦**

**٤ ئازاری ٢٠٠٥**

ئەو دێرانەی کە خەتیان بەژێردا هاتووە هۆکاری سەرەکی ئەو کردە تێرۆریستیە ڕووندەکەنەوە. پەلاماردانی هەولێرو تێرۆرکردنی هەشتا کوردو دەیان برینداروچاندنی ترس لە دڵی جەماوەرداو هەڕەشەکردن لە بەڕێز کاک مەسعود بەرزانی، ئەگەر بێت و تەنها بەیانەکەی خۆشیان بکەین بە ئەرگیومۆنت، لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژیەت و بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسیدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە ژێر پاڵەپەستۆو خرۆشانی ئەو ناوچە عاتیفیانەدایە کە لە ڕۆحی تێرۆریستەکاندا وەک تاک و وەک ستراکتۆری ڕێکخراوەکە بیناکراوە. تۆڵە سەندنەوەی گیراوەکانیان لەلایەک و تۆڵە سەندنەوە لە هێزی پێشمەرگەیە لەلایەکید دیکەوە. بێگوومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەم گرووپە ستراتیژیەتی نیە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئەو زۆنە عاتیفیانە زۆر جار هەیمەنە دەکەن بەسەر کۆی چالاکیەکی هەر گروپێکی تێرۆریستدا.

راستە گرووپی سووپای ئیسلامی کاتێک دوو ڕۆژنامە نووسە فەرەنسیەکە دەفڕێنێت و وەک بارمتە دەیانخاتە سەر کەناڵی ئەلجەزیرە، لە پێناوی ستراتیژیەتێکی تایبەتدایە، بەڵام داواکاریەکانیان (هەڵوەشانەوەی یاسای فەرەنسی لەسەر ڕەمزە ئاینیەکان، دادگاییکردنی فەرەنسا لەسەر ڕابوردوی لە جیهاندا) دەریدەخات تا چ ئاستێک ڕەهەندی عاتیفی ڕۆحی ئەو گرووپەی داگیرکردوە. هەروەها تێرۆریسمی ئەنساری ئیسلام لە کوردوستانداو دروشمەکانیان بەقەدەر ئەوەندی گوزارشتە لە ڕوبەرە عاتیفیەکانی ڕۆحیان گوزارشتنیە لە بەرنامەیەکی سیاسی کە شیاوی دانوستان ودیالۆگ لەسەرکردنبێت.

# بەشی شەشەم
# تێرۆریسم و گروەوەکانی سەرکەوتن

چەمکی سەرکەوتن گەریێت و لە کۆنتێکستە تایبەتەکانی دابپرین هیچ مانایەکی نابێت و بەبێ لکاندنی بە هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلیتیکەکانیەوە دەبێت بە چەمکێکی بۆش و کاڵای نێو بازاڕەکانی ئایدۆلۆژیا. دیاری کردنی ئاستەکانی سەرکەوتنی گرووپێکی تێرۆریست (ئەنساری ئیسلام، سوپای ئیسلامی، سوپای موحەمەد) پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ستراتیژیەتی دەستنیشانکراوی ڕاگەیندراوی ئەو گرووپەوە هەیە. بۆ نموونە کاتێک گرووپێک ستراتیژیەتەکانی خۆی لەسەر ئامانجی ڕوخاندنی حکومەتێک وجێگرتنەوەی بە حکومەتێکی دیکە دیاری دەکات، ئێمە تەنها لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین پلەکانی سەرکەوتن وفەشەلی ئەو گرووپە دیاری بکەین. با دیسانەوە نموونە یەک بە گرووپی ئەنساری سوونە بێنینەوە.

لە ٢٠سێپتەمنەری٢٠٠٣ ئەم گرووپە لە یەکەم بەیانی خۆ ڕاگەیاندنیدا ستراتیژیەت و چوارچێوەی کارکردنی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت:

> **" ئاشکرایە کە جیهاد لە عێراقدا، پاش ئەوەی کە دوژمنی کافر خۆی سەپاند بەسەر خاکی ئیسلامدا، بووە بە فەرزی عەین لەسەر هەموو موسوڵمانێک. ئەوانەش کە ئاڵای جیهادیان بەرزکردوەتەوە ئەهلی سوونەت وجەماعەت وتەوحید وشوێنکەوتوانی سەلەفی ساڵحن. هەر لەسەرەتاوەو هەر گروپێک بە پێی ناوچەکەی خۆی دەستی پێکردو بەرنامە جیهادیەکەیان وفەرمانەکانیان لە قورئان وسوونەوە وەرگرتووە.**
>
> **ئێمە کە جیهاد دەکەین نامانەوێت خەڵکی دیکە بەرهەمەکەی بخوات. ڕژانی خوێنی موسوڵمانە موجاهیدەکان لە دژی داگیرکەران چ کەڵکێکی هەیە گەر بێت و خەڵکی دیکە بەرهەمەکەی بچنێتەوەو پاشان جڵەوی فەرمانڕەوایی عێراق بدرێتە دەست عێراقیەکی عەلمانی یان مورتەدی بەکرێگیراوی ئەمەریکا کە دواتر هیچ ناکات جگە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئەوان نەبێت و پاشان جارێکیتر دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی حکومەتە بەکرێگیراوەکان کە بە ناوی ئیسلامەوەو بە یاسای کوفر حکوم دەکەن و لە واقیعیشدا لەلایەن یەهودو گاورەکانەوە بەڕێوە دەبرێن. ئایا باوەڕدار دەبێت دوو جار لە کونێکدا بگەزرێت ؟ لێرەوە جەماعە (ئەنساری سوونە) دەیەوێت کەڵک لەهەموو ئەزموونە ئازادیخوازیەکانی جیهانی**

**ئیسلامی وەربگرێت بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە ئیسلامیەکان جیهادیان دەکرد وعەلمانیەکانیش بەرهەمەکەیان دەچنیەوە.**

**لەپێناوی ئەمەدا گروپێک لە موجاهید و ئەهلی زانست وخاوەن ئەزموونە سیاسی و لێزان وسەربازیەکان وئەوانەش کە مێژوویەکی درێژیان هەیە لە ئیدارەکردنی ململانێی ئیسلامیی عەقائیدیدا دژ بە کوفر بە هەموو گروپەکانیانەوە، لە جەماعەتە جیهادیە چالاکەکان هەر لە باکورەوە تا باشوور بڕیاریدا سوپایەکی بەهێزی ئیسلامی بەیەک سەرکردایەتیەوە دروستبکات. سەرکردایەتیەک کە بەرنامەیەکی عەمەلی خۆماڵی دادەنێت، بەرنامەیەک کە لە ڕوانینێکی ڕوون بۆ ساحەکەوە سەرچاوەی گرتبێت و لە تەعالیمەکانی قورئان وسوونەو ئەهلی زانست لە سەلەفی ساڵحەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەم بەرنامەیە ڕچاوی سیاسەتی شەرعی دەکات نەک سیاسەتی عەلمانی. ئێمە سووپاکەمان ناو دەنێین (سوپای ئەنساری سوونە).**

**ئێمە داوا لە برا ئیماندارو موجاهیدەکانمان دەکەین بێنە ژێر ئاڵای ئەم سوپایەوە تا ئامانجی موسوڵمانەکان لە دروستکردنی <u>دەوڵەتێکی ئیسلامیدا</u> بێتە دی. دەوڵەتێک کە ئیسلام و موسوڵمانانی تیادا بەرز ڕادەگیرێت. بزانن دەستی خوا لەگەڵ جەماعەدایە و شەیتانیش لەگەڵ تاکە کەسدایە و لە دوو کەسەوە زیاتر دوورەو لە بیرتان نەچێت کە گورگ مەڕی لە ڕان بەجێماو دەخوات."**

لێرەوە ئێمە هەست بەوە دەکەین کە چوارچێوەی ستراتیژیەتەکانی ئەم گرووپە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیە کە تیایدا چەند کەسێک بەناوی خوداوە حوکمی گەلانی عێراق بکەن*. بۆ دروستکردنی ئەم دەوڵەتەش دەبێت ئەم وڵاتە لەو چینە سیاسیە پاکبکرێتەوە کە ئێستا حکومەتداری دەکەن. باشترین ڕێگاش بۆ دورخستنەوەی ئەو چینەو ڕوخانی حکومەتەکەی لەناوبردنی فیزیکیە. هەروەها باشترین تیکنیکیش بۆ گەشتن بەم ئامانجە تیرۆریسم و مێکانیسمەکانیەتی.

ئایا سوپایە ئەنساری سوونە، بەپێی ئەم چوارچێوەیەی کە بۆ خۆی دیاری کردووە، توانیوبەتی سەرکەوتن بەدەست بێنێت ؟ بێگوومان نەخێر. چوونکە لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردودا، لەسەرانسەری عێراقدا ئەم گرووپە نەیتوانیوە یەکێک لەو کەسایەتیانە تیرۆربکات کە کاراییان بەسەر کێڵگەی سیاسی ئێستای عێراقەوە هەیە. هەموو ئەوەی کە تا ئێستا کردوویانە، بێگوومان بەپێی بەیانەکانی خۆیان، تەنها چەند چالاکیەکی تیرۆریستانەیە کە قوربانیەکانی ئەو کەسانەن کە بەهیچ شێوەیەک کاراییان نیە بەسەر ئاڕاستەکانی کێڵگەی سیاسی عێراقیەوە. هەروەها ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەی کە ئەم گرووپە وەک ئیدیال تیپێک پێشنیاری دەکات لە ئێستای عێراقدا ئەگەرێکی تەواو ناواقیعی و خەیاڵیە:

چۆن و بەچ ڕێگایەک ئەم سوپایە ٪٦٠ ی ئەم وڵاتە کە شیعەن و بەخوێنی سەری ئەو تینوون ملکەچی دەوڵەتە ئیدیلیەکەی دەکات؟

چۆن و بەچ ڕێگایەک دەتوانێت کوردوستانی تاڵەبانی وبەرزانی بکات بە پارچەیەک لە جەستەی ئیسلامی تورابورا؟

ئەم گرووپە تەنانەت لەنێو کۆمینۆتێی سوونەشدا نەیتوانیوە جێگای خۆی بکاتەوە ئیتر چۆن و بەچ ڕێگایەک بێجگە لە شکست هیچ شتێکی دیکە دەکرێت چاوەڕێی بکات. لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کارە تێرۆریستیەی کە لە پایتەختی هەرێمی کوردوستاندا ئەنجامیاندا، حیزب وگرووپ وچینە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمینۆتێی سوونە پێشەهەموو کەس ئیدانەیانکردن و بەرائەتی خۆیان لەوان ڕاگەیاند.

لە راستیدا ئەمە بەتەنها قەدەری سوپای ئەنساری سوونە نیە، بەڵکو قەدەری بەشێکی زۆر گەورەی هەموو ئەو گرووپانەیە کە ڕێگای تێرۆریسمیان لە سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا ٢٠٠٧، بۆ چالاکی هەڵبژارد ئەو چەند حاڵەتە کەمەش کە سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە دەکرێت بڵێین زیاتر ئەو گرووپ وبزووتنەوەو لایەنانەن کە دژی کۆلۆنیالیسمی کلاسیکی جەنگاون و تێرۆریسمیان وەک یەکێک لە کەرەسەکانی ڕزگاری بەکارهێناوە. واتە قسەکردن لەسەر سەرکەوتنی ڕێژەیی لای تێرۆریستەکان راستەوخۆ دەمانباتەوە سەر قسەکردن لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی سەدەی بیستەم. هەروەها تەنها لەسەر ئەم مەیدانەشە کە گرەوی سەرکەوتن و بردنەوە لە نێوان حکومەت و ڕاپەڕیوەکاندا گرنگیەکی بەرچاو وەردەگرێت.

وەک لە بەشی پێنجەمدا ئاماژەمان پێدا، کاتێک تێرۆریسم دەبێت بە هەڵگری پرۆژەیەکی سۆسیۆ-پۆلیتیک و کار لەسەر هەڵوەشانەوەی سەرتاسەری ڕژێمێک دەکات و دەیەوێت لە جێگاکەیدا ڕژێمێکی دیکە بەرقەرار بکات، بێگوومان ئیتر جەنگی نێوان ئەو ڕژێمە و ئەو تێرۆریسمە دەبێتە جەنگی مردن و ژیان و حکومەت هەموو تواناکانی مۆبیلیزە دەکات بۆ ئەوەی بە ئاگر و ئاسن لەو تێرۆریسمە بدات. ململانێی حکومەتەکانی فەرەنسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا، دژ بە ڕێکخراوی « Action directe » و « Les Brigades Rouges » و « La Fraction Armée Rouge » بریتیبوو لە جەنگی سەروماڵی و بنبڕکردنی هەمیشەیی و لە ڕیشەهەڵکێشان و بەهیچ شێوەیەک ئەم حکومەتانە ئامادەنەبوون ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئەو گرووپانەدا ئیمزا بکەن.

هەروەها لە عێراقی پۆست سەدام حوسەینیشدا ئەم ماشینە کاری خۆی دەکات. بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی جمهوریەتی عێراق، لە تازەترین لێدوانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە لەسەر سایەتە ڕەسمیەکەی خۆی بڵاو بووەتەوە دەڵێت: هەموو گرووپ ولایەنێک بۆی هەیە بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات لە عێراقدا، بێجگە لە سەدامیەکان و تەکفیریەکان. بێگوومان بێهودەنیە جیاکردنەوەی ئەم دوو کاتیگۆریە لە وانیتر. سەرۆکی جمهوریەت دەزانێت کە تێرۆریسمی سەدامی و تەکفیری هەڵگری دوو پرۆژەی سۆسیۆ-پۆلیتیکن و کارکردنی ئەوان بۆ هەڵوەشانەوەی ستراکتۆرە بیناکارەکەی ڕژێمی سیاسی عێراقی پاش سەدام حوسەینە و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەش مانای کۆتایی هاتنە بەو عێراقەی ئێستا لە بیناکردنەوەدایە.

دیسانەوە بۆ تێگەشتن لە چەمکی سەرکەوتن دوو نموونەی دیکە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگایانەوە پەردە لەسەر تیپێکی دیکە لە سەرکەوتن و شکست لابدەین.

"کۆرس" هەرێمێکە لە هەرێمە گرنگ و فراوانەکانی فەرەنسا و خاوەنی زمان وکولتورو جوگرافیاو مێژوویەکی تاقانەی خۆیەتی. دەیان ساڵە بزووتنەوە سەربەخۆ خوازەکانی هەرێمی کۆرس لە خەباتدان بۆ جیاکردنەوەی لە فەرەنسا و لە پێناوی ئەم ئامانجەشیاندا سەدان کردەی تیرۆریستیان بەرهەمهێناوە. گرفتی سەرەکی ئەو بزووتنەوانە لەوەدایە کە تا ئێستاش نەیانتوانیووە دانیشتوانی ئەو هەرێمە قەناعەتپێبکەن کە سەربەخۆیی لە بەرژەوەندی ئەواندایە و دەبێت لەو پێناوەدا ئامادەی هەموو قوربانیەک بن. لە عێراقیشدا هەرێمێک هەیە بەناوی کوردوستان و دەیان پارت و گرووپی یەک سەدەیی هەن کە کار بۆ سەربەخۆی کوردوستان دەکەن. راستە تا ئەمڕۆش، هەرێمی کۆرس و هەرێمی کوردوستان سەربەخۆنین و بە دوو دەوڵەتەوە لکێنراون، بەڵام ئەوەش راستە کە لەبەرامبەر شکستی گرووپەکانی هەرێمی کۆرسدا، گرووپەکانی هەرێمی کوردوستان توانیویانە ٪۹۸ خەڵکی کوردوستان قەناعەتپێبکەن کە بەرژەوەندی ئەوان لە سەربەخۆیدایە و لەو پێناوەشدا بە دەیان ڕووبار خوێن پێشکەش بەو سەربەخۆییە بکەن. لەوەش زیاتر، راستە کوردوستان لەسەر ئاستی فیزیک سەربەخۆ نیە، بەڵام بەدرێژایی یەک سەدە لە بیناکردنی یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردی لە لایەن بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانەوە، ئەمڕۆ کوردوستان لەسەر ئاستی شعوری یەکەیەکی تەواو سەربەخۆیە لە عێراق. تەنانەت چاودێرە نێو دەوڵەتیە سادەکانیش هەست بەوە دەکەن کە کوردوستان و عێراق زیاتر لە دوو وڵاتی لەیەک جیا دەچن وەک لە وڵاتێکی یەکگرتوو. ئەمە ئەو تیپە تایبەتەیە لە سەرکەوتن کە دەکرێت ناوی بنێین سەرکەوتنی قەناعەتپێکردن.

بێگوومان سەرکەوتنی کوردی بەتەنها بۆ پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی گرووپە ناسیۆنالیستەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەو مێتۆدە زەبروزەنگاویەی کە بە درێژایی سەدەی بیستەم بەغداد لەگەڵ کوردوستاندا بەکاری هێناوە. شکستەکانی بەغداد لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەربازی لە کوردوستاندا هەمیشە چەکێکی بەهێزبوون بەدەست بزووتنەوە ناسیۆنالیستە ڕاپەربوەکانی کوردەوە بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەر. کاتێک بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی کۆرس وەک کوردەکان سەرکەوتن بەدەستناهێنن، بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتی فەرەنسی توانیویەتی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری و تەنانەت سەربازیش سەرکەوتن لە نێو کۆمەڵگەی کۆرسدا بەدەست بێنێت. تەنانەت ئەمڕۆ لە فەرەنسادا هەرێمی کۆرس وەک هەرێمی بەهەشت ناو زەدە دەکرێت. بەڵام کوردوستان تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو جەهەنمەیە کە تا ئێستاش ئەوەی ڕووی تێدەکات لە ئاگرەکەیدا دەسوتێت.

هەروەها دەبێت ئەم تێبینیەش تۆمار بکەین: ئەو خوێنەی کە لە بریندارکردنی هەستی ناسیۆنالیستیەوە دەچۆڕێت هەمان ئەو خوێنە نیە کە لە بریندارکردنی هەستی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیکی کەسێک، گرووپێک یان چینێکی کۆمەڵایەتیەوە دەچۆڕێت. خوێنی یەکەمیان هێزێکی سیحراوی موعجیزاوی بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی جەماوەر هەیە. هێزێک کە زیاتر لە خرۆشان و شەپۆلی ئۆقیانووسەکان دەچێت، بەڵام ئەم سیحرو موعجیزەیە لای هێزی دووەم کەمترە. کاتێک تیرۆریسمی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی وەک بەرەی ڕزگاری جەزائیر سەرکەوتن بەدەست دێنێت و تیرۆریسمی « Les Brigades Rouges »ی ئیتالی شکست دێنێت،

بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە یەکەمیان لە خوێنی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت و دووەمیشیان لە خوێنی دووەمەوە.

بەشێکی بەرچاوی گرووپە تێرۆریستەکانی عێراقی ئەمڕۆ دەیانەوێت لە ڕێگای ستراتیژیەتی چاوەی کامێراکانەوەوبە پەخشکردنەوەی چالاکیە تێرۆریستیەکانیان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە جیهانیەکان وەڵامێکی دروست بۆ پرسیاری سەرکەوتن بدۆزنەوە. هەروەها پێیانوایە، ئەو ستراتیژیەتە ڕێگای ململانێیەکی تەمەن درێژیان بۆ خۆشدەکات. لە خەیاڵدانی ئەواندا چاوی کامێراکان پشتیوانیی جەماوەریان بۆ دابین دەکات و ئەم پشتیوانیەش تەمەنی خەباتیان درێژ دەکاتەوە. (تێبینی: پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە مەرجنیە هەموو گرووپێکی تێرۆریست پشتیوانیی جەماوەری بەلاوە گرنگ بێت.) بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین پێچەوانەکەیەتی. واتە گرووپە تێرۆریستیە عێراقیەکان لەگەڵ ئەو پڕپاگەندە بێسنوورەی کە بۆ چالاکیەکانیان دەکەن و لەگەڵ ئەو هەموو چاوی کامێرایەی کە بەسەر چالاکیەکانیانەوە ئامادەیە، تا ئێستاش نەیانتوانیوە پشتیوانی جەماوەری بۆ خۆیان دابین بکەن. باشترین نموونەش هەڵبژاردنەکانی ١٥ دیسەمبەری ٢٠٠٥ بوو. پاش ئەوەی چەند گرووپێکی سوونی عەرەبی تێرۆریست داواپنکردن لە خەڵکی عێراق بەگشتی وکۆمینۆتێی سوونە بەتایبەتی بەشداری هەڵبژاردن نەکەن و هەڕەشەی دەریایەک لە خوێنیان لێکردن گەرییێت و بە گوێیان نەکەن وبەشداربیکەن. ئەم بانگەوازە نەک هەر لای عێراقیەکان بە ئیجابی وەڵام نەدرایەوە، تەنانەت لای کۆمینۆتێی سوونە و بەتایبەتریش لە لایەن نووێنەرانی ئیسلامی سوونییەوە بەتووندی رەدکرایەوە. ڕۆژنامەی الحياة یەک رۆژ پێش هەڵبژاردنەکە، ١٤ دێسەمبەر ٢٠٠٥، بە ناونیشانێکی گەورە لەسەر لاپەڕەی یەکەم دەنووسێت:

" هەزار زانای ئیسلامی سوونی فەتوادەدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا "

لەدرێژەی هەواڵەکەیدا باس لەوە دەکات کە هەزار زانای ئیسلامی سوونی داوایان لە عێراقیەکان کردووە بە چڕی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. رۆژی دواتر رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی دەنووسێت کە زیاتر لە ١٢ ملیۆن عێراقی دەنگیاندا بە حەوت هەزار شەد و پەنجاو پێنج کەسدا. من لەکتێبی (عێراق لە فەیسەڵەوە تا تاڵەبانی)دا بە درێژی تەحلیلی ئەو هەڵبژاردنانەم کرووەو لێرەدا ناگەڕێمەوە سەری، بەڵام ئەوەی لەم ساتەدا بۆ ئێمە گرنگە ئیمتیحانکردنی چەمکی سەرکەوتنی تێرۆریستەکانە. بەشداریکردنی ئەو ڕێژە گەورەیەی جەماوەر بەگشتی و سوننیەکان بەتایبەتی ئاستی شکستی ئەو ستراتیژیەتەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە تێرۆریستەکان گرەوەی سەرکەوتنیان لەسەر کردبوو.

ڕاستە ئەو گرووپە عێراقیانە لە ڕێگای خستنە سەر تەلەفزیۆنی چالاکیەکانیانەوە توانیویانە گەورەترین دیعایە بۆ خۆیان بکەن وگەرەنتی بۆ دەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانیان بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەموو ئەو دیعایە و دەرکەوتنانەیان نەیانتوانیوە پشتیوانیی جەماوەریان بۆ دابین بکات، پشتیوانیەک کە ببێتە پانتایی یاخبوونێکی جەماوەری بەرفراوانی سەرتاسەری.

# بەرگی دووەم

بەشی یەکەم : زێلۆتیەکان دوو هەزار چل ساڵی مێژووی تێرۆریسم 75

بەشی دووەم: لە حەسەنی سەباحەوە تا ئوسامە بن لادن ٩١٤ ساڵ لە تێرۆریسمی ئیسلامی 85

بەشی سێیەم: کەتیبە سوورەکانی ئیتالیا: لە دەرکەوتنەوە تا ئاوابوون ١٠٥

# بەشی یەکەم
# زێلۆتیەکان دوو هەزار چل ساڵی
# مێژووی تێرۆریسم

لە درێژەی گەڕان و توێژینەوەمان لەسەر ڕەگ و ڕیشەکانی تێرۆریسم لە نێو مێژوودا ڕێمان کەووت لە توێژینەوەیەکی هەردوو پرۆفێسۆر گێرارد شالیاند♣ و ئەڕنۆد بلین♣، دوو گەورە تایبەتمەندی تێرۆریسم و ستراتیژی و جەنگی پارتیزانی و شۆڕشەکان. لەو توێژینەوە بە نرخەدا ئەو دوو پرۆفێسۆرە دەمانبەنەوە سەر ڕەگ و ڕیشەکانی تێرۆریسم لە قوڵاییەکانی سەدەی یەکەمی میلاددا. واتە دوو هەزار ساڵێک لەمەو بەر.

دیسان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر یەکەم گرووپی ڕێکخراوو مێژووی یەکەم کردەی تێرۆریسمێکی ڕێکخراو دروست دەکات. گەر بۆ هەر کەسێک سەرهەڵدانی یەکەم گرووپی تێرۆریستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مانایەکی هەبێت، بۆ ئێمەیەک کە لەو ناوچەیەدا لە دایکبووین و گەورەبووین زیاتر لە مانایەک و زیاتر لە گرنگیەکی هەیە. ئەو تێرۆریسمەی کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراقی بەتایبەتی گرتوەتەوە، ڕاستەوخۆ کارایی هەیە لە وردەکاریەکانی ژیانی هەریەکێک لە ئێمەدا. تەنانەت لە فڕۆکەخانەیەکدا پێشئەوەی سواری فڕۆکەیەک ببیت، لەسەر سنوری وڵاتێک پێشئەوەی پڕۆیتە ژوورەوە، کە تەماشای پاسپۆرتەکەت دەکەن و دەزانن تۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوویت ئیتر زنجیرەکانی پرسیارو لێکۆڵینەوە دەستپێدەکات. هەموو ڕۆژهەڵاتیەکی ناوەڕاست لە دیدی ئەوانی دیکەوە تێرۆریستێکە تا ئەو کاتەی بەرائەتی خۆی دەسەلمێنێت! لەلایەکی دیکەشەوەو لە نێو وڵاتانی خۆشماندا، پێشهەموو کەسێک ئێمە، هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکەم قوربانیی تێرۆریسمین. قوربانیی لەدوای قوربانیی، لە ڕۆژئاوا ئێمە قوربانیی دەستی قوربانیەکانی تێرۆریسمین، لە ڕۆژهەڵاتیشدا قوربانیی دەستی تێرۆریستەکانین. تێگەشتن لە تێرۆریسم، بۆ ئێمە، تێگەشتنە لە خۆمان، لە دەوروبەرمان، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە وێنەکانی ئێمە لە یادەوەری هەریەکێک لەو دووانەدا. بێگوومان ئەمە یەکەمین و دوا هەمین هۆکاری ئێمە نیە لەم توێژینەوەیەماندا. هۆکاری سەرکەی ئێمە دروستکردنی زانستە لەسەر فێنۆمێنی تێرۆریسم و بینینیەتی وەک خۆی و هۆکارەکانی دیکە بە پلەی دووەم وسێیەم دێن.

فەلەستین، لە سەدەی یەکەمی میلاددا، خاکی لەدایکبوونی یەکەمین ڕێکخراوی تێرۆریستیە. ئەو ڕێکخراوە ناوی زێلۆتیەکان بوو. لەڕێگای ئەو نووسینانەوەی کە بۆمان بەجێماوە، دەکرێت سێکتی (تایفە) زێلۆتیەکان وەک ئەو

یەکەم گرووپە بخەینە سەرشانۆ کە بۆ یەکەمجار تیرۆریسمی بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو بەکارهێناوە.

کۆمینۆتێی توێژەران بەگشتی و تایبەتمەندانی بواری تیرۆریسم بەتایبەتی، بۆتێگەشتن لە زێلۆتیەکان، پەنا دەبەنە بەر فلاڤیوس جۆزێف. ئەم نووسەرە لە ساڵی ٩٣-٩٤ سەدەی یەکەمدا، واتە نزیکەی هەزار و نۆ سەد ساڵ لەمەوبەر، هەردوو کتێبە بەناوبانگەکەی بڵاو دەکاتەوە. کتێبی یەکەمیان ئەنتیکیتێی جوولەکە و دووەمیشیان جەنگی جوولەکەکانە[xxviii].

لە نووسینەکانیدا فلاڤیوس جۆزێف زێلۆتیەکان بە( *Sicarii* سیکاریی) ناودەبات. ئەم وشەیە بە ئەسڵ لاتینیەو[xxix] پێشتر ڕۆمانیەکان بەکارینانهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی کەسی خەنجەر بەدەست. لە ڕەوتی بارکردنیدا لە مانا، دواتر دەبێت بەو کەسەی کە بە خەنجەر ئەوانیدیکە دەکوژێت[xxx].

مێژووی سێکتی زێلۆتیەکان ڕاستەوخۆ لکاوە بە مێژووی داگیرکردنی فەلەستینەوە لەلاین "ڕۆم"ەوە . پێش کردەی داگیرکردن جوولەکەکان سەروەرو جوڵێنەرو ماکینەی دەسەڵاتەکانی فەلەستین بوون. داگیرکردنی فەلەستین لەلایەن "ڕۆم"ەوە برینێکی قوڵ لە نێو هەستی جولەکەکاندا دروستدەکات و زیاتر وەک هەتککردنێک وێنای دەکەن ، وەک کاردانەوەیەکی بەرچاوی ئەو داگیرکردنە، سێکتی زیلۆتیەکان خۆی ڕێکدەخات و چالاکیە تیرۆریستیەکانی دەستپێدەکات[٦♣]. وێنەی ڕۆمانیە داگیرکەرەکان لە خەیاڵدانی جولەکەکاندا وێنەی ئەو بتپەرستەیە کە دێت و نەک بەتەنها خاکێک داگیردەکات بەڵکو یاری بە ئاینە تەوحیدیکەشیان دەکات و بەهاکانیان پەراوێزدەخات. وێنەی ئەو بێگانەیەیە کە دێت و خۆی دەکات بەماڵێکداو خۆی دەکات بەخاوەن ماڵ و خاوەن ماڵیش بە بێگانە و خزمەتکار.

مەرگی هێرۆدی گەورە بۆ جولەکەکان بەتەنها مەرگی پیاوێکی دەسەڵاتدار نەبوو، بەڵکو مەرگی سەردەمی زێرین و سیستەمی هەیمەنەی ئەوان بوو. مردنی ئەم پیاوە، کۆتایی مێژوویەک و دەستپێکردنی مێژوویەکی دیکەی جوولەکەکان بوو. لە سەردەمی حکومی ئەم پیاوەدا، ئەوان تەواو ئازادو سەربەخۆو سەروەربوون. ماکینەی دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات بوون. هەیمەنەیان هەبوو لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی وسەربازی وڵات. بەڵام بە کۆتایی هاتنی هێرۆدی گەورە هەموو ئەم دەستکەوتانەیان کەوتە مەترسیەوە.

ڕەنگە لەگەڵ هەندێک جیاوازیدا بتوانین لێکچوونێک بکەین لە نێوان کۆمینۆتێی سوونیی و سەدام حوسەین لەلایەک و کۆمینۆتێی جوولەکە و هیرۆدی گەورە لەلایەکی دیکەوە. وەک چۆن لە ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسەیندا سوونیەکان

---

♣ بۆنووسینی ئەم بەشە ئێمە ئەم دوو سەرچاوەیەمان بەکار هێناوە:

M.SIMON, A.BENOÎT, Le judaïsme et le christianisme antique, d’Antiochus Epiphane à Constantin (PUF, collection « Nouvelle Clio », ١٩٦٨).

G. CHALIAND, A. BLIN, Zélotes et Assassins, in *Histoire du terrorisme. De l’Antiquité à Al Qaida*. Bayard, 2006.

بوویوونە خاوەنی بەشێکی زۆری مەوقیعە جیاوازەکانی نێو کێڵگەکان، کێڵگەی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی و سەربازی و هتد، ئاواش جوولەکەکانی ژێر دەسەلاتی هێرۆدی گەورە بوویوون بە خاوەنی ئەو مەوقیعانە. هەروەها وەک چۆن کۆتایی سەدام حوسەین بوو بە هۆی کۆتایی ئەو هەیمەنە سوننیە، ئاواش کۆتایی هیرۆدی گەورە بووبە تراژیدیای جوولەکەکان.

لەساڵی ٦ی پێش لەدایکبوونی مەسیحدا، واتە هەشت ساڵ دوای مردنی هێرۆدی گەورە، ڕوداوەکان ئاڕاستەکانیان دەگۆڕن. جوولەکەکان لە هەرکوێیەکی جیهاندابن ئەو بەروارەیان لەبیرناچێتەوەو ساڵی ٦ی پێش لە دایکبوونی عیسا وەک ١٦ مارسی ١٩٨٨ وایە لای کوردەکان. سەدەیەک پێش ئەو بەروارە، جوولەکەکان توانیبوویان، وەک کۆمینۆتێیەکی کارا، ئازادی و سەربەخۆی و ئۆتۆنۆمی تا ئاستێکی بەرز بۆ خۆیان بەرقەراربکەن. بە درێژایی ئەو سەدەیە ئەوان لە فەلەستیندا وەک پاشای بەهەشتە خەیاڵکراوەکان دەژیان.

لە ساڵی ٦ دا زێلۆتیەکان بۆ یەکەمجار لەدایک دەبن وخۆیان ڕێکدەخەن و پڕیاری جەنگ دژ بە ڕۆمی (بتپەرست) و ڕۆمی (داگیرکەر) و ڕۆمی (خواپەرست کوژ) دەدەن. زێلۆتیەکان لە ژێر ئەم دروشمانەدا چالاکیە تێرۆریستیەکانیان دژ بە ڕۆم دەستپێکرد. هەروەک چۆن ئەمڕۆش، لەگەڵ هەندێک جیاوازیدا، گرووپی ئەلقاعیدە بەناوی رۆژئاوای (کافر) و ڕۆژئاوای (داگیرکەر) و ڕۆژئاوای (خواپەرستکوژ)ەوە لە سەرانسەری جیهاندا چالاکیە تێرۆریستیەکانی ئەنجامدەدات♣[٧].

پاش دوو ساڵ لە خۆڕێکخستن و چالاکی نهێنی و دروستکردنی شانەکانیان، زێلۆتیەکان لە ساڵي ٤ی پێش لە دایکبوونی عیسادا یەکەم یاخیبوونیان ڕادەگەیەنن. ئەوان هەوڵیان دەدا هەر ماڵە جوولەکەیەک بکەن بە مەڵبەندێکی چالاکی و کارکردن دژ بە ڕۆمای داگیرکەری بت پەرستی خواپەرستکوژ. دەیانوویست هەموو تەمەنەکان، هەموو چینەکان، هەموو کەسایەتیەکان بخەنە خزمەتی ئەو جەنگەوە. ئەم ڕاپەڕین و یاخی بوونە چەکدارانەی زێلۆتیەکان هەر بەڕاستی گرفتی گەورە بۆ دەسەڵاتی ڕۆم لە فەلەستین دروستدەکات. کوشتنی ڕۆژانە و خوێنی ڕژوای نێو شەقام و خانەوادەی یەکپارچە سەرپاو لە فەلەستین، ڤاریوس حکومەتداری سوریا، ناچاردەکات کە سووپایەکی بەهێز بنێرێت بۆ لە ناوبردنی ئەو یاخیبوونە. ڤاریوس بۆ لە ڕەگوریشە هەڵکێشانی دیاردەی زێلۆتیەکان پەنادەباتە بەر قەسابخانەیەکی گەورەو ترسناک. لەو قەسابخانەیەدا دوو هەزار جوولەکەی زێلۆتی بە خاچدا هەڵدەواسێت و یەک یەک لە ناویان دەبات. لە ڕێگای ئەم قەسابخانەیەوە، ڤاریوس دەیەوێت سایکۆلۆژیای دانیشتوانی ئەو هەرێمە بخاتە نێو ترسێکی ڕاستەقینەوەو پێیانبڵێت کە جارێکیدی پێش ئەوەی پەنا ببەن بۆ یاخیبوونی چەکدارانە پێویستە بیر لە چارەنوسی خۆیان و ماڵ و مناڵیان بکەنەوە. ئەم قەسابخانەیەی ڤاریوس بێگوومان لەسەر ئاستی هەستی مرۆیی دەکرێت وەک بەربەریەت و کارێکیٚ وەحشی ناوزەدە بکرێت.

---

♣ بۆ تێگەشتنی زیاتر لە دروشم و گووتارو مێژووی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە خوێنەر ئاڕاستەی دوا کتێبمان دەکەین (عادل باخەوان، **ئیسلام خۆرئاوا، بەریەککەوتن، تێکەڵبوون، یەکتربیناکردن**، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦).

بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین کارێکی تێرۆریستانەیە ؟ ئایا دەتوانین بڵێین ڤاریوس تێرۆریستبووە ؟ ئایا دەتوانین ڕۆما بخەینە نێو بازنەی تێرۆریسمەوە ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بێگوومان ئاسان نیە، بەتایبەتی گەر خوێنەر بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەی خوێندبێتەوە تێدەگات لەو ئیشکالیەتەی کە لەم بابەتە ئاڵاوەو چیدی ڕێگا بەخۆی نادات بە ئاسانی حوکمەکان دابەشبکات.

لەسەر ئاستی ئیدیۆلۆژی، زێلۆتیەکان دەکرێت وەک گروپێکی پارێزگارو دۆگما و داخراوو توندڕەو پۆلێنبکرێن. ئەوان بەقەدەر ئەوەندی لە خەبات و یاخیبوونەکانیاندا بە دوای ئازادیدا دەگەڕان، لە سەر ئاستی ئیدیۆلۆژی داخراوو توونڕەو بوون. لە ڕێگای ئەم ئیدیۆلۆژیە داخراوەوە، زێلۆتیەکان توانیبوویان تونێلێک بۆ چوونە نێو نەوەی نوێی جولەکەکانی ئەو سەردەمەوە بدۆزنەوەو لە نێو ئەو نەوە نوێیەدا شەهیدە نوێیەکانیان هەڵبژێرن. ئەمە هەمان ئەو ستراتیژەتەشە کە پاش دوو هەزار ساڵ لە دوای زێلۆتیەکان ئەلقاعیدە دێت و کار لەسەر بەدیهێانی دەکات.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ڕێکخراوە لەسەر دوو پرانسیپی بەهێز دامەزراوە، پرانسیپێکی ئاینی و پرانسپێکی سیاسی. زێلۆتێکان، لە تێکەڵکردنی ئەم دوو پرانسیپەدا توانیان بەشێوەیەکی بەرچاو جێگای خۆیان لە نێو جوولەکەکاندا بکەنەوە. بێگوومان ئەم مەکانەتەشیان لە نێو جوولەکەکاندا، ڕۆمی بێزاردەکرد تا ئەو ڕادەیەی بۆ قەڵاچۆکردنیان ناچاربێت ئەرگیومۆنت بێنێتەوەو ئەوان وەک لە یەخیبووەکان و تاوانبارانی لەداد ڕاکردوو بناسێنێت. کە ڕۆما ناچاربوویێت بۆ لەناوبردنیان ئەرگیومۆنت بخاتە ڕوو، بەڵگەی ئەوەیە کە زێلۆتیەکان بەهێزبوون و توانیویانە گورزی کاریگەری لێبووەشێنن.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە لە نێو کۆمینۆتێی جوولەکەکاندا، چینێکی بورژوازی و نوخبە هەبووە کە بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ یاخیبوونی زێلۆتیەکاندا یەکیانەگرتووەتەوەو نەیانویستووە قەدەری خۆیان تەسلیم بە ئەوان بکەن. ئەم چینە وەک هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی پراگماتیست بۆ پارێزگاری کردن لە مانەوەو بەرژەوەندیەکانی دەستی خستووەتە نێو دەستی ڕۆمەوە. دەرەنجام کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هەڵمەتە تێرۆریستیەکانی زێلۆتیەکانەوە. دروست وەک ئەو تێرۆریستە سوونیانەی کە ئێستا ئەو نوخبە سوونیە تێرۆر دەکەن کە دەیەوێت لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێدا بەشداری بکات. لەهەمانکاتدا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بە قەدەر دورکەوتنەوەی زێلۆتیەکان لەو نوخبەیە، نەوەی نوێی جوولەکەکان نزیکدەبووەو جێگای خۆی لە دڵیاندا مسۆگەر دەکرد.

لێرەدا دوو تێبینی گرنگ هەیە و دەبێت تۆماریانبکەین:

یەکەمیان سەرکردەی ئەو ڕێکخراوە پیاوێکی خوێندەوار بووە. لەو سەردەمەشدا خوێندەوار هەمیشە ئەو کەسەبووە کە سەر بە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەند بووە. تەنها دەوڵەمەندە هەرە گەورەکان توانیویانە فێری خوێندن و نووسین ببن ئەو پیاوە ناوی ژودا بووەو بە ڕەگوریشە دەڕواتەوە سەر شاری گالیلێ.

دووەمیشیان پەیوەندی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەوە هەیە. بە پێی ئەو دۆکیمۆنتانەی کە دەست هەردوو پرۆفێسۆر گێرارد شالیاند و ئەرنۆد بلین کەوتووەک، زۆرینەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە چینە هەژارو دورخراوەو بێنەواو

بێسەرپەرشتیارەکانی کۆمینۆتێی جوولەکەکان بووە. ئەم دوو تێبینیە دروست وێنەی ئوسامە بن لادنێکی ملیاردێر و ئەندامە هەژارەکانی گرووپەکەیمان بیردەخاتەوە.

پاش یەکەم هێرشی ڕۆمەکان بۆ سەریان و کووشتنی دوو هەزارکەس لێیان، زێلۆتیەکان بۆ ماوەی شەست ساڵ خۆیان وەک ڕێکخراو لە نێو ژێر زەمینەکاندا دەشارنەوەو لەبەرچاو وندەبن. بەڵام پاش ئەو شەست ساڵە کە دەردەکەونەوە، دیسانەوە دەبینین یەکێک لە کورەکانی ژودا سەرکردەیەو ئەندامەکانیش مناڵانی هەمان چینە هەژارەکەی کۆمینۆتێکەیە. گەڕانەوەی ئەم جارەی زێلۆتیەکان بۆ سەر شانۆ زۆر زیاتر لە جاری یەکەم توندوتیژتربوو. ئەمجارە ئەوان زەبروزەنگیان لەسەر هەموو ئاستەکان بەکاردەهێنا. بۆ نموونە، گەر جوولەکەیەک بەو شێوەیەی ئەوان دەیانەوێت دینداری نەکردایەو بە پێی تێگەشتنی ئەوان بۆ ئاینی جوولەکەکان هەڵسوکەوتی نەکردایە، بە چەقۆ سەریان دەبڕی. بێگوومان ئێمە، دوای دوو هەزار ساڵ لە زێلۆتیەکان، تێبینی هەمان پراکتیک لای گرووپە تێرۆریستە ئیسلامیەکانی ئەمڕۆش دەکەین. ئەمانەی ئەمڕۆش ئامادەن بە چەقۆیەکی کول موسوڵمانێک سەربڕن کەوەک ئەوان لە ئیسلام ناگات وجێبەجێی ناکات. ئەوان بەپێی هەمان مێتۆدۆلۆژی زێلۆتێە جوولەکەکان ئایەتوڵایەکی وەک موحەمەد باقر سەدریان کوشت، فەتوای کوشتنی ئەبونەسریان دا لە میسر، نەجیب مەحفوزیان دایە بەرچەقۆ، سەدان ڕۆشنبیری جەزائیریان سەربڕی. بێگوومان من باسی ئەوە ناکەم ئەمە باشە یان خراپ. کاری ئێمە دابەشکردنی فەتواو حوکمدانی خەیرو شەڕ نیە. ئێمە دەمانەوێت بڵێین تێرۆریسمی ئەو گرووپە ئیسلامیانەی ئەمڕۆ لە نێو مێژوودا تاقانە نیە و ئیسلامیش وەک ئاینی یەک ملیار مرۆڤ ناکرێت بە ئاینێکی تێرۆریست تاوانبار بکرێت. بە پێچەوانەوە ئەوە تێرۆریستەکانن کە دێن و ئاینەکان مۆبیلیزە دەکەن بۆ شەرعیەتدان بە چالاکیە تێرۆریستیەکانیان.

لە پەنای کوشتنی ئەو جولەکانەدا کە وەک ئەوان دینداریان نەدەکرد و هەمان تێگەشتنی ئەوانیان نەبوو بۆ جودایسم، زێلۆتیەکان جەنگێکی دیکەشیان دەکرد، جەنگی ڕزگار کردنی وڵاتەکەیان و دەرهێنانی لە چنگی ڕۆم. ئەوان لەیەک کاتتدا ڕۆمیەک و جولەکەیەکیان بە یەکەوە دەکوشت، هەروەک ئێستا تێرۆریستە ئیسلامیەکان موسوڵمانێک و ئەمریکیەک لە عێراقدا پێکەوە دەکوژن. هەروەک چۆن بیرۆکەی جودایسمێکی پاکو بێگەردو تێکەڵنەبوو بە شیرک و پیسیە دونیایەکان فاکتەرێکی سەرەکی تێرۆریسمی زێلتیەکان بوو، ئاواش هەموو ئەو گرووپە تێرۆریستیە ئیسلامیە عێراقیانەش پارێزگاریکردن لە ئیسلامێکی بێگەردو پاکوخاوێن وخالسیان کردوە بە ماکینەی تێرۆریسمەکەیان. وێنەی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان، مەسعود بەرزانی، یان سەرۆکی جمهوریەتی عێراق، جەلال تاڵەبانی لە خەیاڵدانی ئەنساری ئیسلام، ئەنساری سوونە، سووپای ئیسلامی، تایفەی مەنسورە، کەتیبەکانی شۆڕشی بیست، سوپای موجاهیدین، تەنها وێنەی پیاوێک نیە کە( دەستی خستەوەتە نێو دەستی ئەمەریکای داگیرکەرەوە) و (لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل)دایە، بەڵکو وێنەی مورتەدێکیشە. مورتەدێک کە وەک ئەوان ئیسلامەتی ناکات و وەک ئەوان لە ئیسلام نەگەشتووە. با پێکەوە لەم بەیانەی سووپای ئەنساری سوونە ڕابمێنین:

**تفجير مبنى المركز الثاني للاتحاد الوطني الكردستاني في كركوك**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**قال - تعالى -: (قاتلوهم يعذبهم الله بأيديكم و يخزهم و ينصركم عليهم و يشف صدور قوم مؤمنين) (التوبة:١٤)**

**بيان صادر من الهيئة العسكرية لجيش أنصار السنة بتاريخ ٢٥رمضان ١٤٢٤ الموافق لـ ٢٠/١١/٢٠٠٣**

**قام الأخ الاستشهادي المجاهد أبو صالح بتنفيذ عملية استشهادية في مبنى المركز الثاني للاتحاد الوطني الكردستاني العميل لأمريكا ،والذي يترأسه العميل جلال الطالبانى رئيس مجلس الحكم الحالي في مدينة كركوك شمالي بغداد،و ذلك بتفجير سيارة مفخخة في مبنى المركز، هذا و قد أسفر الانفجار عن وقوع عشرات القتلى والجرحى في صفوفهم ،فضلاً عن تدمير وحرق العشرات من السيارات الواقفة داخل ساحة البناية، إذ كانوا مشغولين باستعداداتهم لاستقبال سفير الفاتيكان في ذلك اليوم، هذا وبعد العملية مباشرة قامت القوات الأمريكية مدعومة بعملائها من أتباع الاتحاد الوطني الكردستاني بغلق كافة المنافذ المؤدية إلى البناية ،وذلك من أجل إخفاء الحقائق عن الناس.**

**و الجدير بالذكر أن الاتحاد الوطني الكردستاني من الأحزاب العلمانية والماركسية المعروفة في الساحة الكردية، ولهم باع طويل في محاربة الإسلام وأهله والتنكيل بهم.**

**إننا في الوقت الذي نعلن فيه عن تبنينا لهذه العملية البطولية ،نقول لكل من سولت له نفسه الوقوف في صفوف هؤلاء الطواغيت: إن جنود الله لكم بالمرصاد، وأما آن لكم أن تعودوا إلى رشدكم وتفيقوا قبل أن يأتي يوم لا مرد له من الله ؟(وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون) وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

**الهيئة العسكرية لجيش أنصار السنة**

**٢٧ رمضان ١٤٢٤**

**٢١/١١/٢٠٠٣**

ئەوەی لەم بەیانەدا سەرنجی ئێمە زیاتر ڕادەکێشێت دوو ڕەهەندە، یەکەمیان سیاسی و دووەمیشیان ئاینی. بۆ خستنە سەرشانۆی ڕەهەندە سیاسیەکەی سووپای ئەنسار سوونە دێت و کۆنسێپتی (العميل-بەکرێگیراو) بەکاردێنێت. بەکرێگیراو لە ترادیسیۆنی سیاسیدا ئەو کەسە نیە کە ئاینەکەی فرۆشتوە، یا مورەتد بووەتەوە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە نیشتمانەکەی دەفرۆشێت و دەستدەخاتە

نێو دەستی بێگانەوە. زێلۆتەکان ئەو جولەکانەیان بە عەمیل ناودەبرد کە لەگەڵ ڕۆمدا کاریاندەکرد. لێرەوە وێنەی تاڵەبانی لە خەیاڵدانی ئەو گرووپە تێرۆریستیەدا وێنەی ئەو بەکرێگیراوەیە کە دەستی خستوەتە نێو دەستی داگیرکەرانی نیشتمانەوە. بەڵام ئایا ئەمە سنوورەکانی وێنەی بەڕێز مام جەلالە لای ئەو گرووپە؟ بێگوومان نەخێر. چوونکە چەند دێڕێک خوارتر لەو بەیانەدا ئێمە کۆنسێپتێکی دیکە دەبینین کە تەواو ئاینیەو ڕەگوڕیشەی لەنێو ئاینداینە. ئەویش بریتیە لە (الطواغیت) لە ترادیسیۆنی قورئانیدا تاغوت لەبەرامبەر دەسەڵاتی خوادا دانراوەو مرۆڤەکان خراونەتە نێوان خواو تاغووتەوەو دەبێت بەرەیەک هەڵبژێرن، بەرەی خوا یان بەرەی تاغووت. ئەنساری سوونە دێت و جەلال تاڵەبانیەک کە خۆی بە موسوڵمان دەزانێت و دەڕوات بۆ حەج و عەمرەو لە دوای مامۆستا مەلا عوسمانی ڕابەری پێشووی بزووتنەوەوە نوێژی کردووە بە تاغووت ناو دەبات. تاغووت بە مانای دوژمنی خوداوەندو ئاین و قورئان و ئیسلام. لێرەوە خوێنی تاڵەبانی بەتەنها لەسەر ئەوە حەڵاڵ نەکراوە کە لەگەڵ ئەمەریکادا کاردەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە دوژمنی بەرەی خوایەو نوێنەرایەتی بەرەی تاغووت دەکات. ئەمە هەمان ئەو تێکەڵکردنەی ئاین و سیاسەتەیە کە زێلۆتیە جوولەکەکان دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر کردیان بە ئامانجی ریالیزەکردنی پرۆژەکانیان. هەمان ئەو میتۆدۆلۆژیایەیە کە زێلۆتیەکان خۆیان پێڕێکدەخست و مامەڵەیان پێدەکرد لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا.

بێگوومان ئەمە تەنها وێنەی بەڕێز تاڵەبانی نیە لە خەیاڵدانی ئەواندا، بەڵکو وێنەی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان مەسعود بارزانی و ئەوانی دیکەشە، لە کاتێکدا بەرزانی خۆی وەک موسوڵمان دەناسێنێت ئەوان بە کافرو بەکرێگیراوی لەقەڵەم دەدەن. بێگوومان ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی شەرعیەت بە کوشتنی بدرێت. با پێکەوە لەم بەیانەی هەمان سووپا ڕابمێنین:

**غزوتا أربيل**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**قال - تعالي -: (فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم وما رميت إذ رميت ولكن الله رمى وليبلي المؤمنين منه بلاءً حسناً إن الله سميع عليم) سورة الأنفال ١٧**

**الحمد لله مسلط عباده الصالحين على الكافرين، ونصلي ونسلم على رسوله المبعوث بالسيف بين يدي الساعة رحمة للعالمين.**

**- إلى الآباء والأمهات الذين فقدوا أبناءهم بدخول الصليبيين أراضي المسلمين..**

**- إلى كل مسلم دوهم بيته من قبل الصليبيين وأعوانهم..**

**-إلى كل مسلم معذب في سجون الصليبيين وأعوانهم من الأحزاب العلمانية المرتدة..**

**-إلى أهل السنة والجماعة في أرجاء الأرض..**

لقد قام اثنان من إخواننا الاستشهاديين - نسأل الله تعالى أن يتقبلهم - بمداهمة وكرين من أوكار الشياطين في مدينة أربيل في شمال العراق، فاجتمعت بذلك فرحتنا في عيدنا - عيد الأضحى - بفرحتنا بالنيل من أعوان اليهود والنصارى.

إلا أننا تعجبنا من انقلاب الموازين في هذه الأيام، ومن جهل المسلمين بدينهم، وعدم تمييزهم بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان!!

لقد علم أهل السنة في العراق وفي أرجاء الأرض أن الصليبيين ما دخلوا محافظتي كركوك ونينوى إلا بمساعدة الاتحاد الوطني الكردستاني الذي يقوده العميل جلال الطالباني، والحزب الديمقراطي الكردستاني بزعامة ربيب اليهود وراثةً مسعود البارزاني..

لقد مهد هؤلاء الطريق للجيش الأمريكي الصليبي، واحتلوا تلك المحافظتين رغم سقوط النظام البعثي الكافر- حليفهم السابق-، ومن ثم سلموهما للجيش الصليبي الكافر طمعاً في نيل رضاهم، فكانوا عوناً للصليبيين على أهل السنة..

قال - تعالى-: (يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا اليهود والنصارى أولياء بعضهم أولياء بعض ومن يتولهم منكم فإنه منهم إن الله لا يهدي القوم الظالمين) سورة المائدة ٥١

ومن المجمع عليه بين علماء أهل السنة والجماعة أن إعانة الكفار على المسلمين عمل مخرج من الملة..

فمما لا يختلف عليه مسلمان أنه ليس لهؤلاء نصيب في الإسلام..

ومن الثوابت لدينا في عملنا الجهادي في سبيل الله أن الذي يعين الكفار على المسلمين يناله منا ما ينال الكافرين، فكنا نتحيَن الفرص للنيل من هؤلاء الطواغيت الذين لهم تاريخ طويل في محاربة الإسلام، وطالما تلطخت أياديهم بدماء المسلمين الطاهرة، فحصرنا ضربتنا الموجهة إليهم في مقراتهم الرئيسية لتكون النكاية بهم فقط، والحمد لله - تعالى - لم ننل إلا ممن كان منهم.

و لقد استغل إعلاميو جلال ومسعود المغفلين من أصحاب العمائم والبسطاء من الناس في استنكار هاتين العمليتين...

أين كان هؤلاء المغفّلون والبسطاء وجلال ينسق مع الصليبيين لضرب إخواننا المجاهدين من جماعة أنصار الإسلام ونسائهم وأطفالهم؟

**فقد انهالت عليهم الصواريخ الأمريكية بالعشرات، وقصفوهم بالطائرات، ولمدة ثمانية أيام دون انقطاع مسحت قرى بكاملها وبمساجدها من على وجه الأرض...**

**نسأل الله - تعالى - أن ينير بصر هؤلاء وبصيرتهم ليتمكنوا من معرفة الحق...**

**وختاماً... ننصح المسلمين حفاظاً على أرواحهم بالابتعاد عن أماكن تواجد هؤلاء الأنجاس، فإن لدينا من الإخوة الذين باعوا أنفسهم لله ما لا يعلم عددهم إلا الله - تعالى -.**

**و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

**وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

**أبو عبد الله الحسن بن محمود**

**أمير جيش أنصار السنة**

**١٣/ذو الحجة /١٤٢٤**

**٢٠٠٤/٢/٥**

لێرەدا هەمان وەسفکردنی بەڕێز کاک مەسعود دووبارە دەبێتەوە بەڵام بە زەبروزەنگێکی سامبۆلیکی توندترەوە. گەر وشەی بەکرێگیراویان بۆ تاڵەبانی بەکارهێنابێت، بۆ بەرزانی وەسفی (پەروەردەکراوی دەستی جوولەکە بە ویراسەت) یان بەکار هێناوە. ئەم ڕستەیەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندیە ئەنتەرناسیۆنالەکانی ژەنەراڵ بەرزانی و شۆڕشەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا.

گرنگی زێلۆتیەکان بۆ ئێمە لەو چرکەیەوە دەستپێدەکات کە ئەوان وەک ڕێکخراوێکی بەهێز دێن و مۆبیلیزەی ئەو هەستکردن بە زەلیلی و بێزڕێزپێکردنەی جوولەکەکان لەبەرامبەر ڕۆمانیەکاندا دەکەن و چوارچێوەی بۆ دروستدەکەن و پاشان بۆ دژایەتیکردنی داگیرکەرە نوێیەکان و ئەو جولەکانەش کە کاریان لەگەڵدا دەکەن بەکاری دەهێنن. هەروەها گرنگی زێلۆتیەکان لەو سیستەمی ناوانەوەیەشەوە دەست پێدەکات کە ئەوان بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی شووناس بۆ هەریەکێک لەو دوانە. بۆنموونە ناوان و بیناکردنی شووناسی ناپاک- خائین بۆ ئەو جولەکانەی کە باوەشیانکردەوە بۆ داگیرکەران یەکێکە لەو کارانەی کە بەرهەستی هەر توێژەرێک دەکەوێت. ئەوەی زێلۆتییەکان لە سێکتە کۆن و نوێیەکانی دیکە جودادەکاتەوە پرۆگرامە سیاسیەکەیەتی. پرۆگرامێک کە ئەوانیدیکە نیانە.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە سیاسیەیان زێلۆتیەکان دوو ستراتیژیەتیان بۆ خۆیان دەستنیشانکردبوو. یەکەمیان بریتیبوو لە ستراتیژیەتی ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێین جەنگی پارتیزانی ناڕاستەوخۆ. لەم جەنگەدا زێلۆتیەکان هەر بەڕاستی دەیانویست شکست بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بێنن و سەرکەوتن بەدەست بێنن و نیشتمانەکەیان ئازادبکەن. کە ئەم ستراتیژیەتە شکست دێنێت، ئیتر پەنا دەبەنە بەر ستراتیژیەتی فەوزا. تیکنیکەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە، بریتین لە

کوشتن و پەلامار و دەرکەوتنی ناکات و چاندنی ترسێکی بەردەوام لە دڵی جەماوەرو دەسەڵاتدارانیدا.

بەمشێوەیە دەکرێت ئێمە مێژووی تێرۆریسم لە نێو ئەنتیکیتێدا بدۆزینەوەو تێبگەین لەوەی کە تێرۆریسم زیاتر لە ۲۰۰۰ ساڵە هەیە و پراکتیک دەکرێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، کە ئێمە یەکێکین لە منداڵەکانی، خاکی لەدایکبوونی یەکەم ڕێکخراوی تێرۆریست و یەکەم تێرۆریسمە لە مێژوودا.

# بەشی دووەم
# لە حەسەنی سەباحەوە تا ئوسامە بن لادن
# ٩١٥ ساڵ لە تیرۆریسمی ئیسلامی

ئەم بەشە ڕەنگە یەکێک بێت لە مەیدانە گرنگەکانی ئەم کتێبە. ئەگەر زێلۆتیەکان سەرەتای دروستبوونی یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی بەگشتی و جودایسم بەتایبەتی بووبن، ئەوا ئێمە لەم بەشەدا بەدوای ڕەگ و ڕیشەکانی یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی ئیسلامیدا دەگەڕێین. بێگوومان کەمنین ئەو توێژەرو بیریارو فەیلەسووفانەی کە تیرۆریسمی ئیسلامی ئەمڕۆ وەک منالێکی زۆڵ تەماشا دەکەن. زۆڵ بەو مانایەی لە ئێستادا لە دایکبووەو ڕەگووریشەی مێژوویی نیەو حاڵەتێکی ناسروشتیە و هەلومەرجێکی هەنووکەیی بەرهەمی هێناوە. لەبەرامبەر ئەم گرووپەشدا، گرووپێکی دیکە لە توێژەران هەن و پێیانوایە ئیسلام وەک ئاینێکی تەوحیدی هەر بە سروشت ئیسلام و سیاسەت تێکەڵدەکات و لێرەوەش بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت بەو ناوچانەی کە تیرۆریسم تیایاندا دروستدەبێت و گەشەدەکات و خۆی بەجیهانی دەکات. بەڵام ئێمە تەواو لەدەرەوەی هەردوو قوتابخانە فیکریەکە کاردەکەین و پێمانوایە هیچ یەکێکیان ڕاستی ڕەهایان لانیەو هەردوو لاشیان وەک چۆن توانیویانە زانست لەسەر ئەم دیاردەیە بەرهەم بهێنن ئاواش زیادەڕەویانکردووە.

ئێمە پێمانباشە سەرەتای ئەم بەشە گرنگە بە ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوەی چەند تێگەشتنێکی پرۆفێسۆر گێرارد شالیاند و ئەڕنۆد بلین دەستپێبکەین. ڕاستە ئەم دوو پرۆفێسۆرە، وەک لە بەشی حەوتەمدا باسمانکرد، دوو توێژەرەی زیندووی ئەم بوارەن و جێگادەستیان بەسەر بەشێکی زۆر لە تیوریەکانی زەمینی تیرۆریسمەوە دیارە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە لەدەرەوەی ڕەخنەو خوێندنەوەی پێچەوانەو نەخێرەکان بن. بەپێچەوانەوە، کارەکانی ئەوان بەو قەدەرەی سەرچاوەی کەڵک لێوەرگرتنن، مەیدانی بیرکردنەوە ڕەخنەلێگرتنیشن.

ئەو دوو پرۆفێسۆرە دەنووسن:

> **" لە نێوان ئاینە تەوحیدیە جیهانیەکاندا، ئیسلام لە هەموویان باشتر توانیویەتی پرسیارە تیۆلۆژیەکان و پرسیارە سیاسیەکان تێکەڵ بەیەکتری بکات. بەم مانایە، ئیسلام وەک ئاینێک، زیاتر لە ئاینەکانی دیکە،خۆی لە هەموو قووتابخانە ئایدۆلۆژیەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم نزیکدەکاتەوە. کریسیستیانیسم، بە پێچەوانەی ئیسلامەوە، هەمیشە ئەولەویەتی بریتیبووە لە چارەسەرکردنی گرفتە تیۆلۆژیەکانی. بەڵگەشمان ئەو ململانێ نەپڕاوانەیانە لە مێژووە درێژەکەیدا. ئاوێزانبوونی تیۆلۆژی و سیاسەت لە ئیسلامدا ڕەگوریشەی لە**

**نێو مێژووە درێژەکەیدا دەدۆزێتەوە. لە نێو کۆنتێکستی سیاسی خێڵایەتی نیوە دوورگەی عەرەبیدا، موسوڵمانە سەرەتاییەکان، بۆ ئەوەی بژین و بمێننەوە، دەبوو لەسەر مۆدێلییێکی نزیک بە چوارچێوەی خێڵایەتی خۆیان ڕێکبخەن. واتە لە نێو ڕێکخستنێکدا کۆببنەوە کە دەسەڵاتی ئاینی و سیاسی تەنها بەیەک دەست بسپێرێت. ئەمە ئەو مۆدێلەیە کە چوارچێوەی ئاینی ئیسلامی دیاری دەکات."[xxxi]**

بێگوومان ئێمە هاودەنگین لەگەڵ هەردوو پرۆفێسۆردا کە تێکەڵکردنی سیاسەت و ئاین لکاوە بە مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلامەوەو بۆ تێگەشتن لەوەی کە ئێستا ڕوودەدات دەبێت بەتەنها ( ئێستا و ئێرە) نەخەینە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو سەرتاپای مێژوویەکی درێژ. هەرچەند من باوەڕم بەو هێزە پراگماتیستە شاراوەیەی (ئێستا و ئێرە) هەیە کە دێت و بەردەوام دەستکاری ئەو مێژووە دەکات. گرفتی ئێمە لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزەدا لەسەر ئەم خاڵە نیە. بەڵکو لەسەر پەیوەندی نێوان ئاینەکانی دیکە بە سیاسەت و دەسەڵاتەوەیە.

ئایا بەڕاستی تەنها ئیسلام لە نێوان ئاینە تەوحیدیەکاندا ویستویەتی و دەیەوێت خۆی تێکەڵ بەسیاسەت بکات ؟

ئایا شتێک هەیە بەناوی سروشتی سیاسی ئیسلامی کە ئاینە کانی دیکە نەیان بێت ؟

ئایا دەقەکانی قورئان ماکینەی بەرهەمهێنانی سیاسەتن و ئاینەکانی دیکە ئەم ماکینەیان نەبووەو نیانە، وەک ئیسلامیستەکانی جیهان بانگەشەی بۆدەکەن ؟

ئایا بەڕاستی کریستیانیسم ئاینێکی تیۆلۆژی ڕوتەو دەستوەرنادادتە کێڵگەی سیاسەتەوە؟

ئەگەر بێت و وەڵامەکانی ئەو دوو پرۆفێسۆرە بەڕێزە بە (بەڵێ، بەڵێ) بێت، ئەوا ئێمە بەجۆرێکی دیکە بیردەکەینەوەو شتەکان بەو شێوەیەی ئەوان نابینین. ئۆلێڤەر ڕوا، پرۆفێسۆر لە قووتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لە دوا کتێبیدا بەناوی (عەلمانیەت لەبەرامبەر ئیسلامدا) دەنووسێت:

**" ئێمە لە درێژەی تووێژینەوەماندا لەسەر ئاینەکان، بەتایبەتی ئاینە تەوحیدیەکان، تێبینی ئەوەدەکەین کە هیچ یەکێک لەو ئاینانە بە سروشت عەلمانی نین. ئاینی تەوحیدی ئەو چوارچێوەیەیە کە پێی وایە حەقیقەتی ڕەهای لە خۆگرتووەو وەڵامی بۆ سەرجەم پرسیارەکان پێیەو دەتوانێت ئاڕاستەی گووتار و ڕەفتاری بەشەرەکان بکات. ئەمە ئەو پرانسیپەیە کە کاردێنال ڕاتزێنگەر، بەرپرسی ڕێکخراوی ڕێگای ئیمان، هەمیشە دووپاتی دەکاتەوە. ئەو دەڵێت (ئاخر خۆ**

**سەرەڕای هەموو شتەکان حەقیقەتێکی ڕەها هەر هەیە)♣[٨]. هەموو ئیماندارەکان سەر بە هەر ئاینێک بن پێیان وایە کە یاسای خوا دەبێت باڵاتر بێت بە سەر یاسای بەشەرەکاندا و زۆرینەیەکی پەرلەمانیش ناتوانێت بڕیاری حەقیقەت بدات. کەنیسە تا ئێستاش ئەو یاسایەی قبوڵنیە کە ڕێگا بە لەباربردنی مناڵ دەدات. ئەو بەم هەڵوێستەی سەرجەم عەلمانیەت ڕەتدەکاتەوە، چوونکە وەک پێشتر گووتمان عەلمانیەت هیچنیە بێجگە لە چەند یاسایەک نەبێت کە پەیوەندی نێوان کێڵگەکان ڕێکدەخات♣[٩]. لەلایەکی دیکەشەوە**

---

♣ ئەمە هەمان ئەو پیاوەیە کە دوای مردنی پاپ جان پۆلی دووەم دەبێت بە پاپ و ناوی خۆی دەنێت بنوای شانزەهەم. بێگوومان ئەم کتێبەی پرۆفێسۆر ڕوا پێش مردنی پاپ نووسراوە، بۆیە ئاماژەی پێنەکردوە.

♣ ئۆلیڤەر ڕوا جیاوازی دەخاتە نێوان لایسیتێ کە بە عەلمانیەت ترجەمەی زمانی عەرەبی کراوەو سێکیولاریزاسیۆن کە دیسان هەر بە عەلمانیەت تەرجەمە کرواوە. بێگوومان ئێمە لە دوا کتێبی (ئیسلام ڕۆژئاوادا) بە درێژی لەسەر ئەم دوو چەمکە قسەمانکردوەو لێرەشدا بە پێویستی دەزانین بۆ یارمەتیدانی خوێنەر چەند پەرەگرافێکی ئەو کتێبە لەسەر ئەو دوو کۆنسێپتە تۆمار بکەین وگەر خوێنەر پێویستی بە زیاتر هەبوو دەتوانێت ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە سەر خودی کتێبەکە:

(رەگووریشەی ئیتیمۆلۆژی وشەی لایسیتێ تەواو گرنگە. لایسیتێ ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە سەر لاۆس کە تێرمێکی گرێکی کۆنە. لاۆس ئاماژەیە بە یەکێتی گەلێک کە وەک یەکەیەکی دابەشنەبوو پێشنیاردەکرێت. لێرەوە لایک دەبەێتەوە بە ئەو کەسەی کە ئینتیمای بۆ گەل هەیە، کەسێک کە نە بیروباوەری جیاواز، نە ئاینی جیاواز، نە بەرژەوەندی جیاواز ناتوانێت ئەو ئینتیمایەی لێبسەنێتەوە. لایک کەسێکە کە دەتوانێت هەڵبژێرێت لە نێوان ئاینەکان و مەزهەبەکان و ئایدۆلۆژیەکان و هتد. واتە یەکێتی لاۆس *laos* بەشێوەیەکی بەردەوەم یەکێکە لە بنەماکانی ئازادی و یەک سانی. یەکسانی لەسەر ئازادی بیرکردنەوە دادەمەزرێت. لێرەوە لە ئەکێتی لاۆس هیچ یەکێک لەو ئاین و مەزهەب و ئیدیۆلۆژیایانە بەشەرعی نازانێت کە لەسەر بنەمای تەمیز-discrimination ئازادی دەکوژن.

لە دونیای مۆدێرنی ئەمرۆدا، دەکرێت بڵێین بیروباوەری هیچ کەسێک یان گروپێک نابێت فەرزبکرێت بەسەر هەمواندا. یەکێتی لاۆس لێرەوە دەبێتەوە بە تەماشاکردنی هەموو ئاینەکان، هەموو عەقیدەکان، هەموو ئیدۆلۆژیەکان، هەموو مەزهەبەکان لە یەک یاستی یەکساندا. وە دەوڵەت دەبێت کۆمۆنیستێک و موسڵمانێک و مەسیحیەک و جولەکەیەک و مولحیدێک وەک یەک تەماشابکەت. هیچ ئاین و مەزهەب و ئیدیۆلۆژیایەک بۆی نیە نۆرمی گشتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانیتر دابمەزرێنێت. واتە لێرەوە دەوڵەت دەبێت تەواو بێلایەن بێت. تاکەکان دەبن بە موسوڵمان، دەبن بە جوولەکە، دەبن بە مولحید دەوڵەت بۆی نیە تەداخولبکات. کاری

**هەرچەند ئەمڕۆ عەلمانیەت لەسەر ئاستی سیاسی قبوڵکراوە، بەڵام کەمنین ئەو پیاوە گەورە مەسیحی و جوولەکانەی کە باس لە سنوورە بەرتەسکەکانی دەکەن. بۆنموونە مگر لوستیگەر، پیاوی گەورەی ئاینی مەسیحی و پاستۆری کلێرمۆنت ، هەروەها جۆزێف سیتروک، گەورە**

---

دەوڵەت ئەوەیە ئازادی هەموو تاکەکان بپارێزێت، تەنها ئەو کاتە بۆی هەیە تەداخولبکات کە ئازادی و یەکسانی تاکێک دەکەوێتە مەترسیەوە.

لێرەوە لایسیتیێ laïcité گوزارشتکردنە لە گەلێکی پێکهاتوو لە مرۆڤی ئازادو یەکسان. ئازادی گرەوێکە ملکەچی هیچ کرێدۆ-ئیمانیکی « *credo* » فەرزکراو نابێت. یەکسانیش بریتیە لە سرینەوەی پلەکانی ئەفزەلیەت، واتە ئەفزەلیەت نەدانە بە هیچ ئاین و بیروباوڕێک. هەموو ئاینەکان، هەموو گرووپەکان، هەموو ئیدیۆلۆژیەکان وەک یەک وانو دەوڵەت هەموویان دەپارێزێت.

لایسیتیێ هیچ گرفت و دژایەتیەکی لەگەڵ ئایندا نیە. گرفتی لایسیتیێ لەگەڵ خواستی ئەوکەسانەدایە کە دەیانەوێت ئاین بەکاربێنن بۆ مۆنۆپۆل و کۆنترۆڵکردنی پانتایە گشتیەکان. گەر ڕێگا بەئاینێک بدرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی پانتایە گشتیەکان بکات، ئایا تاکەکان مافی ئەوەیان دەبێت ببن بە کافرو مولحیدو مورتەدو کۆمۆنیست و بێئاین و هتد ؟ بێگومان نەخێر. کە کریستیانیسم کۆنترۆڵی پانتاییە گشتیەکان بکات ئەوکات ئەوەی بڵێت من مولحید یان موسوڵمانم دەیسوتێنێت. وەهەروەها بۆ هەموو ئاینەکانیتریش ڕاستە. دوڵەت دەبێت پارێزەری هاوڵاتیکان و ئاین و بیروباوەری هاوڵاتیەکانی بێت. پارێزەر بەمانای ئەوەی هەموو هاوڵاتیەک مافی ئەوەی هەیە ئەمرۆ مەسیحیبێت و بەیانی موسوڵمان، ئەمرۆ جولەکە بێت و بەیانی بوودیست، ئەمرۆ یەکێتی بێت و بەیانی پارتی، ئەمرۆ یەکگرتوو بێت و بەیانی شیوعی. هتد.

بەڵام سێکیولاریتێ sécularitéشتێکی دیکەیە جیا لە لایسیتێ . سێکیولاریتێ بریتیە لە دەرەنجامی پەروەردەکردنی تاکو گرووپەکان لەسەر نەگەرانەوە بۆ نۆرمو دۆگمو بناماکانی ئاین لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. سێکیولاریتێ دەرەنجامی سۆسیالیزەکردنی کەسەکانە لەسەر ئەو بەهاو سیستێمە ئەخلاقیانەی کە لە ئاینەوە سەرچاوە ناگرن. با دوو نموونە پێشنیار بکەم بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز دەوڵەتێکی لایک نە بووە، هەمیشە دەوڵەت ئاینێکی رەسمی هەبووە، بەڵام ئەو سیستێمە ئەخلاقی و ئەو بەهاو نۆرمانەی کە ژیانی ڕۆژانەی ئەمەریکەیەکان دەبات بەرێوە تەوەو سێکیولاریزە کراوەو هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نیە. بەڵام لە تورکیا دەوڵەتێکی لایک مان هەیە، دەوڵەتێ کە لەسەر لایسیتێ دامەزراوە، کەچی دەبینین ئەو نۆرمانەی کە ژیانی هاوڵاتیان دەبات بەرێوە تەواو لە ئاینەوە سەرچاوەدەگرن. واتە بزوتنەوەی پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتی کردنی هاوڵاتیان لەسەر بەهاکانی سێکیولاریتێ لە پلەیەکی تەواو نزم دایە. بەم شێوەیە دەبینین ئەمەریکا وڵاتێکی نالایک بەڵام سێکیولاریست، تورکیاش وڵاتێکی لایک بەڵام سکولاریزەنەکراو.)

**حاخامی جوولەکە، هەردوو کیان پێکەوە، بەتووندی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لەسەر ئەو یاسا فەرەنسیەی کە ڕەمزە ئاینیە کانی لە قووتابخانەکاندا قەدەغەکرد (بە حیجابیشەوە. ع.ب). ئەم دوو گەورە کەسایەتیە مەسیحی و جوولەکەیە گوزارشتیان لە خەمگینی خۆیانکرد لەبەرامبەر ئەو یاسایەدا. لێرەوە دەبینین سنوردارنەکردنی ئاین لە پانتاییە شەخسیەکاندا بەتەنها لەسەر ئیسلام تاپۆ نەکراوە، بەڵکو مۆرکی هەموو ئاینەکانە و هیچکامیان نایانەوێت تەنها کاروباری شەخسی بن."[xxxii]**

ئێمە هەست بەوە دەکەین زیاترلە پرۆفێسۆر ئۆلیڤەڕرواوە نزیکترین تا ئەو دوو بەڕێزەی پێشووتر، نەک لەبەر ئەوەی کە ئەو سەرپەرشتی تێزی دوکتۆراکەمان دەکات، بەڵکو لەبەر میسداقیەتی ڕاڤەکردنی زانستی و چوارچێوە تێوریەکانی. ئەو لە هەمان کۆنتێکستدا دەڵێت کاتێک دەمانەوێت بیسەلمێنین کە ئیسلام حاڵەتێکی تایبەتە و لە کریستیانیسم ناچێت و توانای قبوڵکردنی عەلمانیەت (بەمانا لایسیتێکەی) نیە وەک کریستیانیسم، ڕاستەوخۆ دەڵێین قورئان دەقێکی وای تیادا نیە کە عەلمانیەت قبوڵبکات، بەڵام لە کریستیانیسمدا ئەم دەقەمان هەیە:

**«Rendez à César ce qui est à César et à Dieu ce qui est à Dieu »**

**" ئەوەی بەشی قەیسەرە بیدەنەوە بە قەیسەر و ئەوەش بەشی خوایە بیدەنەوە بە خوا. "**

پرۆفێسۆر ئۆلیڤەر ڕوا پێیوایە ئەمە ئەو کوفرە میتۆدۆلۆژیەیە کە نابێت هەرگیز بیکەین. ئەمە ئەو "با" یەیە کە پانتایی دیالۆگ پیسدەکات. تێکەڵکردنی تێۆلۆژیا و پراکتیکی سیاسی و بازبازێن لە نێوان ئەو دوو مەیدانەدا هەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژی توێژەرانە. ئێمە دەزانین کاتێک پیاوێکی ئاینی و زانا بە تێۆلۆژیا دەیەوێت دەنگبدات بە عەلمانیەت دەستدەکات بە ئینجیلەکەیدا و دەقێک دەردەهێنێت و دەیکات بە ئەرگیومێنت بۆ جێبەجێکردنی خواستی خۆی. بەڵام ئایا ئامادەبوونی دەقێک لە ئینجیلدا کە ڕێگا بەو دابەشکردنە دەدات، هەرگیز بووە بە گەرەنتی درووستکرنی تێۆلۆژیایەک لەسەر عەلمانیەت ؟ یان ئایا ئەو دەقە گەرەنتی پراکتیکێکی عەلمانی پیاوانی ئاین دەکات ؟ مەگەر پاپ لە ١٨٦٤دا بەهەموو شێوەیەک لە نووسینەکانیدا عەلمانیەتی ڕەتنەدەکردەوە! کاتێک کەنیسە پڕیاری قبوڵکردنی عەلمانیەتیدا، لەبەر ئەوەنەبوو کە لە ئینجیلدا دەقێک هەیە و مەسیحیەکان دەبێت پابەندبن پێیەوە. تەنانەت کۆمیسیۆنێک لە زانایانی تێۆلۆژیا دروستنەبووبوو بۆ ئەوەی بێن و سەرلەنوێ تەفسیری ئەو دەقە بکەنەوە:

**" ئەوەی بەشی قەیسەرە بیدەنەوە بە قەیسەر و ئەوەش بەشی خوایە بیدەنەوە بە خوا "**

بەڵکو ئەو قبوڵکردنە دەرەنجامی شکستێکی سیاسی کەنیسەیە لەبەرامبەر جمهوریەتدا. کە کە نیسە هیچ ئیختیارێکی لەبەردەستدا نامێنێت، بە ناچاری عەلمانیەت قبوڵدەکات. پاش ئەو قبوڵکردنەش پیاوانی ئاینی ئینجیل دەکەنەوە بۆ

ئەوەی دەقێک بدۆزنەوە بۆ شەرعاندنی بڕیارەکەیان. ئێستاش کە زۆرینەی پیاوانی کریستیانیسم دێمۆکراسیان قبوڵەو دەنگدەدەن و لە ژێر سایەی عەلمانیەتدا دەژین، زۆر کەمتر پەیوەندی بە دەقی **" ئەوەی بەشی قەیسەرە بیدەنەوە بە قەیسەر و ئەوەش بەشی خوایە بیدەنەوە بە خوا** " هەیە و زیاتر پەیوەندی بەو گەشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە هەیە کە لە ژیانی ئەواندا ڕوویداوە. ئۆلیڤەر ڕوا دەرەنجام دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە عەلمانیەت هەر لەسەرەتاوە لەدژی کەریستیانیسم خۆی بیناکردوە. (ە.س.پ).

لێرەوە پێناسەکردنی کرسیتیانیسم وەک ئاینێکی ئاشتیخواز و عەلمانی و مەدەنی وەک ئەوەی هەر لە ساتی لەدایکبوونیەوە وابوویێت، بێجگە لە وەهمێک یان دیعایەیەکی ئیدیۆلۆژی شتێکی دیکە نیە. هەروەها پێناسەکردنی ئیسلام وەک یەکەیەک لە نۆرمی داخراوو موسوڵمانان وەک کۆمینۆتێیەکی تاقانە و دوور لەهەموو ئینتیماکانی دیکە، ئەو داوەیە کە توندڕەوە ئیسلامیەکان بۆ هەموو جیهانیان ناوەتەوەو ئێمەش بە ئاسانی تێی دەکەوین. ئەوە ئەوانن کە دەیانەوێت ئیسلام و موسوڵمانان بەو شێوەیە بخەنە سەر شانۆ. ئەمە ئەو وێنانەن کە لە خەیاڵدانی ئەواندا هەن و هیچ پەیوەندیەکیان بە واقیع و دونیای هەموو ڕۆژێکی موسوڵمانەکانەوە نیە.

هەردوو پرۆفێسۆر پرۆفێسۆر گێرارد شالیاند و ئەڕنۆد بلین دەنووسن:

> **" ئەو سروشتە عەلمانیەی کریستیانیسم ڕێگامان پێدەدات تێبگەین لەوەی کە بۆچی لەنێو ئیسلامدا سێکتێکی وەک ڕێکخراوی (بکوژەکان، نزیکەی هەزار ساڵێک لەمەوبەر) دروستدەبێت، لەکاتێکدا لە کریستیانیسمدا تێبینی هیچ بزووتنەوەیەکی لەم جۆرە ناکەین."[xxxiii]**

ئەوەی ئێمەی تووشی دەهشەت کردووە ئەم بیرکردنەوە سادەیەی ئەو دوو گەورە پرۆفێسۆرەیە. چۆن ئاوا بە ئاسانی کەوتوونەتە داوی ئەو پێناسانەوە کە فۆندامۆنتالیستە ئیسلامیستەکان بە ئیسلامی دەبەخشن! چۆن بازیانداوە بەسەر ئەو دەیان گرووپ و سێکت و بزووتنەوە تێرۆریستانەدا کە کریستیانیسمیان کردووە بە سەرچاوە !

## ١. مێژووی ڕێکخراوی بکوژەکان

ساڵی ٧٦٥ ئیمام جەعفەرسادق کۆچی دوایی دەکات. مردنەکەی قەیرانێکی مێژوویی لە نێوان هاوکارەکانیدا دروستدەکات. قەیرانی جێگرتنەوە. ئیمام لە دوای خۆی دوو کوڕ بەجێ دەهێڵێت. موسا و ئیسماعیل. سەربازو هاوڕێ و هاوکارانی موسا دواتر دەبن بەو شتەی کە ئەمڕۆ بە شیعەی دوانزەیی بەناوبانگن[xxxiv]. لەلایەکی دیکەوە، شوێنکەوتوانی ئیسماعیل گرووپێکی دیکە دروستدەکەن کە دواتر بەناوی ئیسماعیلیەکان ناوزەدە دەکرێن. بێرنار لویس دەڵێت ئیسماعیلیەکان زیاتر لە هەموو گرووپەکانی ئەو سەردەمە دامەزراوترو ڕێکخراوتربوون و خاوەنی بوونیەیەکی بەهێزو ئینسیجامێکی ناوەکی بوون. ئەو گرووپەی کە ئێمە

سەرگەرمی پشکنین (بکوژەکان) لە هەناوی ئیسماعیلیەکانەوە دێنە دەرەوەو لە نێو دڵی ئەواندا گەورە دەبن.

ئیسماعیلیەکان بەوە بەناوبانگبوون کە لە پاڵ قورئاندا فەلسەفە و مۆراڵیان خوێندوەو گرنگیەکی زۆریان بە زمانی گرێک و لاتین داوەو کۆنسێپتە فەلسەفیەکانیان خستووەتە خزمەتی سێکتە کەیانەوە. ئەمە یەکێکبووە لەو هۆکارانەی کە لەنێو کۆمەڵگە داخراوە ئوسوڵیەکەدا نەفرەتیان لێبکرێت و وەک شتێکی قێزەون تەماشا بکرێن و هەوڵدان بۆ پەراوێزکردنیان بوویێتە فەرمانێکی خودایی.

دەکرێت سەدەی یازدەهەم وەک سەدەی لاوازبوونی خەلەیفەی عەباسی لە بەغداد و سەدەی بەهێزبوونی سێکتی ئیسماعیلیەکان لە قاهیرە تەماشابکرێت. هەر لاوازبوونێکی بەغداد لەو سەردەمەدا بە قازانجی ئیسماعیلیەکان وەک رێکخراوترین گرووپ تەواو دەبوو. ئەوان بەتەنها لە قاهیرە نەبوون، بەڵکو وەک ئەلقاعیدەی ئەمڕۆ لە هەموو جێگایەک بوون. بەتایبەتی لە باشوری عێراق و یەمەن و پاشان ئێران. بە فەزڵی ئەو سەرمایە فەلسەفی و تێۆلۆژیەی کە هەیانبوو، دەیانتوانی قەناعەت بە خەڵکانێکی زۆربکەن و ڕیزەکانیان فراوان بکەن.

لە هەمان سەردەمدا پەیوەندی نێوان ئیسماعیلیەکان و ئیمپراتۆریەتی فاتیمیەکان هۆکارێکی دیکەی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانیان بوو. لە ڕێگای ئەو پەیوەندیە پتەوەوە، ئیسماعیلیەکان توانیان کونبکەنە چینە کۆمەڵایەتیە هەرە گرنگەکان و خۆیان بگەیەننە سەنتەرە هەرە گەورە ڕۆشنبیریەکان. ئەم گەورەبوون و بەهێزبوونەیان هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆبوو بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەی کە لە غداد فەرمانڕەوایی دەکرد. بەڵام گەشتنی تورکە سوونیەکان و جێگیربوونیان لە بەغداد دا بووە هۆی بەهێزبوونی کۆمەڵگەی سوونی دژ بە هەموو دوژمنەکانی.

تا ئەم کاتەش ئیسماعیلیەکان تەنها سێکتێکی فەلسەفی و تێۆلۆژی و ئەخلاقی بوون. دووربوون لە پرۆژەو دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئەوەی کە دێت و لە نێو ئەو کۆنتێکستەدا ڕێکخراوی (بکوژەکان) دروستدەکات، پیاوێکە بەناوی **حەسەنی سەباح**، کۆنە هاورێی نیزام ئەلمولک. لەکاتێکدا نیزام ئەلمولکی بە ئەسڵ تورک و بە مەزهەب سوونی دەگاتە لوتکەی دەسەڵات ، حەسەنی سەباح دەبێت بە دامەزرێنەری گەورەترین و بەهێزترین ڕێکخراوی دژ بەو دەسەڵاتە. لە کاتێکدا نیزام ئەلمولک زانکۆی بەغداد دادەمەزرێنێت و کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی توێژینەوەی هوونەری حوکومکردن*[١٠] « Traité sur l’art de gouverner » دەنووسێت، حەسەنی سەباح سەرگەرمی پرۆژەی تێرۆرکردنیەتی.

*بەداخەوە من دەقە عەرەبیە ئەسڵیکەم لە بەردەستدا نیە.

## ٢. شووناسی حەسەنی سەباح

حەسەن لە شاری قوم لەدایکبووە. قوم هەر لەو سەردەمەوە یەکێکبووە لە ناوەندە هەرە گەورەو بەهێزەکانی شیعەی دوانزەیی. باوکی عەرەبێکی شاری کوفەی باشووری ئێستای عێراقە. هەندێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن کە ڕەگوریشەی باوکی دەچێتەوە سەر یەکێک لە پاشاکانی باشووری سعودیە. هەرچەند ئێمە ڕۆژ و ساڵی لەدایکبوونی حەسەن بە دروستی نازانین، بەڵام بەپێی توێژینەوەو بەراوردکردنی بەروارەکان دەزانین کە ئەو لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمدا لەدایکبووە. بەمناڵی لەگەڵ باوکیدا دێت و لە ناوچەی ڕەی نزیکی تاران نیشتەجێ دەبێت و هەرلەوێش لەسەر نۆرمە ئاینیەکان سۆسیالیزاسیۆنی مناڵی و پاشان گەنجێتی وەردەگرێت. حەسەن لە ئۆتۆ-بیۆگرافیەکەیدا کە لەلایەن مێژونوسانەوە بۆمان بەجێماوە بەم شێوەیە لەو قۆناغەی ژیانی دەدوێت:

> **" لە مناڵیمدا، هەرلە تەمەنی حەوت ساڵیەوە، شەیدای هەموو مەعریفەکان بووم. دەمویست ببم بە زانایەکی گەورە. تا تەمەنی حەڤدە ساڵان دەمویست بەدوای زانستدا عەوداڵی زانست بووم، لەهەمان کاتدا کەسێکی بەوەفا بووم بۆ ئیمانی باوباپیرانم کە لەسەر ڕێبازی دوانزەیی بوون.**
>
> **هەرگیز گوومانم نەبووە لە ئیمانم بەرامبەر بە ئیسلام. هەمیشە قەناعەتم بەوەبووە کە خوایەکی زیندووی هەمیشەیی هەیە. هەمیشە ئیمانم بە پێغەمبەر هەبووە. ئیمانم بە ئیمام هەبووە. هەروەها بە بەهەشت و دۆزەخ. بە چاکە و خراپە. بۆ من ئاین و مەزهەب هەمیشە بریتیبووە لەوەی کە خەڵک بە گشتی و شیعە بەتایبەتی عیبادەتی خوابکەن و تەنها لە نێو ئیسلامدا حەقیقەت بدۆزنەوەو لەدەرەوەی ئیسلامدا بۆی نەگەڕێن. من باوەڕم وابوو کە مەزهەبی ئیسماعیلیەکان بەشێکبووە لە فەلسەفە و پادشای میسریش هیچ نەبووە فەیلەسووفێک نەبووبێت.**
>
> **"من هاوڕێیەکم هەبوو، ناوی ئەمیرا زاراب بوو، پیاوێکی زۆر باشبوو. ئەو باسی ئیسماعیلیەکانی بۆ دەکرم و دەیگووت: ئەوان ئاوان و ئاوان. من وەڵامم دەدایەوەو پێم دەگووت: (هاوڕێگیان توخوا وەک ئەوان قسەمەکە، چوونکە ئەوان خراپن و دژی ئاین قسەدەکەن.) بەمشێوەیە گووفتووگۆ لە نێوانماندا بەردەوام دەبوو. ئەو بەدرێژی باسی ئیمانی ئیسماعیلیەکانی بۆ دەکرم. من بە خۆمم دەگووت کە ئەوە ئیمانی ڕاستەقینەیە، بەڵام شتێکهەبوو ڕێگای لێدەگرتم و نەیدەهێشت باوەشی بۆبکەمەوە. ئێستا من ئیتر کامەرانم. دەمرم بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی گەشتنی حەقیقەتبکەم. چوونکە پێی گەشتم."[xxxvi]**

بیرنار لویس دەڵێت :

حەسەن و هاوڕێکەی دواتر لەیەکتر جودا دەبنەوە، بەڵام حەسەن تەواو کەوتبووە ژێر کارایی ئەو هاوڕێیەوەو بۆ تێگەشتنی زیاتر دەستدەکات بە خوێندنەوەی چەندین کتێبی ئیسماعیلیەکان. خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی وا کە بەشێکیان پەراوێزدەخات و بەشێکی دیکەیان دەکات بەسەرچاوەی کارەکانی داهاتووی. لەو کاتە ناسکانەدا حەسەن تووشی نەخۆشیەکی کووشندە دەبێت و بڕیاردەدات گەر چاکبێتەوە باوەش بۆ ئیمانی ئیسماعیلیەکان بکاتەوە. قەدەری ئەو وادەبێت کە نەمرێت و چاکبێتەوەو بەیعەت بدات بە ئیمامی فاتیمیەکان.

لێرەوەو سەرلەنوێ حەسەن لەدایک دەبێتەوەو ئەمجارە بە پەیامێکی نوێوە قاهیرە بەجێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ڕەی کە دواتر دەبێت بە یەکێک لە بنکە و پشتیوانی هەمیشەیی و سەرچاوەی هێزە بێسنوورەکەی.

کە چالاکیەکان و بنکە جەماوەریەکەی وردە وردە فراواندەبێت، دەسەڵات هەموو چالاکیەکانی حەسەنی سەباح دەخاتەژێر چاودێریەوەو وردە وردە تەنگی پێ هەڵدەچنێت و گووشاری دەخاتە سەر. حەسەن بەناچاری ناوچەکە بەجێدەهێڵێت و لەنێو مەسیفەکانی چیای ئەلبورزدا هەواری خۆی هەڵدەدات و قەڵاکانی خۆی دروستدەکات. ساڵی ١٠٩٠ بەهاوکاری شوێنکەوتوەکانی کۆشکێکی شاهانە لە ئەلبورزدا دروسدەکات و تا مردنی لە ساڵی ١١٢٥ تیایدا دەمێنێتەوە[xxxvii].

## ٣. لە دەعوەوە بۆ تیرۆریسم

ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەی کە حەسەن دەعوەی تیدا دەکرد, ناوەندێکی پێکاهاتووبوو لەو چینە کۆمەڵایەتیەی کە لەژێر زەبرو زەنگی ئەمیرەکانی جەنگ و چەند دەوڵەمەندێکی کەمدا هەموو شتێکیان لەدەستدابوو. ئەندامانی ئەم چینە لە ناوچەکانی ڕەی و ئەلبورزو ئەلەموت لە نەفرەتێکی هەمیشەیی پەراوێزکردندا دەژیان. پەراوێز لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئابوری، لە مەوقیعە کۆمەڵایەتیە گرنگەکان. ئەو هەلەومەرجە لە مێژوویەکی درێژدا دروستبووبوو. مێژوویەک کە بووبوو بە زیندانی ئەو ئەندامانە، زیندانێکی تاریک کە تیایدا زیندانی بە درێژایی تەمەنی لە چاوەڕوانیدا دەژی. چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگا، چاوەڕوانی هاتنی پاسەوانێک، چاوەڕوانی چوونە سەرئاو. بەڵام گرنگترین چاوەڕوانی زیندانی هاتنی فریادڕەسە. فریادرەسێک کە لە دورەوە دێت و هەموو کلیلەکان دەشکێنێت و پێیدەڵێت: " ئیتر تۆ ئازادیت"

حەسەنی سەباح دەیویست خۆی وەک ئەو فریادڕەسە بخاتە سەر شانۆ. فریادڕەسێک کە دێت و هەموو کۆت و زنجیرەکان دەشکێنێت و دەستی ئەمیرەکانی جەنگ دەبڕێت و ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەکان لەناو دەبات و ژیانێکی کامەران و شەرەفمەندانە بۆ هەژاران و زەحمەتکێشان دابیندەکات و پەراوێزکراوەکانیش دەگەیەنێتە ناوەندەکانی دەسەڵات.

ئەمە هەمان ئەو ستراتیژیەتەیە کە بەشێکی زۆر لە بزووتنەوە ئازادیخوازە نیشتمانیەکانی سەدەی بیستەم گرتوویانەتە بەر. ئەو بزووتنەوانە (بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کوردی، بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی جەزائیری، بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی فەلەستینی، هتد)، وەک حەسەنی سەباح،

دەیانوووویست لە ڕێگای ئەم دروشمانەوە پشتیوانی جەماوەری بۆ پرۆژەکانیان دابین بکەن.

پاش ئەوەی حەسەن پشتیوانی جەماوەری بەدەستدێنێت، هەوڵدەدات هەنگاوێکی دیکە لە ریالزەکردنی پرۆژەکەی پراواتە پێشەوە. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری چۆنیەتی هەیمەنەکردنی تەواو بەسەر ئەو ناوچانەدا، دێت و یەک یەک دەوڵەمەند و بۆرژوازەکان ئاگاداردەکاتەوەو داوایان لێدەکات بە خۆشی خۆیان قەڵاو کۆشکەکانیان بەجێبێڵن و باربکەن و ناوچەکە بەجێبێڵن. لەبەرامبەر ئەم داوایەی حەسەندا، دەوڵەمەند و خاوەن کۆشک و قەڵاکان نێگەتیڤانە وەڵامدەدەنەوەو ئامادەنین دەست لە سەروەت و سامان و مەوقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان هەڵبگرن. ئەم وەڵامە نێگەتیڤە دەکرێت وەک سەرەتای لەدایکبوونی تێرۆریسمی گرووپەکەی حەسەنی سەباح تۆماربکرێت. چوونکە لەم ساتەدایە کە ئەو دێت و یەک یەک ئەو دەوڵەمەندانە تێرۆر دەکات و دەستدەگرێت بەسەر قەڵاو کۆشکەکانیانداو بەم پەیمامە خوێناویەش ئەوانیدیکە ناچاردەکات، لە پێناوی خۆ ڕزگارکردندا، هەموو شتێک بەجبێڵن. بەم شێوەیە حەسەن، هێدی هێدی دەستدەگرێت بەسەر هەموو خاڵە ستراتیژیەکانی ناوچەکەدا[xxxviii].

پاش جێگیربوونی دەسەڵاتی لەو ناوچانەدا، حەسەن هەوڵدەدات چەند ناوچەیەکی دیکەی پەراوێزکراوی یاخی و دژ بە دەسەڵاتی سەلجوقیەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و بیناخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ساڵی ١٠٩٢ وەفدێک دەنێرێت بۆ ناوچە ناوچەی کوێستان کە ئێستا دەکەوێتە سەرسنوری نێوان ئەفغانستان و ئێرانەوە دانیشتوانی.ئەو ناوچەیە تا ئەو کاتەش عاتیفەیان بۆ ئاینی زەردەشتی مابووە. هەروەها لایەنگرو دۆستی هەر کەمینەیەکبوون کە لەلایەن دەسەڵاتی سەنتراڵەوە پەراوێزدەکرا. ئەوان بەگەرمی باوەشیان بۆ حەسەن و گرووپەکەی کردەوەو ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەک نیشاندا.

بێگوومان باڵی هەیمەنەی حەسەن بەسەر ئەو ناوچانەدا هەموو جارێک وا بە ئاسانی ناکشێت و دەسەڵاتیش تاسەر لە گەشەکردن و بەهێزبوون و کردەو چالاکیەکانی حەسەن بێدەنگنابێت. با پێکەوە لەم ڕوداوەی شاری ساڤا ڕابمێنین.

شوێنکەوتووانی حەسەن، بۆکۆنترۆڵکردنی ئەو شارە، بڕیاردەدەن لە بانگدەرەکەیەوە دەستپێبکەن. دەیانووسیت قەناعەتی پێبکەن و بیهێننە سەر ڕێبازی ئیسماعیلیەکان. ئەوان دەیانزانی گەرێت و ئەم بانگدەرە قبوولیبکات ببێت بە ئەندامی سێکتەکەیان، ئیتر زۆر دەرگای شارەکەیان بۆدەکرێتەوە. کاتێک ئەم پێشنیارە دەخەنە بەردەستی، ئەو وەڵامێکی نێگەتیڤیان دەداتەوە. فیداییەکانی حەسەن، لەبەرچاووی ماڵ و منالەکەی سەری دەبڕن.

کاتێک ئەم هەواڵە دەگاتەوە بە نیزام ئەلمولک، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتە، بەهێزترین دەسەڵاتی دەوڵەت، ئاگر لەگیانی بەردەبێت و بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات و داوا لە سوپاو دەزگا جاسووسیەکانی دەکات ، بەهەر نرخێکبووە، بکوژی ئەو بانگدەرە بدۆزنەوە. خواستی وەزیر دواناکەوێت و لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەیدۆزنەوەو دەیکوژن و لاشەکەی بەنێو بازاڕی شاردا ڕادەکێشن و لەجێگایەکی

بەرزدا هەڵی دەواسن بۆ ئەوەی ببێت بە دەرس بۆ فیداییەکانی دیکەی حەسەنی سەباح[xxxix].

نیزام ئەلمولک نایەوێت لەو سنورەدا بوەستێت و بڕیاردەدات ئەو گرووپە لەڕەگوریشەوە هەڵکەنێت و سووپا ئامادە دەکات بۆ هێرشکردنە سەر سەرکردایەتیەکەی لە ئەلەموت. لەهەمان کاتدا، حەسەنی سەباحیش سەرگەرمی ئامادەکردنی گەورەترین چالاکی تێرۆریستی مێژوویی بوو، چالاکیەک کە دواتر ڕەوتی ڕووداوە مێژوویەکان دەگۆڕێت و دەنگدانەوەکەی کەمتر نابێت لە دەنگدانەوەی چالاکیە تێرۆریستیەکەی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١. حەسەن بڕیاریدا نیزام ئەلمولک، لووتکەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت تێرۆر بکات.

١٦ ئۆکتۆبەری ١٠٩٢ ئەو بەروارەیە کە لە مێژووی تێرۆریسمدا لەبیرناچێتەوەو وەک یەکێک لە ڕوداوە هەرە گەورەکانی هەموو سەردەمێکی تێرۆریسم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لەو ڕۆژەدا بەپێی نەخشەیەکی ئامادەکراوی بەوردی داڕێژراو، یەکێک لە تێرۆریستەکانی حەسەنی سەباح، نیزام ئەلمولک تێرۆر دەکات. ئەو ڕۆژە شتێک لەنێو هەموو جیهانی ئیسلامیدا ڕوویدا. چوونکە ئەو پیاوە، لە ڕێگای هەموو کارەکانیەوە گەورەترین مەکانەتی سیاسی سەدەی یازدەهەمی بۆخۆی بیناکردبوو. تێرۆرکردنی ئەو پیاوە، تێرۆرکردنی ئەو مەکانەتەبوو. هەروەها ئەم کردەوە تێرۆریستیە بەڵگەشە لەسەر پێگەشتن و رێکخراوەیی و بەهێزی و دەسەڵاتی حەسەن لەلایەک و لەدایکبوونی ناوی ڕێکخراوی (بکووژەکان)یش لەلایەکی دیکەوە. لە ڕۆژی تێرۆرکردنی نیزام ئەلمولکەوە ئیتر سێکتەکەی حەسەن ناوی (بکووژەکان)ی لێدەنرێت[xl].

نیزام ئەلمولک ئەو دەسەڵاتدارەبوو کە چەندین دەزگای هەواڵگری و جاسووسی بە نێو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوکردبووەو دەکرێت ئەو دەزگایانەی ئەو بە C I A و F B I وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەراورد بکرێت. ئەو دەیوست لە ڕێگای ئەو دەزگایانەوە ئیمپراتۆریەتەکەی کۆنترۆڵبکات و درێژە بەتەمەنی بدات و هەروەها بەکاریانبێنێت بۆ پاراستنی ژیانی خۆی و ئەندامانی ئیدارەکەی. بەڵام هەروەک چۆن سەرجەم دەزگا موخابەراتیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەیانتوانی ڕێگا لە کردەوە تێرۆریستیەکەی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بگرن، بەهەمان شێوەش هەموو دەزگاکانی ئیمپراتۆریەت نەیانتوانی ڕێگا بەو تێرۆریستەی حەسەنی سەباح بگرن کە بە جلوبەرگی سۆفیەکەوە هات و گەورەترین ڕەمزی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بە خەنجەرێک تێرۆر کرد. ئەم کردە تێرۆریستیە، ئۆقیانووسێک لە ترسی لە نێو ئیمپراتۆریەتدا بڵاوکردەوە، بەتایبەتی لە ڕیزەکانی دەسەڵاتداران و بەپرس و پیاوەکانی دەوڵەتدا. هەموو ئەو پیاوانە گەشتنە ئەو قەناعەتەی کە حەسەنی سەباح لە هەر زەمان و مەکانێکدا بیەوێت گورزی خۆی دەوەشێنێت و ئەوەی ویستی تێرۆری دەکات و دەستی دەگات بە هەموو جێگایەکی سەر زەوی. ئەمە هەمان ئەو هەستەیە کە بن لادن لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا دروستی کرد. ئالان تورێن دەڵێت بن لادن دەیەوێت پێمانبڵێت دەستم دەگات بە هەموو جێگایەکی جیهان و لە هەر جێگایەک ویستم دەست دەوەشێنم.

تۆرێن پێی وایە لەپاش هەرەسی ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیستەوە تا ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ ئێمە باسمان لە کۆمەڵگەی مەدەنی و لاوازبوونی نۆرمەکان و ئازادی تاکەکان دەکرد. بەڵام لە ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ وە، کۆمەڵگەکان و تەنانەت هەرە دەوڵەمەندەکانیش لە نێو ترس و زەبروزەنگ و جەنگێکی بەردەوامدا دەژین. لەپاش ئەو روداوەوە، کەمنین ئەو کەسانەی کە پێیانوایە ئیتر دەبێت گوێ لە گوللــەی فیشەکەکان بگرین نەگ لە گۆرانیەکانی لارا فابین، ئیتر دەبێت زمانی CIA بەکاربێنین نەک زمانی فەیلەسوفەکان[xli]. تۆرێن دەڵێت:

> **" ئەم ترسە بەردەوامە، ئەم هەرەشە کوشندەیەی بەرێوەیە، هەروەها خواستی جەنگ دژی خراپە بەناوی خوایەکی پارێزەرەوە، داهێنان و مۆتەکەی ئەمەریکی نیە. دروستکراوی خەیاڵی ئەمەریکیەکان نیە. بەڵکو واقیعێکە. ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ بریتیە لەو روداوەی کە لە نیۆیۆرك و واشنتۆن رویداوە. روداوێک کە لەدەرەوە دێت و ناوەوە دەپێکێت."[xlii]**

ئێمە لەبەشی چوارهەمی ئەم کتێبەدا بە درێژی کلیکمان کرد لەسەر تێرۆریسم وەک ستراتیژیەتی ترس و ڕەهەندەکانی ئەو ستراتیژیەتەمان خستە سەر شانۆ. لەسەرەتای ئەو بەشەوە نووسیمان: یەکێکی دیکە لە ستراتیژیەتەکانی تێرۆریسم چاندنی ترسە لە نێو پانتاییە جەماوەریەکاندا. ترس لە سەر هەموو ئاستەکان، بەشێوەیەک کە هەر هاوڵاتیەک هەست بەوەبکات بۆ هەرکوێیەک پروات تارمایی تیرۆریستێک بەدوایەوەیەتی، هەر هاوڵاتیەک هەست بەوە بکات تێرۆریستێک لە گیانیدا دەژی. ئەمە دروست ئەو نەخشەیە بوو کە حەسەنی سەباح لە ١٦ ئۆکتۆبەری ١٠٩٢ داو ئوسامە بن لادن لە ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا کێشابوویان، نەخشەی دروستکردنەوەی جیهان لە ترس. ئەگەر جیهانی هەر یەکێک لەم دوو بەروارە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی، جیهانێکی جێگیرو ئارام بوویێت، بێگوومان جیهانی دوای هەریەکێک لەم دوو بەروارە جیهانی ترسێکی بەردەوام و هەمیشەییە.

پاش تێرۆرکردنی نیزام ئەلمولک، حەسەن لەسەر ئاستی سەربازیش بەهێز دەبێت و تەنانەت ئامادەشە جەنگی بەرەیی لەگەڵ سوپای ئیمپراتۆریەتدا بکات و سەرکەوتنیش بەدەستبێنێت. لەهەمان ساڵی تێرۆرکردنی ئەو پیاوەداو لە دوو ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەییدا فیداییەکانی حەسەنی سەباح سووپای ئیمپراتۆر دەشکێنن و ڕێگای پێنادەن کۆنترۆڵی بارەگاکانی سەرکردایەتیان بکات. ئەم دوو سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکانە، هێندەیتر هەیمەنەی حەسەنی سەباح لە نێو دونیای ئیسلامیدا فراوانتر دەکەن و لەبەرامبەریشیدا دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەت لاوازتر دەکەن. بەتایبەتی لە پایتەخت، دیالۆگ لەسەر جێگرتنەوەی سوڵتان هێشتا کۆتایی پێنەهاتبوو. ئەو دیالۆگە هەندێک جار وەک توندوتیژی خۆی مانیفێست دەکرو ورێگای لە بەرپرسەکان دەگرت وەک پێویست ڕووبەڕووی حەسەن بینەوە. دوو ساڵ پاش تێرۆرکردنی نیزام ئەلمولک، فەوزایەک لە نێو سەرکردایەتی ئیمپراتۆریەتدا دروستبوو. فەوزای کەسی یەکەم، ئەو کەسە کاریزماتیکەی کە دەبوو جێگای ئەو بگرێتەوە، لەماوەی ئەو دوو ساڵە دا هێشتا

نەهاتبووە سەر شانۆ. بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەو پیاوەبوو کە دواتر بە ناوی شێخی شاخ ناوبانگی دەرکرد.

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا شێخ لە شاخ هاتە خوارەو پەلاماری شاری شاهدێزی نزیک ئەسفەهانی ئێستای داو خستیە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە. لە هەمان دوو ساڵدا ویستی دەستبگرێت بەسەر چەند شارێکی دیکەی گەورەی وەک ئەسفەهاندا. بەڵام بۆی نەکراو دواتر پەنای بردەوە بەر تێرۆرکردن لەسەر هەردوو ئاستی مەدەنی و چەکداری، حاکم و مەحکوم. ئەگەر جارانی پێشوو شێخ حەسەن، شێخی شاخ، توانیبێتی سوود لە ئۆپێراسیۆنەکانی وەربگرێت، لە کردەوە تێرۆریستیەکانی ئەمجارەیدا دژ بە جەماوەر زیانێکی زۆری کرد. چوونکە جەماوەری شارەکان بۆ خۆیان، دژ بەو کردە تێرۆریستیانەی کە بەرامبەریانکرابوو، وەک سەربڕینی مناڵان و ژنان و مەدەنیەکان لە ماڵ و بازاڕو نێو مزگەوتەکانیاندا، ڕاپەڕین و هەموو دەرگاکانیان لەسەر تێرۆریستەکانی شێخ حەسەنی سەباح داخست. ئەم دیمەنە هەمان ئەو وێنانەمان دێنێتەوە بەرچاو کە دوای ئۆپێراسیۆنە تێرۆریستیەکانی ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە لە هەولێرو سلێمانی ئەنجامیاندا. وێنەی کاردانەوەی جەماوەری کوردوستان و چۆنیەتی داخستنی دەرگاکانیان بە ڕووی تێرۆریستەکاندا.ئێمە پێمانوایە، یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی تێرۆریستان لە کوردوستاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جەماوەر، سەرەڕای هەموو گلەیی و ڕەخنەکانی لە پارتی و یەکێتی، ئامادەنیە ڕیشی خۆی بداتە دەست تێرۆریستەکان و یاری بە چارەنووسی خۆی بکات. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەبێت کە جەماوەری کوردوستان هێشتان تروسکەیەکی ئومێدی بەوە مابێت کە پارتی و یەکێتی خۆیان بگۆڕن و ئەو بەڵێنانەی لە کاتی شۆڕشدا دابوویان بە هاوڵاتیانی کوردوستان جێبەجێی بکەن. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە ئەم تروسکە ئومێدەش نامێنێت، ئیتر دەرگای شانسێکی باش بەسەر گرووپە تێرۆریستیەکاندا دەکرێتەوە بۆ غەزوکردنی کوردوستان. بەداخەوە ئەوەی ئێمە، بە شێوەیەکی بابەتی، تێبینی دەکەین، نزیکبوونەوەیەکی ترسانکە لە کۆژانەوەی ئەو تروسکەی ئومێدە. مامەڵکردنی کورد لە ئەم ڕۆدا لەگەڵ ئەم تروسکەیەدا، مامەڵەی کەسێکە وشیارنەبێت بەم هاوکێشەیە، هاوکێشەی (هەنگاوێک نزیکبوونەوە لە کۆژانەوەی ئەم تروسکەیە لای کۆمینۆتێی کورد، هەنگاوێک نزیکبوونەوەیە لە تێرۆریستەکان). با نموونەیەکی کۆنکرێتی بخینە بەردەست.

نێچرەوان بەرزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە سیاسەتی کۆمینۆتێی کوردی لە عێراقدا بەرهەمدەهێنن و کردەکانی کاراپێی ڕاستەوخۆیان هەیە بەسەر کێڵگەی سیاسی کوردیەوە. لە ڕۆژی سەری ساڵی تازە خوێندنداو (١٦ سێپتەمبەری ٢٠٠٦) لە بەردەم ڕۆژنامەنووسەکاندابەمجۆرە وەڵامی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردوستان دەداتەوە. بێگومان من دەقی هەواڵەکە لە سایتی پەیامنێرەوە دەگوێزمەوە:

> **" سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بارەی کێشەی سووتەمەنیەوە رایگەیاند کە هەرچەندە سووتەمەنی کێشەیەکی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام پێویستە خەڵك ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە**

**توانای حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەبەر چەند هۆکارێك زۆر سنووردارە. سەرۆکی حکومەت هۆکارەکانی ئەو کێشەیە و سنووردارێی توانای حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی، بۆ چەند هۆکارێکی سیاسی گەڕاندەوە، وەك کێشەی ئاڵا و فیدرالیەت کە یەك لەدوای یەك دەبنە هۆی سنووردارکردنی پڕی سووتەمەنی هاتوو بۆ کوردستان، سەرەڕای ئەمانەش تاکو ئێستا چەندین جار هێڵی بێجی لەلایەن تیرۆریستانەوە تەقێنراوەتەوە و تا ئێستاش ئاسایشی ئەم هێڵە نەوتیانە نەپارێزراون.**

**هەروەها نێچیرڤان بارزانی گوتی: "ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەوە ئەمنیەتی ئەو بۆریانە دابین بکەین، بەڵام هۆکارە سیاسیەکان نایەڵن ئێمە ئەو کارە ئەنجامبدەین، بۆیە ئێستا خەریکی داڕشتنی ڕێکەوتنێکین لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هێڵە بە پارێزراوی بمێنێتەوە و بەمەش کێشەی سووتەمەنی بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە کوردستان کەمدەبێتەوە.**

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند" :سەرچاوەی دووەمی سووتەمەنی لە کوردستان بریتیە لە تورکیا کە ئەویش هەر لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام گرێبەستەکەی تورکیا لەگەڵ عێراق بە هۆی قەرز و چەند هۆکارێکی دیکەوە وەستاوە، بۆیە ئێستا خەریکی نوێکردنەوەی ئەو گرێبەستەین، هەروەها لە هەوڵێکی دیکەدا پارێزگاری سلێمانی هەوڵیداوە کە گرێبەستێك لەگەڵ پارێزگاری کرماشان ئەنجامبدات بۆ ئەوەی سووتەمەنی لە پارێزگای ناوبراوەوە بۆ کوردستان بێنن[xliii]".**

سەرۆکی حکومەت بەشێکی گەورەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمینۆتێی کوردی عێراقی، بە دوو شتەوە دەبەستێتەوە، ئاڵاو فێدێرالیسم. بێگوومان ئەمە ڕاکردن و خۆشاردنەوەیەکی بەرچاوی کەسی یەکەمی حکومەتە لە تێگەشتن و چارەسەرکردنی جیددیانەی ئەو گرفتانە. ڕاستە ئاڵا و فێدێرالیسم دوو دەسکەوتی ڕەمزی گرنگن بۆ کۆمینۆتێی کورد، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لە ئاڵاو فێدێرالیسم گرنگتر تاکی کوردە کە مافی ئەوەی هەیە بەلای کەمەوە گرفتەکانی ئێستا و ئێرەی بۆچارەسەربکرێت. جەنابی سەرۆک، ئێمە وەک کورد، کە توانای چارەسەرکردنی گرفتی سووتەمەنیمان نەبێت، بۆ دەبێت پەلاماری ئاڵا و فێدێرالیسم بدەین ؟ کە پەرلەمان و حکومەت توانای چارەسەرکردنی گرفتی کارەبای نەبێت بۆ دەبێت پەلاماری ئاڵا و فێدێرالیسم بدات ؟ کە ئێمە نەتوانین بەو ١٧٪ کە لە داهاتی عێراق وەری دەگرین و بە پێی ڕۆژنامەی هاوڵاتی*[١١] شەش

---

*تایبەت بە هاوڵاتی ٢٠٠٦/٠٨/٢٥:" ئەمساڵ حکومەتی هەرێم لەمیزانیەی گشتی عێراق، لەبری ١٧,٧% تەنها پڕی ٨,٤% وەرگرتوەو ئەم ڕاستیەش لەم مانگەدا بۆ سەرکردایەتی

ملیار دۆلارە، کوردوستان بکەین بە گوڵ و نەسرین و (وەتەن ئاوا بکەین) ئیتر بۆ دەبێت دوژمنەکانی (وەتەن) زیاد بکەین ؟

لەکاتێکدا زۆربەی زۆری شارەکانی کوردوستان بەشێوەیەکی مەدەنیانە دێنە سەر شەقامەکان و هاواردەکەن (پروخێ ئەم بینایە، مەسولی دزی تیایە) و لەبری ئەوەی حکومەت وەڵامی داواکانیان بداتەوەو مەسولە دزەکە لاببات، دێت و بە دروستکردنی گرفتێکی ناسیۆنال (گرفتی ئاڵا) وەڵامی ئەو جەماوەرە دەداتەوە، ئیتر چۆن هەنگاوێک ئەو جەماوەرە لە بێ ئومێدی و لە نارەزایی و لە یاخیبوون و لە بێزاریی نزیک نابێتەوە ؟ جەنابی سەرۆک، باشە وا ئاڵای کوردوستان بەسەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییشەوە شەکایەوە، باشەوە وا هەموو دەوڵەتانی دونیا ئیعترافیان بە دەوڵەتی کوردوستانی سەربەخۆ کرد، کە دانیشتوانی کوردوستان لە تاریکستانی بێ کارەبای و بێ ئاوی و بێ کاری و بێ سووتەمەنی و بێ ئاوەدانکردنەوە و بێ شەمەنەفەر و بێ میترۆ و بێ باڵەخانە و بێ ئۆتۆمۆبێل و بێ پارک و بێ مەلەوانگە و بێ سەیرانگا و بێ مووچە و سەدان بێ بێی دیکەدا ژیان بەچی دەچێت و بە کەڵی چی دێت ؟ بێ گوومان کوردوستانێکی سەربەخۆ

---

سیاسی کورد ئاشکرابوە لەکاتێکدا بریار وایە، دوای دەرهێنانی نەفەقاتی کرینی خۆراك و سوتەمەنی و کارەبا و مەسروفاتی حەج و هەڵبژاردنەکانو سەرۆکایەتی کۆمار، ئینجا حکومەتی هەرێم بری ١٧,٧% ی لەمیزانیەی عێراقی بدرێتی، کە دەکاتە نزیکەی شەش ملیار دۆلار، بەڵام ئەمساڵ تەنها ٢,٨٥٠ دوو ملیار هەشت سەدو پەنجا ملیۆن دۆلار بۆ دانراوە، پێش چەند هەفتەیەکیش حکومەتی هەرێم بەم راستیەی زانیوەو ئێستا لەهەوڵدایە بۆ چاککردنی. سەرچاوەیەکی بەرپرس لەوەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێرای پشت راستکردنەوەی ئەم هەواڵە بە هاوڵاتی راگەیاند "ئەم راستیە کێشەیەکی گەورەی لەنێوان حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی حکومەتی مەرکەزیدا دروستکردوە." سەرچاوەکە وتیشی "سەرجەم بودجەی حکومەتی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بری ٣٤,٣٦٧,٥٩٦ ملیار دۆلارە، بەڵام لەو برە تەنها ٢,٨٥٠ ملیار هەشت سەدو پەنجا ملیۆن دۆلار دراوەتە هەرێمی کوردستان." سەرچاوەکە وتیشی"هۆکاری برینی ئەو برە پارانە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی عێراقی نەفەقاتی کرینی خواردەمەنی و سوتەمەنی و کارەبا و مەسروفاتی حەج و هەڵبژاردنەکانو سەرۆکایەتی کۆماری لێدەرکردووە، هەروەها٣,٥٠٠ ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاریشیان لێبریوە بۆ پرۆژەکانی پێشخستنی نەوت کە تا ئێستا هیچیان لێ سەرف نەکردووە و لە کۆتایدا دەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی عێراقی بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر ئەم گرفتە، هەفتەی پێشوو لەهاوینەهەواری سەڵاحەدین لەکۆبونەوەیەکی تایبەتدا لەنێوان سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی، بریاردرا حکومەتی هەرێم داوا لەبەغدا بکات کە بۆ لەمەولا خۆی خواردەمەنی و پێداویستیەکانی تر بکرێتو حکومەتی مەرکەزی دەستی تێوەرنەدات. جێگای باسە بودجەکەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، مانگانەو هەر مانگێکیش بەدوو تا سێ وەجبە دەدرێتە حکومەتی هەرێم، بوجەی هەرێم لە ٥٤% بۆ ئیدارەی هەولێرە و ٤٦% بۆ ئیدارەی سلێمانیە."

بەم هەموو گرفتانەیەوە دواتر دەبێت بە گەورەترین شەریکە، وەک ئەفغانستان، بۆ بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە تیرۆریسم و توندڕەویەک کە دواتر جیهان دەخاتە مەترسیەوە.

یەکێک لە گرفتە هەرە بەرچاوەکانی پارتی و یەکێتی ئەوەیە کە تا ئێستاش بەو چوارچێوە عەقلیەی خەباتی شاخەوە حکومەتداری دەکەن. گەر خەباتی شاخ، خەباتی چەکدارانە دژ بە ڕژێمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتێر، پێویستی بە گەشانەوەی بلێسەی گرفتە نەتەوەییەکان بوویێت، ئەوا خەباتی شارو مەدەنیانە پێویستی بە دروستکردنی وەڵامی پۆزەتیڤانەیە بۆ سەرجەم پرسیارە کۆمەڵایەتیەکان. لەم قۆناغەدا، هۆڵی ئیمتیحانی یەکێتی و پارتی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانە و هەموو شتەکانی دیکەش بە پلە دوو دێن. گەر پارتی و یەکێتی لەم ئیمتیحانەدا دەرنەچن، داهاتوویان لە داهاتووی ڕژێمە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و بزووتنەوەی فەتح باشتر نابێت. بەداخەوە، تا ئێستا و پاش پانزە ساڵ لە ئازادی، پارتی و یەکێتی نەیانتوانیوە قەناعەتمان پێکبکەن کە لە ئیمتیحانە کۆمەڵایەتیەکاندا دەردەچن.

با پێکەوە لەم هەواڵەی ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ڕابمێنین:

### سی و دوو هەزار مووچەخۆری وەهمیی لە کوردستان هەیە

[٠٧ Sep ٢٠٠٦]

**" بە پێی دوایین وردبینی سەنتەری کۆمپیتەر لەفەرمانگەی ئاماری سلێمانی ١٣٩٩٥ کەس لە ئیداەی پێشووی سلێمانی دوو مووچە، یان زیاتریان هەیە و بەپێی بڕیاری حکومەتی هەرێم کە لە یەکی مانگی داهاتووەوە دەستنیشان کراوە، پێویستە ئەو کەسانە خۆیان یەکلایی بکەنەوە و بە پێچەوانەوە مووچەیان لێ دەبڕدرێت و لە فەرمانگەی خۆیان دەردەکرێن. لەمبارەیەوە وردبینێك لە سەنتەری کۆمپیتەر لە فەرمانگەی ئاماری سلێمانی بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕاگەیاندووە کە بەیەکلاکردنەوەی ئەو مووچانە و هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە، ساڵانە ( ٥ ٩) ملیۆن دۆلار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وردبینەکە ئاماژە بۆئەوە دەکات کە لە ئیدارەی پێشووی سلێمانیدا (٣٢) هەزار کەس هەن کە مووچە وەردەگرن و بەوەهمی حیساب دەکرێن، چونکە هیچ ئەوەلیاتێکی یاسایی پێویستیان لەبەردەستدا نییە و ئێستا لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەوەوە دەکرێت کە ئەو کەسانە بوونیان هەیە و ئەوەلیاتیان نییە. یاخود لەبنەڕەتدا بوونیان نییە وەهمین و خەڵکی دیکە مووچەکانیان وەردەگرن."**

لە سێبەری حکومەتێکی ناسیۆنال و ئازادو دێموکراتدا، ٣٣ هەزار فەرمانبەری وەهمی دادەمەزرێت، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتدارێک ڕابکێشرێتە دادگا! لە فەرەنسادا، سەرۆکی ڕاسترەوەکان و سەرۆک وەزیرانی پێشوو، ، ئالان ژووپێ، کە پیاوی یەکەمی جاک شیراک یشبوو، تەنها لەبەر ئەوەی سێ کارمەندی دامەزراندبوو بۆ ئەوەی کار بۆ حیزبەکەی بکەن و مووچە لە حکومەت وەربگرن،

ڕاکێشرایە دادگا و هەموو دەسەڵاتەکانی لێسەنرایەو پاشان حوکمی ساڵێک دورخستنەوەی لە ژیانی سیاسی درا بەسەردا.

بەڵام ئەی کوردوستان ! وەک شێرکۆ بێکەس دەلێت: ئەی کوردوستانی سیسەڵە!

کوردوستان، کە بووجەی مانگانەی ٦ ملیار دۆلارە، تەواو لەو نیشتمانە دەچێت کە باوەشی بۆ حەسەنی سەباح و بن لادن کردەوە. ئەوانیش لە نێو جەماوەرێکی بێ ئومێدی پەراوێزکراوی بیرچووەوەدا، لە نێو گەندەڵی ئیدارەو حکومەتەکاندا، ڕاوی نێچیرەکانیان کردو سەدان و بگرە هەزاران تێرۆریستیان پەروەردەکرد و هەر بەو تێرۆریستانەوە، ٩١٤ ساڵە، ڕوداوە مێژوویەکان دروستدەکەن. ئێمە لە زۆر شوێنی دیکەدا گووتوومانە کە دەسەڵات بە پێوەرە زانستیەکان سیاسەتی بەرهەم نەهێنا، دەرەنجام کارەساتی گەورەی لێدروستدەبێت. یەکێک لەو کارەساتانە دروستکردنی تێرۆریسمە بەدەستی خۆی. هەڵەیەکی گەورەیە گەر ئێمە پێمانوابێت، تێرۆریستەکان لە ئاسمانەوە دەکەونە خوارە یاخود لە دەرەوەی مێژووەوە دێنەوە ناومان. بەپێچەوانەوە، ئێمە بەدەستی خۆمان دروستیان دەکەین و چەکیان دەدەینە دەست بۆ ئەوەی بمانکوژن. ئەوان لەهەناوی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەوە دێنە دەرەوە کە ئێمە بە دەستی خۆمان دروستی دەکەین.

## ٤. بیناکردنی شووناسی بکوژەکان

شکستە یەک لە دوای یەکە سەربازیەکان لە بەرامبەر حەسەنی سەباحدا، ئیمپراتۆریەتی ناچارکرد بەدوای مەیدانێکی دیکەدا بگەڕێت بۆ سەرکەوتن. مەیدانی جەنگی سامبۆلیک لە نێو هەرێمەکانی (مانای هاوبەش) و (یادەوەری کۆلێکتیف) دا. مەبەست لە (مانای هاوبەش) هەموو ئەو مەدلولە هاوبەشانەیە کە کۆمەڵگەیەک لە ساتێک لە ساتە مێژوویەکانیدا لەسەریان ڕێکدەکەوێت[xliv]. هەروها (یادەوەری کۆلێکتیف)یش بریتیە لەو دەزگا کۆگەراییەی دێت و تیپ و ئیدیال و وێنە و شووناسەکان دروستدەکات و پاشان دابەشیان دەکات بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگەیەکدا[xlv].

لە نێو ئەم کۆنتێکستە تایبەتەدا، دەسەڵات هەموو تواناکانی خۆی مۆبیلیزە کرد بۆ ئەوەی شووناسێکی تایبەتی نێگەتیف بۆ گرووپەکەی حەسەن دروستبکات و پاشان جێگای بکاتەوە لە نێو مانای هاوبەشی کۆمەڵگەدا. بێگوومان ئەوەی دواتر دەبێت بە واقیعی کۆمەڵایەتی قۆناغێکی مێژوویی هیچ نیە بێجگە لە پاشماوەکانی ئەو مانا هاوبەشە نەبێت. بەبێ ئەوەی لەبیرمان بچێت  کە خوودی مانای هاوبەشیش، بەجۆرێک لە جۆرەکان، لە ژێر هەیمەنەی (یادەوەری کۆلێکتیف)دایە کە ئەویش لەلای خۆیەوە چەند ئەکتەرێکی کارای لە پشتەوەیە و بەردەوام کار لەسەر بیناکردنی دەکەن. یەکێکیش لەو ئەکتەرانە دەزگاکانی دەسەڵاتە. واتە (یادەوەری کۆلێکتیف) کە هەیمەنەیەکی گەورەی هەیە بەسەر

دروستکردنی (مانای هاوبەش)دا، ماشینێکە بەدەست چەند ئەکتەرێکی کۆمەڵایتیەوەو یەکێک لەو ئەکتەرانە خودی دەسەڵاتە.♣[١٢]

ناونانی گرووپەکەی حەسەنی سەباح بە (بکووژەکان) و (حەشیشکێشەکان) و (مورتەدەکان) و چەندین ناویدیکە، توندووتیژی بەریەککەوتنی نێوان ئەوان و دەسەڵات دەردەخات. هەریەکێک لەو ناوانە، لە نێو کۆمەڵگە ترادیسیۆنێلە ئیسلامیەکاندا و بەپێی ئەو سیستەمە ئەخلاقیەی کە ئەو کۆمەڵگانە دەبات بەڕێوە، لەرینەوەیەکی تەواو نێگەتیڤیان هەیە و جۆرێک لە بێزاری و ڕشانەوەو ڕقلێبوونەوە لە بیستنی هەر ئەندام و گرووپێکی ئەو کۆمەڵگایانەدا دروستدەکەن.

لە ڕێگای ناساندنی حەسەن و گرووپەکەی وەک حەشیشکێش، دەسەڵات دەیەوێت هەموو شەرعیەتە ئەخلاقیەکانیان لێبسەنێتەوەو زیاتر وەک گرووپێکی لادەر لە مۆراڵە ئیجابیەکانی کۆمەڵگە بیناخاتە سەرشانۆ. هەروەها لە ڕێگای ناساندنیان وەک بکووژ، دەسەڵات دەیەوێت شرعیەتی سیاسیان لێبسەنێتەوەو وەک گرووپێکی مەیدانی (جەریمە-تاوان-یاساشکێن) بیانخاتە سەر شانۆ. لە ڕێگای ناساندنیان وەک مورتەد، دەسەڵات دەیەوێت شەرعیەتی ئاینیان لێبسەنێتەوەو وەک گروپێکی بێ دین و دوژمن بە خوداوەند بیناخاتە سەر شانۆ. واتە، هەریەکێک لەو ناوانە ئەرکێکی تایبەتی هەیەو لە پێناوی ئەنجامدانی ڕۆڵێکی تایبەتدا فڕێدراوەتە بازاڕەوە. بەم ناوانە دەسەڵات هەموو شەرعیەتەکان لە حەسەن دەسەنێتەوە؛ شەرعیەتی سیاسی و شەرعیەتی ئەخلاقی و شەرعیەتی ئاینی.

ئەم شووناسە ئیتر حەسەنی سەباح دەکات بەو دڕندەیەی کە لە هەر چرکەیەکی پەلاماردانیدا دەیان بەشەر بەیەکەوە قووت دەدات. بەو مورتەدەی کە کاتێک دەچێت بۆ جەهەنم، بۆنەکەی هەموو جەهەنمیەکانی دیکە کاسدەکات. بەو بێئەخلاقەی کە ژیانی لە نێو باوەشی سۆزانیەکان و حەشیشکێشاندا دەباتە سەر.

---

♣ بۆتێگەشتنی زیاتر لە کۆنسێپتی (یادەوەری کۆلێکتیڤ) خوێنەر ئاڕاستەی نوسراوێکم دەکەم بەناوی (یەکێتی خاکی عێراق لە یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ٢٠٠٦/٦/٧). خوێنەر ئاگادار دەکەمەوە کە لەبەر دوو هۆ ئەو تێکستە لە پاشکۆدا بڵاو دەکەمەوە: یەکەم، چوونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەو مەیدانەوەیە کە لەم کتێبەدا کاری لەسەر دەکەم و لە نێو چوارچێوەی هەمان پرۆژەی کارە سۆسیۆلۆژیەکانمدایە.
دووەمیش لەبەرئەوەی چەند جارێک ئاماژەی پێکراوەو ڕەنگە لە ئەمڕۆی کوردوستاندا کارێکی ئاسان نەبێت بۆ خوێنەر ، بەردەوام بگەرێتەوە بۆ دەقێک کە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوبووبێتەوە.
هەروها لە کوردوستاندا وێنەیەکی سەلبی بۆ ئەو تێکستانە دروستکراوە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبنەوە، وەک ئەوەی هەموو تێکستەکانی ڕۆژنامەیەک وەک یەک وابن و جیاوازی نەخرێتە نێوان تەحلیلێکی سۆسیۆلۆژی و هەواڵێک کە سەبەینێ ئێکسپایەر دەبێت. بۆ ڕزگاربوون لەم هەموو تەڵە و داوانە، من تێکستە پەیوەندیدارەکانم بە تێگەشتنی سۆسیۆلۆژیانەی واقیعی عێراقەوە وەک ئەنێکس و لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاودەکەمەوە.

ئایا ئەمە هەمان ئەو شووناسەیە کە حەسەنی سەباح لە ڕێگایەوە خۆی پێدەخاتە سەر شانۆ ؟

بێگوومان نەخێر. حەسەن زیاتر خۆی وەک ئەرستۆ و ئەفلاتوون و زانای سەردەم و شێخی هەموو شێخەکان پێناسەدەکات. ئەو پیاوێکە تەمەنێکی زۆری لە نێوان کتێبە فەلسەفی و لاهووتیەکاندا بەسەر بردوەو لەسەرەتاوە پەلاماری چەکی داوە بۆ ئەوەی ئەو دونیایە بگۆڕێت کە لەگەڵ وێنەکانی ئەودا یەک ناگرنەوە. بەڵام کە شکست دێنێت ئیتر پەلاماری چەکەکانی تیرۆریسم دەدات و دەستدەکات بە تیرۆرکردنی کەسایەتیە سیاسی و زانستی و کۆمەڵایەتیەکان.

تیرۆریسمی حەسەن لەدایکبووی ئەو ساتەیە کە دەگاتە قەناعەت کە ئیتر ناتوانێت جیهان بگۆڕێت و دەستکاری چوارچێوە سیاسی و ئەخلاقی و تێگەشتنە ئاینیەکان بکات. درەنجام هەموو ستراتیژیەتەکانی تیرۆریسم دەگرێتە بەرو بەچەپ وڕاستدا پەلاماری ئیمپراتۆریەت دەدا.

پاش نۆسەد و چواردە ساڵ، ئێمە تێبینی هەمان شکست لای ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە و گرووپە تیرۆریستیەکانی دیکەی عێراق دەکەین. کە ئەنسار بێ ئومێد دەبێت لە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کوردوستانداو دڵنیاش دەبێت لەوەی کە ئیتر ناتوانێت سەرکەوتنی سەربازی بنێر بەسەر یەکێتی و پارتیدا بێنێت و بە زەبری چەک دەسەڵاتیان لێ بسەنێت، ئیتر پەلاماری تیرۆرکردن دەدات. وەک حەسەنی سەباح، ئەوەی ئێستا ئەنسار و تیرۆریستەکانی دیکە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن لە کوردوستان و عێراقدا، ستراتیژیەتەکانی تیرۆریسمە: ستراتیژیەتی فەوزا، ستراتیژیەتی ترس، ستراتیژیەتی ماندووکردن، هتد. ئێمە دەتوانین ئەم تیپە لە چالاکی ناوبنێین تیرۆریسمی پۆست شکست.

## ٥. کۆتایی حەسەنی سەباح و ڕێکخراوەکەی

بێگوومان یەکەم کردەی تیرۆریستی لە مێژووی موسوڵماناندا لەسەر دەستی گرووپەکەی حەسەنی سەباح نەبووەو پێش ئەوان دەیان چالاکی تیرۆریستی ئەنجامدراوە. بۆ نموونە کوشتنی عوسمانی کوڕی عەففان یەکێکە لەو کردە تیرۆریستیانەی کە بە جۆرێکی تایبەتی کارایی خۆی لەسەر مێژوو داناوە. بەڵام ئەوەی جێگای تێبینیە و بۆ کۆمینۆتێی توێژەران گرنگترە کردە تیرۆریستیەکانی گرووپەکەی حەسەنی سەباحن وەک ڕێکخراوێکی بەرنامەدار. ئەم ڕێکخراوە بە درێژایی دوو سەدە، دوو سەد ساڵ شورایەکی پۆڵاین بەدەوری بوونیە تەنزیمیەکەیدا دروستدەکات و لەسەر بەرنامەڕێژیەکی تەواو چالاکیەکانی ئەنجامدەدات و دەستی خۆی دەگەیەنێتە ئەو قولە بەرزانەی کە هیچ دەستێکی دیکەی ناگاتێ.

ڕاستە ڕێکخراوی بکوژەکان بە درێژایی ئەو دوو سەد ساڵە نەیتوانی دەسەڵات بگرێتەدەست و حکومەت دروستبکات، بەڵام توانی لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای ئیسلامیدا کارایی خۆی دابنێت و ئاڕاستەی ڕووداوە گەورە مێژوویەکان دیاری بکات. هەرلە وڵاتی فارسەوە تا دەگاتە عێراق و وڵاتانی شام و میسر، ئەم ڕێکخراوە ئامادەییەکی هەمیشەیی کارای هەبووە.

گرنگی ئەم ڕێکخراوە بۆ توێژەرانی مەیدانی تیرۆریسم لەوەدایە کە زۆر بەکەمی جەنگی بە فۆرمە کلاسیکیەکەی بەکارهێناوە. واتە سوپایەک لەبەرامبەر سوپایەکی دیکەدا. بەڵکو پەنای بردوەتە بەر هەموو ئەو تیکنیکانەی کە دەکرێت شووناسی گرووپێکی تیرۆریستی پێبناسرێتەوە. وەک تیکنیکی ترساندن و مادندووکردن و تیرۆرکردن بە چەکی سپی (چەقۆ، خەنجەر)و تیکنیکی فەوزانانەوەو پرزەلێپران و هتد. گەر سوپای ئیمپراتۆر توانیبێتی لە جەنگە کلاسیکیەکاندا سەرکەوتن بەدەستبێنێت، بەدڵنیایەوە شکستێکی تەواوی هێناوە لە بەرامبەر تیکنیکە تیرۆریستیەکانی بکووژەکاندا.

حەسەنی سەباح لە ساڵی ١١٢٤ لە ئەلەموت و لە نێو قەڵا بەهەشتیەکەیدا کۆچی دوایی دەکات. بەڵام بە مردنی ئەو ڕێکخراوەکەی کۆتایی پێنایەت. ئەو هۆکارو بەرنامەیەی کە گرووپەکەی لەسەر دروستبوو بە درێژایی دوو سەدە بەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکشێت. ڕەنگە ئەمە ئەرگیومۆنتێکی دیکە بێت بۆ ئەو کەسانەی کە پێیانوایە بە مردنی ئوسامە بن لادن ئەلقاعیدە کۆتایی پێدێت! لە ڕاستیدا ئەگەر گرووپەکەی حەسەنی سەباح شانسی ئەوەی هەبوویێت کە دوو سەد ساڵ بژی، لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆدا گرووپەکەی ئوسامە بن لادن شانسی ئەوەی هەیە دوو بەرامبەر درێژە بەمانەوەی خۆی بدات* [١٣].

* ژیانی حەسەنی سەباح و ڕێکخراوەکەی زۆر لەوە زیاتر و فراوانترە کە لە بەشێکدا کورتبکرێتەوە، دیارە ئەم تووێژینەوەی ئێمە بەتەنها لەسەر ئەو گرووپە نیە، بۆیە لێرەدا دەوەستین و ئاماۆژگاری خوێنەر دەکەین بە خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بێرنار لویس کە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی چاپکراوە. ئەمەش ناونیشانەکەیە بە هەردوو زمانەکە:

The Assassins, A radical Sect in Islam.

Les Assassins, Terrorisme et politique dans l'Islam médival.

# بەشی سێیەم
# کەتیبە سوورەکانی ئیتالیا: لە دەرکەوتنەوە تا ئاوابوون

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئێمە ئەو تێزە ڕەددەکەینەوە کە دەیەوێت پێمانبسەلمێنێت کە لە دایکبوونی گرووپی کەتیبە سوورەکانی ئیتالیا بەپێی بڕیاری کۆمەڵێک گەنجبووەو لە ئان و ساتێکدا ئەو بڕیارە دراوەو پاشان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، گرووپەکە دروستکراوەو دەستیکردوە بە کاری تیرۆریستی. ئێمە نەک هەرتەنها ئەم تێزە ڕەددەکەینەوە، بەڵکو بە درێژایی ئەم لێکۆڵینەوەمان هەوڵدەدەین نا دروستی و ناواقیعیەتەکەشی بخەینە ڕوو.

بێگوومان ئەمە بۆ ئەنساری ئیسلامیش هەمان هاوکێشەیە. واتە ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەی کە ئێستا لە کوردوستاندا دەیەوێت قەناعەتمانپێبکات کە ئەنساری ئیسلام هیچ پەیوەندیەکی بەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕشنبیری و ئابووریەی کوردوستانەوە نیە و بێگانەن بە مێژووی کورد، هەمان ئەو ڕۆشنبیرانەن کە توانای ئەوەیان نیە تووێژینەوەیەکی زانستیانەی وردی بابەتیانەی بێلایەن لەسەر ئەم دیاردەیە بکەن و تەنها بە بەرهەمهێنانی چەند پەرەگرافێک ویژدانی ڕۆشنبیریی خۆیان ڕازی دەکەن.

ڕاستیەکەی ئێمە لەدەرەوەی هەموو ئەم کەسانەوە کە من زیاتر بە (ڕۆشنبیری پەرەگراف) ناویاندەبەم کاردەکەین. ڕێزم هەیە بۆ نووسینی پەرەگراف، بەڵام ئومێد دەکەم ئەوان ڕێگامان پێبدەن کە وەک ئەوان کاردەنەکەین.

لەبەرامبەر ڕەدکردنەوەی ئەم تێزەشدا، بەدیلێکی دیکە پێشنیاردەکەین کە بریتیە لە بیناکردنی ئەم دوو گرووپە (کەتیبە سوورەکان و ئەنساری ئیسلام) لە نێو پرۆسێسیوسێکدا، (*تێبینی: Processus ، بە ئینگلیزی دەبێت بە process، عەرەبەکان بە سیاق وەریانگێڕاوە*[xlvi]*، لەبەر ئەوەی دڵنیانیم لەوەی کە وشەی سیاق توانای دەربڕینی ئەو مانایانەی هەبێت کە لە وشەی پرۆسێسیوس بارکراون پێمباشە خودی فەرەنسیەکە بەکاربێنم*).

مەبەستم لە پرۆسێسیوس هەموو ئەو ڕوداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیریەیە کە تێکەڵبەیەکتردەبن و ئاوێزانی یەکتردەبن و پێکەوە مێژوویەک دروستدەکەن و لەنێو ئەم مێژووەدا، کە دەکرێت بە مێژووی کۆمەڵایەتی شتەکان دابنرێت، دیاردەی "نوێ" بینادەکرێت. وشەی بیناکردنیش بەکاردەهێنم، چوونکە پێموایە ئەو دیاردانە، لە چرکەیەکدا لەدایک نابن و خشت بە خشت و بەرد بە بەرد بناغە و دیوارو سەقفەکەی لە نێو ئەو مێژووەدا بینادەکرێت.

لەگەڵ پیەر بۆردیۆدا هاودەنگم کاتێک کار لەسەر ئەو ستراکتۆرانە دەکات کە لە پشت ئەم مێژووە کۆمەڵایەتیەوە وەستاون[xlvii]، بەڵام لەو شوێنەدا لە ئەو جودادەبمەوە کە پێیوایە ئەم ستراکتۆرانە هەموو ئاڕاستەکانی ئەو مێژووە کۆنترۆڵدەکەن و لەبەرامبەریاندا ئەکتەری کۆمەڵایەتی هەموو ئازادی و خواست و ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات، چوونکە توانای دەرچوونی لە چوارچێوە دروستکراوەکانی ئەو ستراکتۆرانە نیە.

هەروەها لەگەڵ بێرگەر و لوکمان[xlviii] و گۆفمان[xlix] و گارینکیلدا[l] هاودەنگم کە ئەکتەری کۆمەڵایەتی کەسێکی خواستدارو ئۆتۆنۆمە و لە ئێستا و ئێرەکانیدا و بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی کردە بەرهەمدەهێنێت و دەکەوێتە پەیوەندی بیناکردن لەگەڵ ئەوانیدیکەدا، بەڵام لەو شوێنەدا لە ئەوان جودادەبمەوە کە پێیانوایە ئەم ئەکتەرە بەهیچ شێوەیەک لە ژێر کارایی مێژووە کۆمەڵایەتیەکەیدا ئەنتەراکشنەکانی ئێستا و ئێرەی بیناناکات[li].

من پێموایە ئەو مێژووە کۆمەڵایەتیە هەمیشە لێرەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەکتیوالیزە کراو (بەئێستاییکراو). ئەکتەری کۆمەڵایەتی بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مێژوویەکانی بۆ ئەوەی لە ئێستادا دەستکاریان بکاتەوەو دۆسیەکانیان سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە. هەروەها ئەم ئەکتەرە زۆر جار مێژووە کۆمەڵایەتیەکەی دەکات بە سەرچاوەی هەموو یاخیبوون و ڕاپەڕین و شۆڕش و تەنانەت زەبروزەنگ و کردە تێرۆریستیەکانیشی. میسداقیەتی ئەم تێزەش لەم توێژینەوەیەدا لە سەر کەتیبە سورەکان و ئەنساری ئیسلام دەبینین.

## ١. جیهانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێش لەدایکبوونی کەتیبە سوورەکان

پاش جەنگی جیهانی یەکەم و ساڵی ١٩٢١ پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی لە ژێر زەمینەکانداو دور لەچاوی پۆلیسی نهێنی دەسەڵاتی (کەپیتالیستەکان) دادەمەزرێت. باوکی تێوری ئەم پارتە پیاوێکە بەناوی ئەنتۆنیۆ گرامشی Antonio Gramsci، کە دواتر دەستگیردەکرێت و دەخرێتە کونجی زیندانەکانەوەو لە ساتی دادگاییکردنیدا دادوەر دەڵێت :

" دەبێت بەهەر نرخێکبووە ڕێگا لەم عەقڵە بگیرێت بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە تا بیست ساڵی دیکە بیرنەکاتەوە".

پاش بەدەستهێنانی شەرعیەتی کارکردن لەلایەن ئەنتەرناسیۆنال کۆمۆنیستەوەو پاش پشتگیریکردن و کۆمەکی بەردەوامی کۆمۆنیسمی جیهانی، پارتی کۆمۆنیست توانی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی ڕێکبخات و جەماوەر مۆبیلیزەبکات بۆ بەگژخستنی بەرەنگاری چەکدارانەی نیشتمانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی فاشیستانەی دەوڵەتی ئیتالیدا کە پریاریدابوو هاوپەیمانی هیتلەربێت لە ساڵانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ دا.

پارتی کۆمۆنیست پێی وابوو پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و پاش کۆتایی هاتن بە ڕژێمی نازی لە ئەڵمانیا و فاشی لە ئیتالیادا، ڕاستەوخۆ

دەرگای کۆشکەکانی دەسەڵاتی بۆدەکرێتەوەو دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێت. بەڵام واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتربوو کە ئەم حاسیبەیەی کۆمۆنیستەکان بتوانێت زەربو تەقسیمی بکات. جەنگ تەواو دەبێت و هەردوو ڕژێمەکەش کۆتاییان پێدێت و پارتی کۆمۆنیستیش ناگاتە دەسەڵات. پاش شکستی پەم پرۆژەیە، پرۆژەی دامەزراندنی دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا، باڵێک لە نێو پارتی کۆمۆنیستدا دروستدەبێت و ڕیفۆرم دەکات بە دروشمی خۆی. ئەم باڵە دواتر بە ڕیفۆرمیستەکان ناودەردەکەن. ئەو ئەکتەرە کۆمۆنیستانەی کە لە بازنەی چەپی چەپدابوون، ئەم باڵەیان تاوانباردەکرد بە هەڵگەڕانەوە لە پرانسیپەکانی مارکسیسم-لینینیسم.

یەکێک لەو تۆمەتانەی کە چەپی چەپ دەیدایە پاڵ ڕیفۆرمیستەکان هەوڵدانبوو بۆ گەڕانەوەی هەموو ئەو خاوەن کارو سەرکارە بۆرژوازانەی کە نیشتمانیان لە کاتە ناسکەکاندا بەجێهێشتبوو، بۆ ئەوەی لە سویسرا وەک پاشا بژین. بێگومان ئەم کارەش لای چەپەکان وەک کوفری "بەواحە" لای موسوڵمانەکان، چوونکە دەستتێکەڵکردنە لەگەڵ چینی بۆرژوازیدا کە دووژمنی سەرەکی بزووتنەوەی کرێکاریە.

تۆمەتێکی دیکە بریتیە لەوەی کە دەوڵەتی بۆرژوازی ئیتالی لە خراپترین ساتەکانی ژیانیدا دەژیاو لە قەراخی گۆڕەکەیدابوو، بەڵام لەم چرکە ناسکەدا ڕیفۆرمیستەکان دێن و لەبری ئەوەی ببن بەڕابەری ئەو جەماوەرە تورەو یاخیەو خەونەکانیان بێننە دی، هەموو تواناکانیان خستەگەڕ بۆ ئارامکردنەوەیان و ڕازیکردنیان بە خەباتی مەدەنیانەو تێکەڵبوون بە یاریە نەرمەکانی بۆرژوازەکان. لێرەوە ڕیفۆرمیستەکان، لە دیدی چەپی چەپدا، بوون بە هۆکاری مانەوەو بەهێزبوونی دەوڵەتی دژ بە بزووتنەوەی کرێکاری.

هەموو ئەم ڕووداوانە دەکرێت وەک رەگەزێکی گرنگ و سەرەکی بیناکاری کردەی بیناکردنی بوونیە کۆمەڵایەتی و سیاسیە کەی "چەپی چەپ"ی ئیتالی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە.

ساڵی ١٩٦٦ سەردەمی مانگرتنە جەماوەریە گەورەکان دەستپێدەکات و سەرجەم نیشتمان دەخاتە دۆخێکی تایبەتەوە. ڕۆم دەبێت بە پایتەختی یاخیبوون و ناڕەزای و دەرکەوتنی ئازاری کرێکاران و شەقام و گۆڕەپانە گشتیەکانی دەبن بە پانتایی دەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە تورەکان. کارگەکان دەبن بە مەڵبەندی ڕێکخستنی چینی کرێکاران و لەوێوە ئەم چینە پرۆژەو نەخشەو ستراتیژەیەتەکانی دادەڕێژێت و پاشان دێتە سەر جادەکان. ئەو هۆکارانەی کە لە پشت ئەم تورەبوونە جەماوەریەوە بوون هەڵگری سروشتێکی کۆمەڵایەتی بوون. واتە تووڕبوونەکە زیاتر تەقینەوەی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی نادروستبوو. دەرکردنی چەندین کرێکار لە کارگەکان و بێنانکردنیان، فراوانکردنی دەسەلات و هەیمەنەی ئیداریە لۆکالیە بۆرژوازیەکان، نەبوونی کارەبا، کەمبوونەوەی دەرمان هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم یاخیبوونە بوون.

ساڵی ١٩٦٨ گەورەترین مانگرتن لە نێو شەریکەی فیاتدا ئەنجامدەدرێت. کرێکاران هەموو چالاکیەکان ڕادەگرن و داوای موچەی خێراو چل سەعات کارکردن لەهەفتەیەکدادەکەن. هەروەها بەتوندی کارکردنی زیادە ڕەددەکەنەوە.

ساڵی ١٩٦٩، کاتێک سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نیکسۆن، سەردانی ڕۆم دەکات، کرێکاران وەک شەپۆل دەڕژێنە سەر جادەکان و لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسدا جەنگی دەستەویەخە دەستپێدەکەن. ئەو ڕۆژەی کە سەرۆک دەگاتە ڕۆم، وڵاتێک لە مانیسفێستاسیۆندا دەبینێت. لە ئەڤریلی هەمان ساڵدا هێزەکانی پۆلیس دەست لە کرێکارانی مانگرتوو دەکەنەوەو دوو کەسیان لێدەکوژن و سەد کەسیشیان لێ بریندارەدەکەن.

## ٢. *سەرهەڵدانی گرووپی کەتیبە سوورەکان*

سەرجەم ئەم ڕووداوانە، سەرلەنوێ گوفتوگۆیەکی زیندوو لە نێوان ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیدا دروستدەکەن. لەگەرمەی ئەم ڕووداوانەداو پارتی کۆمۆنیست بەتەواوی پشتی کردبووە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و تێکەڵبووبوو بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال و سەرجەم ستراتیژیەت و گرەوو بەرژەوەندیەکانی لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا دادەڕشت. لێرەوە ئەندامەکانی ئەم پارتە و هەڵگرانی بیری چەپی ئیتالی بەشێوەیەکی گشتی لە خۆیان دەپرسی :

**داخۆ تا چی سنورەێک تێکەڵبوون بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال کارێکی شەرعیە ؟**

**ئایا خەون و بەرژەوەندیەکانی کرێکاران لە ڕێگای خەباتی مەدەنیەوە دێتەدی یان لە ڕێگای زەبروزەنگ و خەباتی چەکداریەوە ؟**

**ئایا پارتێکی مەدەنی، وەک پارتی کۆمۆنیست، توانای ئەوەی ماوە ببێت بە قەڵغانی پاراستنی کرێکاران یان دروستکردنی گروپێکی چەکداری بەهێز دەبێت بۆ ئەو پەیامە پیرۆزە دروستبکرێت ؟**

**ئایا ئومێدی ئەوە دەکرێت کە پارتی کۆمۆنیست لە داهاتوودا دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریا دروستبکات ؟**

**ئایا بەڕاستی، پارتی کۆمۆنیست لە ئێستادا توانای ئەوەی ماوە نوێنەرایەتی کرێکاران بکات ؟**

**ئایا دەتوانێت گوزارشت لە خواست و ئازارو بەرژەوەندی و خەونەکانیان بکات ؟**

ئەم گوفتوگۆیە، لەناوەوەو دەرەوەی پارتی کۆمۆنیستدا، چەندین مانگ بەردەوام دەبێت و بەچەندین هەلومەرجی قورسدا تێدەپەڕێت. هەر لە کۆمیتەی ناوەندیەوە تا شانە هەرە بچووکەکانی پارتی کۆمۆنیست دەهێنرێتە گۆ. دەرەنجام هەر ڕۆژەو کەسێکی گرنگ و پاشان کۆمەڵێکی گرنگ جیادەبنەوە. تاساڵی ١٩٦٩. ئەم ساڵە دەکرێت وەک سەرەتایەکی گرنگ لە مێژووی چەپی ئیتالی و هەروەها

تیرۆریسمی ئیتالیدا باسبکرێت. لەمساڵەدا سەرکردە هەرە مێژوویەکانی کەتیبە سوورەکان، کە هێشتا دروستنەبووبوو، ڕۆناتۆ کورسیۆ Renato Curcio و مارا کاگۆل Mara Cagol زانکۆی ترانت « Trente » بەجێدەهێڵن و لە شاری میلانۆ لەگەڵ ئەو ئەندامانەی دیکەی کە پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیان بەجێهێشتبوو بەیەکتری دەگەن.

لەو ساڵەدا کۆبوونەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو ئەندامانە دەستپێدەکەن و بابەتی سەنتراڵیشیان بریتیەلەوەی کە ئایا کاتی ململانێی چەکداری هاتووە یان نا ؟ شووێنی سەرەکی کۆبوونەوەکان بریتیبوون لە هەموو ئەو کارگانەی کە لایەنگرانی ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیە کاریان تێدا دەکەن. ئەوان پێیانوابوو، ئەم شۆڕشە وەک لە پێناوی کرێکاراندایە، دەبێت لەنێو کارگەکانەوە دەستپێبکات و کارگەکان باشترین پانتایی لەبارن بۆ هەرخەبات و ململانێیەکی کرێکاریی. لە دیسەمبەری ١٩٦٩ دا گرنگترین کۆبوونەوە لە شاری Chiavari سازدەکرێت. ئەوان پێیانوابوو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکە پێگەشتوەو تەواو لەبارە بۆ ڕاگەیاندنی ململانێی چاکداری.

لە ١٢ دیسەمبەری ١٩٦٩ داو لە شاری میلانۆ و لە پیازا فۆنتانا( piazza Fontana) کە سەنتەری شارەو لەبەردەم بانکێکدا بۆمبێک دەتەقێتەوە، دەرەنجام شانزە کەس دەکوژێت و سەدان کەسیش بریندار دەکات. دەسەڵات ڕاستەوخۆ چەپی چەپ تاوانباردەکات، بەتایبەتی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆم mouvement le autonome کە ئەو کاتە هەڵگری گوتارێکی زبربوو. هەر لەو ڕۆژەوە بەدرێژایی هەفتەیەک پۆلیس نزیکەی چوارسەد کەس لە چەپی چەپ دەگرێت و دەیانخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

ئەم تەقینەوەیە دەکرێت وەک خاڵێکی گرنگ لە بەهێزبوونی هەستی ململانێی چەکداری لای چەپەکان و بەتایبەتی ئەوانەی سەرگەرمی دروستکردنی کەتیبە سورەکان بوون دابنرێت. لە مانگەدا، مانگی دیسەمبەری ١٩٦٩و پاش هەموو ئەم ڕوداوانە کەتیبە سوورەکان لە نێو کارگەکاندا لە دایکدەبێت.

سەرکردەکانی ئەم گرووپە نوێیە، بەوردی ئەندامەکانیان هەڵدەبژارد و چوارچێوەیەکیان هەبوو کە وەک (فەرزی عەین) وابوو بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێک و ئەوەی نەیتوانیایە بڕواتە نێو ئەم چوارچێوەیەوە نە دەکرا بە ئەندام. ئەم چوارچێوەیەش لەم شتانە پێکهاتبوو :

یەقینێکی ڕەها، باوەڕ بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵ، ئامادەبوون بۆ شەهیدی، پابەندبوونی سەرتاسەری بێ چەندوچوون.

گرووپی کەتیبە سوورەکان دەیویست، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەم قۆناغانەدا تێپەڕێت :

سەرەتا بێگوومان چوونە نێو شەرەفی ململانێی بزووتنەوەی کرێکاریەوە. واتە تا ئەو کاتەی ئێمە لەدەرەوەی پانتاییەکانی ئەو ملاملانێیەوەین ناکرێت خۆمان وەک ئەندامێکی کۆمۆنیستی پاک و دڵسۆزو ڕاستە قینە بزانین، ئەو چرکەیەش کە پێدەنێینە نێو ئەم پانتاییەنەوە ئیتر ئەم شەرەفەمان بەردەکەوێت. بەڵام ئەمە بەسنیە بۆ ئەوەی ویژدانی کرێکاری و کۆمۆنیستیمان ئارام و دڵنیابێت، بەڵکو هەر

لەو ساتەوەی کە پێدەنێینە ئەم پانتاییەوە، دەبێت هەموو تواناکانمان بخەینەکار بۆ ئەوەی ئەو ململانێیە ڕادیکالیزەبکەین و بەرەو خەباتی چەکدارانەی بەرین. دەرەنجامی ئەم قۆناغەش حەتمەن گەشتنە بە قۆناغی سێیەم کە بریتیە لە سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی.

گرووپی کەتیبە سوورەکان خۆی وەک بەرەی یەکەمی خەباتی چەکداری لە پێناوی بەدیهێنانی خەونی کرێکاراندا پێشنیاردەکرد و پێیوابوو دواتر دەبێت بە سەرەتای لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی کۆمۆنیستیی کە جێگای هەموو لایەکی تیادادەبێتەوە.

### ٣. مەیدانی چالاکی کەتائیبیەکان

لەکاتێکدا گرووپی کردەی پارتیزانی کە لەلایەن گەورە ملیاردێری ئیتالی گیانگیاکۆمۆ فیلترینیلی (Giangiacomo Feltrinelli) دامەزرابوو دەیوست لە چیاکانەوە شۆڕش ڕابگەیەنێت و ڕاستەوخۆ دەوڵەت بگرێتە دەست، کەتیبە سوورەکان تەواو بەپێچەوانەوە دەیانوسیت گوزارشت لە شووناسی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کرێکاری بکەن. لێرەوە هێزی ئەوان و گرنگی ئەوان و بەردەوامی ئەوان دەستپێدەکات. واتە هێزو گرنگی و بەردەوامی کەتیبە سوورەکان لەو چرکەیەوە دەستپێدەکات کە دەیانەوێت گووزارشتبن لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە پرۆلیتاریایە و خۆیان لە نێو بەرژەوەندی و ستراتیژەیەت و گرەوەکانی ئەواندا دەبینیەوەو بۆ ئەوان دەژیان و بۆ ئەوان دەمردن.

بۆ گوزارشتکردن لەم شووناسە و بۆ نوێنەرایەتی کردنی بزووتنەوەی کرێکاریش باشترین مەیدانی کارکردن کارگەکانە نەک شاخەکان، نێوان ماشینەکانە نەک تاشە بەردەکان، هۆڵی پشوی کرێکارانە نەک ئەشکەوتەکان. کارگەکان ئەو پانتایانەن کە کارکردن و خۆبیناکردن و تەقینەوەی بزووتنەوەیەکی کرێکاریی ڕاستەقینە لە خۆدەگرێت، ئەو پانتاییە ستراتیژیانەن کە دەکرێت زۆرترین شانس بدەن بەدەستەوە. کارگەکان سەرچاوەی سروشتی هەموو هێزێکی پرۆلیتارین.

لە ساڵی ١٩٧٣ وە بزووتنەوەی کرێکاری خۆی لە قەیرانێکی سەختدا دەبینێتەوە. بێکاری و بەتاڵە باڵدەکێشێت بەسەر کرێکاراندا و ژیانی ڕەنجدەران و کرێکاران و هەژاران بەرەو دۆخێکی خراپ ملدەنێت. موچەی کرێکاران بەڕادەیەکی بەرچاو تووشی گرفت دەبێت، قەیران دەگاتە شوێنی نیشتەجێبوون و خواردن و ژیانی خانەوادەییان. دەوڵەتیش هەوڵێکی ڕاستگۆیانە نادات بۆ چارەسەرکردنی، یان دەکرێت بڵێین دەزگاکانی دەوڵەت هەستیان بە دەستەوسانی دەکرد لە بەرامبەر چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتیەدا. خوێندکارانی زانکۆ، بە شەپۆل ڕێگای کۆچیان دەگرتەبەرو نیشتمانیان بەجێدەهێشت. عەقڵە زاستیەکان بەرەو ئەمەریکاو بەریتانیا و وڵاتانی دیکە کۆچیان دەکرد.

(تێبینی : فیلمی "ڕۆژە خۆشەکانمان" کە ماوەی شەش کاتژمێرەو لە دەرهێنانی Marco Tullio Giordana ئەم واقیعە بە جوانترین شێوە دەخاتە ڕوو.)

ئەم هەلومەرجە لەبارترین پانتاییە بۆ بێئومێدیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕاستەوخۆ دەبیاتەوە سەر زەبروزەنگ. لە پانتاییەکی ئاوادا گووتاری ڕادیکالیستەکان دەبێت بە سروشتیترین گووتار و ئەکتەرەکانی زەبروزەنگیش دەیان جوستیفیکاسیۆن (تەبریر) بۆ بەرهەمهێنانی کردەی توندوتیژی دەدۆزنەوە.

هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیش لەبەرامبەر ئەم قەیرانەدا ڕەگەزێکی دیکەی گرنگە بۆ توورەبوون و تەقینەوەی کەتیبە سوورەکان. سەرکردەکانی پێیانوابوو کە پارتی کۆمۆنیست لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەبێت بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر کێشەی کرێکاران بێتە دەنگ. "شێوەیەکی بەرچاو" واتە ناچارکردنی دەوڵەت بۆ گوێگرتن و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگای بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە. بەڵام پارتی کۆمۆنیست لەبری ئەم ئیختیارە ڕێگای سانديکاليسم و ديالۆگيان هەڵبژاردو دەيانويست بە شێوەيەکای مەدەنیانە چارەسەر بدۆزنەوەو دانووستان لەگەڵ دەسەڵاتدا بکەن.

ئێمە دەتوانین بڵێین لێرەوە قۆناغی دووەم لە ژیانی گرووپی کەتیبە سوورەکاندا دەستپێدەکات و ئەم قۆناغەش لە سێ پانتایی گرنگدا خۆی مانیفێست دەکات [iii]:

پانتایی ئایدۆلۆژی : لە قۆناغی یەکەمدا کەتیبە سوورەکان هەموو پرۆژە سیاسیەکانیان لە دەورەی کارگەکان و بەرژەوەندی و داواکاریی کرێکاران دەسورایەوەو دەیانووسیت ببن بە گوزارشتی یەکەمی شووناسی ئەوان. بەڵام لێرەوە، بەبێ ئەوەی لەبیریانبچێت کە بزووتنەوەی کرێکاری سەرچاوەی هەمیشەیی شووناس و سەرچاوەی ژیان و سەرچاوەی کامەرانیە، ئاڕاستەی خۆیان لە کارگەوە دەگۆڕن بەرەو دەوڵەت و ئیتر دەوڵەت دەبێت بە سەنتەری بیرکردنەوەو چالاکیەکانیان. لێرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەستیانکرد بەڕاڤەکردنی ململانێ:

ململانێی نێو کارگەکان لە شارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، شارەکانیش لە هەرێمەکانەوە، هەرێمەکانیش لە دەوڵەتەوە، دەوڵەتیش لەلایەن ئیمپرالیسمی ئەمەریکیەوە کۆنترۆڵکراوەو ئەم ئیمپریالیسمەش پارتی دیمۆکراسی مەسیحی بەکاردەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی. کەواتە دەبێت چالاکیەکان ڕاستەوخۆ دەوڵەتبپێکن.

پانتایی ڕێکخراوەیی : دەرەنجامی گۆڕان لە بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیادا، کاتیگۆریەکی دیکە لە کاری ڕێکخراوەیی کەتیبە سوورەکان لەدایکدەبێت. سەرەتا دەستدەکەن بە کارکردن لەسەر ئاستی لۆجیستیک: پەیداکردنی پارەیەکی زۆر، چەک، ماڵی جیا جیا لەهەموو شارەکاندا، ژێرزەمین، موزەمید، هتد. پاشان هەر کەتیبەیەک سەربە کۆلۆنێکە، هەر کۆلۆنێکیش ناوچەیەکی جوگرافی کۆنترۆڵدەکات، بەرپرسی هەرکۆلۆنێکیش ئەندامی بەرەیەکە. لەسەرەوەش کۆمیتەیەک هەیە کە لە پێنج کەس پێکهاتووە، ئەو پێنج کەسە بەرپرسی هەرپێنج بەرەکەی ڕێکخراوەکەن. هەموو بڕیارە گرنگەکان لەلایەن ئەم کۆمیتەیەوە دەردەکرێن. هەروها سەرکردایەتیەکی گشتیش هەیە کە ساڵی جارێک کۆدەبێتەوە بۆ دیاریکردنی هێڵە گشتیەکانی کەتیبە سوورەکان. لێرەوە ئەندامانی ئەم گرووپە خۆیان لە نێو جەماوەردا وندەکەن و دەبن بە تارمایی و شەبەح؛ ئەوان

لێرەن و لێرەش نین، لەو کاتەدا کە چاوەڕێین دەکەین نایەن، لەو کاتەشدا کە چاوەڕێیان ناکەین دێن.

پانتایی پراکتیک : لێرەوە کەتیەبە سوورەکان چالاکیە سەربازیەکانیان دەستپێدەکەن. بێگوومان تەواو بەپێچەوانەی جەنگی بەرەوە، ئەمان دەستدەکەن بە فڕاندنی دادوەرو سیاسی و سەرکارو دەوڵەمەند و هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە دەوڵەت پشتیانپێدەبەستێت. هەروەها چەندین زیندان لە ژێر زەویدا دروستدەکەن و ناوی دەنێن زیندانی گەل و ئەو کەسایەتیانەی تیاد دادگایی دەکەن. بۆنموونە فڕاندنی دادوەر ( Mario Sossi) لە ئەڤریلی ١٩٧٤و دادگاییکردنی لەلایەن کەتائیبیەکانەوە.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی زەبروزەنگ و تیرۆریسمی کەتیەب سورەکاندا، دەوڵەتیش هەموو تواناکانی بەهێزتردەخاتە گەڕبۆ لە ناوبردنیان. باشترین تیکنیکی دەوڵەت دروستکردنی جاسوس بوو لە نێو ڕیزی کەتیەبکاندا. ئەم جاسوسانە توانیان بەشێکی زۆری زیندان و ژێرزەمین وماڵە شارەوەکان کەشفبکەن و پاشان بەرزبنەوە تا دەستنیشانکردنی شوێنی سەرکردە مێژوویەکانی کەتیبە سورەکان، بۆ نموونە بەدەستەوەدانی : فرانسیسکینی، ئۆنیبینی، فیراری، گەلیناری، کورسیۆو چەندانی دیکە. هەموو ئەم گرتنانە بەشێوەیەکی بەرچاو گروپی کەتیبەکانیان لاوازکرد، بەڵام لەهەمانکاتدا جۆرێکی دیکە لە کاری ڕێکخراوەییان بەسەر ئەو گروپەدا فەرزکرد، واتە خۆ سەنتراڵیزەکردن و گرتنەبەری ڕژێمێکی دیکەی توندوتۆڵی تەنزیمی و نەوەیەکی دیکە کاری سەرکردایەتی دەگرێتە دەست.

لێرەوە دیالۆگی ناوەکی لەسەر بەرنامە و ستراتیژیەت و چالاکیەکان سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوەو پرسیارەکان هەموو لایەک هەراساندەکەنەوە : لە کوێوە دەستپێبکەن ؟ ئەولەویەت بەچی بدەین ؟ بە کاری ڕێکخستن یان بە چالاکی سەربازی یان بەهەردووکیان ؟ ئەگەر بەهەردووکیان چۆن ؟

## ٤. ***زێڕینترین قۆناغی ڕێکخستنی کەتیبە سوورەکان***

ساڵی ١٩٧٧، گرووپی کەتیبە سوورەکان بەسەرکردایەتی نەوەی نوێوە بەرنامەیەکی وردی داڕشتبوو بۆ هەزمکردنی هەر قەیرانێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەگەری ئەوە هەیە سەرهەڵبدات. ئەم ئامادەباشیە لەو ئەبیتیوسەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی ڕابوردو بۆیان دروستبووبوو. ئەبیتیوسێک کە هەمیشە لەسەرپێیە بۆ پێشوازیکردنی ئەزموونە قەیراناویەکان و تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە پێشبینی کات و شوێنی قڵیشانەوەی قەیرانەکانیش بکات. لەم ساڵەدا کە ئەمان خۆیان بەتەواوی ئامادەدەکەن، نیشتمان سەرلەنوێ ڕووبەڕووی چەندین خۆپیشنادان و مانگرتن و گرفتی گەورە دەبێتەوە. لاوان و خوێندکاران و کرێکاران دەڕژێنە سەرجادەکان. بارودۆخی ئابوری وڵات بە قۆناغێکی زۆر خراپدا تێدەپەڕێت. لەم ساڵەدا، بوونی گرووپی کەتیبە سوورەکان ئیتر لەکەس شاراوە نەبوو. بەقەدەر ئەوەندەی کە ئەمان

دەیانویست خۆیان بە ماڵی هەموو کرێکارو جوتیارو زەحمەتکێش و خوێندکارە دڵشکاوەکان پێشنیاربکەن، دڵشکاوەکانیش بە پۆل ڕویانتێدەکردن و پەنایان بۆ دەبردن. بەشێکی زۆر لەم دڵشکاوانە دوو حەرفی دروستیان لە مارکسیم-لینینیسم نەدەزانی و تەنها بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە لە دەوڵەت دەیانویست ئینتیما بە کەتائیبیەکانەوە بکەن.

سەرکردایەتی نوێی کەتیبەکان چۆن وەڵام دەداتەوە ؟

بۆ وەرگرتنی هەرکەسێک سەرکردایەتی تاقیکردنەوەیەکی دوو قۆناغی دەستنیشاندەکات: لە قۆناغی یەکەمدا دۆسیەیەکی وردەکاتەوەو لەڕێگای ڕێکخستنەکانیەوە چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسە دەکات بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە جاسوس نیە. لە قۆناغی دووەمیشدا بەپێی بەرنامەیەکی پەروەردەیی ورد هەوڵدەدات ئەو کەسانە لە گیانی ئەنانیەت و خودگەرایی پاکبکاتەوەو بیناخاتە خزمەتی پرۆژە فراوانەکەیەوە.

لێرەوە، بەقەدەر بەهێزبوونی زەبروزەنگەکانی نێوان جەماوەری تورەو دەوڵەت، دەرگا لەسەر شانسی بەهێزبوون و فراوانبوونی کەتیبەکان دەکرایەوەو ڕێکخستنەکەیان فراوانتر دەبوو. لەگەڵ زۆربوونی ئەندامانددا ماشینی ڕێکخستنەکانیش بە شێوەیەکی زۆر تووندو وردو بەچاودێریەکی بەهێزەوە کاریدەکردو هەموو شتەکان لەسەر بنەمایەکی تەنزیمی ئاڵۆز دەڕۆشتن بەڕێوە.

کەتیبەکان ئەوەندە بەهێزبووبوون تەنانەت دەیانتوانی موچەی مانگانەی ئەندامەکانیان بدەن و تەنانەت کاتی پشوویان بۆ دیاری بکەن و لەکاتی پشودانیشدا موچەکانیان بەردەوامبێت. کەتیبە سوورەکان وەک دەوڵەتێک لە نێو دەوڵەتێکدا کاریاندەکرد.

کەندیدایەکی کەتیبەکان کە ئامادەدەکرا بۆ کارێکی تێرۆریستی دەبوو هەموو ئەم مەرجانەی خوارەوەی بەسەردا جێبەجێبکرێت :

بچڕانی هەموو پەیوەندیەک لەگەڵ خانەوادەدا، لەگەڵ هاوڕێکاندا، خۆگرتنەوە لە هەموو پەیوەندیەکی سێکسی، خۆشاردنەوە لەهەر پەیوەندیەک لەگەڵ دەرەوەدا. پشتکردنە هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێت بەجۆرێک لەجۆرەکان و لە شوێنێک لە شوێنەکاندا شووناسی ئەو کەندیدایە ئاشکرابکات.

لەگەڵ بەهێزبوونی ڕێکخستنەکاندا نیشانەکانیش زۆرتردەبوون. هەموو کادیرێکی ئیداری دەوڵەت، هەموو کادیرێکی سیاسی، هەموو سەرکارەکان، هەموو ڕۆژنامەنووسێک کە لەپێناوی کەتیبەکاندا تێنەکۆشێت، نیشانەن و دەبێت لەکاتی گونجاودا لەناوببرێن.

لە ٨ ژونی ١٩٧٦ دادوەرێکی گشتی بەناوی فرانسیسکۆ کۆکۆ دەفڕێنن و پاشان دەیکوژن. کەمێک دواتر پیاوێکی سەرمایەدار بەناوی پیەترۆ کۆسترا دەفڕێنێت و دواتر لەبەرامبەر یەک ملیارو نیو لیرەدا ئازادی دەکەن. لە تۆرینۆ ڕێگا لە دادگاییکردنی سەرکردەکانیان دەگرن (١٩٧٧). لە ٢٨ ئەڤریلی ١٩٧٧ سەرۆکی پارێزەران تۆرینۆ تێرۆردەکەن.

گەورەترین ئۆپێراسیۆنی کەتیبە سوورەکان لە ڕۆمای پایتەخت ئەنجامدەدرێت، کە ئەویش بریتیە لە فڕاندی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی مەسیحی بەناوی Aldo Moro . لە ١٦ مارسی ١٩٧٨ ئەم پیاوە دەبوو سەردانی پەرلەمانبکات بۆ ئەوەی کابینەی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی پێشکەشبکات و ببێت بە سەرۆکی ئەو حکومەتەی کە دەرەنجامی ڕێکەوتنێکبوو لە نێوان پارتی کۆمۆنیشتی ئیتالی و پارتی دێمۆکراتی مەسیحیدا. هەمان ئەو ڕۆژە هەموو ئیتالیا تووشی شۆکدەبێت کاتێک دەبیسن کە ئەلدۆ مۆرۆ لەلایەن کەتیەبە سورەکانەوە فڕێنراوە. کەتیبەکان داوای ئازادکردنی سەرکردە گیراوەکانیان دەکەن، دەوڵەت دواکەیان ڕەددەکاتەوە، ئەوانیش لەوەڵامداو لە ١٩٧٨/٥/٩ تێرۆریدەکەن و دواتر لاشەکەی لە پشتی ئتۆمۆبیلێکداو لەنێوان هەردوو بارەگای پارتی دێمۆکراتی مەسیحی و پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیدا بەجێدەهێڵن.






ئەلدۆ مۆرۆ لە زیندانی کەتیبە سوورەکانداو پاشان بەمردووی لە پشت ئۆتۆمۆبیلێکدا

## ٥. هەرەسی کەتیبە سوورەکان

لە ساڵی ١٩٨١ وە سەرەتاکانی شکستی گرووپی کەتیبەکان دەردەکەوێت. گووفتوگۆ ناوەکیەکان پرزەی لێدەبڕن. بەتایبەتی دوای تیرۆرکردنی ئەلدۆ مۆرۆ. ئەم کردەیە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەی لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئیتالیدا دروستکرد، بە چینی کرێکارانیشەوە. ئیتالیەکان ئەگەر بە فڕاندنی ئەلدۆ مۆرۆ دڵخۆشبووبوون، ئەوا بەتیرۆرکردنەکەی زۆر نیگەرانبوون. ئەوان پێیانباشتربوو کە لەڕێگای دانوستانەوە گرفتەکە چارەسەربکرێت. هەروەها بەجێهێشتنی لاشەکەی لە پشتی ئۆتۆمۆبیلێکداو لەنێوان هەردوو بارەگای پارتی کۆمۆنیست و پارتی دێموکراتی مەسیحیدا کردەیەکی دیکەی وروژاندن و تەحەداکردنێکی ڕاستەخوخۆبوو. ئەم کردەیە لەلایەن جەماوەرەوە بەشێوەیەکی قێزەون پێشوازی لێکرا.

پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی، لەوەڵامدانەوەی ئەم کردەیەدا، هەموو دەزگاکانی خۆی خستە کار بۆ ناشیرینکردنی وێنەی گرووپی کەتیبە سوورەکان لەلایەک و بۆ قەناعەتپێکردنی بزووتنەوەی کرێکاریش کە ئەم گرووپە نێونەرایەتیان ناکات لەلایەکیددیکەوە. سەندیکاکانی پارتی کۆمۆنیست، بەپێی پرۆگرامێکی چالاک و ئەکتیڤانە گەڕانەوە نێو کارگەکان و هەڵمەتێکی بەهێزی پاککردنەوەیان دەسپێکرد. پاککردنەوە لە ڕێگای دێبا و گوفتوگۆ لەسەر بەرژەوەندی و خەون و خواستی کرێکاران.

لەهەمانکاتدا، دەوڵەتیش، زۆرا زیاتر و بەهێزترو کاراتر لە جاران، دەستیکرد بە پەلاماردانی کەتیبەکان و هەموو ئەوکەسانەش کە بە سادەترین شێوە هاوکاریان دەکردن. تەنانەت ئەو کەسانەش کە هەست و سۆزێکیان هەبوو لەگەڵیاندا کەوتنە بەر ئەم شاڵاوەوەو زیندانەکان پڕکران لە سەدان ئەندامی کەتیبەکان و لایەنگرەکانیان و پارتی کۆمۆنیستیش بەهەموو شێوەیەک هاوکاریی دەوڵەتی دەکرد و لە زۆر شوێندا ئەندامەکانی دەبوون بە ڕێبەری دەزگاکانی پۆلیس.

بەدیوێکی دیکەدا، بزووتنەوەی کرێکاریش پرزەی لێبڕابوو. دوای سەدان مانیفێستاسیۆن و مانگرتن و کردەی زەبروزەنگ، ئەم بزووتنەوەیە ئیتر هەستی بە ماندووبوون دەکردو ئامادەنەبوو دەست بە زەبروزەنگ و کوشتن و خوێنڕشتن و تیرۆر بکاتەوە. کوشتنی ئەلدۆ مۆرۆ، دیوارێکی قایمی لەنێوان کرێکاران و کەتیبەکاندا دروستکرد. ئیتر کرێکاران بە ئاسانی دەرگای کارگەکانیان بۆ ئەندامێکی کەتیبەکان نەدەکردەوەو هەستیان بەوە نەدەکرد کە کەتیبەکان نوێنەرایەتی خواست و ئارەزوو بەرژەوەندیەکانیان دەکەن.

ئەم نارەزاییە لەنێو چینی خوێندکاراندا بەهێزتربوو. ڕاستە زانکۆکان بەگشتی و کۆلێژەکانی سۆسیۆلۆژیا بەتایبەتی سەرگەرمی توێژینەوەو بەرهەمهێنانی زانستبوون لەسەر ئەزموونی چەپی چەپ و کەتیبە سوورەکان و ئەم کارکردنەش جۆرێک لە پشتیوانی ئەو کۆلێژانەی بۆ کەتیبە سورەکان دابینکردبوو، بەلایکەمەوە لەسەر ئاستی هەست و سۆز، بەڵام لە تیرۆکردنی ئەلدۆ مۆرۆوە، ئیتر خوێندکاران بەشێوەیەکی گشتی دەستکاری دەزگاکانی هەست و سۆزیان دەکەنەوەو

دیوارێک لەنێوان خۆیان و ئەواندا دروستدەکەن. ئەم دیوارەش بووە مایەی بەرهەمهێنانی جۆرێکی دیکەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەتیبەکاندا. ڕەنگە ئەوەندە بەسبێت کە بڵێین ئیتر زانکۆکان بەگشتی و کۆلێژەکانی سۆسیۆلۆژیا بەتایبەتی لەوە کشانەوەکە ببن بە سەرچاوەیەکی زیندووی ڕۆشنبیریی و ئایدۆلۆژی کەتیبە سوورەکان. لەدەستدانی ئەم سەرچاوەیە کارایی‌ەکی بەهێزی بەسەر کەتائیبیەکانەوە دانا، چوونکە ئەوان پێویستیان بە جوستیفیکاسیۆنی (تەبریر) بەردەوام هەبوو بۆ ئەوەی درێژە بە خەباتی چەکداریان بدەن و زانکۆکانیش ئەم ئەرکەیان گرتبووە ئەستۆ. کە سەرچاوەی جوستیفیکاسیۆن وشکدەبێت، ئیتر گورزێکی بەهێز لەو خەباتە دەدرێت.

هەروەها لە سەرەتای هەشتاکاندا بەشێکی زۆر لە چەپی چەپ ڕەخنەکانیان ئاڕاستەی کەتیبە سوورەکان دەکەن و تاوانباریدەکات بەوەی کە لە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دورکەوتووەتەوە. کەتیبەکانیش ئەوان بە بێ بەرنامەو عەفەویەت تاوانباردەکەن و جەنگی سامبۆلیک لە نێوانیاندا دروستدەبێت.

هەموو ئەم هۆکارانە دێبا (موناقەشە)یەکیان لە نێو ڕیزەکانی گەرووپی کەتیەب سوورەکاندا دامەزراند. دێبایەک لەژێر زەمینەکان و لەنێو تاریکاییەکانی زیندانەکاندا. دێبا لەسەر بەرنامە و ئامانج و مێتۆدی کارکردن. بەسنووری کشانی ئەم دێبایە، لە هەشتاکاندا، سنوورەکانی کارکردن و چالاکی گرووپەکەش پاشەکشەی دەکرد و خۆی دەپێچایەوە. ڕاستە ئایدۆلۆژیای گرووپە کە تائێستاش ماوەو بەشێک لە سەرکردەو ئەندامەکانیشیان تائێستاش لە زیندانەکانی ئیتالیادان، بەڵام دەتوانین بڵێین لە هەشتاو پێنجەوە ئیتر ئەم گرووپە ئیفلیجدەبێت و توانای جوڵەو چالاکی نامێنێت و لەسەر گۆڕەپانی ئیتالی وەک ئەکتەرێکی کردە بەرهەمهێنەر وندەبێت و لەگەڵیشیدا ماشینی تیرۆریسمی ئیتالیش برغو برغو هەڵدەوەشێتەوە.

# بەرگی سێیەم

بەشی بەشی یەکەم : تیرۆریسم لە سەرەوە بۆ خوارەوە ١١٩
بەشی دووەم:  تیرۆریسمی سوور : لینین-ستالین          ١٢٧
بەشی سێیەم : بەعس: لە تیرۆرسمی حیزبەو بۆ تیرۆریسمی دەوڵەت          ١٣٩

# بەشی یەکەم
# تیرۆریسم لە سەرەوە بۆ خوارەوە

بە درێژایی هەشت بەشی پێشوو، ئێمە تواناکانی خۆمان مۆبیلیزەکرد بۆ ئەوەی لە تیرۆریسم وەک کردەیەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە تێبگەین. واتە تیرۆریسمی گرووپ و ڕێکخراوەکان دژ بە دەوڵەت و کۆمەڵگەکان. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێچەوانەکەی ئەم ئیشکالیەتە بخەینە ژێر پرسیارەوە. واتە تیرۆریسمی سەرەوە بۆ خوارەوە. تیرۆریسمی دەوڵەت دژ بە گرووپ و ڕێکخراوەکان.

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە لە بەشەکانی ڕابوردوداو بە پێی هەموو ئەو دەرهاویشتانەی کە ئێمە کۆمانکردنەوەو ناومان نان و پۆلێنمانکردن و پاشان فەحسمانکردن، هەمیشە ئارەزوویەک خۆی مانیفێستکردوە، ئارەزووی پەردەپۆشکردنی تیرۆریسمی دەوڵەت و دۆزینەوەی تەبریر-جوستیفیکاسیۆن بۆ زەبروزەنگی دەوڵەت.

**بەڵام ئەم تەبریر هێنانەوەیە لە بەرامبەر زانستدا تا کوێ پردەکات؟**

**ئایا ئێمە دەتوانین لەسەر ئاستی زانست قسە لە تیرۆریسمی دەوڵەت بکەین ؟**

**دەوڵەتی تیرۆریست چیە ؟**

**چۆن و کەی دەکرێت سەرەوە وەک ماشینی بەرهەمهێنانی تیرۆریسم پێنسابکرێت ؟**

**ڕەگوریشەکانی تیرۆریسمی سەرەوە-دەوڵەت لە کوێدایە ؟**

ئێمە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە تەرخاندەکەین بۆ پشکنین و عەمەلیاتکردنی ئەم پرسیارانەی کە هەر لەسەرەتاوە دەکرێت دان بەوەدابنێین مەیدانێکی تەواو ئاڵۆزو تەماویەوەو دەستبردن بۆی توێژەر تەواو ماندودەکات.

ئەم ئیشکالیەتە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر بیرکردنەوەو ڕامان لە فۆرمە جیاوازەکانی جەنگ. جەنگی کلاسیکی (بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دوو دەوڵەتی دووژمن بەیەک)، جەنگی ناوخۆ، جەنگی پارتیزان، هتد. جاک دێریدا، گەورە فەیلەسووفی فەرەنسی، تەواو بە پێچەوانەی قووتابخانە فیکریەکەی کارل شمیتەوە، پێیوایە ئێمە ناتوانین ناوی جەنگ بنێین لەو زەبروزەنگەی کە ئێستا دونیای گرتووەتەوە. ئەو پێوایە گوزارشتی جەنگ دژی تیرۆریسم وەک لاستیک کێشی دێت و کۆمینۆتێی زانایان دەبێت پێش حوکمدان بەسەریدا هەموو ئەو بەرژەوەندی و کۆنتێکستە تەماویانە شیبکەنەوە کە ئەو زەبروزەنگەی تیادا بەرهەمدێت. دێریدا دەڵێت:

**" بۆش (سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) قسە لە جەنگ دەکات، بەڵام ئەو زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێت پێمانبڵێت ئەو دوژمنەی ئەم جەنگەی لەگەڵدا دەکرێت کێیە. ئەفغانستان بە دانیشتوان و سووپاکانیشیەوە دوژمنی ئەمەریکیەکان نین، تەنانەت ئەمەریکیەکانیش بەردەوام ئەمە دووپاتدەکەنەوە. با ئێمە گریمانەی ئەوە بکەینە کە بن لادن پیاوی سەروەرە لەو ناوچەیەدا. بەڵام هەموومان ئەوەدەزانین کە ئەم پیاوە ئەفغانی نیە. تەنانەت لەلایەن وڵاتەکەی خۆیەوەو هەموو وڵاتانی جیهانەوە شاربەدەرکراوەو دەرگای لەسەر داخراوە. پێگەشتنی ئەم پیاوە ئەوەندەی قەرزاری وڵاتانی دونیایە، دەئەوەندە قەرزاری ئەمەریکا خۆیەتی. ئەو وڵاتانەش کە یارمەتی بن لادن دەدەن، وەک دەوڵەت یارمەتی نادەن. هیچ دەوڵەتێک بە شێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ ئەو دەرناپڕیت. تەنانەت ئاسان نیە شووناسی ئەو وڵاتانەش کە داڵدەی تێرۆریستان دەدەن دیاری بکرێت. لەبیرمان نەچێت کە لەندەن و بەرلینیش وەک زۆر جێگای دیکەی جیهان، مەڵبەندی پێگەیاندن و گەشەکردنی تێرۆریستانی جیهانین. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئێمە ناتوانین لۆکالیزەی تەکنۆلۆژیای نوێی هێرشکردن لە هیچ جوگرافیاو نیشتمانێکی دیاریکراودا بکەین."[liii]**

دێریدا پێیوایە تێرۆریسمی نوێ، لە سەردەمی شۆرشی تەکنەلۆژیای نوێدا، بۆ بەرهەمهێنانی گەورەترەین کردەی تێرۆریستی، کردەیەک کە هەموو کێڵگەکانی ئابوری و سەربازی و سیاسی بهەژێنێت و کیشوەرێک بخاتە مەترسیەوە، پێویستی بە بۆمبی ئەتۆمی و فڕۆکەی جەنگی و موشەکی بالیستیکی و چەکی کیمیاوی نیە. ئەوەندە بەسە کە بەشێوەیەکی زیرەکانە ڤایرۆسێک فڕێبداتە نێو سیستەمێکی ستراتیژی پەیوەندیە ئەلەکترۆنیەکانەوە کە دەتوانێت هەموو چالاکیەکانی کیشوەرێک ئیفلیجبکات. ئەنجامدانی ئەم کارە ئەگەرێکە و لەهەموو جێگایەکی ئەم دونیایەدا دەکرێت بەدی بهێنرێت. ئەمەش وا لەم فەیلەسووفە دەکات بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە پەیوەندی نێوان سنوورەکانی نیشتمان و تێرۆر تەواو گۆڕاوەو لە دونیای تیکنێکۆ-زانیاریدا ئیتر قسەکردن لە سنوورەکانی دەوڵەتێک کارێکی ئاسان نیە. هەروەها ئەم تیکنێکۆ-زانیاریە دێت و وەک فەرش پەیوەندیەکانی نێوان جەنگ و تێرۆریسمیش دەپێچێتەوە. دێریدا کاتێک بەراوردی ١١ی سێپتەمبەر دەکات لەگەڵ ئەو هێرشە تێرۆریستیانەی کە لە داهاتوودا لە ڕێگای ڤایرۆسەوە ئەنجامدەدرێن، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ١١ی سێپتەمبەر دەکرێت وەک کردەیەکی ئەرکایک archaïque و ئاسای و ناسراوو ترادیسیۆنێل تەماشابکرێت. ئەو مەترسیەی کە بەڕێوەیە زۆر ترسناکتر و ناوازەتر و کارەساتاویترە لە ١١ی سێپتەمبەر.

**ئایا ئەم جەنگە جەنگی نێوان دوو دەوڵەتە ؟**

**ئایا دەکرێت بڵێین جەنگی ناوخۆیە ؟**

**دەکرێت وەک جەنگی پارتیزان پێشنیاری بکەین ؟**

جاک دێریدا بە نێگەتیف وەڵامدەداتەوە، چوونکە ئەم جەنگە لەسەر ڕاپەڕینێکی ناسیۆنال یان بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز دانەمەزراوە. ئەم جەنگە جەنگی دەسەڵات گرتنەدەست لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا نیە. هەرچەند بن لادن هەندێکجار بانگەشەی دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە عەرەبی سعودیە دەکات، بەڵام ئەم بانگەشەیە ستراتیژیەتی تێرۆریسمی ئەو دیاری ناکات. لەڕێگای ئەم ئەرگیومۆنتانەوە دێریدا دەیەوێت تێرۆریسم لە خوارەوە بۆسەرەوەو لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەجەنگەکانی دیکە جیابکاتەوە. ئەو دەڵێت:

> **"بەڕاستی دەبێت ئێمە لە بەکارهێنانی وشەی (تێرۆریسم) و (تێرۆریسمی ئەنتەرناسیۆنال)دا زۆر وریابین. پێش هەمووشتێک تێرۆر چیە ؟ چی (تێرۆر) لە (ترس) لە (ڕاڕایی) لە)ئارامی( جیا دەکاتەوە ؟...من گووتم ١١ی سێپتەمبەر ڕوداوێکی مەزنە « major » نەک لەبەر ژمارەی زۆری قوربانیەکانی، بەڵکو لەبەر ئەو ترسەی کە لەنێو هۆشیاری و ناهۆشیاری جەماوەردا چاندی. ترس لەوەی کە لەداهاتوودا ڕوودەدات زۆر کارەساتاویترو جەرگبڕترە لەوەی ئێستا ڕوویداوە. ترس لە داهاتوویەک کە زۆر لە جەنگی سار دزێوترە. لێرەدا من لەسەر چی قسە دەکەم ؟ لەسەر تێرۆر، ترس، نائارامی، ڕاڕایی ؟ بێگوومان هەموویان پێکەوە. تێرۆری ئۆرگانزەکراوی وروژێنراوی بەکارهێنراو بەچی لەم ترسە جیادەکرێتەوە، ئەم ترسە کە کۆی ترادیسیۆن لە Hobbes وە تا Schmitt و تەنانەت Benjamin ش وەک دەسەڵاتی یاساو مومارەسەی سەروەری لەلایەن دەسەڵاتەوە وەسفی دەکەن ؟ لە « Léviathan »دا Hobbes بەتەنها باس لە ترس « fear » ناکات بەڵکو باس لە "تێرۆر"یش دەکات. Benjamin پێیوایە دەوڵەت لەڕێگای چاندنی ترسەوە لە نێو جەماوەردا کاردەکات بۆ مۆنۆپۆلکردنی "زەبروزەنگ". پێمدەگوترێت هەموو ئەزموونێکی تێرۆرو هەموو بەکارهێنانێکی تێرۆر بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرهەمی تێرۆریسم نیە. بێگوومان وایە، بەڵام نابێت هەرگیز ئەوەمان لەبیربچێت کە مێژووی سیاسی وشەی تێرۆریسم ڕاستەوخۆ ڕاماندەکێشێتە سەر ئەو فەترە مێژووییەی کە شۆڕشگێرە فەرەنسیەکان بەناووی دەوڵەتەوە بەکاریان دەهێناو لەو ڕێگایەوە دەیانویست مۆنۆپۆلی زەبروزەنگ بکەن.liv"**

لێرەوە دێریدا، وردە وردە لەو مەیدانە نزیکدەبێتەوە کە ئێمە دەمانەوێت لەم بەشەدا کاری لەسەر بکەین. مەیدانی تێرۆریسم لە سەرەوە بۆ خوارەوە. بۆ پەردە لادان لەسەر ئەم جۆرە لە تێرۆریسم، دێریدا دێت و پێناسە شەرعی و دەوڵەتیەکان دەخاتە سەر شانۆ. دوای پشکنینی ئەو پێناسانە، پێماندەڵێت:

تێرۆریسم لە خەیاڵدانی سیاسی دەوڵەتەکاندا، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئەوروپادا، بریتیە لە تاوانی کوشتنی مرۆڤ لە ڕێگای هەتککردنی یاسا ناسیۆنال وئەنتەرناسیۆنالەکانەوە. قوربانیەکانی تێرۆریسم بریتین لە مەدەنی و عەسکەری و

سیاسیەکان. دێریدا پێیوایە ئەم پێناسانە بە هیچ شێوەیەک "تیرۆریسمی دەوڵەت" پەردەپۆش ناکەن. بێگوومان هەموو تیرۆریسمێکی دەوڵەت پەنادەباتە بەر هەموو تەبریرێک-جیوستیفیکاسیۆن بۆ ئەوەی شەرعیەت بۆ خۆی دەستەبەر بکات. دێریدا لێرەدا نموونە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەهێنێتەوەو دەڵێت:

**"وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاوانباردەکرێت بەوەی کە لەیەککاتدا تیرۆریسمی پراکتیککردوەو پشتگیریشی لە تیرۆریسمی دەوڵەتیش کردووە." ە.س.پ، لا ١٥٦.**

جاک دێریدا پێیوایە کە تەنانەت لە چرکەی جەنگە ڕەسمی و ڕاگەیانراوەکانیشدا، جەنگی دەوڵەتێک بەرامبەر دەوڵەتێکی دی، تیررۆریسم وەک مێتۆدێک بەردەوام مومارەسەکراوەو جەماوەری مەدەنی هەمیشە ئامانجێکی سەرەکی زەبروزەنگی دەوڵەتە بەشەڕهاتووەکان بووە.

دێریدا هەروەها کلیک دەکات لەسەر مەلەفی ئەو کەس و گرووپانەی کە دوێنێ وەک تیرۆریست دەخرانە سەر شانۆو ئەمڕۆ وەک پیاوانی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. یان ئەوانەی دوێنێ وەک جەنگاوەرانی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکراو ئەمڕۆ وەک تیرۆریست دەخرێنە سەر شانۆ. بۆ ئەم دوو تێزەشی، نموونە بە جەزائیر و ئەفغانستان و ئیرلاندای باکورو کۆرس و فەلەستین دێنێتەوە. ئەو دەڵێت:

**کێ دەتوانێت بڵێت دەوڵەتی فەرەنسی هەموو کەرەسەکانی تیرۆریسمی لە جەزائیردا بەکار نەهێناوە ؟**

**کێ دەتوانێت بڵێت جەنگاوەرە جەزائیریەکان هەمان کاریان لە دژی فەرەنسیەکان ئەنجام نەداوە؟**

**کێ دەتوانێت خۆی گێل بکات لەوەی کە بەشێکی زۆر لە تیرۆریستەکان لە لە هەندێک جێگای دونیادا وەک تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری تەماشا دەکرێن ؟**

بێگوومان ئەمە هەمان ئەو تێزەیە کە هابرماسیش بەرگری لێدەکات و بەردەوام دەیەوێت ئەوەمان بیربخاتەوە کە لە چرکەی قسەکردنماندا لەسەر تیرۆریسمی تاک و گرووپ و ڕێکخراوەکان، نابێت تیرۆریسمی دەوڵەتیشان لەبیر بچێت کە لە هەندێک شوێنی دونیادا سەرچەوەی یەکەمی بەرهەمهێنانی تیرۆریسمی گرووپەکانە.

لەو چەند لاپەڕەیەی سەرەوەدا ئەوەی تا ئێستا لەسەر ڕەهەندی زەبروزەنگ و تیرۆریسم لەسەرەوە بۆ خوارەوە قسەیکرد فەلسەفە بوو. ئێستا پێمانباشە بگەڕێینەوە لای سۆسیۆلۆژیاو یەکێک لە باوکەکانی بۆ ئەوەی بزانین ئەو چۆن لەم فینۆمێنە کۆمەڵایەتیە قسە دەکات. ساڵی ١٩١٩ ماکس ڤیبەر لە کتێبی Le savant et le politique دا دەنووسێت:

**"کۆبوونەوەی سیاسی چیە ؟ دەوڵەت چیە ؟ بێگومان دەوڵەت دەرفەتمان پێنادات لە ڕێگای کردەکانیەوە پێناسەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی بکەین(...) دەوڵەت تەنها لە ڕێگای کەرەسە**

**تایبەتەکانی خۆیەوە هەل دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیا پێناسەبکرێت(...)وەک ترۆتسکی بە برێست-لیتۆفسک دەڵێت، هەموو دەوڵەتێک لەسەر زەبروزەنگ دامەزراوە. لە واقیعدا ئەوە ڕاستە. ئەگەر ئێمە تەنها ستراکتۆرە کۆمەڵایتیە دور لە زەبروزەنگەکانمان هەبوایە، بێگوومان کۆنسێپتی دەوڵەت ئیتر ماڵئاوایی دەکردو فەوزا دەبوو بە پانتایی جوڵەکردنمان. دیارە زەبروزەنگ تاقانە کەرەسەی دەوڵەت نیە، ئەوە گومانی تێدا نیە، بەڵام گومانیش لەوەدا نیە کە یەکێکە لە کەرەسە هەرە تایبەتەکانی. لە ئەمڕۆدا پەیوەندی نێوان دەوڵەت و زەبروزەنگ پەیوەندیەکی تەواو مەحرەمە. بەدرێژایی مێژوو کۆبوونەوە سیاسیەکان « Groupement Politique » لە پێناوەی مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا زەبروزەنگی فیزیکیان بەکارهێناوە. دەوڵەتی مۆدێرن بریتیە لە کۆمینۆتییەکی مرۆیی کە دەیەوێت مۆنۆپۆلی زەبروزەنگی شەرعیانەی فیزیک بکات. ئەوەی لە هەمووشتێک گرنگترەو ئێمە تێبینی دەکەین ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە، هەموو شێوەکانی دیکەی زەبروزەنگ کە ئەو شەرعیەتی پێنەبەخشیوون ڕەتدەکاتەوەو بە ناشەرعی لەقەڵەمدەدات. واتە گرووپ و تاکەکان بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوەیان نیە کە بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت پەنابەنە بەر بەکارهێنانی زەبروزەنگی فیزیک. لێرەوە تاقانە سەرچاوەی (شەرعی) زەبروزەنگ دەبێت بە خودی دەوڵەت نەک شتێکی دیکە(...) ئەو پەیوەندیەی کە دەوڵەت لەنێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی دیکەدا دروستیدەکات هەڵگری سروشتی هەیمەنەیە. هەیمەنەی مرۆڤێک لەسەر مرۆڤێکی دیکە. ئەو هەیمەنەیەش لەسەر پرانسیپی زەبروزەنگی شەرعی خۆی دادەمەزرێنێت. لێرەوە دەوڵەت تەنها لەوکاتەدا دەتوانێت بوونی هەبێت و بەردەوامی بە خۆی بدات کە هەیمەنەکراوەکان« Dominé »ڕازیبن بە هەیمەنەی « Domination » هەیمەنەکارەکان « Dominant ».لێرەدا چەدن پرسیارێک یەخەمانپێدەگرن: لەچی هەلومەجێکدا و بۆچی هەیمەنەکراوەکان ڕازیدەبن بە هەیمەنەی هەیمەنەکارەکان؟ lv"**

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەی ماکس ڤێبەرەوە دەتوانین تێبینی ئەوەبکەین کە مێژووی دەوڵەت و مێژووی زەبروزنگ بەیەکەوە نووساون و ئەستەمە لەیەکیان جودابکەینەوە. دەوڵەت ئەو کائینەیە کە هەموو سەرچاوەکانی زەبروزەنگ مۆنۆپۆلدەکات و کارەکتەری ناشەرعیش دەبەخشێت بە هەر کردەیەکی زەبروزەنگ کە لەیەکێک لەکەناڵەکانی ئەوەوە مۆڵەتی پێنەدرابێت. بەڵام ئایا ماکس ڤێبەر لێرەدا سەرگەرمی دروستکردنی تێوریەکی ڕوتوقوتە لەسەر دەوڵەت یان لە چرکەی تەحلیلکردنی واقیعێکی دیاریکراوی بەرجەستەبوی فەحسکراودایە ؟

گەورە سۆسیۆلۆگی فەرەنسی رایمۆند ئەرۆن Raymond Aron لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت:

**"ماکس ڤێبەر نایەوێت ئیختیارمان بکات لەنێوان ئەو کۆنسێپتانەی کە ڕوتوقوتن و قابیل بە تەحلیلن و ئەو کۆنسێپتانەش کە نیوە-مێژووین.**lvi**"**

میشێل ڤیڤێۆرکا، سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی « Association Internationale de Sociologie » ، هەروەها پرۆفێسۆر لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان،لە سەر هەمان تێزی ماکس ڤێبەر بەدەنگ دێت و دەنووسێت:

**" ڕاستە کە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا ڕاوەستاون لەوەی ڕەخنەبگرن لە مۆنۆپۆلیزەکردنی زەبروزەنگ لەلایەن دەوڵەتەوە، بەتایبەتی لەوڵاتە دیمۆکراتیەکاندا. بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین خۆمان بدەینە دەست ئەو تێگەشتنەی ماکس ڤێبەر لەکاتێکدا کە ئابوری خۆی بەجیهانی دەکات و دەوڵەتەکان لە ناوەوەو دەرەوە لێوانلێو بوون لە گرفتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ئەو گرفتانەش لە کۆمەڵێک لۆژیکەوە دێن کە تەواو نادەوڵەتین و لەبەرامبەریاند دەوڵەتەکان ئیتر تواناى کۆنترۆڵکردن و سنوردارکردن لەدەست دەدەن ؟ لە ئەمڕۆدا دەوڵەتەکان هەروا بە ئاسانی ناتوانن باس لە کۆنتۆڕلکردنی چوارچێوە نیشتمانی و ئیداری و یاسای و ڕەمزیەکانی ژیانی ئابوریان بکەن، چوونکە بڕیارەکان، مرۆڤەکان، بازاڕەکان، سەرمایەکان، زانیاریەکان لەسەر ئاستی جیهانی خۆیان دەخەنە سەر شانۆ. بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت کە بەشێک لەم جیهانگیریە بەشێوەیەکی ناشەرعی ئەنجامدەدرێت و لەلایەن هیچ دەزگاو یاسایەکەوە چاودێری ناکرێت و دورە لە چاوی هەموو کۆنترۆڵەکان. ئەمە وامان لێدەکات کە باس لە جیهانگیریەک لەسەر ئاستی جەریمەی ڕێکخراو بکەین.**lvii**"**

میشێل ڤیڤێۆرکا دەیەوێت پێمانبڵێت کە لەسەردەمی جیهانگیریدا ئیتر دەوڵەت بەتەنها شەرعیەتی خۆی لەنێو چوارچێوەیەکی نیشتمانی دیاریکراودا وەرناگرێت، چوونکە خودی ئەم چوارچێوەیە لەسەر هەموو ئاستەکان تەواو لاوازبووەو ئەوەی دواتر کارایی بەسەر ئەو شەرعیەتەوە دادەنێت ئەو سیستەمە جیهانیەیە کە ئەم ئەستێرەیە بەڕێوەدەبات. لێرەدا نموونە بەو چرکەیە دێنێتەوە کە بزووتنەوەی تالیبان لە ئەفغانستاندا دەسەڵات دەگرنە دەست. دەوڵەتی تالیبان، بێجگە لای چەند دەوڵەتێکی بە پەنجەی دەست ژمێردراو، شەرعیەتی پێنەبەخشراو، وەک دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا نەکراو، لە سەر ئاستی جیهان وەک نەفرەتلێکراوێک مایەوە.

لەهەمان کاتدا، میشێل ڤیڤێۆرکا پێیوایە دەوڵەت، لەگەڵ هەموو ئەو گۆرانکاریانەشداو، لەڕێگای دەزگا سیخوری و داپڵۆسێنەرو پۆلیسیەکانیەوە، مومارەسەی ئەو شتە دەکات کە ئەو ناوی دەنێت " زەبروزەنگی ناشەرعی".

ئەم ئەگەرە هەروەک چۆن لە دەوڵەتە نادیمۆکراتیەکاندا کارایەو زیندووە، ئاواش لە دەوڵەتە دیمۆکراتیەکانیشدا بەهێزەو تارماییەکەی لە زۆر جێگادا بەر هەست دەکەوێت. زۆر جار " زەبروزەنگی ناشەرعی" دەوڵەتان لەو مومارەسانەدا خۆی مانیفێستدەکات کە تەواو دژی گووتاری ڕەسمی دەوڵەتن. بۆنموونە:

لە نێو دەوڵەتە دیمۆکراتیەکاندا زۆر جار ئەشکەنجەی نێو زیندانەکان و توندوتیژی پۆلیسی و گورزە جەرگبڕە سەربازیەکان دەبنە شانۆی " زەبروزەنگی ناشەرعی". لێرەدا میشێل ڤیڤێۆرکا نموونە بە دەوڵەتی بەرازیل دەهێنێتەوە. ئەم دەوڵەتە بە قۆناغێکی تایبەتدا گوزەر دەکات. گوزەرکردن بەرەو دیمۆکراسی وەک ئیدیال تیپێک. بەڵام ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کە بەقەدەر بەرەوپێشچوونی دیمۆکراسی لەم وڵاتەدا، زەبروزەنگی پۆلیسیش بەرەوپێشەوە دەچێت و بەقەدەر گەشەکردنی دێمۆکراسی، زەبروزەنگی پۆلیسیش گەشە دەکات.

هەروەها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا، پۆلیسەکانی ئەو دوو وڵاتە مافی وەرگرتنی پشودانی درێژیان هەیە و لەو ماوە درێژەدا کە کار ناکەن و موچەکەشیان وەردەگرن، هەلێکی باشیان بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەوەی لەگەڵ شەریکە تایبەتەکانی پاراستندا، بەشێوەیەکی ڕەش، کاربکەن و پارەیەکی زۆر بەنەوە. ئەم کارکردنە دەرگایەکی گەورە لەسەر ئەو شەریکانە دەکاتەوە، چوونکە پۆلیسەکان چەند مافێکی تایبەتیان هەیە کە هەموو هاوڵاتیەک نیەتی. ئەوان دەتوانن باجەکانیان لەکاتی تایبەتدا بەکاربهێنن، هەروەها تۆڕی پەیوەندیەکانیان لە نێو دەزگاکانی دەوڵەتەدا بخەنە خزمەتی شەریکەکانەوە. لێرەوەو لە ڕێگای بەکارهێنانی زەبروزەنگێکی ناشەرعیەوە ئەو پۆلیسانە سەرمایەیەکی باش پێکەوە دەنێن.

بەڵام لێرەدا پرسیاری شەرعیەت، بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیادا، ڕوبەڕوی هەموو لایەک دەبێتەوە.

کێ مافی ئەوەی هەیە شەرعیەت دیاری بکات ؟

کێ دەتوانێت بە ئێمە بڵێت ئەو زەبروزەنگە شەرعیە و ئەویدیکەیان شەرعی نیە ؟

میشێل ڤیڤێۆرکا لەوەلامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت:

> **" لە ڕاستیدا گرفتەکە زۆر لەوە قوڵترە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، چوونکە ئەوەی کە ناوی دەنێین زەبروزەنگ لە نێو زەمەنە جیاوازەکاندا بە چەندین شێوەی جیاواز خۆی مانیفێستدەکات. هەندێکجار پێش ئەوەی دەوڵەت پێناسەی زەبروزەنگ بکات و چوارچێوە یاساییەکانی بۆ دیاری بکات، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕای گشتی ئەو کارە ئەنجامدەدەن (...) بەپێچەوانەی ڕابوردووەوە، لە ئێستادا دەوڵەت کەمتر دەبورێت**

**لەو زەبروزەنگانەی کە لە پانتاییە شەخسیەکاندا بەرهەمدەهێنرێت. بۆنموونە زەبروزەنگ دژی ئافرەت، منداڵ یان بەتەمەنەکان. بەڵام تا ئێستاش چەند دەزگایەکی دیکە هەن کە دەوڵەت نایەوێت دەستوەرداتە ماشینی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگیانەوە، بۆنموونە قوتابخانە و کەنیسە."[lviii]**

لێرەوە میشێل ڤیڤیۆرکا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە پرسیاری "شەرعیەتی زەبروزەنگ" پێش هەمووشتێک ڕەگوریشەی لەنێو پانتاییە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکاندا دەدۆزێتەوەو ئەوەی دواتر چوارچێوەکانی دیاریدەکات بەتەنها دەوڵەت نیە بەڵکو کۆمەڵگەشە. کۆمەڵگە ئەو کائینەیە کە دێت و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێناسەی هەموو ئەو شتانە دەکات کە لێی دەبورێت و قبوڵ و ڕەفزی دەکات. ڕەنگە هەندێکجاریش ئەو پێناسەیە لەگەڵ چوارچێوە یاساییەکانی دەوڵەتدا یەکتری نەگرنەوە. شەرعیەتی زەبروزەنگ ئیتر بەتەنها لە کردەی عەقڵانی دەوڵەتو بیرۆکراسیەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بوونیەیەکی کۆمەڵایەتیشەو لەلایەن کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە بەبوونیەدەکرێت و لەنێو فایلی بەها تەمەن درێژەکاندا تۆماردەکرێت.

لەم سەرشارە تێوریەوە، ئێمە لە دوو بەشی داهاتوودا دوو حاڵەت کە تەواو نزیکن لەم چوارچێوە تێوریەوە دەخەینە ژێر پرسیار وپشکنینەوەو هەوڵدەدەین لەو مانایانە تێبگەین کە ئەم دوو حاڵەتە بە ئاقاری تێرۆریسمی دەوڵەتدا دەبەن. حاڵەتەی یەکەمیان دەوڵەتی لینین-ستالین و حاڵەتی دووەمیشیان دەوڵەتی سەدام حوسەینە.

یەکەمیان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دروستدەبێت و بۆ ماوەیەکی درێژ هەموو جیهان سەرگەرمی کردەو کارایی و ستراتیژیەت و پرۆگرامە جیهانگیریەکەی دەکات و لەناوەوەش کۆمەڵگە بە شێوەیەکی تاقانە دروستدەکاتەوە.

دووەمیشیان لە کۆتا چارەکی سەدەی بیستەمدا دێت و سەرلەنوێ دەستکاری هەموو شتەکان دەکات و تا ئەم چرکەیەش هەموو جیهان ناچاردەکات بەوەی بەجۆرێک لەجۆرەکان سەرگەرمی ئەو پرۆگرامەبن کە ئەو لەو چارەکە سەدەیەدا ریالیزەی کرد.

# بەشی دووەم
# تێرۆریسمی سوور : لینین-ستالین

**"ژیان لەبەرامبەر مردندا دۆراندی،**
**بەڵام لە دەربەندی ململانێ لەگەڵ عەدەمدا**
**یادەوەری دەیاتەوە"**

تزڤیتان تۆدۆرۆڤ

توێژینەوەو پشکنینیی تێرۆریسمی دەوڵەت بەگشتی و تێرۆریسمی سووری دەوڵەت بەتایبەتی کارێکی ئاسن نیە بۆ هیچ توێژەرێک. مەبەستم لە تێرۆریسمی سوور ئەو زەبروزەنگەیە کە لینین و ستالین لە ڕێگای دەوڵەتەوە بەکاریان هێنا.

ئەم کارە ئاسان نیە چوونکە هەر لەسەرەتاوە لە مانای ئایدۆلۆژی بارکراوەو دوژمنەکانی کۆمۆنیسم بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئیدۆلۆژیەکانیان بەکاری دەهێنن و دۆستەکانیشی بەهیچ شێوەیەک بۆیان قووت نادرێت. یەکێتی سۆڤێت وڵاتێکی بچووکی کەنارگیری لاوازی کیشوەری ئەفەریقا نەبوو تا تووێژینەوەو پشکنینی وەک دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژی، توێژەر تووشی سەرئێشە و گرفت نەکات، بەڵکو ئەو ئیمپراتۆریەتەبوو کە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکیدا هەموو جیهانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردبوو. بێگوومان بەقەدەر گەورەیی ئیمپراتۆریتەت دووژمن و دۆستەکانیشی گەورەو زۆربوون.

بەڵام ئەم تووێژینەوەیەی ئێمە هیچ پەیوەندیەکی بەو دابەشکردنەوە نیە. ئێمە وەک توێژەر، نە دوژمنین و نەدۆست. نە "خێر" بەرهەمدێنین و نە "شەڕ"، بەڵکو ئەوەی لێرەدا دەیکەین تەنها بەرهەمهێنانی زانستە لەسەر ڕەهەندی تێرۆریسمی دەوڵەت لە قۆناغی دەسەڵاتی لینین و ستالین دا. بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین ئەو دوو قۆناغە بەتەنها لە تێرۆریسمدا کورتبکەینەوە ؟ بێگوومان نەخێر. ئەو کارە دەبێتە کوفرێکی زانستی. چوونکە بە کورتی ئەو دوو قۆناغە زۆر لەوە بەرفراوانتر و پرماناترن و ڕەنگە ئێمە سەدان توێژەری جددیمان پێویستبێت بۆ ئەوەی لەو دوو قۆناغە وەک خۆیان تێبگەین.

بێگوومان لە چەند سەدەی ڕابوردودا زۆر کەمن ئەو دەوڵەتانەی کە مومارەسەی تێرۆریسمی ماسیان « masse » نەکردبێت. دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا تا سەر ئێسقانیان لە تێرۆریسمی ماس دژ بە مرۆڤە پێست ڕەشەکاندا نوقومبوون.

جمهوریەتی فەرەنسی، وەک گەورە مێژوونووس و گەورە سۆسیۆلۆگەکانی دەڵێن، بەربڵاوترین تێرۆریسمی لە چرکەکانی کۆلۆنیالیزاسیۆندا ئەنجامداوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا ئێستاش بە دوو تێرۆریسمی گەورە تاوانبار دەکرێت؛ تێرۆریسمی ماس دژ بە مرۆڤە ڕەشە کۆیلەکان لەلایەک و جینۆسایدی مرۆڤە سورە هیندیەکان لەلایەکیدیکەوە.

بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین و ئەو دەرهاویشتەیەی بەرهەستی زانستیمان دەکەوێت، زیاتر لە هەموو سەدەکانی دیکە، سەدەی بیستەمە وەک لەبارترین مەیدان بۆ مومارەسەکردنی تێرۆریسمی ماس لەلایەن دەوڵەتانەوە. شووناسی سەدەی بیستەم پێش هەمووشتێک شووناسی دوو جەنگی گەورەی جیهانیە کە زیاتر لە ٧٥ ملیۆن قوربانی لەدوای خۆیان بەجێدێڵن. سەدەی جینۆسایدی جولەکەکان بەدەستی نازیەکان و ئەرمینیەکان بەدەستی عوسمانیەکان و کوردەکان بەدەستی عەرەبەکان و ئەسیوبیەکان بەدەستی ئیتالیەکان و دەیان جینۆسایدی دیکەیە. لەنێو کۆنتێکستێکی ئاوادایە کە ئێمە تێرۆریسمی سووری ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیست دەخەینە بەر توێژینەوەو پشکنینی زانستیەوە.

کۆمۆنیسم، فێنۆمێنی گەورەی سەدەی بیستەم، درێژترین پەراگرافی کتێبی سەدەی بیستەم، پرماناترین کردەی سەدەی بیستەم، لە ساڵی ١٩١٧ وە دەستپێدەکات و ساڵی ١٩٩١ لە مۆسکۆ کۆتایی پێدێت. ئەم کۆمۆنیسمەی کە پێش نازیسم و فاشیسم لەدایک دەبێت و دوای مردنی ئەوانیش دەمێنێتەوەو باڵ دەکێشێت بەسەر هەر چوار بەشەکەی جیهاندا، لە سەنتەری ئەو تابلۆیەدایە کە بە تێرۆریسمی دەوڵەت ناوزەدە دەکرێت.

پێموایە لەم سەرەتایەوە، وەک چۆن بە درێژایی توێژینەوەکانم لەسەر ئیسلامی سیاسی جیابوونەوەیەکی بەرچاوی هەستپێکراو دەکەم لە نێوان توێژینەوە لەسەر ئیسلام وەک ئاین لەلایەک و ئیسلامی سیاسی وەک پرۆژەیەکی سیاسی چەند گرووپێک لە بەشەر لەلایەکیدیکەوە، ئاواش هەمان جیاوازی دەخەمە نێوان توێژینەوەم لەسەر کۆمۆنیسم وەک ئایدۆلۆژیا و ئیدیال لەلایەک و کۆمۆنیسم وەک پراکتیک و مومارەسەی چەند گرووپێک لە بەشەر لەلایەکی دیکەوە. ئێمە پێمانوایە هەرتێکەڵکردنێکی ئەم دوانە، لەسەر ئاستی مێتۆدۆلۆژیا بێجگە لە کوفری زانستی هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت. وەک چۆن هەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژیە مێژووی هەزار و چوار سەد ساڵەی ئیسلام لە کۆمەڵ یان یەکگرتوودا تەماشابکەیت، ئاواش هەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژیە گەر کۆمۆنیسم وەک تێوریەکی ئیدیال بە پراکتیکی لینین یان ستالینەوە ببەستیتەوە. پرۆفێسۆر ستیفان کورتواس♣[١٤] لەم بارەیەوە دەنووسێت:

---

♣ ستیفان کورتواس، مێژوونووس، سەرپەرشتیاری توێژینەوەیە لە سەنتەری ناسیۆنالی توێژینەوەی زانستی لە فەرەنسادا. هەروەها بەڕێوبەری گۆڤاری "کۆمۆنیسم"ە و تایبەتمەندی بەتوانی جیهانی کۆمۆنیسمە. ئەم مێژوونووسە فەرەنسیە پێشتر کۆنە ماویست بووەو لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩ و ١٩٧١ دا ئەندامی گرووپی " بژی شۆرش" بووە. لە ساڵی

**" كۆمۆنيسم وەک فەلسەفی سیاسی هەزاران ساڵە لەگەڵماندایە. مەگەر ئەفلاتۆن لە جمهوریەتەکەیدا باسی لە شارێکی ئیدیال نەکرد، شارێک کە تیایدا مرۆڤەکان نەکەونە ژێر دەسەڵاتی پارەو دەسەڵاتەوە. شارێک کە حیکمەت و عەقڵ و دادپەروەری بیبات بەڕێوە ؟ نووسەری (یوتۆپیا) تۆماس مۆر، کە ڕاوێژکاری بەریتانیابوو لە ساڵی ١٥٣٠دا، لە ژێر زەبری گورەزەکانی هنری هەشتەمدا گیانی لەدەستدا، مەگەر یەکێک نەبوو لە دامەزرێنەرانی فیکرەی شاری ئیدیال ؟ بێگوومان تێوری یوتۆپیک باشترین کەرەسیە بۆ ڕەخنەگرتن لە هەر کۆمەڵگەیەک. گرنگی ئەم تێوریە لەوەدایە کە زەمینەیەک بۆ دێبا و دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروبۆچوون دەڕەخسێنێت."[lix]**

بەڵام ئەوەی ئێمە قسەی لێدەکەین و دەیخەینە ژێر فەحسکردنەوە کۆمۆنیسم وەک شاری ئیدیال و ئاسمانی بیروبۆچوونەکان و پانتایی دیالۆگ نیە، بەڵکو کۆمۆنیسمە وەک واقیعێکی مێژوویی، وەک مانیفێستاسیۆنی قۆناغێک، وەک دەرهاویشتەیەکی سۆسیۆ-پۆلیتیک، وەک چوارچێوە پراکتیکیەکانی دەوڵەتێک لە کات و زەمانێکی دیاریکراودا. بە دیوێکی دیکەدا دەتوانین بڵێین ئەوەی مەیدانی کارکردنی ئێمەیە کۆمۆنیسمە وەک سیستەمێک لە ئامادەباشی وەک ماشینێک بۆ بەرهەمهێنانی کردە لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان.

ئایا چەندێک دروستە لەسەر ئاستی زانستی، پراکتیکی دەوڵەتێکی وەک یەکێتی سۆڤێت، چین، کوبا، ڤێتنام، کۆریای باکور، کەمبۆدج کە لەسەر بنەمای تێرۆر و زەبروزنگ و داپڵۆسین خۆی دروستکردبوو، بخرێتە نێو چوارچێوەیەکی تێوری کە هەزاران ساڵ پێش لەدایکبوونی ئەو دەوڵەتە دروستکراوە ؟ خۆ ئەگەر هەزاران ساڵەکەش دابەزێنین بۆ سەدەی پانزە، شانزە حەڤدە، هەژدە، یان نۆزدەش هیچ لە جەوهەری پرسیارەکە ناگۆڕێت و هاوکێشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئایا تاچەندێک شەرعیە بە پێوەرەکانی زانست واقعێکی سۆسیۆپۆلیتیکی ناوەندێک فڕێبدەینە نێو چوارچێوە تێوریەکانی سەدەکانی پێش ئەو واقیعەوە ؟ ئێمە ئەگەر ئەم کارەبکەین، چەندین پارێزەر ڕاستدەبنەوە، وەک پرۆفێسۆر ستیفان کورتواس دەڵێت، بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ئەوەی لە یەکێتی سۆڤێتدا ڕویدا هیچ پەیوەندیەکی بە ڕۆح و تەعالیمەکانی کۆمۆنسیمەوە نیە ؟

---

١٩٩٧ وە سەرپەرشتیاری کتێبێک دەکات بەناوی ( کتێبی ڕەشی کۆمۆنیسم). ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر بیست و پێنج زمان. لەم کتێبەدا نووسەر بەراوردێک دەکات لە نێوان قوربانیەکانی کۆمۆنیسم کە بە ٨٥ ملیۆن مەزەندەیان دەکات لەگەڵ قوربانیەکانی نازیسمدا کە بە ١٥ میلۆن مەزاندەیان دەکات. ئەم بەراوردکردنە زۆر بە توندی لەلایەن یۆنێل جۆسپان، سەرۆک وەزیرانی پێشووی فەرەنساوە (١٩٩٧-٢٠٠٢) ڕەتدەکرێتەوەو جۆسپان دەڵێت تەواو بە پێچەوانەی نازیسمەوە کە ئایدۆلۆژیا کارەسات و خەمگینی و ئازارەکانە، کۆمۆنیسم ئایدۆلۆژیای بەختەوەری سەرجەم بەشەریەتە.

دەوڵەتی کۆمۆنیستی لەسەردەمی لینین-ستالیندا، تیرۆریسمی لە سەر ئاستی تاکەوە گواستەوە بۆ سەر ئاستی کۆمینۆتێ. بۆ دامەزراندنی بەهێزترین بناغەی خۆ بەهێزکردن و مانەوە، هەرلەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەوە، لینین پاشان ستالینین، تیرۆریسمیان کرد بە سیستەمی حکومەتکردن. هەردوو پرۆفێسۆر ژێرارد شالیاند و ئەرنۆد بلین، لە توێژینەوەیەکیاندا بەناونیشانی "لینین و ستالین و تیرۆریسمی دەوڵەت"دا دەنووسن :

**"لینین هەر لەسەردەمی لاوێتیدا پێیوابوو کە تیرۆر هیچ نیە تەنها یەکێک لە کەرەسەکانی شۆرش نەبێت. ئەو لە ساڵی ١٨٩٩ دا بەکارهێنانی تیرۆر ڕەتدەکاتەوە، نەک لە بەر ئەوەی باوەڕی پێی نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەولەویەتی بە بیناکردنی ڕێکخستنێکی تۆکمە دەدا. ساڵی ١٩٠١ لە مەقالەیەکدا دەنووسێت کە ئەو تیرۆریسم وەک پرانسیپێک ڕەتناکاتەوە، بەڵام ڕەخنە لە شۆرشگێرە سۆسیالیستەکان دەگرێت لەبەر ئەوەی کە شێوازەکانی دیکەی خەبات ناگرنە بەرو بەتەنها کار بە تیرۆریسم دەکەن. لینین باوەڕی وابوو کە تیکنیکی تیرۆریست لە نێو چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی سیاسی-سەربازیدا جێگای دەبێتەوە. ئەمە ئەو فیکرەیەیە کە شۆرشگێرە سۆسیالیستەکان لێی تێنەگەشتن تا ئەو ئاستەی کە لینین وەسفیان بکات بەوەی کە تیرۆریسم لای ئەوان غایەیە نەک وەسیلە (...)لینین پێیوابوو، بۆ ئەوەی تیکنیکی تیرۆریست کاراو کاریگەربێت دەبێت ئاستی بەکارهێنانی لە تاک و گرووپەوە بگۆردرێت و وەربگێردرێتە سەر تیرۆریسمی ماس و جەماوەریی و گشتگیری کە زەمانەتێکە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانوەی دەوڵەتێک و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکە، بەتایبەتی کاتێک کە هێزە چەکدارەکانیش دێنە ڕیزی جەماوەرەوە.[lx]"**

لینین بەدرێژایی کارکردنی وەک شۆرشگێر بەردەوام ئەم ڕستەیەی دووبارەدەکردەوە: "تیرۆر، بەڵێ، بەڵام ئێستا نا". ئەمە ئەو ڕستەیەبوو کە لە ساڵی ١٩١٧ بەولاوە ئیتر لە قاموسی لینیندا جێگای نابێتەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی لینین ڕەخنەی لێدەگرت تیرۆریسم نەبوو، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانی بوو. ئەو لەکاتێکدا تیرۆریسمی تاک و گروپی ڕەتدەکردەوە، بانگەشەی بۆ تیرۆریسم لەسەر ئاستی جەماوەر دەکرد. لێرەدا پرۆفێسۆر ستیفان کورتواس دێت و تیرۆریسمی لینین وەک سیستەمی حکومەتداری دەخاتە سەر شانۆی ئەو کارگەیەی کە ناوی دەنێت "یادەوەری تیرۆر"[lxi].

لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی سۆسیال-دیمۆکراتدا کە لە لەندەن لەساڵی ١٩٠٥دا بەڕێوەچوو، لینین بۆ باسکردن لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی تیرۆر نموونەی بە شۆرشی فەرەنسی هێنایەوە. بێگوومان لە چرکەی شۆرشی فەرەنسیدا، تیرۆریسمی شۆرشگێرە جاکۆبینەکان دەگاتە لوتکە و زۆر کەمن ئەو تایبەتمەندانەی کە شۆرشی فەرەنسی وەک سەرەتای تیرۆریسم لە سەردەمی مۆدێرنێتێدا

وەسف ناکەن. ئەگەر تیرۆریسمی ئەنتیکیتێ لە زێلۆتەکانەوە دەستپێبکات و تیرۆریسمی ئیسلامیش لە حەسەنی سەباح و گروپەکەیەوە ئەوا تیرۆریسمی مۆدێرن لە شۆرشی فەرەنسیدا نەک هەر دەستپێدەکات بەڵکو دەگاتە چڵەپۆپەش. لینین، بۆ ئەوەی تێگەشتنی خۆی لەسەر تیرۆرریسم بخاتەڕوو، نموونە بەم شۆرشە دەهێنێتەوە. بۆ ئەوەی شۆرش سەربگرێت لینین دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت :

« Tuer dans l'œuf toute forme de résistance antirévolutionnaire »

واتە: کوشتنی هەموو شێوازێکی بەرگری دژە شۆرش هەر لەو کاتەوەی کە لە مناڵداندایەو هێشتا لە دایک نەبووە[lxii].

لەسەر ئەم پرانسیپە شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ خۆی مانیفێست دەکات. پاش هەشتا و سێ ساڵ لەو چرکە مێژووییە، ئێمە دەکرێت چۆن و بە چ شێوەیەک بگەڕێینەوە سەری و لێی تێبگەین ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئێمە لەبەردەم زیاتر لە تێزێک و زیاتر لەوەڵامێکداین و هەریەکێک لەو تێزو وەڵامانەش پێویستیان بە تاوتوێکردن و شیکردنەوەو دیبای قوڵ هەیە. ئێمە لێرەدا تەنها لەسەر سێ تێزی سەرەکی وەک سێ مەیدانی شکردنەوەو ڕامان و بیکردن و تێگەشتن ڕادەوەستین. بێگوومان بۆ تێگەشتنێکی قووڵ لەم سێ تێزە بەلای کەمەوە پێویستمان بەتەرخانکردنی کتێبێک هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەوەندە لێیان نزیکدەبینەوە کە خزمەت بە تووێژینەوەکەمان بکات. واتە ئامانجی ئێمە لێرەدا دروستکردنەوەی ئەو کۆنتێکستەیە کە شۆرشی ئۆکتۆبەری تیادا دروستدەبێت و پاشان لە ڕێگای لینین و ستالینەوە تیرۆریسمی دەوڵەتی تیادا بەرهەمدێت.

ئەو سێ تێزەی کە ئێمە لێرەدا قسەیان لەسەر دەکەین دەکرێت بەم شێوەیەی خوارە ریزبەندبکرێن:

- ئیستۆریۆگرافی لیبێرال.
- ئیستۆریۆگرافی سۆڤێتیک.
- ئیستۆریۆگرافی نا-ئیدۆلۆژی.

قووتابخانەی یەکەم پێیوایە شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ هیچ نیە تەنها کۆدێتای گروپێکی بەربەری نەبێت کە لە ڕێگای زەبروزەنگ و تیرۆریسمەوە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پاسیف ناچار بە گوێڕایەڵی و ملکەچی دەکەن. ئەو شۆرشە لای ئەم قووتابخانەیە هیچ نیە کردەی رێکخراوێکی مافیاگەرای پیلانگێر نەبێت کە هیچ ئەسڵو فەسڵ و ڕەگوریشەیەکیان لە نێو کۆمەڵگەدا نیە. پرۆفێسۆر نیکۆلا ڤێرت*[١٥]،

---

* نیکۆلا ڤێرت کۆنە خوێندکاری قوتابخانەی نۆرماڵی باڵا، کە یەکێکە لە قوتابخانە هەرە بەناوبانگەکانی فەرەنسا، خاوەنی دوکتۆرایە لە مێژووداو، لە بیلۆروسیا و نیۆیۆرک و مۆسکۆ شەنگای وانەی گوتوەتەوە. لە ١٩٨٥-١٩٨٩ لە سەفارەتی فەرەنسا لە ڕوسیادا وەک بەرپرسی بەشی کولتوری کاری کردوە. لە ساڵی ١٩٨٩وە بەشێوەیەکی ڕەسمی بووەبە توێژەر لە

تایبەتمەندی جیهانی روسیا و یەکێتی سۆڤێتی جاران لە تێکستێکی جواندا بەناوی (دەوڵەتێک دژی گەلەکەی: زەبروزەنگ، داپڵۆسین، تێرۆر ) دا دەنوسێت :

**" لە ئەمڕۆدا، بەشی هەرە زۆری مێژونوسە ڕوسیەکان و نوخبەی ڕۆشبیران و هەروەها دەسەڵاتدارانی پۆست کۆمۆنیسمیش لە نێو ئەم قووتابخانەیەدا خۆیان دەبیننەوە. ئەمانە پێیانوایە کە شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دور لە هەموو ڕەگەوریشە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکان، ڕێگای بە کاروانی گەشەکردنی سروشتی ڕوسیای پێش شۆرش گرت. ئەم شۆرشە بوو بە گرفت لە ڕێگای ڕوسیایەکی دەوڵەمەندا کە بەرەو دێمۆکراسی ڕستەقینە هەنگاوی دەنا."[lxiii]**

ئەم قوتابخانەیە پارێزەرو گەشەپێدەرو دروستکەری تێزی "ڕوداوی چاوەڕوانەکراو"ە. واتە دەیەوێت شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەک ڕوداوێک بخاتە سەرشانۆ کە بەهیچ شێوەیەک لەلایەن کۆمەڵگەی ڕوسیەوە چاوەڕوان نەدەکرا. دەیەوێت لێکچوونێک بکات لە نێوان شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بەریەککەوتنی دوو ئۆتۆمۆبێلدا. وەک چۆن دوو ئۆتۆمۆبێل لەسەر جادەیەک و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەریەک دەکەون و وەک لە زمانی سەرجادەی کوردیدا دەگوترێت "دەعم دەکەن"، ئاواش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و کۆمەڵگەی ڕوسی پێکەوە "دەعم"یانکرد و بەریەککەوتن، بەبێ ئەویە هیچ شتێک بەیەکەوەیان ببەستێتەوە. ئەوان پێیانوایە بەریەککەوتنی ئەم دوو ئۆتۆمۆبیلە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆمەڵگەی ڕوسی، لە حەماقەتێک زیاتر هیچی دیکە نیەو مێژوویەکی کۆمەڵایەتی نایان بەستێتەوە بەیەکەوە. دەرەنجامی ئەم دەعمکردن و بەریەککەوتنەش تەواو کارەساتاویە، چوونکە سەرجەم گەلی ڕوسیای تیادا دەبێت بە قوربانیی.

لەبەرامبەر ئەم قوتابخانە ئیدۆلۆژیەدا ئیستۆرێۆگرافی سۆڤێتی، وەک قووتابخانەیەکی تەواو دژ بەم تێزە دێت و هەموو تواناکانی خۆی دەخاتەکار بۆ ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ وەک بەرهەمێکی سروشتی کاروانی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەی ڕوسی و وەک دەرەنجامێکی حاشاهەڵنەگری ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی جەماوەری بەئاگاو وشیارو هاوپەیمان لەگەڵ بەلشەفیکەکاندا بخاتە سەر شانۆ. پرۆفیسۆر نیکۆلا ڤێرت لەسەر ئەم قوتابخانەیە دەنووسێت:

**" ئەگەر شۆڕشی گەورەی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر دوا مانای مێژوویێت و ئەگەر ئەم شۆڕشە بارهەڵگری پەیامی**

---

سەنتەری ناسیۆنالی توێژینەوەی زانستی لە فەرەنسادا. لەو کاتەوەو تا ئێستا خۆی تەرخانکردوە بۆ توێژینەوە لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی یەکێتی سۆڤێت و ڕوسیا و توێژینەوەکانی لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەت و زەبروزەنگ و تیرۆریسم لەسەر ئاستی جیهان وەک سەرچاوە تەماشا دەکرێن. کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی بریتین لە : (بوون بە کۆمۆنیست لە یەکێتی سۆڤێتی ستالیندا) و (کۆمەڵگەی ڕوسی لەنێو دۆکیومۆنتە شاراوەکاندا، ١٩٢١-١٩٩١).

**ئازادی هەموو گەلانی جیهان بێت، ئیتر سیستەمە سیاسیەکەی و دەزگاکانی دەوڵەتیش بەهەموو هەڵە و تاوان و کارەساتەکانیەوە دەبن بە حاڵەتێکی شەرعی و سروشتی و ئاسایی." ە.س.پ،ل٥٠.**

بەڵام پرۆفێسۆر نیکۆلا ڤێرت پێیوایە کە چرکەی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێت چرکەی لێسەندنەوەی ئەم شەرعیەتەیە. چوونکە لەو ساتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمۆنیسم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر دوا ماناو دوا قۆناغی مێژوو نین. لەوەش زیاتر لە نێو زبڵدانەکانی مێژوودا دەیان یادگاری زیندوی ئەم ئیمپراتۆریەتەمان بۆ بەجێماوە، بەتایبەتی یادگاری "ترس" و یادگاری "تێرۆر".

بەپێچەوانەی هەردوو قووتابخانەی پێشووترەوە، ئیستۆرێۆگرافی سێیەم لەدەرەوەی هەموو ئایدۆلۆژیەکان کاردەکات و دەیەوێت شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەک ئەوەی هەبووە بپشکنێت بۆ ئەوەی مەعریفەیەکی زانستی لەسەر دروستبکات. ئەم قوتابخانەیە زۆر بەتووندی تێزە سادەو ساکارەکانی لیبراڵە نوێیەکان ڕەتدەکاتەوەو زیاتر وەک داوێک بۆ زانست تەماشایان دەکات. ڕاستە لیبراڵە نوێیەکان هەیمەنەی تەواویانکردوە بەسەر مەیدانی تووێژینەوە مێژوویەکاندا، بەڵام گرنگی زانستی بابەتی و ڕوتوقوت لەوەدایە کە مەسافەیەک لەنێوان خۆی و ئەو هەیمەنەیەدا دروستبکات بۆ ئەوەی واقیع وەک ئەوەی هەیە ببینێت نەک وەک ئەوەی دەبێت ببێت.

ئەم قوتابخانە نا ئیدیۆلۆژیە لەبری ئامادەکردنی پرۆژەیەکی نوێی جەنگ دێت و دەکەوێتە سۆراخی ئەم ئیشکالیەتە:

ئایا تا چەند کردەی بە سەربازیکردنی ئابوری و بیناکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای زەبروزەنگ وایانکرد کە ئیمپراتۆریەتی ڕوسی بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بکات ؟

ئایا لەو قۆناغە تایبەتە مێژوویەدا، ئێمە دەتوانین تێبینی سەرهەڵدانی زەبروزەنگێکی کۆمەڵایەتی وابکەین کە دواتر وەک ماشینێک زەبروزەنگی سیاسی بەرهەم هێنابێت، زەبروزەنگی سیاسی دژ بە کۆی ستراکتۆرە کۆمەڵگەییەکان ؟

چۆن و لەبەرچی شۆڕشێکی وەک ئەوەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ کە تاسەرئێسقانی دژ بە دەسەڵاتی ئۆتۆریتێر و دەسەلاتی دەوڵەتی بوو، گرووپێک دەهێنێتە سەر دەسەڵات کە لەهەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرزەوی ئۆتۆریتێرترو دەوڵەتیتر بێت ؟

ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە کە تێزی سێیەم کاری لەسەردەکات و ئێمە دەتوانین پرۆفێسۆر نیکۆلا ڤێرت بەیەکێک لە کەرەسە هەرە دیارەکانی ئەم خەتی سێیەمە دەستنیشانبکەین. نیکۆلا پێیوایە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ زیاتر وەک کۆبوونەوەی دوو بزووتنەوە خۆی مانیفێست دەکات:

یەکەمیان کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسیە لەلایەن پارتێکی سیاسیەوە کە زۆر بەوردی نەخشەی بۆ ئەو کۆنترۆڵکردنە کێشاوەو لەسەر ئاستی ستراکتۆری حیزبیش تەواو جیاوازە لەهەموو ئەو گرووپ و پارت و بزووتنەوەکانی دەوروبەری.

ئەم پارتە سیاسیە بە دروست ترین شێوەی و لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و بۆ ئەوەی شۆڕشەکەی سەرکەوێت و دەسەڵات بەتەواوی کۆنترۆڵبکات، هەموو هەنگاوەکانی خۆی وەک حاسیبە ژمارد.

دووەمیشیان، شانبەشانی ئەم پارتە سیاسیەو لەهەمان چرکەدا بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی فرە شێوە دەتەقێتەوەو دەبێت بە قوڵایی ئەو پارتە سیاسیە. لێرەوە، هاوین و پایزی ١٩١٧ وەک گەشتنە لوتکەی شۆڕش خۆی مانیفێست دەکات.

ئەوەی تا ئێستا پێشکەشمانکرد هەوڵێکی بچووکە بۆ تێگەشتنێکی خێرا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە دەروازەیەکە بۆ توێژینەوەو پشکنینی ڕەهەندی تیرۆریسمی سوور یان تیرۆریسمی دەوڵەت وەک یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم ئەم شۆڕشە. ماشینی تیرۆریسمی سوور ڕەنگە لە سەدەی بیستەمدا، لەسەر ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتیش (کانتیتێ – کالیتێ)، لەهەرکوێیەکی جیهاندا بوویێت زۆرترین قوربانیی دروستکردوە. گرفتەکە لێرەدایە، چۆن و بۆچی ئینسانیترین ئایدۆلۆژیا زۆرترین ئینسان وەک ئارد دەهاڕێت ؟ با پێکەوە لەم کارتە ڕابمێنین، کارتی قووربانیەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە بەناوی کۆمۆنیسمەوە دەوڵەتداریانکردوەو دەوڵەتداریدەکەن :

- یەکێتی سۆڤێت، ٢٠ ملیۆن قوربانی.
- چین، ٦٥ ملیۆن قوربانی.
- ڤێتنام، ١ ملیۆن قوربانی.
- کۆریای باکوور، ٢ ملیۆن قوربانی.
- کەمبۆدج، ٢ ملیۆن قوربانی.
- ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ١ ملیۆن قوربانی.
- ئەمەریکای لاتین،١٥٠ هەزار قوربانی.
- ئەفەریقا، ١،٧ ملیۆن قوربانی.
- ئەفغانستان، ١،٥ ملیۆن قوربانی.

ئەمە ئەو کارتەیە کە پرۆفێسۆر ستێفان کورتواس بە دەیان دۆکیمۆنتەوە دەیخاتە بەردەستمان و دەڵێت ژمارەی تەواوی قوربانیەکان خۆی دەدات لە ١٠٠ ملیۆن مرۆڤ[lxiv]. لێرەوە ئەستەمە تێگەشتن لە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەم قوربانیانە بەبێ تێگەشن لە ڕەگوریشەکانی زەبروزەنگ و تیرۆریسم لە قوڵایی ئەکتەرە هەرە کاراکانیدا.

لە کۆنگرەی ٢٦ ئۆکۆتبەرتا ٨ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٧دا سۆڤێتیەکان بڕیاری هەڵوەشانەوەی یاسای لەسێدارەدان دەدەن. بەڵام لینین، بەخێرایی دێتەگۆو ئەو هەڵوەشاندنەوەیە بە بڕیارێکی تەواو هەڵە لەقەڵەم دەدات و وەک نامومکینێک وەسفی دەکات و سەرلەنوێ دەیخاتەوە کار. لەوەش زیاتر بڕیاری دروستکردنی پۆلیسی نهێنی دەدات کە دواتر چەندین ملیۆن کەس ڕەوانەی ئۆردوگاکانی مردن

دەکات[lxv]. هەر لەسەرەتای شۆڕشەوەو ساڵ لەداوای ساڵ لینین و پاشان ستالین هەموو ئەو چوارچێوە یاسایانەیان هەڵوەشاندەوە کە سنورەکانی تاک دەپارێزن. تاک لەبەرامبەر دەوڵەتدا ئیتر خاوەنی هیچ پەنایەک نیە. لەم چرکەیەوە ئیتر تیرۆر وەک شەریکەیەکی گەورە هەموو ماشینەکانی خۆی خستەکار.

لە ١٩١٨/٨/٣٠ ڕوداوێک دێت و ڕەهەندی تیرۆریسمی دەوڵەت بەهێزدەکات و دەیگەیەنێتە لوتکە. لەو ڕۆژەدا یەکێک لە ئەنارشیستەکان، فانی کاپلان، هەوڵی تیرۆرکردنی لینین دەدات. دوای شکستهێنانی هەوڵەکەی، دەگیرێت و بەبێ دادگایکردن دەکوژرێت و پاشان بەیاننامەیەک لەلایەن دەزگا ڕەسمیەکانەوە باڵاودەکرێتەوە:

**"(...) مردنی هەریەکێک لە ئێمە، بە کوشتنی هەزار لە دوژمنەکانمان کۆتایی دێت(...) هەر دڵۆپە خوێنێکی لینین کوژرانی سەدان بۆرژوای بەدوادا دێت(...)". ه.س.پ، لا ٢٣٥.**

لەو ڕۆژەوە ئیتر هەموو هاوڵاتیەک لەهەرچرکەیەکدا دەبوو خۆی ئامادەی تۆمەتبارکردنی بە دژە-شۆرش بکات. ئەو تۆمەتەش واتە ناردی بۆ ئۆردوگاکانی مردن و کۆتایی هاتن بە ژیانی. بۆ پارێزگاریکردن لە شۆرش و لە سەرۆک لینین هەموو کوشتنێک، هەموو زەبروزەنگێک، هەموو تیرۆریسمێک شەرعیە. ئەمە بەشێکە لەو بەیاننامەیەی کە لە ٥ سێپتەمبەری ١٩١٨ دا لەلایەن حیزبەوە بڵاودەکرێتەوەو بەم دێرەش کۆتایی دێت:

**(ببورن کە ئێمە ناتوانین ناوی هەموو ئەو کەسانەتان پێبڵێین کە لە سێدارە دراون، هەروەک ناتوانین هۆکارەکانتان بۆ شیبکەینەوە.) ه.س.پ، لا ٢٣٦.**

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ٩١٧١ وە تا ١٩٢١ تیرۆرکراون، خۆیان دەدەن لە دوو ملیۆن کەس. ئەم فینۆمێنە مانایەکی گرنگ دەداتە دەست توێژەران. کەمنین ئەو هەوڵانەی کە دەیانەوێت مێژووی تیرۆریسمی سوور بە ستالینەوە ببەستنەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ژمارەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێش ئەوەی ستالین بگاتە سەر عەرشی یەکێتی سۆڤێت، تیرۆریسم وەک یەکێک لە دەزگا هەرە کاراکانی دەوڵەت و بەشێوەیەکی کۆنکرێتی خۆی دامەزراندبوو. ئەم ماشینە چاوەڕوانی ستالینی نەدەکرد بۆ ئەوەی بیخاتە کار، بە پێچەوانەوە، کە ئەو دەگات ئەم لە گەرمەی کارکردندایە. بەبێ ئەوەی هیچ لە نرخی بەوەفایی ستالین بۆ ئەم میراتە کەم بکەینەوە. ئێمە دەتوانین بڵێین ئەو بەوەفاترین میراتگری تیرۆریسمی سوورە، میراتگرێک کە هەوڵیداوە تا ئەو پەڕی مومکین پاڵی پێوە بنێت و بیبات.

لە مانگی ئوتی ١٩٨١ داو لەگەرمی گەمارۆدانی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانەوەو لە سێ لای وڵاتەوە، لینین پەنا دەباتە بەر تیرۆریسم و ئەم بروسکەیە ئاراستەی هەموو ئۆرگانەکانی حیزبەکەی دەکات:

**" داواتان لێدەکەم هەموو ڕێگایەک بگرنە بەر بۆ سەرکەوتن. باشترین کەرەسە بە (بارمتە-ڕەهینە-ئۆتاژ)کردنی بۆرژوازەکانە. ئەو لیستانەی کە لەبەردەستاندایە بەکاریان بێنن**

**بۆ فڕاندن و بە بارمتەکردنی بۆرژوازەکان. بیانگرن و زیندانیان بکەن و پاشان بیانێرن بۆ ئۆردوگاکانی مردنی جەماعی[lxvi]."**

لە ٩ ی مانگی ئوتی ١٩١٨ دا لینین بروسکەیەکی دیکە ئاڕاستەی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی حیزب دەکات و داوای لێدەکات:

**"هەموو دژەکانی شۆرش، هەموو قەشەکان، هەموو سەربازە سپیەکان و هەموو ئەوانەش کە گومانیان لێدەکرێت کە دژی شۆرشبن ڕەوانەی ئۆردوگاکانی مردن بکەن." ە.س.پ، لا ٨٥.**

لێرەدا دەستەواژەی ئەوانەی کە (گوومانیان لێدەکرێت) زۆر گرنگە. چوونکە لەم بروسکەیەوە ئیتر سەرکردەی هەموو پارتە سیاسیەکان کە تا ئەو کاتەش مابوون و بە ئاشکرا کاریان دەکرد، گیران و ڕەوانەی ئەو ئۆردوگایانە کران. لەوانە: مارتۆڤ، دان، پۆتریسۆڤ، گۆلدمان و هتد. لێرەوە ئیتر لە عەقلی کۆمۆنیستەکاندا، هەموو جیاوازیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و حیزبیەکان سڕابووەوەو ئەوەی هەبوو تەنها دوژمن و دۆستبوو. ئیتر ئەم کۆمەڵگایە یەک سنوری هەیە، سنورێک کە تیایدا ئۆپۆزیسیۆن جێگای نابێتەوە تەنها لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانیدا نەبێت.

لە ٣١ مانگی ئوتی ١٩١٨ دا حیزب ئەم لێدوانە ڕەسمیە بڵاودەکاتەوە:

**"کرێکاران، ئێستا کاتی ئەوەهاتووە بۆ ئەوەی چینی بۆرژوازی لە ڕیشە هەڵکێشین، گەر ئێوە ئەم کارە نەکەن، ئەوا ئەوان ئێوە لە ڕیشە هەڵدەکێشن. تەواوی شارەکان دەبێت لە چەپەڵی بۆرژوازەکان پاکبکرێتەوە. هەموو ئەو کەسانە بکوژن کە دەکرێت بۆنی مەترسیان لێبێت. (...) دەبا ئەنتەرناسیۆنال ببێت بە سرودی تۆڵەسەندنەوەمان." ە.س.پ، لا ٨٦.**

لە مانگی سێپتەمبەری ١٩١٨ دا، گریگۆری زینۆڤیف، کە یەکێکبوو لە لیدەرە بۆلشەفیکەکان، لە لێدوانێکی ڕەسمیدا دەڵێت :

**" بۆ ئەوەی دوژمنەکانمان شکست پێبێنین، ئێمە پێویستە خاوەنی تێرۆری سۆسیالیستیی خۆمان بین. ئێمە پێویستە نەوەد لە سەدی دانیشتوانی ڕوسیای سۆڤێتی بەلای خۆماندا ڕابکێشین و ئەوەشی دەمێنێتەوە ڕەوانەی مردن بکەین." ە.س.پ، لا٨٨.**

تێرۆریسمی دەوڵەت بەگشتی و تێرۆریسمی سوور بەتایبەتی، وەڵامێکی خێراو کوتوپڕە بە هەر یاخیبوون و ناڕەزاییەک بەرامبەر بە دەسەڵات. یەکێک لە سیفەتە هەرە گرنگە کانی ئەم وەڵامە ئەوەیە کە لە هەرکوێیەک و لە هەر کاتێکدا بیەوێت خۆی فەرزدەکات. لە نێو پانتایی ئەم وەڵامەدا، هیچ کەسێک لە بوون بە قوربانیی پارێزراو نیە. تەنانەت ئەکتەرە هەرە کاراکانیشی. کەمنین ئەو پیاوانەی دەوڵەت کە هەموو تەمەنی خۆیان لە خزمەتی تێرۆریسمی دەوڵەتدا بەسەر بردبوو، بەڵام لە ئان و ساتێکی دیاریکراودا خۆشیان بوون بە یەکێک لە قوربانیەکانی ئەو تێرۆریسمە. بەتایبەتی لە سەردەمی ستالیندا. کام پیاوی دەوڵەت هەبوو کە

بتوانێت شەو بە ئارامی بنوێت و نەترسێت لەوەی سبەینێ بە تۆمەتێک ملی نەکرێت بە داردا ؟

ئەگەر بە بارمتەگرتنی مرۆڤەکان یەکێک بێت لە کەرەسە هەرە کاراکانی تێرۆریسم، ئەوا ئێمە، لە ڕوانگەی ئەو هەموو بروسکانەی لینین و سەرانی شۆڕشەوەو هەروەها لەسەر ئاستی پراکتیکیان بۆمان دەردەکەوێت تا چ ئاستێک دەوڵەتی کۆمۆنیستەکان مومارەسەی تێرۆریسمی کردوە.

یەکێک لە جیاوازیەکانی نێوان (تێرۆریسم لە خوارەوە بۆ سەرەوە) و (تێرۆریسم لە سەرەوە بۆ خوارەوە) ئەوەیە کە یەکەمیان ئەو میتۆدە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لە قۆناغی ئارامیەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغی نائارامی. تێرۆریسمی ئەلقاعیدە دژی عەرەبی سیعودیە باشترین نموونەیە لەم بوارەدا. دووەمیشیان تەواو بەپێچەوانەوە ئەو مێتۆدە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لە قۆناغی نائارامیەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغی ئارامی و دامەزراندن. لێردا دەکرێت یەکێتی سۆڤێت و عێراقی سەدام حوسەین وەک نموونە بخەینە سەر شانۆ. ئەم تێرۆریسمە، بە هەردوو دیوەکەیدا، کار لەسەر دروستکردنی سایکۆلۆژیەتێک دەکات کە لە ترسێکی گشتێنراو بیناکرابێت. ئەم سایکۆلۆژیەتە باشترین گەرەنتیە بۆ ئەوەی ئامانجەکان ڕۆژی ڕوناک ببینن.

جیاوازیەکی دیکەی نێوان ئەم دوو دیوەی تێرۆریسم لە سەر ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتی (کانتیتیێ-کالیتێ) خۆی مانیفێستدەکات. لە کاتێکدا کە گرووپە تێرۆریستەکان تواناکانیان سنوردارەو لە چەند پانتاییەکی دیاریکراودا کە مەیدانی لاوازیەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەن دەتوانن چالاکیەکانیان ئەنجامبدەن، تێرۆریسمی دەوڵەت، تەواو بەپێچەوانەوە، خاوەنی توانایەکی بێسنورەو هەموو دەزگاکان دەخاتە کار بۆ ئەوەی پرۆژەکانی خۆی جێبەجێبکات. تێرۆریسمی دەوڵەت هێندە زەبروزەنگاویە تا ئەو ڕادەیەی ئەو منااڵانەش سەربپڕێت کە هێشتا لە سکی دایکاندان و دەکرێت گومانی ئەوەیان لێبکرێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببن بە مەترسی بە سەر دەوڵەتەوە.

تێرۆریسمی دەوڵەت لەو چرکانەدا دەگاتە چڵەپۆپە کە دەسەڵاتێک دێت و دەسەڵاتێکی دیکە لە ڕێگای زەبروزەنگەوە لە ناودەبات. دەسەڵاتی "هاتوو" هەموو کەرەسەکانی تێرۆریسم مۆبیلیزەدەکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی "پێشوو" لە ڕەگوریشەوە هەڵکەنێت و هەموو ئەگەرێکی گەڕانەوەی لەناوببات و هیچ دەرەگایەک بە کراوەیی نەهێڵێتەوە. لەم چرکەیەدا ئیتر تێرۆریسم دادەبەزێتە بنی هەموو بنەکان و خۆی دەکات بەهەموو قوڵایەکاندا.

زۆرن ئەو توێژەرانەی کە تێرۆریسمی سوور بە مێژووی دەسەڵات و حوکومەتداری ستالینەوە دەبەستنەوە، بەڵام من لایەنگری ئەو جۆرە لە شیکردنەوەو توێژینەوە نیم و پێموایە ستالین لە بۆشاییەوە نەهاتووەو زۆر ئەستەمە ئێمە بەبێ تێگەشتن لە تێرۆریسمی لینین و سەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەر لە تێرۆریسمی ستالین بگەین. ڕاستە لەسەردەمی ستالیندا ئەم تێرۆریسمە وەک پەتایەک هەموو چین و گرووپ و تەمەن و نەوەو جنس و لادێ و شارەکانی یەکێتی سۆڤێت دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ستالین مێژوویەک لە شەرعاندن و لە

بەدەزگاکردنی ئەم تێرۆریسمەی لەبەردەستدایە. ستالین منداڵێکی زۆڵی یاخیبووی مێژووە سیاسیەکەی یەکێتی سۆڤێت نیە، بەڵکو لە قوڵاییەکانی ئەو مێژووەوە دێتەدەرەوەو لە ناو ئەو مێژووەدا پەروەردەبووەو ژیانی خۆشی بۆ پاراستنی ئەو مێژووە تەرخانکردوە.

**" لەنێو هەموو ڕژێمە تۆتالیتێرەکاندا، یەکێتی سۆڤێت، لە ١٩٢٩ وە تا ١٩٥٣، توندوتیژترین نموونەی تێرۆریسمی دەوڵەتە. پێش ئەم دەوڵەتێک وەک ئەم دەوڵەتە تێرۆریسمیی بەشێوەیەکی سیستێماتیک و لە ڕێگای دەزگا پۆلیسیەکانەوە بەکارنەهێنابوو(...) ئەم تێرۆریسمە لەساڵانی حەفتاشدا دەبێت بە سەرچاوەی ئیلهام بەخشین بە کەمبۆدجێک کە دواتر قوربانیەکانی بەملیۆن حسابدەکرێن. هەروەها بە فەزڵی ئەم تێرۆریسمەوە، فێنۆمێنێکی گەورە بەناوی تێرۆریسمی مارکسی لە جیهاندا دروستدەبێت.lxvii"**

# بەشی سێیەم
# بەعس: لە تێرۆرسمی حیزبەو بۆ تێرۆریسمی دەوڵەت

مێژووی بەعس وەک حیزب و وەک ڕژێمێکی سیاسی و وەک دەوڵەت لکاوە بە مێژووی زەبروزەنگێکی سیاسیەوە کە زۆر جار دەگاتە لوتکەی تێرۆریسم. ئێوارەی ۷ی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۵۹، کاتژمێرا ۷:۳۰، ڕادیۆی بەغداد بەرنامەکانی ڕادەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە کاتژمێرێک پێش ئێستاو لەکاتێکدا سەرۆکی جمهوریەتی عێراق، زەعیم عەبدولکەریم قاسم، لە جادەی ڕەشید ئۆتۆمۆبیلەکەی لێدەخوری، دەستێکی ڕەش هێرشی کردەسەری و بەنیازی تێرۆرکردنی فیشەک بارانیان کرد، بەڵام خۆشبەختانە، سەرۆکی جمهوریەت لەو هەوڵە تێرۆریستیە ڕزگاربیوەو تەنها شان و باڵی بریندارکراوە*[١٦]. ئەو دەستە ڕەشە بێگومان حیزبی بەعس بوو.

ئێمە دەکرێت ئەم چالاکیە بە یەکەم سەرەتای (ئاشکراو گرنگی) دەرکەوتنی تێرۆریسمی بەعس وەک حیزب نمایشبکەین. ئەم حیزبە، لە ڕێگای ئەم مۆدە لە بەرهەمهێنانی کردەوە، دەیەوێت تێمان بگەیەنێت کە تاکە ڕێگای گەشتن بە کۆشکی سەرۆکایەتی، بە گۆمی خوێن و تێرۆریسمدا تێدەپەڕێت. ئەم پرانسیپە لە قوڵاییەکانی بەعسدا دەژی و وەک ڕەگەزێکی بیناکاری سەرجەم بوونیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی کاردەکات.

کە لە ۱۹۵۹ دا تێرۆرکردنی زەعیم فەشەلدێنێت، بەعس لە ۱۹٦۳دا بەشێوەیەکی زۆر ڕێکخراوانەترو توندوتیژتر سەرۆکی جمهوریەت لەناودەبات.

بەعس یەکێکە لەو دەرکەوتە گرنگانەی کە مومارەسەی هەردوو مۆدەکەی تێرۆریسمی کردوە، مۆدی لە خوارەوە بۆ سەرەوەو مۆدی لە سەرەوە بۆ خوارەوە. بۆ سەلماندنی ئەم تێزەش مێژووی بەعس پڕە لە سەدان ڕوداو کە دەکرێت وەک تێرۆریسمی ڕوتوقوت بخرێنە ڕوو.

بێگومان لە دەرفەتێکی ئاوادا ئێمە کات و شوێنی ئەوەمان نیە هەموو چرکە تێرۆریستیەکانی بەعسی حیزب و بەعسی دەوڵەت بپشکنین، بۆیە هەوڵدەدەین تەنها دوو چرکە لە تێرۆریسمی بەعس بخەینە ژێر فەحسکرنەوە :

چرکەی یەکەم لەو قۆناغەدا وەردەگرین کە بەعس هێشتا حیزبە و نەبووە بە دەوڵەت. لێرەوە ئێمە دەمانەوێت بەعس وەک گروپێکی تێرۆریست کە مومارەسەی تێرۆریسمی خوارەوە لە دژی سەرەوە دەکات بخەینە سەر شانۆ. ئەم

---

* حنا بطاطو، العراق: الشیوعیون والبعثیون والظباط الاحرار، الکتاب الثالث، بیروت ۱۹۹۲، ص ۲٤۳.

چرکەیەش رەمەزانی ١٩٦٣یەو چرکەی ئەو قەسابخانەیەیە کە بەعس سەرۆکی جمهوریەت و هاورێکانی تیادا سەردەبرن.

چرکەی دووەمیش لەو قۆناغەدا وەردەگرین کە بەعس لە کۆشکی سەرۆکایەتیدایەو دەوڵەت دەبات بەڕێوە. ئەم چرکەیەش بریتیە لە ئەنفال وەک تێرۆریسمی سەرەوە دژی خوارەوە. بێگومان من تەواو وشیارم بەوەی کە ئێستا دیالۆگێکی زیندوو لە نێوان توێژەراندا هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەنفال دەخرێتە خانەی تێرۆریسمەوە یان جینۆساید. من هەوڵدەدەم لە تەحلیلکردنی چرکەی دووەمدا ئەم ئیشکالیەتە بەوردی بپشکنم و بیروڕای خۆم لەو بارەیەوە بخەمەڕوو.

## چرکەی یەکەم: تێرۆریسمی حیزب

**"ڕۆژە تراژیدیەکانی مانگی فێبریوەری،کە بوون بە شانۆی بەریەککەوتنی دوو بەش لە عێراقیەکان، بە تێرۆرکردنی فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکان، جەلال ئەلئەوقاتی، کە پیاوێکی کۆمۆنیست بوو، دەستپێکرد. جەلال ئەلئەوقاتی بەهاورێیەتی کورە بچووکەکەی ئۆتۆمۆبیلەکەی بەرەو دوکانی شیرینی فرۆشکەی نزیکماڵیان لێخوری، هەر لەگەڵ دابەزینیدا چەند کەسێکی دەمانچە بەدەست کە لە ئۆتۆمۆبیلێکی دیکە دابەزین، دەستیانکرد بە فیشەکبارانکردنی. ئەوقاتی کەشانی برینداربووبوو، هەوڵیدا هەڵبێت و خۆی بشارێتەوە، بەڵام بێهوودەبوو، چوونکە سەرلەنێو پەلاماریاندایەوەو ئەمجارە فیشەکەکان بەر تەپڵی سەری کەوتن و لەجێی خۆیدا کەوت و هێرشبەرەکانیش هەڵهاتن و ونبوون. تەنها شتێک کە لەو دەوروبەرەدا دەنگی دەدایەوە هاواری منداڵە بچووکەکەی جەلال ئەلئەوقاتی بوو کە دەگریا و دەیگووت: بابە..بابە."** هـ.م.س، لا ٢٨٩.

لە کاتژمێر هەشت و نیوی ئەو بەیانیەدا، کە ڕۆژی چواردەی رەمەزانبوو، یەکەم هەنگاوی کۆدێتا بە تێرۆرکردنی باوکێک لە بەردەم منداڵە بچووکەکەیدا دەستی پێکرد. هەمان ئەو بەیانیە دوو فڕۆکە هەستان و فڕۆکەخانەی ڕەشیدیان بۆمبارانکردو لەکاریان خست. پاشان بەعسیەکان وەزارەتی بەرگریان موشەکبارانکرد. لەهەمان ڕۆژدا یەکەیەکی سەربازی بە سەرۆکایەتی عەقید عەبدولسەلام عارف و عەقید ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر پەلاماری مەحەتەی پەخشی ڕادیۆ لە ئەبوغرێب داو دەستیانگرت بەسەریدا.

لەهەمانکاتدا یەکەیەکی دیکەی سەربازی بە سەرکردایەتی عەقید عەبدولکەریم موستەفا پەلاماری وەزارەتی بەرگری دەدا. پێش ئەوەی ئەم یەکەیە بگاتە وەزارەتی بەرگری زەعیم عەبدولکەریم قاسم گەشتە ئەوێ و لەگەڵ یاریدەدەرە نزیکەکانیدا کۆبووەوە.

تەها شێخ ئەحمەد کە سەرکردەیەکی سەربازیبوو، یەکێکبوو لەو کەسانەی کە لە کۆمۆنیستەکانەوە نزیکبوو، لەو ساتە ناسکانەدا لەدەوری سەرۆکی جمهوریەت بوو. تەها بە سەرۆک دەڵێت:

**" پێویستە پێشئەوەی هێرشبکەنە سەرمان و بکەوینە داوی وەزارەتی بەرگیەوە، بە هێزە ئامادەکانمانەوە هێرشبکەینە سەریان و لەناویان ببەین"** هـ.م.س، لا ٢٩١.

بەڵام سەرۆک ئەو پێشنیارە رەتدەکاتەوەو هەوڵدەدات ڕوبەری خوێن ڕشتنەکە تەسکتر بکاتەوە. بەمشێوەیە بڕیاری دامەزراندنی هێڵێکی بەرگریکردن دەدات. لەهەمان کاتداو لەسەر داوای پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، جەماوەرێکی زۆر، بۆ پاراستنی سەرۆکی جمهوریەت، ڕویانکردبووە وەزارەتی بەرگری و هاواریاندەکرد: "ماکو زعیم الا کریم". ئەو جەماوەرە داوای چەکیاندەکردو دەیانویست ڕێگا لە کۆدێتاچیەکان بگرن، بەڵام قاسم ئامادەنەبوو چەکیان بداتێ.

کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ جەنگی خوێناوی لە نێوان قاسم و کۆدێتاکارەکاندا دەستی پێکرد. قاسم هەزارو پێنجسەد سەربازی لەگەڵ بوو. بەڵام ئەو هێزەی کە بەعسی و هاوکارەکانیان کۆیانکردبووەوە زۆر لەو ژمارەیە زیاتربوو، هەروەها لە ڕوی چەکیشەوە حاڵەتیان باشتربوو لە گرووپەکەی سەرۆکی جمهوریەتی گەمارۆدراو. ئەورۆژە خوێن وەک فوارە دەڕژا، بەعسی و هاوکارەکانیان دەبوو ژور بەژور بەسەر تەرمی سەربازەکانی قاسمدا هەنگاو بنێین. پاشان بۆ ئەوەی قاسم لە کونەکان بێتە دەرەوە، هاواریاندەکرد : "ماکو زعیم الا کریم".

کاتژمێر ٨ی ئێوارە، کاتێک عەبدلکەریم قاسم لە ڕێگای ڕادیۆوە دەبیسێت کە عەقید عارف وەک سەرۆکی جمهوریەت دەستنیشانکراوە، تەلەفۆن هەڵدەگرێت و پەیوەندی پێوەدەکات و پێی دەڵێت:

**" ئێمە براین و هەرگیز ئەو نان و خوێیەم لەبیرناچێت کە لەنێوانماندابووە."**

بەڵام عەقید عارف لە وەڵامدا پێیدەلێت:

**" بەڵام ئەمە مەسەلەی مەبدئو ئازادی و نیشتمانە و ئەنجومەنی شۆرش بڕیاریداوە کە تۆ دەبێت خۆت بدەیت بەدەستەوە."**

بۆ سبەینی سەرلە نێو لە هۆڵی گەلەوە پەیوەندی بە عارفەوە دەکاتەوەو داوای لێدەکات کە ڕێگای بدات نیشتمان بەجێبێڵێت، بەڵام داواکەی رەفزدەکرێت. هەمان ڕۆژ، کاتژمێر ٣٠/١٢ سەرۆکی جمهوریەت خۆی دەدات بەدەستەوەو یەک کاتژمێر دواتر لەگەڵ هاورێکانیدا گولەبارانەکرێن و دەکوژرێن.

بەعسیەکان تەنها لەماوەی دوو ڕۆژدا پێنج هەزار هاوڵاتیان کوشت و هەزارانیشیان لە زیندانەکان قایمکرد. ئەوان دەیانویست هەموو کەرەسەکانی تێرۆریسم مۆبیلیزەبکەن بۆ لە ناوبردنی هەر دەنگێک کە گومانی ئەوەی لێبکرێت بڵێت نەخێر. ئەوان هەموو ئەو زمانانەیان دەبڕی کە بۆنی نەخێریان لێوە دەهات،

هەموو ئەو ژنانەیان دەکوشت کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا ڕۆژێک بە منالێکی یاخیەوە سکیان پڕبێت، هەوڵی لەناوبردنی هەرکەسێکیان دەدا ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێکی مارکسی بەدەستەوە ببینرابێت. ئەوەی ڕۆژێک وتبێتی "ماکو زعیم الا کریم" وەک کەریم گولە باران دەکرا.

ئەمە ئەو تێرۆریسمەیە کە ئێمە وەک مۆدێلێک لە کردەی زەبروزەنگاوی خوارەوە بەرامبەر بە سەرەوە دەیناسێنین. لەم چرکەیەدا بەعس کە تەنها گروپێکی سیاسی قەدەغەکرای نایاساییە ڕێگای تێرۆر دەگرێتەبەرو لە ڕێگای تێرۆریسمەوە دەستدەگرێت بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتداو لەو پێناوەدا هەزاران کەس قەڵاچۆدەکات.

## چرکەی دووەم: تێرۆریسمی دەوڵەت

عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئامۆزای سەدام حوسەینی دیکتاتۆر، ئەو پیاوەیە کە سەرکردایەتی ئەو ئۆپێراسیۆنانە دەکات کە سەرەتا بە ئەنفال ناو دەبرێن و پاشان ئەم ناوە وەک گوزارشت لە ڕوداوێکی (گەورە-ماژۆر)وە پێدەنێتە نێو گەردونەکانی مێژووەوە. ئەنفال ئەو کردە زەبروزەنگاویەیە کە بەعسی دەوڵەت لەدژی سەدان هەزار کوردی کوردوستانی عێراق بەکاری دەهێنێت.

ئەو شوێنانەی کە ئەم کردەیەیان تیادا بەرهەمدێت هەموو ئەو گووندو شارۆچکانەن کە دەکەونە سەر سنورەکانی نێوان کوردوستانی عێراق و کوردوستانی ئێران.

هەروەها زەمەنی ئەم زەبروزەنگە لەو قۆناغەدایە کە جەنگی عێراق-ئێران بە چەند تونێلێکی جیاوازدا تێدەپەڕی و شۆڕشی کوردیش جارێکی دی لە چڵەپۆپەی قەیرانەکانیدا دەژیا.

لە ١٨ مارسی ١٩٨٧ دا عەلی حەسەن مەجید وەک یەکەم بەرپرسی (باکوری) حیزبی بەعس دەستنیشاندەکرێت. لەم بەروارەوە ئیتر ئەم پیاوە دەبێت بە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە کوردوستانداو هەموو پانتاییە سیاسی و سەربازیەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

ئۆپێراسیۆنی ئەنفال دەکرێت بەسەر شەش قۆناغدا دابەشبکرێت [lxviii]:

**١.٢٣ فێڤریوەری ١٩٨٨ تا ١٩ مارسی ١٩٨٨. کیمیابارانکردن و تەختکردنی سەرکردایەتی یەکێتی لە سەرگەڵو بەرگەڵو.**

**٢.٢٢ مارسی ١٩٨٨ تا ١ ئەڤریلی ١٩٨٨. هێرش بۆسەر ناوچەی قەرەداخ.**

**٣.٧ی ئەڤریلی ١٩٨٨ تا ٢٠ ئەڤریلی ١٩٨٨. هێرشکردن بۆ سەر گەرمیان و تەختکردنی لادێکان و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکەی.**

**٤.٣ی مێی ١٩٨٨ تا ٨ی مێی ١٩٨٨. هێرشکردنە سەر ناوچەی زابی بچووک.**

**١٥.٥ی مێی ١٩٨٨ تا ٧ی ژونی ١٩٨٨. هێرشکردنە سەر بالیسان و سوتاندنی و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکەی.**

**٢٩.٦ی ژویەی ١٩٨٨ تا ٦ی سێپتەمبەری ١٩٨٨. هێرشکردن بۆسەر ناوچەکانی بادینان.**

دەرەنجام، نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس ئەنفالکران، ٤٠٠٠ لادێ سوتێنران. بێگومان هەموو ئەم ژمارەو بەروارانە دوا یەقین نین و تا ئێستاش یەکلایی نەکراونەتەوەو یەکلاییکردنەوەشیان زیاتر کاری مێژوونوسانە نەک کەسانێکی وەک ئێمە کە لە بواری سۆسیۆلۆژیادا کاردەکەین. لێرەوە ئێمە ئەمە بەجێدەهێڵین بۆ ئەوان و دەگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەرەکیەکەی خۆمان.

ئایا ئەنفال جینۆسایدە یان تێرۆریسم ؟

کام لەم دوو کۆنسێپتە دەتوانێت ئەنفالمان بۆ بخوێنێتەوە ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئێمە دەبێت پێشهەموو شتێک و سەرلەونێ پێناسەیەکی خێرای هەریەکێک لەو دوو کۆنسێپتە بکەین و جیاوازیەکانیان بخەینە ڕوو. ئەم پێناسەکردنە دواتر ڕێگامان بۆخۆشدەکەن بۆ ئەوەی جۆرێک لە ڕێفلێکسیۆن-تێفکرین لەسەر ئەو ئیشکالیەتە بەرهەمبهێنین.

لە ئەمڕۆدا تێرمی جینۆساید لەبەرامبەر کردەیەکی تەواو دیاریکراوی سنوردارکراودا بەکاردێت و ناتوانین بۆ خوێندنەوەی هەموو زەبروزەنگێ بەکاریبهێنین. لە پشت ئەم کردەیەوە هەمیشە خواستێکی پۆلەتیکۆ-ئایدۆلۆژی ئامادەیەو ناهێڵێت ماتۆرەکەی لەکاربکەوێت. بۆ نموونە :

لە مانگی ژەنیوەری ساڵی ١٩٤٢ داو لە کۆنفرانسی Wannseeدا نازیەکان بڕیاردەدەن هەموو جولەکەکانی ئەوروپاو جیهان لەناوبەرن و سەرزەوی لە ڕەگەزی جوولەکە (پاک)بکەنەوە. لێرەدا ئەوەی هۆلۆکۆستی جوولەکەکان دەکات بە جینۆساید ژمارەی کوژراوەکان نیە، بەڵکو ئامادەیی خواستێکی پۆلەتیکۆ-ئایدۆلۆژیە کە لە قەڵاچۆکرنی ڕەگەزی جوولەکەدا خۆی مانیفێست دەکات. نازیەکان نەیاندەویست، لەڕێگای کوشتنەوە جوولەکەکان بترسێنن و ناچاریانبکەن بە قبووڵکردنی پرۆژەیەکی سیاسی، بەڵکو دەیانویست قەڵاچۆیانبکەن و لە ڕەگوریشەوە هەڵیانبکەنن. واتە جینۆساید وەک مۆدێک لە کردە پراکتیکبکەن. ئەمە پەیوەندی بە ڕاگەیاندنی جەنگێک و دوو بەرەی بەرامبەر بەیەکترو سەرکەوتن و دیلکرن و دۆڕاندنەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە ئەمڕۆ لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا ناویدەنێین ڕاسیزم.

**ڕێکەوەتن لەسەر جینۆساید لە ١٢ ی ژەنیوەری ساڵی 1951 داو بەپێی بڕیاری ٢٦٠ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکرا.**

بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین لە هەمانکاتدا قسە لەسەر تێرۆریسمی نازیەکان بکەین ؟

بێگوومان بەڵێ. کاتێک ئەم گرووپە دەگەنە سەر کورسی دەسەڵات، بەهەزاران مرۆڤی ئەڵمانی لە زیندانەکان قایمدەکەن و هەزارانی دیکە دەخەنە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوەو هەزارانی دیکەش لە سێدارە دەدەن. لەسەرەتای دەسەڵاتیانەوە، نازیەکان هەموو کەرەسەکانی تیرۆریسم دژ بەو ئەڵمانیانە بەکاردەهێنن کە دەکرا ببنە مەترسی بەسەر دەسەڵاتە تازەکەیانەوە. بەڵام کاتێک کە خۆیان جێگیردەکەن و دڵنیادەبن لە مانەوەیان ئیتر دەست لە تیرۆریزەکردنی ئەڵمانیە (ناجوولەکەکان) هەڵدەگرن. لێرەدا دەکرێت باس لە تیرۆریسمی دەوڵەت بکەین.

بەڵام ئێمە ئەنفال بخەینە کوێوە ؟

چوارچێوەی جینۆساید یان تیرۆریسم ؟

ئایا بەعسی دەوڵەت لەڕێگای ئەنفالەوە بەڕاستی دەیویست کورد وەک گەلێک، وەک نەتەوەیەک، وەک ڕاسێک لەناوببات یان دەیویست لەم ڕێگایەوە ئەم کۆمینۆتێیە ناچاربکات بە قبوڵکردنی پرۆژەیەکی ئایدۆلۆژی-سیاسی کە ئەو پێشنیاری دەکرد ؟

من تەواو وشیارم بەوەی کە ئێستا لە کوردوستانداو لەسەر هەموو ئاستەکان هەوڵێکی جددی لە ئارادایە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید. ئەو ئەکتەرانەی لە پشت ئەم هەوڵەوەن تارادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بەلای کەمەوە لە ناوەوەی کوردوستان، لەوەدا کە ئەنفال وەک جینۆسایدێکی بەڵگەنەویست بخەنە نێو یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیەوە. لە ئێستادا دەکرێت بڵێین قسەکردن لە ئەنفال لەدەرەوەی جینۆساید زیاتر وەک تابۆ-حەرامێکی لێهاتووەو ئەو توێژەرەی کە بیەوێت دەست بۆ ئەم مەسەلەیە بەرێت دەبێت حاسیبەکەی لە گیرفانی دەربێنێت و دەیان حسابی ماتماتیکیانەی هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوریەکانیش بکات. ئەمە ئەو هەلومەرجە قورسەیە کە توێژەر کاری تێدا دەکات.

## کەمپینێک بۆ ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆساید

بەڕێزان

پرۆسەی ئەنفال ، گەورەترین پرۆسەی پاکتاوی نەژادی بوو لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە . شالاوەکانی ئەنفال لە ١٨ فیبریوەری ١٩٨٨ دەستی پێکرد بەردەوام بوو هەتا ٦ سیپتەمبەری ١٩٨٨ ، لەم شالاوانەدا جۆرەها چەکی قورس و سووک و چەکی ژەهراوی بەکارهێنرا، ١٨٢ هەزار لە خەڵکی سیڤیلی کورد زیندە بەچاڵ کران ، بە سەدان شارۆچکەو دێی کوردستان لەگەڵ زەوی تەخت کرا ، کانی وسەرچاوەکان کوێر کرانەوە ، بە سەدان ژن ومناڵی کورد وەکو کۆیلە بە وڵاتانی عەرەب فرۆشران . ئەوانەی لەم شالاوە ڕزگاریان بوو، خەڵکانیکی بە جەستەزیندوون، هەتا ئێستاش ئاسەواری سیکۆلۆژی ئەم کارەساتەیان پێوە دیارە .

زۆربەشمان ئاگاداری ئەوەین کە هەموو ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی کوشتاری بەکۆمەل بوونەتەوەزۆربەیان توانیویانە گەورەترین گورزی سیاسی لەو ولاتە بکەنەوە کە تاوانەکەی ئەنجام داوە . ئێمەدەبێت دان بەوە دابنێین کەدواکەوتووترین نەتەوەین لەم بوارەدا، وە ئەم ئەرکە مێژوویەمان زۆر دواخستووە، پێویست بووهەر زۆر زوو ئەم هەنگاوەی ئێستامان بهاوێشتایە.

ئێمە لێرەدا وەک ناوەندی چاک کۆمیتەی سوید ، ئەم نامەیەی کە بەزمانی سویدی وکوردی نوسراوە ، ئاراستەی پەرلەمانی سویدی دەکەین، بۆیەداوا لە کوردانی دانیشتووی سویدئەکەین کەبە ئیمزای خۆیان پشتیوانیمان لێ بکەن و ئەمەش بە ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی و مرۆڤدۆستانەی خۆیان بزانن. چاوەڕوانی هیمەتی پشتیوانی هەموو لایەکین.

بۆ زانیاریتان ئەم کەمپینە تا ٢٠٠٦/١٢/٣١ دەخایەنێت، دواتر پێشکەش بە پەرلەمانی سویدی دەکرێت.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ ئەندامانی پەرلەمانی سوید

پشتگیری بۆ ناساندنی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال وەکو تاوانی ژینۆساید

بەڕیزان، ئەندامانی پارلەمانی سوید،

ئێمە وەکو ڕێکخراوەی ناوەندی چاک (ناوەندی هەڵەبجە دژی ئەنفالکردن و ژینۆسایدکردنی گەلی کورد)، ئێوە وەکو کەسانێکی دۆستی گەلی چەوساوەی کورد سەیر دەکەین، پێمانوایە ئێوە دەتوانن بێلایەنانە و لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە لە ڕەوایی دۆزەکەمان بگەن. ئێمە داوا دەکەین ئێوەی بەڕێز پشتگیری داوایەکی ڕەوا بکەن، ئەویش بەژینۆساید ناسینی هێرشە سەربازیەکانی ڕژێمی ئێراقە کە لە ساڵی ١٩٨٨ دا کردیانە سەر دانیشتوانانی دێهاتەکانی کوردستان.

هێرشەکانی شاڵاوی ئەنفال گەورەترین کارەساتە کە بەسەر خەڵکی باشووری کوردستاندا هاتبێت. چونکە ڕژێمی بەعسی پێشووی ئێراق لە هێرشەکانی ئەنفالدا بەشێکی دیاریکراوی نەتەوەی کوردی لەناوبرد. دەکومێنتەکانی ڕژێمی بەعس خۆیان ئاماژە بە بڕیاری لەناوبردن دەکەن و مەبەستی لەناوبردن دەسەلمێنن. هەربۆیەش هێرشەکانی ئەنفال لەلایەن ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ و دادگای های هۆڵاندی بە تاوانی ژینۆساید داندراوە.

هێرشە سەربازیەکانی شاڵاوی ئەنفال کە لە ٢١ی فێبریوەری تا ٦ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٨ی خایاند. خودی شاڵاوە سەربازیەکە، کۆمەڵە هێرشیکی سەربازی یەک لە دوای یەک و سیستەماتیکی بوو لە دژی دانیشتوانانی کوردستان لەو ناوچانەی بە "ناوچە قەدەغەکراوەکان" ناوزەد کران، هەموو مرۆڤەکانی ئەو ناوچانە پاککرانەوە، هەزاران گوند سوتێنران و لەگەڵ زەویدا تەختکران. بۆمباران بە چەکی قورس و ژاری کیمیاوی، کوشتن و گوللەباران کردن، تاڵانکردن، کۆیلەکردن و بازرگانی بە ژنانی کورد، بەکۆمەڵ گرتنی ژن و منداڵ، پیر و لاو و بردنیان بۆ بیابانەکانی خوارووی ئێراق و چارەنوسی نادیار، زیندەبەچاڵکردن و بەکۆمەڵکوشتن، هەموو ئەو تاوانکاریانە لە پرۆسەی ژینۆسایدکارانەی ئەنفال بەخەستی ئەنجام دران. بە پێی ئەو دەکومێنتانەی ئێستا لەبەردەستدان، ئەو لەناوبردن و پاکتاوە بە بڕیاری فەرمی ڕژێمی بەعس بووە و لەژێر سەپەرشتی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە "عەلی کیمیاوی" بەرپرسی بیرۆی باکور، ئەنجام دراوە. ئەنجامی ژینۆسایدەکەی ئەنفال جگەلە کاولکردن و سوتاندنی ناوچە قەدەغەکراوەکان، جگەلە زیانە ئابوریە گەورەکان کە بە خەڵکی

ئەو ناوچانە کەوتن، بەپێی خەمڵاندنەکان زیانی گیانی خۆی لە ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد دەدات، تەنها لە شاری هەڵەبجەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس بوونە قوربانی کیمیاباران و هێرشی ژینۆسایدکارانەی ڕژێمی ئێراق.

دۆزینەوەی گەلێ گۆڕی بەکۆمەڵی پڕ لە ژن و منداڵ، گێڕانەوەی کارەساتی ئەنفال لەلایەن بە سەدان و هەزاران دیتەری ڕزگاربوو، بە سەدان دەکومێنت، بەتایبەتی ئەو دەکومێنتانەی کە بڕیاری لەناوبردنی گروپی دیاریکراو دەگرنەخۆیان، ئاماژە بە ژینۆسایدێکی پلانبۆدانراو دەکەن، ئاماژە بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێکی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی ئێراقیەوە دەکەن. ئەوەش دەچێتەژێر مەرجەکانی بوونی ژینۆساید بەپێی ئەرتیکلی ٢ی کۆنڤێنسیۆنی ژینۆسایدی UN کە لە سێپتەمبەری ١٩٤٨ دا مۆرکراوە.

پشتگیری ئێوە لە ناسینی هێرشەکانی ئەنفال وەکو تاوانی ژینۆساید، پاڵپشتێکی گەورە دەبێت بۆ ناساندنی ئەو تاوانە وەکو ژینۆساید لەسەر ئاستی جیهانی. هەروەها پشگیریەکی مۆرالیانەی مرۆڤانەیە بۆ هەموو گەلی کورد کە خەبات بۆ ناساندنی ئەو تاوانە وەکو تاوانی ژینۆساید دەکات.

لەگەڵ سوپاسماندا

ناوەندی چاک

## حکومەتی سوید وەڵامی (چاک سوید) دەداتەوە

زۆر بەرێز کەریم،

من ڕاسپێردراوم کە وەلامی نامەی بەرێزتان بدەمەوە کە بۆ سەرەك وەزیرا ن و وەزیری دەرەوەی سویدتان ناردوە سەبارەت بە کردەوە خراپەکانی سەدام حسێن و ڕژێمەکەی دژ بە گەلی کورد لە عێراقدا.

قڕکردنی شاری هەڵەبجە و پەلاماردانی گەلی کورد لە لایەن دەسەڵاتی سەدام حسێنەوە، لە کارەساتە تراژیدی و دڵ لە داخەکانی مێژووین کە مافەکانی مرۆڤ پێشیل کرا و مرۆڤەکان بوونە قوربانی.

حکومەتی سوید زۆر جار بە ڕەسمی ناڕەزایەتی و بێزاری خۆی لەو کردەوە ترسناکانە دەربڕیوە. خۆشحاڵیە کە ئێستا سەدام و چەند کەس لە دار و دەستەکەی لە حەپس دان و محاکمە ئەکرین بۆ ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە .ئەمە خۆی بەشێکە لە

**پرۆسەی دیموکراتیزەکردن. دەوڵەتی سوید ئەلاقەمەندە کە رۆڵی هەبێ لە پێش گرتنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.**

**دام و دەزگاکانی مێژووی زیندوو لە پلان و بەرنامەیان دایە کە جێگای خەبات بکەن بۆ پێشگرتن لە کۆمەڵکوژی و دووبارە نەبونەوەی مێژووە خەفتبارەکان و پێکهێنانی کەش و هەوای لێکحاڵی بون و تۆلێرانس ، دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ.**

**یەکەم مانگی ساڵی ٢٠٠٤ دەوڵەتی سوید کۆنفراسێکی بەرینی ڕێکخست لە ستوکهۆلم، بە ئامانجی پێشگرتن لە پاکتاوی نەژادی. ئەمە یەکەم کۆنفرانسی لەو چەشنەیە بگیردرێ دوای ساڵی ١٩٤٨ کە نەتەوە یەکگرتوەکان یەکەم بەیانی دژ بە کۆمەڵکوژی دەرکرد. دەوڵەتی سوید پێوەندیەکی لە مێژینە و گەرم و گوری هەیە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا و پشتگیری تەواوی هەیە بۆ بنیاتنانەوە و پێشخستنی دیموکراسی لە سەرتاسەری عێراق. لەگەڵ ڕێزمدا دانێل ئیمیرسۆن.**

---

Daniel Emilson
Depssek. UD-MENA/Desk Officer MFA
Irak & EU-samordning/Iraq & EU-coordination
Tel: +٤٦ (٠)٨ ٤٠٥ ٢٤ ٤٩
Mobil: +٤٦ (٠)٧٠٨ ٩٩ ١٨ ٢١
٢٠٠٦/٠٤/٢٨

لەبەر ناسکی ئەم بابەتە، من هەوڵدەدەم پرسیاری ئەنفال جینۆسایدە یان تێرۆریسم بۆ کات و شوێنێکی دیکە بەجێبێڵم، کات و شوێنێک کە تیایدا بتوانم زیاتر ڕەهەندە بابەتیەکەی توێژینەوەی زانستی بپارێزم. ئەمەش مانای ئەوەنیە کە من لای خۆم بابەتەکەم یەکلایی کردبێتەوەو تەنها نووسینەوەی مابێت. نەخێر، ڕێگای ڕامان و ڕێفلێکسیۆن و توێژینەوەی گەردونی ئەنفال گەلێک لەوە درێژترە کە ئێمە خەیاڵدانی دەکەین.

بەهەر حاڵ، لێرەدا ئەوەی بۆ من گرنگە کلیککردنەوە لەسەر ئەوەی کە لە نێو ئۆپێراسیۆنەکانی ئەنفالدا تێرۆریسم لە ناشیرینترین حاڵەتیدا خۆی مانیفێستدەکات. لە ڕێگای ئەم ئۆپێراسیۆنانەوە، بەعسی دەوڵەت هەڵگری توندترین خواستی تێرۆریزەکردنی گەلی کوردو شۆڕشی کوردو هەموو ئەو لایەنانەشبوو کە هاوکاری ئەو شۆڕشەیاندەکرد. لەڕێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە دەیوست ترسێکی بەردەوام لە دڵی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردوستاندا بچێنێت. ترس لە مردنێک کە هەمیشە لێرەیە بۆ هەر کەسێک کە گومان لە دەسەڵاتی بەعس بکات. ئەوانەش کە بەعس دەکەن بە شووناسی خۆیان و

دەڕۆنە نێو پرۆژەکانی بەعسی دەوڵەتەوە نەک هەر ئەنفال ناکرێن، بەڵکو دەرگاکانی بەهەشتی ڕابواردنە بێسنورەکانیان لێدەکرێتەوە. باشترین نموونەش ئەو گرووپە کوردیانەن کە بەعس ناوی نابوون فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی و شۆرشیش ناوی نابوون جاش.

لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا هەمان ڕەهەندی تێرۆریسم دەدۆزینەوە. ئەگەر تێرۆریسم بەمانایەک لە ماناکان بریتیبێت لە (چاندنی ترس لە دڵی جەماوەردا) ئەوا مانایەک لە ڕژێمی ماناکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبێت بە چاندنی ترس لە دڵی گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتیدا. ترس لەوەی کە هەر یاخی بوونێک لە بەعسی دەوڵەت چارەنووسی ترسناکی لێدەکەوێتەوە. هەر نەخێرێک لە بەرامبەر سەنتەردا دورنیە بە گۆڕی بەکۆمەڵ و کیمیاوی و ژورە تاریکەکانی ئازارو ئەشکەنجە کۆتایی پێبێت.

ئەمە هەمان ئەو مێتۆدەیە کە تەیمورلەنگ لە سەدەی چواردەهەمداو لەو ناوچەیەدا، بۆ سەپاندنی دەسەڵاتە نوێیەکەی بەکاریهێنا. شەش سەدە دوای تەیمورلەنگ، سەدام حوسەین وەک باشترین میراتگری ئەو مێژوە دێت و عێراق دەکاتەوە بە نیشتمانی هەموو فۆرمەکانی تێرۆریسم. تێرۆریسم لە خوارەوە بۆ سەرەوە (هەوڵدانی تێرۆکردنی سەرۆکی جمهوریەت لە کۆتایی پەنجاکاندا)، هەروەها تێرۆریسمی سەرەوە بۆ خوارەوە (ئەنفال و هەڵبجە).

## ژمارەی هێرشە تێرۆریستیەکان لە جیهاندا
## ١٩٩٠ و ٢٠٠٤ وەک نموونە

لە ساڵی ١٩٩٠دا چلو نۆ دەوڵەت بەر هێرشە تێرۆریستیەکان کەوتوون.

ئەوروپا/١٦.

ئەمەریکای لاتین/١٠.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست/٨.

ئەفەریقا/٨.

ئاسیا/٧.

لە ساڵی ٢٠٠٤ سیو نۆ دەوڵەت بەر هێرشەکانی تێرۆریسمی جیهانی کەوتوون.

ئاسیا/١٢.

ئەوروپا/٩.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست/٧.

ئەفریقا/٤.

**سەرچاوە:** François Géré, *Pourquoi le terrorisme*, LAROUSSE, ٢٠٠٦. P.٥٨.

# بەرگی چوارەم

بەشی یەکەم : بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی/دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی/تێرۆریسم.١٥٣

بەشی دووەم : گەڕان بەدوای زۆنەکانی تێرۆریسمدا.١٦٧

بەشی سێیەم : تێرۆریسم و میدیا مۆدێلەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا. ٢١١

# بەشی یەکەم
# بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی/دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی/تێرۆریسم

بۆئەوەی ئەو کۆنسێپتانەی لێرەدا بەکاریاندێنم بەتەماوی لە دەزگای تێگەشتنی خوێنەردا نەمێنێتەوە، هەوڵدەدەم هەر لەسەرەتاوە پێناسەیان بکەم و چوارچێوە تێوریەکانیان دەستنیشان بکەم.

- **بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چیە ؟**
- **چۆن ئێمە بیناسینەوەو لە فێنۆمێنەکانی دیکەی جیابکەینەوە ؟**
- **ئەو ڕەگەزانە چین کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیان لێدروستدەبێت؟**
- **دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چیە و چۆن و لە چی دروستدەبێت؟**
- **پاشان تێرۆریسم چۆن دەبێت بە دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ؟**

## ١. بیناکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

ئالان تورێن لە کتێبی ( بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە[lxix]) دا دێت و سێ پرانسیپی بیناکاری هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات و لە ڕێگای ئەم سێ پرانسیپەوە سنورەکانی ئەم گەردوونە لە سنوری گەردونەکانی دیکە جیادەکاتەوە. ئەو سێ پرانسیپەش ئەمانەن:

- ✓ ئیدانتیتێ/شووناس.
- ✓ ئۆپۆزیسیۆن/موعارەزە.
- ✓ تۆتالیتێ/گشتگیری.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەو هێزەیە کە دەتوانێت کارلەسەر گەشەپێدانی هەر یەک لەم سێ پرانسیپە دەکات و پاشان بەیەکتریەوە گرێدەدات و پرۆژە پراکتیکیەکانیان لێدروستدەکات. دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەواو بە پێچەوانەی ئەم سێ پرانسیپەوە کاردەکات و لەبری ئاوێزانکردنیان هەوڵی ئەلغامرێژکردنیان دەدات بۆ ئەوەی لەهەر ساتێکدا بەیەکدا بتەقنەوە[lxx].

پرانسیپی ئیدانتیتێ/شووناس، کە ئەرکە سەرەتاییەکەی بریتیە لە خستنە سەر شانۆی ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان، لە چرکەی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا ئیفلیجدەبێت و هەموو تواناکانی بوون بە سەرچاوەیی بەرهەمهێنانی شووناسێکی بەرهەمهێنەر لەدەستدەدات.

لەم پانتاییەدا ئیتر شووناس ئەو ئاوێنەیە نیە کە (کۆمەڵایەتی-سۆسیال) بەهەموو پرسیارو خەونەکانیەوە تیایدا دەبینرێت، بەڵکو ئەو ئاوێنەیەیە کە بەردەوام سەرگەرمی عەکسکردنەوەی ژێرەوە یاخود سەرەوەی (کۆمەڵایەتیە). واتە ئەو ئەکتەرانەی کە بڕیاری ململانێ دەدەن، ئیتر گوزارشتنین لەو شووناسە کۆمەڵایەتیەی کە وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنەر کاردەکات و هێزێکی کۆمەڵایەتی واقیعییە، بەڵکو گوزارشتن لە ململانێ بەناوی چەند پرانسیپێکی وەک دادپەروەری و ئەخلاق و ئازادیەوە.

ئەم ئەکتەرە ئیتر شووناسی خۆی وەک ئینتیما بۆ کۆمینۆتێیەک دەخاتە سەر شانۆ نەک وەک ئینتیما بۆ تێکەڵبوون بە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی. کاتێک کە ئەکتەری کۆمەڵایەتی بانگەشەدەکات بۆ ئەوەی کۆمینۆتێیەک، گەلێک، نەتەوەیەک لەدەوری تاکە (جەوهەرێکی) هەمیشەیی و نەگۆڕ کۆببێتەوەو تاکە شووناسێک کە مومکینبێت ململانێ بێت لە پێناوی مانەوەیداو کاتێک ئەم نەتەوەیە تەنها لە ڕێگای کارەسات و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای "بوون"یەوە خۆی دەردەخات، وەک نەتەوەی کورد، کاتێک هەموو توانای ئەکتەرەکانی ململانێ لە پێناوی سەلماندن و بەدیهێنانی (رەسەنایەتی) و (ئینسیجام) و (یەکبوون)دا سەرفدەکرێت، ئیتر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە بزووتنەوەی ناسیۆنال دەبێت و لەهەموو ماناکانی بەتاڵدەکرێتەوە.

پرانسیپی ئۆپۆزیسیۆن/موعارەزە، کە ئەرکی ئەوەیە بەرامبەرە کۆمەڵایەتیەکان و (ئەویتر)ەکان دەستنیشان بکات[lxxi]، لە پانتایی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا وەردەگێردرێتە سەر دوژمن و جەنگ.

لە پانتایی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا (ئەویترێک) هەیەو ناڕەزایی دەردەبڕین بەرامبەر بە بڕیارەکانی و هەوڵدەدەین لە تارمایی کۆنترۆڵەکانی بێینە دەرەوەو هەموو تواناکانمان دەخەینەکار بۆئەوەی سنوردارو لاوزی بکەین. بەڵام لە پانتایی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا ئیتر وێنەی ئەم ئەویترە دەبێت بە وێنەی دوژمنێک کە بەردەوام هەڕەشەو گورەشە دابەشدەکات و وەک مەترسیەک بەسەر چارەنووسی وجودیەوە تەماشادەکرێت.

لێرەوە تاکە ئەرکێکی سەرشانمان دەبێت بە یەکگرتن و بوون بەیەک لە بەرامبەر ئەم دوژمنەدا. بوون بەیەک لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، لەسەر ئاستی سیستەم، لەسەر ئاستی ئیدارەی دەوڵەت. واتە (دەرەوە) و (ناوەوە)کانی ئەم پانتاییە دەبێت بە ترسناکترین ناوچە. دوژمن ئیتر بەتەنها لە ناوچەکانی (دەرەوە)دا نیە، بەڵکو لە (ناوەوە)شدایەو لکاوە بە هەریەکێک لە ئێمەوەو لە نێو ئەو جەماوەرەدایە کە ئێمە بەناویەوەو لەپێناویدا خەباتدەکەین.

<u>دەرەنجام، پانتایی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت بە شانۆی لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدان و نەفیکردن و بێدەنگکردن و پەراوێزکردنی هەزاران کەس بەتۆمەتی خیانەت و دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ دوژمندا.</u>

پرانسیپی تۆتالیتیێ/گشتگیری، کە لە پانتایی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا وەک سەرچاوەی هاوبەشی گرەوو ستراتیژیەت و هێزی بەردەوامی پرۆژەکان دەردەکەوێت، لە چرکەی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا هەموو ئەو کاراکتێریستیکانەی لەدەستدەدات.

لەم مەیدانەدا ئیتر پرسیار ئەوە نیە چۆن کۆمەڵگە وەک ئەوەی هەیە دەبەین بەڕێوە، بەڵکو ئەوەیە چۆن بیبەین بەرەو (ئەوێیەک) کە (ئێرە) نیە. ئەم لنگاوقوچکردنەوەیەی پرانسیپی "تۆتالیتیێ/گشتگیری" زۆرجار لە شێوەی بیناکردنی یوتۆپیای کۆمینۆتێیەکدا یان لە ئەفسانەی خەیاڵدانی گروپێکی ناواقیعیدا خۆی دەنوێنێت و بەر هەستماندەکەوێت.

دروشمی هەیمەنەداری ئەکتەرەکانی ئەم پانتاییە بریتیە لە (یان هەمووشتێک یان هیچ). ئەم دروشمەش ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر چەمکی داپڕانی تەواو لەگەڵ ئەوەی کە لە ئێستادا هەیە. داپڕان بەو مانایەی کە ئیتر هەموو دەرگاکان لەسەر دانوستان و دیالۆگ و ڕێکەوتن دادەخرێت و بەتەنیا تونێلێکی تاریک لەبەردەماندا دەمێنێتەوە، تونێلێک کە دەبێت بە بێ ئارەزووی خۆمان هەموومان پیایدا تێپەڕین، بەبێ ئەوەی بزانین چارەنووسمان بەکوێدەگات.

لە سەر زەمینی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا:

- **بەسەرچاوەکردنی شووناسێک کە لەدەرەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دروستبووە.**
- **وەرگێڕانی (بەرامبەر) بە (دوژمن).**
- **هەروەها بانگەشەکردن بۆ داپڕان.**

نەک هەر بەتەنها سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی سروشتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ خستنە سەر شانۆی یەکەیەکی ئایدۆلۆژی

مونسەجیم. بەمشێوەیە سنوورەکانی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەواو لە سنوورەکانی تۆتالیتاریسمەوە (بەماناکانی ئەننا ئەرێند[lxxii]) نزیکدەبنەوەو لەسەر ئاستی تیۆری و کۆنسێپت دەتوانین بڵێین تێکەڵ بەیەکتر دەبن[lxxiii].

بێگوومان بیناکردنی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی مانای ئەوە نیە کە ڕاستەوخۆ بیرلە بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی فیزیک بکەینەوە. ڕاستە گووزەر لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیەوە بۆ دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ڕاماندەکێشێتە نێو زەبروزەنگ لە سەر ئاستی هێرش و بەرگری، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو گوزەرە ڕاماندەکێشێتە نێو گەردونی ئەو گروپ و سێکتانەی کە بەسەرخۆیاندا داخراون و بەتەنیا سەرگەرمی خۆیانن و هیچ جۆرە زەبروزەنگێکی فیزیکی بەکارناهێنن. بەڵام ئایا دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکرێت ببێت بە کێڵگەیەکی لەبار بۆ تۆوەکانی تیرۆریسم ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت ئێستا وەڵامی بدەینەوە.

## ٢. بیناکردنی بزووتنەوەی دژە کۆمەڵایەتی

لەڕوبەری دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا زەبروزەنگ، بەهەردوو ڕەهەندە فیزیکی و ڕەمزیەکەیەوە، (مەرجەعیەتێکی) ئاشکراو ڕونی هەیە و هەوڵدەدات، لە ڕێگای گەڕانەوەی بەردەوەمی بۆ چوارچێوەکانی ئەو (مەرجەعیەتە)، شەرعەیەت بە خۆی ببەخشێت. بەڵام لە ڕووبەری تیرۆریسمدا بازدەدرێت بەسەر ئەم مۆدێلە لە بەرهەمهێنانی زەبروزەنگدا. ڕاستە ئەکتەرە تیرۆریستەکان بەناوی (بزووتنەوەیەکەوە) قسەدەکەن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو جۆرە لە قسەکردن هیچنیە کردەیەکی کارتۆنی نەبێت. (وشەی "کارتۆنی" لەبەرامەبەر وشەی "ئەرتیفیسیەل"دا بەکاردەهێنم).

ئەو سێ پرانسیپەی کە هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر دروستدەبێت (شووناس، موعارەزە، گشتگیری)، وەک چۆن لە پانتایی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا ئامادەییان هەیە بەڵام بە ئەلغامڕێژکراوی، ئاواش لە ئەستێرەی تیرۆریستەکانیشدا ئامادەییان هەیە بەڵام بە تێکشکاوی و بەمانای پێچەوانەوە. ئەکتەرە تیرۆریستەکان هەرگیز خۆیات نادەنە دەست خواستی ئەو جەماوەرەی کە بەناویانەوەو لەپێناویاندا چالاکیە تیرۆریستیەکانیان ئەنجامدەدەن. بۆنموونە، ئەکتەرە تیرۆریستەکانی ئەنساری سوونەو ئەنساری ئیسلام بەناوی موسوڵمانانی کوردوستانەوەو لەڕۆژی جەژندا بارەگاکانی یەکێتی و پارتی دەتەقێنێتەوەو دەیان کەس دەکەن بەقوربانیی، بەڵام هەرگیز ئەو ئەکتەرانە ئامادەنین گوێ لە خواستی ئەو جەماوەرە موسوڵمانە بگرن کە بڕیارواپە لە پێناوی ئەواندا ئەم ئەم دوو کردە تیرۆریستیە ئەنجامدرابێت. لێرەوە ئەم ئەکتەرانە ڕووبەرووی یەکەم جەنگ لەگەڵ شووناسدا دەبنەوە. ئەم ئەکتەرانە نە دەست لەقسەکردن بەناوی ئەو جەماوەرەوە هەڵدەگرن نە خۆشیان تەسلیم بە خواست و داواکاریەکانیان دەکەن، لێرەوە دەستنوێژی پرانسیپی شووناس دەشکێنن و لەماناکانی بەتاڵ دەکەنەوە. لێرەدا دەکرێت نموونە بە وتارێکی بچووکی بەڕێز مەلا کرێکار لەسەر کوردایەتی و نەتەوەی کوردو خاکی کوردوستان بێنینەوە. بێگوومان بەڕێز مەلا کرێکار لە کاتێکدا دامەزرێنەری ئەنساری ئیسلامە کە تیرۆریسم لە

کوردوستاندا دەگەیەنێتە لووتکە، بەتایبەتی لەو شەش چرکەیەدا کە لە بەرگی پێنجەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسمان کردوون، دێت و خۆی وەک ویژدانی زیندووی کوردایەتی و نەتەوە خاکی کوردوستان دەخاتە سەر شانۆ [lxxiv]:

**" کوردایەتی لای سەرانی کوردایەتی کوردستانی باشوور ئاوا بەرەو پووکانەوە چوو**

**- سەرەتا وەکو هەستێکی پاك و جوامێری پیاوانی بە هیمەت بوو بۆ لابردنی ستەم لەسەر کوردو دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی ..**

**- دواتر لە جیاتی بەرەو پێش چوون هاتەوە دواوەو بووە داواکاری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق ! کە هەر ویلایەتی کۆنی موسڵ بوو بەڵام موسڵ و کەرکوکی لەگەڵدا نەمابوو ..**

**- ئینجا لە ژێر سایەی حیمایەی نۆ فلای زۆنی ئەمریکاو بەریتانیادا بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بووە دوو ئیدارەی گەندەڵی عەشایری و رووتاندنەوەی هەولێرو سلێمانی ..**

**- ئینجا هەر یەك لە ئیدارەکان بۆ ئێران و تورکیا کەوتنە شەرە شۆق و بری ٣٦٠٠٠ پێشمەرگەیان لە یەکتری کوشت !! ( بە درێژایی ماوەی ئیختیلافاتی کۆنیشیانەوە ).**

**- ئینجا هەر یەکە لە لەتە ئیدارەی گەندەڵی خۆیدا لە گەشە پێدانی سیسترین هەستی دەوڵەتی و یاساکاریی و گەشەی فێرخوازیی بنیاتنانی کۆمەڵگەدا فاشل بوو .**

**- ئینجا هەر حزبە حاکمی هەر لەتە ئیدارەیەکیان لە ناو خۆیاندا بوونە باڵ باڵ و باڵی سەرۆکەکانیان کە زۆرترین مشەخۆری مێلیشیاتی تێدابوو بەسەر باڵە فیکریەکاندا سەرکەوت !**

**- ئینجا سەرانی هەردوو ئیدارەکە بە رەسمی دەستیان لە کەرکوك هەڵگرت وبێ بەرامبەر دوو بنکەی سەربازیی گەورەیان لە هەولێرو سلێمانی بۆ ئیحتیلال کردەوەو کوردستانیان بێ بەهایەکی قەومی کردە موستەعمەرە ..**

**- ئینجا ناچار کران بۆ ئەوەی سامان و دەسەڵاتیان لێ نەسێنرێتەوە پێشمەرگە بکەنە کرێگرتەی جەنگ و بۆ پاراستنی پرۆژەی ئیحتیلال و ئەمنیەتی ئیسرائیل بنێرنە ناوچە سوننیەکان بۆ سوننی کوژیی ، تا فیتنەی خوێنێکی رژاوو تۆڵەیەکی بێ خەو بۆ نەوەکانی داهاتوو بتلێننەوە !! بەمانەش کۆڵی نەوەکانی داهاتوویان دە ئەوەندەی تر بۆ مێژوویکی زۆر دوور قورستر کرد .."**

له نێو ئەم هاوکێشەیەشدا (بەتاڵکردنەوەی شووناس لە ماناکانی) ئیتر ئەکتەرێکی تێرۆریستی ئەنساری ئیسلام/ ئەنساری سوونە/ ئەلقاعیدە/ حەماسی فەلەستینی/ پڵنگەکانی تامیل/ کەتیبەی سوری ئیتالی/ گرووپی کردەی ڕاستەوخۆی فەرەنسی/ ETA ی باسک، FLN جەزائیر، IRA ئیرلەندی، هتد، پێدەنێتە نێو سنوری خودگەراییەکەوە (سوبژێکتیڤیسم) کە هەموو تواناکانی بیناکردنی شووناسێکی کۆمەڵایەتی لێدەسەنێتەوەو لەنێو ئەو سنورەدا نوقمدەبێت تا ڕادەی ونبوون. هەر چرکەیەکی قسەکردنی دەبێتە جوگرافیای تێکەڵکردنی (ئەزموونە شەخسیەکانی) لەگەڵ ئەو (ئامانجە باڵایەدا) کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت. تەنانەت پێش دەستبردن بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەردەوام دەگەڕێتەوە سەر ئەو مەخزەنەی کە سەرجەم ئەزموونە شەخسیەکانی تیادا خەزنکردوەو بۆ هەر گوزەرکردنێک بەرەوە زەبروزەنگ ئەو ئەزموونانە وەک سیستەمێک لە تەبریر-جوستیفیکاسیۆن بەکاردەهێنێت.

ئەکتەرێکی ئەنساری ئیسلام بۆ ئەوەی بتوانێت لە بارەگایەکی مەدەنیدا خۆی بتەقێنێتەوە پێویستی بە **داپڕان** هەیە، داپڕان لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە ئێستا و ئێرەدا هەن و دروستکردنی دونیایەکی سوبژێکتیف-خودگەرای دیکە کە هیچی لە ئێستاو ئێرە ناچێت و پاشان بۆ گەشتن بەو دونیایەش دەبێت ئامادەبێت گیانی خۆی فیدا بکات و بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە لە ئامادەباشیەشی تیادا دروستببێت دەبێت هێڵێکی کۆمۆنیکاسیۆن دروستبکات لە نێوان ئامانجی باڵای خەبات و ئەزموونە شەخسیەکانیدا. دروستکردنی هەر تەشویشێک لە سەر ئەو هێڵی کۆمۆنیکاسیۆنە ئەکتەری تێرۆریست تووشی جۆرێک لە پشێویدەکات و گەرێت خێرا چارەسەری نەکات گرفتی گەورەی بۆ دروستدەکات. یەکێک لەو گرفتانە یاخیبوونە لە هەردوو گەردوونەکە، گەردوونی ئەزموونە شەخسیەکانی و گەردوونی ئامانجە باڵاکەی خەبات. ئەمەش واتە سەرهەڵدانی شکست لای ئەکتەری تێرۆریست. بەڵام سەرکەوتنیشی لە دامەزراندنی ئەو هێڵی کۆمۆنیکاسیۆنەدا هەستێکی تایبەت لای ئەکتەری تێرۆریست دروستدەکات. هەستکردنی بەوەی کە ئیتر بەبێ (ئەو) جەماوەری خەوتوو هەرگیز لە خەوهەڵناسن و بەبێ (ئەو) وشیارنابنەوەو تاماون کۆت و زنجیری دیلەیتی لە قاچ و دەستیان نابێتەوە. ئەم هەستە دەبێت بە ماکینەی بەگڕخستنی ئەو شەریکانەی کە لە ناوچە عاتیفیەکانی ڕۆحی هەر تێرۆریستێکدا ئامادەن و سەرگەرمی تەرتیبکردنی کردەی (خۆکوشتن و خەڵک کوشتنی) ئەون. لێرەشدا دەکرێت نموونە بە پەرەگرافێکی ئەمیری کەتیبە کانی کوردوستانی گرووپی ئەلقاعیدەی بن لادن بێنینەوە. لەم نموونەیەدا ئەو "ئەوی"یە بە ڕونیدەردەکەوێت کە لەگەڵ داپڕانێکی بەردەوامدایە لەگەڵ "ئێرە"یەکدا کە ئەوان بە "کوفر" و "شیرک" و دار الحرب"ی دەزانن :

> **" من وەك بەرپرسی کەتیبەکانی کوردستان و برایەکی بچوك و خزمەتکارێکی براکانم , بە ئەمانەتەوە پێتان ڕادەگەیەنم کە ئێمە کۆمەڵێکین بەرنامەمان قورئان و سونەتە بە پێی تێگەیشتنی زانا پایە بەرزە پێشینەکانمان ( سەلەفی سالح ) وەرمان گرتووە , مەبەستمان ڕەزامەندی خودایە , ئامانجمان گێرانەوەی حوکمی قورئانە , لەو پێناوەدا سەربازێکی**

**نەناسراوی ئیسلام ورێگاکەی پێغەمبەرین ( درودو سەلامی خودای لەسەر بێت ) , خزمەتکارێکی دینین , دڵسۆزی گەلەکەمانین , کە پەیامی پیرۆزی خودامان پێیە بۆی , جگە لەسەر بەرزی دینی خودا و فەرمانڕەوایەتی شەریعەتەکەی کە ئازادکردنیانە لە کۆیلاتەتی و بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی خودای بێ شەریك , هیچی ترمان ناوێ , بەڵێنیشتان دەدەینێ کە بەرنامەی خودا پاك ڕادەگرین و هیچ کات تێکەڵی بەرنامەیەی شیرك و کوفری دیموکراتی و عەلمانیەتی ناکەین , کە دانراوی دەستی خەڵکانێکن , دەیانەوێ کێبەرکێی لەگەڵ بەرنامەی خودا دا پێ بکەن وبە زەبری ئاگرو ئاسن وبە نۆکەرێتی بۆ بێگانە بەسەر خەڵکی موسڵمانی کوردستانیدا بسەپێنن , ئەوەش خەیاڵێکی بەتاڵەو مژدەتان دەدەینێ کە براو ڕۆڵەکانتان لە کەتیبەکانی کوردستان , ئێستا لە شاخەکانی کوردستانن , وەکو سەرجەم براو دۆست و ڕێکخستنەکانیانی تریان لەهەموو شارو شارۆچکەو لادێکاندا تێدەکۆشن , داهاتوش دەیسەلمێنێ کە چۆن بەیارمەتی خودا , جەرگی دوژمنانی خودا دەبڕن و عیزەت بۆ دین و شوینکەوتوانی دەگێڕنەوە , خۆیان دەکەن بە بۆمب و لە ناو جەرگەیاندا دەتەقنەوە , ناهێڵین کوردستانی ئازیز بکرێتە لانەی جولەکەو گاورو نۆکەرانیان , خودا پشتیوان بێت خەون وخەیاڵی گلاَویان لە گۆر دەنێین ..."** (تێبینی : لەبەرگی پێنجەمدا دەقی ئەم بەیانە بڵاوکراوەتەوەو ڕاڤەکراوە).

تەواو بەپێچەوانەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیەوە، تێرۆریست کەسێکە کە هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکی نیە. ئۆپۆزیسیۆن بەمانای (بەرامبەر) یان (ئەویتر). بەڵکو دوژمنی هەیە. دوژمنێک کە دەبێت لە ئێستا و ئێرەدا لەناوببرێت. ئەم دوژمنە بۆ ئەوەی چوارچێوەی بۆ دروستبکرێت کەسی تێرۆریست دێتو دەیخاتە نێو کردەی ئۆبژێکتیڤاسیۆنەوەو (ئۆبژێکتیڤاسیۆن: بەو کردەیە دەگوترێت کە شتەکان لە سنورەکانی خودگەرایی دەردەهێنبێت و دەیانخاتە نێو سنورەکانی بابەتگەراییەوە. دەکرێت بگوترێت بابەتاندن، بەبابەتیکردن، بابەتگەرایی.) دەرەنجام وەک گروپێک، چینێک، دەزگایەک، سیستەمێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دەیخاتە سەر شانۆو لەناوی دەبات. پارتی و یەکێتی و پارتی کۆمۆنیست (ئەویترەکانی) گرووپە تێرۆریستەکانی کوردوستان نین کە بکرێت دانسوتانیان لەگەڵدا بکرێت و پانتاییەک بۆ پێکەوەژیانیان لەگەڵدا دروستبکرێت، بەڵکو ئەو (دوژمەنە هەمیشەییانەن) کە دەبێت لە ئێستا و ئێرەدا لەناوببرێن و لەڕەگوریشەوە هەڵبکەنرێن. دیسانەوە نموونە بە چەند پەرەگرافێکی ئەمیری ئەلقاعیدە لە کوردوستان دەهێنمەوە. لەم پەرەگرافانەدا، ئەو دەیەوێت وێنەی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی جمهوریەتی عێراق و وێنەی بەڕێز کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردوستان وەک وێنەی دوو دوژمن بخاتە سەر شانۆ، دوو دوژمن کە تەنها دوو ئیختیاریان لەبەردەستدایە : یان ببن بە کامیکازی ئەلقاعیدەو خۆیان مینڕێزبکەن و بەپێی فەرمانەکانی ئەو خۆیان بتەقێننەوە، یان دەبێت بکوژرێن :

**" سەرەتا بەوە دەست پێدەکەین ئایا ئاشبەتاڵ پێکردنی شۆرشی گەورەی جەماوەری کورد لە ساڵی١٩٧٤ لە لایەن**

بارزانیەوە کاتێك شای ئێران هەڕەشەی لێ کرد و هەموو کوردی کردە قوربانی سەلامەتی خۆی و بنەماڵەکەی خیانەتێکی گەورە نەبوو لە کورد ؟!!! ئایا پەیوەندیە ژێربەژێرو نهێنیەکانی ئەوکاتەی بارزانی بە جولەکەوە خیانەت و بێڕێزیەك نەبوو بەرانبەر بە بیرو باوەڕی میلەتی کورد ؟؟ مەگەر ئەو پەیوەندیە گەرمەی ئێستای مەسعود لەگەڵ جولەکەو ئەو هەموو هاتوچۆ گەرمەیان بۆ سەری ڕەش درێژە پێدانی پەیوەندی ڕابردویان نیە ؟؟ ئایا مەسعود بارزانی کە دێ بەدێ شەڕی دیموکرات و کۆمەڵەی ئێرانی لە کوردستانی ئێران لە هەشتاکاندا دەکرد لە برسا بوو ؟ یان لەترسا ؟ یاخود بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بوو لە ئێران ؟ ئایا شەڕی خوێناوی مەسعود بەرزانی و پەکەکە لە نەوەدەکاندا سەلماندی نۆکەرایەتی و ناساندی خۆی بوو بە کوردی تورکیا ؟ یان هەڕەشەی داخستنی ئیبراهیم خەلیلی لێکرا بوو ؟؟ ئایا مەسعود دوای هێنانی تانکی برا گەورە بەعسیەکانی بە ئاڵای زەردەوە لە سیویەکی ئاب بۆ گرتنی هەولێر , پێویست بە بەڵگەی تر دەکات بۆ ناساندنی بە خەڵکی کوردستان ؟ یان میللەتی کوردیان پێ سادەیە و وا دەزانن هەموو شتێکی لە بیر دەچێ ؟یاخود خیانەتی پیاوی گەورە بە سیاسەت لە قەڵەم دەدرێ ؟؟

سەبارەت بە جەلال و چالاکیەکانی دژ بە کورد پێم وانیە ئاڵۆزیەکی وای تێدابێت , سەلماندنی هێندە سەخت و گران بێت , کێ هەیە لە سەرکردە دیارەکانی کورد توانیبێتی وەکو ئەو لە شەست و شەش لە یەك کاتدا ڕچەی جاشێتی بشکێنێ , نۆکەری خۆی بۆ حکومەتی ئێران و عێراق بسەلمێنێ , مەدالیای خۆفرۆشیش بکاتەمل ؟لەکاتێکدا هێشتا بێ مەبدەئی و خۆفرۆشی بە ئاشکرا نە ببوە جۆرێك لە سیاسەت و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە؟تۆ بڵێیت ئەوەندە باسی زیرەکی ئەو بەکرێگیراوە دەکرێ دەبێ دیموکراتی ئێرانی بە چەند فروشتبێ ؟کاتێك بە ڕۆژی نیوەڕۆ پاسدارانی ئێرانی نەهێنانە سەر لە کۆیە؟!وەك بڵێیت جەڵەبە مەڕێکی فرۆشتبێ ؟!خۆ جەلال ئیبراهیم خەلیلی نە بوو ، دەی بۆچی دەستی جەندرمەی تورکی هێنایە ڕانیەو قەلآدزێ و پێشیان کەوت بۆ لێدانی پەکەکە ؟ ئەمەش زیرەکی بوو ؟ یان وەعدی دەروازەیەکی هاوچەشنی ئیبراهیم خەلیلی پێدرابوو ؟ یا هەر پێی ناخۆش بوو لە خۆفۆشیدا لە مسعود دوا بکەوێت ؟یان ویستی خۆی بە کوردی تورکیا ئاوا بناسێنێ و ڕەزامەندی دەوڵەتی تورکیا بەدەس بهێنێ ؟ بێ گوێدانە ئەوەی ئەم داستانە لە مێژودا وێنەیەکی تری ڕەشی خیانەت لەگەڵ خۆیدا بەجێ دێڵێ ؟

ئەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماریەكی كارتۆنی لەم كەتەدا بەتەرازوی نەتەوە پەرستی خۆیان خیانەتێكی تر نیە ؟ كە پۆستێكی كارتۆنی بێ رێزەو وەكو بەرتیلێك ئەو وەری گرتوە و دەمی میلەتێكی پێ بەستراوە ؟

ئەی ڕازی بوونی ئەم دوو مورتەددە كوردە بە وەی كە كورەكانیان ( پاڤێل , مەسرور ) هەر یەكەیان دەزگایەكی سیخوری بۆ ئەمریكاو ئیسرائیل لە كوردستان دوربست بكەن ئابرو چونی خۆیان و حزبەكانیان ناگەیەنێ؟ یان بۆ سەپاندنی دەسەلاتی كورەكانیانە بەسەر خەڵكانێكی ماندوی ناوحزبەكانیان؟ یان بۆ كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و پاراستنی دەسەلاتی خۆیان پێویستە ؟ یان ئەمیش گۆرەپانێكی كێبركێی نۆكەریە ؟یان ئەمانە هەموویەتی پێكەوە؟

لە كۆتا پرسیارمدا دەڵێم ئایا جەلال و مەسعود بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو سەری بەندایەتی بۆ ئەو دانەوێنن باشتر نیە وەك لە بەندایەتی ئەمریكاو جولەكە ؟تا خۆیان ڕوو ڕەشی بارەگای خودا نەكەن ؟؟

خەڵكینە ئەمەیە سەركردە دیارەكانی كوردستان كە پێویستە بە حەقیقەتی خۆیانەوە بناسرێن ، ئەمانە دەیانەوێ دین و ڕەوشت و بیروباوەڕی ئەو میللەتە بگورن ( ئەو گەلەی كە میر شەرەف خانی بەدلیسی لە شەرەف نامەدا باس لە دینداریەتی و جوامێری و ڕەوشت بەرزی و سەربەخۆیی دەكات ) ئا ئەمانەن كە دەیانەوێ بە دەستورێك حوكمتان كەن كە زۆرینەی بڕگەكانی پێچەوانەی قورئانەكەی خودایە , كە ئەوەش كوفرێكی ئاشكرایەو هەڵگەڕانەوەیە لە دین ..."

ئەو گرووپە ئیسلامیانەی كە كار لەسەر بیناكردنی وێنەی یەكێتی و پارتی وەک دوژمن دەکەن، هەر کەسایەتیەکی ئیسلامی کە لەگەڵ ئەو دوژمنەدا دانوستانبکات و پانتایی پێکەوە ژیاندروستبکات، دەخەنە ژێر پرسیارو ڕەخنەو تەنانەت زەبروزەنگی ڕەمزیشەوە. لەم بارەیەوە هەمان ئەمیر دەڵێت :

داواكاریشمان لەو لایەنانەی كە ناوو دروشمیان ئیسلامیە , بەلاَم بە كردەوە لەگەڵ ڕەوتی عەلمانیەكاندان و بەشێكن لەوەی پێی دەوترێت حكومەتی هەرێم , دەڵێن پشتیوانی لێدەكەین , پاراستنی ئەو ئەزمونە دیموكراتیە ( كە كوفرێكی ئاشكرایە ) بە پێویست دەزانن , بوونەتە شەریكی تاوانەكانیان ,بونەتە پاشكۆیان و بەكاریان دەهێنن,ئەوانیش قسە لەدیمكراتی و باس لەدژایەتی ئیرهاب و تیرور دەكەن ئەو زاراوانەش بەناڕەوا بە موجاهیدان دەگوترێ, لەكاتی كوژرانی

**مورتـەدێکـی داوێـن پیـسیان بـەیـانی ئیدانـەو نـاڕەزاییـان پـێ دەردەکەن,کاتێك قارەمـانێکی ئیـسلام شـەهیـد دەبێـت نـاتوانن سـەرەخۆشیەك لە موسـڵمانان بکـەن, بـە بـێ شـەرم لـەگـەڵ ئەمریکیەکان دادەنیـشن وەك بڵێـت شـەڕی ئـەمریکـاو ئیـسلام پەیوەندی بەوانەوەنەبێت , یاخود فەرزیەتی جیهاد ئەوانی لـێ بەدەر بێت !!**

**دەڵێین خۆتان لە ڕیزی داگیرکەران و نۆکەرانیان جیاکـەنـەوە , بڕۆن جارێکی تر چاوێك بە ئایەتەکانی قورئـان دەربـارەی کـوفرو ئیمـان , وەلاء و بـەرائـدا بگێڕنـەوە , ئـەو ئایـەتـە وەبیـر خۆتـان بهێننەوە کە دەفەرمێت (وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِنْ أَوْلِيَاء ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ ) هـود: ١١٣ کە توێژەرەوانی قورئان دەفەرمـون : ( رکـون الميـل اليـسير)ة یـەعنـی لادانێکـی کـەم بـە لایانـدا .. سـوفیانی سـەوریـش دەفەموێت : ( من ناولهم قرطاساً فقـد دخـل فـي ذلـك) عطـاء دەفەرموێـت ( فـلا يحـل لأحـد أن يعـين ظالمـا ولا يكتـب لـه ولا يصحبه، وأنه إن فعل شيئا من ذلك فقـد صـار معينـا للظـالمين) ئومێدەوارین , هـەمـوو لایـەکمـان ملکـەچـی فـەرمـانی خـودا و گوێڕایـەلـی ئایـەتـەکـانی قورئـانی پیـرۆز بـین کاتێـك بیرمـان دەخرێتەوە,لەوانە نەبین کە خودا پێیان دەفەرمێت (وإذا قيل لـه إتقي الله أخذته العزة بالإثم...) .**

وەک پرانسیپی شوناس و ئۆپۆزیسیۆن، پرانسیپی گشتگیریش، بەمانای بوونی سەرچاوەیەکی هاوبەش بۆ پرۆژە ئیدیالیەکان، لە ڕەوتی کردەی ململانێ لە پێناوی مردندا لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. ئەگەر لە پانتایی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیداو لەڕێگای پرانسیپی گشتگیریەوە (تۆتالیتیێ) وێنەی کۆمەڵگەیەک هەبێت کە لە پێناویدا دەبێت ململانێ بکرێت، ئەوا لە پانتایی تێرۆریسمدا ئێمە هیچ شتێک دەربارەی ئەو وێنەیە نازانین، نەک لەبەرئەوەی کە وێنەکە زۆر ئاڵۆزەو ناتوانین لێی تێبگەین، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر لەبناغەوە بوونێکی واقیعی نیە. ئەگەر لە پانتایی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیداو لەڕێگای پرانسیپی گشتگیریەوەو بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا چوارچێوە تێوری و پراکتیکیەکانی (وەسیلە) و (غایە) لەیەکتری جیاکرابێتەوەو یەکەمیان هیچ نەبێت تەنها خزمەتکارێکی دووەم نەبێت، ئەوا لە پانتایی تێرۆریسمدا یەکەم و دووەم بەشێوەیەک تێکەڵ بەیەکتردەبەن کە لەیەکجیاکردنەوەیان زۆر ئەستەمبێت.

لێرەوە دەکرێت بڵێین لای زۆر ئەکتەری تێرۆریست، بەتایبەتی ئەو حاڵەتانەی کە من خۆم بۆ خۆم فەحسمکردوون، خودی (وەسیلە)ی بەکارهێنراو دەبێت بە مانای سەنتراڵ و ئیتر بەدوای هیچ مانایەکی دیکەدا ناگەڕێت. ئەوەی لەهەموو شتێک زیاتر بۆ ئەم ئەکتەرە گرنگە گورزوەشاندن و پاشان داڕمانی سیستەمی بەڕێوەبردنی ئێستایە نەک دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ. کاتێک لە بیارەوە گروپێک دادەبەزێت و لە خێڵی حەمەدا چەند پێشمەرگەیەک سەردەبڕێت، لە ڕێگای ئەم کردەیەوە بەقەدەر ئەوەندەی بیر لە گورزوەشاندن و داڕمانی

سیستەمی بەڕێوەبردن و حوکمکردنی یەکێتی دەکاتەوە، نیو ئەوەندە بیر لە بەدیلەکەی و چۆنیەتی وێنەی کۆمەڵگەی پاش یەکێتی ناکاتەوە. ئەوەی بۆ ئەو لە هەموو شتگێک گرنگترە، سەرپرینە لە ئێستا و ئێرەدا، نەک پرسیارکردن لە ئامانج و کۆمەڵگەی نموونەیی پۆست شکستی سیستەم.

لێرەوە وێنەی ئەکتەری تێرۆریست، کوردی (ئەنسار)، جەزائیر (گروپی جیهادو قیتال)، فەلەستین (حەماس و جیهاد)، میسر (گروپی جیهاد)، سریلانکا (پڵنگەکانی تامیل)، ئیتالیا (کەتیبەی سوور)، فەرەنسا (کردەی ڕاستەوخۆ)، ئیرلەندا (IRA)،هتد، زیاتر وەک مرۆڤی داخراوی فاناتیک دەردەکەون و تەنها زمانێک کە قسەی پێدەکەن لولەی تفەنگ و تەقینەوەی بۆمب و سەرپرینی بارمتەو ئۆتۆمۆبیلی مینرێژکراوە نەک دیالۆگ و ڕێکەوتن و کۆمۆنیکاسیۆن. هابێرماس پێوایە تێرۆریسم هیچ نیە جگە لە یەکێک لە نەخۆشیەکانی کۆمۆنیکاسیۆن نەبێت[lxxv].

لە هەندێک حاڵەتدا تەنها لەیەک کاتدا گرووپە تێرۆریستەکان لە تێرۆرکردن دەوەستن، ئەو کاتەش بریتیە لە کۆتایی پێهێنانیان لەسەر ئاستی فیزیک. واتە ئەوان ئامادەن تا دوا کەسیان بەزیندوویی مابێت درێژە بە ئۆپێراسیۆنەکانیان بدەن. ئەمە هەمان وێنەی ئەو ڕژێمە تۆتالیتاریسمانەیە کە تەنها لە ڕێگای زەبروزەنگێکی گەورەوە نەبێت کۆتاییان پێنایەت، باشترین نموونەش تۆتالیتاریسمی هیتلەر لەسەدەی بیستەمدا[lxxvi]و سەدام حوسەین لەسەدەی بیستو یەکەمدایە[lxxvii].

پێموایە ئێستا دەتوانین لە ڕێگای ئەم سێ کردە/پێچەوانە یان پێچەوانە/کردەوە تێرۆریسم لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیابکەینەوە:

- **دروستکردنی جەوهەرێکی خودگەراییانەی مێژوو.**
- **دروستکردنی دوژمنی بەبابەتیکراو.**
- **دروستکردنی داپران لەگەڵ ئێستاو ئێرەدا.**

دەرەنجام نوێنەرایەتیکردن دەبێت بە کێڵگەیەکی ئۆتۆنۆم و بەتەنها لەلایەن یاسا و گرەوو ستراتیژیەتە ناوەکیەکانەوە بیاندەکرێت و دەخرێتە سەر شانۆو نمایشدەکرێت. تەنانەت کردەی گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونیشی تەنها لەلایەن سیستەمە ناوەکیەکەیەوە کۆنترۆڵدەکرێت و خۆی ناداتە دەست لۆژیکە دەرەکیەکان. بەدیوێکیتردا دەتوانین بڵێین ئەکتەری تێرۆریست تەواو بێ منەتە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەری ڕوودەدەن و هەموو کارەساتەکانی دوونیا هەستی بریندارناکەن.

ئەمە وامان لێدەکات بڵێین بۆ بەرهەمهێانی مەعریفەیەکی زانستی، پێویستمان بەو مێژووە سیاسی و کۆمەڵایەتیە هەیە کە تێرۆریسم وەک کێڵگەیەکی ئۆتۆنم دروستدەکات. میشێل ڤیڤیۆرکا پێیوایە لە دۆخێکی ئاوادا دەکرێت تێرۆریسم وەک یەکێک لە دەرکەوتە هەرە ئێکستریمەکانی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی باسبکرێت، دەرکەوتەیەکی (سەرلەنوێ بیانکراوەی) تەواو (ناوازە) کە، لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی سێ پرانسیپەکەی ئالان تورێنەوە، بەردەوام هەوڵی ئەوەدەدات لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆی جیابکاتەوە[lxxviii].

گوزەر لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیەوە بۆ تیرۆریسم زۆرجار بە پانتاپی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت. ئەم تێپەڕبوونەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەڵگری دوو کارەکتەرە: خێرا/ئاڵۆز. خێرا؛ چوونکە مانەوەی لە نێو ئەو پانتاییەدا تەمەندرێژ نیە. ئالۆزیش؛ چوونکە گوزەر (لە...بەرەو...) بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و مێکانیکی ئەنجام نادرێت، بەڵکو بە پرۆسەیەکی تەواو ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت.

بێگوومان هیچ ئەکتەرێک بە تیرۆریست لە دایک نابێت، بەڵکو لە ڕێگای پرۆسەیەکەوە دەبێت بە تیرۆریست. من ئەو پرۆسەیە ناودەنێم (بوون بە...). لە پێش هەر (بوونە بە...)یەکەوە (بوونێک) هەیەو گۆڕانکاری بەسەردادێت. ئەم گۆڕانکاریەش لە (بوونێک)ەوە بە (بوون بە...)یەکی دیکەوە مێژوویەکی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم مێژووە کۆمەڵایەتیەش لە دەیان لێکدژی و بەریەککەوتن و سۆسیالیزاسیۆنی پلوریال-جەمع پێکهاتووە. لێرەوە ئێمە باس لە سروشتی ئاڵۆزی (کۆمپلێکس) ئەو گوزەرە دەکەین.

چۆنیەتی (بوون بە تیرۆریستی) ئەنساری ئیسلام مەیدانێکی دەوڵەمەندە بۆ توێژینەوەی کوردی. ئەو ئەکتەرانەی کە ئێستا کارایانە ئەنسار دەبەن بەڕێوە، هەمان ئەو ئەکتەرانەبوون کە پێش ساڵی ٢٠٠٠ ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون. ڕاستە بزووتنەوەی ئیسلامی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی نەبوو. بەڵام دەتوانین بیخەینە نێو چوارچێوەی دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیەوە. گوزەر لەم پانتاییەوە بەرەو پانتایی ئەنسار وەک گروپێکی فول تیرۆریست میسداقیەتی ئەم تێزە دەردەخات.

ئەنسار ئەو گروپەیە کە لەسەر بیناکردنی (داپران) لە نێوان (دەرەوە) و (ناوەوە)دا کاردەکات. دەرەوە هەموو دونیای کوردیە، کوردوستانە بەهەموو شتەکانیەوە، بە پارتی و یەکێتیەوە، بە زانکۆکانیەوە، بە بازاڕەکانیەوە، بە دەزگاکانی حکومەتەوە، بە گرووپە کۆمەڵایەتی و کەرتە ئابوریەکانیەوە، بە ڕۆژنامەنووس و توێژەرو هونەرمەندەکانیەوە. ناوەوەش هەموو ئەو شتانەیە کە لە چوارچێوەی ئەنساری ئیسلامدا جێگایان بووەتەوە. ئەم داپرانە بێگومان هەڵگری سروشتێکی پاسیڤانە نیە، بەڵکو لەسەر زەبروزەنگی ئێکستریم دادەمەزرێت. زەبروزەنگ بەرامبەر بە (دەرەوە)ی ئەنسار. ئەم زەبروزەنگە لەبەر ئەوەنیە کە پارتی یان یەکێتی یان ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر (ناوەوە)ی ئەنسار، چوونکە گەر وابێت ئیتر زەبروزەنگ دەبێت بە بەرگری لە خۆکردن. بەپێچەوانەوە، زەبروزەنگی ئەنسار هەڵگری سروشتێکی بابەتیانەیەو کاردانەوەی هێرشکردنی (دەرەوە) بۆ سەر (ناوەوە) نیە. زەبروزەنگی ئەنسار هەڵگری سروشتێکی هێرشبەرانەیەو لەپێناوی دامەزراندنی (داپران)دایە لەگەڵ هەموو (دەرەوە)کانیدا. واتە، یەکێتی و پارتی و ئەمەریکا هێرشبکەن یان نا، ئەوان لە بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی ئێکستریم ناکەون.ئەمە ئەو پرانسیپەیە کە کەتیبەکانی ئەلقاعیدە لە کوردوستان پێی لەسەر دادەگرن :

> **" لێرەشەوە بە هەموو لایەك ئەوە ڕادەگەیەنین بەتایبەت بەژن ومناڵ وباوك ودایکی شەهیدان وگیراوەکان,بە موجاهیدانی ڕێگای خودا, هەڵگرانی مەشخەڵی ئیسلام, کە بەردەوام دەبین لە جیهاد و تێکۆشان و چەکی پیرۆزی ئیسلام**

**دانانێن و ئالآی بەرزی لا اله الا اللّه بەرز ڕادەگرین, تا شەهید بون و بەدەس هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار, یان سەرکەوتنی ئیسلام و گێڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی خودا, ڕزگارکردنی خاکی پیرۆزی ئیسلام, ڕینی دەستی بێگانەو نۆکەرانی لە جیهانی ئیسلام ,ئەوانەش چاك دەزانن کوَتاییان بە دەستی موجاهیدانەو سەرکەوتنی خوداش نزیکەو وا خەریکە هاوپەیمانە ئەمەریکی و بەریتانیەکانیان بەرنامەی ڕاکردن و پاشەکشێ دادەنێن,ڕۆژانەش چاوەڕوانی گورزی پۆلآینی موجاهیدانن لەناو جەرگەیاندا وەکو ئەنجامدانی ئەو کارە پیرۆزانە کە لە ڕابردویەکی نزیکدا بەچاوی خۆیان بینیان لەکوشتنی بە ڕپرسی ئاسایشی هە ڵەبجە, تەقینەوەکەی بەردەمی وەزارەتی پێشمەرگە, لێدانی مەلا بەختیارو کوژرانی هەندێ لە پاسەوانەکانی هەرچەندە ئەو جارە ئەو دوژمنەی خودا بەبەر نەکەوت ورزگاری بوو بەلاَم وەك کوردەواری دەڵێ زیندە بەئەجەلەو ئێمەش نەفەسمان درێژەو پەلەمان نیە ئەمڕۆ نا بەیانی!"** (ە.س.پ)

زمانی ئەکتەری تێرۆریست زمانی ئاگرو ئاسن و بۆمبەکانە و هەموو ئەو شتانەی کە ئەکتەرێکی تێرۆریست بە ئێمەی دەڵێت لەو زمانەوە دەدرکێنرێت. ئەوان هەمیشە مەسیجەکانیان بە خوێنی ڕژاو سەری پڕاوو لاشەی سوتێنراودا دەنێرن. ئەوان لە نێو جوگرافیای مانای کردە تێرۆریستیەکانیاندا قەتیسدەمێنن و ناتوانن هەنگاوێک لێی دوربکەونەوە. ڕەنگە دوای هەر ئۆپێراسیۆنێک ئەکتەرەکان بێنەدەنگ و بەیان دەربکەن و بیکەن بە خوتبەدان ، بەڵام هەموو ئەم هاوارکردنە هیچمان پێ ناڵێن جگە لە دوبارەکردنەوەی ڕستەیەکی مردوی ئایدۆلۆژایەکی مردن نەبێت. ئەمە یەکێکە لە کاراکتەرە هەرە سەرەکیەکانی تێرۆریسمی سوور (ئیتالیا، ئەڵمانیا، یابان)و تێرۆریسمی ئیسلامی (عێراق، جەزائیر، کوردوستان، میسر، سعودیە).

کاراکتەرێکی دیکەی ئەم بزووتنەوانە ئەوەیە کە هەرگیز پێماننالێن کەی کۆتایی بە ئۆپێراسیۆنەکانیان دێنن و کەی واز لە گەردوونی تێرۆریسم دەهێنن. ئەوان دەیانوەێت هەستێکی هەمیشەیی لای دوژمنەکانیان دروستبکەن. هەست بە وەی کە لەهەموو چرکەیەکدا دەکرێت لێرەبن و گورزی خۆیان بوەشێنن. بێگومان ڕاستە چۆن هەر تێرۆریسمێک سەرەتایەکی هەیە، ئاواش کۆتاییەکی هەیە، لێرەدا ڕامان لە دەرکەوتنی زێلۆتیەکان ٥٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا و گرووپی بکوژەکانی حەسەنی سەباح ٩٥٠ ساڵ لەمەوبەر یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی زیاتر میسداقیەتی ئەم تێزە ببینین، گرفتەکە لێرەدا نیە، بەڵکو لەوەدایە کە تێرۆریستەکان نایانەوێت بەهیچ جۆرێک هەستی (کۆتایی) لەی دوژمنەکانیاندا دروستببێت.

بەڵام ئەی کاتێک ئەزموونێکی تێرۆریستی لەگەرمەی چالاکی و جوڵانەوەو ئەکتیڤیتێداو بەهۆی لێدانیەوە لەلایەن دەرەوەوە ڕادەوەستێت و پەکی دەکەوێت، چی ڕودەدات و ڕوداوەکان بەرەوکوێ دەڕۆن ؟

یەکەم دەرەنجامی پەککەوتنی ئەزموونێکی تێرۆریستی بریتیە لە جیابوونەوەو دەستلەیەکبەردانی تیۆری و پراکتیک. کە ئەمەش ڕوودەدات ئیتر پەنابردن بۆ چەک و بەکارهێنانی زەبروزەنگی فیزیکی ڕادەوەستێت و زمانی بۆمب و ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراو چەقۆ کلوولەکان لاڵدەبێت. ئەوەی دواتر دەمێنێتەوە تەنها ئەو چوارچێوە تیۆریانەیە کە دەرگاو پەنجەرەکانیان زیاتر دادەخەن بەسەر خۆیانداو کاریاندەبێت بە بیناکردنی گووتارێکی بێگیانی مردوی (سێکت)گەرا. لێرەدا ئیتر تێرۆریسمی گروپێک هەناسەی لێدەبڕێت و کۆتایی دێت .

وەک میشێل ڤیڤیۆرکا، منیش پێموایە، بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی زانستیانە لەسەر تێرۆریسم، هەر جیاکاریەک لە نێوان سیستەمی گووتارو سیستەمی پراکتیکدا هەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژیەو ئەو جۆرە لە جیاکاریە گرفتی گەورەمان لەو ڕێگایەدا بۆ دروستدەکات. لەکاتێکدا پراکتیکی گروپێکی تێرۆریست لە ژێر زەبری پۆلیسی دەرەوەدا لەناودەچێت و ئەکتەرێکی تێرۆریستی ئەو گرووپە شانسی ئەوەی دەبێت کە بەرناکەوێت و ڕزگاری دەبێت و بڕیاری ئەوە دەدات کە لەنێو چوارچێوە ئایدۆلۆژیە کۆنە گرووپەکەیدا بمێنێتەوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، چارەنووسی پەیوەستدەبێت بە چارەنووسی ئەو کەسانەی کە بەبێ دەنگی لە کوچەو کۆڵانەکانی (سێکت)ێکدا دەمرن.

تا ئێرە ئێمە هەوڵماندا هەر سێ گەردوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و دژە-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تێرۆریسم دەستنیشانبکەین و سنوورەکانیان لەیەکتری جیابکەینەوەو پاشان جۆرێک لە مەعریفەی بابەتیانە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی هەریەکێک لەو گەردونانە بەرهەمبهێنین.

# بەشی دووەم
# گەڕان بەدوای زۆنەکانی تیرۆریسمدا

داپرانی مرۆڤە چەکدارەکان لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی کە ئەوان لە پێنایدا دەبوو خەبات بکەن، ئەو ناوچەی مانایەیە کە تیرۆریسم تیایدا قوڵپەقوڵپ دەکات. واتە تیرۆریسم لە دەرەوەی مانادا نیە، بەڵکو منالّی شەرعی ئەو ناوچە پڕلە مانایەیە کە چەکدارەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکەیان لەیەکتری جیادەکاتەوە. بۆ تێگەشتن لە تیرۆریسم، ئێمە دەبێت بەردەوام بگەڕێینەوە سەر ئەو ناوچەیە لە مانا.

بەڵام ئایا هەموو شتەکان لێرەدا کۆتاییان پێدێت ؟

بێگوومان نەخێر. چوونکە پرۆسەی گەشەکردنی تیرۆریسم وەک فێنۆمێن جەستەی مێژوویەکی درێژبووەوەیە بۆ نێو چەندین هەلومەجی ئاڵۆزی پلوریال-جەمع کە دەکرێت لە چەندین **ئاستی** بەرزتردا ببینرێن و بەر هەستمان بکەون.

بەشێکی زۆری ئەو بزووتنەوە تیرۆریستیانەی کە لە عێراقی پۆست سەدام حوسەیندا وەک ئەکتەری پلەیەکی سەر شانۆ دەبینرێن، سەرەتا لە چەند مەرجەعیەتێکی کۆمینۆتێرەو (کۆمینۆتێر سیفەتە بۆ ناوی کۆمینۆتێ) دەستبانپێکردووە، مەرجەعیەتی تائیفەی سوونە و شیعە وەک مەرجەعیەتی کۆمینۆتێر. واتە لەسەرەتاوە ویستوویانە گوزارشتێکی دروستبن لە خواست و ئارەزووەکانی یەکێک لەو کۆمینۆتێیە، هەروەها ئەنساری ئیسلامیش لەسەرەتاوە ویستوویەتی گووزارشتبێت لە خواست و ئارەزووی موسوڵمانانی کوردوستان.

لەم سەرەتایانەوە ئیتر ئەو بزووتنەوانە پریاری بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ دژ بە دەوڵەتی تازەبیناکراوەی دووەم جمهوریەتی عێراقی پۆست سەدام حوسەین دەدەن. ئەم زەبروزەنگەی کە پریارە لە پێناوی جەماوەری عێراقیدا بێت (شیعە، سوونە، موسوڵمانانی کوردوستان)، وردە وردەو لە نێو پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا نوقمی دەریای تیرۆریسم دەبێت. تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلە مینرێژکراوەکان لە نێو کرێکارانی بەغداو سەرپڕینی رۆژنامەنووسان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و کوشتنی هاوڵاتیان بە درێل و سوتاندنی لاشەی مەدەنیە بەبارمتەگیراوەکان، ئەو چرکانەن کە تیرۆریسمی ئەم گرووپانەی بەڕوونی تیادا دەردەکەوێت.

بەدیوێکی دیکەدا، ئەو بزووتنەوە تیرۆریستانە، لە ئێستادا، ئیتر بەتەنها ئەکتەرە پەراوێزکراوە لۆکالیەکان نین، واتە سوپای ئیسلامی و سوپای تائیفەی مەنسورەو کەتیبەکانی شۆرشی بیست و سوپای مەهدی و ئەوانی دیکەش لە نێو زۆنە جوگرافیەکانیاندا گەمارۆنەدراون. بەپێچەوانەوە، ئەوان بە گۆشت و ئێسقانەوە تێکەڵبە یاریە ئەنتەرناسیۆنالەکان بوون و بەشێکی زۆریان خواستی سەربەخۆی خۆیان لەدەست داوەو لە نێو پرۆگرامێکدا دەسورێنەوە کە لەدەرەوەی عێراقدا

ئامادەدەکرێت و هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندیەکانی ئەو جەماوەرەوە نیە کە لەسەرەتای سەرەتاکانەوە ئەمان لەپێناویدا دروستبوون.

لە ئێستادا ئەوەندەی دیمەشق و تاران و ریازو عەمان و مۆسکۆو تەنانەت پیکین جۆرو کات و شوێنی چالاکی ئەو گرووپانە ڕێکدەخەن، نیو ئەوەندە خۆیان ئەو کارە ئەنجام نادەن. نەک لەبەر ئەوەی نایانەوێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی تێکەڵبوون بە یاریە ئەنتەرناسیۆنالەکان و ئۆتۆنۆمی خۆیان لەدەستداوەو زۆرجار ناچاریش دەکرێن دژ بە پرۆژە سەرەتاییەکانی خۆیان کاربکەن.

ئێمە لەسەرەتاوە گووتمان تێرۆریسم لەو ناوچەیەدا کاردەکات کە چەکدارەکان و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە یەکتری جیادەکاتەوە. ئەم ناوچەیەشمان ناونا ناوچەی مانا. لەهەمانکاتدا گوتمان ئێمە ناتوانین ئەو فینۆمێنە بەتەنها لەنێو ئەو ناوچەیەدا کورتبکەینەوە، چوونکە لە دەرەی ئەو ناوچەیەشدا چەند زۆنێکی دیکەهەن کە تیایاندا تێرۆریسم گەشەدەکات. بۆ تیپاندنی ئەو زۆنانە ئێمە هەوڵدەدەین کەڵک لە دابەشکردنەکەی ڤیڤیۆرکا[lxxix] وەربگرین و بیخەینە خزمەت کردە تەحلیلیەکەمانەوە. لێرەوە ئەو تیپاندنە (تیپیفیکاسیۆن) بەسەر سێ زۆندا دابەشدەکەین.

- **زۆنی سیاسەت**
- **زۆنی دەوڵەت**
- **زۆنی ئەنتەرناسیۆنال**

میشێل ڤیڤیۆرکا پێیوایە هەریەکێک لەم زۆنانە (ئەو وشەی ئاست بەکاردەهێنێت) دەبێت بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوەو هەرچەند تێرۆریستان دەیانەوێت لە زۆر کاتدا تێکەڵیان بکەن بەڵام لەڕاستیدا ئەو زۆنانە سەربەخۆیی خۆیانیان پاراستوەو خاوەنی پانتایە تایبەتەکانی خۆیانن. بێگوومان ئێمە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئیمتیحانی ئەم تێزەی ڤیڤیۆرکا دەکەین و لەگەڵ ئەو دەرهاویشتانەی کە لەبەردەستماندایە بەراوردی دەکەین تا سنورەکانی ئۆتۆنۆمی ئەو زۆنانەو واقیعیەتیان دیاری بکەین.

## *زۆنی یەکەم : ڕژێمی سیاسی*

ڕژێمێکی سیاسی لە دوو حاڵەتدا دەکرێت ببێت بە مەیدانێکی گرنگ بۆ گەشەپێدانی کاتیگۆرییەکی (نەوعیەتێکی) تایبەت لە زەبروزەنگێک کە هەموو شانسێکی ئەوەی هەیە دواتر ببێت بە تێرۆریسمی ڕووت.

حاڵەتی یەکەم :

کاتێک ئەم ڕژێمە پردەبێت لە قەیران و داخستن و چۆک دادان لەبەرامەبەر یەکێک لە فۆرمەکانی تۆتالیتاریسمدا. لێرەدا دەکرێت ڕژێمی سیاسی بەعس لە سوریا و عێراق و ڕژێمی ناسر لە میسر بەنموونە بهێنینەوە. من بەردەوام دووبارەی دەکمەوەو دەڵێم ئەو تێرۆریسمەی کە ئێستا لە عێراقدا وەک شەریکەیەکی گەورە کاردەکات، لەگەڵ داگیرکردنی عێراق و چرکەی ڕوخانی سەدام حوسەیندا نەهاتووە، بەڵکو بوونیە بەهێزە هەنووکەییەکەی لەنێو مێژوویەکی درێژی

کۆمەڵایەتیدا دروستبووەو چرکەی داگیکردنی عێراقیش هیچ نیە تەنها پانتاییەک نەبێت بۆ ئەوەی تیایدا ئەو بوونیەیە خۆی مانیفێستبکات.

حاڵەتی دووەم:

کاتێک کە ئەم ڕژێمە خۆی فڕێدەداتە نێو پلورالیسمێکی پێنەگەشتووی فەوزەویەوە. لێرەدا دەکرێت نموونە بە پاکستان و کوردوستان و ئێران بهێنینەوە. ئێمە هەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژی دەکەین گەرپێمانوابێت گرووپی ئەنسار لە ئەفغانستان و سعودیە دروستبووەو هیچ پەیوەندیەکی بەو هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلیتیکەوە نیە کە لە کوردوستاندایە. بەپێچەوانەوە، من پێمواپە مێژووی ئەنساری ئیسلام تەواو لکاوە بە مێژووی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە لە ١٩٩٢ وە تا ٢٠٠٧، واتە تا چرکەی نووسینی ئەم کتێبە، لە کوردوستاندا کاریکردووە.

چۆن دەکرێت لە ئەنسار تێبگەین بەبێ تێگەشتنێکی سۆسیۆلۆژیانە لە :

- ڕاپەڕین.
- لە گەڕانەوەی بزووتنەوە کوردیەکان بەگشتی و ئیسلامیەکان بەتایبەتی بۆ کوردوستان.
- لە هەڵبژاردن و بەشداریکردنی ئیسلامیەکان و بەدەستنەهێنانی یەک کورسی لە پەرلەمان.
- لە جەنگی ناوخۆ.
- لە چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی حیزبی.
- لە چۆنیەتی بیناکردنی کێڵگەی سیاسی لەکوردوستان.
- لە چۆنیەتی پەیوەندی ئەکتەرەکانی نێو ئەو کێڵگە بە ئەویترو دوژمنەکانی کوردەوە.
- لە گوزەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئیسلامیسمەوە بەرەو ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسم.

ڕاستە کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی دەستیان هەیە لە دروستکردنی ئەنساردا، بەڵام ئەو فاکتەرانە هەرگیز تواناى ئەوەیان نیە پەردەپۆشی ئەو پەیوەندیە بەرچاوە بکەن کە ئەنسار بە ڕژێمی سیاسی کوردوستانەوە گرێ دەداتەوە.

ئێمە دەتوانین سیستەمی سیاسی لە دوو چاپدا بخوێنینەوە :

لە چاپی یەکەمدا ئەم سیستەمە دەکرێت وەک دەرەنجامی نوێنەرایەتیکردنی سیاسیانەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بێت. واتە چەند ڕێکخراوێکی سیاسی لە قوڵایی هێزە کۆمەلایەتیەکانەوە دێنەدەرەو هەوڵدەدەن نوێنەرایەتی ئەو هێزانە بکەن و بەرژەوەندی و خواستەکانیان بەدیبهێنن. بۆنموونە، لە فەرەنسادا پارتی کۆمۆنیست و پارتی سۆسیالیست و کۆمەڵەی کۆمۆنیستە شۆرشگێرەکان و هەموو ئەو بزووتنەوانەی کە خۆیان بە چەپی چەپ پێناسەدەکەن، وەک نوێنەری

چینی کرێکاران و بێنەوایان و ڕەنجبەران و دورخراوەکان و هەژاران و دەستکورتەکان خۆیان دەخەنە سەر شانۆ. لەهەمان کاتدا، ڕێکخراوی یەکێتی بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری (نیکۆلا سەرکۆزی) و هەموو ئەو بزووتنەوانەی تر کە لە بازنەی ڕاست و ڕاستی ڕاستدان، خۆیان وەک نوێنەری چینی سەرمایەداران و دەوڵەمەندان و ئەکتەرە هەیمەنەدارەکان دەخەنە سەر شانۆ. بەقەدەر ئەوەندەی چەپەکان باس لە خزمەتگوزارە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن ئەوان باس لە بازاڕی ئازادو لیبرالیسمدەکەن.

ئایا دەکرێت ئێمە لە کوردوستان و عێراقدا باس لەم سیستەمە سیاسیە بکەین ؟

ئایا دەکرێت بڵێین یەکێتی نوێنەرایەتی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران و هەژاران و دورخراوەکان و داڕزاوەکان و جەماوەری ڕەشوڕووت دەکات و پارتیش نوێنەرایەتی دەوڵەمەندان و هەیمەنەدارەکان و خواپێداوەکان و چەوسێنەرەکانی کوردوستان دەکات ؟

ئایا دەتوانین بڵێین یەکێتی هەموو تواناکانی دەخاتەکار بۆ ئەوەی خزمەتگوزارە کۆمەڵایەتیەکان دابمەزرێنێت و کار بۆ بێکارەکان بدۆزێتەوەو خانوو بۆ بێ خانووەکان دروستبکات و ژن بۆ بێ ژنەکان بهێنێت و شارو گوندو گەڕەکە پەراوێزخراوەکان ئاوەدانبکاتەوەو لەهەمان کاتیشدا پارتی وەک (ئەویترەکەی یەکێتی) هەموو تواناکانی دەخاتەکار بۆ ئەوەی ئەم پرۆژانەی یەکێتی پەکبخات و لەبەرامبەریدا بنەماکانی بازاڕی ئازاد دروسبکات بۆ ئەوەی دەوڵەمەندو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیە موهیمینەکان تەراتێنی تیادابکەن ؟

من پێموایە ئەم دابەشکردنە لە ئێستای کوردوستاندا هیچ مانایەکی نیە، چوونکە ئەو ڕێکخراوە سیاسیانە لە قوڵایی یەک هێزی کۆمەڵایەتیەوە نەهاتوونەتە دەرەوەو بەتەنها نوێنەرایەتی هێزێکی کۆمەڵایتی ناکەن. بەپێچەوانەوە، هەردوو لا دەیانەوێت لەیەککاتدا:

- سۆسیالیست و لیبرالیش بن.
- لایەنگری خزمەتگوزاریە کۆمەڵایتیەکان و بازاڕی ئازادیشبن.
- سەرپەرشتیاری قوربانی و جەلادەکەشی بن.
- نووێنەری لادێی داڕزاو شارە ئاوەدانەکەیشی بن.
- پەناگەی هەژارو دەوڵەمەندیش بن.

لە سەفەرێکی کاری زانستیمدا بۆ لەندەن و لە چوارچێوەی ئامادەکردنی چەند کارێک بۆ نامەی دوکتۆراکەم، چەند چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ نووێنەری بەشێکی زۆری ڕێکخراوە سیاسیە عێراقی و کوردەکاندا ئەنجامدا. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو چاوپێکەوتنانە بریتیبوو لە دۆزینەوەی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەم ڕێکخراوانە ئینتیمایان بۆی هەیە. بێگوومان دوو چاوپێکەوتنی درێژم لەگەڵ هەردوو نوێنەری یەکێتی و پارتی لە لەندەن ئەنجامدا. مامۆستا شێرکۆ (پارتی) لە ١٥

ئوتی ٢٠٠٦ داو خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد (یەکێتی) لە ١٧ ئوتی ٢٠٠٦ دا. لەوەڵامی پرسیاری:

ئێوە نوێنەرایتی چ هێزێکی کۆمەڵایەتی دەکەن لە کوردوستاندا ؟

هەردوو لا چەندین ئەرگیومۆنتیان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی ئەم تێزە بسەلمێنین. واتە ئەوان نوێنەرایەتی هەموو چین و گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی کوردوستان دەکەن. دەیانگووت کە لەنێو ماڵی پارتی و یەکێتیدا هەموو لێکدژیەکانی کۆمەڵگەی کوردی جێگای دەبێتەوەو ئیماندار و مولحیدێک، چەپ و ڕاستێک، پێشکەتووخوازو ترادیسیۆنالیستێک، ئاغاو کۆیلەیەک،هەمووی پێکەوە.

بێگوومان ئەم دوو بەڕێزەی کە نوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی دەکەن، دروست لەو واقیعە تێگەشتوون کە ئێستا سیستەمی سیاسی کوردوستان بەڕێوەدەبات و وەک دوو ئەکتەری گۆشکرای سۆسیالیزەکراو لە نێو ئەو ناوەندەدا بە شێوەیەکی ڕوون گوزارشت لەو پانتاییە کۆمەڵایەتیە دەکەن کە پارتی و یەکێتی تیایدا چالاکیەکانیان بەرهەم دەهێنن. نوێنەرانی ئەم دوو ڕێکخراوە دەیانویست پارتی و یەکێتی وەک مانیفێستاسیۆنی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنال بخەنە بەردەستی من. بزووتنەوەیەکی ناسیۆنال کە ویژدانی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە خۆیان وەک کورد پێناسەدەکەن و لەسەر کوردایەتی گۆشکراون، با سەر بەهەر هێزێکی کۆمەڵایەتی بن.

بێگوومان ئەم تێزە پرسیار دەخاتە سەر جوستیفیکاسیۆنی (تەبریر) بوونی یەکێتی و پارتی وەک دوو ڕێکخراوی سیاسی. کە ئەم دووانە (یەک) گوزارشتین لە بەرژەوەندیە ناسیۆنالەکانی (یەک) ماڵ، کەواتە لە کوێدا ئێمە دەتوانین جوستیفیکاسیۆنی (دوو) بدۆزینەوە ؟ ئەمە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە دەکرێت پرۆژەی لیسانس یان ماستەری خوێندکارێکی زانکۆ بێت.

لە چاپی دووەمدا سیستەمی سیاسی دەکرێت وەک پانتاییەکی ئۆتۆنۆم خۆی بینابکات. لەناوەوەی ئەم پانتاییەدا ئەکتەرەکان ستراتیژیەت و گرەوو بەرژەوەندیەکان دیاریدەکەن و سنوور بۆ چۆنیەتی و چەندایەتی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ئەوانیدیکەدا دەکێشن. لە ناوەوەی ئەم پانتاییەدا ئەکتەرەکان هەمیشە حاسیبەکانیان بەدەستەوەیە بۆ ژماردنی قازانج و زیانەکانی هەر هەنگاوێک، هەمیشە سیستەمی ئامادەباشیان لەسەرپێیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ئەزموونانەی لە دەرەوە دێن و هەڕەشە لە هەیمەنەیان دەکەن. لە نێو ئەم پانتاییەدا جەماوەر لەسەر هەموو ئاستەکان دەتوانێت بەشداری یاریەکان بکات، چوونکە ئیتر ڕێکخراوەکان نوێنەرایەتی هیچ هێزێکی کۆمەلایەتی ناکەن. ئەوان ئیتر ویژدانی چینە کۆمەڵایەتیەکان نین، بەڵکو بەدوای بەدەستهێنانی دەسەلاتی زیاترو پاشان پارێزگاریکردن لێیدا دەگەڕێن.

ڕەنگە ئەم چاپەی دووەم لە سیستەمی سیاسی زۆر نزیکتربێت لەو سیستەمەی کە ئێستا لە کوردوستاندا کار دەکات تا چاپی یەکەم. ستراتیژیەتی پلە یەکی ئەکتەرە مەزنەکانی نێو کێڵگەی سیاسی کوردوستان بریتینیە لە گوزارشتکردن لە خواست و بەرژەوەندی هێزە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو بریتیە لە گرتنە دەستی دەسەڵات و پاشان پارێزگاریکردنە لێی. لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم

پرانسیپەدا هەموو حەرامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان حەڵاڵدەکرێن بە بێ ئەوەی چوارچێوە گشتیەکانی کێڵگەکە گۆرانکاریان بەسەردا بێت. بێگوومان هاوپەمانی ئەکتەرە گەورەکانی ئەم کێڵگەیە، لە چرکە جیاوازەکانی باری دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئێرانی خومەینی و عێراقی سەدام و تورکیای ئەتاتورک و سوریا ئەسەد دا دەبێت لەم ڕوانگەیەوە بخوێنرێتەوە.

ئەو ئیشکالیەتەی ئێمە لێرەدا کاری لەسەردەکەین گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی زەبروزەنگی سیاسی و پاشان تێرۆریسمدا لە نێو هەریەکێک لەم دوو سیستەمە سیاسیەدا.

چۆن زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم لە نێو پانتاییەکانی ئەم دوو سیستەمەدا لەدایک دەبن ؟

بۆ قسەکردن لە زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم لە چاپی یەکەمی سیستەمی سیاسیدا، دەکرێت ئێمە دەیان نموونە بە وڵاتانی ئەوروپا بێنینەوە. دەڵێم ئەوروپا، چوونکە ئەم کیشوەرە لە هەموو جێگایەی دیکەی دونیا باشترین نموونەی سیستەمی سیاسی نوێنەرایەتیکردنە. واتە ڕێکخراوە سیاسیەکانی نێو کێڵگەی سیاسی لەقوڵایی هێزە کۆمەڵایەتیەکانەوە هاتوونەتە دەرەوەو لە پێناوی ئەواندا و بۆ ئەوان دەژین.

لە ساڵانی شەست و حەفتاو هەشتاکاندا دەیان ڕێکخراوی سیاسی، چەپ و ڕاست، لە ئەوروپادا ڕێگای زەبروزەنگ دەگرنەبەرو هەندێکیشیان لە دەربەندی تێرۆریسمدا کۆتاییانپێدێت.

لێرەدا ئەوەی بەلامەوە زیاتر گرنگە گەڕانەوەیە بۆ زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم لە چاپی دووەمی سیستەمی دەسەڵاتدا، کە زیاتر لە گیانی ئێمەی کووردو واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نزیکە.

سەرەتا ئێمە دەبێت تێبگەین لەوەی کە ئەم سیستەمە چۆن دەڕوات بەڕێوە ؟ چۆن کاردەکات ؟

ئەم تێگەشتنە ڕێگامان بۆخۆشدەکات تا تێبگەین لەوەی ئەم سیستەمە سیاسیە چۆن زەبروزەنگ و تێرۆریسم بەرهەمدەهێنێت. هەموو ئەمانەش لە بۆشایدا دەمێننەوە بەبێ تەحلیلکردنی نموونەی کۆنکرێتی. بۆیە لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر سیستەمی سیاسی لە کوردوستاندا.

لە نێو سیستەمی سیاسی کوردیدا چەند ئەکتەرێکی سیاسی ماژۆر-مەزن هەن:

- پارتی و یەکێتی بە پلەی یەک.
- یەکگرتوو کۆمەڵ بە پلەی دوو.
- شیوعی و زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و بزووتنەوە بە پلەی سێ.

ئەم ئەکتەرانە خاوەنی ستراتیژەیەت و گرەوو بەرژەوەندی (تایبەت)ن و لە بەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا کێڵگەکە دەبەن بەڕێوە. واتە کێڵگەی سیاسی لە ستراتیژیەت و گرەوو بەرژەوەندی ئەم ئەکتەرانە دروستبووە.

لێرەوە ئەم سیستەمە سیاسیە کوردیە کۆمەڵێک حەرام و حەڵاڵ، چاکە و خراپە، دروست و نادروست بەرهەمدەهێنێت و بەپێی ئەم پرانسیپانەش پێوانەیەک بۆ پێواندنی هەموو ئەو ناڕەزاییە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە دروسدەکات کە لەدەرەوەی سنوورەکانی کێڵگەوە دێن.

ئەم پێوانەیە هەندێک لەو ناڕەزاییانە قبوڵدەکات و هەندێکی دیکەیان بەتووندی ڕەفزدەکات. واتە سروشتی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی و پارتی جۆری حەرام و حەڵاڵی ناڕەزاییە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکان دیاریدەکات. بۆنموونە ناڕەزایی خوێندکاران، ڕۆشنبیران، ئافرەتان، لاوان، رۆژنامەنووسان، هتد، بەشێوەیەکی سیستێماتیک لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە سیفەتی حەرام و حەڵاڵیان پێدەبەخشرێت.

با سەرەتا ئەم مانیفێستاسیۆنانە بیری خوێنەر بێنمەوەو پاشان دەگەڕێمەوە سەر تەحلیلکردنیان :

(ئەم هەواڵانە لە ڕۆژنامە و سایتی هاوڵاتیەوە وەک خۆیان و دەقاودەق وەرگیراون)

**٧ ئوتی ٢٠٠٦ : ناحیەی شۆڕش.**

**سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوو شەممە بەسەدان هاوڵاتی خەڵکی ناحیەی شۆڕش ڕژانە سەرشەقامەکان بۆ داواکردنی کارەباو سوتەمەنی، هێزە ئەمنیەکان لەهەوڵی بڵاوەپێکردنیاندان. سەلمان حەکیم، تەمەن ٢٣ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی شۆڕش، لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی هاوڵاتی وتی"ئێمە هەمومان کەسوکارمان ئەنفالە، کەچی پشتگوێخراوین، کارەباو سوتەمەنیمان گەرەکە". ئێستا خۆپیشاندەران ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و هاتونەتە سەر ڕێگای گشتی سلێمانی کەرکوك، ناحیەی شۆڕش ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥٠ هەزار کەس زیاترە، زۆربەیان کەسو کاروقوربانیانی ئەنفالن.**

**٨ ئوتی ٢٠٠٦ : زەڕایەن.**

**لە بەیانی ئەمڕۆوە سێ‌شەمە خۆپیشان و پشێوی ئۆردوگای زەرایەنی گرتۆتەوەو لە ئێستا تەقە و شەرە بەرد بەردەوامە. ڕێگای دەربەند سلێمانی گیراوە.**

**٩ ئوتی ٢٠٠٦ : کەلار.**

**سەر لە بەیانی ئەمڕۆ چوارشەمە زیاتر لە هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانی شارۆچکەی کەلار و لەگەڵ داواکردنی دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان، یەکێك لە دروشمەکانیان ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانیانە، کە بەگوێرەی**

شاهید حاڵەکان دوێنێ چەند کەسێك لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە دەستگیرکراوە.خۆپیشاندەران بەرد بارانی هێزەکانی پۆلیس دەکەن و ئەوانیش بەبەرد وەڵامیان دەدەنەوە. بە پێی قسەی شاهید حالەکان تاکە تاکە هاوڵاتیان دەستگیر دەکرێن وناو شاری کەلار پشێوی تەواوی تێکەوتووە.

تەقە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستی پێکرد و خۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی کەلار بووە بە چەند بەشێکەوەو لە چەند گەرەکێکی کەلار بە جیا خۆپیشاندانە.

١١ ئوتی ٢٠٠٦ : کەرکووک.

لە بەیاننامەیەکەدا کە لە لایەن "دەستەی داکۆکیکردن لە داخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوك" دەرچووە، داوا لە هاوڵاتیانی شاری کەرکوك دەکات کە ڕۆژی شەمە، خۆپیشاندان بکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان. لەو بەیاننامەیەدا کە وێنەیەکی دەست سایتی هاوڵاتی کەوتووە هاتوە،"لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە تاکو ئێستا جگە لە سەرکوت کردن و نەهامەتیانەی کە خەڵکی ئەم شارە لە سەردەمی ئەو ڕژێمەدا هەیانبووە، کەچی پاش ئەوەش نەك هەر چارەسەر نەکراوە بەڵکو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ دەسەڵاتداران زیاتر دەست دەخەنە بینەقاقای جەماوەر و ژیانیان لێدەکەن بەدۆزەخ." هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە"گرانی،نەبوونی کارەبا و سوتەمەنی،کوژرانی بەکۆمەڵی ڕۆژانەی ئینسانەکان ورفاندن و کوشتن و گرتن ئەمانە بوونەت سیمای ژیانی خەڵکی ئەم شارە".
لە بەیاننامەکەدا دەستەکە داوا لە خەڵکی شاری کەرکوك دەکات دەست بدەن دەستی یەکتری بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان. بەیاننامەکە هەشت داخوازی لەخۆ گرتووە، کە برتین لە چارەسەرکردنی کێشەی کارەباو سوتەمەنی و ئاو ئاوەرو گەندەڵی و چەند پێداویستیەکی تر.
لەبەیانامەکەدا دوو شوێنی بۆ کۆبوونەوەی هاوڵاتیان دیارکراوە لە کاتژمێر ١٠ سەرلەبەیانی ڕۆژی شەمە ٨/١٢ ئەوانیش شەقامی گشتی رەحیماواو شەقامیگشتی شۆریجەیە .
دەستەی داکۆکیکردن لە داخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوك لە لایەن کۆمەڵێك دانیشتوی شاری کەرکوکەوە بەڕێوەدەبرێت، ئامانجی بەدیهێنانی مافەکانی جەماوەری شاری کەرکوکە.

١٢ ئوتی ٢٠٠٦ : دهۆک.

کاتژمێر ١٠:٣٠ ی ئەمشەو هەینی لە گەڕەکی سەرهەڵدان لە ناوەڕاستی شاری دهۆك دەیان لاو دژی نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا خۆپیشاندانیان کرد. خۆپیشاندەران چەندین هوتافیان دژی نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا بە زمانی کوردی و عەرەبی کێشا. دواتر خۆپیشاندانەکە بێ هیچ توندوتیژیەک کۆتایی هات. نیوەڕۆی ڕۆژی هەینیش لە مزگەوتی مەلا مستەفای ڕێکانی لەناوەڕاستی شاری دهۆکدا دوای ئەوەی وتاری نوێژی هەینی مزگەوتەکە تەرخانکری بۆ ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمیی حکومەت، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە ترسی بەرپابوونی خۆپیشاندان دەوری مزگەوتەکەیان گرت و نەیانهێشت خۆپیشاندان بکەوێتەوە. شایانی باسە ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کۆڵان و شەقامەکانی شاری دهۆکدا بڵاوبوونەتەوە.

١٣ ئوتی ٢٠٠٦ : سلێمانی.

دوای ئەوەی سەرلەبەیانی ئەمرۆ یەکشەممە، سەدان هاوڵاتی لەبەردەرکی سەرای سلێمانی کۆبونەوەو دواتر بەرەو پارێزگای سلێمانیو دواتر بۆ بەردەم شارەوانی سلێمانی چوون، خۆپیشاندەران لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ توشی پێکداهەڵپڕان بوونو بەقسەی شایەتحاڵەکان چەندین کەس بە سوکی بریندار بونو دەیان هاوڵاتیش دەستگیرکران. دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی بە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا دوای هێوربونەوەی خۆپیشاندانەکە، بە رۆژنامەنوسانی وت "بەڵێنی ئازادکردنی گیراوەکان نادەین، بەڵام هەوڵدەدەین بە کەفالەت ئازادیان بکەینو بەپێی توانا هەوڵی جێبەجێکردنی داواکاریەکانیش دەدەین ." خۆپیشاندەران کە زۆربەیان گەنج بونو هاواریان دەکرد "حکومەتەکە ڕسوایە، مەسئولی دزی تیایە" هەروەها دەیانوت "دەنگماندا بە ٧٣٠، دزیان هێنایە سەر کورسی" لەلایەن ئەو ئاسایشانەوە دەستگیرکران کە جلوبەرگی مەدەنیان لەبەردابوو. ئەو چوار رۆژنامەنوسەش کەپێشتر لەپاڵاس دەستبەسەرکران، دوای کاتژمێرو نیوێك ئازادکران، بەڵام تا ئێستا ئومێد تۆفیق - بەڕێوەبەری نوسین لەرۆژنامەی ئاڵا تا ئێستا دەستگیرکراوە.

١٤ ئوتی ٢٠٠٦ : دەربەندیخان.

چەند شایەتحاڵێك بە سایتی هاوڵاتی یان راگەیاند، کە دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی لە خۆپیشاندانەکەی دەربەندیخاندا بەشداریان کردووە بەردەوامەو دوێنێ شەو نیزام حسینی تەمەن٢٧ ساڵ دەستگیر کراوە. ئەو شایەت حاڵانە وتیشیان"هێزەکانی ئاسایش بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن

که له خۆپیشاندانەکەدا بەشداریان کردووە". هەروەها شایەتحاڵەکان وتیشیان که زۆربەی ئەو کەسانەی له خۆپیشاندانەکەدا بەشداریان کردووە له ترسی دەستگیرکردن خۆیان شاردۆتەوە. هیچ سەرچاوەیەکی بەرپرس له دەربەندیخان، تەئکید یان نەفی ئەو هەواڵە ناکەنەو هیچ لێدوانێك لەو بارەیەوە نادەن. شارۆچکەی دەربەندیخان له ڕۆژی ۸/۷ خۆپیشاندانی بەخۆیەوە بینی، بۆ داواکردنی پێداویستیه سەرەتاییەکان و له ئەنجامدا دوو کەس له خۆپیشاندەران بریندار بوون که برینی یەکێکیان سەختەو به دەیان کەسیش دەستگیرکران.

۱۹ ئوتی ۲۰۰٦ : هەولێر.

دکتۆر فەرهاد پیرباڵ ڕاگەیاند که سبەینێ یەکشەممه بۆ ماوەی ۱۲ کاتژمێر لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان مانگرتن سازدەکرێت. له لێدوانێکی تایبەتدا بۆ سایتی هاوڵاتی پیرباڵ وتی"بۆ ئازادکردنی زیندانیانی سەرجەم گرتوخانەکانی هەرێم که بەهۆی خۆپیشاندانەوە دەستگیرکراون له کاتژمێر ۱۰,۳۰ بەیانی تا ۱۰,۳۰ شەو له بەردەم پەرلەمانماندەگرین". لەبارەی ئەوەی کێ ئەم مانگرتنەی ڕێکخستووە ، پیرباڵ وتی"کۆمەڵێك گەنج و قوتابی ئەم پێشنیازەیان کردووە منیش پشتگیریان دەکەم." وتیشی که ئەو بەشۆرتێکەوە سبەینێ لەنێو مانگرتواندا دەبێت. پیرباڵ وتیشی"ئەم چالاکیە پێ داگرتنه لەسەر ریفۆرم له کوردستاندا". له دوای ئەو زنجیرە خۆپیشاندانەی له ماوەی رابردوودا هەرێمی کوردستانی گرتووە، تا ئێستا نزیکەی ۱۸۰ کەس بەو هۆیەوە له زینداندان و ئازاد نەکراون.

۲۰ ئوتی ۲۰۰٦ : هەولێر.

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەممه بەدەیان ڕۆشنبیر وخوێندکاری شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەڕلەمانی کوردستان ڕێکخست بۆ ئازادکردنی خۆپیشاندەرە دەستگیرکراوەکانی شاری سلێمانی و جێبەجێکردنی داخوازیەکانی خەڵکی شاری هەولێر. شوکرڵا حەمەئەمین، سکرتێری بزوتنەوەی دیموکراسی خوازانی کوردستان که یەکێکه لەخۆپیشاندەرەکان، له لێدوانێکی تایبەتدا به سایتی هاوڵاتی ڕاگەیاند"ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ڕێگەیان پێنەداین لەبەردەم پەرلەماندا مانگرتن ئەنجام بدەین، بۆیه کردمان بەخۆپیشاندان ". خۆپیشاندەران سەرەتا خۆپیشاندانەکەیان بردە بەردەم پەڕلەمانی کوردستان، بەڵام بەوتەی خۆپیشاندەرەکان نوێنەرانی پەڕلەمان بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکانیان نەداوە.

ئێستا خۆپیشاندەرەکان بەرەو پارێزگای هەولێر بەڕێکەوتن و بەنیازن داواکاریەکانیان بخەنە بەردەم پارێزگار. داواکاریەکانی خۆپیشاندەران بریتین لە ئازادکردنی سەرجەم زیندانی کراوەکانی شاری سلێمانی وەدەوروبەری، پشتگیریکردنی داواخوازیەکانیان، جێبەجێکردنی داخوازیەکانی خەڵکی شاری هەولێر.

٢٦ ئوتی ٢٠٠٦ : سلێمانی.

نزیکەی ١١٠ پارێزەری لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران لەناو خانەی دادی سلێمانی دەستیان بەمانگرتن کرد لەدژی دەستگیرکردنی خۆپیشانداران و زیندانی کردنی پارێزەرێك، دوابەدوای ئەوەش پارێزەرەکە ئازادکرا. پارێزەر هۆشیار عەبدوڵا، جێگری لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی هاوڵاتی لەکاتی مانگرتنەکەدا وتی"ئێمە بەردەوام دەبین لە مانگرتن تاوەکو هاوکارەکەمان بە بێ هیچ مەرجێك ئازاد دەکرێت." دواتر و دوای چەند کاتژمێرێك بەسەر مانگرتنەکەدا سەرچاوەیەك لەناو پارێزەرانەوە بە سایتی هاوڵاتی راگەیاند " پارێزەکەرەکە ئازادکرا." پارێزەر هۆشیار لەمبارەیەوە وتی "خۆپیشاندان مافی هەموو هاوڵاتیەکە بۆیە دەستگیرکردنی خەڵکی کارێکی نایاساییە، پێویستە دەستبەجێ ئازاد بکرێن". جێگای باسە پارێزەرەکان جوڵەی دادگایان توشی ئفلیجی کردو لەناو حەوشەوی خانەی دادای سلێمانیدا چەند لافیتەیەکیان هەڵگرتبوو، کە تێدا نوسرابوو "نا بۆ پێشێلکاری، نابۆ گەندەڵی، بەڵی بۆ سەروەری یاساو ئازادی ڕادەربڕین ". ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لەخۆپیشاندانەکەی خەڵکی سلێمانیدا کە بۆ داواکردنی خزمەتگوزاری ئەنجامیاندا، زیاتر لە ٥٠ کەس دەستگیرکران لەناویاندا پارێزەر بەختیار حەمە سەعید ی تێدایەو تائێستاش لەناو زینداندایە.

١١ نۆڤەمبەر ٢٠٠٦ : خوێندکارانی سلێمانی.

خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی لەقۆناغی یەکەمی کۆلێژی زمانو زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەبەرامبەر نەبوونی بەشی ناوخۆییدا دەستیان بەمانگرتن کردو نەچوونە وانەکانەوە. یەکێك لەخوێندکارە مانگرتووەکان لەم رووەوە بەئاوێنەی راگەیاند کە زۆر جار بەهۆی نەبوونی بەشی ناوخۆییەوە لەوانەکان دواکەوتوونو مامۆستاکانیش بەئامادەنەبوو حسابیان کردوون. لەبەرامبەردا لێپرسراوی کاروباری خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی عەمید شێرزاد تۆفیق محەمەد بەئاوێنەی راگەیاند کە کەمی بەشی ناوخۆیی ئەمساڵ پەیوەندی بەزۆریی رێژەی خوێندکارانی دەرەوەی شار هەیەو وتی: "ئەم ساڵ ژمارەی خوێندکارانی دەرەوەی شار

نزیکەی دوو هەزار خوێندکارە، ئەمە جگە لەوەی لەناوەڕاستو باشووری عێراقەوە ڕۆژانە خوێندکارانمان بۆ دێت، ئێمە تائێستا دە خانوومان گرتووە بۆ بەشی ناو خۆیی، بەڵام تاکو کۆتایی مانگی دوانزە ئەو کێشەیە چارەسەردەکەین.

١٤ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ : هەڵەبجە.

دەیان کەس لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لەبەردەمی بینای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقدا، ئەمڕۆ دووشەممە مانیانگرتو داوایانکرد فشار بخرێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بردنەسەری ئەو بەڵێنانەی بە هاوڵاتیانی شارەکەی داوەو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەش لە شارەکە بهێڵرێتەوە.
مانگرتووان لە یاداشتێکدا کە ئەمڕۆ پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کرد، وتیان "شاری هەڵەبجە (لە پارێزگای سلێمانی لە قوربانیدانو وێرانبووندا پشکی شێری بەرکەوتووە ، بەڵام لە پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستاندا ئەو پشکەی بەرنەکەوتووە". وتیشیان" شارەکە پشتگوێخراوەو پەراوێزخراوەو هەوڵیش دەدرێت بچووك بکرێتەوە، بڕیارەکەی حکومەتی هەرێم بۆ داخستنی بەڕێوەبەرێی پەروەردەی شارەکە بەڵگەی ئەوەیە". داوشیان لە پەرلەمانی کوردستان کرد "فشار بخاتە سەر حکومەت بۆ بردنە سەری بەڵێنەکانی لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بنەڕەتیو پێویست بۆ شارەکەیان کە بەدەستی پشتگوێخرانەوە دەناڵێنێت". لای خۆشیەوە عەدنان موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە پێکەوە لەگەڵ چەند ئەندامێکی لەگەڵ مانگرتووەکاندا دوان، وتی" من هاوسۆزم لەگەڵ داواکارییەکانتاندا بەڵام سەبارەت بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردە، ئەوە دوای یەکخستنەوەی دوو ئیدارە کوردییەکە، ڕێکەوتین لەسەر بوونی سێ بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە لە شارە سەرەکییەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆکدا، بۆیە هێشتنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لادان دەبێت لە یاسا". موفتی ئاماژەشیدا بە بوونی "پرۆژەیەك کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی هەندێك لە قەزاکانی هەرێمی کوردستان بکرێن بە مەرکەزی پارێزگا و شاری هەڵەبجەش کە تا ئێستا قەزایە لە ئایندەدا دەبێت بە مەرکەزی پارێزگاو ئەوکاتەش وەزارەتی پەروەردە مافی ئەوەی دەبێت بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی تێدا بکاتەوە". موفتی بەڵێنی دا بە مانگرتووان" فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بردنە سەری بەڵێنەکانی بەرامبەری شارەکەو برەودان بە خزمەتگوزارییەکان تێیدا". دڵشاد میرانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە ئاژانسی هەواڵی

سەربەخۆی (دەنگەکانی عێراق) ی وت" هەوڵەکان لە لایەنی حکومەتی کوردییەوە لە هەرێمو حکومەتی عێراقی لە بەغدا لەگەڕدان بۆ تەرخانکردنی چەند پرە پارەیەك لە دەوڵەتە پارەبەخشەکانەوە بۆ شاری هەڵەبجە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی کارەباو ئاوو دروستکردنەوەی ژێربینای ئابوری شاری هەڵەبجە".

میرانی ئاماژەی کرد بۆ ئەوەی "ئەو پرۆژانە پێویستییان بە ملیۆنەها دۆلار هەیەو لە توانای ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراقی فیدراڵیشدا نیە بۆیە هەوڵدەدەین لای دەوڵەتە بەخشەرەکان دابینی بکەین". لە مانگی ئاداری رابردووداشاری هەڵەبجە چەند ناڕزاییەکی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیو تێیاندا کەسێك کوژراو ئاگر بەردرایە مۆنیمێنتەکەی هەڵەبجەو سوتێنرا. قەزای هەڵەبجە ٨٣ کیلۆمەتر لە باشوری خۆرەڵاتی سلێمانییەوە دوورەو لە ساڵی ١٩٨٨ دا دووچاری بۆردومانی کیمیاوی هاتو بەپێی ئامارە کوردییەکان پێنج هەزار کەس بوونە قوربانی. پارێزگای سلێمانیش ٤٥٠ کیلۆمەتر لە باکوری بەغداوە دوورە.

٢٠ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ : خویندکارانی سلیمانی-کەلار.

خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆ دووشەممەی خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی زانکۆی سلێمانی و کچە قوتابیەکانی پەیمانگای تەکنیکی کەلار، بە بەڵێنی بەرپرسان کۆتاییپێهات. هەر ئەمڕۆ ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی بڕیاریدا تا سەرەتای مانگی دوانزەی‌داهاتوو، قوتابیانی قۆناغی یەکەمی زانکۆی سلێمانی دەوام نەکەن، ئەمەش وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ دابینکردنی بەشی ناوخۆیی. د. نزار محەمەد، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بەوەکالەت، وتی"بەڵێنمان بەخوێندکارانداوە تاکۆتایی مانگی یانزە بەشی ناوخۆییان بۆ دابین بکەین". لەلایەکی ترەوە کچە خوێندکارەکانی بەشی ناوخۆیی پەیمانگای تەکنیکی کەلار بەهۆی نەبوونی سوتەمەنی، کارەبا، ئاو، لە بەشەناوخۆیەکانیان، خۆپیشاندانێکیان لە قەزای کەلار ئەنجامدا. دواتر دەستەڵاتدارانی شارەکە بەڵێنیاندا بەشێك لە داواکاریەکانیان جێبەجێی بکەن. یونس سادق فارس سادق، ڕاگری پەیمانگای تەکیکی کەلار، ئەمڕۆ دووشەمە، لەسەروبەندی خۆپیشاندانەکەی خوێندکارە کچەکاندا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وتی"هەندێك کێشەهەیە چارەسەرکردنی لەدەستەڵاتی ئێمەدا نیە، وەك سوتەمەنی، کارەبا". وتیشی"دەرگای پەیمانگاکەمان گەورەیەو حوشترێکی پیا ئەچێت، هەر کەسێك بەدڵی نیە، ئەتوانێ بچێتە شوێنێکی تر". خۆپیشاندانەکان تەواو بوون، خوێندکارەکان بە ئومێدی

جێبەجێکردنی بەڵێنی بەرپرسەکان، گەڕانەوە ناو زانکۆو پەیمانگا. لەماوەی دوومانگی دەستپێکردنی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان، ئەمە حەوتەمین خۆپیشاندان و ناڕەزایی خوێندکارانە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، لەدژی نەبوونی پێداوسیتیەکانی بەشی ناوخۆییەکانیان ئەنجامی دەدەن.

٢١ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ : قەڵادزێ.

بەدەیان کەس لە دانیشتوانی شارۆچکەی قەڵادزێ، کاتژمێر ٨:٣٠ سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە،بۆ داواکردنی خزمەتگوزاریەکان، ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. عەبدوڵا حەسەن، ئەندامی دەستەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکە لە دەستەی هاوکاری خەڵکی قەڵادزێ، ئەمڕۆ سێشەممە لە ناو خۆپیشاندانەکەوە بە سایتی هاوڵاتی ِڕاگەیاند"ئامانج لە خۆپیشاندانەکە، دابینکردنی سوتەمەنی، کارەبا، ئاوی خواردنەوەیە بۆ شارەکە". وتیشی"چەندینجار داواکاریمان پێشکەش بە حکومەت و بەرپرسانی ناوچەکە کردوە، بەڵام لە بیریان کردووە، جێبەجێنەکراوە". هەروەها وتیشی"ئەمڕۆ ئەمانەوێت بەشێوەیەکی هێمنانە داواکاریەکانمان بە حکومەت بگەیەنێن". خۆپیشاندەرەکان بەهەڵکردنی چەندلافیتەیەك ئێستا لەبەردەم کۆمەڵگەی فەرمانگەکانن لە شارۆچکەی قەڵادزی. خۆپیشاندەرەکانی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممەی قەڵادزێ، بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانیان، مۆڵەتی هەفتەیەکیان بە لێپرسراوانی حکومی شارەکەدا. عەبدوڵا محەمەد، ئەندامی دەستەی هاوکاری خەڵکی قەڵادزێ، ئەمڕۆ سێشەممە، بە سایتی هاوڵاتی ڕاگەیاند ماوەی هەفتەیەکیان بە لێپرسراوانی حکومی ناوچەکەداوە بۆ وەڵامدانەوەی داخوازیەکانیان. وتیشی"ئەگەر لەماوەی ئەوهەفتەیەدا وەڵام نەدرێینەوە، هەڵوێستی توندترمان دەبێت، ئەوکاتەش حکومەت خۆی بەرپرسیارە لەوەی ڕوو ئەدا". لەلایەکی ترەوە، حسەین ئەحمەد، قائیمقامی قەزای قەڵادزێ، بە خۆپیشاندەرەکانی وت"هەندێك لە داواکاریەکانتان لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، بەڵێنددەم ئەوانیتریش بگەیەنمە سەروی خۆم". داواکاریە گشتیەکانی خەڵکی قەڵادزێ، بریتیەلە دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست، وەك سوتەمەنی، ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان. دوابەدوای پێدانی مۆڵەت بە حکومەت و بەڵێندانی بەرپرسانی حکومی شارۆچکەکە، خۆپیشاندەران بڵاوەیان بە خۆپیشاندانەکەیانکرد، تا هەفتەیەکی تر چاوەڕوانی وەڵامی بەرپرسانی حکومەت دەکەن. خۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی خەڵکی قەڵادزێ زیاتر زیاتر لە ٣٠٠ کەس بەشداری

تێداکرد، لەلایەن دەستەی هاوکاری خەڵکی قەڵادزێ کە "دەستەیەکی سەربەخۆیە" ڕێکخراو بە بێ توندوتیژیی کۆتای پێهات.

٢١ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ : خویندکارانی سلێمانی.

خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، ئەمڕۆ سێشەممە کاتژمێر ٩ سەرلەبەیانی، مانگرتنیان ڕاگەیاندو بەنیازن بچنە بەردەم ڕاگری کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان. یەکێك لە خوێندکارەکانی بەشی ڕاگەیاندن کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە سایتی هاوڵاتی وت"داواکاریەکان بریتیە لە دابینکردنی ستۆدیی باش، لابردنی ئەو مامۆستایانەی کە بڕوانامەی ماجستێریان نیەو تەنها ساڵێکە بەشی ڕاگەیاندنیان تەواوا کردوە، ئێستا وانە دەڵێنەوە". وتیشی"تا داواکاریەکان جێبەجێنەکرێن مانگرتن ناشکێنین". ژمارەی خوێندکارەکان ٢٤ خوێندکارن و ئێستا لەبەردەم کۆلێژەکەیاندا وەستاون نەچونەتە ناوهۆڵەکانی وانەوتنەوەوە، دوو هەفتە بەرلە ئێستا یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی کردبوو، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

٢٣ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ : خوێندکارانی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ.

تەرزە عەبدوڵا.سلێمانی: سەرجەم خوێندکارانی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، لە سلێمانی، ئەمڕۆ پێنج شەممە مانگرتنیان لە چونەژوورەوە بۆناو هۆڵەکانی وانەوتنەوەوە، ڕاگەیاند. بورهان حەسەن، خوێندکاری قۆناغی دووەمی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، بە سایتی هاوڵاتی وت"ماندەگرین تا ئەو کاتەی داواکاریەکان جێبەجێی دەکرێت". وتیشی

"داواکاریەکان هەموو لە خزمەتی ئامادەییەکەدایە، بەڵام بەداخەوە تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە".

خوێندکارانی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، لە یاداشتێکیاندا، ئەمڕۆ پێنج شەممە ئاراستەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمیان کردوە، تێدا ٢٧ داواکارییان هەیە، لەوانە"درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن لە ٣ساڵەوەبۆ ٥ ساڵ، کردنەوەی کۆلێژێك بۆ دەرچوانی ئامادەیی کشتوکاڵیەکان، زیادکردنی دەرماڵەی پیشەی بۆ خوێندکاران، دروستکردنی کافتریاو شوێنی حەوانەوە،دابینکردنی پێداویستی بەشەناوخۆییەکان، دانانی تاقیگە، دابینکردنی

سەرجەم خزمەتگوزاریەكان". ئامادەیی كشتوكاڵی بەكرەجۆ، زیاتر لە ٣٦٠ خوێندكاری هەیە،خوێندن تێیدا تێكەڵاوە، لەساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە.

٢٥ نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ : خوێندكارانی زاخۆ.

دەیان قوتابی قۆناغی ناوەندی دوێنێ شەممە، لە زاخۆ، بۆ داواكردنی خەرجی هاتوچۆ لە ناوچەكانیانەوە بەرەو قوتابخانەكانیان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، خۆپیشاندانەكە لەبەردەم بینای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی زاخۆ لەدوای هەڕەشەی شوفێرەكانەوە ئەنجامدرا كە تیایدا هەڕەشەی وەستاندنی پرۆسەی گواستنەوەی قوتابیانیان كردبوو لە سەرەتای كانونی یەكەم دیسێمبەر بەهۆی زوو وەرنەگرتنی كرێی هاتوچۆ. گوهدار شێخۆ، ئەندامی لقی زاخۆی یەكێتی قوتابیانی كوردستان لە پەیوەندییەكدا بە ئاژانسی هەواڵی سەربەخۆی) دەنگەكانی عێراق)وە، وتی" داواكاری سەرەكی قوتابیان چارەسەركردنی گرفتی هاتوچۆیە، سەدان قوتابی لە كۆمەڵگاو لادێكانی دەوروبەری زاخۆوە بەهۆی نەبوونی قوتابخانەو مامۆستای پێویست بۆ خوێندن هاتوچۆی زاخۆ دەكەن ". وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە بەڵێنی خەرجكردنی پارەی هاتوچۆی قوتابیانی داوە، بەڵام جێبەجێی نەكردووە. لە لای خۆیەوە ساڵح سورۆ بەرپرسی گواستنەوەی سەندیكای كرێكارانی كوردستان لە زاخۆ بە (دەنگەكانی عێراق)ی راگەیاند"شوفێرەكان هەڕەشەی راگرتنی گواستنەوەی قوتابیانیان كردووە بەهۆی دواكەوتنی كرێیەكانیان ماوەی دوو مانگە بە بڕی ١٠٠٠ دۆلار مانگانە مەزەندە دەكرێت". هادی تەها سەرەپەرشتیاری پەروەردەی یەكەم لە پەروەردەی زاخۆ وتی "زیاتر لە ٤٨٤٦ قوتابی لە كۆمەڵگاو لادێكانی دەوروبەری زاخۆوە هاتوچۆ دەكەن." ئاماژەشیدا بە" بڕیارەكەی وەزارەتی پەروەردە بۆ خەرجكردنی مانگانە ٣٠ هەزار دینار بۆ هەر قوتابیەك لە سێ كیلۆمەتر لە قوتابخانەكەیەوە دوور بێت." وتیشی "خەرجكردنی بڕە پارەكە دواكەوت، بەلاَم هەوڵدەدەین لەگەڵ لایەنی پەیوەندار ئەم كێشەیە چارەسەر بكەین".

١٨ دیسەمبەر ٢٠٠٦ : كچە خوێندكارانی هەڵەبجە لە هەولێر

پ.هەولێر :بەدەیان كچە خوێندكاری بەشی ناوخۆی هەڵەبجە لە شاری هەولێر، كاتژمێر ٩:٣٠ ئەمشەو دووشەممە، ڕێگای سەرەكی هەولێر- كەركوك یان كۆنترۆڵكرد. كچە خوێندكارەكان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری، كارەبا، ئاو، سوتەمەنی، ڕژانە سەر شەقامەكان و ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبیلیان ڕاگرت.

**یەکێك لە کچە قوتابیەکان، لەترسی لێپرسینەوە نەیوست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە سایتی هاوڵاتی ڕاگەیاند"ماوەی هەفتەیەکە کارەبامان نیە، هەرچواردەورمان ماڵە مەسئولە ٢٤ سەعات کارەبایان هەیە، کەچی ئێمە نیمانە". وتیشی"هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ئەیانەوێت بە هەڕەشەو ترساندن واز لە خۆپیشاندانەکە بهێنین". کچە قوتابیەکان لەناوەڕاستی ڕێگای سەرەکی هەولێر۔ کەرکوك، ڕێگایان بەو ئۆتۆمبیلانە نەدەدا کە دەیانویست تێپەڕ بن، هێزەکانی پۆلیس وئاسایش چواردەوری خوێندکارە کچەکانی دا، هەوڵیاندا بیان گەڕێنەوە بۆ ناو بەشە ناوخۆیەکانیان. بەهۆی نەبوونی پێداویستی بەشەناوخۆیەکانەوە، لەزۆربەی شارەکانی کوردستان خوێندکاران و قوتابیان ڕۆژانە ناڕەزای دەردەبڕن، بەڵام تائێستا کێشەکانیان بۆ چارەسەر نەکراوە.**

لە کوێدا مەترسی ئەوەدەکرێت کە کۆی ئەم جۆرە لە ناڕەزایی کۆمەڵایەتی-سیاسی دژ بە سیستەمی سیاسی یەکێتی-پارتی خۆی وەک زەبروزەنگی فیزیک و پاشان تێرۆریسم تەرجەمەبکات ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە زۆر گرنگە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی ڕێگامان پێدەدات کاتیگۆریەکی تایبەت لە زانست بەرهەمبێنین، بەڵکو لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆشی هەیە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەردیمانەوە.

<u>بەو سنورەی سیستەمی سیاسی یەکێتی-پارتی خۆی دابخات بەسەر ستراتیژیەت و مێکانیسم و بەرژەوەندی و گرەوە ناوەکیەکانیدا، گوتارو پراکتیکی ڕەخنەیی لەلایەن دەرەوەوە وەک سەرەتایەک ڕوویەڕووی دەبنەوە.</u>

هەروەها کاتێک ئەم سیستەمە سیاسیەی پارتی-یەکێتی وەڵامێکی دروست بەو گووتارو پراکتیکە ڕەخنەییانە پێشنیار ناکات، ئیتر قۆناغی دووەم دەستپێدەکات کە دەکرێت بە قۆناغی هەست بە پەراوێزکردن و دورخستنەوەو خۆقوفڵدان وەسفبکرێت. لێرەوە سەرەتایەکی گرنگ بۆ لەدایکبوونی زەبروزەنگی سیاسی و پاشان تێرۆریسم دروستدەبێت.

زەبروزنگی ئەم ئەکتەرە پەراوێزکراوو دورخراوانە هەموو تیرەکانی ئاڕاستەی سیستەمی سیاسی یەکێتی-پارتی دەکات و هەموو تواناکانی دەخاتەکار بۆ ئەوەی کونی تێبکات و دواتر کۆدێتایەک بکات بەسەر هەموو ئەو یاساو ستراتیژیەت و گرەوانەی کە بوونیەی ئەو سیستەمە پەراوێزکارەیان لێدروستبووە.

دەرەنجام، ئەگەر سیستەمی سیاسی پارتی-یەکێتی مومارەسەی پەراوێزکردنی کردبێت، ئەوا سیستەمی نوێی ئەکتەرە پەراوێزکراوەکان لەسەر قەسابخانە دروستدەبێت و بە گۆمی خوێندا تێدەپەڕێت، چوونکە ئەو کەرەسانەی بۆ هەیمەنکردن بەکاری دەهێنێت دێمۆکراتی نین، بەڵکو زەبروزەنگی فیزیکین.

ئەگەرێکی دیکەی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ لەم پانتاییەدا، بریتیە لە کردەی بە دەزگاییکردنی ململانێ کۆمەڵایەتیە-سیاسیە-ئاینیەکان. بالێرەدا نموونە بە حاڵەتی

ئیسلامیەکانی کوردوستان بێنینەوە. کاتێک سیستەمی سیاسی یەکێتی-پارتی دێت و ململانێی ئسیلامی سیاسی (یەکگرتوو-کۆمەڵ) دەخاتە نێو کردەی بەدەزگاییکردنەوەو کاتێک ئەم دوو گرووپە تێکەڵ بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال دەبن و سنوری گرەوو مێکانیسمی کارو ستراتیژیەتەکانیان تێکەڵ بەو کێڵگەیە دەکەن، ئیتر لەدایکبوونی چەند گروپێکی تێرۆریستی بێ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و جەماوەری دەبێت بە ئەگەرێکی زیندوو، (ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە). ئەم گرووپانە دەرەنجامی بەدەزگاییبوونی ململانێی ئیسلامی سیاسی کوردین.

تا ئەو کاتەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی بە گۆشت و ئێسقانیەوە تێکەڵ بەم کێڵگەیە نەبوو، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی گرووپێکی وەک ئەنساری ئیسلام شکستیان دەهێنا. بۆنموونە:

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە، چەند هەوڵێک هەبوو بۆ دروستکردنی چەندین گرووپ بەهەمان پرۆگرامی ئێستای ئەنسارەوە، بەڵام هەموویان شکستیان هێنا. بێگومان ئەم شکستە هۆکاری زۆرە، بەڵام من پێموایە هۆکاری هەرە سەرەکی بریتیە لە تێکەڵنەبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو کاتە بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردی. واتە لە دایک نەبوونی گووزەر لە ئیسلامیسمەوە بەرەو ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسم. بەڵام لەپاش تێکەڵبوونی یەکگرتوو وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامی جەماوەری بە کێڵگەی ناسیۆنال و دواتر لەتبوونی بزووتنەوەو پاشان تێکەڵبوونی کۆمەڵ وەک گرووپێکی ئیسلامی جەماوەردار بەهەمان کێڵگە، ئیتر گوزەرێکی دیکەش دروستدەبێت، گوزەر[lxxx] لە ئیسلامیسمەوە بەرەوە نێۆ-فۆندامۆنتالیسم کە ئەنساری ئیسلام دەکرێت ڕونترین گوزارشتکردنبێت لێی.

تەواو بەپێچەوانەی ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسمی (یەکگرتوو-کۆمەڵ)وە کە هەموو تواناکانیان دەخەنەکار بۆ مۆبیلیزەکردنی فراوانترین ڕوبەری جەماوەریی، نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان (ئەنسار) ئەو ڕەهەندە پشتگوێ دەخەن و ئەوەی بەلایانەوە گرنگە بەرهەمهێنانی کوشندەترین زەرروزەنگە. ئەگەر کوردوستان بۆ یەکگرتوو-کۆمەڵ مەیدانی ململانێی سیاسی و پشقولگرتن و گۆڵ تۆمارکردن و بردنەوەو دۆڕانی سیاسی بێت، ئەوا بۆ نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان هیچ نیە قەسابخانەیەکی گەورە نەبێت. لێرەوە من پێموایە ئەستەمە لە ئەنسار بگەین بەبێ تێگەشتن لە مێژوە -سۆسیۆ-پۆلیتیکەکەی ئیسلامیسم لە کوردوستاندا.

## زۆنی دووەم : پانتایی دەوڵەت

دەوڵەت ئەکتەری سەرەکی بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووەو پارێزەری یەکێتیەکەیەتی، ئەکتەری سەرەکی مۆنۆپۆلکردنی هەموو زەبروزەنگەکانە، بەتیابەتی زەبروزەنگی فیزیک[lxxxi]. دەوڵەت لەیەککاتدا باوەشدەکاتەوەو گورزیش دەوەشێنێت. دەوڵەت ئەکتەری گۆڕانکاریەکانە لەسەر ئاستی لۆکاڵ، ناسیۆنال، ئەنتەرناسیۆنال. ئێمە بۆ ناسینەوەو دەستنیشانکردنی شووناسی دەوڵەتێک پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی بەردەوام هەیە بۆ چاودێریکردن و پشکنینی سروشتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەو سیستەمی سیاسیدا. واتە :

وەک چۆن لەسەر ئاستی (ماکرۆ) دەوڵەتێک دەخەینە ژێر چاودێری و پشکنینەوە ئاواش لە سەر ئاستی (میکرۆ) دەبێت هەمان کار ئەنجام بدەین. دیسان واتە : دەبێت وەک چۆن چرکەی جەنگ و دیپلۆماسی گەورەو ڕێکەوتنە جیهانیەکانی دەوڵەت دەپشکنین ئاواش دەبێت سروشتی پەیوەندی ئەو دەوڵەتە بە کۆمەڵگەو سیستەمی سیاسی ناوخۆییەوە بپشکنین، گەرنا ئەستەمە بتوانین شووناسی دەوڵەتێک دەستنیشانبکەین. بۆنموونە، ئێمە گەر عێراقی سەدام حوسەین تەنها لەسەر ئاستی ماکرۆ بپشکنین، وەک ئەوەی هەندێک لە توێژەرە فەرەنسیەکان دەیکەن، بەتایبەتی شارل سان پرۆ، نووسەری کتێبی (مێژووی عێراق، لە سۆمەرەوە تا سەدام حوسەین[lxxxii])، بێجگە لە مەعریفەیەکی نازانستی هیچی دیکە بەرهەمناهێنین.

ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا گرنگە پرسیارێکی سۆسیۆلۆژیە کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دایبرێژین:

لەنێو چ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی-مێژوویدا مۆدێلی مامەڵەکردنی دەوڵەتێک دەکرێت ببێت بە شەریکەیەک بۆ بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی سیاسی و تەنانەت تیرۆریسمی ناوەکیش ؟

چۆن تیرۆریسم و زەبروزەنگی سیاسی وەک مۆدێلێک لە کردەی کۆمەڵایەتی لە نێو پانتایی دەوڵەتێکدا دەقدەگرێت و گەشەدەکات و لە بوونیەیەکی تۆکمەدا خۆی مانیفێستدەکات ؟

ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کە شانزە ساڵ لەمەوبەر، گەورە سۆسیۆلۆگێکی فەرەنسی، میشێل ڤیڤیۆرکا ناچار بە توێژینەوەو سۆراخکردن و بەراوردکردن دەکات. ئەو لە کتێبی (کۆمەڵگە و تیرۆریسم) دا سەرەتا دێت و جیاکاریەک دەکات لەنێوان زەبروزەنگی کۆلێکتیڤی سیاسی و تیرۆریسمدا. لەو جێگایەدا کە دەوڵەت بەهێزو دامەزراوە دەبینین بەدەستێکی پۆڵاین لەهەر هەوڵێک دەدات کەبیەوێت سەرەتا بۆ زەبروزەنگێکی تەمەن درێژ یان کورتی زەبروزەنگی کۆلێکتیڤی سیاسی دابمەزرێنێت. لەو جێگایەشدا کە دەوڵەت لاوازە هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. (میشێل ڤیڤیۆرکا، کۆمەڵگە و تیرۆرسیم، ١٩٨٩، ل٤٢٧).

بێگوومان ئەم بیرکردنەوەیەی ڤیڤیۆرکا گرنگە و دەکرێت زۆر دیاردەی پێبخوێنرێتەوە، بەڵام لەبەرامبەر چەند حاڵەتێکی دیکەدا دەستەوسان دەبێت و توانای ڕاڤەکردن لەدەستدەدات، تەنانەت ڤیڤیۆرکا خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە ئەم دابەشکردنە سنوردارەو ناکرێت بگشتێنرێت. بۆنموونە :

ئێمە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە دەوڵەتێکی تۆتالیتێری وەک ئەو دەوڵەتەی کە سەدام حوسەین لە عێراقدا دروستی کرد، خاوەنی هێزو توانایەکی لە ڕادەبەدەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەیتوانی زەبروزەنگی کۆلێکتیڤی-سیاسی ڕێکخراوی کوردیی لەناو بەرێت. ڕاستە لە عێراقی سەدام حوسەیندا، تاکە زەبروزەنگێکی سیاسی شەرعی ئەو زەبروزەنگەبوو کە بەعسی دەوڵەت ڕێگای پێدەداو ئارەزویەکی گەرم و بڵێسەدار هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو زەبروزەنگە سیاسیەکانی دیکە. بەڵام تا ٢٩ ئەڤریلی ٢٠٠٣ش ئەم ئارەزووە نەیتوانی زەمینەیەک بۆ خۆ-بەدیهێنان (خۆ-ڕیالیزەکردن) دروستبکات.

زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆریسم شانسی لەدایکبوون و پێگەشتن و بەهێزبوون و پاشان خۆ-بەدیهێنانیان لە دوو حاڵەتی دیکەدا بەهێزترە. لوبنان و کوردوستان.

لە لوبنان دەوڵەت هەیە بەڵام بەشێوەیەکی هەڵوەشاوەیی، بێ چوارچێوەی کۆنکرێتی، بێ سامبۆلی یەکگرتوو. لە حاڵێتێکی ئاوادا دەوڵەت زۆر بە ئەستەم دەتوانێت کۆنترۆڵی زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆرریسم بکات، بەپێچەوانەوە، ئەم دوو دیاردەیە دەکرێت سەربکێشن بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی ژیان و هەیمەنە بکەن بەسەر تەواوی پانتاییەکانی دیکەدا. باشترین نموونەش ئەم جەنگەی دوایی نێوان حیزبو اللّهی لوبنانی و ئیسرائیل بوو. ئەم گرووپە بەبێ پرسکردن بە دەوڵەت و بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ دەزگا ڕەسمیەکانی حکومەتدا، دوو سەربازی ئیسرائیلی بەدیل دەگرێت. بێگوومان حیزبو الله بە حاسیبەیەکی ئێرانی-سووری هەموو دەرەنجامەکانی ئەم کردەیەی زەرب و تەقسیم کردوە. ڕاستە هەندێ لەو زەرب و تەقسیمانەی بەپێی دانپیانانەکانی حەسەن نەسروڵا هەڵەبوون، بەڵام ئەمە بۆ ئەوان گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لەڕێگای زەبروزەنگی سیاسیەوە ستراتیژیەتی ناچارکردن ڕیالیزەبکات. گەورەبوون و بەهێزبوونی ئەم حیزبە سیاسیە-عەسکەریە یەکێکە لە دەرکەوتە هەرە ڕوونەکانی لوبنان وەک دەوڵەتێک لە چرکەی هەڵوەشانەوەدا.

لە کوردوستانیشدا هەرێمێک لە نێو پرۆسێسی دروستکردنی دەوڵەتدایە. لە چرکەی لوبناندا ئێمە لەسەرەوە دادەبەزین بۆ خوارەوە، بەڵام لە چرکەی کوردوستاندا لە خوارەوە بەرز دەبینەوە بۆ سەرەوە. ئەم چرکەیەش هەموو شانسێکی گرنگ دەبەخشێت بە لەدایکبوون و پێگەشتن و بەهێزبوون و پاشان خۆ-بەدیهێنانی زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆریسم. چوونکە چرکەی پرۆسێسی بەدەوڵەتبوون چرکەی ڕوبەڕوبونەوەشە لەگەڵ چەندین "ئەگەر" کە هەمیشە لەسەرپشتن بۆ زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆریسم. ئەوە ئەگەرانە دەکرێت بەم شێوەیە بن:

- ئەگەری فەوزا.
- ئەگەری ڕێکنەکەوتن.
- ئەگەری گەندەڵی.
- ئەگەری دەستێوەردانی نێودەوڵەتی.
- ئەگەری پێنەگەشتنی عەقڵی سیاسی.
- ئەگەری تەسلیمبوون بە عاتیفە...

بۆ ئەوەی پرۆسێسیوسی بەدەوڵەتبوون بگاتە لوتکە، کوردوستان دەبێت لە ئیمتیحانی ئەم هەموو ئەگەرهانەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بەپێچەوانەوە، هەر دەرنەچوونێکی کردنەوەی دەرگایەکە لەسەر زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆریسم.

بۆ سەلماندنی ئەم تێزەش دەکرێت بگەڕێینەوە سەر قۆناغی ١٩٩٢-٢٠٠٣. لەم قۆناغەداو کاتێک یەک یەک لەم ئیمتیحانانەدا دەرناچین، ئیتر زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم لە کوردوستاندا دەگاتە لووتکە.

لێرەدا من داوا لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و هەولێرو دهۆک دەکەم سەنتەرێکی سۆسیۆلۆژی دابمەزرێنن بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو قۆناغەی کە بۆ ئێمە دەکرێت ببێت بە شەریکەیەکی گەورەی کارکردن. ئەم مەیدانە شیاوی ئەوەیە دەیان لیسانس و ماستەرنامە و دوکتۆرای لەسەر ئامادەبکرێت، نەک بەمەبەستی دادگایی کردنی ئەکتەرەکان، بەڵکو لە پێناوی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی زانستی لەسەر ئەوەی ڕویدا، لەسەر جەنگی ناوخۆ وەک فێنۆمێنێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی-ئابوری. من بەشبەحاڵی خۆم لێرە لە (قووتابخانەی تووێژینەوەی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان، پاریس) ئامادەم هەموو هاوکاریەکی زانستیانەی ئەو خوێندکارانە بکەم کە دەیانەوێت لیسانس و ماستەرو تەنانەت دوکتۆراکانیان لەسەر ئەم مەیدانە ئامادەبکەن.

تا ئێرە ئێمە باسمان لە سێ تیپ، سێ مۆدێل لە دەوڵەت کرد کە دەکرێت ببن بە ماشینی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم:

- مۆدێلی تۆتالیتاریسم (عێراقی سەدام حوسەین).
- مۆدێلی دەوڵەتی هەڵوەشاوە (لوبنان).
- مۆدێلی پرۆسێسی بەدەوڵەتبوون (کوردوستان).

بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین بڵێین تەواو، ئیتر هەموو شتێکمان لەسەر ئەم مەسەلەیە وت ؟

بێگوومان نەخێر. چوونکە ئەم دابەشکردنە، ڕاستە ڕێگامان پێدەدات هەندێک شت بخەینە چوارچێوەوە، بەڵام دەیان شتی دیکە هەن کە دەکەونە دەرەوەی ئەم چوارچێوانەوە. هەندێکجار دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێمانوابێت دەستنیشانکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە دەکرێت وەک ماشینی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی سیاسی یان تێرۆریسم پێناسەبکرێن کارێکی تەواو ناواقیعی بێت، لەبەر ئەوەی کە زۆر بەدەگمەن دەوڵەتێکمان دەستدەکەوێت کە بەجۆرێک لە جۆرەکان نەبوویێت بەم ماشینە. ئەمە هەمان تێزە کە دێربداو هابرماس[lxxxiii] و ڤیڤیۆرکا[lxxxiv] و فەرهاد کوسرەوکەڤار[lxxxv] و تەنانەت تورێنیش[lxxxvi]، هەریەک بە شێوازی تایبەتی خۆی، دەیسەلمێنن.

بەڵام ئایا لەو پانتاییە دەوڵەتیانەدا کە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت بووە بە کولتورێکی هەیمەنەدار دەکرێت باس لە زیادبوونی شانسی لەدایکبوون و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم بکەین ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نیە، چوونکە بە مێژوویەک لە دێباو دیالۆگی ئایدۆلۆژی شەحنکراوەو هەر دەست بۆ بردنێکی تەقینەوەیەکی بەدواوەیە، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبۆ-ئیسلامیدا. فەتواکان لە مەخزەنی هەردوو بەرەکەدا ئامادەیە، بەرەی عەلمانی و بەرەی ئیسلامی، گەر بە ئارەزوە ئیدیۆلۆژیەکانی ئیسلامیەکان قسەنەکەیت ڕەنگە تووشی فەتوای تەکفیرو پاشان کوشتن

ببیتەوە، هەروەک گەر بە ئارەزووی ئیدیۆلۆژی عەلمانیەکان قسەنەکەیت فەتوای کۆنەپەرستی و ڕەنگە کوشتنیش چاوەڕوانت بکات. بەهەر حاڵ، پرۆژەی ئێمە کارکردنە لەدەرەوەی هەموو ئەو جەنگانە و ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەرهەمهێنانی زانستە لەسەر شتەکان وەک ئەوەی هەن و پاشان ئەوەی بیەوێت دەتوانێت کەڵک لەم زانستە وەربگرێت با هەڵگری هەر شووناسێک بێت. ئەمە ئەو پرانسیپەیە کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین و لەسەریشی بەردەوام دەبین.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سۆسیۆلۆگ کەسێکە کە بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ مەیدان و لەو پانتاییەدا کۆنسێپت و تیۆریەکانی بینادەکات. کاتێک ئێمە زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆریسم دەخەینە ژێر چاودێری و پشکنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت لەو پانتاییانەدا کە سیاسەت تێکەڵ بە ئاین بووە، یان ئاین تێکەڵ بە سیاسەت بووە، ئەگەرەکانی تەقینەوەی زەبورزەنگی سیاسی و تیرۆریسم بەهێزترن. واتە بەسنووری تێکەڵبوونی ئەو دوانە و بوون بە کولتوری لە نێو پانتاییەکدا ئەگەری تەقینەوەی زەبروزەنگ و تیرۆریسم زۆرتر دەبێت. لێرەدا میشێل ڤیڤیۆرکا تێبینیەکی جوان تۆمار دەکات. ئەو پێیوایە سروشتی کولتورێک یان ئاینێکی هەیمەنەدار، زیاتر لە "بەهێزی" و "لاوازی" دەوڵەت، دەتوانێت ئەو فاکتەرانەمان بخاتە بەردەست کە لەڕێگایانەوە دەکرێت لە دروستبوون و پێگەشتن و تەقینەوەی زەبروزەنگی سیاسی و تیرۆریسم تێبگەین[lxxxvii].

هەموو ئەو دەرهاویشتانەی کە لەبەردەستماندان میسداقیەتی ئەم تێزە دەخەنە ڕوو. با ئێستا پێکەوە ڕابمێنین لە ژمارەی ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی کە لە نێوان ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١ و بەپێی ناوچەو وڵاتان ئەنجامدراون. لە ڕوانگەی ئەم ستاتیستیکانەوە ئێمە دەتوانین بەڕوونی ژمارەی ئەو هێرشە تیرۆریستیانە، لە ٣٨ ساڵی ڕابوردوداو لە نێو هەر وڵات و ناوچەیەکی جیهاندا ببینین. ئەمەش دەرگایەکی کراوەی باشە بۆ ئەوەی لێیەوە ئیمتیحانی ئەو تێزەی سەرەوەمان بکەین.

ڕووداوە تیرۆریستیەکان[lxxxviii] لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین و کەنداوی فارسی لە ۱۹۶۸/۰۱/۰۱ وە تا ۲۰۰۶/۱۵/۱۱.

| **وڵاتەکان** | **ڕووداوەکان** | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| بەحرەین | ۱۸ | ۱۱ | ۱۳ |
| ئیران | ۱۳۰ | ۳۹۲ | ۸۳ |
| عیراق | ٦٥٧٠ | ٢٦٩١٤ | ١٦٥٤٤ |
| ئیسرائیل | ١٠٩٦ | ٧٤٤١ | ١٤٦٥ |
| ئوردن | ٨٦ | ١٣٩ | ٩٣ |
| کوەیت | ٤٥ | ١٩٠ | ٣٤ |
| لوبنان | ٦٧٠ | ٢١١٢ | ١٢٧٦ |
| کەنداوی فارسی | ١ | ٠ | ٠ |
| قەتەر | ٢ | ١٧ | ٢ |
| عەرەبی سعودی | ٦٤ | ١٦٦٤ | ٣١٤ |
| سووریا | ٢٢ | ٣٤٩ | ١٤٧ |
| سەڵتەنەی عومان | ١ | ٣ | ٤ |
| تورکیا | ١٢١٦ | ٢٢٠٨ | ٥٤١ |
| ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | ٩ | ١ | ٤ |
| کەرتی غەززە | ٢٠١٢ | ١٦١٦ | ٥٥٨ |
| یەمەن | ١٢٣ | ٢٩٤ | ١٢١ |
| **سەرجەم** | **١٢٠٦٥** | **٤٣٣٥١** | **٢١١٩٩** |

ڕووداوە تیرۆریستیەکان لە وڵاتانی ئەفریقیا لە نێوان ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| جەزائیر | ٢٣٧ | ١٢٠٦ | ٩٩٤ |
| ئەنگۆلا | ٧٣ | ٢١٦ | ٣٥٨ |
| بەنین | ١ | ٣ | ٠ |
| بۆتسوانا | ٢ | ٠ | ٢ |
| بۆرۆندی | ١٣ | ٢٦ | ٢٧ |
| کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست | ١ | ٧ | ٠ |
| چاد | ١٢ | ٢٥ | ١٨٠ |
| کۆماری دیموکراتی کونگۆ | ٢ | ٠ | ٦ |
| کۆماری کۆنگۆ | ٢ | ١ | ١ |
| ساحلی عاج | ٣ | ٠ | ٣ |
| جیبۆتی | ٤ | ٦٦ | ١٢ |
| میسر | ١٣١ | ٨٥٥ | ٣٣٠ |
| ئەریتێریا | ٥ | ٦٣ | ١٦ |
| ئەثیوبیا | ٧٨ | ٢٩١ | ١٩٦ |
| گابۆن | ١ | ٠ | ٢ |
| غانا | ١ | ٠ | ٠ |
| غینیا | ١ | ٠ | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کینیا | ١١ | ٥١٦٦ | ٢٤٢ |
| لیسوتو | ٢ | ٠ | ٢ |
| لایبیریا | ٨ | ١ | ١١ |
| لیبیا | ١٦ | ٦ | ٨ |
| مەدەغەشقەڕ | ٧ | ٣٧ | ٠ |
| مالی | ٢ | ٠ | ٠ |
| مۆریتانیا | ٨ | ٠ | ٣٨ |
| مەغریب | ٢٦ | ٦ | ٤٦ |
| مۆزەمبیق | ٣٦ | ١٥ | ٣٧ |
| نامیبیا | ٣ | ٣٥ | ١٨ |
| نایجر | ١ | ٠ | ٠ |
| نایجیریا | ٣٣ | ٢٧ | ١٢ |
| ڕۆدیسیا | ٢٧ | ١٠٨ | ٧٨ |
| ڕواندا | ٥ | ٧ | ١٢ |
| سەنیگال | ١ | ٠ | ٠ |
| سیرالیۆن | ٢٠ | ١ | ٢٠ |
| سۆماڵ | ٦٩ | ١٥٠ | ٩٩ |
| خوارووی ئەفریقیا | ٥٨ | ١٩٤ | ١٢ |
| سودان | ٤٣ | ٤٢ | ١٠٢ |
| سوازیلند | ٤ | ١٠ | ٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەنزانیا | ٩ | ٧٨ | ١١ |
| تۆگۆ | ٣ | ٦ | ٠ |
| تونس | ١٦ | ٣٥ | ٣١ |
| ئۆگەندا | ٦١ | ٤٦٢ | ٥٤٦ |
| سەحرای ڕۆژئاوا | ٣ | ٣ | ٩ |
| زائیر | ٧ | ١ | ٥ |
| زامبیا | ٩ | ٣٤ | ١٠ |
| **سەرجەم** | **١٠٥٥** | **٩١٨٣** | **٣٤٨٢** |

ڕووداوە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئاسیا لە ماوەی ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| چین | ٢١ | ١٤٨ | ٧٥ |
| هۆنگ کۆنگ | ٢ | ٢ | ٠ |
| یابان | ٨٥ | ٥١٠٧ | ١٩ |
| کازاخستان | ٥ | ١ | ١ |
| کۆریای باشوور | ٣٨ | ٤٩ | ١٠ |
| کەرگیزستان | ١٣ | ١٢ | ٢٧ |
| ماکاو | ٢ | ١٤ | ٠ |
| مەنگۆلیا | ١ | ٠ | ١ |
| تایوان | ٤ | ٥ | ٢٥ |
| تاجیکستان | ٥٦ | ٨٢ | ٥٧ |
| تورکمانستان | ١ | ١ | ١ |
| ئۆزبەکستان | ١٤ | ١٦٣ | ٣٧ |
| **سەرجەم** | **٢٤٢** | **٥٥٨٤** | **٢٥٣** |

ڕووداوە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە ١٠/١٠/١٩٦٨ تا ١١/١٥/٢٠٠٦.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| ئەلبانیا | ٥٠ | ٢٠ | ٦ |
| ئەرمەنستان | ٨ | ١ | ٢ |
| ئازەربایجان | ٦ | ٥٣ | ١٩ |
| ڕووسیای سپی | ٢ | ٠ | ٠ |
| بۆسنە | ٢٣ | ١٢ | ٥ |
| بۆسنە و هێرزەگۆڤین | ٨٦ | ٢٠ | ١٢ |
| بۆلگاریا | ١٢ | ٠ | ٢ |
| چاچانستان | ٢٥٣ | ٨٠٠ | ٤٠١ |
| کرواتیا | ٢٢ | ٤١ | ٢ |
| کۆماری چیك | ٥ | ٤ | ٠ |
| چیکۆسلۆفاکیا | ٢ | ١ | ٠ |
| ئەستۆنیا | ٨ | ٣٩ | ١ |
| FRY | ٩ | ٠ | ٢ |
| کۆسۆڤۆ | ١٣٠ | ١٢٧ | ٥١ |
| مۆنتینگرۆ | ١٣ | ٠ | ١ |
| سربیا | ١٨ | ٢٦ | ٧ |
| باکووری سربیا | ٦ | ٠ | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جۆرجیا | ٧٩ | ١٧٩ | ٥٤ |
| کۆماری دیموکراتی ئەلمانیا | ٦ | ١٠ | ١ |
| هەنگاریا | ٨ | ١١ | ٠ |
| لاتڤیا | ٨ | ٠ | ٠ |
| لیتوانیا | ٥ | ٦ | ٠ |
| کۆماری مەقدۆنیا | ٦٥ | ٣٦ | ١٠ |
| مەلدۆڤیا | ٥ | ١٤ | ٨ |
| پۆلەندا | ١٤ | ٨ | ٣ |
| ڕۆمانیا | ٥ | ٢ | ٥ |
| ڕووسیا | ٤٧٤ | ٣٦٥٢ | ١٣٨١ |
| سربیا | ٢٩ | ٣ | ٢ |
| سربیا و مۆنتینگرۆ | ٢ | ٠ | ٠ |
| سلۆڤاکیا | ٨ | ١ | ١ |
| سلۆڤینیا | ١ | ٠ | ٠ |
| USSR | ١٠ | ٩ | ٢ |
| ئۆکرانیا | ٢٦ | ٢٨ | ٤ |
| یۆغۆسلافیا | ٧ | ٧ | ٢ |
| سەرجەم | **١٤٠٥** | **٥١٠٠** | **١٩٨٤** |

## ڕووداوە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی و کاریبی لە ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| ئەرجەنتین | ٢٦٧ | ٥١٦ | ١٧٥ |
| بەهاما | ٢ | ٠ | ١ |
| باربادۆس | ٢ | ٠ | ٧٣ |
| بلیز | ١ | ٠ | ٠ |
| بۆلیڤیا | ٧١ | ٤١ | ١٠ |
| بەڕازیل | ٥٣ | ٥٠ | ١٠ |
| چیلی | ٢٣٠ | ٤٠ | ٢ |
| کۆلۆمبیا | ١٧٤٨ | ٢٢٩٠ | ١٤٥٧ |
| کۆستاریکا | ٤٠ | ٢٩ | ٢ |
| کوبا | ١٩ | ٤ | ٢ |
| کۆماری دۆمینیکان | ٢٧ | ٣ | ٢ |
| ئیکوادۆر | ٧٦ | ٤٩ | ٢٧ |
| ئەلسیلڤادۆر | ١١٨ | ٦٨ | ٦٥ |
| ئایسلاند | ١ | ٠ | ٠ |
| گرینادا | ١ | ١ | ٠ |
| گوادالۆپێ | ٢ | ٢ | ٠ |
| گواتیمالا | ١١٠ | ٣٧ | ٩٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گویانا | ٥ | ٥ | ٤ |
| هاییتی | ٢٣ | ٢٩ | ٥ |
| هیندۆراس | ٧٢ | ٦٩ | ٣٧ |
| جامایکا | ٨ | ٠ | ٠ |
| مارتینیکۆ | ١ | ٠ | ٠ |
| مەکسیکۆ | ٧٩ | ٢٧ | ٢٠ |
| نیکاراگوا | ٤٦ | ٨٣ | ٣٦ |
| پەنەما | ٢٣ | ٣٠ | ٢٥ |
| پاراگوای | ١١ | ١ | ٥ |
| پیرۆ | ٣٦٣ | ٣٨٩ | ١٩٥ |
| پۆرتۆریکا | ٢١ | ٤ | ٢ |
| سۆرینام | ٣ | ٠ | ١ |
| ترناداد و تۆباگۆ | ١ | ٣ | ٠ |
| ئۆرۆگوای | ٢٦ | ٣ | ١ |
| فەنزەویللا | ١٦١ | ٧٣ | ٤٨ |
| سەرجەم | ٣٦١١ | ٣٨٤٥ | ٢٢٨٩ |

ڕووداوە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی باکووری ئەمەریکا لە ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| کەنەدا | ٣٠ | ٥١ | ٣٣٨ |
| ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا | ٥٤٦ | ٤١٧٠ | ٣٢٢٨ |
| سەرجەم | ٥٧٦ | ٤٢٢١ | ٣٥٦٦ |

ڕووداوە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی باشووری ئاسیا لە ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| ئەفغانستان | ٩١٧ | ١٨٤٢ | ١٤٨٦ |
| بەنگلادیش | ١٤٥ | ٢١٩٠ | ٢٢٤ |
| بۆرما (میانمار) | ٤١ | ٢٩٦ | ٩٠ |
| سایلۆن | ٣٢ | ١٥٦٤ | ١٩٠ |
| هیندستان | ٧٨٢ | ٥٤٨١ | ٢٠٠٨ |
| کەشمیر | ١٠٤٦ | ٢٨٣٣ | ١٥٤١ |
| نیپال | ٤٤١ | ٤٥٠ | ١٩٢ |
| پاکستان | ٩١٨ | ٥٩٢٢ | ١٧٥٤ |
| سریلانکا | ٢١٩ | ١٣٥١ | ٥٢٠ |
| تایلاند | ٧٤٨ | ١١٣٦ | ٤٩٧ |
| سەرجەم | **٥٢٨٩** | **٢٣٠٦٥** | **٨٥٠٢** |

ڕووداوە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئۆقیانوسیا لە ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| ئوستراليا | ٣٣ | ١١ | ٩ |
| کەمبۆدیا | ٥٩ | ١٨٨ | ٧٧ |
| تەیموری ڕۆژهەڵات | ٩ | ٣ | ١١ |
| فیجی | ٢ | ٠ | ٠ |
| پۆلینێسی فەرەنسی | ٢ | ٠ | ١ |
| ئیندۆنیزیا | ٢٢٧ | ١٤٨٥ | ٤٧٤ |
| لاوس | ١٤ | ١٤ | ٣ |
| مالیزیا | ١٣ | ١١ | ١١٠ |
| نیوزیلەندا | ٥ | ٠ | ١ |
| پاپوا نیوغینیا | ٥ | ٣ | ١ |
| فلیپین | ٤٠٤ | ٢٠٦١ | ٦٠٤ |
| سەنغافورە | ٥ | ٠ | ٠ |
| خوارووی ڤێتنام | ١ | ٠ | ١ |
| ڤێتنام | ٢ | ١٣٢ | ٠ |
| سەرجەم | **٧٨١** | **٣٩٠٨** | **١٢٩٢** |

ڕووداوە تیرۆریستیەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| وڵاتەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| نەمسا | ٦١ | ١١٧ | ١٧ |
| ئازۆریس | ١ | ٠ | ٠ |
| بەلجیکا | ١١٧ | ١٨٦ | ١٩ |
| کەناری ئیسلاند | ٣ | ٠ | ٠ |
| قوبروس | ٧٢ | ٦٧ | ٢٥ |
| دانیمارك | ٢٨ | ٦٠ | ١ |
| کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا | ٤٥٩ | ٦٩٧ | ٩٣ |
| فنلەندا | ١ | ٠ | ٠ |
| فەرەنسا | ١١٣٨ | ١٣٦٥ | ١٨٣ |
| ئەڵمانیا | ٢١ | ١٥ | ١ |
| جەبەل تاریق | ٢ | ٠ | ٣ |
| یۆنانیستان | ٦٣٢ | ٥١٦ | ١٤٩ |
| ئایسلاند | ١ | ٠ | ٠ |
| ئایرلاند | ٣٦ | ١٠ | ٨ |
| ئیتالیا | ٤٢٥ | ٤٢٥ | ٨٦ |
| لۆکسمبۆرگ | ٥ | ٠ | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مالتا | ١٢ | ٩ | ٢ |
| هۆڵەندا | ٧٦ | ٤٦ | ٢٧ |
| باکووری ئیرلەندا | ٦٩٩ | ٢١٤ | ٧٢ |
| نەرویج | ١٠ | ٥ | ١ |
| پورتوگال | ٥٠ | ١٣ | ٩ |
| ئەسپانیا | ١٣٠٨ | ١٣٩٤ | ٢٨٧ |
| سوێد | ٤٥ | ١١ | ٣٤ |
| سویسرا | ٨٤ | ٦٦ | ٥٣ |
| بەریتانیا | ١٧٤ | ٤٠٨ | ٣٦٦ |
| سەرجەم | **٥٤٥٠** | **٥٦٢٤** | **١٤٣٦** |

ڕووداوە تێرۆریستیەکان لەو ناوچانەی خوارەوە لە ١٩٦٨/٠١/٠١ تا ٢٠٠٦/١٥/١١.

| دەڤەرەکان | ڕووداوەکان | زیانەکان | کوژراوەکان |
|---|---|---|---|
| ئەفریقا | ١٠٥٥ | ٩١٨٣ | ٣٤٨٢ |
| ڕۆژئاوا و ناوەراستی ئاسیا | ٢٤٢ | ٥٥٨٤ | ٢٥٣ |
| ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا | ١٤٠٥ | ٥١٠٠ | ١٩٨٤ |
| ئەمەریکای لاتینی و دوورگەکانی کاریبی | ٣٦١١ | ٣٨٤٥ | ٢٢٨٩ |
| خۆرهەڵاتی ناڤین و کەنداوی فارسی | ١٢٠٦٥ | ٤٣٣٥١ | ٢١١٩٩ |
| باکووری ئەمەریکا | ٥٧٦ | ٤٢٢١ | ٣٥٦٦ |
| باشووری ئاسیا | ٥٢٨٩ | ٢٣٠٦٥ | ٨٥٠٢ |
| باشووری ڕۆژئاوا و ئۆقیانوسەکان | ٧٨١ | ٣٩٠٨ | ١٢٩٢ |
| ئەوروپای ڕۆژئاوا | ٥٤٥٠ | ٥٦٢٤ | ١٤٣٦ |
| سەرجەم | **٣٠٤٧٤** | **١٠٣٨٨١** | **٤٤٠٠٣** |

بەپێی ئەم ژمارانەی کە لەبەردەستماندایە، ئەو دەڤەرەی کە تێکەڵبوونی ئاین و سیاسەت تیایدا بووە بە کولتوور زۆرترین ڕوداوی تێرۆریستی تیادا بەرهەمهاتووە. ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کەندوای فارس، لەماوەی ٣٨ ساڵی ڕابوردودا، ١٢٠٦٥ کردەی تێرۆریستی تیادا بەرهەمهاتووە. بێگوومان ئەمەش بەرزترین لوتکەیەو لە بەر ڕۆشنایی ئەم ژمارەیەدا ئەم ناوچەیە دەبێت بە یەکەمی جیهان لە بەرهەمهێنانی تێرۆریسمدا.

ئایا ئەم ژمارە زۆرە بەتەنها پەیوەندی بەو وڵاتانەوە هەیە کە دەوڵەتەکانیان لە نێو سێ مۆدێلەکەی پێشووتردان کە باسمانکردن، مۆدێلی تۆتالیتاریسم، مۆدێلی دەوڵەتی هەڵوەشاوەو مۆدێلی پرۆسێسیوسی بەدەوڵەتبوون ؟

بێگوومان نەخێر. ئیسرائیل لە نێو چوارچێوەکانی هیچ کام لەو سێ مۆدێلەدا جێی نابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەزارو نەوەدو شەش ڕوداوی تێرۆریستی بەخۆیەوە بینیوە. هەروەها تورکیا هەزارو دووسەدو شانزە ڕووداو، ئێران سەدوو سی ڕووداو، یەمەن سەدو بیست و سێ ڕوداو، ئوردوون هەشتاو نۆ ڕوداو کوەیت چل و پێنج ڕوداو. ئەم دەوڵەتانە لە دەرەوەی ئەو سێ مۆدێلەن کە پێشنیارمانکردن، لەگەڵ ئەوەشدا سەر زەمینی بەرچاوی کردە تێرۆریستیەکانن.

کەواتە چۆن تەفسیری ئەم فینۆمێنە بکەین ؟

من پێموایە بەبێ گەڕانەوەیەکی زانستیانەی بابەتیانە بۆ سەر پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئاین و چۆنیەتی یەکتر بیناکردنیان ئەستەمە ئێمە بتوانین تەفسیرێکی دروست لەسەر ئەم فینۆمێنە بەرهەمبهێنین. واتە ئەو سەرچاوەیەی کە فاکتەرە ڕاڤەکارەکانی ئەم هەلومەرجەمان دەداتە دەست بە پلەی یەکەم مۆدێلەکانی دەوڵەت نیە، بەڵکو بەکولتووربونی تێکەڵکردنی سیاسەت و ئاینە لەم وڵاتانەدا.

بەڵام ئەم تێکەڵکردنە تا بوون بە کولتوور چۆن دروستدەبێت و لەچیدا خۆی مانیفێست دەکات ؟

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوەبکەم کە من بەتووندی ئەو تێزە ڕەددەکەمەوە کە دەیەوێت ئیسلام وەک جەوهەرێکی نەگۆڕی دەقبەستووی چواردە سەدەیی بەئێمە بناسێنێت و هەموو تاوانەکانی ئەم چواردە سەدەیەش بخاتە ئەستۆی ئەو جەوهەرە نەگۆڕە. ئەم جەوهەرە کۆنکرێتیە وشک و کەڕوکوێرە نەک هەر لەڕاستیدا بوونی نیە، بەڵکو مۆدێلێکی ئیدیال و نەگۆڕەی کە بۆنی ئەو جۆرە لە جەوهەری لێبێت تەنها بەرهەمی خەیاڵدانێکی ڕووتی ئیدیۆلۆژیە نەک واقیعێکی بەرجەستەکراو. <u>بەپێچەوانەوە، بەدرێژایی چواردە سەدە لە مێژوو، ئێمە تێبینی ئەوەدەکەین کە ئیسلام توانیویەتی لەگەڵ سیستەمە سیاسیە جیاوازەکاندا هەڵبکات و خۆی ڕامبهێنێت و لەگەڵ گۆڕانی هەر سیستەمێکی سیاسیدا خۆی بگۆڕێت.</u>

بێگوومان من تەواو وشیارم بەوەی کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەو تێزە لە نێو کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردیدا زۆر بە دەگمەن جێگای دەبێتەوە، چوونکە، وەک پێشتر گووتمان، ئەم کێڵگەیە هەموو شتەکانی لەسەر دوو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی

و عەلمانی دابەشکردوەو ئەوەی ئینتیمای بۆ یەکێک لەم دوو بەرەیە نەبێت و هەوڵبدات بەتەنها زانستێکی ڕووت بەرهەم بێنێت بە ئەستەم گوێی لێدەگیرێت. پێچەوانەی ئەم تێزە، ئەو گوتارەیە کە دەیەوێت قەناعەتمانپێبکات کە کولتورێکی سیاسی ئیسلامی بەسەر چواردە سەدەدا درێژبووەتەوەو توانیویەتی لەم مێژووەدا یەک جۆر لە پەیوەندی بە سیاسەتەوە بسەپێنێت بە سەر موسوڵماناداو لێرەوە کەسی موسوڵمان گرفتی لەگەڵ دونیای مۆدێرندا هەیە، چوونکە ئەو پەیوەندیە دەستنیشانکراوە هەمیشەییە لەگەڵ مۆدێلی ئەو دەوڵەتەدا ناگونجێت کە مۆدێرنیتێ پێشنیاری دەکات. دەرەنجام، کەسی موسوڵمان هەموو تواناکانی دەخاتە کار بۆئەوەی لە مۆدێلی دەوڵەتی-نەتەوە وەک بەرهەمێکی مۆدێرنیتێ خۆی ڕزگاربکات و بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت بە مۆدێلە ئیسلامیەکەی.

کارکردنی ئێمە لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدایە، چوونکە پێمانوایە ئەوەی لە واقیعدا هەیە تەواو پێچەوانەیەو کەسی موسوڵمان نەک هەر گەڕیدەیەکی مۆدێلی ئیسلامی دەوڵەت نیە، کە هەر لە بناغەوە بوونی نیە، بەڵکو ئەو مرۆڤە مۆدێرنەیە کە دەیەوێت بە گۆشت و ئێسقانەوە دەوڵەتی مۆدێرنیتێ هەزمبکات.

ڕنگە لێرەدا ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی ئەم پرسیارە بکرێمەوە:

ئەی کەواتە چۆن گەڕانەوە بۆ ئیسلام تەفسیر دەکەیت ؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکی تەواو دروستەو لەجێگای خۆیدایەو دەبێت وەڵامی بدەینەوە.

ئایا ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام، گەڕانەوەی (مەکبوتێکی) دەسەڵاتداری دامەزرێنەی بیناکارە ؟

ئایا ئەمە گەڕانەوەیە بۆ کولتورێک کە چواردە سەدە لەمەوبەر دروستکراوەو لە قوتودا خەزنکراوەو ئێستا موسوڵمانان دەیکەنەوە ؟

بێگوومان نەخێر. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم نەخێرەو بەستنەوەی بە بابەتی توێژینەوەکەمانەوە (تێکەڵکردنی سیاسەت و ئاین تا ئاستی بوون بە کولتوور)، ئێمە بە پرسیارێکی دیکەی بناغەیی دەستپێدەکەین کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێکە لەگەڵ بەڕێوبەری نامەی دوکتۆراکەمدا، ئۆلیڤەر ڕوا، کاری لەسەر دەکەم:

ئیسلام وەک ئاینێکی مۆنۆتایست، چۆن لە نێو پانتاییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا کاردەکات ؟

چۆن و بەچ شێوەیەک چوارچێوە بۆ ڕەفتاری موسوڵمانان دروستدەکات ؟

ئەو پەیوەندیانە چین و چۆنن کە لە نێوان نۆرمی (ئیسلامی) و پراکتیکی موسوڵماناندا دروستدەبن ؟

ئایا بەڕاستی نۆرمی ئیسلامی پراکتیکی موسوڵمانان دیاریدەکات ؟

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کەنداوی فارس وەک مەیدانی تێکەڵکردنی سیاسەت و ئاین. ئێمە لەم دەڤەرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە نۆرمی (ئیسلامی) تەنها لەیەک دەرفەتدا دەتوانێت وەک نۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ماشینەکانی خۆی بخاتە کار، ئەو دەرفەتەش بریتیە لە ئامادەبوونی سیستەمێک کە خواستی ئەوەی هەبێت ئەو نۆرمە سەرلەنوێ ڕابکێشێتەوە مەیدان و لە

کردەیەکی وردەکارانەدا هەڵیوەشێنێتەوەو سەرلەنوێ بینایبکاتەوەو پاشان ئامادەییکات بۆ تەرجەمەکردن لەسەر ئاستی پراکتیک.

لێرەوە شتێکی نوێ لەدایک دەبێت، شتێک کە لە شتەکانی پێشووتر ناکات، من ئەم شتە ناو دەنێم: تێکەڵبوونی سیاسەت و ئاین وەک کردەی بە کولتوربوون. واتە دروست کردنی کولتوری سیاسەت-ئاینی بەیەکداچوو. ئۆلیڤەر ڕوا ئەمە ناو دەنێت: رولیژیۆزیتی-ئایندارى نوێ[lxxxix].

لەم کولتوورە نوێیەوە، ئیتر ئەم دەڤەرە پێدەنێتە نێو پرۆژەیەکەوە کەدەکرێت بە پرۆسێسی بەئیسلامیکردنەوەی شتەکان، هەموو شتەکان، ناوی بەرین. ئەم کردەیە نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کەنداوای فارسی گرتەوە، بەڵکو باڵی کێشا بەسەر هەموو جیهانی ئیسلامدا و تەنانەت گەشتە ڕۆژئاواش. ئێرانی خومەینی، پاکستانی مەودودی، عێراقی سیستانی، میسری حەسەن بەننا، سودانی تورابی، تونسی غەنووشی، جەزائیری مەدەنی، یەمەنی زەنەدانی، کوردوستانی سەلاحەدین بەهادین، وڵاتانی کەنداوی قەرزاوی، فەرەنسای تاریق رەمەزان، بەریتانیای عومەر بەکری، دەیان نموونەی دیکەش دەکرێت وەک دەرکەوتنی ئەم پرۆسێسە بهێنرێتەوە.

لە نێو ئەم کردەیەدا خواستی بەهەنووکەییکردنی ڕابووردوو وەک فاکتەرێکی بیناکار، ماڵی کردنی ڕابووردوو وەک فۆرمێک لە مۆدێرنیتێ زۆر بە گوورو تینەوە لەکارکردندایە. ئەم کارکردنەش لەهەمانکاتدا شەریکەیەکە بۆ درووستکردنی زەبروزەنگ لەسەر هەموو ئاستەکان. لەم شەریکەیەدا دەستکاری هەموو شتەکان دەکرێتەوە. هەموو شتەکان پێکەوە. هەموو شتەکانی ئاین وهەموو شتەکانی پانتاییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان.

بەننا و مەودودی و خومەینی، هەر لە کەسی تاکەوە بیگرە تا دەگاتە دەوڵەت، هەر لە لەچکی کچێکەوە بیگرە تا دەگاتە داهاتی نیشتمانی، هەر لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵێکەوە تا دەگاتە دەزگای خوێندنی باڵا، هەرلە چۆنیەتی خوێندنەوەی وتاری ڕۆژی هەینیەوە تا دەگاتە بەیانەکانی وەزارەتی بەرگری دەستکاریدەکەن و سەرلەنوێ دایاندەڕێژنەوە.

واتە چرکەی دروستکردنی کولتوری تێکەڵکردنی سیاسەت-ئاین لای ئەم پیاوانە بە داپراندا تێدەپەڕێت. داپران لەگەڵ مێژووی ئیسلامیدا بەگشتی و پێنانە نێو دونیای مۆدێرنیتییەکی ماڵیکراوەوە. ئەم کردەی بەئیسلامیکردنەوەی کۆمەڵگەیە، بەهیچ شێوەیەک لە سەردەمی ئەمەویەکان و عەباسیەکان و عوسمانیەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو داپرانێکە لەگەڵ هەموو ئەو سەردەمانەداو دروستکردنی دونیایەکە لە دەرەوەی هەموو ئەو دونیایانەدا. ئەم دونیایەی کە لەسەر تێکشکاندنی هەموو شەتەکانی دیکە بینادەکرێت، بەشێوەیەکی سروشتی بە تونێلەکانی زەبروزەنگدا تێدەپەڕێت. بە قەدەر پەلکێشانی ئەم دونیایە، زەبروزەنگ پەل دەکێشێت. بێگومان هەموو زەبروزەنگێکیش، بە جۆرێک لە جۆرەکان سکی پڕە بە تێرۆریسمێکەوە. هەموو زەبروزەنگێک تێرۆریسم نیە، بەڵام هیچ تێرۆریسمێکیش بەبێ زەبروزەنگ لەدایک نابێت.

ئێمە لەم چوارچێوە تێوریەدا بەرزبوونەوەی ژمارەی چالاکیە تێرۆریستیەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەخوێنینەوە.

واتە ئەوە ئیسلام وەک ئاینێکی مۆنۆتایست نیە کە تێرۆریسم دروستدەکات، بەڵکو پرۆسێسی تێکەڵکردنی ئەم ئاینە تەوحیدیەیە لەگەڵ سیاسەتدا، ئەرکی دروستکردنی کردەی تێرۆریستی دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەوە خوداوەند نیە لە پشت تێرۆریسمەوە وەستاوە، بەڵکو ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەن کە ئەو پرۆسێسی تێکەڵکردنە بەڕێوەدەبەن.

ئێمە لەڕێگای ئەم تیپە لە ڕامان و ڕاڤەکردنەوە، جیاوازی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەو نوسەرانەدا ڕادەگەیەنین کە خوداوەندی موسوڵمانان دەکەن بە بەرپرسیاری سەرەتاو کۆتایی هەموو شتە نێگەتیڤەکان. بەتایبەتی نووسەری کتێبی (اللّٰه چۆن بیر لە ئەوروپا دەکاتەوە ؟) کە نووسەر شاهدۆرت جاڤان بە زمانی فەرەنسی بڵاوی کردوەتەوە[xc].

## زۆنی سێیەم : پانتایی ئەنتەرناسیۆنال

لە زۆنی دووەمدا ئێمە هەوڵماندا چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم لە ناوخۆی دەوڵەتێکدا ڕاڤەبکەین و سەرگەرمی پشکنینی پەیوەندی نێوان زەبروزەنگ و تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت لە نێو پانتایی دەوڵەتێکدا بووین. لە زۆنی سێیەمدا چۆنیەتی کارکردنمان دەگۆڕین و ڕەهەندێکی ئەنتەرناسیۆنال بە پشکنین و ڕاڤەکردنەکانمان دەدەین. لێرەدا ئەوەی ئیشکالیەتی ئێمەیە گەڕانە بەدوای وەڵامەکانی ئەم پرسیارەدا:

چۆن دەوڵەتێک زەبروزەنگی سیاسی و تێرۆریسم ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە نێو دەوڵەتێکی دیکەدا بینادەکات ؟

ئێمە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کوشندەو گرنگە دێین و توانا تەحلیلیەکانمان ئاڕاستەی چۆنیەتی ڕاکشانی بوونیەویانەی پەیوەندی بە زەبروزەنگەوە لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پۆست سەدام حوسەیندا دەکەین. بۆ کۆنکرێتیزەکردنی ڕوانگە تحلیلیە کەشمان و بۆ ئەوەی کە خوێنەریش لە نێو تاریکایی گوتاردا بەجێنەهێڵێین، کۆماری ئیسلامی ئێران وەک بەرجەستەترین حاڵەت پێشنیاردەکەین.

چۆن کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەبروزەنگ و تێرۆریسم بینادەکات ؟

سروشتی ئەم بیناکردنە بەچ شێوەیەک پیوەندە بە ئامادەیی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ؟

بیناکردنی زەبروزەنگی ئێرانیی ناڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ جۆرە پەیوەندیەکی هەیە بە دانوستانی کۆماری ئیسلامی و یەکێتی ئەوروپاوە لەسەر پرۆژە ئەتۆمیەکانی ئێران ؟

ڕەهەندی ململانێی ساردی شیعە-سوونە تاچەند بەشدارە لە کردەی بیناکردنی زەبروزەنگدا ؟

کۆماری ئیسلامی ئێران تا چ سنوورێک ڕێگا بە بیناکردنی زەبروزەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات و لەکوێداو چۆن ئەم ماشینی بیناکردنە ڕادەگێرت ؟

تێبینیەکی گرنگ: ئێمە پێمانوانیە سیستەمی ئیدارەکردنی جیهان توانای ڕاڤەکردنی هەموو ڕەهەندەکانی زەبروزەنگ و تێرۆریسمی جیهانی نیە و ئەو تێزە ڕەددەکەینەوە کە دەیەوێت ئەم ئەرکە بە سیستەمی جیهانی ببەخشێت. بەڵام لەهەمانکاتدا پێمانوایە سیستەمی جیهانی بەشێکی گرنی ئەم فێنۆمێنەمان بۆ ڕوندەکاتەوەو بەبێ تێگەشتن لە کۆنترادیسیۆنەکانی ئەو سیستەمە ناتوانین بەشێوەیەکی دروست لە تێرۆریسم و زەبورزەنگی ئەنتەر-دەوڵەتەکان بگەین.

## ئێران و بیناکردنی زەبروزەنگ لە لوبناندا

دوا جەنگی نێوان حیزبو اللەی لوبنانی و ئیسرائیل یەکێکە لەو مەیدانانەی کە بەڕونترین شێوە ئەم "پرۆسێس"ەی تیادا دەردەکەوێت. من پێموایە بەبێ ئامادەکردنی ئێران وەک هێزێکی گەشەکردوی پێگەشتووی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ئەستەمە بتوانین لەم جەنگە بگەین. کۆماری ئیسلامی ئەو کلیلەیە کە دەکرێت چەندین دەرگامان لەسەر بینینی واقیعی لوبنانی وەک ئەوەی کەهەیە بۆ بکاتەوە. پێش گەشەکردن و پێگەشتنی ئێران وەک یەکێک لە هێزە هەر گەورەکانی ناوچەکە، زەبروزەنگی لوبنان-ئیسرائیل، لوبنان-لوبنانی، فەلەستین-ئیسرائیل، فەلەستین-فەلەستینی هەڵگری لۆژیکی تایبەت بەخۆی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەم گەورەبوونە ئێرانیەدا، جۆرێک لە داڕان، یان گووزەر بەدیدەکەین، گوزەر لە لۆژیکی ناوەکیەوە بەرەو لۆژیکی دەرەکی. لە چرکەی ئەم گوزەرەدا هاوکێشەکان دەگۆڕێن، هاوپەیمانەتیەکان لنگاوقوچدەبنەوەنەو یاریەکان تەواو ئاڵۆزدەبن.

ئەم دوا هێرشەی حیزبو اللە بۆسەر ئیسرائیل دەکرێت وەک دەرکەوتەیەکی گرنی ئەو گوزەرە ببینین. لێرەدا ئێرانیەکان هەموو هەنگاوێکیان بە حاسیبەی بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ژماردووە. حاسیبەیەک کە ناکرێت هەڵە قبووڵبکات. بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت کە سوریاش جێگایەکی تایبەتی لەم هاوکێشە نوێیە ئێرانیەدا هەیە، بەتایبەتی لە پانتایی لوبنانیدا.

ئێرانیەکان دەزانن کە سوریا تا ئەم چرکەیەش پاشەکشەکردن لە لوبنانی بۆ قووتنادرێت و بەردەوام خەون بە گەڕانەوەوە دەبینێت. گەڕانەوەیەک کە بۆنی ساڵی هەشتای لێبێت، واتە :

سوریا نایەوێت گەڕانەوەی بۆ لوبنان ببێتە هۆکاری هەڵوەشانەوەو لەناوبردنی حکومەتی سەنتراڵی لوبنانی. بەپێچەوانەوە، کارێکی ئاوا لەبەرژەوەندی ڕژێمی بەعسی سوریدا نیە. ئەو دەیەوێت حکوماتێکی سەنتراڵ هەبێت، بەڵام تەواو لاواز، حکومەتێک کە هەرگیز نەتوانێت هەستبە سەربەخۆیی سەد لە سەدی خۆی بکات و هەمیشە بە دەست و قاچی لەرزۆکەوە لە هاتووچۆدابێت.

بەڵام لەهەمانکاتدا سوریا دەیەوێت حیزبو اللّٰهیەکی بەهێز لەیەکەم بەرەی ڕووبەڕووبونەوەدا بێت لە گەڵ ئیسرائیلدا. حیزبو اللّٰهیەک کە بتوانێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ستراتیژیەت و بەرژەوەندی و خواستەکانی سوریا بەدیبهێنێت. حیزبو اللّٰهیەکی بەهێز کە لەسەرەوەی حکومەتی لوبنانی و دەوڵەتەوێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، حکومەتێکی لاواز و حیزبو اللّٰهیەکی بەهێز، ئیتر سوریا وەک تاکە دادوەری بەهێز خۆی دەخاتە سەر شانۆ. دادوەرێک کە دەرگاکانی کۆشکی کۆماری لە دیمەشق دەخاتە سەرپشت بۆ هەموو برا ناکۆکە لوبنانیەکان. ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە کە رژێمی بەعسی سوری تا ئێستاش بۆ ستراتیژیەتەکانی خۆی لە لوبناندا دەستنیشانکردوە.

بەڵام ئەی ئەگەر ئیسرائیل بڕیای پەلاماردانی خودی سوریای دا ؟ لەڕاستیدا پەلاماردانی سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە کارێکی هێندە زەحمەتنیە، بەڵام ئەوەی کە زەحمەتە بۆ ئیسرائیل بەدیلەکەی ئەو ڕژێمە (لائیک-عەلمانەیە) یە کە ئێستا لە دیمەشق کاربەدەستە. ئیسرائیلیەکان ئەم بەدیلە تەنها لە (برایانی موسوڵمانی) سوریادا دەبیننەوە. ئەمەش ئەو مەترسیەیە کە نایانەوێت بەلای کەمەوە لە ئێستادا ڕووبەڕووی ببنەوە. ڕاستە ئیسرائیلیەکان دەزانن کە (برایانی موسوڵمانی سوری) زیاتر لە ئیسلامی سیاسی تورکی دەچن تا هەر بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی و توندڕەو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەنین ناوچەکە پربکەن لە ڕژێمی ئیسلامی سیاسی. ئەمە لەیەک کاتدا لاوازی و کۆنترادیسیۆنی عەقڵی سیاسی ئیسرائیلیە. لاوازی چوونکە دەستی ئیسرائیل لەبەرامبەر سوریادا دەبەستێت، کۆنترادیسیۆنیش چوونکە ئیسرائیل نایەوێت بە پرانسیپە دێمۆکراسیەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بکات. ڕژێمی بەعسیی سوریش تەواو وشیارە بەم لاوازی و کۆنترادیسیۆنە لە عەقڵی سیاسی ئیسرائیلیدا، بۆیە هەڵدەدات تا ئەوپەڕی تواناکانی کەڵکیان لێوەربگرێت و بیناکات بەکارتێکی بەهێز بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی لە ناوچەکەدا.

لەبەرامبەر هەموو ئەم لێکدژی و ئاڵۆزی و فەوزایەی کە لە سیاسەتی سوریا و ئیسرائیل لەناوچەکەدا پێچراوە، کۆماری ئیسلامی ئێران وەک تاکە هێزێک کە خاوەنی ستراتیژیەتێکی تۆکمە و ڕوون و یەکگرتوویێت دەردەکەوێت. ئێمە دەتوانین ئەم ستراتیژیەتە ئێرانیە بەسەر دوو مەودادا دابەشبکەین[xci] :

یەکەم : مەودای نزیک. کۆی ستراتیژیەتی ئێرانی لەم چرکەیەدا بریتیەلە پارێزگاریکردن لە بنکە ئەتۆمیەکانی و ڕێگاگرتن لە هەر ئەگەرێک کە بۆنی هێرشکردن بۆ سەر ئەو بناکنەی لێوەبێت. ئێمە بۆ خوێندنەوەی هەر کردەیەکی ئێرانی لە هەر جێگایەکی ئێراندا دەبێت ئەم ڕەگەزەمان بەردەوام لەبەرچاوبێت و بیکەین بە پێوەرێک بۆ خوێندنەوەی هەر جوڵانەوەیەکی ئێرانی لە هەربەشێکی دونیادا بەگشتی و لە لوبنان و عێراق و ئەفغانستاندا بەتایبەتی. ئەو (ئەویترانەی) کە لەم چرکەیەدا دەکرێت مەترسی بەردەوامبن بۆ سەر ئەم ستراتیژیەتە ئێرانیە دوو لایەنن: ئەمەریکەیەکان لەلایەک و ئەوروپیەکانیشن لەلایەکی دیکەوە.

دووەم: مەودای دوور. لێرەدا هەموو شتەکان دەڕۆنە خزمەتی ئامانجێکی ترەوە کە دەکرێت بە گەورەبوونی تاقانەیی ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئێران

دەبەوێت ببێت بە یەکەم هێزی تاقانە. هێزێک کە لەم ناوچەیەدا دەسەلاتی ئەوەی هەبێت چوارچێوەکان دروستبکاتەوەو هەیمەنەبکات بەسەر هەموو ئەوانیدیکەدا. لە عەقڵی ستراتیژی ئێرانیشدا گرفتی یەکەمی ئەم چرکەیە سەرجەم ڕژێمە عەرەبیەکانی ناوچەکەن.

بەڵام بۆچی ئێرانیەکان بەردەوام هێرشدەکەنە سەر ئیسرائیل ؟ ئێمە پێمانوایە ئێرانیەکان هەرگیز لە بەرنامەیاندانیە هێرشبکەنە سەر ئیسرائیل بەنیازی لەناوبردنی. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە عەقڵی سیاسی ئێرانیدا جێگای نابێتەوەو سەرجەم ئەو هێرشە میدیاتیکانەش هیچنین جگە لە کەرەسەیەک نەبێت بۆ بەدیهێانی ئەو دوو ستراتیژیەتەی سەرەوە کە باسمانکردن. لەڕێگای ئەم هێرشە ئیعلامیانەوە، ئێران هەستێکی کۆلێکتیف لە نیشتمانی عەرەبیدا دروستدەکات کە کۆماری ئیسلامی یەکەم پارێزەری کێشە ڕەواکەیانە لەبەرامبەر ئیسرائیلدا، بەڵام لەهەمانکاتیشدا سەرگەرمی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتێکی دورە مەودای وایە کە تیایدا جیهانی عەرەبی ببێت بە پاشکۆیەکی هەمیشەیی.

ساڵی ٢٠٠٤، ئەوروپیەکان لە بری کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ڕووبەڕووی ئێرانیەکان دەبنەوەو دەیانەوێت ڕێگاکانی بۆمبی ئەتۆمی لێبگرن، گەرنا زنجیرەیەک سزای ئابووری بەسەردا دەسەپێنن. ئەوروپیەکان دەیانویست، هەموو دوناى لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکەوە بخەنە سەر شانۆ. بەڵام زەرب و تەقسیم و کۆکردنەوەکەیان هەڵەی زۆری تیادابوو. لەو کاتەدا کە ئەوان دەیانەوێت ئێران لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دابڕن و وەک لایەنێکی پەراوێزکراو مامەڵەی لەگەلدا بکەن، کۆماری ئیسلامی کارتە پلە دووەکانی لە چەکمەجەکان دەردەهێنێت و ئاڕاستەی ڕوداوەکانیان پێدەگۆڕێت. واتە لەڕێگای کارتی ململانێی حیزبو الله و ئیسرائیل و حەماس و ئیسرائیلەوە سەرلەنوێ خۆی وەک هێزێکی جیهانی دێنێتەوە مەیدان. وەڵامی ئێرانیەکان بەم شێوەیەیە : زۆر باشە، ئێوە قەیرانتان دەوێت، ئەوە قەیرانی حیزبو الله و ئیسرائیل، ئەوە قەیرانی حەماس و ئیسرائیل.

ئەمە ئەو مەسیجەبوو کە کۆماری ئیسلامی ویستی و دەیەوێت بۆ ئەمەریکی و ئەوروپیەکانی بنێرێت. گەر ئێوە بتانەوێت قەیران بۆ ئێران دروستبکەن، دەبێت لەهەمانکاتدا زۆر بە قورسی خۆشتان نرخی ئەو قەیرانە بدەن. نرخێک کە بەهەزاران ملیۆن دۆلار حسابدەکرێت و ڕەنگە هیچ لایەنێک لە توانایدا نەبێت بیگرێتە ئەستۆی خۆی.

هەر هەڕەشەکردنێک بۆسەر کۆماری ئیسلامی، هەنگاوێک ئێران لە سەرکردایەتیکردنی بەرەی (رەفزەوە) نزیکدەکاتەوە. ئەو رەگەزانەی ئەم بەرەیە پێکدەهێنن بریتین لە هەموو ئەو وڵات و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە دژی دانانن بە بوونی شەرعیەتی ئیسرائیلدا. لێرەوە ئێرانیەکان لەسەر زیاتر لە پەتێک یاریدەکەن. بۆ کۆنرۆڵکردنی بزووتنەوە ئیسلامیەکان گووتاری پانئیسلامیسم دەخەنە پێش هەموو گووتارەکانی دیکەوە، بۆ کۆنرۆڵکردنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان گووتاری ئەنتی-سەهیۆنیسم پێشدەخەن، هەروەها بۆ کۆنرۆڵکردنی بزووتنەوە چەپرەوەکان گووتاری ئەنتی-کۆلۆنیالیسم پێشدەخەن و هتد.

ئەمە لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی نزیک، بەڵام لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی دوورە مەودا، واتە بوون بە سوپەر-هێزی ناوچەکە،وەک چۆن (ئەویترەکانی) کۆماری ئیسلامی دەگۆڕێت ئاواش کارتەکانی دەگۆڕێت. لەم چرکەیەدا ئەوەی کە ڕووبەڕووی ئێران دەبێتەوە ئەوروپاو ئەمەریکانین، بەڵکو وڵاتانی عەرەبین، ئەو کارتەش بەکاردەهێنرێت بزووتنەوە ناسیۆنالیست و کۆمەڵایەتیە عەرەبیە ئەنتی سەهیۆنیسمەکان نین، بەڵکو بەپلەی یەکەم چەکی ئەتۆمی و بەپلەی دووەم کۆمینۆتێی شیعە لە عێراق و ولوبنان و بەحرەین و کوێت و سیعودیەو بەپلەی سێیەمیش ڕژێمی بەعسی سوریایە. هەموو ڕووداوەکانیش لە ئێستادا بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن کە ئێران دەخوازێت. واتە سەرئاوکەوتنی کۆمینۆتێی شیعە بە هێزێکی سیحراویەوەو ژێرئاوکەوتنی ئیسلامی سیاسی سوونی و ناسیۆنالیسمی عەرەبی کە گوومانی ئەوەیان لێدەکرێت لە داهاتوودا ببن بە گرفت بۆ ئێران.

# بەشی سێیەم
# تێرۆریسم و میدیا
# مۆدێلەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا

ئێرە پانتاییەکی دیکەیە بۆ ڕامان و وردبوونەوە. پانتاییەک کە هەڵگری تایبەتمەندیەتی خۆیەتی. سەرەڕای تایبەتمەندیەتی لە پەیوەندیشدایە لەگەڵ پانتاییەکانی دیکەی پێشووتردا، مەبەستمان لە زۆنەکانی تێرۆریسمە (سیستەمی سیاسی، دەوڵەت، سیستەمی جیهانی)، هەروەک چۆن پەیوەندیشە بە ئیشکالیەتی شکستی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و گووزەرەکانیەوە[xcii]. هەر لە ڕفاندنی یەکەم فڕۆکەوە لە ٢٣تەموزی ١٩٦٨دا لەلایەن بەرەی گەل بۆ ئازادی فەلەستینەوە[xciii]، تا فڕۆکەکانی بن لادن لە یانزەی سێپتەمبەرو تا سەرە بڕاوەکانی زەرقاوی لەسەر ئەنتەرنێت و شاشەی ئەلجەزیرە، تێزێک، یاخود جۆرێک لە تێگەشتنی تایبەت لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان تێرۆریسم و میدیا، وردە وردە هەیمەنەدەکات نەک تەنها بەسەر مەیدانەکانی تووێژینەوەدا بەڵکو بەسەر ڕووبەرەکانی "مانای هاوبەش[xciv]"یشدا. ئەم تێزە پێیوایە بەرژەوەندیەکی هاوبەش هەردوو گەردوونی تێرۆریسم و میدیا پێکەوە گرێدەدات[xcv]. ئەو بەرژەوەندیەش بەم شێوەیەیە :

<u>تێرۆریستەکان ئەو شانۆگەریە پێشکەشدەکەن کە میدیا، بۆ ڕازیکردنی خوێنەرو گوێگرو بینەرەکانی، پێویستی پێیەتی. شانۆگەریەکی زۆر گرنگی سوریە خوێنی ئەفسوناوی، شانۆگەری سەری بڕاوو لاشەی سووتێنراوو ماڵی وێرانکراو، شانۆگەری هاوارو ناڵەو گریان. لەهەمانکاتدا میدیاش تێرۆریستەکان لەسەر هەواو ڕاستەوخۆ بەجیهانەوە دەبەستێتەوەو پەیامەکانیان بەهەموو دونیا دەگەیەنێت.</u>

کەمنین ئەو توێژەرانەی کە خۆیان داوەتە دەست ئەم تێزەو وەک "بەڵگەنەویستێک" مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بۆ خوێندنەوەی تۆڕەکانی نێوان تێرۆریسم و میدیا بەکاریدەهێنن. بەڵام من لەم کردە تەحلیلیەمدا هەوڵدەدەم مەودایەک لەنێوان خۆم و ئەو "بەڵگەنەویستە"دا دروستبکەم و پانتاییەکی دیکە لە ئیشکالیەت پێشنیاربکەم تا تیایدا بەجۆرێکی دیکە بجوڵێمەوە. جۆرێکی دیکەی جوڵانەوە نەک لەپێناوی خودی جوڵانەوەی پێچەوانەدا، چوونکە ئەوە کارێکی بێهودەیە، بەڵکو لەپێناوی بیناکردنی مەعریفەیەکی زانستیانەدا لەسەر ئەو تۆڕانە. مەعریفەیەک کە دەکرێت دواتر بەشداری زیندووبکات لە دەستنیشانکردنی شووناسەکانی سروشتی ئەو پەیوەندیەدا.

- ئایا بەڕاستی ئەو پەیوەندیەی کە ئەم دوو گەردوونە بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەسەر ئەو بەرژەوەندیە هاوبەشە دامەزراوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ؟

• ئایا وەک چۆن منداڵێک پێویستی بەشیر و ماسیەک پێویستی بەئاو هەیە ئاواش میدیا بۆ وەڵامدانەوەی ئارەزوی گوێگرو بینەرو خوێنەرەکانی پێویستی بە کردەی تێرۆریستی هەیە ؟

• ئایا بەڕاستی زەبروزەنگ بووە بەو کاڵایەی کە دەبێت هەموو میدیایەک ئیستیهلاکی بکات گەرنا توانای مانەوەی نابێت ؟

• ئایا هەموو تێرۆریستێک لە ڕێگای عەقدێک لەگەڵ میدیادا کردەکانی بەرهەمدەهێنێت ؟

• ئایا تێرۆریستەکان خاوەنی یەکجۆر لە مۆدێلی پەیوەندین بە میدیاوە یان هەر تێرۆریسمێک مۆدێلی تایبەت بەخۆی بەرهەمدەهێنێت ؟

• کێڵگەی میدیا بەپێی زنجیرەیەک لە یاسا و نۆرمی سەربەخۆ (بەشێوەیەکی ڕێژەیی) دەڕوات بەڕێوەxcvi(پیەر بوردیۆ)، هەروەها کێڵگەی تێرۆریسمیش، بەڵام ئەم دوو کێڵگەیە بە چ پرۆسێسێکی دانوستاندا (ئەنسالم شتراوس)xcvii تێدەپەڕن بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستن و زانیاری ئاڵوگۆڕپێکبەن ؟

• تێرۆریسم چی بە میدیا دەبەخشێت و میدیا چی بە تێرۆریسم دەبەخشێت؟

ئەمە کۆی ئەو پرسیارانەن کە لەم بەشەدا ئێمە کاریان لەسەر دەکەین.

لەسەر ئاستی مێتۆدۆلۆژیا، کارکردنی سۆسیۆلۆژی لەسەر دیاردەیەک هەمیشە کارکردنە بۆ دروستکردنی چوارچێوە کۆنسێپتیولەکان (مفاهيميّة) و بیناکردنی تێوری (نظرية). ئەم کردەیەش لای من هەمیشە بە تونێلەکانی کاتیگۆریزاسیۆندا (دروستکردنی کاتیگۆری: دەکرێت بەکوردی بکرێت بە دروستکردنی پۆل) تێدەپەڕێتxcviii. لێرەوە هەوڵدەدەم لەسەر ئەم بنەما مێتۆدۆلۆژیە چەند کاتیگۆریەکی پەیوەندی نێوان ئەو دوو گەردوونە (تێرۆریسم و میدیا) دەستنیشانبکەم.

## کاتیگۆری یەکەم:

شاردنەوە/شێواندن یەکێکە لەو پەیوەندیانەی کە تێرۆریستان لەگەڵ میدیادا دای دەمەزرێنن. لەم کاتیگۆریەدا، تیرۆریستەکان هەموو تواناکانیان دەخەنەکار بۆ ئەوەی کردە تێرۆریستیەکانیان لە میدیا بشارنەوە، کاتێکیش ئەم هەوڵەیان سەرناگرێت ئیتر ستراتیژیەتی دووەمیان دەخەنەکار، واتە شێواندنی کردە تێرۆریستیەکانیان لە ڕێگای گێرانەوەی جیاوازەوە.

ئەم کاتیگۆریە زیاتر نزیکە لە تێرۆریسمی دەوڵەت بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆن و ئەویترەکانی، هەروەها نزیکە لە سروشتی مامەڵەکردنی حیزبە ئیدیۆلۆژیەکان لەگەڵ ئەو ئەندامانەیدا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێی جودا دەبنەوە. بەشێکی زۆری ئەو کردە تێرۆریستیانەی نێو ئەم کاتیگۆریە لەبێدەنگیەکی سامناکدا ئەنجامدەدرێن و کاتێکیش بەهەر هۆیەکەوە بێت دەردەکەون ئەکتەرە تێرۆریستەکان بەشێوەیەک دەیشێوێنن کە نەناسرێتەوە.

بۆ فەحسکردنی ئەم کاتیگۆریە لەسەر چەند چرکەیەکی گرنگ ڕادەوەستین. بێگوومان کاری سۆسیۆلۆژی ئێمە، وەک هەمیشە دووبارەی دەکەینەوە، سەپاندنی کۆنسێپت نیە بەسەر واقیعدا، بەڵکو دروستکردنی کۆنسێپتە لە ئانوساتی کردەی توێژینەوە لەسەر واقیعدا وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی کە دەمەوێت هەبێت.

لە ۲۹ سێپتەمبەری ۱۹۷۱ دا ۹ مەلای عەرەب[xcix]، بە دوو ئۆتۆمۆبیل و بۆ زیارەتکردنی ژەنەراڵ بەرزانی ڕێگای حاجی عومران دەگرنە بەر. ژەنەراڵ، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای ژیانیدا، لە نێو سیستەمی مەلاو مزگەوتدا سۆسیالیزەکرابوو، ڕێزێکی تایبەتی لەو گرووپە کۆمەڵایەتیە دەگرت[c]. ۲۹ ی سێپتەمبەر هەردوو ئۆتۆمۆبیلەکە دەگەنە حاجی عومران و ژەنەراڵ باوەش بۆ مەلاکان دەکاتەوەو لە دیوەخانەکەی خۆیدا پێشوازیان لێدەکات. لەو چرکەیەدا کە یەکێک لە پێشمەرگەکان چا دەگێڕێت، هەر نۆ مەلاکە بەیەکەوە دەتەقێنەوەو دیوەخانی ژەنەراڵ دەبێت بە قەسابخانەو خوێن و دەست و ڕان و سەری پەڕیوو بەو ناوەدا بڵاو دەبنەوە. بەڵام شانسی ژەنەراڵ لەوەدابوو کە چایی چیکە لەو ساتەدا ڕووبەڕووی ئەو وەستابوو، دەیویست خزمەتی بکات. ئەو چایی چیە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتبوو کە ئامادەبوونی ئەو لەو چرکەیەدا دەبێت بە هۆی ڕزگارکردنی ژەنەراڵ لە تێرۆرکردنێکی سامناک. مەلاکان دەستبەجێ دوا هەناسە دەدەن و بەرزانی ڕزگاری دەبێت.

دواتر دەردەکەوێت کە پشتێنی مەلاکان پڕبووە لە دینامیک و لەڕێگای یەکێک لە شۆفێرەکانەوە تەقێنراونەتەوە. گێرانەوە کوردیەکان دەڵێن:

دەزگا سیخوریەکانی دەوڵەت مەلاکانی قەناعەتپێکردووە کە ئەو شتانەی ناو پشتێنەکانیان تەنها ئامێری تۆمارکردنی وتوووێژەو ئەوان دەیانەوێت بزانن بەرزانی چۆن بیردەکاتەوەو لەم ڕێگایەوە مەلاکانیان قەناعەت پێکردووە.

دەوڵەت، وەک ئەکتەری بەرهەمهێنەری ئەم ڕووداوە، چۆن مامەڵە دەکات ؟

بێگوومان دەزگاکانی دەوڵەت، گەر بۆیان بکرایە، هەوڵیان دەدا بەتەواوی پەردەپۆشی بکەن و لە بێدەنگیدا بیمرێنن. بەڵام لە کۆنتێکستی بەرزانیدا دەزانن ئەم ئەگەرە دوورە لە واقیعەوەو ئەو ستراتیژیەتەیان بۆ جێبەجێناکرێت. چونکە کوردوستانی ژەنەراڵ بەرزانی پڕە لە دەیان ڕۆژنامەنووس و دەرگاکانی کراوەتەوە بۆ میدیا و هەواڵێکی لەمجۆرە ناخرێتە قەفەسەوە. لێرەوە، دەوڵەت پەنادەباتە بەر ستراتیژیەتی دووەم، واتە ستراتیژیەتی شێواندن. سەرۆکی جمهوریەت، ئەحمەد حەسەن بەکر، دەستوبرد بروسکەیەک ئاڕاستەی ژەنەراڵ دەکات و تیایدا بەتووندی ئیدانەی ئەو کردە تێرۆریستیە دەکات و خۆشاحاڵی خۆی بۆ دەربازبوونی ژەنەراڵ دەدەپڕێت.

هەروەها دەزگا بەرپرسەکانی دەوڵەت هەوڵدەدەن لە ڕێگای تاوانبارکردنی "دەستێکی ناحەزی دەرەکیەوە" نەک هەر بەرائەتی خۆیان ڕابگەیەنن، بەڵکو ڕوداوەکەش بشێوێنن. بەڵام تەنها دوو ساڵ دواتر، واتە لە تەمووزی ١٩٧٣داو پاش شکستهێنانی پیلانەکەی نازم کوزار، بەعسیەکان دێن و ئەم پیاوە کە بەرپرسی دەزگا سیخوریەکانی ڕژێم بوو تاوانباردەکەن و بەرپرسیاریەتی ئەو ڕووداوەی دەخەنە ئەستۆ. ئەمەش دیسانەوە هەوڵێکی دیکەیە بۆ ئەنجامدانی ستراتیژیەتی شێواندن.

ئێمە دەتوانین بۆ سەلماندنی هەمان تێز، چۆنیەتی مامەڵکردنی بەعس لەگەڵ کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئەنفال و تێرۆرکردنی عەدنان خێرۆڵاو ئایەتوڵاکانی کۆمینۆتێی شیعە و هەوڵدانی تێرۆرکردنی ئەیاد عەلاویش تێبینی بکەین بکەین.

ئەم کاتیگۆریە لە پەیوەندی تێرۆریسم بە میدیاوە دەکرێت لای حیزبە ئایدۆلۆژیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تێبینی بکەین. ئەم حیزبانە دەیان کردەی تێرۆریستیان بەرامبەر بەو ئەندامانە ئەنجامداوە کە ڕیزەکانیان بەجێدەهێڵن. ئێمە سەدان نموونەمان لەبەردەستدایە. حیزبێک، دور لە چاوەکانی میدیاو لەبێدەنگیەکی تەواودا مرۆڤێک تێرۆردەکات، هەر تەنها لەبەر ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕیزەکانی ئەودابووەو ئەمڕۆ بەهەر هۆیەکەوە بووە ئەو حیزبەی بەجێهێشتووە. بێگوومان هۆکارەکانی ئەمجۆرە لە تێرۆریسم زۆرن، لێرەدا ئەوە باسی ئێمە نیە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەم حیزبانەیە لەگەڵ میدیادا. بێگوومان سەرەتا هەوڵدەدەن کردە تێرۆریستیەکە بشارنەوە، بەڵام کە بەهۆیەک لەهۆکانەوە دەردەکەوێت، ئەوان ناچار پەنادەبەن بۆ ستراتیژیەتی شێواندن و دەیان چیرۆکی نادروست بەدەوری کەسی قووربانیدا دروستدەکەن.

بەڕێز پرۆفێسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا لەسەر هەمان مۆدێلی پەیوەندی کاریکردوە[ci]. جیاوازی نێوان من و ئەو لەوێدایە کە ئەو پێیوایە ئەم مۆدێلە تەنها لەسەر دروستنەکردنی پەیوەندی لەگەڵ میدیادا کاردەکات و بەدوای ئەو چرکانەدا ناڕوات کە لەدەرەوەی خواستی ئەکتەرە تێرۆریستەکان ڕوداوەکە بازدەداتە نێو گەردونی میدیاوە. لەو شوێنەدا کە ڕاڤەکردنی ئەو ڕادەوەستێت من دەستپێدەکەم. ڕاستە سەدام نایەوێت بەهیچ جۆرێک کردەی تێرۆرکردنی ئایەتوڵا سەدر بگات بە میدیا، بەڵام ئەی کاتێک لە دەرەوەی خواستی سەدام ئەم هەواڵە دەگاتە دەست میدیای جیهانی، سەدام وەک بکەری تێرۆریست چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ؟

لەبیرمانەچێت کە ڤیڤیۆرکا شانزە ساڵ لەمەوبەر کتێبەکەی نووسیوەو منیش شانزە ساڵ دوای ئەو ئەم ڕاڤەکردنە بەرهەمدەهێنم.

## کاتیگۆری دووەم:

لەم کاتیگۆریەدا تۆرەکانی نێوان ئەکتەر و میدیا زیاتر پەیوەندیەکی دامەزراوە لەسەر بناغەی (بێخەمی) و (بێدەربەستی). ئەکتەری تێرۆریست بەلایەوە گرنگ نیە میدیا چالاکیەکانی بڵاودەکاتەوە یان نا. واتە لێرەدا خەمی یەکەمی بکەری زەبروزەنگ شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان نیە، بەڵکو خودی چالاکیەکەیە.

ئێمە لێرەدا دەتوانین نموونە بە زەبروزەنگی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی بێنینەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٣ دا چەند چەکدارێک بەناوی یەکێتی نیشتمانیەوە، لە گەرمیان، پەلاماری چەند ئەندامێکی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدەن و تیرۆریان دەکەن[cii]. چەند ڕۆژێک دواتر، چەند چەکدارێکی دیکە، بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامیەوە، پەلاماری کۆمیتەی ڕانیەی یەکێتی نیشتمانی دەدەن و چەند ئەندامێکی یەکێتی تێرۆردەکەن[ciii]. بۆ من هیچ گوومانێکی تیادا نیە کە ئەم دوو کردەیە دروست دەڕۆنە نێو چوارچێوەی تێرۆریسمەوە. ئەمەش مانای ئەوەنیە کە لەسەر ئاستی زانستی ڕێگە بەخۆمان بدەین کە ئەو دوو گرووپە سیاسیە بە تێرۆریست ناوزەدبکەین.

بەدرێژایی ئەم تووێژینەوەیەم بنەمایەکی تێوری دووپاتدەکەمەوەو دەڵێم، زۆر جار گرووپێکی ناتێرۆریست دەکرێت کردەی تێرۆریستی بەرهەمبێنێت، هەروەک زۆر جار دەکرێت کە گرووپێکی تێرۆریستیش چەندین چالاکی مەدەنی بەگڕبخات.

ڕاستە یەکێتی و بزووتنەوە دوو گرووپی سیاسین و دروستنیە سیفەتی تێرۆریستیان بخرێتە پاڵ، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم دوو کردەیەی سەرەوە، کە بەناووی ئەوانەوە بەرهەمهاتووە، بەهەموو مانایەک تێرۆریستین.

پرسیاری ئێمە لێرەدا شتێکی دیکەیە:

بکەرەکانی ئەم دوو کردە تێرۆریستیە، چۆن لەگەڵ میدیادا مامەڵەیانکرد ؟

ئایا دەیانویست وەک بن لادن و زەرقاوی، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، قوربانیەکانیان سەربڕن ؟

ئایا بەقەدەر ئەنجامدانی کارەکەیان ئامادەبوونی میدیاشیان بەلاوە گرنگبوو؟

بێگوومان نەخێر. بەڵام لەهەمانکاتدا هەوڵیشیانەدەدا ڕووداوەکە لە میدیا بشارنەوە. بەکورتی بوون و نەبوونی میدیا خەمی یەکەمی ئەم ئەکتەرانە نەبوو. ئەوەی گرنگتربوو بۆ ئەوان خودی کردە تێرۆریستیەکەیە، بۆیە هەموو تواناکانیان بۆ ئەنجامدانی خستە کار.

لێرەوە ئەم مۆدەی پەیوەندیی ئەکتەری تێرۆریست بە میدیاوە تەواو خۆی جیادەکاتەوە لە کاتیگۆری یەکەم کە خواستی شاردنەوەو شێواندنی کردە تێرۆریستیەکان لە میدیا، فاکتەری بیناکاریەتی.

هەروەها پێمباشە ئاماژە بە جیاوازیەکی دیکەم لەگەڵ میشێل ڤیڤیۆرکادا بدەم. ئەو پێیوایە ئەم بێدەربەستی و بێخەمیە لە ئاست میدیادا بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەکتەری تێرۆریست میمبەری تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەوەی بیکات بە مەیدانی گواستنەوەو ڕاڤەکردنی چالاکیەکانی[civ].

بێگوومان ئەمە ڕاستە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەکتەری تێرۆریست بەهۆی ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیەوە تەواو خۆی بێدەربەست دەکات لە ماس-میدیاو میمبەری تایبەت بەخۆی دروستدەکات. بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەدا کە هەر لە بناغەوە ماس-میدیا بوونی نیە، ئەکتەرە تێرۆریستیەکان لە بێ ئەزموونیەکی تەواودا دەژین بەرامبەر بە میدیاو بێخەمی و بێ دەربەستیەکەشیان زیاتر لەم بێ ئەزموونیەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ڕەهەندێکی ئیدۆلۆژیەوە.

واتە ئەو ئەکتەرەی کە بەناوی یەکێتیەوە لەگەرمیان کردەیەکی تێرۆریستی ئەنجامدەدات، کاتێک بێ دەربەستە بەرامبەر بە میدیا لەبەر ئەوەنیە کە پێیوابێت، ماس-میدیا کەرەسەی دەستی کەپیتالیسمە بۆ زیاتر چەوسانەوەی پرۆلیتاریا، بۆیە ئامادەبوون یان نەبوونەکەی بەلاوە گرنگ نیە. یان ئەو ئەکتەرەی کە بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامیەوە هەمان کاری لە ڕانیە ئەنجامداوە، بێدەربەستیەکەی لە ئاست میدیادا لەبەر ئەوەنیە کە پێیوابێت کەرەسەی دەستی کوفرە بۆ چەوسانەوەی ئیمانداران. نەخێر، بەڵکو بێ دەربەستی ئەم دوو ئەکتەرە لە بێ ئەزموونیانەوە لەگەڵ ماس-میدیادا سەرچاوە دەگرێت نەک هەر شتێکی دیکە.

## ***کاتیگۆری سێیەم:***

کاتیگۆری سێیەم لە عێراقی پۆست سەدام حوسەیندا لە زێرینترین زەمەنیایەتی. ڕاستە ئێمە لە کۆنتێکستی ئێستای عێراقدا کاتیگۆری یەکەم و دووەمیش تێبینی دەکەین، بەڵام بەهێزتر لەو دوانەی پێشوو، کاتیگۆری سێیەم خۆی مانیفێستدەکات. لێرەدا، ئەکتەری تێرۆریست نەک هەر هەوڵ نادات چالاکیەکانی بشارێتەوە، یان بیانشێوێنێت، نەک هەر بێدەربەست نیە لە ئاست میدیادا، بەڵکو بەدوایدا دەگەڕێت و پێی وایە بەبێ ئامادەبوونی چاوی کامیراکان چالاکیەکانی ئەرزشێکی گەورەیان نابێت. بەشێک لە سۆسیۆلۆگ و فەیلەسووفەکان (ئۆلیڤەر روا[cv]، میشێل ڤیڤیۆرکا[cvi]، ئالان تورێن[cvii]، یورگن هابرماس و جاک دێریدا[cviii]، عەبدلوەهاب مێدیب[cix]، کلۆد لیاوزو[cx]، ئەندرێ گلیوکسمان[cxi]) ئەم کاتیگۆریە ناودەنێین تێرۆریسمی میدیا.

ئەلقاعیدەو سوپای ئیسلامی و تائیفەی مەنسورەو کەتائیبەکانی شۆڕشی بیست و هتد، تەواو وشیارن بەو میکانسمانەی کە میدیا دەبات بەڕێوە. ئەوان بەباشی دەزانن کەناڵێکی وەک ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبیە بەپێی چ سیستەمێک لە نۆرم و بنەما و پرانسیپ دەڕۆن بەڕێوە. هەروەها ئەو دوو کەناڵەش، وەک هەر کەناڵێکی دیکەی ماس-میدیا، دەزانن ئەکتەرە تێرۆریستەکان پێویستیان بە چ

زمانێکی قسەکردن و بەچ پانتاییەکی دەرکەوتن هەیە. ئەلجەزیرە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەیمەنەی خۆی بەسەر کێڵگەی میدیادا بپارێزێت، پێویستی بە زەبروزەنگێکە کە شۆک لای بینەرانی دونیا دروستبکات. ئەم زەبروزەنگەش بەتەنها ئەکتەری تێرۆریست دەتوانێت پێی ببەخشێت. لەهەمانکاتدا ئەکتەری تێرۆریستیش پێویستی بەوە هەیە کە چالاکیەکانی ڕاستەوخۆ بەسەر جیهاندا پەخشبکات و خۆی بە دونیا بناسێنێت، بێگوومان ئەمەش تەنها بە ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبیە و ئەو دەزگایانە دەکرێت کە دەڕۆنە نێو چوارچێوەی ماس-میدیاوە.

دەستنیشانکردنی ئەم هاوکێشەیە ڕەنگە لە نێو کتێبێکدا تاڕادەیەک گرفتی گەورەی لێنەکەوێتەوە، بەڵام لەسەر مەیدان و لە چرکەکانی کردەی بیناکردنی ئەم پەیوەندیەدا، میدیا ڕووبەڕووی دەیان گرفتی سەخت دەبێتەوە. لە ٢٣ نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ دا، ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی دەنووسێت :

> **"وەزیری بەرگریی عێراقی، حازم شەعلان، زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر کەناڵی ئەلجەزیرەو وەک دەزگایەکی تێرۆریست ناوزەدەیکرد. ئەمەش لە میانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا.**
>
> **لەم چاوپێکەوتنەدا شەعلان دەڵێت کە یەکێک لە تێرۆریستەکانی ئێستای عێراق، برای بەپرسی مەکتەبی عێراقی کەناڵی ئەلجەزیرەیە و بەیەکەوە گرێدراون. ئەو دەڵێت : (ئەلجەزیرە کەناڵێکی تێرۆریستە، ئەمە هیچ گوومانێکی تیادانیە. ئێمە ئەمە بە ئاشکرا دەڵێین، ئەلجەزیرە کەناڵی تێرۆریستەکانە). هەروەها دەڵێت : ( ئەم کەناڵە بە شێوەیەکی نایاسایی پەیوەندی لەگەڵ تێرۆریستەکاندا دروستکردووە، نەفرەتی خوا لە هەموو ئەوانەی کە هاوڵاتیانی عێراق و منالانی عێراقیان تێرۆریزەکردوە، ئیتر ڕۆژنامەنووسبن یان هەرکەسێکیتر، پێکەوە نەفرەتی خوایان لێبێت. ڕۆژێک دێت ئێمە حسابی خۆمان لەگەڵ ئەم کەناڵەدا یەکلایی دەکەینەوە**[cxii]).

پێش حازم شەعلان و لە ٢٣ ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ دا، ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی دەنووسێت :

> **" کۆندەلیزە ڕایس، ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆک بۆش، ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەکات بە بەڕێوبەری کەناڵی ئەلجەزیرەو داوایان لێدەکات کە کاسێتەکانی بن لادن بڵاونەکەنەوە. ئەگەر هەر ویستیشیان بڵاویبکانەوە باپێشتر لەلایەن تایبەتمەندەکانەوە ببینرێت. مادام ڕایس دەڵێت : (هەموو مەترسیەکانی لەگەڵ بەرێوبەری ئەلجەزیرەدا باسکردووە). ئەم هەوڵەی مادام ڕایس وەک جۆرێک لە سانسۆر دادەنرێت.**[cxiii]"

بەدیوێکی دیکەداو لەهەمانکاتدا تێبینی ئەوەش دەکەین کە تێرۆریستەکان ڕاستەوخۆو بیست و بیستو چوار سەعات لەسەر بیستو چوار سەعات بە کەناڵی ئەلجەزیرەوە بەسراونەتەوە. جۆرج مالبرینۆ، ئەو ڕۆژنامە نووسە فەرەنسیەی کە لای سوپای ئیسلامی بارمتەبوو، دەڵێت :

**" سووپای ئیسلامی، لە رێگای تەلەفوونەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام بە ئەلجەزیرەوە بەسترابووەوە."[cxiv]**

لێرەدا ئەکتەری تێرۆریست، ڕۆژ لە دوای رۆژ و هەنگاو لەدوای هەنگاو یاری بە ئەعسابی دوژمنەکانی دەکات و جەماوەریش دەخاتە قوڵایی ترسێکی تایبەتەوە. بە ئەنجامدانی ئەم تاکتیکەش، ئەکتەری تێرۆریست لەلایەک حکومەت بێ بەهاو بێ نرخ و بێ ئەرزش دەکات و لەلایەکی دیکەوە ژیانی مەدەنی لە جەماوەر تێکدەدات.

### *کاتیگۆری چوارەم :*

لەگەڵ کاتیگۆری چوارەمدا شتەکان تەواو دەگۆڕێن، بەتایبەتی بە ڕۆژنامەنووسان. ئەکتەری تێرۆریست هاوکێشەکە لنگاوقوچدەکاتەوەو ***دابڕانێک***[cxv] لە نێوان گەردوونی خۆی و گەردوونی رۆژنامەنووساندا دروستدەکات. لێرەوە وێنەی ڕۆژنامەنووس دەبێت بە وێنەی دوژمنێک کە دەبێت لەناوببرێت. ئەم قۆناغە ئیتر سەرەتای لەدەستدانی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییە. بۆ ئەکتەری تێرۆریست رۆژنامەنووس ئیتر نابێت بێلایەنبێت. دەبێت هەڵوێستی هەبێت. هەڵوێستیش بەمانای بەرگریکردن لە ئامانجی تێرۆریستان.

ڕۆژنامەی لۆمۆند، لە ٤ ی ژەنیوەری ٢٠٠٦ دا ڕاپۆرتێک لەسەر دۆسیەی تێرۆریسم و رۆژنامەنووسان لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بڵاودەکاتەوە. تەنها لەم ساڵەدا :

**" ٦٣رۆژنامەنووس تێرۆرکراون، واتە دەرۆژنامەنووس زیاتر لە ساڵی ٢٠٠٤. تەنها لە عێراقدا ٢٤ رۆژنامەنووس تێرۆرکراون. ئەو کەسانەش کە هاوکاری ڕۆژنامەنووسانن کەوتوونەتە بەر هەمان شاڵاوەوە، تەنها لە عێراقدا، پێنج کەسیان لێ تێرۆرکراوە. لەم ساڵەدا ٨٠٧ رۆژنامەنووس تووشی کارەساتی جۆراوجۆر بوون. هەروەها ١٣٠٨ رۆژنامەنووس ڕووبەڕووی زەبروزەنگی فیزیک بوونەتەوە."[cxvi]**

لەم پانتاییەدا ئەکتەری تێرۆریست سەرۆکی وڵات و دادوەرێک و سەربازێک و رۆژنامەنووسێک وەک یەک تەماشادەکات و هەروەکو چۆن سڵ ناکاتەوە لە تێرۆرکردنی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە ئاواش ڕۆژنامەنووسان دەکات بەنیشانە بۆ قەڵاچۆکردن.

بزووتنەوەیەکی تێرۆریست دەکرێت لە چوار زەمەنی جیاوازدا مومارەسەی ئەم چوار کاتیگۆریەی کردبێت. هەروەک چۆن دەتوانین تێبینی بازبازێنی گرووپێک لە کاتیگۆریەکەوە بۆ ئەوەی دیکە بکەین. واتە ئەم چوار کاتیگۆریە، چوار پانتایی

مومکینن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەکتەری تێرۆریست و میدیادا، بەبێ ئەوەی نە پرۆفێسۆر ڤیڤیۆرکا و نە منیش ئیدیعای ئەوەبکەین کە پانتاییەکی دیکەی پەیوەندی لە دەرەوەی ئەم چوار پانتاییەدا نیە. بەپێچەوانەوە، هەر توێژینەوەیەکی مەیدانی جددی ڕەنگە دەرگامان لەسەر چەندین کاتیگۆری دیکە بۆ بکاتەوە. بەتایبەتی لە دونیایەکی وەک ئەمڕۆدا کە تێرۆریسم زێڕینترین زەمەنی خۆی دەژی.

ئێمە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر پێمانوابێت بەبێ میدیا ئەکتەری تێرۆریست توانای گەیاندن و بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانی نیە، یاخود تێرۆریسم بەبێ میدیا لەدایک نابێت و گەر لەدایکیشببێت مناڵێکی ئیفلیج دەبێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تەواو دورە لە واقیعەوە. کاتێک بزووتنەوەیەکی تێرۆریستی دروستدەبێت لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، لەبەر ئەوەنیە کە میدیای لە پشتە. ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر میدیا نەبوو، بەڵام زێلۆتیەکان وەک گرووپێکی بەهێزی تێرۆریست ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیان تووشی شۆککردبوو. ٩٥٠ ساڵ لەمەوبەر میدیا نەبوو، بەڵام حەسەنی سەباح سەری نیزام ئەلمولکی پەڕاندو سەدان ئۆپێراسیۆنی تێرۆریستی لە جیهانی ئیسلامیدا ئەنجامدا. ڕاستە فاکتەری میدیا دەتوانێت گۆشەیەک لە گۆشەکانی تێرۆریسمان بۆ ڕاڤەبکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت کۆی فینۆمینەکەمان بۆ بخاتە بە ڕووناکی.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەشبدەین کە هیچ کەناڵێک لە کەناڵەکانی میدیا، تێرۆریسم وەک خۆی پەخشناکات، بەڵکو سەرلەنوێ بەرهەمی دەهێنێتەوە. ڕاستە زۆرجار ئێمە باس لە ١١ سێپتەمبەر وەک ڕوداوێکی ڕاستەوخۆی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەکەین و پێمانوایە کۆی ڕوداوەکەمان بینیوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر کەناڵەو بەپێی چوارچێوەکانی خۆی ١١ ی سێپتەمبەر بە دەرەوە دەبەخشێتەوە. ١١ی سێپتەمبەری Fox News هەمان ١١ ی سێپتەمبەری الجەزیرة نیە و هەریەکەیان بە چوارچێوەیەکی تایبەتەوە ڕوداوەکەو ئەکتەرەکان دەخەنە سەر شانۆ. دەمەوێت بڵێم زەبروزەنگی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان زەبروزەنگێکی مۆنتاژکراوە نەک وەک ئەوەی کە لە ساتی یەکەمدا بەرهەمهاتووە.

زەبروزەنگی سەرشاشەی تەلەفزیۆنەکان/لاپەڕەی ڕۆژنامەکان/ پەخشی ڕادیۆکان دەبێت وەک جۆرێک لە نمایشکرن، لە بیناکردنەوە تەماشابکرێت. بیناکردنەوە بە دوو دیوودا. دیووی میدیا وەک دەزگای بڵاوکردنەوە. لێرەدا ڕۆژنامەنووس هەواڵێک بە ڕووتی وەردەگرێت و پاشان بەپێی چوارچێوەکانی خۆی بینای دەکاتەوەو دواتر پێشکەش بە دەرەوەی دەکات. هەروەها دیوی وەرگر. وەرگر ئەکتەرێکی بێ مێژووی ئەحمەقی کولتووری نیە کە بەبێ ڕاڤەکردن دەرگاکانی بۆ ڕۆژنامەنووسێک بکاتەوە، بەپێچەوانەوە، ئەو کە هەواڵێک وەردەگرێت، بەپێی دەزگای سۆسیالیزاسیۆنی و بەرژەوەندیەکانی لە ئێرەو ئێستادا دەکەوێتە ڕاڤەکردنی و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی.

لێرەوە ئێمە دەڵێین هەر گێرانەوەیەک بیناکردنەوەیەکی سیوبژێکتیڤانەی (زاتی) ئەکتەری کۆمەڵایەتیە. هەر گێرانەوەیەک پانتاییەکی تایبەتە بۆ دەرکەوتنی دەزگای سۆسیالیزاسیۆن و بەرژەوەندیەکانی ئێرەو ئێستای ئەکتەرێک. لێرەدا خوێنەر ڕەوانەی بەشی یەکەمی کتێبی (ئیسلام و ڕۆژئاوا) دەکەم. لەو بەشەدا

(ئوسامەی ئەمەریکا و ئەمەریکای ئوسامە) چۆنیەتی کارکردنی دەزگای وەرگرتنی کەسی موسوڵمانم بە درێژی ڕاڤەکردوە.

پیەر بۆردیۆ، لە کتێبی (لەسەر تەلەفزیۆن) دا دەنووسێت :

**" تەلەفزیۆن لەسەر بنەمای عاتیفە و وروژاندن بابەتەکانی هەڵدەبژێرێت و بەدوای دراماتیزەکردنی ڕوداوەکاندا دەگەڕێت. تەلەفزیۆن دێت و ڕوداوێک دەخاتە سەر شاشەکەی بەڵام تا ئەوپەڕی مومکین هەوڵدەدات زیادەڕەوی لە خەمگینکردنیدا بکات و تا بۆیبکرێت کلیکدەکات لەسەر گرنگی و مەترسی و ڕەهەندە دراماتیکیەکەی ئەو ڕوداوە.... لێرەوەو لەڕێگای وشەکانەوە هەیمەنەدەکات بەسەر وێنەکاندا. لە ڕێگای وشەکانەوە دێت و سەرلەنوێ ناو دەخاتە سەر شتەکان.**

**بێگوومان هەمووومان دەزانین، ناونانیش واتە ئامادەکردنی شتێک بۆ بینین، واتە دروستکردنەوەی شتێک، واتە هێنانە دونیای شتێک...ڕۆژنامەنووس کەسێکە کە هەمیشە بەدوای ناوازەدا دەگەڕێت. ئەو شتانەی ناوازەن لە بەرچاوی ئەوان، نەک ئەو شتانەی هەر لە ڕاستیدا ناوازەن. ئەو بەدوای نائاساییدا دەگەڕێت و شتێکی دەوێت کە لە سنوورەکانی ئاسایی دەرچێت... شتە ڕۆژانەکان دەبێت ڕۆژانە ڕوداوی ناڕۆژانە پێشکەش بە ڕۆژنامەنووس بکەن...**

**لێرەوە، ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی یەکەم کەسبێت کە شتێکی نا-ڕۆژانەی بینیوە، ئامادەیە هەموو تەنازولێک بکات، ئەمە ئەو هەلومەرجە خەمگینەیە کە ڕۆژنامەنووسێک کاری تێادا دەکات...ئێستا ئێمە وردە وردە بەرەو ئەو گەردوونانە هەنگاودەنێین کە تیایدا جیهانی کۆمەڵایەتی لەلایەن تەلەفزیۆنەوە دروستدەکرێتەوە. لەم جیهانەدا ئیتر تەلەفزیۆن دەبێت بەو دەسەڵاتەی کە بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابەشدەکات.[cxvii]"**

# بەرگی پێنجەم


**بەشی یەکەم: گرفتە مێتۆدۆلۆژیەکانی تووێژینەوە لەسەر ئەنساری ئیسلام. ٢٢٣**

**بەشی دووەم: گەردوونی پێش بیناکردنی ئەنساری ئیسلام.٢٢٧**

**بەشی سێیەم :بیناکردنی ئەنساری ئیسلام. ٢٤٩**

**بەشی چوارەم :پێنج چرکەی گرنگ لە تێرۆریسمی ئەنساری ئیسلام.٢٥٧**

**بەشی پێنجەم: تێرۆریسمی ئیسلامی لە کوردستان تێگەشتن و ڕاڤەکردن.٣٥١**

# بەشی یەکەم
# گرفتە مێتۆدۆلۆژیەکانی تووێژینەوە لەسەر ئەنساری ئیسلام

هەر مەیدانێکی توێژینەوەی زانستی زنجیرەیک گرفتی تایبەت و قەیرانی بەهێزو بەربەستی جۆراوجۆر لەبەردەم تووێژەردا دروستدەکات. ڕاستە هەموو مەیدانەکانی تووێژینەوە هەڵگری کاتیگۆریەکی گشتی لە گرفتن، بەڵام ئەم گشتاندنە ڕێگا لە تایبەتمەندیەتی گرفتەکانی هەر مەیدانێک ناگرێت.

لێرەوە ئێمە هەوڵدەدەین پێش چوونە نێو باسەکەمانەوە، ئەو گرفتە تایبەتانە دەستنیشان بکەین کە بە درێژایی کارکردنی سۆسیۆلۆژیمان لەسەر مەیدانی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. دەستنیشانکردنی ئەم گرفتانە زۆرگرنگن چوونکە دواتر سروشتی کارکردنی ئێمە ڕوندەکاتەوەو خوێنەر دەزانێت ئێمە چۆن کاردەکەین و چۆن ئەم پرۆژەیەمان ئەنجامداوە. ئێمە گرفتەکان بەم شێوەیە ڕیزبەنددەکەین :

### ١. نەبوونی تووێژینەوەی زانستی

لە ئەمڕۆدا ئێمە خاوەنی سەدان دۆکیومۆنت و کتێب و توێژینەوەی زانستین لەسەر بزووتنەوە ئیسلامیەکانی جیهان، هەر لە میسرەوە تا دەگاتە مالیزیا، هەرلە مەغریبەوە تادەگاتە پاکستان. چەندین توێژەرەی بەتواناى وەک ئۆلێڤەر ڕوا، فەرهارد کوسرەوکەڤار، موحەمەد ئارکۆن، جیل کێپێل و دەیانی دیکەش، زانستێکی بابەتی و بێلایەن و بەکەڵکیان لەسەر ئەو بزووتنەوانە بەرهەمهێناوە. لەنێو ئەم چوارچێوە گشتیەدا مەیدانێک هەیە کە تائێستاش بە عەزرائی ماوەتەوەو دەستی بۆنەبراوەو تائێستاش توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی لەسەر نەکراوە. ئەو مەیدانەش بێگوومان بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردیە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە لەبەردەستماندایە تا ئێستاش نە بە کوردی و نە بە عەرەبی و نە بە فەرەنسیش تووێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی بێلایەنی بابەتیانە لەسەر ئەم مەیدانە نەکراوە. لەم دوو سێ ساڵەی ڕابوردودا چەند کارێک لە کوردوستان لەسەر ئەو بزووتنەوانە کراوە. گرفتی سەرەکی ئەو کارانە بریتیە لە :

بێلایەن نەبوونیان، کارکردن لەسەر دەرەنجامی پێشوەخت، مۆبیلیزە نەکردنی مێتۆدە سۆسیۆلۆژیە نوێیەکان بۆ کۆکردنەوەی دەرەهاویشتە و پاشان ڕاڤەکردنیان. بەشێک لەو کارانە دەکرێت وەک مادەی خاو لە چرکەی تووێژینەوە زانستیەکانداو لە نێو موختەبەرە سۆسیۆلۆژیەکاندا بکرێنەوە بە کەرەسی کار لەسەرکردن.

ئەم چرکەیە، چرکەی نەبوونی تووێژینەوەی سۆسیۆلۆژی، یەکەم گرفتی هەر سۆسیۆلۆگێکە کە بیەوێت کار لەسەر بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی بکات. لەڕاستیدا کاتێک ئامادەبوونی ئەم چرکەیە بەراوردەکەین بە مێژووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوانە، هەست بە کەمتەرخەمی موختەبەرە زاسنتیەکانی تووێژینەوە دەکەین. کەمتەرخەمیەک کە بە ئاسانی پینە ناکرێت.

### ٢. گوفتووگۆی ئایدۆلۆژی

تەواو بەپێچەوانەی گرفتی یەکەمەوە، گرفتی دووەم لە ئامادەبوونی پانتاییەکی بێسنووری گووفتووگۆی ئایدۆلۆژی لەسەر ئەم بزووتنەوانە خۆی مانیفێستدەکات.

ئەم گووفتووگۆیە لەسەر دابەشکردنێکی نازانستی و تەواو سیاسی بیناکراوە. واتە گووفتووگۆیە لەنێوان دوو کاتیگۆری لە ڕۆشنبیردا. کاتیگۆری یەکەم هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەن کە تاسەرئێسقانیان دژایەتی ئیسلامی سیاسی دەکەن و ئامادەنین بەهیچ شێوەیەک ئەم واقیعە وەک ئەوەی هەیە ببینن. کاتیگۆری دووەمیش هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەن کە ئیسلامی سیاسی بە تاکە بەدیلی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبینن و ئیسلام وەک ئاینێکی جیهانی و ئیسلامی سیاسی وەک ئەزموونکی کوردی تێکەڵبەیەکتردەکەن. لەم پانتاییەدا کەسی قسەکەر هەمیشە ئەو ئەکتەرەیە کە : دژە یان دۆست.

لە کوردوستانی ئەمڕۆدا سووپایەک ڕۆشنبیر لەسەر ئیسلامی سیاسی دەنووسن، بەڵام هەموو ئەوەی کە بەرهەمی دەهێنن هیچ نیە بێجگە لە جنێودان یان گۆرانی بۆ ووتن، پەلاماردن یان سەما بۆ کردن. لە مەیدانێکی ئاوادا، کارێکی زۆر گرانە بۆ هەر سۆسیۆلۆگێک کە بیەوێت مەسافەیەک لەنێوان خۆی و هەموو

ئەو دێباو موناقەشەو گووفتووگۆ ئایدۆلۆژیەدا دروستبکات بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی زانستی ڕووتووقووتی بابەتیانەی بێلایەن، چوونکە تۆمەتەکان لە نێو سندوقەکاندا ئامادەکراون و هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوداو بۆ تاوانبارکردنی توێژەر یەک یەک دەردەهێنرێن.

هەر توێژەرەێک کە بیەوێت بەم شێوەیە کار بکات، دەبێت هەمیشە خۆی ئامادەبکات بۆ پێشوازیکردن لە هەموو ئەو تۆمەتانەی کە هەردوو بەرەی دژ و دۆست بۆی دروستدەکەن. ئەم تۆمەتانە زۆرجار وەک گورزێکی پۆڵاین بەکاردەهێنرێن بۆ ڕێگاگرتن لە هەرکارێکی زانستی، وەک ئەوەی تێگەشتن لەو واقیعەی وەک ئەوەی کەهەیە هەڕەشەبێت لە ئەوان.

لەڕاستیدا نەک هەر هەڕەشە نیە لەو دوو بەرەیە، بەڵکو هاوکاریشیان دەکات بۆ تێگەشتن و ڕاڤەکردن و دامەزراندنی ستراتیژیەتی نوێی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا. ڕاستە گردوونی سۆسیۆلۆژیا گرەوێکی گرنگ دەباتەوە بە ئەنجامدانی تووێژینەوەیەکی زانستیانە لەسەر ئەم مەیدانە، بەڵام ئەوەش ڕاستە براوەی یەکەم هەموو ئەو ئەکتەرە (عەلمانی ) و (ئیسلامی)انەن کە رۆژانە لەگەڵ یەکتردا مامەڵەدەکەن و لە پانتاییە گشتیەکاندا تێکەڵبەیەکتری دەبن. بەڵام بەداخەوە تائێستاش هیچ لایەک لەم دوو بەرەیە بەم شێوەیە لە کردەی تووێژینەوەی بێلایەن ناڕوانن و دەیانەوێت لەنێو دۆست و دوژمندا قەتیسی بکەن.

## ٣. وێنەی جاسوس لە خەیاڵدانی ئیسلامی سیاسیدا

خەیاڵدانی ئسلامی سیاسی کوردی پڕە لە وێنەی جاسوس و ترس لە تارماییەکانی. چەمکی جاسوس دەکرێت نەک تەنها وەک ڕەگەزێکی گرنگ بەڵکو وەک ڕەگەزێکی بیناکاری ئەو خەیاڵدانە سیاسیە تەماشابکرێت. هۆکارەکانیش ئاشکران.

ئێمە لە کوردوستان خاوەنی هیچ موختەبەرێکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان نین و حیزبە عەلمانیەکانی کوردوستان و تەنانەت وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ڕۆژئاواش تاکە مامەڵەیان بۆ تێگەشتن لە بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی لە ڕێگای مۆبیلیزەکردنی تۆرە جاسوسیەکانەوە بووە. بێگوومان تۆرە جاسوسیەکان دەتوانن چەند زانیاریەک بەدەست بێنن، بەڵام ئەو زانیاریانە هەرگیز یەکسان نین بە تێگەشتن لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی وەک بزووتنەوەی چەپ، بزووتنەوەی ئیسلامی یان نەتەوایەتی. ئەوەی کە دواتر دەتوانێت دەسنیشانی واقیع وەک خۆی بکات تەنها توێژینەوەی زانستیە نەک هەر شتێکی دیکە.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، هەلومەرجی جاسووسەکان و کاری جاسووسی، یەکێک لە گرفتە هەرە گەورەکانی سۆسیۆلۆگ دەبێت بە دڕاندنی ئەم وێنەیەو دروستکردنی وێنەی زانایەک کە تەنها مەبەستی بەرهەمهێنانی زانستە نەک بریندارکردنی لایەک یان سەماکردن بۆ لایەکی دیکە. ئەم خەیاڵدانەی کە پڕە لە وێنەی جاسوس، دەبێت هەوڵبدرێت بە وێنەی دیکەش بئاخنرێت. خۆ ئەگەر چەند ئەکتەرێکی فیکر موراهیقی هەر لایەک هەوڵیاندا گرفت لەسەر ئەم ڕێگایە

دروستبکەن، کەسی تووێژەر دەبێت ڕێز لە زانستەکەی بگرێت و دانەبەزێتە ئاستە نزمەکانی گوفتوگۆوە.

### ٤. ئیسلامی سیاسی و زانستە کۆمەڵایەتیەکان

بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی بە گشتی و کوردی بەتایبەتی زۆر بەکەمی گرنگی بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دەدەن و زیاتر گرنگی بە زانستە فیزیکیەکان دەدەن (فیزیا، کیمیا، هەندەسە، پزیشکی).

لێرەوە هەموو ئەوەی ئەوان لەسەر خۆیان نووسیوە هیچ نیە بێجگە لەچەند تێکستێکی خاوی کارلەسەرنەکراو. بەڵگە نیە کە ئیسلامی سیاسی کوردی تائێستاش چەند ئۆتۆ-توێژینەوەیەکی بەکەڵکی لەسەر مێژوو، ستراتیژی، پراکتیک، سیاسەت، بەرنامە، چوارچێوەکانی بەرهەمهێنانی کردەو ئایدۆلۆژیای خۆی نیە.

ڕاستە ئەو بزووتنەوانە ڕۆژنامە و گۆڤارو تەلەفزیۆن و چەندین کەناڵی دیکەی ڕاگەیاندنیان هەیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لەم هەموو کەناڵانەدا ئێمە زۆر بەدەگمەن ئۆتۆ-ڕاڤەکردنێکی سۆسیۆلۆژیانەی بوونیەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوانەمان دەستدەکەوێت.

من پێموایە ئەم پەیوەندیە ساردەی نێوان ئیسلامی سیاسی و زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڕەگوڕیشەکەی لەنێو ئەو جۆرە بیرکردنەوەدایە کە هەر لە زەمانی عەباسیەکانەوە بەتووندی دژ بە فەلسەفە و فەیلەسووفەکان وەستایەوەو بە "موشریک" و "مونحەریف" و "بێئەخلاق" و تەنانەت "کافر"یشی لەقەڵەم دەدان. ڕاستە لەئێستادا حیزبێکی وەک "یەکگرتووی ئیسلامی" دژایەتی فەلسەفە ناکات، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم کرانەوەیەی بەسەر فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا مێژووەکی درێژی نیە، بەڵکو تازە هەوڵدانێکی یەکگرتووە بۆ دەربازبوون لە کولتوری ئیبن تەیمیە و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیبن ڕوشدا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمە ئەو گرفتانەن کە سۆسیۆلۆگێک ڕووبەڕوویاندەبێتەوە لە چرکەی کارکردن لەسەر مەیدانی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردیدا.

# بەشی دووەم
# گەردوونی پێش بیناکردنی ئەنساری ئیسلام

هەر لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئەنساری ئیسلام وەک گرووپێکی ئیسلامی سیاسی ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان. هەر لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بزووتنەوەش ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر ڕامان و تێگەشتن لە گرووپی برایانی موسوڵمانی کوردی. بە دیوێکی دیکەدا دەکرێت بڵێین، ئەنساری ئیسلام لە نێو مێژوویەکی سۆسیۆ-پۆلیتیکی ئیسلامی سیاسی کوردیدا دروستبووەو بۆ تێگەشتن لە پرسیاری :ئەنساری ئیسلام چیە ؟ ئێمە دەبێت لەو مێژووە تێبگەین.

بێگوومان تێگەشتن لەو مێژووەش بریتی نیە لە گێرانەوەی ڕووداوەکان وەک مادەیەکی خاو، بەڵکو بەراوردکردن و ڕاڤەکردن و لەپەکدان و بەگڕخستنی پرۆسێسی بیرکردنەوەیەکی بزێوو بێلایەنە لە قوڵاییەکانایاندا و پاشان دروستکردنی تیۆریەکە لەسەر ئیسلامی سیاسی کوردی، ئەویش لەڕێگای تیپیفیکاسیۆن (دروستکردنی تیپ) و کاتیگۆریزاسیۆنەوە (دروستکردنی کاتیگۆری).

بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەش و بەدرێژایی زیاتر لە ساڵێک کارکردنی سۆسیۆلۆژیمان لەسەر ئەم مەیدانە، بێگوومان لەبواری تێزی دوکتۆراکەماندا کە بۆ قووتابخانەی تووێژینەوەی باڵای(پاریس) ئامادە دەکەین، گەشتووینەتە ئەو دەرەنجامەی کە مێژووی ئیسلامی سیاسی کوردی بەسەر پێنج قۆناغی سەرەکیدا دابەشدەکرێت و بۆ تێگەشتن لە پرسیاری : ئەنساری ئیسلام چیە ؟ کە دەکەوێتە قۆناغی پێنجەمەوە، دەبێت، گەر بەشێوەیەکی خێراش بووە، لە سەرجەم ئەو قۆناغانە تێبگەین.

بێگوومان دەقی تووێژینەوە ئەسڵیەکە بە فەرەنسی نووسیومە و تەنها لەسەر ئەم پێنج قۆناغە زیاتر لە دوو سەدو پەنجا لاپەڕەیە و لێرەدا هەوڵدەدەم تەواو کورتی بکەمەوەو ئەوەندەی خزمەت بە تووێژینەوەکەی ئێستامان بکات ڕایدەگوێزم. بەڵام لە کتێبێکی تایبەتدا بەناوی "ئیسلامی سیاسی کوردی : بیناکردن، دەرکەوتن، بەریەککەوتن، ناسیۆنالیزاسیۆن، نێۆفۆندامۆنتالیزاسیۆن." هەمووی وەک خۆی تۆمارکراوەو ئومێد دەکەم کۆتایی ساڵی٢٠٠٧ یان سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

پێموایە جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەم کە تێزی دوکتۆراکەم لە لایەن ئۆلیڤەر ڕواوە، کە گەورەترین پرۆفێسۆرە لە بورای ئیسلامی سیاسیدا سەرپەرشتی دەکرێت ، و لەسەر ئاستی جیهان وەک یەکێک لەو سۆسیۆلۆگە هەرە گەورانە ناسراوە کە بەشێوەیەکی بابەتیانە و دور لەهەر دژایەتی و لایەنگیریەک مەعریفەیەکی زانستی لەسەر ئیسلامی سیاسی جیهانی بەرهەمهێناوەو

کتێبەکانی کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانە جیهانیەکان و مەوقیعی ئەو لە نێو کێڵگەی زانستی جیهانیدا شایەتی ئەم حاڵەتە دەدەن.

ئەم تێبینیە گرنگە، چوونکە ئەوەی لێرەدا خوێنەر دەیخوێنێتەوە، هەرواو بەئارەزوی نووسەرێک و لە چرکەیەکی دۆستایەتی و دوژمانەیەتیدا نەنوسراوە، بەڵکو سەرپەرشتیکراوەو لە ڕێگای دەیان دێباو موناقەشە لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕواو پرۆفێسۆر فەرهاد کۆسرەوکەڤار و تەنانەت پرۆفێسۆر میشێل ڤیڤیۆرکاو چەندین خوێندکاری دوکتۆرا لە قووتابخانەی باڵا هاتووەتە بەرهەم و هەموو ئومێدی ئێمە ئەوەیە کە بەم گیانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. واتە وەک هەوڵێک بۆ تێگەشتن و دروستکردنی تێوریەکی زانستی لەسەر ئیسلامی سیاسی نەک هەر شتێکی دیکە.

ئەو پێنج قۆناغەش کە ئاماژەمان پێدان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشمانکردوون:

قۆناغی یەکەم : بیناکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان.

قۆناغی دووەم : دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان.

قۆناغی سێیەم : بەریەککەوتنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ دەرەوەدا.

قۆناغی چوارەم : ناسیۆنالیزاسیۆنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان.

قۆناغی پێنجەم : نێۆ-فۆندامۆنتالیزاسیۆنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان.

ئەم دابەشکردن و تیپاندانە زیاتر وەک کارگەیەکن بۆ کارکردنێکی بەردەوام و چوارچێوەیەکن بۆ بیرکردنەوەی قوڵترو تێوریەکن بۆ بەگڕخستنی کردەی ڕاڤەکردن نەک حوکمێکی ئەخلاقی بەسەر دۆخێکی تایبەتداو دڵخۆشدەبم بە هەر دەوڵەمەندکردنێکی لەڕێگای دێباوە.

## ***قۆناغی یەکەم***

## ***بیناکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان***

ڕەگوریشەو سەرەتاکانی دامەزراندنی ئیسلامی سیاسی کوردی دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتی موحەمەد مەحمود سەواف(١٩٩٢-١٩١٥)، دامەزرێنەری برایانی موسوڵمانی عێراقی. سەواف ساڵی ١٩١٥ لە موسڵ لەدایکبووەو وەک ئینتیمای خێڵەکی سەر بە خێڵەکانی شەمەرە. سەواف تەمەنی شەش ساڵبوو کاتێک ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی-عوسمانی هەڵوەشایەوە.

دوو رەگەز بەشداری گرنگیان هەبوو لە بیناکردنی کەسایەتی سەوافدا. یەکەم ئینتیمای بۆ شەمەر وەک یەکێک لە گەورەترین خێڵەکانی عێراق و دووەمیش ئیسلامیزاسیۆنی لەلایەن ئەمجەد زەهاویەوە (١٩٦٧-١٨٨٢) وەک گەورەترین کەسایەتی ئیسلامیی عێراقی ئەو سەردەمە.

(تێبینی : لێرەدا کاتی ئەوەماننیە چۆنیەتی بەشداریکردنی ئەم دوو ڕەگەزە لە پێگەشتنی کەسایەتی سەوافدا تۆماربکەین بەڵام لە کتێبی "ئیسلامی سیاسی کوردی : بیناکردن، دەرکەوتن، بەریەککەوتن، ناسیۆنالیزاسیۆن، نێۆفۆندامۆنتالیزاسیۆن."، ئەم کارە کراوە).

ساڵی ١٩٣٩ سەواف لە زانکۆی ئەزهەر وەردەگیرێت. سەفەری ئەم پیاوە بۆ میسر، یەکێکە لەو ڕوداوانەی کە دەکرێت وەک بیناکاری ئیسلامی سیاسی عێراقی بخوێنرێتەوە. ئەو ساڵانە میسر لە تەقینەوە سیاسیەکاندا دەژیا، بەتایبەتی لەگەڵ گەشەکردنی برایانی موسوڵماندا. هەروەها دەرکەوتنی حەسەن بەننا(١٩٠٦-١٩٤٩) وەک پاڵەوانی گەڕانەوەو دامەزراندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی، کە لەلایەن کەمال ئەتاتورکەوە (١٨٨١-١٩٣٨) لەناوبرا.

تەنها چوار ساڵ پاش هەرەسی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی (١٩٢٤)، حەسەن بەننا دێت و ڕێکخراوی برایانی موسوڵمان (١٩٢٨) دادەمەزرێنێت. لەو قۆناغەدا جیهانی ئیسلامی لە دەرەوەو ناوەوە وەک لاپەڕە دڕابوو. لە دەرەوە، هێزە کۆلۆنیالیستە گەورەکان (فەرەنسا و بەریتانیا) ئەو جوگرافیایەیان داگیرکردبوو کە حەسەن بەننا بە (دار الاسلام) ناوی دەبات. لەناوەوەش، ئومەتی ئیسلامی لەبەریەک هەڵوەشابووەوە. لێرەوە ئیسلامیسمی حەسەن بەننا وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لەنێو ئەو دڕانەدا لەدایکدەبێت.

ئەو سەردەمە، میسری بەننا وەک عێراقی سەواف، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکرابوو. وەک ناسیۆنالیستەکانی عێراق، ناسیۆنالیستەکانی میسریش لە پێناوی سەربەخۆیی و دێمۆکراتیزەکردنی وڵاتەکەیاندا خەباتیاندەکرد. لەو چرکە مێژوویەدا حەسەن بەننا دوو خەبات پێکەوە گرێدەدات:

- خەباتێک دژ بە بەریتانیەکان لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا.
- خەباتێکیش دژ بە هەموو ئەو ناسیۆنالیستە عەرەبانەی کە دەیانەوێت میسر، وڵاتی موسوڵمانان دێمۆکراتیزەبکەن و لە دروشمی (ئیسلام ڕێبازمانە)ی دوربخەنەوە.

ئەمە یەکەمجارە، لە پاش هەرەسی خیلافەتی ئیسلامیەوە، پیاوێک بەم تەوژمە بەهێزەوە، بێت و لەیەککاتدا دژ بە داگیرکەران لەلایەک و دێمۆکراتیزەکردنی وڵاتەکەی لەلایەکی دیکەوە تێبکۆشێت. ( تێبینی : ئەم هەلومەرجە بەدرێژی لە کتێبی "ئیسلامی سیاسی کوردی : بیناکردن، دەرکەوتن، بەریەککەوتن، ناسیۆنالیزاسیۆن، نێۆفۆندامۆنتالیزاسیۆن." دا ڕاڤەکراوە.)

ئەمە ئەو ڕەهەندە فیکریەیە کە سەواف پێویستی پێیبوو ! بەیەکگەشتنی سەواف و حەسەن بەننا دەکرێت وەک ڕوداوی دامەزرێنەر لە مێژووی ئیسلامی سیاسی سوونی عێراقیدا حسابی بۆبکرێت. ئەم ڕەگەزانە بەشداری زیندودەکەن لە ئامادەکردنی ئەبیتیوسی سەوافدا بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەزموونی بەیەکگەشتن لەگەڵ حەسەن بەننادا هەرس بکات:

✓ **ڕەگەزی کردەی سۆسیالیزاسیۆنی سەرەتایی خانەوادەکەی کە لەسەر نۆرمە ئاینی و ترادیسیۆنێلەکان بیناکرابوو.**

- ✓ **ڕەگەزی کردەی ئیسلامیزاسیۆنی سەواف کە لەلایەن زەهاویەوە وەک ماشینێکی بەهێز لە کاردابوو.**
- ✓ **ڕەگەزی لەیەکچوونی گۆرەپانی سیاسی میسری و عێراقی و ئامادەیی ئینگلیزەکان لە هەردوو وڵاتدا.**
- ✓ **ڕەگەزی کارکردنی گووتاری حەسەن بەننا لەنێو زۆنە عاتیفیەکانی نێو ڕۆحی مەلایەکی وەک سەوافدا.**

ساڵی ١٩٤٧ سەواف بە قووتابخانەی برایانی موسوڵمانانەوە دەگەڕێتەوە عێراق و دەستدەکات بە دروستکردنی ڕێکخستنی برایانی موسوڵمانی و خێزانەکان لە موسڵ و بەغدادو شارەکانی دیکەدا دادەمەزرێنێت.

لەو سەردەمەداو بەتایبەتی لەپەنجاکانی سەدەی ڕابوردودا، پەیوەندی نێوان کۆمینۆتێی کوردو کۆمینۆتێی عەرەب لەعێراقدا بە چەندین قەیرانی سەختدا تێدەپەڕی. ڕەگوریشەکانی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی چرکەی دامەزراندنی عێراقی مۆدێرن. پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەریتانیەکان ویستیان دەوڵەتێک لە هەرسێ ویلایەتی موسڵ و بەغداد و بەسرا لە میزۆپۆتامیادا دروستبکەن. لە ٢١ مارسی ١٩٢١ بەریتانیەکان[cxviii] فەیسەڵ دەهێنن و دەیکەن بە پاشای ئەم وڵاتە نوێیەی کەناویان نا عێراق.

بەریتانیەکان دەیانویست قەناعەت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن کە دروستکردنی ئەم وڵاتە نوێیە بە نێو پرۆژەیەکی دێمۆکراتیدا تێدەپەڕێت و هەر لەم سەرچاوەیەشەوەبوو کە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ویلسۆن، پێی باشبوو پرس بە گەلی کورد بکرێت بۆ ئەوەی بزانین: داخۆ دەیانەوێت لەگەڵ گەلی عەرەبداو لە وڵاتی عێراقدا پێکەوە بژین یان نا.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بەریتانیەکان پرۆسەی دەنگدانیان لە چەند شارێکی کوردوستان ڕێکخست. لە ناوچەی سلێمانی دا ، شەش هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە پێنج هەزار کەس دژی لکاندنی کوردوستان بە عێراقی عەرەبیەوە دەنگیاندا. لە ٢٣ ژوەی ١٩٢١ دا زانایانی کوردی شاری کەرکوک فەتوایەکیان دژی لکاندنی کوردوستان بە عێراقی عەرەبیەوە دەرکرد[cxix]. بەڵام گرفتەکە لەوەدابوو کە سەرۆک ویلسۆن هەرگیز گوێی لە وەڵامەی کوردەکان نەگرت.

لێرەوە پەیوەندی کورد بەم وڵاتەوە لەسەر خراپترین بنەمای پێکەوە ژیان دروستدەکرێت. لەهەلومەرجێکی ئاوا خراپدا، پانتایەکی باش بۆ لەدایکبوونی هەموو جۆرەکانی زەبروزەنگ دروستدەبن. لەیەککاتدا سلێمانی شێخ مەحمود ڕادەپەڕێت و بەغای فەیسەڵیش دەیان فڕۆکەی بەریتانی بۆ بۆمب بارانکردنی دەنێرێت. لێرەوە مێژووی ئەم پەیوەندیە دەبێت بە مێژووی خوێن و قەسابخانە و تێرۆر و یەکترکوشتن و یاخیبوون و پەلاماردان. ئەم وێنانە یەک لەدوای یەک چوارچێوەکانی یادەوەری کۆلێکتیڤی کورد بەرامبەر بە عەرەب و عەرەب بەرامبەر بە کورد دروستدەکەن[cxx].

لە ١٩٢٥ وە تا ١٩٥٥، هەستی ناسیۆنالیسم کۆمەڵگەی کوردی دادەپۆشێت وئایدۆلۆژیای هەیمەنەدار ئەو شتەیە کە پارتی هیواو پاشان پارتی دیموکراتی

کوردوستان پێشنیاری دەکات[cxxi] و هەرلە سلێمانیەوە تا دهۆک غەرقی ئەم ئادۆلۆژیایە دەبن. (خوێنەر ڕەوانەی پاشکۆ دەکەم بۆ خوێندنەوەی ئەم وتارە : یەکێتی خاکی عێراق لە یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا،عادل باخەوان، هاوڵاتی، ٧ ژوون ٢٠٠٦).

لەنێو هەلومەرجێکی قەیراناوی ئاوادایە کە گەلی کورد دابەشکردنی قەدەری خۆی لەگەڵ عەرەبەکاندا ڕەتدەکاتەوە[cxxii]. لەنێو هەمان ئەم هەلومەرجەدایە کە سەواف ڕێگای کوردوستان دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی لقی کوردوستانی ڕێکخراوی برایانی موسوڵمان دروستبکات.

قسەیەکی زۆر هەیە لەسەر ڕۆژ و مانگ و ساڵی ئەم سەفەرەی سەواف بۆ کوردوستان، بەڵام هیچ یەکێک لەو قسانە پشت ئەستوورنین بە دۆکیومۆنت، بۆیە ئێمە ڕێگا بەخۆمان نادەین ئەو بەروارە دیاری بکەین و بەجێی دەهێڵین بۆ مێژوونووسان. ئەوەی بۆ ئێمە وەک سۆسیۆلۆگ گرنگە هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلیتیکەکەی پەنجاکانە کە تیایدا سەواف دەگاتە کوردوستان. بەتایبەتی ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٥.

لێرەدا دوو ئاستی گرنگی ڕاڤەکردن خۆیان پێشنیار دەکەن:

یەکەمیان بۆ چی سەواف هەڵەبجە هەڵدەبژێرێت وەک لانەی یەکەمی بانگەوازەکەی لە کوردوستان ؟

دووەمیشیان چۆن و بۆچی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان باوەشی بۆ ئەو بانگەوازە کردەوە ؟

ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسیە چیە کە هەڵەبجە و شێخ عوسمان وەک پانتایی و کەسایەتی دەخەنە سەر شانۆی ڕوداوەکانی ئیسلامی سیاسی؟

بۆ هەڵەبجە ؟

بۆ شێخ عوسمان ؟

ئەم پرسیارانە بەدرێژی لەو کتێبەماندا لەسەر ئیسلامی سیاسی کوردی کاریان لەسەرکراوەو لێرەدا جێگای ئەوەمان نیە لەوە زیاتر لەسەریان ڕۆین.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردودا، کۆمەڵگەی عێراقی بە قەیرانێکی سیاسی کوشندەدا تێدەپەڕی. پارتی کۆمۆنیست لە پانتاییە گشتیەکاندا لە دەرکەوتنێکی بەهێزدابوو. ئەم دەرکەوتنە لەیەککاتدا پاشا و ئینگلیزەکانیشی تووشی کێشە کردبوو. ئەوان پێیانوابوو ئەم دەرکەوتنە زەنگە ترسناکەکانی یەکێتی سۆڤێتە لە عێراقدا[cxxiii].

لەلایەکی دیکەوە کێشەی ناسیۆنالی کوردو ئەکتەرە بەهێزو کاراکانی پاشایان تووشی نیگەرانی و ترس و ڕاڕایی کردبوو. ئەو ساڵانە هەستی ناسیۆنالیستی سەرجەم شارە گەورەکانی کوردوستانیان داپۆشیبوو. سەرکردەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردوستان بەوردی سەرگەرمی مۆبیلیزەکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیبوون. "پاشا" تەواو وشیاربوو بەم مەترسیانە :

- لەلایەک بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێراقی.

- لەلایەکی دیکەوە بزتووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی.

پێکەوە گەمارۆی دەسەڵاتیان دەدا پاشا و ڕاوێژکارەکانی دەیانویست وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە :

چۆن ڕێگابگرین لەم دوو شەپۆلە ؟ شەپۆلی کۆمۆنیستەکان و یەکێتی سۆڤێت لەلایەک و شەپۆلی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی و پارتی لەلایەکی دیکەوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پاشا چەند مێکانیسمێکی خستەکار، یەکێک لەوانە هاندان و پشتیوانیلێکردن و ڕێگاخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی گرووپی برایانی موسوڵمان وەک بەرامبەرێکی سەرسەختی ئایدۆلۆژی فیکری کۆمۆنیسم لەلایەک و ناسیۆنالیسم لەلایەکی دیکەوە. لەم چرکەیەوە دەرگاکانی عێراق دەکرێنەوە بۆ برایانی موسوڵمان و ئەوانیش لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا مەڵبەندو سەنتەرەکانیان دەکەنەوەو ماشینی بانگەوازی ئیسلامی دژە کۆمۆنیسم و ناسیۆنالیسم دەخەنەکار.

هەر لەو ساڵانەداو لەنێو ئەو هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلێتیکەدایە کە سەواف ڕێگای کوردوستان دەگرێتەبەرو جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان دەستنیشاندەکات بۆ دروستکردنی برایانی موسوڵمانی کورد بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ئایدۆلۆژیای ئیسلامیسم بکات بە بەدیلی ناسیۆنالیسم و کۆمۆنیسم. بەڵام ئەم حاسیبەیەی سەواف هەنگاوو قۆناغ و هەلومەرجەکەی باش نەژماردبوو. چوونکە ئەو هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلیتیەکەی کە پارتی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردی دروستکردبوو، ئامادەنەبوو بۆ دروستکردنی شتێکی دیکە بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامیەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، بزووتنەوەی ئیسلامی شانسی سفری هەیە بۆ ئەوەی ببێت بە بزووتنەوەی ماس-جەماوەرو هاوکێشەکان بگۆڕێت. بەپێچەوانەوە لەنێو حوجرەی مزگەوتەکاندا دەمێنێتەوەو دوور لە جەماوەرو دوور لە کۆمەڵگەی تازە بەمەدەنیکراو ژیانێکی گۆشەگیرانە بەسەر دەبات.

ئەم گۆشەگیریە درێژدەبێتەوە تاساڵی ١٩٧٠ و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەلایەن ژەنەراڵ بەرزانیەوە. لەم قۆناغەدا ئیسلامی سیاسی کوردی وەک گروپێکی تەواو پراگماتیست مامەڵە دەکات. پراگماتیست لەو چرکەیەدا کە ژەنەراڵ ئۆتۆنۆمی بەدەستدەهێنێت و لەو چرکەشدا کە هەرەسدەهێنێت و ڕێگای مەنفا دەگرێتە بەر.

(تێبینی : لێرەدا خوێنەر ڕەوانەی ئەو بابەتە دەکەم کە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاومکردوە بەناوی : وەک خوا بەتەنها: خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی هەلوێستی ئیسلامی سیاسی کوردی لە چرکەی هەرسی ژەنەراڵ بەرزانیدا، رۆژنامەی هاوڵاتی، ٢ ژولای ٢٠٠٦. لەبەر دووبارەنەکردنەوەو پەیوەندی گرنگی بەم توێژینەوەوەو بۆ ماندوونەکردنی خوێنەر ئەم بابەتەم لە پاشکۆدا دانەوەو ئاماۆژگاری خوێنەر دەکەم کە لەم چرکەیەدا بگەڕێتەوە سەری و بیخوێنێتەوەو پاشان بگەڕێتەوە ئێرە.)

ئێمە مێژووی ئیسلامی سیاسی کوردی لە پەنجاکانەوە تا ڕاپەڕینی بەهاری نەوەدو یەک بە پرۆسەی بیناکردن ناوزەدە دەکەین. لەنێو ئەم مێژووە چل ساڵەیەشدا، چرکەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کاراترین ڕەگەزی بیناکاری ئەم پرۆسەی بیناکردنەی ئیسلامی سیاسی کوردی دەستنیشاندەکەین. کۆماری ئیسلامی کارایی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر

بیناکردنی هەموو کاتیگۆریەکانی ئیسلام لە کوردوستان، ئیسلامی جیهادی و ئیسلامی پەروەردەی و تەنانەت ئیسلامی سۆفی و ئیسلامی سەلەفی و ئیسلامی ترادیسیۆنێلیشەوە. پێش گەڕانەوەی ئیمام خومەینی لە فەرەنساوە بۆ تاران، هەموو کاتیگۆریەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی جگە لە کارکردن لە زۆنە عاتیفی و ڕۆحیەکانی تاکەکاندا شتێکی دیکە نەبوون، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی ئیمامدا هاوکێشەکان دەگۆڕێن و دەرگا ئەفسوناویەکان لەبەردەم ئەم گرووپە پەراوێزکراوانەدا دەکرێتەوە. شانسی زێڕینی ئیسلامی سیاسی کوردی لەو چرکەیەدا زیاتر دەبێت کە کۆماری ئیسلامی هەر بە گەنجێتی پێدەنێتە نێو جەنگێکی کوشندەوە لەگەڵ عێراقی سەدام حوسەیندا.

لێرەوە کۆماری ئیسلامی هەوڵی جددی دەدات بۆ خستنە سەر شانۆی ئیسلامی سیاسی جیهادی کوردی. سەرەتا بە دانوستان لەگەڵ برایانی موسوڵماندا دەسپێدەکات و پاش شکستی ئەم دانووستانەش دەست دەکات بە دروستکردنی سوپاسی ئیسلامی (باوکی ئوسامە) و بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی (شێخ بەرزەنجی) و پاشان بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان (شێخ عوسمان عەبدولعەزیز).

(تێبینی : لە کتێبی "ئیسلامی سیاسی کوردی : بیناکردن، دەرکەوتن، بەریەککەوتن، ناسیۆنالیزاسیۆن، نێۆفۆنداموێنتالیزاسیۆن."دا، بەدرێژی باسمان لە بوونیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیەکانی ئەم گرووپانە کردووە، هەروەها بە درێژی لەسەر ژیانی ئەکتەرە پلە یەکەکانی ئەم قۆناغەی کاری ئیسلامی وەستاوین و لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیا تەحلیلی ئەو کەسایەتیانەمان کردووە کە هەیمەنەیان بەسەر ئەو کێڵگەیەدا هەبووە، لەوانە : بەڕێز مامۆستا مەلا عوسمان، بەڕێز مامۆستا مەلا سدیق، بەڕێز مامۆستا سەلاح، بەڕێز مامۆستا مەلا عەلی، بەڕێز مامۆستا شێخ موحەمەد بەرزەنجی، بەڕێز مامۆستا کرێکار، بەڕێز مامۆستا عومەری سەلەفی و هتد.)

بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە کورتبکەینەوەو بەشێوەیەکی پوختە کۆتایی پێبێنین، دەکرێت ئیسلامی سیاسی کوردی پێش بەهاری ڕاپەڕین بەسەر ئەم قووتابخانانەدا دابەشبکەین :

### ١) قووتابخانەی ئیسلامی میسری

مەبەستمان هەموو ئەو گرووپ و باڵ و خەتانەیە کە سەربە قووتابخانەی برایانی موسوڵمان بوون و شەرعیەتی کارکردنیان لە مەکتەبی ئیرشادی برایانی میسرەوە وەردەگرت و پابەندبوون بە هێڵە گشتیەکانی فیکری برایانی موسوڵمانەوە. بەکورتی هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە هەڵگری شووناسی برایانی موسوڵمان دەزانی. بەتایبەتی هەردوو خەتی جەنابی مامۆستا سەلاح کە دواتر دەبێت بە یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردوستان و جەنابی مامۆستا سدیق کە دواتر دەبێت بە بزووتنەوەی ڕاپەڕین لە کوردوستان.

### ٢) قووتابخانەی ئیسلامی ئێرانی

هەموو ئەو باڵ و گرووپانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دروستبوون و یارمەتی دراون و خراونەتە سەر شانۆ. بەتایبەتی ئەو باڵ و گرووپ و کەسایەتیانەی کە کۆماری ئیسلامی وەک شەریکی ستراتیژی تەماشادەکەن. بەتایبەتی بزووتنەوەی ئیسلامی و لەنێو بزووتنەوەشدا چەند کەسایەتیەکی بەهێزو کارا کە تائێستاش هەیمەنەیان هەیە بەسەر دیاریکردنی ئاڕاستەکانی تەوژمی ئیسلامیەوە لە کوردوستاندا.

### ٣) قووتابخانەی ئیسلامی سعودی

ئەم ئیسلامە لە هەشتاکاندا و لەڕێگای بەڕێز مامۆستا مەلا عومەری سەلەفیەوە دێتە کوردوستان و بە هەزاران هەزار دۆلاری تیادا سەرفکراوە. چوارچێوە کۆنکرێتیەکانی ئەم ئیسلامە، بریتیە لەو تێگەشتنەی کە گەورە زانایانی سەلەفیی سعودی پێشنیاری دەکەن و لەلایەن دەوڵەتی سعودیەوە تەبەنی کراوەو بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕەوانەی کۆمەڵگەکانی جیهان دەکرێت و دەوڵەت بەهەزاران ملیۆن دۆلار لە پێناوی باڵاوکردنەوەی دا سەرفدەکات.

### ٤) قووتابخانەی ئیسلامی کوردی

ئەم قووتابخانەیە هەموو ئەو مەلا و ڕۆشنبیرانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی ڕێکخستن پەیوەندیان بە هیچ یەکێک لە گرووپە ئیسلامیەکانەوە نەبوو. لەهەمانکاتدا دەیانوسیت لە قووڵایی گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردیداو بەدیدێکی ئیسلامیەوە کاربکەن. ئیسلامی ئەم جۆرە ئەکتەرانە ئەو کاتیگۆریەیە کە لەنێو پراکتیکی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردی و بەرژەوەندی و گرەوو ستراتیژبەتەکانیدا دروستبووە. بێگوومان لەنێو هەموو گرووپە ئیسلامیەکاندا چەندین کەسایەتی هەبوون کە بەم شێوەیە دروستبووبوون و کاریان دەکرد. واتە ڕاستە ئێمە بزووتنەوەی ئیسلامی دەخەینە نێو قووتابخانەی ئیسلامی ئێرانیەوە، بەڵام لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا چەندین کەسایەتی هەبوون کە دەکرێت وەک تاک بخرێنە نێو قووتابخانەی ئیسلامی کوردیەوە. هەروەها ئەمە بۆ قووتابخانەی ئیسلامی میسریش ڕاستە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمە نەخشەی ئیسلامی سیاسی کوردیە پێش ڕاپەڕین. ئەمە ئەو قۆناغەیە کە ئێمە بە بیناکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان ناوزەدەمان کرد.

## قۆناغی دووەم:

## دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان

### ١. زیندووبووەنەوە

لە ١٨ ژولای ١٩٨٨ دا، ئێرانی ئایەتوڵا خومەینی بڕیاری ٥٩٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان قبوڵدەکات. بزووتنەوەی ناسیۆنالی کوردی لەلایەک و بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی لە لایەکی دیکەوە تووشی جۆرێک لە ترس و ڕاڕای و گومان دەبن. یادەوەری کۆلێکتیڤی سیاسیان ڕاستەوخۆ وێنەکانی ساڵی ١٩٧٥ دەخاتەوە بەر هەستی وێناکردن و بینین و خەیاڵکردنیان. وێنەی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان شای ئێران و سەدامی عێراق، وێنەی داخستنی سنورەکان، وێنەی بەتەنیایی کردنی ژەنەراڵ بەرزانی لە حاجی عومراندا، وێنەی پێشمەرگەی پەرتەوازە. بە کوردتی وێنەی کۆتایی *موقاوەمەی* ناسیۆنالی کوردی. سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی بەگشتی و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان بەتایبەتی پرسیار کۆتایی هاتنی موقاوەمە لە خۆیان دەکەن.

لەم چرکەیەوە، ئیتر نە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالی کوردی و نە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی ئازادی جارانیان نابێت و جوڵانەوەیان لە لایەن ئێرانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کۆنترۆڵدەکرێت. ئەم بزووتنەوانەی کە هاوپەیمانی ستراتیژیان لەگەڵ ئێراندا هەبوو، هیچ جێگایەک بۆ تایبەتمەندیەتی خۆیان لەو ڕێکەوتنەی نێوان عێراق-ئێراندا بەدی ناکەن. لێرەوە نیگەرانی و ترسیان لە داهاتوو دەست پێدەکات.

لە ٢٠ ئوتی ١٩٨٨دا، ئێران و عێراق ئاگربەست ڕادەگەیەنن. جارێکی تر ئێران دەرگاکانی سنوور دادەخاتەوەو سووپای عێراقی سەدام حوسەین لەلایەک و موقاوەمەی ناسیۆنالی کوردی و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئەم جارە مەیدانی جەنگ تەواو لەبەرژەوەندی ئەو دیکتاتۆرەیە کە لە بەغداد حوکمدەکات، چوونکە ئەو توانیویەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەیان ڕێکەوتننامە ببەستێتەوە، هەروەک شای لە ١٩٧٥دا بەستبووەوە. بەم کردەیەش هەموو دەرگاکان لەسەر موقاوەمەی کوردی دادەخات و بەیەکجاری پەلاماری کوردوستان دەدات :

" دوانزە کەتیبەی سوپا و هەژدە فەوجی جاش، بە پشتیوانی دەبابە و فڕۆکە جەنگیەکان پەلاماری کوردوستان دەدەن. تەنانەت چەکە قەدەغەکراوەکانی وەک کیمیاویش بەکاردەهێنن.[cxxiv] "

هەر لەم کاتە ناسکانەدایە کە پرۆسەی ئەنفال دەگاتە لوتکە و وردە وردەش موقاوەمی کوردی و ئیسلامیش تروسکەکانی دەکوژێتەوەو پەراوێزدەخرێت. لە ١٩٨٨ تا ١٩٩٠، هەموو حیزبە کوردیەکان بە ئیسلامی و عەلمانیەوە، لە بیرچوونەوەیەکی ترسناکدابوون، لەهەمان کاتدا سەدام حوسەین وەک بەهێزترین پیاوی ناوچەکە دەبینرا.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، هەلومەرجی گلان بەرەو لەبیرچوونەوەیەکی ترسناک، سەدام حوسەین شانسێکی گەورە دەدات بە بزووتنەوەی ناسیۆنالی کوردی و ئیسلامی سیاسی کوردی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ جیهان. ئەم شانسە بریتیە لە داگیرکردنی کوێت لە ٢٠ ئوتی ١٩٩٠ لەلایەن بەغداوە. دوای دوو ساڵ لە گۆشەگیری و لەبیرچوونەوەی تەواو، کوردەکان، بە ئیسلامی و عەلمانیەوە، بەشێوەیەکی تایبەت دەگەڕێنەوە سەر شانۆی سیاسی لە ناوچەکە و تەنانەت لە جیهانیشدا. لە ٢٧ فێڤریوەری ١٩٩١ دا، مام جەلال تاڵەبانی؛ سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و وشیار زێباری ؛ قسەکەری ڕەسمی پارتی دێمۆکراتی کوردوستان و سامی عەبدورەحمان؛ سەرۆکی پارتی گەل، بەشێوەیەکی ڕەسمی سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن. زێباری دەڵێت :

" ئەمە یەکەم جارە لە مێژوودا ڕۆژئاوا پێویستی بە کورد بێت.[cxxv] "

دوابەدوای ئازادکردنی کوێت، کوردوستان ڕادەپەڕێت و شار لە دوای شار ئازاد دەکرێت. دەرەنجامی کۆڕەوی کورد لە ١٠ ئەڤریلی ١٩٩١ دا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناوچەی ئارام بۆ کوردەکان دروستدەکات و پاشان لە نێو هەلومەرجێکی تایبەتدا کوردوستان ئازاد دەکرێت.

### ٢. گەڕانەوە

لە بیناکردنی عێراقی مۆدێرنەوە تا ئازادکردنی کوردوستان؛ یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردی پڕە لە وێنەی ئەو سەرکردەو پێشمەرگانەی کە لە پێناوی ناسیۆنالیسمی کوردیدا تێکۆشان و گیانی خۆیان پێشکەش بە نیشتمان کردووە. ناوەکانی شێخ مەحمودی بەرزەنجی و قازی موحەمەد و ژەنەراڵ بەرزانی و مام جەلال و کاک مەسعود بە پانتاییە گشتیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ئاشنان.

بەڵام سەرکردەکانی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، جیهادی و تەربەوی، تا ئازادکردنی کوردوستان، شانسی ئەوەیان لەبەردەستدا نەبوو بوو لەنێو ئەم پانتاییە گشتیە کوردیانەدا دەرکەون و خۆیان وەک ئەوەی هەن بەو پانتاییانە بناسێنن. تەنانەت ئەو کاتانەش کە جیهاد ڕادەگەیەنن دژی ڕژێمی بەعسی، ئەوان هەر وەک گەردونێکی نەدۆزراوە وان، چوونکە ئەو جیهادە لەنێو کۆمەڵگەوە بەرەو دەرەوە دەستپێناکات، بەڵکو لەدەرەوەو بەرەو ناوەوە دەستپێدەکات، بۆیە تا ئازادکردنی کوردوستان هیچ هەلومەرجێکی وایان بۆ هەڵنەکەوتبوو کە لە پانتاییە گشتیەکاندا دەرکەون.

لێرەوە چرکەی ڕاپەڕین کە چرکەی گەڕانەوەشە، دەبێت بە چرکەی **<u>شۆکێکی</u>** دوو جەمسەرە. شۆک بۆ ئیسلامیستەکان و شۆک بۆ پانتاییە گشتیەکان. ئەم شۆکە لە **<u>بەریەککەوتنی</u>** ئەو دوو سیستەمە ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی و قیەمیەوە دەستپێدەکات کە هەریەک لەو دووانە (ئیسلامی سیاسی و پانتاییە گشتیە کوردیەکان) هەڵگری بوون. سیستەمی یەکەم لە قووتابخانە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامی سیاسیەوە سەرچاوەی گرتووەو سیستەمی دووەمیش لە قووتابخانە نادینیە جیاوازیەکانەوە. ئیسلامی سیاسی لەسەر کۆمەڵێک "**بەها**" ڕێکخراوە کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بەهایەدا (قیەم) یەکناگرێتەوە کە پانتاییە گشتیە کانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەشتا ساڵی ڕابوردودا لەسەر بیناکراوە. لەبەریەککەوتنی ئەم دوو سیستەمەدا هەردوو لا تووشی شۆکدەبن. لەکاتێکدا کە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەپەنای پێشمەرگەکانی پارتی، یەکێتی، حسک، پاسۆک، کۆمۆنیست، لە پانتاییە گشتیەکانی سلێمانی و هەولێردا بە ڕیش و سیواک و قورئان و تفەنگەوە دەردەکەوتن، کوردەکان لە خۆیان دەپرسی : " **ئەم مەخلوقە لە کوێوە دابەزیوە** ؟"

ئەم شۆکە دوو بەرامبەر دەبێتەوە کاتێک کوردەکان دەبینن ئەو کەسانەی کە بەناوی "**یەک**" ئیسلامەوە قسەدەکەن، لەڕاستیدا "**یەک**" نین و سەر بە چەندین گرووپی جیاوازن و لەهەندێک شوێنیشدا خەسم و ناحەزو ئەدڤێرسێری "ئەویتری" یەکترین. لە یەکەم چرکەی بەیەکگەشتندا ئیسلامیەکان بەچەندین شووناسەوە لە نێو پانتاییە گشتیەکاندا خۆیان مانیفێستکرد :

- بزووتنەوەی ئیسلامی .
- بزووتنەوەی برایانی موسوڵمان.
- بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی.
- بزووتنەوەی سەلەفیەکان.
- بزووتنەوەی جیهاد.
- ئەلجەماعەی ئیسلامی.

- پەیوەندی ئیسلامی.
- حیزبوولّا.

بێگوومان هەریەکێک لەم حیزبانەش دەیان ڕێکخراوی جەماوەریان فڕێدایە نێو پانتاییە گشتیەکانەوە. وەک ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوان و نووسەران و کرێکاران و وەرزشکاران و هتد. واتە ئیسلامی سیاسی، هەر لە چرکەی دەرکەوتنیەوە لە نێو پانتاییە گشتیەکاندا، لە سەر ئاستی "**پلوریال-جەمع**" خۆیان پێشنیارکردووە. پلوریالیسمێک کە لە زۆر کاتدا بە دژایەتیکردنی یەکتر کۆتایی هاتووە نەک بە یەکتر تەواوکردن. ئەوانەی کە ئیسلامی سیاسی کوردی وەک "**یەک ستراکتۆری تەباکراوی تاقانە**" دەبینن، بێگوومان هەموو ئەو کەسانەن کە هەڵگری گریمانە و تێوری ئامادەکراون و دەیانەوێت ئیسلامی سیاسی کوردی بەو شێوە بێت کە ئەوان دەیانەوێت، نەک بەو شێوەی کەهەیە. بەداخەوە لە ئێستای کوردوستاندا ئەم جۆرە کارکردنە نازانستیە تائێستاش کۆنترۆڵی مەیدانەکانی لێکۆڵینەوەی کردووە.

ئەم پلوریالیسمەی ئیسلامی سیاسی تەنها لەسەر ئاستی حیزبی نیە، بەڵکو لەسەر ئاستی پراکتیکی ئیسلامی و دینداریشە. واتە کوردەکان بە ئاسانی دەیانتوانی ئیسلامی ئەندامێکی بزووتنەوە لە ئیسلامی ئەندامێکی برایانی موسوڵمان جیابکەنەوە. ئەو ئیسلامەی کە برایەکی بزووتنەوە پێشنیاری دەکات و پراکتیکی دەکات زۆر جیاوازە لەو ئیسلامەی کە برایەکی برایانی موسوڵمان پێشنیاری دەکات و پراکتیکی دەکات.

## ٣. هەڵبژاردن

١٩ مێی ١٩٩٢ بەروارێکی زۆر گرنگە لە مێژووی کوردەکاندا بە گشتی و ئیسلامیستەکاندا بەتایبەتی. لەم ڕۆژەداو بۆ یەکەمجار هەڵبژاردن لە کوردوستاندا ئەنجامدەدرێت. ئەم بەروارە لەبەر چەند هۆیەک گرنگە بۆ ئیسلامیستەکان.

هۆکاری یەکەم : لەم بەروارەداو بۆ یەکەمجار ئیسلامیستەکان هەموو جیاوازیە دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان دەخەنە سەر شانۆ. ئەو چرکەیەی کە سەرکردە ترادیسیۆنێلەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی (شێخ عوسمان، شێخ عەلی، شێخ بەرزەنجی، شێخ ئەحمەد کاکە مەحمود، شێخ سەرگەتی) لیستێک بۆ بەشداریکردنی هەڵبژاردنی نیشتمانی ئامادەدەکەن، هەردوو بەڕێز مامۆستا کرێکار و مامۆستا عەلی باپیر بە فەتوای تووندەوە باس لەهەڵبژاردندەکەن و بە شیرکی لەقەڵەم دەدەن. گرنگی ئەم دێباو گوفتووگۆیە لەوەدایە کە لەنێو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا ئەنجامنادرێت، بەڵکو لەسەر میمبەری مزگەوتەکان و لەسەر لاپەڕەی کتێبەکان. واتە ئیسلامیستەکان ئەم دێبایە دەکەن بە بابەتێکی جەماوەری. لێرەوە جیاوازی و دژایەتی و فرەییەکانیان بەڕوونترین شێوە دەخەنە بازاڕەوە.

هۆکاری دووەم : لە چرکەی هەڵبژاردندا ئیسلامیستەکان پەردە لەسەر شتێکی دیکە هەڵدەماڵن کە دەکرێت بە "نەتوانینی پێکەوە ژیان"ی ناوبەرین. لەکاتێکدا کە بزووتنەوەی ئیسلامی و برایانی موسوڵمان بەیەکەوە بەشداری

هەڵبژاردن دەکەن، جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی برایانی موسوڵمان خۆی کاندید دەکات بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و برایانیش بە بەیانێک ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن. لێرەوە جەنگێکی سامبۆلیک لەنێوان هەردوولادا دروستدەبێت. ئەم جەنگە لە ڕێگای هێرشی شەخسی و تۆمەتبارکردنی یەکتری و دەیان کەرەسەی دیکەوە خۆی مانیفێستدەکات.

هۆکاری سێیەم : ئەم هەڵبژرادنە مەیدانێکی باشبوو بۆئەوەی کە ئیسلامی سیاسی بەهەموو باڵەکانیەوە ڕێژەی جەماوەرییبوونی خۆی ببینێت و بزانێت تا چ سنوورێک توانیویەتی کۆمەڵگە قەناعەتپێبکات. دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنە ئەو کارەساتە کوشندەیەبوو کە هەرگیز باڵەکانی ئیسلامی سیاسی چاوەڕێیانەدەکرد:

- لیستی پارتی : چوارسەدو سیوحەوت هەزارو هەشت سەدو حەفتاو نۆ دەنگی بەدەستهێنا. واتە ٤٥،٢٥٪
- لیستی یەکێتی : چوارسەدو بیست و سێهەزارو هەشت سەدو سیو سێ دەنگ. واتە ٤٤،٨١٪
- لیستی ئیسلامیەکان :٥٪
- لیستی پارتە عەلامنیەکانی دیکە : ٢٪

هەروەها بۆ سەرۆکی کوردوستان دەنگەکان بەم شێوەیە بوون :

- بەرزانی ٨١٩ ٤٤٦
- تاڵەبانی ٠٥١ ٤٤١
- شێخ عوسمان ٨٦٥ ٣٨
- دوکتۆر مەحمود ٣٠٩ ٢٣

ئەمە تەنها دەرەنجامی هەڵبژاردنێک نەبوو بۆ ئیسلامیستەکان، بەڵکو قەیرانێکی گەورەی ئەخلاقیشە. برایانی موسوڵمان بەخێرایی سەنگەری خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەدا جیادەکەنەوەو مەسافەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەنێوان خۆیان و ئەواندا دروستدەکەن. لەهەمانکاتدا ئەم دەرەنجامە هەردوو باڵی جەنابی مامۆستا کرێکارو مامۆستا عەلی باپیر بەهێزتردەکەن و ئەو دووانە هەموو تواناکانیان مۆبیلیزەدەکەن بۆ میسداقیەتدان بە فەتواو گووتارەکانیان کە تەواو ئەنتی-هەڵبژاردن و ئەنتی-دیمۆکراسیبوون. بەهێزبوونی ئەم دوو بەرێزە لەهەمانکاتدا لاوازکردنی ئەو بەرەیەشبوو کە لەناوەوەی بزووتنەوەدا وەک میانەڕەو خۆی پێشنیاردەکرد.

## قۆناى سێیەم :
## بەریەککەوتنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ دەرەوەدا

پاش شەش هەفتە دانوستانی نێوان پارتی و یەکێتی، بۆ یەکەمجار حکومەتی هەرێمی کوردوستان دادەمەزرێت. پارتی و یەکێتی وەزارەتی داد بۆ ئیسلامیستەکان پێشنیار دەکەن. بەڵام ئەمان بەتووندی ئەو پێشنیارە رەددەکەنەوە. ئەو هۆکارانەی کە لە پشت ئەم رەفزەوە بوون دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشانیان بکەین :

### ۱) گووفتووگۆی ناوخۆو بەهێزبوونی ئیسلامی سەید قووتب

لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامیداو پاش گەڕانەوەی مامۆستا کرێکار لە پاکستان و سەرهەڵدانی فێنۆمێنی مامۆستا عەلی باپیر، ئیسلامی سەید قووتب بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبوو بە " ئەدڤێرسێر-ئەویتر "ی ئیسلامی زاناکانی نێو بزووتنەوە. ئیسلامی سەید قووتب لەبەر دوو هۆی سەرەکی هەیمەنە دەکات بەسەر گۆرەپانەکەدا.

هۆکاری یەکەم پەیوەندی بەو ئەکتەرانەوە هەیە کە نوێنەرایەتی ئەم ئیسلامەیان دەکرد. مامۆستا کرێکارو مامۆستا عەلی باپیر ئەو دوو ئەکتەرەبوون کە تەواو لە ئەندامان و موجاهیدەکانی بزووتنەوەوە نزیکبوون و لەگەڵ ئەوان نانیاندەخواردو وەک ئەوان بەرگیاندەپۆشی و لەنێوان ئەواندا دەخەوتن. زاناکان تەواو بەپێچەوانەوە، هەمیشە دیوارێکیان لەنێوان خۆیان و موجاهیدو ئەندامانی بزووتنەوەدا دروستدەکردو خۆیان وەک گروپێکی تایبەت و جیاواز لەوانی دیکە دەخستە سەر شانۆ. تەنانەت ئەو کاتەش کە زاناکان لەگەڵ خوارەوەدا کۆدەبوونەوە ئەم دیوارە ڤێرتویلە دەبینرا.

هۆکاری دووەم لە ژیانی تایبەتی زانایاندا دەردەکەوێت. ئەکتەرەکانی ئیسلامی سەید قووتب، بە شێوەیەکی ڕێکخراوەی و بەردەوام و ڕۆژانە، توانیان وێنەیەکی خراپ بۆ ژیانی شەخسی گرووپی زاناکان دروستبکەن و خانەوادەو منداڵانی ئەم زانایانە لەو وێنەیەدا جێبکەنەوە.

ئایا بەڕاستی کورەکانی ئەم زانایەنە بەو شێوەبوون کە ئەکتەرەکانی ئیسلامی سەید قووتب وێنەیان بۆ دەکێشان ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ من، وەک کەسێک کە لە مەیدانی سۆسیۆلۆژیادا کاردەکات، گرنگ نیە، چوونکە من بەدوای چاک و خراپ و پاک و ناپاکدا نەگەڕێم و ئەوە کاری من نیە. کاری من بریتیە لە دەستنیشانکردنی واقیع و ڕاقەکردنی وەک ئەوەی هەیە بەبێ مۆبیلیزەکردنی هەر حوکمێکی ئەخلاقی لەسەری. لێرەوە ئەوەی گرنگە و دەبێت کلیکی لەسەربکرێت، سەرکەوتنی ئەکتەرەکانی ئیسلامی سەید قووتبە لە دروستکردنی وێنەی خانەوادەو کورەکانی

زانایاندا وەک ئەو شەیتانانەی کە نابێت لە بەهەشتی بزووتنەوەدا جێگایان ببێتەوە. گرفتەکە بەتەنها لێرەدا نیە، بەڵکو لەپشت دروستکردنی ئەم وێنە خراپەوە، خودی زاناکانیش دەکران بە نیشانە و کەسایەتیان دەپێکرا.

ئەم دوو هۆکارە ڕاستەوخۆ لە پشت بەهێزبوون و گەورەبوون و پاشان بردنەوەی ئیسلامی سەید قووتبەوە بوون. هەروەها ئەم بردنەوەیەش دەتوانێت ڕاڤەی بەشێکی گەورەی ئەو ڕەفزەمان بۆ بکات کە بزووتنەوەی ئیسلامی وەڵامی پێشنیارەکەی پارتی و یەکێتی پێدایەوە.

## ٢) شووناسی بریندار

لە دروستکردنی بەرەی کوردسانیەوە، کە سەرجەم حیزبە کوردوستانیە کاراکانی لە خۆگرتبوو، بزووتنەوە وەک بوونەوەرێک لە دەرەوەداو بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم مابووەوە. بزووتنەوە تا ئەو کاتەش چوونە نێو بەرەیەکەوە لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە ئیسلامی سیاسیان نەکردووە بە پانتایی کارکردن بە شیرک دەزانی و پێیوابوو هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئەو حیزبانەدا کە جیاکردنەوەی سیاسەت لەئاینیان کرووە بە درووشم دەستکاریکردنەوەی چەمکەکانی "الولأ" و "البراء".

بەڵام لە واقیعدا مەسافەی نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و بزووتنەوەی کوردایەتی مەسافەیەکی سیاسی بوو نەک ئاینی. باسک "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان" تا ئەوکاتەش ڕاڤەکردنێکی واقیعیانەی سەبارەت بە سنوورەکانی جەماوەریبوونی نەبوو. ئەو حاسیبەیەی کە ستراتیژیەتەکانی پێ حسابکردبوو واقیعی نەبوو. حاسیبەی خەیاڵدانێکی ڕۆحانی نادونیایی بوو. بەپێی ئەو حاسیبەیە :

<u>لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانە، (تا ئێرە ڕاستە)، هەموو دەنگەکانی خۆی دەبێت بە زانا موسوڵمانە دەستنوێژبەدەستەکانی بدات، (لێرەدا حاسیبەکە هەڵەدەکات).</u>

ڕاستە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانە و هەزار ساڵە ئیسلام بووە بە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردوستان و بەناخی ستراکتۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فیکریەکانی تاک و گرووپە کوردیەکاندا ڕۆشتووەتە خوارە. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم کۆمەڵگەیە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی بە تاکە نوێنەری خۆی نازانێت و پێیوانیە کە باسک و گرووپەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی گوزارشتبن لە خەون و بەرژەوەندی و خواست و ئارەزووەکانی.

واتە مەسافەیەکی درێژ هەبوو لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و کۆمەڵگەی کوردی موسوڵماندا. لە نێو ئەو مەسافەیەشدا بزووتنەوەی کوردایەتی لە درەوشاوەترین دەرکەوتنەکانیدا بەرهەستی هەر چاودێرێک دەکەوێت.

بەدیوێکی دیکەدا، ئیسلامی ئەم کۆمەڵگەیە سەد لە سەد لەگەڵ ئەو ئیسلامەدا یەکتری ناگرێتەوە کە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی پێشنیاری دەکات. ئیسلامی ئەم کۆمەڵگەیە کە لەنێو مێژوویەکی درێژی کۆمەڵایەتیدا بیناکراوە، بریتیە لە پەیوەندیەکی پاک لەگەڵ ئاسماندا، ئەوەش لەڕێگای نوێژ و ڕۆژو زەکات و حەجەوە. ئیسلامی ئیسلامیستەکان، ڕاستە هەموو

ئەمانە لە خۆی دەگرێت، بەڵام دەست بۆ کۆمەڵێک شتی دیکەش دەبات کە تەواو نامۆیە بە ئیسلامی ترادیسیۆنێلی کۆمەڵگەی کوردی، وەک دروستکردنی چەندین حیزب بەناوی ئیسلامەوەو ململانێ لەپێناوی گەشتن بە کورسی دەسەڵات و قسەکردن لە سیاسەتی جیهانی و کافرکردنی ئەوانەی کە ئیمان بە ئیسلامی ئیسلامیستەکان ناهێنن.

هەموو ئەم شتانە بیدعەبوون بە ئیسلامی ترادیسیۆنێلی کوردی. لە ئیسلامی کۆمەڵگەی کوردیدا، تاڵەبانی و بارزانی و حەمەی حاجی مەحمود، موشریک و کافرو مورتەد نین، بەڵکو موسوڵمانن و لە پێناوی ئازادکردنی نەتەوەکەیاندا تێدەکۆشن. بەڵام لە ئیسلامی ئیسلامیستەکاندا، ئەمانە کە نوێژدەکەن و ڕۆژودەگرن و حەجدەکەن و بە خۆیان دەڵێن موسوڵمان، موشریک و مورتەدن. **دیسانەوە دەبێت خوێنەر ئاگاداربکەمەوە کە من باس لەوەناکەم ئەمە ڕاستە یان هەڵەیە، گەڕان بەدوای ڕاست و هەڵەدا کاری سۆسیۆلۆگ نیە. هەموو ئەوەی من دەمەوێت ئەنجامی بدەم ئەو شتەیە کە لە سۆسیۆلۆژیادا ناویدەنێین: دیسکریپتیبیلیتی. واتە دەستنیشانکردنی واقیع وەک ئەوەی هەیە نەک وەک ئەوەی دەبێت هەبێت.**

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی بیناکاری دوو مەسافەبوو؛ مەسافەیەک لە نێوان خۆی و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا. نەیتوانیبوو کۆمەڵگەی کوردی قەناعەتپێبکات کە "ئەو" گورازشتە لە بەرژەوەندیەکانی و نوێنەرایەتی خواست و ئارەزوەکانی دەکات. مەسافەیەکی دیکەش لە نێوان ئەو ئیسلامەی کە پێشنیاری دەکرد لەگەڵ ئەو ئیسلامەی کە لە مێژوویەکی کۆمەڵایەتی درێژداو نەوە بەنەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بیناکراوە. ئەم دوو مەسافەیەش داپرانێک دەخەنە سەر شانۆ. داپران لە نێوان حاسیبەی سەرکردەکانی ئسیلامی سیاسی لەلایەک و واقیعی بابەتیانەی کۆمەڵگەی کوردی لەلایەکی دیکەوە.

لێرەدا ڕەگەزێکی دیکەی مێژوویی تەواو بەپێچەوانەی حاسیبەکەی ئیسلامی سیاسیەوە کاردەکات. ئەو ڕەگەزەش دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقی. لە ڕاستیدا، هەر لە دامەزراندنی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، کێشەی کورد کێشەی مسوڵمانەکان لەگەڵ ناموسوڵمانەکان یان شیعە لەگەڵ سوونەدا نیە. بەڵکو کێشەی ناسیۆنالیسمێکە لەگەڵ ناسێنالیسمێکی دیکەدا. کێشەی ناسیۆنالیسمی کوردە لەگەڵ ناسیۆنالیسمی عەرەبیدا. ئەکتەرە گەورەکانی ئەم ململانێیەش هەموو ئەو کەسایەتیانەن کە وەک ناسیۆنالیست خۆیان خستوەتە سەر شانۆ نەک شتێکی دیکە. شێخ مەحمود، ژەنەراڵ بەرزانی، ئیبراهیم ئەحمەد، مام جەلال، کاک مەسعود ، دوکتۆر مەحمود عوسمان، هتد.

ئیسلامیستەکان درەنگ، زۆر درەنگ دێنە سەر شانۆی ململانێ. کاتێکیش دەگەن، کوردوستان یەکپارچە لە سووتانا بوو. ئەم سووتانەش لە زۆر کاتدا بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدەدرا. ئیسلامی سیاسی دەبوو لە یەککاتدا دژی ئەو سووتانە تێبکۆشێت و قەناعەت بە خەڵکی کوردوستانیش بکات کە ئەوانەی بەناوی ئیسلامەوە کوردوستان دەسوتێنن موسوڵمان نین. بێگوومان ئەمەش

هەلومەرجێکی سیاسی ئیدیال و لەبارنیە بۆ یەکەم دەرکەوتنی گرووپێکی سیاسی.

وەک دۆن کیشوەت ئیسلامی سیاسی کوردی نەیدەتوانی لەم واقیعە تێبگات و دەیویست خۆی وەک ئەکتەرێکی ماژۆر-گەورەی وەک پارتی و یەکێتی بخاتە سەر شانۆی هەڵبژاردنەکان. کاتێکیش دەرەنجامەکان دەردەکەون، لە قووڵایی ناخیەوە هەست بە برینداربوون دەکات. برینداربوونی ئەو شووناسەی کە وای دەزانی شووناسی هەموو کۆمەڵگەی کوردیە. تەنها ٥٪ موسوڵمانانی کوردوستان دەنگ دەدەن بە ئیسلامی سیاسی کوردی ! ئەمە ئەو دۆخەیە کە هەموو لێکدژیەکانی تیدا دەردەکەوێت.

### ٣) بەشداری ئێران و سعودیە

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان زیاتر وەک بەرەیەکی پێکهاتوو لە چەند ڕێکخستنێکی سیاسی و چەند قووتابخانەیەکی فیکریی ئیسلامی سیاسی دەردەکەوێت. قووتابخانەی ئیسلامی ئێرانی، قووتابخانەی ئیسلامی سعوودی، قووتابخانەی ئیسلامی میسری، قووتابخانەی ئیسلامی کوردی، لەیەککاتداو پێکەوە لەنێو دەزگاکانی بزووتنەوەدا کاردەکەن.

ئامادەبوونی ئەم قووتابخانانە لە ڕێگای پراکتیکی ڕۆژانەی ئەکتەرە جیاوازەکانەوە خۆیان مانیفێستدەکەن. لێرەوەو هەر لە سەرەتاکانی ئازادکردنی کوردوستان و گەڕانەوەی ئیسلامیستەکانەوە، ئەو قووتابخانانە، بەتایبەتی ئێرانی و سعودی، بەشێوەیەکی کارا لە کێڵگەی ئیسلامی سیاسیدا کاریانکردووە.

ئێران و سعودیە، وەک دوو دەوڵەت کە لە پشت قووتابخانە ئیسلامیەکانیانەوەن، خاوەنی هەڵوێستێکی نێگەتیڤن بەرامبەر دروستبوونی هەر کیانێکی ناسیۆنالی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو پێیانوایە ئەو کیانە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان. لەم ستراتیژیەتەوە، ئەو دوو وڵاتە هەموو تواناکانیان دەخەنە کار بۆ ئەوەی بەربەست بخەنە ڕێگای هەر پرۆسەیەک کە بە ئاراستەی پێکهێنانی کیانێکی کوردیدا بڕوات.

گرفتی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و باسک بەتایبەتی لەم قۆناغەدا بریتیبوو لەوەی کە هەریەک لەم دوو وڵاتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەوڵیاندەدا کۆنترۆڵی بکەن و بیخەنە ژێر هەیمەنەی خۆیانەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای ڕەهەندی سەربازی و عەرەبی سعودیش لە ڕێگای ڕەهەندی مالیەوە. باسک لەبەرئەوەی لە دەرەوەی بەرەی کوردوستانی بوو، هیچ سەرچاوەیەکی ئابوری نەبوو، لێرەوە عەرەبی سعودی بە ئاسانی دەیتوانی لە ڕێگای پیترۆ-دۆلارەوە هەیمەنەی خۆی فەرزبکات. ئێرانیش هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، وەک هەر حیزبێکی چەکداری کوردی، باسکی چەکدارکردووەو لێرەوە هیمەنەی خۆی فەرزکردووە.

بەشداری هەریەکێک لەم دوو وڵاتە لە بیناکردنی کردەی بەریەککەوتنی بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بێگوومان کۆی هەموو ڕەگەزەکان نیە، بەڵام دەکرێت وەک ڕەگەزێکی بەهێزو کارا حسابی بۆبکرێت.

## ٤) چەمکی پیلان

چەمکی پیلان ڕەگەزێکی بیناکاری بوونیەی فیکری ئیسلامی سیاسی کوردیە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارایی دادەنێت بەسەر بەرهەمهێنانی پراکتیکی ژیانی هەموو ڕۆژێکی ئیسلامیستەکانەوە.

یادەوەری ئیسلامیسم پانتاییەکی هەمیشە بەحەزەرە لەبەرامبەر هەر کردەیەکی ئەویتردا. وێنەی ئەویتر هەمیشە وێنەی ئەو کەسەیە کە لە پیلانگێرانی بەردەوامدایە بە دورخستنەو پەراوێزکردن و پاشان لەناوبردنی ئیسلامیسم.

لەنێو ئەم یادەوەریەدا، کارکردنێکی بەردەوام هەیە لەسەر پرۆژەی بەدووژمنکردنی ئەویتر. واتە ئەویتر وەک بەرامبەرێکی سیاسی و مەدەنی بوونی نیە، بەڵکو وەک دووژمن. دوژمنیش کەسێکی پیلانگێرەو هەموو جوڵانەوەیەکی لەپێناوی لەناوبردن و کوشتن و یەکلاییکردنەوەدایە.

لێرەوە وێنەی پارتی و یەکێتی، تاڵەبانی و بەرزانی، حکومەتی هەرێم و پەرلەمان، بەرەی کوردوستانی و کارکردنی هاوبەش، تێکەڵ بە ڕوخساری دوژمن دەبن و وەک دوژمن خۆیان مانیفێستدەکەن.

لەم خاڵەشدا ئیتر قسەکردن لەسەر متمانە و پێکەوە ژیان دەبێت بە شتێکی خەیاڵیی دور لە واقیع.لە کۆنتێکستێکی ئاوادایە کە باسک نایەوێت بە هیچ شێوەیەک بەشداری حکومەتی هەرێم بکات و وەزارەتی داد ڕەددەکاتەوە.

دەبێت ئاماژە بەوەبدەین کە ئەکتەرە گەورەکانی ئیسلامی سەید قووتب، زیندووانە لە پشت ئەم پرۆژەیەوە بوون:

پرۆژەی بەدوژمنکردنی ئەویترە سیاسیەکان. بەقەدەر کۆنکرێتیزەکردنی ئەم پرۆژەیە، فەتواکانی ئەم ئەکتەرانەش دژ بە ئەویترە سیاسیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەهێزترو توندتر دەبوو. هێرشەکانی مامۆستا عەلی باپیر و مامۆستا کرێکار بۆ سەر حکومەتی هەرێم و پەرلەمان ئاگاروێتردەبوو.

## ٥) شکستی ئابووری حکومەتی هەرێم

هەیمەنەی ئیسلامی سەید قووتب و پاشان بەریەککەوتنی ئیسلامی سیاسی کوردی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتیدا، لە نێو کۆنتێکستێکدایە کە لە چەندین ئاست دروستبووە. ئەگەر چەمکی پیلان و بەشداریکردنی ئێران و سعودیە و شووناسی برینداری و دێیای ناوخۆیی چەند ئاستێکی ئەو کۆنتێکستە بن، بێگوومان شکستی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردوستانیش ئاستێکی گرنگی ئەو کۆنتێکستەیە.

پارتی و یەکێتی، هەردوو باڵە هەرە گرنگەکەی حکومەت، نەیانتوانی لە پێناوی دروستکردنی ئابوری ناسیۆنالدا بازبدەن بەسەر ئابوری حیزبدا. بەپێچەوانەوە، ئابوری ناسیۆنالیان کورتکردەوە لە ئابوری حیزبدا. داهاتی ناسیۆنال کە بریتیبوو لە داهاتی گومرگ، بەم شێوەیەی خوارەوە لە نێوان حیزبە کاندا دابەشکرا :

- ٣٠٪ بۆ پارتی دێموکراتی کوردوستان.

- ٣٠٪ بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردوستان.
- ١٥٪ بۆ پارتی سۆسیالیستی کوردوستان.
- ١٠٪ بۆ پارتی گەل.

حیزبە بچووکەکانی دیکەش بێ بەش نەکران. حکومەتی هەرێمی کوردوستان، لەڕووی پراکتیکەوە، هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو لە بیناکردن و ڕێکخستنی ژیانی ئابوریدا. ڕاستە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت هەبوو، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە دوا بڕیار لە هۆڵی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرنەدەچوو، بەڵکو لە قەڵاچۆلان و سەری ڕەش دەردەچوو. وەزارەتی دارایی پێویستی بە چل و پێنج ملیۆن دیناری ئەسڵی هەبوو بۆ ئەوەی موچەی موچەخۆرەکان بدات.

ئەم پارەیە چۆن دابینبکرێت لە کاتێکدا حیزبەکان داهاتی نەتەوەیی بکەن بە داهاتی حیزب ؟

هاوڵاتی کوردی چۆن بژی ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری: چۆن بژیم ؟

تاکە وەڵامێکی مومکین ئینتیمایە بۆ یەکێک لە حیزبەکان. لێرەوە کردەی کوشتنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەستپێدەکات و نیشتمان دەبێت بە دیوەخانی حیزب و هاوڵاتیش دەبێت بە ئەندامی گوێڕایەڵی پرسیارنەکەر.

### ٦) شکستی سەربازی

یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی یەکێتی و پارتی بریتیبوو لە دروستکردنی سووپایەکی ناسیۆنال. بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش یەکسانە بە چەککردنی هەموو گرووپە چەکدارەکان، بە بزووتنەوەی ئیسلامیشەوە. سەرنەکەوتنی پارتی و یەکێتی لە دروستکردنی ئەم سووپایەداو هەڵنەوەشاندنەوەی هێزە سەربازیە حیزبیەکانیان ئاستێکی دیکەی گرنگی ئەو کۆنتێکستەیە کە تیایدا بەر زەبروزەنگی ئیسلامی سیاسی کوردی دەکەون.

ڕاستە هەڵبژاردن کراو پارتی و یەکێتی بردیانەوەو پەرلەمان و حکومەتیان دامەزراند، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم دوو ئەکتەرە بەهێزە نەیانتوانی ئابوری ناسیۆنال و سوپای ناسیۆنال وەک دوو چەکی بەهێز بدەنە دەست سەرۆکی وەزیران بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پۆست سەدامی پێ ڕێکبخات. حکومەتێکی بێ ئابوری و بێ سوپا، دەبێت جگە لە شکست چاوەڕوانی چی لێبکرێت. بێگوومان ئەمە ئەو هەلومەرجە زێڕینەیە کە تیادا ئیسلامی سەید قووتب دەتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی گەشەبکات و بەهێز ببێت و خۆی بسەپێنێت. لێرەوە من دەڵێم، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پارتی و یەکێتی بەشداریەکی زیندوویانکرد، لەم قۆناغەدا، لە مانیفێستاسیۆن و پاشان بەهێزکردنی ئەکتەرەکانی ئیسلامی سەید قووتبدا.

١٦ دێسەمبەری ١٩٩٣ بەروارێکی گرنگە لە مێژووی ئسلامی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و چەکدار بەتایبەتیدا. لەم ڕۆژەدا سەرەتای جەنگێکی

سەرتاسەری لە نێوان باسک و یەکێتیدا دادەمەزرێت. جەنگێک کە بەسەر تەوای کوردوستاندا دەکشێت. لەناوچەی گەرمیان چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی، لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا چەند پێشمەرگەیەکی باسک دەکوژن. ئەم کردیە لەلایەن باڵە توونڕەوەکانی باسکەوە یەکسانکرا بە هەتککردنی ئاینی پاکی ئیسلام و بێدەنگبوون لێی یەکسانکرا بە لەدەستدانی جیهاد و پرسیاردروستکردن لەسەر عەقیدەی ئاینی.

لێرەوە، هەموو داواکانی یەکێتی بۆ لێبوردن و ئاشتی ڕەددکرانەوە، بەداواکەی بەڕێز مام جەلالیشەوەو لە شاری ڕانیە پێشمەرگەکانی باسک پەلاماری کۆمیتەی یەکێتی دەدەن و بەرپرس و ئەندامانی کۆمیتەکە دەکوژن.

دواتر جەنگ هەموو کوردوستان دەگرێتەوە، هەولێر، سلێمانی هەڵەبجە، گەرمیان، پشتەدەر. یەکێتی دەستدەگرێت بەسەر هەموو بارەگاکانی باسکداو ڕابەری گشتی باسکیش بەدیلی دەگرێت. دوای چەند مانگێک و بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بزووتنەوەی ئیسلامی لەڕێگای زەبروزەنگێکی خوێناویەوە دەگەڕێتەوە کوردوستان.

لەگەرمەی ئەم ڕووداوانەدا دوو ڕوداوی گرنگ لە نێو کێڵگەی ئیسلامی سیاسی کوردیدا دروستدەبن. یەکەمیان : خەتی یەکەمی برایانی موسوڵمان؛ مامۆستا سەلاحەدین بەهادین، یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان ڕادەگەیەنێت. دووەمیان : خەتی دووەمی برایانی موسوڵمان، مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی دادەمەزرێنێت و لە برایان جیادەبێتەوە.

(تێبینی : لە کتێبی "ئیسلامی سیاسی کوردی : بیناکردن، دەرکەوتن، بەریەککەوتن، ناسیۆنالیزاسیۆن، نێۆفۆنداموێنتالیزاسیۆن."دا، کۆی ئەو کۆنتێکستە ڕاڤەکراوە کە ئەم دوو بزووتنەوەیەی تیادا درووستبووە.)

## قۆناغی چوارەم :

## ناسیۆنالیزاسیۆنی ئیسلامی سیاسی کوردی

شکستی سەربازی باسک لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانیدا تەنها شکستی هێزێکی سەربازی لەبەرامبەر هێزێکی دیکەی سەربازیدا نیە، بەڵکو سەرەتای دامەزراندنی قۆناغێکی دیکەی مێژووی سۆسیۆپۆلیتیکی ئیسلامی سیاسیە کە من بە قۆناغی ناسیۆنالیزاسیۆنی ئیسلامی سیاسی کوردی ناو دەبەم. هەروەها دەکرێت بە ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسمیشی ناوبەرین. ئەم شکستە لەهەمانکاتدا گورزێکی بەهێزبوو لە ئیسلامی سەیدقووتب کە دەکرێت بە یەکێک لە ماشینە هەرە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی ئەم جەنگە دەستنیشانی بکەین.

قۆناغی ئیسلامۆناسیۆنالیسم بریتیە لە هەڵوەشانەوەی کێڵگەی ئیسلامی سیاسی وەک کێڵگەیەکی ئۆتۆنۆم و تێکەڵبوونی سنوورەکانی بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردی. لێرەوە ستراتیژیەت و یاری و پرانسیپ و گرەوو بەرژەوەندیەکانی کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال دەبن بە پانتاییەکانی کارکردن و جوڵانەوەو پراکتیکی بزووتنەوە ئیسلامیەکان. ئەم کردەیەش بریتیە لە "گوزەر"ێکی

گرنگ کە تیادا شتە ستراتیژیەکان دەگۆڕێن. ئەمە گووزەرە لە ئەنتەرناسیۆنالسیمی ئیسلامیەوە بەرەوە ناسیۆنالیسمی کوردی. لە جیهانەوە بەرەو کوردوستان.

یەکگرووتووی ئیسلامی کوردوستان، بزووتنەوەی ڕاپەڕینی کوردوستان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان و دواتر کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستان، بەگۆشت و ئێسقانەوە تێکەڵ بە یاریە سیاسیەکان دەبن و بەشداری حکومەت و پەرلەمان دەکەن. لەمەش زیاتر، لە پرۆگرامی ئەم بزووتنەوانەدا، خەون و ستراتیژیەت و بەرژەوەندیە ناسیۆنالەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەبن بە بابەتی سەنتراڵ و کەرەسەی ململانێ بۆ دەسەڵات.

ئەم تێکەڵبوونە بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال، لە پاش ڕزگارکردنی عێراق لە ڕژێمی سەدام حوسەین، دەگاتە بەرزترین ئاست. کۆمەڵ و بزووتنەوە لە دوو حیزبی چەکدارەوە دەبن بە دوو حیزبی مەدەنی. لێرەوە مەیدان و کەرەسەکانی کاکردنی حیزب (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە) هەموو ئەو شتانەن کە کێڵگەی ناسیۆنال پێشنیاریان دەکات.

لەم قۆناغەداو لەسەر ئاستی پراکتیکی یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، کۆنسێپتی نەتەوەی کورد شوێن بە کۆنسێپتی ئومەتی ئیسلامی لێژدەکات و کۆنسێپتی دەوڵەتی کوردی جێگای کۆنسێپتی دەوڵەتی ئیسلامی دەگرێتەوەو وەک پارتی و یەکێتی، ئاڵای کوردوستان لە پەنای ئاڵای حیزبە ئیسلامیەکانەوە دەبینرێت. بێگوومان ئەمە هەرگیز مانای ئەوەنیە کە ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانە وازیان لە پرۆژەی ئیسلامیزاسیۆن هێناوەو پشتیانکردوەتە بەها ئیسلامیەکان. تەواو بەپێچەوانەوە، ئەم پرۆژەیە تائێستاش بەردەوامە، بەڵام بەشێوەیەکی ناسیۆنالیزەکراو. بەرپرسی مەڵبەندی ئەوروپای کۆمەڵی ئیسلامی، بەڕێز موسیر گەلالی دەڵێت :

" ستراتیژیەتی دووری ئێمە بریتیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی ئیسلامی، بەکەرەسە دیمۆکراتیەکان. ئێمە کەنەتوانین لە ڕێگای جیهادەوە ئەم دەوڵەتە دروستبکەین، بۆچی لە ڕێگای دێمۆکراسیەوە دروستی نەکەین[cxxvi]"

ئەم گوزەرە لە ئەنتەرناسیۆنالیسمەوە بەرەو ئیسلامۆناسیۆنالیسم، لای ئەکتەرێکی کارای وەک بەڕێز عەلی باپیر بە ڕوونترین شێوە خۆی مانیفێستدەکات. لە قۆناغی ئەنتەرناسیۆنالیسمی ئیسلامیدا ئەم ئەکتەرە پێیوایە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم شەریکدانانە بۆ خوداوەند، بەڵام لە قۆناغی ئیسلامۆناسیۆنالیسمدا بەشداری هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەتیش دەکات بەبێ ئەوەی شەریکی بۆ خوداوەند دابنێت.

ئەم گووزەرە لای برایانی موسوڵمان (یەکگرتوو)، دەکرێت وەک کۆدێتایەکی مێژوویی بەسەر کۆی قووتابخانە فیکریەکەی برایاندا بخرێتە سەر شانۆ. دروستبوونی برایانی موسوڵمان هەر لە سەرەتاوە، لەپێناوی گەڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامیدابوو. برایانی موسوڵمانی کوردوستانیش هیچ نەبوون تەنها لقێک نەبێت لە برایانی موسوڵمانی جیهانی. لقێکی نائۆتۆنۆمی بێ ئیرادەی بێ دەسەڵات. بەڵام لە چرکەی دروستبوونی یەکگرتووەی ئیسلامی کوردوستانەوە ئیتر برایان تێکەڵ بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال دەبن و هەموو تواناکانیان

مۆبیلیزەدەکەن بۆ ئەوەی وەک مەدەنیترین حیزبی کوردی دەربکەون. لە پرۆگرامی سیاسی خۆیدا، یەکگرتوو، وەک پارتی و یەکێتی، فیدێرالیسم و پلوریالیسم و کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرژەوەندیە ناسیۆنالەکانی کوردو کەرک و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکات بە ئامانجە هەرە گرنگەکانی و لەپێناویدا خەباتدەکات. لە ٣١ مارسی ٢٠٠٤ دا، بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین بەهادین، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، لەسەر کەناڵی ئەلجەزیرە دەردەکەوێت و وەک ئیسلامۆناسیۆنالیستێکی کارا بەرگری لە دەوڵەتی کوردی و بەرژەوەندیە گشتیەکانی خەڵکی کوردوستان دەکات و وەک گوزارشتێکی ڕاستگۆ لە ئارەزوە ناسیۆنالەکانی خەڵکی کوردوستان خۆی پێشنیاردەکات. لێرەدا بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین ئیتر مامۆستای مزگەوتێکی شارۆچکەی خورماڵ نیە، بەڵکو ئەکتەرێکی بەرهەمهێنەری سیاسەتە لەسەر ئاستی ناسیۆنال. ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دروستدەبێت و زۆر لایەن تووشی نیگەرانی دەکات ئەمەی خوارەوەیە :

ئایا سەرکردایەتی سیاسی کوردی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی، دەتوانن "ئیستیعابی" ئەم گوزەرە بکەن و بە شێوەیەکی پۆزیتیڤانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بیخەنە خزمەت بەدیهێنانی خەونە ناسیۆنالە کوردیەکانەوە ؟

(تێبینی : لە کتێبی "ئیسلامی سیاسی کوردی : بیناکردن، دەرکەوتن، بەریەککەوتن، ناسیۆنالیزاسیۆن، نێۆفۆندامۆنتالیزاسیۆن."دا، بەدرێژی باس لەم قۆناغە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کراوە.)

## *قۆناغی پێنجەم :*

## *نێۆ-فۆندامۆنتالیزاسیۆنی ئیسلامی سیاسی کورد*

لێرەوە ئێمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بابەتی سەنتراڵی تووێژینەوەکەمان نزیکدەبینەوە. قۆناغی پێنجەم ئەو پانتاییەیە کە تیایدا گرووپی ئەنساری ئیسلام وەک یەکێک لە ڕووخسارەکانی نێۆ-فۆندامۆنتالیسمی کوردی دەردەکەوێت. دەڵێین " یەکێک " لە ڕووخسارەکان، چوونکە ئێمە پێمانوایە نێۆ-فۆندامۆنتالیسم چەندین کاتیگۆری و ڕوخساری جیاوازی لە کۆمەڵگەی کوردیداهەیەو ئەنساری ئیسلامیش وەک گرووپێکی جیهادی و ڕادیاکاڵ تەنها گوزارشت لە بازنەیەکی پراکتیکیی ئەم دیاردەیە دەکات.

نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان خۆیان وەک سەلەفی پێناسەدەکەن. سەلەفیەکان هەموو ئەوکەسانەن کە سەردەمی پێغەمبەر بەسەرچاوە دەزانن و دەیانەوێت "جوستیفیکاسیۆن-تەبریر"ی کۆی گووتارو ڕەفتاریان لەوێوە وەربگرن. ئامانجی سەرەکی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان بریتیە لە داڕشتنەوەی ئەوترادیسیۆنە ئاینی و مێژووە سیاسیەی کە لە چواردە سەدەی ڕابوردودا موسوڵمانان بنیایان کردووە. داڕشتنەوەیان لەسەر بنەمای دەقەکانی قوورئان و سوونە و ئەو مۆدێلە کۆمەڵایەتیەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا هەبووە[cxxvii]. لێرەوە نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان بۆ دەستکاریکردنەوەی هەموو شتەکان دەرگای ئیجتیهاد دەخەنە سەرپشت.

ئەوەی لە پانتاییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا وەک شتێکی تازە دەردەکەوێت ڕەگەزێکی گرنگە کە من ناویدەنێم ڕادیکالیزەکردنی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم لەلایەن

ئەنساری ئیسلامەوە. ئەم کردەی ڕادیکالیزەکردنە دەکرێت وەک داپڕانێکی گرنگ لە مێژووی ئیسلامی سیاسی کوردیدا تەماشابکرێت. ئەو چرکەیەی کە بزووتنەوە گەورەکانی ئیسلامی سیاسی (یەکگرتووی، کۆمەڵ، بزووتنەوە) تێکەڵدەبن بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال و پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کوردوستان وەک ڕەگەزی سەرەکی لە بەرنامەو پرۆگرامیاندا دەکوژێننەوە، ئەنساری ئیسلام تەواو بەپێچەوانەوە، ڕێگایەکی دیکە هەڵدەبژێرێت کە ڕێگای جیهادە بە مانای کوشتن نەک لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کوردوستاندا، بەڵکو لە پێناوی "مانا"دا. واتە ئامانجی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان بریتیە نیە لە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کوردوستان، بەڵکو مردنە لە پێناوی مانایەکی باڵادا کە دەکرێت بۆنموونە ڕەزامەندی خوا یان چوونە بۆ بەهەشت یان هەردووکیان یان مانایەکی دیکە بێت.

ئێمە بەشێوەیەکی گشتی، مێژووی سۆسیۆپۆلیتیکی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی بەسەر ئەم پێنج قۆناغەدا دابەشدەکەین و ئەو مێژووەش بەو میکانیسمانە ڕۆشتووە بەڕێوە کە خستمانە ڕوو. لەم کتێبەدا، ئەوی زیاتر بەلای ئێمەوە گرنگەو بابەتی تووێژینەوەکەمانە، قۆناغی پێنجەمە. واتە قۆناغی دەرکەوتنی ئەنساری ئیسلام وەک بزووتنەوەیەکی نێۆ-فۆندامۆنتالیست کە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی تیکنیکەکانی تێرۆریسم.

یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەیە کە "یادەوەریەکی" کورتی هەیە و زۆرجار تەنها ئەو شتانە دەبینێت کە لە ئێستا و ئێرەدا ڕوودەدەن. بێگوومان چەند هۆکارێک لە پشت دروستبوونی ئەم گرفتەوەن، یەکێک لەوانە تەمەڵی ئەم کۆمەڵگەیەیە کە نایەوێت خۆی ماندووبکات و بەدوای ڕەگوریشە مێژووە سیاسی و کۆمەڵەیەتی و ئابوریەکەی شتەکاندا بگەڕێت و بۆ تێگەشتن لەوەی کە لە ئێستا و ئێرەدا ڕوودەدات لاپەڕەکانی دوێنێ هەڵناداتەوە. من، تەواو بەپێچەوانەوە، لێرەوە هەوڵدەدەم، بەشێوەیەکی بابەتیانەی زانستیانەی بێلایەنانە و لەپێناوی بەرهەمهێنانی زانستێکی سۆسیۆلۆژیدا هەموو ئەو لاپەڕانە هەڵبدەمەوەو وەڵامی پرسیاری : ئەنسار چیە بدەمەوە.

پێش ئەنجامدانی ئەم کارە، دەبێت خوێنەر سەربە هەر کاتیگۆریەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی بێت ئاگاداربکەمەوە لەوەی کە من، عادل باخەوان، وەک مرۆڤێک کە دۆست و دوژمنی هەیە، لەم تووێژینەوەیەدا دەرناکەوم و بەهیچ شێوەیەک ڕێگانادەم کە هەست و سۆزو خواست و ئارەزووە مرۆییەکانم تێکەڵ بەم کردە زانستیە ببن. ئەوەی لەم تووێژینەوەیەدا دەردەکەوێت منێکی سۆسیۆلۆگە کە لەدەرەوەی هەموو حوکمە ئەخلاقی و حیزبی و سیاسی و کۆمەڵایتیەکان کاردەکات. هەر خوێنەرێک لەدەرەوەی ئەم بنەمایە لەگەڵ ئەم تووێژینەوەیەدا مامەڵەبکات هەڵدەکات و نەخوێندنەوەی بۆ هەردوو لامان باشترە.

# بەشی سێیەم
# بیناکردنی ئەنساری ئیسلام

پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەڵوەشانەوەی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی و بیناکردنی ئەنساری ئیسلامدا هەیە. بە پێی رۆژنامەی هاوڵاتی:

> **" لە ٣٠ ئایاری ٢٠٠١ دا باڵێکی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، لەژێر ناوی (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردوستان) دا بە بەیاننامەیەک جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند. ئەم ئینشیقاقە پاش ئەو ڕێکەوتننامەیە دێت کە لەم دواییەدا هەموو باڵەکانی بزووتنەوە لەسەری ڕێکەوتوون، بەباڵی عەلی عەبدولعەزیزی ڕابەرو باڵی عەلی باپیریشەوە... لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵی ئیسلامیدا زۆربەی بارەگاکانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیان دەکەوێتە دەست تەنها بارەگاکانی ناو هەڵەبجەی شەهید و شارۆچکەی خورماڵ نەبێت...لەم میانەیەدا ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٣١ ئایار بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەسەر بارەگایەکی ناوچەی سیراوان شەڕو پێکدادان ڕویداوەو دوو کەس بریندار بوون. [cxxviii] "**

لەم ساتە ناسکانەی مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردیدا، دامەزرێنەری گرووپی ئەنساری ئیسلامی "داهاتوو"، مامۆستا کرێکار، کە لە نەرویج پەناهیندەی سیاسی بوو، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بوو، لەڕێگای دوو فاکسەوە خۆی مانیفێستدەکات. لەو دوو فاکسەدا کە دەست ڕۆژنامەی هاوڵاتی کەوتووە مامۆستا کرێکار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە :

> **" خەرجیەکی زۆری لە بارەگای مەڵبەندو مزگەوتی جیهادو تەلەفزیۆن و ڕادیۆی سلێمانیدا کردووە، کە ئەم خەرجیەش زۆربەی هی شەخسی خۆی بووە، هەروەها دەڵێت: لەو شەڕو ململانێیەدا بێلایەن بمێنمەوە[cxxix] "**

مامۆستا کرێکار نوێنەرانی باڵەکەی خۆی دەنێرێت بۆ دانووساتان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا سەبارەت بە مەڵبەند و تەلەفزیۆن و ڕادیۆو مزگەوتی جیهاد. لەگەرمەی دانووستاندا، بەپێی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، هێزێکی سەربازی کۆمەڵی ئیسلامی پەلاماری مەڵبەندی سلێمانی دەدات و دەستدەگرێت بەسەریداو هەموو دەزگاکان کۆنترۆڵدەکات.

لەگەرمەی بەرزبوونەوەی ئاستی بەریەککەوتنە سامبۆلیک و فیزیکیەکانی نێوان کۆمەڵ و بزووتنەوەو باڵی مامۆستا کرێکار (ئەنساری ئیسلامی داهاتوو) دا، کۆمەڵ

دێت و لەڕێگای ڕۆژنامەی هاوڵاتیەوە هێزی جوستیفیکاسیۆن و هێزی قەناعەتپێکردن و هێزی ڕەهەندە مێژووییەکەی دەخاتە بەردەستی ڕای گشتی :

**" پاش ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی، تادێت ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کۆمەڵ ڕوو لە زیادبوون دەکات. ئەو کەسانەی کە ساڵانی ڕابووردوو دانیشتبوون، ئەوانەش کە لە هەندەرانن، سەرلەنوێ بە کردارو بە فاکس و نامە و تەلەفۆن پەیوەندیان پێوەکردینەوە. هەروەها لەدەڤەری بادینان، مەڵبەندی دهۆک و ناوچەی سۆران بوون بە کۆمەڵی ئیسلامی خۆیان ڕاگەیاند. [cxxx]"**

مامۆستا کرێکار لە ژێر کارایی ئەم ڕووداوانەدا بڕیاردەدات ئۆسلۆ بەجێبێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ هەورامان. لە کاتی هاتنەوەیدا، مامۆستا عەلی باپیر دەیەوێت پێشوازی لێبکات، بەڵام ئەو ڕازی نابێت و پێیوایە باپیر، لەڕێگای ئەم کردەیەوە دەیەوێت مەسیجێکی سیاسی بۆ بزووتنەوە لەلایەک و کۆمەڵگەی کوردی و پارتە سیاسیەکان لەلایەکی دیکەوە بنێرێت.

مامۆستا کرێکار، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لەنێو مێژووی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا گەورەبووەو وشیارە بە سروشتی ئەو مێکانیسمانەی کە ئەم ململانێیانە بەڕێوەدەبەن. هەروەها وشیارە بە مەوقیعی خۆی و ئەکتەرەکانی دیکەش لە نێو کێڵگەی ئیسلامی سیاسیدا. هەروەها ئەکتەرێکی پراگماتیستی واقیعیە و لە پێناوی پارێگاری کردن لە سنوورەکانی هەیمەنی مەوقیعە سیاسیەکەیدا دەزانێت چۆنیەتی هەنگاوەکانی ڕێکبخات.

ئەم ئەکتەرە، توانایەکی باڵاشی هەیە لە مۆبیلیزەکردنی ئایەتەکانی قورئان و حەدیسدا بۆ دۆزینەوەی جوستیفیکاسیۆن (تەبریر) و لیجیتیماسیۆن (شەرعەیەت) ی پرۆژە سیاسیەکانی. ئەم ئەکتەرەی کە نایەوێت باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، پێشوازی لێبکات، دوای چەند ڕۆژێک، لەگوڵپەوە، بنکەی سەرکردایەتی کرێکار، بۆ ئەحمەد ئاوا، بنکەی سەرکردایەتی کۆمەڵ، سەردانی باپیر دەکات. واتە لای ئەم ئەکتەرە، هەرگیز بڕیاری کۆتایی لەسەر شتەکان نەدراوە، بەڵکو پراکتیکە سیاسیەکانی مەحکومن بە بەرژەوەندیەکانی ئەو هەلومەرجە سۆسیۆ-پۆلیتیکەی کە تیایدا دەجوڵێتەوە، بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت کە ئەو بەرژەوەندیانەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە کردەی سۆسیالیزاسیۆنی کرێکارەوە هەیە، ئەو سۆسیالیزاسیۆنەش بێگوومان لەسەر بنەمای ئیسلامیزاسیۆن بیناکراوە. ئەمە بۆ باپیریش ڕاستە. باپیر لە ١٩٩٢ پێیوایە پەرلەمان شیرکە، بەڵام لە ٢٠٠٥ دەبێت بە بەشێک لە کاری ئیسلامی. ئەمە ڕەخنەیەکی نێگەتیڤ نیە بەرامبەر ئەو ئەکتەرانە، بەپێچەوانەوە، دەستنیشانکردنی واقیعە وەک ئەوەی هەیە. واتە باپیر-کرێکار دوو ئەکتەری سیاسین و لەنێو کێڵگەی سیاسیدا دەجوڵێنەوەو بۆ تێگەشتن لێیان نابێت پەنابەرینە بەر دەقەکانی قوورئان و سوونە، بەڵکو دەبێت پەنا بەرینە بەر ئەو مێتۆدانەی کە ڕێگامان بۆ خۆشدەکەن لە ئەکتەرو پرۆژە سیاسیەکانیان تێبگەین.

ئەم بنەمایە لەهەموو پانتاییەکدا خۆی مانیفێستدەکات. بائێمە لەهەڵوێستی دوو ئەکتەری سەرەکی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی لەسەر لەتبوونی بزووتنەوە ڕابمێنین. بەڕێز کامیلی حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی :

> **" بەڕاستی جیابوونەوەکە کارەسات بوو. بۆ ئێمە ئێستا گرنگنیە کێ زۆرینەیە و کێ کەمینەیە، بەڵام دەبێت هەوڵبدەین چاکی بکەین و بەئاشتی و دوور لە شەڕ، کێشەکە بچێتە پێشەوە. زۆر یان کەم مەسەلەیەک نیە و هیچ لایەکمان قازانجی لێناکەین لەوەی ئێمە زۆربین یان ئەوان. بەڵکو پێویستە لەگەڵ یەکڕیزی بین. چوونکە جیاوازیەکان ناکەتە ئەوەی بزووتنەوەکە کەرتبکەین و پێویستناکات وەک حیزبێکی ئیسلامی جیابوونەوەمان تیادا ڕووبدات. جیابوونەوە بۆ حیزبە عەلمانیەکان ڕەنگە ڕەوابێت، بەڵام لەناو ئیسلامدا بەڕاستی نازانین و دەبێت دەلیلی شەرعی هەبێت. بەڵام هەرچیەک بکەین بەرامبەر بەیەکتر خراپە و هیچ لایەکیشمان نیەتی ئەوەمان نیە. "[cxxxi]**

بەڕێز عەلی باپیر لەهەمان ژمارەی ڕۆژنامەی هاوڵاتیداو لە لاپەڕەسێدا، تەواو بەپێچەوانەی کامیلی حاجی عەلیەوە شتەکان دەبینێت و ڕاڤەی لەتبوونی بزووتنەوە دەکات :

> **" ئێمە خۆمان وادانانێین کە لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی جیابووبێتینەوە، وەکو لە ڕونکردنەوەو ڕاگەیاندنێکدا خستوومانەتە ڕوو، ئێمە خۆمان بەدرێژە پێدەری بزووتنەوەی ئیسلامی پێشووترو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەزانین و تەنها ناوی خۆمان گۆڕیوە لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیەوە بۆ کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردوستان/عێراق. کەواتە ئێمە ناوی خۆمان گۆڕیوە، هەر بزووتنەوەی یەکبوونی پێشووەو ناوەکەی گۆڕاوە. دیارە بەناوەڕۆکێکی ترەوەو بەبەرنامەیەکی ترەوە. بەشێوە کارکردنێکی ترەوە کە پێشتر تێبینیمان هەبووە لەسەر کارکردنی قیادەی پێشوو...لە سلێمانی، دهۆک، سۆران، هەولێر، لەبتوێن و پشتدەرو گەرمیان، لەشارەزوور، لەهەموو شوێنەکان هەین. هەربۆیە ئێمە خۆمان بە جیابووەوە لەبزووتنەوەی یەکبوون نازانین، بەڵکو کەسانێکمان جیاکردەوە کە نەیانتوانی لەگەڵماندا هاورابن نەیانتوانیوە ڕێبوارێکی باشبن لە گەڵمان لەو ڕێگایەدا، بەتایبەتی شەخسی یەکەمی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، کێشەی سەرەکی ئێمە لەگەڵ ئەودا بووە. وە ئێستاش وەقیعەکە هەروا پیشاندەدات. "( ە ، س ، پ ).**

ئەکتەری یەکەم ئەم کردەیە بە جیابوونەوە دەزانێت، ئەکتەری دووەم بە درێژبوونەوەی مێژوویی بزووتنەوەی دەزانێت. ئەکتەری یەکەم بە کردەیەکی خراپی

دەزانێت، ئەکتەری دووەم بە ڕاستکردنەوەی کردەیەکی خراپی دەزانێت. ئەکتەری یەکەم ئومێدی یەکەگرتنەوە دەخوازێت، ئەکتەری دووەم سوورە لەسەر دورخستنەوەی ڕێبوارە خراپەکان بەتایبەتی کەسی یەکەمی بزووتنەوە.

لەڕاستیدا بزووتنەوەی یەکبوون تەنها نەبوو بە دوو بەشەوە، بەڵکو بە چوار بەشەوە، ئەگەر بێت و بزووتنەوەی ئیسلاحی مامۆستا کرێکارو مەرکەزی ئیسلامی لەبیارە (جوند ئەلئیسلامی داهاتوو) بخەینە سەر. ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠١ دەنووسێت کە مامۆستا کرێکار سەرگەرمی دروستکردنی بزووتنەوەیەکە بەناوی ئیسلاح. ئەو هەواڵە تەواو ڕاستنیە، چوونکە مامۆستا کرێکار  هەر لە نەوەدەکانەوە ئەو ڕێکخستنەی لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەبووەو سەرپەرشتی کردووەو ئەکتەرە کاراکانی ئەو ڕێکخستنەش بەدەرەوەبوون و خاوەنی مەقیعی گرنگبوون لەنێو بزووتنەوەدا. کاتێک کرێکار دەگەڕێتەوە کوردوستان، هەموو شتێکی ئامادەیەو ڕاستەوخۆ گووڵپ دەکات بە بارەگای سەرکردایەتی خۆی.

لە ٢٠٠١/٦/١٥ کرێکار وتاری هەینی لە مزگەوتی جیهادی سلێمانی کە لەلایەن کۆمەڵەوە کۆنترۆڵکرابوو دەخوێنێتەوە. ئەم وتارە هەستی ناڕەزایی لای سەرکردایەتی کۆمەڵ دروستدەکات و بڕیاردەدەن کە چیدی ڕێگای پێنەدەن لە مزگەوتی جیهاد وتار بخوێنێتەوە. ڕواداوەکان دەکەون بەسەر یەکتریدا. کۆمەڵ داوا لە یەکێتی دەکات کە ڕێگای بدات بارەگای سەرکردایەتی بگوێزێتەوە بۆ قەرەداخ. بەڵام یەکێتی قبوڵی ناکات. هەر لەم هەفتەیەدا کۆماری ئیسلامی ئێران وەفدێکی کۆمەڵ بانگهێشتی تاران دەکات. هەر وەها ڕابەری گشتی بزووتنەوەی یەکبوون، عەلی عەبدولعەزیز سەردانی هەولێر دەکات. لەهەمان هەفتەدا گرووپی تەوحید، کە فرانسوا هەریریان تیرۆرکرد، دەگەڕێنەوە بۆ بیارەو خورماڵ[cxxxii]. باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، بەم شێوەیە پێناسەی گرووپی تەوحید دەکات:

> **" کۆمەڵەی تەوحید، کۆمەڵێک بوون کە پێشتر لەگەڵ خۆماندا بوون. لە ئەنجامی ئەوەی لە دەڤەری هەولێر گوشار خرایە سەر مزگەوتەکان و کارو چالاکی ئیسلامی، ئەوانە نەیانتوانی و تەحەمولیان نەکردو لە ئێمە جیابوونەوە، ڕەنگە ئەوان ئێمەیان خۆشتربوێت لەخەڵکی تر، ئێمە بە مەبدەئی تر بزانن، ڕەنگە هەوایان لەگەڵ ئێمەدا بێت، ئەما پەیوەندی مەتین، یان لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان بە پشتیوانی ئەوان، جارێ ئەوان وەزن و ئەو کێشەیان نیە کە بە پشتیوانی ئەوان کارێکی ئاوامان کردبێت (مەبەست دروستکردنی کۆمەڵی ئیسلامیە)، بەڵکو ئەوان تا کو ئێستا لەپەنای بزووتنەوەی یەکبووندابوون. بەڕێکەوتنێک لە نێوان ئێمە وەک بزووتنەوەی یەکبوون و پاشان سۆسیالیست و یەکێتی و بەئاگاداری کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە بوون تا کوشتنی فرانسوا هەریری، کە پارتی پاڵی دانێ (ئەم ڕستەیە ڕوونیە. ع.ب) ئێمەش ناچاربووین بڵێین بە برایانی تەوحید ناوچەکە چۆڵ بکەن، تا برادەرانی پارتی ئەوە نەکەن بیناوو. ڕەنگە ئەوان لە دڵی خۆیاندا ئێمەیان خۆشتر**

**بوێت بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە ئێمە هیچ پەیوەندیەکی سیاسیمان پێکەوە هەبێت. وە حەقیقەت ئێمە هیچ پەیوەندیەکی سیاسیمان پێکەوە نیە و ڕەنگە ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەوان هەبێت و ئەوانیش تێبینیان لەسەر ئێمە هەبێت.[cxxxiii] "**

لە ٢٨ ژون ٢٠٠١ دا کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری ئەنجامدانی مانۆڕێکی سەربازیدەدات. لەڕێگای ئەم مانۆڕەوە دەیەوێت لەیەککاتدا مەسیجێک بۆ چەند لایەنێک بنێرێت :

- بۆ لایەنە ئیسلامیەکان کە ئێمە لە هەمووتان بەهێزترین و بیر لەوە نەکەنەوە هێرشبکەنە سەرمان.
- بۆ یەکێتی کە کۆمەڵ بەهزترین لایەن کە گوزارشت لە بەرژەوەندی ئیسلامیەکان دەکات و دەبێت وەک نوێنەری پلە یەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
- بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی هەوڵنەدات گرفتی لەڕێگادا دروستبکات و لەگەڵ واقیعدا مامەڵەبکات.
- بۆ ئەو ئیسلامیانەی کە تا ئێستا پەیوەندیان نەکردوەو چاوەڕێی یەکلایی کردنەوەی بارودۆخەکەن تا پەلە بکەن لە پەیوەندیکردنیاندا.

بەڵام ئەم مانۆڕە بە ئاسانی تێناپەڕێت و ئەکتەرەکانی دیکەی وەک بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلاحی مامۆستا کرێکار و هێزی دووی سۆرانی مەرکەزی ئیسلامی لە بیارە هەوو تواناکانیان مۆبیلیزەدەکەن بۆ دابەزینی ئاستی کارایی ئەم مانۆڕەو پەراوێزکردن و بێماناکردنی :

**" لە چوارچێوەی ئەو پەرەسەندنانەدا شەوی ٢٨/٢٧ ی حوزەیران بارگژیەکی زۆر لەنێوان کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ بزووتنەوەی یەکبوون و هێزەکەی مامۆستا کرێکارو هێزی دووی سۆران لە ئارادا بووە. ئەم بارگرژیە لە ئەنجامدانی سازدانی ئەو مانۆڕەوە پەیدابوو کە کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری دابوو لە ڕۆژی ٢٨ ی مانگ لەسەر لوتکەکانی پشتی خورماڵ (لوتکەکانی پشت گوڵپ و سەرگەت و شەرام) بۆ ١٣ هێزیان سازبکەن. هێزەکانی دووی سۆران و هێزی مامۆستا کرێکار و هێزەکانی بزووتنەوەی یەکبوون دەکەونە ئامادەباشیەوەو ناهێڵن لەسەر ئەو بەرزاییانەی کە لەژێر دەستی خۆیاندایە مانۆڕبکەن... ناچار کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاردەدات لەسەر ڕێگای گشتی نێوان گردی گۆو خورماڵ دا مانۆڕەکە بەبێ تەقەمنی زیندوو ئەنجامبدات. [cxxxiv]"**

لەگەڵ هەنگاوە سەربازیەکانیدا، کۆمەڵی ئیسلامی هەنگاوە سیاسیەکانیشی دەخاتە کار بۆ ئەوەی زۆترین کادیری بزووتنەوە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. ئەم هەوڵدانە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش دەگرێتەوە. تەنانەت هەوڵدەدەن

ماموستا کرێکاریش قەناعەت پێبکەن. ئەگەر تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەدا کۆمەڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، ئەوا هەموو هەوڵەکانی لەبەرامبەر ماموستا کرێکاردا شکست دەهێنێت و دەرگا بەسەر دانووستانی هەردوو لادا دادەخرێت. کرێکار پێنج مەرجی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی هاوسۆزی خۆی لەگەڵ کۆمەڵدا بنوێنێت و ئەم پێنج مەرجەی بەم شێوەیەی خوارەوەن :

**"ئەوان (گرووپی کۆمەڵ) پێش ئەوەی ئینقلابەکەیان بکەن لە سلێمانی من قسەم لەگەڵ ماموستا عەلی باپیر کردووەو لەگەڵ ماموستا عبدالستار لە لەندەن پێم وتبوون من ناتوانم تەئیدی هەلویستی ئێوە بکەم هەتا پێنج مانگ علی الاقل دراسەی نەکەم :**

- ✓ **یەکەم مەنهەجتان.**
- ✓ **دووەم پەیوەندیتان.**
- ✓ **سێیەم پارەتان.**
- ✓ **چوارەم تەنزم.**
- ✓ **پێنجەم ئیدارەی سیراعەکەتان.**

**ئەم ململانێیە لە کوردوستان بەچی دەزانن ؟ ململانێی کوفرو ئیمانە ، ئیسلامیە ئیسلامی، شیعە سوونەیە ؟ ..."[cxxxv]**

ئەم مەرجانەی ماموستا کرێکار بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەکتەرە پیاوێکی ئاینی داخرای نێو دۆگمە ئاینیەکان نیە، بەڵکو مەخلوقێکی سیاسیەو شتەکان فڕێدەداتە سەر مێزی دانوستان و بردنەوەو دۆڕاندن.

لەم هەفتەیەدا، واتە لە ١ تا ٨ ی ژولای ٢٠٠١ کۆماری ئیسلامی ئێران، کە خۆی بە باوکی شەرعی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی کوردی، بەتایبەتی بەشە جیهادیەکەی دەزانێت، دێتەوە سەر خەت و بە ئامانجی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوە جیهادیە، سێ لایەنی سەرەکی بانگهێشتی ئێران دەکات:

- ✓ عەلی باپیر وەک نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی.
- ✓ ئەحمەد کاکە مەحمود وەک نوێنەری بزووتنەوە.
- ✓ شێخ موحەمەدی بەرزەنجی وەک نوێنەری بێلایەنەکان.

ئێران ماموستا کرێکار لەم بانگهێشتکردنە دور دەخاتەوە. لەگەرمەی دانوستانی ئەم سێ لایەنەدا بۆ یەکگرتنەوەیەک کە هەرگیز بەدی نایەت، ماموستا کرێکار لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەردەکەوێت و دەڵێت:

" ئوسامە بن لادن تاجی سەری ئومەتی ئیسلامیە [cxxxvi]".

واتە تەنها دوو مانگ و سێ ڕۆژ پێش ڕوداوە مێژوویەکەی یانزەی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

هەفتەیەک دوای دەستتێوەردانی ئێرانیەکان، هەردوو سەرکردەی کورد، بارزانی و تاڵەبانیش، لەسەر دوو ئاستی جیا دێنە دەنگ و قسەی خۆیان لەسەر هەموو ئەم ڕووداوانە دەکەن. بارزانی لە بارەگای تایبەتی خۆی لە سەلاحەدین پێشوازی لە عەلی عەبدولعەزیز، ڕابەری گشتی بزووتنەوەی یەکبوون دەکات و تاڵەبانیش لە بارەگای تایبەتی خۆیەوەو لە کاتی پێشوازیکردن لە نوێنەرانی ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوردا، لە ئیسلامیەکان تورەدەبێت و هەڕەشەیان لێدەکات و دەڵێت :

**" قبوڵی ناکەین گروپێک لێمان یاخی ببێت و بڵێن نایەڵین ئەم ئیشە (دابینکردنی کارەبا بۆ ناوچەکە) ببێت. ئەوانەی وادەڵێن سەر دەدەن لە تاشە بەردەکانی هەورامان.[cxxxvii] "**

لە نێو ئەم هەلومەرجە سیاسیە نا جێگیرەدا، ڕوداوێکی گرنگ دروستدەبێت، ڕوداوێک کە دواتر دەگاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان بە خۆیەوە سەرگەرمدەکات. تەنانەت سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو سوپا بەهێزەکەشی دێنێتە دەنگ. لە ١ ی سێپتەمەبری ٢٠٠١ داو تەنها دەڕۆژ پێش ئەوەی منداڵەکانی بن لادن پەلاماری نیۆیۆرک و وشنتۆن بدەن، گرووپی تەوحید و هێزی دووی سۆران گرووپێکی نوێ بەناوی جوند ئەلئیسلام دروست دەکەن. ئەم گرووپە، هەر لە هەفتەی یەکەمی دروستبوونیدا بە چەند پراکتیکێک جیاوازی نێوان خۆی و گرووپەی ئیسلامیەکانی دیکەی ڕاگەیاند:

جیاوازی یەکەم، کە دەکرێت وەک گرنگترین جیاوازی ئەم گرووپە لە گەڵ ئەوانی دیکەدا دابنرێت ئەوەیە کە ئەندامەکانیان بەتەنها کورد نین، بەڵکو ئێرانی و ئەفغانی و عەرەب و پاکستانی و نەتەوەکانی دیکەشن. ئەمە یەکەم هەنگاوی ئەم گرووپەیە بەرەوە نێو-فۆندامۆنتالیسمی جیهانیی تێرۆریست.

جیاوازی دووەم، تەواو بەپێچەوانەی هەموو گرووپە ئیسلامیەکانی دیکەوەو لەسەر هەمان ڕێبازی بزووتنەوەی تالیبان، هەر لەگەڵ دروستبوونیدا، گرووپی جوند هەموو بەرپرسە ئیداریەکانی شارۆچکەی بیارە کۆدەکەنەوەو پێیان ڕادەگەیەنن کە لە بەرزوترین کاتدا ناوچەکە بەجێ بێڵن چوونکە لەم ڕۆ بەدواوەو لەم شارۆچکەیەدا شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرێت.

جیاوزی سێیەم، هەر لەیەکەم هەفتەی دروستبوونیدا، دەستیکرد بە چەککردنی ئەندامانی هەموو ئەو حیزبانەی کە سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی نین. بەبێ جیاوازیکردن لەنێوانیاندا. ئەمە یەکەم هەنگاوی گرووپی جوندە بەرەو جیاکردنەوەی بەرەی ئیمان و بەرەی کوفر. بەرەی ئیمان هەموو ئەو گرووپانەن کە سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسین و بەرەی کوفریش هەموو ئەو گرووپانەن کە سەر بەم بزووتنەوەیە نین، با موسوڵمانیش بن و ئیمانیان بەخوابێت و نوێژو ڕۆژوشی بۆ بکەن.

جیاوازی سێیەم، پەلاماردانی ئەو پانتاییانەیە کە تیایاندا ژنان دەردەکەون. ئەوان فەتوایەکیان بڵاوکردەوە کە نابێت ژنان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە بۆ کاری پێویست نەبێت. کاتێکیش دێنە دەرەوە دەبێت بە حیجاب داپۆشرابن. ئەم فەتوایە تەواو پێچەوانەی هەڵسوکەوتی گرووپە ئیسلامیەکانی دیکەیە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕێگا لە ئافرەتی ناموحەجەبە ناگرن و دەستوەرنادەنە ئەو پانتاییەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو گرووپانە بەشداری زیندوویان هەیە، بێگوومان بە پێی پێوانەکانی خۆیان، لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئافرەتان لە کوردوستاندا.

جیاوازی چوارەم، ڕاگەیاندنی یەکلایەنانەی جەنگ دژ بە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و بڵاوکردنەوەی فەتوایەک لەسەر کوشتنی چەند ئەندامێکی کارای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و دەستنیشانکردنی یەکێتی، بە شێوەیەکەی ئاشکراو بێ پێچ و پەنا، وەک حیزبێک کە نوێنەرایەتی کوفر دەکات.

سێ ڕۆژ پێش یانزەی سێپتەمبەر، یەکێتی نیشتمانی هەموو هێزە سەربازیەکانی خۆی لە ناوچەی شارەزور کۆدەکاتەوەو بۆ پەلاماردانی گرووپی جوند خۆی ئامادەدەکات. لەهەمانکاتدا لەگەڵ ڕابەری گشتی بزووتنەوەو ئەمیری کۆمەڵدا کۆدەبێتەوە.

هەر لەگەڵ ڕودانی یانزەی سێپتەمبەریشدا گرووپی جوند هەموو سەنگەرەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکات و بەرەی "کوفر" بە فەتوایەکی نوێی ئەمیرەکەیان، ئەبو عەبدوڵای شافیعی، یەکدەخات. لەم فەتوایەدا ئەمیری ئەم گرووپە جیهاد دژی هەموو حیزبە نائیسلامیەکانی کوردوستان ڕەدەگەیەنێت، هەر لە یەکێتیەوە تا دەگاتە پارتی و سۆسیالیست و کۆمۆنیست و زەحمەتکێشان.

لە دەرکردنی ئەم فەتوایەوە تا ١٠ دێسەمبەری ٢٠٠١ چەندین جەنگی قورس لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و گرووپی ئەنساردا ڕویدا، بەبێ ئەوەی هیچ لایەکیان بتوانن سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست بهێنن. لەم ماوەیدا یەکێتی و مامۆستا کرێکار کە لە دانوستانی بەردەوامدابوو لەگەڵ گرووپی جونددا بۆ پێکهێنانی گرووپێکی دیکە بەناوی ئەنساری ئیسلام، لە دانیشتندا بوو. یەکێتی پشتیوانی لە کرێکار دەکرد بۆ ئەوەی لەم هەوڵەیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئومێدی بەوەبوو کە کرێکار بتوانێت بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەم گرووپە کۆنترۆڵبکات و ناوچەکە لە جەنگ دور بخاتەوە.

لە ٥ دێسەمبەری ٢٠٠١ ڕێکەوتنێک لە نێوان جوندی ئیسلام و گرووپی ئیسلاحی مامۆستا کرێکاردا ئیمزادەکرێت. بەپێی ئەم ڕێکەوتنە، هەردوو لا دەبن بەیەک و گروپێکی دیکە بەناوی ئەنساری ئیسلام لە کوردوستان دروست دەکەن و مامۆستا کرێکاریش وەک ئەمیری ئەم گرووپە دەستنیشان دەکرێت[cxxxviii].

هەیکەلی ڕێکخستنی گرووپی ئەنساری ئیسلام بەم شێوەیەی خوارەوە بیناکراوە :

- ئەمیرو دوو جێگر.
- دەستەی سەربازی.
- دەستەی شەرعی.
- دادگای شەرعی.
- دەستەی جێبەجێکردن.
- دەزگای ئاسایش.

# بەشی چوارەم
# پێنج چرکەی گرنگ لە تیرۆریسمی ئەنساری ئیسلام

ئێمە لە بەرگی چوارەمی ئەم کتێبەدا بە وردی باسمان لە چۆنیەتی دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کردو ئەو پرانسیپانەمان خستەڕوو کە دەبن بە پانتایی سروشتیی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی. لە چرکەی دامەزراندی جوند و پاشان گرووپی ئەنساری ئیسلامدا ئەو پرانسیپانە، لەڕێگای پێنج کردەی گرنگەوە تەواو لنگاوقوچ دەکرێنەوەو لە ماناکانیان بەتاڵدەکرێنەوە.

پرانسیپی ئیدانتیتیێ/شووناس، کە ئەرکە سەرەتاییەکەی بریتیە لە خستنە سەر شانۆی ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان، لە چرکەی ئەنساری ئیسلامدا ئیفلیجدەبێت و ئیتر ناتوانێت ببێت بە سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنەر.

ئەگەر شووناس، لای کۆمەڵ و بزووتنەوەو یەکگرتوو، ئەو ئاوێنەیە بێت کە کۆمەڵایەتی (سۆسیال) بەهەموو پرسیارو خەونەکانیەوە تیایدا ببینرێت، ئەوا لای گرووپی ئەنساری ئیسلام دەبێت بەو ئاوێنەیەی کە بەردەوام سەرگەرمی عەکسکردنەوەی ژێرەوە یاخود سەرەوەی (کۆمەڵایەتیە).

ئەگەر لای کۆمەڵ و بزووتنەوەو یەکگرتوو کە بەجۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵ بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردی بوون و بڕیاری ململانێیان لە ناوەوەی ئەو کێڵگەیەدا داوە، هەوڵدانێک هەبێت بۆ ئەوەی ببن بە گوزارشت لەو شووناسە کۆمەڵایەتیەی کە وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنەر کاردەکات بۆ ئەوەی ببن بە هێزێکی کۆمەڵایەتی واقیعیی، ئەوا گرووپی ئەنساری ئیسلام نە دەیەوێت تێکەڵ بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال بێت و نە لە ناوەوەی ئەو کێڵگەیەشدا ململانێکانی ڕێکدەخات و نە دەشیەوێت ببێت بە هێزێکی کۆمەڵایەتی واقیعیی.

ئەم گرووپی ئەنساری ئیسلامە ئیتر شووناسی خۆی وەک ئینتیما بۆ کۆمینۆتێیەک، کە لە زۆر کاتدا وەک خەیاڵی و ئاسمانی و ڤیرتوێل و ژمارەی تەجریدی خۆی مانیفێستدەکات، دەخاتە سەر شانۆ نەک وەک ئینتیما بۆ تێکەڵبوون بە گەردوونی ئاڵۆزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

تەواو بەپێچەوانەی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامیەوە، ئەنساری ئیسلام ئەو گرووپەیە کە باوەڕی بە ئۆپۆزسیۆن نیە. ئەگەر یەکێتی و پارتی و سۆسیالیست و کۆمۆنیست و زەحمەتکێشان ئەویترەکانی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە بن، ئەوا لە چرکەی ئەنساری ئیسلامدا هەموو ئەمانە ئەویتر نین بەڵکو دوژمنن. ئەگەر لە گەردوونی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە دا مومکینبێت ئەویترێک هەبێت و نارەزایی بەرامبەر بە بڕیارەکانی دەرببڕێت و قبوڵی سنووردارکردن و جێگۆڕکێ و گۆڕینەوەی مەوقیعەکانی دەسەڵات بکات، ئەوا لە

چرکەی ئەنساری ئیسلامدا، وێنەی ئەم "ئەویترە" دەبێت بە وێنەی ئەو دوژمنەی کە دەبێت لەسەر ئاستی فیزیک لەناوببرێت.

بۆ لەناوبردنی ئەم دوژمنەش دەبێت هەمووومان یەک بین. بوون بەیەک لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، لەسەر ئاستی سیستەم، لەسەر ئاستی ئیدارەی دەوڵەت. لێرەوە (دەرەوە) و (ناوەوە)کانی ئەم پانتاییە دەبێت بە ترسناکترین ناوچە. دوژمن ئیتر بەتەنها لە ناوچەکانی (دەرەوە)دا نیە، بەڵکو لە (ناوەوە)شدایە. دەرەنجام، پانتایی ئەنساری ئیسلام دەبێت بە شانۆی لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدان و نەفیکردن و بێدەنگکردن و پەراوێزکردنی سەدان کەس بەتۆمەتی خیانەت و دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ دوژمندا.

پێش دروستبوونی ئەنساری ئیسلام، دێبای سەرەکی و پرسیاری هەرە گرنگ لای یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە بریتیبوو لەوەی :

چۆن ئەم کۆمەڵگەیە وەک ئەوەی هەیە ببەین بەڕێوە ؟

چۆن ببین بە گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانی چین و توێژو گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی ؟

بەڵام ئەنساری ئیسلام هەر لەگەڵ خۆراگەیاندنیدا ئەم پرسیارەی لناگوقوچکردەوەو دێباو گوفتوگۆی سەرەکی لای ئەو بوو بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە :

چۆن کۆمەڵگە بکەین بەوەی کە (ئێرە) نیە بەڵکو (ئەوێ)یە ؟

لێرەوە ئەنساری ئیسلام وەک بیناکردنی یوتۆپیای کۆمینۆتێیەکی ڤیرتیولی ناواقیعی خۆی مانیفێستکردو و بەر هەستمانکەوت.

لەکاتێکدا کە یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەڕێوبەرێکی گشتی لە وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمدا ئامادەبوون چەندین ڕۆژ دانوستان و گوفتوگۆ لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا بکەن، گرووپی ئەنساری ئیسلام بە بەدروشمی(یان هەمووشتێک یان هیچ)ەوە خۆی فڕێدایە مەیدانەکەوە. بێگوومان ئەم دروشمەش ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر چەمکی داپرانی تەواو لەگەڵ ئەوەی کە لە ئێستادا هەیە. داپران بەو مانایەی کە ئیتر هەموو دەرگاکان لەسەر دانوستان و دیالۆگ و ڕێکەوتن دادەخرێت و بەتەنیا تونێلێکی تاریک لەبەردەماندا دەمێنێتەوە، تونێلێک کە دەبێت بە بێ ئارەزووی خۆمان هەموومان پیایدا تێپەڕین، بەبێ ئەوەی بزانین چارەنووسمان بەکوێدەگات.

ئێمە لێرەدا شەش کردەی گرنگی گرووپی ئەنساری ئیسلام بۆ دێباو گوفتووگۆکردن هەڵدەبژێرین. بێگوومان ئەم شەش کردەیە، لای ئێمە، وەک شەش مانیفێستاسیۆنی زەبروزەنگی تیرۆریستیی ئەنساری ئیسلام پێشنیاردەکرێن. لەهەمانکاتدا ئەم شەش کردەیە دەکرێت وەک شەش پرانسیپی بیناکاری بوونیەی سیاسی و ئایدۆلۆژی ئەم گرووپە دابنرێن.

کردەی یەکەم : قەسابخانەکەی خێڵی حەمە و کوشتنی دیل. ٢٣ سێپتەمبەر ٢٠٠١.

کردەی دووەم : هەوڵدان بۆ تیرۆکردنی دوکتۆر بەرهەم ساڵح لە ٣ ئەڤریلی ٢٠٠٢.

کردەی سێیەم : تیرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر لە گەرمەی دانوستاندا. ٨ی فێڤریوەری ٢٠٠٣.

کردەی چوارەم : هەڵدانەوەی گۆری شێخەکانی بیارە لە ٢٠ تەمووزی ٢٠٠٢.

کردەی پێنجەم : تەقاندنەوەی هەردوو بارەگای پارتی و یەکێتی لە ١ ی فێڤریوەری ٢٠٠٤

کردەی شەشەم : هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی مەلا بەختیار لە ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥.

ئێمە لێرەوە هەوڵدەدەین چۆنیەتی بیناکردنی هەریەک لەو شەش کردیە بخەینە ڕوو، پاشان بۆ ڕاڤەکردن و بەراوردکردن و تێگەشتنێکی زانستی لە پرسیاری :ئەنسار چیە ؟ دەگەڕێینەوە سەریان. ئەو مێتۆدە سۆسیۆلۆژیەی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین بەسەر ئەم دوو قۆناغە گرنگەدا دابەش دەبێت:

یەکەم دیسکریپتیبیلیتیێ؛ لێرەدا هەوڵدەدەین نزیک ببینەوە لە دەستنیشانکردنی ڕوداوەکان. دووەمیش ئەنالیز ؛ لێرەشدا دەگەڕێینەوە سەر ڕاڤەکردنی ئەو ڕوداوانەی کە بە شێوەیەکی بابەتیانە دەسنیشانمانکردوون.

## کردەی یەکەم:
## ٢٣ سێپتەمبەر ٢٠٠١
## قەسابخانەکەی خێڵی حەمە و کوشتنی دیل

لە ٩ ی سێپتەمبەر تا ٢٣ ی سێپتەمەبری ٢٠٠١ ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان لە مەترسیەکی قورسدا دەژی. گروپی جوندی ئیسلام هەموو هێزەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو لە ئامادەباشیدایە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان کە هەموو تواناکانی کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی ناوچەکە لە جوند پاک بکاتەوە. جوند دوو بەیاننامە بڵاودەکاتەوە.

> **" لە دوو بەیننامەکەدا کە یەکێکیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی هەورامان و شارەزورەو ئەویتریان بۆ سەر عەشرەتەکانی ئەو ناوچەیەو دەوروبەریەتی، تیایدا هاتووە: (ینک ماوەی سێ مانگ زیاترە، بە سوود وەرگرتن لە بارودۆخی ناوچەکە، بەئاشکراو نهێنی خەریکی زیادکردنی ژمارەی چەکدارو بارەگای سەربازیە لە ناوچەی سیراوان و هەڵەبجە...) هەروەها هاتووە : ( کە چەکدارکردنی عەشایرەکان و پەرەپێدانیان و هەڕەشەکردن لە ئیسلامیەکان، لە کەس شاراوە نیە). هەروەها بەیننامەی دووەم کە (ابو عبداللە الشافعی) ئەمیری (جند الاسلام) دەریکردووە ئاڕاستەی عەشیرەتەکانی شارەزووری کردووە. تیایدا هاتووە: ( کە یەکێتی مورتەد دەیەوێ ئاگری شەڕی ئەمجارە بە خوێنی کورانی ئێوە خۆش بکات...).[cxxxix] "**

لە هەمانکاتدا جوندی ئیسلام هێزە سەربازیەکانی دەنێرێتە سەر شاخی شنروێ و دەوروبەری هەڵەبجە و سیروان و خورماڵ. یەکێتی نیشتمانیش، کە پێشتر هەردوو گرووپی کۆمەڵ و بزووتنەوەی مۆبیلیزەکردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گەشتبووە ئەو قەناعەتەی کە ئەم دوو گرووپە ناتوانن چارەسەرێکی ڕاسیۆنێل بۆ گرفتی جوند بدۆزنەوەو دەبێت لەڕێگای زەبروزەنگەوە چارەسەر بکرێت.

لە هەلومەرجێکی ئاواداو لە ٢٣ سێپتەمبەری ٢٠٠١ قەسابخانەکەی خێڵی حەمە ڕوودەدات. گێرانەوەی ڕەسمی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بەم شێوەیەیە :

لە گوندی خێڵی حەمە، هێزەکانی گرووپی جوندی ئیسلام ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بەدیل دەگرن و پاش کوشتنیان سەریان دەبڕن و لاشەکانیان دەشێوێنن و سوکایەتیان پێدەکەن. وێنەی ئەم

قەسابخانەیەش لە تەلەفزیۆنی ڕەسمی یەکێتی نیشتمانی کوردوسان و ڕۆژنامەکانیەوە پیشانی کۆمەڵگەی کوردی دەدرێن[cxl].

بەڵام گێڕانەوەی بەرپرسی ڕاگەیاندی جوندی ئیسلام بەشێوەیەکی دیکەیە. بەرپرسی ڕاگەیاندنیان، لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٥١ ی ٢٠٠١ دا بەم شێوەیە ڕوداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە :

**" ئێمە نەک هەر دەرەنجامی شەڕەکە بەڵکو ڕودانی شەڕەکەش هەر لە ئەستۆی ئەوان دادەنێین. چوونکە ئێمە بە دوو ڕۆژ بەر لە ڕوودانی شەڕەکە لە ڕێگای ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی دێیەکەوە (خێڵی حەمە) ئاگادارمانکردوونەتەوە کە ئەو شوێنە چۆڵ بکەن، کەچی ئەوان زۆر بە لە خۆفیشینەوە وەڵامیان داینەوە. لەگەڵ ئەوەی شەوی پێشوتر کە بەپێی زانیاریەک کە لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پێمانگەشتبوو، ئەوان نەخشەی پەلاماریان کێشابوو، بەڵام لەبەر باران بارین دوایانخست. ئینجا بۆ مەسەلەی شێواندنی تەرمی کوژراوەکان و کوشتنی دیل، لەپێشدا حەزدەکەم ئەوە بزانن کە هیچ کەسێک بەدیلی نەکەوتوەتە ژێر دەستی ئێمە. لەڕاستیدا ئێمە خۆمان پێویستمان بەدیل هەبوو، هەڵبەتە بۆزیاتر لە مەبەستێک. پاشان ئێمە شوێنەکەوتەی بەرنامەیەکین کە دەستورێکی گشتگیرو هەمەلایەنەو بۆ ئەو مەسەلانەش ڕێنمای و ئاڕاستەی تایبەتی خۆی هەیە. بۆنموونە ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلام پەیوەست بە هەڵسوکەوت لەگەڵ تەرمی دوژمن، بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی دەستکاریکردن و شێواندنی نادات و لە بەهای ئینسانی دینابەزێنێت . "[cxli]**

ئیتنۆمێتۆدۆلۆگەکان پێیانوایە هەر گێڕانەوەیەک بیناکردنێکی تایبەت و تاقانەیە. هیچ گێڕانەوەیەک لە گێڕانەوەیەکی دیکە ناچێت. هەر گێڕانەوەیەک مەحکومە بە سیستەمێک لە بەرژەوەندی و گرەوو خواست و ئارەزوی ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی لە نێو دۆخێکدا. ئەو سیستەمەش لە نێو دۆخەکاندا دروستدەبێت و بەپێی گۆڕینیان ئەویش دەگۆڕێت[cxlii]. ئەمە تا ئاستێکی گرنگ ڕاستە، بەڵام من لە ڕێگای تووێژینەوەی تایبەتی خۆمەوە لەسەر گێڕانەوەکان، (گێڕانەوەی ژنە سەرپۆش بەسەرە فەرەنسیەکان کە پرۆژەی ماستەرەکەم بوو، گێڕانەوەی ئیسلامیستە جیاوازەکان کە پرۆژەی دوکتۆراکەمن)، گەشتوومەتە ئەو دەرەنجامەی کە ڕاستە هەر گێڕانەوەیەک بیناکردنێکە، بەڵام دواتر یەکێک لە گێڕانەوەکان هەیمەنە دەکات بەسەر گێڕانەوەکانی دیکەداو پاشان وەک واقیعێکی گوومان هەڵنەگر خۆی فەرزدەکات.

لێرەوە ئەم گێڕانەوەیە وەک واقیعێکی بابەتی دزە دەکاتە نێو یادەوەری کۆلێکتیڤەوەو پاشان دەبێت بە بوونیەی بیناکاری بوونیە زمانەوانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و تەنانەت ئەدەبیەکانیش[cxliii]. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم

تێزە، ئێمە کاردانەوەی چەند ئەکتەرێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەخەینە ڕوو. لێرەدا دو وشت گرنگە :

یەکەم جیاوازی. واتە ئەو ئەکتەرانەی لێرەدا قسەدەکەن لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی لەیەک جیاوازن. ئەوەی قسەدەکات یەک ئەکتەری ئۆمۆژێن (متجانس) نیە، بەڵکو چەند ئەکتەرێکی ئێتێرۆژێن (غیر متجانس) ن.

دووەم سەربەخۆیی. واتە ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم زانیاریانەمان بۆ ڕادەگوێزێت نە ڕۆژنامەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانە، نە ڕۆژنامەیەکی جوندی ئیسلام. بەڵکو ڕۆژنامەی هاوڵاتیە کە میمبەرێکی سەربەخۆیە و لەلایەن دەزگایەکی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە سەرپەرشتی دەکرێت و دەردەچێت. لەم ڕۆژنامەیەدا وەک چۆن شێخ جەعفەری یەکێتی نیشتمانی دەردەکەوێت ئاواش مەلا ئەیوبی جوندی ئیسلام قسەدەکات.

ئەم دوو ڕەگەزە لەسەر ئاستی مێتۆدۆلۆژی بۆ هەر سۆسیۆلۆگێک گرنگە. سۆسیۆلۆگ کەسێکە کە هەموو تواناکانی دەخاتە کار بۆ ئەوەی بابەتیانە زانست لەسەر دیاردەکان بەرهەمبێنێت و شتە زاتیەکانی خۆی لەو دیو دەرگاکانی توێژینەوەوە بەجێبێڵێت. سۆسیۆلۆگ کەسێکە لە چرکەی تووێژینەوەو بەرهەمهێنانی زانستدا، نە موسوڵمانە نە کافر، نە چەپە نە ڕاست، نە عەلمانی نە ئاینی، ئەو لەم چرکەیەدا خۆی دەخاتە دەرەوەی هەموو جیاوازیە ئایدۆلۆژیەکانەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو یان پێکەوە ببینێت. من وشیارم بەوەی کە ئەم جۆرە لە کارکردن تا ئێستاش لە کوردوستاندا زۆر بە ئەستەم جێگای دەبێتەوە. بەڵام هەموو ڕێگاکانیش لە هەنگاوێکەوە دەست پێدەکەن. بێگوومان ئێمە پێمانباشتربوو کە خۆمان ئەو چاوپێکەوتنانەمان ئەنجام بدایە، بەڵام لەبەر دوری فیزیکیم لە کوردوستان، پشت بە هاوڵاتی وەک سەرچاوەیەکی شەرعی و بێلایەن دەبەستم.

بەڕێز فازل حەیدەر، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی یەکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان (سێپتەمبەری ٢٠٠١)، لە هاوڵاتی، ژمارە ٤٢، مانگی سێپتەمبەری ٢٠٠١، بەم شێوەیە باس لە ڕوداوەکەی خێڵی حەمە دەکات:

> **" بنەما فیکریەکان و ستراتیژو پێکهاتەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان پیشاندەرو تەرجەمەکەری ڕاو بۆچوون و دیدگای یەکگرتووە دەربارەی ئیدانەکردنی یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە ڕێگای چەکەوە، کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی شەڕو ئاژاوەو گرژکردن و تێکدانی دۆخی هەرێم. هەر لەسەرەتاوە یەکگرتوو دۆسیەی ئاشتیخوازی و خزمەتگوزاریانەی خۆی پێشکەش بە گەل و هێزە سیاسیەکان کردوەو سیمای دیاری ئەو دۆسیەش ئیدانەکردنی شەڕە بەهەر ناوو ڕەنگ و پاساوێکەوە بێت...ئیدانەی کوشتنی دیل و شێواندنی تەرمی کوژراو دەکەین لە سۆنگەی ئەو بۆچوونانەی هەڵێنجاندومانە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لەهەموو**

**حاڵەتەکاندا دەبێت ڕێزو کەرامەتی پارێزراوبێت، ولقد کرمنا بنی ادم، بەتایبەتی لەکاتی دیلیدا باش مامەڵکردن و ڕێزلێنانی کراوەتە سیماو سیفەتی موسوڵمانەتی، ویطعمون علی حبە مسکینا ویتیما و اسیرا، ئەمەش پەیوەستکراوە بە خۆشەویستی و خۆشویستنی خواوە نەک بە هێزو جۆری ئایدۆلۆژیاو مامەڵەی بەرامبەرەکانەوە. پەروەردگار ڕونتر ئاماژە بە مەسەلەی دیل دەکات و لە قورئاندا دەفەرموێت بە موسوڵمانان کە ئێوە دوو ڕێگەتان لەبەرە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دیل ئەویش : ئازادکردنی بێ بەرامبەر...ئاڵوگۆڕکردن و فدیە وەرگرتن لە جیاتیان... "**

لەم لێدوانە ڕەسمیەدا ئێمە چەند ڕەگەزێکی گرنگی بیناکاری یەکگرتوو وەک یەکێک لە بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی بەدیدەکەین :

١. یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان هەر پەنابردنێک بۆ زەبروزەنگ ئیدانە دەکات : "**ئیدانەکردنی یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە ڕێگای چەکەوە.**" لەم سەرچاوەیەوە یەکگرتوو بەشێوەیەکی ڕەسمی و پراکتیکی ئیدانەی بزووتنەوە جیهادیەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی دەکات. ئەم ئیدانەکردنە یەکێک نیە لە تاکتیکەکانی سیاسەتی یەکگرتوو، بەڵکو یەکێکە لە پرانسیپەکانی بیرکردنەوەو کارکردنیان. لێرەوە یەکەم جیاوازی یەکگرتوو لەگەڵ هەموو گرووپەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی کوردیدا دەردەکەوێت. بەداخەوە، بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد، لەژێر زەبری هەڵوێستە ئایدۆلۆژیەکانیاندا، ئەم جیاوازیە پەردەپۆش دەکەن. ئەمەش بێگوومان لە بەرژەوەندی کاری ئەکادیمیدا نیە.

٢. یەکێک لە هۆکارەکانی ئیدانەکردنی زەبروزەنگ لای یەکگرتوو ترسە لە هەڵوەشانەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردوستان : " **کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی شەڕو ئاژاوەو گرژکردن و تێکدانی دۆخی هەرێم** ". لێرەدا یەکگرتوو لە لووتکەی ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسمی کوردیدا خۆی مانیفێست دەکات. تەواو بەپێچەوانەی جوندی ئیسلامەوە کە دەیەوێت سەر لەبەری ئەزموونەکە هەڵوەشێنێتەوە، یەکگرتوو خۆی وەک پارێزەر دەخاتە سەرشانۆ.

٣. یەکگرتوو وەک حیزبێکی سیاسی هەر لەسەرەتای خۆراگەیاندنیەوە لە نێو دوو پانتایدا دەرکەوتووە؛ پانتایی سیاسی و پانتایی کۆمەڵایەتی: " **هەر لەسەرەتاوە یەکگرتوو دۆسیەی ئاشتیخوازی و خزمەتگوزاریانەی خۆی پێشکەش بە گەل و هێزە سیاسیەکان کردوە** ". لەهەر یەکێک لەم پانتاییانەشدا وەک ئەکتەر خۆی پێشنیارکردووە. ئەکتەرێک کە ڕێزی لەسەرجەم ئەو یاساو نۆرمانە گرتووە کە ئەو دوو پانتاییە ڕێکدەخەن و دەیانبەن بەڕێوە. لێرەوە یەکگرتوو سەدوو هەشتا پلە لە جوند و ئەنسار جیادەبێتەوە کە لە ڕێگای کۆدێتا و زەبروزەنگی فیزیکەوە دەیانەوێت هەموو ئەو نۆرم و یاسایانە بگۆڕن و سەرلەنوێ هەردوو پانتاییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە داڕێژنەوە.

٤. له تێبینی چوارەمدا ئێمه سێبەرەکانی هەیمەنەی گێرانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان هەستپێدەکەین:"**ئیدانەی کوشتنی دیل و شێواندنی تەرمی کوژراو دەکەین**". ڕاسته ئەم ڕستەیە وەک لاستیک کێشی دێت و دەکرێت به چەندین شێوه لێکبدرێتەوە، بەڵام لای ئێمه گوومانی تێدانیه که تەواو لەژێر کارایی و بەهێزیی گێرانەوەی چیرۆکی خێڵی حەمەی یەکێتی نیشتمانیدا بەرهەمهاتووه. بێگوومان لایەنگرانی جوند دەتوانن بڵێن یەکگرتوو ئێمەی ئیدانه نەکردووه، چوونکه یەکەم ناوی نەهێناوین و دووەمیش ئێمه دیلمان سەرنەبڕیوه بەڵکو یەکێتی خۆی بووه. بەڵام ئەم ئەرگیومۆنته زۆر بەهێز نیه، چوونکه نوێنەری یەکگرتوو له ڕێگای بەکارهێنانی ئایەته قورئانیەکانەوه هەوڵدەدات قەسابخانەکەی خێڵی حەمه ئیدانه بکات. ئەم ئایەتانەش بۆ قەناعەتپێکردنی جوندی ئیسلامه که خۆی وەک گرووپێکی ئیسلامی پێشنیاردەکات نەک یەکێتی که حزبێکی عەلمانیه. واته ئەو وێنه ناشیرینەی له نێو ماناکانی ئەم لێدوانەدا ئامادەیه جوندی ئیسلامه نەک یەکێتی.

بێگوومان له ئێستای کوردوستاندا خوێنەرو تەنانەت ڕۆشنبیرانی کورد خۆیان بەم شێوەیه ماندوو ناکەن بۆ ئەوەی لەو وێنانه بگەن که لەنێو ماناکانی لێدوانێکی سیاسیدا بیناکراون. ئەوان شتی ڕاستەوخۆو یەکلاکەرەوەو ئاشکراو بێپێچ و پەنایان دەوێت. بەتایبەتی لەسەر قەسابخانەیەکی وەک ئەوەی خێڵی حەمه. ڕەنگه هەر ئەم نۆرمەش بێت له پشت ئەو وتاره بچووکەی که بەڕێز توانا عوسمان، ئەندامی کارای ئەوکاتەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، بەناوی "بەیاننامەی یەکگرتووی ئیسلامی و هەڵوێستەیەک" ڕێک لەخوار ئەم لێدوانەی یەکگرتووەوه بڵاوی کردووەتەوه. ئەمه دەقی ئەو وتاره کورتەیه :

> **" ئەو گرووپه ئەکتیڤەی که پێشوتر له ناو بزووتنەوەو یەکبوونی ئیسلامیدا ژیانی دەبوغزاندو سەرقاڵی تیرۆرو تەقاندنەوەو تێزاب ڕشتنبوو، ئەمڕۆ لەژێر ناوی جند الاسلام دا خۆی ڕاگەیاند. هەڵبەت ناسنامەی ئەم گرووپه له قەسابخانەکەی خێڵی حەمەوه بەرجەستەبووه. ئیدی هەموو لایەک و هێزه کوردیەکان هەڵوێستی ئاشکرای خۆیان لەسەر تێرۆریستی ئەم گرووپه ئیعلان کردو تورەیی خۆیان لەو گرووپه ئاشکراکرد. بەڵام ئەوەی جێی سەرەنجه هێزێکی وەک یەکگرتوو لەبەیاننامەی مەکتەبی سیاسی خۆیدا، بەپێچەوانەی کۆدەنگی هێزو لایەنه کوردیەکانەوه، دیلکوژەکانی جند الاسلام به پێشمەرگه ناودەبات، ئەمه لەکاتێکدایه ئەم لایەنه وای ڕادەگەیەنێت له سیاقی خەونی نەتەوەیی ئێمەدا دەجوڵێتەوەو هێزێکی ئیسلامی کوردیه. بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوەبکات که پەیڕەو نیەتی سیاسی جند الاسلام هەرگیزاو هەرگز نایەتەوه سەر شاڕصگەی خەباتی نەتەوەیی میلەتەکەمان. هەڵوێست وەرگرتنی یەکگرتوو لەوێوه گرنگدەبوو وەک هێزێکی ئیسلامی خۆی جیابکردایەتەوه لەو گرووپه تیرۆریستەو لەوەها**

**ساتەوەرختێکی ناسک و برینداردا، مەیلی نەتەوەیی مرۆڤدۆستانەی ڕاستەقینەی دووپات بکردایەتەوە. دیارە بەکارهێنانی زاراوەی پێشمەرگەو ئیدانە نەکردنی توندو ڕاشکاوانەی بەتەنها لەو لۆژیکەوە نایەت کە یەکگرتوو قۆناغی پێشمەرگایەتی بەخۆیەوە نەبینیوەو پێشمەرگەو پێچەوانەکی لەیەکجیاناکاتەوە. بەڵکو هەولسێستێکی لەم جۆرە دەرپڕی ئەو ساردو سڕیەیە کە لایەنێکی سیاسی سەبارەت بە غەم و ئازارەکانی ئەم نیشتمانە هەیەتی. لەوێوەیە میلەتەکەمان کە ئێستا لەهەموو کات پتر پێویستی بە ئولفەت و باوەشی گەرمی ڕۆڵەکانی خۆی هەیەو قەرار بوو لەم ساتەوەختەدا هەموومان سەربنێین بە دڵ و برینەکانی یەکتریەوە، نەوەک ئەم خەمساردیە ترسانکە. "**

بەدەر لە ڕەخنەگرتنی بەڕێز توانا عوسمان لە یەکگرتوو، ئێمە دیسانەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە چۆن یەکێتی نیشتمانی کوردوستان توانیویەتی سەرکەوتوویێت لە بیناکردنی قەسابخانەی خێڵی حەمە لە پانتایی یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا. بێگومان کاک توانا نە ئەندامی ڕێکخستنەکانی یەکێتیە، نە پێشمەرگەی هێزی کوردوستانە، بەڵکو کەسێکی بێلایەنەو ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گێرانەوەی ڕوداوەکەی خێڵی حەمە لای کاک توانا، وەک لای یەکگرتوو، لەژێر هەیمەنەی ئەواقیعە بابەتیانەدایە کە گێڕانەوەی یەکێتی دروستی کردووە. واتە لە هەردوو حاڵەتی یەکگرتوو-توانا عوسمان دا ئێمە تەواو لە هەیمەنەی گێرانەوەی جوندی ئیسلامەوە دورین و تەواو لە چوارچێوە کانی یەکێتیەوە نزیکین. سەرکەوتنی یەکێتی لەوەدانیە کە چەند ئەندامی جوندی کوشتوە، بەڵکو لەوەدایە کە لە ڕێگای گێرانەوەکانیەوەو دژ بە واقیعێکی بیناکراو کۆمەڵگەیەک مۆبیلیزەدەکات. بالێرەدا هەڵوێستی شێخ موحەمەد بەرزنجی، پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستان لەسەر هەمان ڕوداو بپشکنین :

**" ئەو بارگرژیەی ئەم دواییەی ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان، حاڵەتێکی ناخۆش و ئەسەفبارەو، مەترسی هەیە لەسەر باری ژیان و گوزەران و ئارامی تاکی و کۆمەڵایەتی گەلەکەمان و پێویستە بەرزوترین کات کۆتایی پێبێت و هەموو لایەنەکان دەربەستی بەرژەوەندی باڵای کوردوستان بین و ناکۆکیەکان بەشێوەیەکی سیاسی و ئاشتیانە چارەسەربکەین. ئێمە لە مەوقیعی خۆمانەوە هەمیشە هەوڵمانداوەو دەدەین بۆ ڕێگرتن لە بارگرژی و نەهێشتنی و بڵاوبوونەوەی گیانی ئاشتی و تەبایی، لەپێناوی پاراستنی کیان و بوون و کەسایەتی گەلەکەمان...سەبارەت بە کوشتنی دیل لەهەر کوێیەک بێت، ڕای ئێمە ڕای زانایانی شەریعەتی ئیسلامە، کە نابێت دیل بکوژرێت، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بەتەماشای مێژووی پڕ لە سەروەری ئیسلام، تێدەگەین کە پێغەمبەری پێشەوامان و**

**جێنشینە بەڕێزو ڕێناسەکانی بەنرم و نیانی و میهرەبانی مامەڵەیان لەگەڵ دیل کردووە، بۆیە توانیان لە زەمەنێکی قیاسیدا ڕووناکی ئیسلام بەجیهاندا بڵاوبکەنەوە. لە کۆتایدا هیوادارم کە خوای پەروەردگار گەل و خاک و وڵاتمان بپارێزێت لەهەموو مەینەتی و گیروگرفت و خوێنڕێژانێک." ه ، س ، پ.**

ڕەگەزە بیناکارەکانی بوونیەی ئەم گووتارەی پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستان ئەمانەن :

١. شێخ بەرزنجی، وەک ئەکتەرێکی سیاسی بەدوای دامەزراندنی پانتاییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگیردا دەگەڕێت. پانتاییەک کە دەکرێت دواتر ببێت بە مەیدانی کارکردنێکی مەدەنیانە. **"ئەو بارگرژیەی ئەم دواییەی ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان، حاڵەتێکی ناخۆش و ئەسەفبارەو، مەترسی هەیە لەسەر باری ژیان و گوزەران و ئارامی تاکی و کۆمەڵایەتی گەلەکەمان و پێویستە بەرزوترین کات کۆتایی پێبێت".** بێگوومان ئەم ڕەگەزە بیناکارە تەواو پێچەوانەی پرانسیپەکانی ئەنساری ئیسلامە کە بەهیچ شێوەیەک بیناکردنی ئەم جۆرە پانتاییانەی بەلاوە گرنگ نیە، بەڵکو هەوڵدەدات لەناویشیان بەرێت. ئەمە یەکێکە لە هێڵە جیاوازەکانی نێوان ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسمی کۆمەڵ و نیۆ-فۆندامۆنتالیسمی ئەنسار.

٢. لە گەردوونی سیاسی کۆمەڵدا ئەو شتەی کە دەکرێت بە حەکەم بەرژەوەندیەکانی ئومەتی ئیسلامی نیە، بەڵکو بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردوستانە. **"هەموو لایەنەکان دەربەستی بەرژەوەندی باڵای کوردوستان بن".** لێرەدا بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کوردوستان دەبێت بەو پرانسیپە باڵا هاوبەشەی کە دەکرێت هەموو لایەک پەنای بۆ بات. ئەم ڕەگەزە کۆمەڵ، وەک پارتی و یەکێتی و حسک، دەکات بە گروپێکی ناسیۆنالیست بە باگراوەندێکی ئیسلامیەوە. لە فیکری ئەنساردا ئەم پرانسیپە سەری لە شیرک و کوفرەوە دەردەچێت و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کوردوستان هیچ نیە بتێکی نوێ بۆ پەرەستن نەبێت. بێگوومان ئەمەش هێڵێکی گرنگی پرۆگرامی سیاسیە کە سنوورەکانی کۆمەڵ و ئەنسار لەیەکتر جیادەکاتەوە.

٣. کۆمەڵ ئەو گرووپە سیاسیەیە کە هەوڵدەدات ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی مەدەنیانە ئیدارەبکات. واتە لەڕێگای مۆبیلیزەکردنی کەرەسە مەدەنیەکانەوە: دانوستان، هەڵبژاردن، دێبا، حکومەت، پەرلەمان، شاشەی تەلەفزیۆن، لاپەرەی ڕۆژنامەکان. **"ناکۆکیەکان بەشێوەیەکی سیاسی و ئاشتیانە چارەسەربکەین".** ئەم خاڵە گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لێرەدا مامۆستا شێخ موحەمەد وشەی "ناکۆکیەکان" بەکاردێنێت. ئەم ناکۆکیانە دەبێت بەشێوەیەکی سیاسی و ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. واتە لێرەوە کۆمەڵی ئیسلامی مۆرکی "موقەدەس" و "ئاینی" لە "ناکۆکیەکان" دوردەخاتەوەو ڕەهەندێکی زەمینی و دونیەویان پێدەبەخشێت. ئیتر "ناکۆکیەکان"ی نێوان یەکێتی و ئەنسار، کۆمەڵ و پارتی، کۆمۆنیست و یەکگرتوو، بزووتنەوەو زەحمەتکێشان، ناکۆکی

نێوان خواو شەیتان و ئیمان و کوفرو بەهەشت و دۆزەخ نین، بەڵکو ناکۆکی نێوان دوو هێزی سیاسیە کە دەکرێت لە ڕێگا سیاسیەکانەوە چارەسەر بکرێت. بێگوومان هیچ ئەنسارێک ناتوانێت کۆمەڵ و مامۆستا شێخ موحەمەد بەرزنجی بە کافر دابنێت، چوونکە شێخ بەرزنجی پێش ئەوەی سیاسی بێت زانایەکی ئیعترافپێکراوی کوردوستانە و لە هەر ئەنسارێک باشتر دەزانێت کە مەسەلەی کوفرو ئیمان ناخرێتە موفاوەزاتەوەو کاتێک داوادەکات کە "ناکۆکیەکان" بخرێنە سەر مێزی گوفتوگۆ لەبەر ئەوەیە کە ئەم ناکۆکیانەی نێوان ئەنسارو یەکێتی مەسەلەی کوفرو ئیمان نین بەڵکو سیاسی و دونیەوین. بێگوومان ئەم ڕاڤەکردنەی کۆمەڵ هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی لای ئەنسار وەک ئیهانە بە عەقیدە تەماشادەکرێت و بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین گوێشی لێبگرن.

٤. لەم گووتارەی شێخی کۆمەڵدا دیسانەوە گێڕانەوەی یەکێتی لەسەر ئاستێکی بەرزو بەرچاو دەردەکەوێت. "**سەبارەت بە کوشتنی دیل لەهەر کوێیەک بێت، ڕای ئێمە ڕای زانایانی شەریعەتی ئیسلامە، کە نابێت دیل بکوژرێت، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت".** بێگوومان ئەم پەرەگرافە زیاتر لە تەئویلێک هەڵدەگرێت، بەڵام لەهەموو تەئویلەکاندا سێبەری ئەو واقیعە بابەتیەی کە لەلایەن یەکێتیەوە بیناکراوە دەبینرێت. هەر لە بنەڕەتەوە قسەکردن لە سەر کوشتنی دیل لە هەلومەرجێکی ئاوادا لەبەر ئەوەیە کە لە چیرۆکی خێڵی حەمەدا پێشمەرگەکانی یەکێتی بەدیلی کەوتوونەتە دەست ئەنسارو پاشان سەربڕاون.

لێرەوە یادەوەری کۆمەڵیش، وەک یەکگرتوو، وەک توانا عوسمان، تێکەڵبە یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردی دەبێت و خێڵی حەمە دەبێت چیرۆکی گێڕانەوەی کوشتنی دیل لەلایەن گرووپی ئەنساری ئیسلامەوە. سەرکەوتنی گێڕانەوەی یەکێتی لای کەس و کاری سەربڕاوەکان لە ڕوونترین شێوەیدا خۆی مانیفێستدەکات. موحەمەد ساڵح گەڵاڵی خاوەنی سێ سەربڕاوە، بەم شێوەیە باس لە خێڵی حەمە دەکات:

> **"ئەم گرووپە بەفێڵ و لەژێر دروشمی (لا اله الا الله) لەگەڵ جەماعەتی مەلا عەلی هاتوون، کەوا وەک ناوبژی کردن و بەوانەی ئێمەیان ووتووە مەترسن و دواجار چوون پشتیان لێگرتوون و جوندی نائیسلامیش لە پشتەوە لێیان داوان و شەڕێکی گەورەشیان کردووەو بیست کەسیش لەوان کوژراوە. دوو سەعات شەڕیان کردووە تا فیشەکیان پێنەماوەو پێداویستیان پێنەگەشتوەو لەناو دێکە لە ماڵەکان خۆیان حەشارداوەو هاتوون و گرتوویانن و بەدیلی هەموویان کوشتوون، بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە زۆریان قاچ و دەست بەسراون ". ە ، س ، پ.**

هەروە ها کوری سەربڕاوێک بەم جۆرە چیرۆکی باوکی دەگێڕێتەوە :

**" باوکی من خەڵکی خێڵی حەمە دەیناسن کە هەردەم دەست بە دەستنوێژ بووە، ئەم ناوچەیەش باوکی من چاک دەناسن. باوکم هەرگیزی خراپەی نەکردووەو چاکە خواز بووە...ئەوەتا ئێمە بێکەس بووین. لەم ڕووداوەدا باوکم و دوو برام کوژرا. لە پشتەوە گیراون، بەڵام بێهوودە بووە. باوکم گووتبووی من بکوژن و کورەکانم مەکوژن. ئەوەتا هەموو هێزێکیان کوشت و هەمووشیان خزمی یەکترین". ه ، س ، پ.**

ڕوداوی خێڵی حەمە هەر لەسەرەتاکانی دروستبوونی جوندی ئیسلامەوە لەدایک دەبێت و پاشان وەک ماشینێکی بەهێز و کارا شووناسی ئەو گرووپە لە نێو خەیاڵدانی کۆمەڵگەی کوردیدا بینادەکات. لێرەدا گرنگ ئەوەنیە کە جوندی ئیسلام دیلەکانی کوشت یان نا، بەڵکو گرنگ بیناکردنی ئەم شووناسەیە. واتە شووناسی جوندی ئیسلام وەک گرووپێکێ دیل کوژ کە نەک هەر دژە بە ترادیسیۆنی مافی مرۆڤ، بەڵکو دژە بە پرانسیپەکانی ئاینی ئیسلامیش.

## کردەی دووەم :
## ٢ ئەڤریلی ٢٠٠٢
## هەوڵدان بۆ تیرۆکردنی دوکتۆر بەرهەم ساڵح

لە مانگی فێڤریوەری ٢٠٠٢ دا یەکێتی نیشتمانی، وەک هێزێکی سیاسی پراگماتیستی واقیعبین، هەوڵی بیناکردنی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسیدا دەدات. یەکێک لە تایبەتمەندیەتەکانی ئەم پەیوەندیە لەو قەناعەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە باشترین ڕێگا، بێگوومان لەم قۆناغەدا، لەگەڵ ئەو بزووتنەوە جیاوازانەدا بریتیە لە دانوستان و چارەسەری مەدەنیانە و ڕاکێشانیانە بۆ نێو کێڵگەی سیاسی.

لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە نوێیەدا، یەکێتی پڕیاردەدات دوو وەزارەت و مانگی ملیۆنێک دیناری سویسری بدات بە کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستان. ئەم دوو وەزارەت و یەک ملیۆن دینارە بەرهەمی چەندین جەولەی دانوستانی نێوان هەردوو لایە.

لە ١٨ فێڤریوەری ٢٠٠٢ یەکێتی و کۆمەڵ ڕێکەوتننامەیەکی ستراتیژی نوێ ئیمزا دەکەن. تەواو بەپێچەوانەی ئەو وێنەیەی کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بە دەرەوەی خۆی بدات، پرۆسەی دانووستانی نێوان ئەم دوو لایەنە بەڕێوەدەچێت. قسەکردن لەم وێنەیە گرنگیەکی سۆسیۆلۆژی تایبەتی هەیە. ئیسلامی سیاسی دەیەوێت دونیا قەناعەتپێبکات کە هەموو چوارچێوە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابوری و ئەخلاقیەکانی چوارچێوەی ئاینین و ناکرێت بەهیچ شێوەیەک دەستکاری بکرێن و ناڕۆنە ژێر باری هیچ جۆرێک لە ڕێکەوتن و دانوستانەوەو سیفەتی هەمیشەیی و نەگۆڕیان هەیە و تەنانەت ئەکتەرەکانی ئیسلامی سیاسیش هیچ نین جگە لە سەربازێکی پاسیف نەبێت.

ئەوەی کە من بەر هەستی سۆسیۆلۆژیم دەکەوێت، هاوکاری بەهێزو کارای ڕۆشنبیرانی کوردو عەرەب و تەنانەت جیهانیشە لە بیناکردن و خستنە سەر شانۆی ئەم وێنەیەدا. واتە لە کوردوستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، سوپایەک ڕۆشنبیر، ئیتر وشیارانە بێت یان نا، هاوکاری ئیسلامی سیاسی دەکەن بۆ بەخشینی ئەم وێنەیە بە دونیای دەرەوە. لە نێو ئەم ڕۆشنبیرانەدا، کەسانی زۆر بە توانای وەک بەختیار عەلی[cxliv] و مەریوان وریا[cxlv] لە کوردوستان و نەسر حامد ئەبوزەید[cxlvi] و عبدلوەهاب موئەدەب[cxlvii] لە دونیای عەرەبی و لەسەر ئاستی جیهانیش ئەندرێ گیولکسمان[cxlviii] و کریستۆف دولوار[cxlix] دەبینین. من گوومانم نیە لە توانای تێگەشتن و ڕاڤەکردنی ئەم ڕۆشنبیرانە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێموایە تێڕوانین بۆ ئیسلامی سیاسی تەواو لەژێر کارایی ئەو وێنەیەدایە کە بزووتنەوەکانی قووتابخانەی ئیسلامی سیاسی دەیانەوێت بەدەرەوەی ببەخشن. لەکاتێکدا ئەگەر بێت و مەسافەیەکی ئیپیستیمۆلۆژی لەنێوان خۆمان و ئەو وێنەیەدا دروستبکەین و ژیانی ڕۆژانەی ئەو بزووتنەوانە بپشکنین تەواو

پێچەوانەکەی ئەم وێنەیە دەبینین. واتە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو بزووتنەوانەدا، چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئیعلامی و ئەخلاقیەکان، کە پڕبارە پیرۆزو هەمیشەیی و نەگۆڕبن، دەخرێنە سەر مێزی دانوستان و ڕێکەوتن و گوفتوگۆوە. بۆ سەلماندنی ئەم تێزەش دەگەڕێمەوە سەر ئەم هەواڵەی کە لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ٦٢ ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاوبووەتەوە :

**" لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوە بەردەوامانەی کە لەم ماوەیەی ڕابوردودا لەنێوان سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردوستانی عێراقدا، لەسەر ڕۆشنایی ڕێکەوتنامەیەکی نوێیان مۆر کرد، بەپێی ئەم ڕێکەوتنامە نوێیە کە لە چەندین بڕگە و خاڵ پێکهاتووەو بوارەکانی سیاسی و حکومی و ڕەگەیاندن و ئابوری و سەربازی گرتۆتەوە، هەردوو لا لەسەر چەندین خاڵی جیاجیا ڕێکەوتوون."**

لێرەوە دەبینین کە کۆمەڵ وەک بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤی ئیسلامی سیاسی هەموو شتەکانی خستووەتە سەر مێزی دانووستان و ئامادەیە لەسەریان ڕێکەوتن ئیمزا بکات. بێگوومان سەر کەوتنی ڕێکەوتننامەی نێوان کۆمەڵ و یەکێتی چەند هۆکارێکی گرنگی لە پشتەوەیە، بەڵام سەرەکی ترینیان، وەک لە بەشەکانی پێشودا ئاماژەمان پێدا، گووزەری کۆمەڵە لە پرۆژەی ئیسلامیسمەوە بۆ پرۆژەی ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسم. شکستی ڕێکەوتنیش لەگەڵ ئەنساری ئیسلامدا هۆکارە سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گووزەی ئەم گرووپە لە ئیسلامیسمەوە بۆ نێۆ-فۆندامۆنتالیسمێک کە نە پرۆژەی سیاسی هەیە و نە هیچیشی هەیە تا دانووستانی لەسەر بکات. ڕاستە مامۆستا کرێکار، ئەمیری ئەنساری ئیسلام لە نێوان مانگی یەک تا مانگی چواری ٢٠٠٢ دا چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا کردو دەیویست دانوستانبکات، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم دانوستانە لەدوو لاوە کونی تێبووبوو، لەلایەک مامۆستا کرێکار، تەواو بەپێچەوانەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیەوە، چەند شتێکی جددی بۆ دانوستان لەگەڵ یەکێتیدا پێشنیار نەدەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامانی گرووپەکەی هەر لە بناغەوە باوەڕیان بە پرۆژەی دانووستان لەگەڵ کەسدا نەبوو. بێگوومان ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە هەرە سەرەکیەکانی نێۆ-فۆندامۆنتالیسمی ئیسلامی لەهەموو جیهاندا.

لەکاتێکدا مامۆستا کرێکار لە کۆبوونەوەدابوو لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیدا، چەند ئەندامێکی ئەنساری ئیسلام، لە ناو جەرگەی سلێمانیداو بەنیازی تیرۆرکردنی، پەلاماری دوکتۆر بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان دەدەن. بێگومان لەدوای قەسابخانەکەی خێڵی حەمەوە تا ٢ ی ئەڤریلی ٢٠٠٢ کە ڕۆژی پەلاماردانی دوکتۆر بەرهەمە، چەندین پێکدادان لە نێوان هەردوو لادا ڕوی داوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو بەریەککەوتنانە وەک پەلاماردانی دوکتۆر بەرهەم سیفەتی ماژۆر-مەزنیان نادرێتە پاڵ. ئەم هێرشە لە مێژووی تیرۆریسمی ئەنساردا بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چوونکە وەک خێڵی

حەمە، دەبێت بە ڕەگەزێکی کارای بیناکاری بوونیە تێرۆریستیەکەی گرووپی ئەنساری ئیسلام.

دەرکەوتنی ئەنساری ئیسلام لە چرکەی هەوڵدان بۆ تێرۆرکردنی دوکتۆر بەرهەم ساڵح دا دەکرێت وەک تێرۆرکردنی ئەلدۆ مۆرۆ، سەرۆکی پارتی مسیحی دێمۆکراتی ئیتالی، لە لایەن کەتیبە سوورەکانەوە تەماشابکرێت. وەک چۆن تێرۆرکردنی مۆرۆ دیوارێکی لە نێوان گەلی ئیتالی و کەتیبە سوورەکاندا دروستکرد، ئاواش پەلاماردانی دوکتۆر بەرهەم ڕشانەوەیەکی جەماوەری بەسەر ئەنساری ئیسلامدا دروستکرد. ئەم ڕشانەوەیە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە سەر خودی بزووتنەوەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی کە بە جددی بایەکۆتی ئەو پەلامارە دەکەن.

کاتژمێر چوارو نیوی دوای نیوەڕۆی ٢ ئەڤریلی ٢٠٠٢ سێ کامیکازی ئەنساری ئیسلام بەچەکی سووکەوە پەلاماری ماڵی دوکتۆر بەرهەم ساڵحیان دا. لەو چرکەیەدا کە سەرۆکی حکومەت، لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا دادەبەزێت، کامیکازەکان پەلاماری دەدەن. بە هەوڵ و لێهاتووی پاسەوانەکانی، سەرۆکی حکومەت ڕزگاری دەبێت و لەو سێ کامیکازە دووانیان دەکوژرێت و سێیەمیشیان دوای چواردە سەعات بەدیلی دەکەوێتە دەست ئاسایش. لە هەمان کاتدا پێنج پاسەوانی دوکتۆر بەرهەمیش دەبن بە قووربانی[cl].

ژنێک کە لەو ساتەدا بە ڕێکەوت لە پرسەی ماڵە دراوسێیەکی سەرۆکی حکومەتدا بووە، بەم شێوەیە ڕوداوەکەی بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی گێڕاوەتەوە:

> **" چەند دەقیقەیەک پاش گەشتنی د. بەرهەم، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو، چوار کەس** (دواتر دەرکەوت کە سێ کەسبوون نەک چوار، ع.ب) **لە ئۆتۆمۆبێلێکی تاکسی بەرازیلی تەئمیم دابەزین، دوو حیمایە بەرەو ڕویان هاتن، یەکسەر دەستیان کرد بە دەستڕێژکردن و هەردوو پاسەوانەکەیان پێکا. یەکێکیش لە هێرشبەران بەرکەوت و لەبەردەم بەرازیلیکەیدا کوژرا. هێرشکەران دەیانووسیت بچنە ناو ماڵی د. بەرهەمەوە، وا پێدەچوو بیانەوێت بە نارنجۆک پەلاماری ماڵەکە بدەن، بەڵام دووەمیشیان کە هەوڵی دەدا ئیقتیحامی ماڵەکە بکات بە تەقەی پاسەوانەکان کوژرا. پاشان دوانەکەی تر کەیەکێکیان برینداربووبوو بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە هەڵهاتن. ئەم کارە تیرۆریستیە نزیکەی نیو سەعاتی خایاند، پاش ئەوە هێزەکانی ئاسایش چەندین چەک و تەقەمەنیان لەنێو ئۆتۆمۆبێلەکەدا دۆزیەوە. "** [cli]

پاش ئەم هێرشە تێرۆریستیە، تەواوی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنساری ئیسلام و یەکێتی نیشتمانی دەپچڕێت و ئەنسار دەکشێتەوە نێو هەلومەرجە سروشتیەکەی خۆیەوە. لەهەمانکاتدا هەموو حیزبەکان بە چەپ و ڕاست و عەلمانی و ئیسلامیەوەو هەموو بزووتنەوە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای کوردی،

بزووتنەوەی ڕۆشنبیران، لاوان، خوێندکاران، ئافرەتان، کرێکاران، هتد، بایەکۆتی ئەنساری ئیسلام دەکەن.

ئەوەی گرووپی ئەنساری ئیسلام لەبزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە، پشتگوێخستن و بەلاوە گرنگنەبوونی ئەم ناڕەزاییە جەماوەریەی خەڵکی کوردوستانە. گەر ئەنساری ئیسلام خۆی وەک ویژدانی زیندووی موسوڵمانانی کوردوستان و خۆی وەک گوزارشت لە بەرژەوەندی و خەونەکانیان بخستایەتە سەر شانۆو بیویستایە نوێنەرایەتی خواستی کۆمەڵگەی کوردی بکات، بێگوومان لەبەردەم ناڕەزاییەکی جەماوەری وادا بەخۆیدا دەچووەوەو خۆی دەخستە ژێر پرسیارو ڕەخنەوە . کە ئەنساری ئیسلام ئەمە ناکات، لەبەر ئەوەیە کە ئەو گرووپێکی تێرۆریستی دژە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە نەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی ئەم ناڕەزاییە جەماوەریەی بیناکرد چەند ڕەگەزێکی بەهێزی سۆسیۆ-پۆلیتیکۆ-مێژووین کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە :

## ١) کەسایەتی د. بەرهەم

ئەم پیاوە دوور لە هەموو پلەو پایە سیاسی و حکومیەکانی، وەک ئەکتەرێکی کاراو چالاک، لە نێو کێڵگەی سیاسی کوردیدا دەکرێت لە ڕیزی کەسایەتیە هەیمەنە دارە ڕێژەییە کاندا پۆلێن بکرێت، (دەڵێم ڕێژەیی چوونکە لە نێو کێڵگەی سیاسی کوردیدا تەنها مام جەلال و کاک مەسعود هەیمەنەی ڕەهایان هەیە). ئەم هەیمەنەیەش دوو سەرچاوەی سەرەکی هەیە :

یەکەمیان ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیە کەی خانەوادەی د. بەرەهەمە. ئەو خێزانەی کە ئەم منداڵەی هێناوەتە دونیا، یەکێک نیە لەو خێزانانەی کە لە گەڕەکە داڕزاوەکانی شاردا ژیانی بەسەر بردبێت و لە پەراوێزەکانی شاردا منداڵەکانی سۆسیالیزە کردبێت و دورخرابێتەوە لە مەوقیعە هەر گرنگەکانی زانست و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ڕشنبیری و ئابوری. بەڵکو خێزانێکە لە نێو گەڕەکە هەر گرنگە کانی شارداو تەواو نزیک لە سەنتەرە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان سۆسیالیزەکراوە. باوکی د. بەرهەم یەکێکە لە پارێزەرە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانی و دایکیشی ئەکتەرێکی کارای نێو بزووتنەوەی ژنانی کوردوستانە. واتە دوو مەوقیعی گرنگ لە نێو کێڵگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریشدا.

بەپێی ئەو هەواڵەش کە کادیرێکی پلە بەرزی یەکێتی نیشتمانی پێی ڕەگەیاندم جۆرێک لە خزمایەتی لە نێوان خانەوادەی د. بەرهەم و خانەوادەی بەڕێز نێچیرەوان بەرزانیدا هەیە. میسداقیەتی ئەم هەواڵە گرنگیی سۆسیۆلۆژی پایە کۆمەڵایەتیەکەی د. بەرهەم مان زیاتر بۆ ڕوون دەکەنەوە، بەو مانایە نا کە: لەبەر ئەوەی خانەوادەکەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خانەوادەی بارزانیدا هەیە دەبێتە جێگای ئەرزش، بە پێچەوانەوە، ئەم خانەوادە لەبەرئەوەی پێش دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەی بارزانیدا مەوقیعی گرنگی لە نێو

کێڵگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، خانەوادەیەکی گەورەی وەک بارزانی دەخاتە نێو سیستەمی بیناکردنی پەیوەندیەوە.

سەرچاوەی دووەمیش کەسایەتی د. بەرهەم خۆیەتی.[clii] ئەم پیاوە ساڵی ۱۹٦۰ لەدایک دەبێت و لە ساڵی ۱۹۷٦ دا، واتە لە تەمەنی شانزە ساڵیەوە، پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانەوەو لە نێوان ۱۹۷٦ و ۱۹۷۹ دا چەند جارێک لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە دەکرێتە زیندانەوە. ساڵی ۱۹۷۹ ، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا نیشتمان بەجێدەهێڵێت و ڕێگای دەروە دەگرێتە بەر. دواتر لە زانکۆ گەورەکانی ڕۆژئاوادا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو دەکات و دەبێتە خاوەنی پروانامەی دوکتۆرا. ئەم پیاوە لەیەک کاتدا بە ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی قسەدەکات. د. بەرهەم یەکێکە لەو ئەکتەرە سیاسیە گرنگانەی کورد کە تەواو دوورە لە کێڵگەی سەربازیەوەو پێشمەرگایەتی نەکردوەو دورە لە پەروەردەی سەربازیەوە. بێگوومان ئەم هەلومەرجە دەکرێت لەیەک کاتتدا لە قازانج و لە زەرەریشیدا بێت. دۆستەکانی بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی وەک مەدەنیترین سەرکردەی یەکێتی بیخەنە سەر شانۆ، بەرامبەرەکانیشی بەکاردیدەهێنن بە وەشاندنی گورز لە سەرمایە ڕەمزیەکەی.

ئەنساری ئیسلام تەواو وشیارە بەوەی کە هەڵبژاردنی د. بەرهەم وەک ئەکتەرێکی کارا، کە تۆرێکی بەرفراوانی پەیوەندی سیاسی بە هەموو جیهانیەوە دەبەستێتەوە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهانی عەرەبی دەبێت. واتە ئەم هەڵبژاردنە هەڕەمەکی نیە و تەنها چەند منالێکی ئەنساری لە پشتەوە نیە، بەڵکو عەقڵێکە کە لەهەموو تەونەکانی پەیوەندیە ئاڵۆزە جیهانی و ناوچەی و هەرێمیەکان تێدەگات و دەزانێت چۆن و بۆو کەی ئامانجەکانی هەڵدەبژێرێت. ئەو نووسەرو ڕشنبیرو هەروەها ئەو کادیرانەی دەزگای ئاسایش چەند بچووک و کورتبین و دورن لە زانستی تێبینی و کۆکردنەوەی دەرهاویشتە و ڕاڤەکردنیانەوە کە پێیانوایە عەبدول سەلامی بەکری غاز و کامەران مۆریاسی و ئەبو عاسم عەقڵی بیرکەرەوەو ئەکتەری نواندنی ئەم شانۆگەریەن ! ڕاستە ئەم سێ کامیکازە هێرشیان کردە سەر د. بەرهەم، بەڵام ئەو دەزگایەی کە ئەم نەخشەیەی کێشاوە زۆر لەم سێ ئەکتەرە گەورەترەو تەنانەت گوومانیشم لەوە هەیە کە ئەم سێ کامیکازە زانیاریان هەبوبێت لەسەر دەرهێنەری ئەم فیلمە.

### ***٢) پۆستی سەرۆکی وەزیران***

پۆستی سەرۆک وەزیران ئاستێکی گرنگی بیناکردنی ئەم ڕووداوەیە. بێگوومان لە ڕوی ئیداریەوە، دوای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی وەزیران باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە کوردوستاندا. پەلاماردانی د. بەرهەم هێرشکردنە بۆ سەر یەکێک لە بەرترین لوتکەکانی دەسەڵاتە لە کوردوستاندا. ڕاستە سەرۆکی وەزیران لە تێرۆرکردن ڕزگاری بوو، ڕاستە دوو کامیکازەکە کوژران و سێیەمیشیان بەدیلی کەوتە دەست دەزگای ئاسایش، بەڵام لەگەڵ ئەم دوو شکستەشدا تێرۆریستەکان مەترسیدارترین سەرکەوتنیان بەدەست هێنا کە ئەویش بریتیبوو لە چاندنی ترس لە هەناوی هەموو تاک و خێزان و گروپ و لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا. لە ڕێگای ئەم چالاکیە تێرۆریستیەوە، ئەوان قەناعەتێکیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکرد کە هیچ کەس و لایەنێک پارێزراو نیە لە زەبروزەنگ و تێرۆریسمی ئەوان و لە هەرکات و شوێنێکداو هەرکەس و لایەنێکیان ویست تێرۆری دەکەن. ئەوان ئارەزویانکرد بە کۆمەڵگەی کوردی بڵێن: ئێمە دەستمان بگات بە لووتکەی دەسەڵات ئیتر چۆن دەستمان ناگات بە ئێوەی دوژمن لە خوارەوە.

گرفتەکە لێرەدا ئەویە کە، گەر بیارە بەتەنها (دار الاسلام) بێت، ئیتر هەموو کوردوستان (دار الحرب) ە. لیرەوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە بیارە ناژین و هیجرەتیان بۆ دار الاسلام نەکردوە دەبن بە دوژمن و کوشتنیان حەڵاڵە. بەڕێز مامۆستا کرێکار، ئەمیری ئەنساری ئیسلامی پێشوو، لەسەر جیاکردنەوەی دار الاسلام و دار الکفر دەنوسیت :

**بزانە کە ئەو هۆکارەی وولاتانی بە شێوەیەکی گشتی پێ لێك هەڵ دەهاوێررێت ، کە جیهانی پێ دەکرێت بە دوو بەشەوە ( دار الاسلام و دار الکفر ) دینەکەی پێغەمبەرە [ صلی اللّٰە علیه وسلم ] کە بۆ هەموو جیهانیانی هێنا ، بۆ هەموو خەڵکی و لە هەموو سەر زەمین و لە هەموو زەمانێکدا .. هەر لەو کاتەوەی کە پێغەمبەر [ صلی اللّٰە علیه وسلم ] ئەم دینە پاکەی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هێنا ، خەڵکەکەی دەوروبەری کەوتنە دوو سەنگەرەوە : ئەوی موسوڵمان بوو ، هاتە ریزی ئەوو ، ئەوی کافر مایەوە چووە سەنگەرەکەی بەرامبەری ، ئینجا خوای گەورە فەرمانی بە موسوڵمانان دا کە لە کۆمەڵگەی کافران بێنە دەرەوە ، بەوەی کە کۆچ کردنی لەسەر موسوڵمانان فەرز کرد ، چونکە تا ئەو کاتە خوای پەروەردگار پشتیوانانی مەدینەی بۆ هیدایەت دابوون و بوو بوونە لایەنگرو جێ داڵدەیان .. ئیدی لەو هیجرەتە بە دواوە ، مەدینە بووە دار الهجرە و کۆمەڵگەی کۆچکەران . پێغەمبەریش [ صلی اللّٰە علیه وسلم ] هەر لەو مەدینەیەدا دەوڵەتەکەی ئیسلامی دامەزراند ، کە ئیتر هیجرەت کردنی موسوڵمانان بۆ مەدینە بووە فەرز لەسەر هەر کەسێك کە لە دەرەوەی مەدینە دەژیا ، ئەمەش هەر وا بەردەوام مایەوە تا رزگار کردنی مەککە .. بەڵام**

**کۆچ کردن لەسەر ئەو موسوڵمانانەی لە ناو کۆمەڵگەی کافراندا ـ لە هەر کوێیەك بن ـ هەر بە فەرزی لەسەریان مایەوە .. بەم هەنگاوە عەمەلییە دار الاسلام جوێ بۆوەو دروست بوو ، بەوەش ناسرا ( ئەو وڵاتەیە کە کۆمەڵگەکەی موسوڵمانن و دەسەڵاتداری ناوچەکە بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی ئیسلامی تێدا دەبەن بەڕێوە ) دار الکفریش ( ئەو وڵاتەیە کە کۆمەڵگەکەی کافرن و دەسەڵاتداری ناوچەکە وا بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی کوفری تێدا دەبەن بەڕێوە ).. پاش ئەم جوێ بوونەوەو لێك هەڵاوێردنەی وڵاتی موسوڵمانان و وڵاتی کافران ، ئیتر جیهاد لەسەر موسوڵمانان تا ڕۆژی قیامەت فەرز کرا ، لەمەوەیە کە بە دار الکفریش دەوترێت : دار الحرب .."[cliii]**

مامۆستا کرێکار بەم شێوەیە پێناسەی **دار الکفر** دەکات **( ئەو وڵاتەیە کە کۆمەڵگەکەی کافرن و دەسەڵاتداری ناوچەکە وا بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی کوفری تێدا دەبەن بەڕێوە ).** بێگوومان ئەگەر لەسەر ئاستی تیوریش بێت یەکێتی و پارتی کە لەم چرکەیەدا حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەبەن پێیانوایە : دیمۆکراسی باشترین یاسای حوکمکردنەوەو ڕژێمی سیاسی ئەم کوردوستانیش لەسەر بنەمای دیمۆکراسی دامەزراوە (بەلای کەمەوە یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی تیوری بەم شێوەیە بیردەکەنەوە). بەڵام ئایا مامۆستا کرێکار سیستەمی دێمۆکراسی بە (**حوکمی کوفری** ) کافران دەزانێت یان نا ؟ بەڕێزیان لە لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ٦٠ ی ساڵی ٢٠٠٢ دا وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوەو دەڵێن:"**دیمۆکراسی لەسەرەتاوە تا ئەخیری کوفرە**". لێرەوە هاوکێشەکە بەم شێوەیەی لێدێت : هەرێمی کوردوستان ناقس بیارە یەکسانە بە دار الحرب. (**هەرێمی کوردوستان – بیارە = دار الحرب**). لەم "دار الحرب" ەشدا کە دەستی ئەنسار بگاتە سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئیتر کەس نابێت لە خۆی دڵنیابێت.

ئەم میکانیسمە، چاندنی ترس لە نێو جەماوەردا، تایبەت نیە بە ئەنساری ئیسلام و هەموو گرووپە تێرۆریستیەکان، لەو پەڕی چەپەوە تا ئەو پەڕی ڕاست، بەکاریان هێناوە. لە ئیسپانیا و ئیتالیاو فەرەنساو ئەڵمانیاو یاباندا گرووپە تێرۆریستەکانی چەپ و ڕاست، لەڕێگای چالاکیەکانیانەوەو بۆ بەدەستهێانی ئامانجەکانیان سەرجەم کۆمەڵگەی مەدەنیان تووشی شۆک و دەڵەڕاوکە و ترسێکی بەردەوام کردووە. گرنگی سۆسیۆلۆژی ئەنساری ئیسلام لەوەدایە کە بۆیەکەمجار لە کوردوستاندا، وەک گرووپێکی تێرۆریستی پرۆفێسیۆنێل، ئەم مێکانیسمە وەک ماشینێکی ترسانک دەخاتە کارو ئیتر ترس وەک تەمێک دەنیشێتە سەر ڕۆحی هەر کوردێکی دەرەوەی دار الاسلامی بیارە.

لە ڕوداوی پەلاماردانی د. بەرهەم دا، ئێمە دەتوانین ئەم ڕەگەزە بە هەرە گرنگترین ڕەگەزی بیناکار وەربگرین و دەرەنجامە سۆسیۆلۆژیەکانیشی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بە هەرە مەترسیداترین تەماشابکەین. بەبێ ئەوەی لە ئەرزشی ڕەگەزەکانی دیکە کەم بکەینەوە.

## ٣) شاری سلێمانی وەک شانۆی ڕووداو

ئامادەیی شاری سلێمانی وەک شانۆی ڕوداو، ڕەگەزێکی کارایە لە بیناکردنی ئەو شتەی کە ناومان نا : ڕوداوی پەلاماردانی د. بەرهەم. بەبێ ئامادەبوونی ئەم ڕەگەزە، ئەو ڕوداوە هەرگیز ئەم مەدلول و مانایانەی ئێستای نەدەبوو. بۆ نموونە گەر شاری هەڵەبجە وەک شانۆی ڕووداو بخەینە جێگای شاری سلێمانی ماناکانی ئەم ڕوداوە بەتەواوی دەگۆڕێن و لەسەر کاتیگۆریەکی دیکە خۆیان بینادەکەنەوە.

لەو چرکەیەدا کە پەلاماری ئەم پیاوە دەدرێت (٢ ی ئەڤریلی ٢٠٠٢):

- ❖ سلێمانی پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردوستانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانە و هەموو وەزارەتەکانی حکومەت لە سلێمانیدان.
- ❖ ئەم پایتەختە گەورەترین دەزگای ئاسایشی یەکێتی تیادایە کە دەکرێت وەک دەزگای FBI ئەمەریکی تەماشای بکەین.
- ❖ هەروەها بەهێزترین بارەگای دەزگای زانیاری یەکێتی تیادایە کە هەمان ڕۆڵی CIA ئەمەریکی دەبینێت.
- ❖ دڵسۆزی و هاریکاری دانیشتوانی شاری سلێمانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا دەکرێت بیخەینە ڕیزی دڵسۆزی و هاریکاری دانیشتوانی نیوۆیۆرک لەگەڵ دەوڵەت و نیشتمانەکەیاندا کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.
- ❖ سلێمانی وەک پایتەختی کولتوری کوردوستان، دەیان میدیای ئازادو سەربەخۆی تیایە کە بەدوای بچووکترین چالاکی تێرۆریستەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ڕاوی بکەن و لەلاپەڕەی یەکەمیاندا بڵاوی بکەنەوە. ئەو میدیایەنەش تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆی و ڕاستگۆیی خۆیان پاراستوە، دەکرێت هاوڵاتی ئەو کاتە و ئێستاش بەنموونە بێنینەوە.
- ❖ سلێمانی بارەگای سەرەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانی لێیەو هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیش بە چەندین ئەکتەری دەزگای ئاسایش (FBI کوردی) و دەزگای زانیاری (CIA کوردی) دەوری گیراوەو دەپارێزرێن.

لەو چرکەیەدا کە پەلاماری د. بەرهەم دەدرێت وێنەی ئەم شارە لەم چوارچێوەیەدا دەردەکەوێت. بێگوومان ئەم وێنەیەش لە خەیاڵدانی تێرۆریستی نەخشەدانەرەکانی ئەم چالاکیەدا بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت. ئەم خەیاڵدانە لە نێو قوڵاییەکانی مۆدێرنیتێدا بیناکراوەو توانای زەرب و تەقسیم و لێدەرکردنە سیاسیەکانی هەیەو بە عەینەکە تێرۆریستیەکانیەوە هەموو ئەو ڕەگەزە گرنگانە دەبینێت کە شاری سلێمانی دەکەن بە باشترین تەختەی شانۆ بۆ نمایشکردنی شانۆگەریە ترسناکەکەیان.

لە پانتایەکانی ئەم خەیاڵدانە تێرۆریستیەدا، پەلاماردانی د. بەرهەم ئەم مانایانە دروستدەکات :

تەحەداکردنی گەورەترین دەزگای ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و دەزگای زانیاری یەکێتی نیشتمانی. بێگوومان ئەم تەحەدایە لە ڕونترین دەرکەوتنیدا هەستمانپێکرد.

گرەوکردن لەسەر میدیاو بڵاوکردنەوەی ڕوداوەکە بەهەموو جیهاندا. لەهەمان ڕۆژدا، هەر سێ گەورە ڕۆژنامەی فەرەنسا، لۆ مۆند و فیگارۆ و لیبێراسیۆن، هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە. هەروەها لەسەر شاشە جیهانیەکەی کوردسات ڕووداوەکە دەگوێزرێتەوەو سەردانێکی کوتوپڕی د. بەرهەم بۆلای مام جەلال پیشاندەدرێت. لەو سەردانەدا د.بەرهەم تورەدەردەکەوێت و هەڕەشە لە تێرۆریستان دەکات و دەڵێت : "سەرکەوتن هەر بۆ یەکێتی نیشتمانیە". ڕۆژنامەکان بەگشتی و ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەتایبەتی لە لاپەڕەی یەکەمیدا هەواڵەکە تۆمار دەکات.

لە ٤ ئەڤریلی ٢٠٠٢ دا جەماوەری شاری سلێمانی دەڕژێنە سەر جادەکان و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە ئەنساری ئیسلام دەردەبڕن. ئەم مانیفێستاسیۆنە جەماوەریە بەهێزە، ئاستی بەهێزی وکارایی ئەو هێرشەی ئەنساری ئیسلام دەخاتە بەردەستمان. ئەمەش بێگوومان لەبەرژەوەندی ئەو گرووپەدایە. واتە خستنە سەر شانۆی کارایی ئەو هێرشە لە لایەن مانیفێستاسیۆنێکی جەماوەری گەورەوە، ڕاستە ئیدانەکردنی ئەو گرووپەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا بەدیهێنانی یەکێک لە ئامانجەکانی تێرۆریستەکانیشە.

مانایەکی دیکەی ترسناکی ئەم هێرشە بریتیە لە دروستکردنی گوومان لەسەر ئەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و جەماوەری شاری سلێمانیدا هەیە. یەکێتی سلێمانی وەک حەرەمی خۆی دەزانێت و قووڵایە جەماوەریەکەی لە سلێمانیدا دەبینێتەوەو لە واقیعیشدا هەروایە. دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردوستان ئەم ئەرگیومۆنتەمان بەهێزتر دەکات. پەلاماردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی یەکێتی نیشتمانی لە ناو جەرگەی سلێمانیدا کردەیەکی ئانوساتی نیە و لە یەک چرکەدا ڕونادات و ئەو سێ تیرۆریستەش بە پەڕەشووت لە سلێمانی فڕێنەدراونەتە خوارەوە، بەڵکو لە نێو پرۆسەیەکی چەند هەفتەیدا ئامادەکراوەو لە نێو شاری سلێمانیدا سەرۆکی وەزیران چاودێری کراوەو پاشان تێرۆریستان بە پشتیوانی چەند دانیشتوویەکی نێو ئەو شارە ئەم کردە تێرۆریستیەیان بەرهەمهێناوە.

لەنێو ئەم هاوکێشەیەدا، گەرێت و هاوکاری چەند دانیشتویەکی ئەم شارەی لێدەرکەیت، ریالیزەکردنی ئەم چالاکیە وەک موستەحیلی لێدێت. لێرەوە، دابینکردنی ئەم هاوکاریە دەبێت بە یەکێک لە مەرجەکانی بیناکردنی ئەم ئۆپێراسیۆنە. بەسنوری دابینکردنی ئەم هاوکاریەش درزی نێوان یەکێتی و دانیشتوانی سلێمانی فراوانتر دەبێت، چوونکە یەکێتی ناچاردەبێت، بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ئەم پشتیوانیە، سەدان دانیشتوی ئەم شارە دەستبەسەر بکات. بێگوومان لە نێو ئەم دەستبەسەرکراوانەشدا ڕەنگە تەنها پێنج تا دەکەس تاوانباربن و ئەوانیدیکە هیچ گووناهێکیان نەبێت. لێرەوە گەر درزیش دروست نەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین گوومان لەسەر ئەم پەیوەندیە مێژوویە دروستدەبێت. بەمەش تێرۆریستەکان ئامانجێکی دیکەی ئەم هێرشەیان بەدەست دەهێنن.

## ٤) دەرهێنانی سینەمایی هێرشەکە و ڕاگواستنی لەلایەن میدیای کوردیەوە

لە کوردوستانی ئەمڕۆدا میدیا ئەکتەرێکی گرنگی پانتاییە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەکتەرێک کە، هەرچەند لە سەرەتاکانیایەتی، دەتوانێت کارایی زیندوو بەسەر بیناکردنی خەیاڵدانی کۆلێکتیڤی کوردیەوە دابنێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕای گشتی دروستبکات.

لەگەڵ دروستبوونی ئەم کاتیگۆریە لە میدیاداو لەهەمانکاتدا هەستبەوەدەکەین کە کردەیەکی دیکە بەڕێوەیە، کردەی دروستکردنی بازاڕ بۆ میدیا. واتە ئەو کەسایەتی و لایەنە دەوڵەمەندانەی کە لە پشت میدیا کوردیەکانەوەن هەوڵدەدەن بە پێی لۆژکی بازاڕو لەپێناوی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خاوەندارەکاندا بیانخەنە کار. ئەم بازاڕە پێویستی بە ڕوداوی واقیعی بەڵام بە دەرهێنانێکی سینەمایی جوانەوە هەیە. دەرهێنانێک کە لە فیلمە خەیاڵیەکانی هۆلیۆد بچێت و خوێنەری کوردی تووشی دەهشەت و شۆک بکات.

لەم مەیدانەدا هیچ کەس وەک ئەکتەری تێرۆریست توانای وەڵامدانەوەی ئەم داواکاریەی میدیاکانی نیە. ئەنساری ئیسلام وەک گرووپێکی تەواو مۆدێرن، لە قوڵایەکانی ئەم یاریە تێدەگات و وشیارە بەو لۆژیکەی کە بازاڕی میدیا دەبات بەڕێوەو دەزانێت چۆن لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان بۆ خۆی داگیربکات. ئەو عەقڵەی کە نەخشەی کێشابوو بۆ پەلامارەکەی د. بەرهەمی لە ٢ ی ئەڤریلی ٢٠٠٢ دا لە جوانترین چرکەی دەرهێنانی سینەماییدا خۆی مانیفێست دەکات.

ڕۆژنامەکان بەم شێوەیە ڕوداوەکەیان گێڕایەوە :

د. بەرهەم لە نێوان کاتژمێر چوار تا چوارو نیوی پاش نیوەڕۆ دەگاتە بەر دەرگای ماڵەوەی خۆیان. سەرۆکی وەزیران، بە جلی ڕەسمیەوە، چاکەت و پانتەلۆن و کراسی سپی و بۆینباخەوە، دروست وەک ئەو سیناتۆرە ئەمەریکیانەی کە لە فیلمی ٢٤ کرۆنۆدا پێش هەوڵی تێرۆرکردنیان دەردەکەون و پاشان جاک باوەر دێت و ڕزگاریان دەکات. د. بەرهەم وەک سروشتی هەمیشەیی خۆی خەندەکانی بەسەر پاسەوانەکانیدا دابەشدەکات و هەوڵدەدات بەهێمنی ڕێگای ژوورەوە بگرێتە بەر.

لەو ساتەدا سێ ئەکتەری تێرۆریست لە ئۆتۆمۆبیلەکەیان دادەبەزن و بەپەلەو ڕاستەو خۆ بەرەو ماڵی سەرۆکی وەزیران دەڕۆن. کە تەواو نزیک دەبنەوە دوو پاسەوانی تایبەت ڕێگایان لێدەگرن. ئەوان وەک گرووپە تێرۆریستەکانی نێو ٢٤ کرۆنۆ، بێ هیچ ڕاوەستانێک دەستیان لێدەکەنەوەو هەردوو پاسەوانەکە دەکوژن، چوونکە نابێت تەنها یەک چرکەش بە فیرۆ بدەن.

لێرەوە تەقە لە نێوان هەردوولادا دادەمەزرێت. بەپێی گێڕانەوەکان، یەکێک لە تێرۆریستەکان ویستویەتی بەهەر نرخێکبووە دەستی بگاتە د. بەرهەم بۆ ئەوەی وەک بارمتە-ئۆتاژ بیگرێت و بیفڕێنێت و دوو تێرۆریستەکەی دیکە ئەرکیان ئەوەبووە ئەم ئەکتەرە بپارێزن. لە کاتی نزیکبوونەوەی سێیەم لە د. بەرهەم یەکەمیان بە فیشەکی پاسەوانەکان دەکوژرێت. پاشان دووەمیشیان دەکوژرێت. ئەکتەری سێیەم کە دەزانێت بەتەنها توانای فڕاندنی سەرۆک وەزیرانی نیە و هەردوو

هاوڕێکەی کوژراون، هەوڵی ڕاکردن و خۆ شاردنەوە دەدات. بەڵام ئەم خۆشاردنەوەیە سەرناگرێت و دواتر بە بریندارى دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئاسایش.

ئەمە ئەو هەواڵەیە کە بۆ ماوەی هەفتەیەک و بە چەند داڕشتنێکی جیاوازەوە لاپەڕەی یەکەمی زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردوستانی داپۆشی. بێگوومان ئێمە ڕوداوەکەمان وەک خۆی نەبینیوەو هەموو ئەوەی دەیزانین تەنها ئەو شتانەیە کە گێرانەوەکان پێماندەبەخشن.

ئایا ئەم گێرانەوانە ڕاستن یان هەڵەن ؟ زیادەڕەویان تیادا کراوە یان وەک خۆیان ڕاگوێزراون ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، لەم ساتەدا، کاری ئێمە نیە. ئەوەی بەلامی منەوە، لە ئێستادا گرنگە، خستنە سەر شانۆی جوانکاریە سینەماییەکانی ئەم فیلمەیە. جوانکاریەک کە لە ڕێگای تیکنیکە سینەماییە مۆدێرنەکانەوە خەیاڵدانی ئێمە داگیردەکات و دەمان وروژێنێت و جورێک چێژلێوەرگرتنمان پێدەبەخشێت.

لە ٢٤ کرۆنۆدا، گرووپێکی تێرۆریستی ئیسلامی، لە شاری لۆس ئەنجلوس، پەلاماری وەزیری بەرگری ئەمەریکی دەدەن و دەیانەوێت بە بارمتە بیگرن و وێنەکانی لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە بە جیهاندا بڵاوبکەنەوە. لە بەیانیەکی زووداو کاتێک وەزیر سەردانی کورەکەی دەکات تێرۆریستە ئیسلامیستەکان پەلاماری دەدەن و پاسەوانەکانی دەکوژن و لەگەڵ کچەکەیدا دەستبەسەری دەکەن و دەیبەن بۆ جێگایەکی شاراوە. تێرۆریستەکان دادگایەکی شەرعی بۆ دادەمەزرێنن و وێنەی دادگاییکردنەکە لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە بەهەموو جیهاندا بڵاودەکەنەوە. پاشان مەکتەبی ئەنتی تێرۆریست جاک باوەر دەنێرێت و ڕزگاریان دەکات و ....

کاتێک ئێمە دەرهێنانی ئەم فیلمە و دەرهێنانی فیلمی پەلاماردانی سەرۆکی وەزیرانی کوردوستان بەراورد دەکەین، ڕاستەوخۆ هەست بەو لێکچوونە سینەماییانە دەکەین کە لەنێوان ئەم دوو کردەیەدا هەیە. ئەمە مانای ئەوەنیە کە دەرهێنەری فیلمەکەی سەرۆکی وەزیران ٢٤ کرۆنۆی بینیبێت و لەژێر کارایی ئەو فیلمەدا کارە سینەماییەکەی خۆی ئەنجامدابێت. بەڵکو بەو مانایەیە کە تێرۆریستانی دونیای مۆدێرن، هەموو تواناکانیان دەخەنە کار بۆ ئەوەی کەڵک لە تیکنیکەکانی سینەما وەربگرن و بیخەنە خزمەت چالاکیەکانیانەوە. لێرەدا پێمباشە بۆ جارێکی دیکە ئەو پەرەگرافەی پرۆفێسۆری فەرەنسی عەبدولوەهاب موئەدەب بڵاو بکەمەوە کە لە کتێبی " ئیسلام و ڕۆژئاوا" دا تۆمارمکردبوو :

> **"ئەوەی زیاتر دەمانخاتە ژێر کاریگەریەوە، سەرکەوتنی تکنیکی و جەمالیەتی روداوەکەیە. تێرۆریستەکان، هەموو کەرسەکانی تیکنۆلۆژیایان بە وردترین شێوە بەکار هێنا. ئەوان پێشتر بیریان لەوە کردبووەوە کە ئەم روداوە تەسویر دەکرێت و راستەو خۆ پەخشدەکرێت، بۆیە ویستبوویان بە جوانترین شێوە فیلمەکە ئیخراج بکەن. ئەو رۆژە ئێمە هەموومان، راستەوخۆ تەماشاکاری فیلمێک بووین کە بۆ هەموو دونیا نمایش دەکرا"**

## ٥) هەڵوێستی ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسمی کوردی

چۆن بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە) وەڵامی ئەم هێرشە تێرۆریستیەی ئەنساری ئیسلامیان دایەوە ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تایبەتمەندیەت و گرنگی خۆی هەیە، چوونکە دەبێت بە پانتاییەکی زیندوی دەرکەوتنێکی دیکەی بوونیە سیاسیە نوێیەکی ئەو بزوتنەوانە.

ئیسلام وەک ئاینێکی چواردە سەدە و هەروەها وەک ئاینی زیاتر لە یەک ملیارو نیو مرۆڤ لەسەر زەویدا، وەک هەر ئاینیکی تەوحیدی، دەیان ئایەتی هەیە کە بنەمای برایەتی و یەکبون و پێکەوەژیان وەک فەرز تەماشادەکات. ئەگەر موسوڵمانانی جیهان لەسەر هەرشتیک یەک دەنگ نەبن، ئەوا هیچ گوومانێکی تیادانیە کە لەسەر ئەم بنەمایە یەک دەنگن و هەموو یان باوەڕیان بەوەهەیە کە ئەسڵ لە ئیسلامدا یەکبوون و برایەتیە نەک جودای و دژایەتی. ئەمە ئیسلام وەک ئاینێکی جیهانی هەموو زەمان و مەکانێک.

سیاسەتیش، وەک پانتایی کارکردنی چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ستراتیژی و هەیمەنە و گرەوەو ملاملانێ و دژایەتیەکان دامەزراوە. لەم پانتاییەدا بەها و ئایدۆلۆژیا و پرۆژە سیاسیەکان لەسەر ئەو بنەمایە بینادەکرێت و بەپێی گۆڕینی بەرژەوەندی و ستراتیژی و هەیمەنە و گرەوو ململانێکان پرۆژە سیاسیەکانیش دەگۆڕێن.

حیزبی ئاینی ئەو گروپەیە کە خۆی لە نێو کۆمەڵێک دۆگم و بەها و نۆرمی داخراوی بێ زەمان و بێ مەکاندا قوفڵدەدات و بەبێ گوێدانە ڕوداوەکانی دەوروبەری و لەدەرەوەی گۆڕانکاریە مێژووی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریە و ئەخلاقیەکان درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

حیزبی سیاسیش ئەو گروپە کە هەمیشە حاسیبەیەکی پێیەو یەک یەک هەنگاوە سیاسیەکانی، لە بەر ڕۆشنایی ئەو بەرژەوەندی و ستراتیژی و هەیمەنە و گرەوەو ملاملانێ و دژایەتیانەی کە پانتایی سیاسی بەڕێوەدەبەن، زەرب و تەقسم دەکات و ئەوەی ئەمڕۆ تەجریم و تەحریم دەکرێت سبەینێ حەڵاڵ و موباح دەکرێت و ئەوەی سبەینێ حەڵاڵ و موباح دەکرێت لە دوو سبەیەکی سیاسیدا تەجریم و تەحریم دەکرێت.

لێرەوە دەکرێت بپرسین : ئایا یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزوتنەوە چەند حیزبێکی ئاینین یان سیاسی ؟

بێگومان من تەواو وشیارم بەو جەنگەی کە ئێستا لە نێوان ئەم بزووتنەوانە و دوژمنەکانیاندا بەڕێوە دەچێت. دوژمنە کانیان دەیانەوێت ئەم حیزبانە وەک گروپی یەکەم (ئاینی داخراوی بێ زەمان و مەکان) پێناسەبکەن. لەڕاستیدا ئەمە ئەو خەونەیە کە هەربەکێک لەم حیزبە بەڕێزانە دەیبینێت. چونکە ئەوان لە ژیانی هەموو ڕۆژێکیاندا نەک هەر گروپی یەکەم نین بەڵکو باشترین نموونەن بۆ خستنە سەر شانۆی شووناسی گروپی دووەم، واتە حیزبی سیاسی. ئەوان لەکاتێکدا کە

حیزبی سیاسین و تا سەر ئێسقانیان تێکەڵ بە یاریە سیاسیەکان بوون، دەیانەوێت ئاینیش لەو پێناوەدا مۆبیلیزە بکەن و بۆ تۆمارکردنی گۆڵێکی سیاسی لە بەرامبەرەکانیان ماشینی دەیان سورەتی قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەری ئیسلام دەخەنە گەڕ. لێرەوە ئەوان، خەون بەوەوە دەبینن کە کۆمەڵگەی کوردی وەک گروپێکی ئاینی بیانناسن و پێشوازیان لێبکەن، گروپێک کە لەڕاستیدا ئاینی نیە بەڵکو سیاسیە. ئەمە ئەو داوەیە کە زۆربەی ڕۆشنبیرو توێژەرە کوردو عەرەب و تەنانەت جیهانیەکانی تێکەوتوەو بەئاسانی لێی دەرباز نابن.

من وەک توێژەرێک، کە نە دژم و نە دۆستم و تەنها ئامانجم بەرهەمهێنانی زانستە لەسەر شتەکان وەک ئەوەی کە هەن نەک وەک ئەوەی کە دەبێت ببن، چرکەی پەلاماردانی د. بەرهەم بە یەکێک لەو مەیدانە گرنگانە دەزانم کە تیایدا چەندین ئەرگومۆنت دەدۆزینەوە بۆ سەلماندنی ئەم تێزە.

ئێمە گەر ئەم بزوتنەوانە بە چەند گروپێکی هۆمۆژێنی (مونسەجیم) بیناکراو لەسەر یەک دۆگم و نۆرم و بەهای ئاینی ببینین، ئیتر لە ساتی پەلاماردانی سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردوستاندا دەبێت ئەم گروپانە بەتوندی بایەکۆتی حکومەتەکی یەکێتی نیشتمانی (کافر) و سەرۆک وەزیرانە (کافرەکەی) و ڕژێمە عەلمانیە (کافرەکەی) بکەن و لەهەمانکاتدا باوەشی گەرمیان بکەنەوە بۆ (برا دینیەکانی) ئەنساری ئیسلام و کامیکازە تیرۆریستەکان بە (شەهیدی ڕێگای خوا) پێناسەبکەن و ئامادەی خۆیان دەرببرن بۆ بەتەنگەوە چوونیان و پشتیوانیکردن لێیان.

بەڵام ئایا ئەوەی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە کردیان ئەمەبوو یان پێچەوانەکەی؟

بێگومان تەواو پێچەوانەکی. ئەو سێ گروپە بەتوندی بایەکۆتی ئەو هێرشەیانکرد و پشتیوانی خۆیان بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان دەربڕی و هەر سێ لایان ئەوەیان دووپاتدەکردەوە کە ئەوان ڕێکەوتننامەی ستراتیژیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردوستاندا هەیە و خۆیان بەهاوپەیمانی یەکێتی دەزانن و ئەو کەسانەش کە ئەمکارەیان ئەنجامداوە بەدەستی غەدرو ناپاکی و تیرۆریستی لەقەڵەم دەدەن.

هەر سۆسیۆلۆگێک کە ڕێز لە زانستە بابەتیە سەربەخۆکەی خۆی بگرێت، لەم چرکەیەدا جگە لە تێبینیکردنی ئەم گروپانە وەک حیزبی ئوبلترا (سەد لە سەد) سیاسی و پراگماتیستی واقیعبینی ناسیۆنالگەرا ناتوانێت شتێکی دیکە تێبینی بکات و پێچەوانەی ئەم واقیعە شتێکی دیکە بدرکێنێت.

من پێموایە وەک چۆن پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی، پاش شەهید کردنی ئەلدۆ مۆرۆ، توانی تاڕادەیەکی زۆر گرووپی توندڕەوی تیرۆریستی کەتیبە سورەکانی ئیتالیا پەراوێزبکات، ئاواش ئەم هەڵوێستە سیاسیە پراگماتیستیەی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزوتنەوە توانی ئەنساری ئیسلام تاڕادەیەکی گرنگ پەراوێزبکات و سەرکەوتنێکی کالیتاتیف (کیفي) بە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان ببەخشێت؛ سەرکەوتنێک کە بە دەیان ملیۆن دۆلار و دەیان موشەک ناکڕدرێت.

## کردەی سێیەم :
## ٢٠ ژولای ٢٠٠٢
## هەڵدانەوەی گۆری شێخەکانی بیارە

لە ٢٠ ی ژولای ٢٠٠٢ داو لە ئێوارەیەکی تاریکی شارۆچکەی بیارەدا، دیوێکی دیکەی شوناسی ئەنساری ئیسلام (جوندی ئیسلام) وەک گروپێکی نێو-فۆندامۆنتالیست دەرکەوت.

بێگومان لە کوردوستانی عێراقدا، وەک چۆن هەولێر پایتەختی سیاسی کوردوستانە و وەک چۆن سلێمانی پایتەختی کولتوری کوردوستانە، ئاواش بیارە، ئەم شارۆچکە بچکۆلەیە، پایتەختی ڕۆحی هەموو ئەو سۆفیە کوردو عەرەب و فارس و تورکانەیە کە سەر بە تەریقەتی نەقشبەندین. لە نێو مزگەوتی سەنتراڵی بیارەدا تەرمی شێخە گەورەکانی ئەم تەریقەتە نێژراون و مەزارگەی تایبەتیان بۆدروستکراوەو لە ڕۆحی هەر سۆفیەکی کوردو عەرەب و تورک و فارسدا پیرۆزن و دەستبردن بۆیان وەک دەستبردنە بۆ شەرەف و ناموسیان.

- بۆ ئەکتەرەکانی ئەم گروپە گۆری شێخە کانی بیارەیان هەڵدایە ؟
- ڕگەوریشەکانی ئەم کردەیە لە نێو چ ستراکتۆرێکدایە ؟
- کامەیە ئەو ماشینە ئایدۆلۆژیەی کە لە پشت ئەم کردەیەوە وەستاوە ؟
- ئەو مانایانە چین کە ئەکتەرەکانی ئەم گروپە، لە ڕێگای هەڵدانەوەی گۆری شێخەکانەوە، بینایان کرد ؟
- بۆ چی بزوتنەوە-یەکگرتوو-کۆمەڵ دژی ئەم کردەیە وەستانەوەو بایەکۆتیانکرد ؟
- ئایا ئەم بایەکۆتکردنە لە قوڵایی ستراکتۆرە فیکریەکانیانەوە دێتە دەرەوە یان هەڵوێستێکی پراگماتیستانەیە ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەرگایەکی گەورەمان بەسەر جیهانی نێۆ-فۆندامۆنتالیسمدا لێدەکاتەوە.

- ئەم جیهانە چۆن دروستبووە ؟
- چۆن دەبرێت بەڕێوە؟ کێن ئەکتەرە (هەیمەنە) دارەکانی؟
- کامانەن ئەو نۆرمانەی پانتاییەکانی ئەم جیانە ڕێکدەخەن؟

پێش وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە، پێمباشە خوێنەرو ڕوداوەکە بەرامبەر یەکتر بکەمەوە بۆ ئەوەی بزانێت لەسەر چی قسەدەکەم.

" هەڵدانەوەی گۆڕەکانی شێخانی نەقشبەندی و پاشان سەرنگومکردنی ڕوفاتەکانیان لەلایەن چەکدارەکانی (جند الاسلام )ە وە، کە ئەو کاتە هێشتا نەبووبوون بە پشتیوانانی ئیسلام، پێشینەی خۆی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەڵوێستی پێشووتر. یەکەمیان بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە لە نێو کۆمەڵی تەوحیدی ئیسلامیدا هەبوو، کە وای لە ئەبوبەکری تەوحید کرد لەسەر داوای چەکدارانی گرووپەکەی داوا لەسەرکردایەتی تەوحید بکات کە چارەسەرێک بۆ مەزارەکانی شێخانی نەقشبەندی دابنێن کە ڕۆژانە خەڵک دەچنە زیارەتیان. دووەمیش : بۆ ئەو ڕونکردنەوەیەی کە (هەیئەی شەرعی) جند الاسلام لە ١٤٢٢/٠٦/٢٠ کۆچیدا بەرامبەر بە ٢٠٠١/٠٩/٠٨ دەریکرد، کە تیایدا داوای داخستنی خانەقای بیارەو قەدەغەکردنی زیارەتکردن و هەموو کارێکی شیرکی کە لەلایەن ڕەشۆک و عەوامی خەڵکەوە ئەنجامدەدرێ کرابوو.

ئەگەر لەماوەی نێوان ئەو ڕۆژەی کە ڕونکردنەوەکەی هەیئەی شەرعی جند الاسلام ی تیادا دەرچووەو ئەو ڕۆژەی کە چەکدارەکانی جند گۆڕەکانی شێخانی نەقشبەندیان هەڵدایەوە ورد بینەوە، دەبینین نزیکەی هەشت مانگ و ١١ ڕۆژ هەیە، کە ئەمەش وای لەهەندێ لە چەکدارەکانی جند کرد لە ناخی خۆیاندا...سەرانی جند الاسلام بەوە تاوانبار بکەن کە قەدەغەکردنی زیارەتی شێخانی نەقشبەندی، بە بڕیارێک و تەنانەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەش بەس نیە، بەڵکو بەلای ئەوانەوە پێوسیتدەکات ئەم دیاردەی زیارەتکردنی مەزاری پیاوچاکان لەلایەن خەڵکی ناوچە کەوە، کە هەیئەی شەرعی جند الاسلام بە ڕەشۆک و عەوامیان دادەنێت، بەتەواوی بنەبڕبکرێت. بۆیە هەریەک لە هێمن بانی شاری، ئەبو ئەسماء، مام والی، ئیدریس، موحەمەد قەرەداغی، جند اللّه، هیوا گۆپاڵە و فواد لەو بارەیەوە کۆبوونەوەیەکیان کردو لە مەسەلەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە شەرعیەیان کۆڵیەوەو لە ئەنجامدا مەفرەزەیەکی چەکدارەکانی جند الاسلام بە سەرمەفرەزە (ئامر مەفرەزە)یی هێمن بانی شاری لە شەوی ١٩-٢٠٠٢/٠٧/٢٠ گۆڕەکانیان هەڵتەکاند...لەنێوانیاندا گۆری شێخ حوسامەدین نەقشبەندی و شێخ عەلائەدین نەقشبەندی و شێخ زیائەدین لە ١٥٠ ساڵ پێش ئێستا مردوەو شێخ نەجمەدین و هتد لە باخەکۆن (بوون)...پاشان دەرکەوت، ڕوفاتەکان لەلایەن گۆڕ هەڵکەنەکانەوەو بەدزیەوە برانە خورماڵ و لەماڵی یەکێک لە چەکدارەکانیان و بەدیاریکراویش لەنێو حەوشەی ماڵەکەیدا جارێکیتر خرانەوە ژێر گڵ. "[clv]

لێرەوە من هەوڵدەدام وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەمەوە کە پێموایە هەمویان پێکەوە یەکسانن بەم پرسیارە : چۆن ئەکتەرکانی جوند- ئەنسار ئەم کردەیەیان بەرهەمهێنا ؟

ئێمە هەر لەسەرەتای ئەم توێژینەوەوە لەسەر بنەمایەکی مێتۆدۆلۆژی گرنگ کارمان کردوەو کار دەکەین، بنەمای مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لەسەر ئاستی *پلوریال-جەمع* نەک *سانگیولیە-موفرەد*. ئەو بنەمایەش پڕیارێکی پێشینە نیە، بەڵکو لە چرکەی تێبینیکردن و کۆکردنەوەی دەرهاویشتەکان و لەیەکدان و پاشان ڕاڤەکردنیاندا بینامانکردوە. هەڵدانەوەی گۆڕی شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندیش، لە دیدی ئێمەوە، یەکێکە لەو پانتاییە گرنگانەی کە ئەم پلوریالیسمەی تیادا دەردەکەوێت.

## ١. سووپەرستراکتۆری سەلەفی و هەڵدانەوە گۆڕی شێخەکانی بیارە

هەڵدانەوەی گۆڕی شێخەکان، دەمانباتەوە سەر قسەکردن لەسەر تێگەشتنێکی دیکە لە ئیسلام. تێگەشتنێک کە ئەکتەرەکانی بە *سەلەفی* ناوی دەبەن و لە زانستە کۆمەڵایەتیەکانیشدا زۆر جار بە *وەهابیسم*؛ کە مەزهەبی ڕەسمی عەرەبستانی سعودیەیە،ناوزەدە دەکرێت. ئێمە پێمان باشە ناوی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم بۆ ئەم تێگەشتەنە بەکار بهێنێین و بۆ ئەم بەکارهێنانەش زنجیرەیەک پاساومان لەبەردەستدایەو لەلاپەڕەکانی داهاتوودا دەیخەینە بەردەست خوێنەران.

بۆ پێناسەکردنی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە نێو قوڵای پرۆژەیەک کە پێمانوایە باشترین وشە گوزارشتی لێبکات وشەی **داپڕانە**. داپڕان لە مێژوی سیاسی و ئاینی هەزار ساڵەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان و بیناکردنەوەیان لەسەر ئەو مۆدێلەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا هەبووە.

نابێت ئێمە پرۆژەی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم و پرۆژەی ئیسلامی سیاسی هەر لە حەسەن بەنناوە تا سەلاحەدین بەهادین تێکەڵبەیەکتر بکەین. ڕاستە بەننا و مەودودی و موفتی زادەو قەرزاوی و سەلاحەدین بەهادین و موحەمەد بەرزەنجیش داوای گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگە لەسەر ئەو مۆدێلە دروستبکەن و دەگەڕێنەوە بۆ تێکستە سەرەکیەکانی قورئان و سوونە، بەڵام ئەوەی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم لە هەموو ئەمانە جیادەکاتەوە بە سعودیکردن و بەوەهابیکردنی ئەم پرۆژەیەیە. واتە پرۆژەی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ناومان هێنان لەدەرەوەی ماشینی *وەهابیزاسیۆن* دا کاردەکات و بیناکردنەوەی کۆمەڵگەکانیش لەسەر مۆدێلی سەردەمی پێغەمبەرو کردەی ئیسلامیزاسیۆنی پانتاییەکان بەردەوامماڵیدەکرێن. واتە بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردوستاندا سەلاحەدەین بەهادین یان عەلی باپیر داوای فەتوا لە شێخە وەهابیەکانی عەرەبی سعودی ناکەن. نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان بەپێچەوانەوە، تەنانەت بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی نەقشبەندیەکانی بیارەو باخە کۆنیش داوای فەتوایان لە وەهابیەکانی سعودیە کردووە، باپێکەوە لەم پەرەگرافە ڕابمێنین :

**" لە مەسەلەیەکی وەک هەڵدانەوەی گۆڕەکانی باخەکۆن و بیارەش سەیرنیە گەربڵێین باوەڕیان بە پرسکردن بە هیچ زانایەکی ئاینی کوردی و کوردوستانی نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوەی لە ڕوی شەرعیەوە کردەوەکەی خۆیان پشتڕاست بکەنەوەو خاترجەم بن، بەر لەدەستکردن بە هەڵتەکاندنی گۆڕەکان و تەنانەت بۆ ئەو دانوستانە سیاسیانەش کە** پشتیوانان **ی.ن.ک لەگەڵ دا دەیانکرد، پرسیان کرد بە شێخ** مەحمود عککە **کە زانایەکی سعودی بووەو هەر لە سعودیەش دانیشتبو، پاش مەرگی ئەویش ڕاوێژیان بە** علی خزەیر **کرد کە خێندکارێکی ناوبراو بووەو فەتواکانیان بووە ڕێنیشاندەری شەرعیان. "[clvi]**

لەم چرکەیەدا کردەی وەهابیزاسیۆنی تێگەشتنی سەلەفی لە ئیسلام وەک ئاینێکی جیهانی دەردەکەوێت. بێگومان سەلەفیسم کە خۆی وەک جوانترین و باشترین تێگەشتن لە ئیسلام پێشنیار دەکات، یەکەیەکی گونجاوی ئۆرگانیک نیە و ئەویش لەناوەوە دڕاوەو چەندین بەشی لێبووەتەوەو چەندین ئیسلام پێشنیاردەکات. ئیسلامی بەشێک لە ئەکتەری سەلەفی بریتیە لە دژایەتی کردنی بیدعە. ئیسلامی بەشێکی دیکە بریتیە لە دژایەتیکردنی کردەی بەرۆژئاواییکردنی جیهانی ئیسلام. ئیسلامی بەشێک بریتیە لە جیهاد بەمانای قیتاڵ، ئیسلامی بەشێکی دیکە بریتیە لە بانگەوازێکی ڕووت. دەکرێت لە هەندێک دۆخی تایبەتیدا هەموو ئەم ئیسلامە سەلەفیانە پێکەوە کۆببنەوە، وەک دەکرێت لە هەندێک دۆخی تایبەتی دیکەدا بەجەنگ بێن و دژی یەکتر بوەستنەوەو تۆمەت بەسەر یەکتریدا دابەش بکەن.

لێرەوە ئێمە تێبینی ئەوەدەکەین کە ئەم هەموو ئیسلامە سەلەفیانە، لە تێپەڕاندنێکی بەردەوامی ئەو پێناسەیەدان کە بەننا، مەودودی، قەرزاوی، غەزالی و دەیان زانای دیکە بە سەلەفیەتیان بەخشی. واتە ئەوەی لێرەدا گرەوی لەسەر دەکرێت پێناسە ترادیسیۆنێلەکەی سەلەفیسم نیە، کە هەموو موسوڵمانێک خۆی بە خاوەنی دەزانێت، بەڵکو مۆدێلی دیکەی سەلەفیسمە کە لەو دیوی ئەو پێناسە ترادیسیۆنێلەوە کار دەکات. بۆیە ئێمە پێمان باشترە ناوی نیۆ-فۆندامۆنتالیسم لە ئۆلیڤەر ڕوا وەربگرین بۆ دەستنیشانکردنی شووناسی ئەم تیپە لە ئەکتەرو لە کردە.

نیۆ-فۆندامۆنتالیسم دوژمنی زۆرە، یەکێک لەوانە بزوتنەوەی سۆفی گەراییە لە جیهاندا. ئەکتەری بارکراو لە نیۆ-فۆندامۆنتالیسم، سۆفی گەرایی بە هەڕەشەیەکی ترسناک لەسەر تەوحید دادەنێت و پێیوایە گەردونی سۆفیەکان گەردونی موشریکەکانە و هەر نزیکبوونەوەیەک لەو گەردونە نزیکبوونەوەیە لە شیرک و بەجێهێشتنی گەردونی تەوحید. بۆ نیۆ-فۆندامۆنتالیستێک جیهادی ڕۆژئاواو جیهادی سۆفیەک لە یەک ئاستدایە. تەنانەت بۆ هەندێکیان جیهادی سۆفیەک پێویستترە تا جیهادی ڕۆژئاوا، چونکە کەسی سۆفی هەڕەشەیەکی نزیکە و لە نێو ماڵدایە و تا ئێرە پاک نەکەینەوە ناتوانین پەلاماری ئەوێ بدەین.

نیۆ-فۆندامۆنتالیست ئەو ئەکتەرەیە کە بەدوای بیناکردنی مانادا دەگەڕێت و ئەوەی بەلایەوە گرنگە دەرەنجامی کارەکانی نیە، بەڵکو ئەو مانایانەیە کە لە پشت ئەو کارانەوە وەستاون. ئەم ئەکتەرە، نەک هەر تورەکردنی سەرجەم کۆمەڵگەیەک

لە خۆی بەهیچ نازانێت، بەڵکو لە پێناوی ئەو مانا باڵایانەدا، نەک هەر ئامادەیە، بەڵکو بەو پەڕی کامەرانی دەرونیەوە خۆی دەتەقێنێتەوەو گیانی خۆی دەبەخشێت. گەرنا چۆن دەتوانین لە هەتککردنی مەزاری ئەو شێخانە تێبگەین کە وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی لە کوردوستاندا تەماشادەکرێن ؟ بائێمە بگەڕێینەوە سەر ئەو کۆنتێکستەی کە تیایدا گۆڕەی شێخەکان هەڵدەدرێنەوە.

## ٢. لەسەر ئاستی حیزبە لۆکالیەکان

ڕاگەیاندنی جەنگ لەگەڵ هەموو هێزە عەلمانیەکانی کوردوستاندا. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەنساری ئیسلام کوردوستانی دابەشکردبوو بە دار الحرب و دار الاسلام. ئەنسار پێیوابوو: بیارەو دەوروبەری *دار الاسلام* ەو هەموو کوردوستانیش *دار الحرب* ە. ئەو چرکەیەی کە گۆڕی شێخەکانی تیادا هەڵدەدەنەوە، لە جەنگێکی خوێناویدان لەگەڵ حیزبە عەلمانیەکان بەگشتی و هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دا بەتایبەتی. حەڤدە ڕۆژ پێش هەڵدانەوەی گۆڕەکان، واتە لە ٣ ی جولای ٢٠٠٢ دا، ئەنسار هێرش دەکاتە سەر هەڵەبجە و دەوروبەری و لەجەنگێکی توندوتیژدا ٩ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی دەکوژێت و شەش پێشمەرگەش بریندار دەکات. هەروەها ٢ چەکداری ئەنسار دەکوژرێن و ٧ کەسیشیان لێبریندار دەبێت.

بێگومان ئەم جەنگە ڕوداوی ڕۆژێکی تایبەت نیە و ئەکتەرەکانی ئەنساری ئیسلام دەزانن کە لەهەموو چرکەیەکدا ئەگەری تەقینەوەی هەیە و هەردوو لا لە سەنگەرداں بۆ یەکتری. واتە پێشمەرگەکانی یەکێتی و موجاهیدەکانی ئەنسار نەیاندەتوانی تەنها یەک شەویش دڵنیابن لەوەی کە پەلاماری یەکتری نادەن. لەگەرمەی ئەم جەنگەدایە کە ئەکتەرەکانی ئەنسار گۆڕی پیرۆزی شێخەکان هەڵدەدەنەوە.

## ٣. لەسەر ئاستی ناوچەیی

تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا. پەیوەندی نێوان ئەنساری ئیسلام و کۆماری ئیسلامی ئێران هەرگیز باش نەبووە. ئێران وەک هەر دەوڵەتێکی دیکەی جیهانی، لەڕوانگەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیەوە پەیوەندیەکانی دادەمەزرێنێت. ڕاستە کۆماری ئیسلامی زۆر جار هەوڵی داوە ئەنسار وەک کارتێکی پاڵە پەستۆ لە بەرامبەر حیزبە کوردیەکانی دیکەدا بەکار بێنێت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی تەواو لەوە دڵنیایە کە ئەنساری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵناکرێت و گەشەکردن و بەهێزبوونی مەترسیەکی زیندوە بەسەر بەر ژەوەندیە نەتەوەییەکانیەوە. لە یادەوەری سیاسی ئێرانیدا، وێنەی ئەنساری ئیسلامی کوردی هەمان وێنەی تالیبانی ئەفغانیە. وەک چۆن ئێران نەیتوانی تالیبان ماڵی بکات ئاواش ناتوانێت ئەنسار دەستمۆ بکات.

کۆماری ئیسلامی تەواو وشیارە بەو ستراکتۆرە عەقائیدی و سیاسیەی کە ئەم گرووپەی لەسەر دروستبووە، دەزانێت کە لەنێو خەیاڵدانی سیاسی و عەقائیدی

ئەنساردا، وێنەی شیعەیەک و وێنەی سۆفیەک و وێنەی جولەکە و گاورو موشرکێک یەک وێنەن و جیاوازی نیە لە نێوانیاندا.

ئەم هاوکێشەیەش لای ئەکتەرەکانی ئەنساری ئیسلام ڕونبوو. ئەوان دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامی ئیمام خومەینی چۆن وێنایان دەکات و لە چ چوارچێوەیەکدا دایان دەنێت. بۆیە هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە کە کۆماری ئیسلامی وەک دۆستی تەنگانە تەماشا بکەن و گرەوی لەسەر بکەن. لەبیرمان نەچێت کە لە ٨ ی سێپتەمبەری ٢٠٠٢ دا کۆماری ئیسلامی ئێران مامۆستا کرێکاری ئەمیری ئەنساری ئیسلامی لە ئێران دیلکردو پاشان لە ١٢ سێپتەمبەری ٢٠٠٢ داو لەڕێگای فڕۆکەوە تەسلیمیکرد بە پۆلیسی هۆڵەندی[clvii].

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە هەردوو لا، بەدرێژایی مێژووی لەیەک نزیکبوونەوەو بەریەککەوتنیان، هەوڵیان نەداوە یەکتری بەکاربێنن و سود لەیەکتری وەربگرن. بەپێچەوانەوە، چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی گرووپ و لە چەندین هەلومەرجی جیاوازدا یەکتریان بەکار هێناوە. (تێبینی : بۆ تێگەشتن لەم پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوان هەردوو لا، خوێنەر ئاڕەستە خودی چاوپێکەوتنەکان دەکەم کە لە گەڵ ئەندامانی ئەنساری ئیسلام دا ئەنجامدراون و لە کۆتایی ئەم کتێبەدا وەک خۆیان و بەبێ دەستکاری بڵاوکراونەتەوە).

## ٤. *لەسەر ئاستی جیهانی*

خۆ ئامادەکردنی ئەمەریکا بۆ پەلاماردانی عێراق و بەکارهێنانی کارتی ئەنساری ئیسلام. ئەم ڕەهەندە لای ئەکتەرە کاراکانی ئەنساری ئیسلام تەواو ڕونبوو. ئەوان دەیانزانی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدوای کۆکردنەوەی بەڵگە و بیناکردنی پاساو (*ژوستیفیکاسیۆن*) دا دەگەڕێت بۆ پەلاماردانی عێراقی سەدام حوسەین. دەشیانزانی کە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لە کردەی *جەنگی دژ بە تێرۆریسم* دا.

لێرەوە هەر بەریەکەوتنێکیان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا و هەر چالاکیەکی پارتیزانی یان تێرۆریستی دژ بە یەکێتی یان کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی ڕاستەوخۆ دەبێت بە بەڵگە و پاساوێکی دیکەی پەلاماردانی عێراق. بێگومان دەشیانزانی یەکەم هەنگاوی پەلاماردانی عێراق لە بیارەوە دەستپێدەکات و بە بەغداد کۆتایی دێت. ئەکتەرەکانی ئەنسار پێچەوانەکەی ئەم هاوکێشەیەشیان دەزانی. واتە بە قەدەر نزیکبوونەوەیان لە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و دانوستانکردن لەگەڵیداو دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵیدا، وەک کۆمەڵ-بزووتنەوە-یەکگرتوو، پارێزراودەبن لە هەڵمەتی ئەمەریکا.

هەڵدانەوەی گۆڕی شێخەکانی بیارە، ڕەگەزێکی گرنگی بیناکردنی هەستی **ترسان** لە تێرۆریسمی ئەنساری ئیسلامە. یەکێتی نیشتمانی، بەوپەڕی سەرکەوتنەوە، توانی ئەم هەستە لەسەر ئاستی کۆلێکتیڤ، لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بینا بکات و قەناعەت ، نەک تەنها بە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو بە چینی سیاسی ئەمەریکیش بکات کە تێرۆریسمی ئەنساری ئیسلام، نەک تەنها وەک پەتا بەر زیندوەکان دەکەوێت، بەڵکو پەلاماری مردوەکانیش دەدات و لە گۆڕەکانیان دەریان دەهێنێت و بێ ڕێزیان پێدەکات.

ئەم **مۆبیلیزاسیۆنەی** یەکێتی دژ بە ئەنساری ئیسلام هەموو جیهانی گرتەوە. ئێمە دەرەنجامی ئەم مۆبیلیزاسیۆنەی یەکێتی زۆر بەڕونی لە ڕاپۆرتەکەی کۆلین پاوەل دا دەبینین. ئەم پیاوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو، لە ٥ فێڤریوەری ٢٠٠٣ داو لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشدا، ڕاپۆرتێکی درێژی لەسەر عێراق پێشکەش کرد. لەو ڕاپۆرتەدا هەموو ئەو بەڵگە و پاساوانەی خستە ڕوو کە دەشێت ببنە هۆکاری جەنگێکی شەرعی دژ بە عێراقی سەدام حوسەین. یەکێک لەو بەڵگە و پاساوانە ئەنساری ئیسلام بوو.

بێگومان کە ئەنساری ئیسلام لە بیارەوە، شارۆچکەیەک لە بنی دنیا، دەگاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروا بە ڕێکەوت و هەڕەمەکی نیە، بەڵکو مێژویەک لە کارکردن و مۆبیلیزاسیۆن و بیناکردنی بەڵگە و پاساوی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانی بە دواوەیە. ئەوەی سەرەنجی ئێمە ڕادەکێشێت وشیاری ئەکتەرەکانی ئەنساری ئیسلامە بەم مێژووەو لەگەڵ ئامادەیی ئەم وشیاریەشدا، تەواو بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن و کاردەکەن کە خزمەت بەم بیناکردنەی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دەکات. هەموو ڕاڤەکردنەکان لەبەرامبەر ئەم کاتیگۆریە لە کردەدا دەستەوسانن و ناتوانن کەوالیسەکانیمان بۆ ڕونبکەنەوە. بۆیە ئێمە، لەدەرەوە هەموو ڕاڤەکردنە ترادیسیۆنێلەکان، تیپێکی دیکە لە ڕاڤەکردن پێشنیار دەکەین. ئەو تیپەش ناودەنێین : **مردن لە پێناوی مانای باڵادا**. لە دوا پەرەگراف لەسەر شێخەکانی بیارە دەگەڕێمەوە سەر ئەم تیپە، چونکە پەیوەندی بەهەر پێنج ئاستەکەوە هەیە و ئێستا پێمباشە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەی کۆلین پاوەل تۆمار بکەم. بێگومان ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە ئەنسارەوە هەیە :

> **" دەمەوێت بەتایبەتی ئاگادارتان بکەمەوە لە سەر پەیوەندی نێوان عێراق تۆری تێرۆریستی ئەلقاعیدە. ئەمڕۆ عێراق داڵدەی تۆرێکی تێرۆریستی ترسناکی داوە، ئەو تۆرە لەلایەن ئەبو مەسعەبی زەرقاویەوە سەرکردایەتی دەکرێت. زەرقاوی یەکێکە لە هاوکار و شەریکەکانی ئوسامە بن لادن....زەرقاوی توانیویەتی چەندین کەرەسەی تەقاندنەوە بگەینەێتە باکوری-ڕۆژهەڵاتی عێراق...هەروەها بەغداد، لەڕێگای ئەفسەرێکی باڵای خۆیەوە، پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ڕێکخراوی ئەنساری ئیسلام دا هەیە. ئەنساری ئیسلام ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵە و باکوری-ڕۆژهەڵاتی عێراقی کۆنترۆڵکردوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەم ئەفسەرە باڵا عێراقیە، پێشنیاری داڵدەدانی ئەلقاعیدەی لەو ناوچەیەدا کردوەو چەند ئەندامێکی ئەلقاعیدە ئەو پێشنیارەیان قبوڵکردوەو تا ئەمڕۆش لەوێن... [clviii] "**

دواتر لە ٢٠ فێڤریوەری ٢٠٠٣ داو بەڕەسمی وڵاتە یەکگرتووە کانی ئەمەریکا گروپی ئەنساری ئیسلام دەخاتە سەر لیستی گروپە تێرۆریستەکانی جیهان.

> **" گروپی تێرۆریستی ئەنساری ئیسلام لەم ڕۆوەو بەپێی بڕیاری ژمارە ١٣٢٢٤ دەخرێتە سەر لیستی تێرۆریستان. ئەم یاسایە هەموو چالاکیەکانی ئەو گروپ و تاکانەی کە پەیوەندیان بە تێرۆریسمەوە هەیە قەدەغەدەکات. ئەم دەستنیشانکردنەی**

**ئەمڕۆ لە سەر سایتی بەشی کۆنترۆڵی کاڵا دەرەکیەکانی وەزارەتی داراییش دەردەکەوێت. هەر ئەمڕۆش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داوای لە کۆمیتەی سزادانی ١٢٦٧ ی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە ئەنساری ئیسلام بخاتە سەر لیستی ئەو گروپ و تاکانەی پەیوەندیان بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو تالیبان و بن لادینەوە هەیە...گروپی ئەنساری ئیسلام، کە لە باکوری-ڕۆژهەڵاتی عێراقدا چالاکن، پەیوەندی تایبەتی بە تۆری ئەلقاعیدەوە هەیە و لەلایەن ئەم تۆرەوە هاوکاری دەکرێت. ئەلقاعیدەو بن لادن بەشداری کارایان هەبووە لە دروستکردن و یارمەتیدانی دارایی ئەم گروپەدا. ئەم گروپە جێگای گرنگی هەیە بۆ داڵدەدانی ئەلقاعیدە لە باکوری-ڕۆژهەڵاتی عێراق.[clix] "**

لێرەوە ئەنساری ئیسلام هەست بەوەدەکات کە چەند دەرگای لێداخراوە. دەرگای حیزبە عەلمانیەکانی کوردوستان، دەرگای وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی پاش تەسلیمکردنی کرێکار بە هۆڵەندا لەلایەن ئێرانیەکانەوە، دەرگاکانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ئەفریقاو ئاسیا. ئەو دەرگایەی کە تا ئەم چرکەیەش بەکراوەیی ماوەتەوە حزبە ئیسلامیەکانی دیکەی کوردوستانە، بەتایبەتی کۆمەڵ و بزووتنەوە. لێرەوە ئەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دەبێت بە داخستنی ئەم دەرگایەش.

## ٥. *لەسەر ئاستی ئیسلامی سیاسی*

نزیکبوونەوەی حیزبە ئیسلامیە کوردیەکان لە دوژمنەکانی ئەنساری ئیسلام. پەیوەندی نێوان ئەنساری ئیسلام و بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان دا بەسەر چەند کاتیگۆریەکدا دابەشدەکرێت.

کاتیگۆری دۆستایەتی کردنی کوفر بۆ بەرژەوەندی دونیای. ئەنسار دێت و کۆمەڵ ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی دەخاتە نێو ئەم چوارچێوەیەوە. بیناکردنی ئەم کاتیگۆریە لە لایەن ئەنساری ئیسلامەوە دەگەڕێتەوە بۆ سێ ڕەگەزی گرنگی بیانکار.

- **هەڵوێستی ئەنساری لە سەر دانوستان لەگەڵ حیزبە عەلمانیەکان دا. ئەنسار، وەک پێشتر ڕونمانکردەوە، هەموو جۆرە دانوستانێک لەگەڵ ئەو حیزبانەدا ڕەددەکاتەوەو بە نزیکبوونەوە لە هەرێمی دۆستایەتی کردنی کوفری دەزانێت. دۆستایەتیکردنێک کە مەترسی ڕاستەوخۆی بەسەر ئیمانەوە هەیە. کاتێک کە بزوتنەوەو کۆمەڵ، بەشێوەیەکی ڕۆژانە، لەگەڵ حیزبە عەلمانیەکاندا دادەنیشن و دانوستان دەکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا دژی ئەو بنەمایەی ئەنسارەو توشی دڵەنگی و بێ متمانەی و کشانەوەیان دەکات.**
- **لە ١٥ نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتمانی لە تاران**

**ڕێکەوتننامەیەک ئیمزادەکەن. ئەم لەیەک ڕێکەوتننامەیە ئەنساری ئیسلام دەوروژێنێت و پێی وایە خاڵە سەرەکیەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە وەک تیر ئاڕاستەی ئەو کراون. بەتایبەتی پاش بڵاوبونەوەی بەندی دەیەمی ئەو ڕێکەوتننامەیە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا، کە بەمشێوەیە تۆمار کراوە :**

> **" بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی ڕەفتارەکانی گروپی جند الاسلام (کە دەبێت بە ئەنساری ئیسلام) بۆ تێکدانی ناوچەکە بە پەلەیەکی ناشیرین دەزانن بە ڕوی پیرۆزی ئیسلام و بەردەوامبوونی چالاکیەکانی ئەم گروپە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی ناوچەکە دەزانن، بۆیە بەتوندی موخالیفیان و هەوڵ دەدەن بەشێوەی جۆراوجۆر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت بە هەڵوەشانەوەی جند الاسلام ڕێگرتن لە هاتنی کەسانی توندڕەو و غەیرە عێراقی بۆ ناوچەکە و ڕاکێشانی تاک تاکی پێشمەرگەکانیان بۆلای خۆیان و هاوکاری کردنیان."[clx]**

- ❖ دوو ڕونکردنەوەی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەو کۆمەڵ لەسەر ئەنساری ئیسلام، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبونەوە. مەکەتەبی سیاسی بزوتنەوە بەم شێوەیە هەڵوێستی لەسەر ئەنسار ڕوندەکاتەوە :

> **" ئەو سیاسەتەی کە ئێستا ئەنساری ئیسلام پەیڕەوی دەکات بەکارێکی پێچەوانە و دژی دەزانین لەگەڵ بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامداو، پێچەوانەی خواست و داواکانی گەلی کوردوستانیشە. "[clxi]**

مەکتەبی سیاسی کۆمەڵیش بەم شێوەیە دەنوسێت :

> **" ڕەخنە و گلەیی شەرعیانەی زۆرمان لە ئەنسار ئیسلام هەیە، وە پێمان وایە لە ئەنجامی گەلێک بیروبۆچونی هەڵەیانەوە دوچاری زۆر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری وابونە کە بووەتە مایەی ناشیرینکردنی ناوبانگی ئیسلام و موسوڵمانان.[clxii] "**

لە هەلومەرجێکی سیاسی-ئیعلامی ئاوادا، ئەنساری ئیسلام چوارچێوەی کاتیگۆری یەکەم بینادەکات و لە ٩ سێپتەمبەری ٢٠٠٢ داو لەڕێگای دوو ڕونکردنەوەوە، کە بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەنێرێت، کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی دەخاتە نێوبەوە.

کاتیگۆری دووەم بریتیە لە کردەی تێکەڵبوون بە شیرک و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام. لێرەدا، یەکگرتووی ئیسلامی و یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردوستان، وەک دوو گروپی سۆسیۆ-پۆلێتیکۆ-ئاینی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی ڕیز دەکەن. لە خەیاڵدانی پۆلیتیکۆ-ئایدۆلۆژی ئەنساری ئیسلام دا، مەترسی یەکگرتویەک یان

ئەندامێکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لەسەر ئیسلام هیچ کەمتر نیە لە مەترسی کۆمۆنیست و یەکێتی و پارتیەکی **عەلمانی**.

کاتیگۆری سێیەم بریتیە لە دۆستایەتیکردن و گرەوکردن لەسەر چەند جەمسەر و کەسایەتیەکی نێو بزوتنەوە ئیسلامیەکانی کوردوستان. ڕاستە ئەوان ئەو بزوتنەوانە وەک گروپ بەسەر کاتیگۆری یەکەم و دووەمدا دابەشدەکەن، بەڵام ئەمە ڕێگایان لێناگرێت کە دۆستایەتی چەند جەمسەرو کەسایەتیەکی نێو ئەو بزوتنەوانە بکەن و پێیانوابێت لە کاتی تەنگانەدا دێن بە هانایانەوە. دەکرێت لە کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستاندا نمونە بە جەمسەری بەڕێز دڵشاد گەرمیانی و لە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردوستانیشدا نموونە بە بەڕێز تەحسین عەبدلعەزیز بێنینەوە.

کاتیگۆری چوارەم بریتیە لە پشتگوێ خستن. واتە هەموو ئەو ئیسلامیستانەی کە ناڕازین لە هەڵوێستەکانی *یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە* و *بەرائەتی* خۆیان لەو حیزبانە ئاشکرا کردوەو لەهەمان کاتیشدا نایانەوێت خۆیان بخەنە نێو چوارچێوەکانی ئەنساری ئیسلامەوە، *تەکفیر* ناکرێن، بەڵام گرەویشیان لەسەر ناکرێت. بەکورتی پشتگوێ دەخرێن.

ئەم پەیوەندیە ئاڵۆزو پشێوو سوتاوەی ئەنسار بە بزوتنەوەکانی دیکەی ئیسلامی سیاسی کوردیەوە، ئاستێکی دیکەی ئەو کۆنتێکستە قەیراناویە پێکدەهێنێت کە تیایدا ئەنساری ئیسلام گۆڕی شێخەکانی بیارە هەڵدەداتەوە.

## ٦. لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی

گرفتی ئەنساری ئیسلام بەتەنها لە دەستدانی پشتیوانی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی و ڕاگەیاندنی جەنگ لەگەڵ حیزبە عەلمانیەکانی کوردوستان و دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و لیستە ڕەشەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبوو، بەڵکو داپڕانێکی تەواوی نێوان *ئەو* و کۆمەڵگەی کوردیش بوو. بەتایبەتی پاش قەسابخانەکەی خێڵی حەمە و پەلاماردانی د. بەرهەم. تەواو بەپێچەوانەی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزوتنەوەوە، ئەنساری ئیسلام نە دەیتوانی و نە دەشی ویست نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و داواکانی کۆمەڵگەی کوردی بکات.

ناوازەیی و تاقانەیی ئەنساری ئیسلام لەو چرکەوە دەستپێدەکات کە بە ئاراستەیەکی سەد لە سەد پێچەوانەی هەموو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی دا دێتە مەیدان و درێژە بە چالاکیەکانی دەدات. هەموو ئەو گروپانە، بۆ شەرعیەت بەخشین بەبوونیان، خۆیان وەک نوێنەری بەرژەوەندی و داواکانی کۆمەڵگەی کوردی دەخەنە سەر شانۆ. بەڵام ئەنسار، نەک هەر خۆی وەک نوێنەری ئەو بەرژەوەندی و ئەو داوایانە ناخاتە سەر شانۆ، بەڵکو بەشێکی زۆریشیان بە شەریک دانان بۆ خواو کوفرو حەرام دەزانێت و دژیان دەوەستێتەوە.

بێگومان ئەم دیوارە پۆڵاینەی کە لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی (بەشێوەیکی گشتی) و ئەنساری ئیسلام دا دروستبووە، تەواو لەبەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی و حیزبە عەلمانی و ئیسلامیەکانی هاوپەیمانی یەکێتی دایە. ئەکتەرەکانی دژ بە ئەنسار، بەو پەڕی وشیاریەوە، ئەم تورەبونە جەماوەریە، وەک ماشینی بەرهەمهێنەری وێنەی *وەحش* و *شەیتان* و *دێو* و *درەنج* و *ئەژدیهای* ئەنساری ئیسلام، دەخەنە کار. ئەم ماشینە وەک چۆن ئیسلامیەکان، یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزوتنەوە، لە مزگەوتەکاندا ئەو وێنانەی ئەنساری ئیسلامی پێ بەرهەم دەهێنن، ئاواش عەلمانیەکان لە هۆڵ و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا بۆ هەمان مەبەست بەکاری دەهێنن. دەکرێت لێرەدا نموونە بە وتارێکی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بێنینەوە، کە لەڕێگایەوە دەتوانین چۆنیەتی بیناکردنی ئەو وێنانە و قوڵکردنەوەی ئەو هەستی داڕانە لە نێوان ئەنسار و کۆمەڵگەی کوردیدا تێبینی بکەین.

لە ١٨ ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ داو لەبردەم جەماوەرێکی زۆری ناوچەی شارەزورو هەڵەبجە و هەوراماندا، بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بەم شێوەیەی خوارەوە چوارچێوەی وێنەکانی ئەنساری ئیسلامی (جندی ئیسلام) لە یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا دروستدەکرد :

پەرەگرافی ١

**" ئێمە باوەڕمان بە بیروباوەڕی جیاجیا و دیمۆکراسی هەیە و لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردوستان دا ئەو دیموکراسی و ئازادیەی کە هەیە بۆ هەموو لایەنێکە، لەو پەڕی چەپەوە بگرە تا ئەو پەڕی ڕاست، بۆ ئیسلامیەکان و عەلمانیەکان، بۆ شیوعی، بۆ پارتی، بۆ یەکێتی و لە هیچ جێیەکی دنیادا نیە و نەبووە و نیە و من لەو ڕۆژانەدا لەبەر چاوی برادەرانی جمهوری ئیسلامی گوتم : چ حکومەتێک لە دنیا، هەتا ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئیسلامی، ڕێگای داوە ڕێکخراوە ئیسلامیەکان ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەیان هەبێ و بەسەربەستی چیان دەوێت بەبێ موراقەبە بیڵێن، غەیرە حکومەتی هەرێمی کوردوستان ؟...**

پەرەگرافی ٢

**گروپی جند الاسلام کە پەیدابوو، یەکەم بەیاننامەیان ئیعلانی حەربە دژی هەموو لایەک، یەکەم بەیاننامەیان دەڵێ : هەموو حیزبە عەلمانیەکان کافرن، مورتەدن، عومەلای یەهود و نەساران و ئێمە ئیعلانی جیهادمان کردوە لە سەریان. خۆتان دەزانن یانی چی ! دیتان کوشتنەکانیان چۆنە. لە شیعارەکانیاندا دەڵێن : یەکێتی نیشتمانی کافرە و انشاء الله بە تەوراسی ژەنگاوی ملی هەموتان دەپرین.**

پەرەگرافی ٣

**ئێمە ئەخباری ناویانمان دەزانی و ئێستاش دەزانین و دەمانزانی دەیانەوێ هەڵەبجە بگرن، نەورۆڵی بگرن، ئیعلانی حکومەتی ئیسلامی بکەن و شەڕمان لەگەڵ بکەن. جگە لەو هێزانەی لەوێ هەمانە، هەندێک هێزی ترمان نارد بۆ نەورۆڵی، هەندێکی دیکەشمان نارد بۆ ئەو ناوچانە. برادەرانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی هاواریان لێ هەستا و گوتیان ئەوە چیە ؟ گوتمان ئەوەڵەن ناردنی ئەو هێزانە بۆ پاراستنی ناوچەکەیە، بۆ پاراستنی خەڵکەکەیە. دووەمەن حەقی خۆمانە، لەدنیا بووە حکومەتێک نەتوانێ لە شوێنێکەوە هێز بنێرێتە شوێنێکی تر ؟ مادەم حکومەتە، حەقی خۆیەتی هێز بنێرێتە هەڵەبجە و شارباژێرو...**

پەرەگرافی ٤

**هەموو خەڵکی کوردوستان یەکن لەبەرامبەر ئەواندا. ئەوە بۆ یەکەم جارە ئێمە و برایانی پارتی یەک بین لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا. کاک مەسعود هەم پارەشی بۆ ناردین و هەم فیشەکیش...هەموو حزیبەکانی کوردوستان....هێزیان لەوێ هەیە. سەدان هەزار کەس هاتنە کۆڵانەکان و لە ڕێپێوانەکاندا دژی ئەوان قسەیان کرد و قەت میلەتی کورد وەک ئەمڕۆ یەک نەبووە...کەواتە جەماعەتێکی هەڵخەڵەتاو، تاونابر و هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، هەڵگەڕاوە لە حزیبەکەی خۆی، لە حکومەتەکەی خۆی. هاتووە بە زۆری زۆرداری خۆی بسەپێنێت و دەڵێ ئێوە بڕۆن..."**[clxiii]

چۆن ئێمە لەم گوتارەی بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان تێبگەین و چ ستاتویەکی پێببەخشین و چۆن ڕاڤەی بکەین ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، لەسەر ئاستی تێوری،گەرنگە و دەبێت بخرێتە پێش پراکتیکی ڕاڤەکردنەوە، چونکە ڕێگا بە خوێنەر دەدات تا بزانێت ئێمە لە چ سەرچاوەیەکی سۆسیۆلۆژیەوە زانستی ڕووت لەسەر شتاکن بەرهەم دەهێنین.

لە ڕاستیدا ئێمە پێمان وایە گوتار و چاوپێکەتن و دیالۆگ و گێڕانەوەکان، هەرگیز *واقیع* بە کەسی سۆسیۆلۆگ نابەخشن، هەموو ئەوەی دەیخەنە بەردەستمان هیچ نین *وشە* نەبێت. وشەکان ئەو ئاوێنەین کە ئەزموونی ژیاوی ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. وشەکان گوزارشتن لە بیرکردنەوەی ئەکتەرێک لە سەر جیهانی دەوربەری، ئەکتەرێک کە هەموو تواناکانی دەخاتە کار بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە قەناعەتپێبکات و جیهانە بینراوەکەی بکات بەجیهانی هەموو ئەوانی دیکە. لێرەوە کاری سۆسیۆلۆگ دەبێت بە پەیبردن بەو جیهانەی لە ڕێگای وشەکانی ئەکتەرێکی کۆمەڵایتیەوە بیناکراوەو خراوەتە بەردەست ئەوانی دیکەوە.

بێگومان ئەم جیهانەش بە خوێندنەوەیەکی سادەی سەرپێییانە خۆی نادات بەدەستەوەو پەردە لەسەر خۆی لانادات. هەروەها وشەکان *شەفاف* نین و لەنێو چەندین کردەی ئاڵۆز-کۆمپلێکس دا بیناکراون. لێرەوە، بۆ ڕاڤەکردنی بوونیە

گوتار، گەشتکردنێکی « Les structures de signification » دەلالیەکانی سیمانتیکانە بە نێو وشەکاندا خۆی دەسەپێنێت. تێگەشتن لە ماناکانی وتراو تەنها بە گوێگرتن و ڕامان ئەنجام نادرێت. بەڵکو لە پەنای ئەم کارەدا دەبێت توێژەر هەوڵبدات ئەو میکانیسمانەش ڕاڤەبکات کە لەنێو گوتارێکدا مانا بەرهەم دەهێنن.

بەمشێوەیە ئێمە ڕاڤەکردنی ئەم گوتارە بەسەر ئەم چەند ئاستەدا دابەشدەکەین :

## ئاستی یەکەم : دۆزینەوەی ڕەگەزە سەرەکیەکان

### پەرەگرافی ١

١. ئێمە باوەڕمان بە بیروباوەڕی جیاجیا و دیموٚکراسی هەیە.

٢. لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردوستان دا ئەو دیموکراسی و ئازادیەی کە هەیە بۆ هەموو لایەنێکە، لەو پەڕی چەپەوە بگرە تا ئەو پەڕی ڕاست، بۆ ئیسلامیەکان و عەلمانیەکان، بۆ شیوعی، بۆ پارتی، بۆ یەکێتی.

٣. من لەو ڕۆژانەدا لەبەر چاوی برادەرانی جمهوری ئیسلامی گوتم.

٤. چ حکومەتێک لە دنیا، هەتا ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئیسلامی، ڕێگای داوە ڕێکخراوە ئیسلامیەکان ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەیان هەبێ و بەسەربەستی چیان دەوێت بەبێ موراقەبە بیلێن، غەیرە حکومەتی هەرێمی کوردوستان ؟

### پەرەگرافی ٢

٥. گروپی جند الاسلام کە پەیدابوو.

٦. یەکەم بەیاننامەیان ئیعلانی حەربە دژی هەموو لایەک، یەکەم بەیاننامەیان دەڵێ : هەموو حیزبە عەلمانیەکان کافرن، مورتەدن، عومەلای یەهود و نەساران و ئێمە ئیعلانی جیهادمان کردوە لە سەریان.

٧. خۆتان دەزانن یانی چی !

٨. دیتان کوشتنەکانیان چۆنە.

٩. لە شیعارەکانیاندا دەڵێن : یەکێتی نیشتمانی کافرە.

١٠. انشاء الله بە تەوراسی ژەنگاوی ملی هەموتان دەپرین.

### پەرەگرافی ٣

١١. ئێمە ئەخباری ناویانمان دەزانی و ئێستاش دەزانین.

١٢. دەیانەوێ هەڵەبجە بگرن، نەورۆلی بگرن، ئیعلانی حکومەتی ئیسلامی بکەن و شەڕمان لەگەڵ بکەن.

١٣. جگە لەو هێزانەی لەوێ هەمانە، هەندێک هێزی ترمان نارد بۆ نەورۆڵی، هەندێکی دیکەشمان نارد بۆ ئەو ناوچانە.

١٤. برادەرانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی.

١٥. هاواریان لێ هەستا و گوتیان ئەوە چیە ؟

١٦. گوتمان.

١٧. ئەوەڵەن ناردنی ئەو هێزانە بۆ پاراستنی ناوچەکەیە، بۆ پاراستنی خەڵکەکەیە.

١٨. دووەمەن حەقی خۆمانە.

١٩. لەدنیا بووە حکومەتێک نەتوانێ لە شوێنێکەوە هێز بنێرێتە شوێنێکی تر ؟

٢٠. مادەم حکومەتە، حەقی خۆیەتی هێز بنێرێتە هەڵەبجە و شارباژێر.

**پەرەگرافی ٤**

٢١. هەموو خەڵکی کوردوستان یەکن لەبەرامبەر ئەواندا.

٢٢. کاک مەسعود هەم پارەشی بۆ ناردین و هەم فیشەکیش.

٢٣. هەموو حزبیەکانی کوردوستان....هێزیان لەوێ هەیە.

٢٤. سەدان هەزار کەس هاتنە کۆڵانەکان و لە ڕێپێوانەکاندا دژی ئەوان قسەیان کرد.

٢٥. قەت میلەتی کورد وەک ئەمڕۆ یەک نەبووە.

٢٦. کەواتە جەماعەتێکی هەڵخەڵەتاو، تاوانبار و هەڵگەڕاوە لە ئیسلام. هەڵگەڕاوە لە حزبیەکەی خۆی.لە حکومەتەکەی خۆی. هاتووە بە زۆری زۆرداری خۆی بسەپێنێت و دەڵێ ئێوە ڕۆن.

## ئاستی دووەم : دروستکردنی سێ دۆسیەی سەرکی لە شێمێکدا

ئێستا ڕەگەزەکانی ئەو گوتارە لە "شێم" ێکی کاتیدا کۆدەکەمەوە. ئەو "شێم"ەش بەسەر سێ دۆسیەدا دابەش دەکەم، دۆسیەی دیمەنەکان، دۆسیەی ئەرگومۆنتەکان و دۆسیەی ئەکتەرەکان. پیتی "پ" مانای "پەرەگراف" و پاشان بە ژمارە ئاماژە بۆ سیکانسەکان کراوە.

| دیمەنەکان | ئەرگیومۆنتەکان | ئەکتەرەکان |
|---|---|---|
| لەبەر چاوی برادەرانی جمهوری ئیسلامی گوتم. پ ١-٣ | ئەو دیموکراسی و ئازادیەی کە هەیە بۆ هەموو لایەنێکە. پ ١-٢ | ئێمە باوەڕمان بە بیروباوەڕی جیاجیا و دیمۆکراسی هەیە. پ ١-١ |
| گروپی جند الاسلام کە پەیدابوو. پ ٢-١ | چ حکومەتێک لە دنیا، هەتا ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئیسلامی، ڕێگای داوە ڕێکخراوە ئیسلامیەکان ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەیان هەبێ و بەسەربەستی چیان دەوێت بەبێ موراقەبە بیڵێن، غەیرە حکومەتی هەرێمی کوردوستان ؟ پ ١-٤ | من لەو ڕۆژانەدا . پ ١-٣ |
| دیتان کوشتنەکانیان چۆنە. پ ٢-٤ | یەکەم بەیاننامەیان ئیعلانی حەربە دژی هەموو لایەک، یەکەم بەیاننامەیان دەڵێ : هەموو حیزبە عەلمانیەکان کافرن، مورتەدن، عومەلای یەهود و نەساران و ئێمە ئیعلانی جیهادمان کردوە لە سەریان. پ ٢-٢ | خۆتان دەزانن یانی چی ! پ ٢-٣ |
| انشاء الله بە تەواسی ژەنگاوی ملی هەموتان دەپرین. پ ٢-٦ | لە شیعارەکانیاندا دەڵێن : یەکێتی نیشتمانی کافرە. پ ٢-٥ | ئێمە ئەخباری ناویانمان دەزانی و ئێستاش دەزانین. پ ٣-١ |
| جگە لەو هێزانەی لەوێ هەمانە، هەندێک هێزی ترمان نارد بۆ نەوروڵی، هەندێکی دیکەشمان نارد بۆ ئەو ناوچانە.پ ٣-٣ | دەیانەوێ هەڵەبجە بگرن، نەوروڵی بگرن، ئیعلانی حکومەتی ئیسلامی بکەن و شەڕمان لەگەڵ بکەن. پ ٣-١ | برادەرانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی. پ ٣-٤ |
| هاواریان لێ هەستا و گوتیان ئەوە چیە ؟ پ٣-٥ | ئەو هێزانە بۆ پاراستنی ناوچەکەیە، بۆ پاراستنی خەڵکەکەیە. پ ٣-٧ | گوتمان. پ ٣-٦ |
| حەقی خۆیەتی هێز بنێرێتە هەڵەبجە و شارباژێر. پ ٣-١٠ | لەدنیا بووە حکومەتێک نەتوانێ لە شوێنێکەوە هێز بنێرێتە شوێنێکی تر ؟پ ٣-٩ | حەقی خۆمانە. پ ٣-٨ |
| سەدان هەزار کەس هاتنە کۆڵانەکان و لە ڕێپێوانەکاندا دژی ئەوان قسەیان کرد. پ ٤-٤ | هەموو خەڵکی کوردوستان یەکن لەبەرامبەر ئەواندا. پ ٤-١ | کاک مەسعود هەم پارەشی بۆ ناردین و هەم فیشەکیش. پ٤-٢ |
| | قەت میلەتی کورد وەک ئەمڕۆ یەک نەبووە. پ٤-٥ | هەموو حزبیەکانی کوردوستان.... هێزیان لەوێ ەیە. پ٤-٣ |
| | جەماعەتێکی هەڵخەڵەتاو، تاوانبار و هەڵگەڕاوە لە ئیسلام. هەڵگەڕاوە لە حزبیەکەی خۆی.لە حکومەتەکەی خۆی. هاتووە بە زۆری زۆرداری خۆی بسەپێنێت و دەڵێ ئێوە ڕۆن پ ٤-٦ | |

## ئاستی سێیەم : بیناکردنی کاتیگۆری

بۆ بەرهەمهێنانی هەردوو ئاستی پێشوو، ئێمە کەڵکمان لە مێتۆدۆلۆژیای ئیتنۆمێتۆدۆلۆگەکان وەرگرت و ئەو "خشت"انەمان یەک یەک جیاکردەوە کە سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان گوتارەکەی پێ بیناکردبوو. کاری ئیتنۆمیتۆدۆلۆگ لێرەدا کۆتایی پێدێت. واتە پاش بەدیهێنانی چەمکی دیسکریپتیبیلیتێ (وەسفکردنی شەکان وەک ئەوەی هەن و حسابکردن بۆ ئەو مانایانەی کە ئەکتەرێک بە شتەکانی دەبەخشێت) ئیتر ماشینی ڕاڤەکردنی ڕادەگرێت. بەڵام ئێمە پێمانوایە کردەی ڕاڤەکردن نابێت لێرەدا ڕابوەستێت و دەبێت لەڕێگای دروستکردنی تێوری (ئەنسالم شتراوس) یان بیناکردنی کاتیگۆریەوە (کلۆد دیوبار)، لەسەر ئەو دوو ئاستەی پێشوو، بەرەو قوڵاییەکان هەنگاو بنێت.

ئەو کاتیگۆریانەی کە ئێمە لە پشت کەوالیسەکانی ئەم گوتارەوە تێبینی دەکەین دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین :

یەکەم : خستنە سەر شانۆی ئەنساری ئیسلام وەک گروپێکی تێرۆریست، بەربەری، وەحشیی سەردەمی بەردی تەوراس وەشێن.

دووەم : دروستکردنی دیوار لەنێوان ئەنساری ئیسلام وەک گروپێکی تێرۆریست و ئیسلام وەک ئاینی هەزاران هەزار ملیۆن مرۆڤی سەر زەوی.

سێیەم : لەیەکجیاکردنەوەی ئەنساری ئیسلام وەک گروپێکی تێرۆریستی بێسنور و گروپەکانی ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسمی کوردی.

چوارەم : خستنە سەر شانۆی حکومەتی هەرێم وەک هەرێمێکی بیناکراو لەسەر دیمۆکراسیەک کە جێگای هەموو لایەکی تیادا دەبێتەوە، بەوانەشەوە کە لە جیهاندا نەفرەتیان لێدەکرێت.

پێنجەم : خستنە سەر شانۆی یەک هەڵوێستی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە بەرامبەر تێرۆریسم دا.

بێگومان لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئایا ئەم کاتیگۆریانە حەقیقەتن یان نا. لە جیهانی سۆسیۆلۆژیادا ئەو پرسیارە هەر لە سەرەتاوە دور دەخرێتەوە. چونکە ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە پرسیاری حەقیقەت نیە، بەڵکو پرسیاری چۆنیەتی بیانکردنی حەقیقەتە. ئایا سکرتێری گشتی و دەزگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و حیزبە کانی دیکە و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەنموونە، لە ڕێگای سەدان گوتاری لەم چەشنەوە، توانیان ئەم کاتیگۆریانە وەک حەقیقەتی گومان لێنەکراو لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بینابکەن یان نا ؟ بێگومان وەڵامی من پۆزەتیڤە. بەڵام ئەوەی کە بەر قوڵایی هەستی تێبینیکردنی هەر سۆسیۆلۆگێک دەکەوێت بێدەربەستبوونی ئەنساری ئیسلامە لە بەرامبەر کۆی ئەم کۆنستێکستە تراژیدیەدا !

ئێمە پێمانوایە زۆر ئەستمە لەم بێدەربەستیە تێبگەین بەبێ تێگەشتن لە چۆنیەتی کارکردنی هەردوو ستراکتۆری جیهادی و عەقائیدی ئەنساری ئیسلام. لەو ساتە ناسکانەدا کە هەموو چرکەیەک چاوەڕوانی هەڵگیرسانی جەنگ دەکەن، ئەوان گۆڕی شێخەکان هەڵدەدەنەوەو ڕوفاتەکانایان دەشارنەوەو مەزارەکانیان دادەخەن. ئەگەر ئەم کردەیە بە حاسیبە ستراتیژیەکان زەرب و تەقسیم بکەین، بێگوومان هەمووی هەڵەیە، بەڵام کاتێک لە ستراکتۆرە عەقیدیەکەی ئەنسارەوە دەیخوێنینەوە، تێدەگەین لەوەی کە تەواو کارێکی سروشتیە.

## کردەی چوارەم :

## ٨ی فێڤریوەری ٢٠٠٣

## تێرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر لە گەرمەی دانوستاندا

لە ئێوارەی ٨ ی فێڤریوەری ٢٠٠٣ دا، چل و سێ ڕۆژ پێش دەستپێکردنی جەنگی ئەمەریکا-عێراق، لە گوندی گامێش تەپەی سەر بە شارۆچکەی سەید سادق کە دەکەوێتە نێوان هەڵەبجە و سلێمانیەوە، چەند چەکدارێکی گرووپی ئەنساری ئیسلام شەوکەتی حاجی موشیر تێرۆر دەکەن.

لەنێوان خێڵی حەمە و هەوڵدانی تێرۆرکردنی دوکتۆر بەرهەم و هەڵدانەوەی گۆری شێخەکانی بیارە و گامێش تەپەدا گروپی *جند-ئەنسار* چەندین چالاکیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەو چالاکیەی کە دەبێت بە ڕوداوێکی ماژۆر-مەزنی بیناکاری شووناسی ئەم گرووپە لە پاش ئەو سێ ڕوداوەی پێشوو، خێڵی حەمە-بەرهەم ساڵح-شێخەکانی بیارە، گامێش تەپەیە.

ئێمە دەتوانین لەنێوان ئەم چوار ڕووداوەدا باس لە کردەی دانووستانی ئاڵۆزو قورس و توورەی نێوان مامۆستا کرێکار وەک ئەمیری ئەنسارو یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بکەین. بە درێژایی کردەی دانووستان، ئەم پیاوە لەگەڵ زۆربەی گەورە بەرپرسەکانی یەکێتی نیشتمانیدا تا دەگاتە جەنابی مام جەلال کۆدەبێتەوە. دانووستان چەندین کاتژمێرو رۆژو مانگ دەخایەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین ئەم کردەیە وەک ڕوداوێکی ماژۆر لە مێژووی ئەنساردا دەستنیشانبکەین، چوونکە نە لە چرکەی دانووستانداو نە دواتریش ئەم کردەیە نابێتە ڕەگەزێکی بیناکاری شووناسی ئەم گرووپە. بەپێچەوانەوە، نەفرەتکردن لە دانووستان و تەماشاکردنی یەکێتی وەک دوژمن، نەک وەک ئەدڤێرسێر-بەرامبەر، دەبێت بە ڕەگەزی هەرە بەهێزو کاری دروستکردنی گوتاری ئەنسار.

**" ئێوارەی ٢/٨ لە گووندی گامێش تەپەی سەرە بە شارۆچکەی سەید سادق کە ناوچەیەکە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی دایە، سێ چەکداری پشتیوانانی ئیسلام لەکاتی گوفتوگۆدا *شەوکەتی حاجی موشیر* و دوو کادیری تر دەکوژن و ماڵەکە بەر دەستڕێژدەدەن و چەند نارنجۆکێکی دەستی تێ فڕێدەدەن و لە ئەنجامدا ژنێک و دوو پیاوی ماڵەکە دەبنە قووربانی و پانزە کەسی تر بریندار دەبن.**

**بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدان ئێوارەی شەممە شەوکەتی حاجی موشیر ئەندامی یەدەکی سەرکردایەتی یەکێتی و ئەندامی پەرلەمانی کوردوستان لەگەڵ پاسەوانەکانیدا لەو گوندەدا چاوەڕوانی وەفدی پشتیوانانی ئیسلام دەکەن، لەهەڵبجەشەوە بەڕێوبەری ئاسایشی**

**هەڵەبجە و بەڕێوبەری ئاسایشی سیروان و لێپرسراوێکی فەرماندەیی بە ژمارەیەک پێشمەرگە و چەند ئۆتۆمۆبیلێکەوە بەرەو گوندی گامێش تەپە بەڕێکەووتن. لەسەر ڕێگای زەلم-خورماڵ ئۆتۆمۆبیلێکی جۆری شلەخەجێ بە سێ سەرنشینەوە لەکاروانەکە جیادەبنەوەو بەرەو خورماڵ بەرێدەکەون، لەوێ وەک بارمتە لای پشتیوانانی ئیسلام گل دەدرێنەوە. بەهەمان ئۆتۆمۆبێل سێ چەکداری پاک بەرەو گووندی گامێش تەپە دەکەونە ڕێ. لەگوندەکەشەوە لەلایەن (شەوکەتی حاجی موشیر) ەوە پێشوازیان لێدەکەن و لەماڵی جوتیارێکی ئەو گوندە بەناوی (ساڵح حەسەن) دەستیان کردووە بە کۆبوونەوە، پاش کەمتر لە کاتژمێرێک سێ چەکدارەکە زەفەر بە (شەوکەتی حاجی موشیر) و (حیکمەتی حاجی عوسمان) و (سەردار غەفور) دەهێنن و هەرسێکیان دەکوژن. دواتر ئەم سێ چەکدارە ماڵەکە بەر دەستڕێژ دەدەن و چەند نارنجۆکێکی دەستی فڕێدەدەن، لە ئەنجامدا سێ هاوڵاتی بەناوی (فاتمە موحەمەد، سیامەند ساڵح، حەسەن فەتاح) کوژران و شەش کەسی تری ئەم خێزانە کە دوانیان منداڵن برینداربوون، هەروەها سێ پێشمەرگەش برینداربوون. پاشان چەکدارەکانی پاک هەڵدێن.**

**ڕادیۆی (پاک) لە ناوچەی هەورامان لە ڕۆژی ٢/٩ دەقی ئەم هەواڵەی وەکو چالاکیەکی (پاک) خوێندەوە. بەپێچەوانەی ماڵپەڕی ئەم ڕێکخراوە خۆیان لەم ڕوداوە دوور دەگرن و دەڵێن دەستی یەکێتی نیشتمانی خۆیەتی. ئەمە لەکاتێکدا کە تائێستا سێ کەسی سەر بەیەکێتی نیشتمانی وەک بارمتە لای (پاک) ماونەتەوە"[clxiv]**

ئێمە پێمانوایە پێنج ئاستی گرنگ بەشداری دەکەن لە بەخشینی کاراکتەری مەزن-ماژۆر بە ڕوداوی تیرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر. ڕوداوێک کە دەبێت بە بیناکارای شوناسی ئەنساری ئیسلام وەک گورپێکی تیرۆریست.

## ۱) ئەکتەری تیرۆرکراو

کەسایەتی ئەکتەری تیرۆرکراو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارایی خۆی لەسەر کردەی بەمەزنکردنی ڕوداوەکەی گامێش تەپەدا دادەنێت. تیرۆرکردنی ئەم ئەکتەرە کۆتایی هاتنە بەو کەسایەتیەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان ناوی نابوو **"پیاوی چالاکیە موستەحیلەکان"**.

ئەم ئەکتەرە ساڵی ۱۹٤۷ لەگوندی تەپی سەفای شارەزوور لەدایکبووە. ساڵی ۱۹٦۷ قۆناغی ئامادەیی تەواودەکات. لەتەمەنی بیست ساڵیدا دەبێت بە پێشمەرگە و پەیوەندی بەڕیزەکانی شۆڕشی ژەنەراڵ بەرزانیەوە دەکات. بەڕێز نەوشیروان موستەفا، جێگری پێشوی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان، لە مەراسیمی ناشتنی شەوکەتی حاجی موشیرداو لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا وتارێکی پێشکەشکرد. ڕاڤەکردنی ئەم گوتارە ڕێگامان پێدەدات پرۆینە نێو گەردونی ئەکتەری تیرۆرکراوەوە. بێگومان ئەم گەردونە لە پانتای گێرانەوەی بەڕێز نەوشیروان موستەفادا خۆی مانیفێست دەکات. هەر گێرانەوەیەکیش لە ڕێگای زنجیرەیەک وشەوە خۆی دروستدەکات. وشەکانیش بێلایەن و شەفاف و بێ گوناە نین، بەڵکو بارکراون لە چەندین مانای جۆراوجۆر. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە پرسیارە لە قورسایی مانیفێستاسیۆنی ئەکتەری تیرۆرکراو لەم گوتارەی بەڕێز نەوشیروان موستەفا دا. قورسایەک کە بەشداریدەکات لە بەجیهانیکردنی ئەو ئێوارە خوێناویەی گامێش تەپەداو وتەبێژی ڕەسمی کۆشکی سپی ئەمەریکا ناچاردەکات ناوی بەرێت و هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەسەر ڕونبکاتەوە. کەمێک دواتر دەقی بایەکۆتەکەی وتە بێژی ڕەسمی کۆشکی سپی تۆماردەکەم. ئێستاش دەگەڕێینەوە سەر وتارەکەی بەڕێز نەوشیروان موستەفا و بەبێ دەستکاریکردن و وەک خۆی پێشکەشی دەکەین و دواتر ماشینی ڕاڤەکردنمان لەسەری دەخەینە کار [clxv]:

**دیمەنی ۱**

> **خوشک و برایانی بەڕێز، لە باتی خۆم و لە باتی هاوڕێکانم لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان سوپاستان دەکەم بۆ هاتنتان بۆ بەشداری لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی شەهید شەوکەتی حاجی موشیر. بەم بۆنەیەوە، بەبۆنەی ئەم کۆستە گەورەیەوە سەرەخۆشی لە هەمووتان دەکەم.**

**دیمەنی ۲**

> **لەڕاستیدا شەهیدبونی کاک شەوکەت بەتەنیا خەسارەت نیە لە خێزانەکەیان و بنەماڵەکەیان ، بەتەنیا خەسارەت نیە بۆ عێڵی کورد پەروەری جاف، بەتەنیا خەسارەت نیە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵکو خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەموو میلەتەکەمان. بەشەهیدبوونی کەک شەوکەت میللەتەکەمان یەکێک لە ڕۆڵە هەرە ئازاو قارەمانەکانی خۆی کەهەموو تەمەنی**

خۆی و بنەماڵەکەی و عەشرەتەکەی تەرخانکردبوو لە ڕێگای ئازادی میللەتەکەی و لەڕێگای کوردایەتیدا لە کیسمان چوو.

دیمەنی ٣

کاك شەوکەت لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەردا پەروەردە بووبوو. ساڵی ١٩٦١ لەکاتی خۆئامادەکرندا بۆ شۆڕشی ئەیلول گرنگترین کۆبوونەوەی ناوچەی سلێمانی لە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی مشیردا کراوە، ئەو زەمانە کاك شەوکەت قوتابیەکی گەنجی تازە پێگەشتوبوو.

دیمەنی ٤

کاتێک ئامادەیی تەواوکرد ساڵی ١٩٦٧ بوو بوبە پێشمەرگە، لةساڵی ١٩٦٧-ە وە هەتا ئەو دەقیقەیەی شةهیدبووە، وەکو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز، وەکو ئینسانێکی کوردی ئازادیخواز هەموو تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ میلەتەکەی و بۆ خزمەتی میلەتەکەی.

دیمەنی ٥

لە شۆڕشی نوێی ئەمجارەشماندا، ساڵی ١٩٧٦ لەیەکەمین مەفرەزی ناوچەی سلێمانیدا بەشداری کرد، وە یەکەمین چالاکی پێشمەرگە لە ناوچەی هەورامان ئەوان دەستیان پێکردو بەتەقاندی یەکەم گولە ئاگری دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێیان دەستپێکرد.

دیمەنی ٦

کاک شەوکەت بەتەنها ڕۆڵەی ناوچەکەی خۆی نەبوو، بەڵکو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بەو پەڕی لە خۆ بڕانەوە لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابوردودا خەبات و تێکۆشانی کردوە لە بادینان، لە دهۆک و هەولێر، لە کەرکوک، لە سلێمانی، لە شارەزور و لە گەرمیان. لە هەرجێگایەکدا کە گەلەکەمان پێویستی پێی بوویێت، شۆڕش پێویستی پێی بوویێت ئەو کوری ئەو مەیدانە بووە. لە مەیدانی عەسکەریدا، لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا وەک چەپکە گوڵ وابووە.

دیمەنی ٧

زۆر بەداخەوە کە بەڕاستی ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر ناسراوبوو بە زرنگی و بە زیرەکی و بە تێگەشتوویی، بەداخەوە کەوتە ناو تەڵەی ئەم مەلعونانەی ئەنساری ئیسلامەوە.

**دیمەنی ٨**

**بەم بۆنەیەوە خوا ئاگادارە کە کاک شەوکەت بێ تاوان بوو، شەهیدەکانی خێڵی حەمە بێ تاوان بوون. داوا لە خوای گەورە دەکەین کە گیانی ئەوانە لە ڕیزی شەهیداندا لە بەهەشتدا جێبکاتەوە.**

**دیمەنی ٩**

**وە بەم بۆنەیەوە هەر لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە دوو سزای یەو مەلعونانەی ئەنسار ئەلئیسلام بدات؛ لەم دنیا یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشە دەریان بێنینە دەرەوە، لەو دنیاش لەگەڵ شەیتان، لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا حەشرو نەشریان بکات.**

**دیمەنی ١٠**

**لە کۆتایدا جارێکی دیکە سوپاستان دەکەم و خواتان لەگەڵ بێت.**

ئەو ڕەگەزە گرنگانەی لەم گوتارەدا دەردەکەون بریتین لەمانەی خوارەوە :

دیمەنی ١ : تێرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر وەک "کۆستێکی گەورە."

دیمەنی ٢ : گەڕان بەدوای ژوستیفیکاسیۆن-پاساوەکانی ئەم کۆستە گەورەیەدا. ئەکتەری تێرۆرکراو "هەموو تەمەنی خۆی و بنەماڵەکەی و عەشرەتەکەی تەرخانکردبوو لە ڕێگای ئازادی میللەتەکەی و لەڕێگای کوردایەتیدا."

دیمەنی ٣ : کلیک کردن لەسەر ئینتیمای کۆمەڵایەتی ئەکتەری تێرۆرکراودا؛ " کاك شەوکەت لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەردا پەروەردە بووبوو. "

دیمەنی ٤ : خستنە سەر شانۆی مێژویەکی ٣٧ساڵی ئەکتەری تێرۆرکراو وەک "پێشمەرگەیەکی دڵسۆز". کلیک کردن لە سەر بەخشینی ژیان بە هەموو چرکەکانیەوە بە مانایەکی باڵای هاوبەش.

دیمەنی ٥ : پاڵەوانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و پرسیاری یەکەمەکان لە نێو خەیاڵدانی سۆسیۆ-پۆلیتیکی کوردیدا؛ " یەکەمین چالاکی پێشمەرگە لە ناوچەی هەورامان ئەوان دەستیان پێکرد".

دیمەنی ٦ : ئەکتەری تێرۆرکراو پیاوێکی بەرزکراوەیە بۆ سەر ئاستی ناسیۆنال؛ " لە هەرجێگایەکدا کە گەلەکەمان پێویستی پێی بووبێت، شۆڕش پێویستی پێی بووبێت ئەو کوڕی ئەو مەیدانە بووە". دانان بەوەی کە هێشتا بیرکردنەوە لە سەر ئاستی ناسیۆنال و جوڵانەوە لەم چوارچێوەیەدا نەبووە بە کردەیەکی ئاسایی و جۆرێکە لە وێنەی پاڵەوان.

دیمەنی ٧ : دروستکردنی وێنەی ئەکتەری تێرۆرکراو وەک غەدرلێکراوێک بە دەستی" ئەم مەلعونانەی ئەنساری ئیسلامەوە."

دیمەنی ٨ : مانیفێستاسیێۆنی ستراکتۆرە ئاینیەکەی یەکێتی و دڕانی ئەبیتیوس و هەوڵدان بۆ بیناکردنی شووناسی سێیەم تێکەڵ لە ئاین و لە نائاین. "

داوا لە خوای گەورە دەکەین کە گیانی ئەوانە لە ڕیزی شەهیداندا لە بەهەشتدا جێبکاتەوە". گەڕانەوە بۆ ترادیسیۆنە ئاینیەکان بۆ بایەکۆتکردنی ئەنساری ئیسلام و پیرۆز ڕاگرتنی فیداکاری کاک شەوکەت. ئەم گەڕانەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تا ئێستاش حیزبی کوردی توانای دۆزینەوەی سەرچاوەی کولتوری دیکەی مانا دروستکردنی نیە و ناچارە بگەڕێتەوە سەر سەرچاوە ئاینیەکان

دیمەنی ٩ : سەر لەنوێ مانیفێستاسیۆنی ستراکتۆرە ئاینیەکەی یەکێتی "لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە دوو سزای ئەو مەلعونانەی ئەنسار ئەلئیسلام بدات؛ لەم دنیا یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە ڕەگ و ڕیشە دەریان بێنینە دەرەوە، لەو دنیاش لەگەڵ شەیتان، لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا حەشرو نەشریان بکات"، پەنا بردن بۆ خوداوەند بۆ ئەوەی لەم جەنگەدا یان خۆی یان فریشتەکانی بنێرێتە خوارەوە بۆ ئەوەی لە پەنای پێشمەرگەکانی یەکێتیدا بجەنگن دژ بە ئەنساری ئیسلام و لەو دونیاش لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام دا حەشرو نەشریان بکات.

دیمەنی ١٠ : کۆتایی هێنانی وتار بە سپاردنی جەماوەری ئامادەبوو بە خوا؛ " خواتان لەگەڵ بێت ".

لە کۆی هەموو ئەو ڕەگەزانەی سەرەوە، ئێمە دوو کردەی بیناکردن لە نێو یەک پرۆسێسیوس دا تێبینی دەکەین؛ یەکەم بیناکردنەوەی چوارچێوەی وێنەی ئەکتەری تێرۆرکراوەو دووەمیش بیناکردنەوەی چوارچێوە ئاینیەکانی گوتاری یەکێتیە. لە بیناکردنی یەکەم دا شەوکەتی حاجی موشیر هەموو کارەکتەرەکانی پاڵەوانی پێدەبەخشرێت :

- لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر بووە.
- لە تەمەنی لاویدا بەشداری لە شۆڕشی جەنەراڵ بەرزانی دا کردووە.
- یەکەم فیشەکی شۆڕشی نوێی لە ناوچەی هەورامان تەقاندوە.
- وەک چۆن پێشمەرگەی هەڵەبجە بووە ئاواش پێشمەرگەی ئامێدی بووە.
- هەر گیز ناپاکی بە شۆڕش نەکردوە، هتد.

لەبیناکردنی دووەمیشدا ئاین، نەوشیروان موستەفا لە دەرگاوە پەنجەروەو بەگۆشت و ئێسقانەوە دەگەڕێتەوە نێو سیستەمی پەیوەندیەکانی یەکێتی بە ناوەوەی خۆی و بە جەماوەریشەوە. لەم چوارچێوە نوێیەدا یەکێتی تەواو کەوتوەتە ژێر کارایی دابەشکردنە ئاینیەکەی ئەنسارەو وەک چۆن ئەو کوردوستان بەسەر دۆستان و دوژمنانی ئیسلام دا دابەشدەکات، ئاواش یەکێتی دەیەوێت هەمان دابەشکردن جێبەجێبکات و خۆی بە نوێنەری ئاین پێشنیار بکات و داوا لە خوا بکات کە یارمەتی بدات بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەنساردا کە دوژمنی ئیسلامە. هەروەها داوا لە خوا دەکات کە بەهەشت ئامادەبکات بۆ شەهیدەکانی یەکێتی و دۆزەخیش تاویدات بۆ کوژراوەکانی ئەنسار. لەم چرکەیەدا ئیتر سنورەکانی نێوان ئاین و لایسیتێ (عەلمانیەت) لای یەکێتی خۆیان دەپێچنەوەو هەردوو گەردونەکە تێکەڵ بەیەکتری دەبن. لێرەدا بە دوو شێوە ئەم تێکەڵ بوونە ڕاڤە دەکرێت :

بەشێک پێیان وایە ئەمە جۆرێکە لە پراگماتیسمی یەکێتی و دەیەوێت لەم ساتە ناسکەدا بە زمانێک قسە بکات کە دەکرێت لە ڕێگایەوە ئەنسار لە ناشیرینترین وێنەیدا بخاتە سەر شانۆو ئەم زمانە هیچ پەیوەندیەکی بە بەرنامە و پرۆگرامی یەکێتیەوە نیە و تەنها کردەیەکی دیپلۆماسیانەیە.

بەشێکی دیکەش تەواو بە پێچەوانەوە، پێیانوایە ئەوەی قسەدەکات یەکێتی نیشتمانی کوردوستانە لە ڕاستگۆترین دەرکەوتنیدا، چونکە ئەوستراکتۆرە عەقڵی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە پشت یەکێتیەوەن و تیپەکانی بیرکردنەوەو ڕەفتاری یەکێتی دەسنیشان دەکەن ڕەگوریشەکانیان لە نێو ئایندایە نەک لە هەر جێگایەکی دیکە.

یەکێتی دواتر هیچ نیە بەشێک نەبێت لە کۆمەڵگەی کوردی و لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە هاتووەتە دەرەوە کە هەر لە منالّی تاکەکانیەوە تا مردنیان بە ئایەتە قورئانیەکان پێشوازیان لێدەکرێت و هەر بەو ئایەتانەش ماڵئاوایان لێدەکرێت.

لە نێوان هاتنە دونیا و گۆڕستانایشدا، کردەی سۆسیالیزاسیۆن- بەکۆمەڵایەتیکردنیان، واتە دروستکردنیان وەک کائینی کۆمەڵایەتی، کردەیەکی تەواو ئاینیە و لە سەر بنەما سەرەکیەکانی ئاین خۆی بینادەکات. لێرەوە ئەم گوتارە دەبێت بە باشترین گوزارشتی یەکێتی لە مێژوی سۆسیالیزاسیۆنی هەموو ئەو ئەندامانەی کە لە پاریس و لیۆن و مارسیلیاوە دانەبەزیونەتە کوردوستان، بەڵکو منالّە شەرعیەکانی خودی کۆمەڵگەی کوردین و لە قوڵای ئەو ستراکتۆرە ئاینیانەوە هاتوونەتە دەرەوە.

تێبینی : ئەوەی لەم وتارەدا زۆر بە قورسی بەر هەستی سۆسیۆلۆژیمان دەکەوێت ئامادە نەبوونی پێناسەی جەنگە لەگەڵ ئەنساری ئیسلامدا:

- ئەنسار کێیە ؟
- بۆ ئەم ئەکتەرە گەورەیەی یەکێتیان تێرۆرکرد ؟
- ئەم جەنگەی دژی ئەنسار دەکرێت چ جۆرە جەنگێکە ؟
- جەنگە دژی تێرۆریسم یان زەبروزەنگی نێوان دوو لایەنی سیاسیە؟

لەم وتارەدا کە ٣٩٤ وشەیە تەنها بۆ یەکجاریش ناوی تێرۆریسم نەهێنراوە، بەپێچەوانەوە چوار جار ناوی خوا و سێ جار ناوی ئیسلام و حەوت جار ناوی شەوکەت و دوو جار ناوی یەکێتی و دوو جار ناوی کوردوستان هێنراوە. بێگومان ئەم ساتە ڕەنگە یەکێک بێت لە ساتە هەرە باشەکان بۆ ئەوەی جێگری یەکێتی نیشتمانی کوردوستان جەماوەری ئامادەبوو تێبگەیەنێت لەوەی کە جەنگی نێوان یەکێتی و ئەنسار جەنگە دژ بە تێرۆریسمێک کە هەڕەشە لە هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی دەکات:

بەڵام ئایا بۆ جێگری سکرتێری گشتی ئەم کارە ناکات؟

لێرەدا ئێمە چەند گریمانەیەکمان (هیپۆتێز) لە بەردەستدایە :

یەکەمیان بریتیە لەوەی کە ڕەنگە تا ئەم چرکەیەش، کە تەنها مانگێک و دوانزە ڕۆژی ماوە بۆ پەلاماردانی عێراقی سەدام لە لایەن ئەمەریکاوە، جەنگی خۆی لەگەڵ ئەنساردا بە "**جەنگ دژی تێرۆریسم**" نەزانێت.

دوهەمیان: ڕەنگە یەکێتی گەشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە، بۆ لەناوبردنی ئەنسار، موشەکەکانی ئەمەریکا بەسن.

سێیەمیشیان : ڕەنگە یەکێتی پێی باشبێت، لە بری بەکارهێنانی گوزارشتەکانی وەک کۆمەڵگەی مەدەنی و جەنگ دژی تێرۆریسم و دیمۆکراسی و بەهەشتی کۆمەڵایەتی، گوزارشتە ئاینیەکانی وەک بەهەشتی ئەو دونیا و حەشرو نەشرو جەنگ بەناوی خوداوە بەکار بێنێت.

کۆتا ئەگەریش دەکرێت لە ڕەهەندە سوبژێکتیڤە کەی (زاتی) ئەکتەری قسەکەردا ببینینەوە، واتە ڕەنگە جێگری سکرتێری گشتی وتارەکەی ئامادە نەکردبێت و ئەوەی لەو ساتەدا بە خەیاڵیدا هاتبێت گوتبێتی.

## ٢) *ئەکتەری تێرۆریست*

لە ١٠ فێڤریوەری ٢٠٠٣ دا، یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەک لەسەر تێرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر دەردەکات. ئەوەی جێگای تێبینیە یەککگرتنەوەی زمانی بەڕێز نەوشیراون موستەفای ئەو پەڕی چەپ و مەلاکانی یەکێتی زانایانی ئیسلامیە. ئەو زمانەی کە ئەم مەلا بەڕێزانە پێی دەنوسن و قسەی پێدەکەن هەمان ئەو زمانەیە کە کاک نەوشیروان وەک سیاسیەکی چەپ/عەلمانی/مۆدێرن قسەی پێدەکات. شوناسی ئەنساری ئیسلام لە هەردوو زمانەکەدا یەک چوارچێوەی هەیە و بەیەک سیستەمی بیرکردنەوە بیناکراوە. هەروەها وێنەی شەوکەتی حاجی موشیریش لە نێو هەمان سیستەمی بیرکردنەوەدا دروستکراوە. لێرەوە مزگەوتی مەلاکان و حیزبی سیاسیەکان ئاوێزانی یەکتری دەبن و لە نێو پرۆسێسیوسێکی تەباو پێکەوە گونجاودا شوناسی شتەکان دیاری دەکەن. لەم چرکەیەدا کتێبەکانی مارکس و ئایەتەکانی قورئان ئاشت دەبنەوە.

ئەوەی ئەم بەیننامەیەی یەکێتی زانایین لە گوتارەکەی بەڕێز نەوشیروان موستەفا جیادەکاتەوە، پێناسەی ڕون و ڕاستەوخۆی ئەنسار ی ئیسلامە. بەخشینی کارەکتەری ئاینی بەم جەنگەی نێوان یەکێتی و ئەنسار، لەلایەن یەکێتی زانایانی ئیسلامیەوە، هەروا نابێت بە ئاسانی بەسەرماندا تێپەڕێت، چونکە پڕە لە مانای گرنگ. زانایانی ئیسلامی، لە ڕێگای ئەم بەیاننامەیەوە، هاوکێشەکە لنگاوقوچ دەکەنەوە. ڕاستە، وەک ئەنساری ئیسلام، ئەمانیش دان بەوەدا دەنێن کە ئەوەی لە نێوان ئەنسار و یەکێتیدا ڕوودەدات جەنگێکی ئاینیە، بەڵام تەوا بەپێچەوانەی ئەنسارەوە، زاناکان پێیان وایە ئەوەی پێشەوای موسوڵمانەکانە بەڕێز مامۆستا کرێکار نیە، بەڵکو بەڕێز مام جەلالە، ئەوەی پشتیوانی لە ئیسلام دەکات ئەنساری ئیسلام نیە، بەڵکو یەکێتی نیشتمانیە، ئەوەی ڕاستەوخۆ دەڕوات بۆ بەهەشت تێرۆریستەکانی ئەنسار نین، بەڵکو شەوکەتی حاجی موشیرە. باپێکەوە دەقی بەیاننامەکە بخوێنینەوە[clxvi].

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(ومن يعظم شعائر الله فانها من تقوى القلوب)**

**كۆمەلانی خەلكی كوردستان، زانایانی ئایینی بەرێز؛**

**بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی لەئێوەی بەرێزو سەرجەم موسلمانانی جیهان دەكەین‌و داواكارین لەپەروەردگاری میهرەبان، حەجی حاجیان‌و چاكەی خواناسان بەلوتفی خۆی قبول بفەرمویێت. بەرێزان، بەداخی گرانەوە كە ئەم جەژنەشمان وەك جەژنی رەمەزانی پێشوو بەدەستی خیانەتكاری گروپی دژ بەئیسلام شێوێنراو قوربانی ئەمجارەشمان بەگیانی شەهیدی فەرماندەو پەرلەمانتاری لێهاتوو كاكە شەوكەت‌و هاورێ سەربەرزەكانی تەواوبوو. ئێمە لەكاتێكدا كە سەربەرزین بەشەهیدەكانمانەوە كەگیانی خۆیان لەپێناو ئاشتی‌و ئاشتبوونەوە لەجەژنی قورباندا دەكەنە قوربانی، ئەوەشمان بۆ ساغدەبێتەوە كەدوژمنانی ئاشتی‌و ئازادی ئەزموونی دیموكراسی گەلەكەمان، چاویان بەهیچ خۆشیەكی ئەم گەلەدا هەلنایەت‌و دەیانەوێت هەموو نەخشەی سەركەوتنەكانمان لەرێی غەدرو خیانەتەوە بشێوێنن، كەبێگومان ئەم كردارەشیان لەبەردەم خواو مرۆڤایەتی‌و گەلەكەماندا ریسواتریان دەكات. داواكارین لەپەروەردگار شەهیدانمان بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بكات‌و بكوژان‌و تیرۆریستانیش بەسزای هەردوو دنیا بگەن.**

**والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته**

**م. سكرتاریەتی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی**

**سلێمانی ۲۰۰۳/۲/۱۰**

## ۳) شـووێنـی تێرۆر

ئەو شـوێنـەی كە دەبێتە شـانۆی ڕووداوەكانی ئەو ئێوارە خـەمگینە، سـەرچاوەیەكی گرنگی بەرهەمهێنانی مانایە. شـەوكەتی حاجی موشیر لە بیارەی ئەنساری ئیسلام یان لە تەوێڵەی بزوتنەوەی ئیسلامی یاخود لە خورماڵی كۆمەڵی ئیسلامیدا تێرۆر ناكرێت، بەڵكو لە گامێش تەپەدا كە دەكەوێتە ژێر دەسـەلاتی حكومەتی هەرێم و یەكێتی نیشتمانی كوردوسـتان.

تێرۆركردنی كاك شـەوكەتی حاجی موشـیر لە گامێش تەپەدا، كە یەكێتی بە یەكێك لە ماڵەكانی خۆی دەزانێت، تەنها لەناوبردنی فیزیكی سـەركردەیەك نیە، بەڵكو ناردنی پەیامی تەحەداشـە. واتە لە ڕێگای ئەم پەیامەوە ئەنسار دەیەوێت بە هەموو لایەك بڵێت : گەر پێتان وابێت كە قەسابخانەكەی خێڵی حەمە كارێكی ئاسان بوو بۆ ئێمە، چونكە لە نێو سنورەكانی دەسـەڵاتی بزوتنەوەو كۆمەڵ و

ئەنساردا بووە، ئەوا دڵنیاتان دەکەینەوە کە ئێوە هەڵەن و ئێمە دەتوانین لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتی داو لە نێو ماڵەکانیشیاندا گورزی خۆمان بوەشێنین.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، گروپی ئەنسار ماشینێکی دیکە لە ستراتیژیەتی تێرۆریسمی دەخاتە کار. ئەم ماشینە بریتیە لە چاندنی ترس لە نێو پانتاییە گشتیەکاندا. ترس لە سەر هەموو ئاستەکان، بەشێوەیەک کە هەر هاوڵاتیەک هەست بەوەبکات بۆ هەرکوێیەک بڕوات تارمایی تیرۆریستێکی ئەنسار بەدوایەوەیەتی، هەر هاوڵاتیەک هەست بەوە بکات تێرۆریستێک لە گیانیدا دەژی. تەنها دوو ڕۆژ دوای ڕودادانی ئەو "کۆستە" گەورەیە، وەک بەڕێز نەوشیراون موستەفا دەڵێت، هاوڵاتیەک بەناوی ساڵح موسا، کە شاهیدێکی زیندوی ئەو شانۆگەریە بوو، دیمەنەکان دەگێڕێتەوە. لە نێو ئەم گێڕانەوەیەدا،ئێمە بەوردی ئەو واقیعەی کە ئاماژەمان پێدا تێبینی دەکەین. باپێکەوە گوێ لەم هاوڵاتیە بگرین.

**" دوێنێ ئێوارە (٢/٨) كاك شەوكەتی حاجی مشیر لەگەڵ هەردوو پێشمەرگەی یاوەری كاكە حیكمەتو كاك سەردار هاتنەلامانو من لەخزمەتیاندابووم، دوای هەندێ قسەو باسی كاك شەوكەت لەسەر وەزعی سیاسیو عیراق، كاك شەوكەت فەرمووی حەزدەكەم تۆ ئیسراحەت بكەیتو ئێمە ماڵی خۆمانە، دانیشتنمان لەگەڵ هەندێ میوان دەبێت، وتم بێگومان ماڵی جەنابتەو خۆتان خاوەن ماڵن، من چوومە ژووری ترو لەگەڵ منداڵەكانی خۆمو ئامۆزاكانم بووم، ئەوان (میوانەكانیان)! هاتنو پێكەوەبوون، لەدەوری سەعات ٩,٣٠ی شەو بووەتەقە، لەو تەقانەدا خۆم برینداربوومو سیامەندی كوڕم، كە(١٧ ساڵ) بوو كوژرا. هەروەها فاتمەی خوشكەزام كەبووكیشمەو (٢٦ساڵ) تەمەنی بوو كوژرا لەگەڵ حەسەنی خزمم (٣٠ساڵ). هەروەها كوڕەزایەكم برینداربوو كەتەمەنی (٣ساڵە)، دوو كوڕی تریشم برینداربوون لەگەڵ چەند كەسێكی دیكە لەخزمانو برایان. پاشان كاك ساڵح حەسەن وتی: دیارە ئەم كارە تاوانێكی گەورەیەو خوداو مرۆڤایەتی پێیناخۆشەو بەتایبەت كەكەسێكی وەك كاك شەوكەتی تیا شەهیدبوو، كەپیاوێكی تێكۆشەرو دڵسۆزی میللەتی كورد بووەو خەمخۆری ناوچەكە بووەو پێشمەرگەی دێرینی شۆڕش بووە. هەرگیز كوردەواری ئەوە قبووڵ ناكات لەناو ماڵو منداڵدا تەقەبكرێو بەناهەق خەڵكی شەهیدو بریندار بكرێت.[clxvii]"**

## ٤) دەرهێنانی سینەمایی

پەلامارەکەی گامێش تەپە شانزە مانگ و بیست و یەک ڕۆژ دوای پەلاماردانەکەی ١١ ی سێپتەمبەری نیۆیۆرک و واشنتۆن دێت. واتە ئەو ئەکتەرانەی کە لە ٨ ی فێڤریوەری ٢٠٠٣ دا پەلاماری گامێش تەپە دەدەن، چۆنیەتی فڕاندنی فڕۆکەکان و پەلاماردانی هەردوو بورجەکەی سەنتەری بازەگانی جیهانیان، لەسەر

شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بینیوەو تێگەشتوون لەوەی کارایی ڕەگەزی ئیستیتیک لە هەر پەلامارێکی تێرۆریستیدا چەند گرنگە.

بۆ تێرۆریستانی میدیاتیک، بەتەنها تێرۆرکردن کەسێک یان چەند کەسێک گرنگ نیە، بەڵکو چۆنیەتی دەرهێنانی سینەمایی ئەو تێرۆرکردنە و نمایشکردنی فیلمەکەش تەواو گرنگە. ئەم نمایشکردنە وەک چۆن دەکرێت لە ڕێگای شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ئەنجام بدرێت (١١ ی سێپتەمبەر)، ئاواش دەکرێت لە ڕێگای گێرانەوەی ڕۆژنامەکانەوە ئەنجام بدرێت (گامێش تەپە). پێموایە بەراوردکردنێکی دەرهێنانی سینەمایی فیلمەکەی ١١ ی سێپتەمبەر و فیلمەکەی ٢ ی فێڤریوەری ڕێگامان دەدات باشتر لە ئامادەی و لە کارای و هەروەها لە جیاوازی ئەم کاتیگۆریە لە تێرۆریسم تێبگەین.

دیمەنی ١

ئێوارەی ٨ ی فێڤریوەری ٢٠٠٣، شەوکەتی حاجی موشیر و پاسەوانەکانی دەگەنە گوندی گامێش تەپە و ڕاستەوخۆ دەڕۆنە ماڵی ساڵح حەسەن موسا (٥٤ ساڵ). خاوەن ماڵ و میوانەکانی بەدەم چاخواردنەوە باس لە سیاسەت و جەنگی ئازادی عێراق و ڕوداوەکانی ناوچەکە دەکەن.

دیمەنی ٢

لە هەمان ئێوارەدا بەڕێوبەری ئاسایشی هەڵەبجە و بەڕێوبەری ئاسایشی سیروان و لێپرسراوێکی فەرماندەیی بە ژمارەیەک پێشمەرگەو کاروانێک ئۆتۆمۆبیلەوە، لەهەڵەبجەوە بەرەو گامێش تەپە دەکەونە ڕێ.

دیمەنی ٣

لەسەر ڕێگای زەڵم-خورماڵ ئۆتۆمۆبیلێکی جۆری شلەخەجێ بە سێ سەرنشینەوە لە کاروانەکە جیادەبنەوەو بەرەوە خورمال بەڕێدەکەون. ئەو سێ سەرنشینە سێ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانە. دەبێت بڕۆن بۆ خورماڵ بۆ ئەوەی وەک بارمتە لەوێ بمێننەوە.

دیمەنی ٤

پاش چا خواردنەوە شەوکەتی حاجی موشیر داوا دەکات لە ساڵح حەسەن موسای خاوەن ماڵ بەرنامەی خۆی تێک نەدات و دەتوانێت ئیش و کاری خۆی بکات و ئەمان چەند میوانێکیان دێت و لەم ژورەدا پێشوازیان لێدەکات. خاوەن ماڵیش پێی دەڵێت ماڵ ماڵی خۆتە و ژورەکەی بۆ بەجێدەهێڵێت.

دیمەنی ٥

پاش ماوەیەکی کەم سێ سەرنشینەکە بە شلەخەجێکەیانەوە دەگەنە خورماڵ و لەلایەن گروپێک لە ئەندامانی ئەنسارەوە پێشوازیان لێدەکرێت. تائێستاش هیچ جۆرە زانیاریەکمان لەبەردەستدا نیە سەبارەت بە چۆنیەتی پێشوازیکردن لێیان. لێرەوە ماشینی خەیاڵدانی خوێنەر دەکەوێتە کارو بۆ خۆی چەندین وێنەی ئەم پێشوازیلێکردنە دروستدەکات.

دیمەنی ٦

بەهەمان ئۆتۆمۆبیل سێ ئەندامی ئەنساری ئیسلام لە خورماڵەوە بەرەو گامێش تەپە و بەهەمان ڕێگادا بەڕێدەکەون.

دیمەنی ٧

پێش کاتژمێر ٩ ی ئێوارە کاروانی ئۆتۆمۆبیلەکانی هەڵەبجە و سیروان دەگەنە گوندی گامێش تەپە و لەلایەن شەوکەتی حاجی موشیرەوە پێشوازیان لێدەکرێت.

دیمەنی ٨

کەمێک دواتر، سێ ئەندامەکەی ئەنسار بەشلەخەجێکەی یەکێتیەوە دەگەنە گامێش تەپە و لەلایەن کاک شەوکەتەوە بەگەرمی پێشوازیان لێدەکرێت و ڕاستەوخۆ کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو لادا دەسپێدەکات. سێ ئەنسار بەرامبەر سێ ەئندامی یەکێتی، شەوکەتی حاجی موشیر، حیکمەتی حاجی عوسمان و سەردار غەفور.

دیمەنی ٩

بابەتی کۆبوونەوەکە بریتیە لەوەی کە ئەو چەند ئەندامە دەیانەوێت واز لە گروپی ئەنساری ئیسلام بێنن و بگەڕێنەوە نێو کەس و کاری خۆیان. دانوستانەکە لەسەر چۆنیەتی وازهێنان و ئەرکی ئەمان بەرامبەر بە یەکێتی نیشتمانی و ئەرکی یەکێتیش بەرامبەر بەمان چیە و چۆنە.

دیمەنی ١٠

پاش یەک کاتژمێری تەواو لە گوفتوگۆ، لە ژورەوە تەقە دەسپێدەکات و چەکدارەکانی ئەنسار زەفەر بە هەر سێ نوێنەرەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دەبەن و هەر لە ژورەوەدا دەیان کوژن. پاشان بۆ خۆ دەربازکردنیان دەستڕێژ دەکەن بە چەپ و ڕاستدا. دەرەنجام خاوەن ماڵ برینداردەکەن و سیامەندی کوڕی (١٧ ساڵ) و فاتمەی بوکی (٢٦ ساڵ) و حەسەنی خزمی (٣٠ ساڵ) دەکوژن هەروەها کوڕەزاکەشی کە تەمەنی ٣ ساڵە لەگەڵ چەندین کەسی دیکەی گوندەکەداو چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار دەبن. چەکدارەکانی ئەنساریش بێ گرفت هەڵدێن و دەگەنەوە بارەگاکانی خۆیان.

دیمەنی ١١

ڕۆژی داهاتوو، ڕادیۆی ئەنساری ئیسلام لە بیارە، ئەم هەواڵە وەک یەکێک لە چالاکیەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوەو بە سەرکەوتنێکی دیکەی خۆیانی لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانی دا لەقەڵەم دەدەن. (بەداخەوە دەقی ئەو هەواڵەمان لە بەردەستدا نیە).

دیمەنی ١٢

هەر لەهەمان ئێوارەدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دێتە دەنگ و هەواڵی تیرۆرکردنی کاک شەوکەت و هاورێکانی بە ڕەسمی دەدات بە

دەزگاكانی ڕاگەیاندن. ئەمەش دەقی ئەو بەیانەیە كە لە كوردوستانی نوێ-ی ڕۆژی ٩ فێڤریوەری ٢٠٠٣ دا بڵاوبووەتەوە :

> ***بـەداخ و كەسـەرێكی زۆرەوە ڕایـەگەیـەنین كەئـەمڕۆ ئێـوارە ٢٠٠٣/٢/٨ بـەپیلانێكی نامەردانـەی تاقمـە دۆڕاوو ڕسـوابووەكەی ئەنـصار الاسـلام پێـشمەرگەو كـادرو فەرمانـدەو سەركردەی ماندوونەناسی گەلەكەمان و ئەنـدامی ئەنجومـەنی نیشتمانیی كوردستان كاكـە شەوكەتی حاجی مشیر لەگوندی گامێش تەپەی شارەزووردا شەهیدبوو. شەهید شەوكەت كە*** **پەرۆشـی ئاسـایش و ئاشـتی و ئـاوەدانی ناوچـەكانی هەڵەبجـەو هـەورامان و شـارەزوور بـوو، هەمیـشە لەهـەوڵی ئـەوەدابوو كـە ئـەو هەڵخەڵـەتاوو كاڵفامانـە بهێنێتـەوە سـەرڕێی ڕاست كەبەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە فریودراون، لەو ڕێگەیەشدا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی جۆرەها مەترسی بووە، هەر بەو بڕوایەوە ئەمڕۆ ئێوارە ٢٠٠٣/٢/٨ بۆ دیتنی چـەند كەسـێك لەچەكدارانی تاقمی تیرۆریـستی ئەنـسارو لئیـسلام كـەوایان ڕاسـپاردبوو كەدەیانـەوێ لـەڕێی شەهید شەوكەتی حاجی مشیرەوە ڕیزی تیرۆریستان جێبهێڵن و بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، بۆیە شەهید لەگوندی گامێش تەپەی شارەزووردا و لەماڵی جووتیارێكی ئەو گوندەدا مەوعدیان بۆ دیاری دەكات و بەهاوڕێیەتی تەنیا دوو سێ هـەڤاڵی پێـشمەرگە دەچێتەلایان، بەڵام گیانی بۆگەنبووی ئەو دڵڕەشانە لەبەرامبەر گیانی مرۆڤدۆستانەو ئاشتیخوازانەی كاكە شەوكەت-دا پڕاوپڕ بوو لەڕق و كینە بەرامبەر ژیـان و ئاشـتی و دۆسـتایەتی و بـەڵێن، پڕاوپـڕ لەنامـەردی و دووڕوویـی لەگـەڵ خـەڵك و خـوا، لـەبری تەوقـەی بەڵێنـداری و لـەجیاتی سوپاسگوزاریی كاكە شەوكەت و ئەندامانی ئەو خێزانە جووتیـارەی گـامێش تەپـەدا كەوتنـە تەقەكردن لەكاكە شەوكەت و هەڤاڵەكانی لـەژن و منـداڵی ئـەو ماڵـە جووتیـارەی شـارەزوورو هـەڤاڵ شـەوكەت و دوو هـەڤاڵی یـاوەری هـەڤاڵان (حیكمـەتی حـاجی عوسمـان و سـەردار غـەفوور) و ژمارەیـەك لـەژن و منـداڵی ماڵەكـە شـەهید دەكـەن و ژمارەیـەكیش لەئەنـدامانی خێزانەكەو هاوسێكانیان بریندار دەكەن.**

بێگومان ئەم فیلمە لەلایەن نوسەری دەقە سینەماییەكانی هۆلیۆدەوە نەنوسراوەو لەلایەن دەرهێنەرە سینەمایەكانیەوە دەرنەهێنراوەو ئەو ئەكتەرانەش ڕۆڵی تیادا دەبینن ئەكتەرە بەناوبانگەكانی نین. بەڵكو لە نوسین و دەرهێنان و نواندنی ئەنساری ئیسلامە. دیمەنەكانی ئەم فیلمە لە جیهانی خەیالی سیناریستەكانەوە نەهاتوەتە دەرەوەو ئەو خوێنەی كە ڕژاوتە سەر خاكی گامێش تەپە خوێنی دەستكرد نیە و كوژراوەكانیش مردوی خەیاڵی نین. ئەو خوێنەی كە ڕژاوە هەر بەڕاستی خوێنی مرۆڤەكانە و كوژراوەكانیش مردوی ڕاستەقینەن و بۆ هەتا هەتایە ڕۆشتن و ناگەڕێنەوە لامان.

نووسەرو دەرهێنەرو ئەكتەرەكانی ئەم فیلمە تەواو وشیارن بەوەی كە، لەڕێگای ڕۆژنامەكانەوە، یەك بەیەكی ئەم دیمەنانە دەگوێزرێتەوەو خەیاڵدانی

خوێنەران پڕ دەکەن لە زەبروزەنگ و دەبنە بەدیلێکی گرنگی فیلمەکانی هۆلیۆدیش. ئەم زەبروزەنگە، لەگەڵ هەموو ئەو ترسناکی و بەربەریەتەشدا کە هەڵیگرتووە، لەسەر ئاستی ئیستێتیک دەزگای خەیاڵدانی هەر خوێنەرێک دەهەژێنێت:

لەو شاخەوە، لەو دوری دورەوە، سێ چەکدار، بە ئۆتۆمۆبیلێکی یەکێتی دادەبەزن و لە ناوچەکانی یەکێتیدا چەند ئەندامێکی یەکێتی دەکوژن و پاشان هەڵدێن و لە بەرچاو وندەبن.

لێرەوە خەیاڵدانی کوردی، کە پڕە لە وێنەی غەیب و ئاسمان و فریشتە و جنۆکە و هێزە نەبینراوەکان، چەندین حیکایەتی جۆراوجۆر بۆ دەربازبوون و سەلامەتی ئەم سێ چەکدارەی ئەنسار دروست دەکات. یەکێک لەو حیکایەتانە پێمان دەڵێت : " ئەم سێ (خواناس و ئیماندارە) دوای ئەوەی کە (دوژمنێکی ئیسلامیان ) کوشت، خوا فریشتەکانی خۆی بۆ ناردنە خوارەوە بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات و ڕزگاریان بکات و بیان گەیەنێتەوە شوێنی خۆیان."[clxviii]

ئەم کولتورە، کولتوری بیناکراو لەسەر لەزەت وەرگرتن لە زەبروزەنگ، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ژیانی تاکەکان لە نێو چوارچێوەکانی کۆمەڵگەیەکدا. لەم کولتورەدا ئیتر وێنەی مەسیح بە خاچەوەو وێنەی بورجە ڕوخاوەکانی ١١ ی سێپتەمبەر و وێنەی خوێنی ڕژاوی شەوکەتی حاجی موشیر نۆرمالیزە دەکات و وەک مۆدێلێک بۆ تامکردنێکی دیکە تەماشای دەکات.

لە ١٢ دێسەمبەری ١٩٦٣ دا، خوێنەرێکی ڕۆژنامەی نێویۆرک تایمز ، لە نامەیەکیدا کە لەسەر تیرۆرکردنی سەرۆک کەنەدی نوسیەوەو لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوبوەتەوە دەڵێت :

> **" ئەو مێتۆدەی کە سەرۆک کەنەدی پێ تیرۆرکراوە، هەمان ئەو مێتۆدەیە کە تەلەفزیۆنەکان لەڕێگای بەرنامە جۆراوجۆرەکانیەوە فێرمان دەکات. ئەم تیرۆرکردنە یەکێکە لە بەرهەمی هەموو ئەو ڕۆحانەی کە لەلایەن تەلەفزیۆنەوە پەروەردەکراون و فێرکراون بەم شێوەیە لەگەڵ بەرامبەرە سیاسیەکانیاندا مامەڵە بکەن."[clxix]**

ڕاستە، پەلامارەکەی گامێش تەپە وەک پەلامارەکەی ١١ ی سێپتەمبەر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە کانەوە نە گوێزرایە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە لە کوردوستانی ٢٠٠٣ دا، لاپەڕەی یەکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی هەمان ڕۆڵی CNN و ئەلجەزیرەی دەبینی بۆ کوردەکان. ئەو شتانەی لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە ڕەسمیەکان نە دەگوتران لە هاوڵاتی دا دەبوون بە مانشێتی لاپەڕەی یەک. بێگومان ئەمەش هۆکارێکی گرنگی هەموو ئەو ڕەخنانەیە کە لەو ماوەیەداو تائێستاش ڕوبەڕوی ئەم ڕۆژنامەیە دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی یەکێک لە سەرنووسەرەکانی ناچاربکرێت بە وازهێنان لە پۆستەکەی. لە هەمان سەردەمی تیرۆرکردنی کەنەدی دا، دەسەڵات دارانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە توندی ڕەخنە لە میدیا دەگرن و دەڵێن:

هەروەک چۆن میدیا کارایی دادەنێت بەسەر بازاڕی کڕین و فرۆشتن و چۆنیەتی هەڵبژاردنی کاڵاکانەوە، ئاواش کارایی دادەنێت بەسەر بەرهەمهێنانی

بازاڕی زەبروزەنگەوە. واتە میدیا نەک هەر کاڵا، بەڵکو بازاڕی زەبروزەنگیش دروستدەکات. ئەم ڕەخنەیە زیاتر ئاڕاستەی ئەو میدیایانە دەکرا کە لەلایەن دەزگا ئەهلیەکان و لۆژیکی بازاڕی ئازادەوە بەڕێوەدەبران. بێگومان ئەمە هەمان ئەو چوارچێوەیەیە کە ڕۆژنامەیەکی وەک هاوڵاتی تیادا دروست دەبێت. واتە چوارچێوەی کارکردنی هاوڵاتی وەک ڕۆژنامەیەکی ئازاد تەواو ملەکەچە بە کێبەرکێ و سنجوقێنی بازاڕی ئازادو ئەو شتەی کە سنوری بۆ دیاریدەکات لۆژیکی بەرژەوەندیەکانە نەک ئایدۆلۆژیا و حیزب و بنەما مۆراڵگەراکان.

*٥) زەمەنی تێرۆر*

ئەگەر پەلامارەکەی گامێش تەپە و تێرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر و هاوڕێکانی لە ٨ فێڤریوەری ٢٠٠٣ دا نەبوایە و لە زەمەنێکی دیکەدا بوایە، بۆ نموونە لە ٨ فێڤروەری ٢٠٠٠ یان ١٩٩٩ دا بوایە، وەک ئێستا دەبوو بە ڕوداوێکی مەزنی بیناکاری شوناسی ئەنساری ئیسلام وەک گروپێکی تێرۆریست ؟

ئایا وەک ئێستا وتەبێژی ڕەسمی کۆشکی سپی دەهاتە دەنگ و بایەکۆتی دەکرد و شەوکەتی حاجی موشیری بە ژەنەراڵ ناودەبردو وەک یەکێک لە پاڵەوانەکانی جەنگی ڕزگاری عێراقی باس دەکرد ؟

بێگومان نەخێر. ئێمە پێمانوایە یەکێک (نەک هەموو) لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ئەم ڕوداوە بۆ ئاستی مەزن، ڕاستەوخۆ لکاوە بە مێژوی پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و عێراقەوە. ئەم پەیوەندیە بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوەو هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندیەت (*پارتیکولارایسم*) ی خۆی هەیە و پلەی ئەو پەیوەندیە بە پێی جۆری تایبەتمەندیەتی قۆناغەکە لە بەرزبوونەوەو دابەزیندا بووە. بەڵام لە ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ وە ئیتر ئەم پەیوەندیە ئیتر لە دابەزین و بەرزبوونەوەدا نابێت، چونکە ئەوەی دەگۆڕێت پلەی پەیوەندیەکە نیە، بەڵکو سروشتی پەیوەندیەکەیە.

لە ١٦ نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاردەدات کە عێراق ناچاربکات بە قبوڵکردنی گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنینی چەکە کۆ کوژەکان. هەر لەم مانگەوە بەر پرسە گەورەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەست دەکەن بە پەلاماردانی سەدام حوسەین. ئەم پەلاماردانەش لە سەر دوو ئاست خۆی مانیفێست دەکات :

ئاستی پەرەپێدان و بیناکردنەوەی چەکە کۆ کوژەکان و ئاستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گروپی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن دا. لێرەوە گروپی جند الاسلام کە دواتر دەبێت بە ئەنساری ئیسلام وەک نوێنەری ئوسامە بن لادن و تالیبانی کوردوستان دەخرێنە سەر شانۆی سیاسی جیهانی. CAI و دەزگای زانیاری یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و دەزگای پاراستنی پارتی دیمۆکراتی کوردوستان و هەموو مەکتەبەکانی ئەنتی تێرۆریسمی هاوپەیمان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، هەوڵدەدان تۆڕەکانی پەیوەندی نێوان عێراقی سەدام و بیارەی ئەنساری ئیسلام بدۆزنەوە.

لێرەوە هەموو جوڵانەوەکانی گروپی ئەنسار دەخرێتە ژێر چاودێری وردەوە. هەر لە ڕاگەیاندنی جەنگەوە دژ بە حیزبە عەلمانیەکانی کوردستان تا ئەو کاتەی کە دامەزرێنەری ئەنسار لە لاپەڕەی یەکی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا دەڵێت " ئوسامە بن

لادن تاجی سەری ئومەتی ئیسلامیە" وەک بەڵگە کۆدەکرێنەوە. بۆ دروستکردنی ئەم وێنەیەی ئەنسارو خستنە سەر شانۆی سیاسی جیهانی وەک گروپێکی تێرۆریست دوو ڕەگەز بەشداری گرنگ دەکەن :

یەکەم گەڕانەوەی بەشێکی زۆر لە جیهادیستەکانی ئەنسار لە ئەفغانستان و هێنانی سەدان جیهادیستی میسری و سعودی و ئەردەنی و یەمەنی و سودانی و لوبنانی و سوری و هتد لەگەڵ خۆیاندا. لە پاش کۆتایی هاتن بە ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان، ئیتر ئەم جیهادیستە جیهانیانە پۆل پۆل ڕویانکردە بیارەو شاخەکانی هەورامانیان کرد بە بارەگاو بنەکەی نوێیان. زەرقاویش، کە دواتر دەبێت بە یەکێک لە تێرۆریستە هەرە گەورەکانی مێژوی تێرۆریسم، لە نێو ئەم جیهادیستانەدا بوو.

دووەمیش بریتیە لە ڕاگەیاندنی جەنگ لە لایەن ئەنسارو جیهادیستە جیهانیەکانی بیارەوە دژە بە حیزبە عەلمانیەکانی کوردسان. ئەم جەنگە تەواو جیاوازبوو لەهەموو جەنگەکانی دیکەی نێوان ئیسلامیەکانی کوردوستان و یەکێتی نیشتمانی کوردوستان. هاوکێشەکە تەواو گۆڕابوو، ئەنساری ئیسلام تیکنیکی نوێی بەکار دەهێنا، ئەو تیکنیکانە مێژویەکی دیکەی جەنگیان لەو ناوچەیەدا دروست کرد، مێژویەکی مۆدێرنی نائاسایی بە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو لا. لەم مێژوەداو بەهاوکاری جیهادیستە جیهانیەکانی بیارە، کردەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە دژ بە هێزی پێشمەرگە و بارەگای حیزبە عەلمانیەکان دەستی پێکرد. هەر لەم مێژوە مۆدێرنەدا قەسابخانەکەی خێڵی حەمە دروستکرا، گۆڕی شێخەکانی هەورامان هەڵدرایەوە، بە ڕۆژی نیوەڕۆو لە نێو دڵی سلێمانی دا پەلاماری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان درا. هەروەها لە نێو ئەم مێژوەداو بۆ یەکەم جار لە چەندین بەرەوە گورپی ئەنسار پەلاماری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دا.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کۆشکی سپیش، بۆ پەلاماردانی عێراقی سەدام حوسەین، بەدوای کۆکردنەوەی زۆرترین پاساو (ژوستیفیکاسیۆن) دا دەگەڕا. لێرەوە ئامادەیی ئەو سەدان جیهادیستە جیهانیانە لە بیارەو ئەو هەموو جەنگەی ئەنسار دژ بە حیزبە عەلمانیەکان و ئامادەیی هەموو میدیاکانی جیهان لەو ناوچەیەدا، یەکێک بوو لە باشترین مەیدانەکانی گەڕان بەدوای پەیوەندی سەدام حوسەین بە گروپە تێرۆریستەکانەوە.

ئایا بەڕاستی سەدام پەیوەندی هەبوو بە گروپی ئەنساری ئیسلام و جیهادیستە عەرەبەکانی بیارەوە ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی تەواو ئاڵۆزە. لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی. سەرەتا هەمووما دەزانین کە ڕژێمێکی بەعس لەسەر بنەمایەکی نائاینی دروست بووەو خۆی بە یەکەم ئەکتەری لایسیتێ لە جیهانی عەرەبیدا دەزانێت. لێرەوە پەیوەندی دامەزراند لەگەڵ گروپە ئاینیەکاندا، بەمەبەستی گەشەپێدان و سەرئاوخستن و گەورەکردن و بەهێزکردنیان، ناچێتە نێو چوارچێوەکانیەوە.

لەهەمانکاتدا، ئەم ڕژێمە کۆمەڵێک دوژمنی لەسەر ئاستی ناوخۆو ناوچەکە و جیهان بۆخۆی دروستکردوە. بەشێکی ئەم دوژمنانە لەهەمانکاتدا دوژمنی

ئەلقاعیدەو ئەنساری ئیسلامن. دەکرێت لێرەوە بەعس و ئەو گروپانە پانتاییەک بۆ کارکردنی هاوبەش بدۆزنەوە.

هەروەها پانتاییەکی دیکەش هەیە کە دەکرێت بە جاسوسیکردن ناوی بەرین. لە ئێستادا هەموو دەوڵەتانی جیهان بەدوای کۆکردنەی زانیاریدا دەگەڕێن لەسەر ئەم گروپانە، هیچ موعجیزە نیە گەر دەزگای موخابەراتی بەعسیش، بۆ گەشتن بەم ئامانجە، چەندین ئەندامی خۆی ناردبێتە نێو ئەم گروپانەوە.

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین یەکێک لە چاوپێکەوتنە تایبەتەکانی خۆمان بڵاوبکەینەوە کە پەیوەندی بەم مەیدانەوە هەیە. ئەم چاوپێکەوتنە لە یەکێک لە زیندانەکانی ئاسایشی کوردوستانداو لەگەڵ یەکێک لەو ئەفسەرانەی موخابەراتی عێراقیدا کراوە کە لە ١٩٩٧ وە هاتوەتە ناوچەی سلێمانی و پەیوەندی بەڕیزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی و پاشان جوندی ئیسلام و دواتر ئەنساری ئیسلامەوە کردوەو بەدرێژایی ئەو ساڵانە زانیاری لەسەر ئەم گروپانە کۆکردوەتەوەو ناردویەتی بۆ دەزگای موخابەرات.

- *بەڕێزت لە کوێ لە دایکبوویت ؟*

لە موسڵ، ساڵی ١٩٧٢ لە ڕەبیعە.

- *باوکت کاری چی بوو؟*

باوکم کاسب بوو.

- *ئەی دایکت ؟*

وەڵا دایکم ژنی ماڵەوەیە

- *ئەی خوشک و براکانت ؟*

هەمویان خویندکاری زانکۆ بوون.

- *خویندەواریت هەیە ؟*

بەڵێ پەیمانگام تەواو کردوەو سەرەتایشم هەر لە ڕەبیعە خویندوە.

- *مامۆستاکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکردی؟*

باشبوون، خراپ نەبوون.

- *بە منالی باوک و دایکت لێیان داویت ؟*

بەڵێ، لەسەر خوێندن لێیان دەدام، بەتایبەتی کاتی تاقیکردنەوەکان بۆ ئەوەی باشتر خۆم ئامادە بکەم.

- *کەی پەیوەندیت کرد بە حیزبی بەعسەوە ؟*

ڕاستیەکەی من وەختی خۆی لەگەڵ حسین کامیل بووم، لەگەڵ ئەو کارم دەکرد. ئەو پەیوەندی باش نەبوو لەگەڵ عودەی. گرفتی خێزانیان هەبوو، دوایی عێراقی بەجێهێشت و ڕۆشت بۆ ئوردون و لەگەڵ مەلیک حوسەین دا دەرکەوت. پاشان سەدام بریاری لێخۆشبوونی بۆدەرکرد، بەڵام کاتێک هاتەوە، سەدام

کوشتی. پاشان ساڵی ١٩٩٦ پەیوەندیم کرد بە دەزگای موخابەراتەوەو دەورەیەکم بۆ کرایەوەو لە دەورەکەدا سەرکەوتوبوم و ئیتر بوم بە ئەندامی دەزگای موخابەرات (مەبەست موخابەراتی ڕژێمی سەدام حوسەینە). من کە دامەزرام، میحوەری کارکردنمیان دیاریکرد، میحوری من ناوچەی سلێمانی بوو.

- *کەواتە هاتیت بۆ سلێمانی ؟*

بەڵێ، چونکە ئەرکی من لێرە بوو، هاتم بۆ ناوچەی سلێمانی.

- *لەسەر چ حیزبێک زیاتر کارت دەکرد ؟ دەبو پەیوەندی بە کێوە بکەیت ؟*

ئەرکی من پەیوەندی کردن بو بە بزوتنەوەی ئیسلامیەوە، من لەسەر ئەوان کارم دەکرد، بۆیە پەیوەندیم بەوانەوە کرد. تاساڵی ٢٠٠١ من لەگەڵ بزوتنەوەو لەسەر بزوتنەوە کارم دەکرد. پاشان لە بەغدادەوە پەیوەندیم پێوەکراو گوتیان بزوتنەوە بەجێبێڵەو پەیوەندی بکە بە جوندی ئیسلامەوەو لە ئیدارەکردنی جەنگەکاندا یارمەتیان بدەو هەرشتێکتان پێویستبوو پەیوەندیمان پێوە بکەن.

- *باشە چۆن وا بە ئاسانی دەزگای موخابەراتی سەدام حوسەین متمانەی پێکردیت؟*

لەبەر ئەوەی خزم و کەس و کارێکی زۆرم لەو دەزگایەدا کاریان دەکرد و لەڕێگای ئەوانەوە کاریش بۆ من ئاسان بوو.

- *باشە بۆ پەیوەندی کردن بە حیزبێکی ئیسلامیەوە تۆ دەبێت ئیسلام پراکتیک بکەیت، چۆن ئەم کارەت دەکرد ؟*

من پێش ئەوەی بگەمە سلێمانی، لە دەزگای موخابەرات فێری هەموو شتێکیان کردم، هەر لە قورئان خوێندن و تەجویدەوە تا هەمووی، پاشان بۆ کەسێک کە بە عەرەبی قسە بکات ئەوە کارێکی گران نیە؟ دواتر ئیشی من قورئان خوێندن نەبوو، بەڵکو کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بوو لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامی و دواتر جوندی ئیسلام. ئێمە سێ کەس بووین چوینە ناو جوندی ئیسلام، عەقیدێک و نەقیبێک و مولازمێکیش کە من بووم، هەر سیانمان لە ناو جوندی ئیسلامدا کارمان دەکرد. من دوای ئەوەی نەوەد لە سەدی ئەرکەکەم بە جوانی ئەنجامدا لە ناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا، ئیتر بە مەرسومێک پلەم بەرزکرایەوەو بووم بە مولازم و پارەچەیەک زوی و ئۆتۆمۆبیلێکیشیان پێدام. من کاتێک لەگەڵ حسەین کامیل دا بووم دەیان دەورەم بینیبوو، کاتیک گەشتمە موخابەرات کەسێکی ئامادەبووم، زۆر بەدەستمەوە ماندو نەبوون، بە پێچەوانەوە هەموو قۆناغەکانم بەخێرایی بڕی و سەکەوتوبوم.

- *بە درێژایی ئەم ساڵانە لەسەر بزوتنەوەو ئەنساری ئیسلام کارت کردوە، چۆن ئەو حیزبانە هەڵدەسەنگێنیت ؟*

ئەنساری ئیسلام زیاتر لە بزوتنەوە تەتەروفیان کردوە. ئەنسار زۆر بە توندی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی دەسەپێنێت. بەڵام بزووتنەوە کەمێک باشترە، دەڵێت کاتێک دەسەڵاتمان هەبوو، جێبەجێیان دەکەین.

- *چۆن ئەنساری ئیسلام داهاتوی عێراق و کوردستانیان دەبینی ؟ ئەگەر دەسەڵاتیان بگرتایەتە دەست چۆن مامەڵەیان دەکرد ؟*

ڕاستیەکەی ئەوە ئیشی من نەبوو، من داوای ئەوەیان لێنەکردبووم، کاری من کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر ئەو گروپانە و هیچی تر.

- *باشە تۆ وەک خۆت چ کەڵکێکت لەم کارە ترسناکە وەردەگرت، ئەم کارەت بۆ دەکرد؟*

ڕاستیەکەی کاتێک کەسێک بۆ موخابەرات کار دەکات، نابێت بیر لەو شتانە بکاتەوە، ئەرکی من جێبەجێکردنە. من پێمگوترا ڕۆ ناو بزووتنەوە، دەڕۆم، وتیان ڕۆ ناو ئەنسار دەڕۆم، وتیان زانیاریمان بۆ کۆبکەرەوە، کۆی دەکەمەوە، وتیان کاتێک پێیانزانیت یەکسەر خۆتبکوژە، من ئامادەبوم خۆم بکوژم. من ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ دەکەم.

- *هەرگزی بیرت لەوە نەکردبوەوە ڕۆژێک سەرهەڵبگریت و واز لەو کارەبێنیت؟ هەرگیز گومانت لەسەر باشی و خراپی کارەکەت بۆ دروست نەبوو بوو؟*

نەخێر، من بەتەواوی قەناعەتەوە کاری خۆم دەکرد. ئەگەر قەناعەتت بە کارەکەت نەبێت سەرکەوتونابیت. من کارم بۆ ئیسلامیەکان نەدەکرد، پروام بە مەنهەجی ئەوان نیە، من کارم لەسەر ئەوان و بۆ موخابەراتی عێراقی دەکرد.

- *چۆن بیر لە شیعە دەکەیتەوە؟*

وەڵاهی شیعە بێ ئەخلاقن (پێکەنین). ئەوان نایەن یارمەتی وڵاتی خۆیان بدەن، بەڵام یارمەتی ئێران دەدەن. ئاخر ئەمە بۆ ؟ بۆ وادەکەن. مەگەر ئەوان عێراقی نین؟

- *ئێوە وەکو موخابەراتی بەعس ئەو کاتە پەیوەندیتان چۆن بوو لەگەڵ ئەلقاعیدە و ئەنساری ئیسلامدا؟ یارمەتیتان دەدان؟*

ئەی چۆن، قاعیدە تەنانەت لە بەغداد یش بارەگایان هەبوو، بەڵام بە نهێنی، ئێمە پەیوەندی بەردەواممان هەبوو.

- *ئەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان؟*

نا بابە، یەکگرتوو فەقیرە، هەر قەڵەمی هەیە، هیچی نیە، بەکەڵکی ئێمە نەدەهات، ئێمە حیزبی ئیسلامی چەکدارمان پێویستبوو. یەکگرتوو سەر بە ئیخوانی جیهانین، بەکەڵکی ئێمە نەدەهاتن.

- *تۆ پیاوێکی خوێنەواریت، پەیمانگات تەواو کردوە، چۆن بیر لە دیموکراسی دەکەیتەوە؟ ئایا عێراق دەکرێت دیموکراسی بێت؟*

من پێموایە دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمێک زەحمەتە، کۆمەڵگەکانی ئێمە لەسەر پەیوەندی عەشائیری و ئاینی دامەزراون.

- *چۆن بیر لە بەکارهێنانی چەک دەکەیتەوە؟*

گەر چەکت بوو هەیت، ئەگەر چەکیشت نەبوو ناتوانی بونت هەبێت. ئەوە لەهەموو جیهاندا هەروایە. ئەگەر سەدام حوسەین چەکی نەبوایە نەیدەتوانی یەک ڕۆژ شەڕ لەگەڵ ئێران دا بکات.

- *تۆ ژنت هێناوە؟*

بەڵێ خێزانم هەیە. ژنەکەم کوردە، هەورامیە، خەڵکی سەرگەتە و مناڵیشم

هەیە. خوێنم تێکەڵ بە کورد بوە. دوو کورم هەیە، گەورەکەیان ناوی سوفیان و بچوکەکەش ناوی مەعاویە یە.

- *هەر لە هەورامانن؟*

بەڵێ.

- *سەردانت دەکەن، لێرە لە زیندان؟*

ئا بەڵێ. ئێستا سوفیان لە قوتابخانەیە.

- *پێت خۆشە سوفیان و مەعاویە ڕێگای باوکیان بگرنە بەر؟*

بێگومان نەخێر. چونکە ڕێگایەکی پڕ مەترسیە و ئاسان نیە. نامەوێت مناڵەکانم ڕێگای من بگرنە بەر. ئەم ڕێگایە سەختە، هەموو کەس بەرگەی ناگرێت.

- *باشە زۆر سوپاس، عەزیەتمان دایت.*

نا بابە سوپاس بۆ ئێوە.

ئەم مولازمە زیندانیە، دور لە هەموو پاڵەپەستۆکان و بەو پەڕی ئازادیەوە پڕیاری ئەم چاوپێکەوتنەی داوەو پێمانگوتوە کە لەهەر کاتێکدا ویستی دەتوانێت کۆتایی پێبێنێت و ئێمە نە پۆلیسین نە لێکۆڵەرەوەی ئاسایش و ئەم چاوپێکەوتنانە لە چوارچێوەی تێزی دوکتۆرایەکدا دەکرێت کە بۆ گەورەترین قوتابخانەی خوێندنی باڵای فەرەنسیە و لە بواری سۆسیۆلۆژیادا ئامادەدەکرێت. مولازمی زیندانی وەک ئەوەی ئارەزوبکات دڵی خۆی بکاتەوە، وەک کەسێک کە دەزانێت ڕژێمی سەدام حوسەین کۆتایی پێهاتووە، قسەی کردووە.

ئێمە کاتێک دیمەنەکانی ئەم چاوپێکەوتنە دەپشکنین، دوو پانتایی پەیوەندی بەعس بە گروپی ئەنسارەوە دەبینین:

پانتایی جاسوسیکردن و پانتایی هاوکاریکردن.

ئەم مولازمە و هاورێکانی لەیەکاتداو هەر بەڕاستی جاسوسی لەسەر ئەنسار دەکەن و یارمەتیشی دەدەن. بێگومان کارکردن لەنێو ئەم کۆنترادیکسیۆنە (لێکدژی) دا کارێکی ئاسان نیە. بەعس تەواو وشیاربوو بەوەی چی لە دەوروبەری ڕوودەدا. لە مانگی ئوتی ٢٠٠٢ دا کۆشکی سپی بە ئاشکرا باسی کۆتایی هاتن بە ڕژێمی سەدام حوسەینی دەکرد. لەو ساتەدا کە کۆمەڵگەی سیاسی جیهانی دەیویست لە ڕێگای دانوستانەوە سەدام حوسەین قەناعەت پێبکات کە هەموو یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پیت بە پیت جێبەجێ بکات، کۆشکی سپی نەخشەی پەلاماردانی بەغای ئامادە دەکرد.

لە مانگی ئۆکتۆبەرەوە، هێدی هێدی، هێزی کۆمەڵگەی سیاسی جیهانی لەبەرامبەر هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لاواز و خاوو لەرزۆک دەبوو. بە قەدەر بەرزبوونەوەی دووەم ، یەکەم دادەبەزی. لە ١١ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ دا

کۆنگرێسی ئەمەریکی مۆڵەت بە سەرۆک بۆش دەدات بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی سەدام حوسەین، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مۆڵەت وەرگرتن لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە هەلومەرجێکی ئاواداو لە ١٥ نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ دا سەدام حوسەین ریفراندۆمێک لە عێراقدا ڕێکدەخات. وەک هەموو ڕیفراندۆمەکانی دیکە، سەد لە سەدی گەلانی عێراق بەیعەت بە سەدام حوسەین دەدەن و بۆ ماوەی حەوت ساڵی دیەکە هەڵیدەبژێرن.

هەروەها بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، سەدام حوسەین، لە ٧ ی دیسەمبەری ٢٠٠٢ دا، ڕاپۆرتێکی بیست و چوار هەزار لاپەڕەیی لەسەر چەکە کۆکوژەکانی دەدات بە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام کۆشکی سپی نەک هەر هێور نابێتەوە بەڵکو لە هەمان مانگدا هەڕەشە لە سەدام حوسەین دەکات و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی ئەگەر بێت و سەدام چەکە کۆکوژەکانی بەکار بێنێت.

لە ١٤ تا ١٦ دیسەمبەری ٢٠٠٢، لە لەندەن، نوێنەری تایبەتی سەرۆک بۆش دێت و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کۆدەکاتەوەو عێراقی پۆست دەسەدام ئامادە دەکات.

لە ٢٧ ژەنیوەری ٢٠٠٣ دا، هانز بلێکس سەرۆکی تیمەکانی پشکنین و موحەمەد بەرادعی سەرۆکی ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی، ڕاپۆرتەکەیان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش دەکەن و دان بەوەدا دەنێن کە هیچ چەکێکی ئەتۆمیان لە عێراقدا نەدۆزیوەتەوە.

لە ڕۆژی داهاتودا، سەرۆک بۆش، لەبەردەم کۆنگرێس دا، بەتوندی هێرش دەکاتە سەر سەدام حوسەین و بەڵێنی لە ناوبردنی دەدات.

١٠ ڕۆژ دواتر ئەنساری ئیسلام پەلاماری گامێش تەپە دەدەن و شەوکەتی حاجی موشیر و هاورێکانی تیرۆر دەکەن.

لە ڕۆژی داهاتودا، وتە بێژی کۆشکی سپی لەبەردەم ڕۆژنامە نووسەکانی جیهاندا ئەم لێدوانە دەدات :

> **"ئیدارەی سەرۆك بوش كوژرانی ژەنراڵ شەوكەتی حاجی مشیر مەحكوم كرد كەیەكێكی لەسەركردەكانی مقاوەمەی كوردی عیراق. رای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكی لەگەڵ رای سەركردەكانی كورد یەكدەگرنەوە كەئەو تاقمە كوردەی سەر بەڕێكخستنی (القاعدە)ن ئەوانە شەوكەوتی حاجی مشیریان تیرۆركردووە. (...كۆل‌ی‌ن پ‌اوهل) گرنگییەكی لەرادەبەدەر بەتاقمی پشتیوانانی ئیسلامو پەیوەندییان بەتۆڕی (القاعدە)وە دەدات، كەئوسامە بن لادن سەركردایەتی دەكات. چەند شاهید عەیانێكو چەند بەپرسێكی حزبی وتیان: سێكەس لەئەندامانی پشتیوانانی ئیسلام داوێكیان بۆ شەوكەت ناوەتەوە بەبیانووی ئەوەی كەلەڕێكخراوی خۆیان جیا دەبنەوە، ئەوەبوو دوای گەیشتینیان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆكەی خۆبەدەستەوەدان بەكلاشینكۆفو**

**نارنجۆکی دەست هێرشیان کردۆتەسەر شەوکەتو لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆیو سێ هاووڵاتی لەگوندی (گامێش تەپە)ی باکوری عیراق شەهیدیان کردن. ئەم هێرشەی شەوی شەممە لەکاتێکدابوو کەهێزە سەربازییەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەوڵی ئەوەدایە کوردەکان بۆ شەڕێکی پێشبینیکراو لەدژی سەدام سازبدات. پاوڵ لەهەفتەی رابردوودا بەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی راگەیاندووە کە حکومەتی عیراق لەسەرئاستی بەرزدا بەکرێگیراوی لەناو پشتیوانانی ئیسلامدا هەیە...دوای ئەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە–مان لەئەفغانستاندا رامالّی، هەندێك لەئەندامەکانی چونەتە ئەو ناوچە ئارامەو تائەمڕۆش هەر لەوێن.[clxx]"**

لێرەوە تێرۆرکردنی بەڕێز شەوکەتی حاجی موشیر تێکەڵ بە دۆسیە جیهانیەکان دەبێت و وەردەگێردرێتە سەر ڕوداوێکی مێژوویی و گامێش تەپەش، وەک نێویورک ومەدرید و لەندەن و پاریس دەبێت بە شانۆی کردەیەکی مەزنی مێژووی تێرۆریسمێک کە ٢٠٠٠ساڵ لەمەوبەر زێلۆتیەکان لە فەلەستینەوە دەستیان پێکردو تا ئێستاش بەردەوامە.

## کردەی پێنجەم :
## ١ ی فێڤریوەری ٢٠٠٤
## تەقاندنەوەی هەردوو بارەگای پارتی و یەکێتی

لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ٢٠٠٤ گروپی ئەنساری ئیسلام/سوونە، لەیەک کاتدا پەلاماری مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی و لقی دووی پارتی دیمۆکراتی کوردوستان لە هەولێر دەدەن و هەردووکیان پێکەوە، لە دوو کردەی خۆکوژیدا، خۆیان دەتەقێننەوەو دەیان کەس دەکوژن و سەدانیش بریندار دەکەن. چینی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی لەلایەک و گرووپی ئەنساری ئیسلام/سوونەش لەلایەکی دیکەوە، ئەم کردە تێرۆریستیەی ١ ی فێڤریوەری ٢٠٠٤ بە یانزەی سێپتەمبەری کوردستان و پەلامارداني مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتی بە پەلامارداکەی نیویۆرک و واشنتۆن دەچوێنن و هەردوو لا بەو پەڕی گرنگی و بایەخدانەوە کلیک دەکەن لەسەر لێکچوونی ئەم دوو ڕووداوە.

سەرەتا با ئێمە بپرسین:

کامانەن کارەکترێستیەکانی ئەو هەلومەرجەی کە ئەم ڕوداوەی تیادا بەرهەم دێت ؟

بەپێی یاسا سروشتیەکان، لە ئێستا و ئێرەدا، مردن زیندوبونەوەی بەدوادا نایەت، باشە ئەی ئەنسار چۆن دوای مردن زیندوبوەوە ؟

کامانەن ئەو هۆکارانەی کە ئەنساریان زیندووکردوە ؟

بۆ ئەنسار یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی هەڵبژارد ؟

چۆن ئەمجارە لەبری سلێمانی، پایتەختی هەرێمی کوردوستانی هەڵبژارد؟

لە کوێدا ١ فێڤریوەی ٢٠٠٤ ی کوردستان لە ١١ ی سێپتەمەبری ٢٠٠١ ئەمەریکا دەکات ؟

ئەو مانایانە چین و کامانەن کە گروپی ئەنسار لەلایەک و چینی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی لەلایەکی دیکەوە بە ١ ی فێڤریوەری دەدەن ؟

چۆن ئەنسار کار لەسەر ئەم روداوە دەکات بۆ دروستکردنی شووناسی خۆی وەک گروپێکی جیهادیست، لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامی ؟

هەروەها چۆن چینی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی ئەم ڕوداوە بەکاردەهێنن بۆ پەراوێزکردن و بێماناکردنی ئەنسار لە سەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان ؟

ئەمە ئەو چوارچێوە گشتیەیە کە ئێمە لەم بەشەدا کاری لەسەر دەکەین.

## ۱) مردن و زیندوبوونەوەی ئەنساری ئیسلام

لە ۲۰ مارسی ۲۰۰۳ دا جەنگی "ئازادنکردنی عێراق" دەستپێدەکات. هەزاران بۆمب لەیەککاتدا دەبارن بەسەر بەغداد و شارەکانی دیکەی عێراقی سەدام حوسەین دا. ژەنەراڵ تۆمی فرانک سەرۆکایەتی ئەم جەنگە دەکات. ڕاستە ۳۰ وڵات بەشدارن، بەڵام هەیمەنەی ئەمەریکی و بەریتانی بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە.

لەهەمان کاتدا، ئەمەریکا چاوێکی لەسەر کوردستانی عێراق بەگشتی و ناوچەی هەورامانە بەتایبەتی. دوژمنەکان دیارن، لە ناوەڕاست و باشور سەدام حوسەین و لە باکور ئەنساری ئیسلام. ئەو شەوەی کە بەغداد لە نێو بۆمبدا نوقم دەبێت، بارەگاکانی ئەنساری ئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامیش لە هەورامان دەکەونە بەر موشەکەکانی ئەمەریکا. لە ۲۱ و ۲۲ و سەرلەبەیانی ۲۵ مارس دا، هەموو ئەم ناوچانەی ئەنساری ئیسلام موشەکباران کران:

**قەڵا ڕێزینە، دەرگای شێخان، گووڵپ، داری بەرمەڕا، بازگەی داری بەرمەڕا، زەردەهاڵ، سەرگەت، هانەی دن، خارگێڵان.**

لەو کاتەدا کە مارینز لە کوێتەوە پەلاماری عێراق دەدات و بە کەناری فورات دا بەرەو بەغداد مل دەنێن، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە هەڵەبجەو سیروان و خورماڵ و ناوچەکانی دیکەوە پەلاماری بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی ئەنساری ئیسلام دەدەن. وەک چۆن لە باشور یەک یەک شارەکان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی مارینزەوە (ئوم قەسر، بەسرا، ناسریە، سەماوە، کەربەلا، نەجەف)، ئاواش یەک یەک بارەگاکانی ئەنساری ئیسلام لەلایەن هێزی پێسمەرگەی کوردستانەوە کۆنترۆڵدەکرێن.

هێشتا مارینز نەگەشتبووە بەغداد، جەنگی "ڕزگارکردنی هەورامان" کۆتایی پێهات و ئەندام و چەکدارەکانی ئەنساریش ستراتیژیەتی لە بەرچاوو وونبوون و خۆشاردنەوەو چوونە ژێر زەویان هەڵبژارد. بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیژیەتەش دوو پانتاییان دەستنیشانکرد :

خۆ ونکردن لە ئێران یان گەڕانەوە بۆ کوردستان و تێکەڵبوونەوە بە جەماوەری کوردستان.

بەشێکی گرنگ لە سیاسی و ڕۆشنبیرانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت جیهانیش پێیانوابوو کە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئیدارەی سلێمانی بۆ هەورامان و وونبوونی ئەنساری ئیسلام لە پانتاییە گشتیەکانی هەوراماندا، مانای کۆتایی هاتن و مردنی یەکجارەکی ئەنساری ئیسلام دەگەیەنێت. بەڵام ڕووداوەکانی پاشتر ناواقیعەیەتی ئەم بۆچوونەیان سەلماند. ئەوەی کۆتایی پێهات، بەشێک بوو لە جەنگی ئەنسار، کە دەکرێت بە جەنگی گەریلا ناوی بەرین، بەڵام، کۆتایی ئەم بەشە، سەرەتای خۆیەک لاییکردنەوەی ئەنساری ئیسلامە بۆ جەنگێکی خوێناویترو ترسناکتر کە تیرۆریسمە بە ڕووتووقووتی.

پەرتەوازەبوونی ئەنساری ئیسلام و بڵاوبوونەوەو خۆ ونکردنیان لە ئێران-عێراق دا، کارایی ڕاستەوخۆ دادەنێت بەسەر ژیانی ڕێکخراوەی و سیستەمی کارکردنی سەرەوە بۆ خوارەوەو خوارەوە بۆ سەرەوەو پلەی ئەندامیەتی و سروشتی پەیوەندیە

دەرەکیەکانیانەوە. ئەگەر پێش جەنگی ڕزگارکردنی عێراق، ئەنساری ئیسلام ئەو تاکە پانتاییە بێت کە سەرجەم تاک و گروپە جیهادیستیە بنلادنیەکانی تیادا دەردەکەوت، ئەوا لە پاش ٩ ئەڤریلی ٢٠٠٣ وە ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت و دەیان گرووپی وەک ئەنسار لە عێراق دا دروست دەبێت. با ئێمە دوای دیمەنەکانی دیکەی شانۆ گەری جەنگ بکەوین تا دەگەینە ئەو چرکەیەی کە ئەنساری ئیسلام زیندوو دەبێتەوە.

لە ٤ ئەڤریلی ٢٠٠٣ دا، هێزەکانی ئەمەریکا دەگەنە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد.

لەهەمان ڕۆژدا سەدام حوسەین بۆ دواجار لە گەڕەکی مەنسور دەردەکەوێت و لەلایەن جەماوەرەوە هەلهەلەی بۆ دەکێشرێت و کەناڵی ئاسمانی عێراقییش بڵاوی دەکاتەوە. دواتر، وەک ئەندامانی ئەنساری ئیسلام، خۆی لە ژێر زەویدا وندەکات و لە بەرچاو وندەبێت.

لە ٦ ئەڤریلدا بەریتانیەکان تەواوی بەسرە کۆنترۆڵ دەکەن. لە ٩ ئەڤریلدا چەند زرێپۆشێکی ئەمەریکی دەچنە نێو شاری بەغداد. ئەمەریکیەکان بەبێ ئەوەی لە قەراخی بەغداد سەرببردرێن، وەک سەدام بەڵێنی پێدابوون، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەنگاریەکی نرخدار، خۆیان دەکەن بە پایتەختی هارونە ڕەشید دا. دوای بیست و یەک ڕۆژ جەنگی ڕزگاری عێراق کۆتایی پێدێت.

کۆتایی ڕژێم سەرەتای دروستبوونی ئیمپراتۆریەتێک لە فەوزا بوو. هەموو شتێک تاڵان دەکرا. وەزارەتەکان، دەزگاکان،ماڵان، تەنانەت "مەتحەفی" بەغدادیش کە یەکێکبوو لە گەورەترین "مەتحەفەکانی" دونیا کە کەلتوری ئەنتیکیتێی میزۆپۆتامیای تیادا پارێزرابوو، تاڵانکرا. عێراق، هەر لە موسڵی سوونیەوە تا بەسرای شیعی ماڵێکبوو بۆ دزین و تاڵانکردن. لەهەمانکاتدا هەلومەرجێکی ناجێگیرو نائاسایش و پڕ لەترس و کوشتن و تۆڵەسەندنەوە باڵدەکێشێت بەسەر نیشتماندا. گرفتی ئاوو کارەباو نەوت و غاز هەموو عێراق دادەپۆشێت. کە دەوڵەت نەبێت و کە وەزارەت هەڵوەشابێتەوەو کە دەزگاکان ئیفلیجکرابن، ئیتر کێ دەتوانێت وەڵامی ئەم هەموو پرسیارە کوشندەیە بداتەوە. سنورەکانی عێراق بەسەر هەموو دونیادا کرانەوەو هەموو کەس، بەبێ لێپرسینەوە، بێتە ژورەوەو بۆ هەرکوێ بیەوێت بڕوات.

لە هەلومەرجێکی فەوزەوی ئاوادا، ئەنساری پەرتەوازبوو لە ئێران دەگەڕێنەوە. ئەمجارەیان لەبری ڕووکردنە شاخەکانی هەورامان، بەرەو ناوەراستی عێراق و شارە عەربە سوونیەکان مل دەنێن و لەگەڵ کۆنە ئەنسارەکانی ناوەوەدا یەکدەگرنەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە سەرەتای لە دایکبوونی چەندین گرفتی ناوەکیشە. پرسیاری چۆن کاربکەین و کێ ببمانبات بەڕێوەو چۆن پەیوەندیەکانمان لەگەڵ جیهادیستە عەرەبەکاندا ڕێکبخەین دەبێت بە سەنتەری گوفتوگۆی ناوەکی گەڕاوەکان. گرفتی سەرەکی بریتیە لەو جیهادیستە عەرەبانەی کە چەندین ساڵ، لەهەورامان، لە پێش دروستبوونی ئەنسار ودوای دروستبوونیشیدا، لەژێر سەرکردایەتی کوردەکاندا بوون، بەڵام ئێستا کە گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان، نایانەوێت هەمان ئەو سەرکردایەتیەی ئەنسار قبوڵبکەن. هەموو ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکانی پێغەمبەر ناتوانن ئەو جیهادیستانە قەناعەت پێبکەن کە واز لە کێشەی سەرکردایەتیکردن بێنن و لە ژێر

فەرمانی یەک "ئەمیر"دا کۆببنەوە. دەرەنجام ئەنساری سوووننە وەک بەرەیەک دروستدەبێت (دواتر چۆنیەتی دروستبوونی ئەم بەرەیە ڕونتر دەکەمەوە).

لە ٢٠ سێپتەمبەری ٢٠٠٣ دا، واتە تەنها پێنج مانگ نۆ ڕۆژ دوای داگیرکردنی عێراق و کۆتایهاتن بە ڕژێمی سەدام حوسەین، ئەمیری ئەم بەرەیە بەیاننامەیەک لەسەر ئەنتەرنێت بڵاودەکاتەوەو داوا لەهەموو عێراقیە سوونیەکان دەکات، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراق دا، بەیعەتی بدەنێ و دەستبخەنە ناو دەستی. ئەمە دەقی بەیاننامەکەیە:

## بيان صادر من قيادة جيش أنصار السنة

**الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسوله الأمين، وعلى آله وأصحابه الغر الميامين، ومن اتبعهم بإحسان إلى يوم الدين ...**

**قال الله - تعالى -: [واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا]..**

**وقال - تعالى -: [إن الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفاً]..**

**وقال - تعالى -: [ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم واصبروا] ..**

**وقال - تعالى -: [ولا تكونوا من المشركين من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعاً كل حزب بما لديهم فرحون] ..**

## أما بعد

**فمن المعلوم أن الجهاد في العراق أصبح فرض عين على كل مسلم بعد أن صال العدو الكافر على أرض الإسلام، وإن الذين رفعوا لواء الجهاد المبارك هم أهل السنة والجماعة أهل التوحيد وأتباع السلف, وقد تحركوا ابتداءً بجماعات كلٍ من منطقته من تلقاء أنفسهم، يستمدون برنامجهم الجهادي وأوامرهم من توجيهات القرآن الكريم والسنة النبوية، وكان فيهم أهل علم ودعاة ومقاتلون عسكريون، ولما كانت المهمة عظيمة والأمر جللاً يتعلق بمصير أمة، وإن الغاية لا تنتهي بمجرد طرد المحتل والإثخان فيه، وإنما إقامة دين الله وفرض شريعة الإسلام لتحكم هذه الأرض الإسلامية؛ إذ ما الفائدة أن تراق دماء المسلمين المجاهدين لرد قوات الاحتلال ثم بعد ذلك يقطف الثمرة ويستلم الأمر عراقي علماني أو مرتد عميل ذيل للأمريكان مطبق لبرامجهم، ثم نعود مرة أخرى إلى عصور الحكومات العميلة التي تحكم بقوانين الكفر باسم الإسلام، وتدار واقعاً من قبل اليهود والنصارى. فهل يلدغ المؤمن من جحر مرتين ؟!! من أجل هذا قامت ثلة من المجاهدين وأهل العلم وأصحاب الخبرة السياسية والحنكة العسكرية، وممن لهم باع وتاريخ في إدارة الصراع الإسلامي العقائدي ضد أهل الكفر بجمع عددٍ من الفصائل والجماعات الجهادية المتفرقة العاملة في الساحة من الشمال إلى الجنوب، وتكوين جيشٍ جرار بإمارة واحدة تقوم بمهمة وضع برنامج عملي غير مستورد منطلق من رؤية واضحة للساحة، ومستندة على تعاليم الشرع الحنيف المتضمن في الكتاب والسنة المطهرة، وبهدي**

**أهل العلم من سلفنا الصالح, مراعيةً السياسة الشرعية لا السياسة العلمانية غير المنضبطة. وقد أسميناه (جيش أنصار السنة). ندعو إخواننا في الإيمان والجهاد إلى الانضواء تحت راية هذا الجيش حتى يتحقق أمل المسلمين في دولة إسلامية يعز فيها الإسلام وأهله، فإن يد الله مع الجماعة، وإن الشيطان مع الواحد، وهو من الاثنين أبعد، وإنما يأكل الذئب من الغنم القاصية. وسيكون هذا الجيش - بإذن الله - هو أمل الأمة وسيفها المصلت على أعدائها من الداخل والخارج، وأملها الحقيقي في إقامة دين الله ورفع كلمته، وطمس كلمة الكفر والنفاق والزندقة والعلمانية. [ولقد سبقت كلمتنا لعبادنا المرسلين. إنهم لهم المنصورون. وإن جندنا لهم الغالبون] ونحن موقنون بأن الكفار وأعوانهم من المنافقين والمرتدين مهما بلغوا من الكيد فإنهم لن يصمدوا أمام جند الله الصادقين. قال - تعالى -: [وإن تصبروا وتتقوا لا يضركم كيدهم شيئاً إن الله بما يعملون محيط] فالمعركة ستكون بين جند الرحمن وجند الشيطان، ومن يغالب الله يُغلَب.**

**والحمد لله في الآخرة والأولى, وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

**أبو عبد الله الحسن بن محمود**

**أمير جيش أنصار السنة**

**٢٢ / ٧ / ١٤٢٤**

**٢٠ / ٢٠٠٣/٩**

بۆ تێگەشتن لە کۆدەکانی پەیوەندی نێوان ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە (کەپێکەوە ڕوداوەکەی ١ فێڤریوەری ٢٠٠٤ ی هەولێر دروستدەکەن) واپێویست دەکات ڕەگەزە هەرە سەرەکیەکانی ئەم بەیاننامەیە بپشکنین. بێگومان وەک پێشوتر گوتمان وشەکان شەفافنین و شەحنکراون لە مانای ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆو دەکرێت لە ڕێگای گلۆپ داگیرساندن لەسەر ئەو ڕەگەزانەوە لەو زۆنە تاریکانەی مانا نزیک ببینەوە.

ڕەگەزی یەکەم بریتیە لە دروستکردنی پەیوەندیەکی ئۆتۆماتیکی لە نێوان داگیرکردنی عێراق و ڕاگەیاندنی جیهاد دا : " فمن المعلوم أن الجهاد في العراق أصبح فرض عين على كل مسلم بعد أن صال العدو الكافر على أرض الإسلام ". پانتایی ئەم ڕەگەزە پڕە لە کۆنترادیسیۆن-لێکدژی.

لەم بەیاننامەیەدا عێراق وەک خاکی ئیسلام پێشنیارکراوە. لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستە زیاتر لە تێگەشتنێکی پراگماتیستیەوە نزیکە تا چوارچێوە ئیدیۆلۆژیەکەی ئیسلامی نیۆ-فۆندامۆنتالیست. چونکە، بەپێی ئەو پێناسەیەی کە ئەم تەوژمە لە ئیسلامی سیاسی بە خاکی ئیسلامی دەبەخشێت، عێراق دەکەوێتە نێوان

خاکی ئیسلام و خاکی کوفرەوە. دامەزرێنەری گرووپی ئەنساری ئیسلام، بەڕێز مامۆستا کرێکار لە پێناسەکردنی خاکی ئیسلام و خاکی کوفردادەڵێت خاکی ئیسلام :

> **" ئەو وولاتەیە کە کۆمەڵگەکەی موسوڵمانن و دەسەڵاتداری ناوچەکە بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی ئیسلامی تێدا دەبەن بەرێوە. دار الکفریش ئەو وولاتەیە کە کۆمەڵگەکەی کافرن و دەسەڵاتداری ناوچەکە وا بە دەست ئەوانەوەیەو ئەوانیش حوکمی کوفری تێدا دەبەن بەرێوە[clxxi]"**

بێگومان ئەگەر ئەنساری سوونە عێراق بە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بزانێت، ئەوا هیچ گومانی تیادا نیە کە ئەو سیستەمە سیاسیەی کە دەییات بەڕێوە ئیسلامی نیە و لەم وڵاتەدا حوکمی ئیسلام بەڕێوە ناچێت. واتە لەسەر ئاستی چەمک و تێوری نێو-فۆندامۆنتالیستەکان نابێت عێراق وەک خاکی ئیسلام تەماشابکرێت. تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەمەریکا داگیریدەکات خاکی ئیسلام نیە، چونکە ئەوان باشدەزانن کە حیزبی بەعس و ڕژێمە سیاسیەکەی هیچ پەیوەندیەکیان بە ئیسلامەوە نیەو سەر بە ئیسلامی سیاسی نین و بەدرێژایی هەشتاکان و نەوەدەکان و تەنانەت پێش جەنگ و دوای جەنگیش هەر بە دەسەڵاتێکی کافرو حیزبێکی کافریان لە قەلەم داوە.

گەر ئێمە بە هەمان چەمک و چوارچێوەی تێوری نیۆ-فۆندامۆنتالیستەکانی ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە ئەم هاوکێشەیە بخوێنینەوە، هەڵەیەکی مەنهەجی دەکەین گەر پێمانوابێت ئەمەریکا خاکی ئیسلامی داگیرکردوە. بەپێی ئەم چوارچێوە تێوریەی ئەنساریەکان، ئەمەریکا پەلاماری خاکی ئیسلامی نەداوە، بەڵکو پەلاماری خاکی کوفری داوە. لێرەوە، ئەو جوستیفیکاسیۆنەی کە جیهادی لەسەر دەکەن بە فەرزی عەین دەبێت بە کردەیەکی دژ بە تێگەشتنە ئیسلامیەکانیان.

بۆیە ئێمە پێمانوایە، وەک هەر گروپێکی پراگماتیست، ئەنساریەکانیش، لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا، ئامادەن دەستکاری پرانسیپە هەرە گرنگەکانیان بکەن و چوارچێوە تێوریەکانیان لنگاوقووچ بکەنەوە. ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی هەر حیزبێکی مۆدێرنی ئەم سەردەمە. ئەنساریەکان قاچێکیان لە نێو مۆدێرنیتێ دایەو قاچێکی دیکەشیان لە نێو مێژوودا. ئێمە بەردەوام دووپاتی ئەوەدەکەینەوە کە کارکردنی ئەم گرووپانە لەسەر "ڕابوردوو" هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی جوستیفیکاسیۆن-پاساودۆزینەوە بۆ ئەوەی کە لە ئێستا و ئێرەدا دەیانەوێت بیکەن. واتە ئەوە ڕابوردوو نیە کە ئێستا و ئێرە دیاریدەکات، بەڵکو ئەوە ئێستا و ئێرەی ئەم گرووپانەیە کە ڕابوردوو دیاری دەکات.

ڕەگەزی دووەم بریتیە لە خستنە سەر شانۆی شووناسی ئەو ئەکتەرانەی کە ئەم گرووپەیان لێپێکاتووە : "الذين رفعوا لواء الجهاد المبارك هم أهل السنة والجماعة أهل التوحيد وأتباع السلف, وقد تحركوا ابتداءً بجماعات كلٌ من منطقته من تلقاء أنفسهم، يستمدون برنامجهم الجهادي وأوامرهم من توجيهات القرآن الكريم والسنة النبوية..." لێرەوە کۆمینۆتێی سوونە دەبێت بەو پانتاییە کۆمەڵایەتیەی کە ئەندامەکانی خۆی بەم گرووپە دەبەخشێت. لەبیرمان نەچێت کە لە عەقڵی سیاسی ئەنساری سوونە و ئەنساری ئیسلام دا، کۆمەڵگەی کوردیش بەشێکە لە کۆمینۆتێی سوونەی عێراقی. خشتنە سەر شانۆی شووناسی (أهل

السنة والجماعة) لولەی ئەو تفەنگەیە کە پێش هەموو کەس کۆمینۆتێی شیعەی دەسەڵاتدار لە عێراق دا دەپێکێت.

ئەگەر خوێنەر ڕێگام پێبدات، لێرەدا چەند پەرەگرافێک لە کتێبی (عێراق لە فەیسەڵەوە تا تاڵەبانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦) ڕادەگوێزم. ئەو پەرەگرافانە ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئیشکالیەتی پەیوەندی نێوان کۆمینۆتێی سوونە و کۆمینۆتێی شیعە لە عێراقدا. هەروەها جۆرێک لە بەردەوامیش دەدەن بەو چوارچێوە تێوریەی کە من لەو کتێبەدا و لەم توێژینەوەیەی ئێستاشمدا بۆ ڕاڤەکردنەکانم بەکاریدەهێنم. دەمەوێت بڵێم بەلامەوە گرنگە کە خوێنەر تێبگات لەوەی من خاوەنی کارگەیەکی تێوری و فیکری و ڕاڤەکردنی سۆسیۆلۆژی تایبەت بەخۆمم و توێژینەوەکانیشم لەنێو کردەیەکی یەکترتەواوکردندان. لێرەوە، ئەوەی لە ٢٠٠٥ دا دەینووسم بەشێکە لەو پرۆژەیەی کە لە ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ساڵانی داهاتووشدا کاری لەسەر دەکەم. بۆیە کارێکی تەواو ئاساییە هەم خۆم بەردەوام بگەڕێمەوە سەر ئەو کارگەیە و هەم ئەو خوێنەرەش کە نووسینەکانی منی بەلاوە گرنگە ئامۆژگاری بە گەڕانەوە بۆ ئەو کارگەیە بکەم. با بگەڕێمەوە سەر پرسیاری : لەبەر چی کلیککردن لەسەر شووناسی (أهل السنة والجماعة) هەوڵدانێکی سەرسەختانەیە بۆ بریندارکردن و تەنانەت کوشتنی شووناسی کۆمینۆتێی شیعە لە عێراق دا ؟ لە کتێبی ئاماژە بۆکراودا، من بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە :

لە ١٦٣٨دا عوسمانیەکان بە هەموو هێزو توانای سەربازیانەوە پەلاماری عێراق دەدەن و داگیری دەکەن. بێگوومان عوسمانیەکان لەم چرکەیەدا هەڵگری گووتاری خەلیفە و ئیسلام بوون و بەناوی یەکخستنەوەی خاکی ئیسلام و ئومەتی ئیسلامیەوە عێراقیان داگیرکرد. ئاشکرایە لە ئێستادا و لە مێژووشدا داگیرکەران هەمیشە هەڵگری گوتار بوون و بەناوی کۆمەڵێک بەهاوە پەلاماری وڵاتان و میللەتانیان داوەو دەدەن و هەموو داگیرکەرێک وەک پرانسیپ هەوڵدەدات لە رێگای گوتارو بەهاکانەوە پینەی کردەی داگیرکردن بکات. واتە داگیرکەر پینەچیەکی بەردەوامە.

لێرەدا پرسیاری ئێمە لە خودی داگیرکردنەکە نیە، بەڵکو لە کاردانەوەی دانیشتوانی میزۆپۆتامیایە لە بەرامبەر ئەو داگیرکردنەدا. هەموو ئەو سەرچاوە فەرەنسیە بابەتیانەی کە من لەبەردەستمدان...بەدرێژی باس لە پراگماتیسمی سوونەکان دەکەن. کە عوسمانیەکان ١٦٣٨ بەغداد داگیردەکەن سوونیەکان بەبێ هیچ دودڵیەک دەستدەخەنە نێو دەستیانەوەو وەک هاوپەیمان کاریان لەگەڵدادەکەن. ئەم هاوپەیمانیە لەبەرژەوەندی هەردوو لادیە. عوسمانیەکان پێویستیان بەم هاوپەیمانیەیە چونکە لەرێگایەوە کۆمینۆتێی شیعەی پێ سەرکووتدەکەن و ئەم سەرکووتکردنەش رێگا لەهەر نزیکبوونەوەیەکی ئێرانیەکان لە میزۆپۆتامیا دەگرێت. لە خەیاڵدانی سیاسی عوسمانیەکاندا شیعەکانی عێراق هیچنین جگە لە تابوری پێنجەم و جاسوسی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی ئێرانی نەبێت کە لە ململانێی خوێناویدایە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. لێرەوە عوسمانیە سوننیەکان سەرکوتکرن و بێدەنگکردن و سەرشۆرکردن و لاوازکردن و بێدەسەڵاتکردن و شکاندنی هەیبەتی شیعەکانی عێراقیان بە شکاندنی هەیبەتی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی دەزانی. لەکاتێکدا دەرهاویشتەکان بەهیچ

شێوەیەک ئەم تێزە ناسەلمێنن و شیعەی عەرەبی عێراقی هەرگیز خۆیان بە پاشکۆی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی ئێرانی نەزانیوە.

سوننەکانیش پێویستیان بەم هاوپەیمانیەیە لەگەڵ داگیرکەراندا، چونکە لەم رێگایەوە دەیانتوانی هەموو دەسەڵاتە سیاسی و ئابوریەکان بۆخۆیان کۆنترۆڵبکەن و خۆیانی پێبەهێزبکەن و لەهەر ساتێکدا حوسەینێکی تر لەدەشتی کەربەلادا دروستبوو بەزید ئاسا سەربیبرن و هەیمەنەی مەزهەبی و خەونی بەسوونیکردنی ئەم نیشتمانە ریالیزەبکەن.

دەرەنجام لە پەنای داگیرکەراندا کۆمینۆتێ سوونە، کە تەنها ٪٢٠ دانیشتوان پێکەدەهێنن، لە ١٦٣٨ تا ١٩١٧ حوکمی عێراق دەکەن. واتە ٢٧٩ ساڵ حکومەتداری. بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت کە بە درێژایی ئەم مێژووەش ماکینەی خەیاڵدانی عێراقی لۆکاڵ وێنەیەکی تەواو سەلبی بۆ سوونەکان دروستدەکرد. لە یادەوەری رۆژانەی ئەم ٢٧٩ ساڵەداو لای عێراقیی ئاسایی وێنەی کەسی سوننی وێنەی دووروو ناپاک ونیشتمان فرۆش بووە. وێنەی کەسێک کە وڵاتەکەی تەسلیم بەداگیرکەران کردوە. لەهەمانکاتیشدا وێنەی عێراقیی شیعی وەک وێنەی پاڵەوان و نیشتمانپەروەر دروستکراوەو چووتە نێو یادەوەری وخەیاڵدانی عێراقیەوە. ئەم نیشتمانپەروەریش یەکێکە لە هۆکارە هەرەسەرەکیەکانی بەشیعەبوونی بەشێکی زۆر لەو سوونیانەی کە رازینەبوون بە دەستخستنە نێو دەستی دگیرکەرانەوە. شیعەکان بۆ دروستکردن و بیناکردنی ئەم وێنەیە، وێنەی کەسی شیعیی وەک نیشتمانپەروەرو دژ بە نادادپەروەری، بەقەدەر ئەوەندەی کەڵکیان لەم چرکەیە وەردەگرت، بەهەمان قەدەر مێژوشیان مۆبیلیزە دەکرد. واتە ئێستا و رابوردویان بەیەکەوە گرێدەدا، وەک ئەوەی پێمانبڵێن: بە درێژایی مێژوو دژی داگیرکەران و نادادپەروەری بوون.

لە ساڵی ٦٥٦ ئیمام عەلی دژ بە ستەم و نادادپەروەریی ئەمەوییەکان خیلافەت دەگوێزێتەوە بۆ کوفەو تەنها پێنج ساڵ دواتر لە ٦٦١ دا شەهیددەکرێت و دەبێت بە سامبۆلی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ستەمدا. لە ساڵی ٦٨٠ واتە نۆزدە ساڵ دوای شەهیدبوونی باوکی، ئەمەویەکان دێن و لە کەربەلا سەری حوسەینی کوریشی دەبرن. لێرەوە نیشتمانپەروەری ئێستایان بە رابوردووەوە گرێدەدەن و روداوەکانیش لەخزمەتی ئەم گرێدانەدایە و یارمەتی دروستکردنی ئەم وێنەیە دەدەن.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیمپراتۆری عوسمانی تەواو لاواز بووبوو. ئەو لاوازبوونەش لەسەر ئاستی عێراق بەروونی دەردەکەوت و هەستی پێدەکرا. لە ویلایەتی موسڵ ناسیۆنالیسمی کوردی و خەونی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئیمپراتۆریەت و راگەیاندنی شوناسی ئۆتۆنۆمی کوردی وەک پرۆسێسیوس خۆی بینادەکرد. لە باشور، ویلایەتی بەسرا، ترازان و حیقد لە نێوان شیعەکان و عوسمانیەکاندا زیاتر خۆی مانیفێستدەکرد. لە هەلومەرجێکی ئاوادا کۆمینۆتێی سوونە، کە چینی بۆرژوای ئەو سەردەمەیان پێکدەهێنا، هەستیان بەوەکردبوو کە ئیتر گرەوکردن لەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرەوکردنە لەسەر کەری تۆپیو ! بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی و مەوقیعە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیشیان دەبێت بەدوای چارەسەری دیکەدا بگەرێن و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەست لەو

ئیمپراتۆریەتە هەڵبگرن کە ٢٧٩ ساڵ پاراستونی و هەموو دەسەڵاتەکانی پێبەخشیبوون. سوونەکان، بەدرێژایی مێژووی کارکردنیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتدا لەوە تێگەشتبوون کە سیاسەت و ئەخلاق پێکەوە نایانکرێت و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکان دەبێت دەستبخەنە نێو دەستی شەیتانیشەوە.

لەبارودۆخێکی ئاواداو لە ٦ نۆڤەمبەری ١٩١٤ دا یەکەم سەربازی بەریتانی پێدەنێتە سەر خاکی عێراق لە فاو. کۆمینۆتێی شیعە دیسانەوە بەناوی نیشتمانپەروەری و دژایەتیکردنی داگیرکەرانەوە سەنگەر لە سوپای بەریتانیا دەگرن و زانایانی ئاینی و مەرجەعە گەورەکانیان فەتوای جیهاد دژ بە بەریتانیەکان دەردەکەن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم فەتوایە هەزاران هەزار شیعە پەلاماری چەکدەدەن و شەڕی سەروماڵی لە دژی سوپای بەریتانی داگیرکەر دەکەن. ئەم جەنگە زۆر گران لەسەر بەریتانیەکان کەوت، لە فاوەوە تا بەغداد زیاتر لە سەدو پەنجا هەزار سەربازیان لێ دەکوژرێت. بە پێچەوانەی ئەمەریکیەکانەوە کە لە ٢٠٠٣ دا بە سێ هەفتە گەشتنە بەغداد، بەریتانیەکان بە سێ ساڵ جەنگ گەشتنە بەغداد. کە گەشتنە پایتەختیش کۆمینۆتێی سوونە لەوێ باوەشیان بۆکردنەوەو وەک هاوپەیمانی نوێ مامەڵەیان لەگەڵداکردن. لەم چرکە مێژوویەدا کە چرکەی دامەزراندنی عێراقی مۆدێرنە سوونەکان زۆر بە ئاسانی پشتیان کردە شووناسی ئیسلامیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و باوەشیانکردەوە بۆ شووناسی ناسۆنالیسم کە لەلایەن داگیرکەرە نوێیەکانەوە خرابووە بازاڕەوە.

لە ویلایەتی موسڵیش کوردەکان لە پێناوی دامەزراندنی کوردوستانی سەربەخۆدا رادەپەرن. ئەوان ئامادەن دەسبخەنە نێو دەستی ئینگلیزەکانەوە، بەڵام بەو مەرجەی کە بەریتانیا ئامادەبێت دانبنێت بە کوردوستانی سەربەخۆدا. کە بەریتانیا دان بە سەربەخۆیی کوردوستاندا نانێت ئیتر کوردەکان دژ بەهەموولایەک رادەپەرن.

ئەم هەلومەرجە بۆ سوونەکان تەواو لە ئیدیال دەچوو. شیعەکان لە باشوور، ١٥٠ هەزار سەربازی بەریتانیان کوشتوەو تاسەر ئێسقان دژ بە داگیرکردنی عێراقن. لەباکوریش کوردەکان تێگەشتوون لەوەی کە بەریتانیا وەک ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دۆستیان نیەو پشتگیری مافەکانیان ناکات. سوونەکان تەواو وشیاربوون بەوەی کە بەریتانیەکان دەزانن تەنها دۆستیان لە ناوچەکەدا سوونەکانن.

دەرەنجام سوونەکان لە ٢٣ ی مانگی ئوتی ١٩٢١ و بەهاوکاری داگیرکەرە نوێیەکان دەگەنە دەسەڵات و فەیسەڵ دەبێت بە پاشای عێراق. بەم شێوەیە ٨٢ ساڵێتر زەمانەتی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا دەکەن. واتە لە ١٦٣٨ تا ٢٠٠٣، ٣٦٥ ساڵ، نزیکەی چوار سەدە لە حکومەتکردن.

چرکەی سێیەم، چرکەی گۆڕان و وەرچەرخانە لە مێژوویی کۆمینۆتێ کانی عێراقدا، چرکەی گۆڕینەوەی ڕۆڵ و بەرژەوەندی و مەوقەعەکانی دەسەلاتە. چرکەیەکە کە دەکرێت وەک روخانی هیتلەر و داڕمانی دیواری بەرلین و یانزەی سێپتەمبەر تەماشابکرێت.

له ٢٠ مارسی ٢٠٠٣ ئەمەریکیەکان لەرێگای هێزە ئاسمانیەکانیانەوە بۆردومانی عێراقی سەدام حوسەین دەکەن. پاشان سوپای ئەمەریکی-بەریتانی لە کویتەوە پەلاماری عێراقدەدات. هەر لە ئوم قسرەوە تا دەگاتە بەسرەو ناسریە و سەماوەو کەربەلا. ٢٣ مارس لە باشورو ٢٤ لە کوردوستانەوە ئەمەریکیەکان بەرەکانی جەنگ فراوان دەکەن. لە ٩ ئەڤریلی ٢٠٠٣ یەکەم دەبابەی ئەریکی دەگاتە بەغداد. واتە پاش سێ هەفتە لەجەنگ.

کە لە ٦ نۆڤەمبەری ١٩١٤ سوپای بەریتانیا دەگاتە فاو، لە وێوە تا بەغداد ناچاری جەنگێکی سێ ساڵی دەکرێت. بەڵام ئەمەریکیەکان کە لە ٢٣ مارس ٢٠٠٣ دەگەنە فاو، تەنها سێ هەفتەیان پێویستە بۆ ئەوەی بگەنە بەغداد. من پێموایە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان کۆمینۆتێی شیعەیە. لە ١٩١٤ ئەم کۆمینۆتێیە بریاری شەری سەروماڵی لە پێناوی نیشتماندا دەدات و بەریتانیەکان بەسەر لاشەی ئەواندا دەگەنە بەغداد و لە نێو پایتەختیشدا سوونەکان دەستیان بۆگرتبوون بە سنگەوە. بەڵام لە ٢٠٠٣ ئیتر کۆمینۆتێی شیعە بریاری خۆگوونجاندن و خۆرامهێنان لەگەڵ زلیهێزەکاندا دەدات و ئامادەنیە منالەکانی خۆی بکات بەقوربانی مێژویەکیتر لە دەربەدەری و دورخستەنەوەو سەرکوتکرن و کەبتکردن. ئیتر شیعەکان لەبری لۆژیکی شۆرشگێرانەو بەرنگاری و راپەرین پەنا دەبەنە بەر لۆژیکی دانوستان و دیپلۆماسی و پراگماتیسم. بەڵام سوونەکان بە پێچەوانەوە، بریاری راپەرین و موقاوەمەت دەدەن. واتە ئەوەی ئەمجارە لە عێراقدا بریاری روبەروبوونەوەی دا، کۆمینۆتێ سوونە بوو (أهل السنة والجماعة) ! لێرەوە داگیرکرنی عێراق لە سێ هەفتەدا ئەگەر مانایەکی هەبێت ئەوە ئەو مانایە دەبێت بریتیبێت لە دەرخستنی لاوازی و کەمینەیی کۆمینۆتێ سوونە لەم وڵاتەدا!

ئەم جەنگە و کەوتنی سەدام حوسەین سەرلەبەری هاوکێشە مێژووییەکەی عێراقیان لنگاوقوچ کردەوە. ئەوەی لەم چرکەیەدا رویدا تەنها گۆرینی حکومەتێک بە حکومەتێکیتر یان کۆدێتایەک بەسەر کۆدێتایەکیتردا نەبوو، بەڵکو هەڵوەشانەوەی ریشەیی دەوڵەتی عێراقی سوونەکانە کە رەگوریشەی لەنێو مێژویەکی درێژدایە. لە چرکەیەدا ئیتر زۆرینەی شیعە و کورد کە هاوپەیمانی داگیرکەرە نوێیەکانن بەو پەری هێزەوە دەگەرێنەوەو بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم وڵاتەدا هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی جمهوریەت و سەرۆك وەزیران دەگرنە دەست.

هەرەسی رژێمی سەدام حوسەین لەسەرەتادا دەبێت بە تراژیدیای کۆمینۆتێی سوونە و پاشان ئەم تاراژیدیایە خۆی وەر دەگێرێتە سەر پانتایی و بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو بزووتنەوە نێۆ-فۆندامۆنتالیستە ئیسلامیستە سوونیەکان. ترس لە گەرانەوەی بەهێزی شیعە و کورد یەکێکە لە هۆکارە هەرە بەهێزەکانی خۆ (تەسلیمکردنی) کۆمینۆتێی سوونە بەم بزووتنەوانە.

رەگەزی سێیەمی گرنگی ئەم بەیاننامەیە بریتیە لە دیاریکردنی دوو ئامانجی باڵا: دەرکردنی داگیرکەر، سەپاندنی شەریعەت." **إن الغاية لا تنتهي بمجرد طرد المحتل والإثخان فيه، وإنما إقامة دين الله وفرض شريعة الإسلام لتحكم هذه الأرض الإسلامية** " "**ندعو إخواننا في الإيمان والجهاد إلى الانضواء تحت راية هذا الجيش حتى يتحقق أمل المسلمين في دولة إسلامية** ".

یەکێک لە ئیشکالیەتە هەرە سەرەکیەکانی نێۆ-فۆندامۆنتالیسمی ئیسلامی بریتیە لە دەوڵەت. هەموو ئەم بزووتنەوانە، هەر لە قاعیدەی بن لادنەوە تا دەگاتە ئەنساری ئیسلام، زۆر بە کەمی باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن. کاتێکیش باسی دەکەن، دوو ڕەستەی بەنرخ لەسەر چوارچێوەکانی ناڵێین :

ئایا دەوڵەتی ئیسلامی بریتیە لەو جێگایەی کە شەریعەتی ئیسلامی تیادا جێبەجێ دەکرێت ؟

ئەگەر وەڵام بە "بەڵێ" بێت، ئیتر دەبێت عرەبی سعودی و پاکستان و سودان و کوێت و دەیان وڵاتی دیکەش وەک دەوڵەتی ئیسلامی پۆلێن بکرێت، چونکە لەم وڵاتانەداو بەشێوەیەکی ڕەسمی شەریعەت جێبەجێ دەکرێت. کۆنترادیسیۆنەکە لەوەدایە کە ئەم بزووتنەوانە خودی ئەو وڵاتانەی ناومان هێنان وەک دەوڵەتی ئیسلامی تەماشاناکەن. پاشان ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی بریتیبێت لە شتێکی دیکەی "زیاتر" لە جێبەجێکردنی شەریعەت، ئەوا یەکەم کاری ئەم بزووتنەوانە دەبێت بریتیبێت لە دەستنیشانکردنی ئەو شتە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ئەو ئەوان هەر لە ئەفغاستنانەوە تا دەگاتە ئەندەنوسیا، تا ئێستاش پیتێکیان لەسەر ئەو "شتە زیادەیە" نەدرکاندوە.

ڕەنگە لێرەدا ڕامانێک لە ئەزموونی ئەفغانستان گرنگ بێت. بزووتنەوە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان، پێش ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان لە یەکێتی سۆڤێتی جاران، بەردەوام باسیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکرد. بەڵام تا ڕزگارکردنی ئەفغانستان و گەڕانەوەشیان بۆ کابوول، ئەوان نەیانتوانی چوارچێوەکانی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیە دەستنیشان بکەن. بۆیە پاش ڕزگارکردن، هەمان ئەو "برا موسوڵمانانەی" دوێنێی جیهاد بەربوونە گیانی یەکترو نیشتمانایین کرد بە قەسابخانەی یەکترو بە هەزاران هەزر کەسیان لەیەکتری کوشت و دەستیان چووە خوێنی سەرکردە هەرە ناودارەکانی وەک ئەحمەد شا مەسعودیشەوە.

هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوە جیهادیستەکانی ئێستای عێراق، بەشێوەیەکی ڕێژەیی، لە هەلومەرجی بزووتنەوە جیهادیستیەکانی ئەو سەردەمەی ئەفغانستان دەچێت. واتە گوتاری "جێبەجێکردنی شەریعەت" بەس نیە بۆ ئەوەی پاش کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی ئەمەریکی، ئەو بزووتنەوانە عێراق نەکەن بە قەسابخانە بۆ سەرپڕینی یەکتری.

لەگەڵ هەموو ئەم تێبینیانەشدا ئێمە پێمانوایە، پرسیاری دەوڵەت لە گەردوونی بزووتنەوە جیهادیستە سەلەفیستەکاندا ئیشکالیەتێکی سەرەکی نیەو خۆیانی پێوە ماندووناکەن و ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە جیهادە بەمانی کوشتن، بەبێ ئەوەی "بەشێوەیەکی جددی" بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بکەنەوە.

هەروەها پێموایە ئەو ئەکتەرەی کە ئەم بەیاننامەیەی نووسیوە، ئیمزا زاتیەکانی خۆی بەسەر دێرەکانەوە جێهێشتوە. ئەم ئەکتەرە، ڕەنگە یەکێک بوویێت لەو کەسانەی کە لە ڕابوردوودا منالێکی پەروەردەکراوی پرۆژەی ئیسلامیسم بوویێت. بێگومان ئیسلامیسم لە پێناوی دەوڵەتدا دروستبووبوو. بەشێکی زۆر لە منالانی پاش شکستی ئیسلامیسم، ڕوودەکەنە بزووتنەوە جیهادیستەکان و هەندێکجار لە ژێر کارایی ئیسلامیزاسیۆنە کۆنەکەیاندا دێن و باس لە دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن.

واتە ئەم باسکردنە شتێکی "جددی" نیە، بەڵکو زیاتر نوستالژیای پرۆژەیەکی شکستخوردوە.

لێرەوە ئێمە دەبێت هەردوو ئامانجە سەرەکیەکە لنگاوقووچ بکەینەوە، ئەگیان ئەستەمە لە سروشتی ئەم جۆرە بزووتنەوانە تێبگەین. واتە ئەنساری ئیسلام/سوونە، هەرگیز ناکرێت خەون بەوەوە ببینێت کە سوپای ئەمەریکی عێراق بەجێبهێڵێت. دڵی پرۆژەی ئەم جیهادیستانە بریتیە لە کوشتنی ئەمەریکی و باشترین دەرفەتیش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کارکردنە بۆ مانەوەی ئەمەریکیەکان لە عێراق دا.

هەروەها باسکردنی دەوڵەتی ئیسلامیش لەلایەن ئەم گرووپانەوە، هیچ نیە قسەکردن نەبێت لە سەر عێراقێک کە هەرگیز نابێت بە خاوەنی دەوڵەت. ئەوەی جیهادیستیەکان دەیانەوێت، نیشتمانێکی پڕ لە فەوزاو پڕ لە سەربازی ئەمەریکیە بۆ ئەوەی ماشینی جیهاد بە مانای کوشتن بۆ کوشتن تەنها بۆ یەک چرکەش لە کار نەکەوێت.

ئەمە ئەو چوارچێوە تێوریەیە کە من پێشنیاری دەکەم بۆ تێگەشتن لە سوپەر ستراکتۆری ئەم گرووپانە و بیرکردنەوەیان لە چەمکی جیهاد و دەولەتی ئیسلامی.

ڕەگەزی چوارەم : ئەم بەیاننامەیە تیشکدەخاتە سەر ستراکتۆری سیاسی و ئایدۆلۆژی ئەنساری سوونە. پاش داڕوخانی دەوڵەتی عێراقی و هەڵهاتنی سەدام حوسەین و هەڵوەشانەوەی حیزبی بەعس، جیهادیستەکان پۆل پۆل دەگەنە عێراق و وەک خاکی نوێی جیهاد هەڵی دەبژێرن.

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەم جیهادیستە سوونیانە بریتیە لە ئامادەیی چەندین گرووپی جیهادی لە مەیدانەکەدا. ئەوەی کە تا ئێستاش لەهەموو شت زیاتر ماندوویان دەکات گرفتی چەندایەتی گرووپەکانە :

چۆن ببین بەیەک لەبەرامبەر دوژمنەکانماندا خوادا ؟ ئێمە کە پڕیارە خاکی خوا لە کافران پاکبکەینەوە بۆ ئاوا پەرتەوازەو لەت لەتین ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، جیهادیستەکان هەڵدەستن: " **بجمع عددٍ من الفصائل والجماعات الجهادية المتفرقة العاملة في الساحة من الشمال إلى الجنوب** ". یەکێک لەم گروپانە ئەنساری ئیسلامە. ئەم تێزەش لەلایەن مەلا ئاکام بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەنساری ئیسلامەوە سەلمێندراوە :

> **" پرسیار: ئایا بۆچی لەگەڵ ئەنساری سوونە تێکەڵبوون، ئەمیری ئەنساری سوونە ئەمیری ئێوەشە، یان ئێوە ئەمیری تایبەتی خۆتان هەیە ؟**
>
> **وەڵام : هەرکاتێ ئیسلام کەوتبێتە خەتەرەوەو هەستی بەزاڵبوونی بەرەی کوفر کردبێ، هەموو ناکۆکیەکانی بەلا ناوەو یەکیگرتووە بۆ تێکۆشان دژی ئەو بەرەیە. ئێمەو ئەنساری سوونە تەنها بۆ جیهاد و بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام کارەکانمان تێکەڵکردوە، دەنا وەکو ئەمیر ئەمیری خۆمان هەیە، ڕاستە ئەمیری ئەنساری سوونە ئەمیری هەموو موسوڵمانێکی**

**ڕاستەقینەیە و بەئەمیری خۆمانی دەزانین، بەڵام ئەنساری سوونە و ئەنساری ئیسلام تەنها یەک ئەمیری نیە، بەڵکو هەریەکەو ئەمیری خۆی هەیە."**[clxxii]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنساری سوونە زیاتر وەک بەرەیەک وایە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو جیهادیستانەی بەناوی "ئازادکردنی خاکی ئیسلامەوە" بڕیاری جیهادکردنیان داوە. لەنێو ئەم بەرەیەشدا تەواو ئاساییە کە ئەرکی چالاکی کردن لە "باکوری عێراق" بە ئەنساری ئیسلامی "کوردی" بسپێردرێت.

واتە دەکرێت چالاکیەک کە ئەنساری ئیسلام ئەنجامی دابێت، دواتر بە بەیاننامەو مۆرو ئیمزای ئەنساری سوونەوە بڵاوببێتەوە. هەروەک چۆن دەکرێت ئەنساری ئیسلام ئەندامە عەرەبەکان بەکاربێنێت بۆ جێبەجێکردنی چالاکیەک کە ئەندامە کوردەکانی خۆی لەبەر "کەشفبوونیان" نەتوانن جێبەجێی بکەن. باشترین نموونەش هەردوو تەقینەوەکەی ١ فێبریوەری ٢٠٠٤ ی هەولێرە.

## ٢) *تیرۆریسم وەک تاکە پانتایی کارکردن*

پێش دەستپێکردنی جەنگی ئازادی عێراق و تا ئەو کاتەی کە هەورامان بەدەست بزووتنەوە ئیسلامیەکانەوە بوو، ئەنساری ئیسلام هەردوو تیکنیکی جەنگی بەکاردەهێنا :

تیرۆریسم و جەنگی گەریلا دژ بە حکومەتی هەرێمی و هێزە فەرمانڕەواکانی کوردستانی عێراق. بەڵام ئێمە زۆر بە ئاسانی دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە سەردەمی هەوراماندا، کە دەکرێت بە سەردەمی زێرینی ئیسلامی سیاسی کوردی ناوببرێت، ئەنساری ئیسلام ئەولەویەتی دەدا بە جەنگی گەریلا و هەندێک جاریش جەنگی بەرەییش و کەمتر تیرۆریسمی بەکار دەهێنا. بەڵام ئەنساری پۆست-هەورامان دەبێت بە گروپێکی سەد لە سەد تیرۆریست و بەتەواوی پشت دەکاتە هەموو تیکنیکە جەنگیەکانی گەریلا. ئەگەر جاران سەرکردایەتی ئەنسار لە بیاەرەدا نەخشەی پەلاماردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان دادەنا، ئەوا ئێستا لە ژێر زەمینەکانی موسڵ و کەرکوک و تکریت و ڕومادی و فەلوجە دا کامیکازەکان ئامادەی تەقینەوە دەکەن. ئەگەر جاران بەتەنها هێزی پێسمەرگەی کوردستان نیشانەی پێکراوی پەلامارەکانی ئەنسار بوویێت، ئەوا ئێستا کۆمەڵگەی مەدەنیشی دەچێتە سەرو کردە تیرۆریستیەکانیان هیچ جیاوازیەک ناخاتە نێوان منداڵێکی ساواو پێشمەرگەیەکی چەکدارەوە.

ئەو تیکنیکانەی کە لەم قۆناغەدا بەکاری دەهێنن، زیاتر یان تەقینەوەی کامیکازەکانی ئەنسارە لە نێو کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا یان تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیلی بۆمبڕێژکراوە بە کەسایەتیە سیاسیەکاندا.

ئێمە بۆ گڵۆپ داگیرساندن لەسەر تیکنیکی دووەم، خوێنەر ئاراستەی ئەو بەشە دەکەین کە تەرخانمان کردوە بۆ تێگەشتن و ڕاڤەکردنی پەلاماردانی مەلا بەختیار بە مەبەستی تیرۆرکردنی. ئەوەی لێرەدا زیاتر جێگای بەدواداچوونی ئێمەیە تیکنیکی یەکەمە.

ئیبراهیم پاڵانی، کە وێنەگرو پەیامنێری کەناڵی کوردساتە، لەو ڕۆژەدا کە کامیکازەکانی ئەنساری ئیسلام/ئەنساری سووننە خۆیان دەتەقێننەوە بە هەردوو بارەگای سەرەکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو وەک شاهیدێکی زیندوو لەمەڵبەند دەبێت و بەشێکی زۆری ڕوداوەکە بە کامیرەکەی تۆمار دەکات. ئەم وێنەگرەی کە دوو جار شاهیدە، جارێک لە ڕێی چاوی کامیراکەیەوەو جارێکیش لە ڕێگای چاوەکانی خۆیەوە، بەم شێوەیە تەقینەوەکە بۆ فوئاد عوسمانی ڕۆژنامە نووس دەگێڕێتەوە :

**" سەعات ٩,٣٠ بەمەبەستی وێنەگرتنی ریورەسمی جەژن سەردانی مەڵبەندم کرد ئەوکاتە هێشتا کاك عەدنان موفتی نەهاتبوو، برادەران بە ریز وەستابوون جەژنە پیرۆزەم لەگەڵ هەر هەموویان کرد لەیادمە شەهید خەسرۆ زۆر رایگرتم و قسەی لەگەڵدا کردم، کە کاك عەدنان هات وتی بۆ کامیرات پێنییە؟ منیش بەپەلە چووم لەژوورەکەی تر هێنام، دەستم بەوێنەگرتن کرد، لەبەرئەوەی قەرەباڵغ بوو لەبەردەرگا دەستم بەوێنەگرتن کرد، پێبەپێ هەموو مەراسیمی جەژنە پیرۆزەم تا سەرجەمی هۆڵەکەشم وێنەگرت, ئەوکاتە بۆماوەی پێنج دەقیقە لەهۆڵەکە مامەوە سەیرێکی پاتری کامیراکەم کرد شەحنی دابەزیبوو، لەبەرئەوەی بەرنامەی ترم لەبەردەستدابوو لەهۆڵەکە هاتمە دەرەوە لەبەردەم هۆڵەکەدا تووشی بەرێزان, ئازاد چاوشین و زاهیر جۆخین و شەهیدی هونەرمەند ئیدرس سنجاوی بووم ,شەهید ئیدریس داوای لێکردم کەوێنەیەکی یادگاری بۆ بگرم، پاش ئەوەی وێنەکەی شەهید ئیدریسم گرت، شەهید ئیدریس گەرایەوە ناو هۆڵەکەو ئێمەش هەرسێکمان چووینە ژووری لێپرسراوی دارایی مەڵبەند کە لەرێرەوەکەی بەرامبەر هۆڵەکە بوو، تاکو ئەو جگەرەیەی دامانگیرساندبوو تەواوی بکەین، لەناکاو لەیەککاتدا دەنگێك بڵێسەیەك ئاگرێك پاڵەپەستۆی هەوای زۆر پەنجەرەکانی وردو خاش کردو دەرگاکەی ژورەکە بەتین بەدیوارەکەیدادا هەموومان خەریکبوو بەدەمدا بکەوین خۆمان بەیەکتری گرتەوەو حەپەساین و تووشی شۆك بووین کەهاتمە دەرەوە یەك بەرێرەوەکە خەڵك لەهۆڵەکە بۆ دەرەوە رایدەکرد هەمووی شێوابوو، لەبەر دوکەڵ و تۆز چاو چاوی نەدەبینی، یەکسەر کامێراکەم گرتەدەست و من وامزانی تەقینەوەکە لەدەرەوەی مەڵبەندە لەو بروایە نەبووم لەناو هۆڵی مەلبەند شتێکی لەمجۆرە رووبدات، کەچوومە دەرەوە لەبەر دوکەڵ هیچ شتێکم نەبینی سەیری هۆڵەکەم کرد دیواری هۆڵەکە رمابوو، دەسم بەوێنەگرتن کرد یەکەم چرکەی وێنەگرتنم لەدیواری هۆڵەکەوە دەستپێکرد، کەچوومە ژوورەوەو گەیشتمە بەردەمی هۆڵەکە تووشی شۆك بووم هەر شەهیدبوو بەسەریەکدا کەوتبوو هەر بریندار بوو داوای**

**یارمەتی دەکرد چەند دیمەنێکم دێتەوە یاد دیمەنێکیان ڕۆژنامەنووس قاسم شێروانی لەبەر دەرگای هۆڵەکە هاواری یارمەتی دەکردو دەستی پارانەوەی درێژ دەکرد ,یەکێکی تر منداڵێکی شەش حەوت ساڵان بوو کەباوکی شەهید بووبوو، بەڵام ئەو هاواری دەکرد دەیووت باوکم مرد، من رزگار کەن، من رزگار کەن، چەندان دیمەنی تر کەمەگەر جەرگت هێندەی شاریك بێت تەحەمولی بکەی[clxxiii]."**

لەهەمانکاتدا لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەتەقێتەوەو دەیان موسوڵمان کە هاتبوون بۆ جەژنە پیرۆزە دەکوژرێن و خوێنیان تێکەڵ بە جەژنی قوربان دەبێت. دەڵێم موسوڵمان، چونکە ئەوانەی کە لەو دوو تەقینەوە تێرۆریستیەدا کوژران، تەنها ئەندامانی پارتی و یەکێتی نەبوو، تا جیهادیستیەکان بڵێن "مورتەدبوونەتەوە"و کوشتنیان بووە بە فەرزی عەین، بەڵکو بەشێکی زۆریان موسوڵمان و خواناسەکانی شاری هەولێر بوون و تەنها بە مەبەستی پیرۆزراگرتنی جەژنی موسوڵمانان هاتبوونە دەرەوەو سەردانی ئەو شوێنانەیان کردبوو. ڕاستە تێرۆریستەکان توانیان چەند بەرپرسێکی گەورەی وەک سامی عەبدورەحمان بکوژن، بەڵام لەگەڵ ئەودا دەیان موسوڵمانی خواناس و نوێژکەری شاری هەولێریان لەتوپەتکرد. با ئێستا دەقی ئەو بەیاننامەیە بلاوبکەینەوە کە سەرکردایەتی ئەنساری/سوونە/ئیسلام لەسەر ئەم دوو تەقینەوەیە لە ٥ فێبریوەری ٢٠٠٤ دا بلاوی کردەوە:

**غزوتا أربيل**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**قال - تعالى -: (فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم وما رميت إذ رميت ولكن الله رمى وليبلي المؤمنين منه بلاءً حسناً إن الله سميع عليم) سورة الأنفال ١٧**

**الحمد لله مسلط عباده الصالحين على الكافرين، ونصلي ونسلم على رسوله المبعوث بالسيف بين يدي الساعة رحمة للعالمين.**

**- إلى الآباء والأمهات الذين فقدوا أبناءهم بدخول الصليبيين أراضي المسلمين..**

**- إلى كل مسلم دوهم بيته من قبل الصليبيين وأعوانهم..**

**- إلى كل مسلم معذب في سجون الصليبيين وأعوانهم من الأحزاب العلمانية المرتدة..**

**- إلى أهل السنة والجماعة في أرجاء الأرض..**

**لقد قام اثنان من إخواننا الاستشهاديين - نسأل الله تعالى أن يتقبلهم - بمداهمة وكرين من أوكار الشياطين في مدينة أربيل في شمال العراق، فاجتمعت بذلك فرحتنا في عيدنا - عيد الأضحى - بفرحتنا بالنيل من أعوان اليهود والنصارى. إلا أننا تعجبنا من انقلاب الموازين في هذه الأيام، ومن جهل المسلمين بدينهم، وعدم تمييزهم بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان!! لقد علم أهل السنة في العراق وفي أرجاء الأرض أن الصليبيين ما دخلوا محافظتي كركوك ونينوى إلا بمساعدة الاتحاد الوطني الكردستاني الذي يقوده العميل جلال الطالباني، والحزب الديمقراطي الكردستاني بزعامة ربيب اليهود وراثةً مسعود البارزاني..لقد مهد هؤلاء الطريق للجيش الأمريكي الصليبي، واحتلوا تلك المحافظتين رغم سقوط النظام البعثي الكافر- حليفهم السابق-، ومن ثم سلموهما**

للجيش الصليبي الكافر طمعاً في نيل رضاهم، فكانوا عوناً للصليبيين على أهل السنة..قال - تعالى-: (يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا اليهود والنصارى أولياء بعضهم أولياء بعض ومن يتولهم منكم فإنه منهم إن الله لا يهدي القوم الظالمين) سورة المائدة ٥١. ومن المجمع عليه بين علماء أهل السنة والجماعة أن إعانة الكفار على المسلمين عمل مخرج من الملة..فمما لا يختلف عليه مسلمان أنه ليس لهؤلاء نصيب في الإسلام..ومن الثوابت لدينا في عملنا الجهادي في سبيل الله أن الذي يعين الكفار على المسلمين يناله منا ما ينال الكافرين، فكنا نتحيَن الفرص للنيل من هؤلاء الطواغيت الذين لهم تاريخ طويل في محاربة الإسلام، وطالما تلطخت أياديهم بدماء المسلمين الطاهرة، فحصرنا ضربتنا الموجهة إليهم في مقراتهم الرئيسية لتكون النكاية بهم فقط، والحمد لله - تعالى - لم ننل إلا ممن كان منهم. و لقد استغل إعلاميو جلال ومسعود المغفلين من أصحاب العمائم والبسطاء من الناس في استنكار هاتين العمليتين...أين كان هؤلاء المغفّلون والبسطاء وجلال ينسق مع الصليبيين لضرب إخواننا المجاهدين من جماعة أنصار الإسلام ونسائهم وأطفالهم ؟ فقد انهالت عليهم الصواريخ الأمريكية بالعشرات، وقصفوهم بالطائرات، ولمدة ثمانية أيام دون انقطاع مسحت قرى بكاملها وبمساجدها من على وجه الأرض...نسأل الله - تعالى - أن ينير بصر هؤلاء وبصيرتهم ليتمكنوا من معرفة الحق...

وختاماً... ننصح المسلمين حفاظاً على أرواحهم بالابتعاد عن أماكن تواجد هؤلاء الأنجاس، فإن لدينا من الإخوة الذين باعوا أنفسهم لله ما لا يعلم عددهم إلا الله - تعالى -.

و آخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

أبو عبد الله الحسن بن محمود

أمير جيش أنصار السنة

١٣/ذو الحجة /١٤٢٤

٢٠٠٤/٢/٥

بۆ تێگەشتن و بینی بەشێک لەو شتانەی کە لە نێو خەياڵدانی سیاسی و ئاینی ئەم جیهادیستانەدا دەجوڵێنەوە پێویستمان بە وەستان لەسەر ئەم بەياننامەيە هەيە، با بەشێوەيەکی خێراش بێت.

يەکەم : ناونيشانی بەياننامەکە " غزوتا أربيل ". گروپی ئەلقاعيدەش هەمان ناونيشانيان بۆ هەردوو پەلامارە تێرۆريستيەکەی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ هەڵبژارد. وەک چۆن ئەمان پەلاماردانی مەڵبەندی يەکێتی و لقی پارتی يان ناونا " غزوتا أربيل " ئەوانيش ناويان نا " غزوتا نيويورك وواشنطن". دەستەواژەی غەزا لە کولتوری ئيسلامی دا، بەدەر لە مانا زمانەوانيەکەی، بريتيە لە پەلاماردانی سوپاو هێزو ناوچەو دەسەڵاتی کافران. غەزا لە کولتوری ئيسلاميدا تيرێکە هەرگيزی ئاراستەی موسوڵمانان ناکرێت و پەلاماردانی موسوڵمانان هەرگيز بە غەزا دانانرێت. ئەگەر پرباريێت دانيشتوانی نيبورک و واشنتۆن کافرين و غەزاکردنيان "جائيز" بێت، ئەوا لە کولتوری ئيسلامی دا هەرگيز "جائيز"نيە لە ڕۆژی جەژنی موسوڵمانناندا غەزای موسوڵمانانی شاری هەولێر بکرێت. هەموو ئەو کەسانەی کە لە مەڵبەندی يەکێتی و لقی پارتی دا کوژران، بە پارتی و يەکێتيەکانيشەوە، خۆيان بە موسوڵمان دەزانن و

باوەڕیان بەوە هەیە کە "خوا" تاک و تەنیایە و موحەمەد دوا پێغەمبەری ئەوەو ڕۆژی زیندووبوونەوە ڕاستە و قورئان کتێبی خوایە. پرسیار لەوەدایە :

بۆچی و لەبرچی ئەم هەموو ئیمانە موسوڵمانانی کوردوستانی لە کامیکازەکانی ئەنسار نەپاراست ؟

ئەوان لەسەرەتای بەیاننامەکەدا ئەم ئایەتە پیرۆزەیان تۆمارکردوە : (فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم...). واتە (تۆ نەتکوشتن، بەڵکو خوا کوشتنی ...). جیهادیستیەکان دەیانەوێت قەناعەت بەهەموو لا بکەن کە لە ١ فڤریوەری ٢٠٠٤ دا ئەوەی ئەو هەموو کوشتن وبڕین و تەقینەوەیەی ئەنجامدا، ئەوەی لە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قورباندا لاشەی ئیماندارەکانی لەتوپەتکرد کامیکازەکانی ئەنسار نەبوون، بەڵکو خوا خۆی بوو. دەیانەوێت ڕاستەوخۆ خوا بکەن بە بەرپرسیاری سەرەتاو کۆتایی ئەو "قەتڵ و عامە". ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە تێگەشتنە لەوەی : چۆن و بۆو لەبەرچی جیهادیستیەکان خوا دەکەن بە بەپرسیاری یەکەمی کوشتنی موسوڵمانانی شاری هەولێر، (فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم...) ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت کۆدەکانی دیکەی بەیاننامەکە بپشکنین.

دووەم : لە جیهانبینی ئەکتەرەکانی ئەنساردا، پارتی دیمۆکراتی کوردوستان و یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دوو حیزبی مورتەدن و لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە. ئەم هەڵگەڕانەوەیەش لە چەند پانتاییەکدا خۆی مانیفێست دەکات؛ پانتایی دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا کە لە جیهانی زمانەوانی جیهادیستەکاندا بە "خاچپەرستەکان" ناودەبرێن و بەم کارەشیان ئیتر لە بازنەی موسوڵمانان دەکرێنە دەرەوە " ومن المجمع عليه بين علماء أهل السنة والجماعة أن إعانة الكفار على المسلمين عمل مخرج من الملة ".

پانتایی دژایەتی کردنی ئیسلام. جیهادیستەکان مێژووی پارتی و یەکێتی یەکسان دەکەن بە مێژووی دژایەتیکردنی ئاینی ئیسلام، هەروەها مێژووی خۆشیان یەکسان دەکەن بە مێژووی ئاینی ئیسلام، واتە هەر دەستبردنێک بۆ ئەوان دەستبردنە بۆ ئیسلام کە ئاینی زیاتر لە یەک ملیار مرۆڤی سەر زەویە، " فكنا نتحيَن الفرص للنيل من هؤلاء الطواغيت الذين لهم تاريخ طويل في محاربة الإسلام، وطالما تلطخت أياديهم بدماء المسلمين الطاهرة ".

سێیەم : هەڵوێستی نێگەتیڤانەی زانایانی ئیسلامی کوردوستان وعێراق و ناوچەکە، هەروەها هەلوێستی بەشێکی زۆر لە کەسایەتی و بزووتنەوە ئیسلامیەکانی کوردوستان و عێراق و ناوچەکە لەسەر ئەو دوو کردە تێرۆریستیە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی جیهادیستەکانی ئەنسار "ئیحراج" دەکات. لەڕێگای ئەم هەڵوێستە یەکگرتوەوە، جیهادیستەکانی ئەنسار بەتوندی ئیدانەکران و بە بکوژی موسوڵمانان و ڕشتنی خوێنی ئیمانداران تاوانبارکران. بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم ڕەخنانە، ئەوان لە دێڕێکی بەیاننامەکەدا دەنووسن " فحصرنا ضربتنا الموجهة إليهم في مقراتهم الرئيسية لتكون النكاية بهم فقط، والحمد لله - تعالى - لم ننل إلا ممن كان منهم " بەڵام لە واقیعدا ئەوانەی خوێنیان تێکەڵبوو بە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان تەنها " ممن كان منهم " نەبوون، بەڵکو دەیان خواناسی شاری هەولێرو تەنانەت مناڵیشی تیادا بوو کە تەمەنی نەگەشتبووە ١٠ ساڵ.

جیهادیستیەکانی ئەنسار، بۆ بەخشینەوەی مژدەی سەرکەوتنی هەردوو "غەزا" کەیان، ڕودەکەنە هەموو ئەو موسوڵمانانەی جیهان کە خۆیان بە "ئەهلی سوونە و جەماعە" دەزانن و پێیان دەڵێن مژدەتان لێبێت : " إلى أهل السنة والجماعة في أرجاء الأرض "، بێگومان دانیشتوانی کوردوستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی خۆیان بە "ئەهلی سوونە و جەماعە" دەزانن و شانازیشی پێوەدەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی ئەنساردا جێیان نابێتەوە. ئەوان دەزانن تەنها لەکاتی کافربوونی دانیشتوانی کوردوستاندا دەتوانن بیانکوژن. هیچ شتێکیش لەمە ئاسانتر نیە:

پارتی و یەکێتی لەبەر ئەوەی بوون بە هاوپەیمانی "خاچپەرستەکان" کافربوون و پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نەماوە، خەڵکی کوردوستانیش کە دەنگ بە پارتی و یەکێتی دەدەن مانای ئەوەیە ڕازین بەو هاوپەیمانیە، کە ئەوانەش ڕازیبن بە کوفری کافرێک کافردەبن و کوشتنیان دەبێت بە فەرزی عەین. ئەمە ئەو سیستەمی ئەرگیومۆنتەیە کە ئەکتەرەکانی ئەنسار بەکاریدەهێنن بۆ شەرعەیتدان بە کردە جیهادیەکانیان.

چوارەم: یەکێک لە ئاستە گرنگەکانی بیناکردنی ڕوداوی ١ فێڤریوەری ٢٠٠٤ بریتیە لە ئامادەیی شوناسی بریندارى جیهادیستەکانی ئەنسار. ئەم شووناسە بریندارە وەک قوربانیەک خۆی دەخاتە سەر شانۆو لەم ڕێگایەشەوە پاساو-جوستیفیکاسیۆن بۆ لەناوبردنی جەلادە خەیاڵکراوەکانی دەهێنێتەوە. ئەم شووناسە تا سەر ئێسقانی شووناسێکی نێگەتیڤە و لە هەموو شەحنەکانی خودێکی بیرکەرەوەی ئازاد خالیکراوەو تەنها لە چرکەی ڕوخان و تەقینەوەو کوشتن و خوێندا هەڵچوونەکانی هێور دەبێتەوە. شووناسی قوربانی نێگەتیڤە چوونکە بەردەوام خۆی وەک مەحرومێک دەخاتە سەر شانۆ. مەحرومێک کە هەمیشە بە دوای تۆڵە دا دەگەڕێت. یەکێک لە پاساوەکانی دروستکردنی قەسابخانەکەی ١ فێڤریوەری ٢٠٠٤ لای جیهادیستەکان بریتیە لە تۆڵە سەندنەوە لەهەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە بەشداریانکرد لە جەنگی ڕزگارکردنی هەورامان دا. دەبوو ئەوان لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزاندا تۆڵەی ئەو ساتانە بکەنەوە کە بارەگاکانی ئەنساری ئیسلام لە هەورامان" انهالت عليهم الصواريخ الأمريكية بالعشرات، وقصفوهم بالطائرات، ولمدة ثمانية أيام دون انقطاع مسحت قرى بكاملها وبمساجدها من على وجه الأرض ". لەم چەند وشەیەدا ڕۆحی ئەکتەری تێرۆریست دەبێت بەڕۆحی ئەو قوربانیەی کە لە پێناوی تۆڵە سەندنەوەدا ئامادەیە، نەک بەتەنها ئەوانی دیکە بکوژێت، بەڵکو خۆشی بکات لەتوپەت بکات. ئەمە وام لێدەکات کە سیفەتی نێگەتیڤ بخەمە پاڵ شووناسی قوربانی.

# کردەی شەش:
# ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥
# هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی مەلا بەختیار

### ١. کوردستانی پۆست فێڤریوەری ٢٠٠٤ و دڕانی چوارچێوەکان

تا هێرشەکانی فێڤریوەری لەڕوی ئاسایشەوە کوردوستان وەک وڵاتێکی جیا لە عێراق تەماشا دەکرا. ئەکتەرە سیاسیە گەورەکانی کورد، پارتی و یەکێتی، هەروەها ئیسلامی و چەپەکانیش، هاودەنگبوون لەسەر خستنە سەر شانۆی کوردوستان وەک دڵنیاترین ماڵی عێراق. ئەوە گرنگ نیە کە ئەم نمایشکردنە تا چەند لە واقیعەوە نزیکە، بەڵکو گرن ئەوەیە چۆن و تا چ ڕادەیەک ئەکتەرە سیاسیەکانی کوردوستان سەرکەوتووبوون لەم نمایشەدا.

ئێمە پێمانوایە بە قەدەر ناشیرین بوونی وێنەی عێراق لە جیهاندا وێنە کوردوستان جوانتر دەکێشرا (دووبارەی دەکەمەوە کە من باس لەوە ناکەم ئەم وێنەیە واقیعیە یان نا، بەڵکو باس لە چۆنیەتی خستنە سەر شانۆی دەکەم). بەقەدەر دەرکەوتنی عێراق وەک پانتایی هەموو دڕندەییەکانی مێژوو، کوردوستان وەک سەر زەمینی هەموو ئارامیەکان دەردەکەوت. ئەوەی لە فێڤریوەری ٢٠٠٤ دا ڕوودەدات بەتەنها کوشتنی سامی عەبدورەحمان و چەند بەرپرسێکی دیکەی گەورەو چەند موسوڵمانێکی بێ گوناە نیە، بەڵکو دڕاندنی ئەم وێنەیەشە. ئەوەی دەدڕێت هەموو ئەو لاپەڕانە بوون کە هەموو حزبەکانی کوردوستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بە تایبەتی لەسەر کوردوستانی بەهەشت نووسیبوویان. دڕانی ئەم وێنەیە، دەکرێت بە دڕانی شووناس و بە بریندارکردنی کوردایەتی و بە جۆرێک لە هەتککردنی شەرەفی ناسیۆنالی کوردی حساب بکرێت.

پێش فێڤریوەری ٢٠٠٤ وردە وردە مەسافەی نێوان جەماوەرو ئەکتەرە کاراکانی حیزبە کوردیەکان تەسک دەبووەوە، ئەگەری دروستبوونی دیالۆگێکی زیندوو لە نێوان هەردوو لادا لە سەر کێشەکانی ئێستا و ئێرەی هاوڵاتیان لە ئارادابوو. بزووتنەوەی خوێندکاران و بزووتنەوەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ڕۆشنبیران و بزووتنەوەی لاوان لە جوڵانێکی بەردەوامدابوون. ئەم جوڵانە دەکرا شتێکی باشی لێدروستببێت، شتێک وەک بەگڕخستنی ماشینی دیمۆکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگە لە خوارەوە بۆ سەرەوە نەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

بێگومان، لەسەر ئاستی تیوری، لە کردەیەکی ئاوادا ئەکتەرەکان، هەموو ئەکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان پێکەوە قسەدەکەن، لەدەوەری مێزەکانی گوفتوگۆ کۆدەبنەوە، یەکتری ناچاردەکەن بە ڕێکەوتن، ستراتیژی و گرەوو چوارچێوەکانی ململانێ لەگەڵیەکتردا دیاری دەکەن. ئێمە ناڵێین کوردوستانی پێش فێڤریوەری ٢٠٠٤ لە نێو پرۆسەیەکی سەد لە سەدی وادابوو، بەڵکو دەڵێین هەنگاوێک هەبوو بۆ نزیکبوونەوە لەم ماشینە، لەم کردەی دیمۆکراتیزاسیۆنە لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ئەم هەنگاوەش، ڕۆژ بەڕۆژ، سیاسیەکانی ناچاردەکرد بەوەی کە مەسافەی نێوان خۆیان و جەماوەر کەم بکەنەوەو هەر ساتێک و چەند مەترێک لەو مەودا درێژەی نێوانیان بە

مەقەست بیرن. هێرشەکانی فێبریوەری ٢٠٠٤ ئەم ئەگەرەیان زیندە بەچاڵکردوو مەسافەی نێوان حیزبەکان و جەماوەریان دە هێندەیتر درێژکردەوە.

ئەگەر پێش فێبریوەری ٢٠٠٤ هەوڵێک هەبوویێت بۆ ئەوەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی کوردوستان ببن بە پرسیاری سەنتراڵ لای دەسەڵاتی کوردی، ئەوا پاش فێبریوەری ٢٠٠٤ ئەم هەوڵە تەواو پاشەکشەدەکات و پرسیاری ئاسایش جێگای دەگرێتەوە.

لە دوای فێبریوەری ٢٠٠٤ وە پارتی و یەکێتی وەک دوو حیزبی دەسەڵاتدار ئاڕاستەی کارکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەگۆڕن. ئەلف و بای ئەم گۆڕانەش لە سەنتراڵیزەکردنی پرسیاری ئاسایشەوە دەستپێدەکات. لێرەوە هەر ئیسلامیستێک لە کوردوستان سادەترین گومانی لێبکرێت ڕاپێچی ئاسایش دەکرێت.

ئەگەر پێش فێبریوەری ٢٠٠٤ پرانسیپ بریتیبوویێت لە: "**هەرئیسلامیستێک بێگووناهە تا تاوانبارێەکەی دەسەلمێت**" ئەوا لە دوای فێبریوەری ٢٠٠٤ وە ئەو پرانسیپە دەبێت بە : " **هەموو ئیسلامیستێک تاوانبارە تا بێگووناهیەکەی دەسەلمێنێت**". کارایی هێرشەکانی فێبریوەری ٢٠٠٤ هێندە بەهێزبوو لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی کە هەموو ئیدانەکردنەکانی یەکگرتوو-کۆمەڵ-بزووتنەوە نەتوانن زەبروزەنگی پرانسیپی دووەم کەم بکەنەوە.

لێرەوە، لە فێبریوەری ٢٠٠٤ وە تا ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥، کە بیست و یەک مانگی ڕەبەق دەکات، کوردوستان دەبێت بەو دۆزەخەی کە هەر مانیفێستاسیۆنێکی جیهادیستە ئەنسارییەکان دەسوتێنێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش ئیتیفاقێک-ڕێکەوتنێکی نەنووسراو بەڵام هەستپێکراو لە نێوان جەماوەرو دەسەڵات دا هەبوو.

### ٢. *پەلاماردانی مەلا بەختیار لە دۆزەخدا*

لە دۆزەخێکی ئاواداو سەرلە بەیانی ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥، واتە بیست و یەک مانگ دوای پەلامارەکانی ڤێبریوەری ٢٠٠٤، جیهادیستەکان، لە نێو جەرگەی شاری سلێمانیدا، کە بە هێورترین وپارێزراوترین شوێنی هەموو عێراق دادەنرێت، بە چەند ئۆتۆمۆبیلێکی مینڕێژکراوەوە پەلاماری مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و نیو سەعات دواتریش بە ئۆتۆمۆبیلێکی مینڕێژکراوەوە پەلاماری نەوشیروان فواد، وەزیری پێشمەرگە دەدەن. لە هەمان ڕۆژدا وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردوستان رونکردنەوەیەک بڵاو دەکاتەوەو بەم شێوەیە ڕوداوەکە دەگێرێتەوە:

> **" سەرلەبەیانی ئەمرۆ لەکاتێکدا هاووڵاتیانی شاری سلێمانی سەرگەرمی خۆئامادەکردن بوون بۆ بەڕێکەوتنیان بەرەو شوێنی کاری رۆژانەیان، تیرۆریستان وەك پیشەی هەمیشەدژ بە مرۆڤایەتی وترسنۆکانەیان لە دووکاری تیرۆرستیدا سێ ئۆتۆمبیلی بەمین چێنراویان تەقاندەوە. لەکاتژمێر ٩,٣٠ دووئۆتۆمبیلی بەمینچێنراو لەبەرامبەر ئوتێل**

**(ئەبوسەنا) لەکاتی دەرچوونی کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی بەرێز (مەلا بەختیار) ئەندامی مەکتەبی سیاسی( ی.ن.ك) تەقینەوە.**
**هەر دوا بەدوای ئەم تەقینەوەیە ئۆتۆمبێلێك لەجۆری ( کیا ) لەبەردەم وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە تەقیەوە ئاکامی ئەم دوو کردەوە تیرۆرستییە بووە هۆی شەهید بوونی ٩ کەس و برینداربوونی ١٥ کەسی تر. دوابەدوای ئەم روداوە وەزیری ناوخۆ سەردانی هەردوو شوێنەکەی کردو رێنومایی پێویستی دا بەهێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و هاتوچۆ لە پێناوی دانانی رێوشوێنی توندو تۆڵ بۆ بەرگرتن لە هەر رووداوێکی تری لەو جۆرە. هەروەها داوا لەهاوڵاتیانی بەرێز دەکەین ئەوانیش چاو کراوەبن و هەر کەسێکی گومان کراویان بینی پەیوەندی بەهێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە بکەن . دڵنیایان دەکەینەوە کەسوور دەبین لەسەر پاراستن و پارێزگاری لەباری ئەمنی و کەش و هەوای ئازادی لە کوردستان وەك چۆن لەرابردوودا بەردەوام بووین. ئەم کردەوەیەش ناتوانێت بارودۆخی ئاسایشی کوردستان تێکبدات، تیرۆرستانیش ناتوانن رەوتی گەشەکردن و پێشکەوتن لە کوردستان رابگرن. هەربەم بۆنەیەشەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان رادەگەێنین بۆ کەسوکاری شەهیدەکان و هیوای چاك بونەوەی زووتر بۆ بریندارەکان دەخوازین. نەفرەت لەتیرۆرستان و دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی.**
**"[clxxiv]**

ئەم ڕونکردنەوەیەی وەزارەتی ناوخۆ گێڕانەوەیەکی وردی چۆنیەتی ڕودانی هێرشەکانە، بەڵام هیچ لایەک بە تایبەتی تاوانبار ناکات و بەشێوەیەکی گشتی باس لە تێرۆریستان و تێرۆریسم دەکات:

- ئەم تێرۆریستانە کێن ؟
- کوردن یان عەرەب ؟
- لە کوێوە هاتوون ؟
- کێ لە پشتیانەوەیە ؟
- بۆ ئەم کارەیان کردوە ؟

بێگومان ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین چەند گلۆپێکی ڕاڤەکردنی "کاتی" لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە داگیرسێنین. جارێکیتر دووبارەی دەکەینەوە کە لە مێتۆدۆلۆژیای ئێمەدا کردەی ڕاڤەکردن دەکەوێتە دوای کردەی دەستنیشانکردنەوەو لەیەککاتدا هەردووکیان بەرهەم نایەن و گەر بەرهەممیشبێن ئەوە دەبێت وەک "کاتی" وەربگیرێن. بەڵام پێش ئەو گلۆپانەی ئێمە باشتر وایە گوێ لە

بەڕێز مام جەلال، سەرۆکی جمهوریەتی عێراق و سکرتێری PUK بگرین و بزاین ئەو چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

سەرۆکی جمهوریەتی عێراق لەسەر شووناسی ئەو ئەکتەرانەی کە ئەم چالاکیانەیان ئەنجامداوە دەڵێت :

**" بەر لە سێ مانگ دەمانزانی کەسێکی ئەنساری ئەلسوننە بە ناوی بەختیار لە موسڵ هەیە و سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە دەکات، دامودەزگاکانی ئاسایشی سلێمانیش چاودێری پرۆسەکەیان دەکرد" .**

بەڵام ئەی بۆچی ئاسایش نەیتوانی ڕێبگرێت لە تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلەکان و هێرشەکانی کۆنترۆڵ نەکرد ؟ سەرۆکی جمهوریەت لە وەڵامدا دەڵێت :

**"پرۆسەکە لەژێر کۆنترۆڵکردندا دەبوو ئەگەر بەختیاری سەرپەرشتیاری لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە لە موسڵ دەستگیر نەکرابا، ئەمەش بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی لە نێوان ئەو و یەکێکی سەر بە ئاسایشی سلێمانی. ماوەی چوار مانگە هەوڵی ئەوە دەدرێت سێ ئۆتۆمبێل لە موسڵەوە رەوانەی سلێمانی بکرێت بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی وەزیران و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و مەلا بەختیار بکەنە ئامانج ، بەڵام ئەگەر بهاتباو سەرپەرشتیاری پرۆسەکە دەستگیر نەکرابا، ئەوا رێگە لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆسەکەدا دەگیرا، هەروەك چۆن پرۆسەکانی پێشوو رێگەیان پێ نەدرا. "**

هەروەها سەرۆکی جمهوریەت شووناسی ئەو جیهادیستەی کە لە شاری سلێمانیدا کۆنتاکتی گروپی تێرۆریستەکانی ئەنسار بووە ئاشکرا دەکات :

**" کە کەسی بەرپرس لە پرۆسەکە لەناو شاری سلێمانی ناوی هەڵۆیە و ئەو تاوانبارە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکان هاوکاری کردووە، بەڵام پێش دەستگیرکردنی توانی دەرباز بێت. "[clxxv]**

### ***٣. خۆسەلماندن و ستراتیژیەتی تێرۆر***

پاش کۆتایی هاتن و دۆراندنی هەورامان جیهادیستیەکانی ئەنسار لەبەرچاو ونبوون. لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆشنبیریە کوردیەکاندا ماکینەی دروستکردنی "مانای هاوبەش"ی کوردی بە خێرایی سەرگەرمی دابەشکردنی "مانا"ی ئاشبەتاڵی جیهادیستەکانی ئەنساربوو بە سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەم ماکینەیە بەشێوەیەکی پاسیفیکانە تا مانگی فێبریوەری ٢٠٠٤ کاری دەکرد، بەڵام لەو بەراوارەوە پلەی کارکردنی گۆری و بەو پەڕی زەبروزەنگەوە کاری لەسەر دروستکردن و دابەشکردنی "مانا"ی "ئاشبەتاڵ"ی جیهادیستە ئەنساریەکان دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی زۆربەی زۆری ڕۆژنامەنووسانی

لۆکاڵ و ناسیۆنال و ئەنتەرناسیۆنالیش پێیانوابێت هەر بە راستی ئەنساری ئیسلام ئاشبەتاڵی کردووە.

ئێمە پێمانوایە ئەم تیپە لە تێگەشتن دەرەنجامی کۆمەڵێک ڕاڤەکردنی هەڵەی ستراکتۆرو ستراتیژیەتی تێرۆریستانەی جیهادیستەکانە، کە دوای دۆراندنی هەورامان و جەنگی گەریلا بەرنامە و ستراتیژی خۆیان بەتەواوی گۆری.

لەم قۆناغە نوێیەدا جیهادیستیەکانی ئەنساری ئیسلام تێرۆریسم وەک ستراتیژیەتی ململانێیەکی درێژخایەن تەماشا دەکەن و هەموو تواناکانیان مۆبیلیزە دەکەن بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بەرامبەرەکەیان شەکەت و ماندوو بکەن و پرزەی لێببرن. بەپێی ئەو ئەزموونانەی کە لەبەردەستماندان، ئەگەر بێت و لایەنی پێکراو (یەکێتی، پارتی، حکومەتی هەرێم، حکومەتی عێراق، ئەمەریکا) بە مێتۆدێکی زانستیانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم تیپە لە تێرۆریسم نەکات دۆراندی دەبێت بە ئەگەرێک لە ئەگەرەکان. واتە تەنها لەم هەلومەرجەدا دەکرێت باس لە دۆرانی لایەنی پێکراو بکەین.

جیهادیستەکانی ئەنسار تەواو وشیارن بە خاڵە لاوازەکانیان و دەزانن لە ئێستا و ئێرەدا، ئەمەریکا بە فڕۆکە و زرێپۆش و سوپاکەیەوە لە ناوچەکەدایە و ناتوانن بەرەکانی جارانی هەورامان دروستبکەن و بارەگا و بنکەی سەربازی بکەنەوە، بۆیە تیرۆریسم وەک تاکە مەیدانی کارکردن بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن.

وەک چۆن ڕوبەڕونەوەی مەیدانی و بەرەیی خاڵی لاوازی جیهادستەکانە، جەنگی تێرۆریستیش خاڵی لاوازی هەموو حکومەتە دیمۆکراتیەکانی جیهانە. زۆر بە دەگمەن حکومەتێکی دیمۆکرات دەتوانێت جەنگی تێرۆر باتەوە بەبێ ئەوەی باجێکی قورس نەدات. گەر تێرۆریستێکی ئەنسار، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت هەر ماوەو لێرەیە، ئامادەبێت بە ئۆتۆمۆبیلێکی مینرێژکراو دەیان هاوڵاتی بێ گوناە بکوژێت، ئەوە ئەم کارە بۆ حکومەتێکی دیمۆکرات تەواو ئەستەمە. لێرەوە، جیهادیستەکانی ئەنسار دەکرێت خەون بە سەرکەوتنەوە ببینن.

بەڵام بێ شانسی جیهادیستەکانی ئەنسار لەوەدایە کە پارتی و یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردوستان ئەم جەنگە وەک دوا جەنگی مان و نەمان و ژیان و مردن تەماشا دەکەن و ئامادەن لە پێناوی بردنەوەدا هەموو کەرەسەکان بەکار بێنن.

ئێمە پێمانوایە نە جیهادیستەکانی ئەنسار تێرۆریسم لە پێناوی گۆرانی حکومەتێک بە حکومەتێکی دیکە بەکار دەهێنن، نە یەکێتی و پارتیش بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ تێرۆریسمی ئەنساردا دەکەن. بەپێچەوانەوە، وەک چۆن ئەم جەنگە جەنگی مان و نەمانە بۆ پارتی و یەکێتی، ئاواش جەنگی مان و نەمانە بۆ جیهادیستەکانی ئەنسار. لێرەوە شانسی بردنەوەی ئەنساریەکان تەواو لاواز دەبێت.

### ٤. هەڵبژاردنی مەلا بەختیار و مانیفێستاسیۆنی چەمکی خود

**بۆ جیهادیستەکانی ئەنسار مەلا بەختیاریان هەڵبژراد ؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگیەکی سۆسیۆلۆژی تایبەتی هەیە. دەبێت لێرەدا ئێمە پرانسیپی کارکردنمان دووبارە بکەینەوە. بۆ ئێمە مەلا بەختیار نە دۆستە نە دوژمن، نە باشە نە خراپ، نە فریشتەیە نەشەیتان، نە ڕۆژئاوایە نە ڕۆژهەڵاتی، نە موسوڵمانە نە کافر، بەڵکو مەیدانێکی تووێژینەوەی زانستی ڕووتووقووتەو وەک سۆسیۆلۆگ هەرگیز ڕێگا بەخۆمان هاوکێشەی "دژایەتی و دۆستایەتی" کارایی داینێت بەسەر کردە زانستیەکەمانەوە. کاری ئێمە دابەشکردنی ئەحکامە ئەخلاقیەکان نیە، بەڵکو تێگەشتن و ڕاڤەکردنەو هیچی تر. ئومێد دەکەم ئەم پرانسیپە بۆ هەموو لایەک ڕوونبێت. ئێستاش دەگەڕێینەوە لای پرسیارەکەی سەرەوە.

ئێمە پێمانوایە، کەسایەتی مەلا بەختیار وەک ئەکتەرێکی سیاسی، وەک خودێک (بەمانا تۆرێنیەکەی، ئالان تورێن) بەشداریەکی زیندووی هەیە لە بەرهەمهێنانی پەلامارە تێرۆریستیەکەی ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ دا. بۆ ئەوەی چۆنیەتی گەشتنە ئەم دەرەنجامەش بۆ خوێنەر ڕوونبکەمەوە، سەرەتا بە خستنە سەر شانۆی چەمکی خود دەستپێدەکەم و پاشان دەیخەمە "ئیمتیحانی" مەلا بەختیار و هەروەها ئەو کەسانەش کە ویستیان بیکوژن. واتە دواتر ڕوناکی دەخەمە سەر پەیوەندی مەلا بەختیار و بکوژەکانیشی بە قووتابخانەی "خود"ەوە.

چەمکی "خود" لە مەیدانی فەلسەفەدا مێژویەکی درێژی هەیە و بەپێی جیاوازی سەردەمەکان مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو هەندێک جار بە قبوڵکردن و هەندێک جاریش بە ڕەفزکردن. بەڵام لە مەیدانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، مێژوی نرخاندن و گرنگی پێدان و سەر ئاو کەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان.

من بەبیرمدێت لە سەرەتای نەوەدەکانداو لە کوردوستاندا، ئێمە چەند گەنجێک بووین کە هێشتا لە قۆناغی موراهیقیدا بووین، باسمان لە ئامادەی و بەشداری "خود" دەکرد لە بیناکردنی ژیان دا. ڕاستە ئێمە، لەسەر ئاستی تیۆری هیچ قوڵبونەوەیەکمان نەبوو لەسەر ئەم چەمکە، بەڵام هەر بەوەندەی کە لەو سەردەمەدا کەوتبووە سەر زمانمان خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر تەقینەوەی ئەم چەمکە لە جیهاندا. ئێمەیەک کە دوربوین لە هەموو زانکۆ جیهانیەکان، لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە، بەر ئەم شەپۆلە کەوتبین، ئیتر مانای ئەوەیە کە شوێنە پێشکەوتوەکانی دیکەی ئەم ئەستێرەیە باشتر بەرکەوتوون. لەم شوێنە پێشکەوتانەدا چەمکی خود زۆرترین پانتایی دێبا و دیالۆگی داگیر کردوەو و جێگای بە ستراکتۆریالیستەکان تەنگ کردووە. بەڵام لە کوردوستانی ئێمەداو لەبەر ئەوەی گروپی گۆڤاری ئازادی کە دواتر دەبێت بە ڕەهەند کۆمەڵێک لاوی ستراکتۆریالیستی سەرسەخت بوون، نەیانهێشت بەهیچ شێوەیەک لەو ساڵانەدا چەمکی خود گەشەبکات و بێتە نێو پانتاییەکانی دێبا و دیالۆگی کوردیەوە.

لە هەردوو چرکەی شۆڕشی ئەمەریکی و فەرەنسی دا پێناسەکانی خود وەک کائینی سیاسی و یاسایی دەردەکەوێت. لەم دوو چرکەیەدا "خود" دەبێت بە "هاوڵاتی". هاوڵاتی وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی. لە ساڵانی شەست و هەفتاکاندا، ڕۆشنبیران هەموو تواناکانیان خستەکار بۆ ئەوەی چەمکی خود لە

مەیدانەکانی دێبا و دیالۆگ دورخەنەوەو تەنانەت جاری مردنیشی بدەن. بەڵام پاش هەرەسی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەشتاکاندا، جارێکیتر بە تەوژمێکی بەهێزەوە ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە نێو پانتاییەکانی گوفتوگۆوەو دەبێت بە مەیدانی دەرکەوتنی ئەکتەر کۆمەڵایتیە نوێیەکانی سەردەم. لەم زەمەنە تازەیەدا، ئیتر خود بەتەنیا ئەکتەرێکی کۆمەڵایتی نیە، بەڵکو ئەکتەرێکی کولتوریشە. ئەم ئەکتەرە کولتوریەش لە چەند پانتاییەکدا خۆی دەردەخات، لەوانە پانتایی ئاینی و ئتنی و نەتەوەی و ڕەگەزو ...[clxxvi]

لە سەردەمی نوێی گەڕانەوەی "خود"داو لەنێو کردەی هەڵبژاردنەکانی تاکدا، تایبەتمەندیەتە کولتوریەکان خۆیان بینادەکەن، خۆیان دەگۆڕن، خۆیان بەرهەمدەهێنن، واتە تاک لەڕێگای هەڵبژاردنەکانیەوە دونیا دروستدەکاتەوەو هەوڵدەدات بەرپرسیاریشبێت لەو دروستکردنە. تاک لەڕێگای خواست و هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە، ژیان بە شوناسێک لە شوناسە کۆلێکتیڤەکان دەسپێرێت.

لێرەوە شوناسی کۆلێکتێڤ نەک هەر ناپێت بە ئەویدیکەی دژ بە تاکگەرایی بەڵکو دەبێت بە تەواوکەری. هەرچەند کۆمەڵێک توێژەر پێیانوایە، سەر لەنوێ دەرکەوتنەوەی شوناسە کۆلێکتیڤەکانی وەک ئیسلام ، هەڕەشە و نەفیکردن و دورخستنەوەی شانسی هەر دەرکەوتنێکی چەمکی "خود"ە، چونکە ئەم شوناسە کۆلێکتیڤە لەسەر بنەمای کۆمینۆتاریسم خۆی دروستدەکات کە سەرتاپای دژە بە لەدایکبوون و دەرکەوتنی خود لە پانتاییە گشتی و تەنانەت تایبەتیەکانیشدا. ئەم توێژەرانە نایانەوێت روناکی بخەنە سەر خواستی تاکە کەسیی ئەو فەرەنسیەی کە بەو پەڕی ئازادیەوە ئیسلام هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە شوناسی خۆی. لەدەرەوەی ئەم هەرا تیۆریەوە، ئێمە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی چەمکی خود دەکەین:

"خود" بریتیە لە هەموو ئەو تواناییانەی کە تاکێک دەیخاتەکار بۆ ئەوەی بوونی خۆی بینابکات و ببێت بە خاوەنی خۆی و لە هەموو زەبرەکانی دێتێرمینیسم بێتە دەرەوە. چەمکی خود پەیوەندی "من"ە بە "من"ە وە، بیناکردنی خۆمە بەدەستی خۆم، بەدیهێنانی خۆمە لە نێو پانتاییە گشتیەکاندا.

<u>چەمکی خود بریتیە لە ئیمکانەتی خۆ دروستکردن وەک تاک.، وەک سەروەرێک کە توانای هەڵبژاردنی هەبێت، وەک بەرهەڵستکارێک کە توانای بەرهەڵستکاری هەبێت لەبەرامبەر زەبرە سیاسی و ئابوری و تائیفی و ئتنی و ئەخلاقیەکاندا. بەکورتی "خود" بریتیە لە ئیمکانەتی خۆ دروستکردن وەک پرانسیپی مانا، وەک کائینی ئازاد، وەک کەسێک کە توانای ماڵیکردنی نۆرمەکانی هەبێت.</u> ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە ئالان تورێن بە چەمکی "خود" ی دەدات. بێگومان لەم سەرشارەوە، گرفتی خود ئیتر دەبێت بە پرسیاری دیمۆکراسی و بەرپرسیارەتی کۆلێکتیڤ[clxxvii]. من چۆن دەتوانم ببم بە خود گەرێێت و هەلومەرجی بوون بە خود بۆ هەموان نەڕەخسێت ؟

بێگومان لە گەردوونی فیکری "سوژێ-خود"دا، هەموو شتەکان پۆزتیڤ نین و ڕەهەندی "سیوبژێکتیڤیتێ-خودگەرایی"یش مەرج نیە هەمیشە "خود" بەرەو سەرکەوتن ببات، بەپێچەوانەوە، زۆر جاریش سەری لە شکستەوە دەردەچێت.

هەندێک جار دەبێت بە پانتایی لەدەستدانی توانایی کەسێک بۆ خۆبیناکردن وەک "خود". پەیوەندی " خود" بە "ئەویتر"ەوە دەکرێت لەسەر بنەمایەکی نێگەتیڤ دابمەزرێت، واتە لەسەر بنەمای دژە-خود. لێرەدا "خود" لەیەککاتدا کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ دژی خۆی و دژی ئەویدیکەش، لەیەککاتدا هەوڵدەدات خۆی و ئەویدیکەش نەفی بکات و وەک چۆن دەبێت بە هەڕەشە بەسەر ئەویترەوە ئاواش دەبێت بە هەڕەشە بەسەر خۆیەوە، وەک چۆن گومان لە توانایە بیناکارەکانی ئەویدیکە دەکات ئاواش گومان لە توانایییەکانی خۆی دەکات.

لێرەوە فیکری " خود" وەک چۆن هەڵگری گەردونێکی سپی تاک و گروپەکانە، ئاواش هەڵگری گەردونێکی ڕەشی ئەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوریانەیە. واتە لەم فیکرەدا ئێمە لەیەککاتدا تێبینی "خود" و "دژە-خود" دەکەین. " دژە-خود " ئەو ڕوخسارە تاریکەی مرۆڤە کە هەموو کاتیگۆریەکانی "خود" لنگاوقوچدەکاتەوەو دەستنوێژیان دەشکێنێت. لەم گەردوونە ڕەشەدا "خود" دەبێت بە ماشینێکی بەهێز بۆ بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ. بەم شێوەیە تێگەشتن لە زەبروزەنگ ڕاستەخۆ دەمانباتەوە سەر تێگەشتن لە خود.

لەو ئێستا و ئێرەیەدا کە هەوڵدەدرێت مەلا بەختیار تێرۆر بکرێت، ئەو هەمووتواناکانی مۆبیلیزە دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگای کۆی پرۆژەکانیەوە وەک "خود"ێک خۆی بینا بکات. ڕاستە مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبێکی گەورەی کوردوستانە، بەڵام ئەمە ڕێگای لێنەگرتووە بۆ ئەوەی خۆی وەک ئەکتەرێکی "تاک" و "ناوازە" بینانەکات. ئێمە ئەگەر بێت و کەسایەتی مەلا بەختیار و کەسایەتی دوکتۆر بەرهەم لە موختەبەرە سۆسیۆلۆژیەکانماندا "فەحس" بکەین بەخێرای بۆماندەردەکەوێت کە ئەم دوو ئەکتەرە دوو گەردوونی لەیەکجاوازن. واتە بوون بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی مانای توانەوە نیە لە یەک تیپ لە کەسایەتیدا، بەپێچەوانەوە، ئەم "مەوقیعە" دەکرێت یارمەتیدەرێکی زیاتر بێت بۆ خۆ بیناکردن وەک تاک.

مەلا بەختیار لە چوارچێوەکانی خۆیدا پڕیارەکانی دەستنیشان دەکات. لە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردوستانیش دا کە چەندین "ئەویتر-ئەدڤێرسێر"ی هەیە ماشینی "موقاوەمەی" کاردەکات و بە هەناسەیەکی درێژەوە یاری مەوقیعەکانیان لەگەڵدا دەکات. پاش ڕاپەڕین وەک ئەندامێکی ئاسایی سەرکردایەتی جێگای خۆی دەکاتەوەو پاشان دەبێت بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی و دواتر دەبێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەم ڕۆژانەشدا دەبێت بە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. بێگوومان هەموو ئەم پۆستانە هەروا بە ئاسانی بەدەست نەهاتوون، بەڵکو دەرەنجامی ململانێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەم کەسایەتیەن کە بەردەوام لەبیناکردنی خۆیدایە وەک پرانسیپی مانا.

ئەگەر لە چوارچێوە ئەخلاقیەکانەوە بۆ ئەم پرۆسەی خۆ-بیانکردنە بڕوانین ڕاستەوخۆ دابەشدەبین بە سەر دوو بەرەدا، بەرەیەک مەلا بەختیار دەکات بە شەیتانێکی ڕەجیمی خۆپەرست و بەرەیەکیش بە مەهدی چاوەڕوانکراوی ڕزگارکەر. بەڵام لە "موقارەبە" سۆسیۆلۆژیەژکاندا، مەلا بەختیار نە شەیتانە و نە مەهدی، بەڵکو ئەکتەرێکە لە نێو کردەیەکی بەردەوامی خۆبیناکرندا.

لەدەرەوەی یەکێتیش، مەلا بەختیار پێیوایە ئیسلامی سیاسی ئەدڤێرسێری یەکەمیەتی. لە خەیاڵدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم پیاوەدا، ئیسلامی سیاسی هەندێکجار وەک مەترسیەکی گەورە لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پانتاییە گشتیەکان تەماشا دەکرێت و هەندێکجاریش وەک دوژمنێک کە بەردەوام سەرگەرمی خۆکۆکردنەوەو ئامادەباشیە بۆ جەنگ. واتە لەم خەیاڵدانەدا ئیسلامی سیاسی تەنها یەک وێنەی نیە، بەڵکو سێ وێنەی سەرەکی :

- ✓ ئەدڤێرسێر.
- ✓ هەڕەشە.
- ✓ دوژمن.

بێگومان لە هەندێک وتارو لێدوانی ئەم ئەکتەرە کۆمەڵایەتیە دا هەندێکجار هەر سێ وێنەکە تێکەڵ بەیەکتری دەبن. بەڵام گرنگی "حاڵەتی" مەلا بەختیار لەوەدایە (بێگوومان بۆ سۆسیۆلۆگ):

بۆ بردنەوە لە ئیسلامی سیاسی پەنا ناباتە بەر بەکارهێنانی زەبروزەنگی فیزیک و کوشتن و بڕین. مەلا بەختیار میتۆدێکی دیکەی هەڵبژاردوە کەتەواو لەگەڵ میتۆدی قووتابخانەی "خود" دا دەگوونجێت. ئەو میتۆدەش بریتیە لە ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و نێو هۆڵەکانی دیالۆگ و گوفتوگۆ.

ململانێی مەلا بەختیار لەگەڵ ئیسلامی سیاسیداو دەرکەوتنە تووندەکانی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە نێو هۆڵەکان و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان داو هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر نەک تەنها ئیسلامی سیاسی، بەڵکو ئیسلام وەک ئاینێکی تەوحیدیش و کارکردن بۆ جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و ئازادکردنی ئافرەت و مۆبیلیزەکردنی ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران و ئافرەتان و بەشێک لە ڕۆشنبیران دژ بە دیاردە ئاینیەکان، ئیسلامی سیاسی بەگشتی و جیهادیستەکانی بەتایبەتی بێزارکردووە، ئەم بێزارکردنەش گەشتوەتە ئاستی ئەوەی کە عبد اللە حەسەن سۆرانی، ووتە بێژی ڕە سمی بە ناوی((کەتیبەکانی کوردستان)) ی سە ر بە دە وڵە تی عێراقی ئیسلامی، مەلا بەختیار بە "دوژمنی خوا" ناو بەرێت و سەرلەنوێ هەڕەشەی کوشتنی لێبکاتەوە :

> **"لێرەشەوە بە هەموو لایەك ئەوە ڕادەگەیەنین بەتایبەت بەژن ومندال وباوك ودایكی شەهیدان وگیراوەكان,بە موجاهیدانی ڕێگای خودا, هەڵگرانی مەشخەڵی ئیسلام, كە بەردەوام دەبین لە جیهاد و تێكۆشان و چەكی پیرۆزی ئیسلام دانانێن و ئاڵای بەرزی لا اله الا الله بەرز ڕادەگرین, تا شەهید بون و بەدەس هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار, یان سەركەوتنی ئیسلام و گێڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی خودا, ڕزگاركردنی خاكی پیرۆزی ئیسلام, بڕینی دەستی بێگانەو نۆكەرانی لە جیهانی ئیسلام ,ئەوانەش چاك دەزانن كۆتاییان بە دەستی موجاهیدانەو سەركەوتنی خوداش نزیكەو وا خەریكە هاوپەیمانە ئەمەریكی و بەریتانیەكانیان**

**بەرنامەی ڕاکردن و پاشەکشێ دادەنێن,ڕۆژانەش چاوەڕوانی گورزی پۆلاَینی موجاهیدانن لەناو جەرگەیاندا وەکو ئەنجامدانی ئەو کارە پیرۆزانە کە لە ڕابردویەکی نزیکدا بەچاوی خۆیان بینیان لەکوشتنی بە رپرسی ئاسایشی هە لەبجە, تەقینەوەکەی بەردەمی وەزارەتی پێشمەرگە, لێدانی مەلا بەختیارو کوژرانی هەندێ لە پاسەوانەکانی هەرچەندە ئەو جارە ئەو دوژمنەی خودا بەبەر نەکەوت ورزگاری بوو بەلاَم وەك کوردەواری دەلێ زیندە بەئەجەلەو ئێمەش نەفەسمان درێژەو پەلەمان نیە ئەمڕۆ نا بەیانی!"[clxxviii]**

تا ئەوشوێنەی کە ئیسلامیستێک کوشتن و تەقینەوەو لەناوبردنی فیزیک ناکات بە میتۆدی ململانێ دەکرێت باس لە "ئیمکانیەتی" لەدایکبوونی "خود" لای ئەو بکەین. بەڵام هەرگیز جەلادو بکوژو تێرۆریست ناکرێت وەک "خود" پێناسە بکرێن.

ئەو کامیکازەی کە بە ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە خۆی دەتەقێنێتەوە بە مەلا بەختیار دا کەسێکە هەموو تواناکانی خۆبیانکردنی لەدەست داوەو هەموو ماناکانی وجودی لە گوێڕایەڵیەکی پاسیڤانەی سەد لە سەددا دەبینێتەوە. بوونی کەسی گوێڕایەڵ بوونێکە لەسەر ئاستی ژمارەو کۆتایی هاتنیشی تەنها کۆتایی هاتنی ژمارەیەکە. کامیکازی خۆکوژی بەشەر کوژ "خود" نیە، چونکە ئەو تەنها فەرمانێک جێبەجێ دەکات کە ڕەنگە نەزانێت لە کێوەو لە کوێوە دەرچووە. لێرەوە ئێمە دەکرێت هەوڵدانی تێرۆرکردنی مەلا بەختیار ناوبنێین : زەبروزەنگ نا-خود دژ بە خود.

### ٥. *بەشداری وەڵاتانی دراوێ لە بیناکردنی تێرۆریسم لە کوردوستاندا*

ئایا هێرشە تێرۆریستیەکانی ٢٠ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ کردەیەکی ناسیۆنالی ڕوتوقوت بوون و جیهادیستیەکانی ئەنسار بەشێوەیەکی ئۆتۆنۆم بەرهەمیان هێنا، یان ئەو کردەیە چوارچێوە ناسیۆنالەکان تێدەپەڕێنێت و لەدەرەوەی سنورەکانی کوردوستانیشەوە وڵاتانی دراوسێ بەشداریانکردوە لە بەرهەمهێنانیدا ؟

ئێمە پێمانوایە هەڵەیەکی زانستی دەکەین گەر بیرلەوەبکەینەوە کە ئەم هێرشانە هیچ پەیوەندیەکیان بە کۆمەڵگەی کوردیەوە نیەو لەدەرەوەی کوردوستانەوە نەخشەیان بۆ کێشراوەو فەرمانی جێبەجێکردنیان دەرکراوە. هەروەها پێمانوایە هەڵەیەکی زانستی گەورەتریش دەکەین گەربێت و ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ لە بەرهەمهێنانی ئەم پەلامارانەدا ونبکەین و بەشداریکردنی تێبینی نەکەین.

ئەو چوار وڵاتەی کە کوردوستانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردوە، ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا، تا ئێستاش کورد وەک بوونێکی سیاسی و کولتوری و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بە مەترسی و هەڕەشە دەزانن لەسەر "ئاسایشی نەتەوەییان " و بەهێزترین چارەسەریش کە وەڵامی "کوردایەتی" پێبدانەوە زەبروزەنگ و لولەی تفەنگ و قەسابخانە و لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیشدا، وەک پەلامارەکانی ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥، تێرۆریسمە.

لەو چاوپێکەوتنانەدا کە لە کۆتایی ئەم کتێبەوە بڵاومانکردوەتەوە، خوێنەر بەوردی هەموو ئەو هەوڵانە تێبینی دەکات کە وڵاتانی دراوسێ دەیدەن بۆ بیناکردنی تیرۆریسم لە کوردوستاندا. من لێرەدا تەنها چەند پەراگرافێکی چاوپێکەوتنێک تۆمار دەکەم کە لە چوارچێوەی ئامادەکردنی نامەی دوکتۆراکەمدا ئەنجامدراوە. ئەو کەسەی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا کراوە، ئێستا لەیەکێک لە زیندانەکانی کوردوستان دایەو من سوپاسی بەڕێوبەری ئەو زیندانە دەکەم کە ڕێگای دا بە یەکێک لە تووێژەرەکان ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ئەنجام بدات. "گوفتوگۆلەگەڵداکراو" ئاگادارکراوەتەوە لەوەی کە ئەم چاوپێکەوتنە هیچ پەیوەندیەکی بە "لێکۆڵینەوەی ئاسایشەوە" نیەو تەواو ئازادە لە وەڵامدانەوە یان نەدانەوەداو لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی ڕوتوقووتدا ئەنجامدەدرێت و ئەویش بەو پەڕی ئازادیەوەو بەدەم جگەرە کێشانەوە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە. ئێمە ئەم کەسە ناو دەنێین ئەحمەد:

**" دوای من لەڕێگای کورێکەوە پەیوەندیم بە (لێرەدا ئاماژە بە دەزگای هەواڵگری یەکێک لە وڵاتانی دراوسێ دەدات و ئێمە کۆدی A بۆ دادەنێین).. ئیتر بووم بە A ، چومە لای کابرایەک ناوی (...). ئیتر لای ڕەسمیان گرتم و فۆرمیان بۆ پڕکردمەوەو وتیان ئێمە مەعلوماتی ئەمەریکایەکان و حیزبی (...) و (...) ئەوێت. وتیان ئێمە ئەزانین تۆ کەسێکی لەبواری سیاسیا ئیشت کردوەو شت ئەزانیت و تۆ ئیشمان بۆ بکە و ئێمەش یارمەتیو ئەدەین. ئیتر دەستم کرد بە ئیشکردن بۆیان، لەوێ خەلکی تیرۆریستم ناسی، جەماعەتی ئەنسار و ئەوانە. ئەوان منیان ناسیەوە، وتیان ئەوەی لەڕابوردودا ڕوی دا، موشکیلە نیەو با لەبیرمان بچێتەوەو ئێستا پێکەوە کار ئەکەین و هەموو ئیسنسانێک قابیلی هەڵەیەو تۆش تەوبە بکە و بگەڕێرەوە بۆلای خوا. ئیتر لەوێ فێری تلیاک کێشانیش بووم، بەڵام موعتاد نەبووم، چونکە زۆرم دەست نەئەکەت و زوو زوو نەم ئەکێشا. ئیتر لەگەڵ A ئیشم ئەکرد، دوای هینێکیان داپێم، پڕێ تیەنتییان (TNT) یان داپێم. لە (...)، وتیان نەفەرێک هەیە، (...)، لە (...)، ناوی (...)، بۆمان بکوژە. وتی نەیشی کوژی گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە تۆ ئەیسەلمێنی کە ئەتوانی ئیش لەو شوێنانا بکەیت. ئەو هەنێ تینتی تەوقیتکراوی هێنا، هی سەعات و ئەمانە. ئیتر منیش وتم ناتوانم، لەسەر تەوقیتکراو ئیشبکەم، کۆنترۆڵم بەنێ، من لەسەر کۆنترۆڵ ئیش ئەکەم. ئێمە لە (...)بووین، ئیتر مەسولی هەواڵگری A تەلەفونی کردو لەگەڵ منا قسەی ئەکرد، ئەو ناوی (...)، تیرۆریستێکی کوردیشی لەگەڵ بوو کە ناوی (...). من لە ڕێگای ئەوەوە A ناسی. ئیتر لە وێ کە ئەو شتە کرا، وتم باشە چۆن بەکاری بێنم، وتیان لەبەردەرگاکەیان تەنەکەی زبڵ هەیە، ئەیخەیتە ناوی، کە هاتەدەرەوە، دەستی پیادەنێیت و ئەیتەقێنیتەوە. ئیتر من**

**وتم باشە ئەی کەم، بەڵام وەعدی تەواوتان نادەمی کە بکوژرێت. دوای هاتمۆ بۆ کوردستان و ماوەیەک لێرەبووم و دوای چوومۆ بۆ (...) و تیێنتیەکەم هێنا، لە ناو جانتایەکی بچوکا بوو، کەبسول بوو، بەکۆنترۆل ئەتەقایەوە. ئیتر تینتیەکەم هینایە (...). بەڵام دواتر نەخشەکەیان گۆراو وتیان ئێمە ئەمانەوێت لە (...) کەسێکی تر بکوژین. ئەوان چەند کەسێکیان (...) بۆ ئەو عەمەلیەیە ئامادە کردبوو، ئیتر منیشیان خستە نێو عەمەلیەکەوەو بە تیەنتیەکەی من کەسەکەیان کوشت. تیرۆریستەکە خۆی تەقاندەوەو بەپرسەکەی لە (...) کوشت."**

ئێمە ئەم نموونەیەمان هێنایەوە بۆ ئەوەی تیپێکی دیکە لە پەیوەندی نێوان وڵاتانی دراوسێ بە کوردوستانەوە بخەینەڕوو. بێگوومان هەریەکێک لەم دەوڵەتانە چەندین تیپی پەیوەندیەوە مامەڵە لەگەڵ "کوردایەتی" دا دەکات. (کوردایەتی بەمانای کوردبوون). ئەو تیپانە بەپێی سروشتی وڵاتەکان و سیستەمەکانی دەسەڵات لەو وڵاتانەدا دەگۆڕێت. لەکاتێکدا وڵاتێک کلیک لەسەر جەنگی نێوان کوردەکان و براکوژی دەکات، وڵاتێکی دیکە کلیک لەسەر جینۆساید دەکات. هەروەک چۆن وڵاتێک کلیک لەسەر هەیمەنە بەسەر ئەکتەرە کاراکانی نێو کێڵگەی سیاسی کوردی دەکات، وڵاتێکی دیکە کلیک لەسەر بیناکردنی تێرۆریسم لە نێو ئەو کێڵگەیەدا دەکات. هەروەها ئێمە دەتوانین تێبینی ئامادەیی کۆی ئەم تیپانە لە پەیوەندی دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانە بە کوردوستانەوە بکەین.

ئەو وڵاتەی ئەمرۆ لە کوردوستاندا دەستنیشاندەکرێت وەک سەرپەرشتیارو بەرهەمهێنەرو بیناکاری تێرۆریسم لە کوردوستاندا کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بەڵام ئایا بەراستی وڵاتەکەی ئیمام خومەینی لە پشت تەقینەوەکانی ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ وە بوو ؟

وەڵامدانەوە ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نیە. سەرەتا بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی ئەو حیزبەی کە مەلا بەختیاری "قوربانی" کارگێری مەکتەبی سیاسیەتی، دەڵێت :

**" کۆماری ئیسلامی ئێران بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەو هێرشانەوە نیە "**

لەهەمانکاتدا چەند سەرچاوەیەکی تایبەتی نزیک لە لێکۆڵەرەکانی ئەو ڕوداوە، کە نایانەوێت ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن، کلیک لەسەر ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن. لێرەدا ئێمە لەبەرامبەر دوو ئەگەری یەکتر پردایین :

ئێران بەشدارە/ئێران بەشدار نیە. بۆ داگیرساندنی ڕوناکی لەسەر ئەم دوو ئەگەرە پێویستمان بە تێگەستن لەم شتانە هەیە :

- ✓ پەیوەندی نێوان ئەنسار و کۆماری ئیسلامی.
- ✓ ستراتیژیەتی ئێران لە بەرامبەر ئامادەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە کوردوستان دا.

✓ پەیوەندی ئێران بە کوردایەتیەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کۆمارێکی شیعیە و لە عەقڵە ئایدۆلۆژیەکەیدا جیهادیستیەکانی ئەنسار هیچ نین چەند نەواسبێک نەبێت. گروپی ئەنساریش لە کۆمەڵێک سەلەفی جیهادی پێکهاتووە کە بەهیچ شێوەیەک ئێران بە ئیسلامی نازانن، بەپێچەوانەوە لەڕووی عەقائیدیەوە مەترسی ئێران لەسەر "ئەهلی سوونە" بەگەورەتر دەزانن تا مەترسی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کەواتە خاڵی یەکەم بریتیەلە تێبینیکردنی دوو دونیای دژ بەیەکی پێکەوە نەگونجاوی یەکتر بە کافر زان. بەپێی یاسا نۆرماڵەکان، پەیوەندی نێوان ئەم دوو دونیایە، دونیای کۆماری ئیسلامی و دونیای ئەنسار، ناکرێت هەرگیز لەسەر هاوکاری و پشتیوانی لەیەککردن دابمەزرێت. لێرەوە سەرۆک کۆمار تەواو ڕاستەدەکات کە کۆماری ئیسلامی ئێران ناکرێت هیچ جۆرە پەیوەندیەکی هەبێت لە دروستکردنی ڕوداوەکانی ٢٥ ئۆکتۆبەردا.

بەڵام لەهەمانکاتدا دەتوانین تێبینی ئەوەش بکەین کە ستراتیژێک ئەم دوو دژە پێکەوە کۆدەکاتەوە. مەبەست لە ستراتیژیەتی دژایەتی کردنی ئەمەریکایە. هەر هێرشێک بۆ سەر ئامادەیی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، کوشتنی هەر سەربازێکی ئەمەریکی، شکستی هەر هەنگاوێکی دامەزرانەوەی عێراقێکی ئارام و دیمۆکرات و پێشکەووتوو، لەیەککاتدا لەبەرژەوەندی ئێران و ئەنسار دایەو خزمەت بە ستراتیژیەتی هەردوو لا دەکات. هەر هەنگاوێک بەرەو ئاسایش و هێوری و گەشەکردن و دامەزرانەوەی عێراقێکی دیمۆکراتی فیدێراڵی لایک بەزیانی ئێران و ئەنسار کۆتایی پێدێت. لێرەوە هەموو هاوکاریکردنێکی "**<u>کاتی</u>**" نێوان ئەو دوو لایەنە دژ بەیەکە دەبێت بە زەرورەتێکی ئێستا و ئێرە.

لەهەمانکاتدا نابێت پەیوەندی ئێران بە "کوردایەتی"وە ڕەچاو نەکەین. ئەم پەیوەندیە، هەر لە ئەلفەوە تا یا، لەسەر دوو پراکتیک دامەزراوە :[clxxix] پراکتیکی توانەوە لەڕێگای خوێندنەوە، تاکە زمانێ کە مرۆڤی کوردی دەتوانێت لە ئێراندا پێی بخوێنێت زمانی فارسیە. پراکتیکی دووەمیش بریتیە لە بەکارهێنانی سوپاو زەبروزەنگی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی هەر ناڕەزاییەکی کوردی.

ئەمە ئەو چوارچێوە کۆنسێپتیولەیە کە ئێمە پێشنیاری دەکەین بۆ تێگەشتن لە پەلامارەکانی ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥.

# بەشی پێنجەم
# تێرۆریسمی ئیسلامی لە کوردستان
# تێگەشتن و ڕاڤەکردن

- ✓ **چۆن ئێمە لە تیرۆریسمی ئەنساری ئیسلام تێبگەین؟**
- ✓ **ئایا ئەم تیرۆریسمە دەرەنجامی قەیرانەکانی دەسەڵاتی کوردیە ؟**
- ✓ **لە کێوە سەرچاوەدەگرێت ؟**
- ✓ **تاچەندێک قەیرانی سیستەمی سیاسی لە کوردوستان دا ڕێگای خۆشکردوە بۆ لەدایکبوونی یەکەم گرووپی تیرۆریستی کوردی ؟**
- ✓ **تا چەندێک تیرۆریسمی ئەنساری ئیسلام لکاوە بە سیستەمی کولتوری و سیستەمی "قیەمی" پانتاییە گشتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیەوە ؟**
- ✓ **ئایا تیرۆریسمی ئەنسار لە مناڵدانی شکستی پرۆژە سیاسیەکەی ئیسلامی سیاسی کوردیەوە هاتووەتە دەرەوە یان مناڵێکی شەرعی کۆی قەیرانەکانی کۆمەڵگەی کوردیە ؟**
- ✓ **ئەم تیرۆریسمە دیاردەیەکی لۆکالەو بەرهەمی ڕەوتی گۆڕانکاریە لۆکالیەکانی کۆمەڵگەی کوردیە یان کاڵایەکی دەرەکیەو بەڕێگای قاچاخدا هاتووەتە کوردوستان ؟**

کاری ئێمە، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، بریتیە لە پشکینی وردی کۆی ئەم پرسیارانە و هەوڵدەدەین، لەڕێگای کردەی ڕاڤەکردنەکانمانەوە، گلۆپیان لەسەر داگیرسێنین.  یەکێک لە گرفتەکانی کێڵگەی ڕۆشنبیری کوردی لەوەدایە کە هەر تێزەو دەخرێتە بازاڕەوە، بەبێ ئەوەی ئەرگیومێنتێک پشتگیریان لێبکات. مانگانە دەیان نوسین لە سەر ئیسلامی سیاسی کوردی بڵاودەبێتەوەو دەگوترێت :

ئەم ئیسلامە لە قەیرانی دەسەڵاتی کوردیدا گەشەیکردوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو نووسینانە پێمان ناڵێت چۆن. لێرەوە ئێمە هەوڵدەدەین لەو شوێنەوە دەستپێبکەین کە نووسینی کوردی تیایدا ئیفلیج دەبێت، واتە تواناکانی ڕاڤەکردنمان بەکر بێنین بۆ وەڵامدانەوە "چۆن".

## ١. تیرۆریسمی ئیسلامی و پەیوەندی بە قەیرانی دەسەڵاتی کوردیەوە

تیرۆریسمی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠١ داو لە نێو کۆنتێکستێکی تایبەتی سیاسیدا لەدایکدەبێت. لەو چرکەیەدا دەسەڵاتی کوردی وەک گیانلەبەرێکی پێکراوی دەستی براکان خوێنی لێدەتکا. گیانلەبەرێکی ماندوو بەدەست بریندارکردنی شووناسی کوردایەتی بەدەستی ماڵە شەرعیەکانیەوە، ماندوو بەدەست هەڵوەشانەوەو ئیفلیجبوونی دەزگای دادەوە کە نەیدەتوانی تاوانبارێک دادگایی بکات، ماندوو بەدەست گەندەڵیەوە، بەدەست بازرگانە نوێیەکانی سیاسەتەوە، بەدەست نزمی ئاستی دیمۆکراسیەوە، بەدەست دابەشکردنی کوردوستانەوە لە نێوان پارتی دیمۆکراتی کوردوستان و یەکێتی نیشتمانی کوردوستان دا.

تیرۆریسمی ئیسلامی لە کۆنتێکستێکدا لەدایکدەبێت کە دەسەڵاتی کوردی جومگە بە جومگە هەڵوەشاوەتەوە. ئەکتەرە کاراو مەزنەکان (پارتی و یەکێتی، تاڵەبانی و بەرزانی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی) شکستیان هێنا لە دروستکردنی پانتاییەکی پێکەوە ژیانداو دەسەڵاتیان لە دەوڵەتەوە کورتکردەوە بۆ حیزب.

لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وە، ئەو ئەکتەرە مەزنانە، لەسەر ڕێگای بیناکردنی دەوڵەتێکی کوردی دیمۆکرات، چەندین هەنگاوی گرنگیان نا، هەر لە هەڵبژاردنەوە تا دەگاتە دروستکردنی حکومەت. لەو چرکەیەدا کوردوستان بە **گوزەرێکی** گرنگدا تێدەپەڕی، گوزەر لە فەوزاوە بەرەو دەوڵەت. کارەساتی کورد لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە جەنگی براکان (پارتی و یەکێتی) دێت و شکست بەم گوزەرە دێنێت، یەکێک لە دەرەنجامە تاڵەکانی ئەم شکستە، بریتیە لە **پارتیزانیزاسیۆنی** دەوڵەت، واتە سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەوڵەت و بەخشینی بە حیزب، بەحیزبیکردنی دەوڵەت، بەدەوڵەتکردنی حیزب.

تیرۆریسمی ئیسلامی لەچرکەیەکدا لەدایکدەبێت کە کردەی پارتیزانیزاسیۆنی دەوڵەت لە کوردوستاندا دەگاتە لوتکەو سەرتاپای کۆمەڵگەو دەزگاکانی دادەپۆشێت، بەڕادەیەک وەرگرتنی خوێندکارێک لە زانکۆی سەلاحەدین یان سلێمانی بەبێ ئیمزا یان پشتگیری پارتی یان یەکێتی دەبێت بە موعجیزەیەکی گەورە.

بەدرێژایی حەفتاکان و هەشتاکان، سەدان خەباتگێری کورد، چەکدارو بێچەک، بەدەم سرودی " ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، ناشکێنێ دانەری تۆپی زەمان، کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندوە، زیندوەو قەت نانەوێ ئاڵاکەمان" لە زیندانەکانداو ڕێگای پەتی سێدارەیان دەگرتە بەر. ئەوەی ئەم سەدان شەهیدەی بەدەم ئەم سرودەوە دەبردە ژێر پەتی قەنارە، هەستی ویژدانی ناسیۆنالی کوردی بوو. ئەم ویژدانە بەدرێژایی سەدەی بیستەم کاری لەسەر کراوەو بیناکراوە. بەڵام لە نەوەدەکانەوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم و تا ئەو ساتەش تیرۆریسمی ئەنساری ئیسلام لە دایک دەبێت، ئەوەی بەدرێژایی سەدەی بیستەم بیناکرا، لەیەکەم

تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردیدا نەک هەر دەرنەچوو، بەڵکو جومگە بە جومگە هەڵوەشێنرایەوە.

دەسەڵاتی کوردی، نەک هەر نەیتوانی خەونی ئەو نەوانە بێنێتە دی کە لەسەر سرودی : "خوایە وەتن ئاواکەی چەن دڵگیرو شیرینە، ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە، پڕ لە گوڵ و نەسرینە " پەروەردەکران، بەڵکو "وتەن"یشیان کرد بە مەیدانی جەنگە ناوخۆی و ناوچەی و تەنانەت جیهانیەکانیش. "وتەن" نەک هەر " ئاوا" نەبوو، بەڵکو براکان خۆیان پارچە پارچەو لەتوپەتیانکرد. لەمەش زیاتر، بەشێک لە کوردوستان بوو بە مەیدانی ڕمبازێنی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەشێکی دیکەش بوو بە گووندێک لە گووندەکانی کۆماری تورکیا. لێرەوە، هەست و ویژدانی ناسیۆنالی کوردی بەشێوەیەکی سەخت برینداربوو. ئەم برینانە دابەزیە سەر هەموو ئاستەکان، حیزبەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، دەزگاکان، گرووپەکان، تەنانەت خێزان و تاکەکانیش.

کاتێک شووناسی ناسیۆنالی کوردی، کە ماکینەی یەکەمی فیداکاری و گیانبەخشین و کارکردنە لە کوردوستان دا، بەم شێوەیە بریندار دەبێت و دواتر هەرەس دێنێت، ئیتر سەردەمی عەدەمیەت و بۆشای و بەتاڵبوونەوەو لەدەست دانی مانا دەستپێدەکات. لە بۆشایی ئەم زەمەندا، سەرەتای نامۆبوونی کوردی دەستپێدەکات، نامۆبوون لەبەرامبەر هەموو شتەکاندا. ئەم نامۆبوونە دەبێت بە هۆکاری سەرەکی دوو دیاردەی سەرەکی :

یەکەمیان دیاردەی کۆچکردنە بەرەو هەندەران. بێگوومان لێرەدا ئێمە لەم مەسەلەیە نادوێین. دووەمیشیان دیاردەی کۆچکردنە بەرەو ئیسلامی سیاسی کە دواتر بەشێکی دەبێت بە ئەنساری ئیسلام.

لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا، هەموو ئیسلامیەکان پێکەوە نەیانتوانی یەک کورسی پەرلەمان بەدەست بێنن و ڕێژەی ٧٪ ببرن، بەڵام لە دوا هەڵبژاردنی دیسەمبەری ٢٠٠٥ دا، ١٦ کورسی پەرلەمانیان بەدەست هێنا. بێگومان چەندین هۆکار لە پشت بەدەستهێنانی ئەم کورسیانەوەن، بەڵام ئێمە پێمانوایە یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکان بریتیە لە بیناکردنی سەردەمی "لەدەستدانی مانا" و سەردەمی "بۆشایی" لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوەو پاسان کۆچی کورد لەم بۆشاییەوە بۆ گەردوونی ئیسلامی سیاسی و پاشان لەوێشەوە کۆچ بەرەو تێرۆریسمی ئەنسار کە گوومانی ئەوەیان پێدەبرێت بە ماناکانیان ئەم بۆشاییانە پڕ بکەنەوە.

بەڵام ئایا قەیرانی دەسەڵاتی کوردی بەتەنها دەتوانێت ڕاڤەکردن و تێگەشتنێکی دروست و بابەتیانەی دیاردەی تێرۆریسمی ئیسلامی لە کوردوستاندا بخاتە بەردەست ؟ بێگوومان نەخێر. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا چۆنیەتی ئەم " نەخێرە " ڕووندەکەینەوە.

## ٢. قەیرانی ئیسلامی سیاسی کوردی

ڕەگەزێکی دیکەی ڕاڤەکردنی دیاردەی تێرۆریسم لە کوردوستاندا بریتیە لە قەیرانەکانی کێڵگەی ئیسلامی سیاسی کوردی. لێرەدا ئێمە کلیک دەکەین لەسەر تێرۆریسمی ئەنسار وەک یەکێک لە دەرەنجامەکانی ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان دا. بەتایبەتی پاش شکستی پرۆژە سیاسیەکەی ئیسلامیسم لە ٢٠٠٣-٢٠٠٤ داو دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی دا بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردی.

پاش گەڕانەوەیان لە بەهاری ١٩٩١ دا بۆ کوردوستان، بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، تا ئەو کاتەش لە خەونەکانی ئیسلامیسم دا دەژیان. ئیسلامیسم ئەو چوارچێوە کۆنسێپتیوێلەیە کە حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩) لە میسرو و ئەبوو ئەعلای مەودودی (١٩٠٣-١٩٧٨) لە پاکستان پێشنیاریانکردو دواتر لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە زۆربەی گورڕپە ئیسلامیەکان دەڕۆنە ناویەوە. ئیمام خومەینی و باقر سەدر و تالەقانیش تێوریسیانی ئیسلامیسمی شیعین.

وەک بەڕێز ئۆلیڤەر ڕوا دەڵێت[clxxx]، لێرەوە ئیسلامیسم بەسەر سێ ناوچەی جوگرافی و کولتوریدا دابەشدەبێت :

- ✓ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی سوونی (قووتابخانەی حەسەن بەننا).
- ✓ وڵاتانی پاکسان و هیندیستان (قووتابخانەی مەودودی).
- ✓ پانتایی ئێرانۆ-عەرەبی شیعی (خومەینی و سەدر).

یەکەم ستراتیژیەتی ئیسلامیسم، هەر لە دروستبوونیەوە تا چرکەی شکست هێنانی، بریتیبوو لە دروستکردنی دەوڵەت. بێگوومان ئێمە بەروارێکی دیاریکراوی جیهانیمان بۆ شکستی ئیسلامیسم لەبەردەستدا نیە. بۆنموونە وەک بەرواری هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت. ئیسلامیسم لە هەر وڵاتێکدا، وەک چۆن سەرەتایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئاواش سەرکەوتن و شکستی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر شکستی ئیسلامیسمی برایانی موسوڵمان لە میسر بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەردەمی ئەنوەر سادات، ئەوا لە کوردوستاندا، شکستی ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٩٤ داو لە گەڵ دروستبوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان و تێکەڵبوونی بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردیدا دەردەکەوێت.

مەبەستمان چیە لە گوزارشتی : شکستی ئیسلامیسم ؟

دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، گەرنا دواتر بەهەڵە تەفسیر دەکرێین. شکستی ئیسلامیسم بریتیە لە کۆتایی هێنان بە دروشمی " ئیسلام چارسەرە" و دەستهەڵگرتن، لەسەر ئاستی پراکتیک، لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی "دەوڵەت"، و تێکەڵبوون بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال و تەبەنیکردنی ستراتیژیەت و گرەوو خەون و یاسا و نۆرمەکانی ئەو کێڵگەیە. بۆ نموونە :

یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستان و تەنانەت بزووتنەوەی ئیسلامی کوردوستانیش، بە گۆشت و ئێسقانیانەوە تێکەڵبوون بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردی و تەبەنی کۆی ستراتیژی و نۆرمەکانی ئەو کێڵگەیەیان کردووەو وەک پارتی و یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتووش لە ناو ئەو کێڵگەیەدا خاوەنی مەوقیعن و تێکەڵ بە سیستەمی پەیوەندیەکانی هەیمەنە بوون.

ئایا شکستی پرۆژەی ئیسلامیسم، کۆتایی ئیسلامی سیاسیە لە کوردوستان؟

بێگوومان نەخێر، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، لەسەر ئاستی جەماوەری و سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی و ئابوریش بەهێزتر سەر ئاو دەکەون. پێش شکستی پرۆژەی ئیسلامیسم، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ و سەرەتای ١٩٩٤، واتە چرکەی جەنگی نێوان هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان کە بەهێزترین گرووپی ئیسلامی سیاسی ئەو کاتەبوو، بزووتنەوەکانی ئیسلامیسم زیاتر وەک چەند لایەنێکی پەراوێزکراوی ناکارای دور لە واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەهاتنە بەرچاوو. لەو سەردەمەدا ئەوان کاراییەکی گرنگیان بەسەر چوارچێوەکانی کێڵگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیەوە نەبوو. ئەوان لە چوارچێوەیەکی یوتۆپیدا دەژیان و تا ئەوکاتەش ئەسپەکانیان لە کانیاوی کۆنسێپتەکانی سەید قووتب و بەننا و مەودوودی ئاودەداو بەو پەڕی تواناوە کاریان بۆ دروستکردنی دەولەت دەکرد.

بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی یەکێتی و بزووتنەوەداو پاش دەستگرتن بەسەر تەواوی بارەگاکانی بزووتنەوە دا و بەدیلکردنی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان، ڕابەری گشتی بزووتنەوەو دەرکەوتنی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی یەکێتی نیشتمانی و داواکردنی لێبوردن، ئیتر، لەسەر ئاستی پراکتیک پرۆژەی ئیسلامیسم پێدەنێتە چرکەی شکستەوە. ئەمە مانای ئەوەنیە کە لەسەر ئاستی تێوری، ئیتر ئەکتەرە مەزنەکانی ئیسلامی سیاسی باس لە دروستکردنی دەوڵەت ناکەن، بەپێچەوانەوە، ڕەنگە گووتاری بەشێکیان توندتر بێت لەسەر کافرکردنی دەسەڵاتی کوردی و پێداگرتن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت. بەڵام وەک دواتر دەبینین، ئەم ئەکتەرانە، چەند ساڵێک دواتر، ئیسلامی سیاسی بەجێدەهێڵن و خۆیان وردەگێرنە سەر چەند گرووپێکی تێرۆریست. ڕاستە گوتارەکان گرنگن، بەڵام ئەوەی بۆ سۆسیۆلۆگێک گرنگترە تێبینیکردنی ئەو گرووپانەیە لە چرکەی پراکتیکدا.

پێنانە نێو سنورەکانی شکست، گوزەرێکی گرنگی لە مێژووی ئیسلامی سیاسی کوردیدا دروستکرد. گوزەرێک کە دواتر دەبێت بە مایەی پێشکەوتن و گەشەکردنیان، گوزەر لە ئیسلامیسمەوە بەرەو ئیسلامۆ-ناسیۆنالسم. من هەندێکجار ئەم قووناغە نوێیە ناو دەنێم ناسیۆنالیزەکردنی ئیسلامی سیاسی کوردی. دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان باشترین یارمەتی دەری بزووتنەوەکانی دیکەبوو بۆ تێکەڵکردنیان بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال. یەکگرتوو، بە مێتۆدی نوێی کارکردنیەوە بوو بەو ئیدال-تیپەی کە ئەگەری پێکەوە ژیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدای خستە بەردەست کۆمەڵگەی کوردی. لەو چرکەیەدا یەکگرتوو وەک وێنەیەکی پۆزەتیفیماڵیکراو لە لایەن کێڵگەی سیاسی ناسیۆنالی کوردیەوە خۆی خستە سەر شانۆ. ئەم وێنەیە، لەچەند ساڵی داهاتوودا سێبەری خۆی بەسەر

ڕۆحی کۆی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی کوردیەوە دادەنێت. بێگوومان هەرسکردنی هەرەس و گووزر لە ئیسلامیسمەوە بەرەو ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسم کارێکی ئاسانیە و پێویستی بە زەمەن و بە کەرەسەی گرنگە. ئێمە پێمانوایە خۆ-کورداندنی یەکگرتوو یەکێکە لەو کەرەسە گرنگە مێژووییانەی کە کردەی هەرسکردن شکست و گووزەر ئاسان دەکات بۆ هەموو لایەک. دەڵێم بۆ هەموو لایەک، چوونکە وەک ئسان نەبوو بۆ ئیسلامی سیاسی تێکەڵبێت بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال، ئاواش ئاسانن ەبوو بۆ پارتی و یەکێتی و ئەکتەرەکانی دیکەی نێو کێڵگە پێشوازی لەو بزووتنەوانە بکەن و ئیستیعابیان بکەن.

ئەو پرسیارانەی کە لەسەرەتای هەرەس و گوزەرەوە دەکران ئەمانەی خوارەوە بوون :

- ✓ تا چ سنورێک تێکەڵبوون بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال کارێکی شەرعیە ؟
- ✓ ئایا خەون و بەرژەوەندیەکانی موسوڵمانان لە ڕێگای خەباتی مەدەنیەوە دێتەدی یان لە ڕێگای زەبروزەنگ و خەباتی چەکداری و جیهادەوە ؟
- ✓ ئایا حیزبێکی مەدەنی، وەک حیزبی یەکگرتوو، توانای ئەوەی ماوە ببێت بە قەڵغانی پاراستنی موسوڵمانان یان دروستکردنی گروپێکی چەکداری بەهێز دەبێت بۆ ئەو پەیامە پیرۆزە بەردەوام لە مەیدانەکەدا بێت ؟
- ✓ ئایا ئومێدی ئەوە دەکرێت کە حیزبێکی مەدەنی لە داهاتوودا دەوڵەتی ئیسلامی دروستبکات ؟
- ✓ ئایا بەڕاستی لە کۆمەڵگەی کوردیدا حیزبی مەدەنی دەتوانێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئیمانداران بکات ؟
- ✓ ئایا دەتوانێت گوزارشت لە خواست و ئازارو بەرژەوەندی و خەونەکانیان بکات ؟

ئەم دیالۆگە ناوخۆییە لە ١٩٩٤ وە بەردەوام دەبێت تا ٢٠٠١؛ واتە تا دامەزراندنی گرووپی جوند-ئەنساری ئیسلام و خۆڕاگەیاندنیان وەک گروپێکی ڕادیکاڵی ڕەفزکاری هەر تێکەڵبوونێک بە کێڵگەی ساسی ناسیۆنال و کافرکردنی هەموو ئەکتەرو تەنانەت ستراتیژی و گرەوەکانی نێو کێڵگەش.

بەڵام ئایا، قەیرانی ئیسلامی سیاسی کوردی دەتوانێت بەتەنیا تێگەشتن و ڕاڤەکردنێکی دروستی دیاردەی تیرۆریسمی ئیسلامی کوردیمان پێشکەشبکات؟ بێگوومان نەخێر. چوونکە ئێمە چەندین تێزی دیکەمان لەبەردەستدا ماوە بۆ بەرهەمهێنانی زانستێکی بابەتیانەی بێلایەنی ڕووتووقووت لەسەر ئەم دیاردەیە.

## ٣. تێرۆریسمی ئیسلامی و ئیشکالیەتی دەستێوەردانی دەرەکی

هەر لە سەرهەڵدانی ئەنساری ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ، لایەنێکی بەهێز لە چینی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی هەوڵدەدات چالاکیە تێرۆریستیەکانی ئەم گرووپە و گرووپەکانی دیەکەش بە "دەستێوەردانێکی" دەرەکی تەفسیر بکات. لەم تەفسیرەدا ئەنساری ئیسلام هیچ نین چەند ئامێرێکی دەستی هێزە دەرەکیەکان نەبێت. ئەو هێزانە لە سێبەراکانداو لە نێو ژوورە تاریکەکاندا نەخشەدەکێشن و بە ئەکتیڤیستەکانی ئەنساریش جێبەجێ دەکەن. ئەو هێزانەی کە لەم تەفسیرەدا دەردەکەون چەند لایەنێکن :

- کۆماری ئیسلامی ئێران.
- ئیسلامی ڕادیکاڵی بن لادن.
- ئیسلامی سەلەفی وڵاتانی کەنداو.
- عەرەبی سوونەی عێراق.

ئەم تەفسیرە کۆماری ئیسلامی تاوانبار دەکات و بۆ سەلماندنی واقیعیەتی بۆچوونەکانی مێژووی ٢٨ ساڵەی پەیوەندی نێوان ئیسلامی سیاسی کوردی و کۆماری ئیسلامی وەک کەرەسەی کەڵکلێوەرگیراو بەکاردەهێنێت. گومانی تیادا نیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەوڵەتێکە و لەسەر بەرژەوەندیە باڵاکانی ئێران بەرنامەی کار و ستراتیژیەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەدا دیاری دەکات. ئەمە ئەلف و بای سیاسەتەو لای هەموو لایەک ڕونە. کاری توێژەر بریتیە لە دەستنیشانکردنی ئەو ستراتیژیەتانە لە "ئێستا و ئێرە" ئێرانیەکاندا.

ئەو ستراتیژیەتانە چین و کامانەن کە ئێران کار دەکات بۆ جێبەجێکردنیان ؟

ئێمە لەبەرگی چوارەمی ئەم کتێبەدا بە درێژی لەسەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕاوەستاوین. خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ " ئێران و بیناکردنی زەبروزەنگ لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا". لەم بابەتەدا ئێمە دەستنیشانی دوو ستراتیژی گرنگی ئێرانی ئێستا و ئێرەمان کردوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەن :

یەکەم : مەودای نزیک. کۆی ستراتیژیەتی ئێرانی لەم چرکەیەدا بریتیەلە پارێزگاریکردن لە بنکە ئەتۆمیەکانی و ڕێگاگرتن لە هەر ئەگەرێک کە بۆنی هێرشکردن بۆ سەر ئەو بناکانەی لێوەبێت. بۆ خوێندنەوەی هەر کردەیەکی ئێرانی لە هەر جێگایەکی جیهاندا دەبێت ئەم ڕەگەزەمان بەردەوام لەبەرچاوبێت و بیکەین بە پێوەرێک بۆ خوێندنەوەی هەر جوڵانەوەیەکی ئێرانی لە هەربەشێکی دونیادا بەگشتی و لە لوبنان و عێراق و ئەفغانستاندا بەتایبەتی. ئەو (ئەویترانەی) کە لەم چرکەیەدا دەکرێت مەترسی بەردەوامبن بۆ سەر ئەم ستراتیژیەتە ئێرانیە دوو لایەنن: ئەمەریکەیەکان لەلایەک و ئەوروپیەکانیشن لەلایەکی دیکەوە.

دووەم: مەودای دوور. لێرەدا هەموو شتەکان دەڕۆنە خزمەتی ئامانجێکی ترەوە کە دەکرێت لە گەورەبوونی تاقانەیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینین. ئێران دەیەوێت ببێت بە یەکەم هێزی تاقانە. هێزێک کە لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی ئەوەی

هەبێت چوارچێوەکان دروستبکاتەوەو هەیمەنەبکات بەسەر هەموو ئەوانیدیکەدا. لە عەقڵی ستراتیژی ئێرانیشدا گرفتی یەکەمی ئەم چرکەیە سەرجەم ڕژێمە عەرەبیەکانی ناوچەکەن.

ئەو گروپە سیاسی و ڕۆشنبیریەی کە بەرگری لە تێزی دەستێوەردان دەکات، کوردوستانیش دەخاتە سەر لیستی دوژمنە ستراتیژیەکانی ئێرانەوە. واتە ئەمەریکا و ئەوروپا و وڵاتانی عەرەب و پێیانوایە، کۆماری ئیسلامی، گەر لە ئێستادا نەتوانێت ئۆتۆنۆمی کوردوستان لەناو بەرێت، هەموو تواناکانی مۆبیلیزە دەکات بۆ شێواندن و ناشیرینکردن و تێرۆریزەکردنی و ئەنساری ئیسلامیش باشترین کەرەسەیە بۆ جەبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە.

گوومانی تیادا نیە کە کۆماری ئیسلامی، وەک لە بەشەکانی پێشووتردا تیشکمان خستە سەر، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەستنیشانکردنی چوارچێوەکانی کێڵگەی ئیسلامی سیاسی کوردی دا، بەڵام کورتکردنەوەی تێرۆریسمی کوردی لە دەستێوەردانی ئێرانی دا تێنەگەشتن نیە لە کۆی ئەو میکانیسمەی کە زەبروزەنگ بە تێرۆریسمیسەوە دروست دەکات ؟

ئەم تەفسیرە ئیسلامی ڕادیکاڵی بن لادنیش بە بیناکردنی تێرۆریسم لە کوردوستاندا تاوانبار دەکات. ئێمە لە بەرگی پێنجەمدا و بە وردی لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان ئەنساری ئیسلام و گرووپی ئەلقاعیدە ڕاوەستاین. لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیا، ئەنساری ئیسلام هەڵگری هەمان بیروبۆچوون و سوپەر-ستراکتۆری ئەلقاعیدەیە و دامەزرێنەری ئەنساری ئیسلام، بەڕێز مەلا کرێکار، بەوپەڕی شانزیەوە دەڵێت : " ئوسامە بن لادن تاجی سەری ئومەتی ئیسلامیە". واتە ئەم پەیوەندیە ئایدۆلۆژیە نەک شاراوە نیە، بەڵکو وەک شانازیەک دەخرێتە سەر شانۆ.

گومان لەوەدا نیە کە هەورامانی ٢٠٠١ ی ئەنساری ئیسلام، جمەی دەهات لە هەموو ئەو جیهادیستە جیهانیانەی کە لانەیان لە ئەفغانستان لێتێکچووبوو. ئەوان لە چرکەیەکدا کۆچ دەکەن بۆ هەورامان کە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەت دەبێت و بەسەر سێبەشی سەرەکی دا دابەشدەبێت :

- کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرکردایەتی بەڕێز عەلی باپیر.
- بزووتنەوەی ئیسلامی بەسەرکردایەتی بەڕێز عەلی عەبدولعەزیز.
- ئەنساری ئیسلام بەسەرکردایەتی بەڕێز مەلا کرێکار.

جیهادیستە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان پێیانوابوو، گەردوونی کۆمەڵ و بزووتنەوە، دوو گەردوونی کوردێنراون و ناتوانن ببن بە "مەدینەیەکی نوێ" بۆ "موهاجیرەکانی" مەککەی (ئەفغانستان) داگیرکراو. ئەوان، هەورامانی ئەنساری ئیسلامیان هەڵبژارد.

لە پشت ئەم هەڵبژاردنەوە، سێ هۆکار سەرەکی هەیە :

- شووناسی پێشینەی نێوان ئەو جیهادیستانە و ئەندامە سەرەکیەکانی ئەنساری ئیسلام. چونکە تا وەدەرنانی تالیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان، دەیان ئەندامی ئەنساری ئێستا و باڵە

نێۆفۆنداموٚنتالیستەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی پێشوو لە هاتووچۆیەکی بەردەوامی نێوان ئەفغانستان و هەوراماندا بوون.

- دووەم کۆپیکردنی ئایدۆلۆژیای ئەلقاعیدە لەلایەن ئەنساری ئیسلامەوە، چ لەسەر ئاستی سوپەر-ستراکتۆر و چ لەسەر ئاستی ڕێکخستنی ناوەکی ژیانی گرووپ. ئەلقاعیدە لەیەکەم ڕۆژی دروستبوونیدا جاڕی جیهادی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا دا. ئەنساری ئیسلامیش، دور لە ترادیسیۆنی ئیسلامی سیاسی کوردی، هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونیەوە جاڕی جیهادی دژە بە حیزبە کوردیەکان دا. ئەو چرکەیەی کە جیهادیستە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان دەگەن، کوردوستان خوێنی لێدەچۆڕێت و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بۆنی خوێنی کوژراوەکانی نێوان هەورامانی "**دار الاسلام**"ی ئەنسار و کوردوستانی "**درا الحرب**" یەکێتی نیشتمانی لێدەیێت.

- سێیەم هۆکاریش لکانی ڕاستەوخۆی سنورەکانی هەورامان بە سنورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. ئەوان وشیاربوون بەوەی کە هەر چرکەیەک هەڕەشەیان لێکرا دەتوانن خۆیان لە ئێراندا ونبکەن و تێکەڵببن بەو هەزاران شوێنە تاریکە ئێرانیانەی کە کەس دەستی پێیان ناگات. هەر چرکەیەکیش ویستیان دەتوانن خۆیان بگەیەننەوە سەر سنورەکانی پاکستان و ئەفغانستان.

ڕاستە ئامادەیی ئیسلامی ڕادیکاڵی بن لادن ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بەهێزکردنی ئەنساری ئیسلامدا، بەڵام ئایا کورتکردنەوەی ئەم ئەزموونە لەو ئیسلامەدا خۆ گێلکردن نیە لە واقیع وەک ئەوەی هەیە نەک وەک ئەوەی دەمانەوێت ببێت ؟

پارتیزانەکانی تەفسیری دەستێوەردان ئیسلامی سوونی خەلیج و عەرەبی سوونەی عێراقیش تاوانبار دەکەن. ڕاستە ئەمانە لەڕێگای تەقەنیەوە هاوکاری ئەنسار دەکەن، بەڵام ئایا کۆکردنەوەی زەبروزەنگی ئیسلامی کوردی لە هاوکاری تەقەنی ئەو دوو لایەنەدا دەتوانێت دەسنیشانی گرفتەکانمان بۆ بکات ؟ بێگوومان نەخێر.

گرفتی سەرەکی تێوری دەستێوەردان لەوەدایە کە پارتیزانەکانی نایەن بەڵگەکانمان بخەنە بەردەست؛ بۆنموونە دەوترێت کۆماری ئیسلامی لە پشت هەوڵدانی تێرۆرکردنی دوکتۆر بەرهەم ساڵحەوەیە لە ٢ ئەڤریلی ٢٠٠٢ دا، بەڵام کوان ئەو دۆکیمۆنتانەی کە ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن ؟ ئەمە مانای ئەوەنیە کە ئێران دەستی هەیە یان نیە لەو ڕوداوەدا. دەمەوێت بڵێم تێوری دەستێوەردان تێوریەکی سنوردارەو ئێمە تەنها دەتوانین لەسەر گریمانەکانی کار بکەین نەک واقیعە کۆنکرێتیەکانی.

## ٤. سەرچاوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانی تیرۆریسمی ئیسلامی لە کوردوستان

لە ٢ ئووت ١٩٩٠، عێراقی سەدام حوسەین دەولەتی کوێت داگیر دەکات. لەو ڕۆژەوە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش گەمارۆی ئابووری دەخەنە سەر عێراقێک کە پاش تەواوبوونی جەنگی کەنداوی یەکەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئیمام خومەینی دا لە هەلومەرجێکی ئابوری سەختدا دەژیا. گەمارۆی ئابوری نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم وڵاتە هەڵدەوەشێنێتەوەو چالاکی و گەشەکردنی ئیفلیج دەکات. کاراییە سەلبیەکانی گەمارۆی ئابووری پەلدەکێشێتە نێو هەموو پانتاییەکانی دیکەی کۆمەڵگە، هەر لە فاوەوە تا دەگاتە تەوێڵە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان وەک بورکان دەتەقنەوە بەڕووی هەموو لایەکدا. لەدەرەوەی گەمارۆی ئابوریش، عێراقی سەدام حوسەین لەژێر قەرزی کوێت و ئێران و سعودیەو فەرەنساو ئیسپانیاو یابان و دەیان وڵاتی دیکەدا دەیناڵاند. ئەگەر پەلاماری کوێتیشی نەدایەو ئەگەر گەمارۆی ئابوریشی لەسەر نەبوایە، عێراق نەیدەتوانی لە دە ساڵای داهاتوودا ماکینەی سیاسەتی بەپیشەسازیکردنی وڵات بخاتە کارو پانتاییەکی ئابووری سەرکەووتوو دابمەزرێنێت.

بەپێی ئەو ژمارانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاویکردوەتەوە[clxxxi]، لە نێوان ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ داهاتی تاکی عێراقی ٣٢٪ دابەزیوە. لە ساڵی ١٩٨٩ دا داهاتی تاکی عێراقی هەزارو هەشت دۆلاری ئەمەریکی بووە،. ساڵێک دواتر، واتە لەگەڵ داگیرکردنی کوێت دا ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت تا دەگاتە حەوت سەد و هەشتا دۆلار. ساڵی ١٩٩١ ئەو ڕێژەیەش دادەبەزێت بۆ چوارسەدو سی و هەشت دۆلار. لێرەوە ئاستی ژیانی عێراقیەکان دادەبەزێت بۆ ئەو چرکەیەی کە بەعسیەکان لە جاری دووەمدا دەسەڵاتیان گرتە دەست، ساڵی ١٩٦٨. واتە ژیانی ئابوری بیست و یەک ساڵ دەگەڕێتە دواوە.

جەنگی یەکەم و دووەمی کەنداو کۆمەڵگەی عێراقیان نەک هەر بیست ساڵ گێڕایەوە دواوە، بەڵکو فڕێیاندایەوە نێو سەدە تاریکەکان. لەو دوو جەنگەدا دەزگاکانی دەرهێنان و ناردنی پیترۆل بۆ دەرەوەی وڵات کەوتنە بەر هەزاران هێرش، پردو ڕێگاوبان و جادەو کەرەسەکانی گەیاندن و پەیوەندی و تەنانەت نەخۆشخانە و باڵەخانە بەرزەکان و هەمووو ئەو شتانەی کە لە زمانی مارکسدا پێیان دەگوترێت ئانفرا-ستراکتۆر بوون بە خۆڵەمێش. ئەو کارگانەش کە بەڕێکەوت نەکەوتبوونە بەر هێرشەکان، لەبێ کارەبای و نەبوونی وزەدا، دەرگاکانیان داخست. بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتەنها چاککردنەوەو گۆڕینی سیستەمی کارەبای عێراق بیست ملیار دۆلاری پێویستە.

کاتێک لەبەهاری ١٩٩١ دا کوردوستانی عێراق ئازاد دەکرێت، ئەو حیزبانەی کە هەڵبژاردن دەکەن و پاشان پەرلەمان و حکومەت پێکدەهێنن، دەکەون بەسەر ئەم هەمووو گرفتانەدا:

- گرفتی کارەبا
- ئاو

- خانوو
- کار
- پارەی ئەسڵی و تەزویر
- ئاستی نزمی موچە
- خراپی باری تەندروستی
- خراپی باری پەروەردەو خوێندن

ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیانە لە بەهاری ١٩٩١ دا گەشتبوونە لوتکە. لەکۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتدا، بۆنموونە کۆمەڵگەی فەرەنسی، یەکێک لەم گرفتانە بەسە بۆ ئەوەی حکومەتێکی پێ بڕوخێت. لەنێو هەموو ئەم قەیرانە سەختانەدا، بەعس گورزێکی بەهێز لە کۆی کۆمەڵگەی کوردی دەوەشێنێت و بڕیاردەدات دەزگاکانی دەوڵەت لە کوردوستان بکێشێتەوەو لەم ڕێگایەوە کوردوستان دەکەوێتە سەر پلەی سفر، سفر لەهەموو شتێکدا.

حیزبە کوردیەکان کە پەرلەمان و حکومەتیان لە ساڵی ١٩٩٢ دا دروستکرد، چۆن وەڵامی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتیانە دەدەنەوە ؟

ئەوان نەک هەر نەیانتوانی چارسەر بۆ ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیانە بدۆزنەوە، بەڵکو هەموویان پێکەوە بوون بە ژێر لافاوی ئەو گرفتانەوە. ئێمە پێمانوایە جەنگی ناوخۆ لە کوردوستان چەند هۆکارێکی مەزنی لە پشتەوەیە، یەکێک لەوانە تەقینەوەی کۆی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەیە کە زۆر لە توانای لاوازو سەرەتایی حیزبەکوردیەکان بەهێزتربوون. واتە وەڵامدانەوەی ئەم گرفتانە بە هەڵگیرساندنی جەنگی براکوژی و خۆکوژی و یەکتر کوشتن یەکێکە لە دەرەنجامەکانی تەقینەوەی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانە. ئێمە دەتوانین دەستنیشانی شەش جەولەی جەنگی براکان بکەین :

١. جەنگی نێوان PUK و MIK
٢. جەنگی نێوان PDK و PSK
٣. جەنگی نێوان PUK و PDK
٤. جەنگی نێوان PUK و PDK-MIK
٥. جەنگی نێوان PDK و PUK-PKK
٦. جەنگی نێوان PDK-IRAK و PUK-IRAN

زۆرن ئەو نووسەرانەی کە ئەم جەنگە براکوژیانە بەسەر چاوەی یەکەمی تەقینەوەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەزانن، بەڵام ئێمە تەواو بەپێچەوانەی هەموو ئەو نووسەرانەوە، پێمانوایە خودی ئەم جەنگانە دەرەنجامی تەقینەوەی کۆی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەن کە هەلومەرجێکی ناسکی وایان سازکردوە کە تەنها فیشەکێک بەس بێت بۆ ئەوەی هەموو کوردوستان بسوتێت و بە هەزاران جەولەی داتوستان ئاگرەکەی نەکوژێتەوە. ئەندامەکانی پارتی و یەکێتی و سۆسیالیست و کۆمۆنیست و بزووتنەوەو زەحمەتکێشان و یەکگرتوو هەمان منداڵانی ئەو کۆمەڵگەیەن کە بێ

کارەبایە، بێ خانووە، بێ کارە، بێ موچەیەکی باشە، بێ نەخۆشخانەیەکی کارایە، بێ دەزگایەکی چالاکی پەروەردەو خوێندنە....، ئەم منداڵانە ڕۆژانە لەناو ئەم هەلومەرجەدا، یەک لە دوای یەک ماناکان لەدەست دەدەن، مانای کوردایەتی، مانای پێکەوە ژیان، مانای قوربانی دان، مانای خۆشەویستی، مانای ڕێزگرتن، مانای لێبوردەیی.

لێرەوە ڕۆحی مرۆڤی کوردی، با سەر بەهەر حیزب و گروپ و لایەنێک بێت، خۆی وردەگێڕێتە سەر پانتاییەک لە بۆشایی. جەنگی ناوخۆ/براکوژی/خۆکوژی وەک مۆدێک لە زەبروزەنگ دێت بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوەو دێڕەکانی خۆی لەسەر لاپەڕە سپیەکانی بنوسێتەوە.

هەڵەیەکی زانستی دەکەین گەر چاوەڕوانبین، لەگەردونێکی ئاوادا، گەردونی لەدەستدانی ماناکان، گەردونی بۆشایی ڕۆحەکان کە گردوونی کوردیە، ئەکتەرە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکان لەڕێگای ململانێی مەدەنیەوە ئیدارەی پەیوەندی و بەرژەوەندیە لێکترازاوەکانیان بکەن. هەڵەیەکی زانستی دەکەین گەر چاوەڕوانی ئەوەبین لە گەردونی ونکردنی هەموو ئەو مانایانەدا کە ئاماژەمان پێدان، پارتی و یەکێتی، بزووتنەوەو و یەکگرتوو، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان، تەنانەت بزووتنەوەکانی خوێندکاران و ڕۆشنبیران و ئافرەتان و لاوان و کرێکاران و هتد، بتوانن چوارچێوەیەکی دەزگایی بۆ ئیدارەی ململانێکانیان دەسنیشان بکەن. بەپێچەوانەوە، لەهەلومەرجێکی ئاوادا، پەنابردن بۆ زەبروزەنگ، وەک ڕەگەزی پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحیەکان، دەبێت بە شتێکی نۆرماڵ و ئاسای و چاوەڕوانکراو. لێرەدا زەبروزەنگ لە خۆیدا دەبێت بەمانای "جێگرەوە". ئەم مانایە "میراتێکی" مێژوویی نیەو لە باوباپیرانەوە بەجێنەماوە، بەڵکو لەنێو کۆنتێکستێکی تایبەتدا "بینادەکرێت".

دەتوانین تێرۆریسمی گرووپی ئەنساری ئیسلامش بخەینە ئەم چوارچێوە کۆنسێپتیولەوە. ئەوەی بۆ سۆسیۆلۆگێک تێرۆریسمە (بێگومان بەپێی مێتۆدە زانستیەکان)، لای ئەکتەرێکی ئەنساری ئیسلام شتێکی دیکەیە کە پێیدەگوترێت لووتکەی جیهادی ئیسلامی و هەنگاوی هەرە گرنگ لەسەر ڕێگای بەهەشت و دروستکردنی باشترین و دروسترین پەیوەندی لەگەڵ خوادا.

ئەو ئەکتەرەی کە لە زەبروزەنگ "مانا" دروستدەکات، بەردەوام هەستبەوەدەکات کە پێویستی بە دۆزینەوەی پاساو-ژوستیفیکاسیۆن هەیە. پاساو بۆ دڵدانەوەو ڕازیکردن و خۆقەناعەتپێکردن و دڵدانەوەو ڕازیکردن و قەناعەتپێکردنی ئەوانی دیکەش[clxxxii].

بۆ سەلماندنی ئەم تێزە ئێستا چەند نموونەیەک بە تازەترین لێدوانی یەکێک لەو ئەکتەرانە دەهێنمەوە کە زەبروزەنگ/جیهاد بە پرانسیپی بەرهەمهێنەرەی هەموو "مانا باڵاکان" دادەنێت. ئەم ئەکتەرە بێگوومان خۆی وەک ئەمیری کەتیبەکانی کوردوستانی سەر بە "دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی " دەناسێنێت. هەرچەند ئێمە دۆکیومۆنتێکی ڕەسمیمان لەبەردەستدانیە، بەڵام گریمانەی هەرە بەهێز ئەوەیە کە ئەم کەتیبانە هەمان گرووپی ئەنساری ئیسلام بن و بە گرێبەستێکی نوێوە لەگەڵ گرووپی ئەلقاعیدەدا گەڕابێتنەوە کوردوستان. ئەم ئەمیرە نوێیە ناوی حاجی عارف قوربانی بۆ خۆی هەڵبژاردوە. بێگومان ئێمە هیچ زانیاریەکمان لەسەر ئەم ئەکتەرە

ئێمەو نازانین تەمەنی چەندە، چ ئاستێکی خوێندەواری هەیە، لە کوێ لەدایکبووە، لەگەڵ چەند گرووپی ئیسلامیدا کاری کردووە، چۆن کراوە بەئەمیر. هەموو ئەوەی لەبەردەستماندایە لێدوانێکەو هیچی تر. واتە ئەمیرێکی بێ مێژووی سیاسی و بێ ئەسڵوفەسڵی کۆمەڵایەتی و بێ ڕەگوریشە لە کاروانی ئیسلامیی کوردیدا. لێرەوە کاری سۆسیۆلۆگ دەبێت بە دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی کە ستراکتۆری ئەم گووتارەیان پێ داخراوە.

هەر لە ناونیشانی لێدوانەکەوە هەستبەوەدەکەین کە ئەمیری کەتیبەکانی زەبروزەنگ/جیهاد چەند پێویستی بە چوونە نێو تێوری پاساو-ژوستیفیکاسیۆن هەیە. ئەو لێدوانەکەی ناودەنێت "پەیامێک بۆ خەڵکی کوردوستان". لێرەدا ئەم ئەمیرە خۆی وەک بەرهەمهێنەری زەبروزەنگی خۆڕایی ناخاتە سەر شانۆ، بەڵکو وەک هەڵگری مانایەک کە دەیەوێت لەڕێگای "پەیامێک"ەوە "خەڵکی کوردوستان" قەناعەت پێبکات. خۆ کردن بە بۆمب و خۆ تەقاندنەوە لە نێو بازاڕو پانتاییەگشتیەکانداو کوشتنی سەدان موسوڵمانی کورد لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا لە ٢٠٠٤ دا بەم شێوەیەی خوارەوە پاساوی بۆ هێنراوەتەوە:

١. ئومەتی ئیسلامی ئازار دەچەژێت بەدەست کوفری جیهانی و کوردوستانیش بەشێکە لەو ئومەتەو دەسەڵاتی کوردیش بەشێکە لە کوفری جیهانی. مۆبیلیزەکردنی شکستی جیهانی ئیسلامی.

٢. کوفری جیهانی بەناوی دیموکراتی و ئازادیەوە وڵاتمان داگیردەکات و ئابوریمان دەدزێت. مۆبیلیزەکردنی ڕەهەندی ئابوری کە کارایی ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی جەماوەرەوە هەیە.

٣. کوفری جیهانی ئیسلامیەکان دەگرێت و دەیانکوژێت و ئەشکەنجەیان دەدات. مۆبیلیزەکردنی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ و خستنە سەرشانۆی پارتی و یەکێتی وەک پێشێلکاری ئەو مافانە. بێگومان ئەمە ئەوپەڕی پراگماتیسمی ئەم گروپانە دەردەخات. لەکاتێکدا تاسەرئێسقانیان دژ بە مافی مرۆڤن، هەوڵیشدەدەن لەکاتی گونجاودا کەڵکیان لێوەربگرن.

٤. ئێمەش گروپێکی ئیسلامین و هاتووین ئەم کوفری جیهانیە لەناوبەرین و دەسەڵاتی خوا بچەسپێنین لە کوردوستاندا، ئەویش لەڕێگای هەموو موجاهیدەکانمانەوە کە خۆیان دەکەن بە بۆمب و خۆیان دەتەقێننەوە لە ناو جەرگەیاندا. مۆبیلیزەکردنی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردوستان و هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنیان بەوەی کە گەر بوون بە قوربانیی زەبروزەنگی ئێمە، لێمان مەڕەنجێن چوونکە بەناوی خواوە دەتان کوژین.

٥. هەوڵدان بۆ دەستکاریکردنی وێنەی بەڕێز کاک مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان و بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی جمهوریەتی عێراق لە یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیداو خۆ پێشنیارکردن وەک بەدیل. مۆبیلیزەکردنی مێژووی هەریەک لەو دوو ئەکتەرە سیاسیە مێژووییەی کورد.

٦. مۆبیلیزەکردنی پێوەرەکانی کێڵگەی کوردایەتی بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی ئێستا کوردوستان بە عێراقەوەو بیناکردنی پاساوێک بۆ تیرۆریسمی بۆمبڕێژکراو. ئەمە ئەوپەڕی پراگماتیسمی جیهادیستەکان دەردەخات. چونکە ئەوان لەکاتێکدا کوردایەتی بە کوفر دەزانن، هەوڵیشدەدەن لەکاتی پێویستدا بیخەنە خزمەت ماناکانیانەوە.

٧. مۆبیلیزەکردنی سەروەری نیشتمانی کوردوستان و بیناکردنی پاساوێکی دیکە بۆ تیرۆریسمی بۆمبڕێژکراو. ڕەخنەگرتن لە کورەکانی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێم.

٨. مۆبیلیزەکردنی خوا بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی دابەشکردنی ئیمان بەسەر دوژمنە سیاسیەکانیانداو دیاریکردنی موسوڵمان بوون و موسوڵمان نەبوونی ئەوانی دیکەی کە وەک جیهادیستەکان بیرناکەنەوە.

٩. هێرشکردنە سەر هەموو ئەو گرووپە ئیسلامیانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی کوردیدا (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە)و تاوانبارکردنیان بە هاوپەیمانیکردن لەگەڵ کوفری جیهانیدا. مۆبیلیزەکردنی ڕەهەندی کورداندنی ئیسلامی سیاسی.

بۆ لانەدان لەو مێتۆدۆلۆژیە بابەتیانەی کە تا ئێستا کارمان لەسەرکردووە، لێرەدا دەقی پەیامەکە تۆمار دەکەین [clxxxiii]:

**پەیامێك**

**لەحاجی عارف کوردستانی بەرپرسی کەتیبەکانی کوردستانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق .....بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی :**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله ناصر المؤمنين الصابرين والصلاة والسلام على إمام المجاهدين نبيّنا محمدٍ وعلى آله وأصحابه أجمعين.**

**گەلی کوردستان هەموو وا دەبینن کە جیهانی ئیسلامی لەم قۆناغەدا چ ئێش و ئازارێك دەچێژێ و بە دەستی کوفری جیهانی و نۆکەرانی بە چ قۆناغێکی دژواردا تێدەپەڕێت , کوردستانی ئێمەش پشکی زۆری ئەو نەهامەتی و ئێش و ئازارو ناڵینەی بەرکەوتووە ..**

**هەموو دەبینن کە لەبەر دەسەلآتی داسەپاوی کوفرو دزینی سەروەت و سامانی میللەتانەوە , لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی خۆیان و نۆکەرانیان , چۆن توانیویانە ڕاستیەکان بشێوێنن , وولآتانمان داگیردەکەن , سەروەریمان پێشێل دەکەن , ژێرخانی ئابوریمان دەڕوخێنن , سەروەت و**

سامانمان دەدزن , کەچی دەڵێن دیموکراتی وئازادیمان بۆ هێناون !

کوشتنی خەڵکی موسوڵمان ولەبیرکردن و پشتگوێ خستنیان لە زیندانەکان , بە پاراستنی مافی مرۆڤ لەقەڵەم دەدەن , خەڵکی ئیسلامی وەك دڕندەو خوێنڕێژو شەڕ خواز پیشان دەدەن , خۆشیان وەکو ئاشتی خوازێکی بە ویژدانی مرۆڤ پەروەر دەخەنە ڕوو؟!

لە سۆنگەی ئەمەوەو بۆ ئەوەی ئێوەی بەرێز باسی ئێمە لە خۆمانەوە ببیستن ، پەیامێکتان پێشکەش دەکەین کە لەسەر ئەم سێ تەوەرەیە : ( ئێمە کێین ؟ چیمان دەوێ ؟ ئەوانەش خۆیان بەدڵسۆزی کورد دەزانن , چین و کێن ؟ ) و دەیانەوێ ئەم میللەتە بەرەو کوێ ببن ؟ پاشان داواکاری چاوەڕوانیمان لەخەڵکی خۆمان چی یە؟؟؟

موسڵمانانی کوردستان

من وەك بەرپرسی کەتیبەکانی کوردستان و برایەکی بچوك و خزمەتکارێکی براکانم , بە ئەمانەتەوە پێتان ڕادەگەیەنم کە ئێمە کۆمەڵێکین بەرنامەمان قورئان و سونەتە بە پێی تێگەیشتنی زانا پایە بەرزە پێشینەکانمان (سەلەفی ساڵح ) وەرمان گرتووە , مەبەستمان ڕەزامەندی خودایە , ئامانجمان گێڕانەوەی حوکمی قورئانە , لەو پێناوەدا سەربازێکی نەناسراوی ئیسلام ورێگاکەی پێغەمبەرین (درودو سەلامی خودای لەسەر بێت ) , خزمەتکارێکی دینین , دڵسۆزی گەلەکەمانین , کە پەیامی پیرۆزی خودامان پێیە بۆی , جگە لەسەر بەرزی دینی خودا و فەرمانڕەوایەتی شەریعەتەکەی کە ئازادکردنیانە لە کۆیلاتەتی و بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی خودای بێ شەریك , هیچی ترمان ناوێ , بەڵێنیشتان دەدەینێ کە بەرنامەی خودا پاك ڕادەگرین و هیچ کات تێکەڵی بەرنامەیەی شیرك و کوفری دیموکراتی و عەلمانیەتی ناکەین , کە دانراوی دەستی خەڵکانێکن , دەیانەوێ کێبەرکێی لەگەڵ بەرنامەی خودا دا پێ بکەن وبە زەبری ئاگرو ئاسن وبە نۆکەرێتی بۆ بێگانە بەسەر خەڵکی موسڵمانی کوردستانیدا بسەپێنن , ئەوەش خەیاڵێکی بەتاڵەو مژدەتان دەدەینێ کە براو ڕۆڵەکانتان لە کەتیبەکانی کوردستان , ئێستا لە شاخەکانی کوردستانن , وەکو سەرجەم براو دۆست و ڕێکخستنەکانیانی تریان لەهەموو شارو شارۆچکەو لادێکاندا تێدەکۆشن , داهاتوش دەیسەلمێنێ کە چۆن بەیارمەتی خودا , جەرگی دوژمنانی خودا دەبڕن و عیزەت بۆ دین و شوینکەوتوانی دەگێڕنەوە , خۆیان دەکەن بە بۆمب و لە ناو جەرگەیاندا دەتەقنەوە ,

نـاهێڵین کوردسـتانی ئـازیز بکرێتـه لانـەی جولـەکـەو گـاورو نۆکەرانیان , خودا پشتیوان بێت خەون وخەیـاڵی گڵاویـان لـە گۆر دەنێین ...

سـەبـارەت بـە کێـشەی کـورد کـە تـەوەرەی دووەمـی باسەکەمە تـەنها مـشتێك لـە خـەرواری خیانـەتـی ئـەو دوو سەرکردە دیارەی کوردستان باس دەکەم , بابـەتـەکـەش لـە شێوەی پرسیار دەخەمە ڕوو :

سـەرەتا بەوە دەست پێدەکـەیـن ئایـا ئاشـبەتـاڵ پێکردنـی شۆڕشی گەورەی جەماوەری کورد لە ساڵی١٩٧٤ لە لایەن بارزانیەوە کاتێك شای ئێران هەڕەشەی لـێ کـرد و هـەمـوو کـوردی کـردە قوربـانی سـەلامـەتـی خـۆی و بنـەماڵـەکـەی خیانەتێکی گەورە نەبوو لە کورد ؟!!! ئایا پەیوەندیە ّژێربەژێـرو نهێنیـەکـانی ئـەوکاتـەی بـارزانی بـە جولـەکـەوە خیانـەت و بێڕێزیەك نەبوو بـەرانبـەر بـە بیـرو بـاوەڕی میلـەتـی کـورد ؟؟ مەگەر ئەو پەیوەندیە گـەرمـەی ئێـستای مـەسـعود لـەگـەڵ جولەکەو ئەو هەمـوو هـاتوچۆ گـەرمـەیـان بـۆ سـەری ڕەش درێـژە پێـدانی پـەیـوەنـدی ڕابردویـان نیـە ؟؟ ئایـا مـەسـعود بارزانی کە دێ بەدێ شەڕی دیموکرات و کۆمـەڵـەی ئێرانـی لە کوردستانی ئێران لە هەشـتاکاندا دەکـرد لـە برسـا بـوو ؟ یان لەترسا ؟ یاخود بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کـوردی بـوو لە ئێران ؟ ئایا شەڕی خوێناوی مەسعود بەرزانی و پەکـەکـە لە نەوەدەکاندا سەلماندی نۆکەرایەتی و ناساندی خۆی بـوو بـە کـوردی تورکیـا ؟ یـان هـەڕەشـەی داخـستنی ئیبـراهیم خەلیلی لێکرا بوو ؟؟ ئایا مـەسـعود دوای هێنـانی تـانکی بـرا گەورە بەعسیەکانی بە ئالآی زەردەوە لە سیویەکی ئـاب بـۆ گرتنی هەولێر , پێویست بە بەڵگەی تر دەکات بـۆ ناسـاندنی بە خەڵکی کوردستان ؟ یان میللەتی کوردیان پێ سـادەیـە و وا دەزانن هەموو شـتێکی لـە بیـر دەچـێ ؟یـاخود خیانـەتـی پیاوی گەورە بە سیاسەت لە قەڵەم دەدرێ ؟؟

سەبارەت بە جەلال و چالاکیەکانی دژ بە کـورد پـێم وانیـە ئاڵۆزیەکی وای تێدابێت , سەلماندنی هێندە سەخت و گـران بێت , کێ هەیـە لـە سـەرکـردە دیـارەکـانی کـورد تـوانیبێتی وەکـو ئـەو لـە شـەسـت و شـەش لـە یـەك کاتـدا ڕچـەی جاشـێتی بـشکێنێ , نۆکـەری خـۆی بـۆ حکومـەتـی ئێـران و عێـراق بـسەلمێنـێ , مـەدالیـای خۆفرۆشـیش بکاتـەمـل ؟لەکاتێکدا هێشتا بێ مەبدەئی و خۆفرۆشی بـە ئاشـکرا نـە بەوە جۆرێك لە سیاسەت و پاساوی بۆ بهێنرێتـەوە؟تـۆ بڵێیـت ئـەوەنـدە باسـی زیـرەکـی ئـەو بـەکرێگیـراوە دەکـرێ دەبـێ دیمـوکراتی ئێرانـی بـە چـەنـد فروشـتتبێ ؟کاتێـك بـە ڕۆژی

نیـوەڕۆ پاسـدارانی ئێرانـی نـەهێنانـە سـەر لـە کۆیـە؟!وەك بڵێیت جەڵەبـە مـەڕێکـی فرۆشـتبێ ؟!خـۆ جـەلال ئیبـراهیم خەلیلی نە بـوو ، دەی بـۆچی دەسـتی جـەندرمـەی تـورکی هێنایە ڕانیەو قەلاَدزێ و پێشیان کەوت بۆ لێدانی پەکـەکـە ؟ ئـەمـەش زیـرەکـی بـوو ؟ یـان وەعـدی دەروازەیـەکـی هاوچـەشـنی ئیبـراهیم خـەلیلـی پێـدرابوو ؟ یـا هـەر پێـی نـاخۆش بـوو لـە خۆفۆشـیدا لـە مـسعود دوا بکـەوێـت ؟یـان ویستی خۆی بە کوردی تورکیـا ئـاوا بناسـێنێ و ڕەزامـەنـدی دەوڵەتی تورکیا بـەدەس بهێنـێ ؟ بـێ گوێدانـە ئـەوەی ئـەم داستانە لە مێژودا وێنەیەکی تـری ڕەشـی خیانـەت لـەگـەڵ خۆیدا بەجێ دێڵێ ؟

ئەی وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆك کۆماریـەکـی کـارتۆنی لەم کەتەدا بەتەرازوی نەتەوە پەرسـتی خۆیـان خیانـەتێکـی تر نیە ؟ کە پۆستێکی کارتۆنی بێ ڕێزەو وەکو بـەرتیلێـك ئـەو وەری گرتوە و دەمی میلەتێکی پێ بەستراوە ؟

ئەی ڕازی بـوونی ئـەم دوو مورتـەددە کـوردە بـە وەی کـە کورەکانیان ( پاڤێل , مەسرور ) هـەر یـەکـەیان دەزگایەکـی سیخوری بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل لە کوردستان دورست بکەن ئـابرو چـونی خۆیـان و حزبـەکانیـان ناگـەیـەنـێ؟ یـان بـۆ سەپانـدنی دەسـەلاَتـی کـورەکانیانـە بـەسـەر خـەڵکانێکی مانـدوی ناوحزبـەکانیـان؟ یـان بـۆ کۆکردنـەوەی سـەروەت و سـامان و پاراسـتنی دەسـەلاَتـی خۆیـان پێویـستە ؟ یـان ئـەمـیش گـۆڕەپـانێکی کێبڕکێـی نۆکـەرییـە ؟یـان ئـەمانـە هەموویەتی پێکەوە ؟

لە کۆتا پرسیارمدا دەڵێم ئایا جەلال و مەسعود بگەڕێنـەوە بۆ لای خوداو سەری بەندایەتی بۆ ئەو دانـەوێنن باشـتر نیـە وەك لە بەندایەتی ئەمریکاو جولەکـە ؟تا خۆیـان ڕوو ڕەشـی بارەگای خودا نەکەن ؟؟

خەڵکینە ئەمـەیـە سـەرکـردە دیـارەکـانی کوردسـتان کـە پێویـستە بـە حـەقیقـەتـی خۆیانـەوە بناسـرێن ، ئـەمانـە دەیانەوەێ دین و ڕەوشت و بیروباوەڕی ئەو میللـەتـە بگـۆڕن (ئەو گەلەی کە میر شەرەف خانی بـەدلیـسی لـە شـەرەف نامەدا باس لە دینداریـەتـی و جـوامێری و ڕەوشـت بـەرزی و سـەربـەخـۆیی دەکـات ) ئـا ئـەمانـەن کـە دەیانـەوێ بـە دەستورێك حوکمتان کەن کە زۆرینەی بڕگەکانی پێچەوانـەی قورئانـەکـەی خودایـە , کـە ئـەوەش کـوفرێکی ئاشـکرایەو هەڵگەڕانەوەیە لە دین بۆ کەسێك لەم ئایەتانە تێ بگـات یـان تێ بگەیەنرێ کە دەفەرموون

(أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ) , ( فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ) , (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ) , ( وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ)

سەبارەت بەتەوەری سێهەمی باسەکەم کە داواکاری و چاوەڕوانیمان لە خەڵکی خۆمان چی یە ؟

ڕوو دەکەینە خەڵکی کوردستان بەگشتی و دەڵێین , خەڵکینە چیتر شوێنی ئەو حیزبە لە دین هەڵگەڕاوانە مەکەون کە دەیانەوێ ناسنامەی ئیسلامەتیتان بگورن و بەرەو کوفرتان ببەن , مێژوی پڕشنگداری پڕ لە دینداری و جوامێریتان بشێوێنن , چیتر بڕوا بە پڕوپاگەندەکانیان مەکەن ، بەوە هەڵنەخەڵەتێن کە گوایە ئێمە دوژمنی کوردین , ئێمە دوژمنی کورد نین , ئێمە کوردین و لە کوردین و بۆ کوردین , گەلی خۆمان خۆش دەوێ , هیچ کاتیش هەرزان فرۆشمان نەکردوەو ناشیکەین , سەربەزی کورد لەژێر سایەی ئیسلامدا دەبینین نەك لەژێر سایەی جولەکە پەرستی ئێستای ئەوان و مارکسیەتی دوێنێیاندا , باوەڕمان بە دروستکردنی ویلایەتێکی ئیسلامی هەیە بۆ کوردستان , ئازاد و سەربەزو سەربەخۆ , ئامادە بۆ پەیوەست بوون بە خەلافەتی ئیسلامیەوە , ڕێگاکەشمان ڕێگای سەلاح الدینی باوە گەورەمانە , کاتێك خاوەنی ئەو بووین سەرکردە بووین ، باوە گەورەمان پێشەوای ئوممەتي موسوڵمان بوو مایەی شانازی بووین بۆ خۆمان و موسوڵمانانی جیهان , ووڵاتمان ئازادو هۆکاری ڕزگارکردنی قودس بووین , سەرانەمان لە جولەکەو گاوران وەردەگرت , بەلاَم ئێستا کە جەلال و مەسعود نوێنەری کوردن ، هەم خۆیان و هەم کوردیش سوك و ڕسواو زەلیلی دەستی جولەکەو بێگانەیە , کوندۆلیزارایس براو گەورەو ریش سپی و خاوەن بڕیاریانە , بۆیە بۆیان نیە لە قسەی دەرچن , شتێکیش بڵێن بە دڵی نەبێت ,تەنها چاو سور کردنەوەیەکیان بەسە, کوردیشیان وەکو نۆکەرێکی هەرزان بەهای خۆفرۆش بە بێگانە لە جیهاندا ناساندوە , کاتێك ئەمریکیەکان دێنە لایان ئافرەتی کوردیان بۆ هەڵپەڕکێ و سەماو بێناموسی بۆ دێنن , لەوەشدا کێبڕکێی حزبی هەر دەکەن !! دەك ڕووتان ڕەشبێ بۆ کوردایەتیتان , ئێمەو ئێوەو داهاتویەکی خۆێناوی شەڕی پاراستنی دین وبیروباوەڕی ئیسلامیمان , شەڕی شەرەف و ناموسی گەلێکی ناسراو بە داوێن پاکیمان لە داهاتوودایە .. سوێند بەخودا ناهێڵین داب و نەریتی ئەو

میللەتە بە شەرەفە بگورن ومرۆڤی کورد بێرێز بکەن , داواکاریشمان لە زانا ڕاستەقینە خواناسەکان ئەوەیە , کە پێشڕەوی جیهادمان بن , ئامۆژگاریمان بکەن , هەڵەکانمان ڕاست کەنەوە , وەڵامی ئەو هەموو درۆو بوهتانانە بدەنەوە کە دەرهەقمان دەکرێ , گوایە خەڵکی مەدەنی دەکوژین و تەکفیریین , ئێوە باش دەزانن کە ئێمە هەموو خۆشیەکی دونیامان وەلا ناوە لە پێناوی بەهەشتدا چۆن بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی ڕێگەی چوونە بەهەشت لە خۆمان دەگرین , پاشان ئێمە ئەو کەسانە بە کافر دەزانین کە بە ئاشکرا دینی خودایان قبوڵ نیەو ڕای دەگەیەنن , مەسعود بەرزانی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بە ڕاشکاوی و بە ئاشکرا دەڵێت ئێمە دەستوری ئیسلامیمان قبوڵ نیە , ئەگەر عێراقیش ببێتە ئیسلامی ئێمە لێی جودا دەبینەوە , ئەو دەستورەش کە دەیانەوێ فەرمانڕەوایەتی گەلی کوردستانی پێ بکەن تێیدا حەرام و حەلاڵ پەرلەمانێکی داماو کەوەك داشی دامەوان بڕیاری لەسەر دەدات , نەك خودا ئەوەش کوفرێکی ئاشکرایە (ابن کثیر)لەتەفسیری ئایەتی ( أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ) دا دەفەرموێ زانایان یەك دەنگن لەسەر کوفری ئەوانەی کە بەو جۆرە دەستورە کاردەکەن یان پێی ڕازین.

داواکاریشمان لەو لایەنانەی کە ناوو دروشمیان ئیسلامیە , بەلاَم بە کردەوە لەگەڵ ڕەوتی عەلمانیەکاندان و بەشێکن لەوەی پێی دەوترێت حکومەتی هەرێم , دەڵێن پشتیوانی لێدەکەین , پاراستنی ئەو ئەزمونە دیموکراتیە (کە کوفرێکی ئاشکرایە ) بە پێویست دەزانن , بوونەتە شەریکی تاوانەکانیان ,بونەتە پاشکۆیان و بەکاریان دەهێنن,ئەوانیش قسە لەدیمکراتی و باس لەدژایەتی ئیرهاب و تیرور دەکەن ئەو زاراوانەش بەناڕەوا بە موجاهیدان دەگوترێ, لەکاتی کوژرانی مورتەدێکی داوێن پیسیان بەیانی ئیدانەو ناڕەزاییان پێ دەردەکەن,کاتێك قارەمانێکی ئیسلام شەهید دەبێت ناتوانن سەرەخۆشیەك لە موسڵمانان بکەن, بە بێ شەرم لەگەڵ ئەمریکیەکان دادەنیشن وەك بڵێت شەڕی ئەمریکاو ئیسلام پەیوەندی بەوانەوەنەبێت , یاخود فەرزیەتی جیهاد ئەوانی لێ بەدەر بێت !!

دەڵێین خۆتان لە ڕیزی داگیرکەران و نۆکەرانیان جیاکەنەوە , بڕۆن جارێکی تر چاوێك بە ئایەتەکانی قورئان دەربارەی کوفرو ئیمان , وەلاء و بەرائدا بگێڕنەوە , ئەو ئایەتە وەبیر خۆتان بهێننەوە کە دەفەرمێت (وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِنْ أَوْلِيَاء ثُمَّ لاَ

تُنصَرُونَ ) هـود: ١١٣ كـه تـوێژەرەوانـی قورئـان دەفـەرمـون : (ركون الميل اليسير)ة یەعنی لادانێکـی کـەم بـە لایانـدا .. سوفیانی سەوریش دەفەموێت : ( من ناولهم قرطاساً فقـد دخل في ذلك) عطاء دەفەرموێت ( فلا يحـل لأحـد أن يعـين ظالما ولا يكتب لـه ولا يـصحبه، وأنـه إن فعـل شـيئا مـن ذلـك فقد صار معينا للظالمين) ئومێـدەوارین , هـەمـوو لایـەکمـان ملکەچی فەرمانی خودا و گوێڕایەلی ئایـەتـەکـانی قورئـانی پیرۆز بین کاتێك بیرمان دەخرێتـەوە,لـەوانـە نـەبـین کـە خـودا پێیـان دەفـەرمێـت (وإذا قيـل لـه إتقـي الله أخذتـه العـزة بالإثم...) .

پاشان داوا له هەمووو برایەکی موسڵمانی ڕاسـتەقینـەی خاوەن باوەڕ دەکەین کە دوانەکەوێ لـە کـاروانی جیهـادی دژ بە ئەمریکای هێرش هێنەر چونکـە لـەسـەر شـانی هـەمـوو موسڵمانێك پێویستیەکی شەرعیە , ابن تيميه دەفەرموێـت ( العدو الـصائل الـذي يفـسد الـدين والـدنيا لـيس اوجـب بعـد الايمان من دفعه) بۆیە دەبێ هەریەکـەمـان بـەپێـی توانـای خۆی و شارەزایی کـەلێنـی خـۆی پڕکاتـەوەو هـەر ئیـشێکی لەدەسـت دێ و چ کـارێکی پـێ ئـەنجـام دەدرێ بـە ئـەرکـی شەرعی سـەرشانی خـۆی هـەسـتێت , خـۆی لـە تـورەیـی خـودای گـەورە بپـارێزێ کـە دەفـەرمێـت ( فَلْيَحْـذَرِ الَّـذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَـةٌ أَوْ يُـصِيبَهُمْ عَـذَابٌ أَلِـيمٌ ) داواکاریشن لەو برا بەڕێزانەی کە کاتی خۆی گەرم وگـوڕی و سۆزو هەسـتێکی ئیـسلامی باشـیان هـەبـوە بـۆ دیـن , بـە کـرداریش بـەشـداری جیهـاد و تێکۆشـان بـوون , توانـاو تەجرەبـەیـەکـەیـان هـەیـە , بـە خۆیانـدا بچنـەوەو چاوێك بـە هـەڵوێـستی حزبـەکانیانـدا بگێـڕن کـە بوونـەتـە دۆسـت و هاوپـەیمـانی یـەکێتـی و پـارتی و بـە ئاشـکرا دەڵـێن ئێمـە پشتیوانی حکومەتی هەرێمین , یەکێتی وپارتیش شەریك و هاوپـەیمـان و هاوسـەنگـەری ئـەمریکـاو جولـەکـەن دژ بـە ئیسلام , هەر سوودو قانزانجێکیان پێ بگەیەنرێـت خزمـەتـە بە ئەمریکاو جولەکە ئەگەر ڕاستەوخـۆش نـەبێـت , ئـەوەش خەتەرێکی گەورەیە , خودای گـەورە دەفـەرموێـت : (يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـوا لَـا تَتَّخِـذُوا عَـدُوِّي وَعَـدُوَّكُمْ أَوْلِيَـاء تُلْقُـونَ إِلَـيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَـرُوا بِمَـا جَـاءكُم مِّـنَ الْحَـقِّ يُخْرِجُـونَ الرَّسُـولَ وَإِيَّـاكُمْ أَن تُؤْمِنُـوا بِاللَّـهِ رَبِّكُـمْ إِن كُنـتُمْ خَـرَجْتُمْ جِهَـادًا فِـي سَبِيلِي وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَـا أَعْلَـمُ بِمَـا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ ) بەڵکو براو کەس و دۆستی ئێوە ئیماندارانـە , دەبـێ ئێـوە لـە سەنگەرەکانی خۆتان بن , سەنگەری ئیـسلام دژ بـە کـوفر , دژ بە داگیرکەران , دژ بە ستەم , سـەنگـەری بـرا موجاهیـدە

نۆێژ خوێنەکانتـان , خـودا وادەفـەرموێـت : ( إِنَّمَا وَلِـيُّكُمُ اللّـهُ وَرَسُـولُهُ وَالَّـذِينَ آمَنُـواْ الَّـذِينَ يُقِيمُـونَ الـصَّلاَةَ وَيُؤْتُـونَ الزَّكَـاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ) ئێستاش جێگاکانتان لە سەنگەرەکانتان چۆڵـە , براکاناتـان هـەر چـاوەڕێـن ,لـە خـەوی غـەفڵـەت بێـداربن و نەهێڵن , خۆشویستنی دونیاو ترس لـە مـردن ڕێگـری کـاری پیـرۆزی جیهادتـان بێـت , دڵنیـاش بـن شکـستی ئـەمریکـاو هاوسـەنگـەرانـی زۆر نزیکـە , تـەمـەنـیش وەك ئـاو دێـت و دەڕوات , ئەم دەرفەتەش لە دەس دەچێت , کـە ئـەمریکـا بـە پێی خۆی هاتۆتە وولاَتمان و بەر دەرگای پێ گرتووین , لێـدان و کوشـتنیان هۆکـاری لێخـوش بـوون و سـڕینەوەی تـاوان و کۆکردنــەوەی زەخیــرەی دواڕۆژە , پاراســتنی شــەرەفــی خۆمـان و تۆڵـەی ئـابڕو تکانـدنی ئـەو خوشـکانەتانـە کـە لـە زیندانەکاندا دەسدرێژیان کراوەتە سەرو دەکرێتە سـەر , هـەر چەندە هەندێ بیـانو بـۆ خۆتـان دەهێننـەوە , بـەلاَم زۆرێکتـان دەزانــن کــە بیــانوەکانتــان ئــەوە نیــە وەك خــودای گــەورە دەفەرموێت : ( بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ . وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ ) ] دەبێ هەموو لەم هەڕەشـە بترسـێن کـە خـودا دەفـەرموێـت : [ ( قُـلْ إِن كَـانَ آبَـاؤُكُمْ وَأَبْنَـآؤُكُمْ وَإِخْـوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُـمْ وَعَـشِيرَتُكُمْ وَأَمْـوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَـا وَتِجَـارَةٌ تَخْـشَوْنَ كَـسَادَهَا وَمَـسَاكِنُ تَرْضَـوْنَهَا أَحَـبَّ إِلَـيْكُم مِّـنَ اللّـهِ وَرَسُـولِهِ وَجِهَادٍ فِـي سَـبِيلِهِ فَتَرَبَّـصُواْ حَتَّـى يَـأْتِيَ اللّـهُ بِـأَمْرِهِ وَاللّـهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ) سورة التوبة: ٢٤ دیارە ئـەوەش بـۆ هەموو لایەك ئاشکرایە کە ئێستا شەڕەی ئەمریکا و ئیـسلام جیهانی کردۆتە سێ بەرەی سەرەکیەوە , بەرەی ئـەمریکـاو هاوپەیمانـەکـانی و ئـەوەی لـە بازنـەی ئـەو دا دەخولێتـەوە , بــەرەی شــێخی موجاهیــدان (ئوســامە بــن لادن ) و موجاهیـدانی دژ بـە ئـەمریکـا , بـەرەی ئـەوانـەش کـە تـەماشـاوانن لـەو نێوانـەدا , زۆر بـەلایانـەوە گرنـگ نیـە چ لایەکیان سەرکەوتوو دەبێت چونکە خۆیـان لـەگـەڵ هـەمـوو بارودۆخێکدا دەگونجێنن !!

لـە کۆتایـدا داوای هاوکـاری و یارمـەتـی و پـشتیوانی لـە هەموو موسڵمانان دەکەین بە گشتی و لە دەوڵەمـەنـدەکـان بـە تایبـەتـی و ئـەوەشـتان عـەرز دەکـەیـن کـە سـەروەت و سـامانی ئێمـە لـەم دونیایـە تـەنهـا ڕۆح و گیـان و تـەمـەنـی گـەنجیمانـە , بـە خـودای گـەورەمـان فرۆشـتووە , لـەگـەڵ کـاروانی جیهـادا بـەڕێ کـەوتـوین , جیهـادیش پێویـستی بـە نەفس وماڵە , لە ئێمـە گیـان و لـە ئێـوە مـاڵ ! ئومێـدەواریـن مـاڵی خۆتانتـان لـەگیـانی ئێمـە لا خۆشـەویـستر نـەبێـت , هاوکاریمان بکـەن , ئـەوەش بـزانن ئێمـە مـاڵی ئێـوەمـان بـۆ خۆشـی و لـەزەتـی ژیـان ناوێـت , لـەزەتـی ئێمـە ئـەوەیـە ,

**کەللەی سەری دوژمنی خودا لەت کەین , ئالای لا اله الا الله لەسەر شاخەکانی کوردستان هەڵکەین , زمان و دەستی ئەوانە ببڕین کە دژایەتی دینی خودا دەکەن وپەرچی ڕێگای هیدایەتن , ڕێگری گەڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی شەریعەتن , بەڵێنیش بۆ شێخی گەورەمان ئوسامە بن لادن خودا بیپارێزێ دوو پات دەکەینەوە کە ئێمە سوورین لەسەر ڕێگاکەمان , بەو بەڵێن و بەیعەتەوە پابەند دەبین کە داومانە, سەربازێکی گوێڕایەڵین بۆ شێخ ئەبو عومەری بەغدادی سەرۆکی ( دەوڵەتی ئیسلامی عێراق ),بەردی بناغەی ئەو دەولەتەین, خۆمان دەکەینە قەڵغان بۆ پاراستنی, هیچ کاتیش شێخ ئەبو عومەری براگەورەمان لەگۆرەپانی جیهاد بەتەنها بە جێ ناهێڵین خودا پشتیوان بێت.**

**وصلى الله على محمدٍ وآله وصحبه أجمعين**

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته**

**بەرپرسی کەتیبەکان**

**حاجی عارف کوردستانی**

**دووشەممە ١٤٢٨/٣/٤ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠٠٧/٣/٢٢**

لە هەندێک ئەزموونداا لەدەستدانی مانا ئەکتەری کۆمەڵایەتی/سیاسی تووشی جۆرێک لە بێدەنگی دەکات، بێدەنگیەکی کووشندەی تەمەن درێژ. کەمنین ئەو ئەندام مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی و مەڵبەند و لق و ڕێکخراوانەی حیزبەکانی کوردوستان کە پاش لەدەستدانی پرانسیپی مانای باڵا نیشتمان بەجێدەهێڵن و دەڕۆنە نێو بێدەنگیەکی هەمیشەییەوەو هەندێکجار ئەم بێدەنگیە درێژدەبێتەوە تا مردنیان، بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان گوزارشت لە خۆیان بکەن.

بەپێچەوانەی ئەم ئەزموونەوە، ئەزموونی جیهادیستەکانی ئەنساری ئیسلام/ئەنساری سوونە/کەتیبەکانی کوردوستانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق، بەمانایەکی باڵای ئاینیەوە بۆشایی مانای باڵای ونکراو پڕ دەکەنەوەو لەڕێگای زەبروزەنگی ئێکسترێمیشەوە گوزارشت لە خۆیان دەکەن. واتە زەبروزەنگی ئەم جیهادیستانە ڕەفزکردنی بێدەنگیە، ئارەزوی قسەکردنە، حەزکردنە لە خۆمانیفێستکردن، خواستی دەرکەوتنە بۆ بەرامبەر، هاتنە دەرەوەیە لە خەڵوەت، بەجێهێشتنی گۆشەگیریە، خۆرزگارکردنە لە قەسوەتی پەراوێز :

**" مژدەتان دەدەینێ کە براو ڕۆڵەکانتان لە کەتیبەکانی کوردستان , ئێستا لە شاخەکانی کوردستانن , وەکو سەرجەم براو دۆست و ڕێکخستنەکانیانی تریان لەهەموو شارو شارۆچکەو لادێکاندا تێدەکۆشن , داهاتوش دەیسەلمێنێ کە چۆن بەیارمەتی خودا , جەرگی دوژمنانی**

**خودا دەبڕن و عیزەت بۆ دین و شوینکەوتوانی دەگێڕنەوە , خۆیان دەکەن بە بۆمب و لە ناو جەرگەیاندا دەتەقنەوە , ناهێڵین کوردستانی ئازیز بکرێتە لانەی جولەکەو گاورو نۆکەرانیان , خودا پشتیوان بێت خەون وخەیاڵی گلاَویان لە گۆر دەنێین ..."**

لەم پەرەگرافەدا کە بێگوومان بەدەرهێنانی سینەمایی گەورەوە وەرگێردراوەتە سەر ژیانی هەموو ڕۆژێکی کۆمەڵگەی کوردی (خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر کردەی یەکەم : قەسابخانەکەی خێڵی حەمە و کوشتنی دیل لە ٢٣ سێپتەمبەر ٢٠٠١. کردەی دووەم : هەوڵدان بۆ تیرۆکردنی دوکتۆر بەرهەم ساڵح لە ٣ ئەڤریلی ٢٠٠٢. کردەی سێیەم : تیرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر لە گەرمەی دانوستاندا لە ٨ی فێڤریوەری ٢٠٠٣. کردەی چوارەم : هەڵدانەوەی گۆڕی شێخەکانی بیارە لە ٢٠ تەمووزی ٢٠٠٢. کردەی پێنجەم : تەقاندنەوەی هەردوو بارەگای پارتی و یەکێتی لە ١ ی فێڤریوەری ٢٠٠٤. کردەی شەشەم : هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی مەلا بەختیار لە ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥.) هەر کردەیەکی زەبروزەنگی تیرۆریستی جیهادیستەکان حیکایەتێکی هەیە. ستراکتۆری ئەم حیکایەتە بە چەندین ژوستیفیکاسیۆن-پاساو-تەبریر چنراوە. ئەرکی سەرەکی ئەم حیکایەتانە بەخشینی شەرعیەتە بەو مانا باڵایانەی کە لە زەبروزەنگ دروستدەکرێن. بۆ نموونە:

ئامادەبی "خوا" وەک مانابەکی "باڵا" لە حیکابەتی جیهادیستەکاندا تەواو جیابە لە ئامادەبی "خوا" وەک مانای "باڵا" لە حیکابەتی بەکگرتووی ئیسلامی کوردوستاندا. لە حیکابەتی جیهادیستەکاندا "خوا" ئەو مانا "باڵا"بەبە کە لە زەبروزەنگ دروستکراوە. وێنەی "خوا" وێنەی ئەو ئیمپراتۆرەبە کە بەردەوام فەرماندە سەربازیەکانی وەک بەرێز ئوسامە بن لادن و زەواهیری و حاجی عارف کوردوستانی بۆ جەنگ دەنێرێت. وێنەی ئەو دەسەڵاتەبە کە بەردەوام لاوان لە بۆمب دروستدەکات و دەیان نێرێت بۆ ئەوەی لەبەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی موسوڵمانانندا خۆیان بتەقێننەوەو خۆیان و سەدان هاوڵاتی لەبەککاتدا لەتوپەتکەن. بەڵام لە حیکابەتی بەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان دا، "خوا" مانابەکی "باڵا"بە لە ئاشتی و برابەتی و پێکەوەژیان و ڕێزلەبەکگرتن. "خوا" مانابەکی "باڵا"ی ڕەدکەرەوەی هەموو فۆرمەکانی زەبروزەنگە. لە حیکابەتی بەکەم دا "خوا" وەک مانای "باڵا" پەرلەمان و حکومەت و پارتی و بەکێتی و تەنانەت کۆمەڵگەش بە کافرو بێدەین دەزانێت و لەناوبردنیان بە ئەرکێکی شەرعی دەزانێت. بەڵام لە حیکابەتی دووەمدا "خوا" وەک مانای "باڵا" پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و پارتی و بەکێتی و کۆمەڵگە بە موسوڵمان دەزانێت و بەرهەمهێنانی هەر زەبروزەنگێک بەرامبەریان بە ناشەرعی دەزانێت. لێرەدا دەمانەوێت بڵێین ستراکتۆری هەر حیکابەتێک لە چەند ژوستیفیکاسیۆنێک پێکهاتووەو بەکەم ئەرکی سەرشانیشی بریتیە لە شەرعیەتدان بە ڕەفتارە بەرهەمهێنراوەکان.

ئەم حیکایەتانە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە ؟ بۆ حیکایەتی جیهادیستەکان سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی حیکایەتی یەکگرتووەکانە لەکاتێکدا هەردووکیان ئیسلام بە سەرچاوە دەزانن ؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر ئەو تێزەی کە ئێمە هەر لەیەکەم ساڵی خوێندنی ماستەر مانەوەو لە چرکەی توێژینەوەمان لەسەر (دەرکەوتنی ژنە سەرپۆش بەسەرەکان لە پانتاییە گشتیەکانی فەرەنسادا) کارمان لەسەر کردوە. ئەو تێزە لە سەر دوو پایە وەساتەوە :

یەکەم بۆ تێگەشتن لە بزووتنەوەو گرووپە ئیسلامیەکان دەبێت بگەڕێینەوە سەر پراکتیک و سیستەمی ئایدۆلۆژیان نەک دۆگم و نۆرمە ئاینیەکان. دووەمیش ئەوە ئیسلام نیە کە ئەم گرووپ و بزووتنەوانە دروستدەکات، بەڵکو ئەوە ئەم گرووپ و بزووتنەوانەن کە هەر یەکەو لە ئاستی خۆیدا ئیسلامی خۆی دروستدەکات.

لێرەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەگوریشەی حیکایەتەکانی ئەنساری ئیسلام و یەکگرتووی ئیسلامی دەبێت ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە سەر ئەو قووتابخانە ئایدۆلۆژیەی کە وەک ماکینەی بەهێزی کارا ئیسلام بە "جەمع" دروستدەکات.

زۆر جار لە کوردوستانی ئێمە و تەنانەت لە جیهانیشدا بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران، لە وەڵامدانەوەیەکی خێرای ئەم پرسیارەدا دەڵێن : ئەنسار سەر بە قووتابخانەی سەید قووتبە و یەکگرتووش سەر بە قووتابخانەی برایانی موسوڵمانە. ئەو ڕۆشنبیرانە دەیانەوێت بەم ڕستەیە تەفسیری هەموو ئەو جیاوازیانە بکەن. بەڵام بەڕاستی ئەمە جگە لەتەمەڵیەکی فیکری هیچی دیکە نیە. ئەو ڕۆشنبیرەی کە کەمێک ڕێز لە ڕۆشنبیریی بگرێت دەزانێت پەیوەندی ئەنسار بە سەید قووتب و یەکگرتوو بە حەسەن بەنناوە چیە. بەڵام ئایا ئەم شتە زانراوە بەسە بۆ ئەوەی تەفسیری دوو دیاردەی هەرە گرنگی وەک ئەنسار و یەکگرتوو بکات ؟ بێگوومان نەخێر.

ئێمە پێمانوایە جیهادیستەکانی ئەنساری ئیسلام/ئەنساری سوونە/کەتیبەکانی کوردوستان سەر بەو قووتابخانەن کە لە لاپەڕەکانی پێشوتردا باسمانکردو ناومان نا نێۆ-فۆندامۆنتالیسم. ئەم قووتابخانە نوێیە لەسەر ئاستی جیهان ئامادەیەو وەک چۆن لە گووندەکانی هەورامان دا هەستی پێدەکەین ئاواش لە پەراوێزەکانی پاریس و بەرلین و لەندەن و ئەمسترامیشدا تێبینی دەکەین. مناڵانی ئەم قووتابخانەیە لە ساڵی ١٩٩٠ وە پێدەنێنە نێو کردەیەکەوە کە دەکرێت ناوبنرێت بە خۆ-ڕادیکالیزەکردن[clxxxiv]. واتە لێرەوە گوزەر دەستپێدەکات. گوزەر لە دەعوەوە بەرەو جیهاد بەمانای "قیتال". پێش پێنانە هەرێمی ئەم گوزەرەوە، شانشینی عەرەبی سعودی بە مەلاین دۆلاری دەرشت بەسەر ئەم نێۆ-فۆندامۆنتالیستانەدا کە باشترین حەماڵی ئیسلامی وەهابی سعودی بوون. پشتکردنە دەعوەو پەنابردن بۆ جیهاد، وەک بەڕێز ئۆلیڤەر ڕوا دەڵێت، یەکەم هەنگاوی داپڕانی نێوان بەرژەوەندیەکانی شانشینی عەرەبی سعودی و نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان بوو.

کردەی رادیکالیزاسیۆن لە ئەفغانستانەوەو بەتالیبان دەستپێدەکات و لە ئەنساری ئیسلام دا دەگاتە لوتکە. بەبێ ئەوەی بۆ یەک چرکەش کۆی ئەو ستراتیژی و ململانێ و بەرژەوەندیە ناوەکیانەی کێڵگەی ئیسلامی سیاسی کوردیمان لەبیربچێت کە بەشداریانکرد لە بیناکردنی تێرۆریسمی ئەنساری ئیسلام دا. بەپێچەوانەوە، ئێمە پێمانوایە تێکەڵبوونی بزووتنەوە گەورەکانی ئیسلامی سیاسی کوردی بە کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال و کوردیزەکردنی پرۆگرام و پراکتیکیان یەکێکە

له هۆكاره سەرەكیەكانی بیناكردن و ڕادیكالیزەكردنی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەكانی كوردوستان. بەڵام بێگوومان هەڵەیەكی زانستیش دەكەین گەر ئەم دیاردەیە بەتەنها لەو هۆكارەدا كورتبكەینەوە، چونكە سەرهەڵدان و دەركەوتنیشی پەیوەندیەكی بەهێزی بە گۆڕینی سیستەمی بەرهەمهێنانی ستراتیژی و گۆڕینی ئەو سیستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

له نێوان ١٩٨٩ و ١٩٩٢ دا، یەكێتی سۆڤێت هێزە سەربازیەكانی لە ئەفغانستان دەكێشێتەوە، سەدام حوسەین پەلامری كوێت دەدات و لە چەند كاتژمێرێكدا داگیری دەكات و پاشان لەجەنگێكی كوشندەدا كوێت ڕزگاردەكرێت و عێراقیس دەخرێتە ژێر گەمارۆیەكی سەختەوە. كوردوستانی عێراق بۆ یەكەمجار لە مێژودا ڕزگاردەكرێت و دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی حیزبە كوردیەكانەوە. هێزی ئەمەریكا لە سۆمال شكست دەهێنێت. دیواری بەرلین دەڕوخێت و ئیمپراتۆریەتی كۆمۆنیسم كۆتایی پێدێت. ئامادەیی وەڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت بە ئامادەبوونێكی سەربازی[clxxxv]. كۆی ئەم گۆڕانكاریانە بەشداریەكی زیندوو دەكەن لە بیناكردن و ڕادیكالیزەكردنی شەهیدە نوێیەكانی خوادا[clxxxvi].

سەرچاوەیەكی دیكەی پرۆسەی خۆ-ڕادیكالیزەكردنی جیهادیستەكانی قووتابخانەی نێۆ-فۆندامۆنتالیسم ئەو شتەیە كە لە كوردوستاندا ناومان ناوە "جیهانگیری-گلۆبالیزاسیۆن*". لە نێو كردەی گلۆبالیزاسیۆندا ئیسلامیش خۆی گلۆبالیزەدەكات و جیهادیستەكان بەكاریدەهێنن وەك گوزارشتێكی بەدیل بۆ هەیمەنەی ئەمەریكا لە جیهاندا. جیهادیستە ڕادیكاڵەكان بیناكردنەوەی ئوممەتی ئیسلامی وەك ستراتیژی تەماشادەكەن و پێیانوایە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا یەكەم بەربەستی سەر ڕێگایانە. لێرەوە هەوڵدەدەن ململانێ لە گۆشەنیگای جەنگی شارستانیەتی ئیسلام و ڕۆژئاواوە بە دەرەوە بناسێنن و ئەمەریكاش وەك قەڵغان و سووپەری شارستانیەتی ڕۆژئاوا بخەنەڕوو[clxxxvii]. ئەم سەرچاوەیە لە یەكەم پەرەگراف و دوایین پەرەگرفی ئەمیری كەتیبەكانی كوردوستانی سەربە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق دا بە رونی دەردەكەوێت :

> **" گەلی كوردستان هەموو وا دەبینن كە جیهانی ئیسلامی لەم قۆناغەدا چ ئێش و ئازارێك دەچێژێ و بە دەستی كوفری جیهانی و نۆكەرانی بە چ قۆناغێكی دژواردا تێدەپەڕێت , كوردستانی ئێمەش پشكی زۆری ئەو نەهامەتی و ئێش و ئازارو ناڵینەی بەركەوتووە .."**

لێرەدا جیهان دابەشدەكات بەسەر جەنگی نێوان شارستانیەتەكانی ئیسلامی و ڕۆژئاواداو كوردوستانیش دەكات بەبەشێك لە شارستانیەتی ئیسلام كە دەبێت دەست بە جیهادی ئیمپراتۆریەتی شەڕ بكات.

---

* بۆ تێگەستن لە چەمكی گلۆبالیزاسیۆن خوێنەر ئاراستەی وتارێكی میشێل ڤیڤیۆركا دەكەم كە لە ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێدا بەم سێوەیە بڵاو بووەتەوە: میشێل ڤیڤیۆركا، **ئایا گلۆبالیزاسیۆن یەك چەمكی هەیە**، كوردوستانی نوێ، هەینی ٢ مارس ٢٠٠٧.

**" لە کۆتایدا داوای هاوکاری و یارمەتی و پشتیوانی لە هەموو موسڵمانان دەکەین بە گشتی و لە دەوڵەمەندەکان بە تایبەتی و ئەوەشتان عەرز دەکەین کە سەروەت و سامانی ئێمە لەم دونیایە تەنها ڕۆح و گیان و تەمەنی گەنجیمانە , بە خودای گەورەمان فرۆشتووە , لەگەڵ کاروانی جیهادا بەڕێ کەوتوین , جیهادیش پێویستی بە نەفس وماڵە , لە ئێمە گیان و لە ئێوە ماڵ ! ئومێدەوارین ماڵی خۆتانتان لەگیانی ئێمە لا خۆشەویستر نەبێت , هاوکاریمان بکەن , ئەوەش بزانن ئێمە ماڵی ئێوەمان بۆ خۆشی و لەزەتی ژیان ناوێت , لەزەتی ئێمە ئەوەیە , کەڵڵەی سەری دوژمنی خودا لەت کەین , ئالای لا اله الا اللّٰه لەسەر شاخەکانی کوردستان هەڵکەین , زمان و دەستی ئەوانە ببڕین کە دژایەتی دینی خودا دەکەن وپەرچی ڕێگای هیدایەتن , ڕێگری گەڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی شەریعەتن , بەڵێنیش بۆ شێخی گەورەمان ئوسامە بن لادن خودا بیپارێزێ دوو پات دەکەینەوە کە ئێمە سوورین لەسەر ڕێگاکەمان , بەو بەڵێن و بەیعەتەوە پابەند دەبین کە داومانە, سەربازێکی گوێڕایەڵین بۆ شێخ ئەبو عومەری بەغدادی سەرۆکی ( دەوڵەتی ئیسلامی عێراق),بەردی بناغەی ئەو دەوڵەتەین, خۆمان دەکەینە قەڵغان بۆ پاراستنی, هیچ کاتیش شێخ ئەبو عومەری براگەورەمان لەگۆڕەپانی جیهاد بەتەنها بە جێ ناهێڵین خودا پشتیوان بێت."**

لەم پەرەگرافەشدا ئومەتی ئیسلامی خەیاڵکراو بەرونی دەردەکەوێت و ئەو پەیوەندیە ئایدۆلۆژیەی کە ئوسامە بن لادنی نێو ئەشکەوتەکانی ئەفغانستان و ئەبو عومەری ژێر زەمینەکانی ناوچە عەرەبیە سوننیەکانی عێراق و حاجی عارف کوردوستانی سەر سنورەکانی ئێران-کوردوستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە سەر ئاو دەکەوێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زەبروزەنگ و جەنگی جیهادیستەکانی ئەنساری ئیسلام/ئەنساری سوونە/کەتیبەکانی کوردوستان لەسەر بناغەی ململانێی ناسیۆنال و بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکانی کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال دانەمەزراوەو پەیوەندی بەو ستراتیژی و گرەوانەوە نیە کە ئەو کێڵگەیە بەڕێوە دەبەن ، بەڵکو لەسەر بناغەی تیرۆریسمی ئەنتەرناسیۆناڵ بیناکراوەو و قابیل بە دانوستان و گوفتوگۆو ڕێکەوتن نیە.

- چۆن ململانێی تیرۆریسمی جیهانی کە ئوسامە بن لادن یەکەم سامبۆلیەتی خۆی بەجیهانیکرد و خۆی فڕێدایە نێو چوارچێوەی ئەو شتانەی کە ناکرێت دانوستانیان لەسەر بکرێت ؟

- چۆن ئوسامە لە دۆستایەتی ئەمەریکاوە بوو بە یەکەم دوژمنی ئەمەریکا ؟

➢ چۆن ئەم پیاوە گەشتە ئەو ئاستەی کە مەلا کرێکار پێی بڵێت تاجی سەری ئومەتی ئیسلامیە ؟

ئێمە لە کتێبی "ئیسلام و خۆرئاوا[١٧]"دا بە درێژی وەڵامی ئەم پرسیارانەمان داوەتەوەو مێژووی پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکی و تێرۆریسمی ئەنتەرناسیۆنالی ئیسلامی ڕادیکاڵمان ڕونکردوەتەوە پێموایە، بۆ خەزمەتکردن بە ڕەوتی توێژینەوەکەمان، واباشترە چەند پەرەگرافێکی لێوەربگرین.

لەساڵی ١٩٧٦ و بەپێ بریاری کۆشکی سپی ، CIA رێکەوتنێک لەگەڵ موخابەراتی ئێرانی و سعودی ومیسری و مەغریبیدا ئیمزادەکات. رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە رێگابگرن لە یەکێتی سۆڤێت بۆ ئەوەی نەتوانێت بەرەو ئاسیا و ئەفەریقا بکشێت. CIA داوا لەموخابەراتی ئەم دەوڵەتانەدەکات، بۆ رێگرتن لە یەکێتی سۆڤێت، هەموو تەوژمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان مۆبیلیزە بکەن. لێرەوە بزووتنەوە ئیسلامیەکان، وەک یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکیەکانی ئەم روبەروبونەوەیە، دێنە مەیدان و سەرئاو دەکەون. بەتایبەتی هەردوو حکومەتی پاکستانی و عەرەبی سعودی، هەموو دەرگاکانیان دەخەنە سەرپشت بۆ بزووتنەوە ئیسلامیەکان.

پاش هاتنی ئایەتوڵڵا خومەینی و دروستکردنی جمهوریەتی ئیسلامی لە ئێران و راگەیاندنی جەنگی سامبۆلیک لەگەڵ ئەمەریکادا، ئیتر CIA بۆ رێگرتن لەلایەک لە ئیسلامی شیعە و لەلایەکیدیکەوە لە یەکێتی سۆڤێت، بریاری هاوکاریکردن ویارمەتیدان و کار بۆ ئاسانکردن و پشتیوانیکردنی ئیسلامی سوونی دا. تەنانەت دەرگاکانی واشنتۆن و نێویۆرک هەمیشە کراوەبوون بۆ عەبدوڵڵا عەزام و حیکمەتیارو عومەر عەبدول رەحمان و هەزارانیدیکەش. CIA، ئیسلامی سوونی بەکاردەهێنا لەیەککاتدا بۆلێدانی یەکێتی سۆڤێت و ئیسلامی شیعە و ناسیۆنالیسمی عەرەبی دژ بەئەمرەیکا. بەڵام دواتر ئەم هاوکێشەیە، بەتایبەتی لە عێراقی پۆست-سەدام دا، دەگۆرێت. لە عێراقی نوێدا، ئەمەریکا، نەک هەر دژی ئیسلامی شیعە نیە، بەڵکو پیشتگیریشی لێدەکات دژ بە ئیسلامی سوونی. واتە ئیتر لە عێراقدا، ئەو کارتەی کە کۆشکی سپی یاری پێدەکات زۆرینەی شیعەیە کە دەکرێت بتوانن باشتر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا بپارێزن. لێرەدا تێدەگەین لەوەی کە هەر گرەو کردنێک لەسەر تێکەڵکردنی ئەخلاق و سیاسەت دەرنجامەکەی دۆرانێکی گەورەیە.

لەهەردوو جەنگی کەنداودا، ئەمەریکا ناچارە عەرەبی سعودی وەک هاوپەیمان بپارێزێت. لەبەرئەوەنا کە سعودیەکان باشن یان خراپ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی بازرگانیەکانی نێوان هەردوو خانەوادەی سەرۆک جۆرج بۆش و خانەوادەی پاشانشینی سعودیە وەک زریسک لەیەکتری ئاڵاون و لێکجیاکردنەوەیان زۆر ئەستەمە. تەنانەت بەشێکی گەورەی خانەوادەی ئوسامە بن لادنیش لەو بازرگانیە ئاڵاوە. جێمس شلێسنگەر، بەرپرسی پێشوی CIA، راستگۆیانە باس لە پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و عەرەبی سعودی دەکات:

---

[١٧] عادل باخەوان، **ئیسلام و ڕۆژئاوا**، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی ٢٠٠٦.

**"ئایا هەر بەجددی ئێمە دەمانەوێت دەزگاکانی عەرەبی سعودی بگۆرین ؟ راشکاوانە پێتان دەڵێم: نەخێر. چەندین ساڵە ئێمە بەدەستی خۆمان ئەو دەزگایانەمان دروستکردوە. تەنانەت هەندێکجار دژ بەدیمۆکراسیش بەکارمان هێناون. "clxxxviii**

ساڵی رابووردوو، توێژەری فەرەنسی جۆنەتان راندال کتێبێکی بڵاوکردوە بەناوی (ئوسامە. دروستکردنی تێرۆریستێک). لەو کتێبەدا توێژەر هەموو ئەو بلۆک و خشتانە، یەک یەک دەخاتە روو، کە ئەمەریکا و عەرەبی سعودی، لە مێژویەکی نزیکدا، خانووی تێرۆریسمی بن لادن و ئەلقاعیدەیان پێدروستکردو بە سەدان بەڵگەی پشت ئەستور بە زانیاریەوە، پێمان دەڵێت کە ئوسامە بەم شێوەیە لەدایک نەدەبوو، گەر ئەو دوو وڵاتەی لە پشتەوە نەبوایەclxxxix. با ئێستا ئێمەش بەشێک لەو زانیاریانە فەحسبکەین :

ئوسامە، ساڵی ١٩٥٧ لەدایک دەبێت. کوری یەکێک لە هەرەدەوڵەمەندەکانی عەرەبی سعودیە. ئەم پیاوە دواتر بە میرات، سەروەتوسامانێکی گەورە و بەرفراوانی بۆ دەمێنێتەوەو دەکەوێت بەسەر هەزاران هەزار ملیۆن دۆلاردا. ساڵی ١٩٨٠، ئەرکی چەک گەیاندنە موجاهیدەکانی ئەفغانستان دەگرێتە ئەستۆ. لەم چرکەیەوە،زەواجی بن لادن و ئەمەریکا-سعودیە دەستپێدەکات و پێکەوە دەچنە مانگی هەنگوینیەوە. دیارە ئامانجی هەرەگەورەی ئەمەریکا، لەو قۆناغەدا، شکستی یەکێتی سۆڤێت بوو. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، ئامادەبوو دەست بخاتە نێو دەستی شەیتانەوە. واتە، بەقەدەر ئەوەندەی ئوسامە پێویستی بە چەکی ئەمەریکی هەبوو، بۆ برا موجاهیدەکانی ئەفغانستان، بەهەمان قەدەر ئەمەریکاش پێویستی بە بن لادنەکان هەبوو، بۆ بردنەوەی جەنگی سارد و گەرمی دژ بە سۆڤێت. ئیتر بن لادن و ئەمەریکا دەرۆنە نێو ئەوەی ناوی دەنێم: (پرۆسەی یەکتر دەروستکردن و یەکتربیناکردنەوە).

لێرەدا من لە جۆنەتان راندال جودادەبمەوە. چونکە ئەو پێی وایە کە بەتەنها بن لادن دروستکراوی ئەمەریکایە. بەڵام من پێم وایە هەر لە مانگی هەنگوینیەوە، هەردوو لایان لەبیناکردنی یەکتریدا بوون. ئەمەریکا ئوسامەی بیاندەکرد و ئوسامەش ئەمەریکای بینادەکرد. لەو ساڵانەدا، دەرگای هەموو ئەو کارگانەی کە چەکیان دروستدەکرد لە ئەمەریکا، لەسەر پشتبوون بۆ ئوسامە. دواتر بەوەشەوە ناوەستێت و خۆی سەفەر دەکات بۆ ئەفغانستان و لەوێ گروپێک لە موجاهیدین پێکدەهێنێت و لە ١٩٨٧ دا راستەو خۆ بەشداری جەنگدەکات.

پاش تەواو بوونی جەنگ و شکست و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، ئیتر ورە ورده پەیوەندی نێوان بن لادن و ئەمەریکا کاڵدەبێتەوەو پاشان گرژدەبێت ودواتر دەبێت بە پەیوەندی دوژمن بەدوژمنەوە. لە لوتکەی هاورێیەتیەوە بۆ لوتکەی دوژمنایەتی. گرفتی ئەم دوو دووژمنە نوێیە ئەوەیە کە یەکتری باش دەناسن و دەزانن چۆن ئازار بەیکتری دەگەیەنن. لە ساڵی ١٩٩٣ بن لادن رەگەزنامەی سعودی لێدەسەنرێتەوەو لەلایەن ئەمەریکاوەو بەشێوەیەکی رەسمی وەک تێرۆریست لەقەڵەم دەدرێت ودەناسێنرێت. هەر لەهەمان ساڵداو لە سودانی تورابیەوە بەرەو جیهان، ئوسامە تۆرەکانی پەیوەندی ئابوری و تەنزیمی

دادەمەزرێنێت. ساڵی ١٩٩٦ سودان بەیەکجاری بەجێدێڵێت و رودەکاتە ئەفغانستان. لە ١٩٩٦ .٠٧,٠٨ داو بەشێوەیەکی رەسمی بن لادن جیهاد لەدژی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا رادەگەیەنێت. لە ١٩٩٨ .٢٣,٠٢ ئوسامە داوا لە موجاهیدەکانی دەکات کە لەهەرکوێیەکی دونیادا بۆباندەکرێت دەست لە ئەمەریکا وبەرژەوەدنیەکانی بووەشێنن. بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەم داوایە، لە ٠٧,٠٨,١٩٩٨ دا، هەردوو سەفارەتی ئەمەریکا لە نەیرۆبی و دار السلام وەک میزەڵان دەقێنرانەوە. تەنها جیاوازیەک لەنێوان تەقاندنی میزەڵان و ئەو دوو سەفارەتەدا، ئەوەیە کە تەقاندنی میزەڵان کەس ناکوژێت ، بەڵام لەو دوو تەقینەوەیەدا ٢٢٤ کەس گیانیان لەدەستدا.

پاش ئەو هێرشانە، ئەمەریکای بیل کلێنتۆن، بەتوندی هەست بە برینەکانی دەکات و بە بەرچاوی هەموو دونیاوە دەبینێت چۆن خوێن بەناوگەڵیدا دەچۆرێت. بۆیەکەمجار، ئیدارەی کلینتۆن، لە ساڵی ١٩٩٩ دا، پێنج ملیۆن دۆلار تەرخاندەکات بۆ سەری بن لادن. دواتر، نرخی سەری بن لادن بەرزدەبێتەوە تا دەگاتە بیست و پێنج ملیۆن دۆلار، بێگومان پاش روداوی ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ .

بن لادن دەیویست و دەیەوێت ئەمەریکا بکات بە مۆتەکەی سەرسنگی خودی ئەمەریکیەکان. دەیەوێت تارمایی ئەلقاعیدە لە پێش هەموو ئەمەریکیەکەوە رێبکات. ئەم ئامانجە، هەر لە سەرەتای دروسکردنی (بەرەی ئیسلامیی جیهانیی بۆ جیهادکردن دژبە جولەکە و سەلیبیەکان) لە ١٩٩٨ دا دەردەکەوێت :

> **"زیاتر لە حەوت ساڵە ئەمەریکیەکان، نیوە دورگەی عەرەبیان، کە پیرۆزترین خاکی ئیسلامە داگیرکردوە. ئەمەریکیەکان سامانمان دەدزن و خواستی خۆیان فەرزدەکەن بەسەر دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەدا و موسوڵمانان بێ حورمەتدەکەن و هەرەشە لە وڵاتانی دراوسێ دەکەن و بنکەکانیان لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا، بۆلێدانی موسوڵمانان بەکاردەهێنن... ئێمە دەزانین کە لە پشت ئەو جەنگەوە، ئەمەریکا ئامانجی ئاینی و ئابوری هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی جولەکەشە ."[cxc]**

پاش نومایشکردنی ئەم چەند دیمەنە، هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت تێبینی ئەوەبکات کە چۆن بن لادن لکاوە بە مێژووی سیاسی ئەمەریکاوە، وە چۆن مێژوی سیاسی ئەمەریکا لکاوە بە بن لادنەوە. بێگومان مەبەستمان لە مێژووی تەواو نزیکە.

لەهەمان کاتدا دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت کە ئەو فەوزایەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتوەتەوە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بەشدارە لە دروسکردنی "ئەمەریکا-ئوسامە"دا. واتە ئەوەی ناوی دەنێم "ئەمەریکا-ئوسامە" هەرگیز بەم شێوەیە نەدەبوو، گەر ئەو فەوزایە کە ئێستا پێترۆل و دەوڵەتی نەتەوەو ململانێی ئیسرائیل- فەلەستین و عێراق و ئەفغانستان و ئێران و پاکستانی داپۆشیوە،

بەشێوەیەکی دیکە بوایە. ناکرێت قسە لە ئەمەریکا-ئوسامە بکرێت بەبێ بەشداریکردنی هەموو ئەو رەگەزانەی کە کۆی ئەو بوونیەیە دروستدەکەن.

ئایا بەراستی ئەمەریکا دەیەوێت رۆژهەڵاتی ناوەراست جێگیر و پێشکەوتو دیمۆکراتبێت ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە. بەتایبەتی لە پاش ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ . ئاسانە بڵێین بەڵێ. ئاسانە باوەر بە لێدوانەکانی سەر تەلەفزیۆن بکەین. بەڵام ئایا ئەوەی لەسەر مەیدان روو دەدات، ئەوەی لەسەر ئاستی کردار ئەمەریکا دەیکات، دەمانگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە باوەر بە بەڵێ بێنین ؟ من وەک کەسێک کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لەدایکبووم و دەیان پەیوەندی بەو ناوچەیەوە دەمبەستێتەوە ، دەمەوێت لەو پەری قوڵای دڵمەوە باوەر بە "بەڵێ" بێنم. بەڵام بەداخەوە دەرهاویشتەکان واناڵێن. رووداوەکان واناڵێن. تێبینی کردنی ئەمەریکا، لەسەر ئاستی کردار، بەئاراستەیەکی دیکەدا توێژینەوەکانمان دەبەن. ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئالان ژۆکسدا، سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەم گوزارشتەدا کۆبکەینەوە : ئیمپراتۆریەتی فەوزا. راستە کە ئەمەریکا سەرگەرمی دامەزراندنەوەو بیناکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە. بەڵام ئەوەش راستە کە ئەو بیناکردنەوەو دامەزراندنەوەیە، ئیمپراتۆریەتێکە لە فەوزا. هەر لە عێراقەوە بیگرە تادەگاتە ئەفغانستان وفەلەستین و پاکستان وهتد. ئەو سیاسەتەی کە ئێستا پیادە دەکرێت بریتیە لە سیاسەتی: ئیدارەکردنی فەوزا. ئالان ژۆکس لە هەمان سیاقدا دەنووسێت:

> **" ئەمەریکیەکان هەموو جیهان وەک فەوزا دەبینن و پێیان وایە ، لەنێو ئەو فەوزایەدا، ئەرکی سەرشانیانە کە رێنمایی رەفتاری ریزپەرەکان بکەن و وانەکانی چۆنیەتی مانەوەیان پێ بڵێنەوە"**[cxci]

لە نێو ئەم ئیمپراتۆریەتی فەوزایەدا، دوو دیاردە جێگای تێرامان و وردبوونەوەو تەحلیلکردنن . یەکەمیان گەشەکردن و گەورەبوون و بەهێزبوونی ئەمەریکایە و دووهەمیشیان گەشەکردن و گەورەبوون و بەهێزبوونی تیرۆریسمی ئیسلامیە ! ئالان تۆرێن دەڵێت: وەک چۆن ئەمەریکا دەستی دەگات بەهەموو دونیاو لەهەر جێگایەکدا ویستی دەتوانێت دەستبووەشێنێت، تیرۆریسمی ئیسلامیش بەهەمان شێوە دەتوانێت لەهەر جێگایەکی ئەم دونیایەدا، دەستبووەشێنێت و پەلاماربدات. لێرەدا راستەوخۆ هەر توێژەرێک دەکرێت لە خۆی بپرسێت :

- ئەو پەیوەندیە سیحراویە چیە لە نێوان گەورەبوونی ئەمەریکا و گەورەبوونی تیرۆریسمی ئیسلامیدا ؟
- بۆ ئەم دووانە بەیەکەوە گەشەدەکەن ؟
- تەماشای ئەم پەیوەندیە بەرامبەرگەرایە: کە ئوسامە پەلاماری نیۆیۆرک و واشنتۆن دەدات، ئەمەریکاش پەلاماری ئەفغانستان و عێراق دەدات ! ئەم کۆدانە چۆن دەکرێنەوە ؟

یەکێک لە گرفتە هەرەسەرەکیەکانی ئەمەریکا بریتیە لەوەی کە جیهانی ئیسلام، وەک ئەمەریکا، لە ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ ناڕوانن و ئامادە نین بەو مانایانە رازیبن کە رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی بەو رووداوە مێژووییەی دەبەخشن. بەپێچەوانەوە، رامان و بینینی ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ لە جیهانی ئیسلامدا، سەدو هەشتا پلە جیاوازە لە رامان وبینی رۆژئاوا. موسوڵمانان پێیان وایە کە هێرشەکانی ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ دیمەنێکە لەدیمەناکانی ئەو شانۆگەریەی کە زیاتر لە نیو سەدەیە بەردەوامە. ئەو هێرشانەش ناکرێت وەک رووداوێک لە دەرەوەی رووداوەکانی دونیای ئیسلام تەماشابکرێت. ئەفغانستان، عێراق، پشتیوانیکردنی بێسنوری ئیسرائیل، هێرشکردنە سەر لیبیا، دەستخستنەکاروباری لوبنان، سۆمال، پاکستان، دروسکردنی بنکە لە سعودیە، یارمەتیدانی بێسنوری رژێمە دیکتاتۆرەکانی دونیای ئیسلام... لیستەکە دەکرێت سەد ئەوەندە درێژبکرێتەوە. ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ لەنێو جەرگەی هەموو ئەم رووداوانەوە دێتە دەرەوە. پاش هێرشەکانی ١١سێپتەمبەر٢٠٠١، ئەلقاعیدە، لە دێسەمبەری هەمان ساڵداو لە بەیانەکانیدا باس لەو هێرشانە دەکات وەک ئەوەی وەڵامدانەوەیەک بن بە هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر دونیای ئیسلام بەگشتی و فەلەستین بەتایبەتی.

ئەم جەنگە راگەیانراوو بەردەوامەی نێوان هەردوولا، دیارە زەمینەیەکی بەهێزی هەیە و لە بۆشاییەوە نەهاتوەتە دەرەوە. کۆمینۆتێی توێژەرانی مەیدانی تێرۆریسم، بەوردی لە فەحسکردنی ئەم دیاردەیەی خوارەوەدان:

(بەرزبوونەوەو گەشەکردن و دەسەڵات پەیداکردنی دوو بەرە لەیەک کاتدا: بەرەی کۆنسێرڤاتۆرە نوێیەکانی (موحافیزە نوێیەکانی) کۆشکی سپی و بەرەی ئیسلامیسمی رادیکاڵی نێو رابوونی ئیسلامی.) لە کاتێکدا کە بن لادن و فۆندامۆنتالیسمی نوێی ئیسلامی، لە پرۆژە ئەسڵیەکەی ئیسلامی سیاسی جودادەبێتەوەو لەو گەردوونە دێتە دەرەو کەرەسەو مەنهەج و بیرکردنەوەی بە ئاراستەیەکی تەواو رادیکالانەدا دەبات و دەیەوێت لە رێگای زەبروزەنگەوە دونیا دابرێژێتەوە، لە هەمان کاتدا کۆنسێرڤاتۆرە نوێیەکانیش دەگەنە کۆشکی سپی و بەرنامەکانی پێشو، لە ئەرشیفدا خەزن دەکەن و بە بەرنامەیەکی نوێوە، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دونیا دەدەن. ئەم بەرنامەیەشیان سەرەتا بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی پترۆڵ و هاوکاری بێسنوری ئیسرائیل دەستپێدەکات. بۆ کۆنترۆلکردنی پترۆل، هەنگاوی یەکەم دەبێت لە لابردنی سەددام حوسەینەوە دەست پێبکات ( هەرچەند پێموایە دەبێت بەو پەڕی حەزەرەوە ئێمە مامەڵە لەگەڵ تێزی کۆنترۆڵکردنی پترۆڵدا بکەین و پێموایە ئەم تێزە کۆی پراکتیکی ئەمەریکامان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ تەفسیر ناکات). بۆ هاوکاریکردنی بێسنوری ئیسرائیلیش هەنگاوی یەکەم دەبێت کۆتایی هێنان بە یاسر عەرەفات بێت. هەروەها ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ رژێمێکی لە رزۆکی وەک خانەوادەی پاشانشینی عەرەبی سعودیەدا هەیە، دەبێت سەرلەنوێ دابرێژرێتەوەو دونیای ئیسلامیش دەبێت بریاری چوونە نێو پرۆسەی خۆ-بەدیموکراتیکردنەوە، لەسەر تەریقەتی کۆنسێرڤاتۆرە نوێیەکانی کۆشکی سپی، بدات. لێرەدا پرسیارێک روبەڕوی ئێمە دەبێتەوە، پرسیارێکی تەواو گرنگ لەسەر رێگای تێگەشتنمان لە و دونیا نوێیەی کە چوار دەوری تەنیوین:

سەرۆک جۆرج بۆش لە کوێی ئەم هاوکێشە دایە ؟

لە هەڵبژاردنیەوە تا ١١سێپتەمبەر٢٠٠١، سەرۆک بۆش زیاتر وەک حەکیمێکی ناویزبوانبوو. ئەو لەیەککاتدا گوێی لە کۆنسێرڤاتۆرە نوێیەکان و میانرەوەکان دەگرت. لەیەککاتدا گوێی لە پنتاگۆنی توندرەوەکان و وەزارەتی دەرەوەی میانرەوەکان دەگرت. سەرۆک، تا ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ ئەو پیاوەبوو کە دەرەوەی وەک پێویست نەدەناسی. ئەو سەرۆکە بوو کە کەمترین وڵاتی دونیای بینیبوو. کەمترین سەفەری بۆدەرەوە کردبوو. ئەو بە پێچەوانەی بیل کلینتۆنەوە، هەموو تواناکانی خۆی بۆ کاروباری ناوخۆ تەرخاندەکردو کاروباری دەرەوەی بە کۆلین پاوەلی میانرەوو CIA سپاردبوو. سەرۆک لەبەرامبەر کێشە جیهانیەکاندا، زیاتر لە تەماشاکارێکی نابەشدار دەچوو. تەنانەت کە فرۆکەکانی ئیسلامی رادیکاڵ پەلاماری بورجەکانی نیۆیۆرک و پنتاگۆنیاندا، ئەو لە نێو رەوزەیەکدا و لەسەر کورسیەکی ئاسایی و بەرمبەر پۆلێک لە منداڵانی ئەمەریکی دانیشتبوو. ئەو بە خەندەیەکی هێمنانەوە گوێی لەو منداڵانە گرتبوو. رەنگە لەو کاتەشدا تەنها لەخیاڵی منداڵی خۆی و تاوتوێکردنی یادگاریەکانیدا بووبێت. لەو چرکانەدا فرۆکەکانی ئیسلامی رادیکاڵ و پیاوەکانی بن لادن پەلاماری ئەمەریکا دەدەن و ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ دروستدەکەن. لەم چرکەوە ئیتر سەرۆک بۆش، بەگۆشت و ئێسقانەوە، خۆی فرێدەداتە باوەشی کۆنسێرڤاتۆرە نوێیەکانی کۆشکی سپی. ئیتر بۆیەکەمجار دەنگی حیکمەتەکانی کۆلین پاوەل کزدەبێت و دواتر وەک گلۆپێک لە کۆشکی سپیدا بەتەواوی دەکوژێتەوە.

سەرۆک خۆی لەبەرامبەر روداوێکی تەواو نوێ و ناوازە لە مێژوی ئەمەریکادا دەبینێتەوە. ناوازەیی ئەو روداوە لەوەدایەکە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەرگیز بەو شێوەیە هێرشی نەکراوەتە سەرو هەرگیز بەو شێوەیە بریندار نەکراوە. هەروەها سەرۆک بۆش خۆی لەبەرمبەر ناوازەیی گروپێکی تێرۆریستدا دەبینێتەوە. گروپێکی جیهانی لەنێو دڵی گلۆبالیزاسیۆندا. گروپێکی تەواو مۆدێرنی خاون چەک کە لە هەر چوار بەشەکەی دونیادا ئامادەی گورز وەشاندنە. ئاخر خۆ بن لادن کرێکارێکی هەژاری گەرەکەکانی شێخ عباس و خەباتی سلێمانی نیە. بن لادن کوری خانەوادە کرێکارەکانی فەرەنسا و بەریتانیا نیە و لە گەرەکە دارزاوەکانی پاریس و لەندەندا ناژی. بن لادن هەروەها پیاوێکی پەراوێزکراوی نێو دونیای ئیسلام نیە. بن لادن یەکێکە لە بەرهەمە هەرە گەورەکانی بازاری پترۆل و ئابوری جیهانی. ئەو کەرەسانەش کە بەکاریان دەهێنێت، نوێترین بەرهەمی تەکنۆلژیان، ئاخر کام دەرهێنەری هۆلیوْد دەتوانێت تەسویری ١١سێپتەمبەر٢٠٠١ بەو شێوەیەبکات ؟

ئەمە ئەو گەردوونە ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەیە کە جیهادیستەکانی ئەنساری ئیسلام/ئەنساری سوونە/کەتیبەکان ئینتیمایان بۆی هەیە. ئایا دەکرێت ئەم گەردوو نە بەهەمان گەردوونی یەکگرتوو ئیسلامی کوردوستان بزانین ؟ بێگوومان نەخێر. ئەو هەوڵە رۆشنبیریەی کە دەیەوێت لەبەر چەند هۆکارێکی ئایدۆلۆژی یەکگرتوو فرێبداتە نێو ئەم گەردوونەوە تاوانێکی گەورە بەرامبەر بە زانست دەکات.

ئێمە دەکرێت گەردوونی یەکگرتوو بە ئیسلامی هیومانیست ناوبەرین. ئەم ئیسلامی هیومانیستەی یەکگرتوو بریتینیە لە پێشکەشکردنی ئیسلامێکی ریفۆرمکراو بە کۆمەڵگەی کوردی ، چونکە هیچ ئەندامێکی یەکگرتوو، لە بەرێز مەولود

باوه موراده‌وه كه كه‌سایه‌تی ئێكستریم لیبراڵی یه‌كگرتووه تا به‌ڕێز مامۆستا حه‌سه‌ن شه‌مێرانی كه كه‌سایه‌تی ئێكستریم كۆنسێرڤاتۆره، كار له‌سه‌ر گۆڕینی چوارچێوه گشتیه نۆرماتیڤه‌كه‌ی شه‌ریعه‌تی ئیسلامی ناكه‌ن. به‌ڵكو بریتیه له بانگه‌وازكردن بۆ كلیك كردن له‌سه‌ر ئامانجه باڵاكانی چوارچێوه گشتیه نۆرماتیڤه‌كه‌ی شه‌ریعه‌ت. واته یه‌كگرتوو كارناكات بۆ ئه‌وه‌ی نۆرمه ئاینیه‌كان له‌گه‌ڵ واقیعدا ڕامبێنێت، به‌ڵكو بۆ ئه‌وه‌ی مانایه‌ك بداته ده‌ست ئه‌ندامه‌كانی تا بتوانن له ڕێگایه‌وه درێژه به ژیانی خۆیان بده‌ن له نێو كۆمه‌ڵگه‌یه‌كدا كه ئیتر به‌ته‌نها شه‌ریعه‌ت ناتوانێت هه‌یمه‌نه‌ی به‌سه‌ردا بكات.

ته‌واو به‌پێچه‌وانه‌ی گه‌ردوونی جیهادیسته‌كانه‌وه كه خواو ئیسلام یه‌كسان ده‌كه‌نه‌وه به قیتال و زه‌بروزه‌نگ و خوێن و كاسه‌ی سه‌ر شكاندان و خۆته‌قاندنه‌وه‌و مل پڕین، له‌گه‌ردوونی یه‌كگرتوودا خواو ئیسلام یه‌كسان ده‌كرێن به زنجیره‌یه‌ك له‌به‌های ئه‌خلاقی وه‌ك ئارامگرتن و خۆشه‌ویستی و پێكه‌وه‌ژیان و ڕێزگرتن له مرۆڤ و یه‌كسانی پیاو و ژن و پاككردنه‌وه‌ی ڕۆح و پابه‌ندبوون به عیباداته‌كانه‌وه.

له گه‌ردونی جیهادیسته نێۆ-فۆندامۆنتالیسته‌كاندا، په‌یوه‌ندی به خواوه بریتیه له جێبه‌جێكردنی حه‌رفی نۆرم و دۆگمه‌كانی شه‌ریعه‌ت و دابه‌شكردنی دونیا به‌سه‌ر جائیزو نا جائیزدا به‌بێ بیركردنه‌وه‌و به‌كارهێنانی عه‌قڵ. به‌ڵام له‌گه‌ردوونی یه‌كگرتوودا په‌یوه‌ندی مرۆڤ به خواوه پانتاییه‌كه بۆ ڕیالیزه‌كردنی مرۆڤ له‌سه‌ر ئاستی خود.

پرسیاری سه‌نتراڵ له گه‌ردونی جیهادیسته‌كاندا بریتیه له‌وه‌ی: چۆن خێرا بمرین/شه‌هیدببین/خۆمان بته‌قێنینه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی له‌پێناوی خوادا جیهانی بیناكراو له‌سه‌ر مۆدێلی ڕۆژئاوا له‌ناو به‌رین ؟ به‌ڵام له گه‌ردوونی یه‌كگرتوودا پرسیاری سه‌نتراڵ بریتیه له: چۆن ببین به موسوڵمانێكی چاكی جیهانێكی بیناكراو له‌سه‌ر مۆدێلی ڕۆژئاوا ؟ دوو ئیشكالیه‌تی ته‌واو دژ به‌یه‌ك !

له‌گه‌ردوونی جیهادیسته‌كاندا، نێۆ-فۆندامۆنتالیسته‌كان نوێنه‌رایه‌تی خوا ده‌كه‌ن له‌سه‌ر زه‌ویداو به‌ناوی ئه‌وه‌وه ئیمان و كوفر دابه‌شده‌كه‌ن به‌سه‌ر مرۆڤه‌كاندا. به‌ڵام له گه‌ردوونی یه‌كگرتوودا به‌ڕێز مه‌ولودی باوه موراد كه یه‌كێكه له پایه‌كانی مه‌كته‌بی سیاسی له‌وه‌ڵامی پرسیارێكی گۆڤاری لڤین دا كه ئایا یه‌كگرتوو حیزبێكی سیاسیه یان ڕێكخراوێكی ئاینی ده‌ڵێت :

**"به‌ته‌ئكید یه‌كگتروو ڕێكخراوێكی ئاینی نیه !"**

واته یه‌كگرتوو نه‌ك هه‌ر نایه‌وێت خۆی به نوێنه‌ری خوا له‌سه‌ر زه‌ویدا بخاته سه‌ر شانۆ، به‌ڵكو خۆی به‌ڕێكخراوێكی ئاینیش نازانێت.

له‌گه‌ردوونی جیهادیسته‌كان دا ئه‌و كه‌سانه‌ی كه ئاین و ده‌وڵه‌ت له‌یه‌كجاده‌كه‌نه‌وه ده‌بێت له به‌رچاوی كامیراكان ملی به‌سه‌ر پڕین بچێت و ئه‌مه‌ش لوتكه‌ی له‌زه‌ت چه‌شتنیانه ، با له‌م په‌ره‌گرافه‌ی ئه‌میری كه‌تیبه‌كان ڕابمێنین :

> **" له‌زه‌تی ئێمه ئه‌وه‌یه , كه‌له‌ی سه‌ری دوژمنی خودا له‌ت كه‌ین , ئالای لا اله الا الله له‌سه‌ر شاخه‌كانی كوردستان هه‌ڵكه‌ین , زمان و ده‌ستی ئه‌وانه ببڕین كه دژایه‌تی دینی خودا ده‌كه‌ن وپه‌رچی ڕێگای هیدایه‌تن , ڕێگری گه‌ڕانه‌وه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی شه‌ریعه‌تن."**

لەگەردوونی یەکگرتووش دا، نەک هەر کەس لەپێناوی ئەم ئامانجەدا ناکوژرێت، بەڵکو سەرگەرمی بیناکردنی گوتاری جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەتن لەیەکتری و پێیانوایە ئەم دوو چەمکە دوو کێڵگەی جیاوازو ئۆتۆنۆمن و ئەو یاساو نۆرم و ستراتیژی و بەرژەوەندیانەی کە کێڵگەی ئاین دەبەن بەڕێوە سەربەخۆن لەوانەی کە کێڵگەی سیاسەت دەبەن بەڕێوە. با دیسانەوە گوێ لە بەڕێز مەولود باوە موراد بگرین :

**"بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم کە من یەکێکم لەو کەسانەی داوادەکەم ئایین‌و سیاسەت لانیکەم پۆلێن بکرێن، چونکە ئەم دووانە دوو شتی جیان، دوو خەڵکی جیاواز، دوو بۆچوونی جیاواز، لە هەمانکاتدا دوو ژینگەی جیاوازیشی دەوێت، پێموایە سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئیتر ئیسلامیی بیکات یان غەیری ئیسلامیی، بەڵام دەعوە مامەڵەکردنە لەگەڵ دڵ، رەفتار، ئەخلاق، هەروەها رێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤ بە دینەوە."**

لەگەردوونی جیهادیستەکاندا بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردوستان و کێڵگەی سیاسی ناسیۆنال تێکەڵەیەکە لە کوفری جیهانی و دەبێت لەبەریەک هەڵبوەشێتەوەو ئەکەرەکانی نێو ئەو کێڵگەیەش یان دەبێت تەوبە بکەن و ببن بە تیرۆریستی ئەنتەرناسیۆنال یان دەبێت سەریان لەلاشەیان جیابکرێتەوە، ئەمیری کەتیبەکانی کوردوستان دەڵێت :

**" لە کۆتا پرسیارمدا دەڵێم ئایا جەلال و مەسعود بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو سەری بەندایەتی بۆ ئەو دانەوێنن باشتر نیە وەك لە بەندایەتی ئەمریکاو جولەکە ؟تا خۆیان ڕوو ڕەشی بارەگای خودا نەکەن ؟؟ خەڵکینە ئەمەیە سەرکردە دیارەکانی کوردستان کە پێویستە بە حەقیقەتی خۆیانەوە بناسرێن ، ئەمانە دەیانەوێ دین و ڕەوشت و بیروباوەڕی ئەو میللەتە بگورن (...)ئا ئەمانەن کە دەیانەوێ بە دەستورێك حوکمتان کەن کە زۆرینەی برگەکانی پێچەوانەی قورئانەکەی خودایە , کە ئەوەش کوفرێکی ئاشکرایەو هەڵگەڕانەوەیە لە دین "**

بەڵام لە گەردوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان دا، بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردوستان پێوەری باش و خراپ و سەرکەوتن و ژێرکەوتن و دەنگ بۆدان و دەنگ بۆ نەدانە و ئەم کێڵگەیە نەک هەر بەشێک نیە لە کوفری جیهانی بەڵکو خۆشی بە ئەکتەرێکی کاری ئەو کێڵگەیە دەزانێت. مەولودی باوە موراد دەڵێت :

**"ئەوە ڕاستیە کە ئێمە حیزبێکی ئیسلامیی کوردوستانین. ڕەوتمان لەگەڵ ڕوداوە سیاسیەکانی کوردوستاندایە. لەو شتانەی کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندیە باڵاکانی خەڵکی کوردەوە هەیە."**

لێرەداو لەپێناوی پاراستنی ڕەوتی بابەتی توێژینەوەکەمدا چەند پەرەگرافێک لەو چاوپێکەوتنە تۆماردەکەم کە بەکارمهێناون و بۆ خوێندنەوەی تەواوی چاوپێکەوتنە کە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٥٠، ساڵی ٢٠٠٧.

**لڤین : یەکگرتوو حیزبێکی سیاسیە یان ڕێکخراوێکی ئاینی ؟**

**مەولود باوە موراد : بەتەئکید یەکگرتوو ڕێکخراوێکی ئاینی نیە.**

**لڤین : بەڵام یەکگرتوو بەدوو شێوە کاردەکات، یەکەمیان کارکردنە لەسەر سیاسەت، دووەمیسیان کارکردنە لەسەر دەعوە.**

**مەولود باوە موراد : ئەوە ڕاستیە کە ئێمە حیزبێکی ئیسلامیی کوردوستانیی. ڕەوتمان لەگەڵ ڕوداوە سیاسیەکانی کوردوستاندایە. لەو شتانەی کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندیە باڵاکانی خەڵکی کوردەوە هەیە. حیزب ئۆرگانێکی ڕەسمیە لە کۆمەڵگادا، تۆ سەیری یەکێتی و پارتی مەکە کە هەردووکیان دەسەڵاتن و بە حیزب ناویان دەبرێت، سەیری ئەوەبکە کە حیزب ئۆرگانێکی ناڕەسمیە لە وڵات دا، چالاکیەکانی ئاڕاستەی دەسەڵاتە. تۆ دەتەوێت ئێوە لەسەر بابەتە دینی و ئەخلاقیەکان بەدەنگ دێن و بابەتەکانی دی واز لێدێنن. منیس دەڵێم ئەوە راستە، ئێمە کە حیزبێکی ئیسلامین و ئەو شوێنەی کە بڕیارەکانمانی لێوەردەگرین قەناعەتێکی ئیسلامیە، لەبەر ئەوە سروستیە کە نەو جۆرە بابەتانە هەڵدەچین و هەڵوێست وەردەگرین.**

**لڤین : لەبەر ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی بەر لەوەی حیزب بوویێت، وەک پرۆژەیەکی دەعەوەی بوونی هەبووە، ئێستا ڕەمزەکانی ئەو دەعوەیە لە سەرکردایەتی ئەم حیزبەدان، زۆرجار هەست بەوە دەکرێت بە تێڕوانینێکی دەعەویەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتە سیاسیەکاندا دەکەن ؟**

**مەولود باوە موراد : بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم کە من یەکێکم لەو کەسانەی داوادەکەم ئایین و سیاسەت لانیکەم پۆلێن بکرێن، چونکە ئەم دووانە دوو شتی جیان، دوو خەڵکی جیاواز، دوو بۆچوونی جیاواز، لە هەمانکاتدا دوو ژینگەی جیاوازیشی دەوێت، پێموایە سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئیتر ئیسلامیی بیکات یان غەیری ئیسلامیی، بەڵام دەعوە مامەڵەکردنە لەگەڵ دڵ، رەفتار، ئەخلاق، هەروەها رێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤ بە دینەوە. ئەمە جۆرێک لە پاکێتی و زانیاری و شارەزایی دەوێت. بە قەناعەتی من کەسێک ناتوانێت لەیەککاتدا کەسێکی سیاسیباش و دەعەویەکی باش بێت، بۆیە من پێموایە ئەگەر داعیەکی باش توانی سەرکەوتوویێت دڵنیام لەسەر حسابی سیاسەتەکەیەتی.**

**کەسێکی تریش توانی خولیای سیاسی خۆی زیاد بکات، خۆی بەرەو پێشبەرێت، لایەنی دەعوەکەی دەپوکێتەوە، چونکە ناتوانێت لەیەککاتدا ئەم دووستە گەورەیە هەڵبگرێت. ئەگەر پڕیاربێت دەعوە پەیامی خوا بێت بۆ سەر زەوی و سیاسەتیش بریتیبێت لە بەڕێکردنی مەسلەحەتی گشتی، خەڵکی چۆن دەتوانێت ئەم دوو شتە قورسە بەیەک دەست هەڵبگرێت. ڕاستە یەکگرتوو تا ئێستا ئەوەی کردووە، جامن پێموایە کە یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆنگرەی چواری و بەتایبەتیس لە کۆنفرانسی ئەم دواییەیدا زۆر لەسەر ئەم خاڵە ڕاوەستاوەو کاری جددیسی بۆ کردوەو زیاتریسی بۆ دەکەین. من لەو کەسانە نیم بترسم لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، بەڵام بەو مانایە لێمتێمەگەن کە سیاسەت لە دین جیابکەمەوە. بەڵام دەبێت ئەو دوو شتە پۆلێن بکرێن، بەنموونە، ئێستا کە جیامان نەکردوەتەوە، کەسێک کە دەعوە دەکات و ناویشی مەکتەب سیاسیە، بەسروشتی حاڵ هەموو جوڵەیەکی بە سیاسیانە دەخوێنرێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر جار کە بەناوی سیاسەتەوە دەچینە ناو دەعوەکەوە، ئەویش لەگەڵ خۆمان قەدەغەدەکەین. بۆنموونە سەرپۆش کە شتێکی دینیە و لە هەموو دونیادا ئازادە، کەچی لێرە خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ دەکرێت. چونکە ئێمە سیاسین و چەمکی دەعوەشمان لەگەڵ خۆمان کۆکردوەتەوە، لەبەر ئەوە ترسم لەوە نیە کە سیاسەت تیا دەچێت لەم حیزبەی ئێمەدا، ترسم لەوەیە کە دەعوەکە تیا بچێت بەهۆی سیاسەتەوە، ئەم چەمکە ناسکانە لە ناو دونیای سیاسەتدا وشک هەڵدێن و دەکەونە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی و ململانێ، کە لە ئەنجامدا دەعوەکە دەهاڕێت و قەیرانی بارە سیاسیەکەی دەگوێزێتەوە بۆ سەر سانی دەعوەکە، واتە دەعوەکە باجی قەیرانە سیاسیەکە دەدات.**

یەکێک لە سەرچاوەکانی هێزی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان بریتیە لەوەی کە سەرکەوتوانە توانیویەتی مۆبیلیزەی ئەو کاتیگۆریە کۆمەڵایەتیانە بکات کە پێش ئەو کێڵگەی سیاسی کوردی پەراوێزی کردبوون. لەسەرەتادا یەکگرتوو پەراوێزکراوەکان کۆدەکاتەوەو لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیا-دەعوە بینایاندەکات و پاشان بەمەبەستی بیناکردنەوەی ستراکتۆری کێڵگەی سیاسی کوردی بەکاریان دەهێنێت، بەڕادەیەک کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی دێمۆکراتی کوردوستان و یەکێتی نیشتمانی کوردوستان خۆی وەک حیزبی دووهەم بخاتە سەر شانۆ.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە لە سبەینێیەکی نزیکدا یەکگرتووی ئیسلامی دەتوانێت هەیمەنە بکات بەسەر کێڵگەی سیاسی کوردیدا. بەپێچەوانەوە، تێکەڵبوونی بە یاریەکانی ئەم کێلگەیە دەیکات بە ئەکتەرێک لە ئەکتەرەکان و حیزبێک لە حیزبەکان. واتە دەیکات بە حاڵەتێکی ڕۆتین و نۆرماڵ و ئاسایی.

# ئەنێكس

# دیالۆگ لەگەڵ بەرهەمهێنەرەکانی فیکری فەرەنسیدا لەسەر زەبروزەنگ و تیرۆریسم و ئیسلام و ڕۆژئاوا

# دیالۆگ لەگەڵ ئالان تورێن دا



**ناساندن:** ئالان تورێن، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٥، لەساڵی ١٩٥٨داو لەشاری پاریسداو بۆیەکەمجار موختەبەری سۆسیۆلۆژیای پیشەسازی دروستدەکات. لەساڵی ١٩٧٠دا ئەم موختەبەرەدەبێت بەسەنتەری توێژینەوەی بزووتنەوەکۆمەڵایەتیەکان و لەلایەن قووتابخانەی پراکتیکی باڵای توێژینەوەوەپشتیوانی دەکرێت. لەساڵی ١٩٨١ وەتا ١٩٨٣ سەنتەری ڕاڤەکردن و ئەنتەرڤۆنسیۆنی سۆسیۆلۆژی لەقووتابخانەی باڵای توێژینەوەکۆمەڵایەتیەکان دەبات بەڕێوە. لەساڵی ١٩٦٠ وەتا ئەمڕۆ سەرپەرشتیاری تووێژینەوەی دوکتۆرایەلەهەمان قووتابخانەدا.

**مەیدانی کارکردن :** ئالان تورێن لەبواری سۆسیۆلۆژیای ئەکشن-کردەدا کاردەکات و لەنێو ئەو بوارەدا مەیدانێکی نوێی بۆ توێژینەوەلەسەر "خود" وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دامەزراندووە. سەرجەم کارەکانی تورێن بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەبن:

١. قۆناغی یەکەم بریتیەلەچرکەی کارکردن لەسەر سۆسیۆلۆژیای کار و وشیاری کرێکاری و چینی کرێکاران.

٢. لەساڵی ١٩٦٨ وەو دوای خۆنیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ و پاشان کۆدێتا سەربازیەکانی ئەمەریکای لاتین، تورێن دەستدەکات بەتووێژینەوە لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان.

**٣.** قۆناغی سێیەم بەچاپکردنی کتێبی (گەڕانەوەی ئەکتەر) لەساڵی ١٩٨٤ دەستپێدەکات و پاشان بەکتێبی (رەخنە لە مۆدێرنیتیێ) ساڵی ١٩٩٢، (دێمۆکراسی چیە) ١٩٩٤، (ئایا ئێمە دەتوانین پێکەوەبژین؟) ١٩٩٧ دواتر (پارادیگمێکی نوێ) ٢٠٠٥ و (کۆمەڵگەی ژنان) ٢٠٠٦، دەگاتەلووتکە. ئەم قۆناغەچرکەی ڕامان و تووێژینەوەیەلەسەرهەڵدانی فێنۆمێنی "خود".

**ژیانی زانکۆ :** ئالان تورێن تا ئەم ساڵیش یەکێکە لەمامۆستا بەڕێزەکانمان و لەقووتابخانەی باڵا هەموو ڕۆژێکی پێنجشەمەوانەیەک بەناوی سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێتەوە.

**عادل باخەوان: دەزانم چەند بێکاتیت و بەشێکی زۆری ژیانت لەنێوان نیۆیۆرک و پاریس و بەرلین و پایتەختەکانی دیکەدا بەسەر دەبەیت و هەر ڕۆژەی لەزانکۆیەکی جیهانیەوە بانگهێشت دەکرێت و لەگەڵ هەموو ئەو بێکاتیەشدا ساڵی پار کتێبێکی زۆر بەنرخت بەناوی (پارادیگمێکی نوێ) بڵاوکردەوەو ئەمساڵیش کتێبێکی دی بەناوی (کۆمەڵگەی ژنان). بەبێ ئەوەی لەبیرمبچێت کەهەموو ڕۆژێکی پێنجشەمەدەبیت لێرەبیت بۆ پێشکەشکردنی (وانەی هەفتانەت) لە(قووتابخانەی باڵا). بۆیەزۆر سووپاست دەکەم بۆ تەرخانکردنی ئەم کاتەبۆ گووفتووگۆکردن لەگەڵ ئێمەدا، دەشزانم دوای ئێمەخانمەڕۆژنامەنووسێکی ئیتالی لەبەردەرگا چاوەڕێت دەکات.**

ئالان تورێن:منیش هەروەها داوای لێبوردن دەکەم کەڕۆژی سێشەمەنەمتوانی سەردانی (قووتابخانە) بکەم. پێشمخۆشنەبوو ئەم دیالۆگەبەتەلەفون بکەین، چوونکەبەلامەوەگرنە. پێموایەئێوەش ناتانەوێت گوفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسیبێت و چەند پرسیارو وەڵامێکی میکانیکی بێت. بەڵام تۆ سەرەتا پێم بڵێ وەک کێ گوفتوگۆم لەگەڵ دەکەیت ؟ وەک کورد یان وەک عێراقی ؟ (بەپێکەنینەوە).

**عادل باخەوان : (بەپێکەنینەوە) ئەم پرسیارەوەک دانانی تەپکەوایەبۆ چۆلەکەلەڕۆژانی بەفردا.**

ئالان تورێن: نا نا، مەبەستمەبزانم. چوونکەکورد لەعێراقی ئێستادا خاوەنی مەوقیعێکی تایبەتن و هەیمەنەیان هەیەبەسەر عێراقدا.

**عادل باخەوان: ڕاستەمن کوردم. تائێستاش کوردوستان بەشێوەیەکی ڕەسمی بەشێکەلەعێراق. لەسەر ئاستی تێوری.بەڵام لەسەر ئاستی پراکتیک ئەوەچیرۆکێکی درێژە. بەهەرحاڵ، لێرەدا، من نەوەک کوردو نەوەک عێراقی ئامادەم، بەڵکو وەک خوێندکارێکی دوکتۆرا**

**کەیەکێک لەدروستکەرەگەورەکانی فیکری سەدەی بیستەم دەدوێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی کەجەنابتان پرسیارەکەتانکرد، من پێمخۆشەهەمان پرسیار و بەشێوەیەکی دیکەئاراستەی ئێوەبکەم: ئایا ئەمەیەکەم جارتانەکەڕاستەوخۆ لەگەڵ کێڵگەی ڕۆشنبیری عێراقی و کوردیدا بدوێن؟**

ئالان تورێن : (بەخەندەیەکی پرماناوە) بەڵێ.

**عادل باخەوان: باشە، لەکتێبەکەی ساڵی پاردا، پارادیگمێکی نوێ، ئێوەبەشی یەکەمتان تەرخانکردوەبۆ ئیشکالیەتی "داڕمان". لەو بەشەدا بەوردی باس لە١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دەکەن. هاوڕێی کۆچکردووت، جاک دێریدا، لەدوا کتێبیدا، ١١ی سێپتەمبەر بەڕووداوێکی (ماژۆر-مەزن) ناودەبات. ئایا ئێوەش بەهەمان شێوە، سیفەتی ماژۆر-مەزن دەدەن بەو ڕووداوە؟**

ئالان تورێن : لەڕاستیدا، کاتێک ١١ی سێپتەمبەر ڕوویدا، من بێ هیچگوومانێک وەک ڕووداوێکی ماژۆر-مەزن تەماشامکرد. پێچەوانەکی مومکیننیە.بەڵام ئایا ئەم دەکرێت وەک "داڕانێکی مێژوویی" باسی بکەین ؟ نازانم لەقووڵایدا چەندێک بەرژەوەندیمان هەیەلەوروژاندنی ئەم پرسیارەدا. بۆ ئەمەریکیەکان، ١١س سێپتەمبەر بێگوومان ڕووداوێکی ماژۆر-مەزنە. بۆ ئێمەی نا ئەمەریکی، ١١ی سێپتەمبەر یەکێکەلەدەرکەوتەکانی حاڵەتێک کەچەند ساڵێکەلەنێو پرۆسەی گەشەکردندایە. با ئێمەهەموو شتەکان لە١١ی سێپتەمبدەردا کۆنەکەینەوە. ڕاستەلەسەر ئاستی ڕۆژنامەنووسی، بەدڵنیایەوەڕوداوێکی زۆر گرنگە. هەروەها من گەر ئەمەریکی بم، ئەو ڕوداوەوەک "داڕان" تەماشادەکەم. لە١١ی سێپتەمبەرەوە، ئەلف و بای دامەزراندنی پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ دەرەوەدا، لەگەڵ ئەوروپاو ئاسیاو دونیای ئیسلامی و عەرەبیدا، لەسەر ئەم بنەمایەدادەمەزرێت. واتە١١ی سێپتەمبەر لەهەموو شوێنێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکیدایە. گرنگی ئەم ڕوداوەسینەماییەلەوەدایەکەڕێگامان پێدەدات پرسیار لەبوون و ئامادەیی فینۆمێنێک بکەین کەچەندین ساڵەلەگەڵماندا دەژی، بەبێ ئەوەی ویستبێتمان بەجددی لێی تێبگەین. پەنجا ساڵەئەم فینۆمێنەلێرەیە. پەنجا ساڵەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگرفتی ئیسرائیل-فەلەستینیەوەگیرۆدەبووە، بەبێ ئەوەی کەس چارەسەرێکی دروستی پێشکەشکردبێت. ئەوەی ئێمەلێرەدا دەتوانین بیڵێین شتێکی دیکەیە. داڕمانی هەردوو بورجەکەدەلالەتێکی دیکەمان دەخەنەبەردەست، کەبریتیەلەئامادەبوونی گرفتێک گەورەترو گلۆباڵتر لەکێشەی ئیسرائیل-فەلەستین. واتەئەم کێشەیەوەڵامی هەموو پرسیارەکانمان نادەنەدەست، چوونکەهەموو گرفتەکەنیە، بەڵکو ڕەگەزێکی گرنگەلەبوونیەی گرفتەکە.

بۆ من، ڕاگەیاندنی جەنگ لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوەدژ بەعێراق، بەبێ مۆڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، شۆکێکی گەورەبوو. من لەگەرمەی گووفتووگۆی ئەنجوومەنی ئاسیشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ٢٠٠٣، لەنیویورک بووم، لەزانکۆ دەرسم دەگووتەوە. لەنزیکەوەئاگام لەو گووفتووگۆیەبوو. بۆ من ئەو

ڕاگەیاندنی جەنگەشۆکێکی گەورەبوو، چوونکەلەنزیکەوەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەناسم .

ساڵانی نەوەدەکان، لەئەمەریکادا، ئەو بابەتانەی کەجێگای مشتومڕو دیالۆگ و قسەکردنی بەردەوامی هەمووان بوون، بریتیبوون لەتەکنەلۆژیای نوێ و ئابوری و دونیایەکی فرەجەمسەرو مولتیلاتێرالیسم. بەڵام چەند ڕۆژێک دوای ١١ی سێپتەمبەر، ئەم ئەمەریکایەی کەبەردەوام باسی لەئابوری و تەکنەلۆژیاو پەیوەندی ئەنتەرناسیۆنال دەکرد، دمی دادەخات و بێدەنگیەکی سامناک دایدەپۆشێت و ئیتر قسەکردن لەئابوری و تەکنەلۆژیا و فرەجەمسەری و پەیوەندی ئەنتەرناسیۆنال لەسەر زمانی دەکەوێتەخوارە. لەهەمانکاتدا، چەند بابەتێکی دیکەهەیمەنەدەکەن بەسەر هەموو زمانەکانی ئەمەریکادا، بەتایبەتی جەنگ و ئاین. پارتی دێمۆکرات تا چەند مانگێک زمانی لەگۆدەکەوێت. ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز کەباشترین ڕۆژنامەی ئەمەریکایەچەند مانگێی پێویستەبۆئەوەی زمانی بکرێتەوەو قسەیەک بکات. ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا، زیاتر لەچرکەی یەکەم جەنگی کەنداو، پەرتەوازەبووبوون. هەموو ئەم ئەکتەرانە ڕۆشتبوونە نێو دونیایەکی ترسناکی بێدەنگیەوە. کاتێکیش مانیفێستاسیۆنە جەماوەریەکان دەستیانپێکرد، بەتەنها ستارەکانی هۆلییودمان دەبینی.

من ئەو ڕۆژانەلەبەرامبەر کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا دۆشدامابووم. بەخۆممدەگووت چی لێرەدا ڕوودەدات. هەموو کەس دەیزانی ئەو بەڵگانەی کەکۆلین پاوەل دەیخستنەڕوو بەتاڵ و بێمانان. بێگومان پاوەل یەکێکبوو لەو کەسانەی کەدژی جەنگبوو، بۆیەبۆ سزادانی، ناچاریانکرد ئەو ڕاپۆرتەلەئەنجوومەنی ئاسایش بخوێنێتەوە، دڵنیام کەخۆشی قەناعەتی پێی نەبوو.

ئەوەی منی زیاتر تووشی شۆک کرد، هەڵوێستی جورج بۆش بوو. لەکاتێکدا پاوەل سەرگەرمی قەناعەتپێکردنی ئەنجوومەنی ئاسایشبوو بۆ ئەوەی دەنگ بەجەنگ بدەن، جورج بۆش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەردەکەوێت و دەڵێت: "ئێوە چیتان پێخۆشەبیکەن، بەڵام ئێمەبەتەنهاشبووەجەنگ ڕادەگەیەنین". تەماشاکە. وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمەریکا، دامەزرێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرلەبەیانی دانووستاندەکات و دوای نیوەڕۆش سەرۆکەکەی دەڵێت "من هەر جەنگ ڕادەگەیەنم". ئەمەچ کارەساتێکەبۆ دونیا. لێرەوەشتەکان دەگۆڕێن.

**عادل باخەوان: شتەکان دەگۆڕێن، بەڵام ئێوەلەکتێبەکەتاندا بەتەنها باس لەگۆڕانکاری شتەکان ناکەن، بەڵکو باس لەکۆنسێپتی داپڕان دەکەن. ئایا دەکرێت بڵێین ئیتر لەمەودوا جەنابت بەشێوەیەکی دیکەتەحلیلی ئەو ڕوداوەدەکەیت؟**



ئالان تورێن : من پێموایە جیاوازیەکی زۆر نیەلەنێوان گوزارشتی "گۆرانکاری گەورە" و "دیران"دا. بەڵێ لەئەمەریکا دەکرێت وەک دایران باسی بکەین.

**عادل باخەوان: ئەی لەدەرەوەی ئەمەریکادا ؟ لەسەر ئاستی مێژووی ئەنتەرناسیۆنال؟**

ئالان تورێن : لەسەر ئاستی ئەنتەرناسیۆنال جیاوازە، چوونکەئێمەچەندین وڵاتی جیاوازو مەوقیعی جیاوازمان هەیە. وڵاتانی ئەوروپا باشتر خۆیان بۆ ئەو جۆرەحاڵەتانە ئامادەکردوە. ئیسرائیلیش هەروەها. شتەکان جیاوازن. من ناڵێم "دایران" بەڵام دەڵێم "دەرکەوتنێکی فراوانتر لەسەر شانۆی ئەنتەرناسیۆنال".

**عادل باخەوان : لە"پەرادیگمێکی نوێدا" باس لەپاشەکشەی کۆمەڵگەدەکەیت. پاشەکشەبەرەو کوێ ؟ کۆمینۆتێ ؟ ئاین ؟ ترادیسیۆن ؟ دۆزەخ ؟**

ئالان تورێن : ئەم بەشەی کتێبەکەم هیچ پەیوەندیەکی بە١١ی سێپتەمبەرەوەنیە. من بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر باسم لەو تەحەولاتانەکردوەکەپاشەکشەبەکۆمەڵگەدەکەن. بیست و پێنج ساڵ بەر لەئێستا دەقێکم بڵاوکردەوەو تیایدا باسی ئەوەمکردبوو: "چۆن فیکرەی کۆمەڵگەفڕێبدەینەنێو تەنەکەی زبڵەوە؟" ئێستا هەستبەوەدەکەم کەهەموو لایەک لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا دەجوڵێت کەمن ئەو سەردەمەباسمکردبوو. لەئێستادا ئەوەی کەناوی دەنێین کۆمەڵگەو پانتاییەکۆمەڵایەتیەکان لەداڕمانێکی بەردەوامدا دەژین.

**عادل باخەوان : باشەجەنابتان باس لەکۆتایی کۆمەڵگەدەکەن. ئایا دەتوانن لەهەمان کاتدا باس لەکۆتایی "دەوڵەتی-نەتەوە"ش بکەن ؟**

**ئایا ئێمەلەسەردەمی کۆتایی دەوڵەتی-نەتەوەدا دەژین ؟ یان بەپێچەوانەوە، لەهەموو کاتێک زیاتر ئەو فیکرەیەبەهێزتر دێتەوەسەر شانۆ ؟**

ئالان تورێن : من پێموایەباسکردن لەکۆتایی دەوڵەتی-نەتەوەشتێکی زۆر جددی نیە. پروانەلە ئێستاداو لەگەرمەی گلۆبالیزاسیۆندا دەوڵەتی-نەتەوەیەکێکەلەئەکتەرەمەزنەکان. ئەوان نەک هەر لەژێر زەبری گلۆبالیزاسیۆندا لەناو نەچوون، بەڵکو بەهێزتربوون و کەڵکێکی زۆریان لەو دۆخەوەرگرتووە.

**عادل باخەوان : ئایا جەنابت لەو کەسانەی کەپێیانوایەئەوروپا "ئەویتر" و "بەرامبەر" و "خەسم-ئەدڤێرسێر"کەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکایە؟**

ئالان تورێن : بەدڵنیایەوەنەخێر. ئەوروپا لەسەرەتاوەفەرەنسی-ئەڵمانی بوو، ئێستا فەرەنسی-ئەڵمانی-ئینگلیزیە. خۆت دەزانیت ئینگلیزەکان بۆ ئەمەریکا چین.

**عادل باخەوان : پێمخۆشەگوفتوگۆکەبەئاڕاستەیەکی دیکەدا بەرەم. جەنابت دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی. تاچەندێک دەکرێت تیرۆریسم وەک فۆرمێک لەدژەبزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێناسەبکەین ؟**



ئالان تورێن : پێموایەمەسەلەکەزۆر لەوەئاڵۆزترە، چوونکەلەئەمڕۆدا هەموو کەسێک وشەی تیرۆریسم بەکاردەهێنێت و لەهەمان کاتدا ئەم وشەیەچەندین واقیعی جیاوازی پێ پەردەپۆشدەکرێت. ئێمەلەدرێژەی توێژینەوەماندا بۆمان دەرکەوتووەکەبەشێکی زۆر لەبەکارهێنانەکانی ئەم وشەیەهەڵەن و ئەم هەڵەیەش لەسەر ئاستی مێژوو بەڕوونی دەردەکەوێت.

لەکاتی جەنگی جەزائیردا پێمانگووترا کەشۆڕشگێڕەکانی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی جەزائیتر تێرۆریستن. ئەوەڕاستە. ئەو پیاوانەکاری تێرۆریستیان دەکرد. تەقینەوەیان دەکردو خەڵکیان دەکوشت. هەموو ئەمەڕاستە. بەڵام کاتێک دەڵێین ئەم بەرەیەتێرۆریستەئایا ئێمەتوانیومانەهەموو حەقیقەتی ئەو واقیعەبدرکێنین ؟ بێگوومان نەخێر. چوونکەئەو بەرەیەلەهەمانکاتدا لەخزمەتی ڕزگاری نەتەوەیەکدابوو. وەک ئۆلیڤەر ڕوا دەڵێت، لکاندنی سیفەتی تێرۆریست بەو بەرەیەوەکارێکی ئاسان نیەو پڕەلەئیشکالیەت. کارێکی ئاسانییەکەپڵنگەکانی تامیل، کەسی-چل ساڵێکەتێدەکۆشن دژ بەحکومەتی سریلانکا، بەتێرۆریست وەسفبکەین. ئێمەدەتوانین بڵێین ئەو بزووتنەوەیەڕەهەندێکی تێرۆریستی هەیە، بەڵام بڵێین بزووتنەوەیەکی تێرۆریستیە. ئەوەزەحمەتە. ئێمەدەبێت بپرسین بۆچی بزووتنەوەیەک مومارەسەی تێرۆریسم دەکات ؟

**عادل باخەوان : کەواتەلەشەریکەسۆسیۆلۆژیەکەی جەنابتدا تێرۆریسم چۆن پێناسەدەکرێت ؟**

ئالان تورێن : من دەڵێم، تێرۆریسم بریتیەلەگوزەر لەبزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوەبەرەو بزووتنەوەیەکی چەکدارانەکەدەزانێت شانسی ئەوەی نیەجەنگ بباتەوە. چوونکەلەلایەن جەماوەرەوەپشتیوانی لێناکرێت و پەراوێزدەخرێت و دەرەنجام تەنها لەڕێگای خوێنەوەگوزارشت لەخۆی دەکات. وەرەبا پێکەوەبەراوردی تێرۆریسم و جەنگی پارتیزانی لەئەمەریکای لاتین بکەین. پارتیزانەکانی ئەو ناوچەیە، مناڵانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگاکانن و دەڕۆن بۆ ناوچەی لادێ نشینەکان و لەوێوەدەستدەکەن بەبەکارهێنانی زەبروزەنگ، دژ بەحکومەتی ناوەندی و بەبێ ئەوەی ئازاری لادێنشینەکان بدەن. ئەم پارتیزانانە، لەلایەن بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایتیەوەپشتیوانیان لێناکرێت، هەرچەند هەندێکجار خۆیان نایانەوێت بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پشتگیریان لێبکات. ئایا ئەمانەتێرۆریستن ؟ بۆ وەڵامدانەوە، ئێمەدەبێت زۆر حەزەر بکەین.

لەفەلەستین هەندێک کەس گەشتوونەتەئەو قەناعەتەی کەئیتر دانوستان هیچ بەرهەمێک نادات بەدەستەوەو ئیسرائیل بەتەنها گوێ لەزمانی چەکدەگرێت. ئەم کەسانەلەکاتێکدا کەزەبروزەنگ دژ بەئیسرائیل بەکاردەهێنن، هەوڵیش دەدەن جەماوەری فەلەستینی مۆبیلیزەبکەن. واتەلەسەر هەردوو ئاستەکەکاردەکەن. ئایا ئەمانە کاری تێرۆریستی دەکەن ؟ بەڵێ. بەڵام ئایا ئەمانەتێرۆریستن ؟ وەڵامدانەوەکارێکی ئاسان نیە. بێگوومان جەنابت باشتر لەمن ئەو هەرێمەدەناسیت، پێموایەتەنانەت لەئیسرائیلیش، دەزانی ؟

**عادل باخەوان : تەنانەت لەئیسرائیلیش ؟**

ئالان تورێن : تەنانەت لەئیسرائیلیش، ئێستا خەڵکانێکی زۆر ئیتر زۆر دڵشادنین بەوەی تەنها باس لەتێرۆریسمی فەلەستینی بکرێت و دەیانەوێت پرسیار لەهۆکارەکانی بکەن. من لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕوادا هاوڕام کەئەکتەرەتێرۆریستەکان، لەحیقدبەرامبەر بەرۆژئاواوەکردەتێرۆریستیەکانیان بەرهەمناهێنن. بەپێچەوانەوە، وەک ئۆلیڤەر ڕوا دەڵێت، ئەوان بەچەند جۆرێکی جیاواز غەریزەدەن. ئوسامەبن لادن باشترین نموونەی کەسێکی قوڵاییەکانی غەریزەدەییە.



**عادل باخەوان : باست لەئوسامەبن لادن کرد، ئایا جەنابت پێتوایەکەجیهانگیری توانیویەتی تێرۆریسمێکی بەجیهانیکراو بەرهەمبهێنێت ؟ ئایا ئێوەپەیوەندی لەنێوان ئەو دوو دیاردەیەدا دەبینن ؟**

ئالان تورێن : بەڵێ بێگومان. جارێکیتر دەگەڕێینەوە بۆ "پارادیگمکێ نوێ". جیهانگیری تەنها ئەوەنیە کەشتەکان ڕەهەندی جیهانی وەردەگرن. بەڵکو پێش هەمووشتێک ئەوەیە کەپانتایە ئابوریەکان لەهەموو کۆنتۆڕڵەکان دەردەچن و ئیتر هیچ دەزگایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ناتوانێت زنجیریان بکات. لێرەوە گلۆبالیزاسیۆن جۆرێک لەهەست بەئیفلیجبوون لای بەشەرەکان دروستدەکات. لەلایەکیدیکەوە، گلۆبالیزاسیۆن هەروەها شتە کۆمەڵایەتیەکانیش لەبەر یەکدەڵدەوەشێنێتەوەو بەشێوەیەکی دیکە دایاندەمەزرێنێتەوە. لەم دونیایەدا کە کەوتوەتە سەرووی هەموو شتەکانەوە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە ترادیسییۆنێلەکانیش هەڵدەوەشێنەوە. دەرەنجام ئێمە هەستبەوە دەکەین کەئارەزویەک بۆ بەجێهێشتنی ئەم دونیا گلۆبالیزەکراوە لەئارادایە. بەجێهێشتنی ئەم دونیایەبەرەو دونیایەکی داخراو لەسەر خودو پاشان بەرهەمهێنانی زەبروزەنگ لەدژی ئەوەی ئەو دونیایەبەرهەمی دێنێت. لێرەوەمن پێموایە تێرۆریسمی بەجیهانیکراویش دەڕواتەنێو ئەم چوارچێوەیەوە.

ئەو بزووتنەوانەی کەئێستا دژی مۆندیالیزاسیۆن-جیهانگیری کاردەکەن، زیاتر بزووتنەوە ئەلتەرمۆندیالیستەکانن (ئەلتەرمۆندیالیسم بەو بزووتنەوەیە دەگوترێت کەبەدیلێکی دیکە بۆ مۆدندیالیزاسیۆنی بازاڕ پێشکەش دەکات. ع.ب). لاوازیی ئەم بزووتنەوەیە لەوەدایە کەتا ئێستا نەیتوانیوە پەیوەندیەکی کارا دابمەزرێنێت لەگەڵ ئەو پانتاییەسیاسیانەی کە لەمۆندیالیزاسیۆنی ئێستا ناڕازین و دەکرێت ببنەکەرەسەیەکی باش بۆ بەدیهێنانی داواکاریە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو بزووتنەوەیە.

دەمەوێت بڵێم لەدونیای مۆندیالیزاسیۆن-جیهانگیریدا بۆشاییەک هەیە، بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی کووشندە، لەهەمانکاتدا بازاڕ هەیە، بازاڕێک کەدەیەوێت هەمووما‌ن بکات بەموستەهلیک. لەم نێوانەشدا زەبروزەنگ بەشێوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو لەدایکدەبێت.

**عادل باخەوان : لەدوا کتێبتدا، کۆمەڵگەی ژنان، بەشێکی گەورەت تەرخانکردوەبۆ توێژینەوەلەسەر ژنی موسوڵمان. لەو بەشەدا باس لەسەرهەڵدانی "خود" دەکەیت لای ژنی موسوڵمان. ئەو دەرکەوتنەلەچ چرکەیەکدایەو چۆن ئەو ژنانەلەکائینێکی کۆنترۆڵکراوەوە دەبن بەکائینێکی کۆنترۆڵکار و چۆن لەئاوێنەیەک کەکۆمینۆتێی تیادا عەکسدەبێتەوە دەبن بەئاوێنەیەک کەتەنها "خود"ی تیادا عەکسدەبێتەوە؟**

ئالان تورێن :باپێشئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەبدەمەوە، ڕوداوێکت بۆ بگێرمەوە: ڕۆژێک کچێکی موسوڵمانی سەرپۆشبەسەر هاتەلام و چیرۆکی خۆی بۆ گێرامەوە. ئەم کچەلەخێزانێکی موسوڵمانی مولتەزیمدا پەروەردەبووبوو. نوێژ، قورئانخوێندن، رەمەزان، حیجاب و هەموو ئەو شتانە. ئەم کچەکەگەورەدەبێت ئیتر توانای هەڵگرتنی ئەم بارەقورسەی نامێنێت. لەهەمانکاتدا ڕێزێکی زۆری هەیەبۆ خێزانەکەی کەبەردەوام پاڵەپەستۆ دەخەنەسەری بۆ ئەوەی پەردەی کچێنی نەدڕێنێت و هەڵیبگرێت بۆ ئەو پیاوەی کەلەداهاتوودا شووی پێدەکات. لەکۆتایدا، ئەم کچەی کەدابەشبووە لەنێوان خۆشەویستی بۆ خێزانەکەی و ئازارەکانیدا، بڕیاردەدات ماڵ بەجێبێڵێت. ئەم کچە لەبەردەمم مندا دەگریاو دەگریا، بەشێوەیەک کەزۆر ئازاریدام. پاشان وەستاو گووتی: "دەزانی ئەمە یەکەمجارمە لەژیانمدا دەڵێم (من)، دەڵێم (من) لەبەرامەبەر هەمووتاندا کەدەڵێن (من)". لەڕاستیدا ئەم ڕستەیەبۆ من سەرمایەیەکی گرنگە.

ئێستا با تەفسیری خۆمت بدەمێ. من لێرەوە، لەم توێژینەوە نوێیەدا، دەمویست بەشێوەیەکی زانستیانە وەڵامی تێوری جەنگی شارستانیەتەکانی سامۆیل هنتینگتۆن بدەمەوە. لەگەڵ ڕێزمدا بۆی، هەرچەند ئێمەهاوڕێی یەکترین و ماوەیەک لەمەوپێش پێکەوەلەئەمەریکا بەشداری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیمان کرد، بەڵام بەتووندی بۆچوونەکانی ڕەددەکەمەوە. ئەوەی من تێبینیمکرد لەم توێژینەوەمدا نائامادەییەکی بەرچاوی شۆکی شارستانیەتەکان و گوزەر لەکولتورێکەوە بۆ کولتورێکیترە. ئەو ژنە موسوڵمانانەی کەمن چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن تێبینیەکی نوێیان لام دروستکرد. ئەوان لەلایەک پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ ئاینەکەیاندا هەبوو، لەلایەکی دیکەوە ئارەزووی ئەوەیان هەبوو لەچوارچێوە خێزانیەکانیان بێنەدەرەو سنورەکانی کۆمینۆتێکەیان بەجێبێڵن. ئەوان لەلایەکەوە دەڕۆن بۆ قووتابخانەکانی جمهوریەت و لەلایەکیدیکەشەوە بەتووندی سیستەمی دیسکرمیناسیۆن-تەمیز ڕەددەکەنەوە. ئەوان هەندێک شتی دونیای ئیسلامی قبوڵدەکەن و هەندێکی دیکەرەفزدەکەن، هەندێک شتی فەرەنسی وردەگرن و هەندێکی دیکەفڕێدەدەن. ئەو ژنانەیاریەکی تەواو ئاڵۆزدەکەن. چەندین شتی نێگەتیف و پۆزێتیف لەو دونیایانەدا بەریەک دەکەون. ئەو ژنانەدێنو لەکۆی ئەم یاریەئەو شتەدروستدەکەن کەمن ناوی دەنێم "خود". ئەوان ئیتر "ئێمە" نین، بەڵکو

"من"ن. منێک کەدەتوێت بڵێت "من". منێک کەنەفەرەنسیە، نەموسوڵمان، نەڕۆژهەڵاتی، نەڕۆژئاوایی، بەڵکو "خود"ێک کەبەڕووتی لەنێو مێژوویەکی فەردیدا لەدایک دەبێت.

وانەزانی ئێمەبەتەنها چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ کردوون. نەخێر. لەگەڵ هەریەکێک لەو ژنانەدا چەندین کاتژمێرمان پێکەوەبەسەر بردووە، من و ئەو تووێژەرانەی کەپێکەوەکارمانکردوە، زۆر پێیانەوە ماندووبووین. بەکورتی ئەم ژنانە، زیاتر لەدونیایەکیان هەیە، زیاتر لەپانتاییەکیان هەیە، زیاتر لەسنورێکیان هەیە. ئیتر ئەمەمۆندیالیزاسیۆنە. لەهەموو دونیادا هەروایە. پرۆ بۆ دوا گوندی هیندیستان، دەبینیت، لادێیەک کەبەلای کاروبەرخەکانیەوەیەتی، کۆمپیوتەرێکی جانتایی پێیەو خەریکی نووسینە. پرۆ بۆلادێ هەرەهەژارەکانی ئەفەریقیا، دەبینیت هەریەکەو مۆبایلێکی لەگیرفاندایە. بەکورتی من تێبینی ئەوەدەکەم، لەگەڵ گەورەبوون و بەرفراوانبوونی سنورو بازاڕەکانی ماشین و کارگەو شەریکەکاندا، ئارەزویەکی بەهێزهەیەبۆ دامەزراندنی ژیانێکی تەواو دامەزراو لەسەر بناغەی فەردانیەت.

من پێموایە، ئامادەیی ١٥ ملیۆن موسوڵمان لەئەوروپادا شانسێکی باشەبۆ ئەوروپاو بۆ دونیای ئیسلامیش. ئەم موسوڵمانانە، دەکرێت ببن بەئەکتەرێکی کارا بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری گەورە لەنێو دونیای ئیسلامیدا. ئیسلام دەکرێت لەژێر دەستی موسوڵمانانی ئەوروپادا ڕیفۆرم بکرێت. ئەم موسوڵمانانە شانسێکی باشیان هەیە، چوونکە لەیەککاتدا لێرەن و لەوێش، لەئەوروپان و لەدونای ئیسلامیش. لەبیرت نەچێت ئەمرۆ لەفەرەنسادا هەرکەباسی ئاین دەکەین ڕاستەوخۆ باس لەئیسلامدەکەین. واتەباسکردنی ئیسلام وەک ئاین هەیمەنەی کردووە بەسەر هەموو ئاینەکانی دیکەدا. تەنانەت دەگوترێت کاتێک ژنێکی فەرەنسی مەسیحی لەماڵەوە باسی ڕۆژو لەئاینی مەسیحیدا دەکات ، مناڵەکەی هیچ تێناگات و دەپرسێت وەک چی وایە، دایکەکەدەڵێت " کورم وەک ڕەمەزان وایە"، مناڵەکەدەڵێت: "ئا، ئێستا تێگەشتم". دەزانی لەم وڵاتەدا بەردەوام باس لەمزگەت و ڕێکخراوەئیسلامیەکان و رەمەزان و حیجاب دەکەین. بەپێچەوانەوەزۆر بەکەمی باس لەکریستیانسیم و جودایسم دەکەن.

**عادل باخەوان : بەڵام هەموو ئەمە لای جەنابت چ دەلالەتێکی هەیە؟**

ئالان تورێن : من پێموایەئەمەپێشکەوتنێکی گەورەیە.

**عادل باخەوان : پێشکەوتنێکی گەورە!**

ئالان تورێن : بەڵێ. ئەوەتا نیکۆلا سەرکۆزی داوای هەڵوەشانەوەی یاسای ساڵی ١٩٠٥ لەسەر عەلمانیەت دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت مزگەوت دروستبکات. بێگوومان من دژی لابردنی ئەو یاسایەم. بەڵام دەبێت لەهەمانکاتدا دەوڵەت یارمەتی موسوڵمانان بدات بۆ ئەوەی مزگەوت دروستبکەن. ئێمەکەکەنیسەمان هەبێت بۆ مزگەوتمان نەبێت.

**عادل باخەوان : باشەجەنابت ئەندامی کۆمیسیۆنەکەی ستازی بوویت، سەرەڕای هەموو ئەم بۆچوونانەت لەسەر ئیسلام و موسوڵمانانی ئەوروپا، یەکێکبووی لەو کەسانەی کەدەنگتدا بەیاسای**

**قەدەغەکردنی ڕەمزەئاینیەکان لەقووتابخانەکاندا. شتەکان تادێن ئاڵۆزتر دەبن.**

ئالان تورێن : لەڕاستیدا هەڵوێستی من لەو کاتەداو لەئێستاشدا یەکترتەواکەرن. با بۆت باسبکەم، چوونکەلەم مەسەلەیەدا زۆرم لەسەرکەوت. لەسەرەتاوەگرفتەکەبەم شێوەیەباسنەکرا: ئایا تۆ دژی سەرپۆشیت یان نا ؟ ئایا خوێندکاران مافی ئەوەیان هەیەسەرپۆشبکەن یان نا ؟ گەر پرسیارەکەئاوابوایە، ڕاستەوخۆ دەمگووت من دژی سەرپۆش نیم و ژنانی موسوڵمان مافی خۆیانەبەسەرپۆشەوەپرۆن بۆ قوتابخانەکانی جمهوریەت. گرفتەکەئەمەنەبوو. جاک شیراک، سەرۆکی جمهوریەت ئەم داوایەی لەئێمەنەکردبوو، بەڵکو شتێکی دیکەبوو کەمن زۆر پێم جوانبوو. شیراک داوای لێکردبووین ئێمە(بیربکەینەوەلەوەی چۆن بتوانین پرۆژەیەک پێشنیار بکەین کە لەیەک کاتدا فرەیی کۆمەڵگەی فەرەنسی بپارێزین و لەهەمانکاتیشدا ڕێگا بەکۆمینۆتاریسم بگرین و هەموو فەرەنسیەکان تەنها هاوڵاتیین). دەقی داواکاریەکی سەرۆک ئاوابوو. ئێمەهەموومان، ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە، دەنگماندا بۆ ئەوەی کەفەرەنسا سیستەمی جمهوریەت و هاوڵاتیبوون و فرەیی کولتورەکان و عەلمانیەت بپارێزێت. باس باسی سەرپۆش نەبوو. من بەهیچ شێوەیەک دژی سەرپۆش نیم، بەڵام زۆر بەتووندی دژی کۆمینۆتاریسمم. کۆمەڵگەی فەرەنسی ڕانەهاتووەلەسەر کۆمینۆتاریسم. دەبینیت، هەشتا لەسەدی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بەپرۆژەکەدا. نەوەد لەسەدی خەڵکی فەرەنسی دەنگیان بۆدا. نەوەدو پێنج لەسەدی مامۆستایان دەنگیان بۆدا. پێموایەئێمە کارێکی باشمانکرد. چوونکەتەنانەت موسوڵمانانی فەرەنساش ناڕەزاییان دەرنەبڕی. ڕاستەچەند سەد کەسێک مانیفێستاسیۆنیانکرد، بەڵام ئەوانەبێگوومان نوێنەرایەتی شەش ملیۆن موسوڵمانی فەرەنسی ناکەن. من دەزانم موسوڵمانان پێیانخۆشەکچەکانیان بەسەرپۆشەوە پرۆن بۆ قووتابخانە. بەڵام لەهەمانکاتدا ئامادەن یاساکانی جمهورەیەت جێبەجێبکەن. ئەو یاسایەنەک هەر دژی کچەموسوڵمانەکان نیە، بەڵکو لەخزمەتی ئەواندایەو چەکیان دەداتەدەست بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆیان پێبکەن. دیسان دووبارەیدەکەمەوەئەم یاسایەنابێت بەهیچشێوەیەک ڕێگریێت لەفرەیی کولتورەکان و جیاوازیەکۆمەڵایەتیەکان. من پێموایەگرفتی موسوڵمانەکانی فەرەنسا زۆر لەسەرپۆش قوڵترە.

**عادل باخەوان : مەبەستان چیە؟ ئەو قوڵاییەلەکوێدایە؟ چۆن دەسنیشانی دەکەن ؟**

ئالان تورێن : من لەدوو شتدا دەیبینمەوە. یەکەمیان لەئامادەیی دیسکریمیناسیۆن-تەمیزدا. ئاسان نیەکاتێک ناوت ئەحمەدەیان موحەمەد کارێکت دەستبکەوێت. کاتێک لەڤینیسیۆ یان ڤۆن ڤلان دادەنیشیت و ناوت مەحمودەبەئاسانی کارت دەستناکەوێت. ئەم دیسکریمیناسیۆنەقوڵاییی گرفتەگەورەکانەو زۆر بەتووندی ئیدانەی دەکەم. خاڵی دووەم ئامادەنەبوونی ئەوەی لەئەمەریکا پێی دەگوترێت دیسکریمیناسیۆنی ئیجابی.

**عادل باخەوان : ڕێکەوتێکی سەیرە، ئەمەهەمان دروشمی نیکۆلا سەرکۆزی، وەزیری ناوخۆیە. کەواتەجەنابت دیسکریمیناسیۆنی ئیجابیت پێباشە؟**

ئالان تورێن : بەدڵنیایەوەپێمباشەو لەپێناوی بەدیهێنانیشیدا کاردەکەم. پێمبڵێ کام دیمۆکراسی هەیەکەکەرەسەیەکی باشتری لەبەردەستدابێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. بامن نموونەیەکت بخەمەبەردەست کەکەس باسی ناکات. نموونەی باجدان بەحکومەت. ئەم باجدانەبەشێوەیەکی نایەکسانانەبەڕێوەدەچێت. هەندێک کەس لەسەدا چل و هەندێکی دیکەلەسەدا پانزەو بەشێکی گەورەی جەماوەریش هیچ نادەن. خۆ ئەگەر بەراوردی موچەی کرێکارێکی ئاسایی لەگەڵ کادرێکی پێشکەووتودا بکەین جیاوازیەکەزۆر نیە، تەنها یەک لەهەشتە. من زۆر لەسەر ئەمەپێدادەگرم، چوونکەبیست ساڵ لەمەوبەر، لەئەمەریکاو بەریتانیاو بەهۆی ئەم حاڵەتەوەچەندین فۆڕی زەبروزەنگمان بینی، توندتر لەوەی کەساڵی پار لێرە، لەفەرەنسادا ڕویدا. ئەوان پێشکەوتن و چارەسەریان بۆ ئەو گرفتانەدۆزیەوە، بەڵام لەفەرەنسادا بەپێچەوانەوە، تەمیزی ڕەگەزپەرەستانەتادێت بەهێزتر دەبێت. پێموایەئیدیال ئەوەیەکەبگەین بەهەمان چارەسەری ئەمەریکی. واتەجۆرێک لەدیسکریمیناسیۆنی ئیجابی جێبەجێبکەین.

**عادل باخەوان : میسیۆ تورێن، من دەزانم کاتێکی زۆرمان بەدەستەوەنەماوە. ببورەلێرەدا ئاڕاستەی گوفتوگۆکەدەگۆڕم. پێمخۆشەسەفەرێکی عێراقت پێبکەم. وەک جەنابت ئاگاداریت، ئەم وڵاتەئێستا ڕەگەزێکی گرنگەلەدروستکردنی سیاسەتی ئەنتەرناسیۆنالدا. بەو مانایەی کەهەر لەئەمەریکاوەتا دەگاتەفەرەنسا و وڵاتانی دیکەش، عێراق بەجۆرێک لەجۆرەکان، تێکەڵ بەئەجەندەکانیان بووە. لەناوەوەش ئەم وڵاتە، وەک تێبینی دەکەین، شانۆی سەری پراوو ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراوو گۆڕەبەکۆمەڵەکان و ئەنفال و کیمیابران و دەیان کارەساتی دیکەیە. جەنابتان لەئێستادا ئەم دونیایەعێراق چۆن دەبینن ؟**

ئالان تورێن : هیچ نابینم جگەلەکارەسات. بەتایبەتی لەو کاتەوەی کەئەمەریکا عێراقی داگیرکرد. ئێمەکوردەکانمان هەیەکەکوردوستانی عێراقیان لەباکوور کۆنترۆڵکردووە. شیعەکانیش بەهەمان شێوەباشوریان کۆنترۆڵکردووەو ئەوەش ئێستا پێی دەگوترێت سێگۆشەی سووننی، پانتاییەکەی سەدام حوسەین، بووەبەمەیدانی خوێن.

دەبوو ئەم جەنگەنەکرایەو ئەمەریکا پەلاماری عێراقی بەم شێوەیەنەدایە. بەڵام کەئێستا جەنگ تەواوبوو، تاکەچارەسەرێک ئەوەیەکەئەم دەوڵەتەلەسەر فیدێرالیسم دروستبکرێتەوە. فیدێرالیسم تا لووتکەو نزیک لەسەربەخۆیی. نەک شتێکی ڕووکەشانە. ڕاستەئێستا میسیۆ تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقە، بەڵام ئەو توانای حوکمکردنی لادێیەکی شیعەی باشووری نیە. ڕاستەمالیکی سەرۆک وەزیرانە، بەڵام توانای حوکمکردنی لادێیەکی کوردوستانی نیە. ڕاستەکوردەکان بارودۆخیان لەوانیدیکەباشترە، بەڵام تائێستاش توانای چارەسەرکردنی گرفتەسەرەکیەکانیان لەگەڵ شیعەو سوونەدا نیە. ئەمانەهەمووی واقیعن و دەبێت

دانیان پێدابنێین. تەنها چارەسەرێک مومکینبێت ئەو چارەسەرەیەکەلەناوەوەی عێراقەوەسەرچاوەی گرتبێت.

**عادل باخەوان : ئەی ئەگەر ئەم عێراقیانەنەیانویست پێکەوەبژین ؟**

ئالان تورێن : ئەگەر بەڕاستی نەیانویست پێکەوەبژین، باشترین چارەسەر جیابوونەوەیە، گەرنا عێراق دەبێت بەقەسابخانە.

**عادل باخەوان : بەڵام ئایا لەهەلومەرجێکی نێودەوڵەتی ئاوادا دابەشکردنی ئەم وڵاتەمومکینە؟**

ئالان تورێن : دابەشکردن شتێکی زۆر خراپەلەخۆیدا. بەڵام دەکرێت چارەسەرێکبێت. ئێستا دەگوترێت دانیشتوانی عێراق یەکەیەکی گونجاونین. شییعەهەیە، سوونەهەیە. بۆمن ئەم شتانەمانایان نیە، شیعەو سوونەهیچنین چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتی نەبێت. ئەم گرووپانەدەکرێت لەڕێگای ڕێکخستنەوەی بنەماکانی یاریەکەوەپێکەوەبژین. نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێت لەم بوارەدا ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت.

ئەوەی لەئێستادا گرنگەدامەزراندنەوەی عێراقەلەسەر بنەمایەکی دیکەی سیاسی. لەبیرماننەچێت عێراق وڵاتێکی گەشەکردووبوو.

**عادل باخەوان : عێراق !**

ئالان تورێن : بەڵێ. سەردەمێک لەسەردەمەکان بەغداد پایتەختی زانست و فەلسەفەو ڕۆشنبیریبوو. ئەم وڵاتەترادیسیۆنێکی گەورەی زانستی هەبوو. بەهەر حاڵ. دەبێت لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا ئەمەریکا عێراق بەجێبێڵێت. دەبێت پێش ئەم بەجێهێشتنە، چەند مێکانیسمێکی پێکەوەژیان بخرێتەکار بۆ ئەوەی قەسابخانەڕوونەدات. دەکرێت دەرس لەهاورێم بێرنار کوشنەر وەربگیرێت لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کۆسۆڤۆدا.

لەبیرت نەچێت وەک چۆن کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین پاشەکشەیکردو بووەبەهەواڵی چوارەم و پێنجەم و لەئەولەویاتەکانی سیاسەت دەرکراو تێپەڕێنرا، ئاواش ئێستا کێشەی عێراق لەتێپەڕاندندایە. عێراق تەواو. ئێستا ئێران و گرفتەکانی ڕوبەرەکانی سیاسەت لەناوچەکەدا داگیردەکەن. پێویستەبیرلەئێران بکرێتەوە. گرەوەکان لەئێراندان. لەپەنای ئێراندا ئێمەڕێگا بەپاکستان و هیند دەدەین کەببن بەخاوەنی بۆمبی ئەتۆمی، بەڵام بەئێران دەڵێین ئەوەقەدەغەیەبۆتۆ. ئەمەبانێکەو دوو هەوا. بۆدەبێت بۆ ئێران حەرامبێت و بۆ ئەوانی دیکەحەڵاڵبێت. من ناڵێم ئێران مەترسی نیە. بەڵام مەترسی ئێران هیچی زیاترنیەلەمەترسی هیند و پاکستان.

عادل باخەوان : سوپاس بۆ ئەم کاتەی کەبۆ ئێمەتان تەرخانکرد.

ئالان تورێن : منیش سوپاسی ئێوەدەکەم.

# دیالۆگ لەگەڵ پرۆفێسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا

سۆسیۆلۆگیهەرەبەتوانای فەرەنسا و سەرۆکی کۆمەڵەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی، کەبارەگاکەی لەمەدریدە.




ئەم چاوپێکەوتنە لەچوارچێوەی عەقدێک لەگەڵ رۆژنامەی کوردوستانی نوێدا ئەنجامدراوە. جێگای خۆشحاڵیە کە ئەم ڕۆژنامەیە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی تەواو بگرێتە ئەستۆی خۆی. لەڕاستیدا ئەمەئەرکی ڕۆژنامەنیە، بەڵکو ئەرکی سەنتەرو موختەبەرەکانی توێژینەوەی کوردیە، بەڵام کەئەوان لەبەر هەر هۆیەک بێت ئامادەنەبن و نەتوانن لەسەر ئەم ئەرکەبگرنەئەستۆی خۆیان، ئەوا دەبێت بەڕێزەوە سوپاسی ئەو لایەنانەی دیکەبکەین کەئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی زانا گەورەجیهانیەکان ڕاکێشنەکوردوستانەوە.

چاوپێکەوتنی یەکەم لەگەڵ میشێل ڤیڤیۆرکا و دووەم لەگەڵ ئالان تورێن و سێیەم لەگەڵ فەرهاد کوسرەوکەڤار و چوارەم لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕواو پێنجەم لەگەڵ موحەمەد ئارکۆندا دەبێت.

ئەم زنجیرە چاوپێکەوتنانە لە پێناوی ئەوەدایە کە ئەم زانایانەی کە لەسەر ئاستی جیهان و لەڕێگەی بەرهەمهێنانی زانستی گەورەوەناسراون، بهێنینەدەنگ و کێڵگەی ڕۆشنبیری و زانستیی کوردی بەشەریکەزانستیەکانیان ئاشنابکەین. تا ئەمڕۆش یەکێک لەگرفتەهەرەسەرەکیەکانی کێڵگەی زانستی و ڕۆشنبیری کوردی ئەوەیە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرچاوەکانی زانستەوەنیە، بەڵکو پەیوەندیەکانی هەمووی ناڕاستەوخۆن. واتەبۆ کەشفکردنی میشێل ڤیڤیۆرکا یان تورێن، یان ئارکۆن، خوێنەری کورد ناچارە بەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و هەندێکی کەمیش بەزمانی ئینگلیزیدا تێپەڕن. بێگوومان خوێندنەوەبەم

زمانانەگرنگی خۆی هەیەو هەرگیزی نامەوێت لەنرخیان کەم بکەمەوە. گرفتەکەلێرەدا نیە. ئەوەدەستکورتی و (عەجزی) کێڵگەی ڕۆشنبیریی و زانستیی کوردیەکە ناتوانێت زانا گەورە جیهانیەکان ڕابکێشێتە نێو پانتاییەکانی خۆیەوەو دەرگا لەسەر خوێنەرانی کورد بکاتەوەبۆ ئەوەی لەنزیکەوەدونیا فیکریەکان ببینن. ئەوەشکستی ئەم کێڵگەیەیە کەناتوانێت زمانی کوردی بکات بەسەرچاوەی زانست و مەعریفەو فیکر. بەهەرحاڵ، ئێمە ئیدیعای ئەوەناکەین ئەم چاوپێکەوتنانە دەتوانن ببن بەعەسایەکی سیحری و گرفتەکانمان بۆ چارەسەربکەن، بەڵام پێمانوایە هەوڵێکی دروستە لەسەر ڕێگایەکی دروست و ئومێددەکەین لەئێمەدا نەوەستێت و خوێندکارانی دوکتۆرای زانکۆ جیهانیەکانی وەک بەرلین و ئۆکسفۆردو شیکاگۆ بەهەمان کارهەستن، تا پێکەوەپانتاییەکانی ڕۆشنبیریی و زانستیی کوردی فراوانبکەین و لەڕۆشنبیرانی پەرەگراف ڕزگارمان ببێت.

پرۆفێسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا بەڕێوبەری توێژینەوەیە لەقوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستەکۆمەڵایەتیەکان، کەبەناوبانگترین قوتابخانەیە لەفەرەنسادا. هەروەها بەڕێوبەری توێژینەوەیە لەسەنتەری نەتەوەیی بۆ توێژینەوەی زانستی. ئەم ساڵ وەک سەرۆکی کۆمەڵەی جیهانیی سۆسیۆلۆژی کەبارەگاکەی لەمەدریدەهەڵبژێردرا. لەهەمان کاتدا سەرۆکی موختەبەری سۆسیۆلۆژیای ئەنتەرڤۆنسیۆنە کەلەلایەن ئالان تورێنەوە دامەزراوە.

پرۆفێسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا نوسەری زیاتر لەپەنجا کتێبەو بەشێکی زۆری کتێبەکانی وەرگێردراونەتەسەر زمانەجیهانیەکان. لەوانە(کۆمەڵگەو تێرۆریسم) و (زەبروزەنگ) و (فەرەنسای ڕاسیست) و (ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکی). هاوڕێی نزیکی میشێل فۆکۆ و جاک دێریداو هابێرماس و ئالان تورێنەو یەکێکەلەو زانایانەی کەوەک دامەزرێنەر لەکێڵگەی زانستیی فەرەنسیدا حسابی بۆ دەکرێت. هەروەها یەکێکەلەو ڕاوێژکارەگەورانەی کەبەشێوەیەکی بەردەوام هەموو حکومەتە فەرەنسیەکان، بەچەپ و ڕاستەوە، دەگەڕێنەوەلای و پرس و ڕای لەسەر مەلەفەجیهانیەکان پێدەکەن و گوێ لەتەحلیلەکانی دەگرن.

ئێمەزیاتر لەساڵێکەپرۆفێسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا دەناسین و لە(قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستەکۆمەڵایەتیەکان) و لەچوارچێوەی خوێندنی باڵاماندا بەشداری دەکەین لە سیمینارەکانیدا. ئەم پیاوەبەقەدەر گەورەییەکەی موتەوازیعەو هەموو چرکەیەک ئامادەی گوێگرتن و دیالۆگ و وەرگرتنی ڕای بەرامبەرە. ئەو خوێندکارانەی بەشداری سیمینارەکانی ئەم پرۆفێسۆرەدەکەن، بەڵگەیەکی زیندووەلەسەر جیهانیبوونی شەریکەفیکریەکەی. خوێندکارێک لەفیلیپینەوەهاتووە، یەکێکیتر، لەئەفریقای باشورەوە، لەئەرجەنتینەوە، لەبەرازیلەوە، لەسوریاوە، لەکۆنگۆوە، لەمیسرەوە، یەکێکیش لەکوردوستانەوە. هەر سیمینارێکی ئەم پرۆفێسۆرەوەک یەکێکە لەکۆبوونەوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان !

ئێمەدەزانین ئەم پرۆفێسۆرانە چۆن ئەژەندەکانیان پڕەو چەندیش ئەستەمەکاتێکیان بۆ چاوپێکەوتن لێوەربگرین. ئەمڕۆ لەقوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستەکۆمەڵایەتیەکان سیمینارێک پێشکەش دەکات، سبەینێ لەواشنتۆن، هەفتەی داهاتوو لەبەرلین و هتد. لەگەڵ ئەوەشداو لەبەر ئەو پەیوەندیەبەردەوامەی کەپێکەوەهەمانە، شتەکان ئاسانتر بەدەستەوەدێن.

لەڕاڕەوەکانی قووتابخانەدا یەکتری دەبینین و لەسێ دەقەدا پرۆژەکەمی بۆ باسدەکەم. ئەویش بەو پەڕی میهرەبانیەوەیەکێک لەمەوعیدەکانی هەڵدەوەشێنێتەوەو هەفتەیەک دواتر لەکاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆو لەبیرۆ تایبەتەکەی خۆیدا پێشوازم لێدەکات.

چاوپێکەوتنەکەدابەشبووەبەسەر چوار مەلەفدا. جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، عێراق، پاشان کوردوستان و ئیشکالیەتەکەشمان بریتیەلەبەرهەمهێنانی زانست لەسەر چۆنیەتی تێگەشتنەلەزەبروزەنگ و تیرۆریسم و بەرەنگاری نیشتمانی لەسەر هەر چوار ئاستەکە.

(تێبینی: هیچ کەس و لایەنێک مافی ئەوەی نیەئەم چاوپێکەوتنەسەرلەونوێ و بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی بڵاوبکاتەوە.)

## ١. تیرۆریسم لەسەر ئاستی جیهان

**عادل باخەوان: دەزانم دوو کتێبی بەنرختان بەناوی (کۆمەڵگەو تیرۆریسم) و (زەبروزەنگ) وەبەم دواییانەبڵاوکردەوە. هەر لەسەرەتای ئەم گوفتوگیەوەپێمخۆشەبەچوارچێوەتێوری و کۆنسێپتیولەکان دەستپێبکەین. بەڕێزتان لەشەریکەتێوریەکەی خۆتاندا چۆن تیرۆریسم پێناسەدەکەن ؟ کامەیەچوارچێوەکۆنسێپتیولەکەی تۆرۆریسم لای بەڕێزتان ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: کاتێک بەشداری کۆنفرانسێکی ئەکادیمی لەسەر تیرۆریسم دەکەین، زۆرجار کەسێکی ئەکادیمی دێت و دەڵێت: (تیرۆریسمی هەندێک کەس، بەرەنگاری نیشتمانی کەسانێکی دیکەیە، بۆیەئێمەوەک ئینسانی ئەکادیمی ناتوانین تیرۆریسم پێناسەبکەین). لەڕاستیدا من ئەو جۆرەتێبینیانەم بۆ قوتنادرێت و پێموایەئێمەوەک کۆمینۆتێی زانایان دەبێت پێناسەی تیرۆریسم بکەین. من پێموایەدوو جۆر پێناسەی (یەکترتەواوکەر) بەڵام (لەیەکجیاواز)مان لەبەردەستدایە.

جۆری یەکەمیان پێناسەکردنی تیرۆریسمەلەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانەدا کەمۆبیلیزەیدەکات. لێرەوەتیرۆریسم بەشێوەیەکی ئالی پێناسەدەکرێت. واتەتیرۆریسم لەم مەیدانەدا بریتیەلەتیپێک لەکردەو چالاکی توندوتیژ کەچەند کەرەسەیەک بۆ خۆبەرهەمهێنان بەکاردەهێنێت، کەرەسەی وەک چەک، بۆمب، فڕاندن، بەبارمتەکردنی مرۆڤ، هتد، ئەمەش لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکدایە. واتە، کەسی تیرۆریست، بەکەمترین ئیماکانیات بۆمبێک دروستدەکات و ژیانی سیاسی لەوڵاتێکی وەک ئیسپانیا و بەریتانیادا دەخاتەمەترسیەکی بەردەوامەوە. بەم شێوەیەئێمەدەتوانین چەند پێناسەیەکی ئالیانەی تیرۆریسم بکەین. بێگومان گرفتی ئەم پێناسەئالیانەلەوەدایەکەتواناییان نیەشتێکمان لەسەر ماناکانی (کردەئەکسیۆن)ی تیرۆریست پێبڵێن.

ئەم گرفتە وا لەمن دەکات کەبەدوای پێناسەی دوەمدا بگەڕێم. لێرەدا من دەڵێم تیرۆریسم بریتیەلەکردەیەکی زەبروزەنگاوی کەپەیوەندیەکی تەواو تایبەتی بەماناوەهەیە. ئەم پەیوەندیە تایبەتە بەماناوە لەدوو سیستەم دەمان پارێزێت، لەسیستەمی نەزۆکی و زیادەڕەوی. لەسیستەمی نەزۆکیدا تیرۆریسم لەهەموو

ماناکان بەتاڵدەکرێتەوەو وەک بێ دەسەلاتێک لەبەرامبەر بەرهەمهێنانی مانادا تەماشا دەکرێت. لەسیستەمی زیادەڕەویشدا، تیرۆریسم باردەکرێت لە هەزاران مانای نامۆ بەو گەردونەتایبەتەی کەکاری تێدادەکات. بۆ ئەوەی ئەم تێزەم بەشێوەیەکی ڕەها نەمێنێتەوەو وەک لاستیک کێشینەیەت، نموونەی کۆنکرێتی دێنمەوە.

کاتێک من بەناوی چینی کرێکارانەوەو، بۆ کۆتایی هێنان بەکەپیتالیسم، زەبروزەنگی تیرۆریست بەکاردەهێنم ، بۆنموونەتیرۆریسمی چەپی ئیتالی ساڵانی حەفتاکان، ئەم تیرۆریسمەی من لەهەموو ماناکانی بەتاڵکراوەتەوە، چوونکەئەو چینی کرێکارەی کەمن بەناویەوە کردەتیرۆریستیەکانم بەرهەمدەهێنام، خۆی لەو شووناسەدا نابینێتەوەکەکردەتیرۆریستیەکانی من بەرهەمی دەهێنێت. لێرەوەمن دەستدەکەم بە بەکارهێنانی سامبۆل و ماناکان بەڵام بەشێوەیەکی دابراو لەگەڵ واقیع. لەم حاڵەتەدا تیرۆریسم دەبێت بەکردەیەکی زۆڵی بێ ڕەگوڕیشەلەنێو واقیعەکۆمەڵەیەتیەکاندا. کاتێک تۆ دێیت و بەناوی نەتەوەیەکەوە، بەناوی گروپێکی کۆمەڵایەتیەوە، بەناوی ئاینێکەوە، بەناوی چینێکەوەزەبروزەنگێکی تیرۆریست بەکاردەهێنیت و لەهەمانکاتدا ئەو نەتەوەیە، یان ئەو گروپ و ئاین و چینەکۆمەڵەیەتیەئیعتیراف بەتۆناکات و خۆی لەنێو چالاکیەکانی تۆدا نابینێتەوە، ئیتر لێرەوە، بەبۆچوونی من پێدەنێینەپانتاییەکانی تیرۆریسمی ڕاستەقینەوە.

**عادل باخەوان: کەواتەئێستا کاتی ئەوەهاتوەپێم بڵێیت، تۆ لەکوێداو چۆن و بەچ شێوەیەک سنورەکانی نێوان زەبروزەنگی سیاسی و ئەوەی ناوی دەنێیت تیرۆریسمی ڕاستەقینەلەیەکجیادەکەیتەوە؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: تیرۆریسم یەکێکەلەفۆرمەکانی زەبروزەنگی سیاسی. بەڵام تایبەتمەندیەتی ئەم فۆرمەلەوەدایەکەدەتوانێت زۆر بەئاسانی سنورەکانی زەبروزەنگی سیاسی ببەزێنێت. بێگومان بەشێوەیەکی بەردەوام نا، بەڵکو لەهەندێک حاڵەتی دیاریکراودا. بۆنموونەئەگەر تۆ کەسێکی ئەنارشی بیت و بۆمبێک بتەقێنیتەوەبۆ ئەوەی لەوڵاتێکی وەک ڕوسیادا دەوڵەت بلەرزێنیت و پاشان دەسەڵات بگریتەدەست، بێگومان ئەمەبەزەبروزەنگی سیاسی ناوزەدەدەکرێت. کاتێک ئەندامێکی ئەلقاعیدەسواری فڕۆکەیەک دەبێت بۆ ئەوەی هێرشەکانی ١١ یانزەی سێپتەمبەر ئەنجامبدات، ئەمەبێگومان زەبروزەنگێکی سیاسیە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت، من ناوی دەنێم زەبروزەنگی میتا-سیاسەت، چوونکەبەجۆرێک لەجۆرەکان سورەکانی سیاسەت تێدەپەڕێنێت و لەپێناوی پرۆژەیەکی کۆنکرێتی سیاسیدا کارناکات، بەڵکو لەخزمەتی دەرخستن و بەرەوپێشەوەبردنی (قەزیەیەک)دایە، (قەزیەیەک)ی جیهانی کەلەپانتایی سیاسەت فراوانترەو ئەو ئەندامەئامادەیەلەپێناویدا ژیانی خۆی ببەخشێت. ئەمە ئەو فێنۆمێنەیەکە، وەک جەنابتان لەنزیکەوەئاگادارن،پرۆفێسۆر فەرهاد کۆسرەوکەڤار ناویدەنێت (شەهیدەنوێیەکانی خودا). واتەئەم ئەندامەژیانی خۆی بەمانایەکی باڵا دەبەخشێت، مانایەک کەلێرەنیە، لەوێیە، مانایەک ئێرەتێدەپەڕێنێت و لەژیانێکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە. بەم شێوەیەئێمەدەتوانین بڵێین تیرۆریسم زەبروزەنگێکی سیاسیە، بەڵام هەمیشەلەبەردەم ئەگەری تێپەڕاندنیایەتی. لەزمانی سۆسیۆلۆژی مندا ئەمەپێی دەگوترێت (میتا-سیاسەت). بەڵام دەبێت

ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەتێرۆریسم دەکرێت لەهەندێک حاڵەتدا کەمتربێت لەزەبروزەنگی سیاسی، لێرەدا دەتوانین نموونەبەتێرۆریسم بۆ دەوڵەمەندبوون بهێنینەوە. کاتێک گەریلا تێرۆریسم بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی حەشیش کۆنتڕۆڵبکات، کاتێک گروپەکان دێن و دەستدەکەن بەڕیزکردنی ژمارەی ڕەهینەکان و مرۆڤەکان دەفڕێنن بۆ ئەوەی پارەیان پێپەیدا بکەن، ئیتر ئەمەناکرێت بەزەبروزەنگی سیاسی، یان میتا-سیاسی تەماشابکرێت، من ئەمەناو دەنێم تێرۆریسمی ئانفرا-سیاسی.

**عادل باخەوان: من ئەم دابەشکردنەجوانانەم لەکتێبەبەنرخەکەی جەنابتدالەسەر زەبروزەنگ خوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆشەڕاتبکێشمەنێو دنیایەکی تیۆریەوە. لەنێو ئەو دابەشکردنانەدا، بەرەنگاری نیشتمانی (موقاوەمەڕێزیستانس) دەخەیتەکوێوە؟ لەکوێدا سنورەکانی بەرەنگاری نیشتمانی کۆتایی دێت و پێدێت و سنورەکانی هەرێمی تێرۆریسم دەستپێدەکات ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: لەهەندێک ئەزموونا سنورەکانی نێوان ئەم دوانە، موقاوەمەو تێرۆریسم، بەتەواوی ئاشکران و دەبینرێن، بەڵام لەهەندێک ئەزموونی دیکەدا ئەو سنورانەتەواو تەماوی و لێڵن. موقاوەمەی نەتەوەیەک یان گروپێک، لەچرکەیەک لەچرکەکاندا دەکرێت ببێت بەتێرۆریسمی ڕاستەقینە، هەروەک تێرۆیسمی گروپێک لەچرکەیەکی دیکەدا دەکرێت ببێت بەموقاوەمەیەکی ڕاستەقینە. نموونەیەک دەخەمەبەردەست جەنابت. من زۆر بەوردی توێژینەوەم لەسەر تێرۆسیمی هەرێمی باسکی ئیسپانی کردوە. ئەم تێرۆریسمەلەساڵانی شەستەکاندا وەک موقاوەمەدژ بەدیکتاتۆریەتی فرانکۆ باسدەکراو ناوزەدەکرا. گروپی ETA هەموو کەرەسەتێرۆریستیەکانی بەکاردەهێنا. سالان تێدەپەڕن و دیکتاتۆریەتی فرانکۆ بەسەردەچێت و دیموکراسی لەوڵاتدا جێگیردەبێت، لەهەمان کاتیشدا هەرێمی باسک ئۆتۆنۆمیەکی زۆر بەدەستدەهێنێت و ژیان تیایدا گەشەدەکات و باسکیەکان بەشێوەیەکی سەروەرانەدەژین و شتەکان تەواو دەگۆڕێن. لێرەوەئیتر داواکاریەکان و کردەتێرۆریستیەکانی گروپی ETA ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەمتر وەڵامی پێداویستیەکانی دانیشتوانی هەرێمی باسکدەدەنەوە. ئەمەئەو ساتەیەکەئیتر چالاکیەکانی ETA گوزەردەکەن، گوزەر لەموقاوەمەوەبۆ تێرۆریسم. دەبینیت، سی ساڵ لەمەوبەر ئەم ئەزمونەبەموقاوەمەدەستپێدەکات و بەتێرۆریسم کۆتایی پێدێت. لەبیرمان نەچێت ئەمەیەک ئەزموونە. واتەئێمەلێرەدا قسەلەسەر مێژووی کۆمەڵەیەتی یەک ئەزموون دەکەین.

**عادل باخەوان: پێتوایەکەئێمە، لەئێستا و ئێرەکانماندا، پێمانناوەتەنێو سنورەکانی ئەوەی، گەر ڕێگەم پێبدەیت ناوی دەنێم (تێرۆریسم مۆندیالیزێ) تێرۆریسمی بەجیهانیکراو ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: ئەمڕۆ تێرۆریسمێک هەیەمن ناوی دەنێم گلۆبال، بەڕێزتان ناوی دەنێن (مۆندیالیزێ-بەجیهانیکراو). با ئەم تێرمەڕونبکەینەوە. سەڵانی شەستەکان و تەنانەت حەفتاکانیش، تێرۆریسم لەناوەوەو لەچوارچێوەی

کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دروستدەبوو، بۆ نموونەتێرۆریسمی چەپی توندڕەو، یاخود ڕاستی توندڕەو. هەندێک جاریش رەهەندێکی ئەنتەرناسیونالی وەردەگرت، باشترین نموونەش تێرۆریسمی فەلەستینی ئەو سەر دەمەیە، هەروەها دەتوانین لەم مەیدانەشدا باس لەکێشەی باسک و ئەرمینیەکان و کوردیش بکەین.

پاشان ساڵانی هەشاکان و نەوەدەکان و دواتر ١١ی سێپتەمبەر دێتەپێشەوە. لێرەدا ئێمەهەست بەشتێکی تازەدەکەین. ئەم تێرۆریسمەنەچەپە، نەڕاستە، نەناسیۆناڵە. بەڵکو هەموو ئەمانە دەخاتەژێر پرسیارەوە. ئەم تێرۆریسمەکار لەسەر هاوکێشەجیهانیەکان دەکات و چالاکیەکانی ئاڕاستەی گرەوەجیهانیەکان دەکاتمن ناوی دەنێم (گلۆباڵ)، چوونکەهەموو سنورەناسیۆناڵەکان تێدەپەڕێنێت و لەسەر لۆژیکەسیوپرا-ناسێۆناڵەجیهانیەکان کاردەکات. بەڵام لەبیرماننەچێت ئەم تێرۆریسمەگلۆباڵەجیهانیە، لەقوڵایی ئەو کۆمەڵگانەشەوەدێتەدەرەوەکەدەبن بەقوربانییەکانی. واتەکۆمەڵگەوەک قوربانیی، جەلادەکانی خۆی دروستدەکات. با نموونەت بخەمەبەردەست. ئەو کەسانەی کەهێرشەتێرۆریستیەکانی لەندەنیان ئەنجامدا، مانگی ٧ی ٢٠٠٥، هەمان ئەو کەسانەن کەلەبەریتانیادا لەدایکبوون و لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا گەورەبوون، بەڵام لەهەمانکاتدا ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی جیهانی، سیوپرا-ناسیۆنالی ئاینی دەکەن بەمەرجەعیەتی خۆیان و لەپێناویدا دەمرن. لێرەوەئەم تێرۆریسمەدێت هەردوو لۆژیکی ناسیۆناڵ و ئەنتەرناسیۆناڵ بەیەکەوەئیعرابدەکات. واتەهەردوو لۆژیکەکەبەیەکەوەگرێدەدات بۆ ئەوەی چالاکیەچاوەڕوانکراوەکانی پێئەنجامبدات.

تەنها حاڵەتێک کەدەکرێت وەک تێرۆریسمی گلۆباڵی تێکەڵنەکراو بەلۆژیکی ناسیۆناڵ وەسفبکرێت، هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرە. ئەگەر بەهەڵەدا نەچم، ئەمەیەکەم هێرشەکەهیچ ڕەهەندێکی ناوخۆی نیەو بکەرەکانی لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکیەوەنەهاتوونەتەدەرەوە. ئەمانەلەدەرەوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکیەوەدێن و بەفڕۆکەفڕێنراوەکانەوەدەیانەوێت پنتاگۆن و کۆشکی سپی و بورجەکان بتەقێننەوە. ئەم ئەکتەرانەهیچ ڕەگوڕیشەیەکیان لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا نیە. گەرنا هەموو هێرشەتێرۆریستیەکانی دیکەتێکەڵەیەکن لەناسیۆناڵ و ئەنتەرناسیۆناڵ، لەناوخۆو دەرەوە، لەئێرەو ئەوێ. تەماشای هێرشەکانی ئیسپانیا و بەریتانیا و مەغریب و تورکیا و ئەندەنوسیا و هتد بکە، ئەم هێرشانەکەئیمزای ئەلقاعیدەیان لەسەرە، هەمیشەلەهەردوو ڕەگەزی دەرەوەو ناوەوە، ئێرەو ئەوێ، ناسیۆناڵ و ئەنتەرناسیۆناڵ، لۆکاڵ و گلۆباڵ پێکهاتووە.

**عادل باخەوان: باشەجەنابت باسی تێرۆریسمی ئەلقاعیدەت کرد. ئەلقاعیدەواتەتێرۆریسمی ئاینی. لێرەدا جێگای خۆیەتی و پێش ئەوەی ئەم مەلەفەت لەگەڵدا دابخەم، مەلەفی تێرۆریسم لەسەر ئاستی جیهانی، دەمەوێت ڕای جەنابت لەسەر مەسەلەیەکی گرنگ وەربگرم کەمن ناوی دەنێم گوزەر. گوزەر لەتێرۆریسمی ئاینیەوەبۆ تێرۆریسمی عەلمانی و پاشان گوزەر لەتێرۆریسمی عەلمانیەوەبۆ تێرۆریسمی ئاینی. خۆم شەرحدەکەم. دوو هەزارو پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ، یەکەم گروپی تێرۆریست بەناوی زێلۆتیەکان لەفەلەستین دروستدەبێت، ئەم گروپەڕێکخراوێکی ئاینی جولەکەبوو دژ بەپرۆسەی داگیرکردنی**

**فەلەستین لەلاین ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیەوە. نۆ سەدو پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گروپێکی دیکەی ئاینیی تێرۆریست بەناوی بکوژەکان لەلایەن سەباحەوەدروستدەکرێت و سەدان کاری تێرۆریستی ئەنجامدەدەن، لەوانەتێرۆرکردنی نیزام ئەلمولکی یەکەم وەزیری دەوڵەت. بەڵام لەپاش شۆڕشی فەرەنسیەوەتێرۆریسم ئیتر دەبێت بەمەنهەجی کارکردنی تەوژمەعەلمانیەکان، واتەگوزەر لەئاینیەوەبۆ عەلمانی. لەنیوەی سەدەی بیستەمەوە، گوزەرێکی دیکەدەستپێدەکاتەوە، لەعەلمانیەوەبۆ ئاینی. جەنابت ئەم گوزەرانەچۆن تەحلیلدەکەیت ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: بەڕێزتان دەزانن، تێرۆریسم وێنەی بزوتنەوەیەکی زۆر فراوانترەلەکۆمەڵگەکانی ئێستامان. پاش جەنگی جیهانی دووەم ئێمەلەجیهانێکی عەلمانیدا دەژیان. لەهەموو جیهاندا باسمان لەپانتاییەعەلمانیەکان دەکرد. تەنانەت لەسوریاو عێراقی بەعس و لەمیسری ناسریشدا. لەهەموو جیهاندا باسمان لەئازادی و گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوون دەکرد. ئەم دێبا و باسکردنەهەمیشەبەلایسیتیێ (عەلمانیەت)ەوەگرێدرابوو. لەو سەردمەدا هەوڵێک هەبوو بۆ ئەوەی قەناعەتمان پێبکات کەیەکەم کاری مۆدێرنیتیێ بریتیەلەبەتاڵکردنەوەی ڕۆڵی ئاین لەنێو کۆمەڵگەکاندا. ئەمەئەو تێگەشتنەگشتیەبوو کەسەرتاسەری جیهانی گرتبووەوە. بەڵام لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانەوەتێگەشتنێکی دیکەلەمۆدێرنیتیێ هەیمەنەدەکات. لەو ساڵانەوەئیتر مۆدێرنیتیێ بریتینیەلەسەرکەوتنی ڕۆشنگەری بەسەر ئایندا، بەڵکو بریتیەلە جیاکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کەدەڕۆنەنێو ڕژێمی ئاینیەوەلەهەموو ئەو شتانەی کەدەڕۆنەنێو ڕژێمی عەقڵ و مافەوە. لێرەوەتێرۆریسم وەک هەموو فێنۆمێنەکانی دیکە، مەحکومەبەڕەوتی گۆڕانکاریەکۆمەڵایەتیەکان. ئێمەدەبێت هەموو دەرکەوتنەئاینیەکان وەک تێرۆریسم تەماشانەکەین. <u>ئێستا تێبینی هەستانەوەو دەرکەوتنێکی ئیسلامی دەکەین کەهیچ پەیوەندیەکی بەتێرۆریسمەوەنیەو دەرکەوتنێکی ئاینی ڕوتوقوتە.</u> هەروەها ئێستا تێبینی هەستانەوەی پرۆتستانتیسم دەکەین کەئاینیی ڕوتوقوتە. لەدونیای ئەمڕۆماندا، ئاین دەگەڕێتەوە، نەک وەک ئەوی کەهەبووە، بەڵکو وەک سەرلەنێو بیناکردنەوەو سەرلەنێو دروستکردنەوە. ئەم ئاینانەی کەئێستا بەجیهاندا بڵاودەبنەوە، هەمان ئەو ئاینانەنین کەهەزاران ساڵ لەمەوبەر هەبوون، بەڵکو لەقوڵایی گرفتەکۆمەڵایەتیەکانی دونیا ئەمڕۆدا بیناکراونەتەوە. تێرۆریسم یەکێکەلەو کردەی بیناکردنەوەیەی ئاین. دەڵێم یەکێک نەک هەمووی. مێژووی تێرۆریسم تەواو لکاوەبەمێژووی کۆمەڵگەکانەوە. وەک چۆن کۆمەڵگەکان دەڕۆنەنێو سەردەمی گلۆبالیزاسیۆنەوە، ئاواش تێرۆریسم خۆی گلۆبالیزەدەکات، وەک چۆن کەپیتالیسم خۆی گلۆبالیزەدەکات، ئاواش تێرۆریسم هەمان کاردەکات. هەروەها ئەم تێرۆریسمەجێپێکانی مۆدێرنیتیێ هەڵدەگرێت و ڕەهەندی ئاینی ڕادەکێشێتەنێو پێکهاتەکانیەوە.

**عادل باخەوان: دێریدا و هابرماس، کەئیوەزۆر لەنزیکەوەیەکتری دەناسن و جەنابت هاوڕێی زۆر نزیکی دێریدابویت و پێکەوەچەندین تێکستان ئیمزاکردوە، لەدوا کتێبینادا بەقەدەر قسەکردنیان لەسەر**

**تێرۆریسمی خوارەوەبۆ سەرەوە، قسەش لەسەر تێرۆریسمی سەرەوەبۆ خوارەوەدەکەن. بەڵام ئایا جەنابت لەنێو شەریکەسۆسیۆلۆژیەکەتدا ڕێگا بەخۆت دەدەیت دەوڵەتێک وەک تێرۆریست وەسفبکەیت ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: ڕێگام پێبدەپێتبڵێم من قەناعەتم وایەڕەگوڕیشەی کۆنسێپتی تێرۆریسم هەرلەسەرەتاوەلەنێو زەبروزەنگی دەوڵەتدا دەدۆزینەوە. ئەم کۆنسێپتەمناڵی شەرعی زەبروزەنگی دەوڵەتە. بەڵێ بێگومان دەکرێت بڵێین فڵان دەوڵەت بەتێرۆر حوکمدەکات، یاخود فڵان دەوڵەت تێرۆریستە. کاتێک دەوڵەتێک، بەبێ هیچ بنکەیەکی جەماوەری، بەبێ هیچ شەرعیەتێکی جەماوەری دێت و لەڕێگای زەبروزەنگەوەدەسەڵات دەگرێتەدەست و پاشان لەڕێگای ئاگرو ئاسنەوەحکومەتداری دەکات، بەڵێ زۆر بەئاسانی دەتوانم بڵێم ئەم دەوڵەتەتێرۆریستە. گومان لەوەدا نیەکەتێرۆریستە.

**عادل باخەوان: بەڵام ئایا لەسەر ئاستی زانست دەتوانین باس لەتێرۆریسمی دەوڵەت بکەین ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: کەمەێک لەمەوپێش بەڕێزتان هەستان بەدەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی تێرۆریسم لەخوارەوەبۆ سەرەوەو لەسەرەوەبۆ خوارەوە. من دەڵێم بەڵێ دەتوانین باس لەتێرۆریسمی دەوڵەت بکەین بەڵام بەمەرجێک ئەم جیاکردنەوەیەی بەڕێزتمان هەمیشەلەبەرچاوبێت و یەک جەمسەرانەتەماشای نەکەین. لەهەندێک حاڵەتدا ئێمەتێبینی ئەوەدەکەین کەئەو کەس و گرووپانەی مومارەسەی تێرۆریسمی خوارەوەبۆ سەرەوەدەکەن، لەسبەینێیەکی نزیکدا دەسەڵاتدەگرنەدەست و پاشان درێژەبەهەمان کاروانی تێرۆریسم دەدەن، بەڵام ئەمجارەوەک دەوڵەت. بەبێ ئەوەی لەبیرمان بچێت کەلەهەندێک حاڵەتی دیەکەدا، کەسێک، یان گروپێکی تێرۆریست دەتوانێت هەیمەنەبکات بەسەر دەوڵەتێکدا بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی لەدەوڵەتدا بێت. باشترین نموونەش حاڵەتی دەوڵەتەکەی تالیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە. ئەلقاعیدەکردەی تێرۆریسم لەژێر باڵی دەوڵەتەکەی تالیباندا بەرهەمدەهێنێت کەلەواقیعدا دەوڵەتێکی تێرۆریست نیە. بۆیەلەسەر ئاستی زانست دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام قسەلەسەر تێرۆریسمی دەوڵەت بکەین.

**عادل باخەوان: من دەمەوێت بزانم بەڕێزت، لەسەر ئاستی زانستی ڕوتوقوت، ڕێگا بەخۆت دەدیت (سیفەتی) تێرۆریست بلکێنیت بە(ناوی) دەوڵەتەوە؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: دەزانم لەزانستەسیاسیەکاندا ئەم ئیشکالیەتەبەم شێوەیەهەندێک گرفتی زانستی دروستدەکات. دەزانم کەپۆلیتۆلۆگەکان زۆر بەحەزەرەوەدەست بۆ ئەم بابەتەدەبەن. بەڵام لەنێو چوارچێوەسۆسیۆلۆژیەکەی مندا زۆر ئاساییەدەوڵەتێکی وەک کۆریای باکور بەتێرۆریست وەسفبکرێت. بەبێ ئەوەی لەبیرمبچێت کەهەمیشەجیاکاری بکەم لەنێوان تێرۆریسمی سەرەوەو خوارەوەدا.

## ٢. تێرۆریسم لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**عادل باخەوان: ئێستا کاتی ئەوەهاتوەکەمێک دابەزین لەجیهانەوەبۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ناوچەیەکی تەواو ئاڵۆز، بەدرێژایی مێژوو. وەک بەڕێزتان دەزانن ئەم ناوچەیەخاکی لەدایکبوونی یەکەم گرووپی تێرۆریسمی ئاینیە، دوو هەزارو پەنجا ساڵ زێلۆتیەکان دروستدەکات، ئێستاش هەمان ئەم ناوچەیەوەک ماشین لەبەرهەمهێنانی تێرۆریسمی ئاینیدایە. جەنابتان ئەم فێنۆمێنەچۆن دەبینن ؟**

میشێل ڤیڤێۆرکا: سەرەتا ڕەنگەئێمەنەتوانین بڵێین تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێرۆریسمی ئاینی بەرهەمدێنێت. مێژووی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی پڕەلەتێرۆریسم و جەنگی ئاینی. هەندێک جار بەناوی جەنگی ئاینیەوەگەلێک قەڵاچۆکراوەلێرەلەئەوروپا. پێموایەئێستا جیهان بەشێوەیەکی سیحراوی تەماشای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. هۆکارەکەشی ئەوەیەکەئەم ناوچەیەلانەی لەدایکبوونی ئاینەتەوحیدیەکانە. ئەمەدڵی مەسەلەکەیە. لەم ناوچەیەدا ئەو ئاینانەبەریەک دەکەون و لەسەر شکستی یەکتر گرەوەدەکەن و سامبۆلەکان بۆ جەنگ و هەیمەنەبەکاردەهێنن. گەر من باسی تێرۆریسم و جەنگی ناوخۆو جینۆسیدی ئەفریقات بۆبکەم، کەهەمووی واقیعەو ڕویداوە، هەرگیز بەقەدەر تێرۆریسم و زەبروزەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەر هەستت ناکەوێت. هۆکارەکەی ئەوەیەکەتێرۆریسمی ئەفریقی توانای بەکارهێنانی سامبۆلەگەورەجیهانیەکانی نیە. ئەوەی مۆنۆپۆلی ئەم سامبۆلانەدەکات تێرۆریسمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لێرەئاینەکان وەک خەزانەیەکی گەورە، سەرمایەی ڕەمزی بەهەموو کردەکان دەبەخشن.

**عادل باخەوان: کەواتەئێوەهۆکاری هەرەسەرەکی تێرۆریسم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەم ڕەگەزەدەگێڕنەوە. پێتانوانیەڕەگەزی بیناکاری دیکەش هەن کەتێرۆریسم وەک بوونیەیەکی بیناکاری کردەکۆمەڵایەتیەکان دروستدەکەن ؟**

میشێل ڤیڤێۆرکا: بێگومان ڕەگەزی دیکەش هەن، بەڵام بەلای منەوەسەرەکیەکەیان ئەوەیەکەباسمکرد.

**عادل باخەوان : ڕۆژئاواش سەردەمێک لەسەردەمەکان یەک پارچەئاین بوو. ئاین هەیمەنەی تەواوی کردبوو بەسەر ژیانی ڕۆژئاوایدا. بەڵام لەگەڵ سەردەمی نوێگەریدا مۆدێرنیتێ دێت و کێڵگەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە. لەم سەردەمی نوێگەریەوەئیتر ئاین دەبێت بەکێڵگەیەکی ئۆتۆنۆم و سنورەکانی دیاری دەکرێت. کردەی مۆدێرنیزاسیۆن بەشێوەیەکی سەرکەوتوانەئاین و سیاسەت، ئاین و دەوڵەت، ئاین و پانتاییەکۆمەڵیەتیەکان لەیەکتری جیادەکاتەوەو جەنگی نێوان ئەم دوو لایەنەڕادەگرێت. بەڵام ئەم پرۆژەیە، پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆن لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکستدێنێت. جەنابت ئەم شکستە چۆن دەبینیت ؟**




میشێل ڤیڤیۆرکا : لەڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەکارێکی ئاسان نیە. تەحلیلکردنی ئەوشتانەی کەڕویانداوەخۆی لەخۆیدا کارێکی گرانە، خۆ ئەگەر بێت و بڕیاری تەحلیلکردنی شتێکیش بدەین کەڕوی نەدابێت ئەوەکارەکەدووجار گرانە. من کاتێک توێژینەوەلەسەر شتێک دەکەم هەمیشەخۆم لەپرسیاری (لەبەرچی) دەپارێزمو هەوڵدەدەم لەپرسیاری (چۆن)ەوەدەستپێبکەم. مۆدێرنیتیێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردەیەکی ناوەکی نەبووەو لەدڵی کۆمەڵگاکانەوەنەهاتووەتەدەرەوە، وەک ئەوەی لەئەوروپادا تێبینی دەکەین. بەڵکو لەگەڵ کۆلۆنیالیسم و داگیرکەرانی ئەو ناوچەیەدا هاتووە. واتەوەک پرۆژەیەکی دەرەوەفەرزکراوەبەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەلەلایەک، لەلایەکیدیکەوەدەبێت قسەلەسەر شکستی ناسیۆنالیسمی عەرەبی بکەین. لەم ناوچەیەدا، پرۆژەی مۆدێرنیتیێ لکێنراوەبەمێژووی ناسیۆنالیسمی عەرەبییەوە. کەئەم ناسیۆنالیسمەشکستدەهێنێت، ئیتر بەدوایدا پرۆژەی مۆدێرنیتێش شکستدەهێنێت. کەبەعس و ناسر شکست دەهێنن ئیتر پرۆژەکەش ئیفلیج دەبێت.

ئەمڕۆ ئێمەپێویستمان بەبیرکردنەوەو ڕامانێکی قوڵتر هەیەکەلەئێستادا ناتوانم ئەنجامی بدەم. ئەم ناوچەیەتایبەتمەندیەتێکی دیکەی هەیەکەئەویش نەوتە. ئەم نەوتەدەکرێت ببێتەسەرچاوەیەکی بەهێز بۆ دەوڵەمەندبوون و ژیانێکی کامەران و ئارام، لەهەمانکاتدا دەکرێت ببێتەسەرچاوەی بەشێکی گەورەی گرفت و کارەسات بۆ ئەو ناوچەیە. بێگومان ئەمەمەیدانێکی دیکەی توێژینەوەیە.

**عادل باخەوان : ئەمڕۆ لەجیهاندا بەگشتی و لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەتایبەتی جەنگێک ڕاگەیەنراوە، جەنگ دژی تێرۆریسم. سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام باس لەدوژمن دەکات، جەنابت وەک سۆسیۆلۆگێک دەتوانیت ئەم دوژمنەمان بۆ دەستنیشانبکەیت. ئەم دوژمنەکێیە، ئایینێکە، کولتورێکە، گروپێکە، کەسێکە، ئەم دوژمنەبەچید دەناسرێتەوە؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا : بێگومان من هەرگیز ڕێگەبەخۆم نادەم وەک سەرۆک بۆش قسەبکەم. وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەجەنگدایەچوونکەهەستبەبریندارببوون دەکات. بەتایبەتی لەهێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە. ئەوەشی ئەمەریکای بریندارکردوە، لەعەقڵی ئیدارەی ئێستادا، بریتیەلەهێزێکی شەڕی ڕەها. ئەم هێزی شەڕەش دوژمنی سەرەکیەکەدواتر وەک تێرۆریسم خۆی مانیفێستدەکات. لێرەوەهەموو ئەو هێزانەی کەڕێگادەگرن لەسیاسەتی ئەمەریکی و دەبن بەگرفت بۆ سیاسەتی ئەمەریکا راستەوخۆ دەبن بەهێزی شەڕ و پاشان بە دوژمن و دواتر بە تێرۆریست. هێزی شەڕ-دوژمن-تێرۆریست ! بێگومان لێرەدا ئێمەدوو شت لەیەکتر جیادەکەینەوە. یەکەمیان دوژمن و دووەمیشیان بەرامبەر. ئەمەریکا ئامادەیەلەگەڵ بەرامبەرەکانیدا دانوستان بکات، بەڵام هەرگیز لەگەڵ دوژمنەکانیدا دانوستاناکات. زمانی بەکارهاتوو لەگەڵ دوژمندا زمانی چەک و کوشتن و لەناوبردنەنەک شتێکی دیکە. لەعەقڵی ئیدارەی ئەمەریکی ئێستادا، ئەم دوژمنەدەکرێت سیاسی بێت، بۆنموونەسەدام حوسەین. لێرەدا جەنگ دژی ئاین نیە، چوونکەخودی ئەمەریکا پڕەلەئاین. بەڵکو دژی دوژمنێکەکەئیدیعای ئەوەدەکات ئاین سەرچاوەی کردەو چالاکیەکانیەتی.

دوژمن ئەو کەسەیەکەئەمەریکا بەدەستی خۆی بینایدەکات بۆ ئەوەی لەڕێگای ئەوەوەکردەو چالاکیەکانی خۆی پێ (تەبریر)بکات و پرۆژەکانی خۆی پێبشەرعێنێت. لێرەوەدوژمن دەبێت بەسەدام حوسەین، دەبێت بەبن لادن. بەلام دەکرا ڕژێمی عەرەبی سعودیەش بخرێتەهەمان خانەوە، چوونکەئەم ڕژێمەدەستی هەیەلەسەدان کردەی تێرۆریستیدا. کاتێک لەنزیکەوەتەحلیلی ئەم ڕژێمەدەکەین دەبینین کەتەواو شایەنی ئەوەیەوەک ڕژێمێکی تێرۆریست ناوزەدەبکرێت. کەناکرێت، پرسیار لای هەموان دروستدەکات.

**عادل باخەوان: دەمەوێت دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم پرسیارەدابخەم. جەنابت وەک یەکێک لەسۆسیۆلۆگەهەرەدیارەکانی ڕۆژئاوا، هەست بەوەناکەیت، ڕۆژئاوا بەشێوەیەک لەشێوەکان بەرپرسیارەلەشکستی مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: من ڕەنگەبەشێوەیەکی دیکەبدوێم. پێموایەڕۆژئاوا بەرپرسیاریەتێکی گەورەی بەرامبەر بەجیهان لەسەر شانە. ڕۆژئاوا دەبێت هەموو تواناکانی بخاتەکار بۆ مۆدێرنیزاسیۆنی جیهان، بۆ گەشەکردنی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی، بۆ یەکترقبوڵکردن. لەو شوێنانەی کەململانێ و جەنگ و کوشتن هەیە، رۆژئاوا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی دەبێت بجوڵێت و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. ئەمەئەو ئەرکانەیەکەدەبێت جێبەجێیان بکات. بەڵام بەداخەوە، لەڕابوردودا نەک ئەمەی نەکردوە، بەڵکو هەندێکجار دەستی هەبووەلەبۆگەنکردنیاندا. با من نمونەیەکی فەرەنسیت بدەمێ. لەکاتی جەنگی عێراقدا، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گوتی ئێمەبەشداری جەنگ ناکەین. ئەمەدەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. بەڵام ئایا دوای تەواوبوونی جەنگ فەرەنسا و ئەوروپا هەستان بەئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بەعێراق ؟ بێگوومان نەخێر. هەموو ئەوەی فەرەنسا کردی، کردنەوەی دەورەیەکبوو بۆ چەند پۆلیسێکی عێراقی ! من ناڵێم فەرەنسا و ئەوروپا بەرپرسیارن لەو شکستەی کەئێستا

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەورەترین قەیرانی مێژوویی پێچاوە. بەڵام دەڵێم فەرەنسا و ئەوروپا چۆن هەلومەرجێکی وایان دروستکرد کەشکستی تیادا دروستببێت. چوونکەشکست لەئاسمانەوەناکەوێتەخوارەوەو قەدەرێکی هەمیشەیی نیە، بەڵکو لەهەلومەرجێکی تایبەتدا دروستدەبێت. کاری توێژەر ئەوەیەلەم هەلومەرجەتایبەتەتێبگات.

## ٣. تێرۆریسم لەسەر ئاستی عێراق.

**عادل باخەوان : عێراق ! موختەبەری نوێی بەشێکی گەورەی توێژەرانی جیهانی. جەنابتان بێگومان ڕۆژانەدیمەنەتراژیدیەکانی ئەم شانۆیەدەبینن. نیشتمانێک لەئاگرو خوێن. چۆن زەبروزەنگ و تێرۆریسم لەم وڵاتەدا دەبینن ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا: کاتێک ئەمڕۆ لەڕۆژنامەکانەوەهەواڵی ئەوەدەبیستین کەنیو ملیۆن عێراقی لە٢٠٠٣ وەگیانیان لەدەستداوە، بێگومان راستەوخۆ تێدەگەین لەوەی ئەم وڵاتەبەکارەساتدا تێدەپەڕێت. بەڵام دەبێت بزانین ئەم نیو ملیۆن مردوە، هەموویان قوربانیی ڕاستەوخۆی تێرۆریسم نین. بەشێک بەهۆی خراپی بارودۆخی تەندروستیەوەمردوە، بەشێک بەمردنی ئاسایی مردوە، بەشێک بەهۆی خراپی خواردەمەنیەوەمردووە، بەشێک لەزەبروزەنگی دیکەدا مردوەو بەشێکیش قوربانیی ڕاستەوخۆی تێرۆریسمە. واتەئەمانەپێکەوەدەرەنجامی جەنگ لەلایەک و تێرۆریسم لەلایەکی دیەکەوەن.

بەدیوێکی دیکەدا ئێمەدەتوانین باس لەزەبروزەنگی ڕاستەوخۆ و دەرەنجامەکانی جەنگ وەک دووشت بکەین. ئەوەی کەپەیوەندی بەزەبروزەنگی ڕاستەوخۆوەهەیە، من شتێکی تووند بەردەوام بەر یادەوەریم دەکەوێت. بیرمدێت گوتارەکانی پێش جەنگ و کاتی جەنگ و دوای جەنگیش بەردەوام دەیانویست قەناعەتمان پێبکەن کەبەرزوترینکات گرفتەکان چارەسەردەکەین و هەموو شتێک بەدروستی دەڕوات بەڕێوە. ئێمەدەبێت یادەوەریمان بخەینەکار و شتەکانمان وا بەخێرایی لەبیرنەچێت. بەڵام ئێستا تێبینی ئەوەددەکەین کەنەخێر گرفتەکان بەخێرایی چارەسەر ناکرێن. من لەسەر ئەم خاڵەزۆر ڕەخنەگرانەدەدوێم و گوتاری سەرکەوتن دەخەمەژێر پرسیارەوە. بەبێ ئەوەی لەبیرمانبچێت ئەم جەنگەلەسەر درۆ بیناکرا، درۆی چەکەکۆکوژەکان کەئەمەریکا خۆی دانبەوەدادەنێت لەعێراقدا بوونیان نیە. ئەم جەنگەلەلایەک زەبروزەنگێکی فراوانی بەرهەمهێناو لەلایەکی دیکەوەنەیتوانی خێرا دەرگا بکاتەوە لەسەر جیهانێک کەتیایدا عێراقیەکان بتوانن سەرچاوەی نوێ بۆ ژیانێکی دیموکراسی و مۆدێرن بدۆزنەوە. بێگومان ئێمەناتوانین ئەم تەحلیلەبگشتێنین، چوونکەلەکوردوستانی عێراقدا ژیان زۆر باشترەلەبەشەکانی دیکەی عێراق و ئەم هەرێمەوەک ئەوەوایەلەدەرەوەی عێراقدا بێت، بۆیەدەبێت بەحەزەرەوەگوزارشت لەم وڵاتەبکەین. بەکورتی من پێموایەئیدارەی ئەمەریکی گەورەترین بەپرسیارەلەوەی کەئێستا لەم وڵاتەدا ڕوودەدات. ئەم ئیدارەیەبەڕاستی هەموو تواناکانی نەخستوەتەکار بۆ ئەوەی ژیانێکی دیموکراسیانەی مۆدێرن لەم وڵاتەدا جێگیربکات.

**عادل باخەوان : بەڵام جەنابت ناتەوێت ئەم زەبروزەنگەوەک دەرەنجامێکی سروشتی ململانێی هەزارو چوارسەد ساڵی هەردوو کۆمینۆتێی شیعەو سوونە، وەک دەرەنجامی پەراوێزکردن، کوشتن، تاڵانکردن، بەبەشەر سەیرنەکردنی شیعە، مێژوویەک لەخوێن و لەدورخستەنەوەی شیعەلەسەنتەرەکانی دەسەڵات و پاشان وەک دەرەنجامی شکستی هەیمەنەمێژوویەکەی سوونەببینن ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا : دەزانیت ئێمەدەتوانین ئەم شتەبۆ زۆر جێگای دیکەبڵێین. بۆ نموونەیوگسلافیای تیتۆ. هەموو لایەک پێیوابوو کەکۆمینۆتێکان بەباشی ئاوێزانی یەکتری بوون و ژیانێکی باش و ئابوریەکی گەشەکردو باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشاوە، بەڵام کەتیتۆ دەمرێت، ئیتر هەموو ناسیۆنالیسمەتوندڕەوەکان دەتەقێنەوەو جەنگی کۆمینۆتێکان دەستپێدەکات و بەربەریسم وڵات داگیردەکات. ساڵانی پەنجا ئەوکەسەی بیویستایەلەئیدارەو مالدا سەرکەوتوبێت سەردانی یوگسلافیای دەکرد، بەڵام چل ساڵ دواتر تەنها ڕێکخراوەمرۆییەکان سەردانی ئەم وڵاتەدەکەن.

من ئەم حاڵەتەبەراورد دەکەم بەعێراق. لەسەرەتاوەعێراق وڵاتێکی پێکەوەلەحیمکراوەو لەچەند کۆمینۆتێیەک پێکهاتووە. بۆ ئەوەی پێکەوەبژین ڕژێمێک دێت و بەجۆرێک لەجۆرەکان ئابوریەکی پێشکەوتی ڕێژەیی دروستدەکات و ژیانی خەڵکی باشدەکات، لەلایەکی دیکەوەو لەڕێگای تێرۆرەوەهەموو لایەک ناچاردەکات پێکەوەبژین. ڕۆژێک ئەم دوو شتەنامێنن، واتەئابوریەکی باش و تێرۆری ڕژێم، ئیتر هەموو جیاوازیەکان سەر ئاو دەکەون و دەتەقێنەوەبەڕوی یەکتریدا. ئەو جیاوازیانەی کەتا ئەمڕۆ بێدەنگکرابوون و نەیانتوانیبوو گوزارشت لەخۆیان بکەن بەجارێک وەک شەپۆل تەکان دەدەن و دەوروژێن. لەم چرکەیەدا ئیتر هەموو کارتەکان سەرلەنوێ دابەشدەکرێنەوە. لێرەدا ئیتر کەمێک شتی باش دەبینین و زۆر شتی خراپیش خۆیان دەردەخەن. بەشتی باش مەبەستم ئەو ئەکتەرانەیەکەدەیانەوێت بەشێوەیەکی دێموکراتیانەعێراق بینابکەنەوەو ژیانێکی مۆدێرن بۆ عێراقیەکان دابین بکەن. شتەخراپەکانیش لەو زەبروزەنگەتایفی و ئیتنی و ئاینیانەدا ڕەنگدەداتەوەکەڕۆژانەتێبینی دەکەین. من دیسانەوەکوردوستان دەخەمەوەنێو کەوانەوەچوونکەبارودۆخێکی تایبەتی هەیەو لەعێراقی جیا دەکاتەوە.

لەعێراقدا ئێستا شەڕی ناوخۆ نیە. چوونکەشەڕی ناوخۆ پێویستی بەدوو بەرەهەیە. بەڵام ئەوەی لەعێراقدا ڕودەدات تەنها شەری سوونەدژ بەشیعەنیە، بەڵکو شیعەدژ بەشعەو سوونەدژ بەسوونەو هەموو لایەک دژ بەهەموو لایەکە. ئەمەشەڕی ناوخۆ نیە، بەڵکو تەقینەوەی زەبروزەنگەلەسەر هەموو ئاستەکان. بەڵام ڕەنگەڕۆژێک بمانبات بەرەو شەڕی ناوخۆ.

هەروەها نابێت لۆژیکی دەرەکیشمان لەبیربچێت. لۆژیکی ئێرانی و سوریی. هەروەها لۆژیکی ئەلقاعیدەکەپێش ڕوخانی ڕژێم لەعێراقدا بوونی نەبوو. لەبارودۆخێکی ئاوادا لۆژیکەدەرەکیەکان لەگەڵ لۆژیکەناوەکیەکاندا ئاوێزانی یەکتری دەبن، ئەویش لەرێگای ئەکتەرەعێراقیەکانەوەکەبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەبەسنەوەبەبەرژەوەندیەدەرەکیەکانی وەک ئێران و سوریاوە.

**عادل باخەوان : لەهەلومەرجێکی ئاوادا پرۆژەی ئیدارەی ئەمەریکی بۆ عێراق چۆن دەبینیت ؟ دابەشبوون ! مانەوە! فیدێرالیسم !**



میشێل ڤیڤیۆرکا : گرفتەکەلەوەدایەکەمن دلنیانیم لەوەی ئەمەریکیەکان پرۆژەیان هەبێت بۆ عێراق. دەزانیت جەنگی یەکەمی کەنداو کەبەخێرایی کۆتایی دێت لەبەرئەوەبوو کەسەرۆکی ئەمەریکا هیچ پرۆژەیەکی نەبوو بۆ عێراق، ناچار جەنگی ڕاگرت. ئێستا بارودۆخەکەلەو کاتەخراپترە. ئێستاش هیچ پرۆژەیەک لەئارادا نیە. تاکەپرۆژەیەک کەهەبێت بەجێهێشتنی عێراقە.بەتایبەتی کاتێک کەلەم وڵاتەدا نیو ملیۆن بەشەر لەسێ ساڵدا دەمرێت، ئیتر پرۆژەی سەرەکی دەبێت بەلێکۆڵینەوەی ستراتیژیەتێک بۆ ڕۆشتنەدەرەوەو بەجێهێشتن. من گومانم هەیەلەوەی ئەمەریکیەکان پرۆژەیەکی ڕونیان هەبێت بۆ سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران سەرگەرمی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیە، ئیسرائیل تەنها سەری خۆی دەبینێت، لوبنان دەبێت پربکرێت لەسوپای نەتەوەیەکگرتوەکان، هتد. من بیناکردنی هیچ پلانێک نابینم، هیچ نەخشەیەک بۆ داهاتوو نابینم. ڕەنگەخەونیان هەبێت، خەون بەوەی کەنرخی پیترۆل دابەزێت، یان دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتی فەلەستین ئیسرائیل. بەڵام من پێموایەئیدارەی ئەمەریکی زۆر دورەلەوەی پرۆژەیەکی هەبێت بو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

## ٤. تێگەشتن لەکوردوستان.

**عادل باخەوان : سەدەی بیستەم سەدەی کورد نەبوو. ئەم سەدەیە بۆ کورد مێژوویەکەلەپەراوێزکردن و دورخستنەوەو لەیادچوونەوە. مێژوویەکەلەجینۆسیدی بێدەنگ و ئەنفالی بێدەنگ و کیمیابارانی بێدەنگ. سەدەی بیستەم سەدەی پشتکردنەگەلی کوردبوو لەسەر ئاستی جیهان. بەڵام لەکەوتنی سەدامەوە، لە٢٠٠٣ وەهەستبەوەدەکرێت کەکوردوستان وەک کەعبەسیاسیەکانی دونیا حەجی تیادا دەکەن، هەرلەوەزیری دەرەوەی ئەمەریکاوەبیگرە تا**

**دەگاتەنوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان. ئایا بەڕێزتان پێتانوایەکوردوستان، وەک فەلەستین و قوبروس، جێگای خۆی کردوەتەوەلەنێو پرۆژەی دەوڵەتە گەورەکانداو ئیتر ئەم پرسیارەجیهان ناچاردەکات بەگوێگرتن لێی؟ بەکورتی ئایا پێتوایەسەدەی بیست و یەک سەدەی کوردەکان بێت ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا : من پێموایەکێشەی کورد هەمیشەکێشەیەکی جیهانی بووە، چوونکەئەم نەتەوەیەدابەشبووەبەسەر چەند وڵاتێکداو گرفتی تەنها لەگەڵ وڵاتێکدا نیە. عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا، ئەم وڵاتانەهەموویان پێکەوەسەرگەرمی کێشەی کوردن. ئەم بوونەدابەشکراوەدەرگای کردوەتەوەلەسەر سیاسەتی جیاواز. دەوڵەت هەیەکوردی لەدەژی دەوڵەتێکی دیکەبەکارهێناوە، وەک بەکارهێنانی پ.ك.ك لەلایەن سوریاوەدژ بەتورکیا. دەوڵەت هەیەکوردی دژ بەکورد بەکارهێناوە، وەک عێراقی سەدام حوسەین. بەڵام هەرگیز ئەم چوار وڵاتەخاوەنی پرۆژەیەکی هاودەنگی یەکگرتوو نەبوون بەرامبەر بەکوردی هەرچوار پارچەکە. بۆ نموونەکاتێک کوردەکانی عێراق لەبێ-ئازادی تەواودا ژیاون، ڕووبانکردوەتەئێران و بەشێوەیەکی (ڕێژەیی) لەئازادیدا ژیاون. ئەمەبەڵگەیەلەسەر ئەوەی پرۆژەیەکی سەرتاسەری هەرچوار ولاتەکەبەرامبەر بەکورد بوونی نەبووە. بەم شێوەیەدەتوانم بڵێم ئەم پرسیارەهەمیشەئەنتەرناسیۆنال بووە، چونکەبەلای کەمەوەچوار دەوڵەت سەرقاڵبوون پێیەوە.

بەڵام لە٢٠٠٣ وەچی بۆ کورد گۆڕا ؟ بەتایبەتی لەوەتەی کەئەمەریکا عێراقی داگیرکردوە. من پێموایەکورد لەئێستادا توانیویانەتا ئاستێکی بەرز ئۆتۆنۆمی بۆ خۆیان دابینبکەن و بەباشی جێگای خۆیان بکەنەوەو خۆیان فەرزبکەن. ئەمەوایکردوەوڵاتانی دراوسێ هەست بەمەترسی بکەن، مەترسی لەمانەوەی یەکێتی خاک. بۆ نموونەتورکیا ئاگری تێبەربووەو بەچەپ و ڕاستدا هاواردەکات و دەیەوێت ڕێگا لەو ئۆتۆنۆمیەبگرێت کەڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرفراواندەبێت.

من پێموایەئەو وڵاتەی کەئەمڕۆ زۆر گرنەبۆ ئەوەی ئیمتیحانی کێشەی کوردی تیادا بکرێت تورکیایە.

**عادل باخەوان : تورکیا یان عێراق ؟**



میشێل ڤیڤیۆرکا : نا عێراق نیە، چونکەپێموایەبەنیسبەت کوردی عێراقەوەیاریەکەلەکۆتایدایەو کورد بردویانەتەوە. کوردەکانی عێراق هەموو

ئازارەکانی سەدەی بیستەمیان چەشت. جینۆسید، ئەنفال، کیمیاباران، گۆڕی بەکۆمەڵ، تەنانەت چەکەکۆکوژەکانیشیان بەرامبەر بەکار هاتووە. دەڵێم کوردەکانی عێراق بردویانەتەوە، بەو مانایەی کەکاتێک دەوڵەتێکی گەورەکاردەکات لەسەر عێراق، ناتوانێت خۆی کوێر بکات لەئاست مێژووی تراژیدی گەلی کورد لەو وڵاتەدا. ئەم مێژووەخۆی فەرزدەکات بەسەر هەموو لایەکدا. لێرەوەکوردەکانی عێراق باڵغبوون و بەگەورەیی لەواقیعەتاڵەکەیاندا هاتوونەتەدەرەوە.

بۆ یەدەڵێم ئێمەدەبێت گرەو لەسەر تورکیا بکەین. بەو سنورەی تورکیا لەدیمۆکراسی نزیکببێتەوە، کێشەی کورد زیاتر بەرەو چارەسەربوون هەنگاو دەنێت. ئەمەش مانای ئەوەنیەکەکوردەکانی تورکیا دەبن بەخاوەنی دەوڵەتی خۆیان. بەقەدەر فراوانبوونی پانتاییەکانی دێمۆکراسی لەتورکیادا، دیالۆگ لەسەر کێشەی کورد فراوانتر دەبێت. دیمۆکراسی دەرگا لەسەر دێباو دیالۆگ دەکاتەوە، دیالۆگیش دەمانبات بەرەو گرەوکردن، لەگرەوکردنیشدا ئەگەری بردنەوەی ئاشتیخوازانەهەیە.

**عادل باخەوان : بەڕێزت چارەنووسی کێشەی کورد بەدیمۆکراسیەوە دەبەستیتەوە.**

میشێل ڤیڤیۆرکا : من پێموایەتا ئەو کاتەی تورکیا کێشەی کورد بەکێشەیەکی سەربازی ببینێت، سنورەکانی داپڵۆسین و کوشتن و مەرگ بەرفراوانتردەبن. بەقەدەر فراوانبوونی دێمۆکراسی، کێشەی کورد شانسی زیاتری دەبێت و زیاتر لەچارەسەر نزیکدەبێتەوە.

**عادل باخەوان : بەڕێزت بەدرێژایی تەمەنت چەندین توێژینەوەت کردوەلەسەر دروستبوونی دەوڵەتی-نەتەوەلەزۆربەی جیهاندا. دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە. کەمنین ئەو چاودێرانەی کەپێیانوایە لەپێنج ساڵی داهاتوودا دەوڵەتێکی کوردی لەعێراقدا دروستدەبێت. بەڵام کەمنین ئەو چاودێرانەش کەدەڵێن: دەوڵەتێکی کوردی توانای مانەوەو ژیانی نیە. ئایا جەنابتان چۆن ئەم مەسەلەیەتەحلیل دەکەن ؟**

میشێل ڤیڤیۆرکا : من بەدرێژایی توێژینەوەم لەسەر ئەم مەیدانەگەشتوومەتەئەو قەناعەتەی کەباوەڕم بەم جۆرەتێزانەنەبێت. ئەم جۆرەلەئەرگیومێنت وەهمەو بوونێکی واقیعی نیە. دەوڵەتێک دەتوانێت نەک هەر بمێنێتەوەبەڵکو گەشەبەخۆشی بدات. ئێمەدەیان نموونەمان لەبەردەستدایەو لەکاتی دروستبوونیاندا دەمانگووت ئەم دەوڵەتانەهەرگیز گەشەناکەن و توانای مانەوەیان نیە، بەڵام مانەوەو گەشەشیانکرد. وەرەباپێکەوەلەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕامێنین، پەنجا ساڵ لەمەوبەر کێ دەیگوت، کوریا، سەنگاپور، تایوان گەشەدەکەن ؟ وەرەبا نمونەیەکی نزیکت بدەمێ، بیست ساڵ لەمەوبەر چیمان بەئیرلەندا دەگوت و ئێستا چی پێدەڵێین. بیست ساڵ لەمەوبەر هیچی نەبوو، بێکاریەکی زۆر، بێ ئابوری، بێ ژیان، هتد. بەڵام ئەمڕۆ گەشەکردن، بەرزبوونەوە، مۆدێرنیتێ، ئەو هەموو شەریکەجیهانیەڕویان تێکردوە.

ئەمڕۆ وڵاتێک بۆ ئەوەی پێشبکەوێت و گەشەبکات، پێویستی بەپیترۆڵ و ئاڵتوون نیە. زۆر وڵات هەن کەپیترۆل و ئاڵتونیان هەیەو گەشەشیان نەکردووە. ئێمەئەگەر نوخبەیەکی کوردیمان هەبێت و ئەم نوخبەیەئیرادەی ئەوەیان هەبێت وڵات گەشەپێبدەن، بێگومان دەوڵەتی کوردی دەتوانێت بمێنێتەوەو گەشەبکات. خۆ ئەگەر ئەم نوخبەیەش پەروەردەنەکرابێت، ئێمەلەدەرەوەدەتوانین پەروەردەیان بکەین بەڕادەیەک کەئامادەی هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتەبن. دەوترێت کوردوستان دەریای نیە، لەئەمڕۆدا ئەمەهەرگیز نابێتەگرفت بۆ دروستبوونی دەوڵەت. ئەمەناتوانێت ببێتە ئەرگیومۆنت بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی. من پێموایە نەتەوەی کورد لەئێستادا توانیویەتی نوخبەیەک بەرهەمبێنێت کەبتوانێت سیاست بکات، ئەگەر ئەم نوخبەیەش تەواو پێنەگەشتبێت شانسی ئەوەی لەبەردەمدایەپێبگات.

**عادل باخەوان : سوپاس بەڕێز پرۆفێسۆر، سوپاس بۆ لێکدانەوەو ڕامانەکانت.**

میشێل ڤیڤیۆرکا : منیش هەروەها سوپاسی ئێوەدەکەم. ئەمەیەکەمجارمەکەلەگەڵ کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردی عێراقیدا دیالۆگ بکەم. تەواو خۆشحاڵبووم.

# دیالۆگ لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕوا



ئۆلیڤەر ڕوا، پرۆفێسۆر لەقووتابخانەی تووێژینەوەی باڵای زانستەکۆمەڵایەتیەکان لەپاریس، تووێژەر لەسەنتەری تووێژینەوەی زانستی نەتەوەیی فەرەنسا، یەکێکە لەهەرەناودارترین تایبەتمەندەکانی جیهان لەسەر ئیسلامی سیاسی و قووتابخانە فیکریەکەی بەهێزترین قووتابخانەیەلەو مەیدانەدا. کتێبەکانی ئەم پرۆفێسۆرە لەزۆربەی زانکۆ پێشکەوتوەکانی ئەوروپاو ئەمەریکادا دەخوێنرێت، بەتایبەتی (شکستی ئیسلامی سیاسی) و ( ئیسلامی بەجیهانی کراو) و (لایسیتێ لەبەرامبەر ئیسلامدا).

من وەک خوێندکارێکی کورد، شانسی ئەوەم هەیەکەئەم پرۆفێسۆرە ڕاستەوخۆ ئیشرافی نامەی دوکتۆراکەم دەکات. هەرچرکەیەکی ژیانی زانستی لەگەڵ ئەم پیاوەدا، دەرفەتێکی گرنگەبۆ تێگەشتن و پێگەشتن و قووڵبوونەوەلەزانستدا. ئەم پیاوەی کەبیست و پێنج ساڵی رەبەقەلەسەر جیهانی ئیسلامی کاردەکات و چەندین ساڵ لەتەمەنی لەئەفغانستان و ئێران و تورکیا و سوریا و لوبنان و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی بەسەربردووەو زۆر بەجوانی بەفارسی و تورکی و  ئینگلیزی و کەمێک عەرەبی قسەدەکات، چەند گەورەیە لەدونیای زانستدا ئەوەندەش موتەوازیعە.

سیمینارەکانی هەموو ڕۆژێکی سێشەمەی لەقووتابخانەی باڵا، ئەو پانتایەیە کەزۆربەی نەتەوەکانی جیهانی تیادا کۆدەبێتەوە. هەر لەئەندەنووسیاوەتا دەگاتە تاجیکستان، هەرلەبەرازیلەوە تادەگاتە فلیپین، هەر لەئەمەریکاوەتادەگاتەنەرویج خوێندکارانی خوێندنی باڵا بەپۆل دەبارن بەسەر هۆڵی ٨٠١ لەقووتابخانەی باڵا بۆ بەشداریکردن لەو سیمینارەهەفتانەییەدا. سەرەڕای ئەجەندەی بێکاتی ئەم پیاوەو ئەجەندەی بێ کاتی منیش، بەپێویستمزانی ئەم گووفتووگۆیەی لەگەڵدا سازبدەم و پێشکەش بەکێڵگەی زانستی کوردی بکەم. ئومێددەکەم ئەم جۆرە گۆفتووگۆیانە بەشداریەکی زیندووبکات لەدروستکردن و پێگەیاندن نەوەی چوارەمی نێو بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی کەئێستا بەڕێوەیەو لەدایکبووندایە.

## مەلەفی یەکەم: بەڕۆژئاواییکردنی ئیسلام

**عادل باخەوان : جەنابت لەسەر ئاستی جیهانی وەک بەرهەمهێنەری کۆنسێپتی ئۆکسیدانتالیزاسیۆنی ئیسلام (بەڕۆژئاواییکردنی ئیسلام) دەناسرێیت. لەکتێبی (ئیسلامی بەجیهانیکراو)دا بەشی یەکەمت تەرخانکرووەبۆ دروستکردنی چوارچێوەکانی ئەو کۆنسێپتە. ئەوەی بەلامی منەوەگرنگەدەرکەوتەسۆسیۆلۆژیەکانیەتی. دەمەوێت بڵێم کامانەن ئەو پانتاییەکۆنکرێتیانەی کەتیایاندا ئۆکسیدانتالیزاسیۆنی ئیسلام خۆی مانیفێستدەکات ؟**

ئۆلێڤەر ڕوا : ئۆکسیدانتالیزاسیۆنی ئیسلام لای من مانای گوزەر لەئیسلامەوەبەرەو ڕۆژئاواییبوون ناگەیەنێت. من پێموایەئەمڕۆ هەردوو فینۆمێنی جیهانگیری و ئۆکسیدانتالیزاسیۆن مورادیفی یەکترن و لەیەکتری جیانابنەوە. ئۆکسیدانتالیزاسیۆن کردەی دەستکاریکردنەوەی کولتورەکانە. لەم پانتاییەدا ئەوەی ئێمەتێبینی دەکەین داپرانەلەکولتوری ترادیسیۆنێلەوەبۆ ئاوێزانبوون بەکولتوری ڕۆژئاوا. لێرەدا ئێمەدەکرێت باس لەدوو کاردانەوەبکەیەن، یەکەم کاردانەوەی فەرەنسیەکان کەپێیانوایەئەمە پرۆسەیە هەڕەشەیان لێدەکات چوونکە هەوڵێکەبۆ ئەمەریکاییکردنی جیهان. دووەم کاردانەوەی موسوڵمانەکان کەپێیانوایە ئەمە هەوڵێکە بۆ بەڕۆژئاواییکردنی جیهان. من ئەم دیاردەیەم ناوناوە (دێتۆریتۆریالیزاسیۆن- هەڵوەشانەوەی سنوورەکان). هەڵوەشانەوەی سنورەکان لەسێ مەیداندا خۆی مانیفێست دەکات: یەکەم : کرانەوەی کولتورەکان بەسەر یەکتریدا؛ لێرەدا ئیتر کولتورەکان وەک منداڵ نالکێن بەباوەشی پانتاییەکی سنوردارەوەبەڵکو بەسەر یەکتریدا دەکرێنەوە. دووەم : فەردانیەت ؛ واتەئیتر ئیختیارەکان لەسەر ئاستی کۆ (کۆلێکتیڤ) دەرناکەون، بەڵکو لەسەر ئاستی تاک. تاک خۆی بۆ خۆی شتەکان هەڵدەبژێرێت و بڕیارەگرنگەکان دەدات. سێیەم : بازاڕ؛ مەبەستم لەبازاڕ زیاتر بازاڕی کولتورەکانە. واتەلێرەدا کولتور دەبێت بەمادەیەک بۆ ئیستیهلاک. لەم بازاڕەدا هەموو جۆرەکولتورێک دانراوەو تۆ وەک زەبونێک دەیکڕیت و ئیستیهلاکی دەکەیت. کولتورەکانی ئەم بازاڕەئیتر لەمۆرکەئاینیەکان دورخراونەتەوەو لەدەرەوەی ئایندا خۆیان دروستدەکەنەوە. ئەمەش بەمانانی کۆتایی هاتنی مۆرکەئاینیەکان نیە، بەڵکو دەمەوێت بڵێم کەمۆرکەئاینیەکان

لەدەرەوەی کولتورەکانی ئەم بازاڕەدا کاردەکەن. تەنانەت گووتاری ئیمان لەدەرەوەی ئیسلامی ترادیسیۆنێلدا خۆی بەرهەمدێنێت.

کاتێک دەڵێم بەڕۆژئاواییکردنی ئیسلام، مەبەستم قسەکردن نیە لەسەرهەڵدانی ئیسلامێکی لیبراڵ کەبەئاسانی ئازادی هۆمۆسێکسیۆل و فێمینیسم قبوڵبکات، بەڵکو مەبەستمەبڵێم ئیسلامی کۆنسێرڤاتیست تەواو لەگەڵ جیهانگیری و کردەی ئۆکسیدانتالیزاسیۆندا دەگونجێت و تەنانەت دەکرێت وەک یەکێک لەبەرهەمەکانی دابنرێت. ئەوەی بەلامی منەوەگرنگەجیابوونەوەی مۆرکەئاینی و مۆرکەکولتوریەکانە.

**عادل باخەوان : بەڵام ئایا دەتوانین لەهەمانکاتدا باس لەکردەی پێچەوانەبکەین، واتەبەئیسلامیکردنی ڕۆژئاوا ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : لەو چرکەیەدا کەمۆرکەئاینی و کولتوریەکان لەیەکتری جیادەبنەوە، ئیتر دیاردەی جیاواز و تایبەتمەند لەدایکدەبن. بۆنموونەخەڵکانێکی زۆر هەن کەواز لەکریستیانیسم دەهێنن و دەبن بەموسوڵمان، هەروەک خەڵکانێکی زۆر هەن کەواز لەئیسلامدێنن و دەبن بەمەسیحی. ئینتیما ئاینیەکانی ئەمڕۆ تەواو داپڕاون لەئینتیما کولتوریەکانەوە. کەسی بەکولتور فەرەنسی دەبێت بەموسوڵمان، وەک چۆن کەسی بەکولتور جەزائیری دەبێت بەمەسیحی. لێرەوەدەکرێت بڵێین لەپەنای بازاڕی کولتورەکاندا بازاڕی ئاینەکانیش هەیە. وەک چۆن لەوێ چەندین کاڵای تایبەت هەیە، لێرەش چەندین کاڵای تایبەت هەیە.

**عادل باخەوان : لەیەکەم کتێبتدا (شکستی ئیسلامی سیاسی) باس لەکۆتایی هاتنی ئیسلامیسم دەکەیت، ئیسلامیسم وەک ئەو پرۆژەسیاسیەی کەلەبیستەکاندا حەسەن بەننا پێشنیاریکرد. نزیکەی دوانزەساڵ دواتر کتێبی (ئیسلامی بەجیهانیکراو) بڵاودەکەیتەوە. لەپێشەکی ئەم کتێبەدا، کاتێک باس لە١١ ی سێپتەمبەر و بن لادن دەکەیت، دەڵێت ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو کاتێک ئێمەتێبینی شکستی ئیسلامی سیاسی دەکەین. واتەلەکاتێکدا زۆربەی ڕۆشنبیرانی فەرەنسی، لەڕوداوی ١١ی سێپتەمبەردا باسیان لەگەڕانەوەی بەهێزی ئیسلامی سیاسی دەکرد، تۆ بەهێزتر باست لەشکستی ئەو ئیسلامەدەکرد. ئەم تێزەت لەکوێوەسەرهەڵدەدات ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بێگوومان من دوو شت لەیەک جیادەکەمەوە، ئیسلام وەک ئاین و ئیسلامیسم وەک پرۆژەیەکی ئایدۆلۆژی. ئەو شکستەی کەمن باسی دەکەم شکستی ئیسلام نیە، بەڵکو شکستی ئیسلامیسمەوەک ئایدۆلۆژیا. بەڵێ دیسان دەڵێم ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی مرد و کۆتایی پێهات.

**عادل باخەوان : مەبەستتەبڵێیت ئەو ئایدۆلۆژیایەی کەلەسەر دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی کاری دەکرد ؟**



ئۆلێڤەر ڕوا : بێگوومان. دروستکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەلەسەر ئەو وێنەیەی کەئیسلامی سیاسی بەدرێژایی مێژووی خۆی پێشنیاری کردبوو. ئابوری ئیسلامی، ئەدەبی ئیسلامی، وەرزشی ئیسلامی، هتد. ئەمەشکستی هێنا. ئێمەبا لەدوو ئەزموونی ئیسلامی وردببینەوە، تالیبان لەئەفغانستان و کۆماری ئیسلامی ئێران. لەم دوو ئەزموونەدا ئیسلام تەنها دوو گووتارە: گووتاری جێبەجێکردنی شەریعەت و گووتاری ئەنتی-ئیمپریالیست. بێگوومان ئەمەی دووەمیان زیاتر لەگووتاری چەپەکانی جیهانەوەنزیکترەتا هەر شتێکی دیکە، وەک ئەوەی ئیسلامیستەکان باشترین میراتگری چەپەکانی جیهانبن. هەروا بەخۆڕایی نیەکەبەشێک لەئێرانیەکان شاڤێز دەکەن بەسەرچاوەی ململانێ نەک موسوڵمانێکی ناوچەکە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەستبەوەدەکەن کەئەوان ئەوەندەی لەچەپەکانی جیهان نزیکن، نیو ئەوەندەلەبزووتنەوەنێۆ-فۆنداامۆنتالیستەسوونیەکان نزیکنین. لێرەوەدەڵێم، بەڵێ کۆنسێپتی ئیسلامیسم ئەمڕۆ هەرەسی هێناوە. ئەوەی لەم پرۆژەیەماوەتەوە، گووتاری شەریعەتە. واتەجێبەجێکردنی شەریعەت لەکۆدەشەخسیەکاندا.

**عادل باخەوان : ئایا ئەم شکستەلەسەر ئاستی ئەنتەرناسیۆنال دەبینیت ؟ واتەشکستێکی گشتگیرانەیە؟ یان تایبەتەبەناوچەیەکەوە؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بێگومان لەسەر ئاستی جیهان. ئەمەزیاتر لەشکستی پرۆژەی کۆمۆنیسم لەسەر ئاستی جیهان دەچێت. وەک چۆن کۆمۆنیسم نەیتوانی ببێت بەبەدیلی کەپیتالیسمی ڕۆژئاوایی، ئاواش ئیسلامیسم نەیتوانی ببێت بەو بەدیلە. ئەو ئیسلامەی کەئێستا لەتورکیادا کاردەکات نەک هەر بەدیل نیەبەڵکو بەشێکەلەپرۆژەی کەپیتالیسمی ڕۆژئاوایی.

**عادل باخەوان : جەنابت جیهانی دوای شکست ناودەنێت پۆست-ئیسلامیسم. هەروەها پێتوایەکەئەم جیهانەلەدوو ئەکتەری گەورەپێکهاتووە، ئەکتەری یەکەم ناودەنێت ئیسلامۆ-ناسیۆنالیسم، ئەکتەری دووەمیش ناودەنێت نێۆ-فۆندامۆنتالیسمی ئیسلامیست. باشەدەکرێت پێمانبڵێیت کاراکتەریستیکەکانی ئەکتەری دووەم کامەنەن؟ چۆن شووناى ئەم ئەکتەرەدەستنیشاندەکەیت ؟ لەکوێدا دەردەکەوێت؟**



ئۆلیڤەر ڕوا : کردەکانی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان لەئایدۆلۆژیاوەسەرچاوەناگرن، بەڵکو لەنۆرم و کۆدەشەخسیەکانەوە. واتەلەشەریعەتەوە. ئەو موسوڵمانانەش کەلەدەرەوەی وڵاتەئیسلامیەکاندا دەژین و کەمینەی وڵاتەئەوروپیەکانن، لەخۆیان دەپرسن : بەچ شێوەیەک شەریعەت جێبەجێبکەن بەبێئەوەی گرفت و سەرئێشەیان بۆ دروستبکات. نێۆ-فۆندامۆنتالیسم لەسەر نۆرمەکان خۆی بینادەکات نەک لەسەر پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان. بۆنموونەکاتێک کتێبەکەی شێخ (ئەلجەزائیری) دەخوێنینەوە، (دەنگی ئیسلام)، کەکتێبی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکانە، دەبینین ئەو هەموو تێکستەکەی لەسەر نۆرمەکان دامەزراندوە. واتەباس لەکۆمەڵگەیەکدەکات کەلەهیچ جێگایەکی ئەم جیهانەدا بوونی نیە. بۆنموونەلەو کتێبەدا بەشێکی تەرخانکردوەبۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: (چۆن موسوڵمان لەگەڵ کۆیلەکەیدا دەبێت مامەڵەبکات ؟). بێگوومان لەکتێبەکانی خومەینی و حەسەن بەننا و سەید قوتبدا هەرگیز شتیوا ناخوێنینەوە. ئەمەئەو ئیسلامەنۆرماتیڤەیەکەهەموو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا پچڕاندووە. ئیسلامیسم بەپێچەوانەوە، هەموو تواناکی خۆی مۆبیلیزەکردبوو بۆ کارکردن لەسەر پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان کەسەرچاوەی هەموو فیکرێکی سیاسین. نێو-فۆندامۆنتالیسم بەپێچەوانەوە، تەواو لەدەرەوەی سیاسەتدا کاردەکات.

**عادل باخەوان : کێن ئەو بزووتنەوانەی کەجەنابت دەیانخەیتەنێو چوارچێوەی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەوە؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بزووتنەوەسەلەفیەکان، هەروەها بزووتنەوەی تەبلیغ، تالیبان و هەموو ئەوانەی وەک ئەمانەوان.

**عادل باخەوان : پێتوایەتالیبانیش لەدەرەوەسیاسەت کاریاندەکرد؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بەڵێ.

**عادل باخەوان : بەڵام تالیبان دەوڵەتێکیان دروستکرد لەئەفغانستان ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : نەخێر. ئەوان هەرگیز دەوڵەتیان دروستنەکرد، بەڵکو دەسەڵاتیان گرتەدەست. مەلا عومەر لەهەموو ژیانیدا دانیشتنێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی نەبردووەبەڕێوە. تالیبان تەنها دوو وەزارەتی گرنگیان هەبوو. یەکەمیان وەزارەتی مالی و دوەمیشیان وەزارەتی فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە. ئەوان هەرگیز بیریان لەپرسیاری یاساکانی گومرگ و سنوری دەوڵەت و هتد، نەدەکردەوە، ئەسڵەن ئەوەهەر گرفتی ئەوان نەبوو، تابیری لێبکەنەوە.

**عادل باخەوان : ئایا ئوسامەبن لادنیش دەخەیتەهەمان چوارچێوەوە؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بێگومان. بن لادن هەرگیز بیری لەدروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نەکردوەتەوە. لەهەموو گووتارەکانیدا تەنها سێ جار وشەی دەوڵەتی درکاندووە. ئەو پیاوێکی تەواو بێسنورە. نێۆ-فۆندامۆنتالیستی پلەیەکە. ئەو خەلیفەیەی کە ئەمڕۆبن لادن باسی دەکات، هەرگیز ئەو خەلیفەیەنیەکەلەمێژووی ئیسلامداو لەنێو چوارچێوەیەکی جوگرافیدا هەبووە. بەڵکو خەلیفەیەکی بێ-سنورە. واتەخەلیفەیەکی دامەزراوەلەسەر یوتۆپیا نەک پرۆژەیەکی سیاسی. تەنانەت ئەو کاتەش کەلەئەفغانستان بنکەی سەربازی هەبوو، فەرمانیدابوو بەموجاهیدەکانی کەدەستنەخەنە کاروباری تالیبانەوە. ئەم پیاوەهەرگیز نەیویستووەدەوڵەتێکی ئیسلامی لەجێگایەکی سەرزەویدا دروستبکات. ئەمەپرۆژەی ئەو نەبووە.

**عادل باخەوان : بەم دواییانەکتێبێکت لەسەر لایسیتیێ (**تێبینی: لایسیتیێ بریتینیەلەسکولاریزاسیۆن، بەداخەوەلەدونیای عەرەبی و کوردیدا هەردوو کۆنسێپتەکەیان بەعەلمانیەت تەرجەمەکردوە، بێگوومان ئەمەش هەڵەیە. خوێنەر ڕەوانەی کتێبی ئیسلام و ڕۆژئاوا دەکەم. لەو کتێبەدا بەدرێژیی ئەم دوو کۆنسێپتەم باسکردوەو ئێستا کاتی ئەوەنیە. ع.ب**) و ئیسلام بڵاوکردەوە. دواتر بەشێک لەتوێژەرانی دونیای ئیسلام هاتن و باسیان لەئیمکانیەتی بیناکردنی لایسیتێیەکی ئیسلامی کرد ؟ جەنابت لەم بارەیەوەچۆن بیردەکەیتەوە؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : من پێموایەئێمەلەهیچ کاتێکدا لایسیتێیەکی مەسیحی، یەهودی یان ئیسلامیمان نەبووەو ناشبێت. بێگوومان ئێمەبەدرێژایی مێژوو دەکرێت چەندین فۆری لایسیتیێ بدۆزینەوە. بەڵام بڵێین ئاینێک لاییکە، یان لایسیتێی ئاینێک، باوەڕم بەوەنیە. لەهەمانکاتدا من پێموایەنێۆ-فۆندامۆنتالیسمی ئیسلامی لەئێستادا شێوەیەکی بەرچاوی گرنگەلەشێوەکانی لایسیتیێ.

**عادل باخەوان : چۆن ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : چوونکە ئیسلامی نێۆ-فۆندامۆنتالیستەکان هیچ گرنگیەک نادات بەپانتاییەگشتیەکان. ئەوەی بۆ ئەم ئیسلامەگرنگەبیناکردنی کۆمینۆتێیەکی ئیماندارەلەسەر نۆرمەکانی شەریعەت نەک لەسەر پرۆژەیەکی سیاسی.

**عادل باخەوان : بەڵام میسۆ ڕوا، پێتوانیەدەرکەوتنی ژنەسەرپۆشبەسەرەکان و پیاوەڕیشدارەکان لەپانتاییەگشتیەکاندا، خۆی لەخۆیدا دروستکردنی پرسیارەلەسەر دەسەڵاتی لایسیتێ لەنێو ئەو پانتایەگشتیانەدا؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : نەخێر. گرفتەکەلەوەدایەکەئێمەلەفەرەنسادا تەماویانەدەڕوانینەکۆنسێپتی لایسیتێ. فەرەنسیەکان دو وشت تێکەڵدەکەن. لایسیتێ وەک یاسا و لایسیتێ وەک ئایدۆلۆژیا. لایسیتێ وەک یاسا هەرگیز ئاینی لەپانتاییەگشتیەکان دورنەخستووەتەوە. ئەوەهەڵەیەکی کوشندەیەکەئەمڕۆ فەرەنسیەکان پێیانوایەیاسا بەم شێوەیەلەگەڵ ئایندا مامەڵەی کردوە. هەموو ئەوەی لایسیتێی یاسایی دەیکات ڕێکخستنی پەیوەندی ئاینەبەپانتاییەگشتیەکانەوە، ڕێکخستن نەک دوورخستنەوە. یاسای ١٩٠٥ ڕێگاناگرێت لەپیاوێکی ئاینی بەجلەئاینیەکانیەوەلەنێو پانتاییەگشتیەکاندا دەرکەوێت. هەروەک ڕێگا لەدەرکەوتنی کچێکی سەرپۆشبەسەر ناگرێت. یاسای ساڵی ١٩٠٥ دەڵێت کەسیاسەت دەتوانێت دەرکەوتنەکان ڕێکبخات. بۆنموونە، سەرۆکی شارەوانی بۆی هەیەزەنگلێدانی کەنیسەڕێکبخات. بەڵام سەرۆکی شارەوانی هەرگیز مافی ئەوەی نیەزەنگلێدانەکەقەدەغەبکات، یان نەهێڵێت قەشەیەک لەپانتاییەگشتیەکاندا دەربکەوێت. دەمەوێت بڵێم، دەرکەوتنی ژنەسەرپۆش بەسەرەکان و برا موسوڵمانەڕیشدارەکان بەهیچ شێوەیەک پێچەوانەی لایسیستێی یاسایی نیە. بەڵام ئەم دەرکەوتنەبەتووندی گرفت بۆ لایسیتێی ئایدۆلۆژی دروستدەکات. ئەم لایسیتێیەپێیوایەکەئاین دەبێت لەمەیدانەشەخسیەکاندا قەتیسبکرێت. بەڵام یاسای ساڵی ١٩٠٥، کەلایسیتێی یاسایی لەفەرەنسا لەسەر دامەزراوە، هەرگیز ئەمەی نەگووتوە. دادگاکانی جمهوریەتی فەرەنیش لەسەر ئەم پرانسیپەبەڕوونی دەدوێن. کاتێک هەندێک کەس ویستیان پەنا بۆ دادگاکان بەرن بۆ ئەوەی سەرپۆش لەپانتاییەگشتیەکاندا قەدەغەبکەن، دادگاکان گووتیان لەلایسیتێی فەرەنسیدا یاسایەک نیەدەرکەوتنی شتەئاینیەکان لەپانتاییەگشتیەکاندا قەدەغەبکات. ئەوان ئەوەیان رەفزکرد کەسەرپۆش قەدەغەبکەن. ئەوەی کەئێستا دەیەوێت دەرکەوتنی شتەئاینیەکان قەدەغەبکات پێویستی بەیاسای تازەهەیە. واتەفینۆمێنەکەشتێکی تازەیەو نەلکاوەبەمێژووی لایسیتێی یاسایی فەرەنسیەوە. واتەئەوەی هەیەڕاڤەکردنێکی ئایدۆلۆژیانەی یاسای ساڵی ١٩٠٥ نەک شتێکی دیکە.

**عادل باخەوان : لەدوا کتێبتدا جیاوازیەکی زانستیانەی جوانت لەنێوان هەردوو کۆنسێپتی لایسیتێ و سکولاریزاسیۆندا دروستکردووە. ئایا پێتوایەبۆ ئەوەی دەوڵەتێک بگاتەقۆناغی لایسیتێ دەبێت بەسکولاریزاسیۆندا تێپەڕێت ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : دەزانیت ئەمەپرسیارێکی ئاسان نیە. ئەم مەسەلەیەزۆر ئاڵۆزە، چوونکەکۆمینۆتێکانی ئیمان لەئەمڕۆدا هەوڵنادەن پەلاماری پانتاییەگشتیەکان

بدەن، بەڵکو هەوڵدەدەن ئۆتۆنۆمی خۆیان بەدەستبهێنن. لەکاتێکدا ئێمەدەزانین کەلایسیتیێ دەرەنجامی ململانێی نێوان ئاین و دەوڵەتە. کەئاین نەیەوێت پەلاماری دەوڵەت بدات ئیتر لایسیتیێ دەبێت چ ئەرزشێکی هەبێت ؟ ئێمەدەبینین کەئەم کۆمینۆتێپانە هەموو ئەوەی دەیانەوێت ئۆتۆنۆمیەنەک ململانێ لەگەڵ دەوڵەتدا. ئێمەدەوڵەتمان هەیەکەلەسەر لایسیتیێ دامەزراوە، بەبێ ئەوەی پانتاییەگشتیەکانی لەسەر سکولاریزاسیۆن بیناکردبێت، بۆنموونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەم وڵاتەدا کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی سکولاریست نیە. لەئەمەریکادا دەستوور تەواو لایکە، بەڵام هەرگیز ناتوانیت کەندیدایەکت هەبیت کەبڵێت باوەڕم بەخودا نیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین لەئەمەریکادا وەک چۆن دەستوورێکی لایک هەیەئاواش کۆمەڵگەیەکی ئاینی هەیەو پێکەوەدەژین. بەڵام لەبەریتانیا تەواو بەپێچەوانەوە، دەوڵەت کەنیسەی ڕەسمی هەیە، واتەدەوڵەت لایک نیە، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەتەواو سکولاریستە. فەرەنسا بەپێچەوانەی هەردوو لاوەیە، واتەلێرەلەیەککاتدا دەوڵەت لایکەو کۆمەڵگەش سکولاریست. دەمەوێت بڵێم پەیوەندی میکانیکی لەنێوان سکولاریسم و لایسیتێدا نیە. سەیری ئێران بکە، ئەوەی ئێستا سروش دەیەوێت، دەوڵەتێکی لایک و کۆمەڵگەیەکی ئاینیە، وەک ئەوەی لەئەمەریکادا هەیە.

**عادل باخەوان : گومانت لەوەهەیەکەلەتورکیادا دەوڵەتێکی لایک و کۆمەڵگەیەکی ئاینی هەبێت ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : ناتوانم بڵێم کۆمەڵگەی تورکی کۆمەڵگەیەکی ئاینیە. تورکیا پارێزگاری لەئیسلامکردووەزیاتر وەک کولتورێک نەک وەک ئاینێک. لەتورکیادا دەتوانیت بڵێیت من وەک کولتور موسوڵمانم بەڵام وەک ئیمان مولحیدم.

**عادل باخەوان : پێمباشە، پێش ئەوەی کاتی دەرچوونی ڤیتارەکەمان نزیکببێتەوە، مەلەفی تێرۆریسم و زەبروزەنگی سیاسیشت لەگەڵدا بکەمەوە. ئایا جەنابت لەفووتابخانەفیکریەکەی خۆتدا ڕێگا بەخۆت دەدەیت باس لەتێرۆریسمی ئیسلامی بکەیت ؟ هەروەها ئێوەچۆن لەم فێنۆمێنەدەگەن ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : پێشەهەمووشتێک ئێمەیەک پێناسەی تێرۆریسممانیە، بەڵکو چەندین. ئێمەدەتوانین لەسەر ئاستی یاسا پێناسەی بکەین و بڵێین هەموو هێرشێکی فیزیک دژ بەمەدەنی بێگووناە. بەڵام ئەم پێناسەیاساییەتەواو بێمانایەگەر نەخرێتەنێو کۆنتێکستەسیاسیەکانەوە. لەنێو کۆنتێکستەسیاسیەکاندا ئێمەتێرۆریسمێکمان هەیەکەکەرەسی ڕێگاپێنەدروا بەکار دەهێنێت بۆ ئامانجێک کەدەکرێت پەسەندبێت،، واتەکەرەسەی خراپ بۆ ئامانجی باش. لێرەدا دەتوانین ئاماژەبەتێرۆریسمی ئیرلەندی و فەلەستینی بدەین. واتەئامانجی ئەم تێرۆریستانەدەکرێت دانوستانی لەسەربکرێت. لەهەمانکاتدا ئێمەتێرۆریسمێکی دیکەمان هەیەکەهەموو جۆرەکانی دانوستان ڕەددەکاتەوە. لێرەدا تێرۆریسم خۆی دەبێت بەکەرەسەو ئامانج. باشترین نموونەش بن لادنە. ئەو دانوستان ناکات، چوونکەهەر لەواقیعدا هیچشتێک لەئارادانیەبۆ دانووستان. لێرەوەپێموایەئێمەدەبێت جیاکاریەک بکەین لەنێوان پێناسەیاسایەکانی تێرۆریسم لەلایەک و پێناسەسیاسیەکانیشی لەلایەکی دیکەوە.

لەسەر تێرۆریسمی ئیسلامی. من پێموایەتێرۆریسمی ئیسلامی بوونی نیە. ئەوەی هەیەچەند بزووتنەوەیەکی ئیسلامیەکەتێرۆریسم بەکاردەهێنێن. واتەشتێکی جەوهەریمان نیەبەناوی تێرۆریسمی ئیسلامی. ئیسلام لەخۆیدا تێرۆریست نیە. ئەو تیکنیکانەی کەتێرۆریستەکان بەکاری دەهێنن، کردەی خودکوژی، بۆمب تەقاندنەوە، ئۆتۆمۆبیلی بۆمپڕێژکراو، هەموو ئەمانەلەلایەن هەموو تێرۆریستانەوەبەکارهاتوون و هیچی تایبەتنیەبەئیسلام.

**عادل باخەوان : جەنابت وەک زانایەک ڕێگا بەخۆت دەدەیت‌باس لەتێرۆریسمی دەوڵەت بکەیت ؟ دەتوانیت سیفەتی تێرۆریست بدەیتەپاڵ دەوڵەتێک ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : من بەڕاستی زۆر بەحەزەرەوەلەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا مامەڵەدەکەم. ئێمەلەڕووی یاساییەوەشتێکمان هەیەکەپێیدەگوترێت تاوان دژی بەشەریەت، یان تاوانی جەنگ. ئەم کۆنسێپتانەبەسن بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی پێ تاوانباربکرێت. ڕاستیەکەی من بەتووندی کۆنسێپتی تێرۆریسمی دەوڵەت ڕەددەکەمەوەو ناپخەمەنێو چوارچێوەکانمەوە. دەکرێت ئەم کۆنسێپتەوەک دیعایە بەکاربهێنرێت، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی یاساییەوەنادروستە، یاسا دەکرێت باس لەجینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوان دژی بەشەریەت بکات. پێموایەبەرژەوەندیمان لەوەدانیەکەشتەکان لەیاسا ئاڵۆزبکەین و بەدروستکردنی کاتیگۆری نوێ جیهانیبوونی یاساکان تێکبدەین.

**عادل باخەوان : ڕێگام پێبدەلێتبپرسم، جەنابت چۆن لەئەنفال دەڕوانیت ؟ وەک جینۆساید یان وەک تێرۆریسم ؟ یان وەک تاوان دژی بەشەریەت ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : من پێموایەئەنفال نەجینۆسایدە، نەتێرۆریسم، بەڵکو تاوانەدژی بەشەریەت. ئێمەنابێت هەموو کوشتنێکی بەکۆمەڵ بەجینۆساید دابنێین. نەفەرەنسیەکان لەجەزائیر و نەئەمەریکەیەکان لەڤێتنام جینۆسایدیان ئەنجام نەداوە. من تەنانەت کوشتنی بەکۆمەڵی ئەرمینیەکانیش بەجینۆساید نازانم.

**عادل باخەوان : تەنانەت جینۆسایدی ئەرمینیەکانیش ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بەڵێ. جینۆساید ئەوەبوو کەهیتلەر دژ بەجوولەکەکردی. لەکاتێکدا کەنازیەکان پیاوەکانیان بەهەموو دونیادا بڵاودەکردەوەبۆ قەڵاچۆکردنی جوولەکەلەهەرکوێیەکبێت، تورکەکان کەسیان نەنارد بۆ ئەوەی ئەرمینیەکانی لوبنان لەناوبەرن. واتەنازیەکان دەیانوسیت سەرزەوی لەهەموو جوولەکەپاکبکەنەوە، بەڵام تورکەکان ئەو خواستەیان نەبوو. ئەمەدوو شتی لەیەک جیاوازە. لێرەوەمن پێموایەئەنفال تاوانەدژی بەشەریەت نەک شتێکی دیکەو دەبێت بەئارەزووی خۆمان کۆنسێپتەکان بەکارنەهێنین و یاریان پێنەکەین.

**عادل باخەوان : دەزانم جەنابت بەشێکی گرنگی ژیانی تووێژینەوەت لەنێوان ئەمەریکاو فەرەنسادا بەسەردەبەیت و ئەو شوێنەگرنگانەی کەبڕیارەچارەنووسسازەکانی سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تیادادەدرێت بەردەوام دەگەڕێنەوەلات و پرس و ڕات پێدەکەن. ئێوەشانۆی عێراقی چۆن دەبینن ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : من پێموایەبەشێکی گرنگ لەعێراق بەرەو جەنگی ناوخۆ ملدەنێت و بەشێکی دیکەی کەکوردوستانەبەرەوەسەربەخۆیی تەواو. عێراق وەک دەوڵەتێکی سەنتراڵ مرد و کۆتایی پێهات.

**عادل باخەوان : باشەجەنابت پشت بەچ ئەرگیومۆنتێک دەبەستیت کەدەڵێیت کوردوستان دەبێت بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : کوردوستان ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. واقیعەکەخۆی وایە. ڕاستەلەڕوبی یاساییەوەسەربەخۆنیە، بەڵام لەسەر ئاستی واقیع سەربەخۆیە. زمانی عەرەبی تەواو کەنارگیرکراوە، سنورەکان دەستنیشانکراون، عەرەبێکی عێراقی لەکوردوستان وەک هاوڵاتی تەماشاناکرێت. لەڕوی سەربازی و ئیداری و تەنانەت کولتوریشەوەکوردوستان سەربەخۆیە. کوردوستان تەواو.

**عادل باخەوان : کەمنین ئەو توێژەرو سیاسیانەی کەپێیانوایەکوردوستانێکی سەربەخۆی توانای ژیانی نیە!**

ئۆلیڤەر ڕوا : نا. من پێموایەئەو سەردەمەکۆتایی پێهات. کەس ناتوانێت ڕێگا لەدروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بگرێت. لەجیهانی ئەمڕۆدا، کوردوستانێکی سەربەخۆ بەتەنها کیانێکی جوگرافی نابێت، بەڵکو کیانێکی ئابوریشدەبێت. کیانێک کەتەنانەت دەوڵەتەکانی ناوچەکەش پێویستیان پێیدەبێت و بوونی دەبێتەگەرەنتیەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەوان.

**عادل باخەوان : چۆن ئێوەهەڵوێستی ڕەسمی ئیدارەی ئەمەریکی دەخوێننەوە؟ هەڵوێستێک کەتەواو دژەبەدروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : من پێموانیەهەرگیز ئەمەریکیەکان پەلاماری کوردوستان نادەن لەبەرئەوەی کە ڕۆژێک لەڕۆژان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن. ئەمەریکیەکان سوپا ڕەوانەی هەولێر ناکەن چوونکەدەبێت بەپایەتختی کوردوستانێکی سەربەخۆ.

**عادل باخەوان : ڕاستەئەمەریکا ڕاستەوخۆ سووپا نانێرێت بۆ داگیرکردنی هەولێر، بەڵام ئەی تورکیا ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : تورکیاش سوپا نانێرێت.

**عادل باخەوان : لەبەرچی ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : ڕاستەئەمڕۆ تورکیا بەشێوەیەکی میدیاتیک دژایەتی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەکات. بەڵام کەئەم دەوڵەتەلەڕووی یاساییەوەدروستبوو، ئەو کاتەهەوڵدەدات بیکات بەدۆستی خۆی دژی پارتی کرێکارانی کوردوستانی تورکیا (پ.ك.ك). ئەم دەوڵەتەنوێیەدەبێتەباشترین گەرەنتی بۆ ئەو لەناوبردنی دوژمنی هەرەسەرەکی تورکیا کە(پ.ك.ك)یە. ئەمەئەو ستراتیژیەتەدوورەیەکەتوورکەکان کاری بۆدەکەن. هەروەها کوردوستانیش پێویستی بەهاوپەیمانی دەرەکی هەیە. لێرەدا تورکیا دەڵێت باشەو دەرگا کراوەیە. دەبینیت بەرژەوەندیەکانی هەردوولا بەم شێوەیەتێکەڵ بەیەکتر دەبن.

**عادل باخەوان : ئەی عێراقی عەرەبی چۆن دەبینیت ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : پێموایەبارودۆخی عێراقی عەرەبی جیاوازە. نەدەوڵەتێکی شیعی، نەسوونني، عێراقی عەرەبی دەبێت بەدەوڵەتێکی پێکهاتوو لەهەردووکیان. دەوڵەتێک کەدەبێت بەمەیدانی یاریکردنی هەموو هێزەناوچەیی و جیهانیەکان لەبیست ساڵی داهاتوودا.

**عادل باخەوان : ئایا ئەمەریکیەکان عێراق بەجێدەهێڵن ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بێگوومان.

**عادل باخەوان : لەسەر چ بنەمایەک ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : لەسەر پرانسیپی نیۆ-کۆنسێرڤاتۆرەکان. ئەوان ویستیان پەلاماری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستبدەن نەک بۆ ئەوەی دەست بەسەر پترۆڵدا بگرن، بەڵکو بۆ ئەوەی کۆتایی بەتێرۆریسم بێنن. هەموو ئەوەی کەمارکسی و ئیسلامیەکان لەسەر ئامادەیی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیڵێن ڕاستنیە.

**عادل باخەوان : کەواتەپرۆژەکەی ئەوان لەم ناوچەیەدا چی بوو ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : هەموو ئەوەی ئەوان ویستیان دروستکردنی عێراقی نموونەیی بوو، عێراقی ئازادی و دێموکراسی، بۆ ئەوەی ببێت بەنموونەیەکی کۆنکرێتی بۆ هەموو دەوڵەتەگەندەڵ و نادیموکراتەکانی ناوچەکە. نیۆ-کۆنسێرڤاتۆرەکان پێیانوابوو ئەم دەوڵەتەدەبێت بەشۆک لەناوچەکەداو هەرلەگەڵ دروستبوونیدا گەلانی ناوچەکەدەیکەن بەئیدیال و دەرەنجام دەوڵەتەنا دێموکراتەکانی ناوچەکەیەک لەدوای یەک دەکەون و تێرۆریسم کۆتایی پێدێت. واتەڕۆژهەڵاتێکی دێموکراتیزەکراو، دەبێت بەناوچەیەکی دژەتێرۆریست.

**عادل باخەوان : پێتوایەئەم پرۆژەیەشکستی هێنا ؟**

ئۆلیڤەر ڕوا : بێگوومان. ئەوەش لەبەر هۆیەکی سادە. ئەمەریکیەکان تێنەگەشتن لەوەی کەدیموکراسی بەبێ شەرعیەتی سیاسی دروستنابێت. شەرعیەتی سیاسیش لەسەر دو وشت دادەمەزرێت، یەکەمیان کەتەواو گرنگەبریتیەلەناسیۆنالیسم، دووەمیشیان کولتور. ئەمەریکیەکان هەر لەسەرەتاوەنەیانویست لەگەڵ ناسیۆنالیستەکاندا مامەڵەبکەن. بۆنموونەئەوان لەفەلەستین کەسێکیاندەوێت کەهیچ خەونێکی ناسیۆنالیستی نەبێت، هەروەها عێراقیەکیان دەوێت کەهەرگیز باس لەناسیۆنالیسم نەکات. ئەمەش پەیوەندی بەکولتوری ئەمەریکی خۆیەوەهەیە. لەنێو ئەم کولتورەدا ناسیۆنالیسم وێنەیەکی خراپی هەیە. ئەوان هەرگیز خۆیان وەک ناسیۆنالیست پێشنیار ناکەن، بەڵکو وەک نیشتمانپەروەر.

**عادل باخەوان : میسیۆ ڕوا، سوپاست دەکەم بۆ ئەم دیالۆگە.**

ئۆلیڤەر ڕوا : منیش هەروەها سوپاسی ئێوەدەکەم.

# دیالۆگ لەگەڵ پیەر ژان لویزار دا



زیاتر لە چەند مانگێکە سەرگەرمی دیالۆگێکی زیندوم لەگەڵ کێڵگەی ئەکادیمی و زانستیی فەرەنسیدا. لە فەرەنسای ئێستادا دوو چین ئەکتەر لە نێو ئەم کێڵگەدان، چینێکیان مەعریفە و زانست بەرهەم دەهێنێت و چینێکی دیکەش ئەم مەعریفەو زانستە دابەشدەکات بەسەر خوێندکارانی زانکۆکاندا. بێگومان ئەمەی دواییان بەلای ئێمەوە گرنگ نیە و لە کوردوستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەیان زۆرە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە چینی یەکەمە. دیالۆگی ئێمە لەگەڵ ئالان تورێن و میشێل ڤیڤیۆرکا و ئۆلیڤەر ڕوادا هەر لەم دیدگایەوە بوو.

من پێموایە لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی بە چەند گۆڕانێکی ناسک و مێژوویدا تێدەپەڕێت. ئەم گۆڕانە لەسەر هەموو ئاستەکانە و لە خوارەوە دەستی پێکردووە. من ئەم پرۆسەیە ناودەنێم کردەی دیموکراتیزاسیۆن لە خوارەوە. بۆ تێگەشتن لە هەموو ئەم گۆڕانکارایانە و بۆ تێگەشتن لە دونیای دەوروبەرمان پێویستمان بە دروستکردنی مەسافەیەکە لە نێوان خۆمان و گوتارە کلاسیکیەکانی نێو کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردیدا کە زیاتر یان گوتاری ڕۆشنبیری نێگەتیڤە تان پۆزێتیف. ڕۆشنبیری نێگەتیڤ لە کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسێکە هەموو دونیای کورد ڕەش دەبینێت و تەنها زمانی نەفیکردن دەزانێت. بۆ ئەم تیپە لە ڕۆشنبیر، پارتی و یەکێتی و ئیسلامی سیاسی، مەیدانی توێژینەوە نین و نایەوێت مەعریفەیەکی زانستیان لەسەر بەرهەم

بێنێت، بەڵکو ئەمانە چەند پانتاییەکن بۆ هێرش و ڕەخنەی هەتککەر. ڕۆشنبیری پۆزیتیڤیش هەموو ئەو ئەکتەرانەن کە جگە لە گۆرانی وتن و سەماکردن بۆ پارتی و یەکێتی وئیسلامی سیاسی، هیچ شتێکی دیکە نازانن و دوو پیتی بەکەڵکمان بۆ بەرهەم ناهێنن. من پێموایە حیزب و دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکانی ئێمە مەیدانین ڕەخنە و سەمابۆکردن نین، بەڵکو کەرەسەی توێژینەوەن بە ئامانجی بەرهەمهێنانی زانست لەسەریان وەک ئەوەی هەن نەک وەک ئەوەی دەبێت هەبن. من پێموایە ئەرکی توێژەری زانستی بریتینیە لە سەمابۆکردنی ڕۆشنبیری پۆزەتیڤ و ڕەخنەی هەتککاری ڕۆشنبیری نێگەتیڤ، بەڵکو بریتیە لە دورکەوتنەوە لە هەموو حوکمە ئەخلاقیەکان و بەرهەمهێنانی زانستێکی ئۆبژێکتیڤانەیە لەسەر شتەکان. بەداخەوە، تائێستاش کێڵگەی ڕۆشنبیریی ئێمە تەنها بەم دوو تیپە لە ڕۆشنبیر ئاشنایە. لێرەوە ئێمە دەڵێین : زۆر گرنگە مەسافەیەک لەنێوان خۆمان و ئەم دوو تیپەدا دروستبکەین و هەوڵبدەین کردە زانستیەکانمان بەو ئاڕاستەیەدا بەرین کە ئاماژەمان پێدا. ئەم دیالۆگانەش هەر لەم چوارچێوەیەدایە. واتە پێشنیارکردنی جۆرێکەی دیکەیە لە خوێندنەوەو بینی شتەکان.

دەمەوێت لەهەمان کاتدا خوێنەر ئاگاداربکەمەوە لەوەی کە دیالۆگی من لەگەڵ ئەم زانایانەدا هەروا ئاسان نیە. بەڵکو بە چەند قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێت. هەر لە پەیوەندیکردن پێیانەوە تا دانوستان لەسەر بابەتەکانی گوفتوگۆو تا شوێنی گوفتوگۆو تا دەیان شتی دیکەش کە جاری واهەیە هەفتەیەکی ڕێک لە کاتمان دەبات. هەفتەیەک لە کات بۆ کەسێکی وەک من کە سەرگەرمی ئامادەکردنی نامەی دوکتۆرام، سەرگەرمی خوێندنەوەو نوسین و پرۆژە تایبەتیەکانی خۆمم، سەرگەرمی کارکردنم وەک پەروەردەکار لە سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی فەرەنسیدا، تەواو گرانە. پرسیارەکە ئەوەیە تا کوێ دەتوانم لەم کارەدا بەردەوام بم ؟

دیالۆگی ئەم مانگەم لەگەڵ پرۆفێسۆر پیەر ژان لویزارە کە یەکێکە لەو پرۆفێسۆرە هەرە تایبەتمەندانەی کە لەسەر عێراق ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵە کاردەکات. لویزار پرۆفێسۆرە لە قوتابخانەی نۆرماڵی باڵا و توێژەرە لە سەنتەری ناسیۆنال بۆ توێژینەوەی زانستی. کتێبەکانی لەسەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زۆربەی زانکۆ گەورەکانی فەرەنسادا وەک مەنهەج دەوترێنەوە. سەرەتا بەئیمەیل پەیوەندیم پێوەکرد و پرۆژەکەم بۆ باسکرد. لەهەمان ڕۆژدا ئەو پەیوەندی پێوەکردمەوە. پاش هەفتەیەک لە دیالۆگی سەر تەلەفۆن و ئیمەیل، لە CNRS یەکتریمان بینی و لە نێو بیرۆ گەورەکەیداو بەم شێوەیەی خوارەوە کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان کرد بە مەیدانی گوفتوگۆیەکی زیندوو. بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەش کە ویستبویان پەیوەندیم پێوەبکەن بڕیارمدا ئیمەیلەکەمتان بۆ تۆمار بکەم و بە سوپاسەوە پێشوازی لە کاردانەوەکانتان دەکەم و هەموو لایەک دڵنیادەکەمەوە کە ئەگەر وەڵامی هەموو ئیمەیلەکانیشتان نەدەمەوە ئەوە بەلای کەمەوە دەیان خوێنمەوە.

پیەر ژان لویزار : بەڕێزت لەسەر چی کار دەکەیت ؟ لەسەر چی تێزی دوکتۆراکەت ئامادە دەکەیت ؟

**عادل باخەوان : لەسەر بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق؛ بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردوستان، یەکگرتووی**

**ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردوستان، ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە.**

پیەر ژان لویزار : پێموایە مەیدانێکی گرنگە چونکە تا ئێستاش، جگە لە چەند ئەرتیکلێکی کرچ و کاڵ، توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر نەکراوە.

**عادل باخەوان : بێگومان وایە. چ لێرە، لە فەرەنسا و چ لە عێراق، هەموو ئەوەی لەسەر ئەم بزووتنەوانە نووسراوە لە دوو تیپ تێپەڕ نابێت، تیپێک نوسینی دۆستی ئیسلامی سیاسی و تیپێک دوژمن. دۆستەکان هەوڵدەدەن مێژووی ئەم بزووتنەوانە ببەستنەوە بە مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلامەوەو بە درێژەپێدەرەی خەباتی پێغەمبەری ئیسلامی بناسێنن، دوژمەنکانیش هەوڵدەدەن وەک دێوو درنج و ئەژدەها و نامۆو غەوارەو زۆڵێکی بێ ڕەگ و ڕیشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بناسێنن. لەڕاستیدا، ئەم دوو تیپە لە نووسین بەکەڵکی ئێمە نایەن، چونکە ناتوانن گڵۆپێکمان لەسەر واقیع وەک ئەوەی هەیە بۆ داگیرسێنن. من چوارچێوەیەکی دیکەی تیۆریم بۆ تێزی دوکتۆراکەم دیاریکردوە کە بریتیە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو بزووتنەوانە لە پێنج قۆناغی گرنگدا، قۆناغی یەکەم "فۆرماسیۆن" واتە بیناکردنی ئیسلامی سیاسی لە کوردوستان کە دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو، قۆناغی دووەم "مانیفێستاسیۆن" واتە دەرکەوتنی ئەم بزووتنەوانە لە پانتاییە گشتیە کوردیەکاندا (١٩٩١)، قۆناعی سێیەم "کۆنفرۆنتاسیۆن" واتە بەریەککەوتنیان لەگەڵ دەرەوەدا (١٩٩٣)، قۆناغی چوارەم "ناسیۆنالیزاسیۆن" واتە ماڵیکردن و کوردانددنی ئیسلامی سیاسی (١٩٩٤)، قۆناغی پێنجەم (نیۆفۆنداموٚنتالیزاسیۆن) لە دایکبوونی ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سوونە. بە شێوەیەکی گشتی ئەمە ئەو چوارچێوە تیۆریەیە کە تیایدا کاردەکەم.**

پیەر ژان لویزار : بێگومان زۆر ڕاستە، تەنانەت ئێمە لە فەرەنساش تێگەشتین لەوەی کە بەهەڵە لە کورد تێگەشتووین. لە فەرەنسا پێمانوابوو کوردەکان باشترین عێراقین. پێموایە ئەم تێگەشتنە هەڵەیە لە دوو شوێنەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەم لەبەر ئەوەی کورد وەک قوربانی خرابووە سەر شانۆ، بەڕێزتان دەزانن کە فەرەنسیەکان هەمیشە بەلای قوربانی دا دایدەشکێنن و قوربانیەکانیان خۆشدەوێت. دووەمیش لەبەر ئەوەی کورد هەڵگری شوناسێکی ئیتنین و ئەم شووناسەش دەکرێت تێکەڵ بە شووناسی ناسیۆنالی عێراقی ببێت و لە ناویدا بتوێتەوەو ئیتر کورد ببێت بە عێراقیەکی باش. لێرەوە وێنەی کورد بە ئاسانی پێدەنێتە نێو چوارچێوەکانی ئێمەوە. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ باسەکەی بەڕێزتان، ئیسلامیسم تەواو بەپێچەوانەوە، لەدەرەوەی ئەم چوارچێوە فەرەنسیانەدا کاردەکات،. ڕەنگە ئێمە چۆن بەهەڵە لە کوردەکان تێگەشتبووین ئاواش بەهەڵە لە ئیسلامیسم تێبگەین و واقیعەکە وەک ئەوەی هەیە نەبینین. ئێوە دەزانن ئێمەی فەرەنسی هەمان تێگەشتنی هەڵەمان بۆ کابیلیەکانی (قەبائیلیەکان) جەزائیر هەبوو. پێموایە تێزی دوکتۆراکەتان لێرەوە گرنگیەکی تایبەتی دەبێت. ئێمە زۆر جار دەمانەوێت ئەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتیە سیاسیەی کۆمەڵگەی کوردی لە یادبکەین کە

ئیسلامیسمی کوردی تیادا بەرهەم دێت، بەتایبەتی چینی سیاسی فەرەنسی نایەوێت ئەم کۆنتێکستە ببینێت کە تایبەتە بە کۆمەڵگەی کوردی و جیاوازە لە دونیای عەرەب. هەروەها لەبیرمان نەچێت، وەک چۆن لە هەشتاکاندا پێمان وابوو کە سەدام حوسەین بەربەستە لە بەرامبەر گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی سوونە و شیعەدا، ئاواش ئێستا چینی سیاسی ئەوروپی و ئەمەریکی و فەرەنسیش پێوایە کە یەکێتی نیشتمانی کوردوستان و پارتی دیمۆکراتی کوردوستان و بەڕێزان تاڵەبانی و بەرزانی هەمان ڕۆڵ دەبینن و بەربەستن لەبەرامبەر گەشەکردنی ئیسلامیسم لە کوردوستان و عێراق داو وەک چۆن ڕێگادەگرن لە گەورەبوونی ئیسلامی سیاسی کوردی ئاواش ڕێگا لە هەیمەنەی موقتەدا سەدر و هاوشێوەکانی دەگرن. بەڵام ئایا ئەم وێنەیە تا چەند لەگەڵ واقیعدا یەکتری دەگرێتەوە؟ من پێموایە نە پارتی و نە یەکێتی، دوو حیزبی عەلمانی نین و هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئیسلامیسم دا زیاتر کاردانەوەیەکی دیکەی ئاینیانەیە لە بەرامبەر هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی تەنگی پێهەڵچنراوەو سنوردارکراوەو زۆر بەکەمی ڕێگای پێدەدرێت گوزارشت لە خۆی بکات. دوای دابەشکردنی کوردوستان بەسەر حکومەتی سلێمانی و حکومەتی هەولێردا ئیتر سنورەکانی نێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی تێکەڵ بەیەکتر دەبن و گەر تۆ سەر بەیەکێک لەو دوو حیزبە نەبیت ئەستەمە بتوانیت تەنانەت بژیت و کاتێکیش گوزارشت لە خۆت دەکەیت، لەڕاستیدا گوزارشت لە یەکێک لەو دوو حیزبە دەکەیت.

**عادل باخەوان : ئەگەر بەڕێزتان ڕێگام پێبدەن پێمباشە ڕوناکی بخەمە سەر چەند شوێنێکی ئەم ڕاڤەکردنە گرنگ و واقیعیەی جەنابتان. بەپێی هەموو ئەو دەرهاویشتانەی کە من لە بەردەستمدایەو کاتێک لەیەکێیان دەدەم و بەراوردیان دەکەم و پاشان ڕاڤەیان دەکەم، هەمیشە دەگەمە ئەو دەرەنجامەی کە لە ئێستاوە تا ١٠ساڵی داهاتوو، یەکێتی نیاشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان خۆیان هەڵدەوەشێننەوەو پێکەوە حیزبێکی دیکە دروستدەکەن بۆ ڕێگاگرتن لە گەشەکردن و هەیمەنەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا. هەروەها پێم باشە لەسەر ئێستای کوردوستان شتێک بڵێم. ئەوەی بەڕێزتان فەرموتان بێگومان قوڵاییەکی مێژوویی هەیە. ڕاستیەکەی پێش کۆتایی سەدام، کۆمەڵگەی کوردی لە نێو کردەیەکی جەرگبڕدابوو کە من ناوی دەنێم کردەی حیزباندنی کۆمەڵگە (پارتیزانیزاسیۆن)، بەڵام لەپاش ڕوخانی سەدام، ئێمە هەست بە گۆڕانکاری بەرچاوو بەهێز دەکەین. باتەنها نموونە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایتیەکان بێنمەوە، لە ئێستادا سەرەتایەکی باش بۆ پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی خوێندکاری لە ئارادایە، هەروەها بزووتنەوەی ئافرەتان، بزووتنەوەی لاوان، بزووتنەوەی ڕۆشنبیران و هتد. من پێموایە جوڵانەوەی ئەم بزووتنەوانە، بابەشێوەیەکی لاوازیشبێت، بەڵگەیە لەسەر دەستپێکردنی ئەو شتەی کە ناوی دەنێم کردەی دیمۆکراتیزاسیۆن لە خوارەوە. ئەم کردەیە لە دەرەوەی خواستی حیزب کاردەکات و بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆمەڵگەی حیزبی ناچار بە مامەڵە کردوە. من ناڵێم لە کوردستان کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پاریسی هەیە،**

**بەڵام هەلومەرجێکی باش لە ئارادایە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.**

پیەر ژان لویزار : زۆر ڕاستە، لە ئێستای کوردوستان دا پێشکەوتنێکی خێرا لە ئارادایە و بەدواداچوونی کارێکی ئاسان نیە، چونکە زۆر بە پەلە ڕێدەکات. بەڵام لەهەمان کاتدا تراژیدیای ئەم پێشکەوتنە لەوەدایە کە لە هەلومەرجێکەوە سەرچاوەدەگرێت کە توانای مانەوەی نیە و کۆتایی پێدێت. ئەمەیە تراژیدیای ئەم پێشکەوتنەیە.

**عادل باخەوان : مەبەستتان چیە ؟**



پیەر ژان لویزار : بەڕێزتان دەڵێن لە پاش ڕوخانی سەدام حوسەینەوە، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بە چەند بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە لە سەر هەڵداندایە و حیزبە کوردیەکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا دەکەن و کردەی دیموکراتیزاسیۆن لە خوارەوە دەستی پێکردووە. بەڵام تراژیدیای ئەم کۆمەڵگە مەدەنیە لەوەدایە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکا و هەیمەنەی بەهێزی پارتی دیموکراتی کوردوستان و یەکێتی نیشتمانی کوردوستانەوە. ئەم کۆمەڵگە مەدەنیە سنوردارەو لەلایەن ئەو دوو لایەنەوە ( ئەمەریکا و حیزبی کوردی) کار ئاسانی بۆ ناکرێت. کاتێک من لەگەڵ کوردەکان قسەدەکەم پێمدەڵێن (پێکەنین) بەداخەوە کوردستان، لە باکورو باشورو ڕۆژهەڵات و ڕۆئاوەوە، بە خراپەکار چواردەوری گیراوە. بەڕێزتان وەک من دەزانن کوردستان لە کیشوەری ئەمەریکا نیە، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە و لە نێوان عەرەب و تورک و فارس دایە و ئەگەر کوردەکان بیانەوێت بژین، دەبێت لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەی خۆیاندا کۆنترای پێکەوە ژیان ئیمزا بکەن نەک لەگەڵ سەرۆک بۆش دا.

باوەڕبکە من هەرکاتێک بیر لە کوردوستان دەکەمەوە توشی سەرئێشە دەم، چونکە دەزانم پێشکەوتنێکی گرنگ لە کوردستان دا هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەزانم تواناى بەردەوامبوونی نیە.

**عادل باخەوان : ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەکانی ئەم ڕەشبینیەی بەڕێزتان لە نێو دوو پانتاییدا بدۆزینەوە، یەکەمیان پانتایی داگیرکردنی عێراق و درێژنەبوونی تەمەنی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەداو دووەمیشیان هەوڵدانی بەهێز بۆ حیزباندنی کۆمەڵگەی کوردی.**

پیەر ژان لویزار : ئا بێگومان، بێگومان.

**عادل باخەوان : بەڵام پێتان وانیە لەپەنای ئەم دوو ڕەگەزەدا ڕەگەزێکێکی دیکەش کارایی ڕاستەوخۆو بەهێزی بەسەر کردەی پێشکەوتن و هەنگاو بەرەو دیمۆکراتیزاسیۆن لە خوارەوە هەیە، مەبەستم لە ئامادەیی پانتاییەکی ناوخۆو لۆکالی کۆمەڵایتی و سیاسی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری کوردیە کە وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ لەم پرۆسێسیوسەدا کاردەکات.**

پیەر ژان لویزار : بێگومان هاودەنگم لەگەڵتاندا کە ئەم پانتاییە هەیە، بەڵام تراژیدیاکەی لەوەدایە سنوردارەو زۆریش سنوردارە. سنوردارە چونکە ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی بوونی دەدەن کوردوستان تێدەپەڕێنن و ئەو گرەوانەی کە دەکرێت لەسەر ئەم پانتاییە کۆمەڵایەتیە بکرێت پەوەندن بە دەرەوەوە. ئەگەر کوردوستان ئەمڕۆ دەتوانێت بژی، لەبەر ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٩١ دا هێزەکانی دەرەوە دەستیان وەردایە ناوچەکەو پاشان بڕیاری پاراستنی کوردستان یان دا. بەڵام بەداخەوە هەمووومان باش دەزانین کە هێزە گەورە جیهانیەکان دۆستی بەردەوامیان نیە و پێموایە کوردەکان لەهەموو کەس باشتر ئەمە دەزانن و ئەمەریکاش تاسەر لە ناوچەکەدا نامێنێتەوەو ڕۆژی بارکردنی نزیکە. لەهەمانکاتدا هەموو مان دەزانین کە کوردستانی ئێستا خاوەنی پرانسیپێکی بەهێزی ئابوری و سیاسی و سەربازی نیە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆی ڕەگەیەنێت. ئێ خۆ کوردەکان دەبێت لە وڵاتێکدا بژین و ئەو وڵاتەش بێگومان لە ئێستادا تەنا عێراقە. ئەوەی من تێبینی دەکەم پێچەوانەکەی ئەم هاوکێشەیەیە. لۆژیکی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستان لەسەر بیناکردنەوەی عێراق بە ئاڕاستەی ئیتنیکۆ-تائیفی دا کاردەکات. واتە عێراق نابێت وڵاتی هاوڵاتیەکان بێت، بەڵکو وڵاتی ئیتنی و تائیفەکان. لە هاوکێشەیەکی ئاوادا ئێمە بەغداد بخەینە کوێ ؟ ئەم شارە وەک شارێکی شیعە و سوونەیە ئاواش شارێکی کوردە. ژمارەی ئەو کوردانەی کە لە بەغداد دا دەژین کەمترنین لە هەر شارێکی دیکەی کوردوستانی مێژوویی. من پێموایە کارکردن لە سەر سەپاندنی سنورە ئیتنیەکان لە زیانی کورد دایەو دوڕاوی یەکەم کەس نیە کورد خۆی نەبێت. ئەو بەرنامەیەی کە ئێستا کوردەکان لە کەرکوک و موسوڵ پیادەی دەکەن پێموایە بەرنامەیەکی خۆکوشتن و ئینتیحاریە. ئەمە هەمان ئەو هەڵەیەیە کە لیدەرشیپی کورد و پیاوی هەرە بەهێزی کوردوستان موستەفا بارزانی لە حەفتاکاندا کردی. واتە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد دێت و پشت دەبەستێت بە هێزە گەورە جیهانیەکان تا پاڵەپەستۆ بخاتە سەر عەرەب بۆ ئەوەی ئەو مافە ڕەوایانە بسەلمێنێت. ئەوەندەی من عەقڵیەتی عەرەب بناسم ئەمە قبوڵناکەن. ڕەنگە بە شێوەی دیکە

بەشێک لەو مافە ڕەوایانە بسەلمێنن، بەڵام ئەوان توانانی قبوڵکردنی ئەم بەرنامەیەیان نیە.

**عادل باخەوان : پێموایە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە ڕوداوەکانی ١٩٩١ بخوێنینەوە. دەتوانین بڵێین، ئەوەی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکای ناچارکرد بڕیاری پاراستنی کوردستان بدەن کەس نەبوو کوردەکان خۆیان نەبێت. کە سەدام پەلاماری کوردستان دەدات، زیاتر لە یەک ملیۆن کورد شارو لادێکانیان بەجێدەهێڵن و ڕودەکەنە شاخەکان و هەموو کامێراکانی جیهانیش ئەم کۆرەوە دەگوێزنەوە بۆ دەرەوە. دواتر مردن و کۆچی بەکۆمەڵ و تراژیدیاکانی ئەم کۆرەوە هێزە جیهانیەکان ناچاردەکات کە بڕیاری پاراستنی کوردستان بدەن. بەهەر حاڵ، من پێمخۆشە بزانم بۆو چۆن عەرەب ئێستای کوردستانیان بۆ قووت نادرێت؟**

پیەر ژان لویزار : خۆت دەزانیت، من چەندین ساڵە بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی عێراق دەکەم و تا ئێستاش بەردەوامم. ساڵی ڕابوردو سەردانی عێراقم کرد و چوومە زۆربەی شارەکان. پێمخۆشە پێت بڵێم عەرەبەکان پرسەیان بۆ کورستان گێراوەو چلەشیان تەواو کروەو دەستیان شتوە لە کوردستان و دەڵێن ئەوان لەماڵی خۆیان و ئێمەش لە ماڵی خۆمان. بەڵام ئەوان کە باس لە کوردستان دەکەن تەنها مەبەستیان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆکە و دەڵێن ئامادەین لە پێناوی کەرکوک دا خوێن بڕێژین و خۆمان فیدا بکەین. لەهەمان کاتدا سەرکردەکانی کوردیش کوردستان هەڵدەبژێرن نەک عێراق. بەشداریکردنی کوردیش لای عەرەبەکانی عێراق لەو پەندە فەرەنسیە دەچێت کە دەڵێت کوردەکان "کەرەو پارەی کەرەکەشیان دەوێت". ئەوان دەڵێن کوردەکان دەیانەوێت لەیەک کاتدا خاوەنی کوردستان و عێراقیش بن، کوردەکان دەیانەوێت هەموو میلیشیاکان هەڵوەشێتەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە دەبێت بمێنێت، دەیانەوێت کوردستان جیابکەنەوەو لەگەڵ عێراقیشدا بن. بێگومان ئەم هەموو کنۆترادیسیۆنانە (لێکدژی!!) ناتوانن پێکەوە بژین. ڕاستە بارزانی کوردستان دەبات بەڕێوەو تاڵەبانیش وەک گەرەنتی مانەوەی کورد لەگەڵ عێراقدا لە بەغداد سەرۆکە، بەڵام پێموایە ئەم خواستی پێکەوە ژیانە وەهمیەو عەرەبەکان تەواو وشیارن بەم وەهمە. جارێ هەموو مان دەزانین کە مالیکی و بەڕێز تاڵەبانی دەسەڵاتیان بەسەر دەرەوەی ناوچەی سەوزدا نیە. بەداخەوە ئێستا شتەکان لەسەر ئاستی وەهم بوونیان هەیە، وەهمی سەروەری و وەهمی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی. ئەم حکومەتە حکومەتی کۆمینۆتێکانە نەک هاوڵاتیان، ئەم سەروەریەش ناوچەی سەوز تێناپەڕێنێت. ئەوەی ڕویدا هەڵبژاردنی دێمۆکراسی نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردنی دیمۆگرافی بوو، کوردەکان دەنگیان بەکورد داو شیعە بە شیعە و سوونە بە سوونە.

**عادل باخەوان : بەڵام میسۆ پرۆفێسۆر، ئەم شووناسانە لە دەرەوەی مێژووی عێراقدا دروست نەبوون، هەریەک لەم شووناسانە لە نێو مێژوویەکی لۆکالی سۆسیۆ-پۆلیتیکدا خۆیانبیناکردوەو ڕەگوریشەی بابەتیان لە عێراقدا هەیە. پێموایە کارێکی زانستیانە بریتی دەبێت لە تێگەشتن لە (بۆ و چۆن) کوردەکان دەنگیان بەکوردو شیعە بە شیعە و سوونە بە سوونە دا.**

پیەر ژان لویزار : بێگومان، بێگومان. ڕاستە، ئەوەی کە ئەم شوناسانەی دروستکردوە ئەمەریکیەکان نین، پێش گەشتنی ئەوان ئەم شوناسانە هەر هەبوون و کوردو کورد بووەو عەرەب عەرەب بووەو هتد. بەڵام لەبریمان نەچێت کە لە عێراقدا جیاوازیەکی گرنگ هەیە لە نێوان شووناسی ئیتنی و شووناسی تائیفیدا. هەموو مان دەزانین کە کوردستانی مێژووی هەرگیز بەشێک نەبووە لە عێراق. تەنانەت ئێستاش کە لە بەغدادەوە دەگەینە کوردستان، ڕاستەوخۆ هەست بەم جیاوازیە دەکەین، نە کولتورو نە کەش و هەواو نە تradیسیۆن و نە زمان و نە جەماوەر وەک ناوەراست و باشوری عێراق نین و شتەکان لێرە جیاوازن. کوردەکان لەسەر ئاستی مێژووی بەشێک نەبوون لە عێراق، بەڵام لە ئێستادا ئیختیارێکی دیکەیان لەبەردەستدا نیە. ئەم شووناسە هەر بەڕاستی جیاوازە لە شووناسەکانی دیکە. بەڵام کاتێک باس لە شووناسی تائیفی دەکەین، ئێمە پێدەنێینە دنیایەکی ترەوە. دەمەوێت بڵێم لە عێراقدا ئێمە دوو کۆمەڵگەی شیعی و سوونی مان نیە، بەڵکو هەردوو لا ئینتیمایان بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی هەیە، واتە هەردوولایان عەرەبن.

**عادل باخەوان : ئەم بۆچوونەتەنم پێسەیرە !**

پیەر ژان لویزار : بۆ ؟

**عادل باخەوان : چوونکە لەم کتێبە گرنگەتاندا، کە لێرە لە فەرەنسادا وەک قورئانی تێگەشتنە لە کۆمەڵگەی عێراقیە و هەر کەسێک لە لەسەر عێراق کاربکات دەبێت بیخوێنێتەوەو تەنانەت دیپلۆمات و سیاسیەکانیشی ناچار بە خوێندنەوە کردوەو چوارچێوە ئەکادیمیەکانی تێپەڕاندوە، لەم کتێبەدا جەنابتان بەوردی باس لە جیاوازیەکانی شووناسی شیعە و سوونە دەکەن و کلیک دەکەن لەسەر ئەو کۆنتێکستە مێژووییەی کە هەریەک لەم شووناسانەی بیناکردوە...**

پیەر ژان لویزار : (پێکەنین) لەو کتێبەدا من ئەڵێم شیعەکان کولتورێکی (سپێسیفیک) تایبەتیان هەیە. بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە کۆمەڵگەیەکی جیاوازیان هەیە. کوردو عەرەب خاوەنی دوو کۆمەڵگەی لەیەکداپراوی لەیەکەجیاوازن. ئەمە دەبێت بگوترێت و دانیشی پیادا بنرێت، دوو کۆمەڵگەی لێکجیان. لێرەدا شووناسێکی ئیتنی هەیە کە دوو کۆمەڵگەی جیاوازی دروستکردوە.

**عادل باخەوان : بەڕێزتان لەم ماوە نزیکەدا سەردانی ناوچەی ئەنبار و ناوچەی نەجەفتان کردوەو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ جەماوەری ئەم دوو ناوچەیەدا ماونەتەوە. باشە بەدرێژایی ئەم ماوەیە تێبینی دوو تیپ لە کردەو لە ڕەفتارو لە گوتارو لە بیرکردنەوەو لە ئەکسیۆن تان نەکردوە ؟ تیپێک ئەکسیۆنی شیعی و تیپێک ئەکسیۆنی سوونی ؟**

پیەر ژان لویزار : نا، نەخێر. من ئەتوانم شتێکت پێبڵێم. ساڵانی حەفتاکان، کاتێک دەستم بە توێژینەوەکرد لەسەر عێراق، دەمویست هێڵە جیاکارەکانی نێوان شووناسی شیعە و شووناسی سوونە بدۆزمەوە. ئەو سەردەمە عێراقیەکان پێیان دەگوتم خۆت ماندوومەکە، ئێمە هەموومان عەرەب و عێراقین و ئەم شووناسانە زۆر گرنگ نین لامان. ئەو سەردەمە ئەوان پێیانوابوو وێنەی من، وێنەی ئەو توێژەرە ڕۆژئاواییەیە کە دەیەوێت درز بکاتە کۆمەڵگەی عێراقی. من دەگەڕێمەوە سەر

جیاوازیەکانی نێوان شووناسی ئیتنی و شووناسی تائیفی. دەمەوێت بڵێم لە کۆمەڵگەی عەرەبی عێراق دا، شووناسی تائیفی خۆی وەرنەگێراوەتە سەر شووناسی ئیتنی و کردەی بە ئیتنیکردنی شووناسی تائیفی بوونی نیە، وەک ئەوەی لە بەلقاندا بینیمان. لە بالقاندا ئێمە سربی ئەرتۆدۆکسمان هەیە، کرواتی کاتۆلیکمان هەیە، موسوڵمانی بۆسنیمان هەیە، ئەمە ئەو شتەیە کە ناوی دەنێم بەئیتنیکردنی شووناسی تائیفی. ئەم کردەیە لە عێراقدا ئەنجام نەدراوە. جەماوەری عەرەبی عێراق، کە بەشێکی زۆریان لە نیوە دورگەی عەرەبیەوە هاتوون، شەمەر و جبوری و دلەیمیەکان، بەشێکی زۆریان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاتوون و پاشان هەڵگەڕاونەتەوەو بوون بە شیعە لەبەر دوو هۆی سەرکی، یەکەمیان لەبەر شوێنی نیشتەجێبوونیان و دووەمیشیان لە کاردانەوەیان دژ بە شێخە ستەمکارە خێڵەکیە سوونیەکان. بەڵام ئەم بوون بە شیعە یان سوونیە مانای ئیتنیزاسیۆنی (بەئیتنیکردن) شووناس نیە و هەموو لایەکیان هەڵگری کولتوری عەرەبین و هەندێکجار لە خێڵێکدا هەم سوونەمان هەیە و هەم شیعەش، هەروەها لە خانەوادەیەکیشدا هەمان شتمان هەیە. سوونە و شیعە ئەندامی یەک کۆمەڵگەی عەرەبین. ئێمە لە فەرەنساشدا هەمان شتمان هەیە، کاتۆلیک و پرۆتیستانت مان هەیە و هەر یەکێکیان تایبەتمەندیەتی خۆیان هەیە. ڕەنگە لای شیعەکانی عێراق ئەم تایبەتمەندیەتە بەهێزتربێت، لەبەر دورخستنەوەیان لە دەسەڵات. من دەمەوێت بڵێم دروستکردنی سنوری ئیتنی لە عێراق دا خۆی بۆ خۆی کارەساتە، بەڵام دروستکردنی سنووری تائیفی وشەی کارەسات تێدەپەڕێنێت و بۆ دروستکردنی ئەم سنوورە ئێمە پێویستمان بە دونیایەک شێت هەیە، چونکە تەنها شێتەکان دەتوانن بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەو کارەساتەنەی لەم کارەوە دروستدەبن لەهەموو ژمارەکان گەورەترو زۆرتر دەبن. ئەمە وەک جیاکردنەوەی سەرە لە لاشە، مەحکومکردنی عێراقە بە جەنگێکی هەتاهەتایی. بەداخەوە، دەڵێم بەداخەوە کوردەکان هەوڵدەدەن عێراق بەم ئاڕاستەیەدا بەرن و بەشیعەکان دەڵێن: "ئێوە دەتوانن وەک ئێمە بکەن. مادەم دەست ناخەنە کاروبارمانەوە، ئێمە هەقمان بەسەرتانەوە نیە." کوردەکان پاڵ بەشیعەوە دەنێن بۆ ئەوەی بەم ئاراستەیەدا بڕۆن. هەروەها نەبوونی سەروەریەکی عێراقیی سەربەخۆش ڕوداوەکان بەم ئاڕاستەیەدا دەبات. ئەوەی ئێستا لە عێراقدا سەروەرە، ئەمەریکایە، ئەمەریکا پرانسیپی سەروەریی باڵایە و "کۆمینۆتێ" کانی عێراق، لەسەر ئاستی تاک، پەیوەندی بەم پرانسیپەوە دەکەن و لەسەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان شتەکان دەخەنە مامەڵەوە. تەنانەت گروپەکانی نێو کۆمینۆتێ یەکیش ململانێیانە لەسەر نزیکبوونەوەی زیاتر لەم پرانسیپە. هەروەها لەو شوێنەشدا کە یەک کۆمینۆتێ هەیە، شتەکان وردتر دەکرێنەوە. بۆ نموونە لە شارێکی وەک بەسرادا کە زۆرینەی ڕەها شیعەیە، تەنانەت گەڕەکەکانیش بەسەر گروپەکاندا دابەشبوون، گەڕەکێک لە لایەن حیزبی فەزیلەوە دەبرێت بەڕێوەو گەڕەکێکی دیکە لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە، گەڕەکێک لەلایەن حیزبی دەعوەوەو گەڕەکێکی دیکە لەلایەن سەدریەکانەوە. ئەم هەلومەرجە ڕێگا دەگرێت لەوەی کە عێراقیەکان بەدوای کۆنترایەکەی نوێی پێکەوە ژیاندا بگەڕێن؛ من پێموایە کوردەکانیش بەرپرسن لە بەشێکی ئەم هەلومەرجە.

**عادل باخەوان : پێتوانیە کوردەکان لەگەڵ واقیعدا وەک ئەوەی هەیە مامەڵە دەکەن ؟ واتە کوردەکان چەند هێزێکی پراگماتیستن و دەیانەوێت**

**ڕووداوەکان بە حاسیبەی بەرژەوەندیەکان زەرب و تەقسیم بکەن ؟ ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە پێتوانیە واقیعی شووناسی شیعە و سوونە هێندە تاڵ و بریندارە بەبێ بەشداری کوردیش هەر دەتەقێنەوە بەیەکتردا؟ پاشان پێتوانیە مێژووی برینداری ئەم شووناسانە گەورەترین گرفتە لە ڕێگای پێکەوە ژیانیاندا ؟**

پیەر ژان لویزار : ئاخر خۆ لێرەش، لە فەرەنساشدا، پرۆتیستانتەکان مێژووی خۆیان هەیە، کاتۆلیکەکان مێژووی خۆیان هەیە، مسوڵمانەکان مێژووی خۆیان هەیە، جولەکەکانیش هەروەها. کاتێک هەڵبژاردن دەکەین، کاتۆلیک و پرۆتیستانت و موسوڵمان هەڵنابژێرین.

**عادال باخەوان : پێتوانیە جیاوازیەکە لەوەدایە کە فەرەنسیەکان خواستی پێکەوە ژیانیان هەیە، بەڵام ئەم خواستە لە نێوان عێراقیەکاندا یان نیە یان زۆر لاوازە ؟**

پیەر ژان لویزار : ئەم پرسیارە زیاتر لە ئاستێکی هەیە. لە ئەمڕۆدا زۆر جار پرسیار دەکرێت : ئایا دەکرێت قسە لە شووناسێکی عێراقی بکەین ؟ ئایا عێراق خاوەنی شووناسێکە ؟ من تەواو بەپێچەوانەی ئەوانیدیکەوە پێموایە بەڵێ لە عێراقدا شووناسێکی ناسیۆنال هەیە، بەڵام بەداخەوە کوردوستان بەشێک نیە لەو شووناسە. عێراق وڵاتێکی عەرەبیە، کوردستانیش هیچ چارەسەرێکی دیکەی لەبەردەستدانیە جگە لە ژیان لەنێو ئەم وڵاتە عەرەبیەدا نەبێت. لێرەدا بۆ ئەوەی کوردستان تێکەڵ ببێت بە عێراق، عەرەبەکانی ئەم وڵاتە دەبێت وازلەوەبێنن کە عێراق وەک وڵاتێکی عەرەبی پێناسە بکەن، بەڵکو وەک وەڵاتێکی کوردی-عەرەبی. عەرەبەکان دەبێت دان بەوەدا بنێن کە لە عێراقدا دوو شووناسی گەورەی ئیتنی هەیە، شووناسی عەرەبی و شووناسی کوردی. هەروەها لە نێو شووناسی عەرەبیدا کولتوری شیعە و کولتوری سوونەمان هەیە، بەبێ ئەوەی دەستکاری شووناسە عەرەبیەکە بکات. من پێموایە ئەو قەسابخانەیەی کە ئێستا لە بەغداد ڕوودەدات، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە دەستتێوەردانی دەرەکی هەیە و ئەگەر ئەو دەستتێوەردانە نەبوایەو عێراقیەکان ئازادبوونایە ئەو قەسابخانەیە ڕوینەدەدا. دواکردنی هەرێمێکی نەوتی فیدێراڵ بۆ شیعەکانی باشوور هیچی لێنابنێتەوە قەسابخانەیەکی گەورە نەبێت. یەکێک لەو هێزانەی کە پاڵ بە شیعەکانەوە دەنێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گروپی ئەلقاعیدەیە. ئەم گرووپە دەیەوێت عێراق بکات بە مەیدانی جەنگێکی هەمیشەیی و لەنێو ئەم جەنگەدا نەبێت جێگای نابێتەوە. عێراقێکی دامەزراوی هێمن بەکەڵکی ئەلقاعیدە نایەت. بەداخەوە لە ئێستادا ئێمە هەردوو شووناسە ئیتنی و تائیفیەکە تێکەڵ بەیکتری دەکەین. بۆش دەڵێت لە بەغداد پاککردنەوەی ئیتنی بەردەوامە. من دەڵێم بورە ئەمە هەڵەیە، ئەوەی لە بەغداد ڕوودەدات پاککردنەوەی تائیفیە نەک ئیتنی. هەروەها دەڵێم ڕاستە حیقدێکی مێژووی هەیە لە نێوان شیعە و سوونەدا، بەڵام ئەم حیقدە نەدەگەشت بەم ئاستە ئەگەرێت و دەستتێوەردانی دەرەکەی نەبوایە. شیعەکان دەستیان نەکرد بە کوشتنی سوونەکان تا ئەو کاتەی کە ئەلقاعیدە مەزارەکانی تەقاندەوە. قاعیدەش نەیدەتوانی لەنێو سوونەکاندا گەشەبکات گەر بێ ئومێدی ئەوان نەبوایە لەو پرۆسە سیاسیەی کە ئێستا لەم وڵاتەدا بەڕێوەیە. من دەمەوێت بڵێم بەڵێ هەموو ئەم شتانە

ڕەگوریشەی مێژووی و کۆمەڵایەتیان هەیە، بەڵام ئەو شتانە بەم شێوەیە نەدەبوون بەبێ دەستتێوەردانی دەرەکی. سەدام حوسەین نەیدەتوانی عێراق بەرێت بەرێوە گەر دەستتێوەردانی دەرەکی نەبوایە.

**عادل باخەوان : دەمەوێت بۆچوونی جەنابت لەسەر ئەم مەسەلەیەی خوارەوە بزانم. ئێوە زیاتر لە بیست وپێنج ساڵە کار لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە دەکەن، دەمەوێت بزانم چۆن و بەچ شێوەیەک یادەوەری کۆلێکتیڤی عەرەبی کورد وێنا دەکات ؟ کامەیە نوێنەرایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە یادەوەری کۆلێکتیڤی عەرەبیدا ؟**

پیەر ژان لویزار : پێش ڕوخانی سەدام دەتوانم پێت بڵێم ئەم وێنەیە تەواو ئیجابی بوو، وێنەی قوربانیەکی ستەملێکراوبوو. وێنەی کوردستان برتیبوو لە وێنەی شوێنی پشوودان، خواردنی خۆش، هەروەها وێنەی مرۆڤێکی توند، کەمێک زبر. لە بەغداد و دیمەشقیش وێنەی کورد هەندێک جار وەک وێنەی حەماڵێکی سادە، ناڕۆشنبیر، بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەم وێنانە هەبوون. لەگەڵ هەموو ئەم وێنانەدا دوژمانایەتی نەبوو، بەڵام لەدوای ٢٠٠٣ وە ئەم وێنانە گۆڕاون. لە بەغداد زۆر جار تێبینی ئەم وێنەیەم کردوە، دەڵێن لەکاتێکدا پایتەخت لەبێ کارەباییدا دەژی و عەرەب ڕۆشنای و ئاوی خواردنەوەی نیە، ستافی سەرۆک کۆمار لە نێو مەلەوانگە تایبەتەکاندا مەلە دەکەن و لە چراخاندان. ڕەنگە ئەمە وانەبێت، بەڵام ئەم وێنەیە لە یادەوەری کۆلێکتیڤی عەرەبەکاندا دروستبووەو وێنەی کورد لە دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەردا دەبیننەوە. ئەم وێنەیە هەستێکی دژ بەکوردی لە نێو عەرەبەکاندا دروستکردوە، من یەکەم جارمە تێبینی ئەم هەستی دژایەتە بەرامبەر بە کورد دەکەم. لە سەردەمی بەعسدا وێنەی کورد وێنەی قوربانیەک بوو، ئیمام خالیسی هەر لە کۆنەوە فەتوای حەرامکردنی جەنگ دژی کوردی دەرکردبوو، لە ئێستادا قوربانیەکەی دوێنێ وەک دوژمن تەماشا دەکرێت و کوردستانیش وەک ئیسرائیلی دووەم پێشنیار دەکرێت. بەکورتی بەشێکی زۆری عەرەبەکان دەستیان لە کوردستان شتوە، بەبێ ئەوەی ئامادەبن دەست لە کەرکوک هەڵبگرن.

من لە ساڵی ٢٠٠٤ نوسینێکم لە گۆڤاری سیاسەتی جیهانیدا بڵاوکردەوە، لەو نوسینەدا چارەسەرێکم بۆ هەموو ئەم گرفتانە پێشنیار کردووەو دەڵێم عەرەبەکان دەبێت دەست هەڵبگرن لە تەماشاکردنی کورد وەک کەمینەی نەتەوەیی، دەبێت ئەوان عێراق وەک وڵاتێکی دوو نەتەوەیی تەماشابکەن و کوردەکانیش دەبێت دەستهەڵبگرن لە دەوڵەتی کوردی و عێراق بە وڵاتی خۆیان بزانن. لەهەمانکاتدا ئەم دەوڵەتە نوێیە دەتوانێت ڤاتیکانێک بۆ مەرجەعەکانی شیعە دروستبکات و کۆتاییش بەو گرفتە بێنێت. کوردەکان وەک چۆن لە سلێمانی و هەولێر حوکم دەکەن و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و قووتابخانەیان هەیە ئاواش لە بەسراو ڕومادی هەیان بێت. ئەمە لەسەرەتای دەسەڵاتی قاسم دا کرا، بەڵام بەداخەوە دواتر تێکدرا. دەزانیت لە سەرەتای بیستەکانەوە، ئینگلیزەکان دەستیان خستە نێو دەستی کەمینەی سوونیەوە بۆ دامەزراندنی عێراق، ئەم کۆنترایە بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەربگرت، چونکە سوونیەکان دەیانویست حوکمی هەموو عێراق بکەن، بەڵام ئێستا ئەمەریکیەکان دەستیان خستوەتە نێو دەستی زۆرینەی شیعە و کوردەوە، بەبێ ئەوەی پرۆژەکە سەربگرێت، هۆکارەکەی ئەوەیە ئەم دوو زۆرینەیە نایانەوێت

حوکمی هەموو عێراق بکەن بەڵکو دەیانەوێت پێشبڕکێ لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە لۆکالیەکانیان بکەن و ئەمەش کردەیەکی خۆ کوژیە بۆ هەموو لایەک.

**عادل باخەوان : باشە بەڕێزتان ساڵی ڕابوردوو لە هەولێر و سلێمانی بوون، دەمەوێت بزانم ئێوە چۆن تێبینی وێنەی عەرەبتان لە نێو یادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا کرد ؟ چ وێنەیەک نوێنەرایەتی عەرەب دەکات لەو یادەوەریە دا ؟ بۆ کوردێ عەرەب چیە ، عەرەب کێیە ؟**

پیەر ژان لویزار : ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆمن کەمێک قورستر بێت، چونکە من باشتر کۆمەڵگەی عەرەبی عێراقی شارەزام تا کۆمەڵگەی کوردی.

**عادل باخەوان : من بەئاسانکردنی پرسیارەکە دەمەوێت یارمەتیت بدەم، پاش هەڵەبجە و ئەنفال و سوتاندنی کوردستان و کۆرەوو هەموو ئەو کارەساتانە، کوردەکان چۆن وێنەی عەرەب بینادەکەن ؟**

پیەر ژان لویزار : من پێموایە کوردەکان هەرگیز عەرەبیان بە دوژمن نەزانیوەو هەموو ئەو تاوانانەش کە ئاماژەت پێکردن بە کاری ڕژێمیان زانیوە نەک عەرەب و پێیانوابووە هەموو عێراقیەکان بەیەکەوە قوربانیی ڕژێمن. هەرچەند کورد زۆرترین قوربانیی داوە. بەڵام ئەم وێنەیە دوای ٢٠٠٣ دەگۆڕێت. من بەبیرم دێت ٢٠٠٥ لە کەرکوک بووم، بەشداری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم کرد، لەو بەرنامەیەدا نوێنەری عەرەبەکانی کەرکوک لەوێ بوون، کوردەکان وەک غەوارەو بێگانە تەماشایان دەکردن. لە دانیشتنێکدا بەشداربووم، میسیۆ تاڵەبانی لێبوو، یەکێک لە عەرەبەکانی کەرکوک هەستایەوەو وتی بەڕێز جەنابی سەرۆک، باشە ئێمە دوای هەموو ئەم ساڵانەی ژیانمان لە کەرکوک دەردەکرێین، پێمان بڵێ بۆ کوێ بڕۆین ؟ لەو دانیشتنەدا ڕۆژنامەنوسانی لێبوو، میسیۆ تاڵەبانی گوتی : ئێمە ئەوانە دردەکەین کە دەستیان بە خوێن سورە. بێگومان هەموو لایەک دەزانن ئەمە وەڵامێکی دیپلۆماسیە.

**عادل باخەوان : میسیۆ لویزار، من سوپاست دەکەم بۆ ئەم دیالۆگە.**

پیەر ژان لویزار : منیش هەروەها سوپاسی ئێوە دەکەم. ئومێد دەکەم نوسخەیەکی کوردستانی نوێ م پێبگات چونکە کەم کەم کوردی دەخوێنمەوە.

**عادل باخەوان : بێگومان.**

# دیالۆگ لەگەڵ چەند ئێکس ئەکتەرێکی ئەنساری ئیسلام دا
# ئەو کامیکازانەی دەکرا ڕۆژێک خۆیان بتەقێننەوە

# گفتوگۆ لەگەڵ "مووسا"دا

بەڕێز پرۆفێسۆر، فەرهاد کۆسرەوکەڤار (قووتابخانەی توێژینەوەی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان) بۆ نووسینی دواکتێبی لەسەر ئەلقاعیدە، زیاتر لە پەنجا چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو ئیسلامیستانەدا کردووە کە ئێستا لە زیندانەکانی فەرەنسادا ژیان بەسەر دەبەن. یەکێک لەوانە "مووسا"یە. ئەو تاوانبارکراوە بە تیرۆریسمی بەرهەمهێنراو لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامی چەکدار **GIA** لە جەزائیر. بەم دواییانەش مەلەفی قاعیدەبوونیشی خراوەتە سەر. ئەو ماوەی نۆ ساڵە لە فەرەنسادا دەژی و سەرەتای ئیسلامیبوونی دەگەڕێتەوە بۆ جەزائیر. من ئەم چاوپێکەوتنەی "مووسا" وەردەگێرمە سەر زمانی کوردی و لێرەدا تۆماری دەکەم، بۆ ئەوەی توێژەران و خوێنەرانی کورد پێکەوە ئەزموونێکی دیکەیان لەبەردەستدابێت و بەراوردی بکەن بە ئەزموونی ئەکتەرەکانی ئەنساری ئیسلام. ئەم چاوپێکەوتنەم هەڵبژارد، چونکە پێموایە دەتوانێت باشتر لەوانیتر گوزارشت بکات لەو ئیسلامەی کە مەغریبیەکان بەچاپە بن لادنیەکەیەوە وەریانگرتووە.

**لەکەیەوە بەڕێزت لە زینداندایت ؟**

شەش مانگە. من بۆ مەسەلەیەکی کۆن مەحکوم کراوم. لەسەر پەیوەندی تیرۆریستیم بە کۆمەڵی ئیسلامیی چەکداری جەزائیر و ئەلقاعیدەوە.

**بەڕێزت هەڵگری چ "ناسیۆنالیتی"یەکیت ؟**

من جەزائیریم و نۆ ساڵە لە فەرەنسادا دەژم.

**ئایا خێزانداریت ؟**

نەخێر، زگوردم.

**تەمەنت چەندە ؟**

کەمتر لە ٣٠ ساڵم.

**لێرە چی دەخۆیت ؟**

لێرە گۆشتی حەڵال بۆ موسوڵمان نیە. گۆشت ناخۆم چونکە حەرامە. دەتوانین لە چێشتخانەی زیندان گۆشتی حەڵال بکڕین، بەڵام زۆر گرانە. من لەبری گۆشت هێلکە دەخۆم.

**هیچ یارمەتیەکت پێدەگات ؟**

دەزانیت خەڵکانی وەک من سوالکەر نین. ئەوان چەند ساڵە ئەمە باش دەزانن. وەک زیندانی سیاسی، مافی ئەوەم نیە کاربکەم. من لەلایەن خانەوادەو هاوڕێاکنمەوە یارمەتی دەدرێم. پێویستیم بە یارمەتی حکومەت نیە.

**عەرەبی دەزانیت ؟**

دەزانم قورئان بە عەرەبی بخوێنمەوەو خۆم فێری عەرەبی کردووە.

**ئایا خێزانەکەتان ئیسلام پراکتیک دەکات ؟**

لە خێزانەکەماندا، باوکم زۆر پابەند نیە بە ئیسلامەوە. هەندێک جار نوێژەکانی دەکات و بازدەدات بەسەر نوێژی بەیانیدا. باوکم موسوڵمانێکی تەمەڵە. من تەواو پابەندم و دروست نوێژەکانم دەکەم. ئەمە کێشەیەکی سۆسیۆلۆژیە.

**ئایا بۆ بەڕێزت ئاین گرنگە ؟**

بەڵێ. بەداخەوە من چەندینجار هێرسم کراوەتە سەر. ئیسلام هێرشی کراوەتە سەر/ خراپ لەگەڵ ئیسلامدا مامەڵە دەکەن. من زۆرم پێناخۆشە. لە فەرەنسا، لە ڕۆژئاوادا ڕێز لە ئیسلام ناگیرێت.

باوکم کاتی خۆی موسوڵمانێکی ناسیێنالیست بوو، وەکو ئەم تازە گەشتووانە نیە کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ئیسلام و جەزائیرەوە نەماوەو وەلائیان بۆ فەرەنسایە. ئەوانەی ئێستا جەزائیر دەبەن بەڕێوە سەربازە کۆنەکانی فەرەنسان.

تا ساڵی ١٩٩٥، ئۆپۆزیسیۆن لە جەزائیر سیاسی بوو. بەڵام لەو کاتەوە گۆرانێکی سۆسیۆلۆژی بەسەر وڵاتەکەی من و مەغریب دا هاتووە. ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی ئیسلامی بەهێزی دژ بە ڕێژیمەکان لە کاردایە. زەمەن بریاردەدات کێ دەیباتەوەو ئاین کارایی دادەنێت بەسەر ئەو وڵاتانەوە یان نا. لە تونس بە هێزی ئاگرو ئاسن و بەیارمەتی فەرەنسا ئیسلامیەکان لەناوبران.

**پێتوایە لە ئێستاوە ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمەکان بەناوی ئیسلامەوە خۆی پێشنیاردەکات ؟**

بێگومان.تاکە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە لەم وڵاتانەدا ئیسلامیەکانن. ئەوانەی کەدەیانەوێت ئیسلام و عەلمانیە بەیەکەوە گرێبدەن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن و سەریان دای لەبەرد. بەتەنها موسوڵمانەکان ڕاستگۆن و عەلمانیەت و عەلمانیەکان درۆ دەکەن. خوا بۆ ئێمە "ستارول عیوبه"بۆ شتە بچووکەکان، بەڵام بۆ تاوانە گەورەکان نا. بۆنموونە بۆمب بارانکردنی هێرۆشیما و ناکازاکی و فەلەستین تاوانی گەورەن و ئەمەریکا لێی بەرپرسیارە. ئەوەی ئێستاش ڕوودەدات هەمان شتە.

**بەوردی دەتەوێت بڵێیت چی ؟ چیت دەوێت ؟**

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، ئاسانە، حکومەتێکی ئیسلامی نا فەرەنسی و نا ئەمەریکی. حکومەتێکی موسوڵمان و هیچیتر. حکومەتێک کە نوێنەرایەتی گەلەکەمان بکات، نوێنەرایەتی نەتەوەی ئیسلامی بکات، نەتەوەیەک کە بەدرێژایی پانزە سەدەیە لێرەیەو مێژوویەکی درێژی هەیە. ئێمە نەتەوەیەکی ئیسلامیی یەکگرتووین. نەتەوەیەکی گەورە کە ئومەتی ئیسلامیە. ئێمە

پێمانوایە ئەوەی کەمێک حیکمەتی هەبێت باوەڕدێنێت  بە پێغەمبەر. ئەی دەمێنێتەوە، تاوایسم و ئاندویسم و چوزانم هەمووی کوفرە.

**بۆی بەڕێزت لە زینداندایت ؟**

لەڕاستیدا لێرە لەسەدا چلی زیندانیەکان بێگووناهن. وەک من بێگوناهن. من لە زینداندام چوونکە بەرگریدەکەم لە حەقیقەتی ئاین.

**لەهەمانکاتدا بەڕێزت مەحرومێک نیت کە لە کولتوری ڕۆژئاوا تێناگات؟**

ڕاستیت پێبڵێم من لەیەکاتدا بە سێ زمان قسە دەکەم. ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی. من مەحرومێک نیم وەک بەڕێزت گووتت.

**لێرە لە زینداندا گرفتتان هەیە ؟**

لێرە جیاکردنەوەیەکی ڕاسیستانە لبەرامبەر کولتوری عەرەبی و ئیسلامی دا هەیە. مافی ئەوەمان نیە کە کتێبی عەرەبی وقورئان بە عەرەبی بخوێنینەوە. کتێبەکان لەبەر دەرگای زینداندا دەدڕێنن. چونکە ئەوان پێیانوایە کە ئێمە دەتوانین شت بشارینەوە لە نێو کتێبە تەجلیدکراوەکان دا. ئەوان هەموو کتێبە عەرەبیەکانیان دڕاند کە بۆیان ناردبووم. ئەوان دەیانەوێت لێرەش ژیانمان لێ تاڵ بکەن. ئەوە کردەیەکی ڕاسیستانەیە. بەربەریەتە. کتێبەکانیان دڕاندم.

**گرفتت هەیە لەگەڵ پاسەوانەکاندا ؟**

بەشێوەیەکی گشتی گرفتیان لەگەڵ مندا نیە، گرفتیان لەگەڵ پەراوێزنشینەکاندا هەیە. ئەو گەنجانە دەرەنجامی هەڵەی پرۆسەی ئاوێتەبوون بە کۆمەڵگەی فەرەنسی و گیتۆزاسیۆنی عەرەبۆ-ئیسلامین. ئەوان ڕێز لەمن دەگرن، چوونکە دەزانن بەرگریم لە ئیسلام کردوەو تەنانەت زیندانیەکانیش ڕێزم لێدەگرن و پێم دەڵێن ڕۆژباش، هەندێکجار بەنهێنی پێمدەڵێن تۆ ڕاستدەکەیت و پشتیوانیت لێدەکەین، بێگوومان بەدزی پاسەوانەکانەوە. زیندان لەهەمانکاتدا قووتابخانەیە. گەنجەکان ڕێزملێدەگرن، دەزانن کەمن خاوەنی فیکری ئیسلامیم و لەو پێناوەدا تێکۆشاوم. هەندێکجار پاسەوانەکان بانگم دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان زیندانیەکان. بەتایبەتی کاتێک جەنگ لەنێوانیاندا دەستپێدەکات. ئەوان دەزانن کەمن ڕێزلێگیراوم و گەنجەکان گوێملێدەگرن بۆیە بانگی من دەکەن و منیش کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەم و دەبم بە دادوەری نێوانیان و کێشەکان یەکلایی دەکەمەوە. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وا لە پاسەوانەکان دەکات ڕێزم لێبگرن.

**ئایا پرۆژەیەکت بۆ ژیانی هاوسەری هەی ؟**

پێمخۆشبوو ژنم بهێنایە و خێزانێکم دروستبکردایە. من حەزم لە گێڵفرێند نیە، حەزمدەکرد بەشێوەیەکی شەرعی ژنم بهێنایە. لەسەرەتادا چەند کارێکی بچووکم دەکرد بۆ ئەوەی بژیم. بەڵام دەزگای موخابەراتی

جەزائیری لێرەش بەدوامەوە بوون و وازیان لێنەدەهێنام. دواتر دەزگای موخابەرتی فەرەنسی ئەرکەکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان.

لەبەر ئەوەی کە من هەڵگری پەیامێکم و خۆم بۆ ئەو پەیامە تەرخانکردوە نەمتوانی خێزان پێکەوە بنێم. هاوڕێکانیشم هەروان. ئاسان نیە لێرە لە فەرەنسادا وەک موعارەزە بژیت. من دوو برام لە جەزائیر کوژرا، باوکم کرایە زیندانەوەبراکەم کە بەیەکوە گەورەبووین و بەیەکەوە خوێندمان و بەیەکەوە ژیانمان بەسەر برد، لە پێناوی ئیمانەکەیدا کوژرا.

من ئەمەوێت دوا ئاواتی دایکم بێنمە دی. خێزانێک دروستبکەم و خانەوادەکەم بپارێزم.

**بەڵام تۆ لێرەیت چوونکە تاوانبارکراویت بە تێرۆریسم !**

ئەوان مەلەفێکی خاڵیان لەسەر من هەیە. منیان مەحکموم کردوە بە پێنج ساڵ زیندان. دیسانەوە سەرگەرمی دادگاییکردنەوەمن بە تۆمەتی ئەلقاعیدە. هەندێک دادوەر موسوڵمانان بەکاردەهێنن بۆ بەرزبوونەوەی خۆیان.

**ئایا ئیمامی زیندان دەبینیت ؟**

زیندان ئیمامێکی هەیە و سێ مانگ جارێک دێتە ئێرە. خەڵک نامەی بۆ دەنوسێت و جاریواهەیە ٥ تا ٦ مانگ چاوەڕێی وەڵام دەکەن. من هیچ لوتفێکم بۆ ئەو نیە. ئەو وەک سەگی دەستی پاسەوانەکانی زیندان وایە. ئەو ئیسلامێک دەگەیەنێت کە لەگەڵ زەوقی فەرەنسیدا بگونجێت.

**ئەو گرفتانە کامانەن کە ڕێگا لە پراکتیککرنی ئاین دەگرن لە زینداندا ؟**

لێرە "تەمیزێکی" کارەساتاوی هەیە: جولەکە و مەسیحیەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە جەماعەت نوێژ بکەن، بەڵام موسوڵمانەکان مافی ئەوەیان نیە نوێژی بەکۆمەڵ بکەن. ئەوان لە موسوڵمانەکان دەترسن و نایەڵن پێکەوە بین. لە نوێژی جەماعەت دەترسن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە هەر هەوڵدەدەین بیکەین. چەند فەرەنسیەک لێرەن کە خوا هیدایەتی داون و موسوڵمان بوون، ئەوان لە ئێمە ئازاترن و زۆرجار سەرکردایەتی نوێژکردنی کۆمەڵ دەگرنە دەست. هەندێکجار منیش دەیکەم. ڕۆژی جەژن، کاتێک نوێژی کۆمەڵ دەکەین، لە ڕۆژی داهاتوودا بۆ سزادانمان دەمانێرن بۆ بینایەکیتر. بۆ ئەوەی بەرماڵێکت هەبێت دەبێت مۆڵەت وەربگریت. ئێمە ناتوانین لەسەر خاکی ڕووت نوێژبکەن، چونکە پاک نیە.

**بەبۆچوونی تۆ ئەم هەموو قەدەغەکردنە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

ئەوان لە ئیسلام دەترسن و هەموو شتێکدەکەن بۆ ئەوەی قەدەغەی بکەن. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو کارەی ئەوان ئیسلام بەهێز دەکات.چەندین مەسیحی لێرە هیدایەت وەردەگرن و دەبن بە موسوڵمان. زۆر بەدەگمەن موسوڵمانێک دەبینیت بوویێت بە مەسیحی. دەبینیت، ئیسلام ئاینی

حەقە، ئاینی حەقیقەتە و دژ بە هەموو چەوسانەوەو نادادپەروەری و تەکەبوری ڕۆژئاوا کاردەکات.ئیسلام "سوڵتانی موبینە"، هەموو دونیا دەبێت لە کۆتایدا ببێت بە موسوڵمان. ئێستا لە ئەوروپا و ئەمەریکادا موسوڵمانان بڵاوبوونەتەوەو لە هموو شوێنێکی جیهاندان و غەزوەی نوێ بەڕێوەیەو فەتحی موبین دوور نیە. موسوڵمانان دەبێت یارمەتی براکانیان بدەن.

لەهەمانکاتدا ئیسلام بریتیەلەو شتەی کە لە ڕۆژئاوا ڕزگارمان دەکات. لە ئەمەریکا ڕزگارمان دەکات. لە نادادپەروەری و چەوسانەوەی موسوڵمانان رزگارمان دەکات. لە ئیسرائیلی ڕزگارمان دەکات. لە تەلەفزیۆندا دەبیینین کە چۆن سوپای ئیسرائیلی لەگەڵ منداڵانی ئینتیفازەدا مامەڵەدەکات، بێگوومان بە پشتیوانی ئەمەریکا. کاتێک ئەوە دەبینم، حەزدەکەم بڕۆم بۆ ئەوێ و دژی ئیسرائیل و ئەمەریکا و هەموو ئەوانەی کە ئیسلام دەچەوسێننەوە بجەنگم. بۆ من ئیسلام نیشتمانمە، پارچە خاکێک نیشتمانم نیە. ئیسلام نیشتمانمە. ئاینەکەم نەتەوەو نیشتمانمە.

گەلی جەزائیری دژی دەسەلاتدارەکانی ڕاپەڕیوە، بەڵام مرۆڤی مەدەنی هیچی لەدەست نایەت، بەتایبەتی عەلمانیەکان. ئەوەی دەتوانێت شتێک بکات، تەنها موسوڵمانەکانن. چونکە لە مردن ناترسن و دەتوانن تا کۆتایی بەردەوامبن و خۆیان بکەن بە قوربانیی جیهاد و تاشەهیدبوون لە کاردابن. ئەوانیدیکە ژیانیان خۆشدەوێت بۆیە ناتوانن هیچبکەن. موسوڵمانان لە مردن ناترسن و بەباوەشی کراوەوە بەرەو پیری دەچن.

لە عێراقدا حەوت سەد هەزار منداڵ لەبەر خراپی خۆراک و لەژێر کارایی گەمارۆی ئابوریدا دژی سەدام حوسەین تووشی نەخۆشی کارەساتاوی بوون. دەوترێت : بۆچی ١١ ی سێپتەمەبر ڕویدا ؟ ئایا ئەمەریکیەکان بیریانکردەوە لەوەی کەبەسەر عێراقیاندا هێنا ؟ بۆچی مردنی موسوڵمانێک دەبێت نرخی کەمتربێت لە مردنی جولەکە یان گاورێک ؟ لە ئیسلامدا شتێک هەیە بەناوی "قیساق"، واتە گەر کەسێک دەستی بڕیت، دادوەر دەتوانێت فەرمان بکات دەستی تاوانبارەکە لەبری دەستی براوی تۆ ببڕدرێتەوە. واتە دەست لەبری دەست. ئەمە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی موسوڵمانانیش هەروایە. گەر ئەوان موسوڵمانان بە کۆمەڵ بکوژن، دەبێت خۆسیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی بەکۆمەڵ بکوژرێن.

موسوڵمان بۆی نیە هاوپەیمانی ناموسوڵمان بێت و دەبێت بەتەنها هاوپەیمانی خوا بێت و لە سێبەری ئەودا حکومڕانی بکات. ئێمە پێویستمان بە ڕۆشنگەری عەلمانی ڕۆژئاوا نیە.

لە قورئاندا هاتووە کە گەلی ئیسرائیل هێندە عاسقی بت پەرەستی بوون تا مانگایەکیان لە ئاڵتوون دروستکردو دەستیانکرد بە پەرەستنی.

عەلمانیەکانی واڵاتانی عەرەبی ڕێز لە هیچ شتێک ناگرن و تەنها بە خمی خۆیانەوەن و زۆر خۆ پەرستن؛ عەلمانیەت ئاینێکی بێگانەیە بە ئاینی

ڕۆژهەڵات و بەرهەمی ڕۆژئاوایە و دەیەوێت موسوڵمانان بچەوسێنێتەوە. بەڵام دڵنیابە کە ئیسلام دەیباتەوە و سەردەکەوێت. مەگەر نابینیت بەهەموو جیهاندا بلاودەبێتەوە. ڕۆژێک دێت هەموو ڕۆژئاوا کڕنوش دەبات بۆ خواو موسوڵمان دەبێت و پۆل پۆل دەڕۆنە نێو ئاینی خواوە. دوا قسە ئێمە دەیکەیەن. ئێمە دەبین بە گەورەترین ئومەت لە ئەوروپا و ئەمەریکادا. ئومەتێکی یەکگرتووی ئیسلامی. ئەو بێحورمەتیەی کە ئێستا لە ئیسرائیل و ئەوروپا و ئەمەریکادا دژ بە موسوڵمانان دەکرێت سەرچاوەکەی ترسە لە ئیسلام. ئەوان لێماندەترسنو ڕێگامان لێدەگرن. بەڵام دڵنیابە کە کیبریائیان لەلایەن خواوە سزادەدرێت و لەداهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئیسلام دەبێت بە ئاینی ڕۆژئاوا.

**موسومان بوون چیە ؟ موسووڵمان بوونە چۆنە ؟**

موسوڵمانبوون بریتیە لە "تەسلیمبوون" بە خوا. ئێمە ناچارین لەکۆمەڵگەیەکی جاهیلیدا بژین، بەڵام ئیدیال بۆ ئێمە ژیانە لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو ستێک لە قورئان و ئیسلامەوە وەربگرێت. موسوڵمان لەبەر ڕۆشنایی غەیبدا دەژی.

ئیسلام ئاینی دادپەروەریە، ئیسلام هەرگیز نەیوتوە: ئەو کەسەی لە برسانا دزی دەکات دەبێت دەستی ببردرێت. ئێمە دەبێت دەستی دەوڵەمەندەکان ببرین. ئیسلام "موستەزعەفین" و "ئەهلی کیتاب" دەپارێزێت.

**بەڵام هەندێ مەسەلە هەن کە گرفت بۆ جیهانی نوێ دروست دەکەن، بۆنموونە فرەژنی ؟**

بێگوومان ئایەتێکی قورئانی هەیە کە ڕێگا زەواج لەگەڵ دوو، سێ، چوار ئافرەتدا دەدات. بەڵام ئافرەت دەتوانێت لە گرێبەستی مارەبڕیندا داوای ئەوەبکات کە تاکە ژن بێت. ئیسلام ئاینی هەموو هەلومەرجێکە و باسی لەهەموو شتێک کردووە. ئسیلام ئاینێکی کامڵە. تەنها جێبەجێکردنی ماوەتەوە. قورئان لێرەیە و ڕێگامان بۆ ڕۆشندەکاتەوە. پێم بڵێ: ئەوژنەی کە مێردەکەی دەمرێت، چی بکات بۆ ئەوەی بژی ؟ لاشەی خۆی بفرۆشێت ؟ ئیسلام ئافرەت دەپارێزێت و مافی دەداتێ. پیاو دەبێت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. دەبێت دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەین. حدیسەکان دژی یەک نین، بەڵکو یەکتری تەواو دەکەن.

**هەروەها شتێکی دیکەش هەیە، بۆمبە زیندووەکان، بەشێک لە زانایان دەڵێن ئەوەی خۆی بکوژێت ناڕواتە بەهەشت ؟**

ناتوانین بڵێین بۆمبە زیندوەکان ناڕۆنە بەهەشت. خوا خۆی بەتەنها دەزانێت کێ دەڕوات بۆ بەهەشت. ئەوان لەپێناوی موسوڵمانان و جەماوەردا خۆیان دەکەن بەقوربانیی. چەندین هاوڕێی پێغەمبەر بەبێ قەڵغان جەنگیان دەکرد. عەلی هەرگیز جەنگی نەدەکرد بەمەبەستی گەڕانەوە نێو ماڵ و منالی، ئەو دەیوسیت لەپێناوی ئیدیال و ئیسلامدا بمرێت. هەروەها ئەبوبەکر. ژیانی سەرشۆڕی و بێ شەرەفی هیچ مانایەکی بۆ موسوڵمان نیە. پێویستە هەمومان پێکەوە بڕیاری ململانێ

بدەین و ئامادەبین لەپێناوی بەرگریکردن لە موسوڵماناندا بمرین و گیانی خۆمان ببەخشین.

من ڕێزی گەورەم هەیە بۆ بۆمبە زیندووەکان. ئەوان ئومێددەکەن کە بڕۆن بۆ بەهەشت. بەڵام دەڵنیانین و تەحەدا دەکەن و دژی دوژمنە بەهێزەکان دەجەنگن. ئەوان لەبەرامبە تۆپ و فڕۆکەی ئیسرائیلی و ئەمەریکیدا تێدەکۆشن. فەلەستینیەک جگە لە لاشە و ڕۆحی چی هەیە تا پێشکەش بە موقاوەمەی بکات؟ ئەوان لەکۆتایدا جەنگەکە دەبەنەوە چونکە خوا پشتیوان و یارمەتیدەریانە. ئەمە لە قورئاندا بە ڕونی باس کراوە. ئەوان سزا دەدرێن و موسوڵمانانیش دەیبەنەوە.

**بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی جەکدار(GIA) لە جەزائیر بێگووناهەکان دەکوژن !**

من پێموایە **GIA** لە جەزائیر گرفت نیە، بەڵکو بۆ ترساندنی جەزائیرەیەکن فووی تێدەکرێت. ڕوداوەکانی جەزائیر پەیوەندی بە دوو ڕەهەندی ڕۆژئاواوە هەیە. من ڕۆژئاوا باش دەنسام. لێرە دوو بلۆک هەیە، بلۆکی توندڕەوەکان و بلۆکی مۆدێرنەکان. ئەمە گرفتێکی ڕۆژئاوایە، نەک جەزائیری. بەڵام ڕۆژئاوا دەیەوێت بیسەپێنێت بەسەر ئێمەدا. پاش هەڵبژاردنەکانی جەزائیر بەرەی ڕزگاریخوازی موسوڵمان بردیەوە، بەڵام خۆتان دەزانن کە ئەفسەرەکانی سوپا دەستیانتێوەرداو هەڵیانوەشاندەوەو بەیارمەتی فەرەنسا کۆدێتایان کرد. ئەوان نەیانهێشت موسوڵمانان بەسێوەیەکی یاسایی دەسەلات بگرنە دەست.

**لێرە چی زۆر ئازارت دەدات ؟**

تەلەفزیۆنم نیە. پێمخۆشە تەماسای یاریەکانی ئۆلۆمپیک بکەم. بەڵام بەداخەوە نەم توانی، ئەوە ئازاری دام. من کەسێکی وەرزشکارم. من بەتەنهام و نابێت لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بم، من لە زیندانی ئینفرادی دام، چونکە من پلەی یەکەمی مەترسیم و بەتوندترین ڕێورەسم چاودێری دەکرێم. خێرا خێرا شوێنەکەم دەگۆڕن. ئەوان دەترسن لەوەی کە پیلانیان لێبگێرم. لە چوار مانگدا چوار جار شوێنیان پێ گۆڕیوم. پێشتر بۆ ماوەی سێ مانگ لە بینایەی دوو بووم. بەلام ئێستا هێناومیان بۆ بینایەی یەک.

**لێرە هاورێت هەیە ؟**

من پێمخۆشە چالاکی وەرزشی تاکەکەسی بکەم تا پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروستبکەم. پەیوەندیەکانم لێرە کارتۆنین.

**کەس سەردانت دەکات ؟**

ئامۆزاکەم و خوشەکە بچووکەکەم و براژنم سەردانم دەکەن.

**زۆرترین کاتت لە زینداندا بەچیەوە سەرفدەکەیت ؟**

هەر لە منالّیەوە حەزمدەکرد دیراسەی سەرچاوەی زمانەکان بکەم. هەوڵدەدەم زمانە فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبیەکەم بگەیەنمە لووتکە.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ هەرێم دا

هەرێم یەکێکە لەو جیهادیستانەی کە لەشاری کەرکووک لەدایکبووەو تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووەو پاشان لەژێر کارایی زەبروزەنگی باوکە دوو ژنەکەیدا کەرکووک بەجێ دەهێڵێت و روو دەکاتە کوردوستانی ئازاد. دواتر لەڕێگای تۆری پەیوەندیە تایبەتیەکانیەوە پەیوەندی دەکات بە ئیسلامی سیاسی کوردیەو ئەو مێژووەش درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ئەنساری ئیسلام. هەرێم ئێستا لە یەکێک لە زیندانەکانی کوردوستاندایە و بەتۆمەتی تێرۆریسم و ئەنساربوون زیندانکراوە. لەڕێگای ئەم دیالۆگەوە هەرێم حیکایەتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. حیکایەتێکیک کە لکاوە بەمێژووی نەوەدەکان و ئێستای کوردوستانەوە. ئەم گووفتوگۆیە لە چوارچێوەی تێزی دوکتۆراکەمدا ئەنجامدراوەو زۆر سووپاسی ئەو هاورێیانەم دەکەم کە لەم مەیدانەدا کاردەکەن و گەر هاوکاری ئەوان نەبوایە ئەم کارە هەگیز نەدەکرا. ڕاستە من چوارچێوەی پرسیارەکانم ئامادەکردووە، بەڵام ئەوان ڕیالیزەیانکردووەو پێیوە ماندووبوون.

**تەمەنت چەندە ؟**

ساڵی ١٩٨٣ لە دایکبووم.

**خەڵکی کوێیت ؟**

لە شاری کەرکووک لەدایکبووم.

**باوکت چ پیشەیەکی هەیە ؟**

باوکم بەقاڵە

**ئەی دایکت ؟**

دایکم "ئیعتیادی" ژنی ماڵەوەیە.

**برات هەیە ؟**

ئێمە لە ماڵەوە سێ خوشک و سێ براین. براکانم بۆخۆیان کاسبی ماڵی خۆیان بوون.

**خوێندەواریت هەیە ؟**

تاسێی "موتەوەستەم" خوێندوە. هەر لە شاری کەرکوک سەرەتای و ناوەندیم خوێندوە.

**مامۆستاکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکردیت ؟**

وەک هەموو لایەک، خۆت ئەزانیت مامۆستا لای ئێمە چۆنە.

**مامەڵەی باوک و دایکت چۆن بوون لەگەڵتدا ؟**

من باوکم دوو ژنی هەبوو. دایکمم بەبیرنایە، چونکە لە هەستاکاندا کۆچی دوایی کرد. باوکم مامەڵەی ناخۆشی لەگەڵدا دەکردین؛ قورس بوو.

**لەسەر چی ؟**

باوکم پیاوێکی تورەبوو. تۆ باوکت باش ئەبێت یان خراپ، ئێمە باوکمان خراپبوو، هەمیشە تورەبوو. هەر شتێکت بەدڵی ئەو نەکردایە لێی ئەدایت و تورە ئەبوو.

**چۆن بوویت بە ئیسلامی ؟**

لەڕاستیدا من تورەبوونی باوکم کردمی بە ئیسلامی. باوکم ماڵەوەی لێکردبووین بە دۆزەخ. بەردەوام تورە ئەبوو. ئیتر بڕیارمدا کەرکو بەجێبێڵم و بێم بۆ کوردوستان. ئیتر ئەو کاتە حەرەکەی ئیسلامی هەبوو، خزمەکانم و زۆربەی ئامۆزاکانم لەوێ بوون و منیش پەیوەندیم پیانەوەکردو چوومە ناویانەوە.

**چۆن فێری قورئان خوێندن بوویت ؟**

من خۆم عەرەبیم ئەزانی. فێربوونی ئاسانبوو. خۆم دەستمکرد بە خوێندنەوەی.

**ئەی کەس دەرسی پێنەئەوتی ؟**

نا دەرسی چی. لەناو حەرکەی ئیسلامیدا دەرس نیە. بۆخۆت لە ڕەبایەیەکدا دائەنیشیت. ئیتر وەک مەئوایەک وابوو. دەرسی چی. نەخێر. ئیتر هەر بزووتنەوەبووم تا بوو بەیەکبوون. پاسان بووم بە یەکبوون و دواتر بۆ ماوەیەک دانیشتم.

**چ یادگاریەک هەیە کە هەرگیز لە بیرت نەچێت ؟**

زۆر شت هەیە. بەڵام ئەوەی کە هەرگیز لە یادم ناچێت ئەو ڕۆژەیە کە باوکم بەستمیەوە بە عەمودیەکەوەو زۆری لێدام. تەنها لەبەر ئەوەی کە نەچووبووم بۆ دووکان.

**چۆن خۆت پێناسە دەکەیت ؟**

خۆم بە موسوڵمان ئەزانم.

**کۆمەڵگەی کوردی چۆن پێناسە دەکەیت ؟**

کۆمەڵگەی کوردی لە ئەسڵا موسوڵمانە. بەڵام ئەگەر یەکێک خۆی دژایەتی ئیسلام بکات و خۆی کافربوونی خۆی ڕابگەیەنێت، خۆمنیش ناڕۆم پێیبڵێم پیاوی چاکی، وانیە ؟

**حیزبە عەلمانیەکانی کوردوستان چۆن دەبینیت ؟**

حیزبەکانی کوردوستان تێکەڵن لەهەموو شتێک. حیزب لە کۆمەڵگە پێکهاتووە؛ وەک کۆمەڵگە وایە.

**پێمخۆشە ڕاشکاوانە دیالۆگ بکەین، چوونکە ئەمە تەحقیق نیە، هەردووکمان ئازادین لە قسەکردندا.**

تۆ ئەبێت بزانیت کە بزووتنەوە بۆمن مەئوایەک بووە. پەنای داوم. خەڵک مەبەستێکی هەیە و حیزبیش مەبەستێکی دیکەی هەیە. بزووتنەوە دەیویست حیزبی بەعس لەناو بەرێت، منیش دەمویست شوێنێکی نیشتەجێبوونم هەبێت. کاتێک ژنم هێنا ئیتر وازم هێنا و لەماڵی خۆم دانیشتم.

**ئێوە چیتان دەوێت ؟ چیتان دەویست ؟**

بێگوومان وەک هەر حیزبێک ئێمە دەمانەویست جمهور بۆخۆمان زیاد بکەین. بزووتنەوە دەیویست جمهور بۆخۆی زیادبکات و خۆی فەرزبکات بەسەر هەموو لایەکدا. مەگەر هەموو حیزبێک هەروانیە.

**پێتوایە لە ڕێگای زەبروزەنگەوە دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێت ؟**

ڕاستیەکەی ئەوە کاری ئێمە نەبوو، ئێمە سەرباز بووین و فەرمانمان جێبەجێ دەکرد. ئەوە زیاتر ئیسی سەرکردایەتی بوو. ئێمە ئەو شتە جێبەجێ ئەکەین کە پێمان ئەگوترێت.

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان چۆن دەبینیت ؟**

هەموو حیزبێک هەڵە و ڕاستی هەیە. یەکگرتووش حیزبێکە وەک هەموو حیزبەکانی تر.

**بەکافری نازانیت ؟**

نا یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامیە و دەعوەی هەڵبژاردوە. ئیتر ئەوەی پێباشە. مەگەر هەمووومان ئازادنین ؟ ئیتر ئەو قەناعەتی وایە. قەناعەت لەهەموو شتێک گرنگترە.

**تۆ چۆن لە کووشتن دەڕوانیت ؟**

کوشتنی موسوڵمان بەهیچ شێوەیەک جائیز نیە. بۆ ناموسوڵمانیش، تۆ گەر لەماڵی خۆت دانیشیت، کەس نایەتە سەر بۆ ئەوەی بتکوژێت. ئیتر دینەکە ئاوایە.

**باشە ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی حوکمی کوردوستان بکات، ئێوە جەنگ رادەگرن ؟**

ئەزانی چۆن، مەسەلەکە وانیە. ئێمە لەگەڵ پارتی کێشەمان نەبووە. شەرمان لەگەڵ یەکێتی بووە، یەکێتی هاتووەتە سەرمان، ناچاری شەڕی

کردووین. تۆ ئەگەر یەکێک بۆکزێکت لێبدا، هەوڵدەدەیت بۆکزەکەی لێبدەیتەوە. وانیە ؟ یانی ئینسان بەرامبەرەکەی ئەزانێ. خۆتۆ ناکرێ هەر بێدەنگ بیت. بەرامبەرەکەت چۆنبوو ئاوا مامەڵەی لەگەڵا ئەکەیت. ئەگەر بەرامبەرەکەت توندوتیژبوو تۆش توندوو تیژ ئەبیت، ئەگەر نەرمبوو تۆش نەرمئەبیت.

**ئەگەر حیزبێکی کۆمۆنیست حوکمی کوردوستان بکات، تۆ جەنگی لەگەڵ ئەکەیت ؟**

ئەگەر ئەو حیزبە کێشەم بۆ دروستنەکات و ڕێگام پێبدات دینداری خۆم بکەم و عیباداتی خۆم بکەم، نەخێر شەڕی لەگەڵ ناکەم. بەڵام ئەگەر ئازادیم نەداتێ و موشکیلەم بۆ دروستبکات، ناچارم شەڕی لەگەڵ بکەم. سەیرکە، ئاوێک ئەڕوات، تۆرێی لێبگرە، ئاوەکە پێچئەکاتەوەو لە شوێنێکی ترەوە ئەڕوات.

**باشە ئەو ئاوەی ئێوە لە کوێدا ڕێی لێگیرا ؟**

کاتێک کە یەکێتی نیشتمانی هوجومی کردە سەرمان. ئەبوایە. کە ئەو هجوم ئەکات، ئێمە ئەبێت دیفاع بکەین. فیقهی واقیع وایە، خۆنابێت چاوەڕێبیت بتکوژێت.

**یەکێتی بۆ هیجومی کردە سەرتان ؟**

ئیتر ئەوکاتە وابوو، هەر حیزبێک شووێنێکی خێی هەبوو، پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەو هەتا ئەخیر. هەر حیزبەو ئەیویست فەرمانڕەوایەتی خۆی بکات. یەکێتیهێرسی کردە سەر ناوچەکانی ئێمە.

**باشە ئەی یەکێتی بۆ پەلاماری حیزبەکانی دیکەی نەدا ؟**

چۆن نەیدا ؟ ئەی ئەو هەموو شەڕەی نێوان یەکێتی و پارتی کێ کردی ؟ شەڕ هەر شەڕە، تەقەی تیا ئەکرێت و زەلامی تیا ئەکوژرێت. ئەوەنەی پارتی و یەکێتی خەڵکیان لەیەکتری کووشتووە، ئەوەنە لەگەڵ ئیسلامیەکانا نەکوژراوە. شەری ئیسلامیەکان و یەکێتی هەفتەیەکی نەخایاندووە، چەند شەڕێککراوە، بەڵام تەمەنی کورتبووە، بەڵام سەیری پارتی و یەکێتی بکە.

**بەشداری شەڕی ١٩٩٧ تتکرد، شەڕی نێوان بزووتنەوەو یەکێتی ؟**

نا ئەوکاتە من منالبووم، لە ئێڵامپێ بووم، نەیانهێشت بەشداری شەڕەژکە بکەم، تا یەکبوون مامەوە، بەڵام دواتر لە خورماڵ دانیشتم و دواتر چوومە نێو ئەنساری ئیسلامەوە. کاتێک یەکبوون لەتبوو، من یەکێکبووم لە تەماساکارەکانی بەینی کۆمەڵ و بزووتنەوە. تەماشای روداوەکانم ئەکرد، ئەمویست بزانم بۆکوێ ئەڕۆن. دوایی جوند دروستبوو، پاسان بوو بە ئەنسار. من پەیوەندیم بە ئەنساری ئیسلامەوە کرد. پەیوەندیەکەم بە ئەنسارەوە، لەبەر ئەوەبوو، ئەوان داوای یارمەتیان لێکردم،

پێویستیان بەیارمەتی من هەبوو، منیش لە شەڕی شنروێ دا یارمەتیم دان، دوو سەعاتی خایاند، دوای گەڕامەوە بۆ خورماڵ. من عەدەد دۆشکە بووم لە ناو ئەنسارا. لە خەتی هجوم نەبووم، زیاتر لە خەتی دیفاع بووم. ئاوا یارمەتیم ئەدان. من واجبوو ئەو شتانەم نەبوو، لەماڵەوەبووم، کاتی شەڕ ئەهاتن بەدواماو بەشداری شەڕم ئەکرد.

**چی پاڵی پێوەنایت بەشداری بکەیت ؟**

ڕاستەیەکەی زۆرجار عاتیفیبوو، ئەوان هاورێ و ڕەفیقم بوون، خۆت ئەزانی ئەو هەموو ساڵە لە بزووتنەوەدا پێکەوەبووین. کە داوایان لێئەکردم، نەم ئەتوانی قسەیان بشکێنم، بەتایبەتی ئەمزانی ئەوان پێویستیان بەمنە.

**تۆ عاتیفەیەکت نەبوو بەرامبەر بە ئەنسار ؟**

عاتیفە بەرامبەر بە دینە. ئەوان شتەکان بەناوی دینەوە ئەکەن. تۆکابراپەکی موسوڵمانی. ئیعلام دەوری هەیە. کاتێک دەبیسین، کە موسوڵمانان دەکوژرێن، ژنەکانیان هەتکدەکرێن، خانووەکناین دەسوتێنرێن، هەموو ئەمانە حەماسەتێکت بۆ دروستئەکات بۆ ئەوەی بەشداری بکەیت.

**لەوجەنگانەدا هەرگیز رووبەڕووی مردن بوویتەتەوە ؟**

بێگوومان، تەنانەت جارێکیان برینداربووم. قاچم برینداربوو. پارچەی هاون لێی دام.

**خێزانت لە کوێ دادەنیشێت ؟**

ئێستا خێزانم لە شاری (...) دادەنیشێت.

**مناڵت هەیە ؟**

نەخێر.

# چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاری دا

ئاری چیرۆکێکی تایبەتی لەگەڵ تێرۆریسم داهەیە. چیرۆکی منالێک کە لەهەلومەرجێکی کۆمەڵیەتی و سیاسی تایبەتدا دەکەوێتە باوەشی هەردوو جۆرەکەی تێرۆریسمەوە، تیرۆریسمی گرووپ و تێرۆریسمی دەوڵەت. ئەم کورە لاوە، بەم شێوەیە مێژووی تێرۆریسمی خۆی لەیەکێک لە زیندانەکانی سلێمانیدا بۆ گێراینەوە :

**کەی لەدایک بوویت ؟**

لەساڵی ١٩٨٦ لە شارۆچکەی سیراون، سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهید، عەشرەتی نەورۆلی.

**باوکت ئیشی چی بوو ؟**

باوکم ئیشی زەراعی ئەکرد.

**خوشک و برات هەبوو ؟**

وەڵا هیچ.

**لە خۆت بچوکتربوون یان گەورەتر ؟**

گەورەتر.

**خوێنەواربوون ؟**

خوێندیان بەڵام لەبەر ئەوەی کەلکی نەبوو دەستیان کرد بە کەسابەت.

**ئەی دایکت ؟**

دایکم ژنی ماڵەوەیە.

**خۆت خوێنەواریت هەیە ؟**

بەڵێ.

**تا چەند ؟**

سێی موتەوەستە.

**ئەی سەرەتایت لە کوێ خوێند ؟**

هەر لە سیراوان.

**ناوەندیش ؟**

بەڵێ، تا سێم خوێند، تا نیوەی ساڵ، ئیتر وازم هێنا.

**مامۆستاکان چۆن بوون لەگەڵتا ؟**

وەڵا ئەو سەردەمەی من دەمخوێند سەردەمی ئیسلامیەکان بوو، ئەو کاتە خوێنەواری و شتی وا بەو شێوەیە نەبوو. ئیتر نەم توانی درێژە بە خوێندن و ئەو شتانە بدەم، ئەو کاتەش ئیتر چووم بۆ تاران و شتی وا.

**ئەو مامۆستایانەی کە هەتبوون لە مەنهەج لایان دەدا بۆ ئەوەی باسی شتی تر بکەن ؟**

ئەی چۆن هەمویان ڕیشیان هەبوو. بەنەوعێکی تر تەسەڕوفیان دەکرد. ئەگەر بیانزانیایە کەسێک سەر بە لایەنێکی عیلمانیە هینایِن دەکرد، گوزارشتیان لێدەدا، شکاتیان لێدەکرد، یان تۆزێ رەزیلیان دەکرد. بەس لە ناو ئەو مەکتەبا دوو مامۆستای ناسئیلامی هەبوو، مودیرەکە ناوی مامۆستا حسێن بوو، پارتی بوو، مامۆستا موحەمەدیش مامۆستای زیندەوەرزانی بوو، یەکێتی بوو.

**مامۆستای ئافرەتان هەبوو ؟**

بەڵێ هەمانبوو، بەڵام هەمویان موحاجەبە بوون، چونکە خەڵکی ئێرە نەئەهات ئەو کاتە لەوێ دەوام بکات.

**ئەی پەروەردی ماڵەوەتان چۆن بوو ؟ باوک و دایکت ؟**

وەڵا دایک و باوکم باشبون لەگەڵما، بەڵام لەم ئەخیرەوە کە واملێهات ئیتر هین بوون لە گەڵما.

**گۆران لەگەڵتا ؟**

ئەرەوەڵا.

**زۆر ؟**

هەر زۆر.

**قەت باوکت لێی داویت ؟**

ناوەڵا، ئێمە موشکیلەمان لەماڵەوە نەبوو. تەنها کاتێک لێی ئەدام کە نەئەچووم بۆ مەکتەب و شتی وا.

**باشە تۆ تەمەنت زۆر بچووکە، چۆن چویتە ناو حیزبی ئیسلامیەوە ؟**

وەڵا یەکەم جار خوێندن و شتم ئەخوێند، من سەر بە کۆمەڵەی خوێندکاران بووم. تەبعەن ئەو کاتە کۆمەڵەی خوێندکاران زۆر بە مەخفی بوو. وەکو دەزگایەکی سڕی ئیشی دەکرد، نەت ئەتوای بەئاشکرا هیچ بکەیت. ئیتر جەماعەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی یەکێتی هاتن و ئەمانە و وتیان وەرە لەگەڵ ئێما ئیشبکە. ئیتر منیش وتم باشە. ئیتر دەستم کرد بە ئیشکردن، بەدزیەوە ئەچوم بۆ کۆبونەوەو ئەم شتانە. ئیتر دوای وازم هێنا لێیان.

**بۆچی وازت هێنا لێیان ؟**

ئیتر لە مەکتەب نەمام. ڕۆشتم بۆ تاران. سێ مانگێک لە تاران بووم. لە وەلی عەسکەر کارم ئەکرد.

**برادەرت هەبوو لە وێ**

ئەی چۆن . برادەرم هەبوو، خەڵکی کەلاربوون، خەلکی دەربەنیخان بوون، خەڵکی هەڵەبجە بوون.

**ئەوان فیکریان چۆن بوو ؟**

ئەوکاتە، وەڵا ئەو کاتە فیکرەیان هیچ نەبوو، ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو، فیکرەو شتی وا نەبوو. ئەو کاتە وەک ئێستا دەستە ئیسلامیەکان لە تاران نەبوون، بۆ ئەوەی بێن و قسەت لەگەڵا بکەن و بووکەن بە ئیسلامی. ئێستا ئەوان لە شەریکەکانی تاران ئیش ئەکەن. دوای گەڕامەوە، نەفەرێک هەبوو ناوی (...) بوو، وتی وەرە با پێکەوە ئیش بکەین، من ئەو نێرم بۆ ناو ئیسلامیەکان. ئەو یەکێتی بوو، وتی ئیشمان بۆ بکە. وتی من ئەو ناسێنم بە مەسولەکەمان ئەمانە و من خۆم لای مەسولەکە پەیوەندیم هەیە ئەمانە. ئیتر ئەو کاتە ئیسلامیەکان تەفرەقەیان تێکەوت. پەرتەوازەبوون و ئەو شتانە بوون. ئیتر لەوێ، کۆمەڵی ئیسلامی چووە خورماڵ و حەرەکە لە هەڵەبجە مایەوەو جوند ئەلئیسلام ئیعلانی خۆی کرد.

**تۆ لەناو کامیانا بویت ؟**

من ئەوکاتە یەکێتی ناردمی بۆ ناو کۆمەڵ. دوای لە ناو کۆمەڵ لە هێزی سەفین بووم، لای عەبودل سەمد بووم، خەڵکی هەولێر بوو. من وەک تەنزیمی یەکێتی لای ئەوان ئیشم ئەکرد. ئیتر یەکێتی وتیان ئێمە دەعمی مادی تۆ ئەکەین، بەس تۆ بڕۆ ئەوێ. ئیتر منیش وتم ناتوانم ئەگەر ئاوا بێت، وتم ئەبێ کەسێکم بۆ دیاری بکەن. ئیتر ئەویش وتی باشە من ژنێکت بۆ دیاری ئەکەم، ئەو ژنە ئەبوو خۆی بکا بە پوری من. ئیتر ئەو ژنە نامە لە نێوان من و یەکێتی دا ئەگەڕێتەوە بەناوی پورمەوە. ئەو وتی، ئێمە پیاوت پێ ناکوژین و خراپەت پێناکەین، تەنیا مەعلوماتی جموجوڵی ئەوانەمان بۆ بێنە. ئەوەش ڕەقەم تەلەفۆنی ئێمەیە هەرکاتێک ویستو تەلەفونمان بۆ بکە. ئیتر ئەوەبوو ڕۆشتم شەش مانگ لەناو کۆمەڵا بووم، ئیتر دوایکە داوایان لێکردم، وتیان ئێمە مەعلوماتی ئەنساری ئیسلامان پێویستە، بڕۆ بۆ ناو ئەوان. وتم باشە من ئەڕۆم بۆ ناو ئەوان. ئیتر لای ئەوان ماوەیەک لە ژێر چاودێریا بووم، باشبوو هیچ گومانیان لێ نەکردم. هیچ غەڵەت و شتێکم نەبوو. من باشبوو، پێشتر لێرە یەکێتی دەرسیان دادام و وتیان ئەبێت ئاوا هەڵسوکەوت بکەیت بۆ ئەوەی پێت نەزانن. وتیان لەوێ ئەبێ بەگوێی ئەوان بکەیت و لەبەر ئیشێکی ئێمە دانابەزیتە شوێنێک و خۆت کەش بکەیت. بە ئارەزوی خۆو ئیش بکە. ئەگەر ئێمە پێویستمان پێت بوو، خۆمان خەڵک ئەنێرین بۆ لات، یان خۆت تەلەفۆن بکە. وتم باشە. ئیتر ئەوەبوو ڕۆشتمە لایان. نۆ

مانگ لایان مامەوە، دەورەیان بۆ کردمەوەو تەدریبیان پێکردم و بردمیانە شاخ و ئەو شتانە. بەڵام ڕۆژێک بە نامەوە گرتمیان و کەشف بووم. پێنج مانگ و نیو کردمایەن سجنەوە. دوای ئەوەی بردمیان بۆ مزگەت و مەحکەمەیان کردم و فەتوای کوشتنیان بۆ دەرکردم. وتیان لەبەر ئەوەی کە تۆ ئیشت بۆ کوفر کردوە، بۆ جەلالی کردوە، بۆ حیزبە عەلمانیەکان، دەبێت بە شەرعی ئیسلام بکوژرێیت. ئیتر دانەیەکی عەرەبی لێبوو، ناوی ئەبو وائیل بوو، مەسولی هەیئەی شەرعی بوو لەوێ، وتی من پێم

ناخۆشە گەنجێکی وەک تۆ کەسەرەتای تەمەنتە بکوژرێت، بەڵام من دەسەڵاتم نیە، چونکە ئیسلام دەڵێت دەبێت تۆ بکوژرێیت، چار نیە و ئەمانە. ئەو بەیانەی سەعات نۆ بوو، مەحکەمەکە کرام، هینەکە دەرچوو، ئیتر دوای ئەوە یەکێتی زانی، نەفەرێکی تر تەنزیمی یەکێتی بوو، خەبەری نارد، وتی ئەگەر فریای نەکەون، ئەیکوژن، ئەو کورە ئەکوژن و خراپی بەسەر ئەهێنن و محاوەلەیەکی بۆ بکەن. ئەوە کوری فەقیرەو منالەو تێکەوتوە با نەکوژرێت. ئیتر ئەوەبوو یەکێتی زۆر محاوەلەی بۆکردم لە ڕێگای ماڵی مەلا عەلیەوە. ئیتر تەحسینی مەلا عەلی واسیتەی بۆ کردم. بەیانی هێنامیانە دەرەوە، وەک جاران نەبوو، چاویان نەبەستبووم، چاوم زۆر ئازاری هەبوو، نەم ئەتوانی تەماشای ڕۆژ بکەم. من لەئەشکەوتێکا سجن بووم، پڕبوو لە دوو پشک، کە پێیوە ئەدام، ئەیان ووت با جەلالەی بێت ڕزگارت بکات. ئەو بەیانیە هێنامیانە خوارەوە، وتیان ئەشیاو شتت لێرەیە وتم نەخێر، وتیان دەی سەرکەوە لەگەڵمانا. ئیتر خستمیانە قنی سەیارەیەکەوە، وتم بۆ کوێم ئەبەن، وتیان نازانین ، بۆ کوشتنە، بۆ ڕەمیە، بۆ بەربوونە، ئێمەش نازانین. سەیارەکە دوو سەیتەرەی ئەنساری پری نەوەستا، دوای گەشتینە خورماڵ سەیتەرەی کۆمەڵیش نەوەستا، دوای گەشتینە سیروان، کاتێک مەقەڕی یەکێتیم بینی و پێشمەرگەکانم بینی دڵخۆش بووم. وتم بەرم ئەیەن. دوای برمیان بۆ هەڵەبجە، تەسلیمی سکرتارەتی مەلا عەلی یان کردم و دوای برمیان بۆلای مەلا عەلی و مەلا عەلی پێی وتم: باشبوو من گەشتمە فریات ئەگیان ئەیان کوشتی. تۆ ئەزانی چیت کردوە؟ تۆ ویستوتە مەعلوماتی ئەوانە بدەیت و نامەو پێوە گیراوەو چەنێکە ئیش و بۆ جەلالی کردوەو تۆ نازانی ئەوە تاوانە و ئالەم تەمەنا ئەکەویتە شتێکی ئاواوە. دوای کەس و کارەکەم هاتن و ویستیان بم بەنەوە، بزوتنەوە وتی خۆمان دوای بۆتان ئەهێنینەوە. دوای تەسلیمی یەکێتیان کردم و ئەو بەپرسەی ناو یەکێتی کە ڕەبتم پێیەوە هەبوو، هات و یەکتریمان بینی و ڕوداوەکەم بۆ گێڕایەوەو تۆزێک پارەی پێدام و وتی پرۆرەوە لەماڵەوە دانیشەو دوای خۆمان پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە. دوای هەفتەیەک ئاسایشی سلێمانی هاتن بۆ ماڵەوەو وتیان کاک سەرکەوت، بەڕێوبەری ئاسایش داوای کردویت و دەڵێت پێویستمان پێیەتی و بابێت هەندێ ئیفادەی لێ وەربگرین و تەحقیقی لەگڵا ئەکەین. کە منیان هێنا، زۆر ڕێزیان لێگرتم و باش پێشوازیان لێکردم،

بەڵام کردمایەن سجنەوەو هەموو مەسروفاتیان گرتمە ئەستۆی خۆیان. دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ئیتر بەریان دام. شەش مانگ لێرە لە زیندان مامەوە. دوای لەی کاک (...) بووم بە پێشمەرگە. بەڵام من حەزم بە کاروباری ئاسایش ئەکرد. ئیتر وردە وردە لەگەڵ ئاسایشا دەسم بەکار کرد و ئەگەر هەرشتێکیان پێویست بوایە پەیوەندیان بەمنەوە ئەکرد و بووم بە موعتەمیدی ئاسایشی ئێرە. دوای بەبۆنەی تەکەتولەکەی یەکێتیەوە، لەگەڵ شەخسێکا ئیشم ئەکرد، دوای فەسڵیان کردم، منیش هیچم نەکرد. من محاوەلەم کرد بگەڕێمەوە، بەڵام مودیرەکە وتی لەبەر ئەوەی لە فڵانە کەسەوە نزیکە نابێ بگەڕێتەوەو وەریناگرینەوە. دوای من لەڕێگای کورێکەوە پەیوەندیم بە ئیتیلاعاتەوە کرد. ئیتیلاعاتی ئێرانی. ئیتر بووم بە ئیتیلاعات، چومە لای کابرایەک ناوی ئاغا سەرهەنگ موحەمەد یاقوبی. ئیتر لای یاقوبی ڕەسمیان گرتم و فۆرمیان بۆ پڕکردمەوەو وتیان ئێمە مەعلوماتی ئەمەریکایەکان و حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەمان ئەوێت. وتیان ئێمە ئەزانین تۆ کەسێکی لەبواری سیاسیا ئیشت کردوەو شت ئەزانیت و تۆ ئیشمان بۆ بکە و ئێمەش یارمەتیو ئەدەین. ئیتر دەستم کرد بە ئیشکردن بۆیان، لەوێ خەلکی تێرۆریستم ناسی، جەماعەتی ئەنسار و ئەوانە. ئەوان منیان ناسیەوە، وتیان ئەوەی لەڕابوردودا ڕوی دا، موشکیلە نیەو با لەبیرمان بچێتەوەو ئێستا پێکەوە کار ئەکەین و هەموو ئیسنسانێک قابیلی هەڵەیەو تۆش تەوبە بکات و بگەڕێرەوە بۆلای خوا. ئیتر لەوێ فێری تلیاک کێشانیش بووم، بەڵام موعتاد نەبووم، چونکە زۆرم دەست نەئەکەت و زوو زوو نەم ئەکێشا. ئیتر لەگەڵ ئیتیلاعاتا ئیشم ئەکرد، دوای هینێکیان داپێم، پڕێ تیەنتییان (TNT) یان داپێم. لە ئێران، وتیان نەفەرێک هەیە، حیزبی دیمۆکراتە، لە کۆیە، ناوی ئاغای (...)، بۆمان بکوژە. وتی نەیشی کوژی گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە تۆ ئەیسەلمێنی کە ئەتوانی ئیش لەو شوێنانا بکەیت. ئەو هەنێ تینتی تەوقیتکراوی هێنا، هی سەعات و ئەمانە. ئیتر منیش وتم ناتوانم، لەسەر تەوقیتکراو ئیشبکەم، کۆنترۆڵم بەنێ، من لەسەر کۆنترۆڵ ئیش ئەکەم. ئێمە لە ئاوی زرێباربوین لە مەریوان، ئیتر مەسولی هەوالگری سوپای پاسداران تەلەفونی کردو لەگەڵ منا قسەی ئەکرد، ئەو ناوی ئاغای (...)، تیرۆریستێکی کوردیشی لەگەڵ بوو کە ناوی (...). من لە ڕێگای ئەوەوە ئیتیلاعاتم ناسی. ئیتر لە وێ کە ئەو شتە کرا، وتم باشە چۆن بەکاری بێنم، وتیان لەبەردەرگاکەیان تەنەکەی زبڵ هەیە، ئەیخەیتە ناوی، کە هاتەدەرەوە، دەستی پیادەنێیت و ئەیتەقێنیتەوە. ئیتر من وتم باشە ئەی کەم، بەڵام وەعدی تەواوتان نادەمی کە بکوژرێت. دوای هاتمۆ بۆ کوردستان و ماوەیەک لێرەبووم و دوای چوومۆ بۆ ئێران و تیێنتیەکەم هێنا، لە ناو جانتایەکی بچوکا بوو، کەبسول بوو، بەکۆنترۆل ئەتەقایەوە. ئیتر تینتیەکەم هینایە هەڵەبجە. بەڵام دواتر نەخشەکەیان گۆڕاو وتیان ئێمە ئەمانەوێت لە هەڵەبجە کەسێکی تر بکوژین. ئەوان چەند کەسێکیان لەهەڵەبجە بۆ ئەو عەمەلیەیە ئامادە کردبوو، ئیتر منیشیان خستە نێو عەمەلیەکەوەو بە تیەنتیەکەی من کەسەکەیان کوشت. تیرۆریستەکە

خۆی تەقاندەوەو بەرپرسەکەی لە هەڵەبجە کوشت لە ٢٠٠٣/٠٦/٢٧.
دوای ئەوەی هەڵەبجە ، ئیتر من پەیوەندیم بە ئیتیلاعاتەوە کردەوەو وتم ئەوە کارەکە کراو من چی بکەم. کوردە تیرۆریستەکە کە ئیتیلاعات بوو، وتی من ئەڕۆم بۆ پاکستان و تۆش شوێنی خۆت بگوێزەوە با ئیتیلاعات پێتنەزانێت، با وا نەزانن کە خیانەتمان لێکردون. دوای ئەوە من ڕۆشتم بۆ شوێنی ڕوداوەکە و هاوڕێکانی ئاسایشم بینی و تەرمی تیرۆریستەکەیان پێنیشاندام بۆ ئەوەی بزانم ئەیناسم، من وتم نایناسم. ڕاستیەکەی من ئەو بەرپرسەم ئەناسی، پێش ئەوەی ئە بکوژرێت، قسەمان پێکەوە ئەکرد، ئەو زۆر ڕقی لەمن بوو، منیش ڕقیم لێبوو، بەتەلەفونم جنێومان بەیەکتری ئەدا، ئەو وتی من ئەو کوژم و خوێنەکەشت ئەدەم، بەڵام ئەگەر تا بیست ساڵی تر تۆ توانیت من بکوژیت، خوێنی من حەڵاڵت بێ. دوای ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی ئیشێکم پێتە، وەرە بۆ ماڵمان. من چوم بۆ ماڵیان. ئەو تەکلیفی شتێکی لێکردم، من وتم ناتوانم ئەوە بکەم. بەڵام ئەگەر ئەتەوێ، لە ئێران تێرۆریستێک هەیە، ناوی (عەلی موجاهیدە)، من بۆت ئەکوژم. دەمانچەی کاتیمم بەرێ، من خەڵک ئەناسم و بە ئاسانی ئەڕۆمە ناو ئێران و ئەیکوژم. لە ماوە سێ ڕۆژا ئەیکوژم. ئەو وتی، نا من نامەوێت ئەو شتانە بکەم، من کەسێکی ترم ئەوێت. منیش پێموت، ناتوانم چونکە ئەو کەسە لەگەڵ منا بەینی زۆر خۆشە، ناتوانم بیکوژم. دوای ئەو هەر ئەیوست بە زۆر پێم بکات، دەمانچەی خستە سەر سەرم و وتی ئەگەر ئەو کارەم بۆ نەکەیت ئەتکوژم، وتم ناتوانم، دوای وتی پارەی خستە بەردەستم و سوچی سەیارەکەی و وتی خانوشت لە سەر تاپۆ ئەکەم و ئەوروپاشت ئەوێ ئەتنێرم. وتم ناتوانم، ئیتر بەینامان تێکچوو. ئیتر من هاتمە دەرەوەو نەم بینیوە تا ڕۆژێک پێشئەوەی بکوژرێت. دوای حەوت ڕۆژ، ئاسایش هاتن و منیان گرت. چونکە زانیان هەڕەشە هەبووە لە نێوان من ئەوا. دوای تەحقیق من دانم پیاداناو وتم تینتیم هیناوەو ئیشم بۆ ئیتیلاعات کردوە. بۆ ماوەی نۆ مانگ پەیوەندیم بە ئیتیلاعاتەوە هەبووە.

### ئەی تۆ لە گەڵ ئەنساری ئیسلام دەرست هەبوو ؟

بەڵێ، دەرسی پەروەردەیمان هەبوو. چەند مامۆستایەکمان هەبوو کە دەرسیان پێ ئەوتین. وەک مامۆستا عەلی وەلید، ئەبو زوبەیر، مامۆستا هەڵۆ، عەبدورەحیم بوو، مامۆستا ڕاستگۆ بوو.

### چەند حیزبی ئیسلامیت کردوە ؟

تەنیا کۆمەڵ و ئەنسار.

### لە ئێستادا چ ڕوداوێک زۆر مەشغوڵت ئەکات ؟ زۆر بیر لە چی ئەکەیتەوە ؟

لەڕاستیا ئەو شتەی کە زۆر مەشغوڵم ئەکات، ئەو شتەیە کە لە سەری گیراوم، ئەمەوێت دادگایی بکرێم، ئیتر حوکمەکەم هەرچی بێت، ئیعدام بێت، سجن بێت، ئەمەوێت بزام مەسیرم چیە.

**تۆ چۆن کورد ئەبینی ؟ ئایا بە موسوڵمانی ئەزانی ؟**

ئەی چۆن. خۆ من ئێستا هەر نوێژیش ناکەم.

**کەواتە بۆچی بوی بە جوند و ئەنسار و ئیتیلاعات ؟**

خۆ یەکێتی خۆی منی نارد بۆ ناو ئەنسار. ئەگینا من هەر نەم ئەوێرا ناویشی بەرم. یەکێتی خۆی ناردمی.

**ئەی کەواتە بۆچی خیانەتت لە یەکێتی کرد ؟**

ئاخر لەم لاوە تەو ئیهمالیان کردم. ئەو مەسولەی ئاسایش زۆر ڕقی لێم بوو، وتی پرۆیتە هەر دەزگایەکی یەکێتیش نایەڵم دەوام بکەیت.

**ئەی بەرامبەر ئیسلامیەکان چیت کردوە ؟**

هیچی وام نەکردوە. تەنیا ڕۆژێک نەبێت لە تەوێڵە، لەگەڵ هاوڕێیەکما ویستم ژەهر بکەمە ناو ئاوەوە بۆ پێشمەرگە ئیسلامیەکانی بزووتنەوە لە تەوێڵە. بەڵام ئیتر سەری نەگرت.

**کێ داوای لێکردن ئەمە بکەن ؟**

وەڵا کەس، هەر خۆم بە سەربەخۆ ویستم ئەمە بکەم. حەزمکرد زەبەیان لێبدەم. ئیتر ئاوا.

**کێ ئەو ژەهرەی بۆ هێنای؟**

هاوڕێیەکم کە ئەو کاتە کۆمەڵی ئیسلامی بوو. ئەو بۆی هێنام. من هیچم لەگەڵ کوردا نیە.

**تۆ لە ژیانتا چەند کەست کوشتوە ؟**

وەڵا کەس (پێکەنین) کەسم نەکوشتوە. بەڵام ئیشم کردوەو پارەیان داومەتێ. بە پارە ئیشم کردوە. من مەبدەئی نیم. بۆ پارە کردومە.

**باشە سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.**

منیش سوپاستان ئەکەم.

# گووفتووگۆ لەگەڵ کامەران دا

**ئەم چاوپێکەوتنە لە ئەوروپا ئەنجامدراوە. کامەران ئێکس ئەندامێکی گرووپی ئەنساری ئیسلامە و ئێستا لە کوردوستان دەژی.**

عادل باخەوان :کاک کامەران سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کەڕێگات پێداین ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ جەنابتا بکەین. بێگومان وەکو عەرزم کردیت لەهەرچرکەیەکدا ویستت دەتوانیت هەرپرسیارێکت بەدڵ نەبوو وەڵام نەدەیتەوە.هەر پرسیارێکت بەدڵ بوو دەتوانیت بەدرێژی وەڵامی بەیتەوەو هەرکاتێکیش ویستت دەتوانیت چاو پێکەوتنەکە کۆتایی پێبێنیت. ڕاستیەکەی ئێمە ئەوەی بەلامانەوە گرنگە تێگەیشتنە لەوەی کەڕویداوەوەک ئەوەی کەڕوی داوە نەک وەک ئەوەی کەپێشتر تر بۆمان بگێرێتەوە.سەرەتا پێم خۆشەبزانم کەی لەدایک بوویت؟

کامەران:من لە ١٩٨٣/٧/

عادل باخەوان :٨٣ لەکوێ لەدایک بویت ؟

کامەران: لەهەولێر.

عادل باخەوان: هەرلە هەولێر یان لەلادێ ؟

کەمەران: نا لەناو هەولێر.

عادل باخەوان: لەبەرئەوەی ماڵتان لەهەولێربوو؟

کامەران: بەڵێ.

عادل باخەوان: لەچی گەڕەکێک لەدایک بویت؟

کامەران: لەگەڕەکی تەیراوا

عادل باخەوان : ئێ باشە ئەو گەڕەکەچۆنە؟ بابڵێین گەڕەکێکی گەڕەکی دەوڵەمەندەکانەیان هەژارەکانە یان هیچکامیان؟

کامەران: وەڵا هەردوکی تیابوو. بەزۆری هەژاری تیابوو گەڕەکێکی شەعبیە.

عادل باخەوان :بەڵێ.

کامەران: زۆریش شەعبییە خاسەتەن ئێستا.

عادل باخەوان :خانوی خۆتان بوویان خانوی کرێ

کامەران: ئا خانوی خۆمان بوو .

عادل باخەوان :.ئەی چەند ژوور بوو؟

کامەران:وەڵادوو ژوور بوو....دوو ژوور بوو.

عادل باخەوان :چەند کەس بوون لەماڵەوە؟

کامەران: وەڵایی چواربراو دووخوشک وبراژنم و باوکم ودایکیشم .

عادل باخەوان :هەمووشتان لەسێ ژووردا دەژیان ؟

کامەران: هەمووومان لەسێ ژورا دەژیاین.

عادل باخەوان :ئەمان هەموویان لەیەک ژوردا دەژین وباوک ودایکیشت لەژورێکدا؟

کامەران: من و دایکم و باوکم و سێ براو ئەوە پێنج دووخوشک ئەوەحەفت کەس .

عادل باخەوان : حەوت کەس لە سێ ژوردا ؟

کامەران: بەڵێ بەڵێ

عادل باخەوان : لەیەک ژوورا نانتان دەخواردو لەیەک ژوریشدا دەخەوتن ؟

کامەران : لەیەک ژوریشدا دەخەوتین.

عادل باخەوان : خوێندنت لەکوێ بوو؟

کامەران: دوای ئەوە زۆرم حەزلێبوو لەگەڵ برادەرە بچوکەکانم بچمە مەدرەسە هەر لەتەیراوە بەڵام مەدرەسەیەکمان هەبوو ناوی هەژاربوو زۆرم حەزلێبوو مەدرەسەکەم دیتبوو زۆرخۆشبوو، باخات وشتی لێبوو، بەڵام لەوێ ماڵمان باریکرد چوینە ئەوەی گەڕەکێک لەوبەری بوو (سێتاقان) چوینەسێتاقان لەوێ چومە مەدرەسەیەک ناوی کامەران بوو هەر زیاتر شەعبی بوو، مەدرەسەیەک بوو تابڵێی ناخۆش بوو.

عادل باخەوان : بۆچی گواستانەوە ؟ لەبەرئەوەی باوکت مەعا شی کەم بوو ؟

کامەران : نا خانویەکی خۆشترمان بەدەست کەوت. بەڵام ئەو مەدرەسەی ئەمن تێیدابووم یاعنی هەمووی ناخۆشی بوو. هەتا لەوێندەرێ بووم غەدرم لێدەکرا. لە مەدرەسەکە چوونکە گەڕەکێک بوو پێیاندەگووت گەڕەکی بییرۆکەیان. کورێکی لێبوو هەموو ڕۆژێک لەمەدرەسی بەتۆبزی پارەی لێدەسەندم لەناو شۆعبەی سرکەی دەدواینێ بەپارەیانی هەموو ڕۆژێک بایی دەفلس بوو، ئەگەرنەمبردبا لێی دەدام. ئینجا مەجموعەیەکی هەبوو وەکی مافیای بەهەموویان لێیان دەدایین واتا هەتا لەوێ بوین دەردەسەری بوو.

عادل باخەوان : خوێندنی سەرەتایت لەوێ تەواوکرد ؟

کامەرانمەران: لەوێ تەواوم نەکرد لەمەدرەسـەیەکی دیکە تەواوم کرد. دیسـانماڵمان باری کرد.

عادل باخەوان : ئەمجارە بۆ بارتان کرد ؟

کامەرانمەران: وەڵای نازانم باوکم زۆر حەزی لێبوو هەندێ خانوی وەدەرکردنا.

عادل باخەوان : ئەتان کڕی یان بارتان دەکرد ؟

کامەرانمەران: نەوەڵا خانومان دەکڕی ئەومان دەفرۆشت یەکێکی دیکەمان دەکڕی ئەومان دەفرۆشت. قازانجی مادشی لێدەکرد تەبعەن.

عادل باخەوان : دوای ئەوەخوێندن ؟

کامەرانمەران: چومە مەدرەسـەیەکیتر. مودیرەکە برادەری باوکم بوو. ئەوجارەئیسراحەتم کرد. هەتاشەشیشم تەواوکرد. شەشی سەرەتایی. دواتر چوومە قوتابخانەی زاگرۆس.

عادل باخەوان :کەی شەشی سەرەتایت تەواوکرد، ساڵی چەندبوو، بەبیرت دێت ؟

کامەران:ئا. نەوەڵا باش بەبیرم نایەت. لە نەوەدەکانندابوو. بەس نەوەت ودوو نازانم چەندبوو.

عادل باخەوان: ڕاپەڕین ڕویدابوو؟

کامەرانمەران: دوای ڕاپەڕین تەبعەن. کەڕاپەڕین ئێمەڕاپەڕین کەڕۆشتین لەکامەران بووم لەومەدرەسـەیەی کەبۆم باس کردیت.

عادل باخەوان :هێشتاتەواوت نەکردبوو؟

کامەران: نا کەهاتمەوە بەسایەقی سەیارە دانرام چونک ەتەلەبەیەکی زۆر زیرەک بووم. لەشوعبەی خۆمان یەکەم تەلەبەبووم هاتمەوە یەکسـەر هەر ناجیحیان کردم بۆمەرحەلەیەکی دیکە.

عادل باخەوان: بۆمەرحەلەی......؟

کامەرانمەران : ئا کەهەڵ هاتین بۆ ئێران فەترەیەک لەئێران ماینەوە.

عادل باخەوان : (٨٣)لەدایک بوویت وانییە؟ (٩٣)تەمەنت دەگاتەدەساڵ.

کامەرانمەران: بەڵێ.

عادل باخەوان: لەنەوەدو سێ ئیتر بابڵێن سەرەتایت تەواوکردبوو.

کامەران: نا(٨٣)لەدایک بووم هەشتاونۆ شەشی سەرەتایم تەواوکردووە. نا هەشتاو نۆ عەفوو چومە مەدرەسە. لەوێش ساڵێک، لەوێش نەوەدوو پێنج.

عادل باخەوان: نەوەدوو پێنج سەرەتایت تەواو کردووە. دوای ئەوە؟

کامەران: دوای ئەوەچومە سانەوی.

عادل باخەوان : هەرلەهەولێر هەمووی ؟

کامەران: هەمووی لەهەولێر، ئا لەڕزگاری، چومە ئەوێ بەس لەشەش مەدرەسەسێ ساڵ. بەشی عیلمیم هەڵبژارد.

عادل باخەوان : چۆن بوو بەشی ئەدەبیت هەڵنەبژارد ؟

کامەران: وەڵاهی چۆنبوو بەواسیتەی برا گەورەکەم کەئیسلامی بوو.

عادل باخەوان : یانی ئیختیاری تۆنەبوو ئیختیاری ئەوبرایەت بوو؟

کامەران : وابزانم ئیختیاری ئەوبوو .برادەرەکانم هەمووی چونەعیلمی ئەوە یەک، بۆخۆشم حەزم لێی بوو زیاتر لەسەرڤیسێ زۆر تەمەڵ بووم، لەهەشت دەرس کەوتبووم هەر فەسڵ کرابووم دوایا هەمووم پڕکردەوەناجیح بووم، لەبیر کاری هەشتاو قسوورم هێنا. هەموو دەرەجەی باشم هێنا چونکەزۆرم خوێند، وتم دیارە ئەمن زیرەکم ئەگەر لەعیلمی بخوێنم دەچمەعیلمی چومەعیلمی لەچوارو پێنج ناجیح بووم چومە شەش، لەشەش وازم لێهێنا.

عادل باخەوان : کەی ؟

کامەران: لەشەشی عیلمی لەساڵی دوهەزارو یەک بوو وابزانم .

عادل باخەوان :دوایی کەی دێیتەوەبۆ ئەوەی تەواوی کەیت ؟

کامەران: دوهەزارو یەک داپرام، دوهەزارو چوار گەڕامەوە، مەرحەلەیەکم تەواو کرد مەعهەد.

عادل باخەوان : ئێستا بابگەڕێینەوە سەر کامەرانی ئیسلامەتیت. لەکەیەوە نوێژ دەکەیت ؟

کامەران: وەڵا بیست وسێ ساڵە.

عادل باخەوان :هەر لەدایک بونتەوە نوێژدەکەیت ؟

کامەران: تەبعەن دوای تێگەیشتن و ئەوشتانە.

عادل باخەوان: کی فیری نویژی کردیت ؟

کامەران : بابم،. ماڵیکی مولتەزیمبووین.

عادل باخەوان : ئەی لەکەیەوە بابڵێین هاتیتە ناو ئیسلامی سیاسی؟

کامەران: یانی بەمەفهومی سیاسی یان بچمە ناو حیزبی ئیسلامی ؟

عادل باخەوان : حیزبی ئیسلامی.

کامەران: نەوەدوو حەفت. تا لەنەوەدو دوو من گەلێک بچوک بوم یانی لەسەرەتایی بووم .

عادل باخەوان: نەوەدوو ذو تەمەنت چەندساڵ دەکات؟

کامەران: نۆ ساڵ.

عادل باخەوان: هەر لەنۆ ساڵیەوەبوویت بەئیسلامی سیاسی ؟

کامەران: هەر لەوتەمەنەوە چوومە نێو فیرقەی نەشیدی ئیسلامیەوە.

عادل باخەوان: چی سرودێکتان دەوت؟

کامەران: سرودی دینیمان دەوت تەبعەن هەتا نەوەدو حەوت نەوەدو حەوت من چومەڕادیۆ.

عادل باخەوان :کێ تۆی فڕێدایە ناو ئەو تیپانە؟

کامەران: براکەم کەئەویش ئیسلامی بوو.

عادل باخەوان : باوکت فێری نوێژی کردیت و براکەشت فێری ئیسلامی سیاسی ؟

کامەران : بەڵێ.

عادل باخەوان: تیپی کێبوون ؟

کامەران: بزوتنەوە. بەس هەموو لایەک پارەیان دەداینێ..

عادل باخەوان: تۆش پارەت وەر دەگرت ؟

کامەران: ناوەڵا پارەی چی ! پارەکە بۆ تیپەکەبوو

عادل باخەوان: تاساڵی نەوەدو پێنج وایە؟

کامەران: تادەگاتە نەوەدو حەوت .

عادل باخەوان: نەوەدو حەوت ئینجا نەوەدو حەوت بەرەسمی دەبیت بەئەندام !

کامەران: بەڵێ بووم بەموزیع لەڕادیۆی دەنگی ئیسلام.

عادل باخەوان: دەنگی ئیسلام لەهەڵەبجە یان لە هەولێر؟

کامەران: لە هەولێر.

عادل باخەوان: ئا لە هەولێریش دەنگی ئیسلام هەبوو؟

کامەران: تەبعەن لەنەوەدو حەوت کرایەوە واتە تازە کرایەوە من چوم بەرنامەم پێشکەش کرد تازەبەرنامە دادەنران واتە تاک تاکە هەبوون.

عادل باخەوان: بەرنامەکانتان چی بوون ؟

کامەران: بەرنامەکانمان بەرنامەی بەیانیان هەبوو. بەرنامەی ڕاستەو خۆو بەرنامەی تەندروستیان هەبوو بەرنامەی یاساو شەریعەت و بەرنامەی لەگەڵ مامۆستایەن لەگەڵ مەلایەندا پرسیارو وەڵامی دینی من بەرنامەی منداڵانم هەبوو.

عادل باخەوان: مۆسیقاتان هەبوو.

کامەران: نەخێر مۆسیقا حەرام بوو، بەس دەف و دوایش بووە ئیقاع ئیقاعیشمان هەبوو

عادل باخەوان: ئەی ئەگەر مۆسیقاتان لێبایە؟

کامەران: نەدەبوو یان نەشمان بوو،بەس ئەوەڵی مارشەکەمان بەمۆسیقا بوو،

عادل باخەوان: مارشەکەشتان دوای لا برد.

کامەران: مارشەکەش فەترەیەکی باش بەمۆسیقا ڕۆشت دوای ووتمان باشەئەگەر حەرام بی بۆ ئەوەش لا نەبەین وەڵا دوای لایان برد ئەوەشیان لابرد.

عادل باخەوان: ئەی ئەگەر یەکێک گوێی لەمۆسیقا بگرتایەلەڕادیۆ ؟

کامەران: مەمنوعبوو.

عادل باخەوان: تۆ گویت لێدەگرت.

کامەران : ئەعوزو بیلا.

عادل باخەوان : چۆن بوو بویت بەبزوتنەوە نەک بەیەکێتی بەپارتی؟ بۆ نەبویت بەکۆمۆنیست ؟

کامەران: ئا...وەڵایی ئەوەپرسیارێکی زۆر جوانە بەڵام ئیتر ئاوها بوو.من بەم شێوەیە تەربیەکرام، من تەربیەکەم ئاوابوو.

عادل باخەوان: ئەی ئیتر مایتەوە تاوەکو...

کامەران: تاوەکوو دوهەزارو.......

عادل باخەوان: لەشەڕەکانی بزوتنەوە لەکوێ بویت تۆ چیت دەکرد بەشداریت دەکرد؟

کامەران: من زۆر بچوک بووم نەوەدو حەوت زۆر بچوک بووم .نەوەدو سێ من ..من نازانم لەبەیانییەکەی زوو هێشتاکە هیچ شتێ نەبووبوەوە هێشتا بەرانبەر یەک وەستابوون بزوتنەوەو یەکێتی .من بەناویاندا ڕۆیشتم چوم بۆ لای ئەوان بۆ لای بینایان .

عادل باخەوان : بەڵێ.

کامەران: بەبیرم دێت دایکم دەیوت بزانە کووە، وەزعێ کووە؟ چونکە نەیان دەهێشت بچمە ژوورێ چەندێ لەدەرگام دا نەیان دەهێشت

بچمەژورێ کە لە لاندکرۆزەکەی درابوو چەند لە دەرگام دا دەرگایان نەدەکردەوە تەبعەن دوای ئەوەش نەفەرێک لەوێ بوو نازانم چ بوو یەکێتی بوو نازانم وتی وەرەلەدواوە لێت دەدەن .وەڵا هەڵهاتم ترسام زۆر لەگەڵ ئەوەی .هاتمەوە ماڵێ، کەهاتمەوە بیست دەقەی پێچوو لێیان دان ...مزگەوتی حاجی برایمیان گرت و بینایەکەیان گرت و ئیتر ئەوان هەموو تەواوبوون ساف کران.

عادل باخەوان : تاکەی بزوتنەوەبوویت ؟

کامەران: تا دوهەزاروو یەک.

عادل باخەوان : دوای ئەوە.

کامەران: تا دو هەزارو یەکی هەندێکی ، بەس دوهەزارو یەک بڵێ.

عادل باخەوان : دوو هەزارو یەک چی ڕویدا لەناوتاندا ؟

کامەران: بزوتنەوە نەبووم تا دوهەزارو یەک

عادل باخەوان : ئەی چی بوویت ؟

کامەران: دوایی بومەئەوە!...مەجموعەیەکم ناسی تەبعەن ئەوە بۆخۆی چیرۆکێکی کەیە.

عادل باخەوان : بیگێرەرەوە.

کامەران: ماڵمان کەهاتەگڵکەن، ئا، هاتەشەهیدان مەنتیقەیەکە پێی دەڵێن شەهیدان لای بێنەتووب. ماڵمان هاتە ئەوێ. لەپۆلی پێنج تەقریبەن لەشەش بووم شەشی عیلمی ساڵی یەکەم تازەبوبومەشەش لەوێ چومە مەدرەسە

عادل باخەوان : ساڵی چەند بوو؟

کامەران: ئا ساڵی چەند ٢٠٠١ بوو وابزانم ئا تەقریبەن ٢٠٠١ من وازم لەبزوتنەوە هێنا وازم لەڕادیۆ ی ئیسلامی هێنا.

عادل باخەوان : بۆچی وازت هێنا؟

کامەران: پارەیان نەدەدامێ تەبعەن هیچ رۆژێک لەڕۆژان پارەیان نەدەدامێ. مەعاشم نەبوو. من شکم هەبوو کە پارەکەم دەخورا کورێکی لێبوو بەهەرحاڵ مودیری ڕادیۆ بوو. دوایی کوژرا لەگەڵ ئەنسارول ئیسلام. بووە ئەنسارول ئیسلام پاش ئەوە ڕادیۆ تێکچوو. پاش ئەوەی یەکبوون لێک بووەوەوە هەموویان ..بەس من و کورێکی کە ماینەوە ئێستا لەتیڤی (). بەس من و ئەو ماینەوە تەقریبەن ئا، یەکێ تریش ئێستا مودیری ڕادیۆی (). ناوی () ..ئەو سیانەماینەوە ئەوەکهانی تر هەموو ڕۆشتن هەموو کوژران داود خاکی موزیع بوو، (...)مودیری تڤ بوو ناوی خۆی (...)بوو . (...)هەواڵەکانی دەخوێندەوە،ئەویش کوژرا ئە، بەهەرحاڵ بەتەمابوین پێکەوە بڕۆین بەس من نەڕۆشتم من ڕێک

نەکەوت نازانم چۆن بوو ..دوایی کەماڵمان باری کرد لەوێ چوینە شەهیدان وازم لەدەنگی ئیسلام هێنا. ساڵی یەکەم ئەو برادەرانەم توش بوون، مزگەوتێک جیرانمان بوو، من بۆ نوێژو شتی وادەچوم بۆ ئەو مزگەوتەی، ئەوانم بوونە برادەر ساڵێ یەکەم پۆلی شەشم بەجێهێشت و وتم ڕاست بچم ساڵی دوهەم دەرەجەیەکی باش دێنم زۆر زیرەک بووم بەس بەجێم هێشت زۆر بەجیدی دەمخوێند. وتم با دەرەجەیەکی باش بێنم بەبراکەم وت ئەمساڵ خۆم دەهێڵمەوە ساڵێکی دیکە دەرەجەیەکی باش دێنم. منیش بەجێم هێشت پاش ئەوەی کەچومە مەدرەسە مزگەوت... لەمزگەوت بەردەوام بووم و ئەوانم تەواو ناسی برادەرەکانم یەعنی زۆر سیقەم پێکردن و سیقەیان پێم هەبوو ساڵی دوهەم کەچومەوەقوتابخانەگوتیان یەک لەوێ ئەمیرمان هەبوو .ئەمیرمان دەهات وتاری بۆدەداین مانگانە ناوی (...)بوو ئێستا گیراوەپێم وابێت . هەر گیرابوو کەمن هاتم ئێستاش پێم وابێت هەر گیراوە. پرسیارم لێکرد گوتم ئەمن دو ڕۆژی تر دەچمە کولیەو ئەو شتانەووتی/حەرامە تۆ بچیەکولییە بچیتەناو ئەو کچانەڕۆژی یەک ملیۆن نەزەر دەکەیت و ئەو شتانە جائیز نییەبەکورتی.

عادل باخەوان : یانی نەچویتە زانکۆ ؟

کامەران: نا وتی باش نییە بەڵام ئیتر ئاوای وت، وتی نەچی باشترە وتی خێرت ناگا بەس بچیت لەوانەیە گوناهت بگاتێ ئەو هەموو کچەی لێیەگوناهت هەر دەگاتێ جا بۆیە زۆر گوناهە لەوێ بخوێنیت زۆر شتی تر هەیەبیخوێنیت جا وەرە کتێبە بخوێنەوەرە لەمزگەوت بخوێنەنازانم چی ئەوشتانە ئێ سارد بوومەوە لەمەکتەب. نەمدەخوێند ئەوەبوو تەواو بێزار بووم نەمدەتوانی وازیان لێبێنم نەمدەتوانی بچمەمەکتەبێ نەمدەتوانی بچمەمزگەوتی.

عادل باخەوان : بەس ئەنسار بوون ؟

کامەران: ئەنسار بوون پێش ئەنساریش جوندی ئیسلام بوون.

عادل باخەوان : جوندی ئیسلام .

کامەران: بەڕەسمی لەناو مزگەوت و ئیسلامابوون ئەندام بوون کوڕێکی تریشمان لەناودابوو، ماموستا (...)پێدەگوت، کوژرا ٢٩ نەفەربوون، کوژران پارتی کوشتنی ئا یەک دوو برادەریشم هەبوون نوێژیشیان نەدەکردو نوێژیان دەکرد بەس تاک تاکەیەکیان ناوی (...)بوو ئێستا یەکیان ناوی (...)بوو (...)تەلەبەی مزگەوتێ بوو ، کۆنەتەلەبەی مزگەوتێ بوو وازیلێهێنا وتی درۆدەکەن لێیان تورەبوو لەمزگەوتێکی تر بوین مزگەوتی حاجی عەزیز ئەو مزگەوتەی کەمن لێی بووم لەتیپی سرودی (...). وازم لێهێنا هاتمەمزگەوتێکی بەڵام مامەوەلەباریکەمن لەگەڵ (...) و(...) زۆر باش بوو (...) زۆر مولتەزیم نەبوو وەکو من، من زۆر لەو مولتەزیم تریش بووم یاعنی بەڵام (...) بەمنی وت هێمن زۆر جار یەخەی دەگرتم دەیگوت شتێکی وام تەواو کرددوەکەچی بۆ وادەکەیت

تەواو بێزاری کردبووم کەوا برادەرێتیمان قەتع دەبێت یانی ئەتۆکافریت وئەمن ئیسلامم و ڕۆژێک وتی بۆ نەڕۆینەخاریج وتم دەچنەخارج ئەو کاتە هەموو گەنج دەچونەخاریج قاچاغچیش برادەرمانبوو ئەوەبوو دوبرادەر ڕۆیشتین بەس (...)دەیوت هەر دەڕۆیت پارەی دێنن من سەیارەم هەبوو ئەوکات من دوسەیارەم هەبوو ئەندامەکانیش سەیارەیەن هەبوو بەسەیارەی من زۆر جار پیاسەمان دەکرد سەفەرمان دەکرد ئەوشتانەیانی زۆر من دەوڵەمەند بووم لەناویاندا بەڕاستی هەر نەیان دەهێشت من دەست بەردارپان بم چونکە من پارەشم هەبوو وەک ئەوان نەبووم ئەوان زۆربەیان فەقیربوون لەگەڵیان بوو هیچ پارەیان نەبوو تەبعەن ئەوەش دەوری خۆی هەیە.

عادل باخەوان : بەڵێ.

کامەران: زۆر شت چاو پۆشیان لەمن دەکرد، بەڵام یەکی تر چاو پۆشی لێنەدەکرا کەئەندام بوو لەگەڵمان ئەو کاتەی من زۆر لەوێ نەبووم لەمونەزەمە ئیشم دەکرد لەوێ تەبعەن بەس نەیان دەزانی بەس نەیان دەزانی هەمویان یەک دوانێکیان نەبێت

عادل باخەوان : ئەو مونەزەمەچی بوو ؟

کامەران: مونەزەمای دەبلیو ئێف پی سایەق بووم لەوێ.

عادل باخەوان : ئەو مونەزەمەچی بوو ؟

کامەران: مونەزەمەی خۆراکی بوو.

عادل باخەوان : خۆراکی چی .. ئەی بەحەڵاڵت دەزانی لەوێ ئیش بکەیت ؟

کامەران: من نا ...بەحەڵاڵم نەدەزانی زۆر دودڵ بووم لێی دەموت ئەوپارەی حەرامم حەرام بوو تەقریبەن ئاوا کۆم دەکردەوە بۆیەش چومە خارج کارەکەم بەجێ هێشت ئەگینا وەزعم باش زۆر باش بوو.

عادل باخەوان : ئەوان چۆن قبوڵیان دەکرد

کامەران: نەینان دەزانی ؟

عادل باخەوان : ئەوکاتە ڕیشت نەبوو ؟

کامەران: نا ڕیشم ئەو کاتە باش نەهاتبوو. هەر تەنکەڕیشێک بوو یەعنی ئاوەها بەو جۆرە تەماشاییان نەدەکرد وەبەجەماعەتیش بوون یاوا نەیان ئەزانی من لەمونەزەمەمەم من باجۆرم هەبوو هەبوو هەتا ئاڕمیشم هەبوو من ئاڕمەکەم لێدەکردەوە هەموو سەیارەکان لێیان دەدا ئاڕمی دەبلیوو ئێف پی ، ئاڕمی مونەزمەبوو نازانم چی هەندێک عەلەمیشیان دەکرد من ئەو شتانەم نەدەکرد بەسادەیی دەڕۆشتم و بەسادەیی دەهاتمە ناو ئەکەوتمە مەوزوعیان پاش ئەوەی کەڕۆشتمە تورکیا دوای ئەوە زۆری ویست دوای ئەوەی کە چومە زاخۆو ئەوشتانە،

عادل باخەوان : بۆستە   لەرێی کێوە کەوتیتە ناو ئەورێکخراوانە؟

کامەران: ڕێخراوی چی ؟

عادل باخەوان :ڕێخراوی ئەومونەزەمە؟

کامەران: لەڕێگەی کورە پورێکمەوە کورەپورێکی داکم مودیری ئەو مونەزەمەیە ڕۆژێک چوومەلای ووتی بەیانی سەیارەک بێنەقەیدت دەکەین  ئەو کاتە(...) بوو لەهەولێر.

عادل باخەوان : ئەی کورەپورەکەت نەیەزانی؟

کامەران: نەخێر

عادل باخەوان : یەعنی ئەبوو لەیەک کاتدا یاری بکەیت لەهەردووکیاندا؟

کامەران: من زۆرم ڕق لەو دەبوویەوەلەبەر ئەوەئەو نوێژیشی نەئەکرد.

عادل باخەوان : بەڵێ.

کامەران: زۆریشم ڕق لێ دەبوویەوەپاش ئەوەی کەزانیم تەواو لەگەڵیان تیکەڵ بووم،  لەبەر ئەوەش وازم لێ هێنان  لەموونەزەمەزۆر شتیان باس دەکرد ئەوانەی کەدەمناسین یاعنی هەندێ شتیان  باس دەکرد کەتەواو سارد بوومەوە پاش ئەوەی لەتورکیا گیرام

عادل باخەوان : لەکوێیەوەهاتیتەتورکیا؟

کامەران: لەهەولێر چومەلای قاچاخچیەک.

عادل باخەوان : بەڵێ.

کامەران: پاشان لەتورکیا گیران. زۆر ناخۆش بوو یەک هەفتەنانمان نەخوارد پاش ئەوەی هاتینەوە کوردستان سنورداش کراینەوە. ئەو وەختەبەینی پارتی و حوکمەتی تورکیا زۆر ناخۆش بوو سنووری ئیبراهیم خەلیل قەپات بوو بۆ ٦ مانگ لەبەر ئەوەبوو ئەوەندە زەحمەتیان داین چونکەکاتی خۆی پارتی نەفەری دەکڕییەوە پارەی دەدا خەڵکی بۆ سنورداش کەنەوە. هەتا ئەو کاتە تورکیا نەفەری دەکوشت نەفەری کوردی دەکوشت بەس ئێمەشانسمان هەبوو نەمردین یەک دوو نەفەریشمان مرد. پاش ئەوەی کەهاتینەوەیەکسەر من موباشیر هەر لەگەرەکەکەبوین  موباشیر چومەوە ناویان ڕێی ترم نابوو.

عادل باخەوان : یەک دەقەمن باش دەستم لەوەگیر نەکرد پاش ئەوەی کەتۆ لەناویان بوویت بۆ  بڕیارت دا بڕۆیتەوە؟

کامەران:لەبەر ئەوەی لەوان دووربم .

عادل باخەوان : ئا! یاعنی .....

کامەران: تەواو بێزار بووم بەراستی!.

عادل باخەوان : ئەوەی بێزاری کردبویت چی بوو ؟

کامەران: ئەوەی بێزاری کردبووم زۆر شت هەبوو بۆ نمونە من لەماڵەوە زۆر موشکیلەمان هەبوو لەگەڵ خوشکە کانم لەگەڵ براژنەکەم دەم وت دەبێت براژنم ماڵی خۆی هەبێت نابێت بێتە ئێرە حەرامە دەیانگوت: نابێت براژنت ببینیت ئەمیرەکەمان دەیگووت. ئەمن ٦ ساڵە براژنی خۆم، نەدیوەدەبێت ئاوابیت ئێمەش یەعنی تەواو قەناعەتمان بۆ دروست بوو بوو کاتیک قەناعەتم هەبو نا .. قەناعەتیشم نەبوو بەس ئەنجامم دەدا ناجار بووم بیکەم یاعنی زۆر شت هەبوو بڕیارم دەدا بەس دوای دووڕۆژ سارد دەبوومەوە دوایی شەحن دەبوومەوە یەعنی بەوشێوەیە بەردەوام لەدووریانێکدا بووم ئاوابوو ژیانی من ئاوابوو .

عادل باخەوان : دوای ئەوەی گەڕایتەوە، پێت نەگووتن؟

کامەران: نا پێم نەوتن.

عادل باخەوان : بەدزییەوە هاتیتەدەرەوە؟

کامەران:بەدزی پێم بوتبان زۆر خراپم بەسەر دەهات.

عادل باخەوان : بەڵێ.

کامەران: دوایی کەهاتمەوە نەموت ئەمەو ئەوە یەکسەر چومە مزگەوت نەیان وت لەکوێ بویت بۆ کوێ چویت ؟

عادل باخەوان : زۆر ئەترسایت یاعنی ؟

کامەران:لێیان ئەترسام زۆر ئا!! چونکەمن دەمزانی ڕۆژانەچیدەکەن و چی ناکەن .

عادل باخەوان : چیان دەکرد؟

کامەران: یەعنی بۆنمونە بەرنامەیان هەبوو شەوان دادەنیشتن بەبەرنامە خۆیان دادەنا بۆشەخسێک مەسەلەن دەیان گووت : ئەمشەو دەچین لەفلان کەس دەدەین .منیش دەمگووت:بۆ؟ دەیانگوت: ئەوە بیرە دەخواتەوە کافرە مەشروبات دەخوات. لەفلان جێگا یان لەعەقاریانی سەرەوەی ماڵی ئێمە دووربوو لەعەقارەکەمەدەنوول.......عەقار بوو چۆڵی بوو یانی دەشت و گەنم و شتی وابوو .دەچون لەوێ بیرەوشتیان دەخوارد جومعەیەک شەودەچون لێیان دەدان .

عادل باخەوان : نەیان دەکوشتن یان هەرلێیان دەدان ؟

کامەران: نەیان دەکوشتن بەس زۆریان لێدەدان بەس یاعنی ئەگەربیشیان کوشتنایە ئاسایی بوو.بەس ڕەحمیان پێدەکردن دەیان وت ئەم جارەقەیناکات بەڵام جارێکی دیکە وابکەیت دەتکوژین.من هەرگیز بەشداریم لەلێدانەکانیاندا نەکردووە. چونکە زەمیرم قبوڵی نەدەکرد لێیان

دەم.یانی ڕۆژێک لەڕۆژان یەک پەنجەشم لەکەس نەداوەلەسەر ئەمان. بەناوی ئیسلام من دەیان گوت تۆ. تەبعەن موناقەشەشم لەگەڵیان دەکرد لەسەر ئیسلام ئەوکاتە هاتوچۆی بزوتنەوەشم مابوو لەمەڵبەند بەس کەم. تەلەفیزیۆن دانرابوو دەیان ویست لەسەر تەلەفیزیۆن بەرنامەم هەبێت .جەماعەتی تەلەفیزیۆنی بزوتنەوەئەو جەماعەتەی کەباسم کرد عەلی ڕەواندزی هەوالەکانی دەخوێندەوە لەتەلەفیزیۆن .هەڤاڵ بوو داود خاجۆ لەڕادیۆ بووئەو کاتانە.هەر مرد ئەویش کوژرا .عیماد ڕەزاو نایب قاسدو ئەوانەهەموو لەوێ بوون .من لەوێندەر دەمویست بەرنامەپێشکەش بکەم بەرنامەی منداڵان سێ وچوار حەڵقەم تەسجیل کرد بەغی پەپولان بەرنامەکە بەس پەخش نەکرا وتیان بەسەتۆ گەورەبویت بەرنامەی منداڵان پێشکەش مەکە.ئەو کات بەرنامەی شەبەنگم پێشکەشکرد ٨حەڵقە لەجەماعەتی مزگەوت جەماعەتی ئیسلام دەیانوت :کو دەبێت تۆ بچیتەسەر تەلەفیزیۆنی ئەوان ؟ لەگەڵ ئەوان جائیز نییەئیش کەیت.

ئەوان بەمەعنای کەلیمەئیسلام نینەئەوان لەڕێگەی ئیسلام لایان داوە ئەوان هاوپەیمانن لەگەڵ کوفر .ئەو شتانەیان دەوت ،منیش دەموت ئاخر کامەرانک...یەکێکیان لەوێ زۆر ئیستراتیجی بوو زۆر توند بوو بەڕاستی ئەو زۆر زۆر توند بوو

عادل باخەوان : عومەر چییە؟

کامەران:هەر ناوی عومەر بوو

عادل باخەوان :عومەر مەندەلی نییە؟

کامەرانک:چ...ناوی عومەر بوو ئێستا گیرایەگەنج بوو وەکی خۆم لەمن بچوک تر بوو

د: ناوی ئەسڵی خۆی بوو؟

کامەران: ناوی ئەسڵی خۆی بوو

عادل باخەوان : پارتی گرتی یان یەکێتی ؟

کامەران: پارتی گرتویەتی ئێستا لەسجنە لەمێژە لەسجنە تەبعەن لەنیهایەتی ٢٠٠١ ە وەچوار ساڵە لەسجنە تەقریبەن. تەبعەن ئەو کورە عومەر زۆر موناقەشەی لەگەڵ دەکردم یەکێکی کەش بوو. عومەر دەیگوت: کو دەبێت لەگەڵ ئەوان ئیش بکەیت ؟ ئینجا دوایی هەرکافر دەبیت . یانی تەواو تەواو بێزار ی بوم دەمویست نەچم دوایی لەگەڵیشینا ئیشم دەکرد هەر دەم گوت ناچم .هەر دەبوو واز، لێبهێنایە. تەبعەن دەشچوم بۆ تەلەفیزیۆنی بزوتنەوەبۆ بەرنامەپێشکەش کردن پاش هەر هەشت حەلقەکە چیدیکە پێشکەشم نەکرد .ئیشی کەم دەکرد بەسورەتا بەسەوت . بۆ نمونە بەرنامەمان هەبوو دەستی پەروەردگار شتی نیشان دەدا کەون و ئەوشتانەمن قسەم دەکرد بەس دۆبلاج . ماوکولی هەبوو درامەی ماوکولی ئەوەفلیم کارتۆن بوو ٥٨

هەڵقەبوو وابزانم لەگەڵی بەشداریم کرد کەکردمانە کوردی لەگەڵ عیماد ڕەزا دەنگەکانی لەگەڵ دابەزی ئەو ئیشانەمان دەکرد .تەبعەن کوڕێکی کەشمان لەگەڵ بوو ناوی بەختیار بوو ئەو ئێستا لەتەلەفیزیۆن ی هەرێمەئەو وازی لێهێنا. زوو وازی لێهێنا بەر لەمن چووەناو پارتییەوەتەبعەن من دوایی.

عادل باخەوان : گەڕایتەوە؟

کامەران:دوایی ئیتر گەڕامەوە لەتورکیا وانییە؟ئا... یەکسەر چومەوە مزگەوت زۆر ترسام وتم نەکات لێم دەن و ئەو شتانە چومەوە مزگەوت,ڕۆژ بەڕۆژ دەمویست وازی لێبهێنم .مەکتەبیشم چوو تەبعەن لەماڵیشیەوەزۆر زەختم لەسەر بوو ئەمنیش زەختم لەمهاڵەوەدەکرد لەسەر خوشکەکانم نابێت ئەوجلکەلەبەر کەن نابێت ئاوا بکەن ئەمەبکەن ئەگینا دەڕۆم بزر دەبم بەحەیاتی نام بیننەوەئاوها تەهدیدم دەکردن .من لەسەر ........دەمان ویست پڕۆین تەواو بێزار بووم دەم ئەویست پڕۆم ئەوانیش دەیانوت ئەگەر ویستت پڕۆیت دەتبەین بۆ فڵان جێ بۆ تەوێڵەو بیارەو هەڵەبجەو ئەو جێیانە سێ وچوار جێمان هەبوو ئێمە.جەماعەتمان لەوێ بوو جار وبار ئاوا حەفتەی جارێک مامۆستایەکیان بۆمان دەهێناو وتاری بۆ دەداین شەوان خاسەتەن لەڕەمەزانان لەهەر دەشەوی ........یاعنی لەبیستی ڕەمەزان ئێمە دادەنیشتین شەوان .هەردەشەو تابەیان ئێمە دادەنیشتین هەر قسەیان بۆدەکردین هەرشەوێک مامۆستایەکیان دەهێناو هەرشەوێک یەکێکیان دەهێنا وتاری بۆدەداین .شەوانە دەرس ودیراسە،مانزۆربوو.

د:بزانە حوکمەتی هەرێم چەند بێ ئاگابووە لەم هەمووشتانە.

کامەران:ئێمە چەندەها مزگەوتمان دەکرد بەڕۆژ بەشەویش هەرشەوەی لەمزگەوتێک میوان بوین لەم مزگەوت دەچوینە مزگەوتێکی تر چل پەنجامزگەوتمان زیاتر دەکرد.

عادل باخەوان :پارتی بەدواتانەوەنەبوو؟

کامەران:باڕێخراو......بائەوەشت بۆباس بکەم لەڕێخراوی سێتاقان ڕێک خراوێک لەپشتی ماڵمان بوو ڕێک لەتەنیشت ماڵی ئێمە ڕێکخراوەکە دیاربوو .چوار کۆڵانمان فەرقبوو بەس ئەوان .......ماڵی ئێمە...... ئاوهابوو بەتەنیابوو بەرانبەرماڵی ئێمەبوو کۆڵانیش بوو ئاوهابوو. ئەوە ماڵی ئێمەبوو ئەوەش ماڵێک بەرانبەرمان بوو ئێرەجادەبوو ڕاستەو ڕاست بۆسەرجادەی کۆی پێدەڵێن ڕێکخراو پشتی لەماڵی ئێمەبوو یانی لەڕێ......... ماڵی ئێمەت لێدیاربوو ئاوهابوو .نزیکبوین لەگەڵ ڕڕێکخراو زۆر خەڵک لێی دەترسان ,ڕێکخراو هی پارتی بوو ناوی هەموویان لابوو جەماعەتی مزگەوت .بەڵام یەکێک لەئەندامە گەورەکانی ڕێکخراو برادەری باوکم بوو ئەیوت بەکامەران بڵێ :یەکەم ناوە لەڕێکخراو ئەڵێن زۆرکارامەیە لەگەڵ ئەوجەماعەتەی یەکەم ناوە ئەو باوازبێنێت چونکە کامەران مادی ومەعنەوی و جەستەیی لەگەڵیاندایە.زۆر خراپەدوایی

بزریدەکەن وەکو ئەوەیەعنی بزریدەکەن .من باوکم هەرچەندی دەوت وازبێنەو ئەوشتانە.یاعنی منت کوشت بەخەفەتان. هەروازم نەدەهێنا من دەموت:ئەگەر بچم بۆجیهاد بۆلیقای خواو ئەوشتانەو شەهید بم چۆندەبێت پرس بەتۆبکەم ؟یەعنی ئەوشتانە ئەو فیکرانەمان هەبوو ئێمەیانی پرس کردن نەبوو بەماڵەوە ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان بچوینایەبۆ شەڕ . ئەوەی کەبەجێم هێشت .یەعنی ئەمەچوم بۆمزگەوت ئەودەرس ودیراسانەزیادیکردوئێمەزیاد دەچوین هەرحەفتەی لەماڵی یەکێک دەعوات بوین جارێکیان ئەندامەکانی خۆمان هەموویانم لەماڵی خۆمان دەعوەت کرد باوکم و برایەکیشم هاتن لەگەڵیان دەنیشتن نانیان خوارد برایەگەورەکەم ناوی سادقە لەخۆم گەورەترە.پاش ئەوەی کەهاتن لەماڵی ئێمەنانیان خوارد من پێشنوێژیم بۆکردن جەماعەت زۆربوون تەقریبەن ١٥نەفەردەبوون لەماڵی ئێمەنانیان دەخوارد من دەعوەتم کردن بەس ئەوان گۆشتیان هێنابوو لەپێش هەمووجارێک ئاوهایان دەکرد شتیان دەکڕی دەچوون لەماڵێک دەعوەت بوون .کۆبونەوەیان دەکرد من باوکم وبراکەم دەناردەدەرەوە کۆبونەوەمان دەکرد لەماڵی ئێمە.ئەوجارەی لەماڵی ئێمەبوو .

عادل باخەوان :تۆباوکت دەناردەدەرەوە؟

کامەران:من باوکم ئا.....باوکم دەچووەدەرەوە نازانم بەچی نەوعێک ،بەشێوەیەک لەشێوەکان دەبوا بچوایەتە دەرێ نەدەبوو لەناو ئێمەبێت شریتمان لێدەدا.شریتی ئیسلامی ئەوانەی بۆسنەوهەرسک و شیشان و ئەمانەمان دەهێنا لێمان دەدا .زۆر شت بوو یانی لەدەستیان بوو شەڕی بزوتنەوەو یەکێتی لەکۆیە ئەوانە هەمویمان دیتووە.

عادل باخەوان : ئەی ئەوەی بنلادنتان نەهێنا؟

کامەران: ئەوەی بنلادنمان دەهێنا با زۆرشتمان دەهێنا زۆر شتمان لێدەدا تەدریبمان لەسەرسیلاح وئەوشتنانەشکرد جارێ. هەرلەناو مزگەوت تەبعەن مەدرەسەیەکمان کردەوەهی کۆنفۆی پرینگ بۆکسین.....من پرینگ بۆکسینم کردووەدوساڵ هەر لەناومزگەوتیش دەرسم پێیاندەوتەوە بەهەندێکیان پرینگ بۆکسین.ئەوشتانەبوو یاعنی دوایی کەلەمزگەوت وستم وازبێنم عادل م دی پێمگوتم:زۆر بێزاربووم.بەڕاستی لەگەڵ عادل یش بەینمان نەمابوو. ڕۆژێکیان ئاوها چومەلای .نا..نەچومەلای بەکۆڵانیاندا ڕۆشتم ئەوم دی.

عادل باخەوان :ئەی بانگیان نەکردی بۆ کۆبونەوەکانی جوندل ئیسلام ئەنسارل ئیسلام لەهەڵەبجە؟

کامەران: نا...ئەمیرەکەمان دەچوو دەهاتەوە هەمووشتێکی بۆ باس دەکردین

عادل باخەوان :بەڕاستە....دەیوت چی بۆنمونە؟

کامەران:مەسەلەن دەیوت :یەکبوونی ئیسلامی لێکدەبێتەوەو بزوتنەوەی ئیسلامی لێکدەبێتەوەو ئەوزانیاریانەی هابوو.

لەم ڕۆژانەش گۆڕانکارییەک ڕودەدات ونازانم چی وئەوشتانەیان باسدەکرد .

ئەمیرەکەمان مرد کوژرا پارتی کوشتی.

لەکوێ؟

کامەران: پارتی گرتی لەسجن مرد ئێستاش ماڵیان نازانن من دەزانم بەس ئێستاش ماڵی باوکی نازانن کەکوژراوە.

عادل باخەوان :ئەمیرەکان کێ بوو کامەران...؟

کامەران:ئەمیرەکەمان کوڕێک بوو ماڵیان لەسێ تاقان بوو.

ناوی چیبوو؟

کامەران: دوسێ ناوی هەبوو

عادل باخەوان : تۆدەت ناسی؟

کامەران: من دەمناسی زۆر برادەربوین .ئا..بۆخۆی ناوی خالیس بوو براکەی ناوی موخلیس بوو تەکسی هەبوو منیش دوای تەکسیم کڕی .تەبعەن لەیەکەم ڕۆژی زەمەن من تەکسیم کڕی .من زەرەرم کرد لەتورکیا هاتمەوەلە بازێڕۆکە زەرەرمکرد تەکسیم کڕی پاش ئەوەموخلیس تەکسی هەبوو لەگەڵ من من دەم زانی برایەکەی واگیراوەو کوژراوە بەس ناوی خالید بوو وەناوێکی تریشی هەبوو ناوی ڕێبوار بوو بەس موخلیس نەیدەزانی ..............

بەس ئێستا من دووساڵەئاگام لێیان نییە.ئەوکاتانە من لەوێ بووم هەتاوەکو٢٠٠٣ هەتاوەکوو٢٠٠٤ یش وەڵا٢٠٠٤لەڕێی ئەو برادەرەوە جوندلئەسلامەکان ئەوانەی کەدەمناسین پاش ئەوەی لێک دوور کەوتنەوە ئەوە چیرۆکێکی کەیە.ئەوکاتانە هێشتا باوکی نەیاندەزانی ئەوکورە کوژراوە پارتی کوشتی چونکە چەندجارێک گیراوبەربوو بەلام ئەخیرجار گیراو کوشتیان.لەبەر ئەوەی ئەوکابرایەکی زۆر ئەوەبوو بەڕاست یاعنی بەئاشکرا دەیوت ئێوە کافرن شورطەکافرە.

عادل باخەوان :تەمەنی چەندە؟

کامەران:تەمەنی تەقریبەن ٧٦بوو.

عادل باخەوان : ئێ باشەدوای ئەوەئیتر وردەوردە...؟

کامەران: دوای ئەوەکە...........پاش ئەوەی کەئێمەماڵمان لەوێ ڕۆیی نا پێشئەوەی ماڵمان لەوێ بڕوات ئێمەلەوێندەرێ کچێکم خۆشویست هەرلەو کۆڵانە لەتەنیشت مزگەوت.

عادل باخەوان : ئیسلامیش بوویت ؟

کامەران: من لەگەڵیشیان بووم .........یانی خۆشەویست کچەکەم خۆشدەویست .بەدەست خۆم نەبوو

عادل باخەوان :چۆن یەکتان بینی ؟

کامەران: ئاوەلەبەردەرگا یەکمان دیت بەڕاستی لائیرادی بوو شتەکە.پاش ئەوەی ئەوکچەم خۆشویست .

عادل باخەوان : ئەویش تۆی خۆشدەویست ؟

کامەران: تەبعەن ئەوواى لەمن کرد خۆشم بوێت .

عادل باخەوان : چۆن وای لێکردیت ؟

کامەران: نەزرەیەعنی نەزرەیەک تەماشەی منیکرد .ڕۆژی واهەبوو بەس ئەولەکۆڵان بوو سەری خۆمم بەرز نەدەکردەوە.بەس ئەوجارە سەرم بەرز کردەوە تووش بووم

عادل باخەوان :محاجەبەبوو یان سفور؟

کامەران: لەچکی لەسەربوو.بەس من قەناعەتم هەبووکە بیخوازم یاعنی بەونەوعە سەیرم کرد یەکەمجار تەواو وتم دەیخوازم .لەمزگەوت پێیاندەوتم ژن بێنە زۆر زەحتیان لێدەکردم دەبێت ژنبێنیت ژن باشەوئیمانت کامڵ دەبێت و

عادل باخەوان :ئەی نەتدەوت من منداڵم ؟

کامەران:نا منداڵی چی دەیانوت تەواو١٨ت تەواوکردووە چۆن دەبێت؟دەبێت تەواو پیاویت ژن بێنیت. من دەمکردە گاڵتەو دەمگووت:سەرەی تۆیەو تۆ بیهێنە و ئەوشتانە.کەزانیان یەک لە ئەندامە کامەراننی ناوگروپەکەمان کەزانیان من ئەوکچەم خۆشدەوێت .

عادل باخەوان :چۆن زانیان ؟

کامەران: تەنیشت مزگەوتبوو ماڵیان ماڵی مامی کچەکەو ماڵی کچەکە لەتەنیشت مزگەوت بوو مەعەدەل لەماڵی مامی بوو لەتەنیشت مزگەوت بوو ماڵی مامی .تەلەبەش بوو هەرلەنەفسی دیراسەی خۆم ئەو لەشەش بوو منیش لەشەش وازم هێنابوو سەرت نەێئە شێنم پاش ئەوەی کەئەوکچەم خۆشویست ئەو کوڕە زانی کوڕێکمان لەگەڵ بوو من زۆر کەیفم پێی نەدەهات لاناو گروپەکە زانی شکی کرد ئەو ئاسۆیەی کەوتم ئەندام بوو لەگەڵمان لەگەڵ عادل برادەربوین ئەسێیە ئەوسێیە من وعادل و ئاسۆ ئاسۆش ساردبوەوە لەگەڵیان ئاسۆ لەبەر چی بووبە ئیسلامی لەبەرئەوەی ڕقی لەپارتی بوو لەبەرئەوەی هەموویان یەکێتی بوون بنەماڵەکەی. بەس یەکێتی لەهەولێر مەمنوع بوو قەدەغەبوو ئەوکاتانە ئەو بووبە ئیسلامی. ئەو ئاسۆیەیش حەزی لەخوشکی ئەوکچەبوو ناوی ئاڵا بوو ئەوکچە منی خۆشم دەویست

ناوی ڕوناک بوو خوشکێکی لەخۆی گچکەتری هەبوو ناوی ئاڵابوو ئاسۆ حەزی لەوخوشکەی دەکرد هەردووکمان حەزمان لەدووخوشکانە دەکرد یەک لەئەندامەکانی گروپەکەی زانی لەئاسۆیاندا زۆرخراپیان لەئاسۆدا. وتیان تۆئەندامی ئێمەبوویت ئاسۆش کشابوەوە.بەس دەرەقەتی ئاسۆی نەهاتن زۆر چونکەئاسۆ بە قەناعەت وەری ناگرتبوو هەر هاکەزایی بوو قورئانی دایم لەبن گوێی خۆی لێدەداو ئەوشتانە لەجێی خۆی توند بوو لەجێی خۆی یاعنی لەگەڵ ئەوان ئیشی نەدەکرد زۆرلەگەڵ ئەوگروپەی ئێمە،بەس ئیشی لەگەڵ کردبوو بەڕاستی قەدیم پاش ئەوەی یەکێک تەهدیدی منی کرد یەک لەئەندامەکان گوتی :فەسڵت دەکەین لەئەندامێتی. توشی ئەوەت دەکەین. شتێکت لێدەکەین قەت قەت بیریشت لێنەکردبێتەوە. منیش وتم:بۆ کاکەمن ژن دێنم تەواو ژن دێنم ئەوکچەم دەوێت. یاعنی بۆخۆشیان تەبیعی نەبوو ئەیانگووت نابێت چۆن دەبێت سومعەی مزگەوت دەچێت . حەیاو شەرەفمان دەچێت تۆ ئەوکچەبێنیت دەڵین ئەوکچەی خۆشویستووەلەتەنیشت ئەومزگەوتە. پاش ئەوەی من گووتم ئێ خۆشم دەوێت کاکەبۆ؟ پاش ئەوەی لای ماڵێ باسم کرد وتیان تۆئیسلامیت فشەیان پێدەکردم لەماڵەوە وتیان تۆئیسلامیت کودەبێت ئیلاقەت هەبێت لەگەڵ ئەوکچەی؟ منیش لەناخەوەزۆر ساردبوومەوە.

عادل باخەوان :نامەتان گۆڕیبۆوە؟

کامەران:نامەمان گۆڕیبۆوەو یەکنامەمان گۆڕیبۆوە

عادل باخەوان : ئەی چیتان تیانوسیبوو ؟

کامەران: نامەمان گۆڕیبۆوەو خۆشم دەوێیت و دەمەوێت بێمەخواز بێنیت .ئەو وتی من تۆم زۆرخۆش دەوێت و ئەوشتانە ئەوسا مەدرەسەی تەواوبکەم حەزدەکەم زەواج بکەین و ئەوشتانە،منیش وتم باش....بەکورتی ئاوا بەس پاش ئەوەی یەک دوو سێ نامەی دیکەمان گۆڕییەوە تۆزێک سارد بومەوە.دوای ئەوە نامەیەکم بۆنارد لەلایەن عادلەوە. ئەوعادل بڵێن ئاوها سارد ببوەوەوەک بڵێی مورتەد بۆتەوە نوێژی هەردەکرد تەبعەن نوێژی هەردەکرد زۆر ئەوەش بوو .لەهەمان کاتدا پرواشی بەخۆشەویستی نەبووتۆبۆ چۆن خۆشەویستی دەکەیت . ئاوها ئەو قسەیەی دەکرد نامەیەکیشی نوسیبوو بۆکچێک ئەسەلام ومەن تەبەعەعەلەل هودا ونازانم دەستی پێکردبوو خوشکی بەڕێزم تۆ .....

عادل باخەوان :کێ عادل ؟

کامەران: ئا عادل تەبعەن ئەوشتەی نوسیبۆم بەڕاستی .هێشتا عەقڵمان کامڵ نەبووبوو زۆر شتی نوسیبوو وەماخەلەقتەجینی وەل ئینسی یلالایەعبودوون.ی نوسیبوو.

لەئاخیرا نوسیبوی خوشکی گەورەم نازانم واز، لێبێنە. ئەونامەیەی نیشانم داوتی دەیدەمە کچێک کە وازم لێناهێنێت منیش وتم دەوەڵا

ئەونامەیە بدەمنیش ئەیدەمە ئەو کچەناوی ڕوناکە وەڵا ئاخیری تەبعێکی خۆی لێدابوو لەگەڵ ناوەکەی خۆی تەبعەکەو ناوەکەم لێکردەوەو نامەکەم دایە تەبعەن لەسەر قسەی کێ لەسەر قسەی جەماعەتی مزگەوت زۆربێزاریان کردبووم.

د:نامەی واز لێهێنان بوو؟

کامەران:ئائا نامەی واز لێهێنان بوووتم وازم لێبێنەوتەواو من ئیسلامیم تەبعەن کچەکە زۆر گریاناگام لێبوو هەموو ڕۆژێ دەهاتەدەرێ چاویم دەبینی دەگریا ئاوها یاعنی بەجیدی منی خۆش دەویست.پاش ئەوەی کەوازم لێهێنا ئەو ئاسۆ یەهەر وازی لەکچەکە نەهێنا ئاسۆ بەردەوا،مبوو پاش ئەولێدانەز ۆرەش هەربەردەوامبوو تێدەگەیت هەربەردەوام بوو لەگەڵ ئەکچە لەگەڵ ئاڵا.من ئاسۆم زۆرجار تەرجیع دەکرد لەڕقا...زۆر دڵم بەکچەکە دەسوتا تەرجیعم دەکرد دەموت قەت وازی لێنەهێنێت. پاشئەوەی دوکانم دانا ڕۆژێک تەسجیلم لێدەدا گۆرانی ئیبراهیم تاتڵس بوو موراهیق بووم ئیتر ئیبراهیم تاتڵسم لێدەدا یەک لەئەندامانی مزگەوت بەپێش دەرگای دوکانەکەمدا هات .

د:یاعنی تۆلەگەڵ یشیان بویت ئیبراهیم تاتڵیسیشت لێدەدا؟

کامەران:ئا ئەوە تەبعەن سارد ببوومەوە زۆر سارد بوبومەوە یاعنی تەواو بێزاربووم.

عادل باخەوان : تۆ پێش ئەوەی بچیتەسەر ئیبراهیم تائریخەکانت تێکەڵبوون تۆ کەی سارد بویتەوە؟

کامەران: ئاپرسیارێکی زۆر جوانەکەی سارد بوومەوەدوای ئەوەی دوای ئەوەی کەمن لەبزوتنەوەبوومەوە لەتف وازیان پێلێهێنام.

د:هەرواز لەوگروپەبێنیت ؟جەماعەتی بزوتنەوە؟

کامەران: کێ ئەوان جەماعەتی بزوتنەوەیان پێتەرک کردم هاتووچوی بزوتنەوەیان پێتەرک کردم تێدەگەیت ؟ئەوان پێیان تەرک کردم .

عادل باخەوان : نا بۆستەتۆ لەتەلەفیزیۆن واز دێنیت دەچیتەوەمزگەوت کچێکت خۆشدەوێت ئەمانە لەساڵی چەندا ساڵی چەند ؟

کامەران:٢٠٠٢هەموی لەساڵێک ڕویدا هەمووی .

عادل باخەوان : باشە

کامەران:ئا٢٠٠٢بوو وابزانم

عادل باخەوان :تەکسیەکەت وازلێهێنا؟

کامەران:تەکسیەکەم هەرهەبوو مەعەدەل سەیارەم بەدل دەکرد ڕۆژێ فۆرتم هەبوو ڕۆژێ دونەو ڕۆژێ پاژێرەوتەبعەن باژێرەو فۆرتم هەبوو هەوەڵی دوای ئەوە باژێرەکەم فرۆشت کەهاتمەوە فۆرتەکەشم فرۆشت

دوایا تەکسیم کڕی دوای ئەوە فۆرت ێکی کەم کڕی دوای ئۆپڵم کڕی دوای ئەوە مارسی دسم کڕی بەهەرحاڵ.

عادل باخەوان :دوای ئەوەی دوکانت کڕی ؟

کامەران: دوکان کەهی باوکم بوو بەس من لەسەری دادەنیشتم

عادل باخەوان ؛باشەچیت تیادەفرۆشت ؟

کامەران: شەکۆلات لەلای ماڵی من ئەوشەکولاتەو ئەوشتانەم دەفرۆشت دانیشتبووم تەبعەن لەسەردووکان یاعنی ئاوڤها بەردەوام نەبووم .لەگاڵیان نەدەچوم بۆ جەمەعەتەکان لۆمەیان دەکردم دەیانوت بۆنایەیت بۆ جەماعەت دەموت کاکەمن ئیشدەکەم باوکم فەقیرەباوکم نانی نییە من ز ەرەرم کردووەبیل فیعل من زەرەرم کردبوو لەمادیا زۆر زەرەرم کرد ئەوکاتە مادیەن تۆزێک بەخۆمدا چومەوەوتم باشەمن ئەوهەموو زەرەرەم کرد باواز بێنم ئەگەر لەبەرئەوان نەبوایەنەدەچوم بۆتورکیاو باژێرەکەم لەدەست دەرنەدەچو ئیشەکەم لەدەست دەرنەدەچو لەمنازەمە تەبعەن پاشئەوەی لەدوکان دانیشتم زۆر قەناعەتم هەبوو کەیارمەتی باوکم بدەم زۆر دڵم بەباوکم دەسوتا ئەوکاتە مەدرەسەشم تەرک کردبوو ئەویشم لەدەست چوبوو .

عادل باخەوان :یاعنی لەحیزبەوەگەڕایتەوەبۆلای باوکت ؟

کامەران:لای ئەوکۆمەڵەوەئا تەبعەن عادل زۆر تەرجیعیکردم کەبچمەوەمەدرەسە.

د:دیارەکاریگەری عادل لەسەرت زۆربووە؟

کامەران: تەبعەن زۆرزۆر یارمەتیدام لەئەوەڵیش زۆر تەرجیعیکردم کەواز لە مەدرەسە نەهێنم کەچی هەروازم هێنا وتم عادل واز لەتۆدێنم لەباوکیشم لەدایکیشم .......... باوازلەمەدرەسەبێنم

د:.......چی بوو

کامەران:نەخێر بەس هەر لەمزگەوتی حاجی عەزیز ئەندامبوو لەوێ هەر دەرسی بەتەلەبەی مزگەوت دەوت و قرئانی دەخوێندو ئەوشتانە....

عادل باخەوان : عادل یەکگرتوبوو یان چی ؟

کامەران: نەبزوتنەوەبوو بەس ئەویش وازی لێهێنا ڕۆژێ لەڕۆژان باوەڕی بەبزوتنەوە نەبوو تەبعەن بەس مولتەزیمبوو تۆزێک دوای ئەویش لەیەکقیاس دەیروانی نەنوێژ زۆر دەکات نەکەم ئێستاش وابزانم هەرنوێژیش ناکات تەبعەن یروای ئەوەنییە.

د:موختار؟

کامەران: موختار.

د:موختاری گەڕەکەکەمان ؟

کامەران:موسـوڵمانە هاکەزایی موسـوڵمانێکی هاکەزاییە.

تەبعەن پاش ئەوەی کەمن دوکانم دانا لەمزگەوت تۆزێک دورکەوتمەوە ئەوانیش زۆرزەختیان نەدەکرد چونکە دەیانگووت .... ئەمن بەدیلم هەبوو چونکەدەمگوت لەگەڵ بابم ئیشدەکەم هەر ئیسلامیەکەی جارانم چی ئیشێکتان هەبوو من لەخزمەتتام . ئەمەم لەبیرچو پێش ئەوەی دوکانەکە دانێم ڕۆژێک ئەوان ڕۆیشتن

عادل باخەوان : ئەوان ئەوان کێن ؟

کامەران: چون کۆبونەوەیان دەکرد گروپەکەی خۆمان جوندیل ئیسلام

عادل باخەوان : ئەم گروپەلەچەند کەس پێکهاتبوون ؟

کامەران:لەنەفەر٢٠نەفەرێک بەس هەموویان نەدەهاتنەمزگەوت بزربوون هەندێکیان نهێنی بوون .

عادل باخەوان : ڕیشیان دەتاشی سمێڵیان دەتاشی ؟

کامەران: ڕیشیان.... هەموویان نەیان دەتاشی نا...هەندێکیان دەیانتاشی سفریان دەکرد تاکەشف نەبن خاسەتەن ئەوانەی لەماڵەوەزەختیان لەسەربوو. ڕۆشتن هەندێکیان ئادەم مزگەوتی شێخ نەسرەدینی جیرانمان بوو تۆزێک دورنەبوو لەوێ یاعنی لەمزگەوتەکەی ئێمەهەر جیران حساب بوین جەماعەتی ئەومزگەوتەو هەندێک مزگەوتی ئێمە ڕۆیشتن چون بۆلای حاجی هۆمەران یاخی بوون لەپارتی وتیان ئێمە جیهاد دەکەین تەواو منیش ئەندامێک بووم لەگەڵیان کەپرۆم

د: باشەئەوان جەماعەتی تەوحید بوون یان ؟

کامەران: ئاخر بووەتەوحید جوندیل ئیسلام دوای ئەوەبووەتەوحید

عادل باخەوان : بەس لەئەسڵا تەوحید بوون.

کامەران: لەئەسڵا تەوحید بوون ئا لەئەسڵا تەوحیدبوون .یەک لەوانە ناوی بەختیار بوو زۆر برادەرم بوو ئێستاش لەسجنە لەئاکرێ بریندارە لەگەڵ ئەو٢٤ نەفەرەچەند نەفەربوون کوژران پارتی لێیدان ١٩نەفەر بوون یەک لەوانە بەختیار بەس ئەو بەبریندارێ دەرچو هەر هەموویان کوشتن بەس بەختیار دەرچو

عادل باخەوان : ساڵی چەندبوو ؟

کامەران: ٢٠٠٢بوو وابزانم

عادل باخەوان :کاتێک کەفەرانسۆیان کوشت ؟

کامەران: فەرانسۆ جەماعەتی ئێمەکوشتیان .

عادل باخەوان : بەڕاستە؟

کامەران: کوڕێک کوشتی ناوی جەنگی بوو هەر لەهەڵەبجەبوو برای مەلائەنوەر

عادل باخەوان : نازانیت چۆن کوژرا ؟

کامەران: ئێستا پێت دەڵێم .

د:مەلا ئەنوەری یەکگرتوو ؟

کامەران: مەلائەنوەر نا.کوریک بوو لەگەڵمان ئەندام بوو ناوی مەلا ئەنوەربوو برای ئەو ناوی جەنگی بوو زۆر بەبرای خۆی دەنازی ڕەسمی دەهێنا ڕدێنی ئەوەندەبوو دەیهێنا مزگەوت هێشتا فەرانسۆ نەکوژرابوو فەرەنسۆ زۆر عەزێتی ئێمەی دەدا یاعنی فەرەنسۆ زیاتر زەختی لەسەر ئێمە هەبوو لەسەر ئیسلامییەکان تەبعەن ئەوان خوتەیان دانا چۆن لەفەرەنسۆ بدەن هەندێک شتیشیان بەمن نەدەگووت دەیانزانی من سارد بومەوە زۆر یاعنی تەواو سیقەیان لەسەرمن نەبوو ئاخیرەکەی سیقەی موتڵەقیان لەسەرمن نەمابوو تێدەگەیت ؟ من تۆزێک لەمادە زەرەرم کرد دەیان وت تۆلە مادەی زەرەرت کردووە ئاوات لێبەسەر هاتووەئەی ئەگەرشتێکت لەدەست بدایە ئەی ئەگەر نازانم چیت کردبا؟....

عادل باخەوان : فرانسۆ چۆن عەزێتی دەدان ؟

کامەران: فەرانسۆ دیاربوو قسەمان بۆدەهات لەڕێی من نا لەڕێی ئەندامێکمان لەناو پارتی بوو ئەیوت فەرانسۆ زۆر زەختی هەیەلەسەر ئیسلامییەکان ئەو دەڵێت بیان گرن وبیانکوژن .

د:محافیزی هەولێر بوو ؟

کامەران: محافیزی هەولێر بوو تۆ باسی فەرەنسۆ مەکەن جارێ باسی ئەودوسێ نەفەرەیان بکەن .

عادل باخەوان : باش

کامەران: ئەوان ڕۆشتن من لەگەڵیان نەچوم نازانم کوڕێک نەکەوت ؟ئەزانی لەسەر چی ڕێک نەکەوت ؟ ئەورۆژەی من لەماڵەوەبووم مەوعیدیان دانا وتیان سەفرەیەک دەکەین بەس کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی گۆران بوو گۆران ڕاست پێی وتم گۆران برایەکی کاتی خۆی خۆی لەسەر بزوتنەوە کوژراوە.لەشەقڵاوەبرایەکی دکتۆربوو مەلۆمەر دەعمی کرد کوژرا ئەویش مرد.

د: دکتۆرەکەکوژرا ؟

کامەران:دکتۆرەکە مرد دکتۆرێکی کاک بەهادین بوو.لەدوایا عادل یەیان بۆکرد وتیان قوندەرە حاشا حازری دیعەیان لەعادل کرد دکتۆر نازانم کێبوو ئیسلامیش بوو .

عادل باخەوان :وتیان چی ؟

کامەران:وتیان قون دەدات حاشاحازری ئا کوژرا تەبعەن ئەوگۆرانە زۆربەوە تێکچوو برایەکی کەشی هەبوو دەرسی بەتەلەبەدەگووت ئەویش مامۆستامان بوو........ئەو تەواو محافز قورئان بوو تەبعەن پێیان دەگووت محافز قورئان محافز قرئانیش بوو هەموو قورئانی لەبەربوو ئێستاش ..ئێستا نازانم .

د:سەلەفییە؟

کامەران: سەلەفی نازانم چیبوو ؟

د:کامیان ؟

کامەران: ئەوەبرای مەلا ئەنوەر برای نا برای گۆران ئەوەبەهەر حاڵ ئەو فتوایدا وتی ڕۆن جیهادە

د: ئێوەش ڕۆشتن ؟

کامەران:من نەچوم تەبعەن ئەزانی بۆچی ڕێک نەکەوت من بچم لەگەڵ ئەو ١٩نەفەرەی ؟ ئێمەڕۆشتین لەسەیتەرەی هەولێر لەسەئیتەرەی هەولێر من هەویەم نەبردبوو عومەر لەگەڵ ئەنوەر لەگەڵ گۆران لەگەڵ خالید هێشتا خالید نەکوژرابوو تەبعەن لەدوایی کەئەوان هاتنەوەئیتر خالید گیرا بزر کرا هەتا ئێستاش . بزربوو وتیان کوژراوە ئەوخالیدە ئەمیرمان ئەمیری مزگەوتێ تەبعەن ئادەم ئەوان جەماحەتی مزگەوتی شێخ نەسرەدین ئەوان زۆر بوون تەقریبەن ١٠ نەفەربوون ئێمەشەش ئا ٦بووین تەقریبەن بوینە١٩ ڕۆشتن من لەسەیتەرە واتەمنیان گەڕاندەوە.منیش گیرام هەویەم پێنەبوو وتیان هەویات بۆ پێنییە؟

تۆ گەنجیت. گرتنەکە چۆنبوو تەبعەن ٥دەقەبوو وتم ئەمەو ئەوکەسەیە تەبعەن زمانم درێژبوو ڕێمان دانا ئەگەربگیرێین چی بکەین ؟ ڕێیان بۆدانابوین یەکسەر من گەڕامەوە بۆهەولێر یاعنی بەربوو ١٠دەقیقە من گیرام عومەر گیرا تەبعەن شریتی ئسلامی پێوەگیرا تەبعەن ئێمەئیشمان دەکرد شتیشمان پێوابوو بەس نازانم شتەکەکێبوو چ مەسئولێکی پارتی لەگەڵمان بوو نازانم وابزانم مەسئولی گەورەی پارتی چ کەسێک لەگەڵمان بوو نازانم وابزانم مەسئولی گەورەی پارتی لەوانەی ئەندامی گەورەی پارتی ئەندامیمان بوو بەس من ئەمەنازانم چۆن بەر بووم وتیان بڵێ جەماعەتی ئەوم عومەریشیان بەردا ئەوشریتی خوتبەی مەلا بەشیر مەلا شێرزاد ئەو کابراییەیی هەڵەبجەناوی چییە؟زۆر ناوەکانیانم بیر چۆتەوە ئەو ناوانەی پێوەگیرا دوای بەربوو خۆی عادل جبایی لێدەهات تەبعەن عومەر پاش ئەوەبزربوو گیرا لەمەحەتە تائێستاش هەردیار نییەتەبعەن من کەهاتم کەگیرام لەسەیتەرەکەو هاتم باسم نەکرد لای کەس ئەوان هەربۆخۆیان ئیعلانیان کردبوو

وتبویان ئێمەجیهاد لەدژی پارتی دەکەین .

د: ئێوە مەجموعەیەک بوون ؟

کامەران: ئا!!! تەبعەن لەدوای ئەوەش پارتی لێی داین لەناو گوندەکەلەناو نوێژدا وتاریان بۆ خەڵکەکەدەدا خەڵکەکەشکاتیان لێکرد تەبعەن ئەوانە هەموویان کوژران یەکێکیان برینداربوو ناوی بەختیار بوو برادەرمان بوو جیرانیشمان بوو برای غازیبوو لەوانەیە بیناسی حافز قورئانیش بوو دیاربوو بەدین بوو برای ئەوغازییەناوی بەختیار بوو برینداربوو ئێستاش لەئاکرێیەهەتا بەوشەرتە خوشکەکەی چوبۆلای لەگەڵ دایکی وتبوی هەر بەتەوحیدی ژیاوەو هەربەتەوحیدیش دەژیم بەس لەپەنجەرەوە دیتبویان پەنجەرەیاک ئاوا بیبینەو تەواو بەس بزانن ماوەیان نا؟دوای ئەوە کەهاتمەوە لەسەیتەرەکە بەربووم هاتمەوە ماڵێ تۆزێک هەستم بەوەی کرد دڵم زۆر تەنگ بوو تەبعەن پاش ئەوەی خەبەرم زانی ئەوان کوژران مەلا ئەنوەر هاتەوە گۆرانیش هاتەوە ئەو گۆرانەی کەمنی برد بۆ دەرەوە.

د:مەلائەنوەر دوکانی هەبوو وانییە؟

کامەران: ئاە!! دوکانی هەبوو فەلافەلی دەفرۆشت بەهەرحاڵ ئێستەش هەر ماوە تەبعەن نازانم پارتی بۆ نازانێت ئێستەی هەیەیان نا چی .بۆیە ئەوە پرسیار بوو لەلەم دەموت گۆران تۆبۆ هاتیتەوە؟ئەوان کوژران دەت زانی دەکوژرێن؟

گۆران ئەوەبوو کەمنی برد بۆ خاریج.دوای چویەوە بۆناو ئەوان و پاشان هاتەوە ئەوە پرسیارێکی گەورەبوو لەلام ! چۆن ئەوان کوژران وئەم هاتەوە؟

عادل باخەوان :باشە ئەم برادەرانەکە کوژران لەبەرچی بوو ؟ لەبەر ئەوەبوو کەفەرانسۆیان کوشتبوو ؟

کامەران: ناء فەرانسۆ چیرۆکێکی تربوو باسیان کرد لەمزگەوت وتبویان لەفەرانسۆ دەدەین لەو ماوەیەوتم چۆن ؟ وتیان لێی دەدەین تەبعەن ئەوە زۆر هینە پارتی ئەوشتە بزانێت زۆر هین دەبێت چۆن تۆ ئەتزانی وپێت نەدەوتین ؟

عادل باخەوان : ئەی دوای ئەوەبوو کوشتنەکە؟

کامەران: تەئریخەکان زۆر تێکەڵ وپێکەڵن لەبیرم نایەئیتر دوای ئەوەی کەباسیان کرد بەیانییەک من لەحەللاق بووم وتیان کاتی ئەوەهاتووەلێی بدرێت بەتایبەت نەیان وت فەرانسۆ بەس باسیان کرد من سەری خۆم چاک دەکرد فەرانسۆ کوژرا خەنیم ئیسراحەتم کرد وتم تەبعەن فەرانسۆ بمرێت ئێمە ئیسراحەت دەکەین تەبعەن فەرانسۆ زۆر لێی دەترساین ئێمە هاتینە لای دوکانی حەللاق مەلا ئەنوەر دەستی لەدەستم داو وتی بردمانەوە وتم مەلا ئەنوەر تۆزێک سوک باخەڵکی پێمان نەزانێت مەلا ئەنوەر وتی:ئا!! ئەوەکاکە جەنگی کوشتی تەبعەن جەنگی برای بوو لەمێژە بزرگ بوو بوو لەکانەوە ئەو کابراییە لەهەڵەبجەبوو ئاخر

جەنگیش بەم دوابیەکە ئەمریکییە کامەرانن لێیان دان کوژرا ، من ناو بەرز تر بوو لەڕێکخراو زیاتر ناوم بۆ لق بوو تەبعەن برادەرەکەی باوکم ئاخر ئیمزای دابەباوکم وتی کە لەوانەیە ئەگەر بەفریای نەکەویت دەستی لێ بشۆ باوکم بۆم گریا تەبعەن زۆر خۆشی دەویستم وتی : بەچی دەڵێی تکات لێدەکەم .

عادل باخەوان : ساڵی چەند ؟

کامەران: ٢٠٠٣

عادل باخەوان : هێشتا شەڕی ئەمەریکا و عێراق نەبووبوو ؟

کامەران: نا شەڕی ئەمریکاو عێراق نەبووبوو نیهایەتی مانگی ١ بۆ ٢٠٠٤ ئەنسار دروست بووبوو بەڵام کرێکار ئەمیرمان بوو.

عادل باخەوان : قەت نەچویتەناوهەلەبجە؟

کامەران: با دووجار چومەجارێک بەمەخفی چومە جارێکی دی کەمەلا عوسمان مرد چومە بۆ تەدریب .

عادل باخەوان : کەی مەلاعوسمان مرد ؟

کامەران: ٢٠٠٢ بوو ئاە!!

عادل باخەوان : تەدریبیان لەکوێ بوو ؟

کامەران: جارێک لەئەشکەوت سەقا یەکجار یەک جار تەدریبم کرد لەسەر سیلاح و تەقەکردن و ئەوشتانە جارێکی تریشیان چوینەجێگایەک تەبعەن ١٥ نەفەربوین تەدریبمان کرد تەبعەن ئێمەپێش ئەوشتانەی کەڕویدا تەدریبمان کرد ئەوە قەدیمە ئێمەی لێبوو بوینەوە هەر لەکامەرانتی دروست بوونی گروپەکەوەئەو تەدریبانەمان کرد زۆر شتمان دەخوێند زۆر مەلا هەبوو دەرسی پێدوتین تەبعەن ئێمە قەناعەتمان پێکهاتبوو ئەوەی لەو حوکمەتە ئیش بکات کافرە .

عادل باخەوان : ئەی ئێوەچیتان دویست ؟

کامەران: ئێمەدەمان ویست حوکمەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنین لەکوردستان

عادل باخەوان : بەڕاست باستان دەکرد ؟

کامەران: بەڵێ دەمان وت قەیناکات با ئەمڕۆش بەئێمەش دانەنرێت ڕۆژێک هەردەبێت دابنرێت .

ئێمەدەبینە تائیب ئێمە شەهید دەبین ،ئێمە ئەو فیکرانەمان هەبوو نازانم کوئەو شتانەم کردووە؟ئەمن دوای ئەوەی کەمەلا ئەنوەر کوژرا عەفو فەرانسۆ کوژرا ئەون کوژران بەختیار گیرا باوکم بۆم گریا وتی ڕجات لێدەکەم بەرتیل دەدەم بەبەندیەکەم ...... واز، لێبێنێت ئەخیر ئینزاری بۆ هاتبوو باوکم ئەوکابراییەی ڕێخراو تەبعەن معادل جیریش بوو ئەندام

گەورەی ڕێخراوبوو نازانم مەسئول بوو چی بوو؟وتبوی تکامەرانت لێدەکەم ئاخیر ئینزارت دەدەمێ کامەران بزر دەبێت لەم ڕۆژانەهەر هەموو ناوەکان لەلقەلەڕێخستنی پارتییە.

د: ئەوەبەرلەوەی ئەو١٩کەسەپرۆن ؟

کامەران: ئا...١٩کەسەکەکوژرابوون تەبعەن عادل پارتی بوو

د: یاعنی هێشتا نەفەر هەرمابوو ؟

کامەران: مەلا ئەنوەر مابوو ئەی ناڵێم کەفرانسۆکوژرا ئێمەئاوهامان کرد لەناو جادەلەبەردوکانی مەلا ئەنوەر مەلا ئەنوەر وتی تەواوکوشتی وتم ئەوەلەگەڵ فرانسۆتان بوو ؟ئەرەوەڵا کوژرا کوشتی تەواو من لەحەللاق بووم ئاگام لەهیچ نەبوو تەبعەن کەباوکم تکایی لێکردم وئەوشتانەدوای ئەوەی کەمەلا ئەنوەر مابوو عومەر گیرابوو هیچ کام نەمابوو مابوو گۆران مابوو ئەوەعونسورە موهیمەکان بوون لەناو گروپەکەی ئێمە.گۆران عونسورێکی زۆر موهیم بوومەلا ئەنوەریش چەند کەسێکی کەش بوون ناوەکانیانم باش لەبیر نییەئەوانەمابوون هێشتا. ئێمە هێشتا کۆبونەوەمان دەکرد لەماڵی ئێمەلەماڵی ئەنوەر لەماڵی گۆران.ئاوا...لەمزگەوت نا نەمان دەوێرامزگەوت مەمنوع کرا بەئەمری پارتی هەموو مزگەوتێک قەدەغەکرا لەدوای نوێژی دەبێت دابخرێت هەموو مزگەوتێک قەدەغەکرا.ئەوە زەربەیەکی زۆر گەورەی لەئێمەدا ئەومزگەوت قەپات کردنە.پارتی بڕیاری دا دەبێت مزگەوت داخەن پاش عیشا نابێت کراوەبێت بۆ دەرس و دیراسە.

د:یاعنی فیعلەن مزگەوت تائسیری هەبوو؟

کامەران: بەڵێ تەبعەن تائسیری هەبوو ئێمەهیچ جێگایەکی دیکەمان دەست نەدەکەوت.خۆ هەموو شەوێک نایەنەماڵی ئێمە کۆبینەوە من قبوڵم نەدەکرد قبوڵم دەکرد بەس نەدەبوو هەمووشەوێ . حەفتەی شەوێک قەیناکا مەلایەکمان لەگەڵ بوو مەلایەک هاوکامەرانری دەکردین.بەدزی دەچینەمزگەوت دەرگامان کلیل دەدا مزگەوتی شەهید حسن بەس جەماعەتی یەکگرتووی لێبوو ڕۆژێک بووە شەڕمان لەهەموو جەماعەتی یەکگرتوماندا تەقریبەن ٥٠ نەفەربوون لەهەرهەمویانمان دا بەو١٢ نەفەرەی ئەوان دەستیان نەدەکردەوە بەڕاستی بەس خراپمان لێدان. لەو ڕۆژەوە مزگەوت بووە مزگەوتی ئێمەکەس نەی دەوێرابێتە ئەو مزگەوتە یەکگرتوو نەیدەوێرا بێت. تاک تاک یەگرتوو یەعنی ناڵێم ٥٠ نەفەر بەس زۆربوون مزگەوتەکە هی یەکگرتوو بوو لەئەوەڵیەوە چەند ساڵێ بوو یەکگرتوو دەرسی لێدەخوێند بەس ئێمە لێمان دان دەرمان کردن لەمزگەوتەکە.

ع:ئەی خۆ ئەوان برای موسوڵمان بوون ؟

کامەران: نا ئەوان هاوکاری کوفر بوون هاوپەیمانی کوفر بوون زۆر ڕقمان لێیان بوو بەپارتیمان دەزانین .

عادل باخەوان :هاوپەیمانی کوفر کەوابوو ؟

کامەران: تەبعەن بەڵام لەهەندێک کاتیش دا پێویستیمان پێیان دەبوو لەهەندێک کاتیشداا یانی پێمان باشتربوون لەپارتی .ئێ دوای ئەوەئەوەمان کرد مەلایەکەی مزگەوتەکە ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکە لەگەڵمان بوو جەماعەتی خۆمان بوو ببووە ئەندامی ئێمە. بووە مامۆستامان بووە هەموو شتێکمان بووە سەرگەورەمان مزگەوتەکەبووە هی ئێمە کۆنترۆلی ئێمە.شەوان لەپشتی خۆمانەوە قەپاتمان دەکرد لەناو مزگەوتەکە دەرسو دیراسەمان دەخوێندو کۆبونەوەی خۆمان دەکردو دەڕۆیشتین. دوای ئەوە من لەکۆبوونەوە کامەرانی دورخرامەوە یاعنی خۆم بەدوور خستەوە دوکانم هەبوو ئێستا هاتمەسەر ئەوەپاش ئەوەی ئەوکچە زۆر دڵم پێی سوتا دەگریا هەموو جارێک. داچووە مەدرەسە ئاگای لەخۆی نەبوو دەهاتە ماڵمان برادەری خوشکەکە شم بوو من حسابم بۆی نەدەکرد سەیریشم نەدەکرد تەبعەن بەس دڵیشم بۆی دەسوتا لەپشتەوە تۆزێک یاعنی من زۆر عادل تفی بووم لەگەڵی ،دوای ئەوەی کەڕۆژێک نامەیەکی دابووە ئاسۆی چون حەزی لەخوشکەکەی وی دەکرد هەردوو خوشکەکەش ئاگایان لێبوو ئەم دەهات و ئەم .... هەموو مەوزوعە کانیان کەشف بوو لەو چوارەماندا. نامەیەکی دابووە ئاسۆی نامەکەی بۆمن هێنا نوسیبوی تۆ ئەو ئیشانەدەکەیت هەمووی ئاگادارم تەبعەن هەرڕۆژەی لەسیتاقان دەنگوباس بڵاودەبویەوە دەیانوت لەسێ چوار کەسیان دایە.خۆ لەفڵان خوێرییان دایەئەوە ئێمە لێمەندا ئەو جەماحەتە لێیان دا. من یەکدووجار لەگەڵیان چوم بەس شەڕم نەدەکرد لێم نەدەدان جوان خۆشمان دەپێچایەوە تەبعەن هەر نەفەرێک لەگەڕەکی خۆمان خۆی پێچابووەوە ئەم ناسی من لەدورەوە دەمناسی جامەنەکەی چیرەنگە. نیشانەی خۆمان هەبوو تەبعەن یەکدیمان دەناسییەوە ئەوشتانە....دوای ئەوەی کەلێیاندا لەوعادل  لەمەیاندا ڕوناک ئەوکچە نامەیەکی بۆ نوسیم وتی ئاگام لەهەموو شتەکانتە چۆن زانیت؟ فکرم دەکردەوە چۆن ئەوکچە زانیوەتی ئێمە ئەوشتانە دەکەین ؟ ئاخیر جار بۆم ڕوون بویەوە ئاسۆی کەئاسۆ بۆی باسکردووە. ئاسۆ بۆی باسکردووەکەمن و ئاسۆ تەبعەن چەند مانگ بوو وازبهێنابوو. منیش وازم هێنابوو لەگەڵیان بەس هەر برادەرایەتیشمان هەبوو زۆر جار ئاسۆئەوکاتانە گۆرانی لێدەدا دەم گوت چۆن گۆرانی لێدەدەیت و هیوایەتی ئەوەبوو بەردەوام بەزمی لێدەدا لەجێی خۆی.ئەوە ئەو کورە ئاوابوو دوای بوو بە ئەردەڵان بەکر دەمگوت ئاسۆ چۆن ئەتۆ ئەردەڵان بەکر لێدەدەیت ؟ کورە ئەوە گوناهەدوای ئەوە کامەران  عومەر عادل لەگەڵ ئاسۆ زۆر نەسیحەتیان کردم باوکم شکایەتی لێکردم بەقسەی باوکم نەکرد لای عادل هاورێم کەزۆرم خۆشدەویست وتبوی عادل   کامەران تەواو بگرەکامەران دزرابێت وەک عومەرو ئەوکێ ئەوکورە. عادل   هات سەیارەی پێبوو هات!!! ئاه!! باسی بۆم کرد سەرەتا زۆر بەنەرمی زۆر بەعادل  قڵی هات یەعنی ڕێی لێگرتم تەبعەن من باسی زۆر شتم نەکرد لەوانەی دەچوین بۆ عەقرا ئەچوین بۆ دەرەوە ئەچوین بۆ قەبرستان

دەرسمان دەخوێند دیراسەی قورئان لەبەر کردن فق نەحوسەرف نازانم بیر نابوبییە زۆر دیراسەمان هەبوو من هەرکەس بەرانبەرم دانیشتبایەلێم دەبردەوەیاعنی کەم کەس دەرەقەتم دەهات موناقەشە لەسەر دین و نازانم زۆر جار لەگەڵ مارکسییەکان موناقەشەمان دەکرد بەئاشکرا دەرەقەتیشیان نەدەهاتین ولێشمان نەدەدان نازانم بۆچی ؟زۆر جار بەرانبەر ڕیزە دوکانەکان یان لە ڕیزە تاکسییەکان لەزۆر شوێن موناقەشەمان دەکرد لێشمان دەبردنەوە زۆر جار بەرانبەر دەبوین زۆر جار تەواو نەدەبوین لەگەڵ ئاسۆ عادل موناقەشەمان دەکرد لێیان نەدەبردینەوە لەبەرئەوەی مەعلوماتێکی کامڵیان نەبوو من ماعلوماتی زۆرم هەبوو من زۆرم خوێندبوو دوای ئەوەی باوکم دوکانەکەیی دانا من ئیترزۆر سارد بومەوە ئێستا دەیمەسەر کشانەوەی من کەلێرەوە دەست پێدەکات تەبعەن پاش ئەو هەموو شتانەکوشتن و ڕاکردن و گۆڕانکارییانە تەوحید لێدرابوو بە(جوندیل ئیسلام) پاش ئەوەجەماعەت بوون بە(جوندیل ئیسلام) و(ئەنسار ئیسلام) ئەوکاتە مامۆستا کرێکار وتارێکی دا. من زۆرکاری لێنەکردم زۆر سارد بومەوە

عادل باخەوان : لەوێ بویت کەکرێکار وتارێکی دا ؟

کامەران: نالەسلێمانی ئەووتارێکی دا وەهەموو جەماعەتیش ئێمە دەچوینە مزگەوتەکان لای مەلابەشیر لای مەلاشێرزادو لەوێندەر بە جەماعەتیش دەڕۆیشتین. یەعنی پارتی لەتۆباشتر دەیزانی من چیبووم تەواو کەشف بووم باشتر دەیزانی من (جوندیل ئیسلامم)

عادل باخەوان : ئەی بۆنەیدەگرتی ؟

کامەران: لەبەرئەوەی واسیتەم هەبوو خالید نازانم چی مەسولێکی زۆر گەورەبوو لەپارتی ئێستا زۆر برادەرما ناوی جەلیلەلەڕێخستن ئێستا دێمەسەر برادەرەکەی باوکم . لەڕێخراودەستێکی زۆر باڵای هەبووە ئێستا زۆر برادەرین باوکیشم دەچووە ڕێخراو جارێکیان زانیم چوو ئەوبەدزییەوە دەڕۆیشت بوو بەشەڕمان وتم تۆ کافر بویت چۆن چیتە ناوکفر ؟ تەواو من ئیترنایەمەوە ئەو ماڵە ئیتر من سارد بومەوە لەدوای ئە و هەموو ڕابواردنە دوای ئەوەی تەئسیراتی عادل و باوکم و دایکم زۆر گریا باوکم زۆر خەفەتی لێخوارد

عادل باخەوان : ئەی کاک ئیبراهیم ؟

کامەران: کاک ئیبراهیم نازانم ئەو کامەرانت ئاگاداربوو یان ناء کاک ئیبراهیم کە هاتەوە لەئەوروپا من بۆم باسکرد وازم هێنابوو ناء تەواو هێشتا ڕەگەکانی لەمێشکمدا مابوو زۆری قسەبۆکردم

عادل باخەوان : ئەوکات تۆ ئەمت بەکافر نەدەزانی کەئەنساربویت ؟

کامەران: نا زۆر بە ئیسلامم دەزانی نەمدەزانی ئەو لەئەوروپایە چیدەکات؟جەماعەت دەیانزانی و زۆر شانازیمان پێوە دەکرد دەیانوت برای مامۆستا ئیبراهیمە.

عادل باخەوان : ها ها ها ها ها یەعنی وەکو مامۆستا تەماشایان دەکرد ؟

کامەران: ئا!!!ە تەبعەن هەموو شتێک ناتوانم باس بکەم لێرەدا زۆر دورودرێژە چیرۆکەکان من ئەوەی کەباسم کرد کورت کردنەوەبوو با بەشێوەیەکی گشتی قسەبکەین تەبعەن ساردبونەوە دەستی پێکرد تەبعەن من دوکانم دانا پاش نامەی ئەوکچەکەبۆم هات دیاربوو زۆر تەئسیری تێم کرد ،تەبعەن خۆت دەزانی خۆشەویستی چەند گەورەیە من ئەوکاتە فشەم بەخۆشەویستی دەهات ئەوان کاریان تێکردم ئەوان زۆر کەللّەرەق بوون دوای ئەوەمنیش نامەیەکم بۆ نوسی بۆم نوسی: من نازانم ئەم ڕۆژگارە چۆن دەسوڕێ ؟ من دەکوژرێم دەمێنم ؟ من لەگروپێکم تازە ناتوانم وازیان لێبێنم تەبعەن نەمدەوێرا نەمدەدایە ئاسۆ نەم دەوێرا بیدەمە ئاسۆ تەبعەن سەری نەوی کرد سەرم بردە ناو شیشیککانەوە زۆر گریام ئەوەندە گریام ئەوەندە گریام نیوەڕۆبوو کەس لەدەرەوە نەبوو تەنها منداڵێک بوو وتی شتێکم بدەیەو ئەوانە تەبعەن نەمهێشت هەست بکات درۆنەبێت وەڵاهی وابزانم نیوسەعات گریام تەبعەن شتێک بیرم نەچێت کتێبێکیان هێنا دەمانخوێند( ئەل عەمەلیەت و ئیتیشارییەفیل ئیسلام)و ئەو کتێبیان ( فی مەسائیلییەوهوەل ئیمان) ئەو وکتێبەمان هەبوو.

عادل باخەوان : کێ نوسیبوی ؟

کامەران: نازانم شێخ کێبوو ؟ سعودی بوو( مکتبیان و وەئەمەلیات و ئیتیشهاب) ئەو خالیسە بۆی شەرح دەکردین چیدەکەین لەکامەرانتی خۆکوشتن ئەو خالیسەی کەکوژرا ئەو کتێبەم هەبوو زۆریشم لەبەرکردبوو عەمەلیاتە کامەرانن چۆنەو ئەو شتانە یاعنی من لەئاخیر لەحزە گەڕامەوە یاعنی ئەگەر سەیتەرەی پارتی نەبوایە من لێرەنەدەبووم ئێستا وە دواجاریش کەویستم بڕۆم ئەو نامەشم نارد ئەوەندەگریام تەواو مەئویس بووم لەژیان وتم من تازە ژیانم دۆراندووە هیچ ئەمەلم نەبوو دەرچمەوە ئەوکچە لەگەڵ خۆم بەرم ؟زۆرم خۆشدەویست زۆر،بەڵام لەدەستم ڕۆییماڵەوەم لەدەست ڕۆی سەیارەم پارەم لەدست ڕۆیی دونیام لەدەست ڕۆیی تەواو وتم باڕۆم بۆخۆم شەهید دەبم ئەوەبوو ئەنسارول ئیسلام دروست بوو لەئاخیر تەواو ویستم بڕۆم پاش ئەو هەموو گریان و شتانە دەمویست دەست پێبکەمەوە نەم دەتوانی دەموت ئێستا تەواوە یەعنی هەموو دینەکەم بەتاڵ دەبێتەوە ناء بڕۆم ئیسراحەت کەم بۆخۆم بەیەکجاری واز لەجیان بێنم قەناحەتم ئاوهابوو یاعنی عادل یش بەپێی پێویست نەبوو ئەوبەس ڕێگاکانی لێ لێڵ دەکردم ڕێگای ڕاستی نیشان دەدام هەتا ئێستاش قەت پیشانی نەدەدام بڵێ ئەوراستەبەس لێی لێڵ دەکردم دەیوت ئەوەخراپەئاسۆ هەروەتر بابم دایکم جا بابم نەخوێندەوار بوو نەیدەزانی من چی دەکەم وچی ناکەم یانی تەواو تەواو تەنیابووم پاش ئەوەی کەوتم دەڕۆم تەواو کوڕێک کە ناوی نازمە یادی بەخێر لەلای

براکەم ئیشی دەکرد لەهەولێر تەنەکەچییەڕۆژێک هاتەدوکانەکەمان دەیزانی من توندم وئەوشتانەبەس بەحوکمی ئەوەی کەخزم بوین لای من هەموو شتێکی دەوت یەعنی هێشتا نەبوبوینەخزم بەس دوای ئەوە براکەم پوری خواست زۆر تێکەڵ بوین هەرچەندەبۆ ئاخیری دزیکرد لەسادقی برام بەهەرحاڵ لەدوکانەکە دادەنیشت حەزی لەکچێک دەکرد هیوایەتی بو لەبۆ منی باس کامەرانت.

عادل باخەوان : ها

کامەران: هەموو ڕۆژێک دەیوت: ئاوامان کردووە ئاوا دەکەین و ئاواو ئاوا منیش دەمگوت : ڕۆژێک دێینەحەفلەکەتەوەئاواش توند نەبوو لێیبدەم وپێی بڵێم باسی ئەوقسانەمەکەپێشم ناخۆش بووباسی بکات بەس ئەو هەردەیکرد بەس باسی دەکرد چی لێبکەم ؟

عادل باخەوان : ئەها  تۆش پێت خۆش بوو لەلایەک ؟

کامەران: نا پێم خۆشنەبوو بەس منیش حەزم دەکرد ژیانێکم هەبێت ئاوها هاکەزاییانە نوێژم بکردایە بەس لەگەڵ ئەوان توش نەبومایە کچێکم خۆش بویستایە بمهێنایەو ژیانێکم پێک هێنایە ئەو هەمووەم لەدەست ڕۆییانی زۆر زۆر ڕوخابووم حەزم دەکرد ئاوانە بام ئاوا ژیانم دەست پێنەکردبا لەئەوەڵییەوە بەڵام کەئیتر وازم لەوەهێنا٢٠٠٢ بوو لەگەڵ ٢٠٠٣ نازانم مانگی چەند بوو لەگەڵ ئەوشتانە ئەو تەئسیرات و شتانە نییە تۆزێک سارد بومەوە ئەچومە ماڵە خزمەکانمان  یەعنی هەموو پشتیان تێدەکردم هەموو وایان دەزانی من ئاوا توندم ئەیان وت تۆچۆن ئاوادەکەیت و نازانم چی و یاعنی تەواو تەواو بێزار ببووم ئەوەش زۆر ساردی کردمەوە گۆران مامی گۆران تا ئێستا نەکوژرانی لەناو ئەوهەموو تەلەو تەلەکەبازییە هەر بەردەوام بوو هەر دەولەمەند تریش دەبوو ئەو عادل  لەمەی بەکوشتن دا ئەچووە ناو ئەنسارول ئیسلام ئەهاتەوە نەدەکوژرا ئەچووە ناو جوندل ئیسلام دەهاتەوە نەدەکوژرا لای هەموو سەیتەرەی پارتییەدا یاعنی زۆر پێم عەنتیکەبوو خەریک بوو شێت دەبووم لەگەڵ ئەوشتانە زۆر فیکرم لێدەکردەوەزۆر پرسیارم لێدەکرد یەعنی دەچومەلای جەماحەت ئەهاتمەلای کامەران ئەوکورەی لەگەڵمان بوو زۆر شت بوو یەعنی بەبیرم نایەشتی زۆربوو کەوای کرد من وازیان لێبێنم دوای ئەوەی کەڕۆژێک ئاسۆ شریتێکی هێنابوو لەدوکانەکەم وتی تاقی دەکەمەوە من ئەوکاتە تەجیلێکی گچکەم هەبوو هاویشتییە سەری ئیبراهیم تاتڵساس بوو سەوتیشی دایەتەبعەن. لەودەمەی گۆران بەپێش دوکانەکەدا هات ئەو گۆرانەی کەزۆر توند بوو یاعنی ئاوها دەڕۆیی لێی دەترسایت ڕدێنیشی هەبوو تەنکەڕدێنێکی هەبوو نەش دەگیرا زۆرم لا عەنتیکەبوو مەعەدەل دەسوڕایەوە لەو گەڕەکانا مازدایەکی کڕی مازدایەکی ئاخیر مۆدێلی کڕی وتیان ئەوەبەپارەی برایەکەی بەپارەی برایەکەی کڕیویەتی ئەو برایەی کە دەعمی کرد دکتۆرە کەبرایەکی دکتۆ ربوو دەعمی کرد لەڕێی شاوەیس وتیان ئەوە بەخوێنی ئەوکڕیویانە تەبعەن ئەوەش لەئیسلامدا بەڕای من جائیز نەبوو وەزۆر شتیشی

کردبوو من پێم جائیزنەبوو .دوای ئەوەی کەگۆران ئەوشتانەی کرد بەپێش دوکامەرانداهات گوێی لەدەنگی ئیبراهیم تاتڵساس بوو قسەی نەکرد ڕاست ڕۆیی نەفسی . نیوسەعاتی تی پێچوو هەم یەکێک لەئەندامەکان بەپێش دوکانەکەماندا سەلامی نەکرد ڕۆیی ئەوکات زانیم ئەو تاقیبی من دەکات. من هەرلەگەڵیان بووم کاکە هەرلەگەڵیان بووم ئەو ئاسۆ لێی دابوو یانی بەهەمووی بەس شریتەکەی وەردەگێراو لێی دەداو دەیوت ئەوگۆرانییە ئاوها دەڵێت و نازانم چی ئاوهابوو شتەکان یانی من قبوڵم نەکرد لێیدات بەس وتی یەک دەقەبەڕوخسەتت کامەران زۆر برادەریشم بوو. ئەو ئاسۆیەیش هەر لەگەڵ ئەوکچەبەردەوام بوو بەخۆشەویستی ئێ دوای ئەوە کەمن ئەو کورە توشم بوو دیسان هات بەپێش دوکانەکەمدا گوێی لەگۆرانییەکەبوو من هەر ئیسلامی بووم ئەو کامەران یش هەرلەگەڵیان بووم .بەس بانگیان کردم ڕۆژێک لەمزگەوت،چوم جەماعەتێک ئاوهابوو نازانم چۆن بوو ؟ لەمزگەوت گوتیان: دیارە تۆ مورتەد بویەوە دەزانین مورتەد نەبویت بەس تۆ ئیمانت زۆر لەدەست داوەئیمانت لاواز بووە. تۆ پێویستت بەشەحن کردنەوەیەکی زۆر جاک هەیە. تۆ بۆ وادەکەیت و....زۆر سەرکۆنەیان کردم زۆریان قسە پێوتم هەرچی هاتە سەرزاریان نەیان گێراوە تۆ دەزانیت کوڕی کێیت / تۆدەزانی برای کێت پێدەڵێن ؟ برای ئیبراهیمی تۆ دەزانی کوڕی کێی ؟ تۆ دەزانیت کێیت ؟ من دەرسم دەوتەوەمن تەلەبەم هەبوو تەقریبەن ١٢/١٠ تەلەبەم هەبوو.تۆ دەزانیت چی مامۆستایەکت پێدەڵێن ؟تۆ کامەرانیت تۆ بێژەری دەنگی ئیسلام بویت تۆ نازانم چی بویت تۆ موزیعی بزوتنەوەبویت تۆ مامۆستای مزگەوت بویت تۆ یاعنی زۆر موهیم بو ئاخیرەکەی مورەشەح بووم کەببمەئەمیری ئەو جەماحەتەی بەس بۆخۆم نەم دەکرد من نەم دەوێرا بەڕاستی .چونکە بەدەردی خالید دەڕۆیشتم زۆر دەترسام،یاعنی ترسێک لەناو دڵمدا هەبوو .

عادل باخەوان : ئەی دەیانوت لەگەڵ ئەوەشدا گوێ لەگۆرانی دەگریت ؟

کامەران: چۆن گوویێ لەگۆرانی دەگرم ؟ من دەم وت ئاسۆ لێی داوەو ئەوشتانە. تەبعەن زۆر تورەبووم من وتم باشەکاکەگۆران باشەئەوەگوێم لەگۆرانی گرت گریمان بۆخۆم لێمداوەیاعنی چی ئەوەتۆبەم کرد!!!

نا چۆن دەبێت ؟یاری بەخوا دەکەیت ؟ بەدینی خوادەکەیت ؟ یاعنی تەواو تەواو بێزاربووم زۆر زۆر قسەیان پێ وتم .وەڵا ڕۆژێک هاتمەوەوتم باشەبەتورەیی ڕاست ڕۆیشتم هاتمەوە دوکان چوم شریتێکی ئیبراهیم تاتڵساسم هێنا هی ئاسۆی ڕاست لێمدا ڕاست گۆرانی ئیبراهیم تاتڵساسم لێدا حەزیشم نەدەکرد لەهەمان کاتدا.وەڵالیم داو ئەوشتانە خەبەر گەیشتەوە گۆران دیسان گۆران ببوە ئەمیرمان ئەوکاتە دیسان بانگیان کردم نا!!!.... هاتنەدوکانەکە جەماعەت هەرهەمویان هاتن ناو دوکانەکە پڕبوو وتم ئێستا چەقۆیەکم لێدەدەن وەڵا بوژامەوە، بابم

ڕەسمێکی مەلامستەفای لەدوکانەکە دابوو تەبعەن پڕۆن بەرلەوەی فرانسۆ بکوژرێ ،ئەوکاتە لە لوتکەی تەقوادابووم لەگەڵیان. ڕۆژێک ڕەسمی مەلامستەفام چەندم کرد نەدڕا نایلۆن بوو ئاوهام لێکرد ئاوهام لێکرد ...چام پێداکردو پیسم کردو ئەوشتانە بەپێ بەسەری کەوتم لەپەنایەکم دانا دوای ئەوەی کەئەوانیش دیبوویان ڕەسمی مەلا مستەفای،ئەوان پێیان وتم پڕۆرەسمەکەی بدڕێنە ئەوکاتە بەقسەی وانم کرد دڕانم . بەس پاش ئەوەی هاتمەوە دوکان لەکونێک دەگەڕام ڕەسمەکەی مەلامستەفام دیتەوەچاکم کردەوەلەڕقان تەبعەن خۆشم نەدەویست ئەوکاتە لەڕقان چاکم کردەوەو خاوێنم کردەوەبائاو و عەلاکولین چۆن خاوێنم کردەوە نایڵێم. بەدیوارم دا ڕەسمەکەم لەدیوار دا هاتن خەبەریان بیست کامەران تاتڵساس لێدەدات و کامەران ڕەسمی مەلامستەفای داناوەو قەنافسی داناوەو جگەرە دەکێشێ و ... ئینجا دەستیشم بە جگەرەکێشان کرد یاعنی تەواو تەواو ڕوخابووم . نەئیسلامەتیم ما بومەیەکەم خۆری. تێدەگەیت ؟ ئا!!!....نامەیەکم بۆ ئەوکچەنوسیەوەو خۆشمەوێیت تەواو یانی ئاوها بەو نەسەلا داخا یانی لەداخا تەواو ڕوخابووم شێت بووبووم شێت یاعنی دەردێکیان پێکردم لەمزگەوت شەرەفیان بردم بەهەر هەموویانەوە لەپێش چاو هەموویان ئاوهایان لەمن کرد .یەعنی تەواو یەعنی وەکو پەکەکەبەو نەسەش پێیان وتم .کامەران پیاودەبیت پێاو بەئەگینا پیاوت دەکەین ئابەو نەسە ئەوکاتە هێشتا گۆڕانیم لێنەدابوو هەر ئیسلامییەکەی جاران بووم. ڕدێنم تاشی و سمێڵم تاشی و پاش ئەوە دوکانەکەم گواستەوە بۆ ئەوبەر دوکانێکیی گەورەترمان دانا هەر دووکانی ئاسن بوو چواردەوریمان کرد بەحەدیقەو زۆر مولتەزیم بوو لەسەر حەدیقەم دروست کردو دوکانەکەمم خۆشکرد ئەشیام بۆهێنا یاعنی تۆزێک باشتربوو کوڕێکی ترم ناسی ناوی هەژاربوو بەواسیتەی من عادل یشی ناسی .ئاسۆ تۆزێک لەمن دورکەوتەوەو وەمنیش دورکەوتمەوە ماڵیشیان تەبعەن دوربوو لێمان بەس لەگەڵ عادل موعەدەلیش بوو ئەم بینی ،هەژاریش تەبعەن لەپشت دووکانەکەمەوە ببوو لەگەڵ عادل وهەژار ئەوان جگەرەیان دەکێشا منیش فێری جگەرەکێشان بوم،بەتەواوی هەڵم نەدەکێشا دوکەلەکەی بەس لەڕقی ئەوان دەمکێشا بەس بەبام دەدا کەئەوانم دی یەکێکیانم دی وام دەکرد ئیتر کەدوکانەم گواستەوە ئەوبەر تۆزێک هەستم کرد واجگەرەم تەرک کرد ئەوکچەم خۆشویست خۆشویستی ئەوکچەیانی زۆر زۆر تەئسیری لێکردم .

عادل باخەوان : چی وای لێکردیت جوانیەکەی یان چی ؟

کامەران: جوان..نا!! نەبوو کچەکەم دەرەجەدوو تۆزێک جوان بوو بەس زۆر کورت بوو.

عادل باخەوان : چەند مەتربوو ؟

کامەران: لەمن من ١٦٥ م تەقریبەن ئەو ١٥٠ سامتیمەتر بوو مەترونیوێک بلێ .

عادل باخەوان : لەژيانيشدا بەيەكەوە قەت .....

كامەران: ناء بەس وەكى تر من زۆم خۆشدەويست هەستم دەكرد لەدونيايەكى كەدام ياعنى زۆر تەئسيرى لێكردم ئەو كچە.حەزم دەكرد دايمە بەتەنيا بم بيرى لێبكەمەوە دادەنيشتم فيكرم لێدەكردەوە پێكەنينم ياعنى ئاوها تەئسيرى لێم كردبوو جارى واش بوو ١٠٠ تفم لەخۆم دەكرد ئەموت ئەى عومرت نەمێنێ تۆچيت كردووە لەمێژە؟ كورە مەكتەبيشم لەدەست چوو پارەكەنيشم كورە چيم كرد كورە بەس ئەوەندە بگەڕێتەوە باوكم و دايكم زۆريان خۆشدەويستم پەيوەنديم لەگەڵ باوكم زياتروزياتر بوو باوكيشم بەبرادەرەكەى خۆى وتبوو وازى هێنايەتەبعەن لەبەر ئەو برادەرەى باوكم نەبايە تەواو تەبعەن لەبەر سادقى براشم لەڕێكخستن ئيشى دەكرد من نەم دەزانى سادقيش لەگەڵ كەناوى تەلعەت بوو لەڕێكخستن بوو تەلعەت ئەندامێكى زۆر گەورەى ڕێكخستن بوو لاى خالە ئەحمەد بوو تەبعەن دوايى دێمەسەر ئاخيرى ئاخيرى چومە لاى خاڵە ئەحمەد خۆم تەسليم كردەوەپاش ئەوەى من ئەو كچەم خۆش ويست و نامەيەكم بۆنوسى وئەمانە بەمرورى زەمان لەگەڵ عادل و هەژار بوينە هاورێ وئەمانە. ڕۆژێك لەبازاڕ پياسەمان دەكردو ئەوشتانە كۆنكانيشمان دەكرد ئاخيرييەكەى فێرى كۆنەكەنيش بووم

عادل باخەوان : ياريكانتان؟

كامەران: ئا!!! يارى بۆ ئێمەتەواو بەس تەبعەن ئەوان بيان زانيبايە ئەوياريانە دەكەم ئيعداميان دەكردم ئيتر تەبعەن دواى ئەوەى ئەوان هەموو ئەوشتانەيان زانى و زانيشيان ياعنى من تەواو مورتەد بومەتەوە لەئەوان نەشيان دەوێرا بێن ڕوبەڕو پێم بڵێن چونكەعادل وتى من بەهەموو شێوەيەك پشتگيريت لێدەكەم من ئەوكاتە حەربەم پێبوو حەربەچونكەدوژمن داربووم سور دەمزانى دەمكوژن چونكەمن لەناوياندا بووم دەزانم چەند ئاسان بوو پياوكوشتن وەكوو ئەو خواردنەوەبوو بيانوتايە هەركەس بكوژەمن دەمكوشت. سەمع وتاعەى ئەميرى خۆم بووم يەكێك لەئەندامەكان يان شتەباشەكانى من لاى ئەوان ئەوەبوو كەمن مورەشەح بووم هەرچييەكم بدەنێ لەگەڵ ئەوان ياعنى ئەگەر حوكمەتيان بەدەست بايەمنيان دەكرد بەڕەئيس وزەراء چونكەمن خوێندەواريش بووم . ئەوان خوێنەدەوار نەبوون گۆران خوێندەوارنەبوو كامەران خوێندەوار نەبوو هەموويان بەجێيان هێشتم لەسنفى ١ و٢ى متەوەستەوەوازيان هێنابوو ياعنى بەس من ئەعلايان بووم هەندێك شتى ئينگليزيم بۆهين دەكرد نازانم جارێكيان شريت بوو نازانم كورە عەرەبى من بۆم دەكردن زۆر شت هەزاران شت لەلايانى سەقفى ئەوان بەس چەك دارييەكەيان دەكرد بۆيەش لەلێدانى خەڵك بەشدار نەبووم.

عادل باخەوان : ئەى چۆن هەرەشەيان لێكرديت ؟

کامەران: ئاە!! هەڕەشە ئەزانیت هەڕەشە چۆندەستی پێکرد ؟ڕۆژێک یەک لەئەندامەکانیان لەجلکێکی تردا هاتەلام وای نیشاندا عەل ئەساس وازی هێناوەو منیش وازم هێناوە خەت مایل هاتببووە لام کەمن چیدەکەم و ئەوانەوەڵا وتم کاکەمن خەریکی ئیشم و ئەوشتانە جاروبار دەچمە چاخانەیەک بازاڕێک ئەوشتانەدەم زانی ئەوان ئیشیان ئەوەیە.کەمن ڕۆژێک مەوعیدم لەوکچە وەرگرتبوو لەبەردەرکە گرتبووم لەلای مزگەوت بینی بویان لەلای مزگەوت کەنامەمان گۆڕیبۆوەو جارێکیان قسەم لەگەڵ کردبوو کۆڵانەکان تەسک بوو زۆر تەسک بوو ئاوها بوو ئەو لەو بەر من لەمبەر قسەمان دەکرد ئەو لەبەردەرگای خۆیان بەس سەری دەهێنا ئیتر منیش لەوبەر ئاوا قسەمان دەکرد باوکیشی لەگەڵ من سەردەمێک پێکەوە تەکسیمان هەبوو زۆر برادەرایەتیم لەگەڵی هەبوو. تەبعەن باوکیشی حەزەری دەکرد ئاخر ئێمە هەموو کەس لێمان دەترسان ئەندامەکانی پارتی ئاخر لێمان دابوون پێشتر، هەموو ئەوان دەیانزانی ئێمەگروپێکین ئاوهاین وەمام یاسینی مامی ئەوکچەش زۆر جار نەسیحەتی دەکردم کوڕی خۆم واز لەوانە بێنەواز لەوگروپەی بێنەئەها چیان کرد لەوعادل لەمەی چیان کرد لەوەی. بەتایبەت ئەوان ڕقیان لەمەلا ئەنوەر ئەبویەوە، مەلا ئەنوەر دوکانی هەبوو لەلای تەکسییەکە زۆر ڕقیان لێدەبوویەوە زۆر ڕەزا گران بوو لای ئەوان.وەڵا دوای ئەوەی ئەوکوڕە هەموو قسەکانی لەوان گێڕایەوە زۆرم قسەکرد تەبعەن من چومەمەکتەب تەبعەن دوو ساڵ مەکتەبم بەجێهێشت ئەوکامەرانت لەڕزگاری چومەئەوێ قبوڵیان نەکردم وتیان تۆبەسەر چویت دەبێت بچیتەمەدرەسەی ئێواران .چومەئێواران لەمەحوی ئێواران تەبعەن هێشتا ڕقەکەمابوو هەرلەناو مێشکمدا ،ئاخیری کوڕێکم ناسی ناوی عەدنان بوو زۆر بەدین بوو وەزۆریش نیشتیمان پەروەر بوو شاعیریش بوو بەس عەدنان و عادل برادەرم بوون لایەزاریش برادەرمن وەوەفایان بۆشم هەبووە.وەئیشیان بۆ کردووم زۆر برادەرم بوون ،تەبعەن ئەوعەدنانەوای لێکردم شیعر بنوسم من هەموو نامەکانم بەشیعر دەنوسی تەنانەت ڕۆژێکیان شیعرێکم نوسی پیشانی عەدنانم دا عەدنان وتی ئەوەتۆیت شیعر دەنوسیت ؟ بڕوا ناکەم .تەبعەن زۆرم شیعر نوسی وە زۆریش شیعرم هەیەپاش ئەوەی کەلەمەحوی عەدنانم ناسی و ئەوشتانەپاش ئەوەی بۆ عەدنانم دەگێڕایەوەزۆر سەری لێدەهات. زوو دەیگوت: ئای!! ئای!! نەمکوژی ئەو تیرۆرم نەکەیت ئەی گوت کوا تۆ ئەوشتانەت کردیە؟ یانی لەوتەمەنە گچکەی تەبعەن ئەوشتانە ڕەنگەب ۆ زۆر کەس بگێڕمەوە یڕوانەکات،بەس من تەبعەن بەڵگەم هەیە ڕۆژێکیان باوکم هاتەوە وەرەقەیەکی هێنابویەوە وتی ئەوە لەدوکان بووە ئەوە چییە؟ئەوەی باش بوو باوکم شتێکی فڕێنەدەدا تامن نەمخوێندایەتەوە ئەویش وابزانم لەکاک برایمەوەفێربوو ،کەسیاسی بوو وەوەرەقەو شت نەدەبوو لەماڵی ئێمەقەت بدڕێت .دوای ئەوە کە وەرەقەکەی نیشاندام نوسرابوو (بیسمیلاهی ڕەحمن ڕەحیم)ئەسەلام و علی من تبعل هدا.بۆ کامەران ئەو کامەرانەی کەپێشتر موزیعی دەنگی ئیسلام بوو ئەو کامەرانەیی بێژەری تەلەفیزیۆن ی ئیسلامی بوو

ئەندامی یەکبوونی قوتابیانی ئیسلامی بوو تەبعەن من لەکۆراڵەکەشدا لەوێ بووم سرودم وتبوو هەموو مەسئولەکان لەوێ بوون تەبعەن لەسرودە کامەرانی یەکبوون ٥٠/٤٠ کەس بوون من لەگەڵیان بووم لەگەڵ بیلال کەیوانی و هەمەرەش کێ پێدەڵێن ،مەروان حەمەخورشیدو ئەوان سەرتیپمان بوون لەتیپی سرود دەف لێدەریش بووم فێرەدەف لێدانیش بووم ،پاش ئەوەی کەنامەکەم خوێندەوەئەو کامەرانەی حافز قورئان بووم ئەو کامەرانەی مامۆستا مزگەوت بوو ٢٠/١٥ تەلەبەی هەبوو هەموو ئاوا بەونەسسەی ئەو شتانەم خوێندەوەسەرم سوڕا ئاوا یەکسەر دانیشتم من بۆخۆم دەمخوێندەوە،خوشک و براکانم و باوکم و دایکم هەموو واقیان ورمابوو دەیان گووت: ئەوەچییەئەوەچییە؟ من بۆخۆم چومەغورفەکەی سەربانێ دوای ئەوەی هاتمەلاپەڕەی ئەخیری وەڵا وەڵا بەوناسای، پیاو دەبیت پیاوبەئەگینا پیاوت دەکەین تۆ مورتەد بویت لەڕێگایەک تۆ ئەوهەمووەناونیشانەت هەبوو ئێستا زانیومانەگۆرانی لێدەدەیت ئیبراهیم تاتڵیساس ،ئێستا جگەرەدەکێشی دەچیتەگازینۆ چویتەتەوە قوتابخانە بەو نەسەی.یاعنی ئەوەبوو بەسەرێ پێم ناخۆش بوو ئێستا ئێمە لەکۆبونەوەداین حوکمی کوشتن دەردەکەین حوکمی لێدانت هاتووەبەڵام ئێمەخۆمان کرکردووەبزانین چیدەبێت ؟ بزانین پیاودەبیت ؟ تەبعەن زۆر دورو درێژ بوو ،ئاخرییەکەی نوسرابوو کۆمەڵێک موسوڵمانی خەمخۆرت

عادل باخەوان : کۆمەڵێ چی ؟

کامەران:کۆمەڵێ موسوڵمانی خەمخۆرت تەبعەن ئێستا دەزانیت کێبوون؟ گۆران و کامەران نوسیبویان بەدەست وخەتی کامەران چونکەکامەران هەتادوای موتەوەستەی خوێند بوو خەتەکەی ناخۆش بوو دەمزانی هی ئەوە دیاربوو گۆرانیشی لەگەڵ بوو چیبکەم چبکەم ؟ هاتمەماڵێ وتم وەڵا بالەماڵێ نەیشارمەوەو بزانن ، من ئەوهەموو دەسەڵاتەم هەبوو ئێستا وازم هێنایە هەرکەیفم بەخۆدێت وانییە؟

عادل باخەوان : ها

کامەران: یاعنی وتم باهەر بزانن ئەگەررۆژێک شەڕێک بێت گوناحە بێهەدەف بیت هەر شەڕمبوو لەگەڵیان دەمگوت ئەمن حەربەی هەڵدەگرم حەربەکەم ئێستاش مایە هەمیشە هەڵم دەگرت لەپشتم بوو دەمگوت: ئاخر من دوژمنم هەیەئەوان گاڵتەیان پێدەکردم دەیانگوت: بابەدانیشەدوژمنی چی وەڵا وتم ئەها ئەونامەیەوە خوێننەوە هەموویان واقیان ورمابوو سادق دەگوت: کێیە وەڵاهی دەکوژم ئەو بێئەخلاقانە تۆ خەمت نەبێت من دەمگووت: دانشە ئەوانەمن دەیان ناسم وەڵا بەدوو بۆکس دەتخەن ئەوانەمن ئیشم لەگەڵیان کردووە بەدونەفەر دەیانگوت دژی پارتی شەڕدەکەین ئاوها لەخۆ بایی بەنەفەر چون ئینقیلاب بکەن و کوژران ئینجا نیشانی عادلم دا پێدەکەنی دەیگوت: کوا کوا کۆمەڵێ موسوڵمانی خەمخۆر ئەتۆ بۆنابیتە ئەندام لەو جەمعەیەخەمخۆر پێکەنینمان بەوەی دەهات بۆ لۆ خەڵکی تری ناکەن بۆهەر لۆتۆی

دەکەن؟ زۆر تورەبوبو عادل لەقەهران پێدەکەنی ئاسۆ دەترسا لێدانێکی خواردبوو بەس من نا من زۆر گەورەبووم لەناویان.دوای ئەوەسادق دەیگوت: من نامەکەدەدەمەڕێکخستن وتم نا!!! کامەرانن من خۆم ئەوەبوومەئەو هەموو شتەم هەبوو هەر دەمگرن بەمن دەڵێن لەهی فرانسۆ لەلێدانەکەی بەشدار بووم لەوجەماعەتەی تەوحید باسی تەوحید کرابوو کەمن ئەندامی تەوحید بووم من یەکێک بووم لەدامەزرێنەرانی تەوحیدی ئیسلامی .

عادل باخەوان : واتەهەربەراست تۆبەکێك بویت لەدامەزرێنەرانی تەوحید ؟

کامەران: ئا!! بەڵێ بەڵێ لەگەڵ سەرباز بوین

عادل باخەوان : کێ ؟

کامەران: سەر باز سەرباز ئەوەی کەهاتەئەوروپا نای ناسی ؟لەبزوتنەوەی قیادەی بوو پارەیەکی زۆری هەبوو سەرباز مەسئولی پەروەردەی تەوحیدی ئیسلامی بوو

عادل باخەوان : ئەو تەوحیدی دروست کرد ؟

کامەران: بۆستە ئەوشەوەی ک تەوحیدیان دروست کرد ئەبوو خوبەییمان لەگەڵ بوو ئەبوو خوبەیب بەس باسیان دەکرد نەیان دەوت کێیە ئەوشەوەی کەمەلا سەرباز ڕۆیشت ئەو شەوەبەسەرماڵیاندا دا لەوکاتەوە هاتووەبۆ هۆڵندا ئێمەئاگامان لێی بوو دەقەبەدەقە تەلەفونی بۆدەکردین حەسەنیش لەگەڵمان بوو زۆر تەرجیعی دەکردم

عادل باخەوان : یاعنی تۆدەترسایت کەپارتی بڵێ تۆبەشداریت لەهەموو ئەمانە؟

کامەران: تەبعەن چۆن واناڵێت ئەمن گوتم سادق نەیبەیت

عادل باخەوان : ئەی دوایی بردی هەر ؟

کامەران: دوایی فێڵێکمان لەگەڵیان کرد چیرۆکێکم بۆخۆم دروست کرد تەبعەن بۆ ئەوەی خۆم تەسلیم کەمەوەئەو تەلعەتەئەندامێکی زۆر گەورەبوو لەڕێکخستن ئەو کەلەم دواییەشەریکبوو لەگەڵمان

عادل باخەوان : ئمم

کامەران: نامەکەی نیشانی تەلعەت دابوو تەلعەت گوتبوی من دەتوانم یارمەتی بدەم وادەکەم توشی موشکیلەنەبێت .نامەکەیان بردبوو من نەچوم چوار پێنج نوسخەیان لێچاپ کردبوو وتبوی کامەران کامەران بابێت عومەر مەسئولی لیوای تایبەتی بوو لیوای نێچیرڤان بەرزانی ئیتر بەپێشمەرگەو بەڕێکخستن وبەقووەت بەهەمووی قووەتی پارتی ئەوکورەئاکرێی بوو ئێستا مەسئولی خەلەکەلەمەسیف خەلەکەچی پێدەڵێن ئەوەی مەسئولی قوات جمهوری ئا!!

فەلەکەفەلەک ئێستا ئەوکاتەکەمن دەمزانی پاش ئەوەی کەوازم لەموتەوەستەهێنا بەرزتر ببوبوەوەبۆ ئەوەتەبعەن دوای ئەوەی کەبانگیان کردم نەرۆیشتم وتم کامەرانک تەلعەت لەماڵی خۆمان توشی ئەوەندە موشکیلەبم تۆ مەسئولی ، من نامەکەم دەنارد خۆم نەدەڕۆیشتم مقاوەمەتم دەکرد نەک سەرم لەقوڕێ بنێم و بچمەجێیەکی هەتا هەتایەنەیەمەوەوەکو بەختیارم لێبێت ئێستاش بزرەبەختیار هەتا ئێستاش والەئاکرێ یەک جار دایکی بینیوبەتی بۆ ئەوەی بڵێن نەمردووە لە خەستەخانەیەکیان دانابوو یەک قووەتی پارتی موحافیزەیان دەکرد حەئیدەر حەیدەر ئەوەی ڕومانەی دەتەقاندەوەبیرت دەبێ هەتا ئێستاش بزرە

عادل باخەوان : باشەئاخیر ڕۆیشتی لەگەڵیانیان نا ؟

کامەران: ئاخیری دوای ئەوەی گفتم لێوەرگرتن وتم ئیش ناکەم لەگەڵیان بەس ٥ دەقیقەدێم بم بینن وتەواو نەک چیرۆکێکم پێبگێڕنەوە وەلا چوم خالەئەحمەد وتی بەس یەک شتت پێدەڵێم سەیارەیەک دێنم ئەونەفەرانەمان پێبڵێ .وتم : نایان ناسم وتم با بیرێکی لێبکەمەوەوتی سەیارەیەکت لەگەڵ دەنێرم قواتت دەدەمێ وتم نایان ناسم پاشان چومەوەیەخەی گۆرانم گرت وتم کامەرانک گۆران ئێوەتەهدیدتان کردوم وتی کێ تەهدیدی کردویت نا تەبعەن دیعایەم بڵاوکردەوە لەگەڕەک وتم نامەکەم بردۆوە بۆ ڕێکخستن هەرهەمووتان دەگیرێن دییعایەم ب یەیەکم بڵاوکردەوە بەعادل و بەئاسۆ و گۆران و هەموو لەمزگەوت لەناو توحید لەگەڕەک دەمگوت دەگیرێن ئەوان خۆیان لێبێلایەن دەکرد من بەرلەوەی نامەکەبەرم بۆڕێکخستن ئەوان دەیانوت ئێمەنەمان نەردووەلەمن دەترسان لەبەرئەوەی من هەبوو عادل زۆر گەورەبوو لەپارتی خزمەکامەننی مامەکامەننی زۆر گەورەبوون لەڕێخستن.وتم ئاگاتان لەخۆتان بێت شتێکی واهەیە نامەکەی لەڕێخستنەوازم لێبێنن من نوێژی خۆم دەکەم وئاوەها دەیانگوت کورەبابەئێمەلەتۆ چمان دەوێت ؟ بەس دەمزانی وەکومار پێیانە وەدەدەم چونکەمن ئیشم کردبوو لەگەڵیان دەمزانی . دوای ئەوەزۆر زۆر پاڕایەوەلەمن وتی : ناومان مەهێنەئێمەوازمان هێنایەئەمانەئێستاش ناوم نەدەن ئەو کات بەکاک براهیمم ووت وت ئەگەرناویان بدەم جائیزە؟ بەبیرم دێت ؟ ئەویش وتی : ئەگەرئەوان منداڵی خەڵکی بکوژن ناویان بدەجائیزەهەرئەوکاتەش ناوم نەدان هەتا ئێستاش ناوم نەدان ئەوگۆرانەی ئێستاش لەهەولێرەلەم ماوەی ١٥ مانگەچوم لەهەولێر دانیشتم لەمەتعەمێک بینیم زۆر ترسا لەگەڵ هەنگاوی کوڕەکەی

عادل باخەوان : ئەی کەی ژنەکەت هێنا ئەمەئەو نییە؟

کامەران: نا.... نا

... بۆستەبابۆت باس کەم

عادل باخەوان : ئاە!!

کامەران: دوای ئەوەی کەلەڕێکخستن چم بۆلای خاڵەئەحمەد ئەگەر ئەمجارەوایان کرد خەبەت دەدەینێ تاعقیب ئەکەن من ئێستاش تاعقیب ئەکەن بزانم چیان لێهات خالەئەحمەدیش لێم بەگومانە کەناوەکەیانم نەدا پاش ئەوەی کەهاتمەوە نامەکەم دا بەوکچەعەلاقەم لەگەڵ ئەوکچەخۆش بوو ماڵیان باری کرد ئاسۆ هەندێک شتی بۆم باس کرد ئاسۆ پروام پێدەکرد نە عادل عەفوو وتی ئەوکجەحەزی لەکوڕێکی تر کردییە پێش ئەتوو. وەکورەکە لەکن عادل باسی کردبوو وتبوی ئەمن ئاوام لەوکچەکردییە ئاواو ئاوا . ئەمن لۆخودا پێت دەڵێم کامەران وازی لێبێنە دوایی حەیای دەچێت سومعەی نییەئەوکجە بەڕاستی من سارد بومەوەوە ماڵیشمان لەوگەرەکەی باری کرد ئیترتەواو وازم هێنا بەس ڕابردوویەکمان هەبوو خۆسەویستییەکمان کردبوو وازم هێنا هاتینەئاردی حەلایان لەئاردی مەلایان بەو بارکردنەئیترمن بەتەواوی لەوگروپەدور کەوتمەوەوە مەسەلەی قەتع کردن بوو وەتەریقەکەشم پێک داو بەجێم هێشت تەریقەکە زۆرموهیم بوو بەس وتم واز لەویش دێنم هەموویان لەمێ یەکیان دەبینی ئەوێشم قەتع کرد دوایی چومەوە خوێندنی خۆم دەرس و دەور تەبعەن لەمەحویش سایەق بووم بەس لەبەرئەو هەمووە بێنەو بەردە ئیتر نەمدەوێرا بچم بەڕاستی لەماڵێ دەموت دەچم بەس دەچومەماڵی عادل شەوێک هاتنەسەرڕێم نەیان توانی لێم بدەن

عادل باخەوان : ئەی کەی ژنت هێنا ؟

کامەران: ٦مانگ دەبێت

عادل باخەوان : ئەی ئەتناسی پێشتر ؟

کامەران: بۆستەبابۆت باس بکەم دوای ئەوەی کەوازم لەهەموو ئەم شتانە هێنا هەرلەمەحوی بووم تەبعەن ئەچومە ڕادیۆی پارتی دیموکراتی کوردستان من نەچوم کوڕێک لەوێ بوو ناوی پالەوان بوو ئەومنی برد

عادل باخەوان : ئەی بۆچی ڕۆیشتی ؟

کامەران: وتیان بێژەرمان دەوێ ونازانم چی وچی منیش گۆڕابووم

عادل باخەوان : پارەیان دەدایتێ ؟

کامەران: بەڵێ پارەیان دەدامێ تەبعەن بوبومەکارمەندیان ٥٠٠ دینار مانگی

عادل باخەوان : بەدۆلار جەند دەکامەرانت ؟

کامەران: ٥٠ دۆلار

عادل باخەوان : چەندئیشت دەکرد ؟

کامەران: بەیانی هەتا ئێوارە بەیانیان دەچوم پەخشم دەکردەوە بەرنامەی شیلەی بەیانم پێشکەش دەکرد بەرنامەی ڕاستەو خۆ هەموو بزانەیەکەم پەخشم ئەکردەوەقورئانیشیان لێدەدا

عادل باخەوان : بۆحیزبی عەلمانی قورئانیش لێدەدەن ؟

کامەران: ئا!! ئێستەش لێی دەدەن

عادل باخەوان : ئەوکات ئیسلامی نەبویت ؟

کامەران:نابەس نوێژم دەکرد

عادل باخەوان :قورئانیشت دەخوێند؟

کامەران:جاروبار

عادل باخەوان :دەچویتەمزگەوت؟

کامەران:ناء

عادل باخەوان :پەیوەندیت تەواوقەتع کرد؟

کامەران:بەڵێ تەواو لەگەڵ ئیسلامی سیاسی قەتعم کردپاش ئەوەی کە چومە ئەو حیزبە

عادل باخەوان :لەوێ خێزانت ناسی ؟

کامەران:نالەوێش تەهدیدکرام

عادل باخەوان :کێ تەهدیدی کردیت ؟

کامەران: ئا!!! گۆران ڕۆژێک منی بینی وتی:وامان زانی وازت لەئیسلام و شتی هێناوە،پاش ئەوەی چویتە ناورادیۆی دژی ئێمەکاردەکەیت ؟

بەگلەیی وتی نەک بەتەهدید.

عادل باخەوان :ئەی وتت چی ؟

کامەران:ئیترمنیش زۆرترسام گلەیی لێکردم بۆدژی ئێمەکاردەکەیت

عادل باخەوان :بێجگە لەوە هیچیتریان نەوت /

کامەران:دوجار ویستبویان لێم بدەن بەس نەیانتوانی

عادل باخەوان :ئەی لەناورادیۆ خێزانت ناسی ؟

کامەران: ئێستا پێت دەڵێم چۆنم ناسی :دوای ئەوەی لەڕادیۆ هەموو شتێکم گرتەدەست،وەلەمەحویش بووم جارێ دەچومەئەوێ، دانەیەدەچمە ئەملا شەوان بوو مەکتەبی مەحوی. لەبەیانی هەتا ئێوارە،دەبوو لەوێ بم.ئێوارەش دەچومەمەکتەب بەیانی هەتا ئێوارە تەبعەن زۆرهیلاک دەبووم ،مودیرەکە غەدری لێدەکردم کچێکی شی

تێدابوو لەگەڵ من ئێستا لە تەلەفیزیۆنی یەکێتی بێژەرە، هەواڵەکانی دەخوێندەوە،لەگەڵ کوڕێک ناوی هەردی کۆماری بوو.بۆخۆی نا ناوی بەدران بوو ئەو دوایی هات دوای من هات من لەڕادیۆ زۆرموهیم بووم!!. چونکە هەموو شتەکانی من بووم هەوالەکان من دەمخوێندەوە، بەرنامە کامەرانن٤+٥ بەرنامەم هەبوو.

عادل باخەوان :بەچی زمانێک دەتخوێنەدەوە سۆرانی هەولیری ؟

کامەران؛بەزمانی ئیعلام تۆزێک فەرقی هەبوو.

هەولێری بوو کێ هەواڵەکانی بۆدەنوسیتەوە؟

کامەران:هەڵۆ ئێستا موخریجی ڕادیۆی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە لەهەولێر. تەبعەن ناوبانگی .....هەولێر وەبەرنامەش پێشکەش دەکرد.تەبعەن ئەوهەڵۆ خانەقینییەتادوای ١٣ی ئابیش یەکێتی بوو،دوای هات بۆناو نیشتیمانی.

عادل باخەوان ؛دوای ئەوەئیتر لەوێ خێزانت ناسی ؟

کامەران:نائێستاپێت دەڵێم چۆنبوو: دوای ئەوەی لەڕادیۆی ئیشتیمان دەکرد لەگەڵ مودیر بەشەڕهاتم پارەی لێدەخواردم عادل نارد یەک دوو جار تەهدیدم کرد وتم بۆحەقم دەخۆیت ؟دوای وتی حەقم نەخواردویت ئیتر پێم سەلماند.١٠ دۆلاری دامێ وتی هەدییەهەتییە٢٠ دۆلار بوو بۆهەموویان وتم بۆ بۆمن ١٠ دۆلارە؟وتم ٢٠ دۆلارە سابقەکە!! ئیتر هەموو تەوەقوعیان نەکرد من ١٠دۆلار بوو.وتم: من تەوزیع دەکەن نا وتی نایێت ١٠ دۆلار ئەواو ئەو شتانە وتم نا من هەرتەوزیع دەکەم وتم: تاڵانییە تۆ دزیت لەمن کردووەبەمەعنای دزی تۆدزی ودزیت لەمن کردووە.وتی چۆن ئەوقسانەدەکەیت /بوبەهەرامان وتم نا...دزیت کردووەوەرەپێم نیشاندە پیاوانەداوای لێبوردن بکە١٠ دۆلارت لێخواردووم ١٠ کەی تریش ئەوەشت دەدەمەوە!! شت هەیەبزر بێت؟وەڵا ١٠ دۆلارەکەی دانا نامەوێ ئەوشتانەوەڵا١٠دۆلارەکەشم بۆبەجێهێشت ورۆشتم هات بۆماڵێ لەماڵێ بۆباوکمی باس کرد تەبعەن باوکم سەیری بوو من دوای ئەوهەموو بەزم وشتانە کەوازم هێنایەلەسەرپارەشەڕ دەکەم من حسابم بۆپارەنەدەکرد پارە وەکوقۆنەرەکانم وابوو ئەوکاتە ئیشم دەکرد یارمەتی خەڵکم دەدابەپارەدوای ئەوەی تەبعەن کەسەیارەم نەمابوو فیکرم دەکرد خەفەتم دەخوارد ٢سەیارەم هەبوو لەوەزعێکی زۆر هێمن دەبووم لەوێش سایەقبوو یاعنی دوای ئەوەی ٢٠ دۆلارەکەم حەل کرد لێم سەند ئیتر وازم لەڕادیۆ هێنا.دوای ئەوە٣+٤ مانگ بێ ئیش بووم ڕۆژێکی چومەکن ئامۆزایەکم وتم دەچمەڕادیۆی گوڵان ئیشدەکەم ،دوای ئەوەی چومەڕادیۆی گولان،کوڕێک کەناوی ڕزگار عەبدولا بوو وتی یڕۆ بۆڕادیۆی هەرێم ئیش بکەگۆران درۆی کرد ئیتر ڕۆشتمە ئەوێ.هەتا ئەوڕۆژەش هاتم من لەڕادیۆی هەرێم بێژەربووم.

عادل باخەوان : مانگی چەند/

کامەران:ئەوەلی ئەوەل مانگی ٤٥٠ دینار

عادل باخەوان : ئەی ئێستا؟

کامەران:دوای وردە وردەبوو بەدوای بەپارە تازەکەبوویە.....٧٥ دۆلار دەکات لایەزار من وخێزانەکەم ٨٥ دۆلارمان هەبوو ئەوەندە.ئەوکچەشم چۆن ناسی /ئەوکچەتەبعەن ماڵیان هاتنە جیرانی ئێمەبەرانبەرمان بوو ١+٢مانگ ئەوەبوو هەر نەم دیبوو ڕۆژێک بەفر باریبوو ٢/٢٢ ئەو ڕۆژەیەکەم ڕۆژ بوو من لەرادیۆی هەرێم دەوامم دەکرد تەئریخەکەی ٢٠٠٤/٢/٢٢ئەوکچەلەشەڕەبەفر بوو بەبرادەرم .

عادل باخەوان :ئاە!!!شەڕەبەفرت لەگەڵ کرد؟

کامەران:جیرانمان بوو شەڕەبەفرمان کرد سەیارەشمان ئاخر مۆدێل

عادل باخەوان :ئەم کچەلەچک پۆش بوو ؟

کامەران:نا سفوربوو کابۆ لەپێ بوو ئاخیرمۆدێل بەس زۆردیقەتم دەکرد هەتابڵێ موئەدەب بوو یاعنی چومەوەبۆگەڕەکەکەشیان پرسیاری زۆرم کرد لامانگی ١٢هاتمەدەرەوەوە ئەمن لەمانگی ٢ ئەوم ناسی ڕوناک

عادل باخەوان : ئیترئەم شەرەبەفرە

کامەران: بووەسەبەب کەبیناسم بەس دوای ئەوەی پیاسەیەکمان دەکرد بەسەیاری من وهەردوو خوشکەکەم وهەردوو براکەی ئەوەی چوینە مەسیف لای ئێمەبەفر نەمابوو چوینەوە بۆناو بەفر دیسان دوای لەوێ شەڕەبەفرمان دەست پێکردەوە بەونەوعەیەزیاتر ناسیم بەنەوعێک وازی دەکرد،یا!!هەر هێشتا موعجیبی نەبووبووم هەتاپێشم گووت ئەتۆ خوشکی گەورەی منیت بەو نەوعە تەبعەن دوای ئەوە ئیتر جیرانمان بوو خۆشم ویست تەعقیبیم، کرد

عادل باخەوان :ئەویش تۆی خۆشدەویست ؟

کامەران:ناء هیچ کەئەنەما من وەک داروبەردێک لەپێش چاوی بووم دوای ئەوەی باسی ڕادیۆم بۆکرد وتم بێژەرم لەوێ بەخوشکەکەم وت بڵێ بۆ نایەتەڕادیۆ ؟وەلا پێویستمان بەبێژەرێکی کچ هەیەوەلا ئەویش حەزیلێبوو هات.پاش تێکەڵییەکی زۆر ئەهاتن لەگەڵ خوشکەکەی ومن وتم وەرە ڕادیۆ باوکی نەیدەویست لەگەڵ من دەست تێکە ڵ کات!!زۆر هین بوو

عادل باخەوان : ئم

کامەران:حەزی نەدەکرد لەگەڵ من هاتوچۆبکات وئەوانە وەلا ڕۆژێک هاتمەڕادیۆ لەگەڵ خوشکەکەی لەوێ بوو وتم لێرەچ دەکەیت ؟دیمەن وتی وەلاهاتووم بیمەموزیع!!! زۆرم پێخۆش بوو وتم یاخوا بەخێر بێیت و ئەوانەتەبعەن دوای ئەوەی ٨ڕۆژ دەوامی کرد وەریان نەگرت فەقیرەمودیر نەیدەهیشت پێکەوەبین .چونکەدەیزانی من شتێکم لەژێر سەرەبەس

ئەوکچە هیچی لەسەر نییە مودیر نەیدەهێشت دوای ئەوەی کەئەو٨/ڕۆژە دەوامی کرد من لە/هەمین تەقدیمم کرد وتم خۆشم دەوێیت دەمەوێت بێمەداخوازیت..

عادل باخەوان : ئەی وتی چی ؟

کامەران:وتی نا من هەمیشە وەک برایەک سەیری تۆم کردووەوتی تۆچۆنەئاوا تێک چویت عەلاقەی چی ؟

عادل باخەوان :هەرلەڕادیۆ ؟

کامەران:ئا!!وابوو هەرلەوێ

عادل باخەوان : چۆن بوو جوانبوو یان ناشیرین /

کامەران: زۆرجوان بوو ئا!!لەکچەکەی تر زۆرجوانتربوو

عادل باخەوان :کورت بوو یان درێژ قەلەوبوو یان درێژ ؟

کامەران:نا هەروەکوخۆمەنەزەعیفەنەقەلەو ئەعتیادی ڕێکە.

عادل باخەوان :ئەدەبی بوو یان عیلمی ؟

کامەران: لەمەرحەلەیەکی کۆلێژی تەربییەبوو هەموو دەرەجەکانی عەفووعام بوو بوویاعنی زیرەکی وی هەمووەدەرەجەکانی بۆ کولیەی تووب

عادل باخەوان :لەبەر ئەوەتۆی خۆش نەئەویست ؟

کامەران:ناء دەیوت وەک برادێیتەپێش چاوم بەس تەبعەن دوای ١٨ڕۆژ دەریان کرد تەبعەن زۆرم پێناخۆش بوو چاوم پڕئاوبوو بۆی .

عادل باخەوان :یەکەم جار نییەچاوت پڕئاوبێت!!

کامەران:ئاە!!جار من وابووم دوای ئەوەی کەوازی لەڕادیۆ هێنا دەریانکرد لەڕادیۆوتیان تۆبەکەڵکی ئێمەنایەیت!!(س )ی دەکرد بە(ص)یاعنی وانەبوو لەئەسڵا مەسەلەن دەیوت (صەرۆک) بەرزانی نەی دەوت (سەرۆک )بەرزانی یەعنی مومارەسەی نەبوولەسەرشتەکە یەعنی ١٢ڕۆژکەس نابێتە ئیعلامی کات تەمەنیشی گچکەبوو موالیدی٨٦/ ساڵێ پێش ئێستایاعنی چەندبوو ١٨ ساڵ بوو تەبعەن من دەمزانی مودیر لەبەرمن دەریکردبوو لەڕادیۆ ئاخر بەردەوام پێکەوەبوین لەڕادیۆ من زیاتریارمەتیم دەدا لەهەموو شتێک پێکەوەوام دەکرد منی خۆشبوێت .

عادل باخەوان :ئەی دوایی ؟

کامەران: دوای کەهاتەوە ڕادیۆ دیسانەوە تەقدیمم کردەوە محمد زۆر هاوکاری کردم محمد زۆر کابرایەکی ئەکادیمییە دەسگیرانی خوشکمە یاعنی زۆرئەکادیمییە هەتاڕۆژێک لەموناقەشەدابوین محمد پروای

بەئیسلام نەبوو پرواى بەپێغەمبەرنەبووەسڵەن.زۆر قسەى بەپێغەمبەردەوت وتم تۆكافرى چۆن دەبێت باوەڕت بەئیسلام نەبیت ؟ هەتاسفوریش بوو ئاوا .بەرنەسەمحمدزۆر هاوكارى كردم ئاخر محمد كابرایەكە هەموو كەسێكی خۆشدەوێت ڕقی لەكەس نابێتەوەیاعنی ئەوەسالەدەیناسم كەس دڵی لێی نەئێشاوەیاعنی ئەو بوو بەسەبە ب كەوتی ئاواو ئاوا بكەئەواى پێبڵێ تەبعەن ئەوكچەبرایەكی هەبوو تۆزێك لەگەڵ من ساردبوو موناقەشەدەكردبەمحمد دەووت تۆكافربت ئاوەهاو ئاوەها تەبعەن دوایی داواى لێبوردنی دەكرد نەیدەناسی. ئاوا محمد زۆر یارمەتی دام هەموو ڕۆژێك هەفتەى بۆدادەنام من غیرەتم نەدەكرد دوبارە پێی بڵێمەوە وەلا پێموتەوە هەر ڕەفزبوو وتی پێم ناخۆشە ئەوقسانە دەكەیت بابەمن تۆم خۆش ناوێت وتی وەلا وەلاهی سیقەم بەهیچ كوڕێك نییەمن دەستەخوشكێكم هەیەناوى كەنارەكوڕێك پێی ڕابواردووە٢ساڵ خۆشی ویستووە.من ناتوانم تۆم خۆشبوێ ووەعدت بەمێ ودواى بێیتەداخوازیم من تا ئێستا وەعدم بەهیچ كوڕێك نەداوەوتی من ئێستا ئاوا سەربەستم بەس كەتۆم خۆشوبست زۆر حەقم دەڕوات وتم من بێوەفا نابم و ئاواو ئاوا . وتی نا تۆ بێوەفابویت بەرانبەر بەڕوناكیش خوشكەكەم بۆى باس كردبوو تەبعەن ئاخیر جار پرسی بەخوشكەكەم كردبوو وتبوى پێی كامەران واى پێوتووم خوشكم وتبوى ڕەفزى كەچونكەوایا لەڕوناك كردووە ئەو بێوەفایە خووشكە گەورەكەم دواى ئەوەى كەكوردستانی خوشكیشم هاتە ڕادیۆ بوبە نوسەر نەمان دەتوانی زۆر پێكەوەبین زۆریشم پێماخۆش بوو لەبەر خوشكم .

عادل باخەوان : ئاخیرەن.

كامەران: پاش ئەوەى كەرەفزى دامێ من زۆر تێكچووم بوبە موشكەلە وتم نا ئیللا دەبێت منت خۆشبوێت ئاوابەونەفسەباشەبۆچی ڕەفزم دەكەیت؟ شێتم خوێریم سەرسەریم ؟هەرلەبەر ئەوەى كە شەهادەم نییە؟ بردمەوە لاى ئەوەوتی ئاتۆشەهادەشت نییەپاش ئەوەى كەواى پێوتم ٨٦م هێنا وتم شەهادەت دەوێت وەڵا دەبیت شەهادەى بێنم .باش بوو ناجیح بووم ٦٤م لەبەكالۆریا ناجیح بوو تەبعەن دواى ئەوەى لەخاربجییەكا ٨٦م هێنا ئیتر دواى ئەوەشیعرم دەنوسی دواى ئەوەڕۆژێك من ومحەمەد دنیا بوین وتم وەرەمحەمەد موشكیلەكەمان بۆحەل كە.ئەویش لەرادیۆ بوو محەمەد حەلی وتی بامحەمەد بێتە بەینمان من تۆم خۆشناوێت تەواو وازم لێبێنە محەمەد وتبوى تۆزێك نەرم بەتەبعەن من محەمەدم شێت كردبوو ئەوەندەم باس كردبوو محەمەد ئاوا محەمەد ئاوا تەواو شێت بووم بۆ ئەو كجە وەلا دواى محەمەد هاتەب ەینەوە محەمەد عەلئەساس ئەوى رازیكردووە كەچی لەناو كۆبونەوەكەدا وتی دونیا ئەو كامەرانەدەڵێت ئێستا وەكو پیاوێك دێمە داخوازیت تۆ قایل دەبیت ؟ محەمەد زۆر ڕێكوپێكانە تەبعەن دواى وتی نا. من ئیتر هەڵسام وتم ئاوا؟وتی ئاوا!! وەڵا دەرگاكەم بەتوندی پێوەدا تەواوتەواو تێك چوم چومەوە ماڵێ .

عادل باخەوان : چی وەخت ؟

کامەران:عەسر چومەوەشیعرێکم نوسی

عادل باخەوان :ئادەی بیخوێنەوە.

کامەران: تەبعەن چۆن ئەوکات هێشتا رەفزی نەدابوومێ لای براکەی وتبووم من دەچمەخاریج وتم من سەیارەم هەیەماڵم هەیەوەئەگەر خۆشەویستێکم هەبێت ناچمە خاریج. ئیتر ئەو وتی مەچۆ خاریج بۆدەچییە خاریج ؟تەبعەن ئەو وای لەمن کرد زۆرترم خۆشبوێت وتم دیارەخۆشی دەوێم وای لێکردم بڵێم خۆشم دەوێت.دوای ئەوەی کەشیعرەکەم نوسی نوسیبووم ئەوەلەکەی :دراوسێکەی من هۆ کتێبە موقەدەسەکەم ئەی پیاڵە ژەهرتاڵەکەی دەستی من هۆ کتێبی موقەدەسی ...

عادل باخەوان : ئێ بەهەرحاڵ دەرەنجامی شیعرەکە؟

کامەران: تۆ ڕاوەستەشیعرەکەهەموو ئەوشتانەی کرد،ئەو کارەی هەڵسوراند دوای لەشیعرەکەداوامکرد وت کەمن بێدینیش بومە.کورەشیعرێکی زۆر موهیم بووبەخودائێستەبیخوێنمەوەقەناعەت ناکەم هیخۆم بێت.

عادل باخەوان : ئێ باشەدوای بۆمان بخوێنەوە.

کامەران:وەڵا تەبعم کرد ناوم لێنابوو بڵاوم کردەوەبەس لەیەک دوو جێگاناوی دونیام تێکردبوو بەغەیری موباشیر. تەبعەن ئەو دەیزانی . بەسەرئەندامانی ڕادیۆ یەکەم شیعرێکم خوێندەوە لەسەر بێوەفایی زانیبوی مەبەستم ئەوە هەستی کرد تۆزێک بەخۆیاچویەوە دەریاش هاوکاری کردم کەخۆشم بوێت دەیگوت وای پێبڵێ واو وا. بەوی دەوت بۆ کامەرانت خۆشناوێت ؟ بۆ وااواو کامەران کورێکی باشە. وەلا نوسخەیەکم بەدەریا دابوو دەریا پێی دابوو تەبعەن دەریا بۆی گێرامەوە وتی ئەوەندەم هەست کرد دەستی بەگریانێ کرد وەڵا دەریا وتی ئاوێنەکەم لادا وتم دەزانم دەگری ئاوا. ئیتر هەر ئەودونیایە تەلەفونی بۆکردم من دەمگوت تازە نامەوێت بۆچیمە؟ لای حەرەسێک حەرەسەکە دەیگوت تەواو تۆ ئەوشتانە لەبیری خۆتبەرەوە تەبعەن لەدڵیشەوە وانەبوو ئاە!! محەمەدیش هەروەک منی لێهاتبوو ئەویش چیرۆکی ئاوا. وەلا دوای تەلەفونی کرد مەغریب بوو وتی ئێستا ئەزانم ئەمانە.وتی ئێستادەزانم من لەدوی کەسێکی وادەگەڕام ئاوهامنی خۆشبوێت لەوەتەی من فیکردەکەم حەزم لەخۆشەویستی نەبووەبەس کەسێک وەکو کەسێک نەبووە ئاواش منی خۆشبوێت.تۆئەو کەسەبویت کەمنت خۆش ویست بۆیە ئێستا منیش ئاواقەناعەتم بۆهات.لەناخت گەیشتم کە تۆسوتاویت بۆمن ئیترلەوکاتەدا٣٠ڕۆژ بوودەمناسی پاش ئەوەی لەرادیۆ بیروڕامان ئاڵ وگۆڕکرد چومەداخوازی یەکسەر بابم ناردەداخوازی.

عادل باخەوان :یەکسەر ؟

کامەران: ئەزانی چۆن؟ چونکە هەربەکەم ڕۆژ دەیوت نیشانێ بۆ وەفاداری کوری دەوێت. ئەوەی دەدایە بەنێو چاوانم بۆیەیەکسەر چومە داخوازاوی .

عادل باخەوان : قبوڵیان کرد؟

کامەران:یەکسەر ڕەفزیان کرد کیتابی ڕەفزیان دا. جاری دوهەم دایکم و پوورم چون هەررەفزبوو جاری سێهەم بەخۆم وبرایەکەم هەررەفزبوو جاری پێنجەم مودیرشورتەی سلێمانی لەگەڵ کاک و لەگەڵ بابم دوای ئەوەی کەبابی لێی دا لەدونیای موبایلی لێسەند سەعاتێک سجنی شیکرد لەغورفەکەی خۆی لەسەربان.بابی دەیگووت: نایدەمە هەولێری ئەویش ڕاستەوخۆ نەیوێرابوو بەس بەدایکی وتبوو من کامەران خۆشدەوێت. لەکامەران زیاترکەسم ناوێت یاعنی ئامادەبوو هەموو تەزحییەیەکی لەپێناو من دابدات دونیا.

عادل باخەوان :ئیتر قبوڵی کرد ؟

کامەران: ئا دوای ئەوەی کەمن ٥جار چومە داخوازی ئاخر خۆئەویش گێل نییەدەزانێت من بەجیدی خۆشم دەوێت ئەگینا١٠٠کچ هەبوو بابم دەیگوت بەس واز لەوکچەی بێنە سەد کچی ترهەیە لۆت دەخوازم هەزارجاروای پێدەوتم دوای ئەوەی ئاخیرجار قبوڵیان کرد بەشەرت.

عادل باخەوان : ٢٠ شەرت؟

کامەران: ئا...یەک شەرتیانم جێبە جێنەکرددوو نامەبوو هەموی شەرت وشروت یەکێ لەشەرتەکان ئەوەبوو دەبێت سەیارەیەک بۆ کورەکەم بکڕیت تەبعەن کڕیم.

عادل باخەوان :ئەوانیتر چیبوون؟

کامەران:ماڵی جوودا لەزێری کامڵ تەداخولی عائیلەی من نەکەیت چونکە ئەوان خۆیان لەبرایەکیان نەدەگەیاند موشکیلەیان هەبوو نابێت تەداخولی عا ئیلەی من بکەیت.منیش ووتم تەداخول عائیلەی ئێوەناکەم یاعنی زۆرشەرت بوو عەلاکولین بەکورتی. ئیتردوای گواستمەوە خۆشم وماڵم جیاکردەوە دەردی سەری دەستی پێکرد کرێ چیبووم مانگی بەدینارو سەیارەم نەمابوو بەرازیلیەکم هەبوو

عادل باخەوان :ئەی خۆشەویستییەکەتان هەرماوە؟

کامەران : ئەرەوەڵا ئێستاش هەرماوە

عادل باخەوان : لەکوێ دەژی ؟

کامەران: لەماڵی باوکم لەبەرخۆشەویستی من بەس دڵی بەباوکم و دایکم دەکرێتەوە.

عادل باخەوان : ئەوڕازیبوو بێیتە دەرەوە؟

کامەران: ئا ئا باوکی ئەوەندە سیقەی بەمن بوو وتی ڕۆرە دەرەوە هێشتا کچەکەی دەیگووت نابێت ڕۆیتەدەرەوە، پاش ئەوەی توشی کێشەی موقابەلە بوین لێرە ڕەفزیان کرد،شتێکی هەڵەی کردبوو ناوی باوکی لێتێک چوبوو هەندێک شتی غەلەت کرد، بەس ئەویش موقابەلەی کرد ئیتر ئەو وتی قبوڵ ناکەم تۆڕۆیت بەتەنیا . چومەوە هەولێر خەزورم وتی: ناڕۆسیقەم بە تۆیە تۆ بەوەفابویت لەگەڵ کچەکەی من دوای ئەوەش دونیاش وتی ڕۆ..

عادل باخەوان : ئیتر بۆئەوە هاتویت بمێنیتەوە لێرە؟

کامەران: بەڵێ بۆئەوەهاتووم بمێنمەوەوبخوێنم وئیش بکەم.

عادل باخەوان : سوپاس

کامەران: من سووپاسی ئێوە دەکەم.

# چەند بابەتێکی تایبەت بە زەبروزەنگ و تێرۆریسم و ئیسلامی سیاسی و عێراق

# یەکێتی خاکی عێراق لەیادەوەری کۆلێکتیڤی کوردیدا

(ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ٢٠٠٦/٦/٧)

تێبینی پێش خوێندنەوە: ئەم نووسینەهەرگیز نابێت بخرێتەخانەی ئەو هەموو ڕۆژنامەنووس و قەڵەم بەدەستانەی کە لەسەر جنێودان بەپارتی و یەکێتی و سەرکردەکانی کورد خۆیان دەژێنن. ئەم نووسینە، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بێلایەنی بابەتیانەی یەکێکەلەکۆنسێپتەهەرەگرنگەکانی عێراقی پاش سەدام حوسەین و ئەوەی بەلای ئێمەوەگرنگەتەنها بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی سۆسیۆلۆژیەلەسەر واقیع وەک ئەوەی هەیەو تەواو دورین لەبازاڕی گەرمی ئایدۆلۆژی. ئومێددەکەم ئەم مەسیجەوەک خۆی بگاتەخوێنەر.

(١)

مۆریس ئەلڤاکس، گەورەسۆسیۆلۆگی سۆسیۆلۆژیای یادەوەری، لەهەردوو کتێبی (چوارچێوەکۆمەڵایەتیەکانی یادەوەری) و ( یادەوەری کۆلێکتیڤ) داو، پاش پێشکنینێکی وردی هەموو ئەو تیۆریانەی کەلەم مەیدانەدا بەرهەمهێنراون، دەگاتەئەو دەرەنجامەی کەیادەوەری وەک مەخزەنی کۆکردنەوەو خەزنکردن و پاراستنی ڕوداوەکان بوونی نیە. یادەوەری ئەو زورەشووشەییەنیەکەیادگاریەکانی تیادا دابنرێت و وەک یەکەمین جاری دروستبوونیان لەو زورەشووشەییەدا نومایش بکرێن. بەپێچەوانەوە، یادەوەری بریتیەلەدەرەنجامی بیناکردنەوەی پەیوەندی مرۆڤ بەرابوردووەوە. واتەیادەوەری بریتی نیەلەرابوردو، لەروداوەکان، لەیادەوەریەکان، بەڵکو بریتیەلەپەیوەندی مرۆڤ پێیانەوە. ئەم پەیوەندیەش لەنێو هەر "ئێرەو ئێستا"یەکی مرۆڤەکاندا بەردەوام بینادەکرێتەوە. ئەم بیناکردنەوەیەش بێگومان چوارچێوەکانی لەنێو "گەردوونی ژیاو"ی تاکەکانی گروپێکی بەشەریدا دیاری دەکرێت. تا ئێرەلەگەڵ مۆریس ئەلڤاکسدا هاو دەنگم، بەڵام لەو جێگایەدا کەئەو دەوەستێت، گەر ئێمەش بووەستین، پێموایەوەک پێویست ناتوانین تێبگەین لەپرسیاری ( چۆن مرۆڤەکان رەفتارو گوتار بەرهەمدێنن). بۆیەبۆ ئەوەی تیۆریەکەی ئەلڤاکس کامڵبکەین، دەتوانین بڵێین، بیناکردنەوەی پەیوەندی بەرابوردووەوەبەتەنها لەنێو (گەردوونی ژیاو ) دا دیاری ناکرێت، بەڵکو بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ لە(لەئێستا و ئێرە) کانیشیدا بەشداریەکی زیندوو دەکەن لەپرۆسەی بیناکردندا. ڕاستەمرۆڤ مەخلوقی مێژووەکۆمەڵایەتیەکەیەتی، بەڵام ئەوەش ڕاستەکەهەمان ئەو مرۆڤەکائینێکی پراگماتیستەو بەپێی بەرژەوەندیەکانی نێو ئێستا و ئێرەی، میتۆدی نوێی پەیوەندی کردن بەرابوردووەوەدروستدەکات. لێرەوەئیتر ئێمەهەردوو گەورەترادیسیۆنی سۆسیۆلۆژیا بەیەکەوەگرێدەدەین. مەبەستمان لەسۆسیۆلۆژیای ڕاڤەکردن (ئۆگیست کونت، ئێمیل دورکایم، موریس ئەلڤاکس، پیەر بوردیو، بیرنار لایر) و سۆسیۆلۆژیای تێگەشتنە( ماکس ڤێبەر، ئەلەفرێد شووتز، بێرگەر و لوکمان،ئیڤرین گۆفمان، گارفینکەل،لوک بۆلتانسکی).

ئەم ٢٤١ وشەیەی سەرەتا زۆر گرنگە بۆ تەحلیلکردنی رستەیەکی سەرکۆماری عێراق، مام جەلال، کەلەئێوارە هەڵبژاردنەوەی بۆ پۆستی سەر کۆمار و لەکۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەیدا دركاندی. مام جەلال تازەلەهۆڵی پەرلەمان هاتبووەدەرەوە، عارەق بەهەموو گیانیدا چۆرەی دەکرد، لەبەرئەوەی هۆڵەکەکلیماتیزەنەکرابوو، لەسەر شاشەی هەموو تەلەفزیۆنەکانی دونیا ئەندامانی پەرلەمان بەلاپەرەکانی دەستیان خۆیان باوەشێن دەکرد. گەرمای هۆڵکەو گەرمایی روداوەکەو گەرمایی ئەو مەسیجانەی کەسەرۆک دەبێت بۆ دونیا عەرەب و دونیا تورک و دونیا فارس و رۆژئاوای بنێرێت تێکەڵبەیەکتربووبوون. لەنێو ئەو (ئێرەو ئێستە) یەی سەرۆکدا رۆژنامەنووسێک پرسیارێکی لێدەکات و ئەویش لەدوا رستەی وەڵامەکەیدا دەڵێت (یەکێتی خاکی عێراق موقەدەسە).

ئێمەچۆن دەبێت لەسۆسیۆلۆژیای ئەم رستەیەتێبگەین ؟ بێگومان ئەم رستەیەرۆژنامەنووس و رۆشنبیرو نووسەرو تەنانەت رای خەڵکی سەرجادەش بەسەر دوو سوپادا دابەشدەکات، سوپایەکی دژ و سوپایەکی لایەنگیر، دژەکان هەموو توانای خۆیان مۆبیلیزەدەکەن بۆ ناشیرینکردنی و، لایەنگرەکانیش تەواو بەپێچەوانەوە، گۆرانی بۆ دەڵێن و سەمای بۆدەکەن. بەداخەوە، ئەمەیەکێکەلەسیما هەرە دەرکەوتوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و تا ئێستاش ئۆبژێکتیڤیتیێ-بابەتیبوون نەبووە بەئیشکالیەتی سەرکی تەحلیلکردن. رەنگەئەمەئەو هۆیەسەرەکیەبێت کەپێش خوێندنەوەی نووسینی هەر نووسەرێکی کوردو تەنها بەبینینی ناوەکەی، خوێنەر دەزانێت لەکوێوە دەستپێدەکات و بەچی کۆتایی دێت. بەڵام ئێمە، هەموو تواناکانمان دەخەینەکار بۆ ئەوەی خۆمان لەو بەبازاریکردنەی تێگەشتنی زانستی لەرەفتارو گوتارەکان رزگاربەین، تا بتوانین قەیرانەزانستیەکانی ئەم رستەیەکەشبکەین کەتەواوی سیستەمی سیاسی عێراقی پۆست سەدام حوسەینی لەسەر دامەزراوە. (تێبینیەکی گرنگ: راستەمن لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەیەک ئەم تەحلیلەبڵاودەکەمەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک خۆم نادەمەدەست زمانی رۆژنامەنووسان و، هەرکاتێکیش لاپەرەکانی هاوڵاتی ویستی ناچاری یاریەکانی کێڵگەی رۆژنامەنووسیم بکات، راستەوخۆ وەک پەپەر بۆردیۆ لێی دێمەدەرەوە).

یەکێتی خاکی عێراق بۆ کێ موقەدەسە؟ ئایا هەموو عێراقیەکان هاودەنگن لەسەر قودسیەتی یەکێتی ئەم خاکە؟ لەعێراقی کوردەکاندا، مرۆڤەکان چۆن پەیوەندیەکانیان بەیەکێتی خاکی عێراقەوەبینادەکەن ؟ ئەم گوتراوەچۆن لەنێو خەیاڵدانی کەسی کوردیدا دەنگدەداتەوە؟ لەنێو گەردونی ژیاوی کوردەکاندا، پیتەکانی ئەم رستەیەکلیک لەسەر چ مەلەفێک دەکەن ؟ ئەم چەمکەدەچێتەچ گۆشەیەکی هەشتا و شەش ساڵ لەسۆسیالیزاسیۆنی کوردیەوە؟ مناڵانی (ئەی راقیب) چۆن لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدا تارادەی موقەدەس ئاشدەکرێنەوە؟ ئەو کۆنترادیکسیۆنانە کامانەن کەدەبوو سەرکۆمار پێش درکاندنی ئەم رستەیە بیریان لێبکاتەوە؟

(٢)

لەدامەزراندنی عێراقی مۆدێرنەوە تا چرکەی ئەم رامانەی ئێمە، لەدوو بەشی گەورەی عێراقدا دوو پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی دژ بەدەوڵەتی جاکۆبینی بەغداد

پیادەکراوە. پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی شیعەکان لەباشورو پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی کوردەکان لەباکور. دەوڵەتی جاکۆبینی بەغدادی سوونی عەرەبی، لەفەیسەڵەوەتا سەدام حوسەین، لەرێگای زەبروزەنگی ئێکستریمەوە ویستویەتی یەکێتی خاکی عێراق بسەپێنێت بەسەر هەموو ئەوانەدا کەدەبێت بکرێن بەعێراقی. زەبروزنگ لەپێناوی بەقودسیەتکردنی یەکێتی خاکی عێراقدا لەسەر چەندین ئاستی جیاواز خۆی مانیفێستکردوەو لەچەندین بۆنەی جیاوازدا گوزارشتی لەخۆی کردوە. ئێمەلێرەدا بەتەنها لەسەر پەیوەندی کۆمینۆتێی کورد بەو چەمکەوە رادەوەستین و لەکات و جێگای دیکەدا دەگەرێینەوەسەر کۆمینۆتێکانی دیکەی عێراق.

چۆن کورد پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراقدا دروستدەکات ؟

من پێموایەلەشێخ مەحمودی نەمرەوەتا ئەم دوا هەمین حکومەتەی بەرێز نێچێرەڤان بارزانی، مرۆڤی کوردی لەسەر ئەوەسۆسیالیزەکراوەکە چیرۆکیسەرجەم کارەساتەکانی مێژوی کورد راستەوخۆ لکاوەبەچیرۆکی سەپاندنی یەکێتی خاکی عێراقەوە. کەکورد دەوڵەتی نیەو نیشتمانەکەی ئاوەدانەکراوەتەوەو دورەلەپیشەسازی و تەکنەلۆژیا و، کەکورد خاوەنی زانای گەورەنیەو ئابوریەکی پێشکەوتووی نیەو لەدونیا دابراوەو، کەکورد شەمەنەفەرو میترۆو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی کارای نیەو، کەکورد لەماوەی هەشتا ساڵدا جگەلەتراژیدیاو دەربەدەری و کوشتن و ئەنفال و کیمیاباران و سوتان بەهیچ شتێکیدیکەئاشنا نیە، لەبەر ئەوەیەکەبەزۆر نیشتمانی کوردیان خستوەتەسەر عێراق و گەلی کوردیان ناچارکردوەلەگەڵ گەلی عەرەبیدا بژی. ئێمەنەنیشتمانەکەمان بەشێکەلەعێراق و نەگەلەکەشمان بەشێکەلەگەلی عێراقی.

ئەمەکۆی ئەو پرۆگرامەیەکەلە ١٩٢٠ وەتا ٢٠٠٦ حیزبەکانی کوردوستان، بەچەپ و راستەوە، کۆمینۆتێی کوردی لەسەر سۆسیالیزەدەکەن. لێرەوە، مرۆڤی کوردی، لەئێستاو ئێرەکانیدا، مێژووی یەکێتی خاکی عێراق تەنها وەک مێژووی تراژیدیای نەتەوەی کورد دەبینێتو، بیناکردن و بیناکردنەوەی دەزگای یادەوەری بەهەموو عێراقەوەلەسەر ئەم پرانسیپەدادەمەزرێنێت. گرفتەکەلەوەدایەکەئەم سۆسیالیزاسیۆنە، خالقی یەکەمیئەبێتیوسی مرۆڤی کوردی، ئیتر تەواو لەدەرەوەی بارزانی و تاڵەبانی و چەپ و راستی کوریداکاردەکات. واتەئیتر ئەم ئەبێتیوسەی کەپەیوەندی دەزگای یادەوەری مرۆڤی کوردی بەیەکێتی خاکی عێراقەوەرێکدەخات بەهیچ یەکێک لەسەرکردەکانی کورد کۆنترۆڵناکرێت. کاتێک سەرکۆماری عێراق، بەرێز مام جەلال، دەڵێت یەکێتی خاکی عێراق موقەدەسە، ئەم وێنەیە راستەوخۆ دەبێت بەو مەقەستەی کە ئەبێتیوسی مرۆڤی کوردیی وەک لاپەرە دەدڕێنێت! بێگومان بەپێی ئەو وانانەی کەلەسۆسیۆلۆژیاوە فێربووین، دڕاندنی ئەم ئەبێتیوسەش کارەساتی گەورەی لەسەر ئاستی (تاک-گرووپ-کۆمەڵگە)لێدروستدەبێت.

یەکێک لەو کارەساتانە، کەدەکرێت وەک یەکێک لەئەگەرەهەرەزیندوەکان پێشنیاربکرێت،بریتیەلەشێتبوون! شێتبوون بەو مانایەی کەئیتر مرۆڤی کوردی، ئەو ئەبێتیوسەی کەتوانای ئەوەی پێدەبەخشێت پەیوەندی خۆی

بەروداوەکانەوەرێکبخات، لەکاردەکەوێت و ئیتر هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر تێگەشتن و رامهێنان و دەستەمۆکردن و ماڵیکردنی ئەزموونەکاندا نامێنێت. دەرەنجام مرۆڤی کوردی دەبێت بەکەسێکی فەوزەوی، نامۆ، لەتبوو، تێکشکاو. لەم ئەگەرەدا مام جەلال دەبیاتەوە بەڵام نەتەوەیەک بەشێتی لەدوای خۆی بەجێدێڵێت.

ئەگەری دووەم بریتیەلەپەراوێزکردن! واتەئەبیتیوسی کوردی وەک دەرەنجامی ٨٠ ساڵ لەسۆسیالیزاسیۆن، هەموو تواناکانی خۆی مۆبیلیزەدەکات بۆ ئەوەی مام جەلال وەک پارێزەری نوێی (قودسیەتی یەکێتی خاکی عێراق) پۆلێن بکات. لێرەدا مەترسی هەرەگەورە لەوەدایەئەم ئەبیتیوسەی مرۆڤی کوردی ئیختیاری زۆری لەبەردەستدانیەو لەماوەی ٨٠ ساڵی رابوردودا ئاشنانەکراوەبەماناکانی تۆلێرانس-تەساموح. بەپێچەوانەوە، ئەم ئەبیتیوسە، لەبەرئەوەی کەلەنێو هەشتاساڵ لەجەنگدا دروستبووە، بەتەنها ماناکانی دوژمن و دۆست دەناسێت و سەرجەم بەشەریەت بەسەر دۆست و دوژمندا دابەشدەکات. لێرەوەسەرکۆماری عێراق  یان دۆستەیان دوژمن! گومانیتێدانیەکەمناڵانی (ئەی رەقیب) هەرگیز توانای هەزمکردنی چەمکی (یەکێتی خاکی عێراق موقەدەسە)یان نیەو راستەوخۆ وێنەی دوژمن بۆ سەرکۆمار دروستدەکەن. لەم ئەگەرەدا ئەبیتیوسی مرۆڤی کوردی دەبیاتەوە،بەڵام مام جەلال وەک یەکێک لەخالقەکانی خودی ئەم ئەبیتیوسە، وەک سەرکردەیەک کەزیاتر لەچل ساڵ تەمەنی لەدرستکردنی ئەم پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنەدا بەسەربردوە، دەدۆرێنێت. کەئەوەش لەسەر ئاستی بابەتی زیانێکی گەورەیە لەخەونەکانی کورد.

سەرکردەکانی کورد واباشترەلەوەتێبگەن کەدونیای کۆمەڵایەتی کوردی وەک هەر دونیایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزەو یەکەیەکی سادەنیەو لەنێو مێژویەکدا دروستبووە. گۆران لەم دونیا کۆمەڵایەتیدا هەروا بەئاسانی ناکرێت. ٨٠ ساڵ لەپراکتیزەکردنی یەک جۆر لەپرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی نەتەوەیەک چۆن بەرستەیەک دەگۆرێت ؟ رەنگەپاش ٨٠ ساڵ لەسەرلەنوێ-سۆسیالیزەکردنەوەی نەتەوەی کورد لەسەر ئەم چەمکە، مام جەلال بتوانێت رێگا بەخۆی بدات لەبەردەم رۆژنامەنووسەکاندا بڵێت: یەکێتی خاکی عێراق موقەدەسە.

ئەبیتیوس: پیەر بۆردیۆپێوایەئەبیتیوس خالقی سیستەمی ئامادەباشیە. ئەم سیستەمی ئامادەباشیەلەهەموو چرکەیەکدا ئامادەیەبۆ پێشوازیکردن لەئەزموونەکان. کەئەزموونێک دێتەپێشەوە، لەقۆناغی یەکەمدا پەلیدەگرێت و رای دەکێشێتەژورەوە، بوردیۆ ئەمەناو دەنێت، ناواندن، واتەراکێشانەناوەوە، هێنانەژورەوە، لەدەرەوەبۆ ناوەوە. لەم قۆناغەدا، ئەبیتیوس لەناوەوەتەواو دەستکاری ئەو ئەزموونەدەکات و سەرلەنوێ دایدەرێژێتەوەو رەنگیدەکاتەوەو جلوبەرگی لەبەردەکاتەوەو ئامادەی دەکات بۆ قۆناغی دووەم کەبریتیەلەفرێدانەوەی بۆ دەرەوە، بەدەرەوەکردنی، دەرەواندی. وەکاتێک ئەم ئەم ئەزموونەدێتەدەرەوەو دەیخەینەژێر چاودێریەوەخێرا هەستبەوە دەکەین کەزۆر جیاوازەلەو چرکەیەی کەهێشتا پەلەکێشی ناوەوەنەکرابوو. واتەئەزموونەکەلەلایەن ئەبیتیوسەوەماڵی و دەستەمۆکراوە. وەتا ئەو کاتەی کەئەبیتیوس دەتوانێت ئەزموونەکان ماڵیبکات هیچ گرفتێک دروست نابێت، بەڵام گرفت کاتێک دروسدەبێت کەئەبیتیوس نەتوانێت ئەزموونێک ماڵیبکات. لەساتێکی ئاواداو لەیەکەم چرکەی بەریەککەوتنیاندا ئیتر

ئەبیتیوس وەک لاپەڕەدەدڕێت. کەئەبیتیوسیش دڕا ئیتر سیستەمی ئامادەباشیش پەکی دەکەوێت و توانای ناواندن و دەرەواندی ئەزموونەکانی نامێنێت. لەهەمانکاتدا ئەزموونەکان لەهاتن ناوەستن، بەڵام ئیتر سیستەمێکی ئامادەباشی لێرەنیەبۆ ئەوەی پێشوازیان لێبکات! دەرەنجام بکەری –فاعیلی کۆمەڵایەتی تووشی نامۆبوون و سەرگەردانی و جۆرێک لەسەرشێوان دەبێت و ژیانی هەموو رۆژێکی بەتەواوی لێتێکدەچێت.

(٣)

ئایا بەراستی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق یەکەم و دواهەمین بەرپرسی تراژیدیای کوردە؟ من پێموایەوەڵامدانەوەبە"بەلێ" یان بە"نەخێر" لەلایەکەوەهیچ بەهایەکی زانستی نیەو لەلایەکیدیکەوەهەر جەمسەرێکی ئەو کێشەیەدەتوانێت شاخێک لەدۆکیومۆنت لەسەر رەوایەتی خۆی بەوانیدیکەنیشانبدات. ئەوەی بۆ ئێمەگرنگترەو دەکرێت ببێت بەمەیدانێکی کۆنکرێتی توێژینەوە، بیناکردنی پەیوەندی مرۆڤی کوردیەبەمێژووی ئەم دەوڵەتەوە. من پێموایەئێمەهەڵەیەکی مێتۆدۆلۆژی دەکەین گەر پێمانوابێت کەپەیوەندی مرۆڤی کورد بەعێراق و رووداوەمێژوویەکانیەوەهەڵگری جەوهەرێکی نەگۆڕەو بۆ هەتا هەتایەدەمێنێتەوە. ئێمەکەدەرهاویشتەکان کۆدەکەینەوەو بەراوردو راڤەیاندەکەین دەگەینەئەو دەرەنجامەی کەئەم بۆچوونەزیاتر هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی تەوژمێکی سیاسی کوردیەو پەیوەندی بەواقیعەوەنیە. بەپێچەوانەوە، مرۆڤی کورد، لە٢٠٠٦ داو، لەئێستا و ئێرەسۆسیۆ-پۆلێتیکەکانیدا، بەردەوام چوارچێوەبۆ تراژیدیاکانی بینادەکاتەوە. من دیاسانەوەکلیک لەسەر دوو وشەدەکەم (بیناکردن و چوارچێوە)، چوونکەپێموایەمرۆڤەکان لەژیانی هەموو رۆژێکیاندا ئەستەمەبەبێ چوارچێوەبژین، بەڵام ئەم چوارچێوانەلەئاسمانەوەوەک باران دانابەزنەخوارەوەبۆ بەشەر، بەڵکو بەشەر بەدەستیخۆی بینایاندەکات، واتەبەشەر بیناکارێکی بەردەوامەلەژیاندا. دیسانەوەنموونەبەهەڵەبجەدێنمەوە. ئەو چوارچێوەیەی کەمورۆڤی کوردی، لە١٩٨٨/٠٣/١٦ دا بۆ هۆلۆکۆستی هەڵەبجەی دروستدەکات، هەرگیز ئەو چوارچێوەیەنیەکەلە٢٠٠٦/٠٣/١٦ دروستی دەکات. ئەگەر لەمێژووی یەکەمدا هەڵەبجەبریتیبووبێت لەناساندنی کورد بەدونیا، بێگوومان لەمێژووی دووەمدا هەڵەبجەدەبێت بەکارتی پاڵەپەستۆبۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر، ئەگەر هەڵەبجەلەچرکەی یەکەمدا تەنها یەکێک بووبێت لەقوربانیەکانی سوپا درندەکەی دیکتاتۆر، بێگوومان لەچرکەی دووەمدا دەبێت بەماکینەی دروستکەری وێنەی نوێ بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی کەوەک عەرەب خۆیان پێناسەدەکەن. تەنانەت عەرەبێکی جەزائیری کەبۆ کرێکاری رویکردوەتەوڵاتێکی وەک فەرەنسا، لەکاتی گوفتوگۆیدا لەگەڵ کوردێکی فەرەنسیدا دەکەوێتەبەر نەفرەتی ئەم وێنەنوێیانە. کام توێژەر دەتوانێت ئینکاری ئەوەبکات کەئێستا لەدەزگای یادەوەریی کۆلێکتیڤی کوردیدا، وێنەی مرۆڤی عەرەبی لەهەرکوێیەکبێت وێنەی ئەو حەیوانەوەحشیەیە نیەکەلەناکاودا پەلاماردەدات و هەموو کوردوستان قووتدەدات، وێنەی ئەو بەربەریەنیەکەدێت و رۆمای کورد دەسووتێنێت، وێنەی ئەو شەیتانەنیەکەرێگانادات (خوا وەتەن ئاو بکات)، وێنەی عەرەب، لەم بیناکردنەکوردیەدا هەرگیز لەوێنەی داگیرکەری پێپەتی، دوژمنێکی هەمیشەیی جوداناکرێتەوە. من پێموایەلەژێر کارایی ئەم وێنانەدایەکەتا ئێستاش گەلی کوردوستان، بەزۆرینەی رەها، دەنگ

بەپارتی و یەکێتی دەدەن. (بێگوومان ئەمەتەنها هۆکار نیە، بەڵام یەکێکەلەهۆکارەهەرەسەرەکیەکان). بەقەدەر بەهێزکردن و تۆخکردنەوەی وێنەی عەرەب وەک شەیتان پارتی و یەکێتی بەهێزدەبن و مانەوەی خۆیان مسۆگەردەکەن. هەروەها بەقەدەر لاوازبوونی وێنەی ئەم شەیتانە، پارتی و یەکێتی لاوازدەبن تا رادەی پەراوێزبوون. لێرەوەئەم جۆرە تێگەشتنە سۆسیۆلۆژیە لەستراکتۆری نەبینراوی پارتی و یەکێتی دەمانباتەوە سەر دەرەنجامێکی تر کەرەنگە لەئێستادا زۆر گرانبێت لەسەر ویژدانی پیاوە بچووکەکانی حیزب. ئەو دەرەنجامەش بەم شێوەیەیە: دۆراوی یەکەمی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەعێراقدا، ستراکتۆری ئایدۆلۆژی و سیاسی و پرۆگرامی سۆسیالیزاسیۆنی پارتی و یەکێتیە. لەچرکەی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، گەربێت و ئەم دوو حیزبەسەرلەبەری ئەو ستراکتۆرەنەگۆرن، راستەوخۆ مەحکومدەبن بەلاوازبوون و پاشان لەناوچوون. رەنگەئەمەیەکەم هۆکاری سەرەکی ئەو رابوونەوەیەی یەکێتی نیشتمانی کوردوستانبێت. لەئێستادا کەئێمەهێشتا لەئەلفوبای چارەسەرکردنی کێشەی کورد داین لەعێراقدا، مەکتەبی سیاسی ئەم حیزبەگەورەیە، هەستی بەهەموو ئەو مەترسیانەکردووەکەئامادەمانپێدان و نایەوێت لەداهاتوویەکی نزیکدا مەحکومبکرێت بەفەنابوون. بەڵام گرفتەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، راستەئەم حیزبەوشیاربووەتەوەلەهەموو ئەو مەترسیانە، هەروەها ئەوەش راستەکەئەم حیزبەلەسەر پرانسیپەکانی زانست خۆی بۆ داهاتوو ئامادەناکات. راستەیەکێتی تێگەشتوەلەتارمایی هەرەشەکان، بەڵام ئەوەش راستەکەنازانێت چۆن گۆرانکاریەکان بکات. ئەم دەرهاویشتەیەزۆر بەرونی لەگوتاری سەرکردەکانی ئەم حیزبەدا دەبینرێت. بۆنموونەتا ئێستاش یەکێتی پێیوایەئەو قەیرانی ئێستایەی پەیوەستەبەسەرکردەو مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیەکەیەوە، پێیوایەگۆرانی تاکێک بەتاکێکی تر گۆرانکاری دروستدەکات، لەکاتێکدا ئەوەی لەقەیراندایەشووناسی یەکێتیە، پرۆگرامی سۆسیۆ-پۆلێتیکی یەکێتیە. بێگومان ئەمەئەو گرفتەیەکەتائێستاش یەکێتی ناتوانێت لێی تێبگات. سێشەمەی رابوردوو، ئۆلیڤەر ڕوا، گەورەسۆسیۆلۆگ و ئیسلامۆلۆگی فەرەنسی پێیگووتم کەپێش جەنگی ئەفغانستان، ئێمەلەگەڵ دووسەد سۆسیۆلۆگ و پۆلیتۆلۆگ و ئیسلامۆلۆگی دیکەدا، لەلایەن پەنتاگۆنەوەدەعوەتکرابووین، سەرۆکی ئەمەریکا و پۆل ولفۆویتز، بۆ ماوەی هەفتەیەک گوێیان لێگرتین و راوێژیانپێدەکردین و دەیانویست تێبگەن لەو مەعریفەزانستیەی کەئێمەسەبارەت بەو وڵاتانەهەمانە! تەنانەت جۆرج بۆشیش کەبەپیاوێکی نەخوێنەوار لەئەوروپادا ناسراوە، بەبێ سۆسیۆلۆگ و پۆلیتۆلۆگەجیهانیەکان، واتەبەبێ گەرانەوەبۆ زانست هەنگاو نانێت، بەڵام ئایا مەکتەبی سیاسی یەکێتیەک کەبەتەمای گۆرانی گەورەیەئامادەیەکۆنفرانسێکی زانستی بۆ تێگەشتن لەمەوقعی خۆی لەعێراقی پۆست سەدام حوسەیندا ببەستێت ؟ ئایا یەکێتی ئامادەیەلەبری مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و هەندێک رۆژنامەنووسی بەرێزی حیزب، گەورەتایبەتمەندەکانی کێشەی کورد لەسەر ئاستی جیهانی دەعوەتبکات بۆ سلێمانی و بۆ ماوەی هەفتەیەک هەر هیچنەبێت وەک جۆرج بۆش گوێیانلێبگرێت؟

# وەک خوا بەتەنها

## خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی هەڵوێستی ئیسلامی سیاسی کوردی لەچرکەی هەرسی ژەنەراڵ بەرزانیدا

(رۆژنامەی هاوڵاتی، ٢٠٠٦/٧/٢)

تێبینی پێشخوێندنەوە: ئەم تێکستە هیچ پەیوەندیەکی بەو جەنگە ئیدیۆلۆژیەوە نیەکەئێستا لە کوردوستاندا بەرێوەدەچێت. بۆ من، ئیسلامی سیاسی ئیسلامی سیاسی، وەک دیاردەیەکی سۆسیۆپۆلیتیکی مێژوویی، گرنگ نیەفریشتەیەیان شەیتان، ئەوەی بۆمن گرنگەبەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی سۆسیۆلۆژیەلەسەر ئەم دیاردەیەوەک ئەوەی هەیەنەک وەک ئەوەی دەمەوێت ببێت.

(١)

لەساڵی ١٩٦٨ دا حیزبی بەعس لەرێگای دوو کۆدێتاوەدەگات بەدەسەڵات. یەکەمیان لە١٩٦٨/٠٧/١٧داو دووەمیشیان لە١٩٦٨/٠٧/٣٠ دا. لەیەکەمدا بەعسیەکان عارفی دووەم لەکۆشکی کۆماری فڕێدەدەنەدەرەوەو لەدووەمیشیاندا هەموو ئەو گەورەئەفسەرانەی کەبەشداربانکردبوو لەکۆدێتاکەداو بەعسی نەبوون، یەک یەک لەناویان بردن. بەمشێوەیەژەنەراڵ ئەحمەد حەدسەن بەکری بەعسی دەبێت بەسەرۆک کۆمار. بەڵام ئەو کەسەی کەکەمێک دواتر مێژووی ٣٥ ساڵی داهاتووی عێراق دیاری دەکات ژەنەراڵ ئەحمەد حەدسەن بەکر نیە، بەڵکو پیاوێکی دیکەیە، جێگرەکەیەتی، منالەهەتیوەکەی خەیروڵا تولفاح، سەدام حوسەینە.

لەساڵی ١٩٧٠ دا سەدام حوسەین سەرکردایەتی ئیسلامی سیاسی سوونني (برایانی موسوڵمان) بانگهێشت دەکات و پێیان دەڵێت کەلەعێراقی نوێی بەعسدا حیزبی ئاینی جێگای نابێتەوەو پێویستەهەرئەمرۆ خۆتان هەڵبووەشێننەوەو هەموو چالاکیەکانتان رابگرن. ئیسلامی سیاسی سووننی عێراقی، ئەم مەسیجەی سەدام حوسەینی زۆر لارووننەبوو، ساڵێک بەسەر ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا تێدەپەرێت و ئەوان خۆیان هەڵناوەشێننەوە. لە١٩٧١ سەدام حوسەین بانگیان دەکات و هەمان پەیامیان پێرادەگەیەنێتەوە. بەڵام ئەمجارەبەشێوەیەکی جیاواز. بۆ ئەوەی هیچ تەمومژێک لەسەر داواکەی نەبێت، سەدام حوسەین بەشێکی زۆری سەرکردەهەرەکاراکانیان لەسێدارەدەدات و بەشێکی دیکەیان فرێدەداتەنێو زیندانەکانەوە. کەئەم مەسیجەبەخوێنی سووری سەرکردەکانەوەدەگات بەعەبدولکەریم زیدان، رابەری گشتی برایانی موسوڵمانی عێراق، ئەو سەرکردانەی کەهێشتا مابوون و لەسێدارەنەدرابوون، کۆدەکاتەوەو پێیان دەڵێت : دوو ئیختیارمان لەبەردەستدایە، یان دەبێت هەموومان بمرین، یان دەبێت خۆمان هەڵبووەشێنینەوە. هەر لەو کۆبوونەوەدا، رابەری گشتی فەتوا بەناوبانگەکەی دەردەکات، فەتوای خۆهەڵوەشانەوەو راگرتنی کار لەسەر هەموو ئاستەکان. لە١٩٧٠ وەتا ١٩٧٥ عێراقی سەدام حوسەین دەبێت بەدۆزەخی ئیسلامی سیاسی عەرەبی سووننی. جەنگی حیزبی بەعس لەدژی ئەم

تەوژمەلەسەر دوو ئاست بوو، ئاستی ئیسلامی بوونی و ئاستی سوونی بوونی. بەعس بەشێوەیەکی گشتی دژی هەموو حیزبێکی ئاینیبوو، بەڵام ئیسلامی سیاسی سوونی بەمەترسیەکی ستراتیژی لەسەر خۆی دەزانی، چوونکەئەو پانتاییەکۆمەڵایەتیەی کەحیزبی بەعس جەماوەریەتی خۆی و شەرعیەتی خۆی لێوەردەگرت کۆمینۆتێی سوونەی عێراقی بوو، بێگوومان ئەمەهەمان ئەو پانتاییەیەکەئیسلامی سیاسی سوونیش جەماوەریەت و شەرعیەتی خۆی لێوەوەردەگرت. بۆیەهەر ئامادەبوون و بەهێزبوونێکی برایانی موسوڵمان، لەلای بەعس وەک هەرەشەیەکی ستراتیژی لەداهاتووی خۆی تەماشادەکرد. بەکورتی وەک رێکخراوی برایانی موسوڵمان دەیوبست یەکەم و تاکەحیزبی سوونەکان بێت، ئاواش حیزبی بەعس دەیوبست یەکەم و تاکەحیزبی سوونەکان بێت. لەکۆی پانزەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی حیزبی بەعس لە١٩٦٨ تا ١٩٧٧ چواردەئەندامیان عەرەبی سوونین.

لەهەمان کاتدا و لەعێراقی ژەنەراڵ بەرزانیدا، واتەلە١٩٧٠ تا ١٩٧٥، برایانی موسوڵمانی کوردی، کەبەشێکبوون لەئیسلامی سیاسی سوونی عەرەبی، دور لەزیندان و سێدارەوەو ئەشکەنجەدان دەژیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەتواکەی رابەری گشتی برایانیان بەشێوەیەکی حەرفی جێبەجێکرد و خۆیان هەڵوەشاندەوە. لەکاتێدا کەسەدام حوسەین یەک لەدوای یەک سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی سوونی لەناو دەبرد، ژەنەراڵ بەرزانی تەواو بەپێچەوانەوەباوەشی بۆدەکردنەوەو پێشوازیلێدەکردن. تەنانەت ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستانی ئێستاش دانبەوەدادەنێت کەبارودۆخی ئەمان باشتربوو لەو ساڵانەدا لەبارودۆخی برایانی نێو عێراقی سەدام حوسەینcxcii.

لە١٩٧٠/٠٣/١١ دا سەدام حوسەین رێکەوتننامەیەکی مێژوویی لەگەڵ ژەنەراڵ بەرزانیدا ئیمزا دەکات. کوردوستان ئیتر وەک ئۆتۆنۆم دانپیادادەنرێت و دەزگاکانی شۆرش دەبن بەدەزگای شەرعی. لەو ئێستاو ئێرەیەدا کەسەدام حوسەین یەک یەک سەرکردەکانی برایانی موسوڵمانی عێراقی بەرەو پەتی سێدارەدەنارد، رابەری گشتی برایانی موسوڵمانی کوردی، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، لەلایەن ژەنەراڵ بەرزانیەوە، بەوپەری رێزەوەپێشوازی لێدەکراو تەنانەت بەرزانی رازیبوو بەوەی کەشێخ عوسمان و ئەوانەشی لەگەڵ ئەون ببن بەئەندامی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردوستان کەیەکێکبوو لەدەزگاکانی شۆرشcxciii.

بەم شێوەیەبریانی موسوڵمان لەدوو عێراقی جیاوازدا دەژیان، عێراقی سەدام حوسەین و عێراقی بەرزانی. عێراقی سێدارەی سەدام حوسەین و عێراقی ئازادیی ژەنەراڵ بەرزانی، عێراقی دەستبەسەرکردنی عەبدولکەریم زیدانی رابەری گشتی ئیسلامی سوونی عەرەبی و عێراقی رێزلێگرتنی شێخ عوسمان عەبەدولعەزیزی رابەری گشتی ئیسلامی سوننی کوردی.

لەمانگی مارسی ١٩٧٥ وەروداوەکان بەئاراستەیەکی دیکەدا دەرۆن، ئاراستەیەک کەبەهیچ شێوەیەک لەبەرژەوەندی برایانی کوردوستاندا نەبوو. بێگومان ساڵێک پێش ئەو بەروارە، پەیوەندی سەدام حوسەین و ژەنەرال بەرزانی، عێراقی عەرەب و عێراقی کوردی تێکچووبوو. لە٢٦ مارسی ١٩٧٤ دا سەدام حوسەین بریار دەدات لەهەموو ئەو کوردانەخۆشبێت کەدەگەرێنەوەباوەشی

نیشتمان و لەژەنەراڵ بەرزانی دوردەکەونەوە. لەمانگی ئەڤریلی ١٩٧٤ دا سەدام حوسەین هەرپێنج وەزیرەکەی بارزانی، کەپێشتر گەرابوونەوەباوەشی شۆرش، فەسلەدەکات و پێنج وەزیرەجاش لەشوێنەکانیان دادەنێت.

بێگوومان لەبارودۆخێکی ئاوادا، (برایانی موسوڵمانی کوردBMK) هەست بەوەدەکەن کەئیتر ژەنەراڵ بەرزانی ناتوانێت وەک نەجاشی ئەسحابەکانی موحەمەدی لەقورەیش پاراست ئاوا ئەمان لەسەدام حوسەین بپارێزێت. ئەم هەستەپراگماتیستەی BMK گەر بەپێوەرەکانی کێڵگەی سیاسەت بیپێوین دەتوانین بڵێین هەستێکی دروستبوو. چوونکەبەرزانی ئیتر لەلایەن بەغداوەوەک بەرامبەرێکی شەرعی تەماشانەدەکراو زیاتر لەوەش سەدام حوسەین هەوڵی دەدا بەهەر نرخێکبووە ژەنەراڵ گۆشەگیربکات.

لەهەمان مانگی مارسی ١٩٧٤ دا سەدام حوسەین لەلایەکەوە تاکرەوانە ئۆتۆنۆمی کوردوستان رادەگەیەنێت و لەلایەکی دیکەوەبەهەموو هێزە سەربازیەکانیەوە پەلاماری کوردوستان دەدات. سەدام حوسەین، ئەو پیاوەی کەرۆژ لەدوای رۆژ لەعێراقدا بەهێزتر دەبوو، ئەو پیاوەی کەیەک لەدوای یەک نەیارەکانی رەوانەی مردن دەکرد، ئەو پیاوەی کەمانگ لەدوای مانگ لەسەر ئاستی کێڵگەی سیاسی ئەنتەرناسیۆنال زیاتر ئیعترافی پێدەکرا، گەشتبووە ئەو باوەرەی کەبەهاورێکانی بڵێت: ( مانگی سێپتەمبەر لەگەڵاڵەنانی ئێوەرەدەخۆین!). گەڵاڵەبنکەی سەرکردایەتی ژەنەراڵ بەرزانی.

سەدام حوسەین ئاسمانی کوردوستان پردەکات لەو فرۆکەجەنگیانەی کەبۆ یەکەمجاریانبوو لەعێراقدا دەبینران. ئەو فرۆکانەبێگومان لەلایەن فرۆکەوانە سۆڤێتیەکانەوە بەکاردەهێنران. ئەو سۆڤێتەی کەبانگەشەی بۆ ئازادی گەلاندەکردو لەساڵی ١٩٧٢ دا یارمەتی ساڵانەی گەشتەیەک میلۆن دۆلار بۆشۆرشی کوردو ژەنەراڵ بەرزانیcxciv ، بریاریدا منالەکانی خۆی بداتەدەست سەدام حوسەین بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کۆمەکپێکراو. لە٢٤ ئەڤریلی ١٩٧٤ دا فرۆکەوانەکانی یەکێتی سۆڤێت، بەفەرمانی سەدام حوسەین ، شارۆچکەی قەڵادزە دەکەن بەگۆمی خوێن. لە٢٧ ئەڤریلی ١٩٧٤ دا پەلاماری شاری هەڵەبجەدەدەن و دەیکەن بەدەۆزەخ، جەنگی سەدام حوسەین ئیتر بەتەنها دژی پێشمەرگەو شۆرش و بەرزانی نەبوو، بەڵکو دژی سەرجەم شارو شارۆچکەو لادێکانی کوردوستان بوو. بۆ یەکەم جار فرۆکەی میگ ١٧، میگ ٢١ و میگ ٢٣ تا هاوینی ١٩٧٤ کوردوستانیان نوقمی دوکەڵکرد. کەهاوین هاتەپێشەوە، ئیتر سوپای زەمینی پەلاماری کوردوستانیدا.

سەدام حوسەین هەوڵی دەدا لەسەر هەموو ئاستەکان گەمارۆی بارزانی بدات، لەسەر ئاستی سیاسی زنجیرەیەک دانوستانی لەگەڵ شای ئێران لەلایەک و CIA لەلایەکیدیکەوە دەستپێکردبوو. بەڵام بەقەدەر ئەوەندەی کەسەدام حوسەین لەسەر ئاستی ئەنتەرناسیۆنال بارزانی گۆشەگیردەکرد، بەهەمان قەدەر لەسەر ئاستی ناوخۆ بارزانی بەهێزتردەبوو. لەو چرکەساتانەدا کەگەلی کورد هەستی بەوەدەکرد کەسەرۆکەکەی گۆشەگیردەکرێت، بەهەزاران هەزار رویانتێدەکرد و ئامادەیی خۆیان بۆ پارێزگاریکردن لەکوردوستان دەردەبری. لەو

ساتانەدا، بەسەدان خوێندکارو لاو مامۆستاو پزیشک و جوتیارو کرێکارو پارێزرو ئەندازیار بۆ شکاندنی گەمارۆی فەرزکراو لەسەر بارزانی رویانکردەبەرەکانی جەنگ.

بەڵام ئەو تەوژمەی کەخۆی بەبێ لایەن هێشتەوەو هەڵوێستی تەماشاکاری هەڵبژارد ئیسلامی سیاسی کوردی بوو. بەبەرچاوی ئیسلامیەکانی کوردوستانەوە، فرۆکە نوێیەکانی سەدام حوسەین، لە٢٧ ئەڤریلی ١٩٧٤ دا پایتەختی رابەری گشتی برایان، هەڵەبجە، بۆمباران دەکەن و شاردەکەن بەدۆزەخ و بەدەیان ژن و منالّ و سیڤیل شەهیدو بریندارەدەکەن، بەبێ ئەوەی هەموو ئەم روداوانەرۆحی جیهاد لای رابەری گشتی و منالەکانی ئیسلامی سیاسی بجوڵێنن. لەکاتێکدا کوردوستان دەسوتا، ئەوان رۆحیان ئارامبوو، چونکەبەشێوەیەکی حەرفی فەتواکەی عەبدولکەریم زیدانیان جێبەجێ دەکرد. تەواو بەپێچەوانەی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیەوەکەلەدەوری بەرزانی کۆبووبوونەوە، ئیسلامي سیاسی کوردی بەغدای عەبدولکەریم زیدانیان هەڵبژارد. ئەمەیەکێکبوو لەو هەڵەستراتیژیانەی کەتائێستاش ئیسلامی سیاسی کوردی، لەنێو کێڵگەی سیاسی کوردیدا، باجەکەی دەدەن.

لە٦ مارسی ١٩٧٥ سەدام حوسەین و شای ئێران لەجەزائیر گەورەترین رێکەوتننامەی نێوانیان ئیمزادەکەن. رۆژێک پێش راگەیاندنی رێکەوتنامەکە، ئەفسەرێکی بچووکی دەزگای موخابەراتی ئێرانی دێت و بەزبرترین شێوەبەبارزانی دەڵێت : ( ئیتر لەمرۆ بەدواوە ئێران هەموو سنورەکانی خۆی دادەخات. ئیتر ئێوەش پێویستەلەمرۆبەدواوەبەمەرجەکانی سەدام حوسەین رازیبن. پێشمەرگەش مافی ئەوەیاننیە پێبنێنە خاکی ئێرانەوە وەک پەناهیندە نەبیت.cxcv). لە٦ مارسدا رێکەوتنەکەئیمزا دەکرێت. تەنها یەک رۆژ دواتر، ٧مارسی ١٩٧٥، سوپای عێراقی سەدام حوسەین، ئەمجارەزۆر درندانەتر پەلاماری کوردوستان دەدات. هێزی پێشمەرگەی کوردوستان و سەرکردایەتی شۆرش هەست بەگەورەیی ئەو مەترسیەدەکەن کەبەرەو رویان دێت و بەپێی ئەزموونی چەندین ساڵەی جەنگیان دژی رژێم، هەست بەوەدەکەن کەئەم جەنگەزۆر جیاوازە لەجەنگەکانی دیکە. سێ رۆژ دوای پەلاماری سوپای عێراق، واتەلە١٠ مارسی ١٩٧٥، مەکتەبی سیاسی پارتی ئەم پەیامەئاراستەی مەکتەبی تارانی CIA دەکات :

( لەئەمرۆدا نەتەوەکەمان و هێزەکانمان لەنێو دەهشەت و سەرسورماندا دەژین. ئەمرۆ مەترسیەکی بێ پێشینەهەرەشەی مان و نەمان لەگەڵەکەمان دەکات. ئێمەلەبەردەم هەرەشەی لەناوچونی سەرتاسەریداین. هەموو ئەم شتانە روودەدەن بەبێ ئەوەی کەس پێمانبڵێت چ لەدەوری ئێمەدەگوزەرێت. ئێمەداوا لەحکومەتی ئەمەریکا و ئێوەدەکەین کەتەدەخولبکەن بەپێی ئەو بەڵێنانەی کەپێشتر پێتاندابووین. داواتان لێدەکەین کەپشتنەکەنە هاوپەیمانێکی خۆتان. داواتان لێدەکەین کەژیانی ژەنەرال بەرزانی لەمەترسیدایەو وەرن رزگاری بکەن. داواتان لێدەکەین کەشەرەفی خێزانەکانمان بپارێزن و چارەسەرێکی بەشەرەفانەبۆ کێشەی کورد بدۆزنەوەcxcvi ).

هەمان رۆژ بارزانی نامەیەک ئاراستەی کیسنجەر دەکات و پێی دەڵێت :

( وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەبەردەم بەر پرسیاریەتێکی ئەخلاقی و سیاسیدان، گەلی کورد لەپێناوی چەسپاندنی سیاسەتی ئێوەدا خەباتی کردوە. ئێمەداواتان لێدەکەین ئەم جەنگەی کەئێستا روبەرومان بوەتەوەرابگرن و رێگای دانوستان فەرزبکەن بەسەر هەردولادا بۆ ئەوەی بگەین بەچارەسەرێکی شەرەفمەندانە. هەروەها داواتان لێدەکەین کەپاڵەپەستۆ بخەنەسەر ئێران تا رێگا بدات کەگەلەکەمان و هێزەکانمان بەردەوامبن لەخەباتی چەکدارانەتا ئەو کاتەی چارەسەرێک بۆ کێشەی نەتەوەکەمان دەدۆزینەوەلەچوارچێوەی رێکەوتنێکی گشتیداcxcviii).

بێگوومان نەCIA و نەکیسنجەر هەرگیز وەڵامی ئەم هاوارانەی مەکتەبی سیاسی و بەرزانیان نەدایەوە. بەرازنی بریار دەدات سەردانی تاران بکات و بەشێوەیەکی شەخسی شای ئێران ببینێت. ژەنەراڵ دەیەوێت لەدوا هەوڵیدا دەرگایەک لەسەر خۆی و نەتەوەکەی بکاتەوە، کەدەگاتەتاران، بۆ ماوەی سێ رۆژ شای ئێران خۆی لێدەدزێتەوە، لەچوارهەم رۆژدا بریاردەدات بارزانی ببینێت. ئەم بریارەژەنەراڵ دڵخۆشدەکات. پێوایەکەبەجۆرێک لەجۆرەکان جێگای لەم هاوکێشەنوێیەدا دەبێتەوە، گەرنا، بەچ مەبەستێک شا دەیەوێت بیبینێت. رەنگەئەمەبەشێکبێت لەو وێنانەی کەچەند چرکەیەک پێش بینینی شا بەخەیاڵدانی بارزانیدا تێپەربێت. بەڵام لەگەرمەی دانیشتنەکەداو لەکاتێکدا کەبارزانی داوای یارمەتی لەشا دەکات، ئەو هەوڵدەدات بارزانی تێبگەیەنێت کەبۆ ماوەیەک دەبێت شۆرش ربگرێت و پێ دەڵێت:

( تۆ ١٢ ساڵ لەیەکێتی سۆڤێت ژیانت بەسەربرد، وەرەدوو سێ ساڵێکیش لەئێران بژی). (هەمانسەرچاوە).

دەرەنجمام ژەنەراڵ کۆتایی بەشۆرش دەهێنێت و لە٢٢ مارسی ١٩٧٥ بەرەسمی و لەرێگای بارەگای CIA لەتاران داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی لەوڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەکات و بۆ دواجاریش لە٣٠ مارسی ١٩٧٥ داو لەرێگای حاجی عومرانەوەکوردوستان بەجێدەهێڵێت. ژەنەراڵ بۆ کۆتاجار ماڵئاوایی لەو کوردوستانەدەکات کەژیانی خۆی پێبەخشی و بەتەنهاو سەرلەنوێ رێگای مەنفایەکی ئەبەدی دەگرێتەبەر.

(٢)

ئەوەی مەیدانی توێژینەوەی ئێمەیە، دۆزینەوەی مەوقعی ئیسلامی سیاسی کوردیەلەنێو ئەم کۆنتێکستەداو لۆکالیزەکردنیەتی لەنێو ئەم ئۆقیانووسەپر لەشەپۆلەی سیاسەتدا.

ئیسیلامی سیاسی کوردی چۆن لەگەڵ هەرەسی شۆرشدا مامەڵەی کرد و چەند ئەگەری مامەڵەکردنی لەبەردەستدابوو ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدەکرێت قسەلەسەر سێ گریمانەبکەین: یەکەم گریمانەی راگەیاندنی جیهاد دژی بەعسی کافر. دووەم: خۆ تەرجەمەکردن بۆ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ بایەخدان بەو سەدان گرفتەی کەلەهەرەسی شۆرشدا دروستبووبوون. سێیەم: هەڵبژاردنی بێدەنگیەکی سامناک و چوونەنێو یاری تۆپتۆپێنی ئاوارەبوونی نێوان ئێران- عێراق.

لەو قۆناغەدا ئیسلامی سیاسی کوردی بەهەموو شێوەیەک ئەگەری ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بەرژێمی بەعس ڕەتدەکاتەوە. ئەمەلەبەر ئەوەنیەکەلەقورئان و سوونەدا دەقیان دەستناکەوێت بۆ شەرعاندنی جیهاد دژی بەعس. بەپێچەوانەوە، قورئان و سوونەپرن لەو دەقانەی کەدەکرێت لەو چرکەیەدا برایان بەکاری بێنن بۆ تەکفیرکردنی بەعس و ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بەرژێمەکەی. بەڵام ئەی بۆ نایکەن ؟ ئەم پرسیارەراستەوخۆ رامادەکەێشێتەسەر پرسیارێکی دیکەی سۆسیۆلۆژی تەواو گرنگ: ئایا دەقەکانی قورئان و سوونەچوارچێوەکانی گوتارو رەفتاری ئیسلامی سیاسی دیاری دەکەن یان بەپێچەوانەوەگوتارو رەفتاری ئیسلامی سیاسی چوارچێوەی دەقەکانی قورئان و سوونەدیاری دەکەن ؟ ئایا ئەوەی ئیسلامی سیاسی مۆبیلیزەدەکات دەقەکانی قورئان و سوونەیەیان ئەوەئیسلامی سیاسیەکەدەقەکانی قورئان و سوونەمۆبیلیزەدەکات ؟

ئێمەکەبەراوردی هەڵوێستی ئیسلامی سیاسی کوردی لە١٩٧٥ و ١٩٨٧ دا دەکەین، دەگەینەئەو دەرەنجامەی کەئێمەهەڵەیەکی گەورەدەکەین گەر بمانەوێت لەقورئان و سوونەدا بۆ ئیسلامی سیاسی کوردی بگەرێین، بەپێچەوانەوە، دەبێت لەنێو گوتارو کرداری رۆژانەی ئیسلامی سیاسیدا بۆ قورئان و سوونەبگەرێین. لە١٩٧٥ کەئەم ئیسلامی سیاسیە، لەبەر لاوازی بوونیەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی، لەبەر ئیفلیجبوونی لەبەرامبەر تەوژمی ناسیۆنالیسم و چەپی کوردیدا، بازدەدات بەسەر هەموو ئەو ئایەتانەدا کەباس لەجیهاد دەکەن و هەموو ئەو ئایەتانەمۆبیلیزەدەکات کەباس لەژیانی رۆحی دەکەن. ئەم ئیسلامەتەنها بەبەیانێکیش ئامادەنیەکافر بوونی بەعس رابگەیەنێت. بەڵام هەمان ئیسلامی سیاسی لە١٩٨٧ دا، کە پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەی بەفەزڵی کۆماری ئیسلامی ئێران و جەنگی نێوان عێراق-ئێرانەوەبەهێزدەبێت، بریاری جیهاد دەدات و لەهەمان ئەو قورئانەی ١٩٧٥ دا سەدان ئایەت دەدۆزێتەوەبۆ کافرکردنی بەعس و شەرعاندنی لەناوبردنی.

لێرەوەبۆ ماندەردەکەوێت کەوەک هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوەندێکی دیاریکراو، ئیسلامی سیاسی کوردیش لەنێو هەلومەرجێکی تایبەتی سۆسیۆ-پۆلیتیکدا دروستدەبێت و گووتارو رەفتارەکانیشی لکاون بەو هەلومەرجەتایبەتەوەو گەرانەوەبۆ دەقەکانی قورئان و سوونەش هیچنیە جگەلە دۆزینەوەی سەرچاوەیەک بۆ شەرعاندن و خۆدڵنیاکردنەوەو قایلکردنی جەماوەرنەبێت.

هەروەها ئیسلامی سیاسی ئەگەری دووەمیش رەتدەکاتەوەو نایەوێت ببێت ماکینەی خزمەتگوزاریەکۆمەڵایتیەکان. رەنگەوشەی "نایەوێت" تەواو دروستنەبێت و باشتروابێت بڵێین "ناتوانێت" باوەشی کۆمەڵایەتی خۆی بکاتەوەبۆ ئەو هەزاران هەزار ئاوارەو سەرلێشێواوەکوردەی کەرویان کردوەتەئێران و تورکیا. بەڵام هەمان ئەم ئیسلامی سیاسیە، لەهەشتاکاندا و دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و دوای سەرهەڵدانی دیاردەی دوکتۆر عەلی قەرەداخی و رێکخراوەکەی (رابیتەی ئیسلامی کوردی)، باوەشدەکاتەوەبۆ هەزاران ئاوارەی کورد لەئێران و تورکیا و دەیان دەزگای خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەخاتەکار. بەبێ ئەوەی

یەکساتیش لەبیرمانبچێت کەهەموو ئەم دەزگا خزمەتگوزاریانەناراستەوخۆ بۆ خزمەتکردن بەپرۆژەگشیتەیەکی ئیسلامی سیاسی کوردی بەکاردەهێنرێت.

ئیسلامی سیاسی کوردی، بەتایبەتی قوتابخانەمیسریەکەی (سەلاحەدین بهادین، عەلی قەرەداخی)، بەهەموو توانایانەوەهەوڵدەدەن لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک فاکتەری هەرەبەهێزی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەو بەهێزبوونیان پەردەپۆشبکەن و دەیانەوێت ناوەوەو دەرەوەی خۆیان قەناعەتپێبکەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ رۆڵێکی ئیجابی نەبووەلەمانیفێستاسیۆنی ئەواندا. ئەم هەوڵەی قوتابخانەی میسری ئیسلامی سیاسی کوردی کارێکی ئیدیۆلۆژیەو تەواو دورەلەبابەتیبوونەوە، چونکەهەموو دەرهاوێشتەکان ئەوەدەردەخەن کەپێش لەدایک بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیسلامی سیاسی کوردی جگەلەگروپێکی پەرتەوازەو لاوازو بێلانەهیچیتر نەبووە. بێگومان هەروا بەرێکەوت نیەکەئەم ئیسلامی سیاسیە، لەچرکەی شکسی شۆرشدا گریمانەی سێیەم هەڵدەبژێرێت. واتە ئیسلامیەکان تێکەڵ دەبن بەو هەزاران هەزار ئاوارەیەی کورد کەرو لەئێرانی شا دەکەن و لەنێو ئۆردوگاکاندا دەستبەسەردەکرێن و پاشان هەر لەحەفتاکادا دەگەرێنەوە باوەشی عێراقی سەدام حوسەین. ئەم ئیسلامەی پێش لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران هێندەلاوازەتا ئەو رادەیەی کەسکرتێری ئێستای قوتابخانەی میسریی ئیسلامی سیاسی کوردی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردوستان) دەڵێت کەلەو کاتەدا هەموو ئومێدمان ئەوەبوو کەنەکرێین بەبەعسی و وازمان لێبێنن:

(بەڵام لە ماوەیشۆرشی ساڵی ١٩٧٤ دا کەخەڵک چوونەدەرەوە، هەموو شارەکانی کوردوستان خەڵکی لێنەما، کەهاتینەوەوەکو ئەوان پێیاندەگووتین عائیدوون، هەریەکەو بەشێوەیەک تەفروتونابووین، هەندێک بۆ باشوری عێراق گواسترابنەوە، هەندێک مابنەوە، بەگشتی فشارێکی زۆری بەعس لەسەر ئێمەش وەکو ناوچەی کوردی دروستبوو...هەموو ئاواتمان ئەوەبوو، نەمانکەنەبەعسی و وازمانلێبێنن cxcviii).

هەمان ئەم سەلاحەدین بەهادینەی کەلەهیچ شارێک لەشارەکانی ئێراندا جێگای نابێتەوەو ناچاردەگەرێتەوەنێو عێراقی سەدام حوسەین، لەپاش لەدایک بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرکردایەتی وەفدێکی گەورەی ئیسلامی سیاسی کوردی دەکات و لەتاران و لەلایەن گەورەبەرپرسانی ئێرانی تازەی خومەینیەوەپێشوازیلێدەکرێت. ئەگەر تارانی شا بەتەنها پێشوازی لەبەرزانی دەکرد، ئەوەئەمرۆ، ئێرانی خومەینی پێشوازی لەبەرێز سەلاحەدین بەهادینیش دەکات. ئەمەئەو بارودۆخەنوێیەیەکەبەرێز سەلاحەدین پێش لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت مافی ئەوەی نەبوو خەونیشی پێوەببێنێت. راستەلەهەشتاکاندا بۆ ماوەیەکی کەم بەرێز سەلاحەدین بەهادین لەئێران دەکرێتەزیندانەوە، بەڵام ئەوەش راستەکەدواتر ئازاددەکرێت و وەک سەرپەرشتیاری ئیخوانی عێراق-ئێران و بەبەرچاوی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو لەشاری کرمانشاوەدرێژەبەخەباتی خۆیدەدات. رەنگە هەوڵی پەردەپۆشکردنی ئەم واقیعەتارادەیەکی زۆر لەسەر ئاستی جەماوەری سەربگرێت و لەخزمەتی ستراتیژیەتی یەکگرتووی ئێستادابێت، بەڵام ئەم جۆرەهەوڵەئیدیۆلۆژیانە، لەبەردەم

توێژینەوەزانستیەکاندا تەواو بێمانادەبن و هەموو میسداقیەتی خۆیان لەدەستدەدەن. یەکگرتوو وەک بزوتنەوەیەکی وشیار بەواقیعی کوردی، لەهەموو کەس باشتر دەزانێت یاریبکات لەسەر ئەم پانتایەئیدیۆلۆژیە، چوونکەدەزانێت کوردوستانی ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو جێگایەکی دیکەی دونیا گەورەترین بازاری ئیدۆلۆژیایەنەک زانست و حیزبەکان دەتوانن ئەوەی بیانەوێت بەکۆمینۆتێی کوردی بفرۆشن.

# ڕەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستان _ عیراق

بەناوی خودای گەورەو دڵۆڤان
بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عیراق

پشت بەبڕگەی (١) لەمادەی (٥٦) و مادە(٥٣) ی یاسای ژمارە(١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو و لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانی لەدانیشتنی ڕۆژی / /٢٠٠٥ بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:[cxcix]

یاسای ژمارە( ) ی ساڵی ٢٠٠٥ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی کوردستان- عیراق دا

مادەی یەکەم :

ئەم کردەوانەی خوارەوەبەتاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەنرێن و سزایان لەسێدارەدانە :

١. دامەزراندن، ڕێکخستن، یان بەڕێوەبردنی ڕێکخراو، کۆمەڵە، دەستە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێك، بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانەتۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

٢. تیرۆر کردن بۆ مەبەستێکی سیاسی، ئایدیۆلۆجی، یان بەکافردانان.

٣. بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە، سووتێنەر، گڕگر، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان و ڕووخاندن لەرێگەی تەقاندنەوەی ڕاستەوخۆ، یان بەئامێری لەدوور ئاڕاستەکراو، یان مینڕێژکردنی ماشێن، چاندنی بۆمبی خاپوورکار، بەکار هێنانی هەموو جۆرەچەکێکی جەنگی، پشتێنەی خاپوورکار، یان نامەی مینڕێژ کراو، ماددە، یان گازی ژەهراوی، یان میکرۆب، یان تیشکدەر، ئەگەر کارەکەمردنی کەسێکی یان پتری لێ بکەوێتەوە.

٤. دەست گرتن بەسەر فڕۆکەدا بەهەموو جۆرەکانیەوە .

٥. ڕفاندن، دەستگیرکردن، دەست بەسەرکردن، یان بێبەش کردنی کەسێك لەئازادی بەهەر شێوازێك بێت، بۆ قاچاندنەوەی (ابتزاری دارایی) یان بەمەبەستی سیاسی .

٦.	بەبارمتەگرتنی کەسێك، یان کەسانێك بۆ کارتێکردن لەدام و دەزگاکانی هەرێم یان لەو دەستەو رێکخراوەنێودەوڵەتیانەی لەهەرێمدا کاردەکەن بۆ بەدەست هێنانی هەر جۆرەسودێك یان کەڵکێك، یان بۆ ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کارێك، یان نەکردنی، یان دروستکردنی بارێك لەترس و تۆقین .

٧.	کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە، یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگەو دەستەی دیبلۆماسی و کونسوڵگەریی و دامەزراوەو کۆمپانیای بیانی و رێکخراوەنێودەوڵەتییەحکومی و ناحکومییەکان، ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن، و تاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت وسزاکەی دەبێتەزیندانی تاهەتایی ئەگەر هێرش بردنەکەمردنی لێنەکەوتەوە .

٨.	چوونەناو هەر رێکخراو، کۆمەڵە، دەستە، باند (عسابە(، بنکەیان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بدات، ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێت لەهێزی ئاسایشی ناوخۆ، یان زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە (بوو، یان ئەگەر تاوانکار مەشقی سەربازی، یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانەپێکرابوو .

٩.	هاریکاری کردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی، یان هەر رێکخراو، کۆمەڵە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێکی دەرەوەی وڵات، یان کار بۆ بەرژەوەندی هەریەکێکیان بکات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو ناوانانەی لەم یاسایەدا دەقنوس کراون ئەنجام بدات.

مادەی دووەم :

ئەم کارانەی خوارەوەبەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنرێت و سزاکەیان زیندانی تا هەتایە .

١.	تێکدان، رووخاندن، لەکەڵك خستن، یان زیان پێگەیاندنی بەئەنقەست، بەتەواوی، یان بەبەشێك لەتەلار و دامەزراو وسامانی گشتی، یان ئەوانەی تەرخانکراون بۆ فەرمانگەو بەرژەوەندییە حکومییەکان، یان دەزگا گشتییەکان و بارەگای ئەو حزب، یان ئەو کۆمەڵانەی بەیاسا ناسراون، یان یەکێك لەدامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، یان هەرشتێکی دیکەلەدامەزراوەپیشەسازییەکانی هەرێم، وێستگەی وزەی کارەبایی و ئاویی، پرد، بەنداو، ئاوەرۆی گشتی، هۆیەکانی گەیاندن و دامەزراوەکانی، ئەو شوێنانەی ئامادەکراون بۆ کۆبوونەوەگشتییەکان و شوێنەکانی خواپەرستی، شوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر، یان هەر سامانێك گرنگی هەبێت لەئابووری نیشتمانی، بەمەبەستی شێواندنی ئاسایش و ئارامی لەهەرێمدا.

٢.	پەکخستنی هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن و سیستەمەکانی کۆمپیوتەر، چوونەناو تۆرەکانیانەوە، هانیهانی دانان لەسەریان، یان زانیاری و داتا خستنەناوەوەیان، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانەتیرۆرکارییەکان.

٣.      ئاسانكاری هاتنەژوورەوەو چوونەدەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆریستان، یان دابینكردنی شوێنی حەوانەوەیان، شاردنەوەیان، یان حەشاردانیان، بەخۆی، یان بەكەسێكی دی، یارمەتیدانیان بەهەواڵپێدان و پێشكەشكردنی ئەو زانیاریانەی بەكاردێن بۆ پلاندانان، یان بۆ دەستپێكردنی جێبەجێكردنی تاوانی تیرۆركاری، بەمەرجێك بەكارەكە بزانێت .

٤.      پێشكەشكردن، كۆكردنەوە، گواستنەوە، یان ناردنی كۆمەكی دارایی، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم، بەمەبەستی بەكارهێنانی، یان بزانێت بەكاردێت بۆ داراكردنی هەر تاوانێكی تیرۆركاری.

٥.      وروژاندنی تایفەگەری، یان رەگەز پەرستی لەنێوان هاووڵاتیانی هەرێمدا، یان چەكداركردنی هاووڵاتیان، یان چەكداركردنیان لەدژی یەكتر، ئەگەر كارەكەبارێك لەشەڕی ناوخۆ بنێتەوە .

٦.      مەشق كردنی كەسێك، یان كەسانێك لەسەر بەكارهێنانی چەك، یان لەسەر هۆیەكانی پەیوەندی پێوەكردن، یان فێركردنی هونەرە جەنگییەكان .

مادەی سێیەم :

ئەم كارانەی خوارەوەبەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنرێن و سزا دەدرێت بەزیندانی، لە(١٥) ساڵ تێپەڕ نەكات، هەركەسێك :

١.      دەسەڵاتی فەرمانپێكردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆ و زێرەڤانی هەرێم و داوای لێكردن یان ڕایسپاردن، بەئەنقەست كار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەكانی میری بكەن .

٢.      تەقەمەنی، تۆپتەرەقە، ئامێری دروستكراو بۆ تێكدان، یان رووخاندن دروست بكات، یان هاوردەی بكات، یان لەلای بێت، یان هەر مادەیەك لەپێكهاتەی ئەوانەوەبێت، هەروەها ئەو دەزگا و ئامێر و كەرەستانەی لەدروستكردن و تەقاندنەوەیان بەكار دێن، ئەگەر هاتوو بەمەبەستی بەكارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێكی تیرۆركاری بێت .

٣.      بەبەد نیازی، نووسراو، چاپەمەنی، كاسێتی تۆماركراو، یان وێنەی وای لەلابێت یان بەدەستبێنێت، كەهاندان، بەچەك زانین، یان پروپاگەندەلەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆركاری، یان بەمەبەستی بەخشینەوەی، بڵاوكردنەوەی، یان بۆ ئەوەی كەسانی دیكەی لێی بەئاگا بكات .

٤.      بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانەتۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگاداربێت و دەزگا گشتییەكانی پێ ئاگادار نەكاتەوە. فەرمانی ئەم بڕگەیەش هاوسەر و خزمەكانی تا پلەدووی تاوانكار ناگرێتەوە .

٥.      بەئەنقەست، هەواڵ، یان روون كردنەوەیەك، یان پروپاگاندەیەكی تۆقێنەر بڵاو بكاتەوە، یان هۆیەكانی راگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو،

یان ئەلکترۆنی بەهەڵ وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، یان لەئەنتەرنێت بەیاناتی ئەو تۆ بڵاو بکاتەوە کەراستەو خۆ بگاتەرادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کەئاسایشی گشتی بخاتەمەترسییەوەوترس بخاتەنێو هاووڵاتیان و هەرەشەلەقەوارەی سیاسی هەرێم بکات .

٦. نەفامی و کەم زانی کەسێك بقۆزێتەوەو لەکاری تۆقاندن بەکاری بێنێت و بەهۆیەوەئەو کارانەئەنجام بدات.

٧. گزی لەنووسراوێکی فەرمی بکات، یان بەساختەنووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانەدروست بکات بۆ ئەوەی کەسایەتیی بشارێتەوەیان بەئەنقەست بیگۆڕێت، یان ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی بکات، یان یارمەتی بدات لەکارەکانی، بەمەرجێك بزانێت مەبەست لە گزییەکەچییە .

مادەی چوارەم :

١. هەر کەسێك دەست بکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزادەدرێت بەزیندانی تاهەتایی .

٢. هەر کەسێك دەست بکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزا دەدرێت بەزیندانی کاتی .

٣. هەر کەسێك دەست بکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزا دەدرێت بەبەندکردنی توند .

مادەی پێنجەم :

نابێ ئەو کەسەی بەتاوانی تۆقێنەر تاوانبار دەکرێت، بەدەستەبەر بەربدرێت لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا هەتا حوکمێك یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوەلەداواکەی دەرنەچێت .

مادەی شەشەم :

فەرمانەکانی مادەی (٤٧) ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە(٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ی کارا، بەسەر ئەو کەسەپیادەدەکرێت کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووەدەدات سەبارەت بە ئاشکرانەکردنی ناسنامەکەی، کاتێ هەواڵی روودانی ئەو تاوانانە دەگەیەنێت و ناکرێتەشایەد .

مادەی حەوتەم :

أ- ئەو کەسەی، پێش روودانی تاوانی تیرۆرکاری، یان لەکاتی پلان بۆ دانانی، دەزگا تایبەتمەندەکان پێ ئاگاداربکاتەوەو هەواڵ گەیاندنەکەببێتەیاریدەدەر بۆ دەستگیر کردنی تاوانباران یان نەی هێلا کارەکەئەنجام بدرێت، لەسزا دەبووردرێت .
ب- دادگا بۆی هەیەخۆ بەدەستەوەدانی تاوانبار و پێشکەشکردنی زانیاری وا، کەتاوانەکەدوای روودانی ئاشکرا بکات، بەپاساوی یاسایی سزا سووککەر بژمێرێت .

مادەی هەشتەم :

دەبێ لایەنەپەیوەنددارەکان پاداشتێکی چاك جاڕبدات بۆ ئەو کەسەی زانیاری راست و دروست پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەند دەکات و ئاشکرا کردنی تاوانی تیرۆرکاری و ئەوانەی دەستیان تێدا بووەلێ دەکەوێتەوە .

مادەی نۆیەم :

هەر کەسێك هاوکاری بکات وەك بکەر، بەشداری، یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانەتیرۆرکاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەهەمان سزا، کەبۆ تاوانەکەدیار کراوە، سزا دەدرێت .

مادەی دەیەم :

دەست بەسەر سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ئەو رێکخراو، پارت، دەستە، کۆمەڵ، یان ئەو کەسانەدا دادەگیرێت کەبەپریارێکی دادگا بەتاوانکاری تیرۆر دەردەچن .

مادەی یازدەهەم :

تاوانی تیرۆر لەتاوانەئاپرووبەرەکاندا دەژمێردرێت و دەبێ دادگا ئەم فەرمانەلەدەقی پریارەکەی بنووسێت .

مادەی دوانزەهەم :

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایەتاوانبارە، مافی خۆیەتی رەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا، بەدابینکردنی پارێزەریشەوەبۆ داکۆکی لێکردنی، و نابێ شێوازی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی، یان رەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت، و پشت نابەسترێت بەدانپێدانانی بەزۆر لێوەرگیراو، بەهەڕەشە، بەئازاردان، یان بەبەڵێن و گەفوگور، ئەگەر بەڵگەکە پشت راست نەکرا بەبەڵگەی دیکە، و ئەگەر زیانێکی بەرجەستەیی قەبەی لێکەوتبوو لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی باسیان لێوەکرا، تاوانبار بۆی هەیەسکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆماربکات وەك کەسانی ئاسایی .

مادەی سیانزەهەم :

ئەگەر ئەو کەسەی بەتاوانی تیرۆرکاری تاوانبارەبێتاوان دەرچوو، بۆی هەیە، داوای قەرەبووی ئەو زیانەجەستەیی و ناجەستەییانەبکاتەوەکەلێی کەوتووەلەئەنجامی پێشێلکردنی ئەو مافەمرۆییانەی لەدەستوور و یاساکاندا هاتوون .

مادەی چواردەم :

١. بۆ هەر شتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عیراقی کارا پیادەدەکرێت .

٢. كار بەهیچ دەقێكی یاسایی، یان بڕیارێك ناكرێت كەلەگەڵ فەرمانەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت .

مادەی پازدەهەم :

ئەم یاسایەلەرۆژی بڵاو كردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیەوە(وەقائیعی كوردستان) كاری پێدەكرێت .

هۆكارەخوازیاریەكانی ئەم یاسایە

تیرۆر بۆتەدیاردەیەكی ترسناكی جیهانی و ئامانجی ترس خستنەناودڵی جەماوەر و تۆقاندنیەتی و تێكدانی باری گشتی و ئارامی كۆمەڵگەو ئازاردانی خەڵكەبۆ ئەوەی ژیان و ئازادیان بخاتەمەترسی و زیان بە ژینگەو سامانی گشتی و تایبەتی بگەیەنێت .

لەبەرئەوەكۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی داوەو هەوڵدەدات چەند یاسایەك دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردەترسناكەو داوا لەئەندامانی دەكات بەدڵ هاوكار بن بۆ ئەوەی سنوورداری بكەن و چارەسەری هۆكارەكانی بكەن و لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستانیش تووشی مەترسی گشت جۆرەكانی ئەم تیرۆرەبۆتەوەو تووشی دەبێت و دەرەنجام زیانێكی زۆر و گەورەی لەگیانی هاووڵاتیانی هەرێم و سامانیان و دەسەڵاتەرەواكانی كەوتووە، بۆیەبەپێویست زانرا كەیاسایەكی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەترسناكەدابنرێت لەگەڵ رەچاو كردنی ئەو پێوەرەنێودەوڵەتیانەی ماف و ئازادییەكانی تاكو كۆمەڵ دەستەبەر دەكات . بۆیەئەم یاسایەدانرا.

# سەرچاوەکان


[i] Michel WIEVIORKA, Société et Terrorisme, Fayard, 1988, p. 10.

[ii] Ariel MERARI, « Du terrorisme comme stratégie d'insurrection », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006.

[iii] Adel BAKAWAN, Chawpêkewtn legel  Kurdistani Nwê da (2006).

[iv] Le Petit Robert 1, dictionnaire de langue française.

[v] Ariel MERARI, Ibid.

[vi] Michel WIEVIORKA, La violence, Hachette Littérature, 2005.

[vii] Friedrich ENGELS, Le rôle de la violence dans l'histoire, Paris, Editions Sociales, 1971, p. 38.

[viii] Norbert ELIAS, La civilisation des mœurs, Paris, Calmann-Lévy, 1973.

[ix] Olivier ROY, L'Islam mondialisé, Seuil, 2002.

[x] Ariel MERARI, Ibid.

[xi] Ibid., p. 33.

[xii] Pierre BOURDIEU, Le métier de socioogue, EHESS, 2005.

[xiii] Michael WALZER, De la guerre et du terrorisme, Bayard ٢٠٠٤.

[xiv] Michael WALZER, Guerres Justes et Injustes, Belin, ١٩٩٩.

[xv] Pierre-Jean LUIZARD, La question irakienne, Fayard, 2004.

[xvi] André GLUCKSMANN, Ouest contre Ouest, Plon, 2003.

[xvii] « Sunnites et chiites arabes se félicitent de la résistance du Hezbollah », Le Monde, 30 juillet 2006.

[xviii] http://www.iraqigovernment.org/

[xix] Alain TOURAINE, Un nouveau paradigme, Fayard, 2005.

[xx] Jaques DERRIDA, Jürgen HABERMAS, Le Concept du ١١ septembre, Galilée, ٢٠٠٤, p. ٥٨.

[xxi] Adel BAKAWAN, Islam u Rojawa, Ranj, 2006.

[xxii] Gilles KEPEL, Al-Qaida dans le texte, PUF, 2005.

[xxiii] Ariel MERARI, « Du terrorisme comme stratégie d'insurrection », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006.

[xxiv] Farhad KHOSROKHAVAR, L'Islam dans les prisons, Balland, 2004.

[xxv] Farhad KHOSROKHAVAR, Quand Al-Qaïda parle, Grasset, 2006.

[xxvi] http://www.iraqiparty.com/ar/

[xxvii] http//www.alansar-10.8m.com

[xxviii] http://remacle.org/bloodwolf/historiens/Flajose/avpro.htm

[xxix] http://www.mediterranees.net/civilisation/Rich/Articles/Loisirs/Gladiateurs/Sicarius.html

[xxx] Felix GAFFIOT, Dictionnaire Latin-Français, Hachette, 2000.

[xxxi] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Zélotes et assassins », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 69.

[xxxii] Olivier ROY, La Laïcité face à l'Islam, Seuil, 2005, p. 69.

[xxxiii] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Zélotes et assassins », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 69.

[xxxiv] Bernard LEWIS, Les Assassins, Editions Complexe, 1984 et 2001, p. 62.

[xxxv] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Zélotes et assassins », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 73.

[xxxvi] Bernard LEWIS, Les Assassins, Editions Complexe, 1984 et 2001, p. 76.

[xxxvii] http://fr.wikipedia.org/wiki/Hassan_ibn_al-Sabbah

[xxxviii] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Zélotes et assassins », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 76.

[xxxix] Ibid., p. 77.

[xl] Bernard LEWIS, Les Assassins, Editions Complexe, 1984 et 2001, p. 80.

[xli] Adel BAKAWAN, Islam u Rojawa, Ranj, 2006.

[xlii] Alain TOURAINE, Un nouveau paradigme, Fayard, 2005, p. 23.

[xliii] http://www.peyamner.com/article.php?id=62112&lang=kurdish

[xliv] Jean-Claude KAUFMANN, L'invention de soi, Armand Colin, 2004, p. 15.

[xlv] Maurice HALBWACHS, La mémoire collective, Albin Michel, 1997.

[xlvi] Abdou EL-HELOU, Le Vocabulaire Philosophique, CRDP, 1994.

[xlvii] Pierre BOURDIEU, Esquisse d'une théorie de la pratique, Seuil, 2000.

[xlviii] Peter BERGER, Thomas LUCKMANN, La Construction sociale de la Réalité, Armand Colin, 1997.

[xlix] Erving GOFFMAN, Les Cadres de l'expérience, Minuit, 1991.

[l] Alain COULON, L'Ethnométhodologie, PUF, 1987.

[li] Hubert de LUZE, L'Ethnométhodologie, Economica, 1997.

[lii] Michel WIEVIORKA, Sociétés et terrorisme, Fayard, 1988, p. 154.

[liii] Jaques DERRIDA, Jürgen HABERMAS, Le Concept du 11 septembre, Galilée, 2004, p. 154.

[liv] Ibid, p.155.

[lv] Max WEBER, Le Savant et le politique, Plon, 1959, p.125-126.

[lvi] Raymond ARON, Les Etapes de la pensée sociologique, Paris, Gallimard, 1967, p.559.

[lvii] Michel WIEVIORKA, La Violence, Hachette Littérature, 2005, p. 72.

[lviii] Ibid., p. 76.

[lix] Stéphane COURTOIS, « Les crimes du communisme », in Le Livre noir du communisme. Crime, terreur, répression, Robert Laffont, 1997, p. 12.

[lx] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Lénin, Staline et le terrorisme d'Etat », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 230.

[lxi] Stéphane COURTOIS, « Les crimes du communisme », in Le livre noir du communisme. Crime, terreur, répression, Robert Laffont, 1997, p. 12.

[lxii] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Lénin, Satline et le terrorisme d'Etat », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 23١.

[lxiii] Nicolas WERTH, «Un Etat contre son peuple, violences, répressions, terreurs », in Le Livre noir du communisme. Crime, terreur, répression, Robert Laffont, 1997, p. 49.

[lxiv] Stéphane COURTOIS, « Les crimes du communisme », in Le Livre noir du communisme. Crime, terreur, répression, Robert Laffont, 1997, p. ١٤.

[lxv] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Lénin, Staline et le terrorisme d'Etat », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p. 23٤.

[lxvi] Nicolas WERTH, «Un Etat contre son peuple, violences, répressions, terreurs », in Le Livre noir du communisme. Crime, terreur, répression, Robert Laffont, 1997, p. 85.

[lxvii] Gérard CHLIAND et Arnaud BLIN, « Lénin, Satline et le terrorisme d'Etat », in Histoire du terrorisme. De l'Antiquité à Al Qaida, Bayard, 2006, p.2٤3.

[lxviii] Chris KUTSCHERA, Le Livre noir de Saddam Hussein, Oh ! Editions, 2005, p. 387.

[lxix] Alain TOURAINE, Production de la société, Seuil, 1973.

[lxx] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. 17.

[lxxi] Alain TOURAINE, Un nouveau paradigme, Fayard, 2005.

[lxxii] Hanna ARENDT, Le système totalitaire, Seuil, 1972.

[lxxiii] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. 17.

[lxxiv] http://www.dorbeen.com/

[lxxv] Jaques DERRIDA, Jürgen HABERMAS, Le Concept du 11 septembre, Galilée, 2004.

[lxxvi] Hanna ARENDT, Le Système totalitaire, Seuil, 1972.

[lxxvii] Chris KUTSCHERA, Le Livre noir de Saddam Hussein, Oh ! Editions, 2005.

[lxxviii] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. ٢٢.

[lxxix] Ibid., p. 34.

[lxxx] Olivier ROY, L'islam mondialisé, Seuil, 2002.

[lxxxi] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. 4٢.

[lxxxii] Charles SAINT-PROT, Histoire de l'Irak : de Sumer à Saddam Hussein, Ellipses, 1999.

[lxxxiii] Jaques DERRIDA, Jürgen HABERMAS, Le Concept du 11 septembre, Galilée, 2004.

[lxxxiv] Michel WIEVIORKA, La violence, Hachette Littérature, 2005.

[lxxxv] Farhad KHOSROKHAVAR, Quand Al-Qaïda parle, Grasset, 2006.

[lxxxvi] Alain TOURAINE, Un nouveau paradigme, Fayard, 2005.

[lxxxvii] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. 43.

http://www.tkb.org[lxxxviii] MIPT Terrorism, Knowledge Base,

[lxxxix] Olivier ROY, La Laïcité face à l'Islam, Seuil, 2005.

[xc] Chahd DJAVANN, Que pense Allah de l'Europe, Gallimard, 2006.

[xci] Olivier ROY, « L'Iran fait monter les enchères », Le Monde, 21 juillet 2006.

[xcii] Alain TOURAINE, Production de la société, Seuil, 1973.

, Hachette, ٢٠٠٦. Les ١٠٠ clés du Proche-Orient[xciii] Alain GRESH et Dominique VIDAL,

[xciv] Pierre BOURDIEU, Esquisse d'une théorie de la pratique, Editions du Seuil, 2000.

[xcv] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. ٧٣.

[xcvi] Pierre BOURDIEU, Sur la télévision, Raison d'Agir, 1996.

[xcvii] Anselm STRAUSS, La trame de la négociation : Sociologie qualitative et interactionnisme, L'Harmattan, 1991.

[xcviii] Didier DEMAZIERE et Claude DUBAR, Analyser les entretiens biographiques (Presses de l'Université Laval, 2004), p. 49.

[xcix] Chris KUTSCHERA, Le Mouvement national kurde, Flammarion, 1979, p. 280.

[c] Masoud BARZANI, Al-Barzani wal haraka al-tahrurya al-kurdya, Arbil, 2002.

[ci] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. ٧4.

[cii] Entretien avec Moushir Galali, le représentant du GIK au Royaume-Uni, le ١٥ août ٢٠٠٦.

[ciii] Entretien avec Shanaz Ibrahim Ahmad, la représentante de l'UPK au Royaume-Uni, le ١٧ août ٢٠٠٦.

[civ] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. ٧٥.

[cv] Olivier ROY, Les Illusions du 11 septembre, Seuil, 2002.

[cvi] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988.

[cvii] Alain TOURAINE, Un Nouveau paradigme, Fayard, 2005.

[cviii] Jaques DERRIDA, Jürgen HABERMAS, Le Concept du 11 septembre, Galilée, 2004.

[cix] Abdelwahab MEDDEB, La maladie de l'Islam, Seuil, 2002.

[cx] Claude LIAUZU, Empire du mal contre Grand satan, Armand Colin, 2005.

[cxi] André GLUCKSMAN, Ouest contre Ouest, Plon, 2003.

[cxii] Le Monde, 23 novembre 2004.

[cxiii] Le Monde, 23 octobre 2001.

[cxiv] Christian CHESNOT et Georges MALBRUNOT, Mémoires d'otages, J'ai Lu, ٢٠٠٦.

[cxv] Michel WIEVIORKA, Société et terrorisme, Fayard, 1988, p. 76.

[cxvi] Le Monde, 4 janvier 2006.

[cxvii] Pierre BOURDIEU, Sur la télévision, Raison d'Agir, 1996, p. 19-21.

[cxviii] Chris KUTSCHERA, Le mouvement national kurde, Flammarion, 1979, p. 57.

[cxix] Ibid., p. 57.

[cxx] Adel BAKAWAN, L'Irak : de Fayçal à Talabani, Ranj, Kurdistan, 2006.

[cxxi] Hamit BOZARSLAN, La Question kurde, Presses de Sciences Po, 1997, p. 25.

[cxxii] Chris KUTSCHERA, Le Livre noir de Saddam Hussein, Oh Editions, 2005, p.336.

[cxxiii] Hanna BATATU, The Old Social Classes and The Revolutionary Movements of Irak, Book II, New Jersey, Princeton University Press, 1978.

[cxxiv] Chris KUTSCHERA, Le Défi kurde, Bayard, 1997, p. 85.

[cxxv] Ibid.

[cxxvi] Entretien avec Moushir Galali, représentant du GIK en Europe, le 15 aout 2006.

[cxxvii] Olivier ROY, L'islam mondialisé, Seuil, 2002, p. 133.

[cxxviii] Hawlati, n° 25, 3 juin 2001.

[cxxix] Hawlati, n° 25, 3 juin 2001.

[cxxx] Hawlati, n° 26, 10 juin 2001.

[cxxxi] Hawlati, n° 26, 10 juin 2001.

[cxxxii] Hawlati, n° 27, 17 juin 2001.

[cxxxiii] Hawlati, n° 26, 10 juin 2001.

[cxxxiv] Hawlati, n° 29, 1 Juillet 2001.

[cxxxv] Hawlati, n° 29, 1 Juillet 2001.

[cxxxvi] Hawlati, n° 30, 8 Juillet 2001.

[cxxxvii] Hawlati, n° 31, 15 Juillet 2001.

[cxxxviii] Hawlati, n° 53, 24 Décembre 2001.

[cxxxix] Hawlati, n° 40, 16 Septembre 2001.

[cxl] Hawlati, n° 42, 30 septembre 2001.

[cxli] Hawlati, n° 51, 3 décembre 2001.

[cxlii] Alain COULON, L'Ethnométhodologie, PUF, 1987.

[cxliii] Adel BAKAWAN, Islam u Rojawa, Ranj, 2006.

[cxliv] BAXTYAR Ali, Chawpêkewtn, Hawlati, n° 49, 19 novembre 2001.

[cxlv] Marywan WRYA QANI, «  Almanyet u ayn », Rahand, n° 14-15.

[cxlvi] Nasr HAMID ABUZAID, Al-nas al-sulata al-hakika, Al-markz Al-sakafi Al-arabi, 1997.

[cxlvii] Abdelwahab MEDDEB, La Maladie de l'Islam, Seuil, 2002.

[cxlviii] André GLUCKSMANN, Ouest contre Ouest, Plon, 2003.

[cxlix] Christophe DELOIRE, Les islamistes sont déjà là, Albin Michel, 2004.

[cl] Hasan YASYN, Kurdistani Nwê, n° 3738, 19 Juillet 2005.

[cli] Hawlati, n° 67, 8 Avril 2002.

[clii] http://www.iraqigovernment.org/Content/Biography/Arabic/governemt.htm

[cliii] http://www.zady.org/

[cliv] Adel BAKAWAN, Islam u Rojawa, Ranj, 2006.

[clv] Hasan YASIN, « Le Byarwe bo Faluja »,  Kurdistani nwê, n° 3724, 17 juillet 2005.

[clvi] Ibid.

[clvii] Hawlati, n° 90, 16 septembre 2002.

http://www.un.org/News/fr-press/docs/٢٠٠٣/CS٢٤٤٤.doc.htm[clviii]

[clix] http://usinfo.state.gov/xarchives/display.html?p=washfile-french&y=2003&m=February&x=20030224155340landeau@pd.state.gov0.704632

[clx] Hamed GOHARY, Bashwri Kurdistan le nîwan du helbjardn da, Blawkrawy Kawe, 2005, p. 417.

[clxi] Hawlati, n° 89, 9 septembre 2002.

[clxii] Ibid.

[clxiii] Hamed GOHARY, Bashwri Kurdistan le nîwan du helbjardn da, Blawkrawy Kawe, 2005, p. 414.

[clxiv] Hawlati, n° 110, 10 Février 2003.

[clxv] Kurdisnî Nwê, 10 Février 2003.

[clxvi] Ibid.

[clxvii] Ibid.

[clxviii] Entretien de l'auteur avec une femme kurde de 68 ans, le 1er décembre 2006.

[clxix] Michel WIEVIORKA, La Violence, Hachette Littérature, 2005, p. 120.

[clxx] Kurdistanî Nwê, 10 Février 2003.

[clxxi] http://www.zady.org

[clxxii] Entretien de Nabaz Goran avec Mala Akam, chef du Bureau d'Information d'Ansar Al-Islam, Awena, ٧ Mars ٢٠٠٦.

[clxxiii] Fouad OSMAN, « Le yady yeky Swbat da », Kurdistanî Nwê, ١er février ٢٠٠٧.

[clxxiv] http://www.pukmedia.com/kurdi.html

[clxxv] http://www.hawlati.com

[clxxvi] Michel WIEVIORKA, La Violence, Hachette, 5005.

[clxxvii] Ibid.

[clxxviii] http://www.dorbeen.com/

[clxxix] Hamit BOZARSLAN, « Persécution des Kurdes en Irak, Iran, Syrie et Turquie. Etude comparative », in Le Livre noir de Saddam Hussein, sous la direction de Chris Kutschera, Oh ! Editions, 2005.

[clxxx] Olivier ROY, L'Echec de l'islam politique, Seuil, 1992.

[clxxxi] Pierre-Jean LUIZARD, La question irakienne, Fayard, 2004.

[clxxxii] Michel WIEVIORKA, La violence, Hachette, 2005.

[clxxxiii] http://www.dorbeen.com/

[clxxxiv] Olivier ROY, L'Islam mondialisé, Seuil, 2002.

[clxxxv] Ibid., p.185.

[clxxxvi] Farhad KHOSROKHAVAR, Les nouveaux martyrs d'Allah, Paris, Flammarion, 2003.

[clxxxvii] Olivier ROY, L'Islam mondialisé, Seuil, 2002, p. 185.

[clxxxviii] Claude LIAUZU, Empire du mal contre Grand satan, Armand Colin, 2005, p. 14.

[clxxxix] Jonathan RANDAL, Oussama. La fabrication d'un terroriste, Albin Michel, 2004.

[cxc] Jacques BAUD, Encyclopédie des terrorismes et violences politiques, Lavauzelle, 2003, p. 36.

[cxci] Alain JOXE, L'Empire du chaos, La Découverte, 2002.

[cxcii] Entretien avec Salahadin Bahadin, Harême, n°343, Kurdistan, 2005.

[cxciii] Entretien avec Omar Berznji, Hollande, 2006.

[cxciv] Masoud BARZANI, Al-Barzani wal haraka al-tahrurya al-kurdya, Arbil, 2002, p. 375.

[cxcv] Chris KUTSCHERA, Le mouvement national kurde, Flammarion, 1979, p. 327.

[cxcvi] Ibid., p. 328.

[cxcvii] Ibid., p. 328.

[cxcviii] Entretien avec Salahadin Bahadin, Harême, n°343, Kurdistan, 2005.

[cxcix] http://www.krg.org